التاج الجامع للأصول

في أحاديث الرسول صلى الله عليه وسلم

دانراوى: مامۆستا شێخ مەنصور عەلى ناصف

وەرگێڕانى: نورى فارس حەمە خان

محمود أحمد محمد
پێيدا چۆتەوەو سەرپەرشتى لە چاپدانى كردووە

دار المعرفة
بيروت - لبنان

التَاجُ

ألجَامِعُ لِلأُصُولِ

في أحاديث الرَسُول ﷺ

دانراوی: مامۆستا شێخ مەنصور عەلی ناصف

وەرگێڕانی: نوری فارس حەمە خان

محمود أحمد محمد

پێیدا چۆتەوەو سەرپەرشتی لە چاپدانی کردووە

بەرگی یەکەم - چاپی چوارەم

دار المعرفة

بيروت - لبنان

بسم الله الرحمن الرحيم

التاجُ الجامِعُ للأُصُول

📖 وەرگێڕانی: نوری فارس حمه خان

📖 پێداچونەوەو سەرپەرشتی لەچاپدانی: محمود أحمد محمد

📖 چاپ: چوارەم

📖 ساڵی چاپ : ٢٠٠٨

📖 تایپو دیزاین: کەژاڵ حسین/کۆمپیوتەری شانیا

📖 تیراژ: ٢٠٠٠ دانه

📖 ژمارەی سپاردن:

📖 هەڵەگری: لاڤە هۆشیار محمد علی - کچەزای م.نوری فارس

📖 ژمارە سپاردنی (٢٣٩٣) ی ساڵی ٢٠٠٨ی پێدراوە

ئــەم پــەڕاوە پــیرۆزە لەســەر فەرمایــشتی دانەرەکــەی پوختــەی حەدیثەکانی ئەم پەڕاوە پیرۆزانەیە :

١) صحيح البخاری

٢)صحيح مسلم

٣)سنن أبی دَاوُدَ

٤) جامِعُ الترمذي

٥)الُمجْتَبی لِلنَّسَائِیَ



پێشەکی

بە پێنووسی وەرگێڕ

سوپاس و ستایش و حەمدێکی زۆرو بێ شومار بۆ زاتی خودای پەروەردگار، صەڵات و سەلام و درووودێکی بێپایان و بۆندار، ئەوەندە زۆربێ‌کە نەیەت لە ژمار، بۆ گیانی پاکی رەهبەری نازدار، حەزرەتی موحەممەدی گەورەو سەردار، پەیتاپەیتا لەسەری بێ درووود هەزار بە هەزار، بۆ سەرگیانی خۆی و کەس و کاری، لەگەڵ هاوڕێ و پەیڕەوو دۆست و یاری، خودایە! بیکەی بە دیاریی دەسمان لە رۆژی شادبوون بە دیداری کە دادەنیشێ لەسەر حەوزی کەوثەری بۆ پێشوازی لە گەلی بەهرەداری.

لە پاش حەمدو سوپاسی خوداو ناردنی سەلام و درووود بۆ سەرگیانی پێغەمبەری خوا، عەرزم ئەمەیە: هەرچەند ژیانی دنیا زۆر شیرین و خۆش و دڵگیرەو، خۆشی و جوانیی ئەم جیهانە وا ئادەمیزاد مەست و سەرخۆش دەکا، بگرە گەلێ جار وا دەستخەڕۆ و دەستە شکێنی دەکا هەتا سەری لووتی نەدا لە بەردی ئەلحەد سەرخۆی نایەتەوەو مەستی بەری ناداو باوەڕ بە ژیانی دوایی ناکا، هەرچەندە ئەمە وایەو، زۆربەی خەڵك (لەم رۆژەی ئێمەدا، لەم سەردەمی ماددە پەرستییەدا) بەم دەردو موحیبەتە ماڵ وێران و دووچارو کۆڵەوارو موبتەلایە، بەڵام لەگەڵ ئەمیشە لە سایەی خودای گەورەوە، هێشتا پەیڕەوانی راستی هەرماون پەیاپەی خەریکن و کۆشش دەکەن و خەبات دەگێڕن و رچە دەشکێنن، وە خودا یاربێ ئەم رێبەرە رچەشکێنانە هەردەمێنن و پەستاپەستا مۆم هەڵ دەکەن بۆ روونکردنەوەی رێگەی ژیان، لە خودا بەزیادبێ ئەوەتانێ هێشتاکوونێ وا بە بەرچاوەوە کە ئاڵای ئیسلام (بە کوێرایی چاوی دوشمنانیەوە) لە سەرانسەری جیهاندا، بەو پەڕی سەربەزی و سەربڵندی و شانازییەوە شەوو ڕۆژ، خۆش خۆش دەشەکێتەوەو، وەك باوەشێنێکی فێنك دڵی هەموو موسوڵمانێ فێنك دەکاتەوە!.

ئەمە لەلایێ، لە لایەکی تریشەوەهەموو هۆشمەندێ، گشت دانایێ، هەموو زانایێ باش باش دەزانێ کە راست و راستی راستەو، حەق و حەقیقەت هەیەو، حەقائیقی ئەشیا وەك زانایان فەرموویانە ثابیتە، وە ئەوەی رێگەی راست بگرێ و بەدەم و دەست هەمیشە لایەنی حەق بگرێ ئەوە ئەو کەسە بەڵگە نەویستە کە بەردەوام لەناو بەندەکاندا سەربەرزو سەربڵندەو لەلای خودای گەورەو سەروەر رووسوورو سەرفرازو چاو رۆشنەو لە هەردوو جیهاندا بەقەدرو بەرێزو مەزنە.

هەر وەك لە هەموو لایەکیش دیارو ئاشکراو عایانە ئەگەر دین (یاخود بەکوردییەکەی خۆمان بڵێین: ئایین) شارێگەی حەق و حەقیقەت و سەرچاوەی راست و راستی نەبێ، یاخود خوانە خواستە ئیسلام رێگەی راست نەبێ، ئیتر نە حەق و حەقیقەت هەیەو نە رێگەی راست!

براله! ئەی برای موسوڵمان! ئەی برای کوردی مەردی خاوەن ئیمان! بزانە دین و ئایین یاسایەکی هەقەو رێگەیەکی راستەو لە کۆن و نوێدا هەر بووەو هەردەبێ، ئەم نووری خودایە، ئەم گەوهەری شەوچرایە، ئەم تاقە تروسکەی هیوایە، بۆ ئەم شەوەزەنگی ژیانی دنیایە، هەر دەمێنێ هەتا دنیا دنیایە، راستە ناو بەناوو جارە جارە میناو بلووری ئەم چلچرای شەوچرای خودایە گەرد دەگرێ و بەفیتی شەیتان و دەستەی شەیتان شاپەڕی شاگوڵەکانی کزو سیس و ژاکاو دەبێ، راستە کە ئەمە وایە، وەلێ چونکە دین دینی خودایەو پەیوەندیی تایبەتیی بەمو بەوەوە نیە، هەر ئەوەندە دەزانی لەپڕ، لەناکاو، دەستێ لەپشت پەردەی غەیبەوە پەیدا دەبێ، گەردو تەپ و تۆز لە رووی گوڵ دەسڕێ و، هەوری بارانی رەحمەت هەڵ دەکاو، شینایی و سەوزایی لە هەموو لایێ سەوز دەکاو، سێڵاوو لافاوی رەحەمەت ماکاو ماکاوو، جۆبار جۆبارو رووبار رووبار بۆ سەر مەزراکان هەڵدەکا، ئیتر هەر هەردەیەو تارای سەوزو سووری پۆشیوەو گوڵ و گوڵزار لەناویا کەروێشکە دەکاو هەر شیوو دۆڵە (بەنان) بەناز ناز رووی خۆی داپۆشیوەو گۆڵە مەشقەڵانی سۆری لەسەر لاسکی سەوزی لە ئاڵای یاقووتی ئاڵی سەرزمرووت دەکاو، سەر رووی زەوی سەرانسەر پڕدەبێ لە نووری نەجات و هەر نووری ئیمانەو تاریکی کوفر شەق دەکا، بە کورتی و پوختی خودای گەورە بە بارانی رەحمەتی بەپێی ئایەتی:-

{إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ}.

کە خۆی فەرموویەتی. سەر رووی زەمین سەرتاپا پڕ لەلالەو گوڵاڵەو بۆن و بەرامەی خۆش دەکا، جادیمەنی مزگەوتەکان، ئەڵقەی ذیکری خودای میهرەبان، کۆڕی زاناکان دەق لە دیمەنی باخچەکانی بەهەشت دەکا، بۆیە حەزرەت (دروودی خودای لەسەربێ) فەرموویەتی:-

{ إِذَا مَرَرْتُمْ بِرِيَاضِ الْجَنَّةِ فَارْتَعُوا }.

چونکە بەراستی ئەم دووچەشمەندازە دڵ فرێنە لەیەك دەکا! ئای بۆ ئەو زەمانە چەن خۆش و ناسك و نازدارو جوانە، کە مەلا، یا صۆفی، یا دەروێش یا فەقێ بە کامی خۆی دەگاو پڕ بە دڵ ئۆخەی دەکاو پڕ بەدەم هاوار دەکا: ئۆخەیش! دەستەی دۆستان! مژدەبێ لێتان کەوا دەوڵەتی قورئان سەرلەنوێ گێتی پڕ لە نووروودادو عەداڵەت و خودا پەرستیی راست و دروست دەکا، جا ئەو رۆژە ئەو رۆژەیە کە بەنووری ئیسلام چڵکی دنیا دەشۆرێ و بە فەرمانی خودای مەزن دەوران دەگۆڕێ!

جا خودا یاربێ و خودا حەزکا ئەم ڕۆژی خودایە زۆر دوور نیەو لەخودا بەزیاد بێ ئەوەتانێ کەناری ئاسمان تەواو روون بۆتەوەو هاکا هەتاوی نوێ بوونەوەی ئیسلام لەگەل گزنگیدا.

جا عەرزم ئەمەیە لە لایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە عەرزم ئەمەیە لە خزمەتتانا: بەرای من ئەم کتێبە بەنرخ و بێ هاوتایە، ئەم گەوهەری شەوچرای چۆڵەچرایە (کە مامۆستا مەلا مەنصوور عەلی ناصیف دایناوەو من کردوومە بە کوردی و وەرم گێڕاوەتە سەر زمانی شیرینی کوردی، خودا بیپارێزێ لە کینەو چەپۆڵەی ناحەزی و لە فیتی نەیاری نامەردی) بەرای من ئەم کتێبە نوێکەرەوەی ئایینە لەم چەرخەی ئێمەداو شەماڵێکی خۆش و فێنك و دڵ خۆشکەرەیەو بە ئیزنی خوداو بە فەرمانی خودا بۆ سەدەکانی دوای ئێمە دەبێ بە پێشڕەوو پێشمەرگە، وە هەتا هەتایە وەك رشتەی مرواری لەمل جوانترین حۆری و پەریدا ئەم نامە پیرۆزە پڕ لە گەوهەرو جەواهیراتە لە ئەستۆی زەمانەدا دەمێنێ و وەك شاکاری یادی مەردان لە گوێی مەردانی خودادا دەزرنگێتەوەو، لە دڵی پیاوانی یەزدانی میهرەباندا قورس دەبەستێ.

بەندەیش (کە نیمچە مەلایەکی دڵسۆزی ئەم دین و میللەتەم و حەز بە سەربەرزی و سەرکەوتنی کوردان و قورئانەکەیان دەکەم) لەکانی دڵمەوە داوا لە خودای گەورەو سەروەر دەکەم:-

یەکەم: کە دەنگی زوڵاڵی قورئان لە چیا سەربەرزەکانی کوردستان نەبڕێ و ئەم نەغمەی داوود ئاسایە، تێکەڵ بە مێشك و خوێن و دڵی هەموو منداڵێکی کورد ببێ هەتا هەتایە، لەو دەمەی دایە بۆی دەکا لایەلایە، تا ئەو دەمەی دەچێتەوە ناودووتوێی ئەم خاك و شاخ و چیایە.

دووەم: داوای لێ دەکەم کە ئەم ئاواتە کەورەیەم بێنێتەدی ئەم وەرگەڕاوەی منیش (وەك ئەصڵەکەی کە وەك ڕۆح وایە بۆی) بەرەو پێبداو پەخش و بڵاوی بکاتەوە بەناو موسوڵمانانداو بیکا بەمایەی خۆشی و بەختیاری و سەربەرزی هەردوو جیهانمان. ئامین خودای میهرەبان. ئای کە بەهرەیەکی چەن گەورەو جوانە، خەلاتێکی چەن گرانبەهاو دەرەخشانە، پیاو (ئەگەر لە قڕەشەوە بووە) لەناو ریزی بەرزی زانایانا: لە قەڵەم بدرێ، بە تایبەت لەناو فەرموو دەزانەکان و قورئان پەروەرەکانا ئیتر پەنا بەخودا هەرخۆی پەنای هەموانە.

نوری فارس

٩/ رمضان: ١٤٠٧ ھ

تێبینییەك:-

مەولەوی (رەحمەتی خودای لێبێ) دەفەرموێ: (ذیکری صالّحان رەحمەتی وا پێ) جا ئیمتیثال بەم ئەثەرە موبارەکەی ئەم زاتە موبارەکەو ئیقتیدا بە نەهجی سەلەفی صالّح و چاوکردن لە رێبازی پێشینانی باشمان لێرەدا دەقی ئەم فەرمایشتەی بەهەشتی مامۆستا مەلا رەشید بەگی بابان نەقڵ دەکەم، کە لە وەصیەت نامەکەیدا فەرموویەتی لە سەرەتای بەرگی یەکەمی (اقتران النیرین)ەکەیدا نووسراوە، ئەم زاتە موبارەکە کە باشترین سەرمەشقە بۆ ئێمەمانان دەفەرموێ:

لە کۆکردنەوەیاو نووسینیا لە بەرپیری و دەست لەرزین و فوتووری عەقڵ و ذیهن و شوعوور زۆر زەحمەتم تیا کێشاوە، رەنگە لە تەرجەمەیشیا غەڵەطو سەهوم زۆربێ، ئومێدم لە خزمەتتانا وایە کە غەڵەطێ یا سەهوێکتان بەرچاوکرد زۆرم لە سەرو گۆیلاك بدەن تا ئیصلاحی ئەکەن. مەیشێلن بفەوتێ و مەحوبێتەوە، لە ئەهلی خۆی مەنع مەکەن، نە مەشتێکە بۆ عەوام و نا ئاشنا بەعولوومی عەرەبییە کراوە، عولەما ئیحتیاجیان پێی نیە. ئەوی عەرەبی ئەزانێ هەرمەتنی حەدیثەکەی بنووسێ، چونکی جامیعی هەموو موسلیم و بوخارییە، حەدیثێکیان لێ تەرك نەکراوە، ئەوان لەبەر موختەصەریەتی ئیستیفادەی لێ ئەکەن، ئەوی عەرەبی نازانێ هەر کوردیەکەی بنووسێ، فەقەط هەردوو لا هەر دوولای بنووسن بێ فائیدە نابێ. فەرمایشتەکەی مامۆستا مەلا رەشید لێرەدا تەواو بوو، ئەم زاتە زاناو دانایە هیچی بۆمنی هیچ و پووچ نەهێشتۆتەوە کە لەم بارەیەوە بیڵێم، تەنیا ئەم ڕوونکردنەوەیە نەبێ، کە جەنابی ئەو رووی قسەی لە هەموو موسوڵمانێکی پاك و، کوردێکی مەردی کورد خوا بووە، بەهۆی سەروەصیەتەکانیەوە، کە مامۆستا مەلا حوسەینی پیسکەندی و مامۆستا مەلا سەلامی کوڕی بوون، سەلامی خودایان لەسەربێ وەك خۆی دەفەرموێ، بەندەیش هەروەها رووی دەمم لە هەمان کەسانەو دەیدەم بەگوێی هەمان مەردانا، بەڵام بەهۆی لاوێکی کوردی جوانمەردی خوێنگەرمی زانای ئیسلام پەروەری کورد خواوە، کە ئەویش جەنابی بەڕێزو هێژا مامۆستا مەحموود ئەحمەد موحەممەدە، خودا فرصەتی بداو دەست بگرێ بە عەمری کە ئێستا جەنابی مودیری مەکتەبەی ئەوقافی مەرکەزییە لە شاری سلێمانی.

ئەمە لەلایێ. لە لایەکی تریشەوە مامۆستای دانەر (پڕگۆڕەکەی لە نووربێ) لە پاش هەموو حەدیثێکەوە، ناوی موحەددیثەکانی نووسیوە، لە پێشەکییەکەی خویدا ئەمەی بەجوانی روون کردۆتەوە، وە زۆرترینی کات (لە شەرحەکەیدا) سەنەد (رشتە)ی حەدیسەکەی روون کردۆتەوە، کە صەحیحە، یا حەسەنە، یا ضەعیفە.. تاد، بەڵام من

لەبەر ئیختیصارو کورتەباری لە دوای گشت حەدیثێکەوە رەمزی ناوێ موحەدیثەکەم نووسیوە، یا ناوی موحەددیثەکەم بە تەواوی نووسیوە، رەمزەکانیش ئەمانەن:

﴿ ب: بوخاری – م: مسلیم– د: أبو داود– ت: ترمیذی– ن: نەسائی – ماجە: ابن ماجە – ش: شێخان – واتە: بوخاری‌و موسلیم – ئە: ئەحمەد – ما: مالك– س: سند – ص: صحیح – ح: حسن – س/ص: سند صحیح – س/ح: سند حسن ﴾.

بۆ راڤەکردن‌و لێکدانەوەی واتاو مانای ئایەت‌و فەرموودەکانیش بەهرەم لەم سەرچاوانە وەگرتووە: (غایة المأمول شەرحی تاجول ئوصول)، قەسطەلانی شەرحی بوخاری، شەرحی شەرقاوی لەسەر تەجریدی بوخاری، شەرحی نەوەوی لەسەر صەحیحی موسلیم، (النهایة في غریب الحدیث والاثر)، تەفسیری نامی، تەفسیری خاڵ، تەفسیری بەیضاوی، تەفسیری جەلالەین، تەفسیری شوبەر، تەفسیری مەداریك، المنجد. فتح الباری شەرحی صەحیحی بوخاری، عومرەتولقاری شەرحی صەحیحی بوخاری.

وشە کوردییەکانیشم بەپێی ئەم سەرچاوانە ساخ کردۆتەوە: فەرهەنگی خاڵ، فەرهەنگی مەهاباد، فەرهەنگی مەردۆخ، المرشد، دوورشتە، ئەحمەدی: ئەستێرە گەشە، فەرهەنگی کەرکووك (کە ئەمەیان دانراوی خۆمەو هێشتا هەر گەڵاڵەیەو نەتەواوبووەو نەپاك نووسی کراوە، لە سەرەتاکەیەوە نووسیومە: مەبەستم لەم دەفتەرە دوو ئامانجی سەرەکییە:

یەکەمیان: ئەمەیە (خوا یاربێ) لە پاشەڕۆژا ببێ بە گەڵاڵەی فەرهەنگێکی ئەدەبی داگر لە عەرەبییەوە بۆ کوردی.

دووهەمیان: ئەوەیە: کە ئێستا خۆم خەریکم حەدیسان دەکەم بە کوردی بیکەم بە مامۆستای خۆم‌و بیکەم بە سەرچاوەی موفرەداتی تەرجەمەکەو ئەو مامۆستایانە بکەم بەسەر مەشق کە لەپێش مندا کتێبی ئایینیان کردووە بە کوردی وەك مامۆستای خاڵ‌و خاوەنی تەفسیری نامی.. تاد، هەتا نەبێ بە پاشا گەردانی زاراوان.

نوری فارس

١٩٨٧/٥/١١

خطبة الكتاب

بسم الله الرحمن الرحيم

نحمدك اللهم على نعمة التوفيق ونسألك اللهم الهداية الى اقوم طريق، ونصلي ونسلم على نبيك ورسولك سيدنا محمد الذي بعثته للناس رحمة وانطقته بالهدى والحكمة وعلى آله وصحبه الذين حفظوا هداه وبلغوه ورأوا نوره. اما بعد.. فإن علم الحديث من أجل العلوم قدرا واعظمها نفعا، لأن موضوعه سنن الرسول وآثاره القولية والفعلية، وفي هذه خير الناس وهدايتهم وفوزهم وسعادتهم. فالمشتغل به داع يدعو الى الحق وسراج يهدي الى الرشد حتى قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم): (نضر الله امرأ سمع منا حديثا فحفظه حتى يبلغه). وقال ايضا: (من حفظ على امتي أربعين حديثا من امر دينها بعثه الله يوم القيامة فقيها عالما) وفي رواية: (كتب في زمرة العلماء وحشر في زمرة الشهداء) (والامور بمقاصدها). فلهذا ولما فطرني الله عليه من حب الحديث والشغف به فكرت في جمع كتاب في الحديث، واستشرت اهل العلم به، واستخرت الله تعالى فلاحت لي لوائح التيسير واستضاءت لي مصابيح التبشير، فاعتمدت على ربي واجمعت امري وشرعت في تأليفة على بركة الله تعالى، فاستحضرت اصح كتب الحدث واعلاها سندا وهي صحيح البخاري وصحيح مسلم وسنن ابي داود وجامع الترمذي والمجتبى للنسائي (رضي الله تعالى عنهم) وهذه هي الأصول الخمسة التي اشتهرت في الامة وارتضتها لما لها من المكانة العليا في الحديث ولانها جمعت من الشريعة ما عزَّ وغلا ثمنه بل هي الشريعة كلها كما قال الامام النووى (رضي الله عنه): ما شذ عن الاصول الخمسة من صحيح حديث الرسول (صلى الله عليه وسلم) الا النزر اليسير، ولا شك ففيها حاجة الانسان لسعادة الدنيا والآخرة، ثم نظرت فيها نظرة عامة وطفقت أدمجها كلها بتنامها في مؤلف واحد أهذب كتبه تهذيبا واحرر ابوابه تحريرا لكي اشفي به غليلي واتحف به عشاق علم الحديث.

اصطلاح الكتاب

رغبة في الاختصار المالوف اكتفيت من الروايات المكررة باجمعها للاحكام، كما اكتفيت من السند براوي الحديث في اوله ومخرجه في آخره، وقصدا للافادة بأحسن اسلوب التزمت في النقل ما يقع اختياري عليه من لفظ البخاري أو مسلم فيما اشتركا فيه ولو مع غيرهما، فان اشترك البخاري مع غير مسلم نقلت لفظ البخاري، وان اشترك مسلم مع غير البخاري نقلت لفظ مسلم، وان كان الحديث مرويا لاصحاب السنن نقلت لفظ ابي داود، وان نقلت غيره بينته وربما قلت رواه الترمذي وصاحباه، وان قلت رواه الشيخان عنيت البخاري ومسلما وان قلت رواه الثلاثه اردت الشيخين وابا داود، وان قلت رواه الاربعة قصدت الثلاثة والترمذي، وان قلت رواه الخمسة عنيت الاربعة والنسائي، وان قلت رواه اصحاب السنن قصدت أبا داود والترمذي والنسائي، ولو اختلف النظام عن هذا بينته بالنص عليه.

وكل موضوع يدل على عمل مرتب كالصلاة والحج وضعت احاديثه على وفق الترتيب الذي أمر به الشارع، واما في غير ذلك فقد كنت في الغالب أقدم ما برويه الكثير على غيره حتى اختم الباب بالاحاديث الفردية ان كانت، مراعيا تقديم الصحيح على غيره الا ما يقتضي خلاف ذلك كتقديم منسوخ على ناسخه ومجمل على مفسره.

تقسيم الكتاب

اقسام الكتاب أربعة: القسم الاول في الايمان والعلم والعبادات، القسم الثاني، المعاملات والاحكام والعادات، القسم الثالث في الفضائل والتفسير والجهاد، القسم الرابع في الاخلاق والسمعيات.

وقد رتبت قسمي العبادات والمعاملات على الابواب الفقهية لانه الكثير المالوف ولانه اورفى وأسرع في شفاء الغليل من كل موضوع يريده الطالب.

وقد ابتداته مستعينا بالله في رجب الفرد سنة احدى واربعين وثلاثماتة بعد الالف من هجرة المصطفى (صلى الله عليه وسلم) واتممته بتوفيق الله تعالى في صبيحة الاثنين المبارك الخامس والعشرين من ذي الحجة سنة سبع واربعين وثلاثمائة بعد الالف الهجري.

ولا اقول في عملي هذا: اني وفيت بالمراد، ولكني اجهدت نفسي على قدر طاقتي لعلي أوافق الصواب، فان اصبته فذاك ما اردت ورجوت والافما أنا الا انسان شانه الخطأ والنسيان. واني اضرع الى الله تعالى ان يكسوه ثوب الاخلاص وان يجمله بحلة القبول فهو سبحانه خير مسئول وأكرم مأمول.

وقد أسميته: (التاج الجامع للاصول في احاديث الرسول (صلى الله عليه وسلم)).

أسأله تعالى أن يجعله فألا حسناً على البلاد، وأن ينفع به العباد انه سميع مجيب.

(منصور علي ناصف الحسيني)

بسم الله الرحمن الرحيم

نامەی ئیسلامو ئیمانو باوەڕ

(حەوت باسە)

١) باسی یەکەم: ڕوونکردنەوەی ئیسلامو ئیمانو باوەڕ:

كتاب الاسلام والايمان: (وفيه سبعة ابواب)

الباب الأول: في بيانهما

١ – عَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ عُمَرَ (رَضِي اللّهُ عَنهُمَا) قالَ: قَالَ: رَسُولُ اللّٰهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ): بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاّ اللّٰهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰهِ، وَإِقَامِ الصَّلاَةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَالْحَجِّ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ. رَوَاهُ الْبُخَارِيُّ ومُسْلِم وَالتِّرْمِذِيّ وَالنَّسائِيّ[1].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عومەر (خوایان لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئیسلامەتی لەسەر ئەم پێنج بنیاتە دامەزراوە:

یەکەم: شەهادەی (لاَ إِلَهَ إِلاّ اللّٰهُ وَمُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰهِ:) شایەتی دەدەم بەزمانو بە دڵ باوەڕ دەکەم کە هەر یەزدان خودایەو هیچ خودای تر نییەو موحەممەد پێغەمبەرو فروستادەی ئەوە

دووەم: ڕاگرتنی نوێژو کردنیەتی بەڕێکوپێکی.

سێیەم: زەکات دان.

چوارەم: حەجکردن.

پێنجەم: ڕۆژوو گرتنی ڕەمەزان.

(بوخاریو موسلیمو تیرمیذیو نەسائی ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە).

---

(١) بخاری: ٨. طرفه في: ٤٥١٤.

٢- عَنْ عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: بَيْنَمَا نَحْنُ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ذَاتَ يَوْمٍ إِذْ طَلَعَ عَلَيْنَا رَجُلٌ شَدِيدُ بَيَاضِ الثِّيَابِ شَدِيدُ سَوَادِ الشَّعَرِ لاَ يُرَى عَلَيْهِ أَثَرُ السَّفَرِ وَلاَ يَعْرِفُهُ مِنَّا أَحَدٌ حَتَّى جَلَسَ إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَأَسْنَدَ رُكْبَتَيْهِ إِلَى رُكْبَتَيْهِ وَوَضَعَ كَفَّيْهِ عَلَى فَخِذَيْهِ وَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ أَخْبِرْنِى عَنِ الإِسْلاَمِ. فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الإِسْلاَمُ أَنْ تَشْهَدَ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ وَتُقِيمَ الصَّلاَةَ وَتُؤْتِىَ الزَّكَاةَ وَتَصُومَ رَمَضَانَ وَتَحُجَّ الْبَيْتَ إِنِ اسْتَطَعْتَ إِلَيْهِ سَبِيلاً. قَالَ: صَدَقْتَ. قَالَ: فَعَجِبْنَا لَهُ يَسْأَلُهُ وَيُصَدِّقُهُ. قَالَ: فَأَخْبِرْنِى عَنِ الإِيمَانِ. قَالَ: أَنْ تُؤْمِنَ بِاللَّهِ وَمَلاَئِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَتُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ خَيْرِهِ وَشَرِّهِ. قَالَ: صَدَقْتَ. قَالَ: فَأَخْبِرْنِى عَنِ الإِحْسَانِ. قَالَ: أَنْ تَعْبُدَ اللَّهَ كَأَنَّكَ تَرَاهُ فَإِنْ لَمْ تَكُنْ تَرَاهُ فَإِنَّهُ يَرَاكَ. قَالَ: فَأَخْبِرْنِى عَنِ السَّاعَةِ. قَالَ: مَا الْمَسْئُولُ عَنْهَا بِأَعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ". قَالَ: فَأَخْبِرْنِى عَنْ أَمَارَاتِهَا. قَالَ: أَنْ تَلِدَ الأَمَةُ رَبَّتَهَا وَأَنْ تَرَى الْحُفَاةَ الْعُرَاةَ الْعَالَةَ رِعَاءَ الشَّاءِ يَتَطَاوَلُونَ فِى الْبُنْيَانِ. قَالَ: ثُمَّ انْطَلَقَ فَلَبِثْتُ مَلِيًّا ثُمَّ قَالَ: لِى يَا عُمَرُ أَتَدْرِى مَنِ السَّائِلُ". قُلْتُ اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَ: فَإِنَّهُ جِبْرِيلُ أَتَاكُمْ يُعَلِّمُكُمْ دِينَكُمْ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ. وَزِيد فِي رِوَايَة: فِي خَمْسٍ لَا يَعْلَمُهُنَّ إِلاَّ اللهُ، ثُمَّ تَلاَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ﴿إِنَّ اللهَ عِندَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ﴾ الْآيَةَ ثُمَّ أَدْبَرَ فَقَالَ: رُدُّوهُ فَلَمْ يَرَوْا شَيْئا، فَقَالَ: هَذَا جِبْرِيلُ جَاءَ يُعَلِّمُ النَّاسَ دِينَهُمْ(٢).

واتە: عومەری کوڕی خەططاب (خودای لێ رازی بێ) **گوتی: رۆژێ لە خزمەتی پێغەمبەردا بووین** (دروودی خودای لەسەربێ) **لەو کاتەدا لەناکاو پیاوێکی بەرگ سپی وەك چڕی شیر، موورەشی قەترانی هاتە ناومان، نە بە دیمەن لە رێبواری دەکرد، نە کەسیشمان دەمان ناسی، جا چوو لەلای حەزرەتدا دانیشت‌و هەردوو چۆکی خۆی نا بە هەردوو چۆکی پێغەمبەرەوەو هەردوو لەپی خۆی لەسەر هەردوو رانی خۆی داناو بەرێزەوە دانیشت‌و گوتی: ئەی محەممەد! ئیسلامەتیم پێ بڵێ: پێغەمبەریش** (دروودی خودای لەسەربێ) **فەرمووی: ئیسلامەتی**

---

(٢) مسلم: ٩٧، ٩٨ ، ٩٩ ، ٩٣ – ایمان. بخاري: ٥٠، ٤٧٧٧. إيمان.

ئەوەتانێ کە شایەتی بدەی: کە هەر خودا خودایەو هیچ خودای ترنییە وە موحەممەد پێغەمبەرو رابەری ئەوە، وە ئەوەتە کە نوێژ بکەی و زەکات بدەی و رۆژووی رەمەزان بگری و حەجی ماڵی خودا بکەی، ئەگەر تەوانای رێگەوبانت ببێ پیاوەکە بە پێغەمبەری گوت: راست دەفەرمووی! عومەر گوتی: قسەکەیمان پێ سەیربوو، چۆن لە پێغەمبەر دەپرسێ و کەچی پێی دەڵێ: راست دەفەرموی، ئنجا گوتی: ئەی موحەممەد! ئیمان و باوەڕم بۆ روون بکەرەوە، فەرمووی: ئەوەتا کە باوەڕبکەی بە خوداو بەفریشتەکانی حوداو بە نامەکانی خوداو بە پێغەمبەرەکانی خودا، وە باوەڕبکەی بە رۆژی دوایی وە بەقەزاو قەدەرو چارە نووسی خودایی بە چاکی و بەخراپی. گوتیەوە: راست دەفەرموی، ئینجا گوتی: ئەی چاکە چییە؟ فەرمووی: چاکە ئەوەیە کە بە چەشنێ خودا بپەرستیت کە وەك چاوت لە خودا بێ وابێ، خۆ ئەگەر تۆیش ئەو نابینیت بێگومان کە ئەو تۆ دەبینێ ئینجا گوتی: پێم بفەرموو: قیامەت کەیە؟ فەرمووی: منیش هەروەك تۆی لێ دەزانم گوتی: دە باشە، نیشانەکانیم پێ بفەرموو، فەرمووی: ئەوەتە کە منداڵ بەچاوی کارەکەرو نۆکەر تەماشای دایك و باوکی خۆیان بکەن، وە ئەوەتە بە چاوی خۆت ببینی: کە پێخاوس و رەش و رووت و رەجاڵ و شوان و گاوان ببن بە خاوەن موڵك و سامان و خانووبەرەو کۆشك و تەلاری لێ رابکێشن و فیزو دەعیەی پێوە بکەن. عومەر گوتی:ئینجا کابراکە رۆیشت، جا لەپاش ماوەیێ پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) فەرمووی پێم: ئەی عومەر! دەزانی ئەو پرسیارکەرە کێ بوو؟ گوتم: نەخەیر، خوداو پێغەمبەر دەزانن، فەرمووی: ئەوە جوبرائیل بوو هاتبوو کە بەو شێوەیە ئێوە فێری دین و ئایینی خۆتان بکات) (ش/د/ت/ن) لە گێرانەوە _ریوایەتێکدا ئەمەشی زیاترە: فەرمووی: یەکێکە لەو پێنج شتانە کە هەرخودا بۆخۆی دەیزانێ ئینجا حەزرەت (دروودی خودای لەسەربێ) ئەم ئایەتەی بە تەواوی خوێندەوە:

{إِنَّ اللَّهَ عِندَهُ عِلْمُ السَّاعَةِ – ٤١/٣٤}

واتە: بە راستی بەس خودا دەزانێ رۆژی قیامەت کەی دەبێ لە پاشدا کە پیاوەکە رۆیشت پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) فەرمووی: بیگێڕنەوە بۆلام ئەوانیش کە چوون بیهێننەوە بۆ لای هیچیان نەدی. جا پێغەمبەر فەرمووی: ئەوە جوبرائیل بوو هاتبوو کە خەڵکەکە فێری ئایینی ئیسلام بکات.

٢) باسی دووەم: نیشانەکانی باوەڕی تەواو:

الباب الثاني: في أوصاف الإيمان الكامل

٣- عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رَضِي اللهُ عَنْهُ) عَنِ ٱلنَّبِيِّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى أَكُونَ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِنْ وَالِدِهِ وَوَلَدِهِ وَالنَّاسِ أَجْمَعِينَ. رَوَاهُ ٱلشَّيْخَانِ وَٱلنَّسَائِيُّ.[1].

واتە: لە ئەنەسی کوڕی مالیکەوە (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرمووێ (درودی خوای لەسەربێ): کەستان بە تەواوی باوەڕ ناهێنێ و بە ئیمانداری تەواو حسێب ناکرێ هەتا منی خۆشتر نەوێ لە باوكو لە دایكو لە منالی خۆیو لە گشت خەڵکی تریش سەرجەم. (ش/ن).

٤- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ يُؤْمِنُ أَحَدُكُمْ حَتَّى يُحِبَّ لأَخِيهِ مَا يُحِبُّ لِنَفْسِهِ رَوَاهُ ٱلْخَمْسَةَ إِلَّا أَبا دَاوُدْ.[2].

واتە: دیسان لە ئەنەسەوە لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (درودی خوای لەسەربێ) کەستان بە تەواوی ئیمانو باوەڕ ناهێنێ هەتا هەرچی بۆ خۆی پێ خۆشە بۆ برای موسوڵمانیشی پێی خۆش نەبێ (ش/ ت/ ن).

٥- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: ثَلاَثٌ مَنْ كُنَّ فِيهِ وَجَدَ حَلاَوَةَ الإِيمَانِ أَنْ يَكُونَ اللّٰهُ وَرَسُولُهُ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا سِوَاهُمَا، وَأَنْ يُحِبَّ الْمَرْءَ لاَ

---

(١) بوخاری: ١٥ ، ١٤. إيمان. مسلم. إيمان: ١٦٧ ، ١٦٦ نسائي: ٥٠٢٨.

(٢) بخاري. إيمان/ ١٣. مسلم إيمان: ١٦٨ ، ١٦٩. نسائي: ٥٠٣١.

يُحِبُّهُ إلاَّ لِلّٰهِ تَعَالَى، وَأَنْ يَكْرَهَ أَنْ يَعُودَ إِلَى الْكُفْرِ كَمَا يَكْرَهُ أَنْ يُقْذَفَ فِي النَّارِ. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إِلَّا دَاوُدْ(٣).

واتــە: دیسانەوە لـە ئەنەسـەوە لـە پێغەمبـەرەوە دەفـەرموێ: (دروودی خوای لەسەربێ) هـەر کەسـەی ئـەم سێ شتـەی تیابێ تـامی شیرینیی بـاوەڕ دەچێژێ: خوداو پێغەمبەری خودای لە هەموو شتێکی تر لە لا خۆشەویستتربێ،

دووەم: هەرکەسێ خۆش دەوێ ساخ لەبەر ڕەزای خودای گـەورە خۆشـی بوێ.

سێیەم: چۆنیش حەز نەکات کە بیخەنە ناو ئاگرەوە ئاواش حەز ناکات کە جارێکی تر بچێتەوە سەر کوفرو بێ بڕوایی و ببێتەوە بەکافر. (ش/ت/ن).

٦- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: آيَةُ الإِيمَانِ حُبُّ الأَنْصَارِ، وَآيَةُ النِّفَاقِ بُغْضُ الأَنْصَارِ. رَوَاهُ الشَّيْخَانِ وَالنَّسَائِيُّ(٤).

واتە: دیسانەوە لـەوە لـە پێغەمبـەررەوە دەفـەرموێ: (دروودی خوای لەسەربێ): خۆشەویستیی ئەنصارەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کە بە کوردی پێیان دەڵێن: یاریە دەرانی حەزرەت نیشانەی باوەڕی بتـەوە، وەڕقو کینـەش لێیـان نیشانەی دوو روویی و ناپاکییە (ش/ن).

٧- عَنْ عَلِيٍّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: وَالَّذِي فَلَقَ الْحَبَّةَ وَبَرَأَ النَّسَمَةَ إِنَّهُ لَعَهْدُ النَّبِيِّ الأُمِّيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِلَيَّ أَنْ لاَ يُحِبَّنِي إِلاَّ مُؤْمِنٌ وَلاَ يُبْغِضَنِي إِلاَّ مُنَافِقٌ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَالتِّرْمِذِيُّ وَالنَّسَائِيُّ(٥).

واتـە: عـەلی (ڕەزای خودای لێبێ) گـوتی: بـەو کەسـە کـە تۆمـەی ڕەقو تـەقو وشـكو بـرین دەتـەقێنێ و شـینی دەکـا، وەگیـان لەنـەبوون دروسـت دەکـا، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) ئەم پەیمانەی لەگەڵ کردووم: کە هەرکەسێ منـی

(٣) بخاري. إيمان/ ١٦ ، ٢١ ، ٦٠٤١ ، ٦٩٤١. مسلم: ١٦٣ — ١٦٥. ترمذي: ٢٦٢٤.

(٤) بخاري. إيمان: ١٧، ٣٧٨٤. مسلم. إيمان: ٢٣٢ نسائي. إيمان: ٥٠٢٤.

(٥) مسلم. إيمان: ٢٣٧. ترمذي. مناقب: ٣٧٣٦. نسائي. إيمان: ٥٠٣٣.

خۆش بوێ موسوڵمانە، وە ئەوەی رقی لەمن بێ ناپاك‌و دووروو مونافقە (م/ ت/ ن).

٨- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ عَمْرٍو (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الْمُسْلِمُ مَنْ سَلِمَ الْمُسْلِمُونَ مِنْ لِسَانِهِ وَيَدِهِ، وَالْمُهَاجِرُ مَنْ هَجَرَ مَا نَهَى اللّٰهُ عَنْهُ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ وَزَادَ اَلتِّرْمِذِيُّ والنسائي: وَاَلْمُؤْمِنُ مَنْ أَمِنَهُ اَلنَّاسُ عَلى دِمَائِهِمْ وَأَموَالِهِمْ[٦].

واتە: لە عەبدوڵلای کوڕی عەمرەوە (خودایان لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (دروودی خوای لەسەربێ): موسوڵمانی ساخ ئەو موسوڵمانەیە کە موسوڵمانانی تر سەلامەت‌و رزگاربن لە زیانی دەست‌و زمانی، وە موهاجیرو کۆچکەریش ئەو کەسەیە کە رەوبکا لەو شتەی کە خودا قەدەغەی کردووەو نەهی لێ کردووە (ش/ ت/ ن) تیرمیذی‌و نەسائی‌و ئەمشیان لەم فەرموودە (حەدیث)ە زیاد کردووە: (خاوەنی ئیمان‌و بڕوا داری تەواویش ئەو کەسەیە کە مەردوم - بە سەرو سامان‌و بەماڵ‌و بەگیان - لێی ئەمین‌و ئاسوودە بن‌و مەترسییان لێی نەبێ).

٩- وَعَنْهُ أَنَّ رَجُلاً سَأَلَ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَيُّ الإِسْلاَمِ خَيْرٌ؟ قالَ: تُطْعِمُ الطَّعَامَ، وَتَقْرَأُ السَّلاَمَ عَلَى مَنْ عَرَفْتَ وَمَنْ لَمْ تَعْرِفْ. رَوَاهُ اَلْخَمْسَةُ إِلَّا اَلتِّرْمِذِيَّ[٧].

واتە: دیسان ئەو گوتی: پیاوێ لە پێغەمبەری پرسی (دروودی خوای لەسەربێ) چی شتێ لە ئایینی ئیسلامدا زۆر چاکە؟ فەرمووی: نانبدە بەو سلاویش لە هەموو کەسێ بکە، چ بیناسی‌و چ نەیناسی (ش/ ن/ د).

(٦) بخاري. إيمان: ١٠ ، ٦٤٨٤. مسلم. إيمان: ١٦٠ ، ١٦١ ، ١٦٢ ترمذي. زهد. ٢٥٠٤. نسائي. إيمان: ٥٠١٤

(٧) بخاري. إيمان: ١٢، ٢٨، ٦٢٣٦. مسلم: إيمان: ١٥٩. أبو داود. أدب: ٥١٩٣. نسائي. أيمان: ٥٠١٥. ابن ماجه. أطعمه: ٣٢٥٣.

١٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ أَوْ بِضْعٌ وَسِتُّونَ شُعْبَةً فَأَفْضَلُهَا قَوْلُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ وَالْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الإِيمَانِ(٨).

واتە: ئەبو هورەیرە (خودای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: ئیمان (واتە: باوەڕ: بڕوا) حەفتاو ئەوەندە لقە، یا فەرمووی: شەست و ئەوەندە لقە، گەورە ترینی ئەو لقانە وشەی (لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللَّـهُ)یە، وە هەرە خوارووەکەیان لابردنی ئازاری سەر رێگەو بانە، وە شەرم و حەیا بەشێکە لە بەشەکانی باوەڕ (ش/ د/ ت/ ن).

١١- عَنْ تَمِيمٍ الدَّارِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الدِّينُ النَّصِيحَةُ، قُلْنَا: لِمَنْ؟ قَالَ: لِلَّهِ وَلِكِتَابِهِ وَلِرَسُولِهِ وَلأَئِمَّةِ الْمُسْلِمِينَ وَعَامَّتِهِمْ. رَوَاهُمَا الْخَمْسَةُ(٩).

واتە: تەمیمی داری (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (درووودی خوای لەسەربێ): دین (واتە: ئایین) برێتییە لە ئامۆژگاری و دڵسۆزی و ساغی. ئێمەش گوتمان: بەرابەر بەکێ؟ فەرمووی: بەرابەر بەخوداو قورئان و پێغەمبەرو پێشەوایانی موسوڵمانان و تێکڕای موسوڵمانان (ش/د/ت/ن).

١٢- عَنِ الْعَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: ذَاقَ طَعْمَ الإِيمَانِ مَنْ رَضِيَ بِاللَّهِ رَبًّا وَبِالإِسْلاَمِ دِينًا وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولاً. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَالتِّرْمِذِيُّ(١٠).

واتە: عەباسی کوڕی عەبدولموطەلیب (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: هەر کەسێ خودا بەخودای خۆی بزانێ و ئیسلام بە ئایینی خۆی و موحەمەد بە پێغەمبەری خۆی ئیتر تام و چەشی باوەڕ دەچێژێ (م/ت).

---

(٨) بخاري. أيمان: ٩. مسلم. إيمان: ١٥٢. أبو داود. السنة: ٤٦٧٦. ترمذي. ٢٦١٤. نسائي. إيمان: ٥٠١٩ ، ٥٠٢٠.

(٩) ذكره البخاري تعليقا فى باب: الدين النصيحة. الإيمان مسلم. إيمان/ ١٩٤. أبو داود. أدب: ٤٩٤٤. نسائي البيعة: ٤٢٠٨.

(١٠) مسلم. إيمان: ١٥٠ ترمذي: إيمان: ٢٦٢٣.

١٣- وَلأَبِي دَاوُدَ: مَنْ أَحَبَّ لِلهِ وَأَبْغَضَ لِلهِ وَأَعْطـى لِلـهِ وَمَنَـعَ لِلـهِ فَقَـدِ أَسْتَكْمَلَ ألإِيمَانَ[١١].

واته: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەر کەسێ خۆشەویستی هەموو شتێکی ساخ لەبەر ڕەزای خودابێ، وە ڕق و ڕق لێ گرتنی لە هەر شتێ دیسان هەر لەبەر ڕەزای خوادابێ، وە بەخشین و نەبەخشینیشی دیسان هەر لەبەر ڕەزای خودا بێ، ئەوە ئەو کەسە بەراستی باوەڕی تەواو تەواوە) (د - س/ صا).

١٤- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ ألنَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَكْمَلُ الْمُـؤْمِنِينَ إِيمَانًـا أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا وَخِيَارُكُمْ خِيَارُكُمْ لِنِسَائِهِمْ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَألتِّرْمِذِي[١٢].

واتـه: ئـەبو هـورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) لـە پێغەمبـەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەو موسوڵمانانە کە بەتـەواوی باوەڕیـان بـەخودا تـەواوە ئەوانـەن کە خوویان جوانەو ڕەفتاریـان شیرین و پەسـەندە، چاترین و سەردەستەکانی ئێوە ئەو کەسانەتانن کە بۆ ژنی خۆیان زۆر چاك و باشن! (د/ ت - س /ح).

١٥- وَعَنْهُ عَنِ ألنَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) قالَ: مِنْ حُسْنِ إِسْلَامِ ألْمَرْءِ تَرْكُهُ مَا لَا يَعْنِيهِ. رَوَاهُ ألتِّرمِذِيُّ فِي الزُّهْدِ وَابْنُ مَاجَهْ[١٣].

واته: دیسانەوە لەوەوە لە پێغەمبەرەوە دەفـەرموێ: (درودی خوای لەسەربێ): نیـشانەی ئیـسلامبوونی مـرۆڤ بـە شـێوەیەکی جـوان ئەوەیـە کـە هەرچـی لەمەبەست و ئامانجی ئەوەوە دوورە وازی لێ بێنێ (ت- س/ماجە).

١٦- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ ألنَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا رَأَيْتُمُ ألرَّجُلَ يَتَعَاهَدُ ألْمَسْجِدَ فَاشْهَدُوا لَهُ بِالْإِيمَانِ، فَإِنَّ ألله تَعَالَى يَقُولُ: إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَآتَى الزَّكَاةَ. (الآية) رَوَاهُ ألتِّرمِذِيُّ[١٤].

---

(١١) بسَنَدٍ صَالِحٍ (شَرْحُهُ).

(١٢) بسَنَدٍ حَسَنٍ (شَرْحُهُ).

(١٣) رَوَاهُ التِّرمذي بسَنَدٍ غَرِيبٍ (شرحه).

واته: ئەبو سەعید (خوای لێ رازی بێ) **لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ:** (دروودی خوای لەسەربێ): **ئەگەر دیتان کەوا پیاوێ خووی گرتوە بە هاموشۆی مزگەوتەوە ئیتر شایەتی ئیمان‌و باوەڕی بۆ بدەن کە ئەو پیاوە خاوەن ئیمانە، چونکە خودای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێ:**

{إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللَّهِ مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَأَقَامَ الصَّلاَةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلاَّ اللَّهَ فَعَسَى أُولَئِكَ أَنْ يَكُونُوا مِنَ الْمُهْتَدِينَ – ٩/١٨}.

واته: بەراستی کەسێ مزگەوت‌و ماڵی خودا ئاوەدان دەکاتەوەو دروستی دەکا کە باوەڕی بەخوداو بە ڕۆژی قیامەت هەبێ، وە هەروەها بەرێکوپێکی نوێژبکاو بەجوانی زەکات بدا، وە لەبەر ئەوە کە باوەڕی وەهایە: کە خێرو شەڕ هەر لەلای خودایە، لە خودا نەبێ لە کەسی تر نەترسێ، جا ئەم کەسانە هیوا وایە لەو خوداپێداوانە بن کە شارەزای ڕێگەی ڕەزای خوادو ڕێگەی بەختەوەری هەردوو دنیا بوون) (ت– س /ح).

٣) باوەڕ زیادوکەم دەکاو وەسوەسە زیانی پێ ناگەیەنێ:

یزید الایمان وینقص ولا تضره الوسوسة:

قَالَ اللهُ جَلَّ شَأْنُهُ: {إِنَّمَا الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ اللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ آيَاتُهُ زَادَتْهُمْ إِيمَانًا وَعَلَى رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ – ٨/٢}.

واته: موسوڵمانی بەراستی کە ناوی خودا لەلایانا برا، دڵیان دەترسێ‌و لەسام‌وهەیبەتی خودا دەلەرزێ، وە کاتێ ئایەتەکانی خودایان بەسەردا دەخوێنرێتەوەو قورئانیان بۆ دەخوێنرێتەوە باوەڕیان زیاد دەکاو دڵیان دادەمەزرێ، وە هەمیشە پشت بە خودای خۆیان دەبەستن.

١٧– عَنْ طَارِقِ بْنِ شِهَابٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أَوَّلُ مَنْ بَدَأَ بِالْخُطْبَةِ قَبْلَ الصَّلاَةِ يَوم الْعِيد مَرْوَانُ فَقَامَ إِلَيْهِ رَجُلٌ فَقَالَ: الصَّلاَةُ قَبْلَ الْخُطْبَةِ. فَقَالَ: قَدْ تُرِكَ

(١٤) بِسَنَدٍ حَسَنٍ (شرحه).

مَا هُنَالِكَ. فَقَالَ: أَبُو سَعِيدٍ: أَمَّا هَذَا فَقَدْ قَضَى مَا عَلَيْهِ. سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: مَنْ رَأَى مِنْكُمْ مُنْكَرًا فَلْيُغَيِّرْهُ بِيَدِهِ فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِلِسَانِهِ فَإِنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَبِقَلْبِهِ وَذَلِكَ أَضْعَفُ الإِيمَانِ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ إِلاَّ الْبُخَارِيَّ[1].

واتە: طاریقی كوڕی شیهاب (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: یەكەم كەس كە لە پێش نوێژی جەژندا خوتبەیدا، مەڕوان بوو، جا پیاوێ بۆی هەڵساو گوتی: نوێژی جەژن لە پێش خوتبەدایە، مەڕوان گوتی: ئەوەی تۆ دەیڵێی تەرك كراوە! جا ئەبو سەعید گوتی: ئەم پیاوە ئەركی سەرشانی خۆی بەجێ هێنا، بە گوێی خۆم لە دەمی حەزرەتم ژنەوت دەیفەرموو: (دروودی خوای لەسەربێ): هەركەسێ لە ئێوە شتێكی ناڕەوای دی با بەزەبری دەستو هێزی بازوو لەناوی ببا، جا ئەگەر بەدەست نەیتوانی بەزمانو بە قسەو ئامۆژگاری، ئەگەر بە زمانیش نەیتوانی بە دڵ پێی ناخۆش بێ، ئەم كەسەیش كە بەس بەدڵ پێی ناخۆشە باوەڕی تەواو كزە، ئەگینا بەدەستو بەزمانیش بەرهەڵستی دەكردو دەربەست نەدەبوو لە پێناوی هەقا هەرچی بەسەر بهاتبایە. (م/ د/ ت/ ن).

١٨- عَنِ ابْنِ عُمَرَ عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ تَصَدَّقْنَ وَأَكْثِرْنَ الاِسْتِغْفَارَ فَإِنِّي رَأَيْتُكُنَّ أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ فَقَالَتِ: امْرَأَةٌ مِنْهُنَّ جَزْلَةٌ: وَمَا لَنَا (يَا رَسُولَ اللَّهِ) أَكْثَرَ أَهْلِ النَّارِ؟ قَالَ: تُكْثِرْنَ اللَّعْنَ وَتَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ وَمَا رَأَيْتُ مِنْ نَاقِصَاتِ عَقْلٍ وَدِينٍ أَغْلَبَ لِذِي لُبٍّ مِنْكُنَّ قَالَتْ: (يَا رَسُولَ اللَّهِ) وَمَا نُقْصَانُ الْعَقْلِ وَالدِّينِ؟ قَالَ: أَمَّا نُقْصَانُ الْعَقْلِ فَشَهَادَةُ امْرَأَتَيْنِ تَعْدِلُ شَهَادَةَ رَجُلٍ فَهَذَا نُقْصَانُ الْعَقْلِ، وَتَمْكُثُ اللَّيَالِيَ مَا تُصَلِّي، وَتُفْطِرُ فِي رَمَضَانَ، فَهَذَا نُقْصَانُ

---

(١) مسلم. إيمان: ١٧٥. أبو داود. صلاة: ١١٤٠ ، ٤٣٤٠. ترمذي. فتن: ٢١٧٢. نسائي. إيمان: ٥٠٢٣ ، ٥٠٢٤. ابن ماجه. صلاة: ١٢٧٥. ٤٠١٣

الدِّينِ. وَعِبارَةُ ٱلْبُخَارِيِّ: أَلَيْسَ إِذَا حَاضَتْ لَمْ تُصَلِّ وَلَمْ تَصُمْ؟ قُلْنَ: بَلَى قَالَ: فَذَلِكَ مِنْ نُقْصَانِ دِينِهَا. رَوَاهُ ٱلْخَمْسَةُ[٢].

واته: ئیبنو عومەر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەی ژن گەل! خێرو خێرات زۆر بکەن وزۆریش بپاڕێنەوە داوای لێ بووردن لە خودا بکەن، چونکە من لە شەوی میعراجدا دیم کە ئێوە زۆرینەی دۆزەخ بون ئافرەتێکی بەدەم و پلیان گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا! لەبەر چیمان کەوا ئێمە زوربەی خەڵکی ئاگرین؟ فەرمووی: زۆر ڕەف و نەفرین دەکەن و سپڵەیی لەگەڵ مێرد دەکەن و چاکەی ئەوتان لەبەرچاونیە، کەسم نەدیوە کە وەك ئێوە هەم کەم هۆش و هەم کەم ئایین بێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشا پیاو بەو هەموو زیرەکی وزرنگییەوە دەیخەڵەتێنن و بۆڕی دەدەن، ژنەکەش گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! کەم هۆشی و کەم ئایینییەکەمان کامەیە؟ فەرمووی: کەم هۆشییەکەتان برێتییەلەوە کە شایەتی دوو ژن بەشایەتی تاقە پیاوێ حسێبە، ئەمە کەم هۆشییەکەتان، ئافرەتیش لەکاتی بێ نوێژیدا چەن شەوێ دەمێنێتەوە نە نوێژ دەکاو نە ڕۆژووی ڕەمەزان دەگرێ، ئەمەش کەم ئایینییەکەتان) عیبارەتی بوخاری بەم شێوەیە: ئەی ئەوە نیە ژن کە دەکەوێتە بێنوێژییەوە نە نوێژ دەکاو نە بەڕۆژوو دەبێ؟ ژنەکان گوتیان: با وایە. فەرمووی: دە ئەوە نیشانەی کەم ئایینییەتی) (ش/د/ت/ن).

١٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ ٱلنَّبِيِّ قَالَ: (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَأْتِي الشَّيْطَانُ أَحَدَكُمْ فَيَقُولُ مَنْ خَلَقَ كَذَا، مَنْ خَلَقَ كَذَا حَتَّى يَقُولَ لَهُ مَنْ خَلَقَ رَبَّكَ؟ فَإِذَا بَلَغَ ذَلِكَ فَلْيَسْتَعِذْ بِاللهِ وَلْيَنْتَهِ. رَوَاهُ ٱلثَّلاثَةُ[٣].

واته: ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (درودی خوای لەسەربێ): شەیتان دێ بەلای یەکێکتانەوە دەچێتە بن کلێشەیەوە ختەختەی دەداو دەڵێ: کێ ئەمەی دروست کردووە؟ کێ ئەوەی دروست کردووە؟ تا بەرەبەرە

(٢) بخاري. الحيض: ٣٠٤ ، ١٤٦٢ ، ١٩٥١ مسلم. إيمان: ٢٣٨ ، ٢٣٩ نسائي: العيدين: ١٥٧٥ ، ١٥٧٨. إبن ماجه: ١٢٨٨.

(٣) بخاري: بدء الخلق: ٣٢٧٦. مسلم. إيمان: ٢٤٣. أبو داود. السنة: ٤٧٢١. تحفة الأشراف: ١٤١٦.

دەڵێ: ئەی کێ خودای تۆی دروست کردووە، کە کارگەیشت بەم رادەیە پەنا بگرن بە خوداو وازبێنن. (ش/ د).

٢٠- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: يَأْتِي الشَّيْطَانُ أَحَدَكُمْ فَيَقُولُ مَنْ خَلَقَ السَّماءَ مَنْ خَلَقَ الْأَرْضَ فَيَقُولُ اللهُ، فَمَنْ وَجَدَ مِنْ ذٰلِكَ شَيْئاً فَلْيَقُلْ آمَنْتُ بِاللهِ وَرُسُلِه(٤).

واتە: دیسان لەوەوە پێغەمبەر دەفەرموێ (درودی خوای لەسەربێ): شەیتان دێ بەلای یەکێتانەوە تا لە خشتەی ببا دەڵێ: کێ ئاسمانی دروست کردووە، کێ زەوی دروست کردووە، ئەویش دەڵێ: خودا، جا هەر کەسێ لەم بابەتەوە تووشی شتێ بوو بابڵێ: باوەڕم هەیە بە خوداو بە پێغەمبەرانی خودا. (ش).

٢١- عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ عَنْ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: قَالَ: اللّٰهُ عَزَّ وَجَلَّ إِنَّ أُمَّتَكَ لاَ يَزَالُونَ يَقُولُونَ مَا كَذَا مَا كَذَا حَتَّى يَقُولُوا هَذَا اللّٰهُ خَلَقَ الْخَلْقَ فَمَنْ خَلَقَ اللّٰهَ — رَوَاهُما الشيخَان(٥).

واتە: ئەنەس لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (درودی خوای لەسەربێ): خودای خاوەن شان و شکۆ دەفەرموێ: ئۆمەتەکەت دەڵێن: ئەمەواو ئەوە وا، تا بەرەبەرە سەردەکێشێ بۆ ئەوە دەڵێن: باشە ئەوا خودا ئەم خەڵك و جیهانەی دروست کردووە ئەی کێ خودای دروست کردووە. (ش).

٢٢- عَنْ عَبْدِ اللهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: سُئِلَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنِ الْوَسْوَسَةِ قالَ: تِلْكَ مَحْضُ الإِيمَانِ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ(٦).

واتە: عەبدوڵڵا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لەبارەی وەسوەسەوە لە پێغەمبەریان پرسی (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: وەسوەسە هیچ نیە ئەوە نیشانەی باوەڕی پەتیە (م).

(٤) بخاری. بدء الخلق: ٣٢٧٦. مسلم. إيمان: ٣٤١.

(٥) مسلم. إيمان: ٣٤٩. تحفة الأشراف: ١٥٨٠.

(٦) مسلم. إيمان: ٣٤٠

٤- باسی سێیەم: باسی گەورەیی ئایین:

الباب الثالث: في فضائل الدين:

قَالَ اللهُ جَلَّ شَأْنُهُ: {وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا – ٣/٥}

واتە: خودای خاوەن شانو شكۆ لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ: من خۆم ئایینی ئیسلامم بۆ ئێوە پەسەند كردووە.

٢٣– عَنْ عَبَادَةَ بن ٱلصَامتِ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ ٱلنَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: مَنْ شَهِدَ أَنْ لا إِلهَ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيكَ لَهُ وَأَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ وَأَنَّ عِيسَى عَبْدُ اللهِ وَرَسُوْلُهُ وَكَلِمَتُهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِنْهُ وَٱلْجَنَّةَ حَقٌّ وَٱلنَّارَ حَقٌّ أَدْخَلَهُ اللهُ ٱلْجَنَةَ عَلى مَا كَانَ عَلَيْهِ مِنْ عَمَل. رَوَاهُ ٱلشيخَان[1].

واتە: عوبادەی كوڕی صامیت (خوای لێ ڕازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەر كەسێ شایەتی بدا كە بێجگە لە یەزدانی پاك خودای تر نیەو هەر بۆ خۆی خودایەو تاكو تەنیایەو هاوبەشی نیە، وە شایەتی بدا كە موحەممەد بەندەو پێغەمبەری خودایە، وە عیساش بەندەو پێغەمبەری خودایەو بە فەرموودەی خودا لە مەریەم بووەو ڕەحمەتێكەو خودا ناردوویەتی، وە شایەتی بدا كە بەهەشت ڕاستەو دۆزەخ ڕاستە، هەركەسێ ئەم شایەتییە بدا لەسەر ئەم شێوەیە خودا دەیخاتە بەهەشتەوە، ئیتر كردەوەی هەرچی بێ. (ش).

٢٤– عَنْ أَبِي ذَرٍّ ٱلغَفَّارِيِّ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: اَتَانِي جِبْرِيلُ (عَلَيهِ ٱلسَّلاَمُ) فَبَشَرنِي أَنَّهُ مَنْ مَاتَ مِنْ أُمَّتِكَ لاَ يُشْرِكُ بِاللهِ شَيْئا دَخَلَ ٱلْجَنَّةَ قُلْتُ: وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ؟ قالَ: وَإِنْ زَنَى وَإِنْ سَرَقَ، قُلْتُ: وَإِنْ زَنى وَإِنْ سَرَقَ، ثُمَّ قَالَ: فِي الرَّابِعَةِ: عَلَى رَغْمِ أَنفِ أَبِي ذَرّ. رَوَاهُ الشَّيْخَان وَالتِّرْمِذي[2].

---

(١) بخاري. أنبياء: ٣٤٣٥. مسلم: إيمان: ١٣٩ ، ١٤٠ ، ١٤١.

(٢) بخاري: ١٢٣٧ ، ١٤٠٨ ، ٢٣٨٨ ، ٣٢٢٢ ، ٥٨٢٧ ، ٦٢٦٨ ، ٦٤٤٣ ، ٦٤٤٤ ، ٧٤٨٧. مسلم. إيمان: ٢٦٨ ، ٢٦٩.

واتـە: ئـەبو ذەڕی غـەففاری (خوای لێ ڕازی بێ) گـوتـی: پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: جوبرائیل (دروودی خوای لەسەربێ) هات بۆ لام ئەم مژدەیەی بۆ هێنام: کە هەر کەسێ لە ئۆمەتم لەسەر ئیمان بمرێ‌و لەکاتی مردنندا هیچ هاوبەش بۆ خودا پەیدانەکا دەچێتە بەهەشت، منیش گوتم: با داوێنپیسیش بکاو بادزیش بکا؟ فەرمووی: بەڵێ، با زیناش بکاو با دزیش بکا دیسان گوتم: با زیناش بکاو با دزیش بکا؟ فەرموویەوە، بەڵێ با زیناش بکاو با دزیش بکا تا لەسەری جاری چوارەمدا فەرمووی: بە کوێرایی چاوی ئەبو ذەرەوە. (ش/ ت).

٢٥- عَنْ مُعَاذُ بْنَ جَبَلٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَا مِنْ أَحَدٍ يَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ صِدْقًا مِنْ قَلْبِهِ إِلاَّ حَرَّمَهُ اللَّهُ عَلَى النَّارِ قالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، أَفَلاَ أُخْبِرُ بِهِ النَّاسَ فَيَسْتَبْشِرُوا قالَ: إِذًا يَتَّكِلُوا وَأَخْبَرَ بِهَا مُعَاذٌ عِنْدَ مَوْتِهِ تَأَثُّمًا[٣].

واتە: موعازی کوڕی جەبەل (خوای لێ ڕازی بێ) گـوتـی: پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەرکەسێ شایەتی بدا، بەزمان‌و بەدڵ باوەڕی پێی هەبێ: کە هەر خودا خودایە، موحەممەد فروستادەی ئەوە، ئیتر خودا هەم لەش‌و هەم گیانی ئەو کەسە قەدەغە دەکا لەسەر ئاگری دۆزەخ، منیش عەرزیم کرد: ئەی پێغەمبەری خودا! بۆ ئەم مژدە خۆشە بەخەڵك ڕانەگەیەنم، تاخۆشییان تێ بکەوێ، فەرمووی: ئاخر سارد دەبنەوەو پشتی لێ دەکەنەوە، جا موعاذ لەکاتی سەرەمەرگا ئەم فەرموودەیەی ڕاگەیاندو گێڕایەوە بۆ موسوڵمانان، نەبادا بەشاردنەوەی گوناهباربێ) (ش/ ت).

٢٦- وَعَنْهُ قالَ: كُنتُ رِدْفَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى حِمَارٍ يُقَالُ لَهُ عُفَيْرٌ فَقَالَ: يَا مُعَاذُ هَلْ تَدْرِى مَا حَقُّ اللَّهِ عَلَى الْعِبَادِ وَمَا حَقُّ الْعِبَادِ عَلَى اللَّهِ؟

---

(٣) بخاري: ٥٩٦٧. مسلم: ١٤٢ – ١٤٥.

قُلْتُ: اللّٰهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ. قَالَ: فَإِنَّ حَقَّ اللّٰهِ عَلَى الْعِبَادِ أَنْ يَعْبُدُوا اللّٰهَ وَلاَ يُشْرِكُوا بِهِ شَيْئًا وَحَقُّ الْعِبَادِ عَلَى اللّٰهِ عَزَّ وَجَلَّ أَنْ لاَ يُعَذِّبَ مَنْ لاَ يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا". قُلْتُ يَا رَسُولَ اللّٰهِ أَفَلاَ أُبَشِّرُ النَّاسَ؟ قَالَ: لاَ تُبَشِّرْهُمْ فَيَتَّكِلُوا. رَواهُما الشيْخَان والتِرْمِذِي(٤).

واتە: دیسان ئەو گوتی: لە پاشكۆی پێغەمبەردا بووم (دروودی خوای لەسەربێ) بە سواری كەرێ پێیان دەگوت عوفەیر، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەی موعاذ! ئایا دەزانی ماف‌و هەقی خودا لەسەر بەندەكانی خۆی چیە ماف‌و هەقی بەندەكانیش لەسەر خودای خۆیان چییە؟ گوتم: خوداو پێغەمبەر خۆیان باش دەزانن، فەرمووی: مافی خودا – لەسەر بەندەكان – ئەوەتانێ كە هەر خودا بپەرستن‌و هیچ هاوبەشی بۆ دانەنێن، مافی بەندەكانیش لەسەر خودای گەورەو مەزن ئەوەیە كە هەركەسێ هاوبەشی بۆ پەیدا نەكا ئازارو سزای نەدا گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! دەبا ئەم مژدە خۆشە بە خەڵك بدەم؟ فەرمووی: نەكەی، مژدەیان نەدەیتێ ئەگینا پشت بەمە دەبەستن‌و پشتی لێ دەدەنەوەو لەكردنی كاری باش سارد دەبنەوە) (ش/ ت).

٢٧– عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) سُئِلَ أَيُّ الْعَمَلِ أَفْضَلُ؟ فَقَالَ: إِيْمَانٌ بِاللّٰهِ وَرَسُولِهِ. قِيلَ: ثُمَّ مَاذَا؟ قَالَ: الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللّٰهِ؟ قِيلَ: ثُمَّ مَاذَا؟ قَالَ: حَجٌّ مَبْرُورٌ. رَوَاهُ الشَّيْخَانِ وَالنَّسَائِيُّ(٥).

ئەبو هورەیرە گوتی: لە پێغەمبەریان پرسی (دروودی خوای لەسەربێ): چ كارێ زۆر خێرو گەورەیە، فەرمووی: ئیمان‌و باوەڕ بەخوداو بە پێغەمبەری خودا گوترا: ئینجا چی تر؟ فەرمووی: خەبات‌و غەزاو تێكۆشان لە ڕێگەی خودادا گوترا: ئینجا چی تر؟ فەرمووی: حەجی دروست (ش/ ن).

---

(٤) بخاري: ٥٩٦٧ ، ٦٢٦٧. مسلم: إيمان: ١٤٢.

(٥) بخاري: ٢٦ ، ١٥١٩ مسلم. إيمان: ٢٤٤.

٢٨- وَعَنْهُ عَنِ ٱلنَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا أَحْسَنَ أَحَدُكُمْ إِسْلاَمَهُ فَكُلُّ حَسَنَةٍ يَعْمَلُهَا تُكْتَبُ لَهُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا إِلَى سَبْعِمِائَةِ ضِعْفٍ، وَكُلُّ سَيِّئَةٍ يَعْمَلُهَا تُكْتَبُ لَهُ بِمِثْلِهَا وَفِي رِوَايَة إِلَّا أَنْ يَتَجَاوَزَ ٱللهُ عَنْهَا. رَوَاهُ ٱلشَّيْخَانِ[٦].

دیسان لەوە پێغەمبەر دەفەرموێ: (درودی خوای لەسەربێ): كاتێ یەكێ لە ئێوە بە جوانی موسوڵمان بوو، ئیتر هەر چاكەیێ بكا یەك بە دە تا یەك بە حەوت سەد بۆی دەنووسرێ، وە هەر خراپەیێ بكا یەك بە یەك بۆی دەنوسرێ. لە گێڕانەوەیەكا: مەگەر خودا چاوپۆشی لێ بكاو لەسەری نەنووسێ.

٢٩- عَنْ أَنَسٍ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: يَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَفِي قَلْبِهِ وَزْنُ شَعِيرَةٍ مِنْ إِيمَان، وَيَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَفِي قَلْبِهِ وَزْنُ بُرَّةٍ مِنْ إِيمَان، وَيَخْرُجُ مِنَ النَّارِ مَنْ قَالَ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَفِي قَلْبِهِ وَزْنُ ذَرَّةٍ مِنْ إِيمَانٍ؟ قَالَ: أَبُو سَعِيدٍ: فَمَنْ شَكَّ فَلْيَقْرَأْ إِنَّ اللهَ لاَ يَظْلِمُ مِثْقَالَ: ذَرَّةٍ[٧].

ئەنەس لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (درودی خوای لەسەربێ): هەركەسێ بڵێ (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ)و سەنگایی دەنكە جۆیێ ئیمانو باوەڕ لە دڵیا بێ، یاسەنگی دەنكێ گەنم، یا سەنگی مێروو لە وردەیێ لە ئاگری دۆزەخ دەردەچێ، ئەبو سەعید دەڵێ: ئەگەر كەسێ لەم باسەدا گومانی هەیە یا بۆ راستو دروستی ئەم قسەیە با ئەم ئایەتە بخوێنێ: {إِنَّ اللّهَ لاَ يَظْلِمُ مِثْقَالَ: ذَرَّةٍ}: خودا بەقەد تۆزێ، یا بەقەد تۆسقاڵێ زۆرو ستەم لەكەس ناكا - ٤/٤٠.

٣٠- عَنْ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَجُلاً مِنَ الْيَهُودِ قَالَ: لَهُ:يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ، آيَةٌ فِي كِتَابِكُمْ تَقْرَءُونَهَا لَوْ عَلَيْنَا مَعْشَرَ الْيَهُودِ نَزَلَتْ لاَتَّخَذْنَا ذَلِكَ الْيَوْمَ عِيدًا. قَالَ: أَيُّ آيَةٍ؟ قَالَ:(الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ

---

(٦) بخاري: إيمان: ٤٢. مسلم. إيمان: ٣٣١.

(٧) بخاري. إيمان: ٤٤ ، ٤٤٧٦ ، ٦٥٦٥ ، ٧٤١٠ ، ٧٤٤٠ ، ٧٥٠٩ ، ٧٥١٠ ، ٧٥١٦. مسلم. إيمان: ٤٧٧.

الإِسْلاَمَ دِينًا ﴾. قَالَ عُمَرُ: قَدْ عَرَفْنَا ذَلِكَ الْيَوْمَ وَالْمَكَانَ الَّذِى نَزَلَتْ فِيهِ عَلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ قَائِمٌ بِعَرَفَةَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ. رَوَاهُمَا اَلشَّيْخَانِ وَالتِّرْمِذِيُّ[8].

واتە: پیاوێکی جولەکە بە عومەری وت: ئەی فەرمانڕەوای موسوڵمانان ئایەتێ لە قورئانەکەتاندا هەیە دەوری دەکەنەوە، ئەگەر ئەو ئایەتە بۆ ئێمە بهاتبایە کە کۆمەڵی جوولەکەین ڕۆژی هاتنی ئەو ئایەتەمان هەموو ساڵێ دەکرد بە جەژن. عومەر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: کام ئایەتەیە؟ گوتی: {الْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ وَأَتْمَمْتُ عَلَيْكُمْ نِعْمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ الإِسْلاَمَ دِينًا}.

واتە: ئەمڕۆ من دەستوری ئایینی ئێوەم تەواوکرد بۆتان و نازو نیعمەت و بەهرەی خۆمم ڕژاند بەسەرتانا، وەك فەتحی مەککەو گەلێ شتی تر، وە ئایینی ئیسلامم کرد بە ئایینتان، عومەریش گوتی: خۆشمان گەلێ باش دەزانین هەم ئەو ڕۆژەو هەم ئەو شوێنەی کە ئەم ئایەتەی تیا هاتە خوارەوە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کە ڕۆژ ڕۆژی هەینی بوو، وەکات کاتی جەژنی قوربان بوو، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) ئەو دەمە لەکێوی عەرەفە وەستابوو خەریکی کردنی حەججول ویداعبوو، واتە: ئێمەش ئەو ڕۆژەمان کردووە بە جەژن لە دوولاوە، چونکە هەم ڕۆژی عەرەفەو هەم ڕۆژی هەینی جەژنی گەلی ئیسلامە (ش/ ت).

٣١- عَنْ جَابِرٍ قَالَ: أَتَى النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا الْمُوجِبَتَانِ؟ فَقَالَ: مَنْ مَاتَ لاَ يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ وَمَنْ مَاتَ يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا دَخَلَ النَّارَ[9].

واتە: جابیر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پیاوێ هاتە خزمەتی حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەو دووشتە چی و چین کە یەکێکیان دەبێ بەهۆی چوونە بەهەشت و ئەویتریان دەبێ بەهۆی چوونە دۆزەخ؟ فەرمووی: هەر کەسێ لەسەر ئیمان و باوەڕ بەخودا بمرێ و هیچ

(٨) بخاري. إيمان: ٤٥ ، ٤٤٠٧ ، ٤٦٠٦ ، ٧٢٦٨. مسلم. تفسير. ٧٤٤١ ، ٧٤٤٢ ، ٧٤٤٣.

(٩) مسلم. إيمان: ٢٦٥.

هاوبەش دانەنێ بۆ خودا، ئەوە دەچێتە بەهەشت، وە هەرکەسێ هاوبەش بۆ خودا دابنێو لەسەر ئەوحاڵە بمرێو تەوبەی لێ نەکا، ئەوە دەچێتە ناو ئاگری دۆزەخ. (م).

٣٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ ألنَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: إِنَّ اللَّهَ تَجَاوَزَ لأُمَّتِي مَا حَدَّثَتْ بِهِ أَنْفُسَهَا مَا لَمْ يَتَكَلَّمُوا أَوْ يَعْمَلُوا بِهِ. رِوَاهُمَا مُسْلِمٌ[١٠].

واتە: ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (دروودی خوای لەسەربێ): ئەو دڵە راوکیو وراویە کە لە بابەت تاوانەوە بە دڵی ئۆمەتما رادەبوورێ خودا چاوپۆشی لەوە دەکا بە مەرجێ بە قسە نەیڵێنو بە کردەوەیش نەیکەن. (م).

٣٣- وَلِلْبُخَارِيّ تَعْلِيقاً عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَحَبُّ الدِّينِ إِلَى اللَّهِ الْحَنِيفِيَّةُ السَّمْحَةُ[١١].

واتە: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: خۆشەویست ترین دینو ئایین لای خودا ئەم ئایینە پاکو بێ گەردو دوور لە باطیلو شتی پڕوپووچەیە، وە ئەم ئایینە خۆشو ئاسانەیە!.

(بوخاری ئەم حەدیثەی بە تەعلیق ریوایەت کردووە)

٣٤- عَنْ أبنِ عَباسٍ عَنْ أَبِي النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: إِنَّ اللَّهَ وَضَعَ عَنْ أُمَّتِي الْخَطَأَ والنّسْيَانَ وَمَا اسْتَكْرِهُوا عَلَيْهِ. رِواهُ أبن مَاجة[١٢].

واتە: ئیبنو عەبباس (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): خودا تۆڵەو عیقابی ئەم سێ جۆرە گوناهەی لەسەر ئۆمەتم هەڵگرتووە:

یەکەم: گوناهێ کە خاوەنەکەی بە هەڵە بیکا.

دووەم: گوناهێ خاوەنەکەی لە بیری نەبێ.

سێیەم: ئەوشتانەی بە زۆر پێیان بکەن، (ئیبنو ماجە).

---

(١٠) بخاري. عتق: ٢٥٢٨ ، ٥٢٦٩ ، ٦٦٦٤.مسلم. إيمان: ٣٢٧ ، ٣٢٨.

(١١) بخاري. إيمان. باب رقم ٢٩ قبل رقم: ٣٩ فتح الباری مباشرة.

(١٢) ابن ماجه. طلاق: ٢٠٤٠ ، ٢٠٤٤.

٥) خودا تەنیا ئایینی ئیسلام قەبووڵ دەکا:

فصل - لا يقبل الله إلا الدين الإسلامي:

قَالَ اللهُ تعالى: {وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الإِسْلاَمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ - ٣/٨٥}

واتە: هەرکەسێ پەیڕەوی هەر ئایینێکی تر بکا جگە لە ئایینی ئیسلام، ئەوە خودا ئەو ئایینەی تری لێ وەرناگرێو لێی قەبوڵ ناکا، وە ئەو کەسە لە پاشە ڕۆژا لە تاقمی زیان کردووەکان دەژمێررێ.

٣٥- عَنِ ابْنِ عُمَرَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: أُمِرْتُ أَنْ أُقَاتِلَ النَّاسَ حَتَّى يَشْهَدُوا أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، وَيُقِيمُوا الصَّلاَةَ، وَيُؤْتُوا الزَّكَاةَ، فَإِذَا فَعَلُوا ذَلِكَ عَصَمُوا مِنِّي دِمَاءَهُمْ وَأَمْوَالَهُمْ إِلاَّ بِحَقِّ الإِسْلاَمِ، وَحِسَابُهُمْ عَلَى اللَّهِ. رَوَاهُ الخمسة[1].

واتە: ئیبنو عومەر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: لەلایەنی خواوە فەرمانم پێ کراوە کە جەنگ لەگەڵ ئەم خەڵکەدا بکەم هەتا گەواهو شایەتی دەدەن کە هەر خودا خودایەو خودای ترنییەو موحەممەد پێغەمبەری خودایە، وە هەتا نوێژ دەکەنو زەکات دەدەن، جا هەر کاتێ ئەمەیان کرد ئیتر سەروماڵیانو گیانو سامانیان لە من قەدەغە دەکەن، مەگەر ئەو هەقو مافەی کە ئیسلام دایناوە، ئیتر لەوە دوا حیسابو لێ پرسینەوەیان لەسەر خودایەو خودا خۆی ئاگای لە دڵیانە (ش/د/ت/ ن).

٣٦- عَنْ جابِرٍ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أُعْطِيتُ خَمْسًا لَمْ يُعْطَهُنَّ أَحَدٌ قَبْلِي نُصِرْتُ بِالرُّعْبِ مَسِيرَةَ شَهْرٍ، وَجُعِلَتْ لِيَ الأَرْضُ مَسْجِدًا وَطَهُورًا، فَأَيُّمَا رَجُلٍ مِنْ أُمَّتِي أَدْرَكَتْهُ الصَّلاَةُ فَلْيُصَلِّ، وَأُحِلَّتْ لِيَ الْمَغَانِمُ وَلَمْ تَحِلَّ لأَحَدٍ قَبْلِي،

---

(١) بخاري: ١٣٩٩ ، ١٤٥٧ ، ٢٩٤٦ ، ٦٩٢٤ ، ٧٢٨٢ ، ١٤٠٠ ، ١٤٥٦ ، ٦٩٢٥ ، ٧٢٨٥ ، مسلم. إيمان: ١٢٤ — ١٣٠ أبو داود: ١٥٥٦ ، ١٥٥٧. ترمذي: ٢٦٠٧. نسائي: ٢٤٤٢ ، ٣٠٩١ ، ٣٠٩٢ ، ٣٠٩٣ ، ٣٩٨٠ ، ٣٩٨١ ، ٣٩٨٣ ، ٣٩٨٥.

وَأُعْطِيتُ الشَّفَاعَةَ، وَكَانَ النَّبِيُّ يُبْعَثُ إِلَى قَوْمِهِ خَاصَّةً، وَبُعِثْتُ إِلَى النَّاسِ عَامَّةً. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إِلاَّ أَبَا دَاوُدَ(٢).

لە جابیرەوە لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: خودا ئەم پێنج بەهرەیەی بەمن داوە، لەپێش مندا ئەم پێنجەی بە کەسی تر نەداوە:

یەکەم: تاماوەی مانگەڕێ یەك دوژمن لەسامو شکۆی خۆمو لەشکرم زەندەقیان دەچێو ورە بەردەدەن، ئەمە بووە بەهۆی سەرکەوتن بۆ ئێمە.

دووەم: سەر رووی زەوی هەمووی بۆ ئێمە کراوە بە مزگەوتو خۆڵەکەی پاکەوەکەرە کە ئاو نەبوو تەیەمووی پێ دەکەین، جا لە لەبەر ئەمە هەر کەسێ لە ئۆمەتم لە هەرلا نوێژی لێ بوو بانوێژی خۆی بکا (ئیتر مزگەوتو ئاو بوون لەوێ یا نەبوون قەیناکا).

سێیەم: ماڵی تالانی کافرانیش بۆمن حەڵاڵ کراوە، لەپێش مندا بۆکەسی تر حەڵاڵ نەبووە.

چوارەم: تکاو شەفاعەتم پێ خەڵات کراوە لە رۆژی قیامەتدا تکا دەکەم بۆ ئۆمەتم بۆ خاسو خراپیان.

پێنجەم: جاران پێغەمبەرەکان هەر کەسەیان لە سەردەمی خۆیا رەوانە دەکرا بۆ سەر هوزەکەی خۆی بە تایبەتی، بەڵام من خودا رەوانەی کردوم بۆ سەر بەرەی ئادەمیزاد بەگشتی (ش/ ت/ ن).

٦) باسی چوارەم:باوەڕ بە چارەنووس (قەدەر):

الباب الرابع: في الايمان بالقدر

قَالَ اللهُ تَعَالَى: {إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ٥٤/٤٩}.

ئێمە هەموو شتێکمان بەپێی چارەنووسی خودایی دروست کردووە.

---

(٢) بخاري. تیمم: ٣٣٥ ، ٤٣٨ ، ٣١٢٢ مسلم. مساجد: ١١٦٣ ، ١١٦٤. نسائي. غسل: ٤٣٠ ، ٧٣٥.

٣٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ ٱلنَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: لَماَّ قَضَى ٱللهُ عَزَّ وَجَلَّ ٱلْخَلْقَ كَتَبَ فِي كِتَابٍ فَهُوَ عِنْدَهُ فَوْقَ ٱلْعَرْشِ إِنَّ رَحْمَتِي سَبَقَتْ غَضَبِي. رواهُ ٱلشَّيخانِ وَالتِرْمِذِيُّ[١].

ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (درودی خوای لەسەربێ) کاتێ خودای گەورەو بەشکۆ بڕیاریدا ئەم خەڵك‌و جیهان‌و بوونەوەرە دروست بکا، لەنامەیەکا نووسی: رەحمەت‌و میهرەبانی من پێش رق‌و خەشمم دەکەوێ، بەحری رەحمەتم هەرکاتێ هاتە جۆش‌و خرۆش، ئاگرو بڵێسەی کوورەی رق‌و غەضەبم دەکوژێنێتەوە، وە ئەو نامەیەش (کە ئەمەی تیا نووسراوە) لەلای خودا خۆیەتی لە سەروو تەخت‌و بارەگا (عەرش)ەوە داینـاوە!) (ش/ت).

٣٨- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلاَّ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ، فَأَبَوَاهُ يُهَوِّدَانِهِ أَوْ يُنَصِّرَانِهِ أَوْ يُمَجِّسَانِهِ، كَمَا تُنْتَجُ الْبَهِيمَةُ بَهِيمَةً جَمْعَاءَ هَلْ تُحِسُّونَ فِيهَا مِنْ جَدْعَاءَ. ثُمَّ يَقُولُ أَبُو هُرَيْرَةَ: (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) وَأَقْرَأُوا إِنْ شِئْتُمْ (فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللهِ ذٰلِكَ ٱلدِّين ٱلْقَيِّمُ- رَوَاهُ ٱلأَرْبَعَة[٢].

واتە: دیسان ئەو گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەموو منداڵی کاتێ لەدایك دەبێ بە سروشت، بەخوداکرد، ئامادەیە بۆ خودا ناسین، بەڵام لەوە دوا باوك‌و دایکی‌و نەریت‌و دەستوورو باوی ناو کۆمەڵ دەیگۆڕن‌و لەڕێ دەری دەکەن، جا یا دەیکەن بە جوولەکە یا بەگاور یا بە ئاگر پەرست، بەڵێ هەموو منداڵێ لە سەرەتاوە بە خوداکرد لەسەر ئایینی راست‌و دروست لەدایك دەبێ هەروەك چۆن بەچکەی ئاژەڵ‌و ماڵات بە تەواوی‌و بەبێ کەموکوڕی لەسەرەتاوە لەدایك دەبن: ئەوەتانێ نابینن کە بەچکەیێ لەو بەچکانە لەکاتی لەدایك بووندا لووتی بڕابێ، یا گوێی قرتابێ، یا کەمی‌و کووڕی‌و ناتەواییەکی هەبێ!

---

(١) بخاري. بدأ الخلق: ٣١٩٤ ، ٧٤٠٤ ، ٧٤٢٢ ، ٧٤٥٧ ، ٧٥٥٣ ، ٧٥٥٤. مسلم. توبة: ٦٩٠٣ ، ٦٩٠٤ ، ٦٩٠٥.

(٢) بخاري. جنائز: ١٣٥٩ ، ١٣٥٨ ، ٤٧٧٥ ، ٦٥٩٩ مسلم. قدر: ٦٦٩٧ ، ٦٦٩٩ ، ٦٧٠٠.

ئینجا ئەبو هورەیرە گوتی: ئەگەرحەزیش دەکەن بۆ پشتیوانی ئەم باسە ئەم ئایەتە بخوێننەوە:
{فِطْرَةَ اللّٰهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللّٰهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ ٣٠/٢٠}.

واتە: ئەو سیفەتو سروشتە خودا کردە بگرن کە خودای گەورە لە سەرەتاوە بەرەی ئادەمیزای لەسەر دروست کرووە، ئەوە ئایینی راستی دەستکردی خودا خۆیەتی، بۆیە هەرگیزاو هەرگیز گۆڕانی بۆ نیە.(ش/د/ ت).

٣٩- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: احْتَجَّ آدَمُ وَمُوسَى عَلَيْهِمَا السَّلَامُ عِنْدَ رَبِّهِمَا فَحَجَّ آدَمُ مُوسَى قَالَ: مُوسَى أَنْتَ آدَمُ الَّذِي خَلَقَكَ اللّٰهُ بِيَدِهِ وَنَفَخَ فِيكَ مِنْ رُوحِهِ وَأَسْجَدَ لَكَ مَلَائِكَتَهُ وَأَسْكَنَكَ فِي جَنَّتِهِ ثُمَّ أَهْبَطْتَ النَّاسَ بِخَطِيئَتِكَ إِلَى الأَرْضِ فَقَالَ: آدَمُ أَنْتَ مُوسَى الَّذِي اصْطَفَاكَ اللّٰهُ بِرِسَالَتِهِ وَبِكَلَامِهِ وَأَعْطَاكَ الأَلْوَاحَ فِيهَا تِبْيَانُ كُلِّ شَيْءٍ وَقَرَّبَكَ نَجِيًّا فَبِكَمْ وَجَدْتَ اللّٰهَ كَتَبَ التَّوْرَاةَ قَبْلَ أَنْ أُخْلَقَ قَالَ: مُوسَى بِأَرْبَعِينَ عَامًا. قَالَ: آدَمُ فَهَلْ وَجَدْتَ فِيهَا (وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى) قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: أَفَتَلُومُنِي عَلَى أَنْ عَمِلْتُ عَمَلاً كَتَبَهُ اللّٰهُ عَلَيَّ أَنْ أَعْمَلَهُ قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَنِي بِأَرْبَعِينَ سَنَةً؟ قَالَ: رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَحَجَّ آدَمُ مُوسَى. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ[٣].

واتە: دیسانەوە گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئادەمو مووسا (درودی خوایان لێبێ) لە خزمەتی پەروەردگاریاندا بوو بەدەمە قاڵیان، لە ئەنجامدا ئامادەم مووسای بۆڕدا، مووسا فەرمووی: تۆ ئەو ئادەمەی کە خودای گەورە بەدەستی خۆی دروستی کردیو لە گیانو رەحمەتی خۆی گیانی کرد بە بەرتاو بەفریشتەکانی خۆی فەرموو کورنووشیان بۆ بردیولە بەهەشتی خۆیا دایناي، کەچی بە تاقە گوناهێ ئەم خەڵکەت لە بەهەشت دەرکردو داتیپەڕاندن بۆ سەر زەوی! ئادەمیش فەرمووی: تۆش ئەو

(٣) بخاري. قدر: ٦٦١٤. مسلم. قدر: ٦٦٨٤ ، ٦٦٨٥ ، ٦٦٨٦. أبو داود: السنة: ٤٧٠١. ابن ماجه. قدر: ٨٠.

مووسایەی کە خودا پەسەندی کردیو کردیتی بە پێغەمبەرو قسەی لەگەڵ کردیو لەچەن تەختە لەوحێکا تەوراتی بۆ ناردی، کە باسو خواسی هەموو شتێکیان تیابوو، سەرەڕای ئەمانەش نزیکی کردیتەوە لە خۆیەوەو رازو گوفتوگۆی لەگەڵ کردی، ئادەم وتی: باشە، ئەدی وەك لە تەوراتا دیوتە بەچەند ساڵ لەپێش دروستکردنی مندا خودا تەوراتی نووسیوە؟ مووسا فەرمووی: بە چل ساڵ ئادەم، فەرمووی: باشە ئەم ئایەتەت لە تەوراتا دیوە کە دەفەرموێ: {وَعَصَى آدَمُ رَبَّهُ فَغَوَى – ٢٠/١٢١} واتە: ئادەم لە فەرمانی خودا دەرچوو، وە ئەو ئاواتە جوانەکەمانەوە بوو لە بەهەشتا لە دەستی دەرچوو، فەرمووی: بەڵێ فەرمووی: دە ئیتر چۆن سەرزەنشتم دەکەی لەسەر کردنی کارێ کە خودا بەر لەوە کە من دروست بکا بەچل ساڵ لەسەری نووسیوم کە ئەوکارە بکەم؟ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: جا ئاوا ئادەم مووسای بەزاند (ش/د/ت/ن).

٤٠– عَنْ عَبْدُ اللّٰهِ قالَ: حَدَّثَنَا رَسُولُ اللّٰهِ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ الصَّادِقُ الْمَصْدُوقُ قالَ: إنَّ أَحَدَكُمْ يُجْمَعُ خَلْقُهُ فِي بَطْنِ أُمِّهِ أَرْبَعِينَ يَوْمًا، نُطْفَةً ثُمَّ يَكُونُ عَلَقَةً مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ يَكُونُ مُضْغَةً مِثْلَ ذَلِكَ، ثُمَّ يُنفَخُ فِيهِ الرُّوحُ وَيُؤْمَرُ بِأَرْبَعِ كَلِمَاتٍ، بِكَتْبِ رِزْقَهُ وَأَجَلَهُ وَعَمَلِهِ وَشَقِيٌّ أَوْ سَعِيدٌ. فَوَاللّٰهِ الَّذِي لا إِلَهَ غَيْرُهُ إِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ، حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلاَّ ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ، فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ فَيَدْخُلُهَا وَإِنَّ أَحَدَكُمْ لَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَهَا إِلاَّ ذِرَاعٌ، فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الكِتَابُ، فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَيَدْخُلُهَا. رِوَاهُ الْأَرْبَعَة[٤].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەری راستگۆ کە فەرمایشتی جێگەی باوەڕە دەفەرموێ (درودی خوای لەسەربێ): هەریەکێ لەئێوە کە خودا دروستی دەکا چل رۆژ بە تۆمەیی (نوطفەیی) لە سکی

---

(٤) بخاري. بدء الخلق: ٣٢٠٨ ، ٣٣٣٢ ، ٦٥٩٤ ، ٧٤٥٤. مسلم. قدر: ٦٥ – ٦٨. أبو داود. قدر: ٤٧٠٨. ترمذي. قدر: ٢١٣٧.

دایكیا كۆ دەكرێتەوەو دەمێنێتەوە، ئینجا بە چل ڕۆژی تریش دەبێ بە پارچە خوێنێكی مەییو، ئینجا بە چل ڕۆژی تریش دەبێ بە پارچە گۆشتێ بەقەد پارووێ، ئینجا گیانی بە بەرا دەكرێ، جا خودای گەورە فەرمان دەكا بەو فریشتەیە كە گیان دەكا بە بەریا ئەم چوار وشەیە بنووسێ:

یەكەم: ڕزقو ڕۆزی چییەو چی نیە.

دووەم: ئەجەلو ئاكامی كەیەو كەی نیە.

سێیەم: كارو كردەوەی.

چوارەم: بەدبەختو بەدكار دەبێ یا كامەرانو بەختیار دەبێ. دەسا بەو تاقە خودایە كە هەر خۆی خودایە كەسی واهەیە كردارو ڕەفتاری وەك كردارو ڕەفتاری بەهەشتی وایە، لە خەڵك وایە كە بەهەشتییە، بەڵام نامەی چارەنووسی دەست پێشكەری لێ دەكاو دەست دەكا بە كردنی كاری خەڵكی دۆزەخو دەچێتە دۆزەخەوە، كەسی واشتان هەیە بە كردارو ڕەفتار بێ لە دۆزەخی دەچێ، لە خەڵك وایە جەهەننەمییە، بەڵام نامەی چارەنووسی پێش دەستی لێ دەكاو خاتیمەی بە خێر دەگەڕێو دەست دەكا بە كردنی كردەوەی باشو دەچێتە ناو بەهەشتو دەبێ بە بەهەشتی! (ش/د/ت/).

٤١- عَنْ ابْنِ عُمَرَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: كُلُّ شَيْءٍ بِقَضَاءٍ وَقَدَرٍ حَتَّى الْعَجْزُ وَالْكَيْسُ. رَوَاهُ الشيخان وَمالك[٥].

واتە: ئیبنو عومەر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەموو شتێ بەسەر نقێشتو خوداكردو قەزاو قەدەرە، تەنانەت گێلیو ژیریش! (ش/مالك).

٤٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: جَاءَ مُشْرِكُو قُرَيْشٍ يُخَاصِمُونَ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي الْقَدَرِ فَنَزَلَتْ (يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا مَسَّ سَقَرَ إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ)[٦].

---

(٥) مسلم. قدر: ٦٦٩٣.

واتــە: ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: بتپەرسـتەکانی قـوڕەیش دەهـاتن لـە بابـەت سـەرنقێشتەوە ملـە ملێیـان لەگـەڵ پێغەمبـەردا دەکـرد (درودی خوای لەسەربێ) وە دەیان گوت: چارەنووس‌و سەرنقیشت‌و قەزاو قەدەر نیەو شت هەتا روونەدا خودا نایزانێ جا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە:

{يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا مَسَّ سَقَرَ إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ٥٤/٤٨-٤٩}.

واتـــە: لـــەو رۆژەدا کـــە لـــەناو ئـــاگری دۆزەخ دا، لەپـــەو روو بەســـەر دەموچاودا رادەکێشرێن‌و بەکێش دەکرێن، بەتەوسەوە پێیـان دەڵێن: بـچێژن پیاچزانی ئاگری سوور، بێگومان ئێمە هەموو شتێکمان بەپێی سەرنقیشت‌و قەزاو قەدەر دروست کردووە. (م/ت).

٤٣- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ عَنِ ألنَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَـالَ: كَتَبَ اللّٰهُ مَقَادِيرَ الْخَلاَئِقِ قَبْلَ أَنْ يَخْلُقَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ بِخَمْسِينَ أَلْـفَ سَـنَةٍ. رَوَاهُمَا مُسْلِمُ وَالتِرمِذِيْ[٧].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەســەربێ) دەفــەرموێ: خـــودا پـــەنجا هـــەزار ســـاڵ لـــەپێش دروســـتکردنی ئاسمانەکان‌و زەویدا سەرنقیشتی هەموو شتێکی نووسی. (م/ ت).

٤٤- عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْـهُ) قَالَ: قِيلَ يَا رَسُولَ اللّٰهِ أَعْلِمَ أَهْـلُ الْجَنَّةِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ؟ قَالَ: نَعَمْ قِيلَ فَفِيمَ يَعْمَلُ الْعَامِلُونَ؟ قَالَ: كُلٌّ مُيَسَّرٌ لِمَا خُلِقَ لَهُ. رِوَاهُ أْلأَرْبَعَة[٨].

واتــە: عیمرانــی کــوڕی حوصــەین (خـوای لێ رازی بـێ) گــوتی: گــوترا: ئــەی پێغەمبەری خودا! ئایا کێ بەهەشتییەو کێ دۆزەخییە، دیاری کراون یانا؟ فـەرمووی: بـەڵێ دیـاری کـراون گوتیـان: جـا کـەوابێ ئـەم خەڵکـە بـۆ خۆیـان

(٦) ملسم. قدر: ٦٦٩٤. ترمذي. قدر: ٢١٥٧.

(٧) مسلم. قدر: ٦٦٩٠. ترمذي. قدر: ٢١٥٦.

(٨) بخاري. قدر: ٦٥٩٦ ، ٧٥٥١. مسلم. قدر: ٦٦٧٩. أبو داود. قدر: ٤٧٠٩.

ماندوو دەكەن، لەپای چی كار دەكەن بیكەن و نەی كەن جێگەیان لەوە پێش دیاری كراوە؟ فەرمووی: هەركەسێ لە ئەزەلدا، لە عیلمی خودادا بۆ كۆی دروست كرابێ ڕێگەی ئەو شوێنە دەگرێ و لەسەر ئەم بنیاتە بەختیار ڕێگەی چاكە دەگرێ و بەدكار ڕێگەی خراپە دەگرێ، بەم پێیە كاری باش نیشانەی بەهەشتەو كاری خراپ نیشانەی دۆزەخە (ش/د/ت).

٤٥- عَنْ أَنَسٍ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: ثَلاَثَةٌ مِنْ أَصْلِ الإِيْمَانِ: الْكَفُّ عَمَّنْ قَالَ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَلاَ تُكَفِّرْهُ بِذَنْبٍ وَلاَ تُخْرِجْهُ مِنَ الإِسْلاَمِ بِعَمَلٍ وَالْجِهَادُ مَاضٍ مُنْذُ بَعَثَنِيَ اللَّهُ إِلَى أَنْ يُقَاتِلَ آخِرُ هذِهِ الْأُمَّةِ الدَّجَّالَ لاَ يُبْطِلُهُ جَوْرُ جَائِرٍ وَلاَ عَدْلُ عَادِلٍ وَالإِيْمَانُ بِالأَقْدَارِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُد[٩].

واتە: ئەنەس لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (درودی خوای لەسەربێ): ئەم سێ یاسایە لە بنیات و بناغەی باوەڕو ئیمانن:

یەكەم: ئەوەی گوتی (لا الـه الا الله)، ئیتر وازی لێ دێنین و بەهیچ گوناهێ بەكافری دانانێین و بەكردنی هیچ كردەوەیەكی ناپەسەندیش لە ئیسلامەتی دەری ناكەین.

دووەم: غەزاو خەبات و تێكۆشانیش بۆ بەرزكردنەوەی ئالای ئیسلام هەر دەمێنێ و هەر بەردەوام دەبێ، لەو دەمەوە كە خودا منی ڕەوانە كردووە بۆ سەر ئەم خەڵكە، تا ئەو حەلە كە دوا دوایی ئەم ئۆمەتە دەجەنگن و غەزا دەكەن لەگەڵ جەجاڵدا، نەستەمی ستەمكارو نە زۆری زۆردارو نە دادی دادپەروەرو نە عەدڵی عادڵ، پووچ و بەتاڵی ناكاتەوە.

سێهەم: باوەڕ بە چارەنووس و سەرنڤیشت. (د/ س).

٤٦- وَقَالَ: عُبَادَةُ بنُ الصَّامِتِ لاِبْنِهِ: يَا بُنَيَّ إِنَّكَ لَنْ تَجِدَ طَعْمَ حَقِيقَةِ الإِيْمَانِ حَتَّى تَعْلَمَ أَنَّ مَا أَصَابَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ وَمَا أَخْطَأَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصِيبَكَ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ إِنَّ أَوَّلَ مَا خَلَقَ اللَّهُ الْقَلَمَ فَقَالَ: لَهُ

---

(٩) رواه أبو داود بسند صحيح. (شرحه)

اكْتُبْ. قَالَ: رَبِّي وَمَاذَا أَكْتُبُ قَالَ: اكْتُبْ مَقَادِيرَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ". يَا بُنَيَّ إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ مَنْ مَاتَ عَلَى غَيْرِ هَذَا فَلَيْسَ مِنِّي. رَوَاهُ أَبُو داودَ وَأَلتِّرْمِذِي(١٠).

واتە: عوادەی كوڕی صامیت بە كوڕەكەی خۆی گوت: كوڕی شیرینم! هەرگیزاو هەرگیز تامی جەوهەری باوەڕ ناچێژی هەتا ئەمە نەزانی: كە هەرچی تووشت دەبێ نەدەبوو كە نەیەتە ڕێت‌و ئەوەشی تووشت نابێ ناگونجێ كەبێتە ڕێت! بەگوێی خۆم لە دەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ژنەوتم دەیفەرموو: یەكەم شت كە خوا دروستی كرد قەڵەم (پێنووس: خامە) بوو، فەرمووی پێی: بنووسە، قەڵەم گوتی: ئەی پەروەردگارم! چی بنووسم، فەرمووی: سەرنڤیشت‌و بەسەرهاتی هەموو شتێ بە دوورو درێژی بنووسە، لە بنەڕەتەوە تا ئەودەمەی كۆتایی جیهان دێ! كوڕەكەم! من بۆخۆم لە پێغەمبەرم ژنەوت دەیفەرمو: هەر كەسێ لەسەر ئەم باوەڕە نەمرێ لە (ئۆمەتی) من نیە (د/ت – س/غ).

٤٧– عَنْ عَلِي (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ ألنَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لاَ يُؤْمِنُ عَبْدٌ حَتَّى يُؤْمِنَ بِأَرْبَعٍ يَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنِّي رَسُولُ اللَّهِ بَعَثَنِي بِالْحَقِّ وَيُؤْمِنُ بِالْمَوْتِ وَيُؤْمِنَ بِالْبَعْثِ بَعْدَ الْمَوْتِ وَيُؤْمِنُ بِالْقَدَرِ(١١).

واتە: عەلی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هیچ یەندەیێ باوەڕی دانامەزرێ تا باوەڕ بەم چوارشتە نەكا:

یەكەم: شایەتی بدا كە هەر خودا خودایەو خودای ترنیە، وە من پێغەمبەری خودام‌و خودا رەوانەی كردووم لەگەڵ ئایینی راست‌و دروستا.

دووەم: باوەڕ بكا بە مردن.

سێیەم: باوەڕ بكا بە زیندوبوونەوە لە پاش مرن.

---

(١٠) بَسَندٍ غريب ولكن يؤيده ما في الباب (شرحه)

(١١) بسند صحيح (شرحه).

چوارەم: باوەڕ بکا بە چارەنووسی خودایی و سەرنڤیشت! (ت-س/ص).

٤٨- عَنْ أَبِي عُزَّةَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا قَضَى اللهُ لِعَبْدٍ أَنْ يَمُوتَ بِأَرْضٍ جَعَلَ لَهُ إِلَيْهَا حَاجَةً. رَوَاهُمَا التِّرْمِذِيّ[١٢].

واتە: ئەبو عەززە لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: کە خوا لە چارەی بەندەیەکی نووسی کە لەخاکێ بمرێ، لەوخاکە کارێکی بۆ دەسازێنێ (جا ئەو بەندەیە بۆ ئەو کارە دەچێ بۆ ئەوێ وە لەوێ دەمرێ!) (ت-س/ص).

٧) دەستەی بیدعەتکارەکان وەك قەدەرییەو مورجیئە
أصحاب البدع كالقدرية والمرجئة

٤٩- عَنْ ابْنِ عُمَرَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الْقَدَرِيَّةُ مَجُوسُ هَذِهِ الأُمَّةِ إِنْ مَرِضُوا فَلاَ تَعُودُوهُمْ وَإِنْ مَاتُوا فَلاَ تَشْهَدُوهُمْ[١].

واتە: ئیبنو عومەر لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: قەدەرییەکان واتە: ئەوانەی کە نەفی قەدەر دەکەن و دەڵێن: سەرنڤیشت و چارەنووس نیە مەجووسیی ئەم ئۆمەتەن، ئەگەر نەخۆش کەوتن سەریان لێ مەدەن و ئەگەر مردیشن مەچنە سەریان (د-س/ص).

٥٠- عَنْ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لاَ تُجَالِسُوا أَهْلَ الْقَدَرِ وَلاَ تُفَاتِحُوهُمْ رَوَاهُمَا أَبُو دَاوُدَ[٢].

واتە: عومەر لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: لەگەڵ قەدەرییەکان دامەنیشن و قەسەوباسیان بۆ دامە مەزرێنن (د).

---

(١٢) بسند صحيح (شرحه).

(١) بسند صحيح (شرحه).

(٢) سكت عنه الشارح (مترجم).

٥١- وَقِيلَ لا بْنُ عُمَرَ (رَضِيَ أَللهُ عَنْهُمَا) إِنَّهُ قَدْ ظَهَرَ قِبَلَنَا نَاسٌ يَقْرَءُونَ الْقُرْآنَ وَيَتَقَفَّرُونَ الْعِلْمَ - وَذَكَرَ مِنْ شَأْنِهِمْ - وَأَنَّهُمْ يَزْعُمُونَ أَنْ لاَ قَدَرَ وَأَنَّ الأَمْرَ أُنُفٌ. قالَ: فَإِذَا لَقِيتَ أُولَئِكَ فَأَخْبِرْهُمْ أَنِّي بَرِيءٌ مِنْهُمْ وَأَنَّهُمْ بُرَآءُ مِنِّي وَالَّذِي يَحْلِفُ بِهِ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عُمَرَ لَوْ أَنَّ لأَحَدِهِمْ مِثْلَ أُحُدٍ ذَهَبًا فَأَنْفَقَهُ مَا قَبِلَ اللَّهُ مِنْهُ حَتَّى يُؤْمِنَ بِالْقَدَرِ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَأَبُو دَاوُد[٣].

واتە: گوترا بە ئیبنو عەمەر: دەستەیێ لەلای ئێمە پەیدابوون، قورئان دەخوێننو عەودالی خوێندنو شەیدای عیلمو زانستنو حاڵیان وا وایە، کەچی دەڵێن: گوایە چارە نووسو سەرنڤیشت نیەو کاروبار تاروونەدا کەس لەوە پێش نایزانێ؟ گوتی: کاتێ دەگەیت بەوانە پێیان بڵێ: کە من لەو کەسانە بەریمو ئەوانیش لەمن بەرین، دەسا بەو خودایە (کە عەبدوڵلای کوڕی عومەر سوێندی پێ دەخوا) گریمان هەریەکێ لەمانە بەقەد چیای ئوحد زێڕ ببەخشێتەوە لە ڕێگەی خودادا خودا لێی گیراناکا هەتا باوەڕ بە سەرنڤیشت نەکا (م/د).

٥٢- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: فِي هَذِهِ الأُمَّةِ أَوْ فِي أُمَّتِي خَسْفٌ وَمَسْخٌ أَوْ قَذْفٌ فِي أَهْلِ الْقَدَرِ[٤].

واتە: دیسان لەوەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: لەم ئۆمەتەدا یا فەرمووی: لەم ئۆمەتەی مندا دەستەیێ لە قەدەرییەکان بەناخی زەویدا ڕۆ دەچنو دەستەیەکی تریان دەبن بە بەرازو مەیموون یا فەرمووی: دەستەیەکی تریان لە ئاسمانەوە بەردەباران دەکرێن! (ت-س/ص).

٥٣- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: صِنْفَانِ مِنْ أُمَّتِي لَيْسَ لَهُمَا فِي الإِسْلاَمِ نَصِيبٌ الْمُرْجِئَةُ وَالْقَدَرِيَّةُ. رَوَاهُمَا الترمذي[٥].

---

(٣) مسلم. إيمان: ٩٣. أبو داود. قدر: ٤٦٩٥.

(٤) رواه الترمذي بسند صحيح (شرحه).

(٥) بسند صحيح (شرحه).

واتە: ئیبنو عەباس (ڕەزای خودایان لێبێ) **لە پێغەمبەرەوە** (درودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: دوو تاقمە – لەم ئۆمەتەی من – بەشیان بەئیسلامەتییەوە نیە: یەك مورجیئە (مورجیئە: بەرە فیرقە یەكن لە بەرەكانی ئیسلام، دەڵێن: تاوان لەگەڵ ئیمانا زیانی نیە) دوو: قەدەرییە (ت–س/ص).**

٥٤– وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَبَى اللهُ أَنْ يَقْبَلَ عَمَلَ صَاحِبِ بْدِعَةٍ حَتىٰ يَدَعَ بِدْعَتَهُ. رَوَاهُ أبنُ ماجَهْ[٦].

واتە: دیسان لەوە، وە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: خودا كردەوەی هیچ بیدعاتكارێ گیرا ناكا هەتا واز لە بیدعەتكارییەكەی نەهێنێ (ئیبنو ماجە – س/ض = ڕشتەی لاوان).**

٨) باسی پێنجەم: باسی پەیمان بەستن (بەیعەت)
الباب الخامس: في البيعة

قَالَ اللهُ تَعالى: {إِنَّ الَّذِينَ يُبَايِعُونَكَ إِنَّمَا يُبَايِعُونَ اللَّهَ يَدُ اللَّهِ فَوْقَ أَيْدِيهِمْ – ٤٨/١٠}.

واتە: بێگومان ئەو كەسانە كە دەست دەنێنە ناو دەستی تۆو پەیمانت لەگەڵ دەبەستن ئەوە پەیمان لەگەڵ خودادا دەبەستن، دەستی خودا لەسەروو دەستی ئەوانەوەیە.

٥٥– عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: وَحَوْلَهُ عِصَابَةٌ مِنْ أَصْحَابِهِ بَايِعُونِي عَلَى أَنْ لاَ تُشْرِكُوا بِاللَّهِ شَيْئًا، وَلاَ تَسْرِقُوا، وَلاَ تَزْنُوا، وَلاَ تَقْتُلُوا أَوْلاَدَكُمْ، وَلاَ تَأْتُوا بِبُهْتَانٍ تَفْتَرُونَهُ بَيْنَ أَيْدِيكُمْ وَأَرْجُلِكُمْ، وَلاَ تَعْصُوا فِي مَعْرُوفٍ، فَمَنْ وَفَى مِنْكُمْ فَأَجْرُهُ عَلَى اللَّهِ، وَمَنْ أَصَابَ مِنْ ذَلِكَ شَيْئًا فَعُوقِبَ فِي الدُّنْيَا فَهُوَ كَفَّارَةٌ لَهُ، وَمَنْ أَصَابَ مِنْ ذَلِكَ شَيْئًا ثُمَّ سَتَرَهُ اللَّهُ، فَهُوَ إِلَى اللَّهِ إِنْ شَاءَ عَفَا عَنْهُ، وَإِنْ شَاءَ عَاقَبَهُ. فَبَايَعْنَاهُ عَلَى ذَلِكَ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ إِلاَّ أَبا دَاوُدْ[١].

---

(٦) بسند ضعيف ولكنه من باب الترهيب (شرحه).

(١) بخاري. إيمان:١٨ ، ٣٨٩٢ ، ٣٨٩٣ ، ٣٩٩٩ ، ٤٨٩٤ ، ٦٧٨٤ ، ٦٨٠١ ، ٦٨٧٣ ، ٧٠٥٥ ، ٧١٩٩ ، ٧٢١٣ ، ٧٤٦٨. مسلم. حدود: ٤٤٣٦. ترمذي. حدود: ١٤٣٩. نسائي. بيعة: ٤١٨٩ ، ٤٢٢١ ، ٥٠١٧.

واتە: عوبادەی كوڕی صامیت (خوای لیٚ رازی بیٚ) گوتی: دەستەییٚ — لە یارانی پیٚغەمبەر (دروودی خوای لەسەربیٚ) لە دەوری بوون، فەرمووی پیٚیان: بەلیٚنو پەیمانم لەگەڵ بكەن لەسەر ئەوە: كە هاوبەش شەریك بۆخوا دائەنیٚنو دزی وحیزی نەكەنو دەست پاكو داویٚن پاكبنو منداڵی خۆتان لەبەر نەبوونی نەكوژنو لە خۆتانەوە لە خۆتو خۆڕایی بوختانیان بۆ هەڵ نەبەستن، وە لە كردنی چاكەو پیاوەتی سەرپیٚچی مەكەنو لاریتان نەبیٚ لەكاری خیٚر، جا هەر كەسیٚكیان ئەم پەیمانەی هەتا سەر بردەسەر ئەوە پاداشی باشی دەكەویٚتە سەر خودا، وە ئەوەیشی تووشی شتیٚ بوو لە مانە، و لەم جیهانەدا تۆڵەی ئەوەی لیٚ سەندرائەوە دەبیٚ بە كەفرەت بۆیو ئەو تۆڵەیەی بریتیی تاوانەكەی دەكەویٚ، وە ئەوەیشی تووشی شتیٚ بوو لەمانە بەلاّم لە جیهاندا خودا بۆی پۆشی ئەوە كاری دەكەویٚتە لای خودا، جا ئەگەر خوداحەزبكا ئەوا لیٚی دەبووریٚ ئەگینا تۆڵەی ئەوەی لەو جیهاندا لیٚ دەسنیٚ عوبادە گوتی: جا ئیٚمەیش لەسەر ئەوە پەیمانمان پیٚدا (ش/ت/ن).

٥٦– وَفِي رَوَايَةٍ للشَيخَين: بَايَعْنَا رَسُولَ اللهِ عَلى السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ فِي الْعُسْرِ وَالْيُسْرِ وَالْمَنْشَطِ وَالْمَكْرَهِ وَعَلَى أَثَرَةٍ عَلَيْنَا وَعَلَى أَنْ لاَ نُنَازِعَ الأَمْرَ أَهْلَهُ وَعَلَى أَنْ نَقُولَ بِالْحَقِّ أَيْنَمَا كُنَّا لاَ نَخَافُ فِي اللّٰهِ لَوْمَةَ لاَئِمٍ[٢].

واتە: لە گیٚڕانەوە (ریوایەت)یٚكی شەیخەیندا: بەیعەتو پەیمانمان دا بە پیٚغەمبەری خودا لەسەر گویٚ رایەڵیو فەرمانبەری لەكاتی خۆشیو ناخۆشییداو لە حاڵی ئاسوودەییو تەنگانەدا، ئەگەرچی فەرمانڕەواكانمان خۆخۆییشمان لەگەڵدا بكەنو نازی ئەمو ئەو بدەن بەسەر ئیٚمەدا، وە لەسەر ئەوەیش كە گەڕو گیٚچەڵ نەكەین بەو كەسانە كە بوون بە سەرەو كارو فەرمانڕەوای موسوڵمانان (مەگەر لە حاڵیٚكا كە بە تەواوی لە ریٚی راست لادەنو بە بەرچاوەوە بیٚ كە خودا حەز بەرەفتارو كرداریان ناكا) وە لەسەر

(٢) بخاري. أحكام: ٧١٩٩، ٧٢٠٠، مسلم. إمارة: ٤٧٤٥. نسائي. بيعة: ٤١٦٠، ٤١٦١، ٤١٦٢، ٤١٦٣، ٤١٦٤، ٤١٦٥.
ابن ماجه. جهاد: ٢٨٦٦.

ئەوەیش کە هەمیشە راست بڕۆینو لەبەر خودا لەسەر قسەی هەق لە لۆمەو سەرزەنشتی کەس نەترسین.

٥٧- وَفِي رَوَايَةٍ أُخرى: وَأَنْ لاَ نُنَازِعَ الأَمْرَ أَهْلَهُ، قَالَ: إِلاَّ أَنْ تَـرَوْا كُفْـرًا بَوَاحًا، عِنْدَكُمْ مِنَ اللَّهِ فِيهِ بُرْهَانٌ(٣).

واتە: لە گێڕانەوەیەکی تردا: وە لەسەر ئەوە کە گەڕو گێچەڵ نەکەین بەسەردارو فەرمانڕەوای موسوڵمانان. فەرمووی (درودی خوای لەسەربێ): مەگەر کوفرێکی پەتیو بێ باوەڕییەکی ئاشکرایان بەچاوی خۆتان لێ بینن، کەببێ بە بەڵگەیەکی رۆشنو بە مەهانەیەکی رەوا بۆتان لەلای خودا (ئەوجا هەقتان هەیە بەزەبری شیرو تیر بایان پێ بدەنەوە بۆ سەر شەقامەڕێی ئیسلام).

٥٨- عَنْ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: بَايَعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى إِقَامِ الصَّلاَةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَالنُّصْحِ لِكُلِّ مُسْلِمٍ. رَوَاهُ الشيخان والترميذي(٤).

واتە جەریری کوڕی عەبدوڵلا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: بەڵێنو پەیمانم دا بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لەسەر ئەوە کە نوێژ بکەمو زەکات بدەمو ئامۆژگاری خێری هەموو موسوڵمانێکیش بکەم (ش/ت).

٥٩- عَنْ ابْنَ عُمَرَ قَالَ: كُنَّا إِذَا بَايَعْنَا رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى السَّمْعِ وَالطَّاعَةِ يَقُولُ لَنَا فِيمَا اسْتَطَعْتَ(٥).

واتە: ئیبنو عومەر گوتی: جاران کە پەیمانمان دەبەست لەگەڵ پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەربێ) لەسەر ئەوە بە گوێی بکەینو لە فەرمانی دەرنەچین، دەیفەرموو: (ئەوەندە کە لەتواناتانا هەیەو دەتوانن) (ش).

٦٠- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُبَايِعُ النِّسَاءَ بِالْكَلاَمِ بِهَذِهِ الآيَةِ (لاَ يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا) قَالَتْ: وَمَا مَسَّتْ يَدُ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَدَ امْرَأَةٍ، إِلاَّ امْرَأَةً يَمْلِكُهَا. رَوَاهُما الشَّيَخان(٦).

---

(٣) بخاري. فتن: ٧٠٥٥ ، ٧٠٥٦. مسلم. إمارة: ٤٧٤٨. ابن ماجه. جهاد: ٢٨٦٦.

(٤) بخاري. إيمان: ٥٧ ، ٥٨ ، ٥٢٤ ، ١٤٠١ ، ٢١٥٧ ، ٢٧١٤ ، ٢٧٥١ ، ٧٢٠٤. مسلم. إيمان: ١٩٧ ، ١٩٨.

(٥) بخاري. أحكام: ٧٢٠٢. مسلم. إمارة: ٤٨١٣.

واتە: عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جاران پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كە پەیمان و بەیعەتی وەردەگرت لە ئافرەتان تەنیا بەدەم و بەقسە (نەك بەتەوقەكردن) پەیمانی لێ وەردەگرتن لەسەر رەفتاركردن بەم ئایەتە:

{يَا أَيُّهَا النَّبِيُّ إِذَا جَاءكَ الْمُؤْمِنَاتُ يُبَايِعْنَكَ عَلَى أَن لَّا يُشْرِكْنَ بِاللَّهِ شَيْئًا وَلَا يَسْرِقْنَ وَلَا يَزْنِينَ وَلَا يَقْتُلْنَ أَوْلَادَهُنَّ وَلَا يَأْتِينَ بِبُهْتَانٍ يَفْتَرِينَهُ بَيْنَ أَيْدِيهِنَّ وَأَرْجُلِهِنَّ وَلَا يَعْصِينَكَ فِي مَعْرُوفٍ فَبَايِعْهُنَّ وَاسْتَغْفِرْ لَهُنَّ اللَّهَ إِنَّ اللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ – ٦٠/١٢}.

واتە: ئەی پێغەمبەر! كاتێ ئافرەتە موسوڵمانەكان هاتن بۆلات كە پەیمان و بەیعەتت بدەنێ، لەسەر ئەوە پەیمانیان لێ وەربگرە كە: بە هیچ جۆرێ هاوبەش بۆ خودا بڕیار نەدەن و دزی نەكەن و حیزی نەكەن و منداڵی خۆیان نەكوژن و كچی خۆیان زیندە بەچاڵ نەكەن و بوختانی درۆ لە نێوان دەست و پێی خۆیاندا نەكەن، واتە: منداڵی بێگانە نەهێنن لە بەینی دەست و پێی خۆیان دایبنێن و بە درۆ ناهەق بیكەن بە منداڵی مێردەكەیان، وە لە كردنی كاری خێردا نافەرمانی تۆ نەكەن و سەرپێچی لە فەرمانی تۆ نەكەن جا لەپاش ئەمە لەخودا بپارێرەوە بۆیان كەلێیان خۆش بێ، بەراستی خودا تاوانبەخش و میهرەبانە. عائیشە دەیگوت: قەت نەبووە دەستی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە دەستی هیچ ئافرەتێ بكەوێ، مەگەر ئافرەتێ كە حەڵاڵی خۆی بووبێ! (ش).

٩) باسی شەشەم: باسی رەفتاركردن بە قورئان و بەسوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ)

الباب السادس: في الاعتصام بالكتاب والسن

قَالَ الله جل شأنُهُ: {وَاعْتَصِمُواْ بِحَبْلِ اللّهِ جَمِيعًا وَلاَ تَفَرَّقُواْ – ٣/١٠٣}.

واتە: خودای گەورە و شكۆمەند دەفەرموێ: هەمووتان دەستبگرن بە كەمەندی پەیمانی خوداوە كە ئایینی پاكی ئیسلامە وە لەیەك جوێ مەبنەوە و لە خزمەتی حەق جیامەبنەوە.

---

(٦) بخاري. طلاق: ٥٢٨٨. مسلم. إمارة: ٤٨١١.

وَقَالَ تَعَالَى: {وَمَا آتَاكُمُ الرَّسُولُ فَخُذُوهُ وَمَا نَهَاكُمْ عَنْهُ فَانتَهُوا – ١–٥٩/٧}.

واتە: خودای گەورە دەفەرموێ: ئەوەی پێغەمبەر پێتان ئەدا لەماڵ‌و لە ئەمرو فەرمان‌و ئەحكام، بەرەزامەندی وەری بگرن‌و ئەوەیش كە قەدەغەی دەكا لێتان، وە نەهی دەكا لە كردنی، مەی كەن‌و وازی لێ بێنن.

وَقَالَ تَعَالَى: {قُلْ إِن كُنتُمْ تُحِبُّونَ اللّهَ فَاتَّبِعُونِي يُحْبِبْكُمُ اللّهُ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ ٣١/٣}.

خودای گەورە دەفەرموێ: بڵێ ئەگەر ئێوە بەراستی خوداتان خۆش دەوێ دەبێ پەیڕەوی من بكەن‌و شوێنی من بكەون، لە بیرو باوەڕو رەفتار، كردارو وتاردا، وە لە خوو رەوشتا، جا ئەوسا خودایش ئێوەی خۆش دەوێ‌و لە تاوانەكانتان خۆش دەبێ.

٦١– عَنْ أَبِي مُوسَى (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: إِنَّمَا مَثَلِي وَمَثَلُ مَا بَعَثَنِي اللَّهُ بِهِ كَمَثَلِ رَجُلٍ أَتَى قَوْمًا فَقالَ: يَا قَوْمِ إِنِّي رَأَيْتُ الْجَيْشَ بِعَيْنَيَّ، وَإِنِّي أَنَا النَّذِيرُ الْعُرْيَانُ فَالنَّجَاءَ. فَأَطَاعَهُ طَائِفَةٌ مِنْ قَوْمِهِ فَأَدْلَجُوا، فَانْطَلَقُوا عَلَى مُهْلَتِهِمْ وَكَذَّبَتْ طَائِفَةٌ مِنْهُمْ فَأَصْبَحُوا مَكَانَهُمْ، فَصَبَّحَهُمُ الْجَيْشُ، فَأَهْلَكَهُمْ وَاجْتَاحَهُمْ، فَذَلِكَ مَثَلُ مَنْ أَطَاعَنِي، فَاتَّبَعَ مَا جِئْتُ بِهِ، وَمَثَلُ مَنْ عَصَانِي وَكَذَّبَ مَا جِئْتُ بِهِ مِنَ الْحَقِّ[1].

واتە: ئەبو مووسا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: داستانی من‌و داستانی ئەو ئایینەی خودا بەمنا ناردویەتی وەك داستانی پیاوێ وایە بچێتە ناو هۆزەكەی بڵێ: ئەی خزمینە! من بەهەردوو چاوی خۆم لەشكرەكەی دوژمنم دی (هاكا دابارین بەسەرتانا) ئەوا من وەك ترسێنەرێكی راست‌و دڵسۆز ئاگادارم كردنەوەو ئەركی سەرشانی خۆم بەجێ هێنا، دەی فریاكەون‌و خۆتان قورتاركەن. جا تاقمەیێ لە هۆزەكەی بە گوێی بكەن‌و بەزوویی شەوڕەوی بۆ بكەن‌و بەشێنەیی دەربازبن، بەڵام تاقمەیەكی

---

(١) بخاري. رقاق: ٦٤٨٢ ، ٧٢٨٣. مسلم. فضائل: ٥٩١٣.

تریان باوەڕ نەكەن‌و لە شوێنی خۆیان تا بەیانی بمێننەوە، جا لەگەڵ بەیانا لەشكرەكە بدەن بەسەریاناو تەفرو توونایان بكەن‌و قەڵاچۆیان تێ بخەن، جا ئەم داستانە پەندو نمونەیە هەم بۆ ئەو كەسانە كە بەگوێی من بكەن‌و پەیڕەوی ئایینی من بكەن، وە هەم بۆ ئەو كەسانەش كە لەمن یاخی دەبن‌و ئەو ئایینە راست‌و دروستەی كە من هێناومە بە درۆی دەزانن (ش).

٦٢- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: لَتَتَّبِعُنَّ سَنَنَ الَّذِينَ مَنْ قَبْلَكُمْ شِبْرًا بِشِبْرٍ، وَذِرَاعًا بِذِرَاعٍ، حَتَّى لَوْ دَخَلُوا فِي جُحْرَ ضَبٍ لَاتَّبَعْتُمُوهُمْ، قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللَّهِ، الْيَهُودَ وَالنَّصَارَى؟ قالَ: فَمَنْ. وفي رَوَايَةٍ، قِيلَ: يارَسُولَ اللهِ كَفَارِسَ وَالرومِ؟ قالَ: وَمَنِ النَّاسُ إِلاَّ أُولئِكَ. رَوَاهُما الشَّيخَانْ[٢].

واتە: ئەبو سەعید (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بست بە بست‌و هەنگاو بە هەنگاو لاسایی میللەتەكانی پێش خۆتان دەكەنەوەو چاو لەخوو و رەوشتە نالەبارەكانیان دەكەن، بە رادەیەكی وا ئەگەربێت‌و ئەوان خۆیان بترنجێننە ناوكونی بزن مژەوە ئێوەش چاویان لێ دەكەن‌و خۆتانی تێ دەترنجێنن‌و دەڵێ: دیارە سودێكی هەر هەیە!!

گوتمان: ئەی پێغەمبەری خودا! مەبەست لە میللەتەكانی پێش ئێمە كێیە، مەبەست لێیان جوولەكەكان‌و گاورەكانە؟ فەرمووی: ئەی كێ؟ لە گێڕانەوەیەكا: گوترا: ئەی پێغەمبەری خودا! واتە: چاو لە میللەتی فارس‌و میللەتی روم دەكەین؟ فەرمووی: بەڵێ مەبەست لە خەڵك ئەوانەن ئەگینا مەبەست كێی ترە؟ (ش).

٦٣- عَنْ عائِشة (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) عَنِ النَّبِي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: مَنْ أَحْدَثَ فِي أَمْرِنا هذَا مَا لَيْسَ مِنْهُ فَهُوَ رَدٌّ. وفِي رِوايَةٍ: مَنْ عَمِلَ عَمَلاً لَيْسَ عَلَيْهِ أَمْرُنَا فَهُوَ رَدٌّ، رَوَاهُ الثلاثَةُ[٣].

---

(٢) بخاري. أحاديث الأنبياء: ٣٤٥٦ ، ٧٣٢٠. مسلم. علم: ٦٧٢٣.

(٣) بخاري. صلح: ٢٦٩٧. مسلم. أقضية: ٤٤٦٧ ، ٤٤٦٨. أبو داود. السنة: ٤٦٠٦.

واته: له عائیشەوە (خوای لێ رازی بێ) **پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ:** **هەرکەسێ شتێکی ناشایستە لەم ئایینەی ئێمە زیاد بکا کە پەیوەندی پێوە نەبێ ئەوشتە قەبووڵ نیەو دەدرێتەوە دواوە. لە گێڕانەوەیەکا:- هەرکەسێ کارێ بکاکە فەرمانو رەزای ئێمەی لەسەر نەبێ ئەو کارە قەبووڵ نیەو دەدرێتە دواوە (ش/د).**

٦٤- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِنَّ أَصْدَقَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ وَأَحْسَنَ الْهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ وَشَرَّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ وَكُلَّ ضَلاَلَةٍ فِي النَّارِ. رَوَاهُ الشيخانِ وَالنَّسائيُّ واللفظ له[٤].

واته: جابیر لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: راستترین فەرمایشت فەمموودەی خوایە (کە قورئانی پیرۆزە)و جوانترین هیدایەتو رێنموونیش هیدایەتو رێنمایی موحەمەدە، وە خراپترین کاروباریش ئەو کاروبارانەن کە تازە قەڵاّنو لە سەردەمی مندا نەبوونو لەپاش من زانایانی ئیسلام رەزایان لەسەریان نەبووە، وە هەموو تازە قەڵاّیەکیش کارێکی ناشایستەیە، وە هەموو شتێکی ناشایستەش سەرگەردانیو گومڕاییە، دیارە کە هەموو گومڕاییەکیش ئەنجامی ناو ئاگری دۆزەخە** (ن/ش).

٦٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَا نَهَيْتُكُمْ عَنْهُ فَاجْتَنِبُوهُ وَمَا أَمَرْتُكُمْ بِهِ فَافْعَلُوا مِنْهُ مَا اسْتَطَعْتُمْ فَإِنَّمَا أَهْلَكَ الَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ كَثْرَةُ مَسَائِلِهِمْ وَاخْتِلاَفُهُمْ عَلَى أَنْبِيَائِهِمْ[٥].

واته: ئەبو هورەیرەلە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: ئەوەی گوتم مەیکەن توخنی مەکەون، وە ئەوەی گوتم بیکەن چەند لە تواناتانا هەیە بیکەن زۆر لێی مەکۆڵنەوەو چەندو چۆنی لەسەر مەکەن چونکە نەتەوەکانی پێش ئێوە لەبەر ئەوە لەناوچوون چونکە پرسیاری زۆریان لە پێغەمبەرەکانیان دەکردوو لە دژیان دەوەستان.** (ش/ت).

---

(٤) بخاري. اعتصام بالكتاب والسنة: ٧٢٧٧ مسلم. جمعة:٢٠٠٢. نسائي. عيدين: ١٥٧٧.

(٥) بخاري. اعتصام بالكتاب والسنة: ٧٢٨٨ مسلم. فضائل: ٦٠٦٦.

٦٦- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّمَا مَثَلِي وَمَثَلُ أُمَّتِي كَمَثَلِ رَجُلٍ اسْتَوْقَدَ نَارًا فَجَعَلَتِ الدَّوَابُّ وَالْفَرَاشُ يَقَعْنَ فِيهَا، فَأَنَا آخُذُ بِحُجَزِكُمْ وَأَنْتُمْ تَقَحَّمُونَ فِيهَا. رَوَاهُمَا الشَّيْخَان وَالتِّرمِذِيُّ[٦].

واتە: دیسان گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: وێنەی منو وێنەی ئۆمەتم وەك وێنەی پیاوێ وایە، ئاگرێکی کردبێتەوە جانەوەرو پەپوولەییێکی زۆری تێ ورووکابنو پەیتا پەیتا تێی بکەونو بسووتێن ئەوەتانێ من کەمەرم گرتوونو بەزۆر دورتان دەخەمەوە لە ئاگرەکە، کەچی ئێوە بەزۆر خۆتان لە دەستم رادەپسکێننو خۆتانی تێ فڕی دەدەن! (ش/ت).

٦٧- وَعَنْهُ عَنِ النبي (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: كُلُّ أُمَّتِي يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ إلاَّ مَنْ أَبى، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ وَمَنْ يَأْبى؟ قالَ: مَنْ أَطَاعَنِي دَخَلَ الْجَنَّةَ وَمَنْ عَصَانِي فَقَدْ أَبى. رَوَاهُ البخاري[٧].

واتە: دیسان گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئۆمەتم هەموویان دەچنە بەهەشت مەگەر ئەوانە کە مل نادەن گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەوانە کامانەن کە مل نادەن!؟ فەرمووی: ئەوەی بەگوێی من بکا دەچێتە بەهەشت، وە ئەوەی بەگوێی من نەکا بەمەعنا مل بەفەرمانی من ناداو لە فەرمانی من دەردەچێ (ب).

٦٨- عَنْ جَابِرَ يَقُولُ: جَاءَتْ مَلاَئِكَةٌ إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ نَائِمٌ فَقَالَ: بَعْضُهُمْ: إِنَّهُ نَائِمٌ. وَقَالَ بَعْضُهُمْ: إِنَّ الْعَيْنَ نَائِمَةٌ وَالْقَلْبَ يَقْظَانُ. فَقَالُوا: إِنَّ لِصَاحِبِكُمْ هذَا مَثَلاً فَاْضرِبُوا لَهُ مَثَلاً، فَقالَ بَعْضُهُمْ: إِنَّهُ نَائِمٌ. وَقَالَ بَعْضُهُمْ: إِنَّ الْعَيْنَ نَائِمَةٌ وَالْقَلْبَ يَقْظَانُ فَقَالُوا مَثَلُهُ كَمَثَلِ رَجُلٍ بَنىَ دَاراً وَجَعَلَ فِهَا مَأْدُبَةً وَبَعَثَ دَاعِياً فَمَنْ أَجَابَ الدَّاعِي دَخَلَ اْلّدارَ وَأَكَلَ مِنَ اْلْمَأْدُبَةِ وَمَنْ لَمْ يُجِبِ اْلّداعِيَ لَمْ يَدْخُلِ اْلّدارَ وَلَمْ يَأْكُلْ مِنَ اْلْمَأْدُبَةِ، فَقَالُوا: أَو لُوهَا لَهُ يَفْقَهْهاَ، فَقَالَ: بَعْضُهُمْ: إِنَّهُ نَائِمٌ، وَقَالَ: بَعْضُهُمْ: إِنَّ اْلْعَيْنَ نائِمةٌ وَاْلَقْلبَ يَقْظَانُ، فَقَالُوا: فَاْلّدارُ اْلْجَنَّةُ وَالدَّاعِي

---

(٦) بخاري. علم: ٧٩. مسلم. فضائل: ٥٩١٢ ، ٥٩١٤.

(٧) بخاري. اعتصام بالكتاب والسنة: ٧٢٨٠.

مُحَمَّدٌ (صَلى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) فَمَنْ أَطَاعَ مُحَمَّداً فَقَدْ أَطَاعَ اللهَ وَمَنْ عَصى مُحَمَّداً فَقَدْ عَصى الله، وَمُحَمَّدٌ (صَلَى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّم) فَـرْقٌ بَـيْنَ ألنَّـاسِ. رَوَاهُ البخـاري والترْمِذِي[٨].

واتــە: جـابیر (خوای لێ رازی بێ) گـوتـی: جـارێ پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) دەخەوێ، فریشە دێنە دیاری هەندێکیان دەڵێن: ئەمە نووستووە، هەندێکی تریشیان دەڵێن: بەچاو نووستووە بەڵام بە دڵ وریایە چونکە پێغەمبەران دڵیان نانوێ جا گوتیان: ئەم برادەرەی ئێوە مەثەلو وێنەیەکی هەیە، ئەو مەثەلو وێنەیەی خۆیی بۆ روون بکەنەوە. هەندێکیان گوتیانەوە: ئاخر خەوتووە، هەندێکی تریشیان گوتیانەوە: بەچاو نووستووە بەڵام بەدڵ وریایە، ئینجا گوتیان مەثەلو وێنەی ئەم پیاوە وەك پیاوێ وایە، کەوا خانوویێ دروست بکاو شاییەکی بۆ بکاو بانگکەر بنێرێ کە خەڵك خوڵك بکا بۆ سەرشایی ئیتر ئەوەی بە دەنگی بانگکەرەکەوە بچێت دەچێتە ناو خانووەکەوە لە نانی شاییەکە دەخوا، ئەوەشی نەچێ بە دەنگی بانگکەرەکەوە نەدەچێتە ناو خانوکەوەو نە لەنانی شاییەکەش دەخوا. ئینجا فریشتەکان گوتیان: ئادەی ئەم مەثەلەی بۆ لێك بدەنەوە با باش تێی بگا، جا دیسان هەندێکیان گوتیان: ئاخر خەوتووە، وە هەندێکی تریشیان گوتیان: چاو خەوتووە، دڵ خەبەردارە! ئینجا گوتیان: خانووەکە بەهەشتە، بانگەکەرەکەش موحەمەدە (درودی خوای لێبێ) ئیتر ئەوەی فەرمانی موحەمەد لەگوێ بگرێ لە راستیدا فەرمانی خودا لەگوێ دەگرێ، وە ئەوەی لە موحەمەدیاخی بێو لە فەرمانی ئەو دەرچێ ئەوە بەراستی لەخودا یاخی دەبێو لە فەرمانی خودا دەردەچێ، وە موحەمەد (درودی خوای لێبێ) پاكو پیسی ئەو خەڵکە لەیەك جوێ دەکاتەوە چونکی ئەوەی پەیڕەوی ئەوە پەیڕەوی خودای میهرەبانە، وە ئەوەی لە دژی ئەوە ئەوە لە حیزبو پارتی شەیتانە (ب/ت).

---

(٨) بخاري. أعتصام بالكتاب والسنة: ٧٢٨١.

٦٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَتَى الْمَقْبُرَةَ فَقَالَ: السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ دَارَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لاَحِقُونَ وَدِدْتُ أَنَّا قَدْ رَأَيْنَا إِخْوَانَنَا". قَالُوا: أَوَلَسْنَا إِخْوَانَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ: أَنْتُمْ أَصْحَابِي وَإِخْوَانُنَا الَّذِينَ لَمْ يَأْتُوا بَعْدُ فَقَالُوا كَيْفَ تَعْرِفُ مَنْ لَمْ يَأْتِ بَعْدُ مِنْ أُمَّتِكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ فَقَالَ: أَرَأَيْتَ لَوْ أَنَّ رَجُلاً لَهُ خَيْلٌ غُرٌّ مُحَجَّلَةٌ بَيْنَ ظَهْرَىْ خَيْلٍ دُهْمٍ بُهْمٍ أَلاَ يَعْرِفُ خَيْلَهُ؟ قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ. قالَ: فَإِنَّهُمْ يَأْتُونَ غُرًّا مُحَجَّلِينَ مِنَ الْوُضُوءِ وَأَنَا فَرَطُهُمْ عَلَى الْحَوْضِ أَلاَ لَيُذَادَنَّ رِجَالٌ عَنْ حَوْضِي كَمَا يُذَادُ الْبَعِيرُ الضَّالُّ أُنَادِيهِمْ أَلاَ هَلُمَّ. فَيُقَالُ: إِنَّهُمْ قَدْ بَدَّلُوا بَعْدَكَ. فَأَقُولُ: سُحْقًا سُحْقًا. رَوَاهُ مُسْلِمْ وَالنَّسائِيُّ وَلِلْبِخُارِي بَعْضه[٩].

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) چوو بۆ سەر گوڕستانەکە، فەرمووی:

(ألسَّلاَمُ عَلَيْكُمْ دَارَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ وَإِنَّا إِن شَاءِ اللهُ بِكُمْ لاَحِقُونَ}:

سڵاوتان لێ بێ، مەبەستم لەو موسوڵمانانەیە کە ئەم گۆڕستانە بووە بە ماڵی دوارۆژیان (درودو سڵاوتان لێبێ) ئەی دانیشتوانی شاری خامۆشان! ئێمەیش (خوا حەزکا) دەگەینەوە پێتان. ئینجا حەزرەت فەرمووی: خۆزگەم براکانی خۆشمان دەبینی یارانیش گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! بۆچی براکانت زیاد لە ئێمە کێی ترن؟ فەرمووی: ئێوە براو هاوڕێ و یارانی منن، بەڵام براکانمان ئەو موسوڵمانانەن کە هێشتا نەهاتوون و جارێ لە دایك نەبوون گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەوە چۆن ئەوانە دەناسێتەوە لە ئۆمەتت کە هێشتا لەدایك نەبوون و لە جیهانا نایان بینی؟ فەرمووی: پێم بڵێن ئەگەر پیاوێ ڕەوگە ماینێکی مارۆی چوارپەل سپی هەبێ وە لەناو ڕەوگە ماینێکی ڕەشی پەتی دابێ ئایا ڕەوگەکەی خۆی ناناسێتەوە؟

گوتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا! فەرمووی: دەسا ئۆمەتی منیش لە قیامەتا کە دێن بۆلام خۆم لەسەر حەوزی کەوثەر چاوەنواڕیان دەکەم،

---

(٩) مسلم. طهارة: ٥٨٣. نسائي. طهارة: ١٥٠.

هەموویان قەش و مارۆو چوارپەل سپین و ئەو شوێنانەی ئەندامیان کە ئاوی دەسنوێژ دەیانگرێتەوە سپی و گەش و جوانن: ئاگادار بن گەلێ کەس لەسەر حەوزی کەوثەر گوڕێیان لێ دەکرێ و دەردەکرێن لەوێ وەك چۆن وشتری بزری ئاوەکی دەردەکرێ، خۆم لەوێ بانگیان لێ دەکەم وەرن بۆ سەر حەوزەکەم، خۆ ئێوە لە ئۆمەتی من بوون فریشتە دەڵێت: ئەوانە لەپاش تۆ وەرگەڕابوون! جا منیش دەڵێم: کەوایە دەچش لە چارەیان لەوە ئەولاتر بڕۆن! (م/ن).

٧٠- عَنِ الْعِرْبَاضِ بْنِ سَارِيَةَ قَالَ: وَعَظَنَا رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَوْمًا بَعْدَ صَلاَةِ الْغَدَاةِ مَوْعِظَةً بَلِيغَةً ذَرَفَتْ مِنْهَا الْعُيُونُ وَوَجِلَتْ مِنْهَا الْقُلُوبُ فَقَالَ رَجُلٌ إِنَّ هَذِهِ مَوْعِظَةُ مُوَدِّعٍ فَمَاذَا تَعْهَدُ إِلَيْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ فَقَالَ: أُوصِيكُمْ بِتَقْوَى اللَّهِ وَالسَّمْعِ وَالطَّاعَةِ وَإِنْ عَبْدٌ حَبَشِيٌّ فَإِنَّهُ مَنْ يَعِشْ مِنْكُمْ يَرَى اخْتِلاَفًا كَثِيرًا وَإِيَّاكُمْ وَمُحْدَثَاتِ الأُمُورِ فَإِنَّهَا ضَلاَلَةٌ فَمَنْ أَدْرَكَ ذَلِكَ مِنْكُمْ فَعَلَيْهِ بِسُنَّتِي وَسُنَّةِ الْخُلَفَاءِ الرَّاشِدِينَ الْمَهْدِيِّينَ عَضُّوا عَلَيْهَا بِالنَّوَاجِذِ[١٠].

واتە: عیرباضی کوڕی ساریە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ڕۆژێ، لەپاش نوێژی بەیانی، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ئامۆژگارییەکی شیرین و تەمبێیەکی دڵگیری کردین، چاوی‌هێنایە گریان و دڵی خستە ترس و لەرزین، تا پیاوێ گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! فەرمایشتەکانت لەقسەی کەسێ دەچێ کە لەسەر ئۆغربێ و ماڵ ئاوایی و خودا حافیزی بکا، کەوایە فەرمانت بەچییە پێمان، ئامۆژگارییەکمان بفەرموو. فەرمووی: ئامۆژگاری ئەوەتان دەکەم کە لەخودا بترسن و تەقوای خودا بکەن و گوێی رایەڵ و فەرمانبەر بن و لە فەرمانی سەرکارو فەرمانڕەوای خۆتان دەرمەچن، ئەگەر چی قولە رەشێکی حەبەشەییش بوە بە فەرماندارتان، چونکە ئەوەی لە ئێوە بمێنێ ناکۆکییەکی زۆر دەبینێ، وە خۆتان بپارێزن لە کارو باری تازە قەڵلا، چونکە ئەوانە هۆی سەرلێ شێوان و هەوێنی گومڕایین، جا ئەگەر کەسێ لە ئێوە کەوتە ئەو ڕۆژانەو شتێ لەوانەی تووش بوو با دەست بگرێ بە سوننەت و یاسای خۆم و

(١٠) رواه أبو داود والترمذي بسندين صحيحين (شرحه).

پەیڕەوی ڕەووشتو ڕەفتاری جێ نشینە باشە شارەزاكانم بكا، وە بەدەمو دەست یاسای خۆمو جێ نشینە باشەكانم بگرنو بە پێلووی چاو بی پارێزن! (د/ت–س/ص).

٧١– عَنْ أَبِي رَافِعٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنْ ٱلنَّبِيِّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ أُلْفِيَنَّ أَحَدَكُمْ مُتَّكِئًا عَلَى أَرِيكَتِهِ يَأْتِيهِ الأَمْرُ مِمَّا أَمَرْتُ بِهِ أَوْ نَهَيْتُ عَنْهُ فَيَقُولُ لاَ أَدْرِي مَا وَجَدْنَا فِي كِتَابِ اللّٰهِ اتَّبَعْنَاهُ[١١].

واتە: ئەبو ڕافیع (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: نامەوێ پێم بگاتەوە كە: یەكێ لە ئێوە لەسەر قەنەفەی كشخە بەكەشو فش دابنیشێ، وەكاتێ فەرمانێ لەو فەرمانانەی منی پێ بگات كە من فەرمانم كردووەبە كردنیان یا بە نەكردنیان.. بڵێ: ئێمە ئەمانە نازانین هەرچی لە قورئانابێ پەیڕەوی ئەوە دەكەین ڕەفت بە هیچی ترناكەین!.

٧٢– عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ ٱلنَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: افْتَرَقَتِ الْيَهُودُ عَلَى إِحْدَى أَوْ ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً وَتَفَرَّقَتِ النَّصَارَى عَلَى إِحْدَى أَوْ ثِنْتَيْنِ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً وَتَفْتَرِقُ أُمَّتِي عَلَى ثَلاَثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً. زَادَ فِي رِوايَةٍ: ثِنْتَانِ وَسَبْعُونَ فِي ٱلنَّارِ وَوَاحِدَةٌ فِي ٱلْجَنَّةِ وَهِيَ ٱلْجَمَاعَةُ. روى الثلاثة أَبُو دَاوُدَ والترمذي[١٢].

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: جوولەكە بوون بەحەفتاو یەك تیپ یا فەرمووی: بوون بە حەفتاو دوو تیپ، وە گاوربوون بە حەفتاو یەك تیپ یا فەرمووی: بوون بە حەفتاو دوو تیپ، وە ئۆمەتی من دەبن بە حەفتاو سێ تیپ لە گێڕانەوەیەكا ئەمەی زیادە: حەفتاو دوو تیپیان لە دۆزەخدان، تاقە تیپێكیان لە بەهەشتدان كە تیپی جەماعەتو كۆمەڵی موسوڵمانانن (د/ت – س/ص).

٧٣– وَعَنْهُ عَنِ ٱلنَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: تَرَكْتُ فِيكُمْ أَمْرَيْنِ لَنْ تَضِلُّوا مَا تَمَسَّكْتُمْ بِهِمَا: كِتَابَ اللّٰهِ وَسُنَّةَ رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). رَوَاهُ الإمام مالك[١٣].

---

(١١) رواه أبو داود والترمذي: بسندين صحيحين (شرحه).

(١٢) رواه أبو داود والترمذي بسندين صحيحين (شرحه).

(١٣) لم ينسب الشارح درجته (مترجم).

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: دوو شتم لەناودا بەجێ هێشتوون هەرگیز سەرتان لێ ناشێوێ بە مەرجێ دەست بەو دووە بگرن: یەك قورئان كە نامەی خودایە، یەك ڕێبازو فرمایشتی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەربێ) (ئیمامی مالیك).

٧٤- عَنْ زَيْدِ بْنِ أَرْقَمَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ ألنَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنِّي تَارِكٌ فِيكُمْ مَا إِنْ تَمَسَّكْتُمْ بِهِ لَنْ تَضِلُّوا بَعْدِي أَحَدُهُمَا أَعْظَمُ مِنَ الآخَرِ كِتَابُ اللَّهِ حَبْلٌ مَمْدُودٌ مِنَ السَّمَاءِ إِلَى الأَرْضِ وَعِتْرَتِي أَهْلُ بَيْتِي وَلَنْ يَتَفَرَّقَا حَتَّى يَرِدَا عَلَيَّ الْحَوْضَ فَانْظُرُوا كَيْفَ تَخْلُفُونِي فِيهِمَا. رَوَاهُ التِّرْمِذِي وَمُسْلِمٌ(١٤).

واتە: زەیدی كوڕی ئەرقەم (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: دوو شتتان لەناودا بەجێ دەهێڵم هەتا دەست بە كەمەندی ئەو دووە بگرن لەپاش خۆم قەت گومڕا نابن، یەكێیان كە لەوی تریان گەورەترە قورئانە، كە نامەی خودایە، كە كەمەندی پەیمانی خودایە لە ئاسمانەوە خودا ئەم كەمەندەی داهێشتووە بۆ بەندەكانی خۆی لەسەر ڕووی زەوی خۆشی لەو كەسە كە دەس دەگرێ بەو كەمەندو گوریسەو خۆی ڕزگار دەكا لە زیندانی ئەم جیهانە پیسە ئەوەكەی تریشیان كەسوكارەكەی خۆمە، ئەم دووەیش هەرگیز لە یەكتری دانابڕێن تا پێكەوە بە جووت دێنەوە بۆلای خۆم بۆ سەر حەوزی كەوثەر، دەسا كەوایە ئێوەیش لەپاش خۆم لەباتی من چاوی خێرتان لێیان بێ و لەبەر خاتری من ڕێزێكی باشیان لێ بگرن (ت/م).

٧٥- عَنْ أَنَسٍ قَالَ: قَالَ لِي رَسُولُ اللهِ: يَا بُنَيَّ إِنْ قَدَرْتَ أَنْ تُصْبِحَ وَتُمْسِيَ لَيْسَ فِي قَلْبِكَ غِشٌّ لِأَحَدٍ فَافْعَلْ، ثُمَّ قَالَ: لِي: يَا بُنَيَّ وَذلكَ مِنْ سُنَّتِي وَمَنْ أَحْيَا سُنَّتِي فَقَدْ أَحَبَّنِي وَمَنْ أَحَبَّنِي كَانَ مَعِي فِي الْجَنَّةِ. رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ(١٥).

واتە: ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) پێی فەرمووم: كوڕی خۆشەویستم! تا دەتوانی نیازی گزیو ناپاكیكردن لە خەڵك لە دڵی خۆت

---

(١٤) مسلم. فضائل: ٦١٧٥ ، ٦١٧٧ ، ٦١٧٨.

(١٥) فی العلم بسند حسن (شرحه).

دەركە وە بزانە سینەی بێ كینە سفرەی یەزدانە ئینجا فەرمووی پێم: كوڕی شیرینم! سینەی سافو بێ كینە ڕەوشتو یاسای منە، وە ئەو كەسەی كە یاساو ڕەوشتی من زیندوو دەكاتەوە ئەوە بە ڕاستی منی خۆش دەوێ وە ئەو كەسەی منی خۆش دەوێ ئەوە لە بەهەشتا لەگەڵما دەبێ.(ت-س/ح).

١٠) باسی حەوتەم: ئیقتیصادو میانەڕەو لە هەموو كارێكا (بەمەرجی بەردەوامی لەسەری) لەلای خودا زۆر باشو پەسەندە:

الباب السابع: الاقتصاد في العمل والدوام عيله أحب إلى الله

٧٦- عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دَخَلَ عَلَيْهَا وَعِنْدَهَا امْرَأَةٌ فَقَالَ: مَنْ هَذِهِ قَالَتْ: فُلاَنَةُ. تَذْكُرُ مِنْ صَلاَتِهَا. قَالَ: مَهْ، عَلَيْكُمْ بِمَا تُطِيقُونَ، فَوَاللَّهِ لاَ يَمَلُّ اللَّهُ حَتَّى تَمَلُّوا وَكَانَ أَحَبَّ الدِّينِ إِلَى اللهِ مَا دَاوَمَ عَلَيْهِ صَاحِبُهُ. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إِلاّ التِرْمِذِيُّ[1].

عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی جارێ كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هات بۆلام ئافرەتێكم لە لابوو، فەرمووی: ئەم ژنە كێیە؟ گوتم: ئەمە فیسارە ئافرەتە لە نوێژكردنو خودا پەرستیدا مانەندی نیە! فەرمووی: وسبە! ئەوەندە خوا پەرستی بكەن كە لەتواناتانابێ، چونكە بەخودا هەتا ئێوە وەڕس نەبن خودا وەڕس نابێ، وە باشترین ئایینداری لەلای خودا ئەوەیە كە خاوەنەكەی بەردەوام بێ لەسەری (ش/د/ن).

٧٧- عَنْ أَنَسٍ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: أَمَا وَاللهِ إِنِّي لأَخْشَاكُمْ لِلَّهِ وَأَتْقَاكُمْ لَهُ، وَلَكِنِّي أَصُومُ وَأُفْطِرُ، وَأُصَلِّي وَأَرْقُدُ وَأَتَزَوَّجُ النِّسَاءَ، فَمَنْ رَغِبَ عَنْ سُنَّتِي فَلَيْسَ مِنِّي. رَوَاهُ الشيخان والنسائي[2].

---

(١) بخاري. إيمان: ٤٣ ، ١١٥١. مسلم. صلاة المسافرين: ١٨٢٤.

(٢) مسلم. نكاح: ٣٣٨٩. نسائي. نكاح: ٣٢١٧

واتــه: ئەنــەس (خـوای لێ ڕازی بـێ) **لــه پێغەمبــەرەوە** (درودی خـوای لەسـەربێ) **دەفەرموێ: (ئەدی بەخودا خۆ من لە هەموویشتان زۆرتر لە خودا دەترسمو زۆرتـر خـۆم دەپـارێزم لـە نافـەرمانیو بـێ گـوێیی ئـەو بـەڵام لەگـەڵ ئەمەشـا بەڕۆژووش دەبمو بەڕۆژووش نابم شەو نوێژ دەكەمو بەشی خۆشم دەخـەومو ژنیـشم هێنـاوەو بـەپێی یاسـای خـودا لەگـەڵی ڕادەبـوێرم، جـا ئەمـە ڕەفتـارو یاساو ئایینی منە، ئەوەی لاری لێی بێ لەمن نیە (ش/ن).**

٧٨- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنَ عَمْرٍو (رَضيَ اللهُ عَنْهُمَا) قالَ: قَالَ: لِي النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **أَلَمْ أُخبَرْ أَنَّكَ تَقُومُ اللَّيْلَ وَتَصُومُ النَّهَارَ؟ قُلْتُ إِنِّي أَفْعَلُ ذَلِكَ. قَالَ: فَإِنَّكَ إِذَا فَعَلْتَ ذَلِكَ هَجَمَتْ عَيْنُكَ وَنَفِهَتْ نَفْسُكَ، وَإِنَّ لِنَفْسِكَ حَقٌّ، وَلأَهْلِكَ حَقٌّ، فَصُمْ وَأَفْطِرْ، وَقُمْ وَنَمْ. رَوَاهُ الشَّيْخَانِ[٣].**

واتە: عەبدوڵڵای كوڕی عەمر (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی پێم: دەڵێن: تۆ بەشـەو هـەر شـەونوێژ دەكـەیتو بە ڕۆژیـش هەر بەڕۆژوو دەبیـت! گـوتم: بـەڵێ وا دەكـەم، فـەرمووی: ئـاخر ئەگـەر وابكـەی چاوت كز دەبێو دڵت جاڕس دەبێو لە ئەنجاما كول دەبیتو كۆڵ دەدەیت! لە ڕاستیدا تۆ بەش بە حاڵی خۆت مافی حەسانەوەو حەوانەوەت هەیە، وە خێزانەكەت بەشی خۆی مافی هەیە لە سەرت، كە وابوو تۆ دەبێ مافی هەموو خاوەن مافێ بدەی، جا كەواتە ناو بەناو بەڕۆژوو بەو، ناو بەناو بەڕۆژوو مەبە، وە بەشەو شەونوێژیش بكەو بەشی خۆتیش بخەوە! (ش).**

٧٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قالَ: إِنَّ الدِّينَ يُسْرٌ، وَلَنْ يُشَادَّ الدِّينَ أَحَدٌ إِلاَّ غَلَبَهُ، فَسَدِّدُوا وَقَارِبُوا وَأَبْشِرُوا، وَاسْتَعِينُوا بِالْغَدْوَةِ وَالرَّوْحَةِ وَشَيْءٍ مِنَ الدُّلْجَةِ[٤].**

---

(٣) بخاري. صوم: ١٩٧٥ ، ١٩٧٩ ، ٣٤١٩. مسلم. صيام: ٢٧٣٠.

(٤) بخاري. إيمان: ٣٩ ، ٥٦٧٣ ، ٦٤٦٣ ، ٧٢٣٥.

واتــە: ئـەبو هـورەیرە لـە پێغەمبـەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) دەفـەرموێ: ئـایین ئاسانە ئەگەر کەسێ لەخۆی گران نەکا، هەرگیز نەبووە یەکێ ئایین لە خۆی گران بکاو بەتوندی باوەشی پیا بکاو تاسەر بیباتەسەر! بەڵکوو ئەو کەسانە لە ئەنجامدا ئایین بەزاندوونیو کوڵی پێ داون، جا کەواتە هەر لەسەرەتاوە ملی ڕێگەی ڕاست بگرنو ئەوەندەی بۆتان دەلوێ درێغی لە کردنی کاری باش مەکەنو مزگێنی خۆتان وەربگرن، ئێوەیش وەك ڕێبواری چالاك لەم سێ کاتەدا تێکۆشنو خودا پەرستیو بەندەگی خۆتان بکەنو بیکەن بە دەسمایەی خۆتان: سەر لە بەیانیانو سەر لە ئێوارانو دەمەو پارشێو (ب).

٨٠- عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا أَمَرَهُمْ أَمَرَهُمْ مِنَ الأَعْمَالِ بِمَا يُطِيقُونَ قَالُوا: إِنَّا لَسْنَا كَهَيْئَتِكَ يَا رَسُولَ اللّٰهِ، إِنَّ اللّٰهَ قَدْ غَفَرَ لَكَ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ. فَيَغْضَبُ حَتَّى يُعْرَفَ الْغَضَبُ فِي وَجْهِهِ ثُمَّ يَقُولُ: إِنَّ أَتْقَاكُمْ وَأَعْلَمَكُمْ بِاللّٰهِ أَنَا. رَوَاهُمَا اَلْبُخاري[٥].

عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەستووری وا بوو کاتێ فەرمانی بەیارانی دەکرد بۆ کردنی کارێ، داوای شتێکی لێ نەدەکردن کە لە تاقەتو تەوانایانا نەبوایە. گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! ئاخر ئێمە وەك تۆ نین، تۆ لەکوێو ئێمە لە کوێ، تۆ خودای گەورە لە گوناهی بەرو دوات خۆش بووە، پێغەمبەریش تووڕە دەبوو بەڕەنگێکی وا لە ڕووی دیاربوو، وە دەیفەرموو: من لە هەمووتان باشتر لە خودا دەترسم وە لە هەمووشتان باشتر دەیناسم (ب).

(٥) بخاري. نكاح: ٥٠٦٣ + إيمان: ٢٠.

٨١- وَسُئِلَتْ عَائِشَةُ: (رَضيَ اللهُ عَنْهَا) هَلْ كَانَ رَسُولُ اللهِ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) يَخُصُّ شَيْئًا مِنَ الأَيامِ؟ قَالَتْ: لاَ، كَانَ عَمَلُهُ دِيمَةً، وَأَيُّكُمْ يُطِيقُ مَا كَانَ رَسُولُ اللهِ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) يَسْتَطِيعُ. رَوَاهُ الثَلاثَةُ[٦].

واتە: پرسییان لە عائیشە: ئایا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هیچ ڕۆژێکی هەڵدەبژارد بۆ کردنی کارە باشەکان بە تایبەتی؟ گوتی: نەء، ئەوەی دەیکرد هەمیشە دەیکرد (وەلای ئەو پێنج شەمەو هەینی و ڕۆژەکانی تر جیاوازی نەبوو) لەگەڵ ئەوەشا کێتان وەك ئەوتان پێ دەکرێ (ش/د).


٨٢- وَعَنْها أَنَّ رَسُولَ اللهِ سُئِلَ: أيُّ الْعَمَلِ أَحَبُّ إِلى اللهِ؟ قالَ: أَدْوَمُهُ وَإِنْ قَلَّ. رَوَاهُ الشَيْخان والترْمِذِيُّ[٧].

واتە: عائیشە گوتی: لە پێغەمبەریان پرسی (دروودی خوای لەسەربێ) کام کارە لە لای خودا زۆر خێرو گەورەیە؟ فەرمووی: کارێکی باش کە خاوەنەکەی هەمیشە بیکاو تاسەر تەرکی نەکا با کەمیش بێ! (ش/ت).

---

(٦) بخاري. رقاق: ٦٤٦٦ ، ١٩٨٧. مسلم. صلاة المسافرين: ١٨٢٦. أبو داود. صلاة: ١٣٧٠.

(٧) بخاري. رقاق: ٦٤٦٥. مسلم. صلاة: ١٨٢٧.



نامەی نیازو نیاز پاکی (نییەت‌و ئیخلاص)

(سێ باسە)

١١) باسی یەکەم: باسی نیازو نیازپاکی‌و سوودیان

كتاب النية والاخلاص (وفيه ثلاثة أبواب)

الباب الاول: في النية والاخلاص ومزاياهما

قَالَ اللهُ جَلَّ شَأْنُهُ: {فَاعْبُدِ اللَّهَ مُخْلِصًا لَّهُ الدِّينَ، أَلَا لِلَّهِ الدِّينُ الْخَالِصُ – ٣٩/ ٢-٣}.

واتە: بەندەیێ هەر بۆ خودا بکە لە حاڵێکدا کە بە نیازێکی پاك ئایینداری بۆ خودا بکەی، وە بزانن کە خودا بەس کردەوەی پاك‌و بێگەردو چاکی دەوێ وە هەر دینی بێ تۆزو گەردو پاکی دەوێ.

{وقَالَ: – وَمَا أُمِرُوا إِلَّا لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاء – ٩٨/٥}.

خودای گەورە دەفەرموێ: ئەمە لە کاتێکدا ئەمە پێغەمبەرەکە هاتووە بۆلایان داوای شتی زیادەی لێ نەکردوون‌و فەرمانیان پێ نەکراوە بەوە نەبێ کە بەندەیی‌و پەرستشی خودا بکەن لە حاڵێکدا کە بەنیازێکی پاك ئایینداریی بۆ بکەن وەلابدەن لە هەموو بیرو باوەڕێکی خواروو خێچ.

٨٣– عَنْ عُمَرَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّمَا الأَعْمَالُ بِالنِّيَّاتِ وَإِنَّمَا لِكُلِّ امْرِئٍ مَا نَوَى فَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ فَهِجْرَتُهُ إِلَى اللَّهِ وَرَسُولِهِ وَمَنْ كَانَتْ هِجْرَتُهُ لِدُنْيَا يُصِيبُهَا أَوِ امْرَأَةٍ يَتَزَوَّجُهَا فَهِجْرَتُهُ إِلَى مَا هَاجَرَ إِلَيْهِ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ[1].

واتە: عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەموو کردەوەیێ بەپێی نیازو نییەتەکەیەتی وە هیچ کارێ بەبێ

---

(١) بخاري. بدء الوحي: ١ ، ٥٤ ، ٢٥٢٩ ، ٣٨٩٨ ، ٥٠٧٠ ، ٦٦٨٩ ، ٦٩٥٣. مسلم. إمارة: ٤٩٠٤. أبو داود. طلاق: ٢٢٠١، ترمذي. جهاد: ١٦٤٧. نسائي. طهارة: ٧٥ ، ٣٤٣٧ ، ٣٨٠٣.

نیـازو خواسـتی دڵ دانامـەزرێ، وە هـەموو کەسـێکیش بـە پاداشـی نیـازو نییەتی خۆی دەگا (چ چاك چ خراپ) کەوابوو هەر کەسێ مەبەستی لە کۆچ کردنەکـەی لـە مەککـەوە بـۆ مەدینـە رەزای خـوداو پێغەمبـەربێ ئـەوە کۆچـکردنەکەی قەبووڵـەو بـە پاداشـی گـەورە دەگـا، وە هـەر کەسـێکیش کۆچکردنەکەی لەبەر کارێکی دونیایی بێ کە دەستی بکەوێ، یاخود لەبەر ئافرەتێ بێ کە مارەی بکا ئەوە کۆچکردنەکەی بەپێی نیازەکەیەتی و هیچ خێری ناگا لەسەری (ش/د/ت/ن).

٨٤- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ عَنْ ألنَّبِيِّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِيمَا يَرْوِى عَنْ رَبِّهِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى قالَ: إنَّ اللّٰهَ كَتَبَ الْحَسَنَاتِ وَالسَّيِّئَاتِ ثُمَّ بَيَّنَ ذَلِكَ فَمَنْ هَمَّ بِحَسَنَةٍ فَلَـمْ يَعْمَلْهَا كَتَبَهَا اللّٰهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَا اللّٰهُ عَزَّ وَجَلَّ عِنْدَهُ عَشْرَ حَسَنَاتٍ إِلَى سَبْعِمِائَةِ ضِعْفٍ إِلَى أَضْعَافٍ كَثِيرَةٍ وَإِنْ هَمَّ بِسَيِّئَةٍ فَلَـمْ يَعْمَلْهَـا كَتَبَهَا اللّٰهُ عِنْدَهُ حَسَنَةً كَامِلَةً وَإِنْ هَمَّ بِهَا فَعَمِلَهَا كَتَبَهَـا اللّٰـهُ سَيِّئَةً وَاحِـدَةً. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إِلاَّ أَبَا دَاوُدَ[٢].

واتە: ئیبنو عەبباس (خوای لێ رازی بێ) گـوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەگێڕێتـەوە لـە خـودای گـەورەو بـێ هاوتـاوە دەفـەرموێ: خـودا هـەموو چـاکەیەك و هـەموو خراپەیـەکی لـە (لـوح المحفـظ) نووسـیوەو بـەم شـێوەیە روونی کردوونەتەوە بۆ هەموو کەسـێ: ئەگـەر کەسـێ ویستی چاکەیێ بکاو بۆی نەکرا ئەوە خودا لەلای خۆی چاکەیەکی تەواوی بۆ دەنووسێ، وە ئەگـەر کەسێ ویستی چاکەیێ بکاو لە هەمان کاتدا کردی ئەوە خودای سەردارو سەروەر لەلای خۆی لە دە چاکەوە تا حەوت سەد چاکەتا ئەوەندەی خودا خۆی حـەزکا چاکەی بۆ دەنووسێ، وە ئەگـەر کەسـێ ویستی خراپـەیێ بکا بـەڵام نـەیکرد ئـەوە خـودا لـەلای خـۆی چاکەیـەکی تـەواوی بـۆ دەنووسـێ، وە ئەگـەر کەسـێ ویـستی خراپـەیێ بکـا وەکـردی ئـەوە خـودا بەیـەك خراپـە دەینووسێ. (ش/ت/ن).

---

(٢) بخاري. رقائق: ٦٤٩١. مسلم. إيمان: ٣٣٠ هەتا. ٣٣٦. نسائي. تفسير: ٣٠٧٣

٨٥- عَنْ بْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: بَيْنَمَا ثَلاَثَةُ نَفَرٍ يَمْشُونَ أَخَذَهُمُ الْمَطَرُ، فَأَوَوْا إِلَى غَارٍ فِي جَبَلٍ، فَانْحَطَّتْ عَلَى فَمِ غَارِهِمْ صَخْرَةٌ مِنَ الْجَبَلِ فَانْطَبَقَتْ عَلَيْهِمْ، فَقَالَ: بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ انْظُرُوا أَعْمَالاً عَمِلْتُمُوهَا صَالِحَةً لِلَّهِ فَادْعُوا اللَّهَ بِهَا لَعَلَّهُ يُفَرِّجُهَا عَنْكُمْ. قَالَ: أَحَدُهُمْ: اللَّهُمَّ إِنَّهُ كَانَ لِي وَالِدَانِ شَيْخَانِ كَبِيرَانِ، وَلِي صِبْيَةٌ صِغَارٌ كُنْتُ أَرْعَى عَلَيْهِمْ، فَإِذَا رُحْتُ عَلَيْهِمْ حَلَبْتُ، فَبَدَأْتُ بِوَالِدَيَّ أَسْقِيهِمَا قَبْلَ بَنِيَّ، وَإِنِّي اسْتَأْخَرْتُ ذَاتَ يَوْمٍ فَلَمْ آتِ حَتَّى أَمْسَيْتُ، فَوَجَدْتُهُمَا نَائِمَيْنِ، فَحَلَبْتُ كَمَا كُنْتُ أَحْلُبُ، فَقُمْتُ عِنْدَ رُءُوسِهِمَا، أَكْرَهُ أَنْ أُوقِظَهُمَا، وَأَكْرَهُ أَنْ أَسْقِيَ الصِّبْيَةَ، يَتَضَاغَوْنَ عِنْدَ رِجْلَيَّ حَتَّى طَلَعَ الْفَجْرُ، فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي فَعَلْتُهُ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ فَافْرُجْ لَنَا فَرْجَةً نَرَى مِنْهَا السَّمَاءَ. فَفَرَجَ اللَّهُ فَرَأَوُا السَّمَاءَ. وَقَالَ: الآخَرُ: اللَّهُمَّ إِنَّهَا كَانَتْ لِي بِنْتُ عَمٍّ أَحْبَبْتُهَا كَأَشَدِّ مَا يُحِبُّ الرِّجَالُ النِّسَاءَ، فَطَلَبْتُ مِنْهَا فَأَبَتْ حَتَّى أَتَيْتُهَا بِمِائَةِ دِينَارٍ، فَبَغَيْتُ حَتَّى جَمَعْتُهَا، فَلَمَّا وَقَعْتُ بَيْنَ رِجْلَيْهَا قَالَتْ يَا عَبْدَ اللَّهِ اتَّقِ اللَّهَ، وَلاَ تَفْتَحِ الْخَاتَمَ إِلاَّ بِحَقِّهِ، فَقُمْتُ، فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي فَعَلْتُهُ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ فَافْرُجْ عَنَّا فَرْجَةً. فَفَرَجَ. وَقَالَ: الثَّالِثُ اللَّهُمَّ إِنِّي اسْتَأْجَرْتُ أَجِيرًا بِفَرَقِ أَرُزٍّ، فَلَمَّا قَضَى عَمَلَهُ قَالَ: أَعْطِنِي حَقِّي. فَعَرَضْتُ عَلَيْهِ، فَرَغِبَ عَنْهُ، فَلَمْ أَزَلْ أَزْرَعُهُ حَتَّى جَمَعْتُ مِنْهُ بَقَرًا وَرُعَاتَهَا فَجَاءَنِي فَقَالَ: اتَّقِ اللَّهَ. فَقُلْتُ اذْهَبْ إِلَى ذَلِكَ الْبَقَرِ وَرُعَاتِهَا فَخُذْ. فَقَالَ: اتَّقِ اللَّهَ وَلاَ تَسْتَهْزِئْ بِي. فَقُلْتُ إِنِّي لاَ أَسْتَهْزِئُ بِكَ فَخُذْ. فَأَخَذَهُ، فَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنِّي فَعَلْتُ ذَلِكَ ابْتِغَاءَ وَجْهِكَ فَافْرُجْ مَا بَقِيَ، فَفَرَجَ اللَّهُ. وَفِي رِوَايَة: فَخَرَجُوا يَمْشُون. رَوَاهُ الشَّيْخَان والنَسائي[٣].

واتـە: ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: حەزرەت** (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: جارێ سێ کەس بە رێگەیەکا دەرۆیشتن، باران دای گرتن جا پەنایان بردە بەر ئەشکەوتێ لە کێوێ، تاوێرێ لە کێوەکەوە گل بۆوەو دەرگای ئەشکەوتەکەی قەپاتکرد، جا لەناو خۆیاندا گوتیان: سەیربکەن بزانن چی کردەوەیەکی باشتان کردووە بۆ خودا بەو کردەوانە لە خودا**

---

(٣) بخاري. إجارة: ٢٢٧٢ ، ٢٢١٥ ، ٢٣٣٣ ، ٣٤٦٥ ، ٥٩٧٤. مسلم. توبة: ٦٨٨٥ ، ٦٨٨٤ ، ٦٨٨٦.

بپارێنەوە سا بەشکوو خودا دەرووتان لێ بکاتەوە. یەکێکیان گوتی: خودایە! خۆت ئاگاداری کەمن باوك‌و دایکێکی پیرو ئیختیارم هەبوون‌و چەن منداڵێکی وردیشم هەبوون، شوانیم بۆ دەکردن، هەموو جارێ کە دەگەڕامەوە بۆ ماڵەوە رانەکەم دەکردە پەچەوەو شیرم دەدۆشی‌و لە پێشدا دەرخواردی باوك‌و دایکمم دەدا ئەوجا بەشی مناڵەکانیشمم دەدا، تا رۆژێ درەنگم بەسەرهات‌و کە هاتمەوە شەوبوو، روانیم باوك‌و دایکم خەوتوون، منیش وەك جاران شیرم دۆشی‌و بە دیار سەریانەوە راوەستام (تاکەی خەبەریان بۆوە شیرەکەیان بخۆنەوە) بەڵام حەزم نەکرد کە خەبەریان بکەمەوەو پێشم ناخۆش بوو کە بەر لەوان شیر بدەم بە منداڵەکان، مناڵەکانیش (لەوماوەیەدا لە بەرپێما) لە برساندا هەر دەزرووکانەوە، تا شەبەقیدا ئەمە حاڵمان بوو، جا ئەی خودایە! تۆ دەزانی ئەگەر ئەمەم لەبەر رەزامەندیی تۆ کردووە ئەوا دەروویەکمان لێ بکەرەوەو کەلەبەرێکمان بۆ بکەرەوە کە ئاسمانی لێوە ببینین! جا خودا کەلەبەرێکی بۆ کردنەوەو ئاسمانیان لێوەدی، یەکێکی تریان گوتی: خودایە! خۆت ئاگاداری کە کچێکی ئامۆزام هەبوو، چەندە پیاو حەز لە ئافرەت دەکا ئەوەندە حەزم لێی بوو، کە داوای ئیشی خراپەم لێکردخۆی نەدا بە دەستەوە تا سەد دیناری زێڕی نەدەمێ، منیش تێکۆشام تا ئەو پارەیەم کۆ کردەوەو بۆم بردو پێمدا جا کاتێ لە ناولنگیا دانیشتم‌و ویسم بە دەستی بگرم، کچەکە گوتی: ئەی عەبدوڵڵا!: ئەی بەندەی خودا! لە خودا بترسەو ئەم مۆرە بە ناڕەوا مەشکێنە، ئیتر منیش هەڵسام‌و وازم لێ هێنا و پارەکەیشم دایە بە خۆڕایی بۆ خۆی جا ئەی خودایە! تۆ دەزانی ئەگەر ئەمەم لەبەر رەزامەندی تۆ کردوە ئەوا دەروویەکمان لێ بکەرەوە، جا خودا دەروویەکی تری لێ کردنەوەو، تا دووبەشی تاوێرەکە لەسەر دەرگاکە لاچوو سێهەمیشیان گوتی: خودایە! تۆ خۆت ئاگات لێیە کەمن جاری بەقرناخێ برنج کرێکارێکم بەکرێ گرت، کە ئیشەکەی تەواوکرد گوتی: کرێکەمم بدەرێ، منیش گوتم: کرێکەت ئەوەتانێ، کەچی بەدڵی نەبوو، وەری نەگرت، ئیتر لەوە دوا هەموو وەرزێ ئەو چەڵتووکەم دەچاند، تا وازووربوو گاگەلێك‌و

چەن شوانێکم پێکڕی، تا ڕۆژێ کرێکارەکەم هاتەوە بۆلام وتی: لە خودا بترسە کرێکەم بدەرێ. منیش گوتم: بڕۆ ئەو گاگەلەو شوانەکانی ببە بۆخۆت. گوتی: لەخوا بترسە گاڵتەم پێ مەکە، منیش گوتم: بەڕاستمە، گاڵتەت پێ ناکەم هەمووی ببە، جا ئەویش هەمووی برد بۆ خۆی. جا ئەی خودایە! تۆ دەزانی ئەگەر ئەمەم لەبەر خاتری تۆ کردووە ئەوا دەرگای ئەشکەوتەکەمان بە تەواوی بۆ بکەرەوە، جا خودا دەرگاکەی تەواو بۆ کردنەوە. لە گێڕانەوەیەکدا: (ئەو جا هاتنە دەرەوەو ڕۆیشتن). (ش/ن).

٨٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّهُ قالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، مَنْ أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِكَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ؟ قالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لَقَدْ ظَنَنْتُ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ أَنْ لاَ يَسْأَلَنِي عَنْ هَذَا الْحَدِيثِ أَحَدٌ أَوَّلُ مِنْكَ، لِمَا رَأَيْتُ مِنْ حِرْصِكَ عَلَى الْحَدِيثِ، أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَنْ قَالَ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، خَالِصًا مِنْ قَلْبِهِ أَوْ نَفْسِهِ. رَوَاهُ الْبُخاري.

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! کێ شادمانترین کەسە بە شەفاعەتو تکای تۆ لە ڕۆژی قیامەتدا؟ فەرمووی: ئەی ئەبو هورەیرە! خۆشم گومانم وابوو کە کەس لەپێش تۆدا ئەمەم لێ نەپرسێ وە تۆ یەکەم کەسبی کە ئەم پرسیارەم لێ بکەی، چونکە دەتبینم ئەوەندە حەریسو سووریت لەسەر فەرموودەو حەدیث: لە ڕۆژی قیامەتدا بەختەوەرترین کەس بەتکای من ئەو کەسەیە کە بەدڵێکی سافو بێگەرد یا فەرمووی: کە بەسینەیەکی ساف بڵێ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ: هەر خودا خودایەو هیچ خودای تر نیە (ب).

١٢- باسی دووەم: ئادەمیزاد لەسەر نیازی باشی ڕووت پاداشی باش وەردەگرێ: (الباب الثاني: يثاب المرء على نيته فقط)

٨٧- عَنْ مَعْنَ بْنَ يَزِيدَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: كَانَ أَبِي يَزِيدُ أَخْرَجَ دَنَانِيرَ يَتَصَدَّقُ بِهَا فَوَضَعَهَا عِنْدَ رَجُلٍ فِي الْمَسْجِدِ، فَجِئْتُ فَأَخَذْتُهَا فَأَتَيْتُهُ بِهَا فَقَالَ: وَاللَّهِ مَا إِيَّاكَ

أَرَدْتُ. فَخَاصَمْتُهُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: لَكَ مَا نَوَيْتَ يَا يَزِيدُ، وَلَكَ مَا أَخَذْتَ يَا مَعْنُ. رَوَاهُ الْبُخاري في الزَّكَاةَ[١].

واتە: مەعنی کوڕی یەزید (ڕەزای خودایان لێبێ) گوتی: یەزیدی باوکم چەند دینارێ لەلای پیاوێ لە مزگەوت دادەنێ بۆی بکا بە خێر، منیش چووم پارەکەم برد بۆخۆمو هێنام بۆ لای باوکم، باوکم گوتی: بەخوا نابێ، من مەبەستم تۆ نەبووە، منیش بۆ دادخوایی و سکالاکردن بردم بۆ لای حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: تۆ بەنیازی خۆت گەیشتیت ئەی یەزید! وەتۆیش ئەوەی بردووتە هی خۆتە ئەی مەعن! (ب).

٨٨- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ اللَّهَ لاَ يَنْظُرُ إِلَى صُوَرِكُمْ وَأَمْوَالِكُمْ وَلَكِنْ يَنْظُرُ إِلَى قُلُوبِكُمْ وَأَعْمَالِكُمْ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَابنْ ماجَه.

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: خودا تەماشای شکڵو شێوەو ماڵو سامانتان ناکا، بەلام تەماشای دڵو دەروونو کردەوەی پاکتان دەکا (م/ ئیبنو ماجە).

٨٩- عَنْ سَهْلِ بْنِ حُنَيْفٍ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ سَأَلَ اللهَ الشَّهَادَةَ بِصِدْقٍ بَلَّغَهُ اللهُ مَنَازِلَ الشُّهَدَاءِ وَإِنْ مَاتَ عَلَى فِرَاشِهِ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ الأبُخاري وَلَفْظُ التِّرمِذِيُّ: مَنْ سَأَلَ اللهَ الْقَتْلَ فِي سَبِيلِهِ صَادِقاً مِنْ قَلْبِهِ أَعطَاهُ اللهُ أَجْرَ الشَّهِيدِ[٣].

واتە: سەهلی کوڕی حەنیف لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (دروودی خوای لەسەربێ): هەرکەسێ بە راستی (بەدڵ) لە خودا داوای شەهیدبوون بکا خودا پایەی شەهیدی دەداتێ، با لەسەر نوێنی خۆشی بمرێ بەدەردی خودا (م/د/ت/ن) گێڕانەوەی تیرمیذی بەم شێوەیە: هەرکەسێ بەراستی بەدڵ لە خودا داوا بکا کە لەرێگەی ئەودا بکوژرێ ئەوا خودا پاداشی شەهیدی دەداتێ.

---

(١) بخاري. علم: ٩٩ ، ٦٥٧٠.

(٣) مسلم. إمارة: ٤٩٠٧ ، أبو داود. صلاة: ١٥٢٠. ترمذي. فضائل: ١٦٥٣.

٩٠- عَنْ عَائِشَةَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَا مِنِ امْرِيءٍ تَكُونُ لَهُ صَلَاةٌ بِلَيْلٍ يَغْلِبُهُ عَلَيْهَا نَوْمٌ إِلا كُتِبَ لَهُ أَجْرُ صَلَاتِهِ وَكَانَ نَوْمُهُ عَلَيْهِ صَدَقَة. رَوَاهُ أبو دَاوُدَ وَالنَسائي[٤].

واتە: عائیشە (خوای لێ رازی بێ) **لە حەزرەتەوە دەفەرموێ:** (دروودی خوای لەسەربێ): **هەر کەسێ فێری شەونوێژبێ و شەوێ خەو زۆری بۆبێنێ و بۆی نەکرێ و بخەوێ خودا پاداشی شەونوێژی بەقەد جارانی بۆ دەنووسێ و خەوەکەشی بەخێر بۆ دەنووسرێ (د/ن).**

٩١- عَنْ أَبِي كَبْشَةَ الأَنْمَارِيُّ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: ثَلاثَةٌ أُقْسِمُ عَلَيْهِنَّ: مَا نَقَصَ مَالُ عَبْدٍ مِنْ صَدَقَةٍ وَلاَ ظُلِمَ عَبْدٌ مَظْلِمَةً فَصَبَرَ عَلَيْهَا إِلاَّ زَادَهُ اللَّهُ عِزًّا وَلاَ فَتَحَ عَبْدٌ بَابَ مَسْأَلَةٍ إِلاَّ فَتَحَ اللَّهُ عَلَيْهِ بَابَ فَقْرٍ أَوْ كَلِمَةً نَحْوَهَا وَأُحَدِّثُكُمْ حَدِيثًا فَاحْفَظُوهُ قالَ: إِنَّمَا الدُّنْيَا لأَرْبَعَةِ نَفَرٍ عَبْدٍ رَزَقَهُ اللَّهُ مَالاً وَعِلْمًا فَهُوَ يَتَّقِي فِيهِ رَبَّهُ وَيَصِلُ فِيهِ رَحِمَهُ وَيَعْلَمُ لِلَّهِ فِيهِ حَقًّا فَهَذَا بِأَفْضَلِ الْمَنَازِلِ وَعَبْدٍ رَزَقَهُ اللَّهُ عِلْمًا وَلَمْ يَرْزُقْهُ مَالاً فَهُوَ صَادِقُ النِّيَّةِ يَقُولُ لَوْ أَنَّ لِي مَالاً لَعَمِلْتُ بِعَمَلِ فُلاَنٍ فَهُوَ بِنِيَّتِهِ فَأَجْرُهُمَا سَوَاءٌ وَعَبْدٍ رَزَقَهُ اللَّهُ مَالاً وَلَمْ يَرْزُقْهُ عِلْمًا فَهُوَ يَخْبِطُ فِي مَالِهِ بِغَيْرِ عِلْمٍ لاَ يَتَّقِي فِيهِ رَبَّهُ وَلاَ يَصِلُ فِيهِ رَحِمَهُ وَلاَ يَعْلَمُ لِلَّهِ فِيهِ حَقًّا فَهَذَا بِأَخْبَثِ الْمَنَازِلِ وَعَبْدٍ لَمْ يَرْزُقْهُ اللَّهُ مَالاً وَلاَ عِلْمًا فَهُوَ يَقُولُ لَوْ أَنَّ لِي مَالاً لَعَمِلْتُ فِيهِ بِعَمَلِ فُلاَنٍ فَهُوَ بِنِيَّتِهِ فَوِزْرُهُمَا سَوَاءٌ. رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ[٥].

واتە: ئەبو کەبشەی ئەنماری (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر دەفەرموێ:** (دروودی خوای لەسەربێ) **سوێند لەسەر ئەم ئەم سێ شتە دەخۆم:**

یەکەم: ماڵی بەندە بەخێرکردن کەم ناکات.

دووەم: هەر کەسێ یەکێ ستەمی لێ بکاو ئەویش سەبرو ئارام بگرێ لەبەر باری خودادا خودا سەربەرزی دین و دونیای دەکا.

---

(٤) سكت عنه درجته الشارح (مترجم).

(٥) رواه الترمذي بسند صحيح (شرحه).

سێیەم: هەرکەسێ دەرگای سواڵ لەخۆی بکاتەوە خودا دەرگای هەژاری بۆ دەکاتەوە! یا حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) قسەیەکی ئاواى فەرموو فەرمووشی: گوێ بگرن قسەیەکتان بۆ دەکەم لە بەری بکەن جا فەرمووی: جیهان تەنها بۆ ئەم چوار کەسەیە:

یەکەم: کەسێ خودا ماڵی رەحمەتو عیلمو زانستی بە بەرەکەتی پێ عەتا کردبێ، ئەویش تەقوای خودایان پێ بکاو سیلەی رەحمیان پێ بەجێ بێنێو ماف و هەقی خودایان لێ بدا ئەمە گەورەترین پایەی هەیە.

دووەم: کەسێ خودا زانستی پێ ببەخشێ بەڵام ماڵو دارایی نەداتێ، ئەویش بەنیازێکی پاك بڵێ: خۆزگە ماڵم دەبوو منیش وەك فیسارە کەس خێرو خێراتم پێ دەکرد، ئەمە (بەهۆی نیازی پاکییەوە) لەگەڵ کەسی یەکەمدا لە پاداشدا چون یەکن.

سێیەم: کەسێ خودا ماڵی پێ بدا بەڵام عیلمو زانستی پێ نەدا، جا خۆی بە نادانی چەپ و کووپی تیا بکاو تەقوای خودای پێ نەکاو مافی خزمو خوێشی لێ نەدا وەسیلەی رەحمی پێ بەجێ نەهێنێو مافی خودای لێنەدا، ئا ئەمە پیسترین پایەی هەیە.

چوارەم: بەندەیێ خودا نەماڵو نە زانستی پێ نەدابێ کەچی بڵێ: بریا ماڵم دەبوو منیش وەك فیسارە کەس بە نەفامی خەرجم دەکرد، جا ئەم نەگبەتە (بەهۆی نیازی پیسیەوە) لە تۆڵەی تاوانا لەگەڵ کەسی سێیەمدا چون یەکن! (ت-س/ص).

١٣) باسی سێیەم: هەرەشەکردن لە ریاکاریو رواڵەتکردنو ریابازی

الباب الثالث: في التحذير من الرياء

قَالَ الله جَلَّ شأْنُهُ: {فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاء رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلًا صَالِحًا وَلَا يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا – ١٨/ ١١٠}.

واتە: خودای گەورەو شکۆمەند دەفەرموێ: هەرکەسێ بەهیوایە کە بگا بە خزمەتی خودای خۆیو شادمان بێ بە رەزای خودای خۆی با هەمیشە کاری باش بکاو لە عیبادەتو خودا پەرستیدا هاوبەش بۆ خودا پەیدا نەکا.

٩٢- عَنْ جُنْدُبٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ ٱلنَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: مَنْ سَمَّعَ سَمَّعَ اللهُ بَهِ وَمَنْ يُرَائِي يُرَائِي اللهُ بِهِ. رَوَاهُ ٱلشَّيْخان وَالتِّرْمِذِيُّ[1].

واتــە: جونـدوب (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتـی: پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەربێ) فەرمووی: هەرکەسێ بۆ ناوبانگو شۆرەت چاکەو خودا پەرستی بکا، لە رۆژی قیامەتدا خودا بە پەندی دەکا، وە هەر کەسێ بۆ روالەت هەر کارێ بکا لە رۆژی قیامەتدا خودا پەردەی لەروو هەلْ دەمالێو ریابازییەکەی ئاشکرا دەکا (ش/ت).

٩٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: قَالَ: رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: اللّٰهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: أَنَا أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ مَنْ عَمِلَ عَمَلاً أَشْرَكَ فِيهِ مَعِي غَيْرِي تَرَكْتُهُ وَشِرْكَهُ. رَوَاهُ مُسْلِم[2].

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گـوتـی: پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: خودای گەورەو بێ هاوتا دەفەرموێ: من لە هەموو کەسێ زیاتر بێ نیازم بەشەریکو هاوبەش، جا هەرکەسێ کارێ بکاو کەسێ تر بکا بە هاوبەشی من لەو کارەدا ئەوە بەخۆیو بەهاوبەشەکەیەوە تووڕی دەدەم (م).

٩٤- وَعَنْهُ عَنِ ٱلنَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: إِنَّ أَوَّلَ النَّاسِ يُقْضَى يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَيْهِ رَجُلٌ اسْتُشْهِدَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قالَ: قَاتَلْتُ فِيكَ حَتَّى اسْتُشْهِدْتُ. قالَ: كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ قَاتَلْتَ لأَنْ يُقَالَ: جَرِيءٌ. فَقَدْ قِيلَ. ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ. وَرَجُلٌ تَعَلَّمَ الْعِلْمَ وَعَلَّمَهُ وَقَرَأَ الْقُرْآنَ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا قالَ: تَعَلَّمْتُ الْعِلْمَ وَعَلَّمْتُهُ

---

(١) بخاري. رقاق: ٦٤٩٩. مسلم. زهد: ٧٤٠١ ، ٧٤٠٢.

(٢) مسلم. زهد: ٧٤٠٠

وَقَرَأْتُ فِيكَ الْقُرْآنَ. قالَ: كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ تَعَلَّمْتَ الْعِلْمَ لِيُقَالَ: عَالِمٌ. وَقَرَأْتَ الْقُرْآنَ لِيُقَالَ: هُوَ قَارِئٌ. فَقَدْ قِيلَ ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ حَتَّى أُلْقِيَ فِي النَّارِ. وَرَجُلٌ وَسَّعَ اللَّهُ عَلَيْهِ وَأَعْطَاهُ مِنْ أَصْنَافِ الْمَالِ كُلِّهِ فَأُتِيَ بِهِ فَعَرَّفَهُ نِعَمَهُ فَعَرَفَهَا قَالَ: فَمَا عَمِلْتَ فِيهَا؟ قَالَ: مَا تَرَكْتُ مِنْ سَبِيلٍ تُحِبُّ أَنْ يُنْفَقَ فِيهَا إِلاَّ أَنْفَقْتُ فِيهَا لَكَ قَالَ: كَذَبْتَ وَلَكِنَّكَ فَعَلْتَ لِيُقَالَ: هُوَ جَوَادٌ. فَقَدْ قِيلَ ثُمَّ أُمِرَ بِهِ فَسُحِبَ عَلَى وَجْهِهِ ثُمَّ أُلْقِيَ فِي النَّارِ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَالتِّرْمِذِي والنَّسائِي[٣].

واتە: دیسان ئەو گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: یەکەم کەس کە لە رۆژی قیامەتدا مەحکەمە دەکرێو حوکم دەدرێ پیاوەێکە شەهید کراوە، دەیهێنن لەبەردەم خودادا رایدەوەستێنن خودا چاکەکانی خۆیی یەکە یەکە بیر دەخاتەوە ئەویش یەك بە یەك پێیان لێ دەنێ، جا خودا دەفەرموێ: باشە لەباتی ئەو چاکانە تۆ چی کارێکی باشت کردووە بۆ من!؟ دەڵێ: منیش لە پێناوی تۆدا جەنگم کردووەو لەگەڵ دوژمنی تۆدا شەڕم کردووە هەتا لە ئەنجامدا بە دەستی دوژمن شەهیدکراوم! یەزدان دەفەرموێ: درۆتکرد، بەڵام تۆ بۆیە غەزات کرووە هەتا بڵێن: ئازایە، وە ئەم قسەیەشیان لە جیهاندا پێ گوتویت (واتە تۆ بەمافی خۆت گەشتویت!) جا ئەوجا خودا فەرمان دەدا لەسەر روو بەکێشی دەکەن تا تووڕی دەدەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە، وە دووەم کەس کەمەحکەمە دەکرێ پیاوێکە لە جیهاندا زاناو مامۆستاو قورئانخوێن بووە، دەیهێنن، خودا هەرچی چاکەیەکی لەگەڵ کردووە دەیانخاتەوە بیری ئەویش یەك بە یەك پێیان لێ دەنێ، جا خودا دەفەرموێ: باشە تۆ لەباتی ئەوانە چی کارێکی باشت کردووە لەبەر خاتری من؟ دەڵێ: منیش عیلمو زانست فێربوومو خەڵکی ترم فێری زانین کردو لەبەر رەزای تۆیش قورئانم دەخوێند، دەفەرموێ: درۆ دەکەی، بەڵام تۆ بۆیە فێری زانین بووی تا بڵێن: زانایە، وە بۆیە قورئانیشت خوێندووە تا بڵێن: قورئانخوێنە، وە ئەم قسەیەشیان لە دنیادا پێ گوتوویت، ئەوجا بە فەرمانی خودا لەسەر سك

---

(٣) مسلم. جهاد: ٤٩٠٠. نسائي. جهاد: ٣١٣٧.

بەکێشی دەکەن و تووڕی دەدەنە ناو ئاگرەوە، سێیەم کەس کەمەحکەمە دەکرێ پیاوێکە کە خودا لە دنیادا داراو دەوڵەمەندی کردووەو لە هەموو چەشنەماڵێکی پێ داوە، کە دەی هێنن خودا هەموو چاکەکانی خۆیی وە بیر دەخاتەوە ئەویش پێیان لێ دەنێ دەفەرموێ: چیت پێ کردن؟ دەڵێ: هەرچی تۆ پێت خۆشبێ کە ماڵی تیا بەخت بکرێ لەوەدا ماڵی خۆمم خەرج کردووە، دەفەرموێ: درۆدەکەی، بەڵام تۆ بۆیە وات دەکرد تا بڵێن سەخی و جوامێرە، وە ئەو قسەیەش لە دنیادا کراوە، ئەوجا بە فەرمانی خودا لەسەر دەم رای دەکێشن و دەیبەن تووڕی دەدەنە ناو ئاگرەوە (م/ت/ن).

٩٥- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: تَعَوَّذُوا بِاللّٰهِ مِنْ جُبِّ الْحُزْنِ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللّٰهِ وَمَا جُبُّ الْحُزْنِ؟ قالَ: وَادٍ فِي جَهَنَّمَ تَتَعَوَّذُ مِنْهُ جَهَنَّمُ كُلَّ يَوْمٍ مِائَةَ مَرَّةٍ قُلْنَا: يَا رَسُولَ اللّٰهِ وَمَنْ يَدْخُلُهُ؟ قالَ: الْقُرَّاءُ الْمُرَاءُونَ بِأَعْمَالِهِمْ[٤].

واتە: دیسان ئەو گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: پەنابگرن بە خودا لە دەرەی خەم! گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! دەرەی خەم چییە؟ فەرمووی: شیوێکە لە دۆزەخا هەموو رۆژێ دۆزەخ خۆی سەد جار پەنا دەگرێ بە خودا لە دەستی گوتمان: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەوە کێی تێ دەچێ؟ فەرمووی: ئەو قورئان خوێنانەی تێ دەچن کە بۆ چاوەو رواڵەت قورئان دەخوێنن (ت-س/ح).

٩٦- وَعَنْهُ قالَ: قَالَ: رَجُلٌ يَا رَسُولَ اللّٰهِ الرَّجُلُ يَعْمَلُ الْعَمَلَ فَيُسِرُّهُ فَإِذَا اطُّلِعَ عَلَيْهِ أَعْجَبَهُ ذَلِكَ! قَالَ: رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لَهُ أَجْرَانِ أَجْرُ السِّرِّ وَأَجْرُ الْعَلَانِيَةِ. رَوَاهُمَا التِّرْمِذِيُّ[٥].

واتە: دیسان ئەو گوتی: پیاوێ گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! پیاو هەیە بە نهێنی کارێ دەکا، بەڵام کە ئاشکرا بوو پێی خۆشە کە وا خەڵك باسی کارەباشەکەی دەکەن بە باشە ئایا خێری دەمێنێ؟ فەرمووی: ئەوە دوو

---

(٤) رواه الترمذي فى الزهد بسند حسن (شرحه).

(٥) رواه الترمذي فى الزهد بسند حسن (شرحه).

جۆرە پاداشی بۆ هەیە: یەك پاداشی كاری باشی نهێنی كە بێ رووپایی بێ و ساف و ساغ بۆ خودابێ، یەك پاداشی باشی كاروكردەوەی ئاشكرا كە دەبێ بەسەر مەشقی جوان بۆ خەڵكی تریش (ت-س/ح).

٩٧- عَنْ أَبِي سَعْدِ بْنِ أَبِي فَضَالَةَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا جَمَعَ اللَّهُ النَّاسَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لِيَوْمٍ لاَ رَيْبَ فِيهِ نَادَى مُنَادٍ مَنْ كَانَ أَشْرَكَ فِي عَمَلٍ عَمِلَهُ لِلَّهِ أَحَدًا فَلْيَطْلُبْ ثَوَابَهُ مِنْ عِنْدِ غَيْرِ اللَّهِ فَإِنَّ اللَّهَ أَغْنَى الشُّرَكَاءِ عَنِ الشِّرْكِ. رَوَاهُ التِّرْمِذِي(٦).

واتە: ئەبو سەعدی کوڕی فەضالە گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: لە رۆژی قیامەتا کاتێ کە خودا خەڵك کۆ دەکاتەوە بۆ حیساب و لێ پرسینەوەی ئەو رۆژەی کە شك و گومانی تیانییە، بە فەرمانی خودا جارچییەك جاڕ دەدا بەناو عەشاماتەکەدا: هەر کەسێ لە دنیادا کارێکی کردووە بۆ خوداو لە هەمان کاتدا کەسێکی تری کردووە بە هاوبەشی لەو کارەدا، ئەوە با داوای پاداشی خۆی لە غەیری خودا بکا، چونکە خودا لە هەموو کەسێ زیاتر بێ نیازە بە هاوبەش (ت-س/ح).

---

(٦) فی التفسیر بسند حسن ،شرحه)

بسم الله الرحمن الرحيم

نامەی زانین (عیلم)

(سێ باس و پاشەکی (خاتمە)یەکە)

١٤) باسی یەکەم: باسی فەزڵ و گەورەیی زانین و زانایان

(کتاب العلم: (وفيه ثلاثه أبواب وخاتمة)

الباب الاول: في فضل العلم والعلماء)

قَالَ اللهُ تَعَالى: {إِنَّمَا يَخْشَى اللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ الْعُلَمَاء – ٢٨/٣٥}.

واتە: بە راستی کەس لە خودا ناترسێ بە تەواوی بەندە زاناکانی نەبێ.

{قَالَ: تَعالى – هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ}.

واتە: خودای گەورە دەفەرموێ: ئایا چۆن دەبێ کە زاناو نەزان چون یەك بن؟

وَقَالَ تَعَالى: {وَتِلْكَ الْأَمْثَالُ نَضْرِبُهَا لِلنَّاسِ وَمَا يَعْقِلُهَا إِلَّا الْعَالِمُونَ – ٤٣/٢٩}.

واتە: خودای گەورە دەفەرموێ: (ئەم وێنەو نموونە جوانە بەنرخانە بەیان دەکەین بۆ کۆمەڵی ئادەمیزاد، بەڵام تەنیا زانا هۆشمەندەکان مانایان دەزانن و لە مەبەستەکە باش تێ دەگەن).

٩٨– عَنْ مُعَاوِيَةَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ يُرِدِ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ، وَإِنَّمَا أَنَا قَاسِمٌ وَاللَّهُ يُعْطِي، وَلَنْ تَزَالَ هَذِهِ الأُمَّةُ قَائِمَةً عَلَى أَمْرِ اللَّهِ لاَ يَضُرُّهُمْ مَنْ خَالَفَهُمْ حَتَّى يَأْتِيَ أَمْرُ اللَّهِ. رَوَاهُ ألأربعة[1].

واتە: موعاوییە (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (درودی خوای لەسەربێ): هەر کەسێ کە خودا ویستی تووشی خێرو خۆشی بکا شارەزای ئایینی دەکا، من تەنیا ئەوەندەم بە دەستە کە ئەم فەرمایشت و شەریعەتە دابەش بکەم و بەس، بەڵام بەشی گەورە یا بچووك ئەوە بەدەست خودا خۆیەتی و خودا خۆی ئەوە دەدا یا، نایدا، وە ئەم ئۆمەتی ئیسلامەیش هەر

---

(١) بخاري. إيمان: ٧١ ، ٣١١٦ ، ٣٦٤١ ، ٧٣١٢ ، ٧٤٦٠. مسلم. زكاة: ٢٣٨٩ ، ٢٣٨٦.

دەڕۆن لەسەر ئەم ئایینی خودایە تانزیکی قیامەت، وە ئەوەی لە دژیان بێ زیانیان پێ ناگەیەنێ (ش/ت/ن).

٩٩- عَنْ أَبِي وَاقِدٍ اللَّيْثِيِّ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بَيْنَمَا جَالِسٌ فِي الْمَسْجِدِ وَالنَّاسُ مَعَهُ، إِذْ أَقْبَلَ ثَلاثَةُ نَفَرٍ، فَأَقْبَلَ اثْنَانِ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَذَهَبَ وَاحِدٌ، قَالَ: فَوَقَفَا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَأَمَّا أَحَدُهُمَا فَرَأَى فُرْجَةً فِي الْحَلْقَةِ فَجَلَسَ فِيهَا، وَأَمَّا الآخَرُ فَجَلَسَ خَلْفَهُمْ، وَأَمَّا الثَّالِثُ فَأَدْبَرَ ذَاهِبًا، فَلَمَّا فَرَغَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَلاَ أُخْبِرُكُمْ عَنِ النَّفَرِ الثَّلاثَةِ أَمَّا أَحَدُهُمْ فَأَوَى إِلَى اللَّهِ، فَآوَاهُ اللَّهُ، وَأَمَّا الآخَرُ فَاسْتَحْيَا، فَاسْتَحْيَا اللَّهُ مِنْهُ، وَأَمَّا الآخَرُ فَأَعْرَضَ، فَأَعْرَضَ اللَّهُ عَنْهُ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ إِلاَّ أَبَا دَاوُدَ[٢].

واتە: ئەبو واقیدی لەیثی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە مزگەوت دانیشتبوو، خەڵکەکەیش لە دەوری دانیشتبوون خەریکی طاعەتی خودا بوون لەو کاتەدا سێ کەس هاتن، دوانیان هاتنە بەرەوە بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وە یەکێکیان رۆیشت. گوتی: جا دوو کەسەکە لە دیار پێغەمبەر راوەستان تایەکێیان کەلێنێکی لە ئەڵقەی کۆڕەکەدا بەدی کردوو تیا دانیشت، وە ئەوی تریشیان لە پشتیانەوە دانیشت، وە سێهەمیشیان هەڵی تۆاندو رۆیشت، جا کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لێ بۆوەوە فەرمووی: با باسی حاڵی ئەم سێ کەسەتان بۆ بکەم: یەکێکیان هانای بردە بەر خوداو خودا هانایدا، یەکێکیشیان شەرمی کردوو خودایش شەرمی لەوکرد، ئەوی تریشیان پشتی هەڵکردو بەمەجلیسی ئێمە رازی نەبوو خودایش پشتی لەو هەڵکردوو لێی تووڕە بوو (ش/ت/ن)

١٠٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ نَفَّسَ عَنْ مُؤْمِنٍ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ الدُّنْيَا نَفَّسَ اللَّهُ عَنْهُ كُرْبَةً مِنْ كُرَبِ يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَمَنْ يَسَّرَ عَلَى مُعْسِرٍ يَسَّرَ اللَّهُ عَلَيْهِ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَمَنْ سَتَرَ مُسْلِمًا سَتَرَهُ اللَّهُ فِي الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ وَاللَّهُ فِي عَوْنِ الْعَبْدِ مَا كَانَ الْعَبْدُ فِي عَوْنِ أَخِيهِ وَمَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَلْتَمِسُ

---

(٢) بخاري. العلم: ٦٦ ، ٤٧٤. مسلم. آداب: ٥٦٤٥ ترمذي. استئذان: ٢٧٢٤.

فِيهِ عِلْمًا سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ بِهِ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ وَمَا اجْتَمَعَ قَوْمٌ فِي بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللَّهِ يَتْلُونَ كِتَابَ اللَّهِ وَيَتَدَارَسُونَهُ بَيْنَهُمْ إِلاَّ نَزَلَتْ عَلَيْهِمُ السَّكِينَةُ وَغَشِيَتْهُمُ الرَّحْمَةُ وَحَفَّتْهُمُ الْمَلاَئِكَةُ وَذَكَرَهُمُ اللَّهُ فِيمَنْ عِنْدَهُ وَمَنْ بَطَّأَ بِهِ عَمَلُهُ لَمْ يُسْرِعْ بِهِ نَسَبُهُ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَأبو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ[٣].

واتـە: ئەبو هورەیرە (خوای لیّ رازی بیّ) لـە پێغەمبـەرەوە دەفـەرمویّ: (دروودی خوای لەسەربیّ): هەر كەسیّ موسوڵمانیّ لە مەینەتیّ لە مەینەتەكانی جیهان رزگار بكا خودا لە پاداشی ئەوەدا مەینـەتیّ لەمەینەتـەكانی رۆژی قیامـەتی بۆ چار دەكاو رزگاری دەكا لێی. وە هەركەسیّ دەسگیرۆیی هـەژارو نەدارایی بكـا لـە دنیاو لە قیامەتا خوداش دەسگیۆیی ئەو دەكا، وە هەركەسیّ عـەیب و نـەنگی موسـوڵمانی بپۆشـیّ، یـا جەسـتەو لەشـی بە پۆشـاكیّ داپۆشـیّ ئـەوە خـودا ئەوكەسە لەهەر دوو جیهاندا بە بەرگی رەحمەتی خـۆی دادەپۆشـیّ، وە خـودا لەپشتی ئەو بەندەیە كە پشتی برای دەگریّ، هەركەسیّ رێگەی زانین بگـریّ و وێڵی دوای زانستو زانین بیّ خودا رێگەی بەهەشتی بۆ خۆش دەكا، وە هـەر كۆمەڵی لە ماڵیّ لـە ماڵـەكانی خـودادا كۆببنـەوەو نامـەی خـودا بخـوێنن لـەناو خۆیانـا دەوری بكەنـەوەو واتـەو مانـای لێـك بدەنـەوە ئـەوە بێگومـان كـەوا دڵنیایی بەسەریانا دادەباریّ و رەحمەتو میهرەبانی دایان دەپۆشیّ و فریشتە دەوریان لیّ دەدەن، وە خـودایش لە بارەگای خـۆی لـەلای مەلـەئی ئەعلا باسـی چـاكەیان دەكـا، وە هــەر كەسـیّ كـارو كـردەوەی خـۆی دوای بخـا بنەچـەو رەسەنی پێشی ناخا (م/د/ت).

١٠١- عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ قالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: مَنْ سَلَكَ طَرِيقًا يَبْتَغِي فِيهِ عِلْمًا سَلَكَ اللَّهُ بِهِ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ وَإِنَّ الْمَلاَئِكَةَ لَتَضَعُ أَجْنِحَتَهَا رِضَاءً لِطَالِبِ الْعِلْمِ وَإِنَّ الْعَالِمَ لَيَسْتَغْفِرُ لَهُ مَنْ فِي السَّمَوَاتِ وَمَنْ فِي الأَرْضِ حَتَّى الْحِيتَانُ فِي الْمَاءِ وَفَضْلُ الْعَالِمِ عَلَى الْعَابِدِ كَفَضْلِ الْقَمَرِ عَلَى سَائِرِ

---

(٣) مسلم. الذكرو الدعاء: ٦٧٩٣ ، ٦٧٩٥. أبو داود. أدب: ٤٩٤٦ ترمذي. دعوات: ٣٣٧٨.

الْكَوَاكِبِ إِنَّ الْعُلَمَاءَ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاءِ إِنَّ الأَنْبِيَاءَ لَمْ يُوَرِّثُوا دِينَارًا وَلاَ دِرْهَمًا إِنَّمَا وَرَّثُوا الْعِلْمَ فَمَنْ أَخَذَ بِهِ أَخَذَ بِحَظٍّ وَافِرٍ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ وَاللفظُ لَهُ[٤].

واتە: ئەبو دەردا (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو (دروودی خوای لەسەربێ): کەسێ ڕێگەیێ بگرێ بەشوێن فێربوونو زانستا بگەڕێ، خودا ڕێگەی بەهەشتی بۆ ئاسان دەکا، فریشتەکانیش کاتێ قوتابییەك یا فێرخوازێ دەبینن لە خۆشی ئەو قوتابییە دەنیشنەوە دەورەی لێ دەدەن،دانیشتوانی ئاسمانەکانو زەمین هەموو دەپاڕێنەوە بۆ زانا، هەتا ماسیش لە ئاوا لە خودا دەپاڕێتەوە بۆی! باوو قەدرو گەورەیی زانا لەچاو شۆفیلکەی خودا پەرستدا وەك باوو قەدرو گەورەیی مانگ وایە لەچاو ئەستێرەکانی تردا، بێگومان کە زاناکان میراتبەرو کەلەپوور گری پێغەمبەرەکانن، دیارە کە پێغەمبەرەکانیش دینارو درەمو زێڕو زیویان بە کەلەپوور لەپاش خۆیان بەجێ نەهێشتووە، بەڵکوو عیلمو زانست کەلەپووری ئەوانە، جا بەراستی ئەو کەسەی لەم کەلەپوورەی بەر بکەوێ بەشی فرە گەورەیە! (ت-س/منقطع-د).

١٠٢- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ عَمْرٍو عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الْعِلْمُ ثَلاَثَةٌ وَمَا سِوَى ذَلِكَ فَهُوَ فَضْلٌ: آيَةٌ مُحْكَمَةٌ أَوْ سُنَّةٌ قَائِمَةٌ أَوْ فَرِيضَةٌ عَادِلَةٌ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَابن مَاجَه[٥].

واتە: لە عەبدوڵڵای کوڕی عەمرەوە پێغەمبەر دەفەرموێ: (دروودی خوای لەسەربێ): زانین بریتییە لەم سێ شتە وە زیاد لەم سێ شتە خێرە:

یەکەم: زانینی ئایەتێکی موحکەم لە قورئان کە مانایەکی ڕۆشنی هەبێو حوکمەکەی دامەزرابێو نەسخ نەبووبێتەوە.

دووەم: زانینی یاسایەکی دامەزراو لە ڕەوشتو سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ).

---

(٤) بسند منقطع (شرحه).

(٥) رواه أبو داود بسند فيه عبد الرحمن الأفريقي (شرحه) فى حديثه مناكير (تهذيب التهذيب)

سـێیەم: زانینـی یاسـای مـیرات و كەلـەپوور بەشـكردن بـەڕێكوپێكی (د/ئیبنو ماجە).

١٠٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: خَصْلَتَانِ لاَ تَجْتَمِعَانِ فِي مُنَافِقٍ حُسْنُ سَمْتٍ وَلاَ فِقْهٌ فِي الدِّينِ[٦].

واتـە: ئـەبو هـورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) لـە پێغەمبـەرەوە دەفـەرموێ: (درودی خوای لەسەربێ): دوو نیـشانە هـەن، لـە ئـادەمیزادی ناپـاك و دووڕوودا قـەت كـۆ نابنەوە: یەكێ شێوەی شیرین، یەكێ: شارەزایی لە ئایین! (ت/سند غريب).

١٠٤- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الْكَلِمَةُ الْحِكْمَةُ ضَالَّةُ الْمُؤْمِنِ فَحَيْثُ وَجَدَهَا فَهُوَ أَحَقُّ بِهَا. وَفِي رِوَايَةٍ: مَنْ طَلَبَ الْعِلْمَ كَانَ كَفَّارَةً لِماَ مَضى[٧].

واتــە: دیـسان ئـەو گـوتی: پێغەمبــەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفـەرموێ: فەرمایشتی جوان و قسەی بەنرخ و وتەی پڕ حیكمەت و مانا، نێچیری پیاوی موسوڵمانە، بۆیە لە هەرلا چنگی بكەوێ هەر لەخۆی جوانە لـە گێڕانەوەیـەكا: هەر كەسێ منەی عیلم و زانست بكاو بگەڕێ بەدوای فێربوونی زانینا ئـەوە دەبێ بە كەففارەتی گوناهی ڕابووردووی (ت/سند غريب).

١٠٥- عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَـالَ: فَقِيـه أَشَـدُّ عَلَـى الشَّيْطَانِ مِنْ أَلْفِ عَابِدٍ[٨].

واتە: ئیبنو عەبباس (خوای لێ ڕازی بێ) گـوتی: پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: شەریعەتزانێ یا مەلایێ، یا زانایەكی ئایینی بۆ شەیتان لـە هـەزار سۆفی و سۆفیلكە ترس و زیانی زۆر ترە. (ت-سند غريب).

١٠٦- عَنْ أَبِي أُمَامَةَ الْبَاهِلِيِّ قَالَ: ذُكِرَ لِرَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَجُلاَنِ أَحَدُهُمَا عَابِدٌ وَالآخَرُ عَالِمٌ فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَـضْلُ الْعَـالِمِ عَلَـى

---

(٦) سند غريب (شرحه).

(٧) سند غريب (شرحه).

(٨) سند غريب (شرحه).

الْعَابِدِ كَفَضْلِي عَلَى أَدْنَاكُمْ". ثُمَّ قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِنَّ اللَّهَ وَمَلاَئِكَتَهُ وَأَهْلَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ حَتَّى النَّمْلَةَ فِي جُحْرِهَا وَحَتَّى الْحُوتَ لَيُصَلُّونَ عَلَى مُعَلِّمِ النَّاسِ الْخَيْرَ[٩].

واتە: ئەبو ئومامەی باهیلی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: باسی دوو پیاو کرا لە خزمەتی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەربێ) یەکێکیان سۆفیلکەبوو، ئەوی تریان زانابوو، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: رێزو گەورەیی زانا لەچاو سۆفیو سۆفیلکەدا وەك رێزو گەورەیی من وایە لەچاو کەمترین کەستانا. (لە پاشا فەرموشی (درودی خوای لەسەربێ): خودا خۆیو فریشتەکانیو خەڵکی ئاسمانەکانو خەڵکی زەوی هەموویان سەڵاوات دەدەن لە دیداری ئەو کەسانە کە خەڵك فێری چاکە دەکەنو دەبن بە مامۆستای خێرو چاکە بۆ مەردووم، هەتا میروولە لەناو شارەکەیداو ماسی لەناو ئاودا سەڵاواتیان لەسەر دەدەنو دووعاو نزای خێریان بۆ دەکەن) (ت- سند غریب).

١٠٧- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لَنْ يَشْبَعَ الْمُؤْمِنُ مِنْ خَيْرٍ يَسْمَعُهُ حَتَّى يَكُونَ مُنْتَهَاهُ الْجَنَّةُ. رَوَى هَذه الْخَمْسَة التِّرْمِذِيُّ[١٠].

واتە: ئەبو سەعیدی خودری (خوای لێ رازی بێ) گوتی: حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: موسوڵمان لەبیستنو لەفێربوونی خێرو چاکە قەت تێر نابێ هەتا نەمرێو لە بەهەشتا هەوار هەڵ نەدا! (ت-س/ تیرمیذی بە سەنەدی حەسەن).

١٠٨- عَنْ عُثْمَانَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: يَشْفَعُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثَلاَثَةٌ الأَنْبِيَاءُ ثُمَّ الْعُلَمَاءُ ثُمَّ الشُّهَدَاءُ. رَوَاهُ إِبنْ مَاجَه[١١].

---

(٩) سند غريب (شرحه).

(١٠) سند حسن (شرحه).

(١١) بسند حسن (شرحه).

واتــە: عوسمـان (خوای لێ ڕازی بێ) **لـە پێغەمبـەرەوە دەفـەرموێ:** (درودی خوای لەسەربێ)**: لە ڕۆژی قیامەتا سێ دەستە لەلای خودا تکا دەکەن بۆ مەردوم:**
دەستەی یەکەم: پێغەمبەران،
دەستەی دووەم: زانایان.
دەستەی سێیەم: شەهیدان، (ئیبنو ماجە – س/ح).

١٥) باسی دووەم: ڕاگەیاندنی زانین پێویستە، وە بڵاوکردنەوەیشی زۆر خێرو گەورەیە: (الباب الثاني: في وجوب تبليغ العلم وفضل نشره)

{قَالَ: اللهُ تَعالى – وَإِذَ أَخَذَ اللّهُ مِيثَاقَ الَّذِينَ أُوتُواْ الْكِتَابَ لَتُبَيِّنُنَّهُ لِلنَّاسِ وَلاَ تَكْتُمُونَهُ – ٣/١٨٧}.

واتە: خودای گەورە دەفەرموێ: ئەی خۆشەویست! باسی ئەو چاخ و چەرخە بکە بۆ یارانت کە خودا عەهدو پەیمانی وەرگرت لەو زانایانە کە نامەی خودایان پێ دراوە کە بەڕاستی مەبەست و مانای ئەو نامەی خودایە ڕووناک بکەنەوە بۆ هەموو کەسێ وە لە کەسی نەشارنەوە.

١٠٩– عَنْ أَبِي بَكْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لِيُبَلِّغِ الشَّاهِدُ الْغَائِبَ، فَإِنَّ الشَّاهِدَ عَسَى أَنْ يُبَلِّغَ مَنْ هُوَ أَوْعَى لَهُ مِنْهُ. رَوَاهُ الشَّيْخَانَ[١].

واتــە: ئـەبو بـەکرە لـە پێغەمبـەرەوە دەفـەرموێ: (درودی خوای لەسەربێ)**: با ئەوەی حازرەو گوێی لەم فەرموودانەو بەیانی شەریعەتەیە هەرچی دەژنەوێ بەپێی توانا ڕایبگەیەنێ بەو کەسانە کە لێرە حازرنین، سا بەشکوو حازرەکە ئەم زانین و فەرمایشتانە ڕابگەیەنێ بە کەسێکی تر کە دوورنیە ئەو لەم باشتر لێیان تێبگاو چاکتر لەبەریان بکا (ش).**

١١٠– عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: بَلِّغُوا عَنِّي وَلَوْ آيَةً وَحَدِّثُوا عَنْ بَنِي إِسرائِيلَ وَلا حَرَجَ وَمَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ. رَوَاهُ الْبُخَارِي وَالتِّرْمِذِيُّ[٢].

---

(١) بخاري. علم: ٦٧ ، ١٠٥ ، ١٧٤١ ، ٣١٩٧ ، ٤٤٠٦ ، ٤٦٦٢ ، ٥٥٥٠ ، ٧٠٧٨ ، ٧٤٤٧. مسلم. حدود: ٤٢٥٩.

(٢) بخاري. أنبياء: ٣٤٦١.

واتە: عەبدوڵڵای كوڕی عەمر (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: ئەگەر تەنیا یەك ئایەتیشتان لە لایەنی منەوە ڕاگەیاندووە بە موسوڵمانان بیكەن و ڕای بگەیەنن پێیان، قسەو باس و خواسی بەنی ئیسرائیل (نەوەی ئیسرائیل)یش بگێڕنەوە لەناو خۆتانا، بۆ پەند دادان و ئامۆژگاری قەیناكا، هەر كەسێكیش بە ئارەزوو بەدەم منەوە درۆ بكا، با جێگەی خۆی لە دۆزەخا خۆش بكا (ب/ت).**

١١١- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) **عَنِ النَّبِيِّ** (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَالَ: مَنْ سُئِلَ عَنْ عِلْمٍ فَكَتَمَهُ أَلْجَمَهُ اللّٰهُ بِلِجَامٍ مِنْ نَارٍ يَوْمَ الْقِيَامَةِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ[٣].**

واتە: ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (دروودی خوای لەسەربێ) **هەركەسێ لە زانستێ پرسیاری لێ بكەن و حەشاری بداو وەڵامی پرسیارەكە نەداتەوە ئەوە لە ڕۆژی قیامەتا خودا لغاوی ئاگرینی لەدەم دەكا! (د/ت-س/ح).**

١١٢- عَنْ أَبِي مُوسَى (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) **عَنِ النَّبِيِّ** (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَالَ: مَثَلُ مَا بَعَثَنِي اللّٰهُ بِهِ مِنَ الْهُدَى وَالْعِلْمِ كَمَثَلِ الْغَيْثِ الْكَثِيرِ أَصَابَ أَرْضًا، فَكَانَ مِنْهَا نَقِيَّةٌ قَبِلَتِ الْمَاءَ، فَأَنْبَتَتِ الْكَلأَ وَالْعُشْبَ الْكَثِيرَ، وَكَانَتْ مِنْهَا أَجَادِبُ أَمْسَكَتِ الْمَاءَ، فَنَفَعَ اللّٰهُ بِهَا النَّاسَ، فَشَرِبُوا وَسَقَوْا وَزَرَعُوا، وَأَصَابَتْ مِنْهَا طَائِفَةً أُخْرَى، إِنَّمَا هِيَ قِيعَانٌ لاَ تُمْسِكُ مَاءً، وَلاَ تُنْبِتُ كَلأً، فَذَلِكَ مَثَلُ مَنْ فَقِهَ فِي دِينِ اللّٰهِ وَنَفَعَهُ مَا بَعَثَنِي اللّٰهُ بِهِ، فَعَلِمَ وَعَلَّمَ، وَمَثَلُ مَنْ لَمْ يَرْفَعْ بِذَلِكَ رَأْسًا، وَلَمْ يَقْبَلْ هُدَى اللّٰهِ الَّذِي أُرْسِلْتُ بِهِ. رَوَاهُ الشَّيخَانِ[٤].**

واتە: ئەبو مووسا (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: حەزرەت دەفەرموێ:** (دروودی خوای لەسەربێ): **ئەم هیدایەت و ڕێنموویی و زانستەكە خودا بەمنا ناردوویەتی بۆ ئەم خەڵكە وەك بارانێكی زۆر وایە كە بباریێ لە خاكێ، بەشێكی خاكێكی پاك و بەپیزبێ و باراناوەكە بگرێتە خۆی و لەوەڕو گیایەكی زۆری پێ سەوز ببێ، وە**

---

(٣) رواه الترمذي بسند حسن (شرحه).

(٤) بخاري. علم: ٧٩. مسلم. فضائل: ٥٩١٢.

بەشێكی تری زەوییەكی رەقەن و رووتەن بێ شینایی و سەوزایی نەڕوێنێ بەڵام ئاوەكە قووت نەداتەوە بەڵكوو گلی بداتەوەو ببێ بە گۆماوو خودا بیكا بە مایەی خێرو خۆشی و سوود بۆ خەڵك: بەم رەنگە هەم خۆیان لێی بخۆنەوەو هەم ئاژەڵ و مالاتی پێ ئاوبدەن و هەم كەشتوكاڵی لەبەرا بكەن وە بەشێكی تریشی دەشتانی و شۆرەكات بێ نە ئاو گل بداتەوەو نە لەوەڕیش سەوز بكا، جا ئەم خاك و بارانە نموونەو وێنەیە بۆ ئەو كەسە خودا پێداوانە كە لە ئایینی خودا شارەزا دەبن و بە فەرمانی خودا لەم ئایینی منە سوود وەردەگرن و هەم خۆیان فێری زانین دەبن و هەم خەڵكی تریش فێر دەكەن و لە هەردوو جیهانا سەریان بەرز دەبێتەوە، هەر وەك نموونەو وێنەشن بۆ ئەو كەسانەیش كە سەریان پێی بەرز نابێ و ئەو هیدایەت و دینە راستەی كە خودا بەمنا ناردوویەتی نایانەوێ و وەری ناگرن (ش)

١١٣- عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: وَاللهِ لَأَنْ يَهْدِيَ اللهُ بِهُدَاكَ رَجُلاً وَاحِداً خَيْرٌ لَكَ مِنْ حَمْرِ اَلنَّعَمْ. رَوَاهُ الثَلاثَة(٥).

واتە: سەهلی كوڕی سەعد (خوای لێ رازی بێ) گوتی: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) لە غەزای خەیبەردا بە ئیمامی عەلی فەرموو: بەخودا ئەگەر بەهۆی رابەریی تۆوە خودا تاقە یەك كەس شارەزای رێگەی راست بكا ئەوە لە هەموو ماڵی دنیا چاكترە بۆتۆ! (ش/د).

١١٤- عَنْ بْنَ مَسْعُودٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ حَسَدَ إِلاَّ فِي اثْنَتَيْنِ رَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ مَالاً فَسُلِّطَ عَلَى هَلَكَتِهِ فِي الْحَقِّ، وَرَجُلٌ آتَاهُ اللَّهُ الْحِكْمَةَ، فَهْوَ يَقْضِي بِهَا وَيُعَلِّمُهَا. رَوَاهُ الشَيخَانِ والتِّرْمِذِيُّ(٦).

واتە: ئیبنو مەسعوود (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: حەسوودیی و بەخیلی بەكەس دروست نیە بەم دوو كەسە نەبێ: یەك بە پیاوێ خودا ماڵی رەحمەتی بداتێ وەخۆشی دەستی تێ بچێ لە

---

(٥) بخاري. جهاد: ٢٩٤٢ ، ٣٠٠٩ ، ٣٧٠١ ، ٤٢١٠. مسلم. فضائل: ٦١٧٣.

(٦) بخاري. علم: ٧٣ ، ١٤٠٩ ، ٧١٤١ ، ٧٣١٦. مسلم: ١٨٩١، ١٨٩٢ ، ١٨٩٣.

ڕێگەی ڕاستا داغانی بکا، یەك بە پیاوێ کە خودا دانایی و پەندیاریی پێبدا، جا هەم خۆی ڕەفتاری پێ بکاو هەم فێری خەڵکی تریشی بکا (ش/ت).

١١٥- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: نَضَّرَ اللَّهُ امْرَأً سَمِعَ مِنَّا شَيْئًا فَبَلَّغَهُ كَمَا سَمِعَ فَرُبَّ مُبَلَّغٍ أَوْعَى مِنْ سَامِعٍ. رَوَاهُ ألتِّرْمِذِيُّ وَأَبُو دَاوُدَ. وَفِي رِوَايَةٍ:نَضَّرَ اللَّهُ امْرَأً سَمِعَ مِنَّا حَدِيثاً فَحَفِظَهُ حَتىّ يُبَلِّغَهُ فَرُبَّ حامِلِ فِقْهٍ إِلى مَنْ هُوَ أَفْقَهُ مِنهُ وَرُبَّ حامِلِ فِقْهٍ لَيْسَ بِفَقِيهٍ[٧].

واتە: دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: خودا گەشی و خۆشی بخاتە ئەو کەسە کە شتێ لە ئێمە دەبیستێ وە چۆنی دەبیستێ ئاوا ڕای دەگەیەنێ بە موسوڵمانان، چونکە زۆر کەس لە وانەی کە ئەو فەرمایشتەیان پێ دەگاتەوە گەلێ باشتر تێی دەگەن لە زۆر لەو کەسانەی کە بە گوێی خۆیان لە دەمی منی دەبیستن! (ت-س/ص-د).

لە گێڕانەوەیەکا: خودا ڕووی ئەو کەسە شەوقدارو گەش کا کە فەرموودەیێ لە ئێمە دەبیستێ و لەبەری دەکا تا دەیگەیەنێ بە جێگەی خۆی، چونکە زۆر شەریعەت هەڵگر هەیە شەریعەتەکە لەبەردەکا تا دەیگەیەنێ بە کەسێکی تر کە ئەو لەم باشتر لێی تێ دەگا، وە زۆر شەریعەت لەبەر هەیە کە خۆی شەریعەتزان نیە.

١١٦- عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ الْبَدْرِيِّ أَنَّ رَجُلاً أَتَى النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَسْتَحْمِلُهُ فَقَالَ: إِنَّهُ قَدْ أُبْدِعَ بِي. فَقالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ايْتِ فُلانًا فَأَتَاهُ فَحَمَلَهُ فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَنْ دَلَّ عَلَى خَيْرٍ فَلَهُ مِثْلُ أَجْرِ فَاعِلِهِ. رَوَاهُ ألأربَعَة[٨].

واتە: ئەبو مەسعوودی بەدری (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پیاوێ هاتە لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) داوای وڵاخی سواری لێ کرد بۆ خۆی گوتی:

---

(٧) رواه الترمذي بسند صحيح (شرحه).

(٨) بخاري. جهاد: ٢٨٤٣. مسلم. جهاد: ٤٨٧٦ ، ٤٨٧٧ ، ٤٨٧٨ ، ٤٨٧٩. أبو داود. جهاد: ٢٥٠٩ ترمذي. جهاد: ١٦٣١.

پەکم کەوتووە لەبەر بێ ولاخی. پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بچۆ بۆ لای فیسارە کەس ئەویش چوو بۆ لای، کابرا ولاخێکی سواری دایە، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر کەسێ خێرێ نیشانی کەسێ بدا خۆشی بەقەد خێرکەرەکە خێری دەگا (ش/د/ت).

١٦) سەرباسێ: دەشێ زانین بنووسرێتەوە تا نەفەوتێ
فرع – يكتب العلم لصيانته

١١٧– عَنْ أَبِي جُحَيْفَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: قُلْتُ لِعَلِيّ: هَلْ عِنْدَكُمْ كِتَابٌ؟ قالَ: لاَ، إلاَّ كِتَابُ اللَّهِ، أَوْ فَهْمٌ أُعْطِيَهُ رَجُلٌ مُسْلِمٌ، أَوْ مَا فِي هَذِهِ الصَّحِيفَةِ. قَالَ: قُلْتُ فَمَا فِي هَذِهِ الصَّحِيفَةِ قَالَ: الْعَقْلُ، وَفَكَاكُ الأَسِيرِ، وَلاَ يُقْتَلُ مُسْلِمٌ بِكَافِرٍ[1].

واتە: ئەبو جوحەیفە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: بە ئیمامی (علی)م گوت: ئێوە کە خانەوادەی پێغەمبەرن (دروودی خوای لەسەربێ) ئایا هیچ نامەو نووسراوێکی تایبەتیتان لەلا هەیە کە لەلای خەڵکی تر نەبێ، وەك هەندێ کەس ئەم داوایە دەکەن؟ عەلی گوتی: نەء، شتی وامان لەلا نیە، جگە لە قورئان کە نامەی خودایە، کە ئەویش لەلای هەموو موسوڵمانێ هەیە، مەگەر تێگەیشتن و فەهمێ کە خودا بیدا بە بازێ پیاوی موسوڵمان، لەگەڵ ئەوەی لەم تۆمارەدا نووسراوە (کە لە کێلانی شمشێرەکەما هەڵم گرتووە تا نەفەوتێ) گوتم: باشە ئەم تۆمارە چی لێ نووسراوە؟ گوتی: باسی چۆنێتی خوێندان و ئەندازەو چەشنی خوێنبایی و باسی سەرانەو بارمتەی دیل و ئەو مەسەلەیەیش: کە موسوڵمان لە باتی کافرو بێ بڕوا ناکوژرێتەوە! (ش/ت).

١١٨– عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: عَامَّ فَتْحِ مَكَّةَ فِيْ اَلْحَدِيثِ الطَّوِيلِ: اكْتُبُوا لِأَبِي شاهٍ. رَوَاهُمَا اَلشَّيْخَانِ والتِّرْمِذِيُّ.

---

(١) بخاري. الفرائض: ٦٧٥٥.

واتــە: ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ رازی بێ) **گـوتی: لـە سـاڵی فـەتحی مەککـەدا پێغەمبـەر** (درووودی خـوای لەسـەربێ) **دوانێکـی دوورو درێـژی دا پیـاوێکی یەمـەنی کـەناوی ئەبوشـاە بـوو گـوتی: (ئـەی پێغەمبـەری خـودا! بفـەرموو کـە ئـەم فەرمایشتە بنووسن بۆم!) پێغەمبەریش** (درووودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: بۆ ئـەبو شاهی بنووسن (ش/ت).**

١١٩- وَعَنْهُ يَقُولَ: ما مِنْ أَصْحَابِ أَلنَّبِيِّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَحَدٌ أَكْثَرَ حَدِّيثاً عَنْهُ مِنِّي إِلاَّ ما كَانَ مِنْ عَبدِاللهِ بْنِ عِمْرٍو فَإِنَّهُ كَانَ يَكْتُبُ وَلاَ أَكْتُبْ. رَوَاهُ أَلبُخاري والتِّرْمِذِيُّ(٣)

واتە: دیسان گوتی: کەس لە یارانی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسـەربێ) **بەقـەد من فەرموودەی پێغەمبەری لە لانیە، مەگەر عەبدوڵڵای کوڕی عەمر، ئەو لە من زیاتر فـەرموودەی حـەزرەتی لـە لایـە، چونکە ئـەو خوێنـدەواربوو دەینووسی بەڵام من خوێندەوارنیمو نازانم بنووسم (ب/ت).**

١٢٠- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَـالَ: كُنْـتُ أَكْتُـبُ كُـلَّ شَـيْءٍ أَسْمَعُهُ مِنْ أَلنَّبِيِّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أُرِيدُ حِفْظَهُ فَنَهَتْنِي قُرَيْشٌ وَقَالُوا: أَتَكْتُبُ كُلَّ شَيْءٍ تَسْمَعُهُ وَرَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بَشَرٌ يَتَكَلَّمُ فِي الْغَضَبِ وَالرِّضَا فَأَمْسَكْتُ عَنِ الْكِتَابِ فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِرَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَأَوْمَأَ بِأُصْبُعِهِ إِلَـى فِيـهِ فَقَـالَ: اكْتُبْ فَوَالَّذِى نَفْسِي بِيَدِهِ مَا يَخْرُجُ مِنْهُ إِلاَّ حَقٌّ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ(٤).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمر (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: هەرچیم لە پێغەمبـەر** (درووودی خوای لەسەربێ) **دەبیـست دەم نووسـی هـەتا لەبـەری بکـەم، بـەڵام قـوڕەیش نـــەیان هێـــشتمو گوتیـــان: چـــۆن شـــتی وا دەکـــەی، مەینووســـە چـــونکە پێغەمبـەریش** (درووودی خـوای لەسـەربێ) **هـەر ئـادەمیزادەو لـە تووڕەیی و شـێنەیی دا قسان دەکا، لەبەر ئەوە مەرج نیە کە هەرچی فـەرموو ئیتر شـەریعەت بـێ، جا منیش وازم لە نووسین هێنـا تـا ئـەم باسـەم گێڕایـەوە بـۆ حـەزرەت** (درووودی خوای

---

(٣) رواه الترمذي بسند صحيح (شرحه. جلد/٣ص٤١٠ حاشية رقم: (٨).

(٤) سكت عنه الشارح (مترجم).

لەسەربێ) جا حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) پەنجەی خۆی دانا لەسەردەمی موبارەكی، فەرمووی: هەرچی لەم دەمە دەبیستی بینووسە، دەسا بەو كەسە كە گیانی منی بە دەسە ئەوەی راستو دروست نەبێ لەم دەمە دەرناچێ! (د).

١٧) باسی سێیەم: باسی دەستوورو نادابی زانین

الباب الثالث: في آداب العلم

١٢١– عَنْ أَنَس (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنَّهُ كَانَ إِذَا تَكَلَّمَ بِكَلِمَةٍ أَعَادَهَا ثَلاَثًا حَتَّى تُفْهَمَ عَنْهُ، وَإِذَا أَتَى عَلَى قَوْمٍ فَسَلَّمَ عَلَيْهِمْ سَلَّمَ عَلَيْهِمْ ثَلاَثًا. رَوَاهُ اَلْبُخَارِي وَأَبُو دَاوُدَ[1].

واتە: ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: دەستووری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وابوو كە قسەیەكی دەكرد لە بابەت ئایینەوە سێ جار دووبارەی دەكردەوە، تاباش لە قسەكەی تێبگەن، وە كە دەچوو بۆ ناو كۆمەڵێ، كاتێ سلاوی لێ دەكردن (ئەگەر گوێیان لێ نەبوایە) تا سێ جار سلاوەكەی دووبارە دەكردەوە (ب/د).

١٢٢– وَعَنْه عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: يَسِّرُوا وَلاَ تُعَسِّرُوا، وَبَشِّرُوا وَلاَ تُنَفِّرُوا. رَوَاهُ اَلشيخان[2].

واتە: دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: كار ئاسان بكەن، وەكار گران مەكەن وە مژدەی خۆش بە خەڵك بدەن، وە بە هەڕەشەو گوڕەشەی زۆر خەڵك لە دین مەتەكێننەوە (ش).

١٢٣– عَنْ أَبِي وَائِلٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: كَانَ عَبْدُ اللّٰهِ يُذَكِّرُ النَّاسَ فِي كُلِّ خَمِيسٍ، فَقَالَ: لَهُ رَجُلٌ يَا أَبَا عَبْدِ الرَّحْمَنِ لَوَدِدْتُ أَنَّكَ ذَكَّرْتَنَا كُلَّ يَوْمٍ. قَالَ: أَمَا

---

(١) بخاري. إيمان: ٩٤ ، ٩٥ ، ٦٢٤٤.

(٢) بخاري. إيمان: ٦٩ ، ٦١٢٥. مسلم. مغازي: ٤٥٠٣.

إِنَّهُ يَمْنَعُنِي مِنْ ذَلِكَ أَنِّي أَكْرَهُ أَنْ أُمِلَّكُمْ، وَإِنِّي أَتَخَوَّلُكُمْ بِالْمَوْعِظَةِ كَمَا كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَتَخَوَّلُنَا بِهَا، مَخَافَةَ السَّآمَةِ عَلَيْنَا. رَوَاهُ الشيخان والترميذي[٣].

واتە: ئەبو وائیل گوتی: عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود دەستووری وابوو هەموو ڕۆژێ پێنج شەموانێ تەمێ و ئامۆژگاری خەڵکەکەی دەکرد، ڕۆژێ پیاوێ پێی گوت: ئەی باوکی ئەورەحمان! خۆزگەم هەموو ڕۆژێ ئەم تەمێ و ئامۆژگارییەت دەکردین. گوتی: ئەدی من لەبەر ئەوە وا ناکەم حەز ناکەم وە ڕستان بکەم منیش وەك جارانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) چۆن ئەو ناو بەناو پەندی دادەداین و ئامۆژگاری دەکرێن نەبادا ئەگەر هەموو ڕۆژێ پەندمان دابدا، جاڕس ببین، منیش ئێستا لەگەڵ ئێوەدا ئاوا دەکەم چاو لەو دەکەم (ش/ت).

١٢٤ – قَالَ: أَنَسٌ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) إِنَّهُ لَيَمْنَعُنِي أنْ أُحَدِّ ثَكُمْ حَدِيثاً كَثيرا أَنَّ ألنَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: مَنْ تَعَمَدَ عَلَى كَذِباً فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ. رَوَاهُ الأربَعَة[٤].

واتـــە: ئەنـــەس (خـوای لێ ڕازی بـێ) گـوتی: بۆیـــە مـــن فەرمایـــشتی زۆری حەزرەتتان بۆ ناگێڕمەوە چونکە حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەر کەسێ بەقەستی بەدەم منەوە درۆ بکا با جێگەی خۆی لە ئاگری دۆزەخدا خۆش بکا (ش/د/ت).

١٢٥ – وَلِمُسْلِمٍ إِنَّ كَذِبًا عَلَيَّ لَيْسَ كَكَذِبٍ عَلَى أَحَدٍ، فَمَـنْ كَـذَبَ عَلَـيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ[٥].

واتـە: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: درۆکردن بەدەم منەوە وەك درۆکردن بەدەم کەسی ترەوە نیە، هەر کەسێ بەقەستی بەدەم منەوە درۆ بکا با جێگەی خۆی لەناو ئاگری دۆزەخدا خۆش بکا(م).

---

(٣) بخاري. علم: ٧٠. مسلم. توبه: ٧٠٦٠ ، ٧٠٥٨.

(٤) بخاري. العلم: ١١٠ ، ١٠٩ ، ١٠٦ ، ٦١٩٧. مسلم. مقدمة: ٢ ، ٢ ، ٤.

(٥) مسلم. مقدمة: ٥ ، ٢١٥٤ ، ٢١٥٥ ، ٢١٥٦. بخاري. جنائز: ١٢٩١.

١٢٦- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ عَمْرٍو (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ اللّٰهَ لاَ يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعًا، يَنْتَزِعُهُ مِنَ الْعِبَادِ، وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ، حَتَّى إِذَا لَمْ يُبْقِ عَالِمًا، اتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوسًا جُهَّالاً فَسُئِلُوا، فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ، فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا. رَوَاهُ الشيخان والترمذي[٦].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی عەمر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەوە نەبێ کە خودا لەپڕ عیلمو زانین لە بەندەکانی خۆی بگرێتەوە، بەسڕین بیسڕێتەوە لە سینگیان، بەڵام خودا بەرو دوا زاناکان دەباتەوە بۆ لای خۆی، تاوای لێ دێ عیلمو زانین نامێنێو هەڵ دەگیرێ، جا کاتێ نەزانین ماو نە زانا ما، ئەوجا ڕەشە خەڵکە کە، سەرۆکی نەزانو نەدان دادەنێن بۆ خۆیانو، دەست دەکەن بە پرسیارکردن لێیان، جا ئەوانیش بە نەزانیو نادانی فەتوایان بۆ دەدەن، جا هەم خۆیان لە ڕێ دەر دەچنو هەم خەڵکی تریش لەڕێ دەردەکەن! (ش/ت).

١٢٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ أُفْتِيَ بِغَيْرِ عِلْمٍ كَانَ إِثْمُهُ عَلَى مَنْ أَفْتَاهُ وَمَنْ أَشَارَ عَلَى أَخِيهِ بِأَمْرٍ يَعْلَمُ أَنَّ الرُّشْدَ فِي غَيْرِهِ فَقَدْ خَانَهُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَابْن ماجَه.

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەر کەسێ یەکێ بە نەزانی فەتوای بۆ بدا ئەوە گوناهی بە ئەستۆی ئەو کەسەیە کە بە نەزانی فەتوای بۆ دەدا، وە هەر کەسێ هەر کارێ نیشانی برایەکی موسوڵمانی خۆی بداو پێی بڵێ کە بیکا، وە لە هەمان کاتدا بشزانێ کە کردنی ئەو کارە باش نیە، یا بە پێچەوانەوە، ئەوە سوور ئەو کەسە گزیو ناپاکی لەو براموسڵمانەی خۆی دەکا! (د/ ئیبنو ماجە).

١٢٨- عَنْ عَوْفِ بْنِ مَالِكٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ يَقُصُّ عَلَى النَّاسِ إِلاَّ أَمِيرٌ أَوْ مَأْمُورٌ أَوْ مُخْتَالٌ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَأَحمَد[٨].

---

(٦) بخاري. علم: ١٠٠ ، ٧٣٠٧. مسلم. ٦٧٣٧. ترمذي: ٢٦٥٢.

٨) بسند حسن (شرحه).

واتە: عەوفی کوڕی مالیك (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: کەس هەقی تەمێ و ئامۆژگاریکردنی خەڵکی نیە بێجگە لەم دوو کەسە. یا فەرمانڕەوا خۆی یا کەسێ کە فەرمانڕەوا رێگەی ئەوەی پێ بدا، ئیتر لەم دوو کەسە بترازێ هەر کەسێکی تر لە خۆیەوە شتی وا بکا ئەوە بۆ فیزو دەعیە دەیکا، بۆ ڕەزای خودا نایکا (د/ئەحمەد-س/ح).

١٢٩- عَنْ أَبِي هَارُونَ الْعَبْدِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) قالَ: كُنَّا نَأْتِي أَبَا سَعِيدٍ فَيَقُولُ مَرْحَبًا بِوَصِيَّةِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: إِنَّ النَّاسَ لَكُمْ تَبَعٌ وَإِنَّ رِجَالاً يَأْتُونَكُمْ مِنْ أَقْطَارِ الأَرَضِينَ يَتَفَقَّهُونَ فِي الدِّينِ فَإِذَا أَتَوْكُمْ فَاسْتَوْصُوا بِهِمْ خَيْرًا. رَوَاهُ الترمذي وَابن ماجه[٩].

واتە: ئەبو هاروونی ئەل-عەبدی گوتی: جاران کە دەچووین بۆ لای ئەبو سەعید دەیگوت: خۆش هاتنو بەخێر بێن، دەربارەی ئێوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ئامۆژگاری دەکرین: دەیفەرموو: خەڵکی تر پەیڕەوی ئێوەنو چاو لە ئێوە دەکەن ئەی خەڵکی شاری مەدینە! پیاوان لە دوورە وڵاتەوە لە هەموو لایەکەوە دێن بۆ لاتان، تاکوو شارەزای ئایین ببن، جا کەدێن بۆ لاتان وەسێت بێ لێتان چاوی خێرتان لێیان بێو قەدریان بزانن! (ت - سند غریب - ئیبنو ماجە).

١٨) لاباسێ: زانین دەبێ هەر بۆڕەزامەندی خودای گەورەبێ:
فرع: يلزم أن يكون العلم لله تعالى

١٣٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: مَنْ تَعَلَّمَ عِلْمًا يُبْتَغَى بِهِ وَجْهُ اللَّهِ لاَ يَتَعَلَّمُهُ إِلاَّ لِيُصِيبَ بِهِ عَرَضًا مِنَ الدُّنْيَا لَمْ يَجِدْ عَرْفَ الْجَنَّةِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَابن ماجه[١].

---

(٩) رواه الترمذي بسند غريب (شرحه).

(١) سكت عنه الشرح (مترجم).

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر کەسێ زانستێ فێر ببێ - لەو شتانە کە بە زانستی ئایینی دادەنرێت و، دەبێ مەبەست لە فێر بوونیان رەزامەندی خودا بێ - بەڵام ئەو بۆ ئەوەی بێ کە پڕو پیتی ئەم جیهانەی پێ کۆ بکاتەوە ئەوە ئەو کەسە لە رۆژی قیامەتدا بۆن و بەرامەی بەهەشت ناکا (د/ ئیبنو ماجە).

١٣١- عَنْ أبْنِ عُمَرَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَنْ تَعَلَّمَ عِلْماً لِغَيْرِ اللهِ أَوْ أَرَادَ بِهِ غَيْرَ اللهِ فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَابن ماجه[٢].

واتە: ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەر کەسێ زانستێکی شەرعی فێربێ بۆ غەیری خودا یا فەرمووی: مەبەستی پێی غەیری خودابێ با بڕواتە ناو دۆزەخەوە (ت - س/ح - ئیبنو ماجە).

١٣٢- عَنْ كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: مَنْ طَلَبَ الْعِلْمَ لِيُجَارِيَ بِهِ الْعُلَمَاءَ أَوْ لِيُمَارِيَ بِهِ السُّفَهَاءَ أَوْ يَصْرِفَ بِهِ وُجُوهَ النَّاسِ إِلَيْهِ أَدْخَلَهُ اللَّهُ النَّارَ. رَوَاهُمَا التِّرْمِذِي وَابن ماجه[٣].

واتە: کەعبی کوڕی مالیك (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەر کەسێ بۆ ئەوە فێری عیلم و زانست ببێ کە پێی ببێ بە هاوشانی زانایان، یاخود بۆ ئەوە کە دەمە دەمێ و دەمەوەری پێ بکا لەگەڵ گەوج و نەفامان، یان بۆ ئەوە کە خەڵك رووی دەمی تێ بکەن و ناو بانگ دەربکا لە ناویان ئەوە ئەو کەسە خودا بۆ خۆی دەیخاتە ناو ناخی دۆزەخەوە! (ت - سند غريب - ئیبنو ماجە).

---

(٢) رواه الترمذي بسند حسن (شرحه).

(٣) رواه الترذي بسند غريب (شرحه).

١٩) پاشەكی: شوێنەواری عیلمو زانست هەتا هەتایە دەمێنێ
خاتمة: يبقى أثر ألعلم خالدا

١٣٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ دَعَا إِلَى هُدًى كَانَ لَهُ مِنَ الأَجْرِ مِثْلُ أُجُورِ مَنْ يَتَّبِعُهُ لاَ يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئًا وَمَنْ دَعَا إِلَى ضَلاَلَةٍ كَانَ عَلَيْهِ مِنَ الإِثْمِ مِثْلُ آثَامِ مَنْ يَتَّبِعُهُ لاَ يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ آثَامِهِمْ شَيْئًا. رَوَاهُ مُسْلِم وَأَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ[1].

واته: ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: حەزرەت (دروودی خودای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەر كەسێ ڕێگەی ڕاست نیشانی خەڵك بدا خۆشی بەقەد ئەو كەسانە كە بەگوێی دەكەن خێری دەگا، بەبێ ئەوە كە هیچ لە خێری ئەوان كەم بكاتەوە. وە هەر كەسێ ڕێگەی خراپ نیشانی خەڵك بدا خۆشی بەقەد ئەو كەسانە كە بە گوێی دەكەن گوناهی دەگا، بەبێ ئەوە كە هیچ لە گوناهی ئەوان كەم بكاتەوە! (م/د/ت).

١٣٤- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا مَاتَ أَبْنُ آدَمَ أَنْقَطَعَ عَمَلُهُ إِلا مِنْ ثَلاثٍ: صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ أَو عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ. رَوَاهُ أَلْخِمْسَة إِلا الْبُخَارِي[2].

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) دەفەرموێ: كاتێ ئادەمیزاد دەمرێ هەموو كردەوەیكی كۆتایی دێ ئەم سێ شتە نەبێ:

یەكەم: خێرێكی نەبڕاوە (وەك مزگەوتو كاریزو شتی وەقف).

دووەم: زانینی بەسوود.

سێیەم: منداڵو وەچەیەكی باش كە دەوعاو نزای باشی بۆ بكا (م/د/ت/ن).

١٣٥- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ مِمَّا يَلْحَقُ أَلْمُؤْمِنَ مِنْ عَمَلِهِ وَحَسَنَاتِهِ بَعْدَ مَوْتِهِ عِلْماً عَلَّمهُ وَنَشَرَهُ وَوَلَداً صَالِحاً تَرِكَهُ أَوْ مُصْحَفاً وَرَّثَهُ أَوْ

---

(١) مسلم. علم: ٦٧٤٥. أبو داود. السنة: ٤٦٠٩. ترمذي. علم: ٢٦٧٤.

(٢) مسلم. وصية: ٤١٩٩. ترمذي. أحكام: ١٣٧٦. نسائي. وصايا: ٣٦٥٣.

مَسْجِداً بَنَاهُ أَوْ بَيْتاً لِابنِ السَّبِيلِ بَنَاهُ أَوْ نَهْراً اَجْرَاهُ أَوْ صَدَقَةً أَخْرَجَهَا مِـنْ مَالِـهِ فِيَ صِحَّتِهِ وَحَيَاتِهِ تَلْحَقُهُ مِنْ بَعْدِ مَوْتِهِ. رَوَاهُ ابن ماجه والبيهقي وابن خزيمة[٣]

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: موسوڵمان (لە پاش مردنیشی) خێری ئەم کردەوەو چاکانەی خۆیی پێ دەگاتەوە: خێری ئەو زانینە کە فێری خەڵکی تری کردووەو لەناو خەڵکا بڵاوی کردۆتەوە، وە خێری ئەو منداڵە باشە کە لەپاش خۆی بەجێی هێشتووە، وە خێری ئەو مزگەوتە کە دروستی کردووە، یا ئەو دیوەخانە کە دروستی کردووە بۆ رێبوارو رەفتەنی یا ئەو جۆگایە کە هەڵی گرتووە، یا ئەو قورئانە کە بەمیرات بەجێی هێشتووە بۆ کەسوکاری، هەروەها پاداشی هەموو وەقفو خێرێکی تریش کە موسوڵمان (لە حاڵی لەشساغیو ژیانی خۆیا) لە ماڵی خۆی جیای دەکاتەوەو دەیکا بە خێرو وەقف، سەرجەم خێرو پاداشی ئەمانە دەگاتەوە پێی لەپاش مردنی خۆی! (ئیبنو ماجە –س/ح–بەیهەقی/ئیبنو خوزەیمە).

١٣٦– عَنِ جَرِيرِ بْنِ عَبْدِاللَّهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَنْ سَنَّ فِي الإِسْلاَمِ سُنَّةً حَسَنَةً فَعَمِلَ بِهَا بَعْدَهُ كَتِبَ لَهُ مِثْلُ أَجْرِ مِنْ عَمِلَ بِهَـا وَلاَ يَـنْقُصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَىْءٌ وَمَنْ سَنَّ فِي الإِسْلاَمِ سُنَّةً سَيِّئَةً فَعَمِلَ بِهَا بَعْدَهُ كُتِبَ عَلَيْهِ مِثْلُ وِزْرِ مِنْ عَمِلَ بِهَا وَلاَ يَنْقُصَ مِنْ أَوْزَارِهِمْ شَىْءٌ. رَوَاهُ مُسْلِم والتَّرْمِذِيُّ[٤].

واتە: جەریری کوڕی عەبدوڵلا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەرکەسێ (لە ئیسلاما) رەووشتو یاسایەکی جوان دابهێنێ وەخەڵك چاوی لێ بکەنو رەفتاری پێ بکەن، چ لە ژیانیا چ لەپاش مردنی، ئەوە لە پاداشی ئەوەدا بەقەد پاداشی ئەو کەسانە کە بەو یاسایە کار دەکەن خێرو پاداشیش بۆ ئەو کەسە دەنووسرێ، بەبێ ئەوە کە هیچ لە خێری ئەوان کەم بکاتەوە، وە هەر کەسێ (لە ئیسلاما) یاسایەکی ناشرین دابهێنێو خەڵك چاوی لێ بکەنو رەفتاری پێ بکەن، چ لە ژیانیا چ لە پاش

(٣) رواه ابن ماجه بسند حسن (شرحه).

(٤) مسلم. علم: ٦٧٤١ ، ٢٣٥١ ، ٢٣٤٨ ، ٦٧٤٤.


خۆی، ئەوە بەقەد گوناهی ئەوانەی کاری پێ دەکەن گوناهیش بۆ ئەو کەسە دەنووسرێ بەبێ ئەوە کە هیچ لە گوناهی ئەوان کەم بکاتەوە. (م/ت).

١٣٧- عَنْ عَوفِ الْمُزَنِّي أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: لِبِلاَلِ بْنِ الْحَارِثِ: اعْلَمْ. قالَ: مَا أَعْلَمُ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ: اعْلَمْ يَا بِلاَلُ قالَ: مَا أَعْلَمُ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ: أَنَّهُ مَنْ أَحْيَا سُنَّةً مِنْ سُنَّتِي قَدْ أُمِيتَتْ بَعْدِى فَإِنَّ لَهُ مِنَ الأَجْرِ مِثْلَ مَنْ عَمِلَ بِهَا مِنْ غَيْرِ أَنْ يَنْقُصَ مِنْ أُجُورِهِمْ شَيْئًا وَمَنِ ابْتَدَعَ بِدْعَةَ ضَلاَلَةٍ لاَ يَرْضَاهَا اللَّهُ وَرَسُولُهُ كَانَ عَلَيْهِ مِثْلُ آثَامِ مَنْ عَمِلَ بِهَا لاَ يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أَوْزَارِ النَّاسِ شَيْئًا. رَوَاهُ التِّرْمِذِيُّ وَاللهُ اَعْلَم[٥].

واتە: عەوفی ئەل-موزەنی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بە بیلالی کوڕی حاریثی فەرموو: (بزانە) بیلال گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! چی بزانم؟ فەرمووی: (بزانە ئەی بیلال) بیلال گوتیەوە: ئەی پێغەمبەری خودا! چی بزانم؟ فەرمووی: (بزانە کە هەر کەسێ دەستوورو یاسایێ زیندوو بکاتەوە لەو دەستوورو یاسایانەی من کە لەپاش خۆم کوێر کراونەتەوە، ئەوە بەقەد ئەوانەی کار بەو دەستوورو یاسایە بکەن خێرو پاداشی بۆ هەیە، بەبێ ئەوەی کە هیچ لە پاداشی ئەوان کەم بکاتەوە وە هەر کەسێ ڕەووشتێکی تازە قەڵڵای ناڕەوا بەرپا بکا کە خوداو پێغەمبەری خودا پەسەندی نەکەن و ڕەزایان لەسەری نەبێ ئەوە بەقەد ئەوانەی کار بەو ڕەووشتە ناشایستە دەکەن گوناەو تاوانی بۆ هەیە، بەبێ ئەوەی کە هیچ لە گوناهی ئەوان کەم بکاتەوە (ت-س/ح).

---

(٥) رواه الترمذي بسند حسن (شه = شرحه).



نامەی پاكی‌و خاوێنی (طەهارەت)

(هەشت باسە)

٢٠) باسی یەكەم: باسی سوودو بەهرەی خاوێنی

كتاب الطهارة: (وفيه أبواب ثمانية)

الباب الأول: في فضائل الطهارة

قَالَ اللهُ جَل شأنُهُ: {فِيهِ رِجَالٌ يُحِبُّونَ أَن يَتَطَهَّرُواْ وَاللّهُ يُحِبُّ الْمُطَّهِّرِينَ – ٩/١٠٨}.

لەو مزگەوتەدا هەیە چەن پیاوێكی وا كە حەزیان لە پاكی‌و خاوێنییەو حەزدەكەن خۆیان‌و جل‌و بەرگیان پاك رابگرن، دڵ‌و دەروونیان پاك بكەنەوە لە گوناهو تاوانباری، وە خودا ئەو كەسانەی خۆش دەوێ كە خۆیان پاك‌و خاوێن رادەگرن.

١٣٨– عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ أُمَّتِي يُدْعَوْنَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ غُرًّا مُحَجَّلِينَ مِنْ آثَارِ الْوُضُوءِ، فَمَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمْ أَنْ يُطِيلَ غُرَّتَهُ فَلْيَفْعَلْ. رَوَاهُ الْخَمْسَة إِلاَّ أَبا دَاوُدَ[1].

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: لە رۆژی قیامەتا ئۆمەتی من پێیان دەڵێن: قەشی چوار پەل سپی، بەهۆی ئەسەرو شوێنەواری دەسنوێژەوە، جا لەبەر ئەم بەهرەیە تا دەتوانن قەشی‌و پەل سپێتیی خۆتان زۆر تر بكەن (ش/ت/ن).

١٣٩– وَعَنْه عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَلاَ أَدُلُّكُمْ عَلَى مَا يَمْحُو اللَّهُ بِهِ الْخَطَايَا وَيَرْفَعُ بِهِ الدَّرَجَاتِ قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: إِسْبَاغُ الْوُضُوءِ عَلَى الْمَكَارِهِ وَكَثْرَةُ الْخُطَا إِلَى الْمَسَاجِدِ وَانْتِظَارُ الصَّلاَةِ بَعْدَ الصَّلاَةِ فَذَلِكُمُ الرِّبَاطُ. رَوَاهُ مُسْلِم وَالتِّرْمِذِيُّ وَالنَسائي[2].

---

(١) بخاري. وضوء: ١٣٦. مسلم. طهارة: ٥٧٨ ، ٥٧٩.

(٢) مسلم. طهارة: ٥٨٦. ترمذي. طهارة: ٥١.

واتە: دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: ئاگادار بن با ئەو شتەتان نیشان بدەم کە خودا هەم گوناهانی پێ دەکوژێنێتەوەو هەم پایەی موسوڵمانانی پێ بەرز دەکاتەوە یارانیش گوتیان: فەرموو، ئەی پێغەمبەری خودا! فەرمووی: دەسنوێژ گرتنی تەواوو تێرو تەسەل لە هەموو کاتێکدا، لەکاتی خۆشیدا لەکاتی ناخۆشیدا، وە هاموشۆکردنی مزگەوت بە گەرمیو هاتن بۆی لەرێی دوورەوە، وە چاوەڕوانکردنی نوێژەکان یەك لە دوای یەك، ئا ئەمانەن خەباتو تێکۆشانو لێبڕان بۆ خودا. (م/ت/ن).**

١٤٠- وَعَنْه عَنِ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قالَ: إِذَا تَوَضَّأَ الْعَبْدُ الْمُسْلِمُ - أَوِ الْمُؤْمِنُ - فَغَسَلَ وَجْهَهُ خَرَجَ مِنْ وَجْهِهِ كُلُّ خَطِيئَةٍ نَظَرَ إِلَيْهَا بِعَيْنَيْهِ مَعَ الْمَاءِ - أَوْ مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ - فَإِذَا غَسَلَ يَدَيْهِ خَرَجَ مِنْ يَدَيْهِ كُلُّ خَطِيئَةٍ كَانَ بَطَشَتْهَا يَدَاهُ مَعَ الْمَاءِ - أَوْ مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ - فَإِذَا غَسَلَ رِجْلَيْهِ خَرَجَتْ كُلُّ خَطِيئَةٍ مَشَتْهَا رِجْلاَهُ مَعَ الْمَاءِ - أَوْ مَعَ آخِرِ قَطْرِ الْمَاءِ - حَتَّى يَخْرُجَ نَقِيًّا مِنَ الذُّنُوبِ. رَوَاهُ مُسْلِم وَالتِّرْمِذِي**(٣)**.**

واتە: دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) **دەیفەرموو: کاتێ بەندەی موسوڵمان یا فەرمووی: کاتێ بەندەی بڕوادار دەسنوێژ دەگرێ کە دەمووچاوی دەشوا هەرچی گوناهێ کە بەچاوەکانی کردوونی لەگەڵ ئاوەکەدا لە دەمو چاوی دەر دەچن یا فەرمووی: لەگەڵ دوا دڵۆپی ئاوەکەدا لە دەموچاوی دەتەکێنە خوارەوەو دەموچاوی تەواو لە گوناهی وردە پاك دەبێتەوە (م/ت).**

١٤١- وَعَنْهُ قالَ: سَمِعْتُ خَلِيلِي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **يَقُولُ: تَبْلُغُ الْحِلْيَةُ مِنَ الْمُؤْمِنِ حَيْثُ يَبْلُغُ الْوَضُوءُ. رَوَاهُ مُسْلِم وَالنَسائي**(٤)**.**

واتە: دیسان گوتی (خوای لێ رازی بێ)**: لە خۆشەویستی خۆمم ژنەوت دەیفەرموو** (دروودی خوای لەسەربێ)**: دەیفەرموو** (دروودی خوای لەسەربێ) **هەتا کوێی**

---

(٣) مسلم. طهارة: ٥٧٦. ترمذي. طهارة: ٢.

(٤) مسلم. طهارة: ٥٨٥. نسائي. حلية الوضوء: ١٤٩.

ئەندامی موسوڵمان ئاوی دەسنوێژ بیگرێتەوە لە قیامەتا هەتا ئەوێ خشڵی تێ دەکا! (/ن).

١٤٢- عَنْ أَبِي مَالِكٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) الأَشْعَرِيِّ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الطُّهُورُ شَطْرُ الإِيمَانِ وَالْحَمْدُ لِلّٰهِ تَمْلأُ الْمِيزَانَ. وَسُبْحَانَ اللّٰهِ وَالْحَمْدُ لِلّٰهِ تَمْلآنِ - أَوْ تَمْلأُ - مَا بَيْنَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَالصَّلوةُ نُورٌ وَالصَّدَقَةُ بُرْهَانٌ وَالصَّبْرُ ضِيَاءٌ وَالْقُرْآنُ حُجَّةٌ لَكَ أَوْ عَلَيْكَ كُلُّ النَّاسِ يَغْدُو فَبَائِعٌ نَفْسَهُ فَمُعْتِقُهَا أَوْ مُوبِقُهَا. رَوَاهُ مُسْلِم والنسائي والترميذي(٥).

واتە: ئەبو مالیکی ئەشعەری (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: پاکی‌و خاوێنیی دڵ‌و دەم‌و دەس‌و لەش‌و بەرگ‌و جێ‌و شوێن نیوەی راستی ئیمان‌و باوەڕە! وەخێری ذیکری (الحمد لله) تای خێری تەرازووی خێرو شەڕ پڕ دەکا! وە خێری ذیکری (سبحان الله والحمد لله) پڕ بە ناوەندی ئەرزو ئاسمانەکانە، وە نوێژ نوورە بۆ چاوو هەناو، رووناکییە بۆ دڵ‌و دەروون وە خێرو خێرات‌و زەکات بەڵگەیە لەسەر ئیمانی خاوەنی‌و قەڵغانی دەستیەتی، صەبرو ئارام‌و خۆگری مایەی رۆشنایی دڵ‌و دەروونەو چرای دەستی پیاوی موسوڵمانە لە ژیانیا، وە قورئان شایەت‌و بەڵگەیە، جا یا لەسەرت دەکاتەوە (ئەگەر لەسەری بکەیتەوە) یا لە دژت دەوەستێ ئەگەر رەفت (عەمەل)ی پێ نەکەی وە هەموو کەسێ کە رۆژ دەکاتەوە خۆی بەلایەکا ساخ دەکاتەوە: جا یاخۆی دەفرۆشێ بە خودای میهرەبان‌و خۆی ئازاد دەکا لە ئاگری دۆزەخ یا خۆی دەفرۆشێ بە شەیتان‌و خۆی ماڵ وێران دەکا (م/ن/ت).

١٤٣- عَنْ عُثْمَانَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ خَرَجَتْ خَطَايَاهُ مِنْ جَسَدِهِ حَتَّى تَخْرُجَ مِنْ تَحْتِ أَظْفَارِهِ. رَوَاهُ مُسْلِم(٦).

---

(٥) مسلم. طهارة: ٥٣٣. ترمذي. دعوات: ٣٥١٧.

(٦) مسلم. طهارة: ٥٧٧.

واتـه: عوسمـان (خـوای لێ رازی بـێ) **گـوتی: پێغەمبـەر** (دروودی خـوای لەسـەربێ) **دەفەرموێ: هەر کەسێ دەسنوێژێ بە جوانی بشۆرێ، گوناهـەکانی لـە لەشـی دەرەچن، هەتا لەژێر نینۆکەکانیشیەوە دێنە دەروە (م).**

١٤٤- عَنْ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: ما مِنْكُمْ مِنْ أحَد يَتَوَضَّأَ فَيُحْسِنَ الْوُضُوءَ ثُمَّ يَقُولُ حِينَ يَفْرُغُ مِنْ وُضُوئِهِ: أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَـهَ إلاَّ اللّٰهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، إلاَّ فُتِحَتْ لَـهُ أَبْـوَابِ الْجَنَّةِ الثَّمَانِيةُ يَدْخُلُ مِنْ أَيِّهَا شَاءَ. رَوَاهُ الْخَمْسَة إلا البخاريَّ وَزَادَ التِّرْمِذِي: أللّٰهُمَّ اجْعَلْنِي مِنْ التَّوَّابِينَ وَاجْعَلْنِي مِنَ الْمُتَطَهِّرِينَ[٧].

واته: عومەر (خوای لێ رازی بێ) **لە حەزرەتەوە** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفـەرموێ: هەر کامێ لە ئێوە دەسنوێژێ بە جوانی بگرێ، جا کە لـە دەسنوێژەکە بۆوە بڵێ:**

{أَشْهَدَ أَنْ لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللهُ وَحْـدَهُ لا شَـرِيكَ لَـهُ وَأَشْـهَدُ أَتَّ مُحَمَّـداً عَبْـدُهُ وَرَسُولهُ}

شـایەتی دەدەم کە لـەخودا بـەولاوە خـودای تـر نیـە، وە شـایەتی دەدەم کە موحەممەد بەندەو پێغەمبەری خودایە فەرمووی: هەر کامێ لـەئێوە ئەمـە بکـا ئیتر هەر هەشت دەرگاکانی بەهەشتی بۆ دەکەنـەوە بـە ئارەزووی خـۆی لـە کامیانـەوە حەز بکا دەچێتە ژوورەوە (م/د/ت/ن) تیرمیذی ئەمەشی لێ پتر کردووە:

{أللهُمَّ اجْعَلْنِي مِنَ التَّو ابِينَ وَاجْعَلْنِيْ مِنَ الْمتَطَهِّرِينَ}

خودایـە! بمکـە بـە تەوبـەکارو بمکـە بەیـەکێ لەوانـە کـە خۆیـان پـاک‌و خاوێن را دەگرن.

١٤٥- عَنِ ابْنِ عُمَرَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: مَنْ تَوَضَّأَ عَلَـى طُهْـرٍ كَتِبَ لَهُ عَشْرُ حَسَنَاتٍ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ[٨].

---

(٧) مسلم. وضوء: ٥٥٢ ، ٥٥٣. أبو داود. طهارة: ١٦٩ ، ٩٠٦. نسائى. طهارة: ١٤٨ ، ١٥١.

(٨) رواه الترمذي بسند ضعيف (شه = شرحه).

واتــە: ئیبنــو عومــەر (خوای لێ رازی بێ) (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفـەرموێ: هـەر کەسـێ دەسـنوێژەکەی تـازە بکاتـەوە دەچاکەی بـۆ دەنووسـرێ** (د/ت – سند ضعیف).

٢١) باسی دووەم: باسی ئەحکامی ئاو

الباب الثاني: في أحكام المياه

{قَالَ: الله جلَّ شأنُهُ – وَيُنَزِّلُ عَلَيْكُم مِّن السَّمَاء مَاء لِّيُطَهِّرَكُم بِهِ – ٨/١١}.

واتــە: خـودای گـەورەو شـکۆمەند دەفـەرموێ: ئێـوە باسـی ئەوچـاکەو منەتانی خودا بکەن لە سەرتان کە لـە شەوا نووستبوون دوور لـە ئاوی بەدر خودا لە ئاسمانەوە بارانی باراندو ئاوی رژاند بەسەرتانا تا بەو ئاوە پـەکتان بکاتەوە لـەبێ دەسـنوێژی‌و لـە شپیسی‌و چڵکی لـەش‌و ژەنگ‌و وەسوەسـەی دڵ.

١٤٦– عَنْ هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: سَأَلَ رَجُلٌ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقالَ: يَا رَسُولَ اللّٰهِ إِنَّا نَرْكَبُ الْبَحْرَ وَنَحْمِلُ مَعَنَا الْقَلِيلَ مِنَ الْمَاءِ فَإِنْ تَوَضَّأْنَا بِـهِ عَطِشْنَا أَفَنَتَوَضَّأُ بِمَاءِ الْبَحْرِ؟ فَقالَ: رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هُوَ الطَّهُـورُ مَـاؤُهُ الْحِلُّ مَيْتَتُهُ. رَوَاهُ أصحاب السنين[1].

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) **گـوتی: پیاوێ لـە پێغەمبـەری پرسـی** (دروودی خوای لەسەربێ) **گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئێمـە کاتـێ سـواری کەشـتی دەبین لە دەریادا کەمێ ئاوی شـیرین هەڵـدەگرین، ئەگـەر دەسـنوێژی پێبگـرین بەشی خواردنەوەمان ناکاو توونیمان دەبێ، جا ئایا بـەئاوی دەریـا دەسـنوێژ بگرین یانا؟ پێغەمبەریش** (دروودی خوای لەسەربێ) **فـەرمووی: بـەڵێ دەسـنوێژی پـێ بگرن چونکە ئاوی دەریا هەم پاکەو هەم پاکەوەکەریشە، وە مردارەوە بووشی حەڵاڵـەو گیانلەبـەری ئـاوی کاتـێ دەمـرێ هـەتا نەگـەنێ خـواردنی دروسـتە** (د/ت/ن–س/ص).

---

(١) بسند صحيح (شه = شرحه).

١٤٧- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ يُقَالُ لَهُ: إِنَّهُ يُسْتَقَى لَكَ مِنْ بِئْرِ بُضَاعَةَ وَهِيَ بِئْرٌ يُلْقَى فِيهَا لُحُومُ الْكِلَابِ وَالْمَحَايِضُ وَعَذِرُ النَّاسِ. قَالَ: رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِنَّ الْمَاءَ طَهُورٌ لاَ يُنَجِّسُهُ شَيْءٌ. رَوَاهُ أصحاب السنن(٢).

واتە: ئەبو سەعیدی خودری (خوای لێ رازی بێ) گوتی: گوێم لێبوو: دەیانگوت بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ): ئەو ئاوەی تۆ دەیخۆیتەوەو بەکاری دەهێنی بۆ نانو چێشتو دەسنوێژو شتی وا ئەوە لەبیری بوضاعە دەیهێنن، ئەو بیرەیش گۆشتی سەگی تۆپییوو پەڕۆی بێ نوێژی ژنانو پیسایی ئادەمیزادی تێ دەکەوێ بە تایبەت لەکاتی سێڵاوو لافاوا، جا لەپاش ئەم روون کردنەوەیە، بۆمان بەیان بفەرموو کە حوکمی ئەم ئاوە چییە؟ پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەو ئاوە هەم پاکەو هەم پاککەرەوەیە، چونکە گەیشتۆتە رادەی قوللەتێنو بەپێی شەرع کە بناغەی لەسەر ئاسانکارییە بەهیچ پیس نابێ (د/ت/ن–س/ح).

١٤٨- وَقَالَ: أَبُو دَاوُدَ: قَدَّرْتُ بِئْرَ بُضَاعَةَ بِرِدَائِي مَدَدْتُهُ عَلَيْهَا ثُمَّ ذَرَعْتُهُ فَإِذَا عَرْضُهَا سِتَّةُ أَذْرُعٍ وَسَمِعْتُ قُتَيْبَةَ بْنَ سَعِيدٍ قَالَ: سَأَلْتُ قَيِّمَ بِئْرِ بُضَاعَةَ عَنْ عُمْقِهَا قَالَ: أَكْثَرُ ما يَكُونُ فِيهَا الْمَاءُ إِلَى الْعَانَةِ قَلْتُ: فَإِذَا نَقَصَ قَالَ: دُونَ الْعَوْرَةِ وَسَأَلْتُ صَاحِبَ الْبُسْتَانِ الَّذِي هِيَ فِيهِ: هَلْ غُيِّرَ بِنَاؤُهَا عَمَّا كَانَتْ عَلَيْهِ؟ قَالَ: لاَ(٣).

واتە: ئەبو داوود دانەری کتێبی (سنن ابی داود) دەڵێ: بە پۆشاك (ریداء)ەکەم ئەندازەی پانیی بیری بوضاعەم گرت، لە پاشا کە پۆشاکەکەم بە باڵی خۆم پێوایەوە پانی بیرەکە شەش باڵ دەرچوو، وە لە قوتەیبەی کوڕی سەعیدیشم بیست دەیوت: لە بیرەوان (کاربەدەست)ەکەی بیری بوضاعەم پرسی: کە قووڵییەکەی چەندە؟ گوتی: کاتێ ئاوی زۆر تیابێ لە

---

(٢) بسند حسن. وقال احمد: إنه صحيح (شه = شرحه).

(٣) أثر صحيح (مترجم)

بەرمووسڵدانن (بەرموسڵدان = بە عەورەت) دەدا، گوتی ئەگەر تەواو کەم بکا دەگاتە کوێ؟ گوتی: دەگاتە بەر ئەژنۆ، وە لەخاوەنی ئەو باخەیشم پرسی کە بیرەکەی لەناودایە: ئایا دروستکردن (بینا)ی بیرەکە وەك خۆی ماوەو نەکۆڕاوەو لەسەردەمی پێغەمبەردا چۆن بووە ئێستاکەیش هەروا ماوە؟ گوتی: بەڵێ وەك خۆی ماوە.

١٤٩- عَنْ بْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: سُئِلَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنِ الْمَاءِ يَكُونُ فِي الْفَلاَةِ وَماَ يَنُوبُهُ مِنَ الدَّوَابِّ وَالسِّبَاعِ. فَقالَ: رَسُولُ اللّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا كَانَ الْمَاءُ قُلَّتَيْنِ لَمْ يَحْمِلِ الْخَبَثَ. رَوَاهُ اصحاب السن[٤].

واتە: ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پێغەمبەریان پرسی (دروودی خوای لەسەربێ): ئاو هەیە لە چۆڵ،، ماڵیاتو دڕندە دەچنە سەریو لێی دەخۆنەوەو دەمی تێ دەخەنو کەڵێ جار مەلەی لێ دەکەنو وا دەبێ گمێزیشی تێ دەکەن ئایا ئەو ئاوە بەمە پیس دەبێ یانا؟ فەرمووی: کە ئاو بوو بە قوللەتین. (واتە: دوو جەڕەی گەورە) ئیتر پیسی هەڵناگری (د/ت/ن-س/ص).

١٥٠- عَنْ أَنَسٍ أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دَعَا بِإِنَاءٍ مِنْ مَاءٍ، فَأُتِيَ بِقَدَحٍ رَحْرَاحٍ فِيهِ شَيْءٌ مِنْ مَاءٍ، فَوَضَعَ أَصَابِعَهُ فِيهِ. قَالَ: أَنَسٌ: فَجَعَلْتُ أَنْظُرُ إِلَى الْمَاءِ يَنْبُعُ مِنْ بَيْنِ أَصَابِعِهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَنَسٌ: فَحَزَرْتُ مَنْ تَوَضَّأَ مَا بَيْنَ السَّبْعِينَ إِلَى الثَّمَانِينَ. رَوَاهُ الشَّيْخان[٥].

واتە: ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە دەفرێکا داوای ئاوی کرد، جامێکی دەم پەلیان بۆ هێنا کەمێ ئاوی تیابوو، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) پەنجەکانی تێ خست، ئەنەس دەیگوت: کە سەیری ئاوەکەم کرد لە نێوان پەنجەکانی پێغەمبەرەوە هەڵدەقوڵا ئەنەس دەیگوت: ئەوانەی کە دەسنوێژیان لەو جامەگرت بە زەینم حەفتا هەشتا کەسێك دەبوون (ش).

---

(٤) بسند صحيح (شه = شرحه).

(٥) بخاري. وضوء: ٢٠٠ ، ١٦٩. مسلم. فضائل: ٥٩٠٠، ٥٩٠١ ، ٥٩٠٢. ترمذي. مناقب: ٣٦٣١. نسائي. وضوء: ٧٦.

١٥١- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ يَبُولَنَّ أَحَدُكُمْ فِي الْمَاءِ الدَّائِمِ الَّذِي لاَ يَجْرِي، ثُمَّ يَغْتَسِلُ فِيهِ. وفي رَوَايَة: ثُمَّ يَتَوَضَّأُ مِنْهُ. وَفِي رَوَايَةٍ: نَهى أَنْ يُبالَ فِي الْماءِ الرَّاكِدِ(٦).

واته: ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: کەستان گەمێز مەکەنە ئاوی راوەستاوەوەو لە دواییشا خۆتانی تیا بشۆرن لە گێڕانەوەیەکا: لە دواییشا دەسنوێژی لێ بگرێ لە گێڕانەوەیەکی تردا: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **یاساخی کردووە کە گمێز بکرێتە ئاوی راوەستاوەوە (ش/د/ت/ن).**

١٥٢- عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) كُنْتُ أَغْتَسِلُ أَنَا وَالنَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مِنْ إِنَاءٍ وَاحِدٍ مِنْ قَدَحٍ يُقَالُ لَهُ الفَرَقُ. وفي رَوَايَة: وَنَحْنُ جُنُبَانْ: رَوَاهُمَا الْخمْسَةَ(٧).

واتە: عائیشە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: جاران منو پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **بەیەکەوە خۆمان دەشۆرد لەیەك دەفر، پێیان دەگوت: فەرەق شازدە رەتڵ ئاوی دەگرت لە گێڕانەوەیەکا: هەردوو لاشمان لەشمان پیس بوو. (ش/د/ت/ن)**

١٥٣- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: كَانَ الرِّجَالُ وَالنِّسَاءُ يَتَوَضَّأُونَ فِي زَمَانِ رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مِنْ إِنَاءٍ وَاحِدٍ نُدْلِي فِيهِ أَيْدِيناَ. رَوَاهُ البخاري وَأَبُو دَاوُدَ وَالنَسائي(٨).

واته: ئیبنو عومەر گوتی: (خوای لێ رازی بێ) **جاران بە سەرینیی پێغەمبەر خۆی** (دروودی خوای لەسەربێ) **پیاوو ژن پێکەوە لەیەك قاپ دەسنوێژیان دەگرت، وە دەستیشمان پیادەکرد (لەکاتی دەسنوێژ گرتنەکەدا) (ب/د/ن).**

---

(٦) مسلم. وضوء: ٦٥٣ ، ٦٥٥. نسائي. طهارة: ٣٥. ترمذي. طهارة: ٦٨.

(٧) بخاري. غسل: ٢٥٠ ، ٢٦١ ، ٢٦٣ ، ٢٧٣ ، ٢٩٩ ، ٧٣٣٩ ، ٥٩٥٦. مسلم. طهارة: ٧٢٥. ٧٢٦. نسائي. طهارة: ٢٢٧.

(٨) بخاري. وضوء: ١٩٣.

١٥٤- عَنِ أبْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) قالَ: أغْتَسَلَ بَعْضُ أَزوَاجِ ألنَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي جَفْنَةٍ فَجَاءَ ألنَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لِيَتَوَضَّأَ مِنْهاَ أَوْ يَغْتَسِلَ فَقَالَتْ لَهُ: يَا رَسُولَ اللهِ إِنّي كُنْتُ جُنُباً فَقَالَ: رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِنَّ ألمَاءَ لاَ يَجْنَبُ. رَوَاهُ أصحاب السنن(٩).

واتە: ئینو عەبباس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: یەکێ لە ژنەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە سۆینەیەکا خۆی شۆرد، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) هاتەوە ویستی دەسنوێژی لێ بگرێ یا خۆی لێ بشوا، ژنەکەی پێی گوت: ئەی ڕەهبەری خودا! خۆ من لەشم پیس بوو کە خۆم لەو ئاوە شۆرد ئیتر تۆ چۆن خۆتی پێ دەشۆری؟ پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: خۆ ئاوەکەیش لەشی پیس نابێ شتی واقەی ناکا (د/ت/ن-س/ص).

١٥٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: لاَ يَغْتَسِلُ اَحَدُكُمْ فِي ألْمَاءِ ألدَّائِمِ وَهُوَ جُنُبٌ فَقالَ: كَيْفَ يَفْعَلُ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ؟ قالَ: يَتَنَاوَلُهُ تَنَاوُلاً. رَوَاهُ مُسْلِم(١٠).

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەگەر یەکێ لە ئێوە لەشی پیس بوو با لەئاوی کەمی ڕاوەستاودا خۆی نەشۆرێ گوترا: ئەی ئەبو هوەیرە! ئەی چۆن بکا؟ گوتی: بەدەستی ئاوەکە هەڵبگرێو بیکا بەخۆیا یا بەقاپێ ئاوەکە لە قووڵکەکە هەڵبگرێو بیکا بەسەر جەستەی خۆیا (م).

١٥٦- عَنْ كَبْشَةَ بِنْتِ كَعْبٍ قَالَتْ: دَخَلَ أبُو قَتَادَةَ فَسَكَبَتْ لَهُ وَضُوءًا فَجَاءَتْ هِرَّةٌ فَشَرِبَتْ مِنْهُ فَأَصْغَى لَهَا الإِنَاءَ حَتَّى شَرِبَتْ فَرَآنِي أَنْظُرُ إِلَيْهِ فَقَالَ: أَتَعْجَبِينَ يَا ابْنَت أَخِي؟ فَقُلْتُ: نَعَمْ. فَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: إِنَّهَا لَيْسَتْ بِنَجَسٍ إِنَّهَا مِنَ الطَّوَّافِينَ عَلَيْكُمْ وَالطَّوَّافَاتِ. رَوَاهُ اصحاب السنن:(١١).

---

(٩) بسند صحيح (شه = شرحه).

(١٠) مسلم. طهارة: ٦٥٦.

(١١) بسند صحيح (شه = شرحه).

کە بشەی کچی کەعب (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ئەبو قەتادەی خەزوورم هاتەوە، ئاوی دەسنوێژم بۆ داکرد، پشیلەیەك هات لێی خواردەوە، ئەبو قەتادەیش قاپەکەی بۆ لار کردەوە تا پشیلەکە تێری خواردەوە، کەمنی دی سرنجی دەدەم گوتی: برازا! ئەوە بەلاتەوە سەیرە؟ گوتم: بەڵێ: گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: پشیلە پیس نیە، پشیلەیش لە ریزی کارەکەرو نۆکەرو ئەوانەیە کە بۆ خزمەت بەسەرتانا دەخولێنەوە (د/ت/ن-س/ص).

١٥٧- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: سُئِلَ ألنَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنَتَوَضَّأُ بِمَا أَفْضَلَتِ الْحُمُرُ؟ قالَ: نَعَمْ وَبِماَ أَفْضَلَتِ ألسِّبَاعُ كُلُّهَا. رَوَاهُ الشافعي والبيهقي[١٢].

واتە: جابیر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: لە پێغەمبەریان پرسی (دروودی خوای لەسەربێ): ئایا بەو ئاوەی کە لەبەرکەر دەمێنێتەوە دەسنوێژی پێ بگرین؟ فەرمووی: بەڵێ، هەروەها بە بەرماوەی هەموو دڕندەیێ دەسنوێژ دەگیرێ (شافیعی/ بەیهەقی).

١٥٨- وَعَنْهُ قالَ: جَاءَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَعُودُنِي، وَأَنَا مَرِيضٌ لاَ أَعْقِلُ، فَتَوَضَّأَ وَصَبَّ عَلَيَّ مِنْ وَضُوئِهِ، فَعَقَلْتُ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللّٰهِ لِمَنِ الْمِيرَاثُ؟ إِنَّمَا يَرِثُنِي كَلاَلَةٌ. فَنَزَلَتْ آيَةُ الْفَرَائِضِ. رَوَاهُ الشَّيخان والنسائي[١٣].

واتە: دیسان جابیر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: نەخۆش بووم هۆشم نەبوو، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ): هاتبوو بۆ سەردانم، دەسنوێژ دەگرێو لە ئاوی دەسنوێژەکەی لێم دەپرژێنێ، ئەوجا هۆشم دێتەوە، جا گوتم: ئەی ڕەهبەری خودا! میراتو کەلەپوورەکەم بۆ کێیە؟ چونکە من تەنیا چەن خۆشکێکم هەن کە کەلە پوورم لێ بگرنو کەسی ترم نیە نە باوكو دایكو نە منداڵ جا بەم بۆنەیەوە ئایەتی فەرائیز هاتە خوارەوە (ش/ن).

---

(١٢) سكت عن بيان درجة الحديث الشارح (مترجم).

(١٣) بخاري. فرائض: ٦٧٢٣ ، ٧٣٠٩. مسلم ميراث: ٤١٢١ ، ٤١٢٢ ، ٤١٢٣ ، ٤١٢٤. نسائي. وضوء: ١٣٨.

٢٢) باسی سێیەم: باسی لابردنی پیسی (دوو بەشە):

بەشی یەکەم: باسی پاككردنەوەی پێستی مردارەوەبوو گلاویی سەگو بەراز

الباب الثالث: في إزالة النجاسة (وفيه فصلان):

فصل الأول: في تطهير جلد الميتة والنجاسة الكلبية

١٥٩- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَجَدَ شَاةً مَيْتَةً أُعْطِيَتْهَا مَوْلَاةٌ لِمَيْمُونَةَ مِنَ الصَّدَقَةِ، فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): هَلاَّ انْتَفَعْتُمْ بِجِلْدِهَا؟ فَقَالُوا: إِنَّهَا مَيْتَةٌ. فَقَالَ: إِنَّمَا حَرُمَ أَكْلُهَا. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ[1].

واتە: ئیبنو عەبباس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ مەڕێكیان بەزەكات دابوو بە كارەكەرێكی مەیموونەی هاوسەری پێغەمبەر مەڕەكە مردارەوە بوو، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كەلاكی مەڕەكەی دی فڕێ درابوو. فەرمووی: ئە ی ئەوە بۆچی كەڵكتان لە كەوڵەكەی وەرنەگرتووە؟ گوتیان: ئاخر ئەمە مردارەوە بووە، فەرمووی: تەنیا خواردنی دروست نیە (ش/د/ت).

١٦٠- وَعَنْهُ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: إِذَا دُبِغَ الْإِهَابُ فَقَدْ طَهُرَ. وَفِي رِوَايَةٍ: أَيُّمَا إِهَابٍ دُبِغَ فَقَدْ طَهُرَ. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إِلا البخاري[2].

واتە: دیسان گوتی: لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو (دروودی خوای لەسەربێ): (هەموو كەوڵێ كە خۆشەكرا پاك دەبێتەوە، لە گێڕانەوەیەكا: هەر كەوڵێ خۆشە بكرێ ئیتر پاك دەبێتەوە (م/د/ت).

١٦١- عَنْ ابْنُ وَعْلَةَ السَّبَائِيُّ قَالَ: سَأَلْتُ ابْنَ عَبَّاسٍ قُلْتُ: إِنَّا نَكُونُ بِالْمَغْرِبِ فَيَأْتِينَا الْمَجُوسُ بِالأَسْقِيَةِ فِيهَا الْمَاءُ وَالْوَدَكُ فَقَالَ: اشْرَبْ. فَقُلْتُ: أَرَأْيٌ

---

(١) بخاري. زكاة: ١٤٩٢ ، ٢٢٢١ ، ٥٥٣١ ، ٥٥٣٢. مسلم طهارة: ٨٠٤ هەتا ٨٠٩. أبو داود. لباس: ٤١٢٠ ، ٤١٢١. نسائي. الفرع والعتيدة: ٤٢٤٥.

(٢) مسلم. طهارة: ٨١٠

تَرَاهُ؟ فَقالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللّٰـهِ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْـهِ وَسَلّمَ) يَقُـولُ: دِبَاغُـهُ طَهُـورُهُ. رَوَاهُ مُسْلِم[٣].

واتە: ئیبنو وەعلەی سەبائی گوتی: لە ئیبنو عەبباسم پرسی، گوتم: رێ دەكەوێ دەچین بۆ وڵاتی رۆژاوا، ئاگر پەرستەكان كوندە ئاوو مەشكە پیومان بۆ دێنن نازانین ئەو كوندەو مەشكانە هی ئاژەڵی سەربڕاون یا نا؟ گوتی: لەو كوندەو مەشكانە بخۆرەوە؟ گوتم: ئەمە بەرای خۆت وا دەڵێی یا شتێكت بیستووە، لەم بارەیەوە لە گوتی: لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو (دروودی خوای لەسەربێ): خۆشەكردنەكەی پاكی دەكاتەوە (م).

١٦٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا وَلَـغَ الْكَلْبُ فِي إِنَاءِ أَحَدِكُمْ فَلْيُرِقْهُ ثُمَّ لْيَغْسِلْهُ سَبْعَ مِرَارٍ. وفِي رَوَايَة: أُولاَهُنَّ أَوْ إِحْدَاهُنَّ بِالتُّرابِ. وفِي أُخرى: اَلسَّابِعَة بِالتُّراب. رَوَاهُ الْخَمْسَة[٤].

واتە: ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: كە سەگ یا بەراز دەمی نایە ناو حاجەت‌و قاپتانەوە هەرچی تێدایە بیرێژن، ئینجا حەوت جار بە ئاو بیشۆرن لە گێڕانەوەیەكا: یەكەمجاریان، یاخود جارێ لەو جارانە بە خۆڵاو بیشۆرن لە گێڕانەوەیەكی تردا: جاری حەوتەمیان بە خۆڵاو (ش/د/ت/ن).

٢٣) بەشی دووەم: پاككردنەوەی خوێن‌و میزو مەزی‌و ئەم جۆرە شتانە..

الفصل الثاني: في تطهير الدم والبول والمذي وغيرها..

١٦٣- عَنْ أَسْمَاءَ قَالَتْ: جَاءَتِ امْرَأَةٌ إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَـتْ: إِحْدَانَا يُصِيبُ ثَوْبَهَا مِنْ دَمِ الْحَيْضَةِ كَيْفَ تَصْنَعُ بِهِ قالَ: تَحُتُّهُ ثُمَّ تَقْرُصُهُ بِالْمَاءِ ثُمَّ تَنْضَحُهُ ثُمَّ تُصَلّي فِيهِ[١].

---

(٣) مسلم. طهارة: ٨١٣ ، ٨١٢.

(٤) بخاري. وضوء: ١٧٢ ، مسلم. طهارة: ٦٤٦ هەتا ٦٥١. نسائي. سؤر الكلب: ٦٣. أبو داود. سؤر الكلب: ٧٤.

واتە: ئەسماء (خوای لێ رازی بێ) گوتی: ئافرەتێ هاتە لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) گوتی: ئەگەر خوێنی بێ نوێژی بەر جلەكانمان كەوت چی لێ بكەین؟ فەرمووی: بیولێنو بی كرێننو ئینجا بە ئاوهەڵی گوڵوفنو سەری پەنجەی تێخەنو لەپاشا پاك بی شۆرن، ئیتر نوێژی پێوە بكەن (ش/د/ت/ن).

١٦٤- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: قَامَ أَعْرابِيٌّ فَبَالَ فِي الْمَسْجِدِ فَتَنَاوَلَهُ النَّاسُ فَقَالَ لَهُمُ النَّبِيّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دَعُوهُ وَأَهَرِيقُوا عَلى بَوْلِهِ سَجْلاً مِنْ مَاءٍ أَوْ ذَنُوباً مِنْ مَاءٍ فإِنَما بُعِثْتُمْ مُيَسِّرِينَ، وَلَمْ تُبْعَثُوا مُعَسِّرِينَ[٢].

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: عەرەبێكی دەشتەكی هەڵسا لەناو مزگەوتەكەی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەربێ) گمێزی كرد، چەن كەسێ تێیان خوڕی: شتی وا نەكەی، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی پێیان: وازی لێ بێنن، بەلام سەتڵێ ئاو یا دۆڵچەیێ ئاو بكەن بە شوێنی میزەكەیدا، خودای گەورە بۆیە منی كردووە بە پێغەمبەری ئێوە كە كار ئاسان بكەن، نەوەك كار گران بكەن (جا چاو لە نەزان بپۆشنو بەناسكی فێری یاساكانی ئیسلامی بكەن). (ش/د/ت/ن).

١٦٥- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: مَرَّ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِقَبْرَيْنِ فَقالَ: إِنَّهُمَا لَيُعَذَّبَانِ وَمَا يُعَذَّبَانِ فِي كَبِيرٍ أَمَّا أَحَدُهُمَا فَكَانَ لاَ يَسْتَتِرُ مِنَ الْبَوْلِ وَأَمَّا الآخَرُ فَكَانَ يَمْشِي بِالنَّمِيمَةِ ثُمَّ أَخَذَ جَرِيدَةً رَطْبَةً فَشَقَّهُمَا نِصْفَيْنِ فَغَرَزَ فِي كُلِّ قَبْرٍ وَاحِدةً قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ لِمَ فَعَلْتَ هذا؟ قَالَ: لَعَلَّهُ أَنْ يُخَفَّفَ عَنْهُمَا مَا لَمْ يَيْبَسَا[٣].

---

(١) بخاري. وضوء: ٢٢٧ ، ٣٠٧. مسلم. طهارة: ٦٧٣. أبو داود. طهارة: ٣٦١ ، ٣٦٢. ترمذي. طهارة: ١٣٨. نسائي: دم الحيض: ٢٩٢.

(٢) بخاري. وضوء: ٢٢٠ ، ٦١٢٨ ، ٦٠٢٥. مسلم. طهارة: ٦٥٧. نسائي. ترك التوقيت في الماء: ٥٣.

(٣) بخاري. وضوء: ٢١٦ ، ٢١٨ ، ١٣٦١ ، ١٣٧٨ ، ٦٠٥٢ ، ٦٠٥٥. مسلم. طهارة: ٦٧٥. أبو داود. استبراء من البول: ٢٠. نسائي. تنذه عن البول: ٣١. جنائز: ٢٠٦٧.

ئیبنو عەبباس (ڕەزای خودایان لێبێ) گوتی: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بەلای دوو گۆڕا ڕابوورد، فەرمووی: خاوەنی ئەم دوو گۆڕە عەذابو سزا دەدرێن، لەسەر شتێ سزا دەدرێن خۆیان بە گەورەو گرانیان دانەناوەو بەبێ نرخیان زانیوە، بەڵام ئەوشتە لەلای خودا گوناهو تاوانێکی گەورەیە، یەکێکیان لەسەر ئەوە ئازار دەدرێ چونکە (لە حاڵی ژیانیدا) خۆی لە گمێزی خۆی نەدەپاراستو لەکاتی میزکردندا خۆی لەپاڵ شتێکدا حەشار نەدەدا، ئەویتریشیان دوو زمانی دەکردو قسەچێن بوو، قسەی دەهێناو دەبرد بۆ تێك بەردانی خەڵك لە یەکتری! ئینجا حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) پەڵکە خورمایەکی تەڕی هەڵگرتو کردی بە دوو لەتەوەو هەر کوتەی لەسەر گۆڕێکیان چەقاند گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمەت بۆچی کرد؟ فەرمووی: (چونکە گیاو داری سەوزو تەڕی سەر گۆڕ تا وشك دەبێو تەڕایی تیا نامێنێ دەپارێتەوە بۆ مردووەکە، جا کەوابوو بەشکوو ئەم پەلکە خورما سەوزانە ئازاریان سووك بکەن هەتا ئەوکاتەی وشك دەبن (ش/د/ت/ن).

١٦٦- عَنْ أُمِّ قَيْسٍ بِنْتِ مِحْصَنٍ أَنَّهَا أَتَتْ بِابْنٍ لَهَا صَغِيرٍ لَمْ يَأْكُلِ الطَّعَامَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَأَجْلَسَهُ فِي حَجْرِهِ فَبَالَ عَلَى ثَوْبِهِ فَدَعَا بِمَاءٍ فَنَضَحَهُ وَلَمْ يَغْسِلْهُ. وفي روايةٍ: فَلَمْ يَزِدْ عَلَى أَنْ يَنضَحَ بِالْماءِ. روى هذه الأربعة الْخَمْسَةُ[٤].

ئوم قەیسی کچی میحصەن گوتی: کوڕێکی کۆرپەم هەبوو، نانەخۆرە نەبوو بوو، بردم بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە کۆشی خۆیا داینا، میزیکرد بە جلەکانیا، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) داوای ئاوی کردو ئاوەکەی پرژاند لە جلەکەیو ئیتر نەیشۆرد لە گێڕانەوەیەکا: تەنیا ئاوی لێ پرژاندو بەس (ش/د/ت/ن).

---

(٤) بخاري. وضوء: ٢٢٣ ، ٥٦٩٣. مسلم. طهارة: ٦٦٠ ، ٦٦٥. أبو داود. بول الصبي: ٣٧٤. بول الغلام: ٧١. نسائي. بول الصبي: ٣٠١.

١٦٧– عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: أُتِيَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِصَبِيٍّ يَرْضَعُ فَبَالَ فِي حِجْرِهِ فَدَعَا بِمَاءٍ فَصَبَّهُ عَلَيْهِ. رَوَاهُ مُسْلِم(٥).

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: كوڕێكی ساوای مەمكە خۆرەیان هێنا بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لێبێ) منداڵەكە میزیكرد بە كۆشی حەزرەتدا، جا حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) داوای ئاوی كردو ئاوەكەی كرد بەسەر جێگەی میزەكەدا(م).

١٦٨– عَنْ لُبَابَةَ بِنْتِ الْحَارِثِ قَالَتْ: كَانَ الْحُسَيْنُ فِي حِجْرِ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَبَالَ عَلَيْهِ فَقُلْتُ: الْبَسْ ثَوْبًا وَأَعْطِنِي إِزَارَكَ حَتَّى أَغْسِلَهُ قالَ: إِنَّمَا يُغْسَلُ مِنْ بَوْلِ الأُنْثَى وَيُنْضَحُ مِنْ بَوْلِ الذَّكَرِ. رَوَاهُ أبو داود وأحمد والحاكم(٦).

لوبابەی كچی حاریث (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ حوسەینی كوڕی عەلی لە كۆشی پێغەمبەردا بوو (دروودی خوای لەسەربێ) میزی كرد بەكۆشیا، منیش گوتم: ئەی پێغەمبەری نازدار! جلێ لەبەركەو بەركۆش (ئیزار)ەكەتم بدەرێ تا بیشۆم. فەرمووی: شۆردن بەس بۆ میزی مێیینەیە بەڵام ئاوڵێ پرژاندن بۆ میزی نێرینەیە (د/ ئەحمەد/ حاكم – س/ص).

١٦٩– عَنْ أَبِي السَّمْحِ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: يُغْسَلُ مِنْ بَوْلِ الْجَارِيَةِ وَيُرَشُّ مِنْ بَوْلِ الْغُلاَمِ. رَوَاهُ أبو داود والنسائي(٧).

ئەبو سەمح (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: میزی كچ دەشۆرێ، وە میزی كوڕ ئاوی لێ دەپرژێنرێ! (د/ن–س/ح).

١٧٠– عَنْ عَلِيٍّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: يُغْسَلُ بَوْلُ الْجَارِيَةِ وَيُنْضَحُ بَوْلُ الْغُلاَمِ مَا لَمْ يَطْعَمْ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ هَكَذا (موقوفاً على علّي) وَالتِّرْمِذِي مرفوعاً(٨).

واتە: عەلی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: میزی كچ دەشۆرێ، وە میزی كوڕ (تانانە خۆرە دەبێ) ئاوی لێ دەپرژێنرێ (د/ موقوفات – مرفوعا –ن–س/ح).

---

(٥) مسلم. طهارة: ٦٦١.

(٦) رواه الحاكم بسند صحيح (شرحه).

(٧) بسند حسن (شرحه).

(٨) بسند حسن (شرحه).

١٧١– وَعَنْهُ قالَ: كُنْتُ رَجُلاً مُذَّاءً وَكُنْتُ أَسْتَحِي أَنْ أَسْأَلَ النَّبِيَّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّم) لِمَكَانِ ابْنَتِهِ فَأَمَرتُ الْمِقْدَادَ بْنِ الأَسْوَدِ فَسَأَلَهُ فَقالَ: يُغْسَلُ ذَكَرَهُ وَيَتَوضَّأ. رَوَاهُ الْخَمْسَة[٩].

واتــە: دیـسان عـەلی (خـوای لێ رازی بێ) گـوتـی: مـەزیم زۆر بـوو، شەرمیـشم دەکـرد بـۆ خـۆم لـە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) بپرسـم، چـونکە کـچەکەی خێـزانم بـوو، جا بـە میقـدادی کـوڕی ئەسـوەدم گـوت بـۆ ئەمـە لێـی پرسـی، فەرمووبووی: چووکی بشۆرێ‌و دەسنوێژ بگرێ (ش/د/ت/ن).

١٧٢– عَنْ سَهْلِ بْنِ حُنَيْفٍ قالَ: كُنْتُ أَلْقَى مِنَ الْمَذْيِ شِدَّةً وَكُنْتُ أُكْثِـرُ مِنْهُ الْإِغْتِسَالَ فَسَأَلْتُ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّم) عَنْ ذلِكَ فَقالَ: إِنَّمَا يُجْزِئُكَ مِنْ ذَلِكَ الْوُضُوءُ، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللّٰهِ فَكَيْفَ بِمَا يُصِيبُ ثَوْبِي مِنْهُ؟ قالَ: يَكْفِيـكَ أَنْ تَأْخُذَ كَفًّا مِنْ مَاءٍ فَتَنْضَحَ بِها مِن ثَوْبَـكَ حَيْـثُ تَـرَى أَنَّـهُ أَصَـابَهُ. رَوَاهُ أَبُـو دَاوُدَ والترميذي[١٠].

واتە: سەهلی کوڕی حونەیف (خوای لێ رازی بێ) گـوتـی: بەدەسـت مـەذییـەوە دامابووم لەبەر ئەوە زۆر خۆم دەشۆرد، جا کە بۆ ئەمـە لـە پێغەمبـەرم پرسـی فـەرمووی: بـۆ ئـەوە تـەنیا دەسـنوێژت بەسـەو پێویـست بـە خۆشـۆردنی لەشپیـسی ناکـا. گـوتم: ئـەی پێغەمبـەری خـودا! ئـەی ئـەوەی کـە دەکـەوێ لـە جلەکانم چی لێ بکەم؟ فەرمووی: لەپێ ئاو هەڵبگرەو بی پرژێنە لەو جێگەیەی جلەکەت کە دەزانی مەزییەکە بەری کەوتووەو بەس (د/ت–س/ص).

١٧٣– عَنْ عَبْدِاللّٰهِ يَقُولُ: أَتىَ النَّبِيُّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّم) الْغَائِطَ فَأَمَرَنِي أَنْ آتِيَهُ بِثَلاثَةَ أَحْجَارٍ فَوَجَدْتُ حَجَرَيْنِ وَالْتَمَسْتُ الثالِثَ فَلَمْ أَجِدْهُ فَأَخَذتُ رَوْثَةً فأتَيْتُهُ بِهَا فَأَخَذَ الْحَجَرَيْنِ وَأَلْقَى الْرَّوْثَة وَقالَ: هَذا رِكْسٌ. البخاري والترمذي والنسائي[١١].

---

(٩) بخاري. علم: ١٣٢ ، ١٧٨ ، ٢٦٩. مسلم. حيض: ٦٩٣ ، ٦٩٤ ، ٦٩٥. نسائي. ماينقض الوضوء: ١٥٧.

(١٠) بسند صحيح (شرحه).

(١١) بخاري. وضوء: ١٥٦.

عەبدوڵڵا (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) چوو بۆ سەراو، فەرمووی پێم: کەسێ بەردی بۆ بەرم، منیش دوو بەردم دەست کەوتو گەڕام بۆ بەردی سێیەم دەستم نەکەوتو لەباتی ئەو تەرسەقولێکم دۆزییەوەو بردم بۆی، جا هەردوو بەردەکەی وەرگرتو تەرسەقولەکەی تووڕداو فەرمووی: ئەمە پیسە بەکاری خۆپاککردنەوە نایەت (ب/ت/ن).

١٧٤- عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: كُنْتُ أَغْسِلُ الْجَنَابَةَ مِنْ ثَوْبِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَيَخْرُجُ إِلَى الصَّلاَةِ، وَإِنَّ بُقَعَ الْمَاءِ فِي ثَوْبِهِ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ(١٢).

واتە: عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جاری وادەبوو ئەسەری لەشپیسیم دەشۆرد بەجلەکانی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) کە دەچوو بۆ نوێژ هێشتا جێگە شۆراوەکە تەڕبوو، وەك پەڵە بەجلەکەیەوە دیاربوو (ش/د/ت/ن).

١٧٥- وَعَنْهَا قَالَتْ: لَقَدْ رَأَيْتُنِي أَفْرُكُ الْمَنِيَّ مِنْ ثَوْبِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَرْكًا فَيُصَلِّي فِيهِ. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إِلا الْبَخَارِي(١٣).

واتە: دیسان گوتی: خۆم بەدەستی خۆم تۆماو (مەنی)ی وشکەوە بووم بە جلەکانی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) دەووڵیو لەپاشا دەمتەکاند، ئیتر بەبێ شۆردن پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) نوێژی پێوە دەکرد (م/د/ت/ن).

١٧٦- عَنْ مَيْمُونَةَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سُئِلَ عَنِ فَأْرَةٍ سَقَطَتْ فِي سَمْنٍ فَقَالَ: أَلْقُوهَا وَمَا حَوْلَها وَكلُوُا سَمْنَكُمْ. وَفي روايـة: إِذَا وَقَعَتِ الْفَأْرَةُ فِي السَّمْنِ فإنْ كَانَ جَامِداً فَأَلْقُوهَا وَمَا حَوْلَهَا وَإِنْ كَانَ مَائِعًا فَلاَ تَقْرَبُوهَا. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إِلا مسلماً(١٤).

---

(١٢) بخاري. وضوء: ٢٢٩، ٢٣٠ ، ٢٣١ ، ٢٣٢. مسلم. طهارة: ٦٧٠ ، ٦٧١ ، ٦٧٢. أبو داود. المنى يصيب الثوب: ٣٧٣. ترمذي. غسل المنى: ١١٧. نسائي. غسل المنى من الثوب: ٢٩٤.

(١٣) مسلم. طهارة: ٦٦٧. نسائي. فرك المنى: ٢٩٦ ، ٢٩٧ ، ٢٩٨. أبو داود. المني يصيب الثوب: ٣٧١.

(١٤) بخاري. وضوء: ٢٣٥ ، ٢٣٦ ، ٥٥٣٨ ، ٥٥٣٩.

واتــە: مەیموونــە (خـوای لێ ڕازی بێ) گــوتی: مــشكێ دەكەوێتــە نــاو ڕۆنــی مەییوەوە بۆ ئەمە لە پێغەمبەریان پرسیاركرد، فەرمووی (درودی خوای لەسەربێ): مــشكە تۆپیوەكــەو دەورو بەرەكــەی فــڕێ دەنو ڕۆنــی خۆتــان بخــۆن، لــە گێڕانەوەیــەكا: ئەگــەر مــشك كەوتــە نــاو ڕۆنــەوە تەماشــاكەن: ئەگــەر ڕۆنەكــە مــەییوبوو مــشكەكەو دەوروبەرەكــەی فــڕێ دەن، بــەڵام ئەگــەر ڕۆنەكــە شــل بــوو توخنی مەكەون (ب/د/ت/ن).

١٧٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا وَقَعَ الذُّبَابُ فِي إِنَاءِ أَحَدِكُمْ، فَلْيَغْمِسْهُ كُلَّهُ، ثُمَّ لِيَطْرَحْهُ، فَإِنَّ فِي أَحَدِ جَنَاحَيْهِ شِفَاءً وَفِي الآخَرِ دَاءً. رَوَاهُ البخاري وأبو داود وزاد: وإِنَّهُ يَتَّقِي بِجَنَاحِهِ الَّذي فِيهِ الَّداءُ[١٥].

واتە: ئـەبو هـورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گـوتی: پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەگــەر مێــش كەوتــە نــاو حاجەتێكتانــەوە ئــاو یــا شــتی شــلی تــری تیابوو، لــە پێــشا مێــشەكە هــەمووی نــوقم بكــەن ئینجــا دەری بێنــنو فڕییــدەن، چــونكە بــاڵێكی دەرمــانی پــێ وەیــەو ئــەو باڵەكــەی تــری دەرد (ب/د) لــە گێڕانەوەی ئەبو داوودا ئەمەشی پترە: وە بەو باڵەیانی كە دەردەكەی پێوەیــە خــۆی دەپــارێزێو پاســی خــۆی پــێ دەكــا تــا نەكــەوێ، جــا كاتــێ دەكــەوێ لــە پێشا ئەو باڵەی دەكەوێتە ناو قاپەكەوە.

١٧٨- وَجَاءَتِ امْرَأَةٌ تَسْأَلُ أُمَّ سَلَمَةَ زَوْجَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَتْ: إِنِّي امْرَأَةٌ أُطِيلُ ذَيْلِي وَأَمْشِي فِي الْمَكَانِ الْقَذِرِ. فَقَالَتْ: أُمُّ سَلَمَةَ قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُطَهِّرُهُ مَا بَعْدَهُ. رَوَاهُ أبو دَاوُدَ وَمالك والترمذي[١٦].

واتــە: ئافرەتــێ هــات لــە ئــوم ســەلەمەی هاوســەری پێغەمبــەری پرســی، گــوتی: مــن ئــافرەتمو داوێــنم درێــژە، كــە لــە شــوێنی چــەپەڵەوە دەڕۆم داوێــنم دەخــشێ لــەزەویو پــیس دەبــێ؟ ئــوم ســەلەمە گــوتی: پێغەمبــەر (درودی خوای

(١٥) بخاري. بدء الخلق: ٣٣٢٠ ، ٥٧٨٢.

(١٦) رواه الترمذي بسند صالح ومالك بسند صحيح (شرحه).

لەسەربێ) فەرموویەتی: لەوە دوا کە خشایەوە لەزەوی پاك ئەوە پاکی دەکاتەوە (د/مالك–س/ص–ت– سند صالح).

١٧٩– وَقَالَتْ أمْرَأَةٍ مِنْ بَنِي عَبْدِ الأَشْهَلِ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إنَّ لَنَا طَرِيقًا إِلَى الْمَسْجِدِ مُنْتِنَةً فَكَيْفَ نَفْعَلُ إِذَا مُطِرْنَا؟ قَالَ: أَلَيْسَ بَعْدَهَا طَرِيقٌ هِيَ أَطْيَبُ مِنْهَا قَالَتْ قُلْتُ: بَلَى قالَ: فَهَذِهِ بِهَذِهِ[١٧].

واتە: ئافرەتێکی بەنی ئەشهەلی گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! رێگەی مزگەوتەکەمان بۆگەنە، کە باران باری چی بکەین؟ فەرمووی: ئایا لە دوای ئەوەوە رێگەی لەو پاکترنییە؟ گوتی: با هەیە، فەرمووی: دەئەو پاکە ئەوی تر پاك دەکاتەوە(د).

١٨٠– عَنْ أَبِي هَرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: إِذَا وَطِيءَ أحَدُكُمْ بَنعْلِهِ ألأَذَى فَإِنَّ ألتُّرَابَ لَهُ طَهُورٌ. وَفِي رِوَايَةِ: إِذَا وَطِيءَ ألأذى بِخُفَّيهِ فَطَهُورُهُمَا التُّرَابُ[١٨].

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەگەر بە پێڵاوەوە پێتان نا لە پیسی. لە پاشا بەسەر خاکی پاکا رۆیشتن ئیتر پێڵاوەکانتان پاك دەبێتەوە لە گێڕانەوەیەکا: ئەگەر بەپێڵاوەوە پێی نا لە پیسی خاك پاکی دەکاتەوە (د–س/ص).

١٨١– عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمْ إِلَى الْمَسْجِدِ فَلْيَنْظُرْ فَإِنْ رَأَى فِي نَعْلَيْهِ قَذَرًا أَوْ أَذَى فَلْيَمْسَحْهُ وَلْيُصَلِّ فِيهِمَا. رَوى الثلاثة أبو داود[١٩].

واتە: ئەبو سەعید گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: کە دەچن بۆ مزگەوت تەماشا بکەن: ئەگەر پیسیو ئازار بە کەوشەکانتانەوە هەبوو بیان سڕن بەزەویو ئیتر نوێژیان پێوە بکەن (د–س/ص).

---

(١٧) سكت الشارح عن بيان درجته (مترجم).

(١٨) رواه أبو داود بسند صحيح (شرحه).

(١٩) رواه أبو داود بسند صحيح (شرحه).

٤) باسی چوارەم: باسی تاراتگرتن (ئەم باسە دوو بەشە):

بەشی یەکەم: دەستووری سەراو

الباب الرابع: في الاستنجاء وفيه فصلان:

الأول: في آداب الخلاء

١٨٢- عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ إِذَا ذَهَبَ الْمَذْهَبَ أَبْعَدَ. رَوَاهُ أصحاب السنن[١].

واتە: موغیرەی کوڕی شوعبە گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کە دەچوو بۆ سەراو تەواو دوور دەکەوتەوە لە خەڵك (د/ت/ن).

١٨٣- وَلأَبِي دَاوُدَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا أَرَادَ الْبَرَازَ انْطَلَقَ حَتَّى لا يَرَاهُ أَحَدٌ[٢].

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کە دەیویست دەست بەئاو بگەیەنێ ئەوەندە دوور دەکەوتەوە تا لەبەر چاو گوم دەبوو! (د).

١٨٤- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ جَعْفَرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أَرْدَفَنِي رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ذَاتَ يَوْمٍ خَلْفَهُ فَأَسَرَّ إِلَيَّ حَدِيثًا لاَ أُحَدِّثُ بِهِ أَحَدًا مِنَ النَّاسِ وَكَانَ أَحَبُّ مَا اسْتَتَرَ بِهِ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لِحَاجَتِهِ هَدَفٌ أَوْ حَائِشُ نَخْلٍ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ[٣].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر گوتی: ڕۆژێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە پاشکۆی خۆیا سواری کردمو فەرمایشتێکی بە پەنهانی پێ فەرمووم بۆ کەسی ناگێڕمەوە، وە باشترین شتێکیش کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بۆ سەراو خۆی لەپاڵدا حەشاربدایە بارستاییو بەرزاییو شوورەی باخە خورما بوو (م).

١٨٥- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا دَخَلَ الْخَلاَءَ نَزَعَ خَتَمَهُ. رَوَاهُ أَبو داود والترمذي وَحَسَّنَهُ[٤].

---

(١) بسند صحيح (شه = شرحه).

(٢) رواه أبو داود (شه = شرحه).

(٣) مسلم. طهارة: ٧٧٢.

(٤) حسنه الترمذي (مترجم).

واتە: ئەنەس گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) کاتێ دەرۆیشتە ئاو ئاو دەستەوە ئەنگوستیلەکەی دادەکەند چونکە مۆری (محمد رسول الله)ی لێ هەڵکەندرابوو (د/ت:ح/ح).

١٨٦- وَعَنْهُ قالَ: كَنَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا دَخَلَ الْخَلاَءَ قالَ: اللّٰهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخُبْثِ وَالْخَبَائِثِ[٥].

واتە: دیسان ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) کە دەیویست بچێتە ناو ئاودەستەوە دەیفەرموو:

اَللّٰهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنَ الْخُبْثِ وَالْخَبَائِثِ :

ئەی خودایە! پەنا دەگرم بەتۆ لەگۆڵو دێڵی شەیتانی چەپەڵ (ش/د/ت/ن).

١٨٧- عَنْ عَلِيٍّ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: سَتْرُ مَا بَيْنَ أَعْيُنِ الْجِنِّ وَعَوْرَاتِ بَنِي آدَمَ إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْخَلاَءَ أَنْ يَقُولَ بِسْمِ اللّٰهِ. رَوَاهُ الترميذي وأحمد وحسَّنه[٦].

واتە: عەلی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: پەردەیێ کە بەری چاوی جنۆکەو شەیاتینی بگرێو نەیەڵێ شەرمگا (عەورەت)ی ئادەمیزاد ببینن لەکاتی چوونە ناو ئاودەستا ئەوەیە کە بڵێ: (باسم الله): بەناوی خودا (ت/ئەحمەد:ح/ح).

١٨٨- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا أَرَادَ حَاجَةً لاَ يَرْفَعُ ثَوْبَهُ حَتَّى يَدْنُوَ مِنَ الأَرْضِ. رَوَاهُأَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ[٧].

ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) کە دەیویست دەست بەئاو بگەیەنێ هەتا تەواو لە زەوی نزیك نەبوایەتەوە جلەکانی هەڵ نەدەماڵی (د/ت – سند ضعيف).

---

(٥) بخاري. وضوء : ١٤٢ ، ٦٣٢٢. مسلم. حيض: ٨٢٩ ، ٨٣٠ ترمذي. إذا دخل الخلاء. أبو داود. إذا دخل الخلاء: ٦. نسائ. عند دخول الخلاء: ١٩.

(٦) حسنه أحمد.

(٧) حديث ضعيف (شرحه).

١٨٩- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ عَنِ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: لاَ يَخْرُجُ الرَّجُلاَنِ يَضْرِبَانِ الْغَائِطَ كَاشِفَيْنِ عَنْ عَوْرَتِهِمَا يَتَحَدَّثَانِ فَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يَمْقُتُ عَلَى ذَلِكَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٨].

واتە: ئەبو سەعید (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی:** پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: نابێ دوو کەس بەیەکەوە بچن بۆ سەرپێشاوو شەرمیان هەڵماڵنو دەست بکەن بە قسەکردن، چونکە خودای گەورەو مەزن رقی لەشتی وا دەبێتەوە (د- سند ضعيف).

١٩٠- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: مَرَّ رَجُلٌ عَلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ يَبُولُ فَسَلَّمَ عَلَيْهِ فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْهِ[٩].

واتە: ئیبنو عومەر (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی:** جارێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) گمیزی دەکرد پیاوێ لەلایەوە رابوورد، سڵاوی لێکرد، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) وەڵامی نەسەندەوە (ش/د/ت/ن).

١٩١- عَنْ أَبِي أَيُّوبَ الأَنْصَارِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا أَتَى أَحَدُكُمُ الْغَائِطَ فَلاَ يَسْتَقْبِلِ الْقِبْلَةَ وَلاَ يُوَلِّهَا ظَهْرَهُ، شَرِّقُوا أَوْ غَرِّبُوا[١٠].

واتە: ئەبو ئەیوبی ئەنصاری (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی:** پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەیفەرموو: کە دەچنە سەرپێشاو نەڕوو بکەنە رووگە (قیبلە)و نەپشتی تێ بکەن، بەڵام رووبکەنە ئەم لاو ئەولا (ش/د/ت/ن).

١٩٢- عَنْ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: ارْتَقَيْتُ فَوْقَ بَيْتِ حَفْصَةَ لِبَعْضِ حَاجَتِي، فَرَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْضِي حَاجَتَهُ مُسْتَدْبِرَ الْقِبْلَةِ مُسْتَقْبِلَ الشَّأْمِ. وَفِي رَوَايَة: قاعِداً عَلى لِبَنَتَيْنِ[١١].

---

(٨) حديث ضعيف (شرحه).

(٩) بخاري. تيمم: ٣٣٧. مسلم. تيمم: ٨٢٠ ، ٨٢١.

(١٠) بخاري. وضوء: ١٤٤ ، ٣٩٤. مسلم. طهارة: ٦٠٨ ، ٦٠٩. أبو داود. استقبال القبلة عند قضاء الحاجه: ٩. ترمذي. نهى عن استقبال القبلة: ٨. نسائي. نهى استدبار القبلة: ٢١.

(١١) بخاري. وضوء: ١٤٥ ، ١٤٨ ، ١٤٩ ، ٣١٠٢. مسلم. طهارة ٦١٠ ، ٦١١.

واتــە: ئیبنـو عومـەر (خـوای لێ ڕازی بێ) گـوتی: ئیـشم هـەبوو چـوومە سـەر سەربانەکەی حەفسەی خوشکم کە ژنی پێغەمبەر بوو، پێغەمبەرم دی خـەریك بـوو ڕوو بەشـام دەسـتی بـەئاو دەگەیانـد وە پـشتی کردبـوە ڕووگـە، لـە گێڕانەوەیـەکا: لەسـەر دووخـشتی کـاڵ دانیـشتبوو سـەراوی دەکـرد (ش/د/ت/ن).

١٩٣- عَنْ حُذَيْفَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أَتَى النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سُبَاطَةَ قَوْمٍ فَبَالَ قَائِمًا، ثُمَّ دَعَا بِمَاءٍ، فَجِئْتُهُ بِهِ فَتَوَضَّأَ(١٢).

واتە: حوزەیفە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) چووە سەر سەرانگۆێلکی هۆزێ، لەوێ بەپێوە کمێزی کرد، ئینجا داوای ئاوی کرد، منیش ئاوم بۆبرد، دەسنوێژی پێ گرت (ش/د/ت/ن).

١٩٤- عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَـالَ: إِذَا بَـالَ أَحَدُكُمْ فَلاَ يَأْخُذَنَّ ذَكَرَهُ بِيَمِينِهِ، وَلاَ يَسْتَنْجِ بِيَمِينِهِ، وَلاَ يَتَنَفَّسْ فِـي الإِنَـاءِ. رَوَى هَذِهِ الخمسة الأصول الخمسة(١٣).

واتــە: ئـەبو قـەتادە (خـوای لێ ڕازی بێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) دەیفەرموو: کەمیز دەکەن بەدەستی ڕاستتان چووکتان مەگرن، تـاراتیش بـە دەسـتی ڕاسـتتان مـەگرن، لـەجامی ئـاو خواردنەوەشـدا لـەکاتی ئـاو خواردنەوەدا هەناسە مەدەن (ش/د/ت/ن).

١٩٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَـالَ: اتَّقُـوا اللاَّعِنَيْنِ قَالُوا: وَمَا اللاَّعِنَانِ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: الَّذِي يَتَخَلَّى فِي طَرِيقِ النَّـاسِ أَوْ ظِلِّهِمْ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ ومُسْلِمٌ(١٤).

---

(١٢) بخاري. وضوء: ٢٢٤ ، ٢٢٥ ، ٢٢٦ ، ٢٤٧١. مسلم. طهارة: ٦٢٣ ، ٦٢٤. أبو داود. البول قائماً: ٢٣. ترمذي. رخصة فى ذلك: ١٣. نسائ. رخصة فى البول فى الصحراء: ٢٦ ، ٢٧ ، ٢٨.

(١٣) بخاري. وضوء: ١٥٣ ، ٥٦٣٠ ، ١٥٤. مسلم. طهارة: ٦١٢ ، ٦١٣.

(١٤) مسلم. طهارة: ٦١٧. أبو داود. المواضع التى نهى النبىَ عن البول فيها: ٢٥.

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: خۆتان بپارێزن لەو دوو شتە ناشرینە کە دەبن بەهۆی ئەوە خەڵکی نەفرینو لەعنەتتان لێبکەن گوتیان ئەی پێغەمبەری خودا! ئەو دوو شتەیە چیو چین؟ فەرمووی: یەك سەراوکردن لە سەرەڕێدا، یەك سەراوکردن لە سێبەری جێگە دانیشتنی مەردوومدا (د/م).

١٩٦- عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: اتَّقُوا الْمَلاَعِنَ الثَّلاَثَةَ: الْبَرَازَ فِي الْمَوَارِدِ وَقَارِعَةِ الطَّرِيقِ وَالظِّلِّ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[١٥].

واتە: موعاذی کوڕی جەبەل (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: خۆتان بپارێزن لەم سێ شتە کە دەبن بەهۆی لەعنەتو نەفرەت:

یەکەم: لە سەراوکردن لە قەراخ ئاوی خواردنەوەدا.

دووەم: لە سەراوکردن لە سەرەڕێدا.

سێیەم: لە سەراوکردن لە سێبەری دانیشتندا. (د).

١٩٧- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ سَرْجِسَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نَهَى أَنْ يُبَالَ فِي الْجُحْرِ. قَالُوا لِقَتَادَةَ: مَا يُكْرَهُ مِنَ الْبَوْلِ فِي الْجُحْرِ؟ قَالَ: كَانَ يُقَالُ: إِنَّهَا مَسَاكِنُ الْجِنِّ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالنَسائِي[١٦].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی سەرجیس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) قەدەغەی کردووە کە گمێز بکرێتە ناو کونەوە، گوتیان بە قەتادە: بۆچی باش نیە کە گمێز بکرێتە ناو کونەوە؟ گوتی: دەڵێن: جێگەو لانەی جنۆکەیە (ن/د).

١٩٨- وَلأَبِي دَاوُدَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) إِذَا أَرَادَ أَحَدُكُمْ أَنْ يَبُولَ فَلْيَرْتَدْ لِبَوْلِهِ مَوْضِعًا[١٧].

---

(١٥) مؤيل بالصحيح (شرحه).

(١٦) لم يذكروا نسبته، ولكنه في باب الترهيب (شرحه).

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: کاتێ دەتانەوێ گمێز بکەن جێگەیێ بدۆزنەوە کە دەست بدا بۆ میز لێکردن! (د).

١٩٩- عَنْ أُمَيْمَةَ بِنْتِ رُقَيْقَةَ قَالَتْ: كَانَ لِلنَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَدَحٌ مِنْ عِيْدَانٍ تَحْتَ سَرِيرِهِ يَبُولُ فِيهِ بِاللَّيْلِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالنَسائِي[١٨].

واتە: ئومەیمەی کچی روقیقە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) کۆتکە دار خورمایەکی هەبوو لەژێر چارپاکەیدا دایدەنا، بەشەو میزی تێ دەکرد. (د/ن).

٢٠٠- عَنْ عَائِشَةُ (رَضيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا خَرَجَ مِنَ الْخَلاءِ قَالَ: غُفْرَانَكَ. رَوَاهُ أصحاب السنن[١٩].

واتە: عائیشە گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) کە لەئاو دەست دەهاتە دەرەوە دەیفەرموو: (غُفْرَانَكَ): ئەی خودایە! داوای لێبووردنت لێ دەکەم کە ئەم ماوە دوورو درێژە لەیادو ذیکری تۆ دوور کەوتمەوە (د/ت/ن).

٢٥) بەشی دووەم: تاراتگرتن (استنجاء - خۆپاککردنەوە):
الفصل الثاني: في الاستنجاء

٢٠١- عَنْ أَنسٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) يَقُولُ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا خَرَجَ لِحَاجَتِهِ أَجِيءُ أَنَا وَغُلَامٌ مَعَنَا إِدَاوَةٌ مِنْ مَاءٍ. يَعْنِي يَسْتَنْجِي بِهِ. رَوَاهُ الْخِمْسَة ولفظ مُسْلِم: كَانَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَدْخُلُ الْخَلاَءَ، فَأَحْمِلُ أَنَا وَغُلَامٌ إِدَاوَةً مِنْ مَاءٍ، وَعَنَزَةً، فَيَسْتَنْجِي بِالْمَاءِ[١].

---

(١٧) لم يذكر الشارح نسبته (مترجم).

(١٨) لم يذكر الشارح نسبته (مترجم).

(١٩) بسند حسن (شرحه).

(١) بخاري. وضوء: ١٥٠ ، ١٥١ ، ١٥٢ ، ٢١٧، ٥٠٠. مسلم. طهارة: ٦١٨ ، ٦١٩. أبو داود. بالماء: ٤٣. نسائي. الاستنجاء بالماء: ٤٥.

واتــە: ئەنــەس (خوای لیٚ رازی بیٚ) **گــوتی: پێغەمبــەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **کــە دەچوو بۆ سەراو منو کورێکی تر جەوەندەییٚ ئاومان هەڵدەگرتو شوێنی دەکەوتین، واتە: بەو ئاوە تاراتی پیٚ دەگرت (ش/د/ت/ن) گفتەی موسلیم ئاوایە: منو کورێکی تر لە سیٚرەی مندا کە پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەچوو بۆ سەراو جەوەندەییٚ ئاومان بۆی دەبرد، بەو ئاوە تاراتی دەگرت، وە نەقیزەیەکیشمان لەگەڵ خۆمان دەبرد پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **دایدەچەقاندو دەیکرد بە بەردەم (سوترە) لەکاتی نوێژدا.**

٢٠٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ قالَ: اتَّبَعْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَخَرَجَ لِحَاجَتِهِ، فَكَانَ لاَ يَلْتَفِتُ فَدَنَوْتُ مِنْهُ فَقَالَ: ابْغِنِي أَحْجَارًا أَسْتَنْفِضْ بِهَا - أَوْ نَحْوَهُ - وَلاَ تَأْتِنِي بِعَظْمٍ وَلاَ رَوْثٍ فَأَتَيْتُهُ بِأَحْجَارٍ بِطَرَفِ ثِيَابِي فَوَضَعْتُهَا إِلَى جَنْبِهِ وَأَعْرَضْتُ عَنْهُ، فَلَمَّا قَضَى أَتْبَعَهُ بِهِنَّ. رَوَاهُ الْبُخاري[٢].

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لیٚ رازی بیٚ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **رۆیشت بۆ سەراو منیش دوای کوتم، دەستووری وا بوو ئاوڕی نەدەدایەوە، جا کە لێی نزیك بوومەوە فەرمووی: چەن بەردێکم بۆ پەیدا کە خۆمیان پیٚ پاك دەکەمەوە یا قسەیەکی ئاوای فەرموو: فەرمووشی: بەڵام ئێسقانو تەپاڵەم بۆ مەهێنە منیش لە داوێنی جلەکانما چەن بەردێکم بۆی بردو لە تەنیشتییەوە دامنانو پشتم تێکرد، کاتیٚ سەراوەکەی تەواوکرد خۆی بە بەردەکان سڕی (ب).**

٢٠٣- عَنْ سَلْمَانَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قِيلَ لَهُ: قَدْ عَلَّمَكُمْ نَبِيُّكُمْ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كُلَّ شَيْءٍ حَتَّى الْخِرَاءَةَ. فَقَالَ: أَجَلْ لَقَدْ نَهَانَا أَنْ نَسْتَقْبِلَ الْقِبْلَةَ لِغَائِطٍ أَوْ بَوْلٍ أَوْ أَنْ نَسْتَنْجِيَ بِالْيَمِينِ أَوْ أَنْ نَسْتَنْجِيَ بِأَقَلَّ مِنْ ثَلاَثَةِ أَحْجَارٍ أَوْ أَنْ نَسْتَنْجِيَ بِرَجِيعٍ أَوْ بِعَظْمٍ. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إِلا الْبُخاري[٣].

---

(٢) بخاري. وضوء: ١٥٥ ، ٣٨٦٠.

(٣) مسلم. الاستطابه: ٦٠٥ ، أبو داود ، كراهة استقبال القبلة عند قضاء الحاجة: ٧. ترمذي. استنجاء: ١٦.

واتە: گوتیان بە سەلمان (خوای لێ رازی بێ): ئەم پێغەمبەرەی ئێوە هەموو شتێکتان فێردەکا، تەنانەت دەستووری سەراویشتان فێردەکا! سەلمانیش گوتی: بەڵێ وایە، ئەوەتانێ یاساخی کردووە لێمان کە لەکاتی پیسایی‌و میزکردندا روو بکەینە رووگە، یا بەدەستی راست تارات بگرین، یا بەسێ بەرد کەمتر خۆمان پاك بکەینەوە یا بە تەپاڵەو تەرس‌و ئێسقان‌و شتی وا، خۆمان پاك بکەینەوە (م/د/ت/ن).

٢٠٤- وَلِلتِّرْمِذِي: لاَ تَسْتَنْجُوا بِالرَّوْثِ وَلاَ بِالْعِظَامِ فَإِنَّهُ زَادُ إِخْوَانِكُمْ مِنَ الْجِنِّ(٤).

واتە: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: بە تەپاڵەو تەرس‌و بە ئێسقان خۆتان پاك مەکەنەوە، چونکە ئەوانە تۆشەی جنۆکەکانی براتانن (ت).

٢٠٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: مَنْ تَوَضَّأَ فَلْيَسْتَنْثِرْ وَمَنْ اسْتَجْمَرَ فَلْيُوتِرْ. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إلاَّ أبا دَاوُدَ(٥).

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەرکەسێ دەسنوێژ دەگرێ باهنگ بکاو ئاو لەلووتی رابدا وە هەر کەسێ بە بەرد یا بەشتی وا تارات دەگرێ با بەچەن بەردێکی تاك خۆی پاك بکاتەوە (ش/ت/ن).

٢٠٦- وَلأَبِي دَاوُدَ: مَنِ اكْتَحَلَ فَلْيُوتِرْ، مَنْ فَعَلَ فَقَدْ أَحْسَنَ وَمَنْ لاَ فَلاَ حَرَجَ وَمَنِ اسْتَجْمَرَ فَلْيُوتِرْ، مَنْ فَعَلَ فَقَدْ أَحْسَنَ وَمَنْ لاَ فَلاَ حَرَجَ وَمَنْ أَكَلَ فَمَا تَخَلَّلَ فَلْيَلْفِظْ وَمَا لاَكَ بِلِسَانِهِ فَلْيَبْتَلِعْ مَنْ فَعَلَ فَقَدْ أَحْسَنَ وَمَنْ لاَ فَلاَ حَرَجَ وَمَنْ أَتَى الْغَائِطَ فَلْيَسْتَتِرْ فَإِنْ لَمْ يَجِدْ إِلاَّ أَنْ يَجْمَعَ كَثِيبًا مِنْ رَمْلٍ فَلْيَسْتَدْبِرْهُ فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَلْعَبُ بِمَقَاعِدِ بَنِي آدَمَ مَنْ فَعَلَ فَقَدْ أَحْسَنَ وَمَنْ لاَ فَلاَ حَرَجَ(٦).

---

(٤) لم يذكر الشارح نسبته (مترجم).

(٥) بخاري. وضوء : ١٦١ ، ١٦٢. مسلم. طهارة: ٥٦١.

(٦) رواه أبو داود وابن ماجه (شرحه).

واتە: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: ئەوەی چاو دەرێژێ با بە تاك بیرێژێ واتە: ژمارەی ئەو جارانەی کە کلچێوکەکە دەهێنێ بەهەر چاوێکیا باتاك بێ، ئەوەی وا دەکا ئەوە زۆر باش دەکا وە ئەوەشی وا نەکا قەیناکا، ئەوەی تارات دەگرێ بە بەرد بابەچەن بەردێکی تاك خۆی پاك بکاتەوە، ئەوەی وا دەکا ئەوە زۆر باش دەکا وە ئەوەشی وا نەکا قەیناکا، ئەوەی شت دەخوا هەرچی بە چوکڵە دەیئاژێنێتەوەو دەری دێنێ لەبن ددانەکانی با بیتفێنێتەوە، هەرچیش بەزمان دەری دێنێو بەزمان دەیچنێتەوە با قووتی بداو بیخوا، ئەوەی وا دەکا زۆر باش دەکا وە ئەوەشی وا نەکا قەیناکا، ئەوەی دەچێت بۆ سەر پێشاو با خۆی لە پاڵ شتێکا حەشار بدا، ئەگەر هەر هیچ نەبوو با کۆمەڵێ لم کۆ بکاتەوەو پشتی تێ بکا، چونکە شەیتان وازی دەکا بە پاشەڵی ئادەمیزاد ئەوەی وا دەکا باش دەکا وە ئەوەشی نەیکا قەیناکا (د).**

٢٦) باسی پێنجەم: باسی دەسنوێژ (سێ بەشە):

بەشی یەکەم: هۆکانی بێ دەسنوێژیی

الباب الخامس: في الوضوء وفيه ثلاثة فصول

الفصل الأول في أسباب الحدث

قَالَ اللهُ جَلَّ شَأْنُهُ: { أَوْ جَاء أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لاَمَسْتُمُ النِّسَاء – ٥/٦}.

خودای گەورەو شکۆمەند دەفەرموێ: وە یاخود یەکێ لە ئێوە لەسەر ئاو هاتەوەو بێ دەسنوێژبوو، یاخود دەست یا پێستتان کەوت لە دەست یا لە پێستی ژنانو بێ دەسنوێژبوون، وە یاخود دروست بوون لەگەڵیان، وە لەم حاڵەتانەدا ئاوتان دەست نەکەوت بۆ دەسنوێژ گرتن یا بۆ لەشپیسی دەرکردن ئەوە لە هەموو ئەم شێوانەدا بەگڵێکی پاك تەیەموم بکەن.

٢٠٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ تُقْبَلُ صَلاَةُ مَنْ أَحْدَثَ حَتَّى يَتَوَضَّأَ. رَوَاهُ الأربعة وَزاد البخاري: قَالَ: رَجُلٌ مِنْ

حَضْرَمَوْتَ: مَا الْحَدَثُ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ؟ قالَ: فُسَاءٌ أَوْ ضُرَاطٌ. وفي رواية: لا تُقْبَلُ صَلاةٌ بِغَيْرِ طُهُورٍ وَلاَ صَدَقَة مِنْ غُلُولٍ[١].

واتە: ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: هەر کەسێ دەسنوێژی شکا تا دەسنوێژ نەگرێتەوە نوێژی دروست نیە (ش/د/ت) ئیمامی بوخاری** (پڕ کۆنەکەی لە نووربێ) **ئەمەی زیاتر کردووە: پیاوێکی حەزرەمەوتیش گوتی: ئەی ئەبو هورەیرە! دەسنوێژ بەچی دەشکێ؟ گوتی: بە لێبوونەوەی تڕو تسو شتی وا، لە گێڕانەوەیەکا: نە نوێژ بەبێ دەسنوێژو پاکی گیرا دەبێو نە خێر لە گزیو دزی گیرا دەبێ.**

٢٠٨- عَنْ عَبَّادِ بْنِ تَمِيمٍ عَنْ عَمِّهِ أَنَّهُ شَكَى إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الرَّجُلُ يُخَيَّلُ إِلَيْهِ أَنَّهُ يَجِدُ الشَّيْءَ فِي الصَّلاَةِ. قالَ: لاَ يَنْصَرِفْ حَتَّى يَسْمَعَ صَوْتًا أَوْ يَجِدَ رِيحًا. وفي رواية: إِذَا وَجَدَ أَحَدُكُمْ فِي بَطْنِهِ شَيْئًا فَأَشْكَلَ عَلَيْهِ أَخَرَجَ مِنْهُ شَيْءٌ أَمْ لاَ فَلاَ يَخْرُجَنَّ مِنَ الْمَسْجِدِ حَتَّى يَسْمَعَ صَوْتًا أَوْ يَجِدَ رِيحًا. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ[٢].

واتە: عەببادی کوڕی تەمیم گوتی: مامەم گوتی: لەلای حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) **سکالایان کرد گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! پیاوی وا هەیە لەناو نوێژدا بە خەیاڵ وا هەست دەکا کە هەست بەشتێ دەکا وەك بایێ، نەڕایی یەك ئەمە چاری چیە؟ فەرمووی: نوێژەکەی نەبڕێ هەتا دەنگێ دەبیستێ یا هەست بە بۆنێ دەکا! لە گێڕانەوەیەکا: ئەگەر هەستتان بە شتێ کرد لەسکتانا وەبوو بەگرێ لە دڵتانا: ئایا بایەکتان لێ بەربووەتەوە یانا، ئەوە نوێژەکەتان مەبڕن تا دەنگێ نەبیستن یا بۆنێ نەکەن (ش/د/ت/ن).**

٢٠٩- عَنْ عَلِيٍّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: وِكَاءُ السَّهِ الْعَيْنَانِ فَمَنْ نَامَ فَلْيَتَوَضَّأْ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَإبن ماجه[٣].

---

(١) بخاري. وضوء: ١٣٥ ، ٦٩٥٤. مسلم. طهارة: ٥٣٥ ، ٥٣٤.

(٢) بخاري. وضوء: ١٣٧ ، ١٧٧ ، ٢٠٥٦. مسلم. طهارة: ٨٠٢ ، ٨٠٣. أبو داود.: إذا شك في الحدث: ١٧٦. نسائي. وضوء من الريح: ١٦٠.

(٣) بسند ضعيف (شرحه).

واتــە: ئیمـامی عـەلی (خـوای لێ ڕازی بێ) **لـە پێغەمبـەرەوە** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: چاو دەمبێنی کۆمە، جا لەبەر ئەمە ئەگەر کەسێ خەوت کاتێ کە هەڵ دەسێ با دەسنوێژ بگرێ (د– سند ضعیف – ئیبنو ماجە).**

٢١٠– عَنْ أَنَسٍ قالَ: كَانَ أَصْحَابُ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **يَنَامُونَ ثُمَّ يُصَلُّونَ وَلاَ يَتَوَضَّئُونَ. رَوَاهُ مُسْلِم وَأَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ[٤].**

واتە: ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێ) **گـوتی: یارانی پێغەمبـەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **جاران دەشخەوتن کە هەڵدەستان – بەبێ ئەوە کە دەسنوێژ تازە بکەنەوە – نوێژیان دەکرد.** (م/د/ت).

٢١١– عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) **عَـنِ النَّبِـيِّ** (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَـالَ: إِنَّ الْوُضُوءَ لاَ يَجِبُ إِلاَّ عَلَى مَنْ نَامَ مُضْطَجِعًا فَإِنَّهُ إِذَا اضْطَجَعَ اسْتَرْخَتْ مَفَاصِلُهُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِي[٥].**

واتە: ئیبنو عەباس (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **لە سەجدەدا خـەوی لێکـەوت بـەرەنگێکی وا دەسـتیکرد بـە پرخـەپرخ، ئینجـا هەڵساو نوێژەکەی تەواوکرد، منیش پێم گوت: خۆ تۆ خـەوتبوویت؟ ئـەویش فـەرمووی: دەسـنوێژ تازەکردنـەوە بـەس لەسـەر ئەوانـە پێویـستە کـە پـاڵ دەکەونو دەخەون، چونکە ئەوانە کەپاڵ دەکەون جومگەکانیان خاودەبنـەوە، جـا لـەم حاڵـەدا دوور نیـە کـە شـتێ لـە (دووڕا: سـەبیلەینەوە دەربـچێ). (د/ت – سند مستقیم).**

٢١٢– عِنْ بُسْرَةَ بْنْتِ صَفْوَانَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَـالَ: مَـنْ مَـسَّ ذَكَرَهُ فَلاَ يُصَلِّ حَتىّ يَتَوَضَّأَ. رَوَاهُ أصحاب السنن[٦].**

---

(٤) مسلم. طهارة: ٨٣٣. ترمذي. الوضوء من النوم: ٧٨.

(٥) بسند مستقيم (شرحه).

(٦) بسند صحيح (شرحه).

واتــە: بوسـرەی کـچی صـەفوان گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) دەفـەرموێ: هەرکەسـێ دەسـتیدا لـە چووکی خـۆی بانوێـژ نـەکا تـا دەسـنوێژ نەگرێ (د/ت/ن-س/ص).

٢١٣- عَنْ أَبي هُرَيْرَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا أَفْضَى أَحَدُكُمْ بِيَدِهِ إِلى فَرْجِهِ وَلَيْسَ بَيْنَهُمَا سِتْرٌ وَلاَ حَائِلٌ فَلْيَتَوَضَّأْ. رَوَاهُ الإمام الـشافعي والحاكم وأحمد[٧].

واتە: ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ ڕازی بێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) دەفـەرموێ: هـەر کامێکتـان بـەبێ پـەردە یـا بـەبێ دەسـتپێچ دەسـتی بـدا لـە شـەرمگای خـۆی واتـە: لـەپاش و پێـشی خـۆی بـا دەسـنوێژ بگرێتـەوە (شافیعی/حاکم/ئەحمەد).

٢١٤- عَنْ طَلْقِ بْنِ عَلِيٍّ قالَ: قَدِمْنَا عَلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَجَاءَ رَجُلٌ كَأَنَّهُ بَدَوِيٌّ فَقالَ: يَا نَبِيَّ اللَّهِ مَا تَرَى فِي مَسِّ الرَّجُلِ ذَكَرَهُ بَعْدَ مَا يَتَوَضَّأُ؟ فَقـالَ: هَلْ هُوَ إِلاَّ مُضْغَةٌ مِنْهُ أَوْ بَضْعَةٌ مِنْهُ. رَوَاهُ أصحاب السنن[٨].

واتــە: تـەڵقی کـوڕی عـەلی (خـوای لێ ڕازی بێ) گـوتی: چـووین بـۆ خزمـەتی حـەزرەت (دروودی خـوای لەسـەربێ) پیـاوێکیش هـات وەك دەشـتەکی وابـوو، گـوتی: ئـەی ڕەهبـەری خـودا! پیـاو بـە دەسـنوێژەوە دەسـتی لـە چووکی بکـەوێ ئایـا دەسـنوێژەکەی دەشـکێ یانـا؟ فـەرمووی: نـەخێر، چـونکە ئـەویش پارچـە گۆشـتێکە لـە خـۆی یـا فـەرمووی: (خـەیر چـونکە چووکیـشی پارچـەیەکە لـە خۆی (وەك دەستی یا قاچی یا پەنجەی)) (د/ت/ن-س/ص).

٢١٥- عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَبَّلَ امْرَأَةً مِنْ نِسَائِهِ ثُمَّ خَـرَجَ إِلَى الصَّلاَةِ وَلَمْ يَتَوَضَّأْ. قَالَ: عُرْوَةُ فَقُلْتُ لَهَا: مَنْ هِيَ إِلاَّ أَنْـتِ فَـضَحِكَتْ. رَوَاهُ دَاوُدَ والترميذي[٩].

---

(٧) بسند صحيح (شرحه).

(٨) بسند صحيح (شرحه).

(٩) لم يذكر الشارح نسبته (مترجم).

واتە: عائیشە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **یەکێ لە ژنەکانی خۆیی ماچ کردو رۆیشت نوێژیشی کردو دەسنوێژیشی نەگرتەوە. عوروەی خوشکەزای گوتی: پێم گوت: دیارە ئەو ژنە هەر خۆت بوویت؟ئەویش پێکەنی. (د/ت).**

٢١٦- عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) **أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ** (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَاءَ فَتَوَضَّأَ فَلَقِيتُ ثَوْبَانَ فِي مَسْجِدِ دِمَشْقَ فَذَكَرْتُ ذلِكَ لَهُ فَقالَ: صَدَقَ وَأَنَا صَبَبْتُ لَهُ وَضُوءَهُ. رَوَاهُ أصحاب السنن[١٠].**

واتە: ئەبو دەرداء (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **جارێ رشایەوە لە پاشا دەسنوێژی تازە کردەوە، قسە گێڕەوە (راوی) دەڵێ: جا لە مزگەوتەکەی دیمەشق تووشی ثەوبان بووم ئەم قسەیەم بۆ گێڕایەوە، گوتی: ئەبو دەردا راست دەکا من خۆم ئاوی دەسنوێژەکەم دەکرد بە دەستیا لەو رۆژەدا. (د/ت/ن —س—/ص).**

٢١٧- عَنْ الْبَرَاءِ قالَ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **عَنِ الْوُضُوءِ مِنْ لُحُومِ الإِبِلِ فَقالَ: تَوَضَّئُوا مِنْهَا، وَسُئِلَ عَنِ لُحُومِ الْغَنَمِ فَقالَ: لاَ تَوَضَّأُوا مِنْهَا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَمُسْلِم وَالتِّرْمِذِيُّ[١١].**

واتە: بەراء (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: لە پێغەمبەریان پرسی** (دروودی خوای لەسەربێ)**: کەسێ گۆشتی حوشتر بخوا دەسنوێژی لەسەرە؟ فەرمووی: (بەڵێ لەسەریەتی) بەڵام بۆ خواردنی گۆشتی مەڕو بزن لێیان پرسی فەرمووی: (دەسنوێژ ناشکێنێ) (د/م/ت).**

٢١٨- عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قالَ: الْوُضُوءِ مِمَّا مَسَّتِ النَّارُ رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إِلاَّ الْبُخاري[١٢].**

---

(١٠) بسند صحيح «شرحه».

(١١) مسلم. طهارة: ٨٠٠ ، ٨٠١.

(١٢) مسلم. طهارة: ٧٨٥ ، ٧٨٦ ، ٧٨٧.

زەیدی کوڕی ثابت (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: خواردنی هەر شتێ کە بەئاگر دروست کرابێ دەسنوێژ پێویست دەکا (م/د/ت/ن).

٢١٩- عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَكَلَ كَتِفَ شَاةٍ، ثُمَّ صَلَّى وَلَمْ يَتَوَضَّأْ. رَوَاهُ الثلاثة[١٣].

ئیبنو عەبباس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) شانی مەڕێکی خوارد، دوای ئەوە نوێژی کردو دەسنوێژیشی تازە نەکردەوە. (ش/د).

٢٢٠- عَنْ جَابِرٍ قالَ: كَانَ آخِرُ الأَمْرَيْنِ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تَرْكَ الْوُضُوءِ مِمَّا غَيَّرَتِ النَّارُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنسائي[١٤].

جابیر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: لە دواییدا دواکاری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هاتە سەر ئەوە: وازی لە دەسنوێژگرتن هێنا بۆ خواردنی ئەو خواردەمەنییەی کە بەئاگر پوختە بکرێ! (د/ن).

٢٧) بەشی دووەم: دەستوورەکانی دەسنوێژ
الفصل الثاني: في آداب الوضوء

٢٢١- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: إِذَا اسْتَيْقَظَ أَحَدُكُمْ مِنَ نَوْمِهِ فَلاَ يُدْخِلَ يَدَهُ فِي الإِنَاءِ، حَتَّى يَغْسِلَهَا ثَلاَثَ مَرَّاتٍ فَإِنَّ أَحَدَكُمْ لاَ يَدْرِي أَيْنَ بَاتَتْ يَدُهُ أَوْ أَيْنَ كَانَتْ تَطُوفُ يَدُهُ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ[١].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: کاتێ لەخەو هەڵدەستن دەست مەکەن بەناو حاجەتەکەدا لە پێشا

---

(١٣) بخاري. وضوء: ٢٠٨ ، ٦٧٥ ، ٢٩٢٣ ، ٥٤٠٨ ، ٥٤٢٢ ، ٥٤٦٢. مسلم. حيض: ٧٨٨ ، ٧٨٩. أبو داود. ترك الوضوء ممّا مَست النار: ١٨٧.

(١٤) مؤيد بالذى قبله (كترجم).

(١) بخاري. وضوء: ١٦٢. مسلم. كراهة غمس المتوضئ يده: ٦٤١.

سێ جار لە دەرەوەی حاجەتەکە دەستتان بشۆرن، چونکە ئێوە نازانن دەستتان شەو چی بەسەر هاتووە یا فەرمووی: نازانن دەستتان لەکوێ سووڕاوەتەوە لەوانەیە شەو لەکاتی نووستندا لە زیپکەیێ، لە تەڕاییێ، لە شتێکی پیسی دابێ (ش/د/ت/ن).

٢٢٢- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لا صَلاةَ لِمَنْ لا وُضُوءَ لَهُ وَلا وُضُوءَ لِمَنْ لَمْ يَذْكُرِ اسْمَ اللهِ عَلَيْهِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالتِّرْمِذِيُّ(٢).

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: نوێژی بێ دەسنوێژ دروست نیە، دەسنوێژیش - کە ناوی خودای لە سەر نەبرابێ - دروست نیە (د/ت).

٢٢٣- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ مَعَ كُلِّ وُضُوءٍ. رَوَاهُ مالكٌ والبخاري(٣).

دیسان گوتی: دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): نەبادا ئازارو دەردی سەری ئۆمەتم بدەم ئەگینا بۆ گرتنی هەموو دەسنوێژێ فەرمانم پێ دەکردن بە سیواککردن! (مالیك/ب).

٢٢٤- عَنْ عَائِشَةَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: السِّوَاكُ مُطْهَرَةٌ لِلْفَمِ مَرْضَاةٌ لِلرَّبِّ. رَوَاهُ البخاري والشافعي والنسائي(٤).

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: حەزرەت دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): سیواك هەم دەم پاك دەکاتەوەو هەم مایەی ڕەزامەندیی‌و خۆشنوودیی خودایە (ب/شافیعی/ن).

٢٢٥- وَعَنْهَا عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: عَشْرٌ مِنَ الْفِطْرَةِ قَصُّ الشَّارِبِ وَإِعْفَاءُ اللِّحْيَةِ وَالسِّوَاكُ وَالاِسْتِنْشَاقُ بِالْمَاءِ وَقَصُّ الأَظْفَارِ وَغَسْلُ الْبَرَاجِمِ

---

(٢) قال البخاري هو أحسن حديث فى التحية. (شرحه).

(٣) بخاري. سواك: ٨٨٧ ، ٧٢٤٠. مسلم. سواك: ٥٨٨.

(٤) قال الأمام النووى: رواه النسائي وابن خزيمة فى صحيحه بأسانيد صحيحه (رياض رقم: ١٢٠٢).

وَنَتْفُ الإِبِطِ وَحَلْقُ الْعَانَةِ وَانْتِقَاصُ الْمَاءِ الإِسْتِنْجَاءَ قَالَ: مُصْعَبٌ: وَنَسِيتُ الْعَاشِرَةَ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ الْمَضْمَضَةَ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ[٥].

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەم دەشتە لە فیترەتن، یاساو دەستوورێکی گەلێ کۆنن و لە بەرکۆنی ولەمێژی دەلێی خوویەکی زکماكو سروشتین:

یەکەم: بەرسمێڵکردنو قرتاندنی مووی سمێڵ.

دووەم: هێشتنەوەی ریش.

سێیەم: سیواککردن.

چوارەم: ئاو لە لووت رادان.

پێنجەم: قرتاندنی نینۆك.

شەشەم: شۆردنی لۆچی سەر جمگەو کرێ پەنجەکان.

حەوتەم: هەڵکێشانی مووی بنباڵ.

هەشتەم: تاشینی مووی بەر.

نۆهەم: تاراتگرتن بەئاو واتە: خۆشۆردن بەئاو لەپاش سەرئاوکردن، موصعەب گوتی:

دەهەمیانم لەیاد نەماوە، مەگەر ئاو لەدەم وەردان بێ. (ش/د/ت/ن).

٢٢٦- وَعَنْها قَالَت: كَانَ نَبِيُّ اللَّهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَسْتَاكُ فَيُعْطِينِي السِّوَاكَ لأَغْسِلَهُ فَأَبْدَأُ بِهِ فَأَسْتَاكُ ثُمَّ أَغْسِلُهُ وَأَدْفَعُهُ إِلَيْهِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٦].

واتە: دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کە دەیویست سیواك بکا، سیواکەکەی دەدا بەمن تابیشۆرم بۆی، منیش لەپێشا (بۆموبارەکی)

---

(٥) بخاري. لباس: ٥٨٨٩ ، ٥٨٩١ ، ٦٢٩٧. مسلم. خصال الفطرة: ٥٩٦ ، ٥٩٧ ، ٦٠٣. أبو داود. سواك: ٥٣. ترمذي. تقليم الأظافر: ٢٧٥٧. نسائي. الزينة. الفطرة: ٥٠٥٥ ، ٥٠٥٦ ، ٥٠٥٧.

(٦) لم يذكر نسبته الشارح (مترجم).

سیواکم پێ دەکرد، ئەوجا دەیم شۆردو دەم دایەوە دەستی جا ئەویش سیواکی پێ دەکرد (دروودی خوای لەسەربێ).

٢٢٧- عَنْ أَنَسٍ يَقُولُ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَغْتَسِلُ بِالصَّاعِ إِلَى خَمْسَةِ أَمْدَادٍ وَيَتَوَضَّأُ بِالْمُدِّ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ(٧).

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: گەلێ جار وا دەبوو پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بەمەن (صاع)ێك ئاو خۆی دەشۆرد، یا بە پێنج مشت (مود) خۆی دەشۆرد، جاروباریش بەمستێ ئاو دەسنوێژێکی دەگرت! (ش/د/ت/ن).

٢٢٨- وَعَنْهُ قالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَتَوَضَّأُ بِإِنَاءٍ يَسَعُ رَطْلَيْنِ وَيَغْتَسِلُ بِالصَّاعِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَقالَ: قَالَ: أَحْمَدَ بْنَ حَنْبَلٍ: الصَّاعُ خَمْسَةُ أَرْطَالٍ وَثُلثٌ(٨).

واتە: دیسان ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: گەلێ جار پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) غوسلی خۆیی دەردەکرد بە مەنێ ئاو، وە جارجارەیش دەسنوێژی دەگرت بە دەفرێ کە دوو رەتڵ ئاوی دەگرت. ئەبو داوود ئەم فەرموودەیەی گێڕاوەتەوەو دەڵێ: ئیمامی ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەڵێ: مەن (صاع)ێ پێنج رەتڵ وسێیەکی رەتڵێکە.

٢٢٩- وَسَمِعَ عَبْدَ اللّهِ بْنَ مُغَفَّلٍ وَلَدَهُ يَقُولُ: اللّٰهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْقَصْرَ الأَبْيَضَ عَنْ يَمِينِ الْجَنَّةِ إِذَا دَخَلْتُهَا. فَقالَ: يَا بُنَيَّ سَلِ اللّٰهَ الْجَنَّةَ وَتَعَوَّذْ بِهِ مِنَ النَّارِ فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللّهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: إِنَّهُ سَيَكُونُ فِي هَذِهِ الأُمَّةِ قَوْمٌ يَعْتَدُونَ فِي الطُّهُورِ وَالدُّعَاءِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وإبن ماجه(٩).

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی موغەففەل گوێی لێ بوو کوڕەکەی دەیگوت: خودایە! داوای کۆشکە سپییەکەی لای راستی بەهەشتت لێ دەکەم هەرکاتێ

---

(٧) بخاري. وضوء: ٢٠١. مسلم. طهارة: ٧٣٤ ، ٧٣٥ أبو داود: مايجزئ من فى الماء الوضوء: ٩٥. ترمذي. مايجزئ من الماء فى الوضوء: ٦٠٩ تعليقاً.

(٨) لم يذكر نسبته الشارح (مترجم).

(٩) بسند صالح (شرحه).

چوومە بەهەشت، جا عەبدوڵڵای باوکی پێی گوت: کوڕی شیرینم! داوای بەهەشت لە خودا بکەو پەنا بگرە پێی لە دەستی ئاگری دۆزەخ و ئیتر پێی لێ هەڵمەبڕە چونکە بۆ خۆم لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو (دروودی خوای لەسەربێ): لەناو ئەم ئۆمەتەدا دەستەیێ پەیدا دەبن لە سەرفکردنی ئاوی دەسنوێژو لە دوعاو نزاکردنا زیادە ڕەوی دەکەن (د/ ئیبنو ماجە – سند صالح).

٢٣٠- عَنِ الْحَكَمِ أَوِ ابْنِ الْحَكَمِ عَنْ أَبِيهِ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بَالَ ثُمَّ تَوَضَّأَ وَنَضَحَ فَرْجَهُ. رَوَاهُ أصحاب السنن[١٠].

حەکەم (یا کوڕەکەی حەکەم گوتی: باوکم) گوتی: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) میزی کردو دەسنوێژی گرتو ئینجا لوێچێ ئاوی پرژاند لەنا فەکی خۆی بۆ نەهێشتنی دوو دڵیو وەسوەسە. (د/ت/ن – س/ ضعیف).

٢٣١- عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ لِلْوُضُوءِ شَيْطَانًا يُقَالُ لَهُ وَلَهَانُ فَاتَّقُوا وَسْوَاسَ الْمَاءِ[١١].

واتە: ئوبەیی کوڕی کەعب (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: دەسنوێژ شەیتانێکی هەیە ناوی وەلهانە شەیدای دەسنوێژ تێکدانە جا لەبەر ئەوە خۆتان بپارێزن لە دوودڵیو وەسوەسەی ئاوی دەسنوێژو ئاوی خۆشۆردن، بەم ڕەنگە لە پێشا پەنا بگرن بەخودا لە وەسوەسەی ئەو شەیتانەو ناوی خودا بێنن (ت– سند غریب).

٢٣٢- عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: كَانَ لِرَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خِرْقَةٌ يَسْتَنْشِفُ بِهَا بَعْدَ الْوُضُوءِ. رَوَاهُما الترميذي[١٢].

واتە: عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جاران پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) مەندیلێکی هەبوو لەپاش دەسنوێژ خۆی پێ وشك دەکردەوە. (ت– سند غریب).

---

(١٠) بسند ضعيف (شرحه).

(١١) رواه الترمذي بسند غريب (شرحه).

(١٢) رواه الترمذي بسند غريب (شرحه).

٢٨) بەشی سێیەم: باسی دەسنوێژو ماوەی مانەوەی دەسنوێژ
الفصل الثالث: في بيان الوضوء ومدته

{قَالَ: أللهُ تَعالَى – يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ إِذَا قُمْتُمْ إِلَى الصَّلاةِ فاغْسِلُواْ وُجُوهَكُمْ وَأَيْدِيَكُمْ إِلَى الْمَرَافِقِ وَامْسَحُواْ بِرُؤُسِكُمْ وَأَرْجُلَكُمْ إِلَى الْكَعْبَينِ – ٦/٥}.

واتە: ئەی کەسانێ کە باوەڕتان هێناوە بە ئاییینی ئیسلام کاتێ ویستتان بچن بەلای نوێژەوە روخسارو دەمو چاوتان بشۆرن، ئینجا دەستەکانتان بشۆرن هەتا ئانیشك، ئینجا دەستی تەڕ بهێنن بەسەرتانا، لە پاشا قاچتان بشۆرن هەتا دەگاتە هەردوو قولاپەکانتان.

٢٣٣– عَنْ حُمْرَانَ مَوْلَى عُثْمَانَ قالَ: إنَّ عُثْمَانَ دَعاَ بِوُضُوءٍ فَتَوَضَّأَ فَغَسَلَ كَفَّيْهِ ثَلاثَ مَرَّاتٍ ثُمَّ مَضْمَضَ وَاسْتَنْثَرَ ثَلاثًا، ثُمَّ غَسَلَ وَجْهَهُ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ ثُمَّ غَسَلَ يَدَهُ الْيُمْنى إِلَىَ الْمِرْفَقِ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ ثُمَّ غَسَلَ يَدَهُ الْيُسْرى مِثْلَ ذلِكَ ثُمَّ مَسَحَ رَأْسَهُ ثُمَّ رِجْلَهُ الْيُمْنى إِلى الْكَعْبَيْنِ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ ثُمَّ غَسَلَ الْيُسْرى مِثْلَ ذلِكَ ثُمَّ قالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هذا ثُمَّ قالَ: مَنْ تَوَضَّأَ نَحْوَ وُضُوئِي هذا ثُمَّ قَامَ فَرَكَعَ رَكْعَتَيْنِ لا يُحَدِّثُ فِيهِماَ نَفْسَهُ غُفِر لَهُ ماَ تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ. وفِي رِوَايَة: فَمَضْمَضَ وَأَسْتَنْشَقَ وَأَسْتَنْثَرَ ثَلاَثاً بِثَلاَثِ غَرَفَاتٍ مِنْ مَاءٍ. وَفِي أُخْرىَ: فَمَسَحَ رَأْسَهُ ثَلاثاً. وفي رواية: فَمَسحَ رَأْسَهُ فَأَقْبَلَ بِيَدْيهِ وَأَدْبَرَ، بَدَأَ بِمُقَدَّمِ رَأْسِهِ، ثُمَّ ذَهَبَ بِهِمَا إِلَى قَفَاهُ، ثُمَّ رَدَّهُمَا حَتَى رَجَعَ إِلَى الْمَكَانِ الَّذِى بَدَأَ مِنْهُ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ[١].

واتە: حومرانی نۆکەری عوسمان (خوای لێ رازی بێ) گوتی: عوسمان داوای ئاوی کردو لەسەر ئەم شێوەیە دەسنوێژێکی گرت: لە پێشا سێ جار هەردوو لەپی شۆرد، ئینجا ئاوی لە دەمی و لە لووتی راداو هنگی کرد، ئینجا سێ جار دەموچاوی شۆرد، ئینجا سێ جار دەستی راستی هەتا ئانیشکی شۆرد، ئینجا بەو چەشنە دەستی چەپیشی شۆرد ئینجا دەستی تەڕی هێنا

---

(١) بخاري. وضوء: ١٥٩ ، ١٦٠ ، ١٦٤ ، ١٩٣٤ ، ٦٤٣٣. مسلم. طهارة : ٣٣٧ ، ٥٣٨ ، ٥٣٩. أبو داود: صفة وضوء النبي (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): ١٠٦ ، نسائي. مضمضة: ٨٤ ، ٨٥ ، ١١٦.

بەسەریاو سەری خۆی مەسحکرد، ئینجا قاچی راستی هەتا هەردوو قاپە رەقەڵەی سێ جار شۆرد، ئینجا بەو چەشنە پێی چەپیشی شۆرد، لەپاشا عوسمان گوتی: بەچاوی خۆم پێغەمبەرم دی (درودی خوای لەسەربێ) وەك ئەم دەسنوێژەی من گرتم ئاوا دەسنوێژی گرتو فەرمووی (درودی خوای لەسەربێ): هەر کەسێ دەسنوێژێ بگرێ لە چەشنی ئەم دەسنوێژەی کە ئێستا من گرتم، ئینجا هەڵسێ دوو رکات نوێژی پوختەی دوور لە خەیاڵی جیهان بکا ئیتر خودای گەورە لە گوناهی لەوە پێشی خۆش دەبێ، لە گێڕانەوەیەکا: سێ جار بەسێ لۆچ ئاو ئاوی لەدەمو لووتی وەرداو هنگیکرد، لە گێڕانەوەیەکی تردا: سێ جار سەری مەسحکرد، لە گێڕانەوەیەکا: سەری خۆی بەم شێوەیە مەسحکرد: هەر دوو دەستی لە پێشەوە هێنا بەسەر سەریاو پەنجەکانی بڵاوکردنەوەو هەردوو ئەنگوستی دۆشاومژەی لکان بەیەکەوە ئینجا بەو شێوەیە، لە پێشەسەریەوە دەستەکانی خشاند بەسەر سەریداو تا گەیاندنیە پشتملی، ئینجا بەهەمان شێوە کشاندنیەوە بەسەر شوێنی خۆیاندا تا گەڕایەوە سەر ئەو جێگەیە کە لەوێوە دەستی پێ کردبوو! (ش/د/ت/ن).

٢٣٤- عَنْ عَبْدِاللهِ بْنِ زَيْدٍ أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تَوَضَّأَ مَرَّتَيْنِ مَرَّتَيْنِ[٢].

واتە: عەبدوڵڵای کوڕی زەید (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەسنوێژی گرتو هەموو ئەندامەکانی دەسنوێژی دووجار دووجار شۆرد. (ب/د/ت).

٢٣٥- عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ قالَ: تَوَضَّأَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَرَّةً مَرَّةً. رَوَاهُما البخاري وأبو دَاوُدَ والترمِذِي[٣].

واتە: ئیبنو عەباس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) جارە جارە کە دەسنوێژی دەشۆرد، هەموو ئەندامێکی دەسنوێژی یەك جار دەشۆرد. (ب/د/ت).

---

(٢) بخاري، وضوء : ١٥٨.

(٣) بخاري، وضوء: ١٥٧.

٢٣٦- وَجَاءَ أَعْرابِي إِلَى ألنَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَسْأَلُهُ عَنِ ألْوُضُوءِ فَأَرَاهُ ثَلاثاً ثَلاثاً ثُمَّ قالَ: هكَذا ألْوُضُوءُ فَمَنْ زَادَ هذا فَقَدْ أَسَاءَ وَتَعَدَّى وَظَلَمَ. رَوَاهُ النسائي وأحمد وابو داود ولفظه: فَمَنْ زادَ عَلى هذَا أَوْ نَقَصَ فَقَدْ أَساءَ وَظَلَمَ[٤].

واتە: عەرەبێکی دەشتەکی هاتە لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لێی پرسی کەفێری دەسنوێژی بکا، ئەویش (درودی خوای لەسەربێ) نیشانیدا کە هەموو ئەندامەکانی دەسنوێژ سێ جار سێ جار بشۆرێ، ئینجا پێی فەرموو: دەسنوێژ خۆی ئاوایە، ئیتر ئەوەی لەمە زیاتر بکا ئەوە خراپ دەکاو لەرادە دەردەچێ (ن/ئەحمە/د) گفتەی (د = ابو داود) ئاوایە: ئیتر ئەوەی لەمە زیاتر بکا یا لەمە کەمتر بکا ئەوە بەراستی خراپ دەکاو زۆرو ستەم لەخۆی دەکا.

٢٣٧- عَنْ أَنَسٍ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ إِذَا تَوَضَّأَ أَخَذَ كَفًّا مِنْ مَاءٍ فَأَدْخَلَهُ تَحْتَ حَنَكِهِ فَخَلَّلَ بِهِ لِحْيَتَهُ وَقالَ: هَكَذَا أَمَرَنِي رَبِّـي. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي[٥].

واتە: ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: کە پێغەمبەر دەسنوێژی هەڵدەگرت لۆچێ ئاوی هەڵدەگرتو دەیکرد بەژێر چەناگەیەوەو دەستی پێ دەخستە ریشی، وە دەیفەرموو: (درودی خوای لەسەربێ) خوداکەم ئاوای پێ گوتووم. (د/ت/-س/ص).

٢٣٨- وَلَهُ (أي للترمذي): إِذَا تَوَضَّأْتَ فَخَلِّلْ بَيْنَ أَصَابِعِ يَدَيْكَ وَرِجْلَيْكَ[٦].

واتە: پێغەمبەر دەفەرموێ: (درودی خوای لەسەربێ) کە دەسنوێژ دەگریت دەست بخەرە ناو پەنجەی دەستو پێت (ت-س/ح).

٢٣٩- عَنِ الْمُسْتَوْرِدِ قالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا تَوَضَّأَ يُخَلِّلُ أَصَابِعَ رِجْلَيْهِ بِخِنْصَرِهِ. رَوَاهُ الترميذي وابو داود[٧].

---

(٤) بسند صالح (شرحه).

(٥) بسند صحيح (شرحه).

(٦) بسند حسن (شرحه).

واتــە: موســتەورید (خـوای لێ ڕازی بـێ) گــوتی: گــەڵێ جــار ســەرنجم دەدا: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) کە دەسنوێژی دەگرت پەنجە تووتەی (دەستی چەپی) دەخستە ناو پەنجەی هەر دوو پێیو بە پەنجە تووتەی ناو پەنجەکانی پێکانی دەئاژنینەوە. (ت/د-س/ح).

٢٤٠- عَنْ أبْنِ عَبَّاسٍ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَسَحَ بِرَأْسِهِ وَأُذُنَيْهِ ظَاهِرِهِمَا وَبَاطِنِهِمَا. رَوَاهُ ألترميذي وأبو داود[٨].

واتە: ئیبنو عەباس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) (لە دەسنوێژدا) دەستی تەڕی هێنا بەسەر سەری خۆیاو بە هەردوو گۆچکەی دا، بە دیوی دەرەوەو بە دیوی ناویاندا. (ت/د-س/ص).

٢٤١- عَنْ ألْمُغِيرَةِ أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تَوَضَّأَ فَمَسَحَ بَنَاصِيَتِهِ وَعَلَى الْعِمَامَةِ وَعَلى الْخُفَّيْنِ. رَوَاهُ الأربعة[٩].

موغیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جارێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەسنوێژی گرتو پێشە سەری مەسح کردو ئینجا لەباتی تەواوی سەری مێزەرەکەی مەسح کردو لە جیاتی شۆردنی پای دەستی تەڕی هێنا بەسەر پشتی خوففەکانیا. (ش/د/ت).

٢٤٢- وَرَأَى أبوْ هُرَيْرَةَ قَوْمًا يَتَوَضَّئُونَ مِنَ الْمِطْهَرَةِ فَقالَ: أَسْبِغُوا الْوُضُوءَ فَإِنِّي سَمِعْتُ أَبَا الْقَاسِمِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: وَيْلٌ لِلْعَرَاقِيبِ مِنَ النَّار. وَفِي رِوَايَةٍ: وَيْلٌ لِلأَعْقَابِ مِنَ النَّارِ. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ[١٠].

واتــە: جــارێ ئــەبو هــورەیرە (خـوای لێ ڕازی بـێ) دەســتەیەکی دی لــە دەستشۆرەکە دەسنوێژیان دەگرت گوتی: بە تەوایو بەجوانی دەسنوێژ بگرن، چونکە بەگوێی خۆم گوێم لێبوو کە حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ)

---

(٧) بسند حسن (شرحه).

(٨) بسند صحيح (شرحه).

(٩) بخاري. وضوء: ١٨٢ ، ٢٠٣ ، ٢٠٦ ، ٣٦٣ ، ٣٨٨ ، ٢٩١٨ ، ٤٤٢١ ، ٥٧٩٨ ، ٥٧٩٩.

(١٠) بخاري. وضوء: ١٦٥ ، ٩٦ ، ١٦٣. مسلم. طهارة: ٥٧١ ، ٥٧٥ ، ٥٧٣.

دەیفەرموو: وای بۆ ئەو کەسانەی کە بە باشی شادەمارەکەی سەرقنگە پاژنەیان ناشۆرن! ئەی هاوار لەدەست ئەو ئاگرەی کە بۆ ئەوانە ئامادەکراوە. لە گێڕانەوەیەکدا: (وای لەدەست ئاگری دۆزەخ بۆ ئەو کەسەی کە بە باشی پاژنەی پێی ناشۆرێ). (ش/د/ت/ن).

٢٤٣- عَنْ عُمَرَ أنَّ رَجُلاً تَوَضَّأَ فَتَرَكَ مَوْضِعَ ظُفُرٍ عَلَى قَدَمِهِ فَأَبْصَرَهُ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقالَ: ارْجِعْ فَأَحْسِنْ وُضُوءَكَ فَرَجَعَ ثُمَّ صَلَّى. رَوَاهُ مُسْلِم وأبو داود[١١].

عومەر (خوای لێ ڕازی بێ): گوتی: پیاوێ دەسنوێژی گرت، بەقەد نینۆکێکی لەپێی نەشۆرد، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) چاوی لێ بوو پێی فەرموو: (بچۆرەوە بەجوانی دەسنوێژەکەت بگرە! ئەویش چوو وای کرد، ئینجا نوێژی کرد. (م/د)

٢٤٤- وَلَهُ (أي لأبي دَاوُدَ: اَسْبِغْ أَلْوضُوءَ وَخَلِّلْ بَيْنَ ألأَصَابِعِ وَبَالِغْ فِي الإسْتِنْشَاقِ إِلاَّ أَنْ تَكُونَ صَائِمًا[١٢].

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: بە تەواوی دەسنوێژ بشۆرەو دەست بخەرە ناو پەنجەکانتو زۆر باش ئاو لە دەمو لووتت رابدە، بەڵام ئەگەر بە ڕۆژوو بوویت زیادە ڕەوی مەکە لەئاو لەدەمو لووت راداندا (د).

٢٤٥- عَنْ أَنَسٍ قالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَتَوَضَّأُ عِنْدَ كُلِّ صَلاَةٍ. قُلْتُ: كَيْفَ كُنْتُمْ تَصْنَعُونَ؟ قالَ: يُجْزِئُ أَحَدَنَا الْوُضُوءُ مَا لَمْ يُحْدِثْ. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إِلا مسبماً[١٣].

ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بۆ هەموو نوێژێ لەکاتی داهاتنیا دەسنوێژی تازەی دەگرت هەتا ڕۆژێ گرتنی شاری مەککە، بەڵام لە ڕۆژی فەتحی مەککەدا بەیەك دەسنوێژ هەموو نوێژەکانی کرد

---

(١١) مسلم. طهارة: ٥٧٥.

(١٢) سكت عنه الشارح (مترجم).

(١٣) بخاري. وضوء: ٢١٤.

قسەگێڕەوە (ڕاوی) دەڵێ: گوتم: ئەی ئێوە یارانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) چۆن دەسنوێژتان دەگرت؟ گوتی: یەك دەسنوێژمان بەس بوو تا کاتێ دەسنوێژەکەمان دەشکا ئەوسا لەکاتی پێوستدا دەسنوێژێکی ترمان هەڵدەگرتەوە. (ب/د/ت/ن).

٢٤٦- عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ بُرَيْدَةَ عَنْ أَبِيهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) صَلَّى الصَّلَوَاتِ يَوْمَ الْفَتْحِ بِوُضُوءٍ وَاحِدٍ وَمَسَحَ عَلَى خُفَّيْهِ فَقَالَ: لَهُ عُمَرُ: لَقَدْ صَنَعْتَ الْيَوْمَ شَيْئًا لَمْ تَكُنْ تَصْنَعُهُ. قالَ: عَمْدًا صَنَعْتُهُ يا عُمَرَ. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إلا البخاري[١٤].

واتە: سولەیمانی کوڕی بورەیدە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: باوکم گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەڕۆژی گرتنی شاری مەککەدا بەیەك دەسنوێژ هەموو نوێژەکانی کرد، وە قاچەکانیشی نەشۆرد بەڵکوو لەباتی ئەوە دەستی تەڕی هێنا بەسەر سۆل (خوف)ەکانیا، عومەریش عەرزیکرد: ئەمەی ئەمڕۆ کردت نەم دیوە لە مەوپێش بیکەی هۆی ئەمە چیبوو؟ فەرمووی: (دروودی خوای لەسەربێ) بەقەستی وامکرد ئەی عومەر! تا ئێوەش ئەگەر بتانەوێ لەکاتی پێویستدا ئاوا وەك من بکەن (م/د/ت/ن).

٢٩) دەستی تەڕهێنان بەسەر خوفف (سۆل)دا: (مسح الخفين)

٢٤٧- عَنِ الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خَرَجَ لِحَاجَتِهِ فَأَتْبَعَهُ الْمُغِيرَةِ بِإِدَاوَةٍ فِيهَا مَاءٌ فَصَبَّ عَلَيْهِ حِينَ فَرَغَ مِنْ حَاجَتِهِ فَتَوَضَّأَ وَمَسَحَ عَلَى الْخُفَّيْنِ. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ[١].

موغیرەی کوڕی شوعبە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) چووە دەرەوە ڕۆیشت بۆ سەراو، منیش بە جەوەندەیێ ئاوەوە

---

(١٤) مسلم. وضوء: ٦٤٠ أبو داود. الصلوات بوضوء واحد: ١٧٢ ترمذي. الصلوات بوضوء واحد: ٦١. نسائي. وضوء لكل صلوة: ١٣٣.

(١) بخاري. وضوء: ١٨٢ ، ٢٠٣ ، ٢٠٦ ، ٣٦٣ ، ٣٨٨ ، ٢٩١٨ ، ٤٤٢١ ، ٥٧٩٨ ، ٥٧٩٩. مسلم. وضوء: ٦٢٥ ، ٩٥١. أبو داود. مسح على الخفين: ١٤٩ ، ١٥١ نسائي. صب الماء فى الوضوء: ٧٩.

شوێنی کەوتم، جا کە لە سەراوەکەی بۆوە ئاوەکەم کرد بە دەستیاو دەسنوێژی گرت، وە لە جیاتی شۆردنی پێی دەستی تەڕی هێنا بەسەر هەردوو سۆڵەکانیا (ش/د/ت/ن).

٢٤٨- وَعَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَسَحَ عَلَى الْخُفَّيْنِ فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ نَسِيتَ، قَالَ: بَلْ أَنْتَ نَسِيتَ، بِهَذَا أَمَرَنِي رَبِّي عَزَّ وَجَلَّ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٢].

دیسان گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) جارێ دەسنوێژی دەگرت دەستی تەڕی هێنا بەسەر سۆڵەکانیا، منیش گوتم ئەی پێغەمبەری خودا! لەیادت چوو پێت بشۆرێت، فەرمووی (درودی خوای لەسەربێ): نەء، بەڵکوو تۆ لەیادت چووە، من پەروەردگاری گەورەو سەوەرم ئاوای پێ گوتووم (د-سند صالح).

٢٤٩- عَنِ ابْنِ بُرَيْدَةَ أَنَّ النَّجَاشِيَّ أَهْدَى إِلَى رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خُفَّيْنِ أَسْوَدَيْنِ سَاذَجَيْنِ فَلَبِسَهُمَا ثُمَّ تَوَضَّأَ وَمَسَحَ عَلَيْهِمَا. أَبُو دَاوُدَ وَأَحمد والترمذي[٣].

واتە: بورەیدە گوتی: نەجاشی (پادشای حەبەشە) جووتێ خوففی رەشی سادەی بە دیاری نارد بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) جا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لەپێیکردن‌و دەسنوێژی گرت‌و لەجیاتی شۆردنی قاچی دەستی تەڕی هێنا بەسەر پشتی خوففەکانا. (د/ئەحمەد/ت).

٢٥٠- عَنْ الْمُغِيرَةِ قَالَ: كُنْتُ مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي سَفَرٍ فَأَهْوَيْتُ لِأَنْزِعَ خُفَّيْهِ فَقَالَ:دَعْهُمَا فَإِنِّي أَدْخَلْتُهُمَا طَاهِرَتَيْنِ. فَمَسَحَ عَلَيْهِمَا. رَوَاهُ الثلاثة[٤].

موغیرە (خوای لێ رازی بێ) لە سەفەرێکا لە خزمەتی حەزرەتدا بووم (درودی خوای لەسەربێ) دەسنوێژی گرت، کە گەیشتە سەر قاچی دانەویمەوە کە

(٢) بسند صالح مؤيد بالصحيح (شرحه).

(٣) سكت عنه الشارح (مترجم).

(٤) تقدم تخريجه بمثل الحديث الرقم: ٢٥٦ من تلل. ٢٩ (مترجم).

خوففەکانی لەپێی داکەنم، فەرمووی: وازیان لێبێنە بە دەسنوێژەوە لەپێم کردوون ئیتر قاچی نەشۆردو لەجیاتی ئەوە دەستی تەڕی هێنا بەسەر سۆڵەکانیا. (ش/د).

٢٥١- وَعَنْهُ أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَمْسَحُ عَلى ظَهْرِ الْخُفَّيْنِ. رَوَاهُ الترمذي وأبو داود(٥).

دیسان لەوەوە گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەستووری وابوو دەستی تەڕی دەهێنا بەسەر پشتی سولەکانیا لەجیاتی شۆردنی قاچی لە دەسنیوژا لە هەندێ کاتی تایبەتیدا. (ت/د-ص).

٢٥٢- وَلَهُ عَنْ عَلِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: لَوْ كَانَ الدِّينُ بِالرَّأْيِ لَكَانَ أَسْفَلُ الْخُفِّ أَوْلَى بِالْمَسْحِ مِنْ أَعْلاَهُ وَقَدْ رَأَيْتُ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَمْسَحُ عَلَى ظَاهِرِ خُفَّيْهِ(٦).

عەلی (خودای لێ رازی بێ) گوتی: ئەگەر ئایین بەراو بە قیاس بێ دەبێ مەسحی ژێر سینگی خوفف بکرێ، نەوەك سەر پشتی، بەڵام من بە چاوی خۆم دیومە کە پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) مەسحی سەرپشتی خوففەکانی خۆی دەکرد کەواتە رای ئایینی بەرای تایبەت نابێ. (د/ح-ص).

٢٥٣- عَنِ الْمُغِيرَةِ أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تَوَضَّأَ وَمَسَحَ عَلَى الْجَوْرَبَيْنِ وَالنَّعْلَيْنِ. رَوَاهُ أصحاب السنن بسند صحيح(٧).

موغیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) جارێ دەسنوێژی دەگرت، دەستی تەڕی هێنا بەسەر گورەویو پێڵاو (نەعل)ەکانیا. (د/ت/ن-س/ص).

---

(٥) صحيح (شرحه).

(٦) صحيح (شرحه).

(٧) سنده صحيح.

٢٥٤- وَقَالَ: أَبُو دَاوُدَ: وَمَسَحَ عَلَى الْجَوْرَبَيْنِ عَلِيٌّ وَابْنُ مَسْعُودٍ وَالْبَرَاءُ وَأَنَسٌ وَأَبُو أُمَامَةَ وَسَهْلُ بْنُ سَعْدٍ. وَقَالَ: الترمذي: وَبِهِ يَقُولُ سُفْيَانُ الثَّوري وَابْنُ الْمُبَارَكِ وَالشَّافِعِيُّ وَأَحْمَد وَإسحاق. قَالوا: يَمْسَحُ عَلَى الْجَوْرَبَيْنِ وإِنْ لَمْ تَكُنْ نَعْلان إِذا كَانا ثخينيْنِ(٨).

ئەبو داوودیش دەڵێ: ئەم زاتانە: عەلیو ئیبنو مەسعوودو بەراو ئەنەسو ئەبو ئومامەو سەهلی کوڕی سەعد لە دەسنوێژدا لە جیاتی شۆردنی پێ گەلێ جار وادەبوو دەستی تەڕیان دەهێنا بەسەر گۆرەویدا، تیرمیذیش دەڵێ: سوفیانی ثەوریو ئیبنو موبارەكو شافیعیو ئەحمەدو ئیسحاقیش هەر وا دەڵێن: دەسنوێژگر دەستی تەڕ دەهێنێ بەسەر گۆرەویدا، ئەگەر گۆرەوییەکە ئەستووربێ، با پێڵاویشی لەپێدا نەبێ.

٢٥٥- عَنْ شُرَيْحِ بْنِ هَانِئٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: سأَلْتُ عَائِشَةَ عَنِ الْمَسْحِ عَلَى الْخُفَّيْنِ فقَالَتْ: عَلَيْكَ بِابْنِ أَبِي طَالِبٍ فَسَلْهُ فَإِنَّهُ كَانَ يُسَافِرُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). فَسَأَلْنَاهُ فَقالَ: جَعَلَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ثَلاثَةَ أَيَّامٍ وَلَيَالِيَهُنَّ لِلْمُسَافِرِ وَيَوْمًا وَلَيْلَةً لِلْمُقِيمِ. رَوَاهُ مُسْلِمْ وَالْنَسائي(٩).

شورەیحی کوڕی هانی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: بۆ مەسحی خوفف لە عائیشەم پرسی گوتی: بۆ ئەمە بچۆ لە عەلی کوڕی ئەبو طالیب بپرسە، چونکە ئەو دەچوو بۆ سەفەر لەگەڵ پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) جا کە لەومان پرسی گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) سێ شەوو سێ رۆژی داناوە بۆ رێبوار، وە شەوو رۆژێکیشی داناوە بۆ نیشتەجێ. (م/ن).

٢٥٦- عَنْ خُزَيْمَةَ بْنِ ثَابِتٍ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: الْمَسْحُ عَلَى الْخُفَّيْنِ لِلْمُسَافِرِ ثَلاثَةُ أَيَّامٍ وَلِلْمُقِيمِ يَوْمٌ وَلَيْلَةٌ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالترمذي(١٠).

---

(٨) أثر صحيح (مترجم).

(٩) مسلم. مسح على الخفين: ٦٣٧. نسائي. توقيت في المسح: ١٢٨ ، ١٢٩.

(١٠) بسند صحيح (شرحه).

خوزەیمەی کوڕی ثابیت (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ڕێبوار لە سەفەرەکەیدا هەموو جارێ کە خوففەکانی لەپێ دەکا تا سێ ڕۆژ ماوەی هەیە مەسحی خوفف بکا، نیشتەجێش تا شەوو ڕۆژێ ماوەی هەیە (د/ت-س/ص).

٢٥٧- عَنْ صَفْوَانَ بْنَ عَسَّالٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَأْمُرُنَا إِذَا كُنَّا مُسَافِرِينَ أَنْ نَمْسَحَ عَلَى خِفَافِنَا وَلاَ نَنْزِعَهَا ثَلاَثَةَ أَيَّامٍ مِنْ غَائِطٍ وَبَوْلٍ وَنَوْمٍ إِلاَّ مِنْ جَنَابَةٍ. رَوَاهُ النسائي والترمذي[11].

صەفوانی کوڕە عەسال (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جاران کە لە سەفەردا بووینایە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) پێمانی دەگوت کە هەتا ماوەی سێ ڕۆژ مەسحی خوففەکانمان بکەین‌و لەوسێ ڕۆژانەدا دایان نەکەنین نەبۆ پیسی‌و نەبۆ میزو نەبۆ خەو مەگەر بۆ لەشپیسی (ن/ت-س/ص).

٣٠) باسی شەشەم: باسی خۆشۆردن (غوسڵ)ە (ئەم باسە سێ بەشە):

بەشی یەکەم: باسی هۆکانی خۆشوردن

الباب السادس: في الغسل (وفيه ثلاثة فصول):

الفصل الأول: في أسباب الغُسل

قَالَ اللهُ تَعَالى: {وَإِن كُنتُمْ جُنُبًا فَاطَّهَّرُواْ – ٥/٦}.

واتە: خودای گەورە دەفەرموێ: ئەگەر لەشتان پیس بوو ئەوە خۆتان بشۆرن.

وَقَالَ تعالى: {وَلاَ جُنُبًا إِلاَّ عَابِرِي سَبِيلٍ حَتَّىَ تَغْتَسِلُواْ – ٤- ٤٣}.

واتە: دیسان دەفەرموێ: ئەی موسوڵمانان! نزیکی نوێژ مەکەونەوە بە لەشی پیسەوە هەتا خۆتان دەشۆن مەگەر کاتێ ڕێبوار بن‌و ئاوتان دەست نەکەوێ ئەوە لەوێدا تەیەمموم دەکەن.

---

(١١) بسند صحيح (شرحه).

٢٥٨- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: إِذَا جَلَسَ بَيْنَ شُعَبِهَا الأَرْبَعِ ثُمَّ جَهَدَهَا فَقَدْ وَجَبَ عَلَيْهِ الْغُسْلُ. وَفِي رواية: وَإِنْ لَمْ يُنْزِلْ. وَفِي أخرى: وَمَسَّ الْخِتانُ الْختانَ. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إِلاَّ الترمذي[١].

له ئەبو هورەیرەوە (خوای لێ رازی بێ) پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی کە پیاو لەناو چوار پەلی ئافرەتا دانیشت‌و لەگەڵیا دروست بوو ئیتر خۆشۆردن پێویست دەبێ لەسەر هەردوولا لە گێڕانەوەیەکا: با ئاویشی نەیەتەوە هەر لەشیان پیس دەبێ، چونکە تێڕۆکردن (ایلاج) رووی داوە، لە گێڕانەوەیەکی تردا: وەسەری چووك نوقم بوو لەناو زێی ژندا ئیتر لەش پیس دەبێ. (ش/د/ن).

٢٥٩- عَنْ عَائِشَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: إِنَّ رَجُلاً سَأَلَ رَسُولَ اللّهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنِ الرَّجُلِ يُجَامِعُ أَهْلَهُ ثُمَّ يُكْسِلُ هَلْ عَلَيْهِمَا الْغُسْلُ وَعَائِشَةُ جَالِسَةٌ. فَقالَ: رَسُولُ اللّهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِنِّي لأَفْعَلُ ذَلِكَ أَنَا وَهَذِهِ ثُمَّ نَغْتَسِلُ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ[٢].

عائیشە گوتی: من دانیشتبووم لە خزمەتی حەزرەتدا، پیاوێ لێی پرسی: ئەگەر پیاوێ دروست بوو لەگەڵ حەلاڵی خۆیا بەڵام بۆی تەواو نەکراو ئاوی نەهاتەوە ئایا لەم حاڵەدا ژن‌و پیاوەکە خۆشۆردنیان لەسەرە یان نا؟ فەرمووی: من خۆم‌و ئەم ژنەی خۆم ئاوا دەکەین‌و لە پاشا هەردووکمان خۆمان دەشۆرین (م).

٢٦٠- وَعَنْهَا قَالَتْ: إِذَا جَاوَزَ الْخِتَانُ الْخِتَانَ فَقَدْ وَجَبَ الْغُسْلُ فَعَلْتُهُ أَنَا وَرَسُولُ اللّهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَاغْتَسَلْنَا. رَوَاهُ الترمذي[٣].

---

(١) بخاري. وضوء: ٢٩١. مسلم. طهارة: ٧٨١. أبو داود. في الإكسال: ٢١٦. نسائي. وجوب الغسل إذا التقى الختانان: ١٩١.

(٢) مسلم. طهارة: ٧٨٤.

(٣) بسند صحيح (شرحه).

دیسان عائیشه (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: هەرکاتێ گۆمکەی سەری چووك نوقم بوو لەناو زێی ژندا ئیتر خۆشۆردن پێویست دەبێ هەرچەند هیچ لایەکیشیان ئاویان نەیەتەوە، وارێکەوتووە منو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ئاوامان کردووە لەپاشا خۆمان شۆردووە. (ت–س/ص).

٢٦١– عَنْ أُبَيُّ بْنُ كَعْبٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: أَنَّ الْفُتْيَا الَّتِى كَانُوا يُفْتُونَ أَنَّ الْمَاءَ مِنَ الْمَاءِ كَانَتْ رُخْصَةً رَخَّصَهَا رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي بَدْءِ الإِسْلَامِ ثُمَّ أَمَرَ بِالاِغْتِسَالِ بَعْدُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالترمذي(٤).

ئوبەیی کوڕی کەعب (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ئەو فەتوایەی کە جاران فەتوایان پێ دەدا کە گوایە: ئاو لە ئاوەوەیە واتە: خۆشۆردن بە ئاوهاتنەوە پێویست دەبێ ئەوە روخصەتێکی جارەکی بوو، لە سەرەتای ئیسلامەتییەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ڕێگەی ئەوەی دابوو، بەڵام لەپاشا کە ئیسلامەتی دامەزرا حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) فەرمانیدا بەخۆشۆردن هەرکاتێ سەری چووك چوو بەناو پێش یا بەناو پاشدا، هەر چەند هیچ لایەکشیان ئاویان نەیەتەوە. (د/ت–س/ص).

٢٦٢– عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: جَاءَتْ أُمُّ سُلَيْمٍ إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ لاَ يَسْتَحْيِي مِنَ الْحَقِّ فَهَلْ عَلَى الْمَرْأَةِ مِنْ غُسْلٍ إِذَا احْتَلَمَتْ؟ فَقالَ: رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نَعَمْ إِذَا رَأَتِ الْمَاءَ، قَالَتْ أُمُّ سَلَمَةَ: يَا رَسُولَ اللهِ وَتَحْتَلِمُ الْمَرْأَةُ؟ فَقالَ: تَرِبَتْ يَدَاكِ فَبِمَ يُشْبِهُهَا وَلَدُهَا. رَوَاهُ الثلاثة. وَزاد مُسْلِم:إِنَّ مَاءَ الرَّجُلِ غَلِيظٌ أَبْيَضُ وَمَاءَ الْمَرْأَةِ رَقِيقٌ أَصْفَرُ، فَمِنْ أَيِّهِمَا عَلا أَوْ سَبَقَ يَكُونُ مِنْهُ الشَّبَهُ(٥).

ئوم سەلەمە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ئم سولەیمی دایکی ئەنەسی کوڕی مالیك هات بۆلای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! خودا لە گوتنی قسەی ڕەوا شەرم ناکا، کەوابوو ئایا ئەگەر ئافرەت شەیتانی

---

(٤) بسند صحيح (شرحه).

(٥) بخاري. علم: ١٣٠ ، ٢٨٢ ، ٣٣٢٨ ، ٦٠٩١ ، ٦١٢١. مسلم. طهارة: ٧١٠ ، ٧٠٨.

بوو خۆشۆردنی لەسەرە یانا؟ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بەڵێ، ئەگەر ئاوی بێتەوەو هەستی پێ بکا جا ئوم سەلەمەیش گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! بۆچی ئافەرەتیش شەیتانی دەبێ؟ فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): بە میوانی هەژاریی بیت! ئەی ئەگەر شەیتانی نابێو ئاوی نایەتەوە ئەی بەچی منالەکەی شێوەی لێی دەچێ! (د/ش) موسلیم ئەمەی پتر: ئاوی پیاو خەستو سپییەو ئاوی ئافرەت روونو زەردە، جا ئاوی هەرکامیان سەرکەوتو زاڵبوو یا لەپێش ئاوی ئەوی تریانا هاتەوە ئەوە شێوەی منالەکە لەوەیان دەکا.

٢٦٣- وَلَهُ أَيْضًا: إِذَا عَلاَ مَاؤُهَا مَاءَ ٱلرَّجُلِ أَشْبَهَ ٱلْوَلَدُ أَخْوالَهُ وَإِذَا عَلاَ مَاءُ ٱلرَّجُلِ مَاءَهَا أَشْبَهَ ٱلْوَلَدُ أَعْمَامَهُ.وفي رواية: فَإِذَا أجْتَمَعاَ فَعَلاَ مَنِيُّ ٱلرَّجُلِ مَنِيَّ ٱلْمَرْأَةِ أَذْكَراَ بِإِذْنِ اللهِ وَإِذَا عَلاَ مَنِي ٱلْمَرْأَةِ منِيَّ الرَّجُلِ أَنَّثَا بِإِذْنِ اللهِ[٦] :

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەگەر ئاوی ژن زاڵ بوو بەسەر ئاوی پیاودا ئەوە منداڵ لە خاڵوانی دەکا، ئەگەر ئاوی پیاو زاڵ بوو بەسەر ئاوی ژندا ئەوە منداڵ لەباوانی دەکا، لە گێڕانەوەیەکا: کە ژنو پیاو جووت بوونو تۆوی پیاوەکە زاڵ بوو بەسەر تۆوی ئافرەتەکەدا بە فەرمانی خودا نێرینەیان دەبێ، ئەگەر تۆوی ئافرەتەکەیش زاڵ بوو بەسەر تۆوی پیاوەکەدا ئەوە بەفەرمانی خودامێیینەیان دەبێ (م).

٢٦٤- عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: سُئِلَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنِ الرَّجُلِ يَجِدُ الْبَلَلَ وَلاَ يَذْكُرُ احْتِلاَمًا. قالَ: يَغْتَسِلُ، وَعَنِ الرَّجُلِ يَرَى أَنَّهُ قَدِ احْتَلَمَ وَلاَ يَجِدُ الْبَلَلَ قالَ: لاَ غُسْلَ عَلَيْهِ، فَقَالَتْ: أُمُّ سُلَيْمٍ: الْمَرْأَةُ تَرَى ذَلِكَ أَعَلَيْهَا غُسْلٌ؟ قَالَ: نَعَمْ إِنَّمَا النِّسَاءُ شَقَائِقُ الرِّجَالِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي[٧].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پێغەمبەریان پرسی (دروودی خوای لەسەربێ): ئەگەر پیاوێ تەڕایی تۆماوی هەست پێکرد بەڵام نەیەتەوە یادی کە شەیتانی

---

(٦) مسلم. طهارة: ٧١٣ ، ٧١٤.

(٧) بسند فيه ضعيف الحفظ (شرحه).

بووبێ، ئایا خۆی بشۆرێ یانا؟ فەرمووی: (دروودی خوای لەسەربێ): خۆی بشۆرێ، وە لێشیان پرسی: ئەگەر بە پێچەوانەوە بوو: تەڕایی نەبوو بەڵام وای دەزانی کە شەیتانی بووە ئەوە چۆنە؟ فەرمووی: خۆشۆردنی لەسەر نیە. ئوم سولەیمیش گوتی: ئافرەتیش هەست بەو تەڕاییە دەکا ئایا خۆشۆردنی لەسەرە یانا؟ فەرمووی: بەڵێ لەسەریەتی، چونکە ژنیش مانەندی پیاوەو لەگەڵێ حوکما وەك ئەو وایە. (د/ت–سند ضعیف).

٢٦٥– وَعَنْهاَ أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَغْتَسِلُ مِنْ أَرْبَعٍ مِنَ الْجَنَابَةِ وَيَوْمِ الْجُمُعَةِ وَمِنَ الْحِجَامَةِ وَمِنْ غُسْلِ الْمَيِّتِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٨].

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بۆ ئەم چوار شتە خۆی دەشۆرد:

یەکەم: بۆ لەشپیسی.

دووەم: بۆ رۆژی هەینی.

سێیەم: بۆ کەڵەشاخ گرتنو خوێن بەردان.

چوارەم: بۆ شۆردنی مردوو. (د–سند ضعیف).

٢٦٦– عَنْ قَيْسِ عاَصِمٍ أَنَّهُ أَسْلَمَ فَأَمَرَهُ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنْ يَغْتَسِلُ بَماءٍ وَسِدْرٍ. رَوَاهُ اصحاب السُّنن[٩].

قەیسی کوڕی عاصم گوتی: کە ئیسلام بووم پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) پێی گوتم بە ئاوو مۆرد خۆم بشۆرم. (د/ت/ن–س/ح).

---

(٨) بسند ضعيف (شرحه).

(٩) بسند حسن (شرحه).

٣١) بەشی دووەم: دەستوری خۆشۆردنو حوکمی چوون بۆ گەرماو (حەمام)
الفصل الثاني: في آداب الغسل وحكم الحمام

٢٦٧- عَنْ أُمِّ هَانِئٍ بِنْتِ أَبِي طَالِبٍ تَقُولُ: ذَهَبْتُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَامَ الْفَتْحِ، فَوَجَدْتُهُ يَغْتَسِلُ وَفَاطِمَةُ تَسْتُرُهُ فَقَالَ: مَنْ هَذِهِ؟ قُلْتُ: أَنَا أُمُّ هَانِئٍ. رواهُ الخمسة إلا أبا داود[1].

ئوم هانیئ کچی ئەبو طالیب (خوای لێ رازی بێ) گوتی: ساڵی گرتنی مەککە چووم بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کە چووم خۆی دەشۆرد، وە فاطیمەی کچی بە پارچەیێ جل پەردەی بۆ کردبوو، فەرمووی: (دروودی خوای لەسەربێ): ئەو ژنە کێیە؟ گوتم: منم ئوم هانیئم.

٢٦٨- عَنْ مَيْمُونَةَ قَالَتْ: وَضَعْتُ لِلنَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَاءً وَسَتَرْتُهُ فَاغْتَسَلَ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ[2].

واتە: مەیموونەی هاوسەری پێغەمبەر گوتی: ئاوم دانا بۆ پێغەمبەرو پەردەم بۆیگرتەوە ئینجا خۆی شۆرد. (م).

٢٦٩- (ب - ١ ز - ٢١ فەرمووی: ٧ المجلد الأول التسلسل/٢١ رقم ٧،، زاد هنا بعد: (يُقَالَ: لَهُ ألفَرَقُ) هذه العبارة: تَخْتَلِفُ أَيْدِينَا فِيهِ[3]).

واتە: لێرەدا لەپاش وشەی: پێیان دەگوت فەرق ئەمەشی هەیە: دەستی هەردووکمان لەناو دەفرەکەدا لەکاتی ئاو هەڵگرتندا بەرەنگاری یەکتر دەبوون!.

٢٧٠- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لا يَنْظُرِ ٱلرَّجُلُ إِلَى عَوْرَةِ ٱلرَّجُلِ وَلا ٱلْمَرْأَةُ إِلَى عَوْرَةِ ٱلْمَرْأَةِ وَلاَ يُفْضِي ٱلرَّجُلِ إِلَى ٱلرَّجُلِ فِي

---

(١) بخاري. غسل: ٢٨٠ ، ٣٥٧ ، ٣١١٧ ، ٦١٥٨. مسلم. طهارة: ٧٦٢ ، ٧٦٣ ، ١٦٦٦. ترمذي. استئذان: ٢٧٣٤. نسائي. استتار عند اغتسال: ٢٢٥.

(٢) مسلم. طهارة: ٧٦٥.

(٣) تقدم تخريجه فى الحديث: ٧/ ١٥٢

ثَوْبٍ وَاحِدٍ وَلاَ تُفْضِي الْمَرْأَةُ إِلَى الْمَرْأَةِ فِي الثَّوْبِ الْوَاحِدِ. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إلا البخاريَّ(٤).

ئەبو سەعید (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: نە پیاو تەماشای شەرمگای پیاوێکی تر بکاو نە ژنیش تەماشای شەرمگای ژنێکی تر بکا، وە پیاو بەرووتی خۆی نەنووسێنێ بە پیاوێکی ترەوە لە ژێریەك لۆنوێنا، وە هەروەها ژنیش نابێ بە رووتی خۆی بنووسێنێ بەژنێکی ترەوە لەژێر یەك پارچە نوێنا (م/د/ت/ن).

٢٧١- عَنْ بَهْزِ بْنِ حَكِيمٍ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ (رَضِيَ اللهُ عَنهُمْ قالَ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللّهِ عَوْرَاتُنَا مَا نَأْتِي مِنْهَا وَمَا نَذَرُ؟ قالَ: احْفَظْ عَوْرَتَكَ إِلاَّ مِنْ زَوْجَتِكَ أَوْ مَا مَلَكَتْ يَمِينُكَ قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللّهِ إِذَا كَانَ الْقَوْمُ بَعْضُهُمْ فِي بَعْضٍ؟ قَالَ: إِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ لاَ يَرَيَنَّهَا أَحَدٌ فَلاَ يَرَيَنَّهَا قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللّهِ إِذَا كَانَ أَحَدُنَا خَالِيًا؟ قالَ: اللّهُ أَحَقُّ أَنْ يُسْتَحْيَى مِنْهُ مِنَ النَّاسِ. رَوَاهُ أصحاب السنن وللبخاري بعضه(٥).

واتە: لە بەهزی کوڕی حەکیمەوە لە باوکیەوە لە باپیریەوە (رەزای خودایان لێبێ) گوتی: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! شەرمگاکانمان زۆرنو جا کامەی دەرخەینو کامەی داپۆشین؟ فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): ئاگات لە شەرمگای خۆت بێ مەهێڵە کەس تەماشای بکا مەگەر بۆ ژنو حەڵاڵو کەنیزەکی خۆت گوتم: ئەی رەهبەری خودا! ئەی ئەگەر خەڵکەکە زۆربوونو چووبوون بەناو یەکتردا چۆن؟ فەرمووی: تا دەتوانی کەس عەورەتت نەبینێ، گوتم: ئەی رەهبەری خودا! باشە، ئەی ئەگەر یەکێکمان هەر بەتەنها خۆی بوو چۆن؟ فەرمووی: لەم حاڵەدا خودای گەورە لە هەموو کەسێکی تر رەواترو شیاوترە بۆ ئەوە کە شەرمو شکۆی لێ بکرێ (د/ت/ن-س/ح). (ئەم فەرموودەیە هەندێکی بوخاریش ریوایەتی کردووە).

---

(٤) مسلم. طهارة: ٧٦٦. أبو داود. ماجاء في القرى: ٤٠١٨. ترمذي. أدب: ٢٧٩٣.

(٥) بسند حسن (شرحه).

٢٧٢– عَنْ جَرْهَدٍ مِنْ أَصْحَابِ الصُّفَّةِ قالَ: جَلَسَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عِنْدَنَا وَفَخِذِي مُنْكَشِفَةٌ فَقالَ: أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ الْفَخِذَ عَوْرَةٌ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي والبخاري[٦].

جەرهەد (کە یەکێك بوو لە برادەرانی صوففە) گوتی: (خوای لێ رازی بێ): پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دانیشتبوو لە لامان منیش لەوکاتەدا رانم بەدەرەوە بوو، فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): ئەوە نازانی کە ران عەورەتە!

٢٧٣– عَنْ يَعْلَى أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَأَى رَجُلاً يَغْتَسِلُ بِالْبَرَازِ بِلاَ إِزَارٍ، فَصَعِدَ الْمِنْبَرَ فَحَمِدَ اللّٰهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ وَقالَ: إِنَّ اللّٰهَ حَيِيٌّ سِتِّيرٌ يُحِبُّ الْحَيَاءَ وَالسَّتْرَ فَإِذَا اغْتَسَلَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْتَتِرْ. رَوَاهُ أبُو دَاوُدَ وَالنسائي[٧].

یەعلا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەو چۆڵە پیاوێکی دی بەرووتی بەبێ پەشتەماڵ خۆی دەشۆرد جا حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) سەرکەوتە سەر دوانگە (مینبەر)و سوپاس‌و ستایشی خودای کردو فەرمووی: خودا بۆ خۆی خاوەن شەرم‌و داپۆشەرو سرپۆشە، وەشەرم‌و شکۆو سرپۆشینی زۆر پێ خۆشە، جا هەر حەڵێ کە خۆتان دەشۆرن شەرمی خۆتان داپۆشن (د/ن–سند صالح)

٢٧٤– عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهَا) أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نَهَى عَنْ دُخُولِ الْحَمَّامَاتِ ثُمَّ رَخَّصَ لِلرِّجَالِ أَنْ يَدْخُلُوهَا فِي الْمَيَازِرِ[٨].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە پێشا چوونە ناو گەرماوی یاساخکردبوو، بەڵام لەپاشا رێگەی پیاوانی دا کە بچن بۆ حەمام بە مەرجێ لەوێ پشتەماڵ بگرنەوە بەناوەندی ناوك‌و ئەژنویاندا. (د/ت–س/ح).

---

(٦) بخاري. صلاة: باب مايذكر فى الفخذ، رقم: ١٢ من كتاب الصلاة. بين رقم: ٣٧٠ وَفِي رِوَايَةٍ رقم: ٣١٧.

(٧) بسند صالح (شرحه).

(٨) بسند حسن (شرحه).

٢٧٥- وَعَنْهاَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: مَا مِنِ امْرَأَةٍ تَخْلَعُ ثِيَابَهَا فِي غَيْرِ بَيْتِهَا إِلاَّ هَتَكَتْ مَا بَيْنَهَا وَبَيْنَ اللّٰهِ تَعَالَى. رواهما أبو داود والترمذي[٩].

دیسان عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر ژنێ لە غەیری ماڵی خۆیدا جلی دابکنێو خۆی رووت بکاتەوە ئەوە بێگومان کە پەردەی پەیمانی شەرمو شکۆی نێوانی خۆیو نێوانی خودای خۆی دادڕیوە! (د/ت-س/ح).

٢٧٦- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ عَمْرٍو (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: إِنَّهَا سَتُفْتَحُ لَكُمْ أَرْضُ الْعَجَمِ وَسَتَجِدُونَ فِيهَا بُيُوتًا يُقَالُ لَهَا الْحَمَّامَاتُ فَلاَ يَدْخُلَنَّهَا الرِّجَالُ إِلاَّ بِالأُزُرِ وَامْنَعُوهَا النِّسَاءَ إِلاَّ مَرِيضَةً أَوْ نُفَسَاءَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَابنْ ماجه[١٠].

عەبدوڵلای کوڕی عەمر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بەزوویی وڵاتی عەجەم دەگرن، جۆرە خانوویەکی لێیە، پێی دەڵێن گەرماو، پیاوان تا پەشتە ماڵ نەگرنەوە نەچنە ناوی، لە ژنیشی قەدەغە بکەن، مەگەر بۆ ژنی نەخۆشو زەیستان (د-س/ ضعیف-ئیبنو ماجە).

٣٢) بەشی سێیەم: روونکردنەوەی چۆنێتیی خۆشۆردنو حوکمی لەشپیس:

الفصل الثالث: في بيان الغسل وحكم الجنب

٢٧٧- عَنِ مَيْمُونَةُ قَالَتْ: وَضَعْتُ لِلنَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَاءً لِلْغُسْلِ، فَغَسَلَ يَدَيْهِ مَرَّتَيْنِ أَوْ ثَلاثًا، ثُمَّ أَفْرَغَ عَلَى شِمَالِهِ فَغَسَلَ مَذَاكِيرَهُ، ثُمَّ مَسَحَ يَدَهُ بِالأَرْضِ، ثُمَّ مَضْمَضَ وَاسْتَنْشَقَ وَغَسَلَ وَجْهَهُ وَيَدَيْهِ، ثُمَّ أَفَاضَ عَلَى جَسَدِهِ، ثُمَّ تَحَوَّلَ مِنْ

---

(٩) بسند حسن (شرحه).

(١٠) بسند ضعيف (شرحه).

مَكَانِهِ فَغَسَلَ قَدَمَيْهِ وَفِي رِوَايَةٍ: ثُمَّ غَسَلَ رَأْسَهُ ثَلاَثًا. وَفِي رِوَايَةٍ: فَأَتَيْتَهُ بِخِرْقَةٍ فَلَمْ يُرِدْهَا فَجَعَلَ يَنْفُضُ الْمَاءَ بِيَدِهِ[1].

مەیموونەی هاوسەری پێغەمبەر (دروودی خودا لەسەر پێغەمبەر بێ و رەزای خودایش لەسەر ئەو) گوتی: ئاوی خۆشۆردنم دانا بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەپێشا دوو جار یا سێ جار هەردوو دەستی خۆی شۆرد، ئینجا ئاوی کرد بە دەستی چەپیداو ناوگەڵی خۆی شۆرد، لە پاشا بەزەوییەکە دەستی خۆی سڕی هەتا تەواو ئەثەری تاراتگرتنەکەی پێوە نەمێنێ، ئینجا ئاوی لەدەم‌و لووتی رادا، ئینجا روخسارو هەردوو دەستی خۆی شۆرد، ئینجا سەرتاپا هەموو لەشی خۆی شۆرد، ئینجا لە شوێنەکەی خۆی گواستیەوە، ئەوجا هەردوو قاچی خۆشی شۆردن! لە گێڕانەوەیەکا: ئینجا سێ جار سەری خۆی شۆرد واتە: لەپێش شۆردنی لەشیدا، لە گێڕانەوەیەکی تردا: جا منیش پەڕۆیەکم بۆ هێنا کە خۆی پێ وشك بکاتەوە بەڵام پەڕۆکەی نەویست ئاوەکەی بەدەستی لە لەشی تەکاند (ش/د/ت/ن).

٢٧٨- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا اغْتَسَلَ مِنَ الْجَنَابَةِ يَبْدَأُ فَيَغْسِلُ يَدَيْهِ ثُمَّ يُفْرِغُ بِيَمِينِهِ عَلَى شِمَالِهِ فَيَغْسِلُ فَرْجَهُ ثُمَّ يَتَوَضَّأُ وُضُوءَهُ لِلصَّلاَةِ ثُمَّ يَأْخُذُ الْمَاءَ فَيُدْخِلُ أَصَابِعَهُ فِي أُصُولِ الشَّعْرِ حَتَّى إِذَا رَأَى أَنْ قَدِ اسْتَبْرَأَ حَفَنَ عَلَى رَأْسِهِ ثَلاَثَ حَفَنَاتٍ ثُمَّ أَفَاضَ عَلَى سَائِرِ جَسَدِهِ ثُمَّ غَسَلَ رِجْلَيْهِ. رواهما الخمسة[2].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: دەستووری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وابوو کە بۆ لەشپیسی خۆی دەشۆرد، لە پێشا هەردوو دەستی دەشۆرد، تا مووچەکانی، ئەوجا بە دەستی راستی ئاوی دەکرد بە دەستی چەپیاو ناوگەڵی دەشۆرد ئینجا دەسنوێژێکی دەگرت، دەق وەك دەسنوێژی نوێژ!

---

(١) بخاري. غسل: ٢٦٠ ، ٢٤٩ ، ٢٥٧ ، ٢٥٩ ، ٢٦٥ ، ٢٦٦ ، ٢٧٤ ، ٢٧٦ ، ٢٨١. مسلم طهارة: ٧٢٠ ، ٧٦٥. أبو داود. غسل من الجنابة: ٢٤٥. ترمذي. غسل من الجنابة: ١٠٣.

(٢) بخاري. غسل: ٢٤٨ ، ٢٦٢ ، ٢٧٢. مسلم. طهارة: ٧١٦.

ئینجا ئاوی هەڵ دەگرتو پەنجەی دەخستە بن مووەکانی سەری تا دەیزانی کەوا تەواو تەڕبوون، ئەوجا سێ مشت ئاوی دەکرد بەسەر سەریا، لەپاشا سەراپا باقی مەندەی لەشی خۆی دەشۆرد، لە پاشان هەردوو قاچیشی دەشۆرد (ش/د/ت/ن).

٢٧٩- عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنِّى امْـرَأَةٌ أَشُدُّ ضَفْرَ رَأْسِي أَفَأَنْقُضُهُ لِغُسْلِ الْجَنَابَةِ قالَ: لاَ إِنَّمَا يَكْفِيكِ أَنْ تَحْثِينَ عَلَى رَأْسِكِ ثَلاَثَ حَثَيَاتٍ ثُمَّ تُفِيضِينَ عَلَيْكِ الْمَاءَ فَتَطْهُرِينَ. رَوَاهُ الخمسة إلا البخاري[٣].

واتـە: ئوم سـەلەمە (خوای لێ رازی بێ) گـوتی: ئەی پێغەمبەری خـودا! مـن ئافرەتمو پەلکەکانم توند شـەتەك دەدەم، ئایا بـۆ خۆشـۆردنی لـەش پێـسی هەڵیان وەشێنمەوە یانا؟ فەرمووی: نەء، تەنیا ئەوەندەت بەسە سێ مشت ئاو بکە بەسەر سەرتاو باش قژو کەزییەکانت هەڵگوڵۆفەو ئینجا سەراپا ئاو بکە بەسەر خۆتا ئیتر پاك دەبیتەوە. (م/د/ت/ن).

٢٨٠- عَنْ عَائِشَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: إِنْ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لَيُحِبُّ التَّيَمُّنَ فِي طُهُورِهِ إِذَا تَطَهَّرَ وَفِـي تَرَجُّلِـهِ إِذَا تَرَجَّـلَ وَفِـي انْتِعَالِـهِ إِذَا انْتَعَلَ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ[٤].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لـەکردنی ئـەم شتانەدا حـەزی لـەوە بـوو کـەلای راستی پێش بخات: لـە دەسنوێژ شۆردنو خۆشۆردنا وە لەقژ شانەکردنو پێڵاو لەپێ کردنا (ش/د/ت/ن).

٢٨١- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ تَحْتَ كُلِّ شَعْرَةٍ جَنَابَةً فَاغْسِلُوا الـشَّعْرَ وَأَنْقُـوا الْبَـشَرَ. رَوَاهُ الترمـذي وَأَبُـو دَاوُدَ. وَفِي

---

(٣) مسلم. غسل: ٧٤٢. أبو داود. نقض شعر المرأة: ٢٥١. ترمذي. نقض شعر المرأة: ١٠٥. نسائي. نقض شعر رأس المرأة: ٢٤١.

(٤) بخاري. وضوء: ١٦٨ ، ٤٢٦ ، ٥٣٨٠ ، ٥٨٥٤ ، ٥٩٢٦. مسلم. طهارة: ٦١٥ ، ٦١٦. أبو داود. لباس. انتعال: ٤١٤٠. ترمذي. تيمن فى الطهور: ٦٠٨ نسائي. بدء أى الرجلين بالغسل: ١١٢ ، ٤١٩ ، ٥٢٥٥.

رِوَايَة: مَنْ تَرَكَ مَوْضِعَ شَعَرَةٍ مِنْ جَنَابَةٍ لَمْ يَغْسِلْهاَ فُعِلَ بِهاَ كَذَا وَكَذَا مِنَ النَّارِ. قَالَ: عَلِيّ: فَمِنْ ثُمَّ عَادَيْتُ رَأسِي ثَلاَثاً وَكَانَ يَجُزُ شَعَرَهُ[٥].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: لەژێر هەموو موویەکدا لەش پیسی هەیە، کەواتە موو باش بشۆرنو پێست تەواو خاوێن بکەنەوە لەکاتی غوسڵ دەرکردندا (ت-سند ضعیف-د) لە گێڕانەوەیکا: هەر کەسێ شوێنی تاقە یەك موو بهێڵێتەوەو نەیشۆرێ لەکاتی خۆشۆردنی لەش پیسیدا ئەوە بەئاگری دۆزەخ واوای لێ دەکرێ! عەلی (خوای لێ ڕازی بێ) سێ جار گوتی: دەسا من لەبەر ئەمەیە کەوا شەڕم بەستۆتە سەری خۆم، عەلی دەستووری وابوو مووی خۆی هەڵ دەپاچی.

٢٨٢- وَقَالَ: اَبْنُ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) كَانَتِ الصَّلاَةُ خَمْسِينَ وَالْغُسْلُ مِنَ الْجَنَابَةِ سَبْعَ مِرَارٍ وَغَسْلُ الْبَوْلِ مِنَ الثَّوْبِ سَبْعَ مِرَارٍ فَلَمْ يَزَلْ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) يَسْأَلُ حَتَّى جُعِلَتِ الصَّلاَةُ خَمْسًا وَالْغُسْلُ مِنَ الْجَنَابَةِ مَرَّةً وَغَسْلُ الْبَوْلِ مِنَ الثَّوْبِ مَرَّةً. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٦].

ئیبنو عومەر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: لەپێشا نوێژ هەموو ڕۆژێ پەنجا نوێژبوو، خۆشۆردنی لەشپیسیش حەوت جاربوو، شۆردنی میزیش بە جلو بەرگەوە حەوت جاربوو، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) هەر داوای لەخودا دەکرد کە بۆ بارسووکی ئۆمەتی کەمیان بکاتەوە هەتا لە ئەنجاما نوێژ لە پەنجا نوێژەوە شەوو ڕۆژی، بوو بە پێنج نوێژو خۆشۆردنی لەشپیسیش لە حەوت جارەوە بوو بە یەك جار، هەروا شۆردنی میزیش بەجلو بەرگەوە ئەویش بوو بە یەك جار (د).

٢٨٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: لَقِيَنِي رَسُولُ اللّٰهِ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) فِي طَرِيقٍ مِنْ طُرُقِ الْمَدِينَةِ وَأَنَا جُنُبٌ فَاخْتَنَسْتُ.وَفِي رِوَايَة: فَانْسَلَلْتُ فَذَهَبْتُ

---

(٥) رواه الترمذي ، بسند ضعيف (شرحه).

(٦) بسند ضعيف (شرحه).

فَاغْتَسَلْتُ ثُمَّ جِئْتُ فَقَالَ: أَيْنَ كُنْتَ يَا أَبَا هُرَيْرَةَ؟ قُلْتُ: إِنِّي كُنْتُ جُنُبًا فَكَرِهْتُ أَنْ أُجَالِسَكَ عَلَى غَيْرِ طَهَارَةٍ. قَالَ: سُبْحَانَ اللَّهِ! إِنَّ الْمُسْلِمَ لاَ يَنْجُسُ[٧].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: جارێ لەشم پیسبوو، لە یەکێ لە رێگەکانی مەدینە تووشی پێغەمبەر بووم** (دروودی خوای لەسەربێ) **لەبەر ئەوە خۆم لێی شاردەوە. لە گێڕانەوەیەکا گوتی: لەبەرئەوە خۆم لێ دزییەوەو چووم خۆم شۆردو هاتمەوە بۆ خزمەتی، فەرمووی: ئەی ئەبو هورەیرە! لەکوێ بووی؟ گوتم: راستیەکەی لەشم پیس بوو، لەبەر ئەوە حەزم نەکرد بە لەشی ناپاکەوە لە خزمەتتا دانیشم. فەرمووی: سوبحانەڵڵا! چەندە سەیریت! موسوڵمان چۆن پیس دەبێ!.**

٢٨٤- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا كَانَ جُنُبًا فَأَرَادَ أَنْ يَأْكُلَ أَوْ يَنَامَ تَوَضَّأَ وُضُوءَهُ لِلصَّلاَةِ. رواهما الخمسة[٨].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەستووری وابوو ئەگەر بە لەشی پیسەوە بی ویستبایە شت بخوا، یا بخەوێ، لە پێشا دەسنوێژێکی دەگرت، دەق وەك دەسنوێژی نوێژی! (ش/د/ت/ن).**

٢٨٥- سَأَلْتُ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) كَيْفَ كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَصْنَعُ مِنَ الْجَنَابَةِ؟ أَكَانَ يَغْتَسِلُ قَبْلَ أَنْ يَنَامَ أَمْ يَنَامُ قَبْلَ أَنْ يَغْتَسِلَ؟ قَالَتْ: كُلُّ ذَلِكَ قَدْ كَانَ يَفْعَلُ، رُبَّمَا اغْتَسَلَ فَنَامَ وَرُبَّمَا تَوَضَّأَ فَنَامَ قُلْتُ: الْحَمْدُ لِلَّهِ الَّذِي جَعَلَ فِي الأَمْرِ سَعَةً. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ إِلاَّ الْبُخَارِيَّ[٩].

پرسیارکرا لە عائیشە (خوای لێ رازی بێ)**: جاران پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **لە حاڵی لەش پیسیدا چی دەکرد؟ ئایا لە پێشا خۆی دەشۆردو ئەوجا دەنووست یا لە پێشا دەخەوت لە پاشا خۆی دەشۆرد؟ عائیشەیش گوتی:**

---

(٧) بخاري. غسل: ٢٨٣ ، ٢٨٥. مسلم. طهارة: ٨٢٢ أبو داود. الجنب يصافح: ٢٣١. ترمذي. مصافحة الجنب: ١٢١. نسائي. مجالسة الجنب: ٢٦٩.

(٨) بخاري. غسل: ٢٨٧ ، ٢٨٩ ، ٢٩٠. مسلم. طهارة: ٧٠٢.

(٩) مسلم. طهارة: ٧٠٣. أبو داود. وقت الوتر: ١٤٣٧. ترمذي. في قراءة الليل: ٤٤٩.

هەردوولایانی دەکرد: جار جارە لە پێشا خۆی دەشۆردو ئەوجا دەنووست جارجارەیش بەس دەسنوێژی دەگرت‌و دەخەوت. قسەگێڕەوە کە عەبدوڵڵای کوڕی ئەبو قەیسە دەڵێ: منیش گوتم: سوپاس بۆ ئەو خودایەی کە ئەم کارەی ئاوا گوشاد کردووە (م/د/ت/ن).

٢٨٦- عَنْ أَنَسٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَطُوفُ عَلَى نِسَائِهِ فِي اللَّيْلَةِ الْوَاحِدَةِ وَلَهُ يَوْمَئِذٍ تِسْعُ نِسْوَةٍ. وَفِي رِوَايَةٍ: كَانَ يَطُوفُ عَلى نِسَائِهِ بِغُسْلٍ وَاحِدٍ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ[١٠].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەسەر دەمێکا نۆ ژنی هەبوو، وادەبوو لەیەك شەودا دەڕۆیشتە لای هەرنۆیان لە گێڕانەوەیەکا: وادەبوو یەکە یەکە دەڕۆیشتە لای ژنەکانی‌و لە دواییدا یەکجار خۆی دەشۆرد (ش/د/ت/ن).

٢٨٧- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا أَتَى أَحَدُكُمْ أَهْلَهُ ثُمَّ أَرَادَ أَنْ يَعُودَ فَلْيَتَوَضَّأْ بَيْنَهُمَا وُضُوءً. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ البخاريَّ[١١].

ئەبو سەعید (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەگەر کەسێکتان ڕۆیشتە لای ژنی خۆی‌و لەپاشا ویستی دووبارەی بکاتەوە با لە نێوانی هەردوو جارەکەدا دەسنوێژێ بگرێ دەق وەك دەسنوێژی نوێژ (م/د/ت/ن).

٢٨٨- عَنْ أَبِي رَافِعٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: طَافَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ذَاتَ يَوْمٍ عَلَى نِسَائِهِ يَغْتَسِلُ عِنْدَ هَذِهِ وَعِنْدَ هَذِهِ. قالَ: فَقُلْتُ لَهُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَلاَ تَجْعَلُهُ غُسْلاً وَاحِدًا؟ قالَ: هَذَا أَزْكَى وَأَطْيَبُ وَأَطْهَرُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالنَسائيُّ[١٢].

---

(١٠) بخاري. غسل: ٢٧٠ ، ٢٦٨ ، ٢٨٤ ، ٥٠٦٨ ، ٥٢١٥. مسلم. طهارة: ٧٠٦.

(١١) مسلم. طهارة: ٧٠٥. أبو داود. الوضوء لمن أراد العود: ٢٢٠. ترمذي. الجنب المعيد للجماع: ١٤١. نسائي. الجنب المعيد: ٢٦٢.

(١٢) بسند صحيح (شرحه).

ئەبو رافیع (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ڕۆژێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) یەك لەدوای یەك ڕۆیشتە لای ژنەکانیو لەلای هەمووشیان خۆی شۆرد، منیش پێم گوت: ئەی پێغەمبەری خودا! بۆچی لەپاش چوونەلای هەموویان یەك جار خۆت ناشۆریتو لەشپیسیی خۆت دەرناکەی، فەرمووی: بەم شێوەیە بەبڕشتترو خۆشترو پاكو خاوێنترە (د/ن-س/ص).

٢٨٩- عَنْ عَلِيٍّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: كَانَ ٱلنَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْرَئُنا ٱلْقُرْآنَ عَلى كَلِّ حَالٍ ما لَمْ يَكُنْ جُنُبَاً. رَوَاهُ أصحاب السنن[١٣].

عەلی (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جاران پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەستووری وابوو – بە لەشی پیسەوە نەبێ – لە هەموو حاڵێکی تردا دەرسی قورئانی پێ دەگوتین (د/ت/ن-س/ص).

٣٣) باسی حەوتەم: باسی بێنوێژیو زەیستانیو بێنوێژیی ناوەخت (ئیستیحاضە) (ئەم باسە سێ بەشە):

بەشی یەکەم: باسی تێکەڵیو گوزەرانکردن لەگەڵ ئەم ژنانەدا

الباب السابع: في الحيض والنفاس والاستحاضة وفيه ثلاثة فصول:

الفصل الأول: في مخالطتهن

٢٩٠- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ الْيَهُودَ كَانُوا إِذَا حَاضَتِ الْمَـرْأَةُ فِـيهِمْ لَـمْ يُؤَاكِلُوهَا وَلَمْ يُجَامِعُوهُنَّ فِي الْبُيُوتِ فَسَأَلَ أَصْحَابُ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَـنْ ذَلِكَ فَأَنْزَلَ اللَّهُ – وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُـوَ أَذًى فَـاعْتَزِلُوا النِّسَاءَ فِـي الْمَحِيضِ وَلا تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ فَإِذاَ تَطَهَّـرْنَ فَـأْتُوهُنَّ مِـنْ حَيْـثُ أَمَـرَكُمُ اللهُ. فَقالَ: رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): اصْنَعُوا كُلَّ شَيْءٍ إِلاَّ النِّكَاحَ فَبَلَغَ ذَلِكَ الْيَهُـودَ فَقَالُوا: مَا يُرِيدُ هَذَا الرَّجُلُ أَنْ يَدَعَ مِنْ أَمْرِنَا شَيْئًا إِلاَّ خَالَفَنَا فِيـهِ فَجَـاءَ أُسَـيْدُ بْـنُ حُضَيْرٍ وَعَبَّادُ بْنُ بِشْرٍ فَقَـالاَ: يَـا رَسُـولَ اللَّـهِ إِنَّ الْيَهُـودَ تَقُـولُ كَـذَا وَكَـذَا فَـلاَ نُجَامِعُهُنَّ؟ فَتَغَيَّرَ وَجْهُ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حَتَّـى ظَنَنَّـا أَنْ قَـدْ وَجَـدَ عَلَيْنَـا

---

(١٣) بسند صحيح (شرحه).

فَخَرَجَا فَاسْتَقْبَلَهُمَا هَدِيَّةٌ مِنْ لَبَنٍ إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَأَرْسَلَ فِي آثَارِهِمَا فَسَقَاهُمَا فَعَرَفَا أَنْ لَمْ يَجِدْ عَلَيْهِمَا. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ إِلاَّ البخاريَّ[(١)].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جوولەكە دەستووریان وابوو كە ژنیان دەكەوتە بێنوێژییەوە ئیتر نە لەگەڵیاندا دەخواردن‌و نە لەماڵیشەوە لەگەڵیان دادەنیشتن، بەڵكوو پارێزیان لێ دەكردن‌و جێیان بۆ جیا دەكردنەوە! یارانی پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) لەم بارەیەوە لێیان پرسی، جا خودا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە:

{وَيَسْأَلُونَكَ عَنِ الْمَحِيضِ قُلْ هُوَ أَذًى فَاعْتَزِلُواْ النِّسَاء فِي الْمَحِيضِ وَلاَ تَقْرَبُوهُنَّ حَتَّى يَطْهُرْنَ فَإِذَا تَطَهَّرْنَ فَأْتُوهُنَّ مِنْ حَيْثُ أَمَرَكُمُ اللّهُ – ٢/٢٢٢}.

واتە: هاوڕێكانت پرسیارت لێ دەكەن لە حوكمی بێنوێژی: كە چۆنەو چی لێ پەیدا دەبێ؟ بفەرموو پێیان: خوێنی بێنوێژی قێزاوییەو مایەی رەنج‌و ئێش‌وئازارە هەم بۆ ژنەكە هەم بۆ مێردەكە، دەی كەنار بگرن لە ژنەكان لەكاتی بێنوێژیدا، وە نزیكیان مەبنەوە هەتا پاك دەبنەوەو خۆیان دەشۆرن، جا كاتێ كە خۆیان پاك كردەوەو لەش پیسی خۆیانیان دەركرد بچنە لایان لەو شوێنەوە كە خودا رێی داوون‌و رەوای دیوە بۆتان، جا حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەموشتێ بكەن لەگەڵیانا تەنیا چوونە لا نەبێ، كە جوولەكەكان ئەمەیان بیست گوتیان: ئەم پیاوە دەیەوێ لە هەموو یاسایەكی ئێمەدا دژی ئێمە بوەستێ، جا ئوسەیدی كوڕی حوضەیرو عوببادی كوڕی بیشر هاتن بۆ خزمەتی حەزرەت‌و ئەم باسەیان بۆ گێڕایەوەو گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! بۆچی رێگەمان پێ نادەی هەتا لەكاتی بێنوێژیشدا بچینە لایان‌و دروست ببین لەگەڵیانا؟! جا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) رووی گرژكردو رەنگی گۆڕا، هەتا گومانمان برد كە حەزرەت لە دڵەوە زویر بووە لێیان، جا هەردووكیان هەستان‌و رۆیشتن، لەپاشا هەندێ شیریان بەدیاری

---

(١) مسلم. حيض: ٦٩٢. أبو داود. مؤاكلة الحائض: ٢٥٨ ترمذي. تفسير القرآن: ٢٩٧٧. نسائي. طهارة تأويل دويسألونك عن الحيض (٢٨٧).

هێنا بۆ حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) وە حەزرەت هەندێ لەو شیرەی نارد بۆیانو خواردیانەوەو تێگەیشتن کە حەزرەت دڵی لێیان نەیەشاوە (م/د/ت/ن).

٢٩١- وَقَالَتْ عَائِشَةُ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ): قَالَ: لِيْ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نَاوِلِينِي الْخُمْرَةَ مِنَ الْمَسْجِدِ فَقُلْتُ: إِنِّي حَائِضٌ. فَقالَ: إنَّ حَيْضَتَكِ لَيْسَتْ فِي يَدِكِ فَنَاوَلْتُهُ. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إلاّ البخاريّ[٢].

دیسان عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەناو مزگەوتەوە فەرمووی پێم: بەرماڵەکەم بدەرێ. منیش گوتم: ئاخر چۆن دەبێ، خۆ من بێنوێژم چۆن دەست درێژ بکەم بۆ ناو مزگەوت؟ فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): خۆ خوێنی بێنوێژییەکەت لەناو دەستتا نیەو دەستت پاکە جا منیش بەرماڵەکەم دایە دەستی (م/د/ت/ن).

٢٩٢- عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ (رَضيَ اللّٰهُ عَنْهَا) وَكَانَتْ بَايَعَتِ النَّبِيّ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَتْ: كُنَّا لاَ نَعُدُّ الْكُدْرَةَ وَالصُّفْرَةَ بَعْدَ الطُّهْرِ شَيْئًا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالبخاري والنسائي[٣].

واتە: ئوم عەطییە (خوای لێ ڕازی بێ) – کە یەکێك بوو لەو ژنانە کە پەیمانیان دابوو بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) – گوتی: دەستوورمان وا بوو لەپاش پاکەوە بوون لە بێنوێژی، لێڵاوو زەرداومان بەهیچ دانەدەنا (د/ب/ن).

٣٤) بڕیتی (کەففارەت)ی چوونەلای ژنی بێنوێژ: (كفارة الوقاع في الحيض)

٢٩٣- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ عَنِ النَّبِيِّ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي الَّذي يَأْتِي امْرَأَتَهُ وَهِيَ حَائِضٌ قَالَ: يَتَصَدَّقُ بِدِينَارٍ أَوْ بِنِصْفِ دِينَارٍ. رَوَاهُ أصحاب السنن[١].

---

(٢) مسلم. طهارة: ٦٨٧. أبو داود. لحائض تناول في المسجد: ٢٦١. ترمذي. الحائض تناول... من المسجد: ١٣٤. نسائي. استخدام الحائض: ٢٧١.

(٣) بخاري. حيض: ٣٢٦.

(١) بسند صحيح (شرحه).

ئیبنو عەباس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لە بارەی ئەو کەسەوە کە لە بێنوێژیدا بڕواتە لای ژنی خۆی، فەرمووی: دینارێ یا نیو دینار بکا بەخێر (د/ت/ن-س/ص).

٢٩٤- وَلأَبِي دَاوُدَ: إِذَا أَصَابَهَا فِي أَوَّلِ الدَّمِ فَدِينَارٌ وَإِذَا أَصَابَهَا فِي انْقِطَاعِ الدَّمِ فَنِصْفُ دِينَارٍ[٢].

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: پیاو ئەگەر لەسەرەتای خوێنی بێنوێژییەوە چووە لای ژن، ئەوە دینارێ خێری لەسەرە، ئەگەر لەکاتی ووشکایی هاتنی خوێنەکەدا چووە لای، نیو دیناری خێری لەسەرە مەبەست دیناری زێڕی سەردەمی پێغەمبەرە. (د-س/ص).

٢٩٥- وللترمذي: نَقْلاً مِنْ شرحِ غاية المأمول: إِذَا كَانَ دَمًا أَحْمَرَ فَدِينَارٌ وَإِذَا كَانَ دَمًا أَصْفَرَ فَنِصْفُ دِينَارٍ[٣].

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەگەر خوێنەکە سوور بوو ئەوە دینارێ کەفارەتی لەسەر، بەڵام ئەگەر خوێنەکە زەرد بوو ئەوە نیو دینار کەفارەتی لەسەرە (ت): ئەم فەرموودەیە نەقڵ کراوە لە غایەتول مەئموولەوە کە شەرحی تاجە.

٢٩٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ أَتَى حَائِضًا أَوِ امْرَأَةً فِي دُبُرِهَا أَوْ كَاهِنًا فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). رَوَاهُ الترمذي[٤].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوای لێ ڕازی بێ) پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: کەسێ بڕواتە لای ژنی بێنوێژ یا لە دواوە بە پاش بڕواتە لای ژن، یا بچێت بۆلای کاهین کە بەدرۆ لافی زانینی غەیب لێ دەدا وەباوەڕ بەقسەی بکا لەم بارەیەوە، ئەوە بەراستی باوەڕی نەماوە بەو قورئانەی

---

(٢) بسند صحيح (شرحه).

(٣) سكت عن درجة الحديث الشارح (مترجم).

(٤) بسند ضعيف (شرحه).

کە هاتۆتە خوارەوە بۆ موحەممەد (درودو صەلاتو سەلامی خودای لەسەربێ) (ت—سند ضعيف).

٣٥) بەشی دووەم: باسی حوکمی ژنی زەیستانو ژنی بێنوێژو چۆنێتی پاکەوە بوونیان: (الفصل الثاني: في تطهرهن وحكم الحائض والنفساء)

٢٩٧– عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ أَسْمَاءَ (رَضيَ اللهُ عَنهُما) سَأَلَتِ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنْ غُسْلِ الْمَحِيضِ فَقَالَ: تَأْخُذُ إِحْدَاكُنَّ مَاءَهَا وَسِدْرَتَهَا فَتَطَهَّرُ فَتُحْسِنُ الطُّهُورَ ثُمَّ تَصُبُّ عَلَى رَأْسِهَا فَتَدْلُكُهُ دَلْكًا شَدِيدًا حَتَّى تَبْلُغَ شُئُونَ رَأْسِهَا ثُمَّ تَصُبُّ عَلَيْهَا الْمَاءَ. ثُمَّ تَأْخُذُ فِرْصَةً مُمَسَّكَةً فَتَطَهَّرُ بِهَا فَقَالَتْ أَسْمَاءُ: وَكَيْفَ تَطَهَّرُ بِهَا؟ فَقَالَ: سُبْحَانَ اللَّهِ تَطَهَّرِينَ بِهَا فَقَالَتْ عَائِشَةُ: تَتَبَّعِينَ أَثَرَ الدَّمِ. وَفِي روايـة: قَالَ: خُذِي فِرْصَةً مُمَسَّكَةً فَتَوَضَّئِي بِهَا ثَلاثاً وَاسْتَحْيَى النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَأَعْرَضَ بِوَجْهِهِ فَقَالَتْ عَائِشَةُ: نِعْمَ النِّسَاءُ نِسَاءُ الأَنْصَارِ لَمْ يَكُنْ يَمْنَعُهُنَّ الْحَيَاءُ أَنْ يَتَفَقَّهْنَ فِي الدِّينِ. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إلاَّ النرمذي[١].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: ئەسماء بۆچونیەتی خۆشۆردنی بێنوێژی لە پێغەمبەری پرسی فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): هەر کامێکتان کە ویستی خۆی بشۆرێ با لە پێشا ئاوو مۆردەکەی ئامادە بکاو خۆی پاك بکاتەوەو تاراتێکی جوان بگرێ، ئینجا دەسنوێژێکی جوان بگرێ، ئەوسا ئاو بکا بەسەر سەریاو دەستی تێخاو زۆر باش هەڵی بگلۆفێ تا ئاو دەگاتە بن مووەکانی سەری، ئەو حەلە ئاو بکا بەسەر خۆیا سەراپا، ئینجا گوڵەلۆکەیەکی میسکاوی یا گوڵە خورییەکی میسکاوی بێنێ یا پەرۆیەکی بۆنخۆش بێنێ خۆی پێ پاك بکاتەوەو تاراتی پێ بگرێ! ئەسمائیش باش تێ نەگەیشت گوتی: چۆن چۆن خویی پێ پاك بکاتەوەو تاراتی پێ بگرێ؟ فەرمووی: (دروودی خوای لەسەربێ) سوبحانڵڵا سەیرە بۆ تێ ناگەی! خۆتی پێ پاك بکەرەوەو تاراتی پێ بگرەو تەواو. عائیشەش (خوای لێ رازی بێ) گوتی: منیش ئەسمام

---

(١) بخاري. حيض: ٣١٤ ، ٣١٥ ، ٧٣٥٧ ، مسلم. حيض: ٧٤٨ ، ٧٤٦. نسائي. غسل: ٢٥١. أبو داود. حيض: ٣١٤.

راکێشا بەلای خۆمەوە کە کچی شەکەل بوو، وە پێم گوت: وەرە من تێت بگەیەنم: بیهێنە بە شوێنی خوێنەکەداو داینێ لەناو شەرمتا، تا ناوگیانت بۆ ساری لێ نەیەو بۆنی خۆش بێ، لەگێڕانەوەیەکا، حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) سێ جار فەرمووی: پارچەیەکی میسکاوی بێنەو تاراتی پێ بگرە ئیتر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) شەرم گرتیو رووی کرد بەولاوە،، عائیشە دەیگوت: ژنگەلی یاریدە دەران (انصار) ژنگەلی چاکن ئافەریم بۆ خۆیان! شەرمو شکۆ رێگەی ئەوەی لێ نەدەگرتن کە بۆ خۆیان شارەزای ئایین ببن! (ش/د/ن).

٢٩٨- وَبَعَثَ نِسَاءٌ إِلَى عَائِشَةَ بِالدُّرْجَةِ فِيهَا الْكُرْسُفُ فِيهِ الصُّفْرَةُ فَقَالَتْ: لاَ تَعْجَلْنَ حَتَّى تَرَيْنَ الْقَصَّةَ الْبَيْضَاءَ. تُرِيدُ بِذَلِكَ تَمَامَ الطُّهْرِ مِنَ الْحَيْضَةِ. رَوَاهُالبخاري ومالك[٢].

ئافرەتان قەعەدەیان نارد بۆلای عائیشە، کە زەرداوی پاش خوێنی بێنوێژی بە گوڵەلۆکەوە لەناو قەعەدەکەدا بوو گوتیان: ئایا ئەم دەرداوەش دادەنرێ بە خوێنی بێنوێژی یانا؟ عائیشەش وەرامی بۆ ناردنو گوتی: پەلەمەکەن لە کردنی نوێژو گرتنی رۆژوو کردنی شتی تر تا لینجاوە سپییەکەی هەرە دواوە دەبینن کە وەك گەچاو وایە، یا گوتی: پەلە مەکەن لە غوسڵ دەرکردن تا پەرۆی بێنوێییەکەتان کە لە ناوگیانتان دەری دێنن وەگ گەچ سپی بێ، مەبەستی عائیشە لەم وەڕامە ئەوەبوو کە تەواو لە بێنوێژی پاك ببنەوە (ب/ مالك).

٢٩٩- عَنْ مُعَاذَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: سَأَلْتُ عَائِشَةَ فَقُلْتُ: مَا بَالُ الْحَائِضِ تَقْضِي الصَّوْمَ وَلاَ تَقْضِي الصَّلاَةَ فَقَالَتْ: أَحَرُورِيَّةٌ أَنْتِ قُلْتُ لَسْتُ بِحَرُورِيَّةٍ وَلَكِنِّي أَسْأَلُ. قَالَتْ: كَانَ يُصِيبُنَا ذَلِكَ فَنُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّوْمِ وَلاَ نُؤْمَرُ بِقَضَاءِ الصَّلاَةِ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ[٣].

---

(٢) أثر ذكره البخاري في كتاب الحيض. باب: إقبال المحيض وإدباره. قبل رقم: ٣٢٠ (مترجم).

(٣) بخاري. حيض: ٣٢١. مسلم. حيض: ٧٥٩ ، ٧٦١. أبو داود. حيض: ٢٦٢ ، ٢٦٣. ترمذي. حيض: ١٣٠. نسائي. حيض: ٣٨٠.

موعاذە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە عائیشەم پرسی گوتم: بۆچی ئافرەتی بێنوێژ رۆژووی رەمەزان دەگێڕێتەوە کەچی نوێژە فەرزەکان ناگێڕێتەوە؟ گوتی: بۆ تۆیش حەرووریيەتو لەو خەواریخانەی کە دەڵێن: دەبێ ژن نوێژی کاتی بێنوێژیش وەك رۆژوو بگێڕێتەوە؟ گوتم: خەیر، من لەوان نیم، بەلاّم پرسیارەو دەیکەم، گوتی: جاران بەسەرینیی پێغەمبەر خوّی (درودی خوای لەسەربێ) کە دەکەوتینە بێنوێژییەوە لەپاش پاك بوونەوەو خۆشۆردن، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمانی دەکرد پێمان کە رۆژوو بگێڕینەوە بەلاّم فەرمانی پێ نەدەکردین کە نوێژ بگێڕینەوە. (ش/د/ت/ن).

٣٠٠- عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: كَانَتِ النُّفَسَاءُتَجْلِسُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَرْبَعِينَ يَوْمًا فَكُنَّا نَطْلِي وُجُوهَنَا بِالْوَرْسِ مِنَ الْكَلَفِ. رَوَاهُ الترمذي وَأَبُو دَاوُدَ[٤].

ئوم سەلەمە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە سەردەمی (ژیانی) پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەربێ) ژنی زەیستانی چل رۆژ دادەنیشتو دەستی هەڵدەگرت لەنوێژو پەرستشو دروستبوونو کۆبوونەوە لەگەڵ مێردا، هەتا وامان لێ دەهات لەبەر زیپکەو قنچکەو ناخاوێنی رووی خۆمان دەگرتە زەعفەران! (ت/د-س/ص).

٣٠١- وَعَنْهَا كَانَتِ الْمَرْأَةُ مِنْ نِسَاءِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تَقْعُدُ فِي النِّفَاسِ أَرْبَعِينَ لَيْلَةً لاَ يَأْمُرُهَا النَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِقَضَاءِ صَلاَةِ النِّفَاسِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٥].

دیسان گوتی: جاران ژنی زەیستان — لە کەسو کاری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) — چل شەو لێ دەکەوتو وازی لە نوێژو رۆژوو پەرستش دەهێناو جووت نەدەبوو لەگەڵ شووەکەی پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) لەوەدوا پێی نەدەگوت کە نوێژی ئەو ماوەی زەیستانییەی بگێڕێتەوە (د).

---

(٤) بسند صحيح (شرحه).

(٥) سكت عن درجة الحديث الشارح (مترجم).

٣٠٢– عَنِ ابْنِ عُمَرَ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ تَقْـرَإِ الْحَـائِضُ وَلاَ الْجُنُبُ شَيْئًا مِنَ الْقُرْآنِ. رَوَاهُ الترمذي[٦].

ئیبنـو عومـەر (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) فـەرمووی: نابـێ ژنـی بێنوێـژو ئـادەمیزادی لەشـپیس قورئـان بخـوێنن (ت-س/ص).

٣٠٣– عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: وَجِّهُوا هَذِهِ الْبُيُوتَ عَنِ الْمَسْجِدِ فَإِنِّي لاَ أُحِـلُّ الْمَـسْجِدَ لِحَـائِضٍ وَلاَ جُنُـبٍ. رَوَاهُ أَبُـو دَاوُدَ[٧].

عائیـشە (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) فەرمووی: دەرگایماڵەکانتان لەسەر ناوماڵی مزگەوت لابەرن چونکە من چوونە ناو مزگەوت رەوا نابینم نە بۆ ژنـی بێنوێـژو نـە بۆ لەشـپیس (د-سند ضعیف).

٣٦) بەشی سێیەم: باسی ئەحکامی موستەحاضە یا ژنی بێنوێژی بێ وەخت واتە: ئەو ژنەی کە لە غەیری کاتی خۆشیا (وەختو ناوەخت) دەکەوێتە سەرخوێن جا ئەم ژنە یا بەدەستووری لەوەپێشی دەکا یاماوەی خوێنە بەهێزەکەیان دادەنێ بە خوێنی بێنوێژیو کاڵەکەشیان دادەنێ بە پاکی:

الفصل الثالث: في أحكام المستحاضة. ترجع لعادتها أو تعمل القوى حيضا

٣٠٤– عَنْ عَائِشَةَ أَنَّ فَاطِمَةَ بِنْتَ أَبِي حُبَيْشٍ سَأَلَتِ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَتْ: إِنِّي أُسْتَحَاضُ فَلاَ أَطْهُرُ أَفَأَدَعُ الـصَّلاَةَ؟ فَقَـالَ: لاَ إِنَّ ذَلِـكِ عِـرْقٌ وَلَـيْسَ بِالْحَيْضَةِ وَلَكِنْ دَعِي الصَّلاَةَ قَدْرَ الْأَيَّامِ الَّتِي كُنْتِ تَحِيضِينَ فِيهَا ثُمَّ اغْتَسِلِي وَصَلِّي.

---

(٦) بسند صحيح (شرحه).

(٧) بسند ضعيف (شرحه).

وفِي رواية: إِذَا أَقْبَلَتِ الْحَيْضَةُ فَدَعِي الصَّلاَةَ وَإِذَا أَدْبَرَتْ فَاغْسِلِي عَنْكِ الدَّمَ وَصَلِّي. رَوَاهُ الخمسة وزاد الترمي: وَتَوَضَّئِي لِكُلِّ صَلاَةٍ حَتَّى يَجِيءَ ذلِكِ الْوَقْتُ[١].

عائیشه (خوای لێ رازی بێ) گوتی: فاطیمەی کچی ئەبو حوبەیش لە پێغەمبەری پرسی (درودی خوای لەسەربێ) گوتی: من کە دەکەومە بێنوێژییەوە ئیتر هەرپاك نابمەوە، جا ئایا هەتا حالم ئاوەها بێ واز لە نوێژبێنم یانا؟ فەرمووی: نەء، چونکە ئەوە دەمارەو خوێنی بەربووە وە ئەوە خوێنی بێنوێژی نیە، بەلام لەوەپێش چەن رۆژ دەکەوتیتە بێنوێژییەوە ئێستاش لەم حالەدا بەقەد ئەو رۆژانەی بێنوێژی جارانت نوێژ مەکە، ئینجا خۆت بشۆرەو نوێژی خۆت بە ئاسایی بکە، لە گێرانەوەیەکا: کاتێ سەرەتای بێنوێژییەکەی جارانت دەستی پێ کرد ئیتر نوێژ مەکە هەتا بەقەد ئەورۆژانە دەروا، ئینجا با خوێنەکەش نەوەستێ بەلام تۆ بەنیازی خۆشۆردنی بێنوێژی خۆت بشۆرەو، نوێژی خۆتی لێ بکە (ش/د/ت/ن) تیرمیذی ئەمەی پترە: وەبۆ هەموو نوێژێکیش دەسنوێژێکی تازە بگرەوە، هەتا دیسانەوە دەچێتەوە کاتی خۆت، ئیتر دووبارە وا دابنێ کەوا تازە تێ دەکەویتو واز لە نوێژ بێنەوە، ئیتر هەموو کات بەم دەستوورە واز دێنی یا تێهەڵدەچیتەوە.

٣٠٥- وَلأَبِي دَاوُدَ: (رَحِمَهُ اللّه) لِتَنْظُرْ عِدَّةَ الْأَيَّامِ واللَّيَالِي الَّتِى كَانَتْ تَحِيضُهُنَّ مِنَ الشَّهْرِ قَبْلَ أَنْ يُصِيبَهَا الَّذِى أَصَابَهَا فَلْتَتْرُكِ الصَّلاَةَ قَدْرَ ذَلِكَ مِنَ الشَّهْرِ فَإِذَا خَلَّفَتْ ذَلِكَ فَلْتَغْتَسِلْ ثُمَّ لْتَسْتَثْفِرْ بِثَوْبٍ ثُمَّ لِتُصَلِّي[٢].

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: با ژن باش سەرنجی ژمارەی ئەو رۆژو شەوانە بدا کە جاران هەموو مانگێ تیایانا دەکەوتە بێنوێژییەوە بەر لەوەی کە تووشی ئەم حالە ببێ، جا لەپاش تووشبوونی ئەم حالەیش هەموومانگێ بە ئەندازەی دەستووری پێشوویو بە ژمارەی رۆژانی جارانی،

---

(١) بخاري. وضوء: ٢٢٨ ، ٣٠٦ ، ٣٢٠ ، ٣٢٥ ، ٣٣١. مسلم. حيض: ٧٥١. ترمذي. ماجاء فى المستحاضة: ١٢٥. نسائي. ذكر الأقراء: ٣٥٧.

(٢)....؟

واز لە نوێژ بێنێ، جا کە لەو ژمارەیە ڕەت بوو ئیتر باخۆی بشۆرێ لە پاشا بە جلکێ خۆی قایم بکاو تۆپەوانەیێ بۆ وانێکەکەی بکاو نەیەڵێ خوێنەکە لەکاتی کردنی نوێژەکاندا بێتە دەرێ، ئەوجا با نوێژی خۆی بکا (د).

٣٠٦- عَنْ فَاطِمَةَ بِنْتِ أَبِي حُبَيْشٍ أَنَّهَا قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللهِ إِنِّي أُسْتَحَاضُ فَقَالَ: لَهَا: إِذَا كَانَ دَمُ الْحَيْضِ فَإِنَّهُ دَمٌ أَسْوَدُ يُعْرَفُ فَإِذَا كَانَ ذَلِكَ فَأَمْسِكِي عَنِ الصَّلاَةِ فَإِذَا كَانَ الآخَرُ فَتَوَضَّئِي وَصَلِّي فَإِنَّمَا هُوَ عِرْقٌ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنسائي[٣].

فاطیمەی کچی حوبەیش (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! من لە وەختو ناوەختا دەکەومە سەر خوێن، فەرمووی: (درودی خوای لەسەربێ) ئەگەر خوێنی بێنوێژی بێ دیارە، چونکە خوێنێکی ڕەشی خەستی بۆگەنەو ژنان خۆیان باشی دەناسن، جا هەر کاتێ ئاوابوو ئەوە خۆیەتی، ئیتر دەست هەڵگرە لە نوێژ، وە ئەگەر بەجۆرێکی تریش بوو ئەوە خۆی نیەو لەبەر ئەوە دەسنوێژی خۆتی لێ بگرەو بە سەربەستی بەبێ پەروا نوێژی خۆتی لێ بکە! چونکە ئەوە لەم حاڵەدا تەنیا دەمارەو خوێنی بەربووەو پەیوەندی بە بێنوێژییەوە نیە (د/ن-سند حسن).

٣٧) جا ئەم ژنە یا وەك گوترا وا دەکا، یاخود زوربەی کاتی بێنوێژی واتە: (غالب الحيض) کە شەشە یا حەوت ڕۆژە دادەنێ بە ماوەی بێنوێژیو باقی مەندەی مانگ دادەنێ بە کاتی پاکی، وەیاخۆ هەموو ڕۆژێ دوانزە مانگەی خوا سێ جار خۆی دەشۆرێو دوو نوێژ دوو نوێژ کۆیان دەکاتەوەو نوێژی بەیانەکیش بەغوسڵێکی سەربەخۆ دەکا!:

تتحيض غالب الحين أو تجمع الصلاتين بعد الغسل...

٣٠٧- عَنْ حَمْنَةَ بِنْتِ جَحْشٍ قَالَتْ: أَتَيْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللهِ إِنِّي امْرَأَةٌ أَسْتَحَاضُ حَيْضَةً كَثِيرَةً شَدِيدَةً فَمَا تَرَى فِيهَا قَدْ مَنَعَتْنِي الصَّلاَةَ وَالصَّوْمَ؟ قالَ: أَنْعَتُ لَكِ الْكُرْسُفَ فَإِنَّهُ يُذْهِبُ الدَّمَ قَالَتْ: هُوَ

---

(٣) بسند حسن (شرحه).

أَكْثَرُ مِنْ ذَلِكَ. قالَ: فَاتَّخِذِى ثَوْبًا فَقَالَتْ: هُوَ أَكْثَرُ مِنْ ذَلِكَ إِنَّمَا أَثُجُّ ثَجًّا. قالَ: سَآمُرُكِ بِأَمْرَيْنِ أَيَّهُمَا فَعَلْتِ أَجْزَأَ عَنْكِ مِنَ الآخَرِ فَإِنْ قَوِيتِ عَلَيْهِمَا فَأَنْتِ أَعْلَمُ إِنَّمَا هَذِهِ رَكْضَةٌ مِنْ رَكَضَاتِ الشَّيْطَانِ، فَتَحَيَّضِى سِتَّةَ أَيَّامٍ أَوْ سَبْعَةَ أَيَّامٍ فِي عِلْمِ اللَّهِ تَعَالَى ذِكْرُهُ ثُمَّ اغْتَسِلِى حَتَّى إِذَا رَأَيْتِ أَنَّكِ قَدْ طَهُرْتِ وَاسْتَنْقَأْتِ فَصَلِّى ثَلاثًا وَعِشْرِينَ لَيْلَةً أَوْ أَرْبَعًا وَعِشْرِينَ لَيْلَةً وَأَيَّامَهَا وَصُومِى فَإِنَّ ذَلِكَ يُجْزِئُكِ وَكَذَلِكَ فَافْعَلِى عَلَى أَنْ تُؤَخِّرِى الظُّهْرَ وَتُعَجِّلِى الْعَصْرَ فَتَغْتَسِلِينَ وَتَجْمَعِينَ بَيْنَ الصَّلاتَيْنِ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ وَتُؤَخِّرِينَ الْمَغْرِبَ وَتُعَجِّلِينَ الْعِشَاءَ ثُمَّ تَغْتَسِلِينَ وَتَجْمَعِينَ بَيْنَ الصَّلاتَيْنِ فَافْعَلِى وَتَغْتَسِلِينَ مَعَ الْفَجْرِ فَافْعَلِى وَصُومِى إِنْ قَدَرْتِ عَلَى ذَلِكَ قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهَذَا أَعْجَبُ الأَمْرَيْنِ إِلَيَّ. رَوَاهُ أصحاب السنن[١].

حەمنەی كچی جەحش كە ژنخۆشكی پێغەمبەر بوو گوتی: چووم بۆ لای حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! بێنوێژییەكی ئێجگار زۆرو یەكجار سەخت پەرەی لێ سەندووم، بە رەنگێكی وا كە رێگەی نوێـژو رۆژووی لێ گرتـووم، جـا تـۆ بـۆ ئەمـە دەفـەرمووی چـی؟ حـەزرەتیش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: لۆكەت نیشان دەدەم بەرۆن زەیت چەوری بكەو هەڵی بگرە ئیتر خوێنەكە دەوەستێنێ، گـوتی: گـوتم: ئـەوە چاری ناكـا زۆر زۆرە، فەرمووی: پەڕۆیێ بۆ خۆت دروستكەو خۆتی پێ شەتەكدە، گوتم: زۆر زۆرە ئەوەیش چاری ناكا، چونكە من بە خوڕەم هاژەی خوێنم دێ، فەرمووی: دەبـا دوو شـتت پـێ بڵـێم هـەر كامێكیـان بكـەی ئـەوەیانت بەسـە، وە ئەگـەر تـەوانای هەردووكیانیـشت هـەبوو وە ویـستت یـەكێكیان بكـەی ئـەوە خـۆت سەرپشكیت، چونكە ئەم حاڵەتەی تۆیە تەنیا لەقەی شەیتانەو بەر ئەو رەگە كەوتووەو پچڕاندوویەتی بۆ مەبەستی پیسی خۆی، جا دەستووری یەكەم ئاوایە: شەش رۆژ یا حەوت رۆژ خۆت دابنێ بەبێ نوێژ وە باش وردبەرەوە لـە حـاڵی ژنـی بێنوێـژ (لـە كـەس و كـاری خـۆت و لـە هاوتەمـەنی خـۆت) سـا بەشكوو پەی بەریت بە ماوەی بێنوێژی راستەقینەی خۆت بە قیاس لەسەر

---

(١) بسند صحيح (شرحه).

هـی ئـەوان وەك ئـەو ماوەیـەی کـە لـە زانستو عیلمـی خـودادا هەیـە، یـا دوو ناوی هەتا هەتایە بەرزو پایـەدار بـێ، ئینجا خـۆت پـاك پـاك بشۆرەو بیستو سێ شەو بە رۆژەکانیەوە، وە یاخۆبیستو چوار شەو بە رۆژەکانیەوە نوێـژی خـۆت بکـەو رۆژووی خـۆت بگـرە ئـیتر ئەمـەت بەسـە، وە هـەموو مانگـێ بـەم چەشـنە بکـە شـەش رۆژ یـا حـەوت رۆژ دابنـێ بـە مـاوەی بێنوێـژیتو بـاقی مەنـدەی مـانگ دابنـێ بـە مـاوەی پاکیـت لـە چەشنی ئـەو ژنانـەی کـە بـەرێكو پێکـی کـاتی بێنوێـژیو پـاکیی خۆیـان دەزانـن، ئەمـە دەستووری یەکەم بـوو، دەستووری دووەمیش ئاوایـە: وە ئەگـەر دەشـتوانیت ئـەوا هـەموو رۆژێ سـێ جار خۆت بشۆرە لەسەر ئەم یاسایە: نوێـژی نیوەڕۆ دوابخـەو نوێـژی عەسـر زووبکە بەم شێوەیە لەپێشا خۆت بشۆرەو غوسڵی خـۆت دەرکەو ئینجا ئـەم دوو نوێژە بکە ئینجا لەسەرەتای نوێـژی عەسریشەوە نوێـژی عەسربکە، وە نوێژی شێوانو خەوتنانیش بە دەستووری نوێژی نیوەڕۆو عەسر بکە، لەگەڵ شەبەقیشدا خۆت بشۆرەو خۆت ئامادە بکە بۆ کردنی نوێژی بەیانی، وە هـەر وەها رۆژووش بگرە، هەر کات ئارەزووت بوو، وەکـاتی پاکیـت بـوو جـا ئەگـەر تەوانای ئـەم سـێ جـارەت هەیە ئـەوا بیکـە زۆر شـتی چاکە، پێغەمبـەر (درووودی خـوای لەسـەربێ) فـەرمووی: مـن ئـەم دەسـتوورە دواییـنـەیانم بـەدڵترە! (د/ت/ن-س/ص).

٣٨) ژنی بێنوێژی ناوەخت دەتوانێ خەڵوەبکێشێ (واتە: ئیعتیاف بکا)و مێردەکەشی بڕواتە لای: (المستحاضة تعتكف ويغشاها زوجها)

٣٠٨- عَنْ عَائِشَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتِ: اعْتَكَفَتْ مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) امْرَأَةٌ مِنْ أَزْوَاجِهِ فَكَانَتْ تَرَى الصُّفْرَةَ وَالْحُمْرَةَ، وَرُبَّمَا وَضَعْنَا الطَّسْتَ تَحْتَهَا وَهْيَ تُصَلِّي. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والبخاري والنسائي[1].

---

(١) بخاري. حيض: ٣٠٩ ، ٣١٠ ، ٣١١ ، ٢٠٣٧.

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: ژنێ لە ژنەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لەگەڵ پێغەمبەردا لەناو مزگەوتا خەڵوەی دەکێشا، لەو حاڵەدا خوێنی زەردباوو خوێنی سوورباوی پیا دەهات، گەلێ جار لەکاتی نوێژکردنیا تەشتمان لەژێریدا دادەنا نەبادا مزگەوتکە پیس ببێ (د/ب/ن).

٣٠٩- عَنْ عِكْرِمَةَ قالَ: كَانَتْ أُمُّ حَبِيبَةَ تُسْتَحَاضُ فَكَانَ زَوْجُهَا يَغْشَاهَا(٢).

عیکریمە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: ئوم حەبیبە لە وەختو ناوەختتا دەکەوتە بێنوێژییەوە واتە: موستەحاضە بوو وە مێردەکەشی کە عەبدورەحمانی کوڕی عەوف بوو لە هەمان کاتا لەگەڵیا دروست دەبوو، بەڵام تەنیا لەو ماوەیەدا کە بە ماوەی پاکی دادەنرێ (د-سند صالح).

٣١٠- وَعَنْهُ أَنَّ حَمْنَةَ بِنْتِ جَحْشٍ كَانَتْ مُسْتَحَاضَةً وَكَانَ زَوْجُهَا يُجَامِعُهَا(٣).

دیسان عیکرەمە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: حەمنەی کچی جەحش لەوەختو ناوەختا تێ دەکەوتو دەکەوتە سەرخوێن، وە لە هەمان کاتدا مێردەکگەی جووت دەبوو لە گەڵیا لەوماوەیەدا کە بەماوەی پاکی دادەنرێ (د-سند صالح).

٣٩) باسی هەشتەم: باسی تەیەمموم، (ئەم باسە سێ بەشو پاشکییەکە):

بەشی یەکەم: باسی پەیدابوونی تەیەمموم:

الباب الثامن: في التيمم (وفيه فصول ثلاثة وخاتمة): الفصل الأول: في أصله

٣١١- عَنْ عَائِشَةَ قَالَتْ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي بَعْضِ أَسْفَارِهِ حَتَّى إِذَا كُنَّا بِالْبَيْدَاءِ أَوْ بِذَاتِ الْجَيْشِ انْقَطَعَ عِقْدٌ لِي فَأَقَامَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى الْتِمَاسِهِ وَأَقَامَ النَّاسُ مَعَهُ وَلَيْسُوا عَلَى مَاءٍ وَلَيْسَ مَعَهُمْ مَاءٌ فَأَتَى النَّاسُ أَبَا بَكْرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) فَقَالُوا: أَلاَ تَرَى إِلَىَ مَا صَنَعَتْ عَائِشَةُ؟ أَقَامَتْ بِرَسُولِ اللّٰهِ

---

(٢) رواه أبو داود بسند صالح (شرحه).

(٣) رواه أبو داود بسند صالح (شرحه).

(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَبِالنَّاسِ مَعَهُ وَلَيْسُوا عَلَى مَاءٍ وَلَيْسَ مَعَهُمْ مَاءٌ. فَجَاءَ أَبُو بَكْرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) وَرَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَاضِعٌ رَأْسَهُ عَلَى فَخِذِي قَدْ نَامَ فَقَالَ: حَبَسْتِ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَالنَّاسَ وَلَيْسُوا عَلَى مَاءٍ وَلَيْسَ مَعَهُمْ مَاءٌ. قَالَتْ: فَعَاتَبَنِي أَبُو بَكْرٍ وَقَالَ: مَا شَاءَ اللَّهُ أَنْ يَقُولَ وَجَعَلَ يَطْعُنُ بِيَدِهِ فِي خَاصِرَتِي، فَمَا يَمْنَعَنِي مِنَ التَّحَرُّكِ إِلاَّ مَكَانُ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى فَخِذِي فَنَامَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حَتَّى أَصْبَحَ عَلَى غَيْرِ مَاءٍ فَأَنْزَلَ اللَّهُ آيَةَ التَّيَمُّمِ. (فَتَيَمَّمُوا صَعِيداً طَيِّباً) قالَ: أُسَيْدُ بْنُ حُضَيْرٍ وَهُوَ أَحَدُ النُّقَبَاءِ: مَا هِيَ بِأَوَّلِ بَرَكَتِكُمْ يَا آلَ أَبِي بَكْرٍ. فَقَالَتْ عَائِشَةُ: فَبَعَثْنَا الْبَعِيرَ الَّذِي كُنْتُ عَلَيْهِ فَوَجَدْنَا الْعِقْدَ تَحْتَهُ[1].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە خزمەتی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) لە سەفەرێکا کەوتینە رێ، رۆیشتین تا گەیشتینە بەیدا - یا گەیشتینە (ذاتولجەیش) - لەوێ گەردانەیەکی من پچڕایەوە گوم بوو، ئیتر پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) لەوێ مایەوە بە هیوای دۆزینەوەی ئەو گەردانەیە خەڵکەکەیش لە گەڵیا مانەوە، ئەمە لە کاتێکابوو کە نەشوێنەکە ئاوی لێ بوو وە نەخۆشیان ئاویان پێ بوو، جا خەڵکەکە چوون بۆلای ئەبو بەکری باوکمو گلەیی دەکەنو دەڵێن: نابینی عائیشەی کچت چیکرد؟ پێغەمبەرو ئەم عەشاماتەی لەم بیابانە چۆڵو بێ ئاوەدا گل دایەوەو ئاویشمان پێ نیە! پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەو کاتەدا خەوتبوو سەری لەسەر رانم دانابوو، ئەبوبەکر بەتووڕەیی هات، گوتی: پێغەمبەرو ئەم عەشامەتەت لەم شوێنە چۆڵو بێ ئاوەدا (بەبێ ئاو) گل داوەتەوە بە خۆتو خۆڕایی ئەمەئیش بوو تۆ کردت؟ ئیتر چەندە خوا حەزکا ئەبو بەکر گلەیی لێ کردمو قسەی پێ گوتم، خۆش خۆشیش بەسەرە سیخوڕمە دیکوتایە کەلەکەم، منیش هەر چەند ئێشم پێ گەیشتبوو بەڵام لەبەر ئەوەی سەری پێغەمبەر لەسەر ڕانم بوو جووڵەم پێ نەدەکرا! جا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) ئەو شەوە خەوتو

(١) بخاري. تيمم: ٣٣٤ ، ٣٣٦ ، ٣٦٧٢ ، ٣٧٧٣ ، ٤٥٨٣ ، ٤٦٠٧ ، ٤٦٠٨ ، ٥١٦٤ ، ٥٢٥٠ ، ٥٨٨٢ ، ٦٨٤٤ ، ٦٨٤٥. مسلم. تيمم: ٨١٤. نسائي. تيمم: ٣٠٩.

مایــەوە لــەوێ، کاتــێ بــەیانی کــە هەســتا ئــاو نــەبوو، جــا خــودا ئایــەتی تەیەمومی ناردە خوارەوە کە دەفەرموێ:

{فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا — ٥-٦}.

جا بەم بۆنەیەوە ئوسەیدی کوڕی حوضەیر گوتی: ئەی خانەوادەی ئەبو بەکر! بەڕاستی ئێوە بۆ ئەم نەتەوەی ئیسلامە بوون بەپیتو فەڕ ئەم داهـاتنی تەیەمومـە بـەهۆی ئێـوەوە بـوو ئـەوە نـەبێ ئەمـە یەکـەم پیـتو بەرەکەتی ئێوە بێ، ئوسەید یەکێك بوو لە دەمڕاست (نەقیب)ەکانی شەوی پـەیمانی عەقەبـە کـە پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) لـەو شـەوەدا کردبوونی بـە دەمڕاستو سەر گەورەی هۆزەکانی خۆیان. عائیشە گوتی: سەیر لەوەدا بوو ئەو وشترەی کە من سواری دەبووم کە هەڵمان ساند گەردانەکە لەژێریدا بوو دۆزیمانەوە (ش/د/ن).

٣١٢- وَعَنهاَ أَنَّهاَ اسْتَعَارَتْ مِنْ أَسْمَاءَ قِلاَدَةً فَهَلَكَتْ فَأَرْسَلَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نَاسًا مِنْ أَصْحَابِهِ فِي طَلَبِهَا فَأَدْرَكَتْهُمُ الصَّلاَةُ فَصَلُّوْا بِغَيْرِ وُضُوءٍ، فَلَمَّا أَتَوُا النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) شَكَوْا ذَلِكَ إِلَيْهِ فَنَزَلَـتْ آيَـةُ التَّـيَمُّمِ. قَـالَ: أُسَـيْدُ بْـنُ حُضَيْرٍ: جَزَاكِ اللّٰهُ خَيْرًا فَوَاللّٰـهِ مَـا نَـزَلَ بِـكِ أَمْـرٌ تَكْرَهِينَـهُ إِلاَّ جَعَـلَ اللّٰـهُ لَـكِ وَلِلْمُسْلِمِينَ خَيْرًا. رَوَاهُما الخمسة إلاَّ الترمذي[٢].

دیسان عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: گەردانـەیێکم لـە ئـەسمای خوشـکم خواست، گەردانەکە بزربوو، پێغەمبـەریش (دروودی خوای لەسەربێ) دەستەیەکی لـە یارانی خۆی نارد کە بۆی بگەڕێن، جا ئـەوانیش کاتـێ نوێـژیان لێ دەبـێ ئـاو نابێ، لەبەر ئەوە بەبێ دەسنوێژ نوێژ دەکەن، جا کە هاتنەوە بۆلای پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) سـکاڵای ئـەم حاڵـەیان لـەلاکرد، ئـەوجا ئایـەتی تەیـەمموم هاتـە خـوارەوە، ئوسـەیدی کـوڕی حـوضـەیریش (بـەم بۆنـەیـەوە) گـوتی: ئـەی عائیشە! خودا پاداشی چاکەت بداتەوە، بۆ ئێمە بووی بەمایەی خێر، بەخودا

---

(٢) بخاري. سبق تخريجه في رقم: ٣٢٠/١.

هەرچیت تووش دەبیو پێت ناخۆش دەبێ (بەپێچەوانەوە) خوا دەیکا بەمایەی خێرو خۆشیو بەرەکەت، چ بۆ خۆتو چ بۆ موسوڵمانان. (ش/د/ن).

٤٠) بەشی دووەم: باسی ئەو شتانەی دەبن بەهۆی تەیەمموم، لەگەڵ باسی دەستی تەرهێنان بەسەر مووشەمای سەربریندا (مسح لەسەر جەبیرە):

الفصل الثاني: في اسبابه والمسح على الجبيرة

٣١٣- عَنْ عِمْرَانَ بْنَ حُصَيْنٍ الْخُزَاعِيِّ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَأَى رَجُلاً مُعْتَزِلاً لَمْ يُصَلِّ فِي الْقَوْمِ فَقالَ: يَا فُلاَنُ مَا مَنَعَكَ أَنْ تُصَلِّيَ مَعَ الْقَوْمِ؟ فَقالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَصَابَتْنِي جَنَابَةٌ وَلاَ مَاءَ. قالَ: عَلَيْكَ بِالصَّعِيدِ فَإِنَّهُ يَكْفِيكَ. رَوَاهُ البخاري والنسائي[1].

عیمرانی کوڕی حوصەینی خوزاعی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) روانی پیاوێ لەکۆمەڵ کلابووەو نوێژ ناکا لەگەڵیانا، فەرمووی: ئەی فیسار! بۆچی لەگەڵ کۆمەڵ نوێژت نەکرد؟ گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! لەشم پیس بووەو ئاویش نیە، فەرمووی: ئەوەندت بەسە کە بە خۆڵی پاك تەیەمموم بکەی (ب/ن).

٣١٤- عَنْ أَبِي ذَرّ (رَضِيَ اللّهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ الصَّعِيدَ الطَّيِّبَ وَضُوءُ الْمُسْلِمِ وَإِنْ لَمْ يَجِدِ الْمَاءَ عَشْرَ سِنِينَ فَإِذَا وَجَدَ الْمَاءَ فَلْيُمِسَّهُ بَشَرَتَهُ فَإِنَّ ذَلِكَ خَيْرٌ. رَوَاهُ أصحاب السنن[2].

ئەبو ذەڕ (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: خۆڵی پاك ئاوی دەسنیوێژی موسوڵمانە، با دەساڵیش لەسەر یەك ئاوی دەست نەکەوێ، بەڵام هەرکاتێ ئاوی دەست کەوت با دەسنوێژی پێ بگرێ، چونکە ئەوە زۆر باشە (د/ت/ن-س/ص).

---

(١) بخاري. تيمم: ٣٤٨ ، ٣٤٤ ، ٣٥٧١.

(٢) بسند صحيح (شرحه).

٣١٥- عَنْ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: احْتَلَمْتُ فِي لَيْلَةٍ بَارِدَةٍ فِي غَزْوَةِ ذَاتِ السَّلاَسِلِ فَأَشْفَقْتُ إن اغْتَسَلْتُ أَنْ أَهْلِكَ فَتَيَمَّمْتُ ثُمَّ صَلَّيْتُ بِأَصْحَابِي الصُّبْحَ فَذَكَرُوا ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقالَ: يَا عَمْرُو صَلَّيْتَ بِأَصْحَابِكَ وَأَنْتَ جُنُبٌ؟ فَأَخْبَرْتُهُ بِالَّذِي مَنَعَنِي مِنَ الاِغْتِسَالِ وَقُلْتُ: إِنِّي سَمِعْتُ اللَّهَ يَقُولُ (وَلاَ تَقْتُلُوا أَنْفُسَكُمْ إِنَّ اللَّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا) فَضَحِكَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَلَمْ يَقُلْ شَيْئًا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالبخاري[٣].

عەمری کوڕی عاص (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: لە غەزای (ذاتول سەلاسیلدا)، شەوێ شەیتانی بووم، شەوەکەی زۆر تۆفو ساردبوو، ترسام ئەگەر خۆم بشۆرم لەسەرمانا بمرم، جا تەیەموومم کردو نوێژی بەیانیم بۆ هاوڕێکانم کرد، جا کاتێ ئەم باسەیان گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەی عەمر! بە لەشی پیسەوە چۆن بەر نوێژیت بۆ هاوڕێکانت کردووە؟ منیش گوتم پێی کە لەبەرچی خۆم نەشۆرد، وە عەرزیشم کرد: گوێم لە خوداشە لە قورئانا دەفەرموێ:

{وَلاَ تَقْتُلُواْ أَنفُسَكُمْ إِنَّ اللّهَ كَانَ بِكُمْ رَحِيمًا - ٤-٢٩}.

واتە: خۆتان مەکوژن، وە هەروەها یەکتریش مەکوژن بە ناهەق، بەراستی خودای گەورەو مەزن بەرابەر بە ئێوەو بەرابەر بەهەر کەسێکی تریش کەملی ڕێگەی ڕاستبگرێ بەرەحمو میهرەبانە،ئیتر کەوام گوت پێغەمبەر(دروودی خوای لەسەربێ)دەستیکرد بەپێکەنینو هیچی تری نەفەرموو (د/ب).

٣١٦- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: خَرَجْنَا فِي سَفَرٍ فَأَصَابَ رَجُلاً مِنَّا حَجَرٌ فَشَجَّهُ فِي رَأْسِهِ ثُمَّ احْتَلَمَ فَسَأَلَ أَصْحَابَهُ فَقالَ: هَلْ تَجِدُونَ لِي رُخْصَةً فِي التَّيَمُّمِ؟ فَقَالُوا: مَا نَجِدُ لَكَ رُخْصَةً وَأَنْتَ تَقْدِرُ عَلَى الْمَاءِ فَاغْتَسَلَ فَمَاتَ فَلَمَّا قَدِمْنَا عَلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أُخْبِرَ بِذَلِكَ فَقالَ: قَتَلُوهُ قَتَلَهُمُ اللَّهُ أَلاَ سَأَلُوا إِذْ لَمْ يَعْلَمُوا

---

(٣) بخاري. تيمم: ٣٣٩ ، ٣٤٠ ، ٣٤١ ، ٣٤٢ ، ٣٤٣ ، ٣٤٥ ، ٣٤٦ ، ٣٤٧.

فَإِنَّمَا شِفَاءُ الْعِيِّ السُّؤَالُ إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيهِ أَنْ يَتَيَمَّمَ وَيَعْصِبَ عَلَى جُرْحِهِ خِرْقَةً ثُمَّ يَمْسَحَ عَلَيْهَا وَيَغْسِلَ سَائِرَ جَسَدِهِ رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ(٤).

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لەسەفەرێکا بەردێ دای لە پیاوێکمان سەری شکان لە پاشا شەیتانی بوو، وە لە هاورێکانی پرسی گوتی: ئایا رێگەی تەیەموومم پێ دەدەن؟ دەڵێن: نەء، رێگەت پێ نادەین، چونکە تۆ دەتوانیت ئاو بەکاربێنیت، ئەویش خۆی شۆردو مرد، ا کە هاتینەوە بۆ لای پێغەمبەرو ئەم باسەیان بۆ گێرایەوە فەرمووی: کوشتوویانە خودا بیانکوژێ، کە خۆیان نەیانزانیوە بۆ نەیانپرسیوە لە زانایێ، چونکە چاری نادانی تەنها پرسینەو فێربوون، ئەم پیاوە تەنیا ئەوەندەی بەس بوو کە لەجیاتی شۆردنی شوێنە زامارەکەی بە خۆڵ تەیموومی بکردایەو بە پەرۆیێ برینەکەیی بپێچایەو ئینجا لە جیاتی شۆردنی ژێر پەرۆکە دەستی تەری بەسەر ئەو پەرۆیەدا بهێنایە، وە باقی مەندەی لەشی بشۆردایە! (د-سند ضعيف).

٤١) بەشی سێیەم: چۆنێتیی تەیەمموم
الفصل الثالث: في كيفيَّته

{قَالَ: اللهُ تَعالى - (وَإِن كُنتُم مَّرْضَى أَوْ عَلَى سَفَرٍ أَوْ جَاء أَحَدٌ مَّنكُم مِّنَ الْغَائِطِ أَوْ لاَمَسْتُمُ النِّسَاء فَلَمْ تَجِدُواْ مَاء) فَتَيَمَّمُواْ صَعِيدًا طَيِّبًا فَامْسَحُواْ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُم - ٥/٦}.

واتە: خودای گەورە دەفەرموێ: لە قورئانی پیرۆزدا: ئەگەر نەخۆش بوونو نەتان دەتوانی ئاو بەکار بێنن، یاخود لە سەفەرا بوونو ئاوتان دەست نەدەکەوت، خواە لەم صوورەتانەدا لەشتان پیسبێ یا بێدەسنوێژبن، وەیاخود یەکێ لە ئێوە لەسەر ئاو هاتەوە بێدەسنوێژبوو، یاخود دەستتان دا لە پێستی ژنانو بێدەسنوێژ بوون، وە یاخود دروست بوون لەگەڵیانا وە ئاوتان دەست نەکەوت بەکاری بێنن بۆ لابردنی بێ دەسنوێژی یا لەشپیسی،

---

(٤) رواه أبو داود بسند ضعيف (شرحه)

ئەوە لە هەموو ئەم صوورەتانەدا قەسدی هەڵکرتنی گڵێکی پاك بکەن‌و لە تۆزی ئەو گڵە پاکە دەست بێنن بە دەم‌وچاوتاناو بە دەستتانا.

٣١٧- جَاءَ رَجُلٌ إِلَى عُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) فَقالَ: إِنِّي أَجْنَبْتُ فَلَمْ أُصِبِ الْمَاءَ فَقالَ: عَمَّارُ بْنُ يَاسِرٍ لِعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ: أَمَا تَذْكُرُ إِذَا كُنَّا فِي سَفَرٍ أَنَا وَأَنْتَ فَأَمَّا أَنْتَ فَلَمْ تُصَلِّ، وَأَمَّا أَنَا فَتَمَعَّكْتُ فَصَلَّيْتُ، فَذَكَرْتُ ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقالَ: إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيكَ هَكَذَا فَضَرَبَ بِكَفَّيْهِ عَلَى الأَرْضَ، وَنَفَخَ فِيهِمَا ثُمَّ مَسَحَ بِهِمَا وَجْهَهُ وَكَفَّيْهِ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ[1].

پیاوێ هاتە لای عومەری کوڕی خەطاب (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: لەشم پیسەو ئاوم دەست ناکەوێ چارم چیە؟ عەمماری کوڕی یاسیریش لەوێ بوو بە عومەری کوڕی خەطابی گوت: ئایا لە بیرتە کە من‌و تۆ ڕەوتەنی بووین لەشمان پیس بوو، کە نوێژمان لێ بوو تۆ نوێژت نەکرد، بەڵام من خۆم لە خۆڵا گەوزان‌و نوێژم کرد، جا کە ئەمەم گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر، هەردوو لەپی خۆی ماڵی بەسەر ڕووی زەوییەکەداو فووی لێکردن تا تۆزەکەیان تۆزێ سووك بێ ئەوسا بەهەر دوو ناولەپی مەسحی دەموچاوو هەردوو دەستی خۆیی کرد! (ش/د/ت/ن).

٣١٨- عَنْ أَبِي الْجُهَيْمِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أَقْبَلَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مِنْ نَحْوِ بِئْرِ جَمَلٍ فَلِقِيَهُ رَجُلٌ فَسَلَّمَ عَلَيْهِ فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْهِ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حَتَّى أَقْبَلَ عَلَى الْجِدَارِ فَمَسَحَ بِوَجْهِهِ وَيَدَيْهِ ثُمَّ رَدَّ عَلَيْهِ السَّلاَمَ. رَوَاهُ الخمسة والشافعي ولفظه: فَمَسَحَ وَجْهَهُ وَذِرَاعَيْهِ[2].

ئەبولجەهەم (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جارێ پێغەمبەر (لەلای بیری جەمەلەوە دەهات، پیاوێ پێی گەیشت‌و سڵاوی لێ کرد، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) سڵاوەکەی نەسەندەوە هەتا ڕووی کردە دیوارەکەو ڕووی خۆی‌و

---

(١) بخاري. تيمم: ٣٣٩ ، ٣٤٠ ، ٣٤١ ، ٣٤٢ ، ٣٤٣ ، ٣٤٥ ، ٣٤٦ ، ٣٤٧. مسلم. حيض: ٨١٨. نسائي. تيمم: ٣١١. ترمذي. تيمم: ١٤٤. أبو داود. تيمم: ٣٢٢.

(٢) بخاري. تيمم: ٣٣٧. أبو داود. تيمم: ٣٢٩. نسائي. تيمم: ٣١٠ مسلم. حيض: ٨٢٠.

هەردوو دەستی مەسح کرد لە گەردی سەر بەردی دیوارەکەو کە تەیەموومەکەی تەواو کرد ئینجا وەڵامی سڵاوی پیاوەکەی دایەوە (ش/د/ت/ن-شافیعی). گفتەی شافیعی: دەموچاوو هەردوو باسکی خۆی مەسح کرد.

٣١٩- وَلأَبِي دَاوُدَ عَنْ أبْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ): فَضَرَبَ بِيَدَيْهِ عَلَى الْحَائِطِ وَمَسَحَ بِهِمَا وَجْهَهُ ثُمَّ ضَرَبَ ضَرْبَةً أُخْرَى فَمَسَحَ ذِرَاعَيْهِ ثُمَّ رَدَّ عَلَى الرَّجُلِ السَّلاَمَ وَقالَ: إِنَّهُ لَمْ يَمْنَعْنِي أَنْ أَرُدَّ عَلَيْكَ السَّلاَمَ إِلاَّ أَنِّي لَمْ أَكُنْ عَلَى طُهْرٍ[٣]

ئیبنو عومەر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هەردوو دەستیماڵی بە دیوارەکەداو هێنانی بەڕووی خۆیدا، ئینجا دووبارە پیاماڵیینەوەو هێنانی بە هەردوو باسکیا، ئینجا وەڵامی سڵاوی پیاوەکەی دایەوەو فەرمووی: لە پێشا لەبەر ئەوە سڵاوەکەم نەسەندیتەوە چونکە لەسەر پاکی نەبووم (د).

٤٢) (پاشەکی): ئەگەر بە تەیەمموم نوێژی کردو لە پاشا کاتی ئەو نوێژە مابوو کە ئاوی دەست کەوت ئەوە نوێژکەی دووبارە ناکاتەوە:

(خاتمة): إذا تيمم وصلى ثم وجد الماء في الوقت لا يعيد

٣٢٠- عَنْ أبْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ): أَنَّهُ أَقْبَلَ مِنَ أَلْجُرُفِ حَتَّى إِذَا كَانَ بِالمِرْبَدَ تَيَمَّمَ فَمَسَحَ وَجهَهُ وَيَدَيْهِ وَصَلَّى أَلْعَصْرَ ثُمَّ دَخَلَ أَلْمَدِينَةَ وَأَلشَّمْس مُرْتَفِعَةٌ فَلَمْ يُعِدِ الصَّلاَةَ. رَوَاهُ البخاريُّ ومالكٌ والشافعيُّ[١].

ئیبنو عومەر (خوای لێ ڕازی بێ) لە ئەلجورفەوە هاتەوە بۆ مەدینەی مونەووەرە کە گەیشتە ئەلمیربەد (کە شوێنێکە پەچەی وشترو ڕانە) لەوێ تەیەموومی بەم شێوەیەکرد: دەستی بەگەردو تۆزەوە هێنا بەروو هەردوو دەستی خۆیدا نوێژی عەصری بە تەیەمووم کرد، لەپاشا کە هاتەوە ناو

---

(٣) سكت عن بيان درجة الحديث الشارح (مترجم).

(١) رواه البخاري تعليقاً قبل رقم: ٣٣٧ مباشرة.(مترجم).

شـاری مەدینـە هێـشتا خـۆر بـەرز بـوو نوێژەکەشـی دووبـارە نـەکردەوە (ب/مالیم/شافیعی).

٣٢١- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَـالَ: خَـرَجَ رَجُـلَانِ فِـي سَـفَرٍ فَحَـضَرَتِ الصَّلاَةُ وَلَيْسَ مَعَهُمَا مَاءٌ فَتَيَمَّمَا صَعِيدًا طَيِّبًا فَصَلَّيَا ثُمَّ وَجَدَا الْمَاءَ فِي الْوَقْتِ فَأَعَادَ أَحَدُهُمَا الصَّلاَةَ وَالْوُضُوءَ وَلَمْ يُعِدِ الآخَرُ ثُمَّ أَتَيَا رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَذَكَرَا ذَلِكَ لَهُ فَقَالَ: لِلَّذِي لَمْ يُعِدْ: أَصَبْتَ السُّنَّةَ وَأَجْزَأَتْكَ صَلاَتُكَ وَقَالَ: لِلَّـذِي تَوَضَّـأَ وَأَعَادَ: لَكَ الأَجْرُ مَرَّتَيْنِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنسائي[٢].

ئەبو سەعید (خوای لێ رازی بێ) گوتی: دوو پیاو دەچن بۆ سەفەرێ، کە نوێژ دەبێ ئاویان پێ نابێ، جا بە خۆڵێکی پاك تەیموم دەکەن، لە پاشا هێشتا کاتی ئەو نوێژە دەمێنێ کە تووشی ئاو دەبن، جا یەکێکیان دەسنوێژ دەگرێو نوێژەکەی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام ئەوی تریان نە دەسنوێژ دەگرێو نە نوێژەکەی دەکاتەوە، جا کە دێنەوە خزمەتی حەزرەتو ئەمە باس دەکەن بۆی، بەوەیان کە نوێژەکەی دووبارە نەکردبووە دەفەرموێ: تۆ یاسای راستت پێکاوەو نوێژەکەت جێگەی خۆی گرتووە وە بەوەشیان دەفەرموێ: - کە دەسنوێژی گرتبوو وە نوێژی دووبارە کردبۆوە -: بۆ تۆیش دوو پاداش هەیە (د/ن)[١].

---

(٢) سكت عنه الشارح (مترجم).

[١] دانەر (پرگۆڕەکەی لە نووربێ) دەفەرموێ: ژمارەی فەرموودەکان لە سەرەتای نامەکەوە هەتا ئێرە (٣٣٠) فەرموودەیە.

بسم الله الرحمن الرحيم

نامەی نوێژ

(سێزدە باس‌و پاشەکییەکە)

باسی یەکەم: باسی پەیدابوونی نوێژ لە بنەڕەتەوەو باسی ئاگاداریکردنی نوێژ، (ئەم باسە دوو بەشە):

كتاب الصلاة : (وفيه ثلاثة عشر بابا وخاتمة)

الباب الأول: في أصل الصلاة والمحافظة عليها، (وفيه فصلان):

٤٣) بەشی یەکەم: باسی فەضل‌و گەورەیی نوێژو باسی فەرزبوون‌و پێویست بوونی: (الفصل الأول: في فرضية الصلاة وفضلها)

قَالَ اللهُ تَعالى: {فَأَقِيمُواْ الصَّلاَةَ إِنَّ الصَّلاَةَ كَانَتْ عَلَى الْمُؤْمِنِينَ كِتَابًا مَّوْقُوتًا – ٤/١٠٣}.

واتە: خودای گەورە دەفەرموێ: جا... نوێژەکانتان بەرێك‌و پێكی‌و بەرەسایی بەجێ بێنن، چونکە بەڕاستی نوێژ لەسەر موسوڵمانان فەرزێکە بەسراوە بەکاتی تایبەتی خۆیەوە.

وَقَالَ تعالى: {وَأَقِمِ الصَّلَاةَ إِنَّ الصَّلَاةَ تَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاء وَالْمُنكَرِ – ٢٩/٤٥}.

واتە: خودای گەورە دیسان دەفەرموێ: بەهێزی دڵەوە نوێژەکانت بکەو لەکاتی خۆیا نوێژ بەجێ بێنە، بەپێی مەرج‌و بەندەکانی، وە لە نوێژا دڵت لای خودابێ، چونکە بێگومان نوێژی وا نوێژکەر دوور دەخاتەوە لە کاری بەدو ناپەسەندو بێ شەرعی.

٣٢٢– عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: فُرِضَتْ عَلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِهِ الصَّلَوَاتُ خَمْسِينَ ثُمَّ نُقِصَتْ حَتَّى جُعِلَتْ خَمْسًا ثُمَّ نُودِيَ يَا مُحَمَّدُ إِنَّهُ لاَ يُبَدَّلُ الْقَوْلُ لَدَيَّ وَإِنَّ لَكَ بِهَذِهِ الْخَمْسِ خَمْسِينَ. رَوَاهُ الْخَمْسَة إلاَّ ابا دَاوُدَ[1].

ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: لەو شەوەدا کە شەوڕەوی بە حەزرەت دەکرێ‌و دەبرێ بۆ میعراج خودا شەوو ڕۆژێ پەنجا نوێژ لەسەر خۆی‌و

(١) بخاري. كيفية فرض الصلاة: ٣٤٩ ، ١٦٣٦ ، ٣٣٤٢. مسلم. إيمان: ٤١٣.

ئۆمەتی دادەنێ، لەپاشا لەسەر ئامۆژگاری حەزرەتی مووسا (سەلامی خودای لەسەربێ) پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) تکا دەکا لە خودا کە کەمیان بکاتەوە خودا کەمیان دەکاتەوە هەتا لە شەوو رۆژێکا دێنە سەرپێنج نوێژ، ئیتر خودا بانگی حەزرەت دەکاو دەفەرموێ: ئەی موحەممەد! ئەمە دوا قسەیەو گۆڕانی بۆ نیە وە ئیتر لەمە زیاتر ژمارەی نوێژەکان کەم ناکەمەوە بەڵام بۆ تۆو بۆ هەموو نوێژکەرێکی ئۆمەتی تۆ هەیە لە جیاتی ئەم پێنج نوێژە پاداشی پەنجا نوژەکەی پێشوو (ش/ت/ن).

٣٢٣- عَنْ طَلْحَةَ بْنَ عُبَيْدِاللّٰهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) يَقُولُ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مِنْ أَهْلِ نَجْدٍ، ثَائِرُ الرَّأْسِ، يُسْمَعُ دَوِيُّ صَوْتِهِ، وَلاَ يُفْقَهُ مَا يَقُولُ حَتَّى دَنَا، فَإِذَا هُوَ يَسْأَلُ عَنِ الإِسْلاَمِ فَقَالَ: رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خَمْسُ صَلَوَاتٍ فِي الْيَوْمِ وَاللَّيْلَةِ فَقَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهَا قَالَ: لاَ، إلاَّ أَنْ تَطَوَّعَ قَالَ: رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَصِيَامُ رَمَضَانَ قَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهُ؟ قَالَ: لاَ، إلاَّ أَنْ تَطَوَّعَ قَالَ: وَذَكَرَ لَهُ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الزَّكَاةَ قَالَ: هَلْ عَلَيَّ غَيْرُهَا؟ قَالَ: لاَ، إلاَّ أَنْ تَطَوَّعَ قَالَ: فَأَدْبَرَ الرَّجُلُ وَهُوَ يَقُولُ: وَاللّٰهِ لاَ أَزِيدُ عَلَى هَذَا وَلاَ أَنْقُصُ. قَالَ: رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَفْلَحَ إِنْ صَدَقَ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي[٣].

طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا (رەزای خودایان لەسەربێ) گوتی: پیاوێکی قژئاڵۆزاوی خەڵکی نەجد دەهات بۆ خزمەتی حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) لە دوورەوە گرمەی دەنگی دەهات بەڵام نەمان دەزانی دەڵێ چی، جا کە هاتەپێشەوە بۆمان دەرکەوت کە لە بارەی ئیسلامەوە پرسیاری هەیە، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: لە شەوو رۆژێکا دەبێ پێنج نوێژبکەی، پیاوەکە گوتی: باشە نوێژی ترم لەسەرە یانا؟ فەرمووی: نەء، نوێژی ترت لەسەر نییە مەگەر بە ئارەزووی خۆت نوێژی سوننەت بکەیت، ئەنجا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) فەرمووی: رۆژووی رەمەزانیش دەبێ بگریت. پیاوەکە گوتی: باشە رۆژووی ترم لەسەرە یانا؟ فەرمووی: نەء، مەگەر بە ئارەزووی خۆت رۆژووی تر بگریت. پێغەمبەر

(٣) بخاري. علم: ٤٦ ، ١٨٩١ ، ٢٦٧٨ ، ٦٩٥٦ ، مسلم. إيمان: ١٠٠. نسائي. ٤٥٧ ، ٢٠٨٩. أبو داود: ٣٩١.

(درودی خوای لەسەربێ) باسی زەکاتیشی بۆ کرد، پیاوەکەیش گوتی: باشە لەمە زیاتر زەکاتی ترم لەسەرە یانا؟ فەرمووی: نەء، مەگەر بە ئارەزووی خۆت خێری تر بکەی لە پاشا کابراکە رۆیشتو گوتی: بەخودا نە لەمە زیتر دەکەمو نە لەمە کەمتر دەکەم، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەگەر راست بکا رزگاری دەبێ! (ش/د/ن).

٣٢٤- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ الصُّنَابِحِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: زَعَمَ أَبُو مُحَمَّدٍ أَنَّ الْوِتْرَ وَاجِبٌ فَقَالَ: عُبَادَةُ بْنُ الصَّامِتِ: كَذَبَ أَبُو مُحَمَّدٍ أَشْهَدُ أَنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: خَمْسُ صَلَوَاتٍ افْتَرَضَهُنَّ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ مَنْ أَحْسَنَ وُضُوءَهُنَّ وَصَلاَّهُنَّ لِوَقْتِهِنَّ وَأَتَمَّ رُكُوعَهُنَّ وَخُشُوعَهُنَّ كَانَ لَهُ عَلَى اللَّهِ عَهْدٌ أَنْ يَغْفِرَ لَهُ وَمَنْ لَمْ يَفْعَلْ فَلَيْسَ لَهُ عَلَى اللَّهِ عَهْدٌ إِنْ شَاءَ غَفَرَ لَهُ وَإِنْ شَاءَ عَذَّبَهُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنسائي[٣].

عەبدوڵڵای کوڕی صەنابیحی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: ئەبو موحەممەد وا دەزانێ کە نوێژی وەتر پێویستە واتە: (واجبە) عوبادەی کوڕی صامیتیش گوتی: ئەبو موحەمەد هەڵەیە، من شایەتی دەدەم کە بە گوێی خۆم لە دەمی پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو (درودی خوای لەسەربێ): خودای گەورەو سەروەر پێنج نوێژی داناوە لەسەر ئۆمەتی موحەممەد هەر کەسێ بە جوانی دەسنوێژیان بۆ بگرێ، وە لەکاتی خۆبانا بیانکا، وە روکوع (چەمینەوە) یان تەوابکا، وە بەخوشووعو ملکەچی و سەرکزییەوە بیانکا بۆ رەزای خوا، ئەوە ئیتر ئەو کەسە پەیمانی دەکەوێتە سەر خودا کە لێی خۆش بێ، وە ئەو کەسەی کە ئەمە نەکا ئەوە هیچ پەیمانێکی لەسەر خودانیە، جا ئەگەر خودا مەیلی لەسەربێ ئەوە لێی خۆش دەبێ وە ئەگەر مەیلی لەسەر نەبێ ئەوە سزای دەدا. (د/ن/مالیك-ح/ص).

٣٢٥- عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: قَالَ: اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ: إِنِّي افْتَرَضْتُ عَلَى أُمَّتِكَ خَمْسَ صَلَوَاتٍ وَعَهِدْتُ عِنْدِي عَهْدًا أَنَّهُ مَنْ جَاءَ

---

(٣) رواه أبو داود والنسائي والإمام مالك فهو صحيح (شرحه).

يُحَافِظُ عَلَيْهِنَّ لِوَقْتِهِنَّ أَدْخَلْتُهُ الْجَنَّةَ وَمَنْ لَمْ يُحَافِظْ عَلَيْهِنَّ فَلاَ عَهْدَ لَهُ عِنْدِي. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ(٤).

ئەبو قەتادە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: خودای گەرەو سەروەر دەفەرموێ: من پێنج نوێژم لەسەر ئۆمەتی تۆ داناوە، وە پەیمانیشم کردووە لەگەڵ خۆم: کە هەرکەسێ بچێ بەرێك و پێکی لەکاتی خۆیانا بیانکا ئەوە دیبەمە بەهەشت، وە هەر کەسێکیش ئاگادارییان نەکا، ئەوە هیچ پەیمان و بەڵێنێکی لەسەر من نییە (د).

٣٢٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَرَأَيْتُمْ لَوْ أَنَّ نَهَرًا بِبَابِ أَحَدِكُمْ، يَغْتَسِلُ فِيهِ كُلَّ يَوْمٍ خَمْسَ مَرَّاتٍ هَلْ يُبْقِي مِنْ دَرَنِهِ شَيْءٌ؟ قَالُوا: لاَ يُبْقِي مِنْ دَرَنِهِ شَيْءٌ. قَالَ: فَذَلِكَ مِثْلُ الصَّلَوَاتِ الْخَمْسِ، يَمْحُو اللّٰهُ بِهَا الْخَطَايَا. رَوَاهُ الخمسة إلا أبا دَاوُدَ(٥).

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: پێم بڵێن ئەگەر جۆگە ئاوێ لەبەر دەرگای یەکێکتانابێ وە هەموو ڕۆژێ پێنج جار خۆی تیا بشۆرێ ئایا هیچ چڵکی پێوە دەمێنێ؟ یاران گوتیان: نەء هیچ چڵکی پێوە نامێنێ، فەرمووی: دەئەمە وێنەی ئەم پێنج نوێژە فەرزەیە، خودا گوناهیان پێ دەکوژێنێتەوە (ش/ت/ن).

٣٢٧- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: يَتَعَاقَبُونَ فِيكُمْ مَلاَئِكَةٌ بِاللَّيْلِ وَمَلاَئِكَةٌ بِالنَّهَارِ، وَيَجْتَمِعُونَ فِي صَلاَةِ الْفَجْرِ وَصَلاَةِ الْعَصْرِ، ثُمَّ يَعْرُجُ الَّذِينَ بَاتُوا فِيكُمْ، فَيَسْأَلُهُمْ وَهُوَ أَعْلَمُ بِهِمْ كَيْفَ تَرَكْتُمْ عِبَادِي؟ فَيَقُولُونَ تَرَكْنَاهُمْ وَهُمْ يُصَلُّونَ، وَأَتَيْنَاهُمْ وَهُمْ يُصَلُّونَ. رَوَاهُ الشيخان والنسائي(٦).

---

(٤) سكت عنه الشارح (مترجم).

(٥) بخاري. مواقيت الصلاة: ٥٢٨ ، ٢٤١. مسلم. صلاة: ١٥٢٠. ترمذي. مثل الصلوات الخمس: ٢٨٦٨. نسائي. فضل الصلوات الخمس: ٤٦١.

(٦) بخاري. صلوة العصر: ٥٥٥ ، ٣٢٢٣ ، ٧٤٢٩ ، ٧٤٨٦. مسلم. صلاة: ١٤٣٠. نسائي. فضل صلاة الجماعة: ٤٨٤.

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: چەن فریشتەیێ بەشەوو چەن فریشتەیەکی تر بەرۆژ بەرو دوا بەدیارتانەوەن‌و بەسەرە ئێشکتان دەگرن، وە هەردوو لایان لە نوێژی بەیانی‌و نوێژی عەصردا یەك دەگرن‌و یەکتری دەگۆڕن، جا کاتێ ئەو تاقمە فریشتەیەی کەوا شەو لە دیارتان بوون سەر دەکەونەوە بۆ خزمەتی خودای گەورەو پەروەردگار، لێیان دەپرسێ (هەرچەند کە خۆشی باشتر حاڵیان دەزانێ) دەفەرموێ: کە ئێوە هاتنەوە ئەو بەندانەی من چییان دەکرد؟ دەڵێن: کە ئێمە چووین بۆلایان ئەوان نوێژیان دەکرد ئێمەش هاتینەوە لەلایان ئەوان هەر نوێژیان دەکرد (ش/ن).

٣٢٨- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: الصَّلَواتُ الْخَمْسُ وَالْجُمُعَةُ إِلَى الْجُمُعَةِ كَفَّارَتٌ لِمَا بَيْنَهُنَّ مَا لَمْ تُغْشَ الْكَبَائِرُ. رَوَاهُ مُسْلِم والترمذي(٧).

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەر پێنج نوێژەکان، ئەم نوێژ تا ئەو نوێژو نوێژی هەینی تا ئەو هەینی دەبن بە کەفارەتی ئەو گوناهانە کە لە نێوانیانا دەکرێن بە مەرجێ گوناهی گەورە نەبن (م/ت).

٣٢٩- عَنْ عُمَرِ بْنِ سَعِدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: كُنْتُ عِنْدَ عُثْمَان (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) فَدَعَا بِطَهُورٍ فَقالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُول: مَا مِنِ امْرِئٍ مُسْلِمٍ تَحْضُرُهُ صَلاَةٌ مَكْتُوبَةٌ فَيُحْسِنُ وُضُوءَهَا وَخُشُوعَهَا وَرُكُوعَهَا إِلاَّ كَانَتْ كَفَّارَةً لِمَا قَبْلَهَا مِنَ الذُّنُوبِ مَا لَمْ يُؤْتِ كَبِيرَةً وَذَلِكَ الدَّهْرَ كُلُّهُ. رَوَاهُ مُسْلِم(٨).

عەمری کوڕی سەعید (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لەکن عوسمان بووم،، داوای ئاوی دەسنوێژی کردو گوتی: لە پێغەمبەرم ژنەوت (دروودی خوای لەسەربێ) دەیفەرموو: هەر موسوڵمانێ کاتێ کە نوێژی لێ دەبێ، بە جوانی دەسنوێژی بۆ بگرێ‌و بەسەرکزی‌و بەملکەچی بە جوانی جێبەجێی بکا، ئەوا دەبێ بە

(٧) مسلم. صلاة: ٥٥١. ترمذي. فضل الصلوات الخمس: ٢١٤.

(٨) مسلم. طهارة: ٥٤٢.

کەففارەت و بریتی ئەو گوناهانەی کە لەوە پێش کردوونی، بەمەرجێ کە گوناهی گەورە نەبن! ئەم مەرحەمەتەیش هەتا هەتایە هەر بەردەوام دەبێ و هەردەمێنێ (لە کەرەمی خودا بەزیادبێ) (م = مسلم).

٣٣٠- عَنْ بْنِ مَسْعُودٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) **أَنَّ رَجُلاً أَصَابَ مِنِ امْرَأَةٍ قُبْلَةً فَأَتَى النَّبِيَّ** (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **فَأَخْبَرَهُ فَأَنْزَلَ اللهُ أَقِمِ الصَّلاَةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِنَ اللَّيْلِ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ. فَقَالَ: الرَّجُلُ. يَا رَسُولَ اللهِ أَلِيَ هَذَا؟ قالَ:لِجَمِيعِ أُمَّتِي كُلِّهِمْ**[٩].

ئیبنو مەسعوود (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جارێ پیاوێ ماچێ لە ئافەرتێ دەسەنێ لە پاشا هات بۆلای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وە ئەمەی باسکرد بۆی، جا خودا ئەمەی نارده خوارەوە:

{وَأَقِمِ الصَّلاَةَ طَرَفَيِ النَّهَارِ وَزُلَفًا مِّنَ اللَّيْلِ إِنَّ الْحَسَنَاتِ يُذْهِبْنَ السَّيِّئَاتِ – ١١/١١٤}.

واتە: هەموو شەوو ڕۆژێ پێنج نوێژە فەرزەکان لەکاتی خۆیانا بکەن ئەم نوێژانە لە کردەوە هەرە باشەکانی ئێوەن، بزانن کە یاسایەکی خواییە کە کردەوەی باش و کاری چاکە هەمیشە کردەوەی خراپ و تاوان لادەبەن. پیاوەکەش گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمە بە تایبەتی هەر بۆ من وایە؟ فەرمووی: ئەم حوکمە بۆ گشت ئۆمەتەکەمە، بۆ هەموویان هەروایە (ش/د/ت).

٣٣١- وَعَنْهُ قالَ: سَأَلْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)**: أَيُّ الْعَمَلِ أَحَبُّ إِلَى اللّٰهِ؟ قالَ: الصَّلاَةُ عَلَى وَقْتِهَا، قالَ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قالَ: بِرُّ الْوَالِدَيْنِ قالَ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قالَ: الْجِهَادُ فِي سَبِيلِ اللّٰهِ قالَ: حَدَّثَنِي بِهِنَّ وَلَوِ اسْتَزَدْتُهُ لَزَادَنِي. رَوَاهُما الأربعة**[١٠].

---

(٩) بخاري. مواقيت الصلاة: ٥٢٦ ، ٤٦٨٧. مسلم. توبة: ٦٩٣٢. ترمذي. سورة هود: ٣١١٣.

(١٠) بخاري. صلاة: ٥٢٧ ، ٢٧٨٢ ، ٥٩٧٠ ، ٧٥٣٤. مسلم. إيمان: ٢٤٨ هەتا ٢٥٢. ترمذي. صلاة: ١٧٣. نسائي. مواقيت الصلاة: ٦٠٩ ، ٦١٠.

دیسان گوتی: لە پێغەمبەرم پرسی (دروودی خوای لەسەربێ): کام کردەوەیە لەلای خودا زۆر خۆشەویستە؟ فەرمووی: نوێژ لە سەرەتای کاتی خۆیا. گوتم: لەپاش ئەمە چیتر زۆر خۆشەویستە لەلای خودا؟ فەرمووی: باشبوون بۆ باوك و دایك گوتم: ئەی لەپاش ئەو چیتر؟ فەرمووی: خەبات و تێکۆشان لە رێگەی خودادا. گوتی: ئەم شتانەی لەسەر ئەم ریزە پێ فەرمووم، وە ئەگەر لەم بارەیەوە زیاتریشم لێ بپرسییایە زیاتری پێ دەفەرمووم (ش/د/ت).

٣٣٢- عَنْ حُذَيْفَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: فِتْنَةُ الرَّجُلِ فِي أَهْلِهِ وَمَالِهِ وَوَلَدِهِ وَجَارِهِ تُكَفِّرُهَا الصَّلاَةُ وَالصَّوْمُ وَالصَّدَقَةُ وَالأَمْرُ وَالنَّهْيُ. رَوَاهُ الشيخان والترمذي[١١].

حوذەیفە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەو ئاژاوەو ناهەقییە کە تووشی پیاو دەبێ بەهۆی کەسوکارو ماڵ و منداڵ و دەرو دراوسێوە، ئەوە بە کردنی نوێژو رۆژوو و زەکات و خێرات و ئامۆژگاری باش، لە کۆڵی دەکەوێ (ش/ت).

٣٣٣- عَنْ ثَوْبَانَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: عَلَيْكَ بِكَثْرَةِ السُّجُودِ للهِ فَإِنَّكَ لاَ تَسْجُدُ لِلهِ سَجْدَةً إِلاَّ رَفَعَكَ اللهُ بِهَا دَرَجَةً وَحَطَّ عَنكَ بِهَا خَطِيئَةً. رَوَاهُ مُسْلِم والترمذي[١٢].

ثەوبان (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەتا دەتوانیت نوێژێکی بێ شومار بکە بۆ خودا، چونکە هەموو جارێ کە کوڕنووش (سەجدە)یێ بۆ خودا دەبەیت خودا بەو کوڕنووشە یەك پایە بەرزت دەکاتەوەو یەك گوناهیشت لێ هەڵ دەوەرێنێ (م/ت).

٣٣٤- عَنْ رَبِيعَةَ بْنِ كَعْبٍ الْأَسْلَمِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كُنْتُ أَبِيتُ مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَأَتَيْتُهُ بِوَضُوئِهِ وَحَاجَتِهِ فَقَالَ: لِي: سَلْ. فَقُلْتُ: أَسْأَلُكَ مُرَافَقَتَكَ فِي

---

(١١) بخاري. مواقيت الصلاة: ٥٢١ ، ٣٢٢١ ، ٤٠٠٧. مسلم. إيمان: ٣٦٧ — ٣٦٩ ، فتن: ٧١٩٧. ترمذي. فتن: ٢٢٥٨.

(١٢) مسلم. صلاة: ١٠٩٣ ، ١٠٩٤. ترمذي. صلاة: ٣٨٨.

أَلجَنَّةِ. قالَ: أَوْ غَيْرَ ذَلِكَ قُلْتُ: هُوَ ذاكَ قالَ: فَأَعِنِّي علىَ نَفْسِكَ بِكَثْرَةِ أَلسُّجُودِ. رَوَاهُ أَلخمسة إِلاّ البخاري[١٣].

ڕەبیعەی کوڕی کەعبی ئەسلەمی (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: لە سەفەرێکا بەشەو لە خزمەتی پێغەمبەردا دەبووم (درودی خوای لەسەربێ) جارێکیان کە ئاوی دەسنوێژو بەرماڵو سیواكو شتومەکەکەیم بۆی برد فەرمووی پێم: داخوازیت چیە بیکە گوتم: داوای ئەوەت لێ دەکەم کە لە بەهەشتا ببم بە هاوڕێتو لە خزمەتتا بم. فەرمووی: خۆ داوای شتێکی تر ناکەی؟ گوتم: نەخێر، داوام هەر ئەوەیەو بەس، فەرمووی: کەواتە خۆتیش بە کردنی نوێژی زۆر، کە سەجدەی زۆری تیایە یاریدەم بدەهەتا نەفست بێنینە سەر ڕێ (م/د/ت/ن).

٣٣٥- عَنْ أَبِي أُمامَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَخْطُبُ فِي حَجَّةِ الْوَدَاعِ فَقالَ: اتَّقُوا اللَّهَ رَبَّكُمْ وَصَلُّوا خَمْسَكُمْ وَصُومُوا شَهْرَكُمْ وَأَدُّوا زَكَاةَ أَمْوَالِكُمْ وَأَطِيعُوا ذَا أَمْرِكُمْ تَدْخُلُوا جَنَّةَ رَبِّكُمْ[١٤].

ئەبو ئومامە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: لە حەجی ماڵ ئاوایی (حجة الوداع)دا گوێم لێبوو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دوانی دەدا، گوێم لێ بوو دەیفەرموو: لە خودا بترسنو تەقوای خودا بکەنو پێنج نوێژەی خۆتان بکەنو ڕۆژووی مانگی ڕەمەزانی خۆتان بگرنو زەکاتی ماڵی خۆتان بدەنو بە گوێی خاوەن فەرمانو گەورەی خۆتان بکەن، ئیتر دەچنە ناو بەهەشتی خودای پەروەردگاری خۆتان (ت-س/ص).

٣٣٦- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: مَا أَذِنَ اللَّهُ لِعَبْدٍ فِي شَيْءٍ أَفْضَلَ مِنْ رَكْعَتَيْنِ يُصَلِّيهِمَا وَإِنَّ الْبِرَّ لَيُذَرُّ عَلَى رَأْسِ الْعَبْدِ مَا دَامَ فِي صَلاَتِهِ وَمَا تَقَرَّبَ الْعِبَادُ إِلَى اللَّهِ بِمِثْلِ مَا خَرَجَ مِنْهُ يَعْنِي الْقُرْآنَ. رَوَاهُما الترمذي[١٥].

(١٣) مسلم. صلاة: ١٠٩٤. أبو داود. صلاة: ١٣٢٠. ترمذي. دعوات: ٣٤١٦. نسائي. فضل السجود: ١١٣٧.

(١٤) رواه الترمذي بسند صحيح (شرحه).

(١٥) رواه الترمذي. بسند صحيح (شرحه).

دیسان گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەوەی كە (رەزای خودای لەسەر بێ)و خودا پێی خۆش بێ كە بەندەی خۆی بیكا هیچی وەك ئەوە ئاوا خێرو گەورە نیە كەوا بەندە دووركات نوێژی پاكو پوخت بەدڵێكی ساف بۆ خودا بكا، ئەمە لەلایێ، لە لایەكی تریشەوە بەندە هەتا لەناو نوێژدا بێ چاكە دادەبارێ بەسەریا، باشترین شتیش كە بەندە نزیك بكاتەوە لە خوداوە ئەو شتەیە كە لەلای خودا خۆیەوە هاتووە. كە قورئانە. واتە: لەبەركردنو خوێندنو خزمەتی قورئان گەورەترین خواپەرستیە. (ت–سند غریب).

٤٤) بەشی دووەم: باسی ئاگاداریكردنی نوێژەكان

الفصل الثاني: في المحافظة على الصلوات

قَالَ اللهُ تَعالى: {حَافِظُواْ عَلَى الصَّلَوَاتِ والصَّلاَةِ الْوُسْطَى وَقُومُواْ لِلّهِ قَانِتِينَ – ٢٣٨/٢}.

واتە: خودای گەورە دەفەرموێ: ئاگاداری هەموو نوێژە فەرزەكانتان بكەن بە تایبەتی نوێژی مەشهووربە (صلاة الوسطى) كە نوێژی عەصرە، وە لە نوێژدا بە سەركزی راوەستنو دەم بە ذیكری خودا بنو قسەی دنیایی مەكەن.

٣٣٧– عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنهُما) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: أَتَانِي رَبِّي فِي أَحْسَنِ صُورَةٍ فَقالَ: يَا مُحَمَّدُ قُلْتُ: لَبَّيْكَ رَبِّي وَسَعْدَيْكَ قالَ: فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلأُ الأَعْلَى؟ قُلْتُ: رَبِّي لاَ أَدْرِي فَوَضَعَ يَدَهُ بَيْنَ كَتِفَيَّ فَوَجَدْتُ بَرْدَهَا بَيْنَ ثَدْيَيَّ فَعَلِمْتُ مَا بَيْنَ الْمَشْرِق وَالْمَغْرِبِ قالَ: يَا مُحَمَّدُ. فَقُلْتُ لَبَّيْكَ رَبِّ وَسَعْدَيْكَ قالَ: فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلأُ الأَعْلَى؟ قُلْتُ: فِي الدَّرَجَاتِ وَالْكَفَّارَاتِ وَفِي نَقْلِ الأَقْدَامِ إِلَى الْجَمَاعَاتِ وَإِسْبَاغِ الْوُضُوءِ فِي الْمَكْرُوهَاتِ وَانْتِظَارِ الصَّلاَةِ بَعْدَ الصَّلاَةِ وَمَنْ يُحَافِظْ عَلَيْهِنَّ عَاشَ بِخَيْرٍ وَمَاتَ بِخَيْرٍ وَكَانَ مِنْ ذُنُوبِهِ كَيَوْمَ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ. رَوَاهُ الترمذي[1].

---

(١) رواه الترمذي بسند حسن فى التفسير (شرحه).

ئیبنو عەباس (ڕەزای خودایان لێبێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: خودا کەم لە شێوەیەکی فرە جوانا لە خەوما هات بۆلام فەرمووی: ئەی موحەممەد! گوتم: بفەرموو ئەی پەروەردگارم! وام لە خزمەتتا، فەرمووی: ئەنجوومەنی بالاّ (الملأ الأعلى) کە فریشتە نزیکەکانی بارەگان لەسەر چی مشتو مڕوو دەمە قاڵیانە؟ گوتم: پەروەردگارم! نازانم، جا خودا دەستی دانا لەسەر ناوشانم، وە فێنکایی دەستی گەیشت بە ناوسینگمو دڵی پڕکردم لە زانستو رازو نهێنی، ئیتر زانیم کەچی لە نێوانی ڕۆژهەلاتو ڕۆژئاوادا هەیە، فەرموویەوە: ئەی موحەممەد! گوتم: بفەرموو ئەی بینایی چاوان! فەرمانی تۆ لەسەرچاوانە، فەرموویەوە: ئەنجوومەنی بالاّ لەسەرچی دەمەقاڵو مشتو مڕیانە؟ گوتم: لەسەر نوسینو تۆمارکردنی ئەو کردەوە باشانە مقۆمقۆیانە کە دەبن بە مایەی وەدەستهێنانی پایە بەرزەکانی بەهەشت، یا خۆ دەبن بەهۆی کەفارەتو سڕینەوەی گوناەو تاوان، چونکی هەر کەسەیان دەیەوێ دەستپێشکەری بکاو خۆی بینووسێ، وە هەروەها باسی گەورەیی پاداشی ئەو نوێژکەرانە دەکەن کە بەگەرمی دەچن بۆ نوێژی جەماعەت، یاخۆ لەکاتی خۆشیو ناخۆشیدا دەسنوێژی تێرو تەسەل دەگرن، یاخود چاوەنواڕی نوێژ دەکەن نوێژ لەپاش نوێژ، وەڵحاڵ هەرکەسێ ئاگاداری ئەم نوێژانە بە جوانی بکا ئەوە بە خۆشی دەژیو بە خۆشی دەمرێو وەك ئەو ڕۆژەشی کە لەدایك دەبێ ئاوا لە گوناە پاك دەبێتەوە (ت-س/ح).

٣٣٨- عَنْ جَرِيرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَنَظَرَ إِلَى الْقَمَرِ لَيْلَةً فَقَالَ:إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ رَبَّكُمْ كَمَا تَرَوْنَ هَذَا الْقَمَرَ لاَ تُضَامُّونَ فِي رُؤْيَتِهِ فَإِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَلاَّ تُغْلَبُوا عَلَى صَلاَةٍ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهاَ. فَافْعَلُوا. ثُمَّ قَرَأَ (وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ الْغُرُوبِ). رَوَاهُ الأربعة[٢].

---

(٢) بخاري. مواقيت الصلاة: ٥٥٤ ، ٥٧٣ ، ٤٨٥١ ، ٧٤٣٥ ، ٧٤٣٦. مسلم. صلاة: ١٤٣٢ ، ١٤٣٣. أبو داود. الرؤية: ٤٧٢٩ ، ٧٤٣٥. ترمذي. رؤية الله: ٢٥٥١ ، ١٧٧.

جەریر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: شەوێ لە خزمەتی حەزرەتدا بوین (درودی خوای لەسەربێ) تەماشایەکی مانگی کردو فەرمووی: چۆن ئێستاکە بە ئاسانیو ئاسوودەیی هەمووتان ئەم مانگە دەبینن لە قیامەتیشا ئاوا خودای خۆتان دەبینن، جا تا دەتوانن ئاگاداری نوێژی بەیانیو نوێژی عەسربنو مەیان چوێنن، چونکە ئەم دوو نوێژە هۆی چوونە بەهەشتو دیتنی خودان ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە:

{وَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا – ٢٠/١٣٠}.

واتە: بەباشی ئاگاداریی نوێژی بەیانیو نوێژی عەصر بکەنو هەمیشە لەناو نوێژدا سوپاسو ستایشی خودای خۆتان بکەن (ش/د/ت).

٣٣٩– وللشيخين: مَنْ صَلَّى الْبَرْدَيْنِ دَخَلَ الْجَنَّةَ[٣].

واتە: حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: (هەرکەسێ نوێژی بەیانیو عەصر بکا دەچێتە بەهەشت (ش).

٣٤٠– عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ فَاتَتْهُ الْعَصْرِ فَكَأَنَّمَا وُتِرَ أَهْلَهُ وَمَالَهُ. رَوَاهُ الأربعة[٤].

ئیبنو عەمەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەرکەسێ نوێژی عەصری بچێ وەك ئەوە وایە کەماڵو منالی بەفیڕۆ دابنێ. (ش/د/ت).

٣٤١– عَنْ أَبِي الْمَلِيحِ قالَ: كُنَّا مَعَ بُرَيْدَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) فِيْ غَزْوَةٍ فِي يَومٍ ذِي غَيْمٍ فَقَالَ: بَكِّرُوا بِصَلاَةِ الْعَصْرِ فَإِنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ تَرَكَ صَلاَةَ الْعَصْرِ فَقَد حَبِطَ عَمَلُهُ. رَوَاهُ البخاري والنسائي[٥].

---

(٣) بخاري. مواقيت الصلاة: ٥٧٤. مسلم. صلاة: ١٤٣٦.

(٤) بخاري. مواقيت الصلاة: ٥٥٢. مسلم. صلاة: ١٤١٦، ١٤١٧، ١٤١٨. أبو داود. وقت صلاة العصر: ٤١٤.

(٥) بخاري. مواقيت الصلاة: ٥٥٣ ، ٥٩٤.

ئـەبو مـەليح (خوای لێ رازی بێ) گـوتی: لـە غـەزايێكا رۆژێكـی هـەورە رۆژدا لەگـەڵ بورەيـدە دابـوين، گـوتی زوو نوێـژی عەصـر بكـەن، چـونكە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) دەفـەرموێ: هەركەسـێ نوێـژی عەصـر نـەكا كـردەی ئـەوو بردەی با (ب/ن).

٤٥) نوێژی ناوەڕاست (صەلاتول وسطا) بریتییە لە نیوژی عەصر: الصلاة الوسطى هي العصر

٣٤٢- عَنْ عَلِيّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: قَالَ: رَسُـولُ اللّـهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَـوْمَ الأَحْزَابِ شَغَلُونَا عَنِ الصَّلاَةِ الْوُسْطَى صَلاَةِ الْعَصْرِ مَلأَ اللّهُ بُيُوتَهُمْ وَقُبُورَهُمْ نَارًا، ثُمَّ صَلاَّهَا بَيْنَ الْعِشَاءَيْنِ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ[1].

عەلی (خوای لێ رازی بێ) گـوتی: رۆژی غـەزای خەنـدەق پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: خودا خانەو گۆڕيان پڕبكا لە ئاگر، بەهۆی ئەوانـەوە نـەمان پـەڕژا كـە نوێـژی ناوەڕاسـت بكـەين كـە بريتييـە لـە نوێـژی عەصـر لـە پاشـان پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە ناوەندی نوێژی شێوان و خەوتناندا نوێژەكەی عەصری كرد (ش/د/ت/ن).

٣٤٣- عَنْ أَبِي بَصْرَةَ الْغِفَارِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللّهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الْعَصْرَ بِالْمُخَمَّصِ فَقَالَ: إِنَّ هَذِهِ الصَّلاَةَ عُرِضَتْ عَلَـى مَـنْ كَـانَ قَـبْلَكُمْ فَضَيَّعُوهَا، فَمَنْ حَافَظَ عَلَيْهَا كَانَ لَهُ أَجْرُهُ مَـرَّتَيْنِ، وَلاَ صَـلاَةَ بَعْـدَهَا حَتَّـى يَطْلُـعَ الشَّاهِدُ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ والنسائي[2].

ئەبو بەصری غیفاری (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لەموخەممەص پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژی عەصری بە كۆمـەڵی (بەجەماعـەت) بۆ كـردين و فـەرمووی: لـەپێش ئێوەدا ئـەم نوێـژە دانرابـوو لەسـەر نەتـەوەكانی پـێش

---

(١) بخاري. جهاد: ٢٩٣١ ، ٤١١١ ، ٤٥٣٣. ٦٣٩٦. مسلم. صلاة: ١٤١٩ — ١٤٢٥. أبو داود. صلاة العصر: ٤٠٩ ترمذي. سورة البقرة: ٢٩٨٤. نسائي. صلاة العصر: ٤٧٢.

(٢) مسلم. صلاة: ١٩٢٤. نسائي. مواقعيت: ٥٢٠.

ئێوەش، بەڵام ئەوان فەرموشیان كردو خستیانە پشت گوێ، جا لەبەر ئەوە ئەوەی ئاگاداری ئەم نوێژە بكا لەباتی پاداشتێ دوو پاداشی بۆ هەیە، وە نوێژی تر نییە لە دوایەوە تا ئاستێرە هەڵ دێ (م/ن).

٣٤٤- عَنْ عَبْدِاللهِ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: صَلاَةُ ٱلْوُسْطى صَلاَةُ ٱلْعَصْرِ. رَوَاهُ الترمذي[٣].

عەبدوڵڵا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: (صلاة الوسطى) نوێژی ناوەڕاست نوێژی عەسرە (ت-س/ص).

٤٦) حوكمی نوێژنەكەر: (حكم تارك الصلاة)

٣٤٥- عَنْ جَابِرٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: إِنَّ بَيْنَ الرَّجُلِ وَبَيْنَ الشِّرْكِ وَالْكُفْرِ تَرْكَ الصَّلاَةِ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ البخاريَّ[١].

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: جیاوازی نێوانی پیاوی موسوڵمانو پیاوی بتپەرستو بێ بڕوا نوێژنەكردنە (م/د/ت/ن).

٣٤٦- عَنْ بُرَيْدَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: الْعَهْدُ الَّذِى بَيْنَنَا وَبَيْنَهُمُ الصَّلاَةُ فَمَنْ تَرَكَهَا فَقَدْ كَفَرَ[٢].

بورەیدە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: جیاوازی نێوانی ئێمەو نێوانی ئەوان پەیمانی نوێژكردنە، جا ئەوەی نەیكا بێ گومان كافرو بێ بڕوا دەبێ (ت-س/ص).

٣٤٧- وَقَالَ: عَبْدِاللّٰهِ بْنِ شَقِيقٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ): كَانَ أَصْحَابُ مُحَمَّدٍ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لاَ يَرَوْنَ شَيْئًا مِنَ الأَعْمَالِ تَرْكُهُ كُفْرٌ غَيْرَ الصَّلاَةِ. رَوَاهُما الترمذي[٣].

---

(٣) رواه الترمذي بسند صحيح (شرحه).

(١) مسلم. إيمان: ٢٤٢. ترمذي. إيمان: بين الكفرو الإيمان/٢٦١٨.

(٢) رواه الترمذي بسند حسن «شرحه).

(٣) رواه الترمذي بسند مكوتٍ عنه (شرحه).

عـەبوڵڵای کـوڕی شـقیق (خـوای لێ ڕازی بـێ) گـوتی: بیروبـاوەڕی یـارانی موحەممـەد (دروودی خـوای لەسـەربێ) وابـوو نـەکردنی نوێـژ نـەبێ نـەکردنی هـیچ کارێکی تر بە کوفر دانانرێ! (ت).

باسی دووەم: باسی کاتی نوێژ، (ئەم باسە دوو بەشە):

٤٧) بەشی یەکەم: کاتی کردنی نوێژە فەرزەکان

(الباب الثاني: في المواقيت، (وفيه فصلان): الفصل الأول: في مواقيت الصلاة)

٣٤٨- عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِـيِّ (صَلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) قَـالَ: نَـزَلَ جِبْرِيلُ فَأَمَّنِي، فَصَلَّيْتُ مَعَهُ، ثُمَّ صَلَّيْتُ مَعَهُ، ثُمَّ صَلَّيْتُ مَعَهُ، ثُمَّ صَـلَّيْتُ مَعَـهُ، ثُـمَّ صَلَّيْتُ مَعَهُ يَحْسُبُ بِأَصَابِعِهِ خَمْسَ صَلَوَاتٍ. زاد في روايةٍ: ثُمَّ قالَ: بِهَذَا أُمِـرْتُ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي[1].

ئـەبو مەسـعوود (خـوای لێ ڕازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) فەرمووی: جوبرائیل هاتـە خوارەوە بۆ ئەوەی کە فێری نوێـژم بکـا، جـا هـەر نوێـژەی لـەکاتی خۆیـا بەرنوێژییەکـەی بـۆ کـردم، لـە پێـشا نوێـژی نیـوەڕۆم لەگـەڵ کـرد، لـە پاشـان نوێـژی عەصریـشم لەگـەڵ کـرد، لـە پاشـان نوێـژی شێوانیشم لەگەڵ کرد لە پاشا نوێژی خەوتنانیشم لەگەڵ کرد، لەپاشا نوێژی بەیانیشم لەگـەڵ کـرد. پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) بـە پەنجـەکانی هـەر پێـنج نوێـژە فـەرزەکانی ژمـارد... لـە گێڕانەوەیـەکا ئـەم زیادەیەشـی هەیـە: ئینجـا حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: خودا فەرمانی پێکردووم بە کردنی ئەم پێنج نوێژە لەم پێنج کاتەدا (ش/د/ن).

٣٤٩- عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَمَّنِي جِبْرِيلُ (عَلَيْهِ السَّلاَمُ) عِنْدَ الْبَيْتِ مَرَّتَيْنِ فَصَلَّى الظُّهْرَ فِي الأُولَى مِنْهُمَا حِـينَ كَـانَ الْفَـيْءُ

---

(١) بخاري. مواقيت: ٥٢١ ، ٣٢٢١ ، ٤٠٠٧. مسلم. صلاة: ١٣٧٨ ، ١٣٧٩. أبو داود: مواقيت: ٣٩٤. نسائي. مواقيت: ٤٩٣.

مِثْلَ الشِّرَاكِ ثُمَّ صَلَّى الْعَصْرَ حِينَ كَانَ كُلُّ شَيْءٍ مِثْلَ ظِلِّهِ ثُمَّ صَلَّى الْمَغْرِبَ حِينَ وَجَبَتِ الشَّمْسُ وَأَفْطَرَ الصَّائِمُ ثُمَّ صَلَّى الْعِشَاءَ حِينَ غَابَ الشَّفَقُ ثُمَّ صَلَّى الْفَجْرَ حِينَ بَرَقَ الْفَجْرُ وَحَرُمَ الطَّعَامُ عَلَى الصَّائِمِ. وَصَلَّى الْمَرَّةَ الثَّانِيَةَ الظُّهْرَ حِينَ كَانَ ظِلُّ كُلِّ شَيْءٍ مِثْلَهُ لِوَقْتِ الْعَصْرِ بِالأَمْسِ ثُمَّ صَلَّى الْعَصْرَ حِينَ كَانَ ظِلُّ كُلِّ شَيْءٍ مِثْلَيْهِ ثُمَّ صَلَّى الْمَغْرِبَ لِوَقْتِهِ الأَوَّلِ ثُمَّ صَلَّى الْعِشَاءَ الآخِرَةَ حِينَ ذَهَبَ ثُلُثُ اللَّيْلِ ثُمَّ صَلَّى الصُّبْحَ حِينَ أَسْفَرَتِ الأَرْضُ ثُمَّ الْتَفَتَ إِلَيَّ جِبْرِيلُ فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ هَذَا وَقْتُ الأَنْبِيَاءِ مِنْ قَبْلِكَ. وَالْوَقْتُ فِيمَا بَيْنَ هَذَيْنِ الْوَقْتَيْنِ. رَوَاهُ الترمذي وصاحباه[٢].

ئیبنو عەباس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: جوبرائیل (درودی خودای لێبێ) دوو ڕۆژ لەکن كەعبە بەرنوێژی نوێژەكانی بۆ كردم، لە ڕۆژی یەكەما ئەوكاتە بەرنوێژی نوێژی نیوەڕۆی بۆ كردم كەسێبەر بەقەد قەیتانێ دەبێ واتە: خۆر بە دیمەن لەناوەڕاستی ئاسمان لای دابوو، وە سێبەری تاقی ئێوارە بەحاڵ لە زیادی بوو، وە ئەو كاتە بەر نوێژی نوێژی عەصری بۆ كردم كە سێبەری هەموو شتی بەقەد خۆی دەبێ، وە ئەو كاتە بەر نوێژی نوێژی شێوانی بۆ كردم كە خۆر ئاوا دەبێ و ڕۆژووەوان ڕۆژوو دەشكێنێ، وە ئەو كاتە بەرنوێژی نوێژی خەوتنانی بۆ كردم كە سوورایی كەناری ئاسمان گوم دەبێ، وە ئەوكاتە بەرنوێژی نوێژی بەیانی بۆ كردم كە شەبەق دەداو خۆراك لە ڕۆژووەوان یاساخ دەبێ، بەڵام لە ڕۆژی دووەما ئەوكاتە نوێژی نیوەڕۆی بۆ كردم كە سێبەری هەموو شتێ بەقەد خۆی دەبێ، كە دەق دەكاتە كاتی نوێژی عەصری ڕۆژی یەكەم، وە ئەو كاتە نوێژی عەصری بۆ كردم كە سێبەری هەموو شتی دووجار بە قەد خۆی دەبێ، وە نوێژی شێوانی لەكاتی پێشووی خۆیدا بۆ كردمەوە، وە ئەو كاتە نوێژی خەوتنانی بۆ كردم كە سێیەكی شەو دەڕوا، وە ئەوكاتە نوێژی بەیانی بۆ كردم كە سەرزەوی ڕووناك دەبێتەوە كەناری ڕۆژ هەڵات

---

(٢) بسند صحيح (شرحه).

زەردهەڵدەگەڕێ، ئینجا جوبرائیل (درودی خوای لەسەربێ) رووی تێ کردمو فەرمووی: ئەی موحەممەد ئەمانە کاتی نوێژی پێغەمبەرانی پێش تۆ بوون، وەکاتی نوێژی تۆش لەناوەندی ئەم دوو کاتەدایە کە دوێنێو ئەمڕۆ نیشانتم دا (ت/د/ن-س/ص).

٣٥٠- عَنْ عَبْدِاللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنْ وَقْتِ الصَّلَوَاتِ فَقالَ: وَقْتُ صَلاَةِ الْفَجْرِ مَا لَمْ يَطْلُعْ قَرْنُ الشَّمْسِ الأَوَّلُ وَوَقْتُ صَلاَةِ الظُّهْرِ إِذَا زَالَتِ الشَّمْسُ عَنْ بَطْنِ السَّمَاءِ مَا لَمْ يَحْضُرِ الْعَصْرُ وَوَقْتُ صَلاَةِ الْعَصْرِ مَا لَمْ تَصْفَرَّ الشَّمْسُ وَيَسْقُطْ قَرْنُهَا الأَوَّلُ وَوَقْتُ صَلاَةِ الْمَغْرِبِ إِذَا غَابَتِ الشَّمْسُ مَا لَمْ يَسْقُطِ الشَّفَقُ وَوَقْتُ صَلاَةِ الْعِشَاءِ إِلَى نِصْفِ اللَّيْلِ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاريّ[٣].

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: بۆ کاتی نوێژە فەرزەکان لە پێغەمبەریان پرسی (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: کاتی نوێژی بەیانی لە شەبەقەوەیە تا خۆر لە ئاسۆوە سەرهەڵدەداو گۆشە دەکێشێ، وە کاتی نوێژی نیوەڕۆ دەست پێ دەکا لەو کاتەوە کە خۆرلادەدا لەناوەڕاستی ئاسمان وە دەمێنێ تا نوێژی عەصر دادێ، وە کاتی نوێژی عەصر دەست پێدەکا لەو کاتەوە کە سێبەری هەموو شتێ بەقەد خۆی دەبێ، وە دەمێنێ تا خۆر زەردهەڵدەگەڕێ، تا کاتی زەردەپەڕ، وە کاتی نوێژی شێوان (کە خۆر ئاوابوو) دەست پێ دەکا، وە دەمێنێ تا سووری کەناری ئاسمان گوم دەبێ، وە کاتی نوێژی خەوتنان لەم کاتەوە دەست پێ دەکا وە تا نیوەشەو دەمێنێ (م/د/ت/ن).

٣٥١- وَسُئِلَ جَابِرٌ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنْ صَلاَةِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: كَانَ يُصَلِّي الظُّهْرَ بِالْهَاجِرَةِ، وَالْعَصْرَ وَالشَّمْسُ حَيَّةٌ، وَالْمَغْرِبَ إِذَا وَجَبَتْ، وَالْعِشَاءَ إِذَا كَثُرَ النَّاسُ عَجَّلَ، وَإِذَا قَلُّوا أَخَّرَ، وَالصُّبْحَ بِغَلَسٍ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي[٤].

---

(٣) مسلم. صلاة: ١٣٨٤ ، ١٣٨٥. أبو داود. مواقيت: ٣٩٦. نسائي. مواقيت: ٥٢١.

(٤) بخاري. مواقيت: ٥٦٠ ، ٥٦٥. مسلم. مساجد: ٦٤٦ (تجريد البخاري/ال — ٣٣٢).

لە جابیریان پرسی (خوای لێ ڕازی بێ) پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) لە چ کاتێکا نوێژەکانی دەکرد؟ گوتی: لە قرچەی گەرمای نیوەڕۆدا نوێژی نیوەڕۆی دەکرد، کە نوێژی عەصریشی دەکرد خۆر هێشتا بە گوڕبوو، کە خۆریش ئاوا دەبوو نوێژی شێوانی دەکرد، نوێژی خەوتنانیش ئەگەر خەڵکەکە زۆر بوونایە، زو بە زوو دەیکرد، بەڵام ئەگەر نوێژ کەرەکان کەم بوونایە درەنگ دەیکرد، بە تاریکو لێڵەکەش نوێژی بەیانی دەکرد. (ش/د/ن).

٣٥٢- عَنْ عَائِشَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: إنْ كَانَ رَسُولُ اللّـهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لَيُصَلِّي الصُّبْحَ، فَيَنصَرِفُ النِّسَاءُ مُتَلَفِّعَاتٍ بِمُرُوطِهِنَّ، مَا يُعْرَفْنَ مِنَ الْغَلَسِ. رَوَاهُ الخمسة[٥].

عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: گەلێ جار وا دەبوو کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژی بەیانی بۆ دەکردین ئیتر ژنان چارۆکەو شاڵینەکانیان دەپێچا لە خۆیانەوەو دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە، کەچی هێشتا لە ڕێگە لەبەر تاریکو لێڵەکە کەس نەیدەناسینەوە. (ش/د/ت/ن).

٣٥٣- عَنْ أَبِي بَرْزَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُصَلِّي الصُّبْحَ وَأَحَدُنَا يَعْرِفُ جَلِيسَهُ، وَيَقْرَأُ فِيهَا مَا بَيْنَ السِّتِّينَ إِلَى الْمِائَةِ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي[٦].

ئەبو بەرزە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جاران پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کاتێ کە لە نوێژی بەیانی دەبۆوە بەری دنیا ڕووناك دەبۆوە بە ڕەنگێکی وا کە هاونیشینی خۆمان دەناسییەوە بەڵام لە سەرەتای نوێژ دابەستنەوە نەمان دەناسییەوە وە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەوری شەست تا سەد ئایەتی تیا دەخوێند (ش/د/ن).

---

(٥) بخاري. أذان: ٨٦٧ مسلم. صلاة: ١٤٥٥ — ١٤٥٧. أبو داود. وقت الصبح: ٤٢٣. ترمذي. تغليس الفجر: ١٥٣ نسائي. مواقيت: ٥٤٤.

(٦) بخاري. مواقيت: ٥٤١ ، ٥٤٧ ، ٥٦٨ ، ٥٩٩ ، ٧٧١. مسلم. صلاة: ١٤٦. أبو داود. ٣٩٨ ، ٤٨٤٩. نسائي. وقت الظهر: ٤٩٤ ، ٥٢٤ ، ٥٢٩.

٣٥٤- وَلِأَصْحَاب السنن: أَسْفِرُوا بِالْفَجْرِ فَإِنَّهُ أَعْظَمُ لِلأَجْرِ[٧].

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: کە بەری دنیا رۆشن بوەوە ئەوسا نوێژی بەیانی بکەن، چونکە ئەوە پاداشی گەورەترە (د/ت/ن-س/ص).

٣٥٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا اشْتَدَّ الْحَرُّ فَأَبْرِدُوا بِالصَّلاَةِ، فَإِنَّ شِدَّةَ الْحَرِّ مِنْ فَيْحِ جَهَنَّمَ وَاشْتَكَتِ النَّارُ إِلَى رَبِّهَا عَزَّ وَجَلَّ فَقَالَتْ: يَا رَبِّ أَكَلَ بَعْضِي بَعْضًا فَأَذِنَ لَهَا بِنَفَسَيْنِ نَفَسٍ فِي الشِّتَاءِ وَنَفَسٍ فِي الصَّيْفِ، فَهُوَ أَشَدُّ مَا تَجِدُونَ مِنَ الْحَرِّ وَأَشَدُّ مَا تَجِدُونَ مِنَ الزَّمْهَرِيرِ. رَوَاهُ الخمسة[٨].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: کە گەرما داهات بەفێنکی نوێژی نیوەڕۆ بکەن و ماوەیێ دوای بخەن لە قرچەی گەرمای نیوەڕۆدا مەیکەن چونکە قرچەی گەرما لە هالاوی ئاگری دۆزەخە، ئاگر لەلای خودا سکالای لە حالی خۆی کردو گوتی: ئەی پەروەردگارم! ناوسکی خۆمم خواردۆتەوەو لەناو خۆما پەنگم خواردۆتەوە پشوویەکم بدەرێ جا خودا رێگەیدا کە دوو هەناسە بدا، هەناسەیێ لە زستاناو هەناسەیێ لە هاوینا جا قرچەی گەرمای هاوین و تەشقی سەرمای زستان (کە ئێوە هەستیان پێ دەکەن) بریتین لەو دوو هەناسەیە (ش/د/ت/ن).

٣٥٦- عَنْ ابْنَ مَسْعُودٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: كَانَ قَدْرُ صَلاَةِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي الصَّيْفِ ثَلاَثَةَ أَقْدَامٍ إِلَى خَمْسَةِ أَقْدَامٍ وَفِي الشِّتَاءِ خَمْسَةَ أَقْدَامٍ إِلَى سَبْعَةِ أَقْدَامٍ. رَوَاهُ أبو داود والنسائي[٩].

---

(٧) رواه أصحاب السنن بسند صحيح (شرحه).

(٨) بخاري. مواقيت: ٥٣٧ ، ٣٢٦٠. مسلم. صلاة: ١٤٠٠. أبو داود. وقت صلاة الظهر: ٤٠١. ترمذي. تأخير الظهر: ١٥٨.

(٩) لم يذكر الشارح نسبة الحديث ودرجته (مترجم).

ئیبنو مەسعوود (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە هاوینا ئەوکاتە نوێژی نیوەڕۆی دەکرد کە سێبەر لە سێ پێوە تا پێنج پێ دادێ، لە زستانیشدا ئەوکاتە نوێژی نیوەڕۆی دەکرد کە سێبەر لە پێنج پێوە تا حەوت پێ دادێ (د/ن).

٣٥٧- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كُنَّا نُصَلِّي الْعَصْرَ ثُمَّ يَذْهَبُ الذَّاهِبُ مِنَّا إِلَى قُبَاءٍ فَيَأْتِيهِمْ وَالشَّمْسُ مُرْتَفِعَةٌ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي[١٠].

ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جاران لەکاتی پێغەمبەر خۆیدا (دروودی خوای لەسەربێ) کە نوێژی عەصرمان دەکرد هەمان بوو لەپاش نوێژکردن دەچوو بۆ قوبا، کە دەگەیشتە ئەوێ هێشتا خۆر بەرز بوو (ش/د/ن).

٣٥٨- عَنْ سَلَمَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كُنَّا نُصَلِّي مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الْمَغْرِبَ إِذَا تَوَارَتْ بِالْحِجَابِ. رَوَاهُ الأربعة[١١].

سەلەمە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جاران لەگەڵ پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) ئەوکاتە نوێژی شێوانمان دەکرد کە خۆرئاوا دەبێ (ش/د/ت).

٣٥٩- وَلِلثَّلاَثَةِ: كُنَّا نُصَلِّي مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الْمَغْرِبَ فَيَنْصَرِفُ أَحَدُنَا وَإِنَّهُ لَيُبْصِرُ مَوَاقِعَ نَبْلِهِ[١٢].

رافیعی کوڕی خەدیج (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ئەوسا لەگەڵ پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) کە نوێژی شێوانمان دەکردو دەگەڕاینەوە بۆ شوێنی خۆمان هێشتا دنیا ئەوەندە ڕووناک بوو شوێنی دەمە تیرمان دەبینی، کە دەمان تەقان دەمان بینی لەکوێ دەدا لە زەوی (ش/د).

٣٦٠- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أَخَّرَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) صَلاَةَ الْعِشَاءِ إِلَى نِصْفِ اللَّيْلِ، ثُمَّ صَلَّى ثُمَّ قَالَ: قَدْ صَلَّى النَّاسُ وَنَامُوا، أَمَا إِنَّكُمْ فِي صَلاَةٍ مَا

---

(١٠) بخاري. مواقيت: ٥٥٠. نسائي: ٥٠٥. مسلم. صلاة: ١٤٠٩.

(١١) بخاري. مواقيت: ٥٦١. مسلم. مساجد: ١٤٣٨. أبو داود: ٤١٧. ترمذي: ١٦٤.

(١٢) بخاري. مواقيت: ٥٥٩. مسلم: ١٤٣٩.

انْتَظَرْتُمُوهَا. وفي رواية: لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لأَمَرْتُهُمْ أَنْ يُصَلُّوهَا هَكَذَا. رَوَاهُ الثلاثة والترمذي ولفظه: لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لأَمَرْتُهُمْ أَنْ يُؤَخِّرُوا الْعِشَاءِ إِلى ثُلُثِ اللَّيْلِ أَوْ نِصْفِهِ(١٣).

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: شەوێ پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **نوێژی خەوتنانی دواخست، لە نیوەشەوا کردی، کە لەنوێژ بۆوە فەرمووی: خەڵکی تر نوێژی خۆیان کردو نوستن، بەڵام ئێوە ئەوەتی چاوەنواڕی نوێژ دەکەن بە نوێژ بۆتان حلیبە. لە گێڕانەوەیەکا: مەبادا زەحمەتی ئۆمەتم بدەم ئەگینا دەمگوت پێیان کە ئێستا ئەم نوێژە بکەن (ش/د/ت) گفتە (لەفظ)ی تیرمیذی ئاوایە: نەبادا ئۆمەتم تووشی زەحمەت و رەنج بکەم ئەگینا فەرمانم پێ دەکردن کە نوێژی خەوتنان درەنگ بکەن، تا سێ یەکی شەو یا تا نیوەی شەو دوای بخەن!**

٣٦١- عَنْ أَبِي بَرْزَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَكْرَهُ النَّوْمَ قَبْلَ الْعِشَاءِ وَالْحَدِيثَ بَعْدَهَا. رَوَاهُ الشيخان واترمذي(١٤).

ئەو بەرزە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **ئەم دوو شتەی پێ ناخۆش بوو.**

یەکەم: نووستن لە پێش نوێژی خەوتنانا

دووەم: قسەکردن لەپاش نوێژی خەوتنان (ش/ت).

٣٦٢- عَنْ عَلِيٍّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لَهُ: يَا عَلِيُّ ثَلاَثٌ لاَ تُؤَخِّرْهَا: الصَّلاَةُ إِذَا آنَتْ وَالْجَنَازَةُ إِذَا حَضَرَتْ وَالأَيِّمُ إِذَا وَجَدْتَ لَهَا كُفْؤًا(١٥).

عەلی (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **پێی فەرمووم: ئەی عەلی! ئەم سێ شتە دوامەخە: نوێژ کەبوو تازوو بیکەی کەمە، تەرمیش**

---

(١٣) بخاري. مواقيت: ٥٦٩ ، ٥٧١ ، ٧٢٣٩ ، ٥٧٢ ، ٦٠٠ ، ٦٦١ ، ٨٤٧ ، ٥٨٦٩ ، مسلم: ١٤٤٤ — ١٤٤٧. نسائي: ٥٢١٧. أبو داود: وضوء:١٩٩.

(١٤) بخاري. مواقيت: ٥٤١ ، ٥٤٧ ، ٥٦٨ ، ٥٩٩ ، ٧٧١. مسلم. مساجد: ١٤٦٠ — ١٤٦٢.

(١٥) رواه الترمذي بسند حسن (شرحه).

كە ئامادەبوو تا زوو بینێژێت درەنگە ژنی بێ مێردیش كە هاوتای خۆی دەست كەوت تا زووتر بیدەی بەشوو درەنگە (ت–س/ح).

٣٦٣– عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ أَللهُ عَنهُما) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: الْوَقْتُ الأَوَّلُ مِنَ الصَّلاَةِ رِضْوَانُ اللّٰهِ وَالْوَقْتُ الآخِرُ عَفْوُ اللّٰهِ. رَوَاهُما الترمذي[١٦].

ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: كردنی نوێژ لە سەرەتای كاتی خۆیا هۆی رەزامەندیی خودایە، وە لە دواكاتیا هۆی لێ بووردنی خودایە (ت–سند غريب).

٤٨) هەر نوێژێ (لەكاتی خۆیا) فریای ركاتێكی بكەوی ئەوە فریای هەمووی دەكەویت: (تدرك الصلاة بإدراك ركعة)

٣٦٤– عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: مَنْ أَدْرَكَ رَكْعَةً مِنَ الصُّبْحِ قَبْلَ أَنْ تَطْلُعَ الشَّمْسُ فَقَدْ أَدْرَكَ الصُّبْحَ، وَمَنْ أَدْرَكَ رَكْعَةً مِنَ الْعَصْرِ قَبْلَ أَنْ تَغْرُبَ الشَّمْسُ فَقَدْ أَدْرَكَ الْعَصْرَ. رَوَاهُ الخمسة[١].

لە ئەبو هورەیرەوە (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەركەسێ فریای یەك رەكاتی نوێژی بەیانی بكەوێ لەپێش خۆركەوتنتا ئەوە فریای نوێژی بەیانی بە تەواوی دەكەوێ بە مەعنا بە حازری دەیكا نەك بەقەزا وە هەر كەسێ فریای ركاتێكی نوێژی عەصر بكەوێ لەپێش خۆرئاوابوونا ئەوە فریای نوێژی عەصر بە تەواوی دەكەوێ (ش/د/ت/ن).

٣٦٥– وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: مَنْ أَدْرَكَ رَكْعَةً مِنَ ألصَّلاَةِ فَقَدْ أَدْرَكَ ألصَّلاَةَ. رَوَاهُ الشيخان والنسائي[٢].

---

(١٦) رواه الترمذي بسند غريب (شرحه).

(١) بخاري: ٥٨٠. مسلم: ١٣٧٠. أبو داود: ١١٢١. نسائي: ٥٥٢.

(٢) بخاري. ٥٨٠. مسلم. ١٣٧٠. أبو داود: ١١٢١. نسائي. ٥٥٢.

دیسان لەوەوە لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەرکەسێ (لەهەر نوێـژێ) بەیـەك رکاتیـا بگـا ئـەوە بـەو نوێـژە بـە هـەموویا گەیـشتووە (ش/ن). واتە نوێژەکەی بەحازر حسێب دەکرێ.

٤٩) بەهانەی ڕەوای نوێژ: (أعذار الصلاة)

٣٦٦- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: مَنْ نَسِيَ صَـلاَةً فَلْيُصَلِّ إِذَا ذَكَرَهَا، لاَ كَفَّارَةَ لَهَا إِلاَّ ذَلِكَ، أَقِمِ الصَّلاَةَ لِذِكْرِى. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ[١].

ئەنـەس (خوای لێ ڕازی بێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفـەرموێ: هەر کەسێ، هەر نوێژێکی لەبیرچوو لەکاتی خۆیا نەیکرد با هـەر کاتێ یـادی کەوتەوە ئەوکاتە بیکا، ئیتر جگە لەمە برێتـی (کەفارەت)ی تـری نیە ئەوەتا خودا دەفەرموێ: {أَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي – ٢٠/١٤}. واتە: بەتایبەتی ئاگاداری نوێژەکـەت بکـەو لـە لـەکاتی خۆیـا بیکـە بـۆ یـادکردن و نـاوبردنی مـن (ش/د/ت/ن).

٣٦٧- وَلِمُسْلِمٍ: إِذَا رَقَدَ أَحَدُكُمْ عِنِ الصَّلاَةِ أَوْ غَفَلَ عَنْهاَ فَلْيُصَلِّهاَ إِذَا ذَكَرَهاَ فَإِنَّ اللهَ يَقُولُ – أَقِمِ الصَّلاَةَ لِذِكْرِيْ–[٢].

ئەنـەس (خوای لێ ڕازی بێ) گـوتی: حـەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفـەرموێ: ئەگەر یەکێکتان لەکاتی نوێژدا خەوتبوو یا لـەبیری چوو نوێـژ بکا ئەوە هـەر کاتێ بیری کەوتەوە یا لەخەو هەڵسا با ئەو دەمە ئەو نوێژە بکا، چونکە خودا دەفەرموێ:

{أَقِمِ الصَّلَاةَ لِذِكْرِي – ٢٠/١٤} (م).

٣٦٨- عَنْ عَمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ فِي مَسِيرٍ لَهُ، فَنَامُوا عَنْ صَلاَةِ الْفَجْرِ فَاسْتَيْقَظُوا بِحَرِّ الشَّمْسِ فَقالَ: عَلَيْـهِ الـصَّلاَةُ

---

(١) بخاري. ٥٩٧. مسلم: ١٥٦٤ – ١٥٦٧. أبو داود: ٤٤٢. ترمذي. ١٧٨.

(٢) مسلم: ١٥٥٨ ، ١٥٦٧.

وَٱلسَّلَامُ: تَنَحَّوُا عَنْ هَذَا ٱلْمَكَانِ ثُمَّ أَمَرَ بِلالاً فَأَذَّنَ ثُمَّ تَوَضَّأُوا وَصَلُّوا رَكْعَتِي الفَجْرِ ثُمَّ أَمَرَ بِلاَلاً فَأَقَامَ الصَّلاَةَ فَصَلَّى بِهِمْ صَلاَةَ الصُّبْحِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والشيخان[٣].

عیمرانی کوڕی حوصەین (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **لەسەفەرێکا دەبێ، بۆ نوێژی بەیانی خەویان لێ دەکەوێ، کە خەبەر دەبنەوە هەتاو گەرم دەبێ، جا پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: لەم جێگایە بگوێزنەوە چونکە ئێرە شەیتانی لێیە، کە لەوێ گوێزایانەوە ئەوجا پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **بە بیلالی فەرموو، بانگ بڵێ: جا بیلال بانگیدا، ئینجا دەسننوێژیان گرت و دوو رکاتە سوننەتەکەی بەیانییان کرد، ئینجا فەرمانی کرد بەبیلال قامەتی کرد، ئینجا پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **نوێژی بەیانی بە کۆمەڵ (بە جەماعەت) بۆ کردن (د/ش).**

٣٦٩- عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: ذَكَرُوا لِلنَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نَوْمَهُمْ عَنِ ٱلصَلاَةِ فَقَالَ: إِنَّهُ لَيْسَ فِي النَّوْمِ تَفْرِيطٌ إِنَّمَا التَّفْرِيطُ فِي الْيَقَظَةِ. رَوَاهُ الترمذي ومسلم وأبو داود[٤].

ئەبو قەتادە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: گوتیان بە پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **کە جارو بار لەکاتی نوێژا خەومان لێ دەکەوێ و خەبەرمان نابێتەوە لەکاتی خۆیا بیکەین؟ فەرمووی: خەو قەیدی نیە بەڵام ئەوەی قەیدی هەیە کاتی بەخەبەر بوونە (ت/م/د).**

٣٧٠- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) صَلَّى بِالْمَدِينَةِ سَبْعًا وَثَمَانِيًا الظُّهْرَ وَالْعَصْرَ وَالْمَغْرِبَ وَالْعِشَاءَ. رَوَاهُ ٱلْخَمْسَةَ. وَلَفْظُ مُسْلِمٍ جَمعَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بَيْنَ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ وَالْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ بِالْمَدِينَةِ فِي غَيْرِ خَوْفٍ وَلاَ مَطَرٍ قِيلَ لآِبْنِ عَبَّاسٍ: مَا أَرَادَ إِلى ذَلِكَ؟ قَالَ: أَرَادَ أَلاَّ يُحْرِجَ أُمَّتَهُ[٥].

---

(٣) بخاري. مناقب: ٣٥٧١. مسلم. مساجد: ١٥٦١.

(٤) مسلم: ١٥٦٠.

(٥) بخاري. ٥٤٣ ، ٥٦٢ ، ١١٧٤. مسلم: ١٦٣٢ ، ١٦٣١. أبو داود: ١٢١١. ترمذي: ١٨٧ نسائي: ٦٠١.

ئیبنـو عـەباس (خوای لێ ڕازی بێ) گـوتی: جـارە جـارە پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) لە مەدینـە نوێـژی نیـوەڕۆو عەصـری کـۆ دەکـردەوەو بەجـەمع. هەشت ڕکاتی دەکرد، بە دوو سلاو، هـەروەها شێوان و خەوتنانیشی کۆ دەکردەوەو بەجـەمع حـەوت ڕکـاتی دەکـرد بـە دوو سـلاو. (ش/د/ت/ن) گفتـەی موسـلیم: (پرکۆرەکەی لە نووربێ) ئاوایە: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) جارێ لـە شـاری مەدینـە نوێـژی نیـوەڕۆو عەصـری کـۆکردەوەو بـە جـەمع کردنـی، هـەروەها نوێـژی شـێوان و خەوتنانیـشی کـۆکردەوەو ئەوانیـشی بـە جـەمعکرد، ئـەو ڕۆژەش پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) نە لە سەفەردا بوو، وە نەترسـی دوژمنـی هـەبوو، وە نـەباران بـوو، عـەرزی ئیبنـو عـەباس دەکـەن: پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) لەبەر چی ئاوای کردووە؟ دەڵێ: مەبەستی ئەوە بـووە کـە ئۆمـەتی تووشـی نارەحەتی نەکا.

٣٧١- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ جَمَعَ بَيْنَ الصَّلاَتَيْنِ مِنْ غَيْرِ عُذْرٍ فَقَدْ أَتَى بَابًا مِنْ أَبْوَابِ الْكَبَائِرِ. رَوَاهُ الترمذي والبيهقي والحاكم[٦].

دیسان لەوەوە لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەرکەسێ (بەبێ بەهانەیەکی ڕەوا) دوو نوێژ کۆبکاتەوە بە جەمع بیان کـات بێگومـان کـە ئەوە بابەتێ لـە بابەتـەکانی گوناهـە گـەورەکانی کـردووە (تیرمیـذی/ بەیهـەقی/ حاکم — ڕەحمەتی خودایان لێبێ).

٥٠) بەشی دووەم: ئەوکاتە تایبەتیانەی کە نوێژی سوننەتیان تیا باش نیە

الفصل الثاني: في الأوقات المنهي عن النافلة فيها

٣٧٢- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: شَهِدَ عِنْدِي رِجَالٌ مَرْضِيُّونَ وَأَرْضَاهُمْ عِنْدِي عُمَرُ أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نَهَى عَنِ الصَّلاَةِ بَعْدَ الصُّبْحِ حَتَّى تَشْرُقَ الشَّمْسُ، وَبَعْدَ الْعَصْرِ حَتَّى تَغْرُبَ. رَوَاهُ الْخَمْسَةُ[١].

---

(٦) رواه الحاكم في المستدرك، فيه حنش وهو ثقة (شرحه).

(١) بخاري: ٥٨١. مسلم: ١٩١٨. أبو داود: ١٢٧٦. ترمذي: كراهية الصلاة بعد العصر: ١٨٣. نسائي: ٥٦١.

ئیبنو عەباس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: چەن پیاوچاكێ كە یەكێكیان عومەربوو، كە بەلامەوە ئەو لە هەموویان پەسەند تربوو، شایەتییاندا لەلام و گوتیان: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لەپاش كردنی نوێژی بەیانی تا خۆرهەڵ دەهات، رێگەی كردنی نوێژی سوننەتی نەدەدا، هەروەها لەپاش كردنی نوێژی عەصریش رێگەی كردنی نوێژی سوننەتی نەدەدا تا خۆر ئاوا دەبوو (ش/د/ت/ن).

٣٧٣- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضيَ أللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ تَحَرَّوْا بِصَلاَتِكُمْ طُلُوعَ الشَّمْسِ وَلاَ غُرُوبَهَا فَإِنَّهَا تَطْلُعُ بِقَرْنَيْ شَيْطَانٍ وَفِي رواية: إِذَا طَلَعَ حَاجِبُ الشَّمْسِ فَأَخِّرُوا الصَّلاَةَ حَتَّى تَرْتَفِعَ وَإِذَا غَابَ حَاجِبُ الشَّمْسِ فَأَخِّرُوا الصَّلاَةَ حَتَّى تَغِيبَ. رَوَاهُ الشيخان والنسائي[٢].

ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: لەكاتی خۆركەوتن و خۆر ئاوابوونا نوێژ مەكەن، چونكە خۆر لەوكاتەدا شەیتان و دەستەی شەیتان دەوری لێ دەدەن و چاوەڕوانی كوڕنووش بردنی خۆرپەرستەكان دەكەن بۆ خۆر، تا بە دیمەن كوڕنووش و سەجدەكە بۆ ئەوان بێ. لە گێڕانەوەیەكا: كە خۆر لە ئاسۆوە سەری كێشا ئیتر نوێژ مەكەن تا بەقەد رمێك بەرز دەبێتەوە، كە نووكی خۆریش ئاوابوو ئیتر نوێژ مەكەن تا بەتەواوی ئاوا دەبێ (ش/ن).

٣٧٤- عَنْ عَمْرِو بْنِ عَبَسَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: قُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَيُّ اللَّيْلِ أَسْمَعُ؟ قَالَ: جَوْفُ اللَّيْلِ الآخِرُ فَصَلِّ مَا شِئْتَ فَإِنَّ الصَّلاَةَ مَشْهُودَةٌ مَكْتُوبَةٌ حَتَّى تُصَلِّيَ الصُّبْحَ ثُمَّ أَقْصِرْ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ فَتَرْتَفِعَ قِيسَ رُمْحٍ أَوْ رُمْحَيْنِ فَإِنَّهَا تَطْلُعُ بَيْنَ قَرْنَيْ شَيْطَانٍ وَتُصَلِّي لَهَا الْكُفَّارُ ثُمَّ صَلِّ مَا شِئْتَ فَإِنَّ الصَّلاَةَ مَشْهُودَةٌ مَكْتُوبَةٌ حَتَّى يَعْدِلَ الرُّمْحُ ظِلَّهُ ثُمَّ أَقْصِرْ فَإِنَّ جَهَنَّمَ تُسْجَرُ وَتُفْتَحُ أَبْوَابُهَا فَإِذَا زَاغَتِ الشَّمْسُ فَصَلِّ مَا شِئْتَ فَإِنَّ الصَّلاَةَ مَشْهُودَةٌ مَكْتُوبَةٌ حَتَّى تُصَلِّيَ الْعَصْرَ، ثُمَّ أَقْصِرْ حَتَّى تَغْرُبَ الشَّمْسُ فَإِنَّهَا تَغْرُبُ بَيْنَ قَرْنَيْ شَيْطَانٍ وَيُصَلِّي لَهَا الْكُفَّارُ. رَوَاهُ الْخَمْسَة إِلا البخاري[٣].

---

(٢) بخاري. ٥٨٢ ، ٥٨٥ ، ٥٨٩ ، ١١٩٢ ، ١٦٢٩ ، ٣٢٧٣ ، ٥٨٣ ، ٣٢٧٢. مسلم: ١٩٢٢. نسائي. ٥٧٠.

(٣) مسلم: ١٩٢٧.

عومری كوڕی عەبەسە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! چی كاتێكی شەو دووعاو نزاو پەرستش باشتر گیرا دەبێ؟ فەرمووی: نیوەی دووەمی شەو بكە بەسێ بەشەوە، بەشی ناوەڕاستی، ئیتر چەنێ ئارەزوو دەكەی نوێژ بكە، چونكە نوێژی ئەم كاتە فریشتە دێتە دیاریو تەماشای دەكەنو پاداشەكەی دەنووسن، ئیتر هەرنوێژ بكە تا نوێژی بەیانی دەكەی ئەوجا وازبێنە تا خۆر دەكەوێو بەقەد رمێك یا دوو رم بەرز دەبێتەوە، چونكە خۆر كە هەڵدێ لە نێوانی دوو شاخەی شەیتانەوە هەڵدێو بێ بڕواكان لەو دەمەدا كوڕنووشی بۆ دەبەن، لەپاشان چەنێ حەز دەكەی نوێژ بكە، چونكە نوێژ لەوكاتەدا فریشتە دێنە دیاریو تەماشای دەكەنو پاداشەكەی دەنووسن، ئیتر هەرنوێژ بكە تا سێبەری رم بەقەد خۆی لێ دێو یەك تۆسقاڵ لە هیچ لایەكەوە سێبەری نامێنێ ئەوجا واز بێنە، چونكە لەوكاتەدا دۆزەخ وەك تەندوور دادەخرێو جۆش دەسەنێو دەرگاكانی دەكرێنەوە، بەڵام كە خۆرلایدا لە ناوەڕاستی ئاسمان ئیتر چەنێ ئارەزوو دەكەی نوێژبكە، چونكە نوێژی ئەو كاتە فریشتە دێنە دیاریو تەماشای دەكەن، ئیتر هەر نوێژ بكە تا نوێژی عەصر دەكەی، ئەوجا وازبێنە تا خۆرئاوا دەبێ، چونكە خۆر كە ئاوادەبێ لە نێوانی دوو شاخەی شەیتانەوە ئاوا دەبێو بێ بڕواكان لەو كاتەدا كوڕنووشی بۆ دەبەن (م/د/ن/ن).

٣٧٥- وَالأَبِي دَاوُدَ وَالْبَيْهَقِي: كَرِهَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الصَّلاَةَ نِصْفَ النَّهَارِ إِلاَّ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فَإِنَّ جَهَنَّمَ تُسْجَرُ إِلاَّ فِي يَوْمِ الْجُمُعَةِ[٤].

گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژكردنی لەناوەڕاستی ڕۆژدا پێ ناخۆش بوو جگە لە ڕۆژی هەینی، چونكە هەموو ڕۆژێ لە ناوەڕاستی ڕۆژدا دۆزەخ دادەخرێو جۆش دەسەنێ تەنیا ڕۆژی هەینی نەبێ (د/بەیهەقی).

٣٧٦- وَلِلنَّسَائِي: يَا بَنِي عَبْدِ مَنَافٍ لاَ تَمْنَعُوا أَحَدًا طَافَ بِهَذَا الْبَيْتِ وَصَلَّى أَيَّةَ سَاعَةٍ شَاءَ مِنْ لَيْلٍ أَوْ نَهَارٍ[٥].

---

(٤) سكت عن درجته الشارح (مترجم).

گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) فـەرمووی: ئـەی نەتـەوەی عەبدومەناف! هەر کەسێ لەهەر کاتێکا چ بە شەو چ بە ڕۆژ دەیەوێ تەوافی ئەم ماڵی خودایە بکا یا نوێژی تیا بکا ڕێگەی لێ مەگرن و تەوافی کابەو نوێژی ناو بەیت لە هەموو کاتێکا دروستە (ن).

٣٧٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ قَالَ: إِذَا أُقِيمَتِ الصَّلاَةُ فَلاَ صَلاَةَ إِلاَّ الْمَكْتُوبَةَ. رَوَاهُ الْخَمْسَة إِلاَّ الْبُخارِيَّ، والله أعلم[٦].

ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ ڕازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) فەرمووی: کە نوێژی فەرز دابەسترا ئیتر جگە لە نوێژە فەرزەکە هیچ نوێژێکی تر دروست نیە (م/د/ت/ن).

٥١) باسی سێیەم: باسی مەرجەکانی نوێژ

الباب الثالث: في شروط الصلاة

٣٧٨- عَنْ عَلِيٍّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: رُفِعَ الْقَلَمُ عَنْ ثَلاَثَةٍ عَنِ النَّائِمِ حَتَّى يَسْتَيْقِظَ، وَعَنِ الصَّبِيِّ حَتَّى يَحْتَلِمَ وَعَنِ الْمَجْنُونِ حَتَّى يَعْقِلَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنسائي والحاكم وصحَّحه[١].

عەلی (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: قەڵەم لەسەر ئەم سێ کەسە هەڵگیراوە: لەسەر خەوتوو تا خەبەری دەبێتەوە، لەسەر منداڵ تا شەیتانی دەبێ، لەسەر شێت تا دێتەوە هۆش خۆی (د/ن/حاکم:ح/ص).

٣٧٩- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: عَرَضَنِي رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَوْمَ أُحُدٍ فِي الْقِتَالِ وَأَنَا ابْنُ أَرْبَعَ عَشْرَةَ سَنَةً فَلَمْ يُجِزْنِي وَعَرَضَنِي يَوْمَ الْخَنْدَقِ وَأَنَا ابْنُ خَمْسَ عَشْرَةَ سَنَةً فَأَجَازَنِي. قَالَ: نَافِعٌ: فَقَدِمْتُ عَلَى عُمَرَ بْنِ عَبْدِ الْعَزِيزِ وَهُوَ يَوْمَئِذٍ خَلِيفَةٌ فَحَدَّثْتُهُ بِهَذَا فَقَالَ: إِنَّ هَذَا لَحَدٌّ بَيْنَ الصَّغِيرِ وَالْكَبِيرِ. فَكَتَبَ إِلَى

(٥) سكت عن درجه الشارح (مترجم).

(٦) مسلم. ١٦٤٢. أبو داود: ١٢٦٦.

(١) حديث صحيح عنه الحاكم (المترجم).

عُمَّالِهِ أَنْ يَفْرِضُوا لِمَنْ كَانَ ابْنَ خَمْسَ عَشْرَةَ سَنَةً وَمَنْ كَانَ دُونَ ذَلِكَ فَاجْعَلُوهُ فِي الْعِيَالِ. رَوَاهُ اَلْخَمْسَةُ(٢).

ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: رۆژی غەزای ئوحود چواردە ساڵ بووم پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) تەماشای كردم تا بزانێ بە كەڵكی جەنگ دێم یانا بەڵام لەبەر بچووكی تەمەنم بە گەندی نەكردم، وەلێ رۆژی غەزای خەندەق پازدەساڵ بووم، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) بۆ هەمان مەبەست تەماشای كردمو رێگەی غەزاكردنی دام. نافیع گوتی: عومەری كوڕی عەبدولعەزیز جێنشین (خەلیفە) بوو چووم بۆ سەردانی و ئەم فەرموودەیەم بۆ گێڕایەوە، جا عومەر گوتی: ئەم سەرگوروشتەیە رادەی جیاكردنەوەی بچووكو گەورەیە لە یەكتری، جا بۆیە نامەی نووسی بۆ سەركارەكانی: كە ئەوەی تەمەنی پازدە ساڵی تەواوە بەشی بۆ دانێن و لە خێرو لەشەڕدا بە پیاوی تەواو حلێبی بكەن، ئەوەشی تەمەنی لەوە كەمتر بێ دایبنێن بە (وردە) خێزان و لەچاكو لە خراپا حاڵی حاڵی منالە (ش/د/ت/ن).

٣٨٠- عَنْ سَبْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مُرُوا الصَّبِيَّ بِالصَّلَاةِ إِذَا بَلَغَ سَبْعَ سِنِينَ وَإِذَا بَلَغَ عَشْرَ سِنِينَ فَاضْرِبُوهُ عَلَيْهَا. زاد في رواية: وَفَرِّقُوا بَيْنَهُمْ فِي اَلْمَضَاجِعِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَأحمد والترمذي(٣).

سەبرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: منالْ كە بوو بە حەوت ساڵ ئیتر نوێژی پێ بكەن، وە كە بوو بە دەساڵ ئەگەر بەپێ گوتن نەی كرد لێی بدەن لەسەری لە گێڕانەوەیەكا ئەمەی پترە: جێگەی خەویان بۆ جیا بكەنەوەو بەیەكەوە مەیانخەوێنن مەبادا خوویان خراپ ببێ (د/ئەحمەد/ت-س/ص).

---

(٢) مسلم. ٤٨١٤ ، ٤٨١٥. أبو داود: ٤٤٠٧.

(٣) بسند صحيح (شرحه).

٥٢) پاكیو خاوێنیی (لەشو بەرگو جێگە) لە مەرجەكانی نوێژە: (الطهارة)

٣٨١- عَنْ أبْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النّبِيَّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) قالَ: لاَ يَقْبَلُ اللّهُ صَلاَةً بِغَيْرِ طُهُورٍ وَلاَ صَدَقَةً مِنْ غُلُولٍ. رَوَاهُ اَلْخَمْسَة إلا البخاري(١).

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: خودای گەورە نە نوێژ بەبێ دەسنوێژو پاكی گیرا دەكاو نەخێر لەگزیو دزیقەبوول دەكا** (م/د/ت/ن).

٣٨٢- عَنْ عَلِيّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ): عَنِ النّبِيِّ قالَ: مِفْتَاحُ الصَّلاَةِ الطّهُورُ وَتَحْرِيمُهَا التَّكْبِيرُ وَتَحْلِيلُهَا التَّسْلِيمُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي والحاكم وصحَّحه(٢).

عەلی (رەزای خودای لێبێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: كلیلی نوێژ پاكییە، وە قفڵدانی ئەڵڵاهو ئەكبەری نوێژ دابەستنە، وە كرنەوەو تەواو بوونی سەلام دانەوەیە** (د/ت/حاكم:ص).

٣٨٣- (ب – ١ ز – ٢٣ ژمارە: ١/ ١٧٠)(٣).

٣٨٤- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: بَيْنَمَا رَسُولُ اللّهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) يُصَلّي بِأَصْحَابِهِ إِذْ خَلَعَ نَعْلَيْهِ فَوَضَعَهُمَا عَنْ يَسَارِهِ فَلَمَّا رَأَى ذَلِكَ الْقَوْمُ أَلْقَوْا نِعَالَهُمْ فَلَمَّا قَضَى رَسُولُ اللّهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) صَلاَتَهُ قالَ: مَا حَمَلَكُمْ عَلَى إِلْقَائِكُمْ نِعَالَكُمْ؟ قَالُوا: رَأَيْنَاكَ أَلْقَيْتَ نَعْلَيْكَ فَأَلْقَيْنَا نِعَالَنَا، فَقَالَ: إِنَّ جِبْرِيلَ (عَلَيْهِ السَّلاَم) أَتَانِي فَأَخْبَرَنِي أَنَّ فِيهِمَا قَذَرًا أَوْ أَذىً وَقَالَ: إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمْ إِلَى الْمَسْجِدِ فَلْيَنْظُرْ فَإِنْ رَأَى فِي نَعْلَيْهِ قَذَرًا أَوْ أَذَى فَلْيَمْسَحْهُ وَلْيُصَلِّ فِيهِمَا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَأحمد والحاكم(٤).

ئەبو سعید (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **جارێ نوێژی دەكرد بۆ هاورێكانی، لەپڕ لەناو نوێژەكەیدا پێڵاوەكانی خۆی**

(١) مسلم: ٥٣٤ ، ترمذي.

(٢) صحيح عند الحاكم (مترجم).

(٣) سبق تخريجه فى رقم: ١٦٩/١.

(٤) بسند صالح (شرحه).

داكەنـدو لـەلای چـەپیەوە داینـان، یـارانیش (كـە ئەمـەیان دی) ئـەوانیش پێڵاوەكانی خۆیان فرێدا، جا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كە نوێژەكەی تەواو كرد فەرمووی: ئەوە ئێوە بۆ پێڵاوەكانی خۆتان داكەند؟ گوتیان: دیمان تۆ پێڵاوەكانی خۆتت داكەند ئێمەش چاومان لەتۆ كردو پێڵاوەكانی خۆمانمان داكەند، فەرمووی: من بۆیە وامكرد چونكە جوبرائیل (دروودی خوای لەسەربێ) هات بۆ لام و پێی گوتم كەپیسی و ئازاریان پێوەیە، وە فەرموشی: كە دێن بۆ مزگەوت سەرنجی پێڵاوەكانتان بدەن ئەگەر پیسی و ئازاریان پێوەبوو بیسڕن و نوێژیان پێوە بكەن (د/ئەحمەد:حاكم-سند صالح).

٣٨٥- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا أَحْدَثَ أَحَدُكُمْ فِي صَلاَتِهِ فَلْيَأْخُذْ بِأَنْفِهِ ثُمَّ لْيَنْصَرِفْ. رَوَاهُ ابُو دَاوُدَ وابن ماجة[٥].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەگەر لەناو نوێژدا دەست نوێژەكەتان شكا دەست بگرن بەلوتتانەوەو لووت پژان بكەن بە بەهانە، تا تەریق نەبنەوە ئینجا نوێژەكەتان ببڕن و بڕۆن (د/ئیبنو ماجە-سند صالح).

٥٣) رووكردنە رووگە: (إستقبال القبلة)

٣٨٦- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ صَلَّى صَلاَتَنَا، وَاسْتَقْبَلَ قِبْلَتَنَا، وَأَكَلَ ذَبِيحَتَنَا، فَذَلِكَ الْمُسْلِمُ الَّذِى لَهُ ذِمَّةُ اللَّهِ وَذِمَّةُ رَسُولِهِ، فَلاَ تُخْفِرُوا اللَّهَ فِي ذِمَّتِهِ. رَوَاهُ البخاري والنسائي[١].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەركەسێ وەك خۆمان ئەم نوێژەی ئێمەیە بكاو وەك خۆمان رووبكاتە ئەم قیبلەی ئێمەیەو وەك خۆمان لە گۆشتی حەیوانێ بخوا كە ئێمە سەری بڕین، ئیتر ئەو كەسە موسوڵمانی تەواوەو لە ئامانی خوداو لە ئامانی پێغەمبەری

---

(٥) بسند صالح (شرحه).

(١) بخاري: ٣٩١ ، ٣٩٢ ، ٣٩٣.

خودادایە، کە وابوو ئیتر ئێوەش ئامان‌و پەیمانی خودا ببەنە سەرو، ناپاکی لەو موسوڵمانە مەکەن (ب/ن).

٣٨٧- عَنِ الْبَرَاءِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) يَقُولُ: صَلَّيْنَا مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نَحْوَ بَيْتِ الْمَقْدِسِ سِتَّةَ عَشَرَ شَهْرًا أَوْ سَبْعَةَ عَشَرَ شَهْرًا، ثُمَّ صُرِفْنَا نَحْوُ الْكَعْبَةِ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ أبا داود[٢].

بەراء (خوای لێ رازی بێ) گوتی: تا شازدە مانگ یا تا حەڤدە مانگ (لەمەدینە) لەگەڵ پێغەمبەر خۆیدا (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژمان بەرەو (بيت المقدس) دەکرد، لە پاشان بەفەرمانی خودا لە نیوژداو لەو تاعەتانەدا کەروو دەکرێتە رووگە، رووماں کردە کەعبە (ش/ت/ن).

٣٨٨- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ): قالَ: بَيْنَمَا النَّاسُ فِي صَلاَةِ الصُّبْحِ بِقُبَاءٍ إِذْ جَاءَهُمْ آتٍ فَقالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَدْ أُنْزِلَ عَلَيْهِ اللَّيْلَةَ. وَقَدْ أُمِرَ أَنْ يَسْتَقْبِلَ الْكَعْبَةَ فَاسْتَقْبِلُوهَا. وَكَانَتْ وُجُوهُهُمْ إِلَى الشَّامِ فَاسْتَدَارُوا إِلَى الْكَعْبَةِ. رَوَاهُ الْخَمْسَة إِلاَّ الترمذي[٣].

ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: ئەوا موسوڵمانان لە قوبا، رووبەرەو شام خەریکن نوێژی بەیانی دەکەن لەوکاتەدا، لەناو نوێژەکەدا دەبن، کە پیاوێ دێ دەڵێ پێیان: ئەم شەو پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) ئایەتی بۆ هاتووەو فەرمانی پێ کراوە کە ئیتر رووبکاتە کابە، جا ئێوەش رووی تێبکەن، ئیتر ئەوانیش روویان لەشام وەرچەرخان‌و رووی خۆیان کردە کەعبە (ش/د/ن).

٣٨٩- وَكَانَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُحِبُّ أَنْ يُوَجَّهَ لِلْكَعْبَةِ فَأَنْزَلَ اللهُ (قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاءِ فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ

---

(٢) بخاري. ٤٠ ، ٣٩٩ ، ٤٤٨٦ ، ٤٤٩٢ ، ٧٢٥٢. مسلم: ١١٧٧. نسائي. ٤٨٧.

(٣) بخاري: ٤٠٣ ، ٤٤٨٨ ، ٤٤٩٠ ، ٤٤٩١ ، ٤٤٩٣ ، ٤٤٩٤ ، ٧٢٥١. مسلم: ١١٧٨ ، ١١٧٩. نسائي: ٤٩٢ ، ٧٤٤.

الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُماَ كُنتُمْ فَوَلُّوا وُجُوهَكُمْ شَطْرَهُ فَتَوَجَّهَ نَحْوَ الْكَعْبَةِ. رَوَاهُ البخاريُّ والترمذيُّ[٤].

گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە پێشدا لە نوێژدا رووی دەكردە بەیتولمەقدیس، بەڵام لە دڵەوە حەزی دەكرد كە خودا رێگەی بداتەوە وەك یەكەم جار روو بكاتەوە كەعبە، جاخودا ئەم ئایەتەی ناردە خوارەوە:

{قَدْ نَرَى تَقَلُّبَ وَجْهِكَ فِي السَّمَاء فَلَنُوَلِّيَنَّكَ قِبْلَةً تَرْضَاهَا فَوَلِّ وَجْهَكَ شَطْرَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَحَيْثُ مَا كُنتُمْ فَوَلُّواْ وُجُوِهَكُمْ شَطْرَهُ – ٢/١٤٤}.

واتە: بەڕاستی ئێمە تۆ دەبینین و ئاگامان لێتە كە ڕوو دەكەیتە ئاسمان بەهیوای هاتنی مژدەی گۆڕینی رووگە (قبلە)ی، دڵنیابە كەوا رووت دەكەینە رووگەیێ كە خۆت پەسەندی بكەی، سادەی لەمەولا لە نوێژا رووبكە بۆلای (مسجد الحرام) كە ئەو مزگەوتەیە كە ئێمە دەستی رێزو حورمەتمان لێناوە، كە كابەی شەریف لە ناوەڕاستی حەوشەكەیایەتی، ئێوەش ئەی موسوڵمانینە! لە هەر لایەك بوون لە نوێژدا رووبكەنە لای ئەو مزگەوتە، ئیتر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) رووی كردە كەعبە. (بوخاری و تیرمیذی – بەر رەحمەتی خوداكەون).

٣٩٠– وَقَالَ: عُمَرُ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا): وَافَقْتُ رَبِّي فِي ثَلاَثٍ، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ لَوِ اتَّخَذْنَا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى فَنَزَلَتْ (وَاتَّخِذُوا مِنْ مَقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى) وَآيَةُ الْحِجَابِ، قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، لَوْ أَمَرْتَ نِسَاءَكَ أَنْ يَحْتَجِبْنَ، فَإِنَّهُنَّ يُكَلِّمُهُنَّ الْبَرُّ وَالْفَاجِرُ. فَنَزَلَتْ آيَةُ الْحِجَابِ، وَاجْتَمَعَ نِسَاءُ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي الْغَيْرَةِ عَلَيْهِ فَقُلْتُ لَهُنَّ: عَسَى رَبُّهُ إِنْ طَلَّقَكُنَّ أَنْ يُبَدِّلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِنْكُنَّ. فَنَزَلَتْ هَذِهِ الآيَةُ. رَوَاهُ البخاري[٥].

عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لەم سێ شەتەدا رای من لەگەڵ فەرمانی پەروەردگاری گەورە مایەكی گرت.

---

(٤) بخاري: ٣٩٩.

(٥) بخاري. تفسير: ٤٤٨٣ ، ٤٠٢ ، ٢٥٥ ، ٤٧٩٠ ، ٤٩١٦.

یەکەم: وتم: ئەی پێغەمبەری خودا! خۆزگە مەقامی ئیبراهیممان دەکرد بە نوێژگا واتە: ئەو شوێنەی کە لەکاتی دروستکردنی کەعبەدا ئیبراهیم تیا دەوەستا دەمان کرد بە جێگە نوێژ جا بەم بۆنەیەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە: {وَاتَّخِذُواْ مِن مَّقَامِ إِبْرَاهِيمَ مُصَلًّى – ٢/١٢٥}.

واتە: لە مەقامی ئیبراهیم جیگە نوێژ وەربگرن و نوێژی سوننەتی تیابکەن بۆ خۆتان.

دووەم: گوتم: پێغەمبەری خودا! خۆزگە فەرمانت دەکرد بە ژنەکانت کە خۆیان دابپۆشن و پەردەبگرنەوە واتە: لە پیاوی بێگانە پەچەبگرنەوە، یا لەپشتی پەردەوە قسەو گوفتو گۆیان لەگەڵدا بکەن، چونکە چاك و خراپ قسەیان لەگەڵ دەکەن، جا بەم بۆنەیەشەوە ئایەتی حیجاب هاتە خوارەوە کە دەفەرموێ: {وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِن وَرَاء حِجَابٍ – ٣٣/٥٣}.

واتە: کاتێ داوای شتێکتان لە ژنەکانی حەزرەت کرد بەرەو روویان مەوەستن و لەپشتی پەردەیەکەوە (وەك دیوار یادەرگا یا پەردەی ناو بارەگاوە) داوایان لێ بکەن.

سێیەم: کاتێ کە ژنەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەبەرهەوێ باری یەکتری کۆبوونەوەیان کرد لە حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) منیش پێم گوتن: {عَسَى رَبُّهُ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ}.

جا لەم هۆیەشەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارێ: {عَسَى رَبُّهُ إِن طَلَّقَكُنَّ أَن يُبْدِلَهُ أَزْوَاجًا خَيْرًا مِّنكُنَّ – ٦٦/٥}.

هیوا وایە ئەگەر تەڵاقتان بدا خوا لەباتی ئێوە چەن ژنێکی باشتری پێبدا(ب).

٣٩١– عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَا بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ قِبْلَةٌ. رَوَاهُ ابن ماجه والحاكم والدار قطني والترمذي وصحَّحه(٦).

---

(٦) رواه الترمذي بسند صحيح. (منه)

لە ئەبو هورەیرەوە (خوای لێ رازی بێ) **حەزرەت** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: نێـوانی خۆرهـەلاتو خۆرئـاوا هـەمووی قیبلەیـە (ئیبنـو ماجـە:حـاكیم/ دارە قوطنی/ت:ص).**

٣٩٢- عَنْ عَامِرِ بْنِ رَبِيعَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) فِي سَفَرٍ فِي لَيْلَةٍ مُظْلِمَةٍ فَلَمْ نَدْرِ أَيْنَ الْقِبْلَةُ فَصَلَّى كُلُّ رَجُلٍ مِنَّا عَلَـى حِيَالِـهِ فَلَمَّـا أَصْبَحْنَا ذَكَرْنَا ذَلِكَ لِلنَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَنَزَلَ فَأَيْنَمَا تُوَلُّوا فَثَمَّ وَجْـهُ اللَّـهِ. رَوَاهُ الترمذي[٧].

عامیری كوڕی رەبیعە (خوای لێ رازی بێ) **گوتـی: لەسـەرفەرێكا، شـەوبوو گـەلێ تاریك بوو، لە خزمەتی حەزرەتتدا بووین، نـەمان دەزانـی رووگـە لـە كوێوەیە، جا هـەر كەسـەی بـەڕای خۆی كوێی بەرووگـەزانی لـە نیوژەكـەیا رووی كـردە ئەوێ جا بۆ بەیانی كە ئەم باسـەمان عـەرزی حـەزرەت كـرد بـەم بۆنەیـەوە ئـەم ئایەتە هاتە خوارەوە:**

{فَأَيْنَمَا تُوَلُّواْ فَثَمَّ وَجْهُ اللّهِ – ٢/١١٥}.

واتە: لـە نوێـژا هـەرلایێ رووبكـەن ئـەوێ روو بەخوایە، یـاخود: لـە هـەر شوێنێكا رووبكەنە رووگە خودا لەوێدا هەیە (ت-سند ضعیف).

٥٤) نوێژی سوننەت لەسەفەردا رووەو شوێنی سەفەرەكە دروستە
تُصلّى النافلة في السفر الى جهته

٣٩٣- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُـصَلِّي عَلَى رَاحِلَتِهِ حَيْثُ تَوَجَّهَـتْ بِـهِ، فَإِذَا أَرَادَ الْفَرِيـضَةَ نَـزَلَ فَاسْـتَقْبَلَ الْقِبْلَـةَ. رَوَاهُ الخمسة. وفي رواية: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُسَبِّحُ عَلَى الرَّاحِلَةِ قِبَـلَ أَيِّ وَجْهٍ تَوَجَّهَ، وَيُوتِرُ عَلَيْهَا، غَيْرَ أَنَّهُ لاَ يُصَلِّي عَلَيْهَا الْمَكْتُوبَةَ[١].

---

(٧) رواه الترمذي بسند ضعيف (شرحه).

(١) بخاري: ١٠٩٨ ، ١٠٩٩. مسلم: ١٦١٤ ، هەتا ١٦١٧. نسائي: ٤٩١ ، ٤٨٩ ، ٧٤٣. أبو داود. ١٢٢٤.

جابیر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جاران پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بەسواری وڵاخ نوێـژی سوننەتی دەكرد، بەمەرجێ وڵاخەكە لەژێریا ڕووی لە شوێنی مەقصەد بوایە، بەڵام كە دەیویست نوێـژی فەرز بكا لە وڵاخەكە دادەبەزیو ڕووی دەكردە ڕووگە (ش/د/ت/ن) لە گێڕانەوەیەكا: جاران پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژی سوننەتو نوێـژی وەتری بەسەر پشتی وڵاخەوە دەكرد، بەرەو هەرلایێ بوایە بەمەرجێ ڕووی لە مەقصەد بوایە، بەڵام نوێـژی فەرزی بەسەر وڵاخەوە نەدەكرد.

٣٩٤- وَلِأَبِي دَاوُدَ: كَانَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا سَافَرَ فَأَرَادَ أَنْ يَتَطَوَّعَ إِسْتَقْبَلَ بِنَاقِتِهِ القِبْلَةَ فَكَبَّرَ ثُمَّ صَلَّى حَيْثُ تَوَجَّهَ رِكَابُهُ[٢].

گوتی: جاران پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەسەفەردا كە دەیویست نوێژی سوننەت بكا لە پێشان ڕووی وشترەكەی دەكردە قیبلە ئینجا بەرەو قیبلە بە ئەڵڵاهو ئەكبەر نوێـژی دادەبەست، ئیتر نوێژەكەی تەواو دەكردو وشترەكەی ڕووی لەهەرلا بكردایە مەبەستی نەبوو بە مەرجێ بەرەو مەقصەد بڕۆیشتایە (د-سند صالح).

٣٩٥- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: بَعَثَنِي رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي حَاجَةٍ فَجِئْتُ وَهُوَ يُصَلِّي عَلَى رَاحِلَتِهِ نَحْوَ الْمَشْرِقِ وَالسُّجُودُ أَخْفَضُ مِنَ الرُّكُوعِ. رَوَاهُ أصحاب السنن[٣].

جابیر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) منی نارد بۆ كارێ، كە هاتمەوە تەماشام كرد پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بەسەر وڵاخەكەیەوە نوێـژی سوننەت دەكا، ڕووی لە ڕۆژهەڵاتە، سەجدەشی نەویتربوو لەروكوعی (د/ت/ن-س/ص).

---

(٢) رواه أبو داود بسند صالح (شرحه).

(٣) بسند صحيح (شرحه).

٥٥) داپۆشینی شەرمگا (عەورەت) لە نوێژا مەرجە: (ستر العورة)

قَالَ ألله تعالى: { يَا بَنِي آدَمَ خُذُواْ زِينَتَكُمْ عِندَ كُلِّ مَسْجِدٍ -٧/٣١}.

واتــە: خـودای گـەورە دەفـەرموێ: ئـەی نەتـەوەی ئـادەم! بـەرگی باشـی پاكی جوان لەبەر بكەن بۆ داپۆشینی عەورەت، لەلای هەموو مزگەوتێكا، چ بۆ تەواف برۆن بۆ ئەوێ یا بۆ نوێژكردن.

قَالَ ألله تعالى: {وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ – ٧٤/٤}.

واتــە: وە بـەرگ و كـالاًت بـە پـاك رابگـرەو پـاكی بكـەرەوە لـە هەرشـتێ لەگەڵ بەندەیی خودادا ناگونجێ.

٣٩٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: قَامَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَسَأَلَهُ عَنِ الصَّلاَةِ فِي الثَّوْبِ الْوَاحِدِ فَقالَ: أَوَكُلُّكُمْ يَجِدُ ثَوْبَيْنِ. رَوَاهُ الخمسة إلاّ الترمذي. وزاد البخاريُّ: ثُمَّ سَأَلَ رَجُلٌ عُمَرَ فَقالَ: إِذَا وَسَّعَ اللَّهُ فَأَوْسِعُوا، جَمَعَ رَجُلٌ عَلَيْهِ ثِيَابَهُ، صَلَّى رَجُلٌ فِي إِزَارٍ وَرِدَاءٍ، فِي إِزَارٍ وَقَمِيصٍ، فِي إِزَارٍ وَقَبَاءٍ، فِي سَرَاوِيلَ وَرِدَاءٍ، فِي سَرَاوِيلَ وَقَمِيصٍ، فِي سَرَاوِيلَ وَقَبَاءٍ، فِي تُبَّانٍ وَقَبَاءٍ، فِي تُبَّانٍ وَقَمِيصٍ، وَما أَحْسِبُهُ قالَ: فِي تُبَّانٍ وَرِدَاءٍ[1].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پیاوێ هەڵسا لە پێغەمبەری پرسی: نوێـژ بەیـەك لۆجلـەوە دروسـتە؟ ئـەویش فـەرمووی: (دروودی خوای لەسەربێ) بۆچـی هەمووتان یەكی دوو پارچە جلتان هەیە؟ (ش/د/ت) بوخاری (پرگۆزەكەی لە نووربێ) ئەمەشی لێ زیاد كردووە: لـەوە دوا پیـاوێ بـۆ ئـەم باسـە لـە عومـەری پرسـی: عومەریش گوتی: هەركاتێ خودا ماڵی داو خۆشی خستەوە قـەیناكا ئێـوەش خـۆش رابـوێرن، ئەوكاتـە پیـاو جلـی زۆریـش لەبـەر بكـا قـەیناكا، پیـاو بـە كراس و دەرپێوە نوێژ دەكا، بە پەشتەماڵ و كراسەوە، یا بـەكراس و كـەواوە، یا بەدەرپێ و پشتەماڵەوە، یا بە شەرواڵ و كراسەوە، یـا بـەدەرپێ و كـەواوە یـا

(١) بخاري: ٣٥٨ ، ٣٦٥. مسلم: ١١٤٨ ، ١١٤٩ ، ١١٥٠. أبو داود: ٦٢٥. نسائي: ٧٦٢.

بـە دەرپێـی كـورت‌و كـەواوە، یـا بـە دەرپێـی كـورت‌و كراسـەوە، وا دەزانم گوتیشی: یا بە دەرپێی كورت‌و پەشتەماڵەوە.

٣٩٧- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ يُصَلِّ أَحَدُكُمْ فِي الثَّوْبِ الْوَاحِدِ، لَيْسَ عَلَى عَاتِقَيْهِ شَيْءٌ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ الترمذيَّ[٢].

دیسان خۆی گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بەیەك پارچە جلی واوە نوێژمەكەن كە نەگاتەوە بەسەر هەردوو شانتانا (ش/د/ن).

٣٩٨- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُصَلِّي فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ مُتَوَشِّحًا بِهِ. رَوَاهُ الشيخان[٣].

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەرم دی بەیەك پارچە جلەوە نوێژی دەكردو راست‌و چەپ لەخۆی ئالاندبوو (ش).

٣٩٩- عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أُهْدِيَ لِرَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَرُّوجُ حَرِيرٍ فَلَبِسَهُ فَصَلَّى فِيهِ ثُمَّ انْصَرَفَ فَنَزَعَهُ نَزْعًا شَدِيدًا كَالْكَارِهِ لَهُ وَقَالَ: لاَ يَنْبَغِي هَذَا لِلْمُتَّقِينَ. رَوَاهُ الشيخان والنسائي[٤].

عوقبـەی كـوڕی عـامیر (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: كەوایـەكی چـاكداری ئاورێشمیان بە دیاری هێنا بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لەبەری كردو نوێژی پێوەكرد، لەپاشا كە گەڕایەوە بە توندو نیژی دایكەند لە بەرخۆی‌و فڕێیدا وەك یەكێ پێی ناخۆش بێ، وە فەرمووی: ئەمە بۆ كەسێ لەخوا بترسێ دەست نادا (ش/ن).

٤٠٠- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الْفَخِذَ عَوْرَةٌ. رَوَاهُ البخاري وأبو داود والترمذي[٥].

---

(٢) بخاري: ٣٥٩ ، ٣٦٠. مسلم: ١١٥١. أبو داود: ٦٢٦. نسائي: ٧٦٨.

(٣) بخاري: ٣٥٤ ، ٣٥٥ ، ٣٥٦. مسلم: ١١٥٢ ، ١١٥٣. ترمذي: ٣٣٢. نسائي: ٧٦٣.

(٤) بخاري: ٣٧٥ ، ٥٨٠١. مسلم: ٥٣٩٤. نسائي: ٧٦٩.

(٥) رواه البخاري تعليقاً، ورد في صحيح البخاري بعد رقم: ٣٧٠ مباشرة (المترجم).

ئیبنو عەباس (ڕەزای خودایان لێبێ) **گوتی: پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: ڕانیش هەر عەورەتە (ب-تعليقا/د/ت).**

٤٠١- عَنْ عَلِيّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) **عَنِ النّبِيّ** (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) **قَالَ: لاَ تَكْشِفْ فَخِذَكَ وَلاَ تَنظُرْ إِلى فَخِذِ حَيّ وَلاَ مَيّتٍ. رَوَاهُ أبو داود والحاكم والبزّار**[٦].

عەلی (خوای لێ ڕازی بێ) **لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ:** (درودی خوای لەسەربێ) **ڕانی خۆت ڕووت مەكەو سەیری ڕانی زیندوو و مردووش مەكە (د/حاكم/بزار).**

٤٠٢- عَنْ عَمْرِو بْنِ شُعَيْبٍ عَنْ أبِيهِ عَنْ جَدّهِ (رَضِيَ أللهُ عَنْهُم) عَنِ النّبِيّ قالَ: وَإِذَا زَوّجَ أَحَدُكُمْ خَادِمَهُ عَبْدَهُ أَوْ أَجِيرَهُ فَلاَ يَنْظُرْ إِلَى مَا دُونَ السُّرَّةِ وَفَوْقَ الرُّكْبَةِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والدار قطني والبيهقي[٧].

لە عەمری كوڕی شوعەیبەوە لە باوكیەوە لە باپیریەوە (ڕەزای خودایان لێبێ) **لە پێغەمبەرەوە** (درودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: ئەگەر كەنیزەكی خۆتان مارەبڕی لە بەندەی خۆتان یا لە ڕەنجبەری خۆتان ئیتر تەماشای خوار ناوكو ژوور ئەژنۆی مەكەن چونكە ئەم شوێنە شەرمگای ئەو ئافرەتەیە كە ژنی مێردداره، وە تەنیا بۆ مێردەكەی دروستە تەماشای ئەو جێگەیەی بكا (د/ داره قوطنی/بەیهەقی- سند صالح).**

٤٠٣- عَنْ مَيْمُونَةَ (رَضِيَ أللهُ عَنْهُا) قَالَتْ: كَانَ أَلنّبِيّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) **يَصَلّي عَلىَ أَلْخُمْرَةِ؟. رَوَاهُ الأربعة**[٨].

مەیمونە (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: گەلێ جار وادەبوو حەزرەت** (درودی خودای لەسەربێ) **لەسەر بەرماڵی پەلكە خورما نوێژی دەكرد (ش/د/ت).**

٤٠٤- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) **أَنّ النّبِيّ** (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) **كَانَ يَزُورُ أُمّ سُلَيْم فَتُدْرِكُهُ الصّلاَةُ أَحْيَانًا فَيُصَلّى عَلَى بِسَاطٍ لَنَا وَهُوَ حَصِيرٌ نَنْضَحُهُ بِالْمَاءِ. رَوَاهُ**

---

(٦) سكت عن بيان درجة ضعفه وقوته الشارح (مترجم).

(٧) بسند صالح (شرحه).

(٨) بخاري: ٣٣٣ ، ٣٨١ ، ٣٧٩ ، ٥١٧ ، ٥١٨. مسلم: ١٥٠٢. أبو داود: ٦٥٦.

الخمسة واللفظ لأبي داود. وفي رواية: كَانَ ألنَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُصَلِّي عَلَى ألْحصِيرِ وَألْفَرْوَةِ ألْمَدْبُوغَةِ[٩].

ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: گەلێ جار پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دیدەنی ئوم سولمەیمی دەكرد، جاروبار لەوێ نوێژی لێ دەبوو، رایەخێكمان هەبوو حەسیربوو، كەمێ ئاومان لێ دەپرژاندو پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) نوێژی لەسەر دەكرد (د/ش/ت/ن) لە گێرانەوەیەكا: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لەسەر حەسیرو كەوڵپۆست نوێژی دەكرد.

٥٦) بەرگی ژنی ئازاد لە نوێژدا: (لباس الحرة في الصلاة)

٤٠٥- سَأَلَتْ أُمَّ سَلَمَةَ (رَضيَ أللّٰهُ عَنْهَا): مَا تُصَلِّى فِيهِ الْمَرْأَةُ مِنَ الثِّيَابِ؟ فَقَالَتْ: تُصَلِّى فِي الْخِمَارِ وَالدِّرْعِ السَّابِغِ الَّذِى يُغَيِّبُ ظُهُورَ قَدَمَيْهَا[١].

پرسیاركرا لە ئوم سەلەمە (خوای لێ ڕازی بێ): ئافرەت بەچی جلێكەوە نوێژبكا؟ گوتی: بە لەچك و بەكراسی ئاودامانەوە كەپشتی هەردوو پێی داپۆشێ نوێژ بكا (د).

٤٠٦- وَقَالَتْ: سَأَلَتِ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَتُصَلِّى الْمَرْأَةُ فِي دِرْعٍ وَخِمَارٍ لَيْسَ عَلَيْهَا إِزَارٌ؟ قالَ: إِذَا كَانَ الدِّرْعُ سَابِغًا يُغَطِّى ظُهُورَ قَدَمَيْهَا. رَوَاهُمَا أبو داود[٢].

ئوم سەلەمە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتیشی: لە پێغەمبەرم پرسی (درودی خوای لەسەربێ) ئایا ژن (ئەگەر ئاوەڵكراسی لەبەردانەبێ) دروستە بەكراس و لەچكەوە نوێژ بكا؟ فەرمووی: ئەگەر كراسەكەی ئاودامان بێ و پشتی هەردوو پێی داپۆشێ دروستە (د-موقوفا).

---

(٩) بخاري: ٣٨٠ ، ٧٢٧ ، ٨٦٠ ، ٨٧١ ، ٨٧٤ ، ١١٦٨. مسلم: ١٤٩٨ — ١٤٩٩. أبو داود: ٦١٢. ترمذي: ٢٣٤. نسائي: ٨٠٠.

(١) سكت عنه المصنف والشارح (مترجم).

(٢) وقال في الثاني: وروى موقوفا، ولكن قال الحاكم: إن رفعه صحيح على شرط البخاري (شرحه).

٤٠٧- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ أَللهُ عَنْهَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قالَ: لاَ يَقْبَلُ اللّٰهُ صَلاَةَ حَائِضٍ إِلاَّ بِخِمَارٍ. رَوَاهُ أَبو دَاوُدَ والترمذي[٣].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (درودی خوای لەسەربێ) خودا نوێژی ژنی رەسیدە (باڵغ) بەبێ سەرپۆش و لەچكە گیرا ناكا (د/ت-س/ح).

٥٧) بە پێڵاوی پاكەوە نوێژ دروستە: (تجوز الصلاة في النعل الطّاهر)

٤٠٨- سُئِلَ أَنَسٌ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ): أَكَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُصَلِّي فِي نَعْلَيْهِ؟ قالَ: نَعَمْ. رَوَاهُ الخَمْسَةَ إلاَّ أبا داود[١].

لە ئەنەسیان پرسی (خوای لێ رازی بێ): ئایا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) بە پێڵاوەكانیەوە نوێژی دەكرد؟ گوتی: بەڵێ (ش/ت/ن).

٥٨) لەناو نوێژدا قسەی زۆرو كاری زۆر دروست نیە
ترك الكلام والفعل الكثيرين

٤٠٩- عَنْ زَيْدِ بْنِ أَرْقَمَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) قالَ: كُنَّا نَتَكَلَّمُ فِي الصَّلاَةِ يُكَلِّمُ أَلرَّجُلُ صَاحِبَهُ وَهُوَ إِلى جَنْبِهِ فِي أَلصَّلاَةِ حَتّى نَزَلَتْ وَقُومُوا لِلّٰهِ قَانِتِينَ، فَأُمِرْنَا بِالسُّكُوتِ وَنُهِينَا عَنِ الْكَلاَمِ. رَوَاهُ أَلْخَمْسَةَ[١].

زەیدی كوڕی ئەرقەم (خوای لێ رازی بێ) گوتی: ئێمە لە پێشدا لەناو نوێژدا قسەمان لەگەڵ یەكتردا دەكرد، تا ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە كە دەفەرموێ: {وَقُومُواْ لِلّهِ قَانِتِينَ - ٢/٢٣٨}.

واتە: لە نوێژدا بە سەركزی و بەمل كەچی راوەستن و دەم بەیادو ذیكری خودابن و قسەی دنیایی مەكەن ئیتر فەرمانمان پێ كرا بە خامۆشی و قسەكردنمان لێ قەدەغەكرا (ش/د/ت/ن).

---

(٣) بسند حسن (شرحه).

(١) بخاري: ٣٨٦ ، ٥٨٥٠. مسلم: ١٢٣٦ ، ١٢٣٧. ترمذي: ٤٠٠. نسائي: ٧٧٤.

(١) بخاري: ١٢٠٠ ، ٤٥٣٤. مسلم: ١٢٠٣. أبو داود: ٩٤٩. ترمذي: ٤٠٥ ، ٢٩٨٦. نسائي: ١٢١٨.

٤١٠- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) قالَ: كُنَّا نُسَلِّمُ عَلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ فِي الصَّلاَةِ فَيَرُدُّ عَلَيْنَا، فَلَمَّا رَجَعْنَا مِنْ عِنْدِ النَّجَاشِيِّ سَلَّمْنَا عَلَيْهِ فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيْنَا فَقُلْنَا يَا رَسُولَ اللهِ كُنَّا نُسَلِّمُ عَلَيْكَ فَتَرُدُّ عَلَيْنَا فَقالَ: إنَّ فِي الصَّلاَةِ شُغْلاً. رَوَاهُ الشيخان[٢].

عەبدوڵڵا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لەپێشدا لەناو نوێژدا سڵاومان لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەكرد، ئەویش سڵاوەكەی دەسەندینەوە تا ئەوكاتەی كە لەلای نەجاشی گەڕاینەوە، ئیتر كە سڵاومان لێ دەكرد سڵاوەكەی نەدەسەندینەوە، جا عەرزمانكرد: ئەی پێغەمبەری خودا! جاران كە لەناو نوێژدا سڵاومان لێ دەكردیت وەڕامی سڵاوەكەت دەدایەوە كەچی ئێستە وەڵامی نادەیتەوە هۆی ئەمەچییە؟ فەرمووی: بەڕاستی نوێژ خەریكبوونی گەرەكەو لە نوێژدا دەبێ هەر خەریكی نوێژەكە بی و بەس (ش).

٤١١- وَلِمُسْلِمٍ وَأبي دَاوُدَ وَأحمد: إنَّ هَذِهِ الصَّلاَةَ لاَ يَصْلُحُ فِيهَا شَيْءٌ مِنْ كَلاَمِ النَّاسِ هَذَا إِنَّمَا هُوَ التَّسْبِيحُ وَالتَّكْبِيرُ وَقِرَاءَةُ الْقُرْآنِ أَوْ كَمَا قالَ: (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)[٣].

گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بەڕاستی ئەم نوێژە بەكەڵكی قسەی دنیایی نایێ، چونكە نوێژ دەبێ هەر برێتیی بێ لە تەسبیحات و ئەڵلاهو ئەكبەر كردن و باسی ستایش و گەورەیی خودا كردن و قورئان خوێندن گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) یا ئاوای فەرموو، یا فەرمایشتێكی لەم بابەتەی فەرموو (م/د/ئەحمەد).

٤١٢- عَنْ مُعَيْقِبٍ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: ذَكَرَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الْمَسْحَ فِي الْمَسْجِدِ يَعْنِي الْحصَى قَالَ: إنْ كُنْتَ لاَ بُدَّ فَاعِلاً فَمَرَّةً وَاحِدَةً. رَوَاهُ الخمسة[٤].

---

(٢) بخاري: ١١٩٩ ، ١٢١٦ ، ٣٨٧٥. مسلم: ١٢٠١. ١٢٠٢. أبو داود: ٩٢٣.

(٣) مسلم: ١١٩٩ ، ٥٧٧٤. أبو داود : ٩٣٠ ، ٣٢٨٢ ، ٣٩٠٩. نسائي: ١٢١٧.

(٤) بخاري: ١٢٠٧. مسلم: ١٢١٩ ، ١٢٢٠. أبو داود: ٩٤٦. ترمذي: ٣٧٩. نسائي: ١١٩١.

موعـەیقیب (خـوای لێ ڕازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەربێ) باسـی تـەختکرنی قۆقزایی و ڕێکخستنی زیخ و چەوو گڵمتکی شوێن سوژدەی بۆ کردین فـەرمووی: ئەگـەر هـەر ناچار بوون شتی وابکـەن بـە یـەکجار تـەواوی بکەن! (ش/د/ت/ن).

٤١٣- وَلأَسحاب السنن: إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ إِلَى الصَّلاَةِ فَإِنَّ الرَّحْمَةَ تُوَاجِهُـهُ فَلاَ يَمْسَحِ الْحَصى[٥].

گوتی پێغەمبەر: دەفەرموێ (درودی خوای لەسەربێ): کاتێ ئێوە هەڵدەستن بۆ نوێژ ئیتر دەرگای ڕەحمەتی خۆداتان لێ دەکرێتـەوەو خـودا ڕووی ڕەحمـەتتان تێ دەکاو ئەو زاتە مەزنە گوفتوگۆتان لەگەڵ دەکا کەوابوو ئیتر ئێوەش بەپێی ئەومەقامە ڕەفتار بکـەن و زۆر سـەلارو بـە نەزاکـەت بن و خۆتـان بەڕێکخستنی زیخ و چەوەوە خەریك مەکەن (د/ت/ن-س/ح).

٥٩) باسی چوارەم: باسی ئەو شتانەی کە لەپێش نوێژدا کردنیان سوننەتە. (ئەم باسە سێ بەشە):

بەشی یەکەم: باسی بانگ و قامەت

الباب الرابع: في سنن الصلاة المتقدمة، (وفيه فصول ثلاثة):

الفصل الأول: في الاذان والاقامة

قَالَ اللهُ تَعالى: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِي لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ - ٦٢/٩}.

واتە: ئەی کەسانێ باوەڕتان بەخوداو پێغەمبەری خودا کردووە! کاتێ بانگ درا بـۆ نوێـژی جومعـە لـە ڕۆژی هەینیدا بـەرزوویی بڕۆن بـەلای نوێـژو ذیکری خوداوەو واز لە کڕین و فرۆشتن و سـەوداو مامەڵـە بێنن، ئەگـەر بزانن ئەمە بۆ ئێوە گەلێ باشترە لەوشتانە.

وَقَالَ تَعالى: {وَإِذَا نَادَيْتُمْ إِلَى الصَّلاَةِ اتَّخَذُوهَا هُزُوًا وَلَعِبًا - ٥/٥٨}.

---

(٥) رواه أصحاب السنن بسند حسن (شرحه).

واتــە: ئێـوە كاتـێ بـانگ دەدەنو موسـوڵمانان بـانگ دەكـەن بـێن بـۆ نوێژكردن، ناحەزان ئەو نوێژە یا ئەو بانگدانی ئێوەیە دەكەن بە گاڵتەو كەپ.

٤١٤- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا نُودِيَ لِلصَّلاَةِ أَدْبَرَ الشَّيْطَانُ وَلَهُ ضُرَاطٌ حَتَّى لاَ يَسْمَعَ التَّأْذِينَ، فَإِذَا قَضَى والنِّدَاءَ أَقْبَلَ، حَتَّى إِذَا ثُوِّبَ بِالصَّلاَةِ أَدْبَرَ، حَتَّى إِذَا قَضَى التَّثْوِيبَ أَقْبَلَ حَتَّى يَخْطُرَ بَيْنَ الْمَرْءِ وَنَفْسِهِ، يَقُولُ لَهُ اذْكُرْ كَذَا، وَاذْكُرْ كَذَا. مِمَّا لَمْ يَكُنْ يَذْكُرُ، حَتَّى يَظَلَّ الرَّجُلُ مَا يَدْرِي كَمْ صَلَّى. رَوَاهُ الْخَمْسَةَ إِلاَّ الترمذي[1].

ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) دەفەرموێ: كاتێ بانگ دەدرێ بۆ نوێژ شەیتان هەڵدەتۆڕینێو جرت لێ دەدا، تا گوێی لەبانگەكە نەبێ، جا كاتێ بانگەكە تەواو دەبێ دیسان دێتەوە تا قامەت دەكرێ بۆ نوێژ، ئەوجا دووبارە هەڵ دەتۆڕێنێتەوە، كە قامەت تەواو دەبێ، دیسان دێتەوە دەچێتە بنكلێشەی پیاوەوەو پێی دەڵێ: بیر لەمە بكەرەوەو بیر لەوە بكەرەوە، وە ئەوشتانەی وەبیر دێنێتەوە كە لەوەپێش لەبیری نەبوون، هەتا بەڕادەیەكی وا دڵی بێ ئاگا دەكا كە نازانێ چەن ركات نوێژ دەكا (ش/د/ن).

٤١٥- وَلِمُسْلِمٍ: (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ): إِنَّ الشَّيْطَانَ إِذَا سَمِعَ النِّدَاءَ بِالصَّلاَةِ ذَهَبَ حَتَّى يَكُونَ مَكَانَ الرَّوْحَاءِ[2].

گـوتی: دەفـەرموێ (درروودی خوای لەسەربێ): كاتـێ شـەیتان كـە دەبیسـتێ وا بانگ دەدرێ بۆ نوێژ لەو ناوە هەڵدێو لێرەوە تا رەوحا دوور دەكەوێتەوە (م).

٤١٦- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ أَبِي صَعْصَعَةَ أَنَّ أَبَا سَعِيدٍ الْخُدْرِيَّ (رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُمَا) قَالَ: لَهُ: إِنِّي أَرَاكَ تُحِبُّ الْغَنَمَ وَالْبَادِيَةَ، فَإِذَا كُنْتَ فِي غَنَمِكَ أَوْ بَادِيَتِكَ فَأَذَّنْتَ بِالصَّلاَةِ فَارْفَعْ صَوْتَكَ بِالنِّدَاءِ، فَإِنَّهُ لاَ يَسْمَعُ مَدَى صَوْتِ الْمُؤَذِّنِ

---

(١) بخاري: ١٢٣١ ، مسلم: ١٣٦٧. نسائي: ١٢٥٢.

(٢) مسلم: ٨٥٢.

جِنٌّ وَلاَ إِنْسٌ وَلاَ شَيْءٌ إِلاَّ شَهِدَ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ. قَالَ: أَبُو سَعِيدٍ سَمِعْتُهُ مِنْ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). رَوَاهُ البخاري والنسائي[٣].

عەبدوڵڵای كوڕی عبدالرحمن كوڕی صەعصەعە گوتی: ئەبو سەعیدی خودی (خوای لێ رازی بێ) پێی گوتم: دەتبینم تۆ حەزت لە ماڵاتو مەڕداریو دەشتە، جا هەر كاتێ لەناو مەڕو ماڵاتەكەتا بوویتو بانگتدا، یا لەو دەشتە بوویتو بانگتدا، تەواو دەنگ لە بانگەكە هەڵبڕە، چونكە هەرچی لە قەرەی دەنگی بانگدەر دەیبیێو گوێی لێبێ، خوا جنۆكە بێ، خوا مرۆڤ بێ، خوا شتی تر بێ، لە رۆژی قیامەتدا ئەو شایەتییەی بۆ دەدا. ئەبو سەعید (خوای لێ رازی بێ) گوتی: ئەم فەرمایشتەم لە پێغەمبەر بۆ خۆی (دروودی خوای لەسەربێ) بیستووە وە ئەمە فەرموودەی ئەوەو قسەی من نیە (ب/ن).

٤١٧- عِنْ مُعَاوِيَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الْمُؤَذِّنُونَ أَطْوَلُ النَّاسِ أَعْنَاقًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ. رَوَاهُ مسلم وأحمد[٤].

موعاوییە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: لە رۆژی قیامەتدا بانگدەران لە هەموو كەس گەردنیان بەرز ترە (م/ئەحمەد).

٤١٨- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الإِمَامُ ضَامِنٌ وَالْمُؤَذِّنُ مُؤْتَمنٌ اللَّهُمَ أَرْشِدِ الأَئِمَةَ وَأغِفِرِ لِلْمُؤَذِّنِينَ. رَوَاهُ أبو داود والشافعي والترمذي[٥].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: پێشنوێژ دەستبەرە واتە: زامنی نوێژی پاشنوێژ (مەئمووم)ەكانەو دەشێ لە مەرجو بەندی نوێژەكەدا درێغی نەكا، وە بانگدەریش ئەمیندارەو خەڵك باوەڕی پێ دەكەن بۆ نوێژو رۆژوویان كەوابوو دەبێ رێك لەكاتی خۆیا بانگبدا، ئەگینا

(٣) بخاري: ٦٠٩.

(٤) مسلم: ٨٥٠.

(٥) بسند صحيح (شرحه).

ئۆباڵی خەڵکەکەی بە ئەستۆیە. ئەی خودایە! فرسەتی پێشنوێژ خوێنەکان بدەو لە باندەرەکانیش خۆشبە (د/شافیعی/ت-س/ص).

٤١٩- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الْمُؤَذِّنُ يُغْفَرُ لَهُ مَدَى صَوْتِهِ وَيَشْهَدُ لَهُ كُلُّ رَطْبٍ وَيَابِسٍ. رواه أبو داود والنسائي. وزاد في رواية: وَلَهُ مِثْلُ أَجْرِ مَنْ صَلَّى مَعَهُ[٦].

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: بانگدەر چەنێ دەنگی بڕ بکا پڕئەوە خودا لە تاوانی خۆش دەبێ، وە ئەوەی لە قەرەی دەنگی ئەوابێ، چ تەڕ چ وشك لە قیامەتا شایەتی بۆ دەدا (د/سند صالح-ن) لە گێڕانەوەیێکا ئەمەشی لێ پتر کردووە: وە بەقەد خێری ئەو کەسانەیش کە بەبانگی ئەو نوێژ دەکەن خێری تری بۆ هەیە (چونکە خێرکەرو خێرنیشاندەر چون یەکەن)!.

٦٠) ڕوونکردنەوەی بانگو قامەت: (بيان الآذان والإقامة)

٤٢٠- عَنْ أَبِي مَحْذُورَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَّمَهُ الأَذَانَ تِسْعَ عَشْرَةَ كَلِمَةً وَالإِقَامَةَ سَبْعَ عَشْرَةَ كَلِمَةً الأَذَانُ: اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ. زَادَ فِي رِوَايَةٍ: تَرْفَعُ بِهَا صَوْتَكَ ثُمَّ تَقُولُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ. زَادَ فِي رِوَايَة: تَخْفِضُ بِهَا صَوْتَكَ ثُمَّ تَرْفَعُ صَوْتَكَ بِالشَّهَادَةِ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ فَإِنْ كَانَ صَلاَةَ الصُّبْحِ قُلْتَ: الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ الصَّلاَةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْمِ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ. وَالإِقَامَةُ: اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ اللَّهُ أَكْبَرُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ

---

(٦) رواه أبو داود بسند صالح (شرحه).

اللّٰهِ حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ قَدْ قَامَتِ الصَّلاَةُ قَدْ قَامَتِ الصَّلاَةُ اللّٰهُ أَكْبَرُ اللّٰهُ أَكْبَرُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ. رَوَاهُ الخمسة إلا البخاريَّ. وفي رواية في الإِقَامَةِ: اللّٰهُ أَكْبَرُ اللّٰهُ أَكْبَرُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰهِ حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ حَيَّ عَلَى الْفَلاَحِ قَدْ قَامَتِ الصَّلاَةُ قَدْ قَامَتِ الصَّلاَةُ اللّٰهُ أَكْبَرُ اللّٰهُ أَكْبَرُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ(١).

لە ئەبو مەحزوورەوە (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **بانگی فێرکردم، نۆزدە وشەبوو، قامەتیشی فێرکردم حەڤدە وشەبوو، بانگ ئەمەیە:**

{اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرْ اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكبَر}.

لە گێڕنەوەیەکا ئەمەی زیاترە: دەنگی خۆتیان لێ هەڵبڕە، ئینجا دەڵێیت:

{أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ أَشْهدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسول الله}:

لە گێڕانەوەیەکا ئەمەی زیاتر کردووە: لەژێر لێوەوە ئەم وشانە بڵێ، ئینجا بە دەنگی بەرز وشەکانی شایەتمان بڵێرەوەو بڵێ:

{أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ أَشْهدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسول الله، حَيَّ عَلى الصَّلاةِحَيَّ عَلى الصلاةِ حَيَّ عَلى الفَلاحِ حَي عَلى الفَلاحِ}.

ئەگەر بۆ نوێژی بەیانی بانگت دەدا بشڵێ:

{الصَّلاَة خَيْرٌ مِنَ النَّوْم الصَّلاةُ خَيْرٌ مِنَ النَّوْم اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَر لا إِلهَ الاَّ اللهُ).

قامەتیش ئەمەیە:

{اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ أَشْهدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسول الله حَيَّ عَلى الصَّلاةِحَيَّ

---

(١) مسلم: ٤٨٠. أبو داود: ٥٠٠ ، ٥٠١ ، ٥٠٣ ، ٥٠٥. ترمذي: ١٩١ ، ١٩٢. نسائي: ٦٢٨ ، ٦٢٩ ، ٦٣٠ ، ٦٣٣.

عَلى الصلاةِ حَيَّ عَلى الْفَّلاحِ حَي عَلى الْفَلاحِ قَدْ قَامَتِ الصَّلاةُ قَدْ قَامَتِ الصَّلاةُ اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ لا إِلهَ إِلاَّ اللَهْ}.

(م/د/ت/ن) لە گێڕانەوەیەكا: قامەت بەم جۆرەیە:

{اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ حَيَّ عَلى الصَّلاةِ حَيَّ عَلى الْفَّلاحِ قَدْ قَامَتِ الصَّلاةُ قَدْ قَامَتِ الصَّلاةُ اللهُ أَكْبَرُ اللهُ أَكْبَرُ لا إِلهَ إِلاَّ اللهُ}.

٤٢١- عَنْ أَنَسٍ قَالَ: أُمِرَ بِلاَلٌ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُماَ) أَنْ يَشْفَعَ الأَذَانَ وَيُوتِرَ الإِقَامَةَ إِلاَّ الإِقَامَةَ. رَوَاهُ الخمسة[٢].

ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمانی بە بیلال كرد (خوای لێ ڕازی بێ) كە وتەكانی بانگ جووتە جووتە بڵێ، وە وتەكانی قامەت بەتاك بڵێ، وتەی: {قَدْ قَامَتِ الصَّلاةُ}

نەبێ بەڵام ئەم وتەیە لە قامەتدا جووتێ جار بڵێ: (ش/د/ت/ن).

٦١) ئەوەی لە بانگدا پەسەندە: (المستحب للآذان)

٤٢٢- عَنْ عُثْمَانَ بْنِ أَبِي الْعَاصِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: يَا رَسُولَ اللّٰهِ اجْعَلْنِي إِمَامَ قَوْمِي. قَالَ: أَنْتَ إِمَامُهُمْ وَاقْتَدِ بِأَضْعَفِهِمْ وَاتَّخِذْ مُؤَذِّنًا لاَ يَأْخُذُ عَلَى أَذَانِهِ أَجْرًا. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ البخاريَّ[١].

عوسمانی كوڕی ئەبو لعاص (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! بمكە بە پێشنوێژی خزمەكانم؟ فەرمووی: تۆ پێشنوێژیانی وە لەكاتی نوێژكردندا چاوت لە هەرە زەبوونەكەیان بێ ئاگات لە حاڵی بێ و نەكەی بە بەرنوێژیی دوورو درێژ ئەوەندەی تر ماندوو بێ تاقەتی بكەی! وە

(٢) بخاري: ٦٠٣، ٦٠٥، ٦٠٦، ٦٠٧، ٣٤٥٧. مسلم: ٨٣٦، أبو داود: ٥٠٨، ٥٠٩. ترمذي: ١٩٣. نسائي: ٦٢٦.

(١) مسلم: ١٠٥٠.

بانگدەرەێکیش دابنێ کە لەباتی بانگ دانەکەی مووچە وەرنەگرێ (ئیمامی موسلیم و ئەبو داوودو تیرمیذی و نەسائی ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە).

٤٢٣- عَنْ زِيَادِ بْنِ الْحَارِثِ الصُّدَائِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أَمَرَنِي رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِنْ أُوَذِّنَ فِي صَلاَةِ الْفَجْرِ فَأَذَّنْتُ فَأَرَادَ بِلاَلٌ أَنْ يُقِيمَ فَقَالَ: رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنَّ أَخَا صُدَاءٍ قَدْ أَذَّنَ وَمَنْ أَذَّنَ فَهُوَ يُقِيمُ. رَوَاهُ الترمذي وأبو داود[٢].

زیادی کوڕی حاریثی صودائی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بەمنی فەرموو کە بۆنوێژی بەیانی بانگ بدەم، جا کە بانگمدا بیلال ویستی قامەت بکا، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: کاکەی صودائی بانگیدا، کێش بانگ بدا هەر ئەو خۆشی قامەت دەکا! (ت/د-سند ضعیف)؟

٤٢٤- عَنِ امْرَأَةٍ مِنْ بَنِي النَّجَّارِ قَالَتْ: كَانَ بَيْتِي مِنْ أَطْوَلِ بَيْتٍ حَوْلَ الْمَسْجِدِ وَكَانَ بِلاَلٌ يُؤَذِّنُ عَلَيْهِ الْفَجْرَ. رَوَاهُ أبو داود[٣].

ئافرەتێکی بەنی نەجاری گوتی: خانووەکەی من لە هەموو خانووەکانی تری دەوری مزگەوتەکەی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) بەرزتر بوو، لەبەر ئەوە جاران بیلال بانگی بەیانیی لەسەر دەدا (د-سند صالح).

٤٢٥- عَنْ أَبِي جُحَيْفَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: رَأَيْتُ بِلاَلاً يُؤَذِّنُ وَيَدُورُ وَيُتْبِعُ فَاهُ هَا هُنَا وَهَا هُنَا وَإِصْبَعَاهُ فِي أُذُنَيْهِ وَرَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي قُبَّةٍ لَهُ حَمْرَاءَ، مِنْ أَدَمٍ فَخَرَجَ بِلاَلٌ بَيْنَ يَدَيْهِ بِالْعَنَزَةِ فَرَكَزَهَا بِالْبَطْحَاءِ فَصَلَّى إِلَيْهَا رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَمُرُّ بَيْنَ يَدَيْهِ الْكَلْبُ وَالْحِمَارُ وَعَلَيْهِ حُلَّةٌ حَمْرَاءُ كَأَنِّي أَنْظُرُ إِلَى بَرِيقِ سَاقَيْهِ. وَفِي رواية: فَلَمَّا بَلَغَ حَيَّ عَلَى الصَّلاَةِ حَيَّ عَلىَ الْفَلاحِ لَوَى عُنُقَهُ يَمِيناً وَشِمَالاً وَلَمْ يَسْتَدِر. رَوَاهُ الخمسة واللفظ للترمذي[٤].

---

(٢) بسند ضعيف (شرحه).

(٣) بسند صالح (شرحه).

(٤) بخاري: ٣٧٦ ، ٥٧٨٦ ، ٥٨٥٩. مسلم: ١١٢٠.

ئـەبو جوحەيفـە (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: بـيلالم دی بـانگی دەدا، بـەدەم بانگدانەكەوە دەخولايەوەو ئەم لاولای دەكردو دەمی خۆی بە راستو بە چەپا دەسووڕاند، وە دوو پەنجەی خۆشی نابوونە ناو هەردوو كونەگوێی خۆی تا دەنگی تەواو بە هێزبێ و بەهەر چوارلادا بگا لەو كاتەدا پێغەمبەریش (درودی خودای لەسەربێ) لەناو چادرێكی سووری چەرمينا بوو كەهی خۆی بوو، ئينجا بيلال لەبەر دەميەوە رۆيشت، نێزەيەكی پێ بوو لە زيخەلانەكەی بەطحادا دای چەقاند كردی بە بەربەست (سوترە) بۆ نوێژەكە، جا پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) بەرەو ئەو نێزەيە نوێژی دابەست، ئيتر لەو ديو نێزەكەوە، سەگو كەرو ئاژەڵو ماڵاتو خەڵك بە بەرنوێژەكەيدا ئامووشۆيان دەكردو قەدەغە نەدەكران، پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) لەوكاتەدا دەستێ جلی سووری لەبەردابوو زۆر باش لەيادمە، دەڵێی ئيستايە، بريقەی لاقەكانيم هەر لەبەر چاوە!! لە گێڕانەوەيەكدا: كە بيلال لە بانگەكەدا كاتێ گەيشتە سەر {حَيَّ عَلَىَ ألـصَّلاة} ئەستۆی خۆی بەلای راستا بادا، وە كاتێ گەيشتە سەر {حَيَّ عَلَىَ ألفَـلاحْ} ئەستۆی خۆی بەلای چەپا بادا، بەڵام سينگی نەدەسووڕانەوە لەگەڵيا (ت/ش/د/ن).

٤٢٦- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لِبِلاَلٍ: يَا بِلاَلُ إِذَا أَذَّنْتَ فَتَرَسَّلْ فِي أَذَانِكَ وَإِذَا أَقَمْتَ فَاحْدُرْ وَاجْعَلْ بَيْنَ أَذَانِكَ وَإِقَامَتِكَ قَدْرَ مَا يَفْرُغُ الآكِلُ مِنْ أَكْلِهِ وَالشَّارِبُ مِنْ شُرْبِهِ وَالْمُعْتَصِرُ إِذَا دَخَلَ لِقَضَاءِ حَاجَتِهِ. رَوَاهُ الترمذي[٥].

جابير (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) بـە بـيلالی فەرموو: ئەی بيلال! كە بانگ دەدەيت لە سەرخۆ بە شێنەيی بانگ بدەو پەلەی لێ مەكە، بەڵام قامەت بە گورجی تێپەڕێنە، وە ئەوەندەيش بەينی بانگو قامەت بخە كە نانخۆر لە خواردنەكەی ببێتەوەو ئاو خۆر لە خواردنەوەكەی ببێتەوەو تەنگاو كە بچێ بۆ سەراو لە سەراوەكەی ببێتەوە (تەرمەزی-سند ضعيف).

---

(٥) بسند ضعيف (شرحه).

٦٢) دەشێ مزگەوت دوو بانگدەری هەبێ: (ينبغي مؤذنان للمسجد)

٤٢٧- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: كَانَ لِرَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مُؤَذِّنَانِ بِلاَلٌ وَابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ الأَعْمَى. رَوَاهُ مُسْلِم(١).

ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: جاران پێغەمبەر** (دروودی خودای لەسەربێ) **دوو بانگدەری هەبوو: یەكێكیان بیلال بوو وە ئەوی تریان ئیبنو ئومی مەكتووم بوو كە پیاوێكی كوێربوو (م).**

٤٢٨- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ بِلاَلاً يُؤَذِّنُ بِلَيْلٍ، فَكُلُوا وَاشْرَبُوا حَتَّى يُنَادِيَ ابْنُ أُمِّ مَكْتُومٍ. رَوَاهُ الخمسة. وَزَادَ الْبُخَارِي قَالَ: وَكَانَ رَجُلاً أَعْمَى لاَ يُنَادِي حَتَّى يُقَالَ: لَهُ أَصْبَحْتَ أَصْبَحْتَ(٢).

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) **فەرمووی: بیلال شەوی دەمێنێ كە بانگی بەیانی دەدا هەتا ئاگادارتان بكاتەوە تا خۆتان ئامادە بكەن، كەوابوو بخۆن و بخۆنەوە هەتا ئیبنو ئومی مەكتووم بانگ دەدا (ش/د/ت/ن) بوخاری** (پڕ گۆڕەكەی لە نووربێ) **ئەمەشی لێ زیاكردووە: گوتی: ئیبنو ئومی مەكتوومیش پیاوێكی كوێربوو، بانگی نەدەدا تا لەگشت لایەكەوە پێیان دەگوت: رۆژی رووناكە بانگدە - رۆژی رووناكە بانگدە!**

٦٣) كەسێ گوێی لە بانگ بێ چی باشە كە بیكا: (ما يستحب لسامع الآذان)

٤٢٩- عَنْ أَبِي سَعِيد (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) أَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا سَمِعْتُمُ النِّدَاءَ فَقُولُوا مِثْلَ مَا يَقُولُ الْمُؤَذِّنُ. رَوَاهُ الخمسة. وَزَادَ غَيْرَ البخاريُّ: ثُمَّ صَلُّوا عَلَيَّ فَإِنَّهُ مَنْ صَلَّى عَلَيَّ صَلاَةً صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ بِهَا عَشْرًا ثُمَّ سَلُوا الله لِيَ الْوَسِيلَةَ فَإِنَّهَا مَنْزِلَةٌ فِي الْجَنَّةِ لاَ تَنْبَغِي إِلاَّ لِعَبْدٍ مِنْ عِبَادِ اللَّهِ وَأَرْجُو أَنْ أَكُونَ أَنَا هُوَ فَمَنْ سَأَلَ الله لِيَ الْوَسِيلَةَ حَلَّتْ لَهُ الشَّفَاعَةُ(١).

---

(١) مسلم: ٨٤١.

(٢) بخاري: ٦١٧ ، ٦٢٠ ، ٦٢٣ ، ١٩١٨ ، ٢٦٥٦ ، ٧٢٤٨. مسلم: ٢٥٣١ – ٢٥٣٥. ترمذي: ٢٠٣. نسائي: ٦٣٧.

(١) بخاري: ٦١١. مسلم: ٨٤٧. أبو داود: ٥٢٣. ترمذي. ٣٦١٤. نسائي: ٦٧٧.

ئەبو سەعیدی خودری (خوای لێ رازی بێ) گوتی: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: کاتێ گوێتان لە بانگ دەبێ بانگدەر چ دەڵێ ئێوەش ئەوە بڵێنەوە (ش/د/ت/ن) بوخاری لێ دەرچێ ئەو چوار پێشەواکانی تر ئەمەشیان لێ زیاد کردووە: لەپاشا صەڵاوات لە دیاری من بدەن، چونکە ئەوەی یەك صەڵاوات لەسەر من بدا خودای گەورە لە باتی ئەوە دە رەحمەت دەرێژێ بەسەریدا، لەپاش ئەوەیش داوای پایەی (الوسیلە)م لە خودا بۆ بکەن، کە یەکێکە لە پایە هەرە بەرزەکانی بەهەشت، دانراوە بۆ بەندەیەکی باش لە بەندە هەرە باشەکانی خودا وە بۆ ئەو نەبێ بۆ کەسی تر دەست نادا، وە من ئومێد دەکەم‌و هیوام هەیە کە خۆم ئەو بەندەیەبم، جا ئەوەیش بزانن ئەو کەسەی کە داوای ئەم پایەی ئەلوەسیلەیە لە خودا بکا بۆ من ئیتر تکاو شەفاعەتی منیش بۆ ئەو سەر دەگرێ‌و مسۆگەر دەبێ.

٤٣٠- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) اَنَّ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ قَالَ: حِينَ يَسْمَعُ النِّدَاءَ اللّٰهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ وَالصَّلَاةِ الْقَائِمَةِ آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِى وَعَدْتَهُ إِلاَّ حَلَّتْ لَهُ الشَّفَاعَةُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ. رَوَاهُ الخمسة إلاّ مسلماً[٢].

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر کەسێ لەکاتی بیستنی بانگدا بڵێ:

اللّٰهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ وَالصَّلَاةِ الْقَائِمَةِ آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِى وَعَدْتَهُ.

ئەی خودایە! ئەی خاوەندی ئەم بانگەوازی تەواوە! ئەی پەروەردگاری ئەم نوێژە دابەستراوە! ببەخشە بە موحەممەد پایەی هەرە بەرزی ئەلوەسیلەو پلەی هەرە گەورەی ئەلفەضیلە، وە بی بەرە ئەوبارەگا پەسەندەی کە خۆت بەڵێنت پێی داوەو رەوانەی ئەوێی بکە کە مەقامی

---

(٢) بخاري: ٦١٤ ، ٤٧١٩.

شەفاعەتی گەورەیە هەر کەسێ لەو کاتەدا ئەمە بڵێ، لە ڕۆژی قیامەتا تکای من بۆ ئەو قەبووڵ دەبێ (ب/د/ت/ن).

٤٣١– عَنْ سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ قَالَ: حِينَ يَسْمَعُ الْمُؤَذِّنَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ رَضِيتُ بِاللَّهِ رَبًّا وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولاً وَبِالإِسْلاَمِ دِينًا. غُفِرَ لَهُ ذَنْبُهُ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ البخاريَّ[٣].

سەعدی کوڕی ئەبو وەقاص (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەرکەسێ لەوکاتەدا کە بانگ دەبیستێ بڵێ:

{أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ رَضِيتُ بِاللَّهِ رَبًّا وَبِمُحَمَّدٍ رَسُولاً وَبِالإِسْلاَمِ دِينًا}.

شایەتی دەدەم کە هەر خودا خودایەو تاکو تەنیایەو هیچ هاوەڵو هاوبەشی نیە، وە هەروەها شایەتی دەدەم کە موحەممەد بەندەو پێغەمبەری ئەوە، یەزدانی پاکم بەخودا قوبووڵەو موحەممەدم بە پێغەمبەر قوبووڵەو ئیسلامم بەدینو ئایین قوبووڵە، هەر کەسێ لەوکاتەدا ئەمە بڵێ، خودا لە گوناهی خۆش دەبێ (م/د/ت/ن).

٤٣٢– وَلِمُسْلِمٍ وَأَبِي دَاوُدَ: مَنْ قَالَ: مِثْلَ مَا يَقُولُ الْمُؤَذِّنُ إِلاَّ فِي الْحَيْعَلَتَيْنِ فَقَالَ: لاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللهِ مِنْ قَلْبِهِ دَخَلَ الْجَنَّةَ[٤].

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەرکەسێ کە بانگدەر بانگ دەدا چی دەڵێ: ئەویش وشە بەوشە لە شوێن ئەوەوە گوتەکەی ئەو بەزمان بڵێتەوەو بە دڵیش باوەڕی پێی هەبێ دەچێتە بەهەشت! بەڵام لە وشەی (حَيَّ عَلَىَ الصَّلاة)ی و (حَيَّ عَلَىَ الفَلاحْ)یدا وەك بانگدەر نەڵێ، بەڵکوو لەکاتی ژنەوتنی ئەم دوو وشەیەدا بڵێ: (لا حَوْلَ وَلاَ قُوَّةُ) هێزو تەوانایێ هەر بەدەستی خودا خۆیەتیو بەس. (م/د) (بەر ڕەحمەتی خودای گەورە کەون).

---

(٣) مسلم: ٨٤٩. أبو داود: ٥٢٥. ترمذي: ٢١٠. نسائي: ٦٧٨.

(٤) مسلم: ٨٤٨. أب٢٧و داود: ٥٢٧.

٤٣٣- وَشَرَعَ بِلاَلٌ فِي الإِقَامَةِ فَلَمَّا أَنْ قَالَ: قَدْ قَامَتِ الصَّلاَةُ قَالَ: النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): أَقَامَهَا وَأَدَامَهَا وَقَالَ: فِي سَائِرِ الإِقَامَةِ كَالأَذَانِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٥].

بیلال (خوای لێ رازی بێ) دەستی كرد بەقامەتكردن كە گەیشتەسەر وشەی: (قَدْ قَامَتِ الصَّلاَةُ) پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: (أَقَامَهَا اللهُ وَأَدَامَهَا) خودا ئەم نوێژەیە پایەدار بكاو تاسەر رایبگرێ بەڵام لە وشەكانی تری قامەتدا هەمان وشەی دووبارە دەكردەوە كە بیلال دەیگوتن، دەق وەك وەڵام سەندنەوەی بانگ (د- سند صالح).

٦٤) دووعاو نزای نێوان بانگو قامەت گیرایە: (الدعاء بين الأذانين مقبول)

٤٣٤- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: لاَ يُرَدُّ الدُّعَاءُ بَيْنَ الأَذَانِ وَالإِقَامَةِ. رَوَاهُ أصحاب السنن[١].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (درودی خوای لەسەربێ): نزاو دووعا (لە ناوەندی بانگو قامەتدا) رەت نابێتەوە! (د/ت/ن-س/ح).

٤٣٥- وَقَالَ: رَجُلٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ الْمُؤَذِّنِينَ يَفْضُلُونَنَا. فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قُلْ كَمَا يَقُولُونَ فَإِذَا انْتَهَيْتَ فَسَلْ تُعْطَهْ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٢].

پیاوێ گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! بانگدەرەكان پێشمان كەوتوون چی بكەین دەیانگرینەوە؟ پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بانگدەرەكان كاتێ بانگ دەدەن هەرچی دەڵێن تۆیش لە دوا ئەوانەوە لەبەر خۆتەوە ئەوە بڵێرەوە جا كاتێ لە وەڵام سەندنەوەی بانگەكە بوویتەوە لەخودا داوا بكە داواكەت دێتە جێ (د- سند صالح).

---

(٥) بسند صالح (شرحه).

(١) بسند حسن (شرحه).

(٢) بسند صالح (شرحه).

٤٣٦- عَنْ أَبِي ٱلشَّعْثَاءِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ): قَالَ: كُنَّا مَعَ أَبِي هُرَيْرَةَ فِي ٱلْمَسْجِدِ فَخَرَجَ رَجُلٌ حِيْنَ أَذَّنَ ٱلْمُؤَذِّنُ لِلْعَصْرِ، فَقَالَ: أَبُوْ هُرَيْرَةَ: أَمَّا هَذَا فَقَدْ عَصى أَبا ٱلْقَاسِمِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاري[٣].

ئەبو شەعثاء (خوای لێ رازی بێ) گوتی: رۆژێ (لەمزگەوت) لەلای ئەبو هورەیرە بووین، لەوكاتەدا كە بانگدەر بانگی دەدا بۆ نوێژی عەصر پیاوێ لە مزگەوتەكە دەرچووە دەرەوە، ئەبو هورەیرەش گوتی: بەڵێ ئەم پیاوە بەم دەرچوونی ناوەختە، بەم كردەوە ناشرینە لە فەرمانی پێغەمبەری خۆشەویست دەرچوو! (م/د/ت/ن).

٦٥) بەشی دووەم: باسی سیواك

الفصل الثاني: في السواك

٤٣٧- عَنْ حُذَيْفَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا قَامَ لِيَتَهَجَّدَ يَشُوصُ فَاهُ بِالسِّوَاكِ[١].

خوذەیفە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) كە شەو هەڵدەسا لەخەو بۆ شەونوێژكردن سیواكی لەدەمی رادەدا (ش/د/ن).

٤٣٨- عَنْ أَبِي مُوسى (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أَتَيْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَوَجَدْتُهُ يَسْتَنُّ بِسِوَاكٍ بِيَدِهِ يَقُولُ أُعْ أُعْ، وَالسِّوَاكُ فِي فِيهِ، كَأَنَّهُ يَتَهَوَّعُ. رَوَاهُمَا الخمسة إلاَّ الترمذي[٢].

ئەبو موسا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: چووم بۆ خزمەتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) سەیرم كرد سیواكێكی لە دەستایە سیواكی پێ دەكا، لەكاتی گێرانی سیواكەكە بەناو دەمیا ئەوەندە موبالەغەی تێدا دەكرد دەتگوت هێڵنج دەدا: دەیفەرموو: (ئوع – ئوع!) (ش/د/ن).

---

(٣) مسلم: ١٤٨٧، ١٤٨٨. أبو داود: ٥٣٦. ترمذي: ٢٠٤. نسائي: ٦٨٢، ٦٨٣٠.

(١) بخاري: ٢٤٥، ٨٨٩، ١١٣٦. مسلم: ٥٩٢. أبو داود: ٥٥. نسائي. طهارة: ٢، ١٦٢٠، ١٦٢١، ١٦٢٢، ١٦٢٣.

(٢) بخاري: ٢٤٤. مسلم: ٥٩١.

٤٣٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ): أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ مَعَ كُلِّ صَلاَةٍ. رَوَاهُ الخمسة[٣].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: نەبادا ئازارو زەحمەتی ئۆمەتم بدەم ئەگینا فەرمانم پێدەکردن کە بۆ هەموو نوێژێ سیواك بکەن (ش/د/ت/ن).

٤٤٠- عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لَوْلاَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمَّتِي لأَمَرْتُهُمْ بِالسِّوَاكِ عِنْدَ كُلِّ صَلاَةٍ وَلأَخَّرْتُ صَلاَةَ الْعِشَاءِ إِلَى ثُلُثِ اللَّيْلِ فَكَانَ زَيْدُ بْنُ خَالِدٍ يَشْهَدُ الصَّلَوَاتِ فِي الْمَسْجِدِ وَسِوَاكُهُ عَلَى أُذُنِهِ مَوْضِعَ الْقَلَمِ مِنْ أُذُنِ الْكَاتِبِ لاَ يَقُومُ إِلَى الصَّلاَةِ إِلاَّ اسْتَنَّ ثُمَّ رَدَّهُ إِلَى مَوْضِعِهِ. رَوَاهُ الترمذي وصاحباه[٤].

زەیدی کوڕی خالید (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: مەبادا ئازارو زەحمەتی ئۆمەتم بدەم ئەگینا فەرمانم پێ دەدان کە بۆ هەموو نوێژێ سیواك بکەن، وە نوێژی خەوتنانیش دوابخەن تا سێیەکی شەو دەڕوا، زەیدی کوڕی خالید خۆی دەستووری وابوو بۆ هەموو نوێژەکان دەهات بۆ مزگەوت، کە دەچوو بۆ مزگەوت سیواکەکەی لە پشت گوێچکەیەوە دادەنا: لەو شوێنەدا کە نووسەر لەپاڵ گوێچکەیدا قەڵەم دادەنێ، وە هەموو جارێ کە هەڵدەسایەوە بۆ نوێژ سیواکی پێ دەکردو دەینایەوە جێگەی خۆی (ت/د/ن-س/ص).

٤٤١- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: رَكْعَتَانِ بِالسِّوَاكِ أَفْضَلُ مَنْ سَبْعَيْنَ رَكْعَةً بِغَيْرِ سِوَاكٍ. رَوَاهُ أحمد والدار قطني[٥].

---

(٣) بخاري: ٨٨٧ ، ٧٢٤. مسلم: ٥٨٨. أبو داود: ٤٦. نسائي: ٥٣٣.

(٤) بسند صحيح (شرحه).

(٥) سكت عنه الشارح (مترجم)

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: دوو ركات نوێژ (لەگەڵ سییواكا) گەورەترن لەحەفتا ركات نوێژ كە بەبێ سیواك بكرێت (ئەحمەد/ درە قوطنی).

٤٤٢- (ب ١- ز - ٢٧ ژمارە/ ٢٢٣ ، ٢٢٤ ، ٢٢٥ ، ٢٢٦).

٦٦) باسی مێزەر: (العمامة)

٤٤٣- عَنْ عَمْرِو بْنِ حُرَيْثٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: رَأَيْتُ ألنَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلىَ ألْمِنْبَرِ وَعَلَيْهِ عَمَامَةٌ سَوْدَاءٌ قَدْ أَرْخـى طَرَفَهَـا بَـيْنَ كَتِفَيْـهِ. رَوَاهُ ألخمسة إلاَّ البخاريَّ.

عەمری كوڕی حورەیث (خوای لێ رازی بێ): گوتی: لەسەر دوانگە (مینبەر) پێغەمبەرم دی (دروودی خوای لەسەربێ) مێزەرێكی رەشی بەسەرەوە بوو، چمكەكەی بەناو شانیا شۆڕكردبووەوە (م/د/ت/ن).

٤٤٤- عَنْ أبْنِ عُمَرَ (رَضيَ أللهُ عَنْهُما) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إذَا اعْتَمَّ سَدَلَ عِمَامَتَهُ بَيْنَ كَتِفَيْهِ. قَالَ: نَافِعٌ: وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ يَسْدِلُ عِمَامَتَهُ بَيْنَ كَتِفَيْهِ. رَوَاهُ الترمذي[٢].

ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كە مێزەری دەبەستەوە لفكەكەی بەناو شانیا شۆڕدەكردەوە. نافیع گوتی: ئیبنو عومەریش لفكەی مێزەرەكەی بە ناوشانیا شۆڕ دەكردەوە (ش-س/ح).

٤٤٥- عَنْ جَابِرٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: رَكْعَتَانِ بِعَمَامَةٍ خَيْرٌ مَنْ سَبْعِينَ رَكْعَةً بِلاَ عِمَامَةٍ. رَوَاهُ الدَّيلميُّ[٣].

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: (دوو ركات نوێژ بە مێزەرەوە خێرترە لە حەفتا ركاتی بەبێ مێزەر (دەیلەمی).

---

(٢) بسند حسن (شرحه).

(٣) سكت عنه الشارح (مترجم).

٦٧) بەشی سێیەم: باسی بەربەست (سوترە)
الفصل الثاني: في السترة

٤٤٦- عَنْ سَهْلٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ بَيْنَ مُصَلَّى رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَبَيْنَ الْجِدَارِ مَمَرُّ الشَّاةِ. رَوَاهُ الثَّلَاثَة[1].

سەهل (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: نوێژگە (موصەللا) کەی پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **لە جێگەی پێکانیەوە تادیوارەکە (بەقەد گوزەرگای مەڕێك دەبوو) (ش/د).**

٤٤٧- عَنْ يَزِيد قَالَ: كَانَ سَلَمَةُ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) يَتَحَرَّى الصَّلَاةَ عِنْدَ الأُسْطُوَانَةِ الَّتِي عِنْدَ الْمُصْحَفِ فَقُلْتُ لَهُ: يَا أَبَا مُسْلِمٍ أَرَاكَ تَتَحَرَّى الصَّلَاةَ عِنْدَ هَذِهِ الأُسْطُوَانَةِ؟ قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَتَحَرَّى الصَّلَاةَ عِنْدَهَا. رَوَاهُ الشيخان[2].

یەزید (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: سەلەمە** (خوای لێ رازی بێ) **دەستووری وابوو لەلای کۆڵەکەکەی کن صندووقی قورئانەکەدا منەیی نوێژی دەکرد، منیش پێم گوت: ئەی ئەبو موسلیم! دەتبینم لەلای ئەم کۆڵەکەیەدا منەیی نوێژ دەکەی؟ گوتی: دیومە کە پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **لێرانەدا منەیی نوێژی دەکرد (ش).**

٤٤٨- عَنْ اْبنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يُرَكَزُ لَهُ الْحُرْبَةُ فَيُصَلِّي إِلَيْهَا. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي[3].

ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: جاران نێزەیەکیان دادەچەقاند بۆ پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **ئینجا بەرەو ئەو نێزەیە نوێژی دەکرد (ش/د/ن).**

---

(١) بخاري: ٤٩٦ ، ٧٣٣٤. مسلم: ١١٣٤. أبو داود: ٦٩٦.

(٢) بخاري: ٥٠٢. مسلم: ١١٣٥. أبو داود: ١٠٨٢.

(٣) بخاري: ٤٩٤. مسلم: ١١١٥. أبو داود: ٦٨٧.

٤٤٩ – وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يُعَرِّضُ رَاحِلَتَه فَيُصَلِّي إِلَيْهَا. رَوَاهُ الثلاثة[٤].

دیسان ئەو گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) وڵاخەکەی لەبەردەم خۆیا لەسەر لا درێژ دەکرد لەباتی بەربەست ئینجا بەرەو وڵاخەکە نوێژی دەکرد (ش/د).

٤٥٠ – وَقَالَتْ عَائِشَةُ (رَضِيَ اللهُ عَنهَا) سُئِلَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنْ سُتْرَةِ الْمُصَلِّي فَقَالَ: مِثْلُ مُؤَخِرَةُ الرَّحْلِ. رَوَاهُ مُسْلِم[٥].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پرسیار کرا لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ئەندازەی بەرزایی بەربەستی نوێژکەر (سترة المصلّي) چەن بێ باشە؟ فەرمووی: بەقەد قوتکەی دواوەی کۆپانە وشترێ! (م).

٤٥١ – عَنْ طَلْحَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا وَضَعَ أَحَدُكُمْ بَيْنَ يَدَيْهِ مِثْلَ مُؤْخِرَةِ الرَّحْلِ فَلْيُصَلِّ وَلاَ يُبَالِ مَنْ مَرَّ وَرَاءَ ذَلِكَ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَأَبُو دَاوُدَ الترمذي[٦].

طەلحە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەرکامێکتان شتێکی لەبەردەم نوێژەکەیدا دانا کە بەقەد کۆپارەی پاشەوەی کورتانە وشترێ بارستایی هەبێ ئیتر با نوێژی خۆیی لێ بکاو دەربەستی ئەوشتانە نەبێ کە لەو دیوی ئەو بەربەستەوە دێن و دەچن! (م/د/ت).

٤٥٢ – وَقَالَ: عِطاءً (رَضِيَ اللهُ عَنهُ): آخِرَةُ الرَّحْلِ ذِراعٌ فَمَا فَوْقَهُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٧].

عەتا دەڵێ: مەبەست لەوە کە بەربەست بەقەد قوتکەی دواوەی کۆپانە وشترێ ببێ ئەمەیە کە بەقەد گەزێ (یا زیاتر لە گەزێ) بەرزبێ! (د).

---

(٤) بخاي: ٥٠٧. مسلم: ١١١٧. ابو داود: ٦٩٢. ترمذي: ٣٥٢.

(٥) مسلم: ١١١٣ ، ١١١٢ ، ١١١٤.

(٦) مسلم: ١١١١. أبو داود: ٦٨٥. ترمذي: ٣٣٥.

(٧) أثر صحيح (مترجم).

٤٥٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ فَلْيَجْعَلْ تِلْقَاءَ وَجْهِهِ شَيْئًا فَإِنْ لَمْ يَجِدْ فَلْيَنْصِبْ عَصًا فَإِنْ لَمْ يَكُنْ مَعَهُ عَصًا فَلْيَخْطُطْ خَطًّا ثُمَّ لاَ يَضُرُّهُ مَنْ مَرَّ أَمَامَهُ[٨].

ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ ڕازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) فـەرمووی: كاتـێ كەسـێكتان كـە نوێـژەكا بـا ڕوو بكاتـە شـتێ، یـا شـتێ لەبـەردەم خۆیـەوە دابنـێ، ئەگـەر هـەر هیـچی دەسـت نەكـەوت بـا دار دەسـتێ داچەقێنێ، ئەگەر داردەستیشی پێ نەبوو با هێڵـێ لەبـەردەم جـێ نوێژەكەیـدا بكێشێ، ئیتر ئەوەی لەو دیوی خەتەكەوە بە بەردەمی نوێژەكەیدا بڕوا زیـانی نابێبۆی (د/ ئەحمەد-س/ص).

٤٥٤- عَنِ الْمِقْدَادِ بْنِ الأَسْوَدِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: مَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُصَلِّي إِلَى عُودٍ وَلاَ عَمُودٍ وَلاَ شَجَرَةٍ إِلاَّ جَعَلَـهُ عَلَـى حَاجِبِـهِ الأَيْمَـنِ أَوِ الأَيْسَرِ وَلاَ يَصْمُدُ لَهُ صَمْدًا. رَوَاهُمَا أَبُو داود وأحمد[٩].

میقدادی كوڕی ئەسوەد (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: نـەم دیـوە كـە پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نوێـژا ڕێكو ڕاست سینگ بكاتـە دارێ یـا كۆڵەكـەیێ یـا دەرختـێ، بەڵام لـە نوێـژا كـەرووی دەكـردە شـتێ دەیختـە ئاسـتی سـەر بـرۆی ڕاستی یا سەر برۆی چەپی! (د/ ئەحمەد – سند صالح).

٤٥٥- (ب ١- ز ١- ٦١ ل- ٢٢٨ چـاپی یەكـەم ژمـارە/٤/٤٢٤ رأيت بلالاً يؤذِن).

٦٨) نزیكی لەبەر بەستەوە باشە: (الدنو من السترة)

٤٥٦- كَانَ ابْنُ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُما) إِذَا دَخَلَ الْكَعْبَةَ مَشَى قِبَلَ وَجْهِـهِ وَجَعَلَ الْبَابَ قِبَلَ ظَهْرِهِ، فَمَشَى حَتَّى يَكُونَ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجِدَارِ الَّذِى قِبَلَ وَجْهِهِ قَرِيبًا مِنْ ثَلاَثَةِ أَذْرُعٍ، صَلَّى يَتَوَخَّى الْمَكَانَ الَّذِى أَخْبَرَهُ بِهِ بِلاَلٌ أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)

---

(٨) بسند صحيح (شرحه).

(٩) بسند صحيح ،شرحه).

صَلَّى فِيهِ. قَالَ: وَلَيْسَ عَلَى أَحَدِنَا بَأْسٌ إِنْ صَلَّى فِي أَيِّ نَوَاحِي الْبَيْتِ شَاءَ. رَوَاهُ البخاري وأحمد[1].

ئیبنو عومەر (خوای لێ ڕازی بێ) كە دەچووە ناو كەعبەوە بەرەو ڕوو دەڕۆیشت و پشتی دەكردە دەرگاكەو دەچووە پێشەوە تا نزیكەی سێ گەزی دەما بۆ دیوارەكەی بەرامبەر دەرگاكە، لەوێ دەستی دەكرد بە نوێژكردن، ئیبنو عومەر دەگەڕا بەشوێن ئەو جێگەیەدا كە بیلال پێی گوتبوو: كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەوێدا نوێژی كردووە. ئیبنو عومەر دەیگوت: هەركەسێ بە ئارەزووی خۆی لەهەر لایەكی بەیتا نوێژ بكا قەیناكا (ب/ئەحمەد).

٤٥٧- وَلأَبِي دَاوُدَ وَأَحْمَدَ: إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ إِلَى سُتْرَةٍ فَلْيَدْنُ مِنْهَا لاَ يَقْطَعُ الشَّيْطَانُ عَلَيْهِ صَلاَتَهُ[2].

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: كە نوێژ دەكەن بەرەو بەربەست لێی نزیك ببنەوە تا شەیتان نوێژەكەتان پێ نەبڕێ (د/ئەحمەد).

٦٩) هاموشۆكەر بە بەردەم نوێژكەرا گوناهی دەگا نوێژخوێن بۆی هەیە ڕێگەی نەداتێ: (يأثم المار أمام المصلي وله دفعه)

٤٥٨- عَنْ أَبِي جُهَيْمٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لَوْ يَعْلَمُ الْمَارُّ بَيْنَ يَدَي الْمُصَلِّي مَاذَا عَلَيْهِ لَكَانَ أَنْ يَقِفَ أَرْبَعِينَ خَيْرًا لَهُ مِنْ أَنْ يَمُرَّ بَيْنَ يَدَيْهِ. قَالَ: أَبُو النَّضْرِ: لاَ أَدْرِي أَقَالَ: أَرْبَعِينَ يَوْمًا أَوْ شَهْرًا أَوْ سَنَةً. رَوَاهُ الخمسة[1].

ئەبو جوهەیم (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئاموشۆكەر كە لە بەردەمی نوێژكەرەوە ڕەت دەبێ ئەگەر بزانێ

(١) بخاري حج: ١٥٩٩.

(٢) سكت عنه الشارح (المترجم).

(١) بخاري: ٥١٠. مسلم: ١١٣٢. أبو داود: ٧٠١. ترمذي: ٣٣٦. نسائي: ٧٥٥.

بەوە چەنێ گوناهی تووش دەبێ حەزی دەکرد کە چل.. رابوەستایەو لەبەردەمیەوە رەت نەبوایە. ئەبو نەضر کە یەکێکە لە راوییەکانی ئەم فەرموودەیە دەڵێ: نازانم بوسری کوڕی سەعید کە ئەمەی بۆمن گێڕایەوە گوتی: چل رۆژ یا چل مانگ یا چل ساڵ (ش/د/ت/ن).

٤٥٩- وَلِلتِّرْمِذِي وَابْنِ حِبَّانَ (رَضِيَ أللهُ عَنهُمَا) لَأَنْ يَقِفَ أَحَدُكُمْ مِائَةَ عَامٍ خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَمُرَّ بَيْنَ يَدَىَ أَخِيهِ وَهُوَ يُصَلِّي(٢).

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەو کەسەتان کە لەبەردەم نوێژی برایەکی ئاینی خۆیەوە دەڕوا ئەگەر سەد ساڵ رابوەستێ هێشتا ئەوەی باشترە! (ت/ئیبنو حەببان).

٤٦٠- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ): عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ إِلَى شَيْءٍ يَسْتُرُهُ مِنَ النَّاسِ، فَأَرَادَ أَحَدٌ أَنْ يَجْتَازَ بَيْنَ يَدَيْهِ فَلْيَدْفَعْهُ، فَإِنْ أَبَى فَلْيُقَاتِلْهُ، فَإِنَّمَا هُوَ شَيْطَانٌ. رَوَاهُ الثلاثة(٣).

ئەبو سەعید (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەگەر یەکێکتان بەرەو بەربەستێ نوێژی دەکردو کردبووی بە پەردەی نێوانی خۆی خەڵکی تر، یەکێکی تریش ویستی کە لەوکاتەدا بە بەرنوێژەکەیا تێ پەڕێ با نەیەڵێ و پاڵی پێوەنێ، جا ئەگەر کابرا هەر سەرەخەریی کردو بەلاساری ویستی بڕوا، با نەیەڵێ و بچێ بەگژیا چونکە ئەوە شەیتان ئەوەی پێ دەکا (ش/د).

٧٠) بەربەستی پێشنوێژ هەم بۆ خۆیەتیو هەم بۆ ئەوانەیشە کە لە پشتیەوە نوێژ دەکەن: (سترة الإمام له ولمن خلفه)

٤٦١- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ أللهُ عَنهُمَا) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ إِذَا خَرَجَ يَوْمَ الْعِيدِ أَمَرَ بِالْحَرْبَةِ فَتُوضَعُ بَيْنَ يَدَيْهِ، فَيُصَلِّي إِلَيْهَا وَالنَّاسُ وَرَاءَهُ، وَكَانَ يَفْعَلُ ذَلِكَ فِي السَّفَرِ، فَمِنْ ثَمَّ اتَّخَذَهَا الأُمَرَاءُ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي(١).

---

(٢) سكت عنه الشارح (المترجم).

(٣) بخاري: ٥٠٩ ، ٣٢٧٤. مسلم: ١١٢٨. أبو داود: ٦٩٧. ٦٩٨. نسائي: ٧٥٦.

ئیبنو عومەر (ڕەزای خودایان لێبێ) **گوتی: پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **یاسای وابوو لە ڕۆژی جەژنا بۆ نوێژی جەژن دەچووە دەرەوەی شار، جا لەوێ فەرمانی دەدا نیزەیەكیان دەهێنا، لەبەردەمیا دایان دەچەقاند، ئینجا بەرەو نێزەكە نوێژی جەژنی دادەبەست و خەڵكەكەیش لەپشت ئەوەوە نوێژیان دادەبەست، وە لە سەفەریشدا ئاوای دەكرد، جا بۆیە كە فەرمانڕەواكانیش ئەمەیان كردووە بە دەستوور (ش/د/ن).**

٤٦٢- عَنْ أَبِي جُحَيْفَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: خَرَجَ عَلَيْنَا النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِالْهَاجِرَةِ فَأُتِيَ بِوَضُوءٍ فَتَوَضَّأَ وَصَلَّى بِنَا الظُّهْرَ وَالْعَصْرَ وَبَيْنَ يَدَيْهِ عَنَزَةٌ، وَالْمَرْأَةُ وَالْحِمَارُ يَمُرُّونَ مِنْ وَرَائِهَا. رَوَاهُ الثلاثة[٢].

ئەبو جوحەیفە (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: لە قرچەی نیوەڕۆدا پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **هاتە دەرەوە بۆ لامان، ئاوی دەستنوێژیان بۆ هێناو دەستنوێژی گرت و بەرنوێژی نیوەڕۆو عەصری بۆ كردین،، نێزەیەك لەبەردەمیا بوو كردبووی بە بەربەست ئیتر لەو دیو نیزەكەوە ئافرەت و گوێرێژو ئاژەڵ و شت دەهاتن و دەچوون و كەس ڕێگەی لێ نەدەگرتن! (ش/د/ت).**

٧١) هەندێ شت كە بەقسەی هەندێ كەس نوێژدەبڕێ
ما قيل إنه يقطع الصلاة

٤٦٣- عَنْ أَبِي ذَرٍّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ يُصَلِّي فَإِنَّهُ يَسْتُرُهُ إِذَا كَانَ بَيْنَ يَدَيْهِ مِثْلُ آخِرَةِ الرَّحْلِ فَإِذَا لَمْ يَكُنْ بَيْنَ يَدَيْهِ مِثْلُ آخِرَةِ الرَّحْلِ فَإِنَّهُ يَقْطَعُ صَلاَتَهُ الْحِمَارُ وَالْمَرْأَةُ وَالْكَلْبُ الأَسْوَدُ قُلْتُ: يَا أَبَا ذَرٍّ مَا بَالُ الْكَلْبِ الأَسْوَدِ مِنَ الْكَلْبِ الأَحْمَرِ مِنَ الْكَلْبِ الأَصْفَرِ؟ قَالَ: يَا ابْنَ أَخِي سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَمَا سَأَلْتَنِي فَقَالَ: الْكَلْبُ الأَسْوَدُ شَيْطَانٌ. رَوَاهُ الخمسة إلاّ البخاريّ[١].

---

(١) بخاري: ٤٩٤ ، ٤٩٨ ، ٩٧٢ ، ٩٧٣. مسلم: ١١١٥. أبو داود: ٦٨٧.

(٢) بخاري: ١٨٧، ٣٧٦، ٤٩٥، ٤٩٩، ٥٠١ ، ٦٣٣، ٦٣٤، ٣٥٥٣، ٣٥٦٦، ٥٧٨٦، ٥٨٥٩. مسلم: ١١٢٢. نسائي: ٤٦٩.

(١) مسلم: ١١٣٧. أبو داود: ٧٠٢. ترمذي: ٣٣٨. نسائي: ٧٤٩.

ئەبو ذەڕ (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: لەکاتی نوێژکردنا ئەگەر شتێ بەقەد قوتکەی دواوەی کۆپانە وشترێ لەبەر دەستانا هەبێ ئیتر ئەوە دەبێ بەمحەجەرەو پەردە بۆی، بەڵام ئەگەر بەربەستێکی وا لەبەر دەم نوێژەکەتانا نەبوو ئەوە لەم حاڵەدا کەرو ژن و سەگی رەش ئەگەر بە بەردەم نوێژەکەتاناتێپەڕن نوێژەکەتان دەبڕن قسەبەر دەڵێ: گوتم: ئەی ئەبو ذەڕ! سەگی رەش جیاوازی چییە لە سەگی سوور یا لە سەگی زەرد یا لەهەر سەگێکی تر. گوتی: ئەی کوڕی برام ئەم پرسیارەی کە تۆ لەمنت پرسی منیش هەمان پرسیارم لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) پرسی، لە وەراما فەرمووی: سەگی رەش شەیتانە (م/د/ت/ن).

٤٦٤- وَلأَبِي دَاوُدَ وَالنَّسائِي (رَضيَ أللهُ عَنْهُمَا): إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ إِلَى غَيْرِ سُتْرَةٍ فَإِنَّهُ يَقْطَعُ صَلاَتَهُ الْكَلْبُ وَالْحِمَارُ وَالْخِنْزِيرُ وَالْيَهُودِيُّ وَالْمَجُوسِيُّ وَالْمَرْأَةُ، وَيُجْزِئُ عَنْهُ إِذَا مَرُّوا بَيْنَ يَدَيْهِ عَلَى قَذْفَةٍ بِحَجَرٍ[٢].

حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەگەر کەسێ بەبێ بەربەست نوێژبکا ئەوە سەگو کەرو بەرازاو جوولەکەو ئاگرپەرستو ژن، ئەگەر لەبەردەمیەوە تێ پەڕن نوێژەکەی دەبڕن، بەڵام ئەگەر ئەمانە بەردەهاوێژێ دوور لەبەردەمیەوە بڕۆن قەیناکا (د/ن-سند غريب).

٤٦٥- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضيَ أللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: أَقْبَلْتُ رَاكِبًا عَلَى حِمَارٍ وَأَنَا يَوْمَئِذٍ قَدْ نَاهَزْتُ الاِحْتِلاَمَ وَرَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُصَلِّي بِالنَّاسِ بِمِنًى إِلَى غَيْرِ جِدَارٍ فَمَرَرْتُ بَيْنَ يَدَىْ بَعْضِ الصَّفِّ فَنَزَلْتُ فَأَرْسَلْتُ الأَتَانَ تَرْتَعُ وَدَخَلْتُ فِي الصَّفِّ فَلَمْ يُنْكِرْ ذَلِكَ أَحَدٌ. رَوَاهُ الخمسة. وَفِي رواية: فمرَّت الأتان بين أيديهم فلم تقطع صلاتهم[٣].

ئیبنو عەباس (خوایان لێ ڕازی بێ) گوتی: خەریکبوو باڵق دەبووم، بە سواری گوێدرێژێ هاتم پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەوکاتەدا لە مینا بەرنوێژی

---

(٢) بسند غريب، وقال أبو داود: ذكر المجوسى فيه منكر (شرحه).

(٣) بخاري: ٧٦، ٤٩٣، ٨٦١، ١٨٥٧، ٤٤١٢. مسلم: ١١٢٤. أبو داود: ٧١٥. ترمذي: ٣٣٧. نسائي: ٧٥١.

دەكرد بۆ خەڵكەكە، هیچ ڕووی لە دیوارو شتی وا نەبوو، منیش بەسواری گوێرێژەكە چوومە پێشەوە تەنانەت بە بەردەمی هەنێ ریزیشدا ڕۆیشتم، ئەوجا دابەزیمو دێڵە كەرەكەم بەرەڵاكرد بۆ لەوەڕانو خۆم چوومە ناوڕیزی نوێژەكەوە، وە كەسیش بۆ ئەمە ڕەخنەی لێ نەگرتم! (ش/د/ت/ن) لە گێڕانەوەیەكی موسلیمو تیرمیذیدا: ماكەرەكە بە بەردەمیشیانا تێپەڕیو هیچ نوێژەكەشی نەبڕین ئیتر هەندێ كەس (لەسەر چ بیروباوەڕێ) دەڵێن: كەرو سەگو ژن بە بەرنوێژدا بڕۆن دەیبڕن؟

٤٦٦- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) أَنَّهُ ذُكِرَ عِنْدَهَا مَا يَقْطَعُ الصَّلاَةَ فَقَالُوا: يَقْطَعُهَا الْكَلْبُ وَالْحِمَارُ وَالْمَرْأَةُ. فَقَالَتْ: جَعَلْتُمُونَا كِلاَبًا. وفي رواية: قَدْ شَبَّهْتُمُونَا بِالْحُمُرِ وَالْكِلاَبِ. لَقَدْ رَأَيْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُصَلِّي، وَإِنِّي لَبَيْنَهُ وَبَيْنَ الْقِبْلَةِ، وَأَنَا مُضْطَجِعَةٌ عَلَى السَّرِيرِ، فَتَكُونُ لِي الْحَاجَةُ، فَأَكْرَهُ أَنْ أَسْتَقْبِلَهُ فَأَنْسَلُّ انْسِلاَلاً. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي(٤).

هەندێ كەس لە خزمەتی عائیشەدا (خوای لێ ڕازی بێ) باسی ئەو شتانەیان دەكرد كە گوایە نوێژ دەبڕن، وە گوتیان: سەگو كەرو ژن نوێژ دەبڕن! عائیشەیش گوتی: دیارە ئێمەیشتان داناوە بە سەگ! لە گێڕانەوەیەكا: دیارە ئێمەیشتان لە چەشنی سەگەلوكەرگەل داناوە! شتی وا ڕاست نیە چونكە من خۆم وابووە لەسەر تەخت ڕاكشاوم، لە بەینی پێغەمبەرو قیبلەدا، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەو كاتەدا نوێژی دەكرد، جا ئەگەر بۆ كارێ هەڵبستامایە حەزم نەدەكرد كە ڕێك ڕووبەڕووی حەزرەت ڕاست ببمەوە، بەڵكوو بەهێواشی لەلای پایینی چارپایەكەوە خۆم دەكێشایەوە (ش/د/ن).

٤٦٧- وَعَنْهَا قَالَتْ: كُنْتُ أَنَامُ بَيْنَ يَدَيْ رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَرِجْلاَيَ فِي قِبْلَتِهِ، فَإِذَا سَجَدَ غَمَزَنِي، فَقَبَضْتُ رِجْلَيَّ، فَإِذَا قَامَ بَسَطْتُهُمَا وَالْبُيُوتُ يَوْمَئِذٍ خَالِيَةُ الْمَصَابِيحُ. رَوَاهُ الشيخان(٥).

---

(٤) بخاري: ٥١١ ، ٥١٤ ، ٦٢٧٦. مسلم: ١١٤٣. نسائي: ٧٥٤.

(٥) بخاري: ٣٨٢ ، ٣٨٣ ، ٣٨٤ ، ٥٠٨ ، ٥١١ ، ٥١٢ ، ٥١٣ ، ٥١٤ ، ٥١٥ ، ٥١٩ ، ٩٩٧ ، ١٢٠٩ ، ٦٢٧٦. مسلم: ١١٤٥. أبو داود: ٧١٣. نسائي: ١٦٨.

دیسان عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جاری وادەبوو لە بەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەربێ) دەخەوتم، هەردوو قاچیشم لە ڕووی رووگەوە لە جێ سوژدەکەیا دەبوو، جا کە دەیویست سەجدە ببا تێوەی دەژەندم، منیش قاچم هەڵدەکێشا تا سوژدەکەی تەواو دەکرد جا کە ئەو هەڵدەسایەوە منیش دیسانەوە قاچم رادەکێشایەوە، وە ئەو سەردەمەشماڵەکانمان چرای تیا نەبوو (بۆیە کە تا تێوەی نەژەنیمایە قاچم لانەدەبرد (ش).

٤٦٨- وَلأَبِي دَاوُدَ وَمالكٍ والدار قطني: لاَ يَقْطَعُ الصَّلاَةَ شَيءٌ وَادْرَأُوا مَا اسْتَطَعْتُمْ فَانَّما هُوَ شَيْطَانٌ. والله أعلم[٦].

حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هیچ شتێ نوێژ نابڕێ با بە بەردەمیشیا بڕوا بەڵام تادەتوانن مەیەڵن شت بە بەردەمتانا بڕوا، چونکە ئەوەی بە بەردەمی نیوێژا بڕوا شەیتانە (د/مالیك/ دارە قوطنی).

٧٢) باسی پێنجەم: باسی چۆنێتیی نوێژ، (ئەم باسە دوو بەشە):

بەشی یەکەم: باسی بنیات (ستزن - روکن)ەکانی نوێژ:

(الباب الخامس: في كيفية الصلاة. وفيه فصلان - الفصل الأول: في أركان الصَّلاة)

٤٦٩- (ب - ١ ز - ١١ ژمارە: ١/٨٩)[١].

٤٧٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دَخَلَ الْمَسْجِدَ، فَدَخَلَ رَجُلٌ فَصَلَّى ثُمَّ جَاءَ فَسَلَّمَ عَلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَرَدَّ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) السَّلاَمَ فَقَالَ: ارْجِعْ فَصَلِّ فَإِنَّكَ لَمْ تُصَلِّ ثَلاثاً، فَقَالَ: وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ مَا أُحْسِنُ غَيْرَهُ فَعَلِّمْنِي، فَقَالَ: إِذَا قُمْتَ إِلَى الصَّلاَةِ فَكَبِّرْ، ثُمَّ اقْرَأْ مَا تَيَسَّرَ مَعَكَ مِنَ الْقُرْآنِ، ثُمَّ ارْكَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ رَاكِعًا، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَعْتَدِلَ قَائِمًا، ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدًا، ثُمَّ ارْفَعْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ جَالِسًا ثُمَّ اسْجُدْ حَتَّى تَطْمَئِنَّ سَاجِدًا ثُمَّ افْعَلْ

---

(٦) سكت عنه الشارح (مترجم)

(١) تقدم تخريجه بمثل الحديث الرقم: ٨٩/١ ←

ذَلِكَ فِي صَلاَتِكَ كُلِّهَا. رَوَاهُ الخمسة. وَزَادَ أَبُو دَاوُدَ: فَإِذَا فَعَلْتَ هذَا فَقَدْ تَمَّتْ صَلاَتُكَ وَمَا انْتَقَصْتَ مَنْ هذَا شَيْئاً فَإِنَّما أَنْتَقَصْتَهُ مَنْ صَلاَتِكَ[٢].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هات بۆ مزگەوت، پیاوێكیش هاتە ژوورەوەو نوێژی كردو چوو بۆلای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وە سلاوی لێ كرد، ئەویش سلاوەكەی سەندەوە فەرمووی: بچۆرەوە نوێژەكەت بكەرەوە، چونكە ئەوە نوێژ نەبوو كە تۆ كردت، تا سێ جار پیاوەكە نوێژەكەی دەكردەوەو پێغەمبەریش دیسانەوە هەر وای پێ دەفەرمووەوە، تا لەسەری جاری سێیەمدا پیاوەكە گوتی: بەو خودایەی كە تۆی كردووە بە پێغەمبەری راستو دروست لەمە باشتری لێ نازانم، دەی فێرم بكە ٠ئەی پێغەمبەری نازدار!) ئەویش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: كە راوەستایت بۆ نوێژ لە پێشا نوێژ دابەستەو بلێ: ئەللاهو ئەكبەر، ئینجا چەندت بۆ دەلوێ (لەو قورئانەی كە لەبەرتە) بیخوێنە، ئینجا بچەمێرەوەو روكوع ببەو ئەوەندە لە روكوعا بمێنەرەوە تا لەشت لەجمو جوولّ دەكەوێو ئەندامەكانت ئارام دەگرن، ئینجا رێك هەلّسەرەوە تا رەپ رادەوەستیت، ئینجا كوڕنووش بەرەو ئەوەندە لە كوڕنووشا بمێنەرەوە تا ئەندامەكانت ئارام دەگرن، ئینجا سەر بەرزكەرەوە تاقنچ دادەنیشیت، ئینجا دیسانەوە كوڕنووشێكی تری وەك كوڕنووشی یەكەم بەرەوە، ئیتر نوێژەكەت تاسەر بەم شێوەیە بكەو لە هەموو كاتێكا ئەمە پیشەت بێ، (ش/د/ت/ن) ئەبو داوود (رەحمەتی خودای لێبێ) ئەمەیشی پتر كردووە: جا ئەگەر ئەمە بكەی ئەوا نوێژەكەت تەواوە، وە هەرچیش لەمە كەم بكەیتەوە ئەوە لە نوێژەكەتی كەم دەكەیتەوە!.

٤٧١- عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ صَلاَةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأْ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ. رَوَاهُ الخمسة[٣].

---

(٢) بخاري: ٧٥٧ ، ٧٩٣ ، ٦٢٥١ ، ٦٢٥٢ ، ٦٦٦٧. مسلم: ٨٨٣. أبو داود: ٨٥٦. ترمذي: ٣٠٣. نسائي: ٨٨٣.

(٣) بخاري: ٧٥٦. مسلم: ٨٧٢. أبو داود: ٨٢٢. ترمذي: ٢٤٧. نسائي: ٩١٠.

عوبـادەی کـوڕی صـامت (خـوای لێ رازی بـێ) **گـوتی: پێغەمبـەر** (دروودی خـوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: هەرکەسێ لە نوێـژا لـە هـەموو رکاتێکدا سوورەتی فاتیحا نەخوێنێ نوێژەکەی دروست نیە (ش/د/ت/ن).**

٤٧٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ صَلَّى صَلاَةً لَمْ يَقْرَأْ فِيهَا بِأُمِّ الْقُرْآن فَهِيَ خِدَاجٌ ثَلاَثًا غَيْرُ تَمَامٍ فَقِيلَ لأَبِي هُرَيْرَةَ: إِنَّا نَكُونُ وَرَاءَ الإِمَامِ. فَقَالَ: اقْرَأْ بِهَا فِي نَفْسِكَ فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: قَالَ: اللَّهُ تَعَالَى: قَسَمْتُ الصَّلاَةَ بَيْنِي وَبَيْنَ عَبْدِي نِصْفَيْنِ وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ، فَإِذَا قَالَ: الْعَبْدُ: (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ). قَالَ: اللَّهُ تَعَالَى: حَمِدَنِي عَبْدِي، وَإِذَا قَالَ: (الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ). قَالَ: اللَّهُ تَعَالَى: أَثْنَى عَلَيَّ عَبْدِي. وَإِذَا قَالَ: (مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ). قَالَ: مَجَّدَنِي عَبْدِي، وَقَالَ: مَرَّةً فَوَّضَ إِلَيَّ عَبْدِي، فَإِذَا قَالَ: (إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ). قَالَ: هَذَا بَيْنِي وَبَيْنَ عَبْدِي وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ. فَإِذَا قَالَ: (اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ). قَالَ: هَذَا لِعَبْدِي وَلِعَبْدِي مَا سَأَلَ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاري[٤].

ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ رازی بـێ) **گـوتی: پێغەمبـەر** (دروودی خـوای لەسـەربێ) **فەرمووی: هەرکەسێ هەر نوێژێ بکاو سوورەتی فاتیحای تیا نەخوێنێ ئەوە ئەو نوێژەی نابەکامە سێ جار وشەی ئەو نوێژەی نابەکامەی دووبارەکردەوە ئینجا فەرمووی: وە ناتەواویشە! جا گوترا بە ئەبو هورەیرە: ئەی باشە ئەگەر لەپشت پێش نوێژەوە بە جەماعەت نوێژمان دەکرد لـەم کاتـەدا چۆن؟ گوتی: لـەم کاتـەدا بـە پەنامـەکی لـە دڵـی خۆتـەوە بیخوێنـە، چونکە من بۆ خۆم لـە پێغەمبـەرم بیست دەیفـەرموو** (دروودی خوای لەسەربێ)**: خودای گـەورە دەفـەرموێ: من نوێژم لە نێوانی خۆم و بەندەما کردووە بە دوو بەشەوە:**

بەشی یەکەم: سوپاس و ستایشی خودایە.

بەشی دووەم: داوای یارمەتی و رێنیشاندانە بۆ بەندە جا کاتێ بەندە لە فاتیحادا دەڵێ (أَلْحَمْدُ لِلهِ رَبِّ أَلعَالَمِينَ) هەمووستایش و سوپاسێ بۆ خودایە،

---

(٤) مسلم: ٨٧٦ ، ٨٧٨. أبو داود: ٨٢١ ، ترمذي: ٢٩٥٣م. نسائي: ٩٠٨.

کـە خـاوەنۆ پـەروەردگاری هـەموو شـتێکە لـە هـەردوو جیهانـدا. خـودای گـەورەش دەفـەرموێ: ئـەم بەندەیـەی مـن سـوپاس‌و ستایـشی مـن دەکـا، وە کاتـێ بەنـدە دەڵـێ: (الـرَّحْمنِ الـرَّحِيمِ) کە خودایـەکی بەخشندەی میهرەبانـە خودای گەورەش دەفەرموێ: ئەم بەندەیەی من پەسن‌و مـەدحی مـن دەکـا، وە کاتێ بەنـدە دەڵـێ: (مالِكِ يَوْمِ الدِّينِ): خـاوەنی ڕۆژی تۆڵـەو پاداشـە کـە ڕۆژی دواییە خودای گەورەش دەفەرموێ: ئـەم بەندەیـەی مـن بەشـان‌و شکۆی منـدا هەڵدەداو وەسپی گەورەیی من دەکا جارێ ئەبو هورەیرە لەم شـوێنەدا گـوتی: پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەربێ) فـەرمووی: خـودای گـەورەش دەفـەرموێ: ئـەم بەندەیـەی مـن کـاری خـۆی حەواڵـە کـرد بـەمن‌و خـۆی سـپارد بـەمن، حـەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: وە کاتـێ بەنـدە دەڵـێ: (إِيَّاكَ نَعْبُـدُ وَإِيَّـاكَ نَسْتَعِينُ): خودایە! هەرتۆ دەپەرستین‌و بەنـدەیی هـەر تـۆ دەکـەین وە هـەر لـەتۆ داوای یارمـەتی دەکـەین، خـودای گـەورەش دەفـەرموێ: ئەمـەیان ناوکۆییـە لەبەینی من‌و ئەم بەندەیەما، وە ئەم بەندەیەم داوای هەرچیم لێبکا دەیدەمێ‌و بێ دڵی ناکەم، وەکاتێ بەندە دەڵێ:

{اهدِنَا الصِّرَاطَ المُستَقِيمَ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنعَمتَ عَلَيهِمْ غَيرِ المَغـضُوبِ عَلَـيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ}:

ئـەی خودایـە! شـارەزاییمان بکـە بـۆ ڕێگـەی ڕاسـت، بـۆ ڕێگـەی ئـەو کەسـانە کـە نازونیعمـەتت ڕژانـدووە بەسـەریاناو چاکەت لەگـەڵ کـردوون، وە مەمانخـەرە سـەر ڕێگـەی ئـەو کەسـانە کـە ڕقـت لێ گرتـوون‌و بـەرقاری تـۆ کـەوتوون‌و ڕێگـەی ڕاسـتیان ونکـردووە، خـودای گـەورەش دەفـەرموێ: ئەمـە بەشی ئەم بەندەی منە، وە ئەم بەندەیەم داوای هەرچیم لێ بکـا دەیـدەمێ‌و بـێ دڵی ناکەم (م/د/ت/ن) (بەر ڕەحمەتی خودا کەون).

٤٧٣- عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: كُنَّا خَلْفَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي صَلاَةِ الْفَجْرِ فَقَرَأَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَثَقُلَتْ عَلَيْهِ الْقِـرَاءَةُ فَلَمَّا فَرَغَ قَالَ: لَعَلَّكُمْ تَقْرَءُونَ خَلْفَ إِمَامِكُمْ. قُلْنَا: نَعَمْ نَفْعَلُ هَذَا يَا رَسُـولَ اللَّـهِ.

قَالَ: لاَ تَفْعَلُوا إِلاَّ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ فَإِنَّهُ لاَ صَلاَةَ لِمَنْ لَمْ يَقْرَأْ بِهَا. رَوَاهُ أصحاب السنن[٥].

عوبادەی كوڕی صامیت (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: جارێ پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **بەرنوێژی نوێژی بەیانیی بۆ دەكردین، قورئانخوێندنەكەی لێ شێواو بەگران بۆی خوێندرا جا كاتێ لە نوێژەكە لێ بووەوە فەرمووی: ڕەنگە ئێوەش لە نوێژدا وەك پێشنوێژخوێن قورئان بخوێنن؟ گوتمان: بەڵێ، ئەی پێغەمبەری خودا دەیخوێنین. فەرمووی: بەس سوورەتی فاتیحا بخوێنن، چونكە ئەوەی لە نوێژا ئەم سوورەتە نەخوێنێ نوێژەكەی دروست نیە (د/ت/ن/ب:ص).**

٤٧٤- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) انْصَرَفَ مِنْ صَلاَةٍ جَهَرَ فِيهَا بِالْقِرَاءَةِ فَقَالَ: هَلْ قَرَأَ مَعِي أَحَدٌ مِنْكُمْ آنِفًا، فَقَالَ: رَجُلٌ. نَعَمْ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: إِنِّي أَقُولُ مَا لِي أُنَازَعُ الْقُرْآنَ. قَالَ: فَانْتَهَى النَّاسُ عَنِ الْقِرَاءَةِ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِيمَا جَهَرَ فِيهِ مِنَ الصَّلَوَاتِ. رَوَاهُ أصحاب السنن[٦].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: جارێ پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **بەرنوێژی بۆ دەكردین، بە دەنگی بەرز لە نوێژەكەدا قورئانەكەی دەخوێند، كە نوێژەكەی تەواوكرد فەرمووی: ئایا ئێستاكە كەستان لەم نوێژەدا لەگەڵ مندا قورئانتان دەخوێند؟ پیاوێ گوتی: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا! فەرمووی: دەڵێم خودایە! بۆ قورئانەكەم باش بۆنایەت! گوتی: ئیتر لەوە بەدواوە پاشنوێژ (مەئمووم)ەكان لەنوێژی ئاشكرا (نوێژی جەهری)دا كە لەگەڵ پێغەمبەردا دەیانكرد وازیان لە خوێندنی فاتیحا هێنا (د/ت/ن-س/ص).**

٤٧٥- عَنْ جَابِرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) يَقُولُ: مَنْ صَلَّى رَكْعَةً لَمْ يَقْرَأْ فِيهَا بِأُمِّ الْقُرْآنِ فَلَمْ يُصَلِّ إِلاَّ أَنْ يَكُونَ وَرَاءَ الإِمَامِ. رَوَاهُ الترمذي وصححه[٧].

---

(٥) وأحمد والبيهقي والدارقطني وابن حبان والبخاري في جزء القرآن وصححه (شرحه).

(٦) بسند صحيح (شرحه).

(٧) صحيح عند الترمذي.

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: هەرکەسێ هەر نوێژێ بکا سوورەتی فاتیحای تیا نەخوێنێ، لە هەموو رکاتێکا ئەوە ئەو نوێژەی دورست نیەو وەك نوێژی نەکردبێ وایە، مەگەر لەکاتێکدا کە بە جەماعەت نوێژ بکا لە پشت پێشنوێژەوە (ت–ص).

٤٧٦– عَنْ أَنَسٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَأَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ وَعُثْمَانَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُمْ) فَلَمْ أَسْمَعْ أَحَداً مِنْهُمْ يَقْرَأُ (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ). رَوَاهُ الخمسة. ولفظ النسائي: صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَلَمْ يُسْمِعْنَا قِرَأءةَ (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ)[٨].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پشتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ)و ئەبو بەکرو عومەرو عوسمانەوە نوێژم (بە جەماعەت) کردووە وە گوێم لێ نەبووە لە کەسیان کە {بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ} بخوێنن (ش/د/ت/ن) گفتەی نەسائی ئاوایە: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژی بۆ کردین: گوێمان لێ نەبوو کە {بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ} بخوێنێ.

٤٧٧– عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُما) قَالَ: كَانَ ألنَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَفْتَتِحُ صَلاَتَهُ (بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ) رَوَاهُ الترمذي والحاكم والدار قطنيُّ[٩].

ئیبنو عەباس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: دەستووری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وابوو سەرەتای نوێژی بە {بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ} دەست پێ دەکرد (ت/حاکم/دارە قوطنی – باسانید لم تسلم = بەچەند رەشتەیێ کەبێ نەنگ نەبوون).

٤٧٨– عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُا) عَنِ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أُمِرْتُ أَنْ أَسْجُدَ عَلَى سَبْعَةِ أَعْظُمِ عَلىَ الْجَبْهَةِ (وَأَشَارَ بِيَدِهِ عَلَى أَنْفِهِ) وَالْيَدَيْنِ وَالرِّجْلَيْنِ وَأَطْرَافِ الْقَدَمَيْنِ وَلاَ نَكْفِتَ الثِّيَابَ وَلاَ الشَّعْرَ. رَوَاهُ الخمسة[١٠].

---

(٨) اخرجه البخاري بمعناه (٧٤٣). مسلم: ٨٨٨. نسائي: ٩٠٦.

(٩) بأسانيد لم تسلم •شرحه).

(١٠) بخاري: ٨١٢. نسائي: ١٠٩٥ ، ١٠٩٦ ، ١٠٩٧. مسلم: ١٠٩٧ – ١٠٩٩.

ئیبنو عەباس (ڕەزای خودایان لێبێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: خودا فەرمانی پێ کردووم کە لەسەر ئەم حەوت ئێسکە کوڕنووش ببەم لەسەر تەوێڵ و لووت و بەری هەردوو دەست و هەردوو ئەژنۆو سەرپەنجەکانی هەردووپێ، وە فەرمایشی پێ کردووم کە لەکاتی نوێژکردندا جل و بەرگ هەڵنەکەین و قۆڵ و فەقیانە نەپێچین و چاك نەکەین بەلاداو پرچ و قژیش کۆمەڵ نەکەین! (ش/د/ت/ن).

٤٧٩- وَعَنْهُ قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُعَلِّمُنَا التَّشَهُّدَ كَمَا يُعَلِّمُنَا السُّورَةَ مِنَ الْقُرْآنَ فَكَانَ يَقُولُ: التَّحِيَّاتُ الْمُبَارَكَاتُ الصَّلَوَاتُ الطَّيِّبَاتُ لِلّٰهِ السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللّٰهِ وَبَرَكَاتُهُ السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللّٰهِ الصَّالِحِينَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ. زاد في رواية: وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰهِ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ البخاريَّ[١١].

دیسان گوتی: جاران پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) چۆن فێری قورئانی دەکردین ئاوەهایش فێری تەحیاتی دەکردین، گشت جارێ دەیفەرموو:

{التَّحِيَّاتُ الْمُبَارَكَاتُ الصَّلَوَاتُ الطَّيِّبَاتُ لِلّٰهِ السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللّٰهِ وَبَرَكَاتُهُ السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللّٰهِ الصَّالِحِينَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰهِ}.

هەرچی هۆی قەدرو ڕێزە، چ بە گوفتار چ بەکردار، وە هەرچی مایەی پیت و فەڕو بەرەکەتە، وە هەرچی نوێژو داخوازی و پاڕانەوەو نزایە، وە هەرچی سەرچاوەی پاکی و خاوێنییە لە فەرمایشتی جوان و نوێژو پەرستش و بەندەیی، ئەمانە هەموویان لە ڕاستیدا هەر بۆ خودان، دروودو سڵاو لەتۆ ئەی پێغەمبەری خودا، لەگەڵ سۆزو ڕەحمەت و پیت و فەڕو بەرەکەتی خودا، (دروودو سڵاو لە ئێمەش و لەهەموو بەندەیەکی باشی خودا)، شایەتی دەدەم کە هەرخوا خودایەو خودای ترنییە، وە شایەتی دەدەم کە موحەممەد پێغەمبەری خودایە لە گێڕانەوەیەکا:

---

(١١) مسلم: ٩٠٠. أبو داود: ٩٧٤. ترمذي: ٢٩٠. نسائي: ١١٧٠.

{أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ وَحْدَهُ لاَ شَرْيكَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰهِ}.

شایەتی دەدەم کە هەر خودا خودایەو تاكو تەنیایەو هیچ هاوبەشی نیە، وە شایەتی دەدەم کە موحەممەد پێغەمبەری خودایە (م/د/ت/ن – رەحمەتی خودایان لێبێ).

٤٨٠- عَنْ عَبْدُ اللّٰهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كُنَّا نَقُولُ فِي الصَّلَواةِ خَلْفَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) السَّلاَمُ عَلَى اللهِ. السَّلاَمُ عَلَى فُلاَن. فَقَالَ: لَنَا رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ذَاتَ يَوْمٍ: إِنَّ اللّٰهَ هُوَ السَّلاَمُ ، فَإِذَا قَعَدَ أَحَدُكُمْ فِي الصَّلاَةِ فَلْيَقُلِ: التَّحِيَّاتُ لِلّٰهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ ، السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللّٰهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللّٰهِ الصَّالِحِينَ. فَإِذَا قَالَ:هاَ أَصَابَتْ كُلَّ عَبْدٍ لِلّٰهِ صَالِحٍ فِي السَّمَاءِ وَالأَرْضِ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، ثُمَّ يَتَخَيَّرُ مِنَ الْمَسْأَلَةِ مَا شَاءَ. رَوَاهُ الخمسة[١٢].

عەبدوڵڵا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پێشدا کە لە پشتی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) نوێژمان دەکرد لە پێش دانانی تەحیاتا دەمانگوت: سەلام لە خودا، سەلام لەم، سەلام لەو، تا رۆژێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: پێمان: وا مەڵێن، چونکە خودا خۆی ناوی سەلامە بەڵام کاتێ لە نوێژدا دادەنیشن بۆ خوێندنی تەحیات بڵێن.

{التَّحِيَّاتُ للهِ وَالصَّلَوَاتُ وَالطَّيِّبَاتُ، السَّلاَمُ عَلَيْكَ أَيُّهَا النَّبِيُّ وَرَحْمَةُ اللّٰهِ وَبَرَكَاتُهُ، السَّلاَمُ عَلَيْنَا وَعَلَى عِبَادِ اللّٰهِ الصَّالِحِينَ، أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰهِ}.

هەرچی هۆی قەدرو رێزە، چ بە گوفتار چ بە کردار، وە هەرچی نوێژو داخوازیو لاڵانەوەو پاڕانەوەو دوعاو نزایە، وە هەرچی سەرچاوەی پاکیو خاوێنییە ئەمانە هەموویان لە راستیدا هەر شایستەن بۆ خودای مەزن، دوورد لەسەر تۆ ئەی پێغەمبەری خودا لەگەڵ رەحمەتو بەرەکەتی خوا،

---

(١٢) بخاري: ٦٣٢٨. مسلم: ٨٩٥. نسائي: ١١٦٨ ، ١١٦٩ ، ١٢٧٦.

(درووود لەسەر ئێمەش‌و لەسەر هەموو بەندە باشەكانی خودا)، شایەتی دەدەم كە هەر خودا خودایە خودای تر نیە، وە شایەتی دەدەم كە موحەممەد هەم بەندەی خوداو هەم پێغەمبەری خودایە چونكە هەر كەسێ ئەم وشە ئاوا بڵێ‌و لەسەر ئەم شێوەیە سڵاو بكا ئەوە سڵاوەكەی بەر هەموو بەندەیەكی باشی خودا دەكەوێ، ئیتر ئەو بەندەیە خوا لە زەویدابێ، وە خوا لە ئاسماندا بێ هەر دەیگرێتەوە، ئینجا بە ئارەزووی خۆی بپارێتەوە، بۆخۆی‌و حەزی لەچی بێ، لەخودا داوای بكا (ش/د/ت/ن).

٤٨١- عَنْ كَعْبِ بْنِ عُجْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ فِي الصَّلاةِ: اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْراهِيمَ وَآلِ إِبْرَاهِيمَ، وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيْدٌ مَجِيْدٌ. رَوَاهُ الخمسة والشافعيُّ واللفظ له[١٣].

كەعبی كوڕی عوجرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەربێ) لە نوێژا لەپاش تەحیاتەوە دەیفەرموو:

{اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلى آلِ مُحَمَّدٍ، كَمَا صَلَّيْتَ عَلَى إِبْراهِيمَ وَآلِ إِبْرَاهِيمَ، وَبَارِكْ عَلَى مُحَمَّدٍ وَعَلَى آلِ مُحَمَّدٍ كَمَا بَارَكْتَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَعَلَى آلِ إِبْرَاهِيمَ إِنَّكَ حَمِيْدٌ مَجِيْدٌ}.

ئەی خودایە! بڕژێنە میهرەبانی‌و رەحمەت بۆسەر موحەممەدو كەس‌و كاری موحەممەد، وەك ئەو میهرەبانی‌و رەحمەتەی كە راژاندووتە بەسەر ئیبراهیم‌و كەس‌و كاری ئیبراهیما، وە پیت‌و فەڕو بەرەكەت بڕژێنە بەسەر موحەممەدو بنەماڵەی موحەممەدا وەك ئەوپیت‌و فەڕو بەرەكەتەی كە رژاندۆتە بەسەر ئیبراهیم‌و بنەماڵەی ئیبراهیما، بەراستی تۆ ئەی خودایە!

---

(١٣) بخاري: ٣٣٧ ، ٤٧٩٧ ، ٦٢٥٧. مسلم: ٩٠٧ — ٩٠٩. ابو داود: ٩٧٩ ، ٩٧٦ ، ٩٧٨. ترمذي: ٤٨٣. نسائي: ١٢٨٦ ، ١٢٨٧ ، ١٢٨٨.

شایستەی هەموو ستایش و سوپاسێکیت، وەخودا یەکی گەڵ گەورەو پیرۆزیت! (شافیعی/ ش/د/ت/ن).

٤٨٢- عَنْ عِتْبَانَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّيْنَا مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَسَلَّمْنَا حِينَ سَلَّمَ. رَوَاهُ البخاريُّ[١٤].

عیتبان (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لەگەڵ پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) کە نوێژمان دەکرد کە ئەو سلاوی نوێژی دەدایەوە ئیتر ئێمەش سلاومان دەدایەوە (ب).

٤٨٣- وَقَالَ: سَعْدٌ: كُنْتُ أَرى رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُسَلِّمُ عَنْ يَمِينِهِ وَعَنْ يَسَارِهِ حَتَّى أَرَى بَيَاضَ خَدِّهِ. رَوَاهُ مُسْلِم[١٥].

سەعیدیش (خوای لێ رازی بێ) گوتی: گەڵێ جار پێغەمبەرم دەدی (دروودی خوای لەسەربێ) بەلای راست و بەلای چەپی خۆیا سلاوی نوێژی دەدایەوە، بەرادەیەکی وا لای دەکردەوە سپیدەی روومەتی دەر دەکەوت (م).

٤٨٤- عَنْ عُبَيْدُ اللّٰهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يُسَلِّمُ عَنْ يَمِينِهِ وَعَنْ شِمَالِهِ حَتَّى يُرى بَيَاضُ خَدِهِ وَيَقُولُ: السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللّٰهِ السَّلَامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللّٰهِ. رَوَاهُ أصحاب السُّنن[١٦].

عەبدوڵلا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بەرەنگێکی وا سلاوی نوێژی دەدایەوە بەلای راست و بەلای چەپی خۆیا، تەنانەت سپیدەی روومەتی دەردەکەوت، لە پێشا بەلای راستیا سلاوی دەدایەوەو دەیفەرموو (ألسَّلامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ): سلاوو رەحمەتی خوداتان لێبێ) ئینجا بەلای چەپیا سلاوی دەدایەوەو دەیفەرموو: (ألسَّلامُ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَةُ اللهِ) سلاوو رەحمەتی خوداتان لێبێ. (د/ت/ن-س/ص).

---

(١٤) بخاري: ٨٣٨.

(١٥) مسلم: ١٣١٥.

(١٦) بسند صحيح (شرحه).

٤٨٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: حَذْفُ السَّلاَمِ سُنَّةٌ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ التِرمذي[١٧].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: سلاّودانەوە بە خێرایی سوننەتە (د/ت).

٧٣) بەشی دووەم: باسی رازاندنەوەی نوێژ: وەك دەست بەرزكردنەوەو گوتنی ئەڵلاهو ئەكبەر لەكاتی چوون لە بنیاتێكەوە بۆ بنیاتێكی تر:

(الفصل الثاني: في محاسن الصلاة: رفع اليدين وتكبيرات الانتقال)

٤٨٦- عَنِ ابْنَ عُمَرَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُما) قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) افْتَتَحَ التَّكْبِيرَ لِلصَّلاَةِ، فَرَفَعَ يَدَيْهِ حِينَ يُكَبِّرُ حَتَّى يَجْعَلَهُمَا حَذْوَ مَنْكِبَيْهِ، وَإِذَا كَبَّرَ لِلرُّكُوعِ فَعَلَ مِثْلَهُ، وَإِذَا قَالَ: سَمِعَ اللّٰهُ لِمَنْ حَمِدَهُ. فَعَلَ مِثْلَهُ وَقَالَ: رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ.وَفِي رِوَايَةٍ: وَإِذَا قَامَ مِنَ الرَّكْعَتَيْنِ رَفَعَ يَدَيْهِ وَلاَ يَفْعَلُ ذَلِكَ حِينَ يَسْجُدُ وَلاَ حِينَ يَرْفَعُ رَأْسَهُ مِنَ السُّجُودِ. رَوَاهُ الخمسة[١].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: تەماشام دەكرد پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بە گوتنی ئەڵلاهو ئەكبەر نوێژی دادەبەست، وە لەكاتی ئەڵلاهو ئەكبەركردنا هەردوو دەستی بەرز دەكردەوە تا بەرامبەر هەردوو سەرشانی، وە كاتێ دەچوو بۆ روكوع ئەڵلاهو ئەكبەری دەكردو دیسان بەو چەشنە هەردوو دەستی بەرز دەكردەوە، وە كاتێ لە روكوع هەڵدەسایەوە دەیفەرموو: (سمع الله لمن حمده:) هەر كەسێ سوپاسی خودا بكا خودا سوپاسەكەی قەبووڵ دەكا، وە دیسان لەم كاتەشدا بەو چەشنە هەردوو دەستی بەرز دەكردەوە تا ئاستی هەردوو سەرشانی، ئینجا دەیفەرموو: (ربّنا ولك الحمد): پەروەردگارا! ئەی خودای ئێمە سوپاس بۆ تۆ لەسەر ئەوە كە سوپاس و داوامان گیرا دەكەی! لە گێڕانەوەیەكا: هەروەها هەمان چەشن هەردوو

(١٧) موقوفاً على أبي هريرة، ورواه الحاكم وصححه (شرحه).

(١) بخاري: ٧٣٥ ، ٧٣٦ ، ٧٣٨ ، ٧٣٩. مسلم: ٨٥٩ — ٨٦٢. أبو داود: ٧٢١. ترمذي: ٢٥٥. نسائي: ١٠٢٤.

دەستی بەرز دەکردەوە لەو کاتەدا کە دوو ڕکاتی تەواو دەکردو هەڵدەسایەوە بۆ رکاتی سێیەم، بەڵام لەکاتی سەجدەداو لەو کاتەدا کە سەری لە سەجدە هەڵدەبڕی دەستی بەرز نەدەکردەوە (ش/د/ت/ن).

٤٨٧- وَلِمُسْلِمٍ وَأَبِي دَاوُدَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا كَبَّرَ رَفَعَ يَدَيْهِ ثُمَّ الْتَحَفَ بِثَوْبِهِ ثُمَّ أَخَذَ شِمَالَهُ بِيَمِينِهِ[٢].

گوتی: دەستووری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) وابوو کە ئەڵڵاهو ئەکبەری دەکرد دەستەکانی بەرز دەکردەوە، ئینجا جلەکەیی دەپێچا بە خۆیەوە، ئینجا بە دەستی راستی مووچی دەستی چەپی خۆی دەگرت (م/ت).

٤٨٨- عَنْ قَبِيصَةَ بْنِ هَلِبٍ عَنْ أَبِيهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَؤُمُّنَا فَيَأْخُذُ شِمَالَهُ بِيَمِينِهِ. رَوَاهُ الترمذي[٣].

قەبیصەی کوڕی هەلیب (خوای لێ رازی بێ) گوتی: باوکم گوتی: یاسای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) وا بوو کە بەرنوێژیی بۆ دەکردین بە دەستی راستی مووچی دەستی چەپی خۆی دەگرت (ت-س/ح).

٤٨٩- وَقَالَ: عَلِيٌّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ): السُّنَّةُ وَضْعُ الْكَفِّ عَلَى الْكَفِّ فِي الصَّلَاةِ تَحْتَ السُّرَّةِ. رَوَاهُ ابو دَاوُدَ وأحمد[٤].

عەلیش (خوای لێ رازی بێ) دەڵێ: سوننەتە لە نوێژدا لەکاتی راوەستانا دەستی راست لەسەر دەستی چەپ لە خوار ناوکەوە دابنرێ (د/ئەحمەد).

٤٩٠- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُكَبِّرُ فِي كُلِّ خَفْضٍ وَرَفْعٍ وَقِيَامٍ وَقُعُودٍ وَأَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ. رَوَاهُ الخمسة واللفظ للترمذي[٥].

---

(٢) مسلم: ٨٩٤.

(٣) بسند حسن (شرحه).

(٤) سكت عنه الشارح (مترجم).

(٥) بخاري: ٧٨٤ ، ٧٨٦ ، ٨٢٦. مسلم: ٨٧١. أبو داود: ٨٣٥. نسائي: ١٠٨١ ، ١١٧٩.

عەبدوڵلا (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: جاران پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **و ئەبو بەكرو عومەر لەم كاتانەدا هەمو جارێ ئەڵلاهو ئەكبەریان دەكرد: لەكاتی دانەوینو بەرزبوونەوەداو لەكاتی هەڵسانو دانیشتندا (ت/ش/د/ن).**

٤٩١- (ب-١ز-٨٣ كەوا لەدواوە لەم بەرگەدا. ژمارە ٥١٨).

٧٤) نزای سەرەتای نوێژ: (دعاء الافتتاح)

٤٩٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) **قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللّٰهِ** (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **يَسْكُتُ بَيْنَ التَّكْبِيرِ وَبَيْنَ الْقِرَاءَةِ إِسْكَاتَةً هُنَيَّةً فَقُلْتُ. بِأَبِي وَأُمِّي يَا رَسُولَ اللّٰهِ، إِسْكَاتُكَ بَيْنَ التَّكْبِيرِ وَالْقِرَاءَةِ مَا تَقُولُ؟ قَالَ: أَقُولُ: اللّٰهُمَّ بَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ، اللّٰهُمَّ نَقِّنِي مِنَ الْخَطَايَا كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ، اللّٰهُمَّ اغْسِلْ خَطَايَايَ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ الترمذي[1].**

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: عادەتی پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **وابوو، لە دوای ئەڵلاهو ئەكبەری نوێژ دابەستن، لەپێش خوێندنی فاتیحادا ئێست (سكته خفيفه). وێستانێكی كەمی دەكرد، گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! بە باوكو دایكمەوە بە قوربانت بم لەم ئێستەدا چی دەخوێنی؟ فەرمووی: دەڵێم:**

{اللّٰهُمَّ بَاعِدْ بَيْنِي وَبَيْنَ خَطَايَايَ كَمَا بَاعَدْتَ بَيْنَ الْمَشْرِقِ وَالْمَغْرِبِ، اللّٰهُمَّ نَقِّنِي مِنَ الْخَطَايَا كَمَا يُنَقَّى الثَّوْبُ الأَبْيَضُ مِنَ الدَّنَسِ، اللّٰهُمَّ اغْسِلْ خَطَايَايَ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ}.

خودایە! لە گوناه دورم بخەرەوە وەك دووری خۆرهەڵاتو خۆرئاوا، خودایە! لەگوناه پاكم بكەرەوە وەك پارچەیێ بلووری سپیی بێگەرد، خودایە! گوناهەكانم بە ئاوو بە بەفرو بەتەرزە بشۆرەوە - (ش/د/ن).

---

(١) بخاري: ٧٤٤. مسلم: ١٣٥٣. أبو داود: ٧٨١. نسائي: ٦٠ ، ٨٩٤.

٤٩٣- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضيَ اللهُ عَنهُمَا) قَالَ: بَيْنَمَا نَحْنُ نُصَلِّي مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذْ قَالَ: رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ اللَّهُ أَكْبَرُ كَبِيرًا وَالْحَمْدُ لِلَّهِ كَثِيرًا وَسُبْحَانَ اللَّهِ بُكْرَةً وَأَصِيلاً. فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَنِ الْقَائِلُ كَلِمَةَ كَذَا وَكَذَا؟ قَالَ: رَجُلٌ مِنَ الْقَوْمِ أَنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: عَجِبْتُ لَهَا فُتِحَتْ لَهَا أَبْوَابُ السَّمَاءِ قَالَ ابْنُ عُمَرَ: فَمَا تَرَكْتُهُنَّ مُنْذُ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ ذَلِكَ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ والترمذي[٢].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بەر نوێژیی بۆ دەکردین لە نێوانی ئەڵلاهو ئەکبەری نوێژدابەستن و خوێندنی فاتیحادا پیاوێ گوتی:

(اللهُ أَكْبَرُ كَبِيْراً وَالْحَمْدُ لِلهِ كَثِيْراً وَسُبْحَنَ اللهِ بُكْرَةً وَأَصِيْلاً).

خودا لە هەموو کەسێ گەورترە، سوپاس و ستایشی زۆرو بێ شومار بۆزاتی پاکی پەروەردگار، بەیانی و ئێواریێ تەسبیحاتی خودا دەکەم و هەمیشە ناوی بەپاکی دەبەم. پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: کێ بوو وشەیەکی واوای گوت؟ پیاوەکە گوتی: من بووم ئەی پێغەمبەری خودا! فەرمووی: زۆرم پێ سەیربوو یەکسەر هەموو دەرگاکانی ئاسمانی بۆ خرانە سەرپشت! ئیبنو عومەر گوتی: لەوحەلەوە ئەمەم لە حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) بیستووە تەرکیم نەکردووە (م/ت).

٤٩٤- عَنْ عَلِيٍّ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: كَانَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا قَامَ إِلَى الصَّلاَةِ كَبَّرَ ثُمَّ قَالَ: وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ حَنِيفًا مُسْلماً وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا مِنَ الْمُسْلِمِينَ اللَّهُمَّ أَنْتَ الْمَلِكُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ. أَنْتَ رَبِّي وَأَنَا عَبْدُكَ ظَلَمْتُ نَفْسِي وَاعْتَرَفْتُ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي ذُنُوبِي جَمِيعًا إِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ وَاهْدِنِي لأَحْسَنِ الأَخْلاَقِ لاَ يَهْدِي لأَحْسَنِهَا إِلاَّ أَنْتَ

---

(٢) مسلم: ١٣٥٧. ترمذي: ٣٥٩٢. نسائي: ٨٨٤ ، ٨٨٥.

وَاصْرِفْ عَنِّى سَيِّئَهَا لاَ يَصْرِفُ عَنِّى سَيِّئَهَا إلاَّ أَنْتَ لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ وَالْخَيْرُ كُلُّهُ فِي يَدَيْكَ وَالشَّرُّ لَيْسَ إِلَيْكَ وَأَنَا بِكَ وَإِلَيْكَ تَبَارَكْتَ وَتَعَالَيْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاري[٣].

عەلی (رەزای خودای لێبێ) **گوتی: پێغەمبەر** (درودی خودای لەسەر) **کە هەڵدەسا بۆ نوێژ لە پێشا ئەڵلاهو ئەکبەری نوێژ دادەبەستنی دەکرد ئینجا یەکسەر دەیفەرموو:**

{وَجَّهْتُ وَجْهِيَ لِلَّذِى فَطَرَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ حَنِيفًا مُسْلِمَاً وَمَا أَنَا مِنَ الْمُشْرِكِينَ إِنَّ صَلاَتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَاىَ وَمَمَاتِى لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ لاَ شَرِيكَ لَهُ وَبِذَلِكَ أُمِرْتُ وَأَنَا مِنَ الْمُسْلِمِينَ اللَّهُمَّ أَنْتَ الْمَلِكُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ. أَنْتَ رَبِّى وَأَنَا عَبْدُكَ ظَلَمْتُ نَفْسِي وَاعْتَرَفْتُ بِذَنْبِي فَاغْفِرْ لِي ذُنُوبِي جَمِيعًا إِنَّهُ لاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ وَاهْدِنِى لأَحْسَنِ الأَخْلاَقِ لاَ يَهْدِى لأَحْسَنِهَا إِلاَّ أَنْتَ وَاصْرِفْ عَنِّى سَيِّئَهَا لاَ يَصْرِفُ عَنِّى سَيِّئَهَا إِلاَّ أَنْتَ لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ وَالْخَيْرُ كُلُّهُ فِي يَدَيْكَ وَالشَّرُّ لَيْسَ إِلَيْكَ أَنَا بِكَ وَإِلَيْكَ تَبَارَكْتَ وَتَعَالَيْتَ أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ}.

بەدڵێکی پاك‌و بێگەردەوە روو دەکەمە ئەو خودایە کە ئەم ئاسمانانەو زەمینەی لە نەبوون دروست کردووە، من موسوڵمانێکی پاك‌و بێ خەوشم‌و بەهیچ جۆرێ لە دەستەی هاوبەش پەیداکەران نیم، بێگومان نوێژو ئادابی حەج‌و خواپەرستیم‌و ژیانم‌و مردنم هەمووی هەر بۆ خودایە کە پەروەردگاری هەموو عالەمە، کە هیچ هاوبەش‌و هاورێیەکی بۆ نیە، وە بەمە فەرمانم پێکراوە، و من یەکێکم لە موسوڵمانان‌و یەکێکم لە فەرمانبەرانی خودا، ئەی خودایە! پادشای راستەکی هەر تۆی، لە تۆ بەولاوە خودای تر نیە، تۆ خودای منیت، منیش بەندەی تۆم، زۆرو ستەمم لەخۆم کردووەو پێ لە تاوانی خۆم دەنێم، منیش بەندەی تۆم، دەی تۆیش بە گەورەیی‌و مەرحەمەت‌و میهرەبانی خۆت لە هەموو تاوانەکانم خۆش بە، چونکە خۆت نەبێ کەسی تر رادەی ئەوەی نیە کە لە تاوانی بەندەکان خۆش بێ،

---

(٣) مسلم: ١٨٠٩. أبو داود: ٧٤٤ ، ٧٦٠ ، ٧٦١ ، ١٥٠٩. ترمذي: ٢٦٦ ، ٣٤٢١ ، ٣٤٢٢ ، ٣٤٢٣. نسائي: ٨٩٦ ، ١٠٤٩ ، ١١٢٥.

پەروەردگاری من! فێری ڕەووشتی بەرزو خووی شیرینم بکە، چونکە ئەمە هەر لە خۆت دەوەشێتەوە، وە لام بدە لە خووی خراپ و بەد، چونکە ئەمە هەر بەتۆ دەکرێ، من هەمیشە گوێ لە مشتی تۆم و ئامادەم بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانی تۆ، خێرو خۆشی و چاکە هەمووی بە دەستی تۆیە، شەڕ لە تۆ ناوەشێتەوە، من لەبنەڕەتەوە بەتۆ بەندم و لەسایەی تۆوە هەم، وەپشت و پەناشم هەر تۆی و سەرەنجام دێمەوە بەر دەستی خۆت! تۆ خودایەکی بەفەڕو پیرۆزو گەورەو بەرزیت، داوای لێ خۆشبوونت لێ دەکەم و پەشیمانم و تەوبە دەکەم و دەگەڕێمەوە بۆ لای تۆ! (م/د/ت/ن).

٧٥) پەناگرتن بە خودا لە شەڕی شەیتان: (التعوذ بالله من الشيطان)

{قَالَ: اللهُ تَعَالَى: فَإِذَا قَرَأْتَ الْقُرْآنَ فَاسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ – ١٦/٩٦}.

واتە: پەنا دەگرم بە خودا لە شەڕی شەیتانی دەرکراوی دوورخراوە لە ڕەحمەتی خودا.

٤٩٥– عَنْ أَبِي سَعِيْدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا قَامَ إِلَى اَلصَّلاَةِ بِاللَّيْلِ كَبَّرَ. ثُمَّ يَقُولُ: سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ، تَبَارَكَ اسْمُكَ وَتَعَالَى جَدُّكَ وَلاَ إِلَهَ غَيْرُكَ ثُمَّ يَقُولَ: اللهُ أَكْبَرُ كَبِيْرَاً ثُمَّ يَقُولُ: أَعُوذُ بِاللهِ اَلْسَمِيع اَلعَلِيم مِنَ الشَّيْطَانِ اَلرَّجِيمِ مِنْ هَمْزِهِ وَنَفْثِهِ وَنَفْخِهِ. رَوَاهُ أصحاب السُّنن[1].

ئەبو سەعید (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: یاسای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وابوو بە شەو کە هەڵدەسا بۆ شەو نوێژ، لە پێشدا بە گوتنی {الله أكبر} نوێژی دادەبەست، ئینجا نزای سەرەتای نوێژی دەخوێند دەیفەرموو:

{سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ تَبَارَكَ اسْمُكَ وَتَعَالَى جَدُّكَ وَلاَ إِلَهَ غَيْرُكَ}.

ئەی خودایە! پاکی و بێ نەنگی هەر بۆتۆیە لەگەڵ سوپاس و ستایش، پیرۆزی و بەرەکەتی ناوی تۆ لە هەموو گێتی دیارە، پایەوشان و شکۆی تۆ

---

(١) قال الترمذي: إنه اشهر حديث فى هذا الباب (شرحه).

گەلێ بەرزو بڵندە، تۆ نەبێ هیچ خودایەكی تر نیە ئینجا دەیفەرموو {اللّٰهُ أَكْبَـرُ كَبِيرَاً:} خودا لە هەموو كەسێ گەورەترە، ئەو خودایەی من باسی گەورەیی ئەو دەكەم گەلێ گەورەیە ئینجا دەیفەرموو:

{أَعُوذُ بِاللّٰهِ الَّسَمِيعِ ألعَلِيمِ مِنَ الشَّيْطَانِ ألرَّجِيمِ مِنْ هَمْزِهِ وَنَفْثِهِ وَنَفْخِهِ}.

پـەنا دەگـرم بـەو خودایـە كـە ئاگـای لـە هـەموو شـتێ هەیـە، وەخـۆم دەهاومـە پـەنای ئـەوێ زاتـە ژنـەواو دانایـە، لـە شـەڕی شـەیتانی بەشـبڕاو لـە رەحمەتی خودا: لەخۆی، لە دەست لێ وەشاندنی، لە پسەپسی شیعر گوتنی، لە فشەكردنی (د/ت/ن).

٤٩٦- وَأَتَى عُثْمَانَ بْنَ أَبِي الْعَاصِ (رَضيَ اللّٰه عَنهُ): النَّبِيَّ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ الشَّيْطَانَ قَدْ حَالَ بَيْنِي وَبَيْنَ صَلاَتِي وَقِرَاءَتِي يَلْبِسُهَا عَلَيَّ. فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلّم) ذَاكَ شَيْطَانٌ يُقَالُ لَهُ خِنْزِبٌ فَإِذَا أَحْسَسْتَهُ فَتَعَوَّذْ بِاللَّـهِ مِنْهُ وَاتْفِلْ عَلَى يَسَارِكَ ثَلاَثًا. قَالَ: فَفَعَلْتُ ذَلِكَ فَأَذْهَبَهُ اللَّهُ عَنِّـي. رَوَاهُ مُـسْلِمٌ فِي الرُّقية[٢].

عوسمـانی كـوڕی ئـەبو عـاص (خوای لێ رازی بێ) هاتـە لای پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) گوتی:ئەی پێغەمبەری خودا! شەیتان لە نوێژ خوێنـدنا سـەری لێ شـێواندوومو نوێژەكـە تێكـەڵو پێكـەڵ دەكـا پـێم پێغەمبـەریش (دروودی خـوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەوە شەیتانێكە ناوی خەنزەبە، هەركاتێ هەستت پێی كرد سێ جار: {أعـوذ بـاللّٰه} بكە لێیو سێ تفیش بـەلای چەپتا بكـە. عوسمـان گوتی: جا كە ئەوەم كرد ئیتر خودا لە كوڵی خستم (م).

٦) گوتنی ئامین لەپاش فاتیحاوە سوننەتە: (التامين عقب الفاتحة)

٤٩٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضيَ اللّٰه عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا أَمَّـنَ الإِمَامُ فَأَمِّنُوا، فَإِنَّهُ مَنْ وَافَقَ تَأْمِينُهُ تَأْمِينَ الْمَلاَئِكَةِ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَـدَّمَ مِـنْ ذَنْبِـهِ. رَوَاهُ

---

(٢) مسلم: ٥٧٠٢.

الخمسة وَفِي رواية: إِذَا قَالَ: الإِمَامُ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ فَقُولُوا آمِينَ فَإِنَّهُ مَنْ وَافَقَ قَوْلُه قَوْلَ الْمَلاَئِكَةِ غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ[١].

ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) فەرمووی: کاتێ پێشنوێژ دەڵێ ئامین، ئێوەش بڵێن ئامین، چونکە هەرکەسێ بـۆی رێ بکـەوێ لەگـەڵ گـوتنی فریـشتەکانا بڵـێ ئـامین خـودا نـە گونـاهی ئەوەبەری خۆش دەبێ (ش/د/ت/ن) لە گێڕانەوەیەکا: کاتێ پێشنوێژ دەڵێ: {غَيْرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ} ئێوەش بڵێن ئامین، چونکە هەرکەسێ خـوا بـۆی رێـك بخـا لەگـەڵ فریـشتەکانا ئـامین بکـا، خـودا لـە گونـاهی لەوەپێـشی دەبووری.

٤٩٨- وَلِلْبُخَارِيُّ وَلِلنَّسَائِي. إِذَا قَالَ: أَحَدُكُمْ آمِينَ. وَقَالَتِ الْمَلاَئِكَةُ فِـي السَّمَاءِ آمِينَ، فَوَافَقَتْ إِحْدَاهُمَا الأُخْرَى، غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ[٢].

پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) فـەرمووی: ئەگـەر یـەکێکتان بڵـێ ئـامین، فریشتەش لە ئاسمان بڵێ ئامین، وە ئەم دوو ئامینە یەك بگرن و خـواو راسـان رێکەوتی یەکتری بکەن. ئەوە خودا لە گوناهی لەوەبەری خۆش دەبێ (ب/ن).

٤٩٩- وَعَنْهُ قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا تَلاَ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ. قَالَ: آمِينَ حَتَّى يَسْمَعُ مَـنْ يَلِيـهِ مِـنَ الـصَّفِّ الأَوَّلِ. رَوَاهُ أَبـو دَاوُدَ الترمذي والحاكم وصححه[٣].

دیـسان ئـەو گـوتی: یاسـای پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) وابـوو کـە دەیفەرموو {غَيْرِ المَغضُوبِ عَلَيهِمْ وَلاَ الضَّالِّينَ} بە ئاسپایی دەیفـەرموو: ئـامین: خودایە! ئەم پاڕانەوەو نزایەمان گیرا بکە حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) ئەوەنـدە دەنگی لە گوتنی (ئامین هەڵدەبڕی، ئەگەر کەسێ لەڕیزی یەکـەمی جەماعەتـدا بوایە گوێی لێ دەبوو کە دەیفەرموو ئامین (د/ت/حاکم:ص).

---

(١) بخاري: ٧٨٠ ، ٦٢٠٢. مسلم: ٩١٤. أبو داود: ٩٣٦. ترمذي: ٢٥٠. نسائي: ٩٢٧.

(٢) بخاري: ٧٨١.

(٣) بخاري: ٧٨٢ ، ٤٤٥.

٧٧) دوو ئیێست سوننەتە: (السكتتان)

٥٠٠- عَنْ سَمُرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سَكْتَتَان حَفِظْتُهُمَا عَنْ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَأَنْكَرَ ذَلِكَ عِمْرَانُ بْنُ حُصَيْنٍ وَقَالَ: حَفِظْنَا سَكْتَةً. فَكَتَبْنَا إِلَى أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ بِالْمَدِينَةِ فَكَتَبَ أُبَيٌّ أَنْ حَفِظَ سَمُرَةُ. قَالَ: سَعْدٌ: فَقُلْنَا لِقَتَادَةَ مَا هَاتَانِ السَّكْتَتَان؟ قَالَ: إِذَا دَخَلَ فِي صَلاَتِهِ وَإِذَا فَرَغَ مِنَ الْقِرَاءَةِ. ثُمَّ قَالَ: بَعْدَ ذَلِكَ وَإِذَا قَرَأَ (وَلاَ الضَّالِّينَ). رَوَاهُ الترمذي وأبو دَاوُدَ[1].

سەموورە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: ئاگام لەدوو ئیێست (سەكتە) هەیە، لە پێغەمبەر خۆیم وەگرتوون، عیمرانی كوڕی حوصەینیش نەیسەلماندو گوتی: ئێمە یەك ئیێستمان ئاگا لێیە. جا بۆ چارەسەری ئەم كێشەیە نامەمان نووسی بۆلای ئوبەیی كوڕی كەعب لە مەدینە، نوبەیی وەڵامی نووسیبیەوە: كە سەموورە بە باشی ئاگای لێیەو قسەكەی ئەو تەواوە، سەعد گوتی: بەقەتادەمان گوت ئەو دوو ئیێستانە كامانەن؟ گوتی:

یەكەم: لەپاش نوێژدا بەستنە كە لەم ئیێستەدا نزای سەرەتای نوێژ بە پەنامەكی دەخوێنێ:

دووەم: لە پاش خوێندنی فاتیحا كە لەم ئیێستەدا پێش نوێژ نزایێ یا هەندێ قورئان بە پەنامەكی دەخوێنێ، وە پاشنوێژە كانیش فاتیحای خۆیان بە پەنامەكی دەخوێنن. لەوە دوا قەتادە دەیگوت:

دووەم: كە دەڵێ: {وَلاَ الضَّالِّينَ} (ت/د-س/ح).

٧٨) خوێندنی سوورەت لەپاش فاتیحا سوننەتە: (قراءة السورة بعد الفاتحة)

٥٠١- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ إِذَا رَجَعَ إِلَى أَهْلِهِ أَنْ يَجِدَ فِيهِ ثَلاَثَ خَلِفَاتٍ عِظَامٍ سِمَانٍ؟ قُلْنَا: نَعَمْ. قَالَ:

---

(١) بسند صحيح (شرحه).

فَثَلاَثُ آيَاتٍ يَقْرَأُ بِهِنَّ أَحَدُكُمْ فِي صَلاَتِهِ خَيْرٌ لَهُ مِنْ ثَلاَثِ خَلِفَاتٍ عِظَامٍ سِمَانٍ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ[١].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: كەستان حەزدەكەن كە دەڕۆنەوە بۆ ماڵەوە لەوێ سێ وشتری ئاووسی قەبەی قەڵەوتان دەست بكەوێ؟ گوتمان: بەڵێ كێ بێ حەزی لەوە نەبێ ئەی پێغەمبەری نازدار! فەرمووی: دەسا سێ ئایەت لەپاش فاتیحاوە لە نێژدا بخوێنن ئەوە گەلێ باشترە بۆ ئێوە لە سێ وشتری ئاوا (م).

٥٠٢- عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْرَأُ فِي الرَّكْعَتَيْنِ الأُولَيَيْنِ مِنْ صَلاَةِ الظُّهْرِ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ وَسُورَتَيْنِ، يُطَوِّلُ فِي الأُولَى، وَيُقَصِّرُ فِي الثَّانِيَةِ، وَيُسْمِعُ الآيَةَ أَحْيَانًا، وَفِي الْعَصْرِ مِثْلَ ذَلِكَ. وَكَانَ يُطَوِّلُ فِي الرَّكْعَةِ الأُولَى مِنْ صَلاَةِ الصُّبْحِ، وَيُقَصِّرُ فِي الثَّانِيَةِ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي[٢].

ئەبو قەتادە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەستووری وابوو لە ركاتی یەكەمو لە ركاتی دووەمی نوێژی نیوەڕۆدا سوورەتی فاتیحاو سوورەتێكی تری دەخوێند، ئەو سوورەتەی كە لە ركاتی یەكەما دەیخوێند، درێژ تربوو لەو سوورەتەی كە لە ركاتی دووەما دەیخوێند. جارجاریش دەنگی ئەوەندە بەرزدەكردەوە كە ئایەتەكە دەبیسترا لە نوێژی عەسریشا هەروای دەكرد، لە ركاتی یەكەمی بەیانیشا سوورەتی درێژتری دەخوێند لە سوورەتی ركاتی دووەم: (ش/د/ن).

٥٠٣- وَقِيلَ لِخَبَّابٍ بِأَيِّ شَيْءٍ كُنْتُمْ تَعْرِفُونَ قِرَاءَةَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ؟ قَالَ: بِاضْطِرَابِ لِحْيَتِهِ. رَوَاهُ البخاري وأبو دَاوُدَ[٣].

---

(١) مسلم ١٨٦٩.

(٢) بخاري: ٧٥٩ ، ٧٦٢ ، ٧٧٦ ، ٧٧٨ ، ٧٧٩. مسلم: ١٠١٢ ، ١٠١٣ ، أبو داود: ٧٩٨ ، ٧٩٩. نسائي: ٩٧٣ ، ٩٧٤ ، ٩٧٥ ، ٩٧٦ ، ٩٧٧.

(٣) بخاري: ٧٤٦ ، ٧٦٠ ، ٧٦١ ، ٧٧٧.

گوتیان بە خەباب: بە چییا دەتـانزانی کـە پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نوێژی نیوە ڕۆو عەسردا سوورەت لـەپاش فاتیحـاوە دەخوێنـیٚ؟ گـوتی: بـە جوولانەوەی ریشیا (ب/د).

٧٩) باسی ئەو سوورەتانە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) گەلێ جار لە نوێژی نیوەڕۆو عەسردا دەیخوێندن : (ما قرأه ﷺ في الظهر والعصر)

٥٠٤- عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَقْـرَأُ فِي الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ بِالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ وَالسَّمَاءِ ذَاتِ الْبُرُوجِ وَنَحْوِهِمَا مِنَ الـسُّوَرِ. رَوَاهُ أصحاب السنن[1].

جـابیری کـوڕی سـەموورە (خـوای لێ ڕازی بێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسەربێ) لە نوێژی نیوەڕۆو عەسردا سوورەتی {وَالسَّمَاءِ وَالطَّارِقِ} و سـوورەتی {وَالسماءِ ذَاتِ الْبرُوجِ} و وێنـەی ئـەم سـوورەتانەی دەخوێنـد (د/ت/ن/س/ص).

٥٠٥- وَعَنْهُ قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْـرَأُ فِـي الظُّهْـرِ بِاللَّيْـلِ إِذَا يَغْشَى وَفِي الْعَصْرِ نَحْوَ ذَلِكَ وَفِـي الـصُّبْحِ أَطْـوَلَ مِـنْ ذَلِـكَ. رَوَاهُ مُـسْلِم وَابُـو دَاوُدَ[2].

دیـسان گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) لـە نوێـژی نیـوەڕۆدا سـوورەتی {وَاللَّيْـلِ إِذَا يَغْـشَى}ی دەخوێنـد، لـە عەسریـشا سـوورەتێکی لـەم چەشنەی دەخوێند، لە نوێژی بەیانیشا سوورەتێکی لەوە درێژتری دەخوێنـد (م/د).

٥٠٦- وَعَنْهُ اَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَقْرَأُ فِي الظُّهْرِ بَسَبِّحِ أسْمَ رَبِّكَ الأَعْلى وَفِي الصُّبْحِ بِأَطْوَلَ مِنْ ذَلِكَ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ[3].

---

(١) بسند صحيح (شرحه).

(٢) مسلم: ١٠٢٩.

دیسان ئەو گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) گەلێ جار لە نوێژی نیوەڕۆدا سوورەتی {سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى}ی دەخوێند وە لە نوێژی بەیانیشا سوورەتێکی درێژتری دەخوێند (م).

٨٠) ئەو سوورەتانەی کە حەزرەت (درووی خوای لەسەر) لە نوێژی شێوانو خەوتنانا خوێندوونی

٥٠٧- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) أَنَّ أُمَّ الْفَضْلِ سَمِعَتْهُ وَهُوَ يَقْرَأُ وَالْمُرْسَلَاتِ عُرْفًا فَقَالَتْ: يَا بُنَيَّ وَاللهِ لَقَدْ ذَكَّرْتَنِي بِقِرَاءَتِكَ هَذِهِ السُّورَةَ إِنَّهَا لَآخِرُ مَا سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْرَأُ بِهَا فِي الْمَغْرِبِ[١].

ئیبنو عەباس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ سوورەتی {وَالْمُرْسَلَاتِ عُرْفًا}م دەخوێند، ئوم فەضل گوێی لێبوو، گوتی رۆڵە! بەخودا بەخوێندنی ئەم سوورەتە ئەوەت یاد خستمەوە کە ئەم سوورەتە ئاخرەمین شت بوو گوێم لێبوو پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نوێژی شێوانا دەیخوێند (ش/د/ت/ن).

٥٠٨- عَنْ جُبَيْرِ بَنِ مُطْعِمٍ (قَالَ:) سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْرَأُ بِالطُّورِ فِي الْمَغْرِبِ. رَوَاهُما الخمسة[٢].

جوبەیری کوڕی موطعیم (خوای لێ رازی بێ) گوتی: گوێم لێبوو پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نوێژی شێوانا سوورەتی {وَالطُّورِ}ی دەخوێند: نیوەی لەرکاتی یەکەماو ئەو نیوەکەی تری لە رکاتی دووەما (ش/د/ت/ن).

٥٠٩- وَصَلَّى ابْنُ مَسْعُودٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ): إِمَامًا فِي الْمَغْرِبِ فَقَرَأَ فِيهَا بِقُلْ هُوَ اللهُ أَحَدٌ. رَوَاهُ ابو دَاوُدَ[٣].

---

(٣) مسلم: ١٠٣٠.

(١) بخاري: ٧٦٣ ، ٤٤٢٩. مسلم: ١٠٣٣. أبو داود: ٨١٠. ترمذي: ٣٠٨. نسائي: ٩٨٥.

(٢) بخاري: ٧٦٥ ، ٣٠٥٠ ، ٤٠٢٣ ، ٤٨٥٤. مسلم: ١٠٣٥. أبو داود: ٨١١. نسائي: ٩٨٦.

(٣) سكت عنه الشارح (مترجم).

جارێ ئیبنو مەسعوود (خوای لێ رازی بێ) بەرنوێژیی نوێژی شێوانی دەكرد لەپاش خوێندنی فاتیحا سوورەتی قولهووەڵلای خوێند (د).

٥١٠- عَنْ الْبَرَاءَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَرَأَ فِي الْعِشَاءِ بِالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ. فَمَا سَمِعْتُ أَحَدًا أَحْسَنَ صَوْتًا مِنْهُ. رَوَاهُ الخمسة إلا أبا دَاوُدَ[٤].

بەراء (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ گوێم لێبوو لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نوێژی خەوتنانا سوورەتی {وَالتِّينِ وَالزَّيْتُونِ}ی دەخوێند، كەسی ترم نەدیوە كە وەك ئەو ئاوا دەنگی خۆشبێ (ش/ت/ن).

٨١) قورئان خوێندنی نوێژی بەیانی

٥١١- عَنْ أَبِي بَرْزَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَقْرَأُ فِي صَلاَةِ الْغَدَاةِ مِنَ السِّتِّينَ إِلَى الْمِائَةِ. رَوَاهُ الشيخان والترمذي[١].

ئەبو بەرزە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نوێژی بەیانیدا لە شەست ئایەتەوە تا سەد ئایەتی تیا دەخوێند (ش/ت).

٥١٢- عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: إِنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَقْرَأُ فِي الْفَجْرِ بِ (ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ) وَكَانَتْ صَلاَتُهُ بَعْدُ تَخْفِيفًا. رَوَاهُ مُسْلِمٌ والترمذي[٢].

جابیری كوڕی سەمووره (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) گەلێ جار لە نوێژی بەیانیدا سوورەتی {ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ}ی دەخوێند، وەلێ زۆرتری كات نوێژێكی سووكەڵەی پاكو پوختی دەكرد (م/ت).

---

(٤) بخاري: ٧٦٧ ، ٧٦٨ ، ١٠٧٤ ، ١٠٧٨. مسلم: ١٠٣٧. أبو داود: ١٢٢١. ترمذي: ٣١٠.

(١) بخاري: ٧٧١. مسلم: ١٠٣١. نسائي: ٩٤٧.

(٢) مسلم: ١٠٢٧.

٥١٣- عَنْ عَمْرِو بْنِ حُرَيْثٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَأَنِّي أَسْمَعُ صَوْتَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْرَأُ فِي صَلَاةِ الْغَدَاةِ فَلاَ أُقْسِمُ بِالْخُنَّسِ الْجَوَارِ الْكُنَّسِ وَاللَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ. رَوَاهُ ابو دَاوُدَ ومُسْلِمٌ[٣].

عەمری کوڕی حورەیث (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ئێستاکەش دەلێی گوێم لە دەنگی پێغەمبەرە (دروودی خوای لەسەربێ) کە لە نوێژی بەیانەکیدا ئەو سوورەتەی دەخوێند کە:

{فَلَا أُقْسِمُ بِالْخُنَّسِ الْجَوَارِ الْكُنَّسِ وَاللَّيْلِ إِذَا عَسْعَسَ}ەی تیا دایە کە سوورەتی {إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ – ٥} (د/م).

٥١٤- وَلِلترمذي والحاكم: قَرَأَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي الصُّبْحِ بِالوَاقِعَةِ[٤].

گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نوێژی بەیانیدا سوورەتی واقیعەی خوێند (ت/حاکم).

٥١٥- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ السَّائِبِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الصُّبْحَ بِمَكَّةَ فَاسْتَفْتَحَ سُورَةَ الْمُؤْمِنِينَ حَتَّى إِذَا جَاءَ ذِكْرُ مُوسَى وَهَارُونَ أَوْ ذِكْرُ عِيسَى أَخَذَتْهُ سُعْلَةٌ فَرَكَعَ. رَوَاهُ الشيخان[٥].

عەبدوڵڵای کوڕی سائیب (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە مەککەی موکەڕڕەمە نوێژی بەیانیی بۆ دەکردین، لە سەرەتاوە دەستی کرد بە سوورەتی موئمینوون تا گەیشتە سەر باسی مووسا و هاروون یاخود گەیشتە سەرباسی حەزرەتی عیسا (لەوێدا کۆکەیەك گرتی، ئیتر) قورئانخوێند نەکەی بڕی و چوو بۆ روکووع! (ش).

٨٢) دروستە یەك سوورەت لە دوو ڕکاتا دووبارە بکرێتەوە

(٣) مسلم: ١٠٢٣.

(٤) سكت عنه الشارح (مترجم).

(٥) اخرجه البخاري تعليقا قبل الرقم: ٧٧٤م مباشرة مسلم: ١٠٢٢.

(يجوز تكرير السورة في الركعتين)

٥١٦- عَنْ رَجُلٍ مِنْ جُهَيْنَةَ أَنَّهُ سَمِعَ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْرَأُ فِي الصُّبْحِ إِذَا زُلْزِلَتِ الأَرْضُ فِي الرَّكْعَتَيْنِ كِلْتَيْهِمَا فَلاَ أَدْرِي أَنَسِيَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَمْ قَرَأَ ذَلِكَ عَمْدًا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[1].

پیاوێكی جوهەینەیی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: گوێم لێبوو كە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لەهەردوو ركاتەكەی نوێژی بەیانیدا هەر سوورەتی {إِذَا زُلْزِلَتِ الْأَرْضُ}ی خوێند، جا ئەوەیان نازانم كە ئایا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لە بیری چوو بوو كە لە ركاتی یەكەمیشا هەر ئەم سوورەتەی خوێندبوو، یاخود بە ئارەزوو ئاوای كرد (د-س/ص).

٨٣) باسی روكووع (چەمینەوە)و ویردو تەسبیحاتی ناو روكووع
الركوع والتسبيح فيه

٥١٧- رَأَى حُذَيْفَةُ رَجُلاً لاَ يُتِمُّ الرُّكُوعَ وَالسُّجُودَ فَقَالَ: مَا صَلَّيْتَ، وَلَوْ مُتَّ مُتَّ عَلَى غَيْرِ الْفِطْرَةِ الَّتِي فَطَرَ اللَّهُ مُحَمَّدًا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَيْهَا. رَوَاهُ البخاري والنسائي[1].

حوذەیفە (خوای لێ رازی بێ) چاوی لێ بوو كە پیاوێ لە نوێژا چەمینەوەو كورنووش (رووكووع‌و سەجدە) تەواو ناكا، لەبەر ئەوە پێی گوت: ئەمە نوێژ نەبوو كەتۆ كردت، خۆ ئەگەر لەسەر ئەم حاڵە بڕۆی هەتا مردن ئەوە بە كافری دەمرێ‌و لەسەر دینی موحەممەد (درودی خوای لەسەربێ) نامرێ كە خودا موحەممەدی دامەزراندووە لە سەری (بوخاری‌و نەسائی - بەمەزاران هەزار رەحمەتی خودایان لێبێ).

٥١٨- عَنْ أَبِي حُمَيْدٍ السَّاعِدِيِّ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) أَنَّهُ قَالَ: لِنَفَرٍ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنَا أَحْفَظُكُمْ لِصَلاَةِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَأَيْتُهُ إِذَا كَبَّرَ جَعَلَ

---

(١) بسند صحيح (شرحه).

(١) بخاري: ٧٩١ باب/ ١١٩ من كتاب مواقيت الصلاة.

يَدَيْهِ حِذَاءَ مَنْكِبَيْهِ، وَإِذَا رَكَعَ أَمْكَنَ يَدَيْهِ مِنْ رُكْبَتَيْهِ، ثُمَّ هَصَرَ ظَهْرَهُ، فَإِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ اسْتَوَى حَتَّى يَعُودَ كُلُّ فَقَارٍ مَكَانَهُ، فَإِذَا سَجَدَ وَضَعَ يَدَيْهِ غَيْرَ مُفْتَرِشٍ وَلاَ قَابِضِهِمَا، وَاسْتَقْبَلَ بِأَطْرَافِ أَصَابِعِ رِجْلَيْهِ الْقِبْلَةَ، فَإِذَا جَلَسَ فِي الرَّكْعَتَيْنِ جَلَسَ عَلَى رِجْلِهِ الْيُسْرَى وَنَصَبَ الْيُمْنَى، وَإِذَا جَلَسَ فِي الرَّكْعَةِ الآخِرَةِ قَدَّمَ رِجْلَهُ الْيُسْرَى وَنَصَبَ الأُخْرَى وَقَعَدَ عَلَى مَقْعَدَتِهِ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ مسلماً[٢].

ئەبو حومەیدی ساعیدی (خوای لێ ڕازی بێ) بەچەن کەسێ لە یارانی پێغەمبەری گوت (درودی خوای لەسەربێ): من لە هەمووتان باشتر ئاگام لێیەتی کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) نوێژی چۆن بوو: سەرنجم دەدا کە ئەڵلاهو ئەکبەری دەکرد، هەر دوو دەستی تا ئاستی هەردوو سەرشانەکانی هەڵدەبڕی، کە روکووعیشی دەبرد هەردوو دەستی لە هەردوو ئەژنۆکانی خۆی گیر دەکرد. وەڕێك پشتی خۆی دەچەماندەوە پشتو ملی خۆی ڕێك لەیەك ئاست بەبێ کوڕی رادەگرت کە سەرپشتی هەڵدەبڕی لە چەمینەوە ڕێك هەڵدەسایەوەو فنج رادەوەستایەوە، تا یەك یەك بڕاکەکانی پشتی دەچوونەوە شوێنی خۆیان. کە کوڕنووشیشی دەبرد هەردوو لەپی دەستی دادەنا لەسەر زەوییەکە بەڵام باسکی خۆیی رانەدەخست لەسەر زەوییەکەو کەمێ بەرز دەیگرتن وە نەشی دەنووساندن بە لاتەنیشتی خۆیەوە بەڵکوو هەردووباڵی خۆیی بڵاو دەکردەوە وە سینگی پەنجەکانی هەردوو پێی لە سەرزەوی دادەناو نووکی پەنجەکانی قاچی روویان دەکردە رووگە (قیبلە) لە تەحیاتی یەکەمیشا لەسەر قاچی چەپی دادەنیشتو قاچی راستی هەڵدەنا، لەدوا رکاتیشا پێی چەپی لەژێر خۆیەوە رەت دەکردو لەژێر پێی راستیەوە نووکە کەی دەردەکرد وە پێی راستیشی هەڵ دەناو لەسەر لاڕانی خۆی دادەنیشت (ب/د/ت/ن).

٥١٩- عَنْ عَلِيٍّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا رَكَعَ قَالَ: اللَّهُمَّ لَكَ رَكَعْتُ وَبِكَ آمَنْتُ وَلَكَ أَسْلَمْتُ خَشَعَ لَكَ سَمْعِي وَبَصَرِي وَمُخِّي وَعَظْمِي وَعَصَبِي. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاريَّ.

---

(٢) بخاري: ٨٢٨.

عەلی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: یاسای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وابوو لەناو رووكووعا دەیفەرموو:

{اللّٰهُمَّ لَكَ رَكَعْتُ وَبِكَ آمَنْتُ وَلَكَ أَسْلَمْتُ خَشَعَ لَكَ سَمْعِي وَبَصَرِي وَمُخِّي وَعَظْمِي وَعَصَبِي}.

خودایە! سەری بەندەیی بۆ تۆ دادەنەوێنمو ئەم روكوعەم لەبەر خاتری تۆیە، وە باوەڕم بەتۆ هەیە، وەخۆم سپارد بەتۆ، خودایە! گوێم، چاوم، مۆخم، ئێسكم، رەگو ریشەم هەموو سەركزو ملكەچن بۆ فەرمانی تۆ (م/د/ت/ن).

٥٢٠- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ أَللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ فِي رُكُوعِهِ وَسُجُودِهِ: سُبْحَانَكَ اللّٰهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ، اللّٰهُمَّ اغْفِرْ لِي. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي(٤).

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: یاسای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وابوو لە چەمینەوەو كوڕنووشدا دەیفەرموو:

{سُبْحَانَكَ اللّٰهُمَّ رَبَّنَا وَبِحَمْدِكَ، اللّٰهُمَّ اغْفِرْ لِي}.

خودایە! تۆ خودایەكی پاكو بێ نەنگیت، ئەی پەروەردگارم! لە سایەی خۆتەوەیە كەمن تەسبیحو سوپاسو ستایشی تۆ دەكەم،، خودایا! لێم خۆشبە (ش/د/ن).

٥٢١- وَعَنْهَا أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَقُولُ فِي رُكُوعِهِ وَسُجُودِهِ: سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ رَبُّ الْمَلاَئِكَةِ وَالرُّوحِ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأَبُو دَاوُدَ والنسائي(٥).

دیسان گوتی: زۆر جار حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) لە چەمینەوەو كوڕنووشدا دەیفەرموو:

{سُبُّوحٌ قُدُّوسٌ رَبُّ الْمَلاَئِكَةِ وَالرُّوحِ}.

---

(٤) بخاري: ٧٩٤ ، ٨١٧ ، ٤٢٩٣ ، ٤٩٦٧ ، ٤٩٦٨. مسلم: ١٠٨٥. أبو داود: ٨٧٧. نسائي: ١٠٤٦ ، ١١٢١ ، ١١٢٢.

(٥) مسلم: أبو داود ٨٧٢. نسائي: ١٠٤٧ ، ١١٣٣.

بێ نەنگو پاكو خاوێنەو پەروەردگاری فریشتەكانو جوبرائیلە (م/د/ن).

٥٢٢- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا رَكَعَ أَحَدُكُمْ فَقَالَ: فِي رُكُوعِهِ سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ فَقَدْ تَمَّ رُكُوعُهُ وَذَلِكَ أَدْنَاهُ. وَإِذَا سَجَدَ فَقَالَ: فِي سُجُودِهِ سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى ثَلاَثَ مَرَّاتٍ فَقَدْ تَمَّ سُجُودُهُ وَذَلِكَ أَدْنَاهُ. رَوَاهُ الترمذي وأبو دَاوُدَ[٦].

عەبدوڵڵا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر كەسێ لە ئێوە لە ناوچەمینەوەدا سێ جار بڵێ: (سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ): پاكو بێ نەنگە پەروەردگاری گەورەم ئەوە چەمینەوەكەی تەواوە، بەڵام گوتنی سێ جار لای كەمی تەواویی چەمینەوەیە، هەر كەسەیشتان لەناو كوڕنووشدا سێ جار بڵێ: (سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى): پاكو بێگەردە پەروەردگاری بەرزو بڵندم ئەوە كوڕنووشەكەی تەواوە، بەڵام گوتنی سێ جار لای كەمی تەواوی ویردی ناو سەجدەیە (ت/د).

٨٤) سەربەرزكرنەوە لە چەمینەوەو ستایشی كاتی سەربەرزكردنەوە: الرفع من الركوع والحمد فيه

٥٢٣- عَنْ رِفَاعَةَ بْنِ رَافِعٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كُنَّا يَوْمًا نُصَلِّي وَرَاءَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَلَمَّا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ الرَّكْعَةِ قَالَ: سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ فَقَالَ: رَجُلٌ وَرَاءَهُ: رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ، حَمْدًا كَثِيرًا طَيِّبًا مُبَارَكًا فِيهِ، فَلَمَّا انْصَرَفَ قَالَ: مَنِ الْمُتَكَلِّمُ؟ قَالَ: أَنَا قَالَ: رَأَيْتُ بِضْعَةً وَثَلاَثِينَ مَلَكًا يَبْتَدِرُونَهَا، أَيُّهُمْ يَكْتُبُهَا أَوَّلا. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي[١].

ریفاعەی كوڕی رافع (خوای لێ رازی بێ) گوتی: رۆژێ لە پشتی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) نوێژمان دەكرد، كە لەروكوع سەری هەڵبڕی فەرمووی: (سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ): هەركەسێ سوپاسی خودا بكا بە نیازی پاداشی باش خودا سوپاسو نیازەكەی قەبووڵ دەكا، پیاوێكیش لە پشتیەوە بوو گوتی:

---

(٦) قال أبو داود: مرسل، قال الترمذي: منقطع مؤيد بالصحاح. (شرحه).

(١) بخاري: ٧٩٩.

{رَبَّنا وَلَكَ الْحَمْد كَثِيراً طَيِّباً مُبَارَكاً فِيهِ}

پەروەردگارم؟ سوپاسێکی پاکی زۆری پیرۆز بوو تۆ لەسەر ئەوە کە سوپاس و نیازمان گێرادەکەی! جا کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لە نوێژەکە لێ بۆوە فەرمووی: کێ بوو قسەیەکی ئاوای کرد؟ پیاوەکە گوتی: من بووم. فەرمووی: چاوم لێ بوو زیاتر لە سیی فریشتە پەلاماریان داو قۆستیانەوە، هەرەیەك لەوان پەلەی ئەوەی بوو کە خۆی لە پێشا بینووسێتەوە! (ش/د/ن).

٥٢٤- وَكَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا قَالَ: سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ. قَالَ: اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ. رَوَاهُ البخاري[٢].

یاسای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) وابوو کە دەیفەرموو: (سمع الله لمن حمده) بە دویا دەیفەرموو: (أللَهُمَّ رَبَّناَ وَلَكَ أُلحمْدُ} (ب).

٥٢٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا قَالَ: الإِمَامُ سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ. فَقُولُوا اللَّهُمَّ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ. فَإِنَّهُ مَنْ وَافَقَ قَوْلُهُ قَوْلَ الْمَلاَئِكَةِ غُفِرَ لَهُ ماَ تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ. رَوَاهُ الخمسة[٣].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: کە پێشنوێژ گوتی (سمع الله لمن حمده) ئێوەش بڵێن: (اللهم ربنا ولك الحمد) چونکە هەر کەسێ قسەی ئەوو قسەی فریشتەکان یەك بگرن واتە: بۆی رێ بکەوێ لەگەڵ ئەوانائەم وشە پیرۆزەیە بڵێ، ئەوە خودا لە گوناهی لەوەبەری خۆش دەبێ (ش/د/ت/ن).

٥٢٦- عَنْ عَلِي (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مَنْ أَلرُكُعِ قَالَ: سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ مِلْءَ السَّمَوَاتِ وَمِلْءَ الأَرْضِ وَمِلْءَ مَا بَيْنَهُماَ وَمِلْءِ ماَ شِئْتَ مِنْ شَيْءٍ بَعْدُ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ البخاريَّ

---

(٢) بخاري: ٧٩٥.

(٣) بخاري: ٧٩٦ ، ٣٢٢٨.

وزاد مُسْلِمٌ وأبو دَاوُدَ: أَهْلَ الثَّنَاءِ وَالْمَجْدِ، أَحَقُّ مَا قَالَ: الْعَبْدُ (وَكُلُّنَا لَـكَ عَبْـدٌ) اللَّهُمَّ لاَ مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ وَلاَ مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ وَلاَ يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ[٤].

عـەلی (خوای لێ رازی بێ) گـوتی: هـەموو جـارێ پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) کەسەری بەرز دەکردەوە لە چەمینەوە دەیفەرمو:

{سَمِعَ اللَّهُ لِمَنْ حَمِدَهُ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ مِلْءَ السَّمَوَاتِ وَمِلْءَ الأَرْضِ وَمِلْءَ مَا بَيْنَهُمَا وَمِلْءِ مَا شِئْتَ مِنْ شَيْءٍ بَعْدُ}.

ئـەوی سـتایش و سوپاسـی یـەزدان بکـاو نیـازی خـۆی عـەرزی بارەگـای ئـەو زاتـە بکـا ئـەوە هـەم سوپاسـەکەی و هـەم نیازەکەی گیرایـە، پەروەردگارا! کەواتە سوپاسێکی زۆری بێ شومار بۆ تۆ، پڕ بە ئاسمان، پـڕ بـە زەوی، پـڕ بـە نێـوانی ئـەم دوانـە، سـەرەڕای ئەمانـەیش پـڕ بەهەرشـتێکی تـریش سـوپاس بـۆ تۆبـێ کـە حـەزی تـۆی لەسـەربێ (م/د/ت/ن) موسـلیم و ئـەبو داوود (رەحمـەتی خودایـان لێبـێ) ئەمەشـیان لێ زیـاد کردووە:

{أَهْلَ الثَّنَاءِ وَالْمَجْدِ، أَحَقُّ مَا قَالَ: الْعَبْدُ (وَكُلُّنَا لَكَ عَبْدٌ) اللَّهُمَّ لاَ مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ وَلاَ مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ وَلاَ يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ}.

ئـەی کەسـێ کـە شایـستەی هـەموو سـتایش و گـەورەیی یـەکێ! دروسـتترین وشـەیێ کـە یـەکێ لـە ئێمـە بیڵـێ (کـە هـەموومان بەنـدەی تـۆین) وشەی ئەو بەندەیەیە کە دەڵێ:

{اللَّهُمَّ لاَ مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ وَلاَ مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ وَلاَ يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ}.

خودایە! هەرچی تۆ بیدەی بە کەسی تر نابڕێ، هەرچیش تۆنەیدەی بە کەسی تر نادرێ، دارایی داراو دەستداریی دەستدار هیچ دادێکیان نادەن لەلای تۆ.

٥٢٧- (ب – ١ ز – ٨٣ ژمارە: ٥١٩)[٥].

---

(٤) مسلم: ١٠٧٢ ، ١٠٧٣. أبو داود: ٨٤٧. نسائي: ١٠٢٧.

(٥) تقدم تخريجه بمثل الحديث الرقم: ٥١٩/٢.

٨٥) باسی کوڕنووش (سەجدە)و ستایشی ناوی (السجود والتسبیح فیه)

٥٢٨- عَنْ وَائِلِ بْنِ حُجْرٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا سَجَدَ وَضَعَ رُكْبَتَيْهِ قَبْلَ يَدَيْهِ وَإِذَا نَهَضَ رَفَعَ يَدَيْهِ قَبْلَ رُكْبَتَيْهِ. رَوَاهُ أصحاب السنن[1].

وائیلی کوڕی حوجر (خوای لێ رازی بێ) گوتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەستووری وابوو کە کوڕنووشی دەبرد ئەژنۆی لەپێش دەستیا دادەنا، کە هەڵیش دەسایەوە سەرپێ دەستی لەپێش ئەژنۆیا بەرز دەکردەوە (د/ت/ن-س/ح).

٥٢٩- عَنْ أَنَسٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: اعْتَدِلُوا فِي السُّجُودِ، وَلاَ يَبْسُطْ احَدُكُمْ ذِرَاعَيْهِ أنْبِسَاطَ الْكَلْبِ. رَوَاهُ الخمسة[2].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: کەسەر لە سەجدە هەڵدەبڕن پشتتان ڕێك ڕاست بکەنەوە، لەناو سەجدەشدا لە چەشنی سەگ لەسەر دەم رابکشێ ئاوا باڵتان لەسەر زەوییەکە رامەخەن (ش/د/ت/ن).

٥٣٠- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ بُحَيْنَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ إِذَا صَلَّى فَرَّجَ بَيْنَ يَدَيْهِ حَتَّى يَبْدُوَ بَيَاضُ إِبْطَيْهِ. رَوَاهُ الشيخان. وفي رواية: كَانَ إِذَا سَجَدَ جَافى بَيْنَ يَدَيْهِ حَتَّى لَوْ أَنَّ بَهْمَةً أَرَادَتْ أنْ تَمُرَّ تَحْتَ يَدَيْهِ مَرَّتْ[3].

عەبدوڵڵای کوڕی بوجەینە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) کە نوێژی دەکرد لەکاتی کوڕنووشدا هەر دوو باڵی خۆی بڵاو دەکردەوە، تەنانەت جاروبار سپینەی بنباخەڵی دەردەکەوت (ش) لە

---

(١) بسند حسن (شرحه).

(٢) بخاري: ٨٢٢ ، مسلم: ١١٠٢. أبو داود: ٨٩٧ ، ترمذي: ٢٧٦. نسائي: ١١٠٩.

(٣) بخاري: ٣٩٠ ، ٨٠٧ ، ٣٥٦٤ ، ١١٠٥. مسلم: ١١٠٥ ، ١١٠٦ ، ١١٠٧. نسائي: ١١١٠٥. أبو داود: ٨٩٨.

گێڕانەوەیەكدا: كە سوژدەی دەبرد وەها هەر دووباڵی خۆی بڵاو دەكردەوە كاروبەرخیان بەژێردا دەچوو.

٥٣١- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كُنَّا نُصَلِّي مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَيَضَعُ أَحَدُنَا طَرَفَ الثَّوْبِ مِنْ شِدَّةِ الْحَرِّ فِي مَكَانِ السُّجُودِ. رَوَاهُ الخمسة(٤).

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: زۆر جار كە لەپشتی پێغەمبەرەوە** (درودی خوای لەسەربێ) **نوێژمان دەكرد، لەتاو تینی گەرما چمكی جلەكانمان لە جێگە كوڕنووشەكەدا دادەنا** (ش/د/ت/ن).

٥٣٢- عَنْ عَلِيٍّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا سَجَدَ قَالَ: اللَّهُمَّ لَكَ سَجَدْتُ وَبِكَ آمَنْتُ وَلَكَ أَسْلَمْتُ سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ وَصَوَّرَهُ وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ تَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ البخاريَّ(٥).

عەلی (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **لە كوڕنووشا دەیفەرموو:**

{اللَّهُمَّ لَكَ سَجَدْتُ وَبِكَ آمَنْتُ وَلَكَ أَسْلَمْتُ سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِي خَلَقَهُ وَصَوَّرَهُ وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ تَبَارَكَ اللَّهُ أَحْسَنُ الْخَالِقِينَ}.

ئەی خودا! سەری بەندەیی بۆ تۆ دەنێمە سەر زەوی بڕوام هەیە بەتۆ، خۆم سپارد بەتۆو ملكەچی فەرمانی تۆم، روخسارم دەنێمە سەر خاكو كوڕنووشی بەندەیی دەبەم بۆ ئەو خودایە كە ئەم روخسارەی منی دروست كردووەو شەقڵو نەخشو وێنەی كێشاوەو گوێچكەو چاوی پێوە داتەراشیوە، دیارە كە یەزدان خودایەكی پاكو پیرۆزو گەورەیەو جوانترین كردگارە! (م/د/ت/ن).

٥٣٣- عَنْ حُذَيْفَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّهُ صَلَّى مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَكَانَ يَقُولُ فِي رُكُوعِهِ: سُبْحَانَ رَبِّيَ الْعَظِيمِ. وَفِي سُجُودِهِ: سُبْحَانَ رَبِّيَ الأَعْلَى. وَمَا مَرَّ

---

(٤) بخاري: ٣٨٦ (٣٨٥)، ٥٨٥٠. مسلم: ١٤٠٦. أبو داود: ٦٦٠. ترمذي: ٥٨٤. نسائي: ١١٥. ابن ماجه: ١٠٣٣.

(٥) مسلم: ١٨٠٩. أبو داود: ٧٤٤ ، ٧٦٠، ٧٦١، ١٥٠٩. ترمذي: ٢٦٦ ، ٣٤٢١، ٣٤٢٢. نسائي: ٨٩٦ ، ١٠٤٩ ، ١١٢٥.

بِآيَةِ رَحْمَةٍ إِلاَّ وَقَفَ عِنْدَهَا فَسَأَلَ وَلاَ بِآيَةِ عَذَابٍ إِلاَّ وَقَفَ عِنْدَهَا فَتَعَوَّذَ. رَوَاهُ ابو دَاوُدَ والترمذي[٦].

حوذەیفە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: نوێژم دەکرد لەگەڵ پێغەمبەردا** (درودی خوای لەسەربێ) **لە چەمینەوەدا دەیفەرموو: (سبحان ربی العظیم: پاكو بێگەردو بێ نەنگە پەروەردگاری گەورەم) لە کوڕنووشیشدا دەیفەرموو: (سبحان ربی الاعلی: پاكو بێگەردو بێ نەنگە پەروەردگاری بڵندم) کە دەشگەیشتە سەر ئایەتی رەحمەت لەسەری دەوەستاو دەپاڕایەوەو لە خودا داوای بەشی لەو رەحمەتە دەکرد، کە دەشگەیشتە سەر ئایەتی سزاو عەذاب لەسەری رادەوەستاو پەنای دەگرت بە پەنای خودا لەو سزاو عەزابە** (د/ت-س/ص).

٥٣٤- وَلَمَّا نَزَلَ: (فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ) قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اجْعَلُوهَا فِي رُكُوعِكُمْ. فَلَمَّا نَزَلَتْ (سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الأَعْلَى) قَالَ: اجْعَلُوهَا فِي سُجُودِكُمْ. رَوَاهُ أبو دَاوُدَ وأحمد[٧].

گوتی: کاتێ {فَسَبِّحْ بِاسْمِ رَبِّكَ الْعَظِيمِ - ٦٩/٥٢} واتە: کەواتە ئەی پێغەمبەر؟ تۆش هەمیشە تەسبیحی خودای گەورەی خۆت بکە کاتێ ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: (بیکەن بە ذیکری روکوعتان واتە: لەناو روکوعدا بڵێن: سُبْحَانَ رَبِّيَ أَلْعَظِيمَ) وە کاتێ ئایەتی (سَبِّحِ أسْمَ رَبِّكَ الأَعْلَى - ٨٧/١) واتە: ناوی پیرۆزی پەروەردگاری بڵندی خۆت بە پاكو تەمیز رابگرە هاتە خوارەوە، پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: بیکەن بەذیکری کوڕنووشتان واتە: لەناو سەجدەدا، بڵێن: سُبْحَانَ رَبِّيَ الأعْلَى** (د/ ئەحمەد).

٥٣٥- عَنِ عَلِيّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: نَهَانِي حِبِّي رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنْ أَقْرَأَ الْقُرْآنَ رَاكِعًا أَوْ سَاجِدًا. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ البخاريَّ[٨].

---

(٦) بسند صحيح (شرحه).

(٧) سكت عنه الشارح (مترجم).

عەلی (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەری خۆشەویستم (درودی خوای لەسەربێ) فەرمانی پێ کردم کە لەناو ڕوکوعو سەجدەدا قورئان نەخوێنم (م/د/ت/ن).

٥٣٦- (ب – ١ ز – ٨٣ ژمارە/ ٢/٥١٨).

٥٣٧- (ب – ١ ز – ٨٣ ژمارە: ٥١٨/٢.

٥٣٨- (ب – ١ ز ٨٣ ژمارە: ٥٢١/٥).

٥٣٩- (ب – ١ ز – ٨٣ ژمارە: ٥٢٢/٦).

٨٦) نزاو پاڕانەوە لە کوڕنووشا گیرایە

٥٤٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَقْرَبُ مَا يَكُونُ الْعَبْدُ مِنْ رَبِّهِ وَهُوَ سَاجِدٌ فَأَكْثِرُوا الدُّعَاءَ فَقِمَنٌ أَنْ يُستَجَابَ لَكُمْ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأبو دَاوُدَ[١].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هیچ کاتێ بەندە وەك کاتی ناو سەجدە لە خوداوە نزیك نابێتەوە، کەواتە لەو کاتەدا دوعاو نزا زۆر بکەن، جێگەی خۆیەتی کە پاڕانەوەکەتان قەبوڵ بکرێ (م/د).

٥٤١- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَقُولُ فِي سُجُودِهِ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي كُلَّهُ دِقَّهُ وَجِلَّهُ وَأَوَّلَهُ وَآخِرَهُ وَعَلَانِيَتَهُ وَسِرَّهُ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأبو دَاوُدَ[٢].

دیسان گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لەناو کوڕنووشا دەیفەرموو: {اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي ذَنْبِي كُلَّهُ دِقَّهُ وَجِلَّهُ وَأَوَّلَهُ وَآخِرَهُ وَعَلَانِيَتَهُ وَسِرَّهُ}.

خودایە! لە هەموو گوناهەکانم خۆش ببە: لە وردیو لە درشتی، وە لە پێشینیو پاشینی، وە لە ئاشکرایو پەنهانی (م/د).

---

(٨) مسلم: ١٠٧٦ – ١٠٨١. أبو داود: ٤٠٤٤ ، ٤٠٤٥ ، ٤٠٤٦. ترمذي: ١٧٣٧. نسائي: ١٠٤٣.

(١) مسلم: ١٠٨٣. نسائي: ١١٣٦.

(٢) مسلم: ١٠٨٤. أبو داود: ٨٧٨.

٥٤٢- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ أللهُ عَنْهُا) قَالَتْ: فَقَدْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لَيْلَةً مِنَ الْفِرَاشِ فَالْتَمَسْتُهُ فَوَقَعَتْ يَدِى عَلَى بَطْنِ قَدَمَيْهِ وَهُوَ فِى الْمَسْجِدِ وَهُمَا مَنْصُوبَتَانِ وَهُوَ يَقُولُ: اللَّهُمَّ أَعُوذُ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ وَبِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ، لاَ أُحْصِى ثَنَاءً عَلَيْكَ أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ. رَوَاهُ الخمسة إلاّ البخاري[٣].

عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: شەوێ لە سەرنوێن پێغەمبەرم (درودی خوای لەسەربێ) لێ ون بوو، کە لەپم کوتا بۆی دەستم کەوت لەبەری پێکانی، لە کوڕنووشابوو، هەردوو پێی هەڵنابوون، دەیفەرموو:

{اللَّهُمَّ أَعُوذُ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ وَبِمُعَافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ، لاَ أُحْصِى ثَنَاءً عَلَيْكَ أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ}.

خودایە! پەنا دەگرم بە ڕەزامەندیی تۆ لە خەشمو قاری تۆ، وە پەنا دەگرم بەچاو پۆشینی تۆ لە تۆڵە سەندنی تۆ، وە پەنا دەگرم بە خۆت لە خۆت، وەسپو ثەنا خونیی تۆ لە کێشی منا نیەو سوپاسو ستایشی تۆ بەکەس نابژێرێ، ئەوە مەگەر هەر بەخۆت بکرێ (م/د/ت/ن).

٨٧) دانیشتنی نێوانی دوو سەجدەو ستایشی ناوی
(الجلوس بين السجدتين والدعاء فيه)

٥٤٣- عَنِ الْبَرَاءِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ رُكُوعُ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَسُجُودُهُ وَإِذَا رَفَعَ مِنَ الرُّكُوعِ وَبَيْنَ السَّجْدَتَيْنِ، قَرِيبًا مِنَ السَّوَاءِ. رَوَاهُ الخمسة[١].

بەڕڕا (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ماوەی ڕوکووعو سەجدەو پشت ڕاستکردنەوە لە ڕوکوعو دانیشتنی نێوانی دوو سەجدەکانی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لە یەکترەوە گەلێ نزیك بوون (ش/د/ت/ن).

---

(٣) مسلم: ١٠٩. أبو داود: ٨٧٩. نسائي: ١٦٩ ، ١٠٩٩.

(١) بخاري: ٧٩٢ ، ٨٠١ ، ٨٢٠. مسلم: ١٠٥٧. أبو داود: ٨٥٢ ، ٨٥٤. ترمذي: ٢٧٩ ، ٢٨٠ نسائي: ١٠٦٤ ، ١١٤٧ ، ١٣٣١.

٥٤٤- عَنْ طَاوُسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: قُلْنَا لابْنِ عَبَّاسٍ فِي الإِقْعَاءِ عَلَى الْقَدَمَيْنِ قَالَ: هِيَ السُّنَّةُ. فَقُلْنَا: إِنَّا لَنَرَاهُ جَفَاءً بِالرَّجُلِ. قَالَ: بَلْ هِيَ سُنَّةُ نَبِيِّكُمْ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). رَوَاهُ الترمذي ومُسْلِمٌ وأبو دَاوُدَ[٢].

طاووس (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: بۆ دانیشتن بە چیچکانەوە لەسەر هەردوو قنگە پاژنەی پێ لەکاتی دانیشتنی نێوانی دوو سەجدەکانا لە ئیبنو عەبباسمان پرسی، گوتی: ئەوە سونەتە، گوتمان: خۆ ئێمە وامان دادەنا کە ئەو، نیشانەی بێ وێڵییە بۆ پیاو، گوتی: نا، بەڵکوو ئەوە سوننەتی پێغەمبەرەکەتانە** (درودی خوای لەسەربێ) (ت/م/د).

٥٤٥- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ أللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ بَيْنَ السَّجْدَ تَيْنِ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي وَعَافِنِي وَاهْدِنِي وَارْزُقْنِي. رَوَاهُ أبو داود واترمذي[٣].

ئیبنو عەباس (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: یاسای پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **وابوو لە دانیشتنی نێوانی دوو کوڕنووشەکاندا دەیفەرموو:**

{اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَارْحَمْنِي وَعَافِنِي وَاهْدِنِي وَارْزُقْنِي}.

خودایە! لێم خۆشبەو رەحمم پێ بکەو ئاسوودەو بێ وەیم بکەو شارەزای رێی راستم بکەو رزق و رۆژیم بدە (د/ت – سند غريب).

٨٨) دانیشتنی وچان: (جلسة الاستراحة)

٥٤٦- عَنْ أَبِي قِلاَبَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّى لَنَا مَالِكُ بْنُ الْحُوَيْرِثِ صَلاَةَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَكَانَ إِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ السَّجْدَةِ الآخِرَةِ فِي الرَّكْعَةِ الأُولَى قَعَدَ ثُمَّ قَامَ. رَوَاهُ الخمسة إلا مسلماً ولفظ البخاري: وَكَانَ إِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ عَنِ السَّجْدَةِ الثَّانِيَةِ جَلَسَ وَاعْتَمَدَ عَلَى الأَرْضِ، ثُمَّ قَامَ[١].

---

(٢) مسلم: ١١٩٨. أبو داود : ٨٤٥. ترمذي: ٢٨٣.

(٣) وقال إنه غريب (شرحه).

(١) بخاري: ٨٢٤.

ئـەبو قیلابـە (خـوای لێ ڕازی بێ) گـوتی: مـالیکی کـوڕی حـوەیریـث لـە چەشنی نوێژکردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ئاوا نوێژی بۆ دەکردین، هـەموو جـارێ کـە سـەری بـەرز دەکـردەوە لـە کوڕنووشـی دووەم لـە ڕکاتییەکەم کەمێ دا ئەنیشت ئینجا هەڵدەسایەوە سەرپێ (ب/د/ت/ن) گفتـەی بوخـاری ئاوایـە: هـەموو جـارێ کەسـەری بـەرزدەکردەوە لـە کوڕنووشـی دووەمـی ڕکـاتی یەکـەم یـا لـە کوڕنووشـی دووەمـی ڕکـاتی سێیەمی نوێـژی چوار ڕکاتی تۆزێ دادەنیشت لەسەر عەردەکە، ئینجا هەڵدەسایەوە سەرپا.

٨٩) تەحیاتی یەکەمو شێوەی دانیشتنی ناو نوێژ:
(التشهد الأول وهيئة الجلوس في الصَّلاة)

٥٤٧- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَفْتَتِحُ الصَّلاَةَ بِالتَّكْبِيرِ وَالْقِرَاءَةَ بِالْحَمْـدُ لِلَّـهِ رَبِّ الْعَـالَمِينَ، وَكَـانَ إِذَا رَكَـعَ لَـمْ يُشْخِصْ رَأْسَهُ وَلَمْ يُصَوِّبْهُ وَلَكِنْ بَيْنَ ذَلِكَ وَكَانَ إِذَا رَفَعَ رَأْسَـهُ مِـنَ الرُّكُـوعِ لَـمْ يَسْجُدْ حَتَّى يَسْتَوِيَ قَائِمًا وَكَانَ إِذَا رَفَعَ رَأْسَهُ مِنَ السُّجُودِ لَمْ يَسْجُدْ حَتَّى يَسْتَوِيَ قَاعِدًا، وَكَانَ يَقُولُ فِي كُلِّ رَكْعَتَـيْنِ: التَّحِيَّـاتُ، وَكَـانَ إِذَا جَلَـسَ يَفْـرِشُ رِجْلَـهُ الْيُسْرَى وَيَنْصِبُ رِجْلَهُ الْيُمْنَى، وَكَانَ يَنْهَى عَنْ عَقِبِ الشَّيْطَانِ وَعَنْ فِرْشَةِ الـسَّبُعِ وَكَانَ يَخْتِمُ الصَّلاَةَ بِالتَّسْلِيمِ. رَوَاهُ أبو داود ومسلم[1].

عائیـشە (خـوای لێ ڕازی بـێ) گـوتی: هەمیـشە پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەربێ) نوێژی بە ئەڵلاهو ئەکبەر دادەبەست، قورئانخوێندنی بە سوورەتی (الحمـد لله رب العالمين)ە دەست پێ دەکرد، لە چەمینەوەشا نە سەری قیت دەگرتو نە

(١) مسلم: ١١١٠ ، أبو داود: ٧٨٣.

ملی شۆڕ دەكردەوە، بەڵام سەرو مل‌و پشتی خۆی ڕێك دەگرت لەیەك ئاست وەك دووخ وە هەمیشە كە سەری لە چەمینەوە هەڵدەبڕی ڕێك ڕادەوەستایەوەو پشتی خۆی بە تەواوی ڕاست دەكردەوە ئەوجا دادەنەوی بۆ كوڕنووش، وە هەروەها كە سەریشی بەرز دەكردەوە لە كوڕنووشی یەكەم قنج دادەنیشت ئەوسا كوڕنووشی دووەمی دەبرد، وە لە هەموو دوو ركاتێكیشدا تەحیاتی دەخوێند، هەمیشە كە داشدەنیشت پێی چەپی ڕادەخست‌و پێی ڕاستی هەڵدەناو لەسەریان دادەنیشت. پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) نەهی دەكرد لە قنگەڵتس لە تەحیاتا، وە هەروەها نەهی دەكرد لە ڕاخستنی باڵ لەسەر زەوی لەناو كوڕنووشا لە چەشنی ڕاكشانی دڕندە لەسەر دەم، وە هەمیشەیش دوایی نوێژی دەهێنا بەسلاودانەوە (د/م).

٥٤٨- عَنْ ابْنُ عُمَرَ (رَضيَ اللهُ عَنهُمَا) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ إِذَا جَلَسَ فِي الصَّلاَةِ وَضَعَ كَفَّهُ الْيُمْنَى عَلَى فَخِذِهِ الْيُمْنَى وَقَبَضَ أَصَابِعَهُ كُلَّهَا وَأَشَارَ بِإِصْبَعِهِ الَّتِي تَلِي الإِبْهَامَ وَوَضَعَ كَفَّهُ الْيُسْرَى عَلَى فَخِذِهِ الْيُسْرَى. رَوَاهُ الخمسة إلا البخاري[٢].

ئیبنو عومەر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) زۆر جار كە لە تەحیاتا دادەنیشت لەپی ڕاستی دادەنا لەسەر ڕانی ڕاستی‌و گشت پەنجەكانی دەنووقاند، پەنجەی شایەتمانی نەبێ، بەڵام پەنجەی شایەتمانی بەرەڵا دەكردو لەكاتی گوتنی وشەی (الا الله)ی ناو شایەتیمانا بەرزی دەكردەوە، وە لەپی چەپیشی لەسەر ڕانی چەپی دادەنا (م/د/ت/ن).

٥٤٩- وَلأصحاب السنن: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا جَلَسَ فِي الرَّكْعَتَيْنِ الأُولَيَيْنِ كَأَنَّهُ عَلَى الرَّضْفِ حَتَّى يَقُومَ[٣].

---

(٢) مسلم: ١٣٠٨ ، ١٣٠٧ ، ١٣٠٩. ترمذي: ٢٩٤. نسائي: ١٢٦٨. أبو داود: ٩٨٨.

(٣) بسند حسن (شرحه).

گـوتی: پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەربێ) لـە دانیـشتنی تـەحیاتی یەکـەما ئەوەنـدە بـە پەلـەبوو دەتگـوت لەسـەر تـاوێری داخـە، لـەپاش کـەمێ هەڵدەسایەوە (د/ت/ن-س/ح).

٩٠) کردنی نوێژ بەجوانیو بەسەرکزی لەگەڵ دڵ پێدانا (الخشوع في الصلاة وتحسينها)

٥٥٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: هَلْ تَرَوْنَ قِبْلَتِي هَا هُنَا وَاللَّهِ مَا يَخْفَى عَلَيَّ رُكُوعُكُمْ وَلاَ خُشُوعُكُمْ، وَإِنِّي لأَرَاكُمْ مِنْ وَرَاءَ ظَهْرِي[1].

ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: حـەزرەت (درودی خـوای لەسـەربێ) فەرمووی: لە ئێوە وایـە کـەمنیش وەك ئێوە هـەر رووی قیبلـە دەبینمو بـەس، بـەخودا ئاگـام لـە روکوعو خوشـوعتانە، بـەخودا لـە پـشتی سەریـشمەوە بـە باشی دەتان بینم (ش).

٥٥١- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَتِمُّوا الرُّكُوعَ وَالسُّجُودَ، فَوَاللَّهِ إِنِّي لأَرَاكُمْ مِنْ بَعْدِ ظَهْرِي إِذَا رَكَعْتُمْ وَإِذَا سَجَدْتُمْ. رَوَاهُمَا الشيخان[2].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) جارێ فـەرمووی: چەمینەوەو کوڕنوشتان تەواو بکـەن، بـەخودا لەپشت سەریشمەوە بەباشی چاوم لێتانە کاتێ کە دانەوینەوە بۆ چەمینەوە یا بۆ کوڕنووش (ش).

٥٥٢- وَلِمُسْلِمٍ: صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَوْمًا ثُمَّ انْصَرَفَ فَقَالَ: يَا فُلاَنُ أَلاَ تُحْسِنُ صَلاَتَكَ أَلاَ يَنْظُرُ الْمُصَلِّي إِذَا صَلَّى كَيْفَ يُصَلِّي فَإِنَّمَا يُصَلِّي لِنَفْسِهِ إِنِّي وَاللَّهِ لأُبْصِرُ مَنْ وَرَائِي كَمَا أُبْصِرُ مَنْ بَيْنَ يَدَيَّ[3].

---

(١) بخاري: ٤١٨ ، ٧٤١. مسلم: ٩٥٧.

(٢) بخاري: ٧٤٢. مسلم: ٩٥٨.

گوتی: ڕۆژێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لەپاش لێبوونەوە لە نوێـژ بە پیاوێکی فەرموو: ئەی فلان! بۆ نوێژەکەت بەجوانی ناکەی! نوێژکەر کە نوێـژ دەکا دەبێ سرنج بدا کە چۆن نوێـژ دەکا، چونکە خاس و خراپی نوێژەکەی هەر بۆ خۆیەتی، سوێند بەخودا من چۆن لەبەردەممەوە شت دەبینم ئاوەها لەپشتی سەریشمەوە شت دەبینم (م).

٥٥٣- عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ تُجْزِئُ صَلاَةُ الرَّجُلِ حَتَّى يُقِيمَ ظَهْرَهُ فِي الرُّكُوعِ وَالسُّجُودِ[٤].

ئـەبو مەسـعوود (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەربێ) فـەرمووی: نوێـژی کـەس دروسـت نیـە، هـەتا تەواوپـشتی لـە چـەمینەوەو کوڕنووش ڕاست نەکاتەوە (د/ت/ن-س/ص).

٥٥٤- عَنْ مُطَرِّفٍ عَنْ أَبِيهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) يُصَلِّي وَفِي صَدْرِهِ أَزِيزٌ كَأَزِيزِ الرَّحَى أَوِ الْمِرجَلِ مِنَ الْبُكَاءِ. رَوَاهُما أصحاب السنن[٥].

موطەرریف (خوای لێ رازی بێ) گوتی: باوکم گوتی: (خوای لێ رازی بێ) پێغەمبـەرم دی (درودی خـوای لەسـەربێ) نوێـژی دەکـرد، لـەناو نوێژەکـەدا لەبـەر کـوڵی گریـان دەنگی سینگی دەتگوت ویزەی ئاشە، یا گیزەی مەنجەڵە (د/ت/ن-س/ص).

٥٥٥- عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ الْجُهَنِي (رَضِيَ اللهُ عَنـهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) قَالَ: مَا مِنْ أَحَدٍ يَتَوَضَّأُ فَيُحْسِنُ الْوُضُوءَ وَيُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ يَقْبِلُ بَقَلْبِهِ وَوَجْهِهِ عَلَيْهِمَا إِلاَّ وَجَبَتْ لَهُ الْجَنَّةُ[٦].

عوقبەی کـوڕی عـامیری جوهـەنی (خوای لێ رازی بێ) گـوتی: پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر کەسێ بە جـوانی دەسنوێژێ بگـرێ وە دوو رکـات نوێژ بەدڵ و بەداو بۆ خودا بکا بەهەشت مسۆگەر دەکا بۆ خۆی (د).

---

(٣) مسلم: ٩٥٦. نسائي: ٨٧١.

(٤) رواه اصحاب السنن بسند صحيح (شرحه).

(٥) رواه أصحاب السنن بسند حسن (شرحه).

(٦) رواه أبو داود.

٥٥٦- عَنْ عَمَّارِ بْنِ يَاسِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُماَ) عَنِ النَّبِـيِّ (صَـلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) قَالَ: إِنَّ الرَّجُلَ لَيَنْصَرِفُ -أَيْ مِنْ صَلاَتِهِ - وَمَا كُتِبَ لَهُ إِلاَّ عُشْرُهَا تُسْعُهَا ثُمُنُهَـا سُبُعُهَا سُدُسُهَا خُمُسُهَا رُبُعُهَا ثُلُثُهَا نِصْفُهَا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٧].

عەماری كوڕی یاسیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەندێ كەس كە لە نوێژ دەبێتەوە پاداشی نوێژەكەی بە تەواوی بۆ نانووسرێ: هەیە دەیەكی پاداشەكەی بۆ دەنووسرێ، هەیە نۆیەكی هەیە هەشتیەكی، هەیە حەوت یەكی، هەسە شەش یەكی، هەیە پێنج یەكی، هەیە چواریەكی، هەیە سێ یەكی، هەیە نیوەی!(د).

٥٥٧- عَنِ الْفَضْلِ بْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) قَـالَ: الصَّلاَةُ مَثْنَى مَثْنَى، تَشَهَّدُ فِي كُلِّ رَكْعَتَيْنِ وَتَخَشَّعُ وَتَضَرَّعُ وَتَمَسْكَنُ وَتُقْنِعُ يَدَيْكَ (يَقُولُ تَرْفَعُهُمَا) إِلَى رَبِّكَ مُسْتَقْبِلاً بِبُطُونِهِمَا وَجْهَكَ وَتَقُولُ يَا رَبِّ يَا رَبِّ وَمَنْ لَمْ يَفْعَلْ فَهِيَ خِدَاجٌ. رَوَاهُ أصحاب السنن[٨].

فەضلی كوڕی عەباس (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فـەرمووی: نوێـژی سـوننەت دوو ركـات دوو ركاتـە، لـە هـەموو دووركاتێكـا تەحیات دەخوێنی، سەر كزدەگری و بەكوڵ دەلاڵێیتەوە لە خوداو خۆت كزۆڵە دەگریـت و دەسـت پـان دەكەیتـەوە لـە پـەروەردگارت. واتـە: دەستەكانت بـەرز دەكەیتـەوەو لـە خـودا دەپاڕێیتـەوە. وە بـەری دەسـتت دەكەیتـە رووی خـۆت و دەڵێی: ئەی خودایە! ئەی پەروەردگارم! ئیتر ئـەوەی وا نـەكا ئـەوە نوێژەكـەی ناتەواوە (د/ت/ن-س/ص).

---

(٧) سكت عنه الشارح (مترجم).

(٨) بسند صحيح (شرحه).

٩١) كام كرداری نوێژ خێری زۆرترە: (أي أعمال الصلاة أفضل)

٥٥٨– عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سُئِلَ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَيُّ الصَّلَاةِ أَفْضَلُ؟ قَالَ: طُولُ الْقُنُوتِ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ والترمذي وأبو دَاوُدَ وَلفظه: سُئِلَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَيُّ الأَعْمَالِ أفْضَل؟ فقَالَ: طُولُ الْقِيَامِ[1].

جابیر (خوای لیّ رازی بێ) گوتی: پرسیار كرا لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ): كامەی نوێژ خێری زۆرترە؟ فەرمووی: بەپێوە راوەستانی دوورو درێژ (م/ت/د) گفتەی ئەبو داوود ئاوایە: پرسیار كرا لە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ): چ كارێ پاداشی گەورەترە؟ فەرمووی: بەپێوە راوەستانی زۆر لەناو نوێژدا!

٩٢) قونووت خوێندنی ناو نوێژ: (القنوت في الصلاة)

٥٥٩– عَنِ الْبَرَاءِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَقْنُتُ فِي الصبْحِ وَالْمَغْرِبِ. رَوَاهُ الخمسة[1].

بەر (خوای لیّ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) زۆرجار لە نوێژی بەیانیو نوێژی شێوانا قونووتی دەخوێند (ش/د/ت/ن).

٥٦٠– وَقِيلَ لأَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ): هَلْ قَنَتَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي صَلَاةِ الصُّبْحِ؟ قَالَ: نَعَمْ بَعْدَ الرُّكُوعِ يَسِيرًا. رَوَاهُ الخمسة. وفي رواية: قَنَتَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بَعْدَ الرُّكُوعِ شَهْرًا يَدْعُو على قَاتِلِي الْقُرَّاءِ[2].

گوترا بە ئەنەس (خوای لیّ رازی بێ): ئایا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لە نوێژی بەیانیدا قونووتی دەخوێند؟ گوتی: بەڵێ لەپاش روكووع بۆ ماوەی چەن رۆژێ خوێندی (ش/د/ن) لە گێرانەوەیەكا: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ)

---

(١) مسلم: ١٧٦٥ ، ١٧٦٦.

(٢) بخاري: ١٠٠١ ، ١٠٠٢ ، ١٠٠٣ ، ١٣٠٠ ، ٢٨٠١ ، ٢٨١٤ ، ٣٠٦٤ ، ٣١٧٠ ، ٤٠٨٨ ، ٤٠٨٩ ، ٤٠٩٠ ، ٤٠٩١ ، ٤٠٩٢ ، ٤٠٦٤ ، ٤٠٩٥ ، ٤٠٩٦ ، ٦٣٩٤ ، ٧٣٤١. مسلم: ١٥٤٤ – ١٥٥٠. أبو داود: ١٤٤٤. نسائي: ١٠٧٠.

لـەپاش روكـووع تامـاوەی مانگــێ قونــووتی دەخوێنــد نــزای شــەڕی لــە بكوژەكانی قورئانخوێنەكان دەكرد.

٥٦١- وَقَالَ: أَبُو هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) وَاللّٰهِ لأُقَرِّبَنَّ بِكُمْ صَلاَةَ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَكَانَ أَبُو هُرَيْرَةَ يَقْنُتُ فِي الظُّهْرِ وَالْعِشَاءِ الآخِرَةِ وَصَلاَةِ الصُّبْحِ وَيَدْعُو لِلْمُؤْمِنِينَ وَيَلْعَنُ الْكُفَّارَ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأبو دَاوُدَ والنسائي[٣].

ئەبو هـورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گـوتی: بەخودا كـە بەرنوێـژیتان بۆ دەكـەم نزیكــی دەكەمــەوە لــە نوێــژكردنی پێغەمبــەر خۆیــەوە (دروودی خـوای لەسـەربێ) دەسـتووری ئـەبو هـورەیرە وابـوو لـە نوێـژی نیـوەڕۆو خـەوتنان و بەیانیـدا قونووتی دەخوێندو نزای چاكەی بۆ موسوڵمانان دەكـردو نـەفرین و لەعنـەتی لەبێ بڕوایان دەكرد (م/د/ن).

٥٦٢- وَعَنْهُ أَنَّ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَقُولُ فِي صَلاَةِ الْفَجْرِ بَعْدَ رَبَّنَا وَلَكَ وَلَكَ الْحَمْدُ فِي الْرَكْعَةِ الآخِرَةِ: اللّٰهُمَّ أَنْجِ الْوَلِيدَ بْنَ الْوَلِيدِ وَسَلَمَةَ بْنَ هِشَامٍ وَعَيَّاشَ بْنَ أَبِي رَبِيعَةَ وَالْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ اللّٰهُمَّ اشْدُدْ وَطْأَتَكَ عَلَى مُضَرَ وَاجْعَلْهَا عَلَيْهِمْ كَسِنِي يُوسُفَ اللّٰهُمَّ الْعَنْ لِحَيَانَ وَرِعْلاً وَذَكْوَانَ وَعُصَيَّةَ عَصَتِ اللّٰهَ وَرَسُولَهُ ثُمَّ تَرَكَ ذَلِكَ حِينَ أُنْزِلَ: لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ. رَوَاهُ الثلاثة[٤].

دیسان ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نوێـژی بەیانیـدا لـە ركاتی دووەمدا لـەپاش {رَبَّنَـا وَلَـكَ الْحَمْـدُ}ەوە دەیفـەرموو: خودایە! وەلیدی كوڕی وەلیدو سەلەمەی كوڕی هیشامو عەییباشی كوڕی ئـەبو رەبیعەو هەموو موسوڵمانە لازەبوونەكان رزگار بكە لە دەستی دیلیی بێ بڕواكـان خودایـە! لـە هـۆزی مـوزەر هەڵپێـچیو تـەنگیان پـێ هەڵـچنێو لایـان لێ ببڕیتـەوەو تووشـی قاتوقڕییـەكی وایـان بكـەی وەك حـەوت سـاڵە گرانییەكـەی سـەردەمی یووسف، خودایە! لەعنـەتو نـەفرین بكە لـە هـۆزی لـەحیانو لـە هـۆزی ریعلو لـە

(٣) بخاري: ٧٩٧ ، ٨٠٤ ، ١٠٠٦ ، ٢٩٣٢ ، ٣٣٨٦ ، ٤٥٦٠ ، ٤٥٩٨ ، ٦٢٠٠ ، ٦٣٩٣ ، ٦٩٤٠. مسلم: ١٥٤٢. أبو داود: ١٤٤٠.

(٤) بخاري: ٦٢٠٠. مسلم: ١٥٣٩. نسائي: ١٠٧٢.

هۆزی ذەکوان و لە هۆزی عوصەییە، کە لەخوداو پێغەمبەری خودا یاخی بوون. جا لەوە دوا کاتێ کە ئەم ئایەتە هاتە خوارەوە کە دەفەرموێ:

{لَيْسَ لَكَ مِنَ الأَمْرِ شَيْءٌ – ١٢٨/٣–}.

واتە: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! حوکمی قەزاو قەدەر کەم یا زۆر بە دەستی تۆ نیە، ئەوە تەنیا بە دەستی خودا خۆیەتی. ئیتر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وازی لەم نەفرین کردنە هێنا بەڵام قونووت خوێندن مایەوە (ش/د).

٥٦٣– عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: مَا زَالَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْنُتُ فِي صَلاَةِ الصُّبْحِ حَتَّى فَارَقَ الدُّنْيَا. رَوَاهُ الدار قطني وعبدالرزاق والحاكم[٥].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) تا لە دنیا دەرچوو هەمیشە لە نوێژی بەیانیدا قونووتی دەخوێند. (دارە قوطنی/ عەبدورەزاق/ حاکم – رەحمەتی خودایان لێبێ).

٥٦٤– عَنْ الْحَسَنُ بْنِ عَلِيٍّ (رَضيَ اللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: عَلَّمَنِي رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَلِمَاتٍ أَقُولُهُنَّ فِي قُنُوتِ الْوِتْرِ: اللَّهُمَّ اهْدِنِي فِيمَنْ هَدَيْتَ وَعَافِنِي فِيمَنْ عَافَيْتَ وَتَوَلَّنِي فِيمَنْ تَوَلَّيْتَ وَبَارِكْ لِي فِيمَا أَعْطَيْتَ وَقِنِي شَرَّ مَا قَضَيْتَ إِنَّكَ تَقْضِي وَلاَ يُقْضَى عَلَيْكَ وَإِنَّهُ لاَ يَذِلُّ مَنْ وَالَيْتَ وَلاَ يَعِزُّ مَنْ عَادَيْتَ تَبَارَكْتَ رَبَّنَا وَتَعَالَيْتَ. رَوَاهُ اصحاب السنن. وزاد النسائي: وصَلَّى اللهُ عَلَى النَّبِيِّ مُحَمَّدٍ[٦].

حەسەنی کوڕی عەلی (خودایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) ئەم چەن وشەیەی فێرکردم کە لە قونووتی نوێژی وەتردا بیانڵێم:

{اللَّهُمَّ اهْدِنِي فِيمَنْ هَدَيْتَ وَعَافِنِي فِيمَنْ عَافَيْتَ وَتَوَلَّنِي فِيمَنْ تَوَلَّيْتَ وَبَارِكْ لِي فِيمَا أَعْطَيْتَ وَقِنِي شَرَّ مَا قَضَيْتَ إِنَّكَ تَقْضِي وَلاَ يُقْضَى عَلَيْكَ وَإِنَّهُ لاَ يَذِلُّ مَنْ وَالَيْتَ وَلاَ يَعِزُّ مَنْ عَادَيْتَ تَبَارَكْتَ رَبَّنَا وَتَعَالَيْتَ}.

---

(٥) سكت عنه الشارح (مترجم).

(٦) ورواه ابن حبان والحاكم وغيرهما بسند حسن (شرحه).

خودایە! هیدایەتم بدەو شارەزای ڕێگەی ڕاستم بکە لەگەڵ ئەوانەدا کە خۆت هیدایەتت داون، وە بێوەی و سەرئاسوودەم بکە لەگەڵ ئەوانەدا کە خۆت بێوەی و سەرئاسوودەت کردوون وە ئەو بەخششەی داوتە پێم پیت و فەڕی تێخە بۆم، وەبم پارێزە لە زیانی ئەوەی کە بڕیارت داوە، بەڕاستی تۆ خۆت بڕیاری هەموو شتێ دەدەیت، بەڵام هیچ شتێ لەسەر تۆ بڕیار نادرێ، ئەوەی کە تۆ دۆستی ئەویت ئەوە قەت کەساس ناکەوێ و داماو نابێ، وە ئەوەی کە تۆ دوشمنایەتی تێ ببەستیت ئەوە هەرگیز سەرناکەوێ، ئەی پەروەردگاری ئێمە! بە ڕاستی پیرۆزی و گەورەیی هەر لەخۆت جوانە (د/ت/ن) نەسائی ئەمەشی لێ پتر کردووە: {وصلّى الله على النبيّ محمدٍ}: دروودو ڕەحمەتی خودا لەسەر موحەممەد پێغەمبەر.

٩٣) نزاو پاڕانەوەی پێش سلاّودانەوە: (الدعاء قبل السلام)

٥٦٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَدْعُو (فِي الصَّلاةِ كَمَا فِي رِوَايَةٍ - شَرَحُهُ): اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ عَذَابِ النَّارِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ. زَادَ فِي رواية: اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْمَأْثَمِ وَالْمَغْرَمِ فَقَالَ لَهُ قَائِلٌ: مَا أَكْثَرَ مَا تَسْتَعِيذُ مِنَ الْمَغْرَمِ فَقَالَ: إِنَّ الرَّجُلَ إِذَا غَرِمَ حَدَّثَ فَكَذَبَ، وَوَعَدَ فَأَخْلَفَ. رَوَاهُ الثلاثة[1].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: یاسای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وابوو لە نوێژا لە کۆتایی تەحیاتی پێش سلاّودا دەیفەرموو:

{اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَمِنْ عَذَابِ النَّارِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ}.

---

(١) بخاري: ١٣٧٧ ، مسلم: ١٣٢٧ – ١٣٣٢. ترمذي: ٣٤٩٤. نسائي: ٢٠٦٢.

خودایە! پەنا دەگرم بە تۆ لە سزای گۆڕو لە سزای ئاگرو لە فیتنەو ئاژاوەی ژیانو مردنو لە ئاژاوەو ئاشوویی جەجاڵە کوێرەی جادوگەر. لە گێڕانەوەیەکا: ئەمەشی پتر کردووە:

{اللّٰهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْمَأْثَمِ وَالْمَغْرَمِ}.

خودایە! پەنا دەگرم بەتۆ لە تاوانباریو لەباری ژێر قەرزاری. پیاوێکیش پێی گوت: بۆ ئەوەندە دادتە لە دەست باری ژێر قەرزاری؟ فەرمووی: چونکە پیاو کە بوو بەژێر قەرزو قوڵەوە تووشی درۆو دەلەسە دەبێ، ئەوجا بەڵێن دەداو بۆی ناچێتە سەر! (ش/د).

٥٦٦- عَنْ أَبِي بَكْرٍ الصِّدِّيقِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّهُ قَالَ: لِرَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلِّمْنِي دُعَاءً أَدْعُو بِهِ فِي صَلَاتِي. قَالَ: قُلِ اللّٰهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْمًا كَثِيرًا وَلاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ، فَاغْفِرْ لِي مَغْفِرَةً مِنْ عِنْدِكَ، وَارْحَمْنِي إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ أبا دَاوُدَ[٢].

ئەبو بەکری صدیق (خوای لێ رازی بێ) گوتی بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ): نزایەکم فێربکە کە لە نوێژەکەما بیکەم. فەرمووی: بڵێ:

{اللّٰهُمَّ إِنِّي ظَلَمْتُ نَفْسِي ظُلْمًا كَثِيرًا وَلاَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ أَنْتَ، فَاغْفِرْ لِي مَغْفِرَةً مِنْ عِنْدِكَ، وَارْحَمْنِي إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ}.

خودایە! من زۆرو ستەمێکی گەلێ زۆرم لەخۆم کردووە جگە لە تۆش کەسی تر رادەی ئەوەی نیە کە لەگوناە خۆش بێ، دەی بەلوتفو کەرەمی خۆت لێم خۆش بەو میهرەبانیم لەگەڵ بنوێنە، بەراستی تۆ تاوانبەخش ومیهرەبانیت (ش/ت/ن).

٥٦٧- عَنْ عَلِيٍّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: بَيْنَ التَّشَهُّدِ وَالتَّسْلِيمِ اللّٰهُمَّ اغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْتُ وَمَا أَخَّرْتُ وَمَا أَسْرَرْتُ وَمَا أَعْلَنْتُ

---

(٢) بخاري: ٨٣٤ ، ٧٣٨٨ ، ٦٣٢٦. مسلم: ٦٨٠٩ ترمذي: ٣٥٣١. نسائي: ١٣٠١.

وَمَا أَسْرَفْتُ وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنِّى أَنْتَ الْمُقَدِّمُ وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاري(٣).

عەلی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: یاسای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وابوو لە تەحیاتا لە ناوەندی شایەتمانهێنان و سڵاودانەوەدا دەیفەرموو:

{اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِى مَا قَدَّمْتُ وَمَا أَخَّرْتُ وَمَا أَسْرَرْتُ وَمَا أَعْلَنْتُ وَمَا أَسْرَفْتُ وَمَا أَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ مِنِّى أَنْتَ الْمُقَدِّمُ وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ}.

ئەی خودایە! لێم خۆشبە، لە گوناهی بەرو دواەو لە گوناهی ئاشكراو نهێنیمو لەو تاوانە زۆرانەی كە لە خۆم كردووە، لەو گوناهانەیش كە تۆ لەمن باشتر دەیانزانی، پەروەردگارا! پێش خستن و پاش خستن بە دەستی تۆیە، خودایەكی تر نیە تۆ نەبێ (م/د/ت/ن).

٥٦٨- عَنْ مِحْجَنَ بْنَ الأَدْرَعِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: دَخَلَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الْمَسْجِدَ فَإِذَا هُوَ بِرَجُلٍ قَدْ قَضَى صَلاَتَهُ وَهُوَ يَتَشَهَّدُ وَيَقُولُ اللَّهُمَّ إِنِّى أَسْأَلُكَ يَا اللَّهُ الأَحَدُ الصَّمَدُ الَّذِى لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ أَنْ تَغْفِرَ لِى ذُنُوبِى إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ. قَالَ: فَقَالَ: قَدْ غُفِرَ لَهُ ثَلاَثاً. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنسائي(٤).

میحجەنی كوڕی ئەدرەع (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كە هات بۆ مزگەوت روانی كەوا پیاوێ خەریكە لە نوێژ دەبێتەوە، خەریكە تەحیات دەخوێنێ و دەڵێ:

{اللَّهُمَّ إِنِّى أَسْأَلُكَ يَا اللَّهُ الأَحَدُ الصَّمَدُ الَّذِى لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ أَنْ تَغْفِرَ لِى ذُنُوبِى إِنَّكَ أَنْتَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ}.

خودایە! ئەی یەزدانی تاك و تەنیا! ئەی جێی نیازو هیواو ئومێدی هەموو كەسێ! ئەی ئەو كەسەی كە نیازی بە هیچ كەسێ نیە وە هەموو

---

(٣) مسلم: ١٨٠٩. أبو داود: ٧٤٤ ، ٧٦٠. ترمذي: ٢٦٦. نسائي: ٨٩٦. راجع هامش رقم: (٢٤١).

(٤) بسند صالح (شرحه).

كەسێ نیازی بەو هەیە! ئەی ئەو كەسەی كە نە كەسی لێ بووەو نە خۆشی لە كەس بووەو نە كەسێ هاوتای دەكا! داوات لێ دەكەم كە بە میهرەبانی خۆت لە گوناهەكانم خۆش ببی، بە راستی هەرتۆ تاوانبەخش‌و میهرەبانی. گوتی: جا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) سێ جار فەرمووی: ئەمە خودا لێی خۆش بوو، ئەمە خودا لێی خۆش بوو (د/ن– سند صالح).

٩٤) حوكمی ئەو كەسەی كە نەتوانێ بە راوەستانەوە فاتیحا بخوێنێ یا هەر نەزانێ قورئان بخوێنێ: (حكم من لم يستطع القيام أو لم يستطع القراءة)

٥٦٩– عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَتْ لِيَ بَوَاسِيرِ فَسَأَلْتَ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنِ الصَّلاَةِ فَقَالَ: صَلِّ قَائِمًا فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَقَاعِدًا فَإِنْ لَمْ تَسْتَطِعْ فَعَلَى جَنْبٍ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ مسلماً. وَسَيَأْتِيْ فِيْ قَضَاءِ ٱلنَّوافِلِ جَوَازُهَا مِنْ قُعُودٍ مَعَ الْقُدْرَةِ عَلىَ ٱلْقِيَامِ[1].

عیمرانی كوڕی حوصەین (خوای لێ رازی بێ) گوتی: مەیاسیریم بوو، بۆ چۆنێتی كردنی نوێژی نەخۆش پرسیارم لە پێغەمبەر كرد (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەگەر توانیت ئەوە بە راوەستانەوە نوێژبكە، وە ئەگەر بە راوەستانەوە نەت توانی ئەوا بە دانیشتنەوە بیكە، وە ئەگەر بە دانیشتنیسەوە نەت توانی ئەوا لەسەر تەنشت بەرەو رووگە بیكە (ب/د/ت/ن). دانەر (پرگۆڕكەی لەنووری خودابێ) دەڵێ: لەباسی قەزا كردنەوەی نوێژی سوننەتدا (كە لەمەولا دێ) ئەوەی تێدایە: كە نوێژی سوننەت بە دانیشتنیشەوە دروستە با نوێژكەر تەوانای راوەستانیشی هەبێ ئەمەیش ئیشارەتە بۆ ئەم فەرموودەیانە: (ب – ١ – ز١٨٥ ژمارە: ٩٩٤، ٩٩٥، ٩٩٦، ٩٩٧.

٥٧٠– عَنْ أَبِي أَوْفَى (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: إِنِّي لاَ أَسْتَطِيعُ أَنْ آخُذَ مِنَ الْقُرْآن شَيْئًا فَعَلِّمْنِي مَا يُجْزِئُ عَنْهُ. فَقَالَ: قُلْ سُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ وَلاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ الْعَلِيِّ

---

(١) بخاري. صلاة القعد: ١١١٧.

العَظِيمِ. قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ هَذَا لِلَّهِ فَمَا لِي؟ قَالَ: قُلِ اللَّهُمَّ ارْحَمْنِي وَارْزُقْنِي وَعَافِنِي وَاهْدِنِي، فَلَمَّا قَامَ قَالَ: هَكَذَا بِيَدِيْهِ فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): أَمَّا هَذَا فَقَدْ مَلأَ يَدَيْهُ مِنَ الْخَيْرِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنَسائي[٢].

ئیبنو ئەبو ئەوفا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پیاوێ هاتە لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) گوتی: ئێستاكە بەم دەستوبردە ناتوانم هیچ لە قورئان لەبەر بكەم، كەوابوو شتێكم فێربكە كە لەباتی قورئان لە نوێژدا بیخوێنم، فەرمووی: بەڵێ:

{سُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ وَلاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ الْعَلِيِّ العَظِيمِ}.

پاكی و بێگەردیو سوپاسو ستایش هەر بۆ خوایە، خودای گەورە نەبێ خودای ترنیە، هێزو تەوانایی هەر بە دەستی خودای بڵندو گەورەیەو بەس جا پیاوەكە گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمە یادو ذیكری خودایەو بۆ ئەوە، ئەی چی بۆ من؟ فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): بەڵێ:

{اللَّهُمَّ ارْحَمْنِي وَارْزُقْنِي وَعَافِنِي وَاهْدِنِي}.

ئەی خودایە! بەزەویت بێتەوە پێماو رۆژیم بدەو ئاسوودەو بێوەیم كەو شارەزای رێی راستم كە جا پیاوەكە كە هەڵسا بڕوا وشە وشە بە پەنجەكانی هەردوو دەستی دەیژماردن هەر وشەیەكی دەگوتو پەنجەیەكی دەنووقاندو دەیگوت ئەمە یەك، ئەمەدوو، ..تاد پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بەڵێ ئەم پیاوە هەردوو دەستی خۆی پڕكرد لە خێرو خۆشی (د/ن-سند صالح).

٩٥) ناتەواوی فەرز لە سوننەت تەواو دەكرێ: (یكمل نقص الفرض من التطوع)

٥٧١- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ النَّاسُ بِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ أَعْمَالِهِمُ الصَّلاَةُ: يَقُولُ رَبُّنَا جَلَّ وَعَزَّ لِمَلاَئِكَتِهِ:-

(٢) بسند صالح (شرحه).

(وَهُوَ أَعْلَمُ) انْظُرُوا فِي صَلاَةِ عَبْدِي أَتَمَّهَا أَمْ نَقَصَهَا، فَإِنْ كَانَتْ تَامَّةً كُتِبَتْ لَهُ تَامَّةً وَإِنْ كَانَ انْتَقَصَ مِنْهَا شَيْئًا قَالَ: انْظُرُوا هَلْ لِعَبْدِي مِنْ تَطَوُّعٍ؟ فَإِنْ كَانَ لَهُ تَطَوُّعٌ قَالَ: أَتِمُّوا لِعَبْدِي فَرِيضَتَهُ مِنْ تَطَوُّعِهِ ثُمَّ الزَكَاةُ مِثْلُ ذَلِكَ. ثُمَّ تُؤْخَذُ الأَعْمَالُ عَلَى حَسَبِ ذَلِكَ. رَوَاهُ ابُو دَاوُدَ والترمذي ولفظه: إِنَّ أَوَّلَ مَا يُحَاسَبُ بِهِ الْعَبْدُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مِنْ عَمَلِهِ صَلاَتُهُ فَإِنْ صَلُحَتْ فَقَدْ أَفْلَحَ وَأَنْجَحَ وَإِنْ فَسَدَتْ فَقَدْ خَابَ وَخَسِرَ فَإِنِ انْتَقَصَ مِنْ فَرِيضَتِهِ شَيْئاً قَالَ: الرَّبُّ عَزَّ وَجَلَّ أَتِمُّوا افَرِيضَتَهُ مَنْ تَطَوُّعِهِ[1].

ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ ڕازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) فـەرمووی: ڕۆژی قیامـەت نوێـژ یەكـەم كـردەوەی ئـادەمیزادە كـە لەسـەری موحاسەبە دەكرێ جا پـەروەردگاری گـەورەو سـەروەرمان (هەرچـەند خۆشـی باشتر دەزانـێ بـەڵام لەبـەر حیكمـەتێ) بە فریـشتەكانی دەفـەرموێ: تەماشـای دەفتـەری نوێـژی ئـەم بەندەیـەم بكـەن ئایـا بـە تـەواوی نوێـژی كـردووە یـا بـە ناتــەواوی، ئـیتر ئەگـەر بـە تـەواوی نوێـژی كردبـێ ئـەوا بـە تـەواوی بـۆی دەنوسرێ، بەڵام ئەگەر بازێ نوێـژی چوو بوو، یا هەنـدێ نوێـژی ناتـەواوی‌و كـەموكووڕیی هـەبوو ئـەوا خـودا دەفـەرموێ: تەماشـا بكـەن بـزانن ئایـا ئـەم بەندەیـەی مـن نوێـژی سـوننەتی هەیـە، وە سـوننەتەكانی نوێـژی جێبـەجێ كــردووە؟ جـا ئەگــەر ســەرمایەیەكی ســووننەتی هــەبوو ئـەوا دەفـەرموێ: ناتەوایی فەرزەكانی ئەم بەندەیەم لە سوننەتەكانی تەواو بكـەن، لـەپاش نوێـژ موحاسەبە دەكرێ لەسەر زەكات، ئەویش هـەروەها بـەم شـێوەیە، ئـیتر هـەموو كردەوەكانی تریش بەم پێیە وەر دەگیرێ! (د-س/ح-ت)، گفتـەی (ت) ئاوایـە (لـە ڕۆژی قیامـەتا یەكـەم كـردەوەی بەنـدە كـە موحاسـەبە دەكـرێ لەسـەری نوێژەكەیـەتی، جا ئەگـەر نوێژەكـەی خـاس‌و بـاش بـوو ئـەوا خۆشـی ڕزگـارو سـەرفراز دەبـێ، خـۆ ئەگـەر خـراپ بـوو ئـەوا خۆشـی نائومێـدو زیانبـار دەبـێ،

---

(١) بسند حسن (شرحه).

گریمـان فەرزەکـەی شـتێکی کـەم بـێ خـودای گـەورەو سـەروەر دەفـەرمویّ: فەرزەکەی لە سوننەتەکەی تەواو بکەن!).

٩٦) چەن شتێ لە نوێژا پەسەن نین، یەکێ لەوانە تەماشاکردنی ئاسمان، یا لاکردنەوەیە، یا خەریکبوونە بە شتێکی ترەوە، یا وەنەوزو خەوە نووچکەیە

یکره في الصلاة أمور منها النظر الى السماء والإلتفات، وكذا ما يلهي والنعاس (شرحه)

٥٧٢- عَنْ أَنَسَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَقَالَ: مَا بَالُ أَقْـوَامٍ يَرْفَعُونَ أَبْصَارَهُمْ إِلَى السَّمَاءِ فِي صَلاَتِهِمْ فَاشْتَدَّ قَوْلُهُ فِي ذَلِكَ حَتَّى قَـالَ: لَيَنْـتَهُنَّ عَنْ ذَلِكَ أَوْ لَتُخْطَفَنَّ أَبْصَارُهُمْ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي. ولفظ مُـسْلِمٌ: لَينـتَهِنَّ أَقْوَامٌ يَرْفَعُونَ أَبْصَارَهُمْ إِلَى السَّمَاءِ فِي صَلاَةِ أَوْ تُرجِعُ إِلَيْهِمْ[1].

ئەنـەس (خوای لێ رازی بێ) گـوتی: حـەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فـەرمووی: لەبەرچی هەندێ کەس لـە نوێـژا چاو هەڵدەبڕن بـۆ ئاسمـان بـۆ وا دەکـەن بـۆ! ئیتر حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) لـەم بارەیـەوە گـەلێ بەتونـدی هەڕەشـەی کـرد، تەنانـەت فـەرمووی: دەبـێ واز لـەم کـارە ناشـیرینە بێـنن ئـەگینا کـە بێگومـان چاویان کوێر دەبێ. (ش/د/ن)، واژەی موسلیم ئاوایە: کەسانێ کە لـە نوێـژا چاویان هەڵدەبڕن بەرەو ئاسمان، یا دەبێ واز لەم کـارە ناپەسـەندە بهێـنن، یا بێگومان چاویان کوێر دەبێ.

٥٧٣- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنِ الإلْتِفَاتِ فِي الصَّلاَةِ فَقَالَ: هُوَ اخْتِلاَسٌ يَخْتَلِسُهُ الشَّيْطَانُ مِنْ صَلاَةِ الْعَبْدِ. رَوَاهُ البخاري والنسائي وأبُو دَاوُدَ[2].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: بۆ ئاوڕدانەوە لـەناو نوێـژدا لـە پێغەمبـەرم پرسی فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): ئەوە لێ دزینەوەیە شـەیتان دەیفڕێنـی لـە نوێژی بەندە! (ب/ن/د).

---

(١) بخاري: ٧٥٠. مسلم: ٩٦٥ ، ٩٦٦. نسائي: ١٢٧٥.

(٢) بخاري: ٧٥١ ، ٣٢٩١.

٥٧٤- وَلَهُمَا: لاَ يَزَالُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ مُقْبِلاً عَلَى الْعَبْدِ وَهُوَ فِي صَلاَتِهِ مَا لَمْ يَلْتَفِتْ فَإِذَا الْتَفَتَ انْصَرَفَ عَنْهُ(٣).

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: لەناو نوێژا رووی رەحمەتی خودا لە بەندەیە هەتا لا دەكاتەوە، بەلأم كە لایكردەوە ئیتر خودا رووی رەحمەتی خۆی لێ وەردەگێرێ (ن/د- سند صالح).

٥٧٥- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَلْحَظُ فِي الصَّلاَةِ يَمِينًا وَشِمَالاً وَلاَ يَلْوِي عُنُقَهُ خَلْفَ ظَهْرِهِ(٤).

ئیبنو عەباس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نوێژ بەلای راستو بەلای چەپا بەگۆشەی چاو تەماشای دەكرد بەلأم بەپشتا ملی بانەدەدا (ت- سند غریب).

٥٧٦- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) قَالَ: قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَا بُنَيَّ إِيَّاكَ وَالاِلْتِفَاتَ فِي الصَّلاَةِ فَإِنَّهُ هَلَكَةٌ، فَإِنْ كَانَ لاَ بُدَّ فَفِي التَّطَوُّعِ لاَ فِي الْفَرِيضَةِ. رَوَاهُمَا الترمذي(٥).

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) پێی فەرمووم: كوڕی شیرینم! نەكەی لەناو نوێژدا لابكەیتەوە، چونكە شتی وا سەر تیا چوونەو ماڵوێرانی، ئەگەر هەر چارت نەبوو لە نوێژی سوونەتابێت، بێ سوچترە تا نوێژی فەرز (ت-ح/ح).

٥٧٧- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهَا) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) صَلَّى فِي خَمِيصَةٍ لَهَا أَعْلاَمٌ فَقَالَ: شَغَلَتْنِي أَعْلاَمُ هَذِهِ اذْهَبُوا بِهَا إِلَى أَبِي جَهْمٍ وَأْتُونِي بِأَنْبِجَانِيَّتِهِ. رَوَاهُ الثلاثة(٦).

---

(٣) رواه النسائي وأبو داود بسند صالح (شرحه).

(٤) رواه الترمذي بسند غريب (شرحه).

(٥) رواه الترمذي بسند حسن (شرحه).

(٦) بخاري: ٧٥٢. مسلم: ١٢٣٨ ، أبو داود: ٩١٤ ، ٤٠٥٣. نسائي: ٧٧٠.

عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژی دەکرد کراسێکی خوری گوڵ گوڵی لەبەردا بوو، جا لەپاشا فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): گوڵو نەخشی ئەم کراسە خەریکیان کردمو نەیانهێشت باش دڵ بدەمە نوێژەکەم، ئەمە ببنەوە بۆ ئەبو جەهم خۆیو کراسە ئەنبیجانییە سادەکەی ئەوم بۆ بێنن (ش/د):

٥٧٨- وَعَنْهَا عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا نَعَسَ أَحَدُكُمْ فِي الصَّلاَةِ فَلْيَرْقُدْ حَتَّى يَذْهَبَ عَنْهُ النَّوْمُ فَإِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا صَلَّى وَهُوَ نَاعِسٌ لَعَلَّهُ يَذْهَبُ يَسْتَغْفِرُ فَيَسُبُّ نَفْسَهُ. رَوَاهُ الخمسة[٧].

دیسان عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: کاتێ یەکێ لە ئێوە لە نوێژا وەنەوزی دەداو خەوەنووچکەی بوو ئیتر بابچێ بخەوێ هەتا خەوەکەی دەڕوا، چونکە کاتێ بەدەم وەنەوزەکوتێ و خەوبردنەوەوە نوێژ بکەن ڕەنگە بتانەوێ بپاڕێنەوە بۆ خۆتان بەڵام لە جیاتی ئەوە جنێو بە خۆتان بدەن! (ش/د/ت/ن).

٩٧) هەندێکی تر لەو شتە ناپەسەندانە تف ڕۆکردنو دەست لەسەر کەلەکە دانانوماڵینو تەختکردنی چەوو زیخو ئیشارەتکردنە بەدەست:
ومنها البصاق والاختصار ومسح الحصى والاشارة باليد

٥٧٩- عَنْ أَنَسَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا كَانَ أَحَدُكُمْ فِي الصَّلاَةِ فَإِنَّهُ يُنَاجِي رَبَّهُ، فَلاَ يَبْزُقَنَّ بَيْنَ يَدَيْهِ وَلاَ عَنْ يَمِينِهِ، وَلَكِنْ عَنْ شِمَالِهِ تَحْتَ قَدَمِهِ[١].

ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) فەرمووی: کاتێ یەکێ لە ئێوە لەناو نوێژدا دەبێ ئەوە ڕازو قسەی نهێنی لەگەڵ پەروەردگاری خۆیا دەکاو ڕووبەڕووی خودا وەستاوەو خودا ڕووی ڕەحمەتی

---

(٧) بخاري: ٢١٢. مسلم: ١٨٣٢. أبو داود: ١٣١٠.

(١) بخاري: ٤١٣ ، ١٢١٤. مسلم: ١٢٣٠.

لێیەتی کەواتە با لەوکاتەدا لە بەردەمی خۆیەوە یا لەلای راستیەوە تف رۆ نەکا، بەڵام ئەگەر هەرچاری نەبوو با لەلای چەپییەوە لە ژێر پێیا تف رۆ بکا ئەگەر لەسەر خۆڵ وەستابوو. ئەگینا تفەکەی بکاتە لۆی جلەکەیەوە یا بیکاتە ناو دەستە سڕێکەوە (ش/د/ت/ن).

٥٨٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: نَهىَ ٱلنَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنْ يُصَلِّيَ الرَّجُلُ مُخْتَصِرًا. رَوَاهُمَا الخمسة(٢).

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) یاساخی کردووە کە پیاو لە نوێژا دەست لەسەر کەلەکەی دانێ (ش/د/ت/ن).

٥٨١- (ب - ١ ز - ٥٨ ژمارە: ٤١٣/٥).

٥٨٢- عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَكُنَّا إِذَا سَلَّمْنَا قُلْنَا بِأَيْدِينَا السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ فَنَظَرَ إِلَيْنَا رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: مَا شَأْنُكُمْ تُشِيرُونَ بِأَيْدِيكُمْ كَأَنَّهَا أَذْنَابُ خَيْلٍ شُمُسٍ؟ إِذَا سَلَّمَ أَحَدُكُمْ فَلْيَلْتَفِتْ إِلَى صَاحِبِهِ وَلاَ يُومِئْ بِيَدِهِ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَأَبُو دَاوُدَ(٤).

جابیری کوڕی سەموورە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پێشا کە لەگەڵ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کە نوێژمان دەکرد (کاتێ سڵاوی نوێژمان دەدایەوە بەلای راستا) بەدەست ئیشارەتمان دەکردو دەمانگوت (السلام علیکم) وە هەروەها (بەلای چەپا) بە دەست ئیشارەتمان دەکردو دەمانگوت (السلام علیکم) هەتا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) سەرنجێکی داین و فەرمووی: ئەوە چیتانە کەوا دەستتان دەڵێی کلکی ماینی چەمووشە بەم لاولادا رایدەوەشێنن و ئیشارەتی پێ دەکەن؟ شتی وا مەکەن بەڵکوو لەباتی ئەوە لابکەنەوە بەلای هاوڕێکانتانەوە (م/د).

---

(٢) مسلم: ١٢١٨. نسائي: ٨٨٩. ترمذي: ٣٨٣.

(٤) مسلم: ٩٦٩ ، ٩٧٠. أبو داود: ٩٩٨ ، ٩٩٩. نسائي: ١١٨٤ ، ١٣١٧ ، ١٣٢٥.

٩٨) هەندێ تریان نوێژكردنە لەكاتی ئامادەبوونی خۆراكا، یا لەكاتی تەنگەتاو بوونی سەراودا: (ومنها الصلاة بحضرة الطعام ومع مدافعة الحدث)

٥٨٣- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ أللهُ عَنْهَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا وَضَعَ الْعَشَاءُ وَأُقِيْمَتِ الصَّلاَة فَابْدَءُوا بِالْعَشَاءِ. وَفي رواية: إذا قَدّمَ الْعِشَاءُ فَأبْدَأُوا بِهِ قَبْلَ صَلاَةَ الْمَغْرِبِ، وَلاَ تَعْجَلُوا عَنْ عَشَائِكُمْ. رَوَاهُ الشيخان والترمذي[١].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: كە شێو دانرا لە كاتی قامەتی نوێژدا لە پێشا دەست بەخواردنی شێوەكە بكەن. لە گێرانەوەیەكا: ئەگەر شێو دانرا دەستی پێ بكەن لەپێش كردنی نوێژی شێوانا وە هیچ پەلە مەكەن لە شێوەكەتانو لەسەر خۆتان نانەكەتان بە تەواوی بخۆنو ئەوسا نوێژەكەتان بكەن، وە هەروەها نوێژەكانی تریش (ش/ت).

٥٨٤- وَعَنْهَا عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ صَلاَةَ بِحَضْرَةِ الطَّعَامِ وَلاَ وَهُوَ يُدَافِعُهُ الأَخْبَثَان[٢].

دیسان پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) گوتی: پێغەمبەر دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): كە نان دانرا نوێژكردن باش نیە، كە سەراویش تەنگەتاویكردن هەروەها (م).

٥٨٥- وَسُئِلَ أَنَسٌ عَنِ الثُّومِ فَقَالَ: قَالَ: رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَنْ أَكَلَ مِنْ هَذِهِ الشَّجَرَةِ فَلاَ يَقْرَبَنَّا وَلاَ يُصَلِّى مَعَنَا. رَوَاهُما مُسْلِمٌ[٣].

پرسیار كرا لە ئەنەس (خوای لێ رازی بێ): ئەگەر كەسێ سیری كاڵی خوارد نوێژبكا؟ گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر كەسێ لەم گیایەی خوارد بانزیكی ئێمە نەكەوێو نوێژمان لەگەڵ نەكا بەڵكوو لەماڵەوە نوێژی خۆی بكا (م).

---

(١) بخاري: ٦٧٢ ، ٥٤٦٣. مسلم: ١٢٤١ — ١٢٤٧. أبو داود: ١٩٢٧٠. ترمذي: ٣٥٣.

(٢) مسلم: ١٢٤٦.

(٣) مسلم: ١٢٤٨ — ١٢٥٠. بخاري: ٨٥٣ ، ٨٥٥ ، ٨٥٤ ، ٥٤٥٢ ، ٧٣٥٩.

٩٩) هەندێکی تریان خڕهەڵدانی قژو شۆڕکردنەوەی جلو بەرگە بەرەنگێکی وا کە بخشێ لەسەر زەوی: (ومنها كف الشعر والاسبال)

٥٨٦- مَرَّ أَبُو رَافِعٍ مَوْلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى الْحَسَنِ بْنِ عَلِيٍّ (عَلَيهِمَا السَّلَامُ) وَهُوَ يُصَلِّي قَائِماً وَقَدْ غَرَزَ صَفْرَهُ فِي قَفَاهُ فَحَلَّها أَبُو رافِعٍ فَالتَفَتَ حَسَنٌ إِلَيْهِ مُغْضَبًا فَقَالَ: أَقْبِلْ عَلَى صَلاَتِكَ وَلاَ تَغْضَبْ فَإِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: ذَلِكَ كِفْلُ الشَّيْطَانِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي[1].

جارێ حەسەنی کوڕی عەلی (درودیان لێبێ) راوەستابوو نوێژی دەکرد، پەلکەکانی خرکردبوونەوەو گرێی دابوون بە پشتەسەریەوە، ئەبو رافیع (کە کاتی خۆی نۆکەری پێغەمبەربوو (درودی خوای لەسەربێ) چوو بەلایەوەو پەلکەکانی کردەوە، حەسەنیش لێی مۆڕبۆوەو خێسەیەکی لێکرد، ئەویش گوتی: دڵ بەدەرە نوێژەکەت و تووڕەمەبە، چونکە بۆ خۆم لە پێغەمبەرم ژنەوت (درودی خوای لەسەربێ) دەیفەرموو: ئەوە دۆشەکەڵەی شەیتانە لەسەری دادەنیشێ (د/ت-س/ح).

٥٨٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نَهَى عَنِ السَّدْلِ فِي الصَّلاَةِ وَأَنْ يُغَطِّيَ الرَّجُلُ فَاهُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي[2].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) نەهی کردووە لە شۆڕکردنەوەو خشاندنی جلو بەرگ بەسەر زەویدا لەناو نوێژدا هەروەها لەوەش کە پیاو لەکاتی نوێکردندا بە لفکەی مێزەرو شتی وا دەمی خۆی هەڵپێچێ (د/ت- سند ضعيف).

٥٨٨- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ اللهَ جَلَّ ذِكْرُهُ لاَ يَقْبَلُ صَلاَةَ رَجُلٍ مُسْبِلٍ إِزَارَهُ[3].

---

(١) بسند حسن (شرحه).

(٢) بسند ضعيف مؤيد بالصحاح (شرحه).

(٣) رواه أبو داود بسند صحيح (شرحه).

دیسان ئەو گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: خودای گەورەو سەروەر نوێژی ئەو پیاوە گیرا ناكا كە جلەكانی بخشێنێ لە زەوی (د-ح/ص).

٥٨٩- عَنِ عَبْدِ اللهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ أَسْبَلَ إِزَارَهُ فِي صَلاَتِهِ خُيَلاَءَ فَلَيْسَ مِنَ اللّٰهِ جَلَّ ذِكْرُهُ فِي حِلّ وَلاَ حَرَامٍ. رَوَاهُمَا أَبُو دَاوُدَ[٤].

عەبدڵڵا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەركەسێ لە نوێژدا بۆ فێزو دەعیە جلەكەی لە زەوی بخشێنێ ئەوە فڕی بەسەر حەڵاڵو حەرامی خودای گەورەوە نیە (د- روی مسندا وموقوفا).

١٠٠) هەندێكی تریان باوێشكدانو پەنجە تێكپەڕاندنو فووكردنە: (ومنها التثاؤب والتشبيك والنفخ)

٥٩٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: التَّثَاؤُبُ فِي الصَّلاَةِ مِنَ الشَّيْطَان فَإِذَا تَثَاءَبَ أَحَدُكُمْ فَلْيَكْظِمْ مَا اسْتَطَاعَ. رَوَاهُ الترمذي والبخاري فِيَ بَدْءِ الخَلَقْ وَلَفْظَهُ: لَتَّثَاؤُبُ مِنَ الشَّيْطَان فَإِذَا تَثَاءَبَ أَحَدُكُمْ فَلْيَرُدَّهُ مَاسْتَطَاعَ فَإِنَّ أَحَدُكُمْ إِذَا قَالَ: (هَا) ضَحِكَ الشَّيْطَانُ مِنْهُ[١].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: باوێشكدان (لە نوێژا) لە شەیتانەوەیە، جا لەبەر ئەوە هەركاتێ یەكێكتان باوێشكی هات با تا دەتوانێ قووتی بداتەوە (ت/ب) گفتەی بوخاری (پڕ گۆڕی پیرۆزی لە نوورو رەحمەتی خودای میهرەبانو گەورەبێ) ئاوایە: (باوێشك لە شەیتانەوەیە، كەواتە ئەگەر یەكێكتان باوێشكیدا با تا دەتوانێ بیداتە دواوەو دەم بنوقێنێو بە پشتی دەستی چەپی بەری دەمی

(٤) روى مسنداً وموقوفا (شرحه).

(١) بخاري: ٣٢٨٩ ، ٦٢٢٣ ، ٦٢٢٦.

بگرێ چونكە لەوكاتەدا كە دەم پان دەكاتەوەو دەڵێ: ها، شەیتان پێی پێدەكەنێ).

٥٩١- عَنْ كَعْبِ بْنِ عُجْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا تَوَضَّأَ أَحَدُكُمْ فَأَحْسَنَ وُضُوءَهُ ثُمَّ خَرَجَ عَامِدًا إِلَى الْمَسْجِدِ فَلاَ يُشَبِّكَنَّ بَيْنَ أَصَابِعِهِ فَإِنَّهُ فِي صَلاَةٍ. رَوَاهُ الترمذي وأبو داود بسند موثق[٢].

كەعبی كوڕی عوجرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: لەپاش ئەوەی كە دەسنوێژێكی جوانتان گرتو چوون بۆ مزگەت بۆ نوێژ ئیتر پەنجەتان تێك مەپەڕێنن بە ئیعتیبار ئیتر ئێوە لەناو نوێژدان (ت/د- سند موثق).

٥٩٢- عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: رَأَى النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) غُلاَمًا لَنَا يُقَالُ لَهُ أَفْلَحُ إِذَا سَجَدَ نَفَخَ فَقَالَ: يَا أَفْلَحُ تَرِّبْ وَجْهَكَ. رَوَاهُ الترمذي[٣].

ئوم سەلەمە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: نۆكەرێكمان هەبوو ناوی ئەفلەح بوو، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) چاوی لێوە بوو كە كوڕنووشی دەبرد فووی دەكرد لە خۆڵی جێگە كوڕنووشەكەی. جا فەرمووی پێی: ئەی ئەفلەح! تەوێڵت خۆڵاویی كە چونكە ئەو خۆڵە نیشانەی بەندەگیو عیبادەتی خودای گەورەیە (ت- سند ضعیف)

٥٩٣- وَلاِبْنِ ماجه: لاَ تُفَقِّعْ أَصَابِعَكَ وَأَنْتَ فِي الصَّلاَةِ (شرحه)[٤].

دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): لە نوێژا پەنجەكانت مەتەقێنە (ئیبنو ماجە) ئەم فەرموودەیە نەقڵ كراوە لەشەرحەكەی سەر (تاج) خۆیەوە.

---

(٢) بسند موثق.

(٣) بسند ضعيف (شرحه).

(٤) احتج به الشارح (مترجم).

۱۰۱) باسی شەشەم: باسی سوننەتە دامەزراوەکانی نوێژ، (ئەم باسە سێ بەشە):

بەشی یەکەم: باسی سوننەتە دامەزراوەکانی نوێژە فەرزەکان (رواتب الفرائض)

الباب السادس: في الرواتب. (وفيه فصول ثلاثة):

الفصل الأول: في رواتب الفرائض

٥٩٤- عَنْ أُمِّ حَبِيبَةَ (رَضيَ اَللّٰهُ عَنهُا) قَالَتْ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ مَا مِنْ عَبْدٍ مُسْلِمٍ يُصَلِّى لِلّٰهِ كُلَّ يَوْمٍ ثِنْتَىْ عَشْرَةَ رَكْعَةً تَطَوُّعًا غَيْرَ فَرِيضَةٍ إلاَّ بَنَى اللّٰهُ لَهُ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاري. وزاد الترمذي: أَرْبَعاً قَبْلَ الظُّهْرِ وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَهَا وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ الْمَغْرِبِ وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ الْعِشَاءِ وَرَكْعَتَيْنِ قَبْلَ الْفَجْرِ[۱].

ئوممو حەبیبە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو (دروودی خوای لەسەربێ): هەر بەندەیەکی موسوڵمان هەموو رۆژێ دوانزە رکات نوێژی سوننەت بکا بۆ خودا، سەرەڕای نوێژە فەرزەکان، مسۆگەر کە خودای گەورە لە بەهەشتا کۆشکێکی بۆ دروست دەکا ئوممو حەبیبە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: ئەوەتی ئەمەم لە حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) ژنەوتووە لەوساکەوە هەمیشە ئەم دوانزە رکاتەیە دەکەم (م/د/ت/ن).

تیرمیذی ئەمەشی لێ زیاد کردووە: چوار رکات لە پێش نیوەڕۆداو دوو رکات لە پاشیەوەو دوو رکات لەپاش شێوانەوەو دوو رکات لەپاش خەوتنانەوەو دوو رکات لە پێش نوێژی بەیانییەوە.

۱۰۲) سوننەتی دامەزراوی نوێژی بەیانی: (راتبة الفجر)

٥٩٥- عَنْ عَائِشَةَ (رَضيَ اَللّٰهُ عَنهُا) عَنِ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: رَكْعَتَا الْفَجْرِ خَيْرٌ مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا. رَوَاهُ مسلم والترمذي وأحمد[۱].

---

(۱) مسلم: ١٦٩١ — ١٦٩٣. أبو داود: ١٢٥٠.

(۱) مسلم: ١٦٨٥ ، ١٦٨٦. ترمذي: ٤١٦. نسائي: ١٧٥٨.

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: دوو رکاتە سوننەتەکەی پێش نوێژی بەیانی لە هەموو موڵكو سامانی دنیا باشترن. (م/ت/احمد).**

٥٩٦- ولأبي دَاوُدَ وأحمد: لاَ تَدَعُوهُمَا وَإِنْ طَرَدَتْكُمُ آلْخَيْلُ[٢].

دەفەرموێ: (دروودی خوای لەسەربێ)**: ئەگەر بە سواری ئەسپ نیشتوونەتە سەرتان ئەم دوو رکاتە سوننەتە تەرك مەکەن (د-سند صالح-ئەحمەد).**

٥٩٧- وَعَنْهَا قَالَتْ: لَمْ يَكُنِ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **عَلَى شَيْءٍ مِنَ النَّوَافِلِ أَشَدَّ مُعَاهَدَةً مِنْهُ عَلَى الرَّكْعَتَيِ الْفَجْرِ. رَوَاهُ الثلاثة[٣].**

دیسان عائیشە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **هیچ سوننەتێکی تری وەك دوو رکاتە سوننەتەکەی پێش نوێژی بەیانی ئاوا بەباشی سەرەوکاری نەدەکرد! (ش/د).**

٥٩٨- وَعَنْهَا قَالَتْ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **يُخَفِّفُ الرَّكْعَتَيْنِ اللَّتَيْنِ قَبْلَ صَلاَةِ الصُّبْحِ حَتَّى إِنِّي لأَقُولُ هَلْ قَرَأَ بِأُمِّ الْكِتَابِ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي[٤].**

دیسانەوە گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) **ئەوەندە بە گورجی دوو رکاتە سوننەتەکەی پێش نوێژی بەیانی دەکرد، تەنانەت لە دڵی خۆمەوە دەمگوت: چۆن فریای خوێندنی فاتیحا دەکەوێ! (ش/د/ن).**

٥٩٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ) **أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ** (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَرَأَ فِي رَكْعَتَيِ الْفَجْرِ (قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ) وَ (قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ). رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاري[٥].**

---

(٢) رواه أبو داود بسند صالح (شرحه).

(٣) بخاري: ١١٦٩. مسلم: ١٦٨٣. أبو داود: ١٢٥٤.

(٤) بخاري: ١١٧١ : ١٦٨١ ، ١٦٨٢. ابو داود: ١٢٥٥. نسائي: ٩٤٥.

(٥) مسلم: ١٦٨٧. أبو داود: ١٢٥٦. نسائي: ٩٤٤.

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) جارو بار لە دوو ركاتە سوننەتەكەی پێش نوێژی بەیانی دا سوورەتی {قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ}ەو سوورەتی {قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ}ی دەخوێند (م/د/ت/ن).

٦٠٠- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْرَأُ فِي رَكْعَتَيِ الْفَجْرِ (قُولُوا آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلَيْنَا) وَالَّتِي فِي آلِ عِمْرَانَ (تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ). رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأَبُو دَاوُدَ[٦].

ئیبنو عەباس (رەزای خودای لێبێ) گوتی: گەلێ جار پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لە دوو ركاتە سوننەتەكەی پێش نوێژی بەیانیدا لە ركاتی یەكەما ئایەتی {قُولُوا آمَنَّا بِاللهِ وَمَا أُنْزِلَ إِلينا} ئایەتی {تَعَالَوْاْ إِلَى كَلَمَةٍ سَوَاء بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ}ی لە ركاتی دووەما ئایەتی خوێند كە لە سوورەتی ئالی عیمراندایە (م/د).

٦٠١- وللترمذي وأبي داود: إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ رَكْعَتَيِ الْفَجْرِ فَلْيَضْطَجِعْ عَلَى يَمِينِهِ[٧].

دەفەرموێ: (درودی خوای لەسەربێ): كە دوو ركاتە سوننەتەكەی پێش نوێژی بەیانیتان كرد لەسەر لای راست بەرەو رووگە راكشێن (ت/د-س/ح).

١٠٣) سوننەتە دامەزراوەكان كە بە جەخت كراون: (الرواتب المؤكدة)

٦٠٢- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا) قَالَ: حَفِظْتُ مِنَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَشْرَ رَكَعَاتٍ رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ الظُّهْرِ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَهَا، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ الْمَغْرِبِ فِي بَيْتِهِ، وَرَكْعَتَيْنِ بَعْدَ الْعِشَاءِ فِي بَيْتِهِ، وَرَكْعَتَيْنِ قَبْلَ صَلاَةِ الصُّبْحِ، وَكَانَتْ سَاعَةً لاَ يُدْخَلُ عَلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِيهَا[١].

---

(٦) مسلم: ١٦٨٨ ، ١٦٨٩. أبو داود : ١٢٩٥. نسائي: ٩٤٣.

(٧) بسند حسن ،شرحه).

(١) بخاري: ١١٧٢. مسلم: ١٦٩٥.

ئیبنو عومەر (خودای لێ رازی بێ) **گوتی: لە پێغەمبەر خۆیەوە** (دروودی خوای لەسەربێ) **دە رکات نوێژی سوننەت فێربووم: دوو رکات لە پێش نوێژی نیوەڕۆوەو دوو رکات لە پاشیەوەو دوو رکات لە پاش نوێژی شێوانەوە، حەزرەت ئەم دوو رکاتەی لە ماڵەوە دەکرد، وە دوو رکات لەپاش نوێژی خەوتنانەوە، حەزرەت** (دروودی خوای لەسەربێ) **ئەم دوو رکاتەشی لە ماڵەوە دەکرد، وە دوو رکاتیشی لە پێش نوێژی بەیانییەوە، وە لەم کاتەدا کەپێی دەگوترێ: سەبای ساڵحان کەس نەدەچوو بۆ خزمەتی، چونکە لەم دەمەدا لەگەڵ خودای خۆی خەریکبوو! (ش/د/ت/ن).**

٦٠٣- وَعنْهُ قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَبْلَ الظُّهْرِ، سَجْدَتَيْنِ وَبَعْدَهَا سَجْدَتَيْنِ وَبَعْدَ الْمَغْرِبِ سَجْدَتَيْنِ وَبَعْدَ، الْعِشَاءِ سَجْدَتَيْنِ وَبَعْدَ الْجُمُعَةِ سَجْدَتَيْنِ، فَأَمَّا الْمَغْرِبُ وَالْعِشَاءُ وَالْجُمُعَةُ فَصَلَّيْتُ مَعَ النَّبِيِّ** (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **فِي بَيْتِهِ**[٢].

دیسان گوتی: لەگەڵ پێغەمبەر خۆیدا (دروودی خوای لەسەربێ) **ئەم نوێژە سوننەتانەم کردووە: دوو رکات لە پێش نیوەڕۆوەو دوو رکاتیش لە پاشیەوە، وە دوو رکات لەپاش شێوانەوە وە دوو رکات لەپاش خەوتنانەوە، وە دوو رکات لەپاش نوێژی هەینییەوە، بەڵام سوننەتی شێوان و خەوتنان و هەینیم لەگەڵ پێغەمبەردا** (دروودی خوای لەسەربێ) **لە ماڵی پێغەمبەر دەکرد (ش/د/ت/ن).**

٦٠٤- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **كَانَ لاَ يَدَعُ أَرْبَعًا قَبْلَ الظُّهْرِ وَرَكْعَتَيْنِ قَبْلَ صَلاَةِ الْغَدَاةِ. روى هذه الثلاثة الأصول الخمسة**[٣].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **هەرگیز ئەم نوێژە سوننەتانەی تەرك نەدەکرد: چوار رکات لە پێش نوێژی نیوەڕۆوەو دوو رکاتیش لە پێش نوێژی بەیانییەوە (ش/د/ت/ن).**

---

(٢) بخاري. تهجد: ١١٧٢. مسلم. صلاة المسافرين: ١٦٩٥.

(٣) بخاري: ١١٨٢.

١٠٤) سوننەتە دامەزراوەكان كە جاروبار پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) تەركی كردوون: (الرواتب غير المؤكّدة)

٦٠٥- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ مُغَفَّلٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: بَيْنَ كُلِّ أَذَانَيْنِ صَلاَةٌ مَرَّتَيْنِ ثُمَّ قَالَ: فِي الثَّالِثَةِ: لِمَنْ شَاءَ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي[1].

عەبدوڵڵای كوڕی موغەففەل (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دوو جار لە سەریەك فەرمووی: لە بەینی هەموو بانگ و قامەتێكا نوێژێكی سوننەت هەیە، لەسەری جای سێهەما فەرمووی: ئەمە بۆ كەسێ ئارەزووی ئەم نوێژەی هەبێ (ش/د/ن).

٦٠٦- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ الْمُزَنِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: صَلُّوا قَبْلَ صَلاَةِ الْمَغْرِبِ قَالَ: فِي الثَّالِثَةِ: لِمَنْ شَاءَ، كَرَاهِيَةَ أَنْ يَتَّخِذَهَا النَّاسُ سُنَّةً. رَوَاهُ البخاري وأَبُو دَاوُدَ[2].

عەبدوڵڵای موزەنی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: دوو ركات نوێژی سوننەت بكەن لە پێش نوێژی شێوانەوە لەسەری جاری سێهەما فەرمووی: ئەمە بۆ كەسێكە كە ئارەزووی ئەم نوێژەی هەبێ، حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) بۆیە وای فەرموو نەوەك مەردوم بیكەن بە دەستوور (ب/د).

٦٠٧- عَنْ أُمِّ حَبِيبَةَ (رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ حَافَظَ عَلَىٰ أَرْبَعِ رَكَعَاتٍ قَبْلَ الظُّهْرِ وأَرْبَعٍ بَعْدَهَا حَرَّمَهُ اللّٰهُ عَلَى النَّارِ. رَوَاهُ أصحاب السنن[3].

ئوممو حەبیبە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر كەسێ چوار ركات نوێژی سوننەت لە پێش نیوەڕۆوە و چوار

---

(١) بخاري: ٦٢٤ ، ٦٢٧. مسلم: ١٩٣٧. أبو داود: ١٢٨٣. ترمذي: ١٨٥. نسائي: ٦٨٠ ، ١١٦٢.

(٢) بخاري: ٦٢٤ ، ٦٢٧.

(٣) بسند صحيح (شرحه).

ركات لە پاشیەوە هەمیشە بە ڕێكوپێكی بكا خودا ئاگری لەسەر حەرام دەكا (د/ت/ن-س/ص).

٦٠٨- عَنْ أبْنِ عُمَرَ (رَضيَ أللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: رَحِمَ اللهُ أمْرَءاً صَلَّى قَبْلَ ألعَصْرِ أرْبَعاً. رَوَاهُ أبُو دَاوُدَ والترمذي[٤].

ئیبنو عومەر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ڕەحمەتی خودا لەو كەسەبێ كە لەپێش نوێژی عەصرەوە چوار ركات نوێژی سوننەت دەكا بەنیاز (نیەت)ی سوننەتی پێش عەصر (د/ت-س/ح).

٦٠٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ صَلَّى بَعْدَ الْمَغْرِبِ سِتَّ رَكَعَاتٍ لَمْ يَتَكَلَّمْ فِيمَا بَيْنَهُنَّ بِسُوءٍ عُدِلْنَ لَهُ بِعِبَادَةِ ثِنْتَيْ عَشْرَةَ سَنَةً. وفي رواية: مَنْ صَلَّى بَعْدَ الْمَغْرِبِ عِشْرِينَ رَكْعَةً بَنَى اللّٰهُ لَهُ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ. رَوَاهُمَا الترمذي[٥].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر كەسێ لەپاش نوێژی شێوانەوە شەش ركات نوێژی سوننەت بكا ئەوە هاوتای عیبادەتو خودا پەرستیی دوازدە ساڵ دەكا بە مەرجێ لە نێوانیانا قسەی خراپ نەكا (ت- سند ضعيف) لە گێڕانەوەیەكا: هەر كەسێ لەپاش شێوان بیست ركات نوێژی سوننەت بكا خودا لە بەهەشتا كۆشكێكی بۆ دروست دەكا (ت- سند ضعيف).

١٠٥) بەشی دووەم: باسی نوێژی وەتر: (الفصل الثاني: في الوتر)

٦١٠- عَنْ عَلِيّ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النّبِيِّ قَالَ: يَا أَهْلَ الْقُرْآنِ أَوْتِرُوا فَإِنَّ اللّٰهَ وِتْرٌ يُحِبُّ الْوِتْرَ. رَوَاهُ اصحاب السنن[١].

---

(٤) بسند حسن (شرحه).

(٥) بسند ضعيف (شرحه).

(١) بسند ضعيف (شرحه).

عەلی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەی قورئان خواكان! ئەی پەیڕەوانی قورئان! واتە: ئەی ئۆمەتی مەحەممەد! نوێژی وەتر بكەن كە نوێژێكە ركاتەكانی تاكە لەپاش نوێژی خەوتنانەوە دەكرێ چونكە خودا خۆی تاكەوتاكی خۆش دەوێ (د/ت/ن-س/ح).

٦١١- عَنْ خَارِجَةَ بْنِ حُذَافَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: خَرَجَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: إِنَّ اللَّهَ تَعَالَى قَدْ أَمَدَّكُمْ بِصَلَاةٍ وَهِيَ خَيْرٌ لَكُمْ مِنْ حُمْرِ النَّعَمِ وَهِيَ الْوِتْرُ فَجَعَلَهَا لَكُمْ فِيمَا بَيْنَ الْعِشَاءِ إِلَى طُلُوعِ الْفَجْرِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي والحاكم وصحَّحه[٢].

خاریجەی كوڕی حوذافە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەماڵ دەرچوو و هات بۆ لامان فەرمووی: خودای گەورەو سەروەر، سەرەڕای نوێژە فەرزەكان نوێژێكی تریشی پێ بەخشیون، ئەو نوێژە بۆ ئێوە گەلێ چاكترە لە رانە وشتری سوور كە نایابترین ماڵی عەرەبانە كە ئەویش نوێژی وترە، وە كاتی بوونی ئەم نوێژە لەپاش كردنی نوێژی خەوتنانەوە دەست پێ دەكا، وە هەتا هەڵاتنی شەبەق كاتی دەمێنێ! (د/ت/حاكم - حاكم بە صەحیحی داناوە).

٦١٢- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: اجْعَلُوا آخِرَ صَلَاتِكُمْ وِتْرًا. رواه الأربعة[٣].

ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: وەتر بكەن بە دواترین نوێژی شەوتان (ش/د/ت).

٦١٣- عَنْ مَسْرُوقٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قُلْتُ لِعَائِشَةَ: مَتَى كَانَ يُوتِرُ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَتْ: كُلَّ ذَلِكَ قَدْ فَعَلَ أَوْتَرَ أَوَّلَ اللَّيْلِ وَوَسَطَهُ وَآخِرَهُ وَلَكِنِ انْتَهَى وِتْرُهُ حِينَ مَاتَ إِلَى السَّحَرِ. رَوَاهُ الخمسة[٤].

---

(٢) صحيح عند الحاكم.

(٣) بخاري: ٩٩٨. مسلم: ١٧٥٢. أبو داود: ١٤٣٨.

مەسرووق (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: بە عائیشەم گوت: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژی وەتری کەی دەکرد؟ گوتی: لە هەموو کاتێکی شەودا وەتری دەکرد: هەندێ جار لە سەرەتای شەوەوە دەیکرد، هەندێ جار لە ناوەراستی شەودا دەیکرد، هەندێ جاریش لە دوادوایی شەوەوە دەیکرد، بەڵام لەپێش مردنیا هەر بەرەبەیان وەتری دەکرد (ش/د/ت/ن).

٦١٤- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ خَافَ أَنْ لاَ يَقُومَ مِنْ آخِرِ اللَّيْلِ فَلْيُوتِرْ أَوَّلَهُ وَمَنْ طَمِعَ أَنْ يَقُومَ آخِرَهُ فَلْيُوتِرْ آخِرَ اللَّيْلِ فَإِنَّ صَلاَةَ آخِرِ اللَّيْلِ مَشْهُودَةٌ وَذَلِكَ أَفْضَلُ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ والترمذي[٥].

جابیر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر کەسێ دەترسێ کە لە کۆتایی شەوەوە هەڵنەسێ بۆ شەو نوێژ با لە سەرەتای شەوەوە وەتر بکا، وە هەر کەسێ کە بەتەمایە کە لە کۆتایی شەوەوە هەڵبسێ بۆ شەو نوێژ با لە کۆتایی شەودا نوێژی وەتر بکا، چونکە نوێژی ئاخری شەو فریشتەی رەحمەت دینە دیاریو تەماشای دەکەن، ئاشکرایە کە ئەمە زۆر باشترە! (م/ت).

٦١٥- عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ لأَبِي بَكْرٍ: مَتَى تُوتِرُ؟ قَالَ: أُوتِرُ آخِرَ مِنْ أَوَّلِ اللَّيْلِ. وَقَالَ: لِعُمَرَ: مَتَى تُوتِرُ؟ قَالَ: أُوتِرُ اللَّيْلِ. فَقَالَ: لأَبِي بَكْرٍ: أَخَذَ هَذَا بِالْحَزْمِ وَقَالَ: لِعُمَرَ: أَخَذَ هَذَا بِالْقُوَّةِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٦].

ئەبو قەتادە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بە ئەبو بەکری فەرموو: کەی وەتر دەکەی؟ گوتی: لە سەرەتای شەوەوە وەتر دەکەم، بە عومەریشی فەرموو: ئەی تۆ کەی وەتر دەکەی؟ گوتی: لە ئاخری شەوەوە وەتر دەکەم، جا بە ئەبو بەکری فەرموو: ئەمە لایەنی توندو تۆڵی (حەزم)ی گرتووە بە عومەریشی فەرموو: ئەمە لایەنی پتەوی نیاز (عەزم)ی گرتووە (د-سند صالح).

---

(٤) بخاري: ٩٩٦. مسلم: ١٧٣٣ ، ١٧٣٤ ، ١٧٣٥.

(٥) مسلم: ١٧٦٣ ، ١٧٧٤. ترمذي: ٤٥٥.

(٦) بسند صالح (شرحه).

١٦٠) تاچەند ركات وەتر دروستە: (بيان الوتر)

٦١٦- عَنْ ابْنِ عُمَرَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُماَ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: صَلاَةُ اللَّيْلِ مَثْنَى مَثْنَى، فَإِذَا أَرَدْتَ أَنْ تَنْصَرِفَ فَارْكَعْ رَكْعَةً تُوتِرُ لَكَ مَا صَلَّيْتَ. رَوَاهُ الخمسة[١].

ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: شەو نوێژ دوو ركات دوو ركاتە، جا كەویستت دەست هەڵبگری یەك ركات بكە دەبێ بە وەتری ئەو نوێژانەی كە كردووتن (ش/د/ت/ن).**

٦١٧- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الْوِتْرُ رَكْعَةٌ مَنْ آخِرِ اللَّيْلِ. رواه مسلم والنسائي وأحمد[٢].

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: نوێژی وەتر یەك ركاتە، باش وایە كە لە ئاخری شەودا بكرێ (م/ن/ئەحمەد).**

٦١٨- عَنْ أَبي أَيُّوبَ الأَنْصَارِيِّ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الْوِتْرُ حَقٌّ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ فَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يُوتِرَ بِخَمْسٍ فَلْيَفْعَلْ. وَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يُوتِرَ بِثَلاَثٍ فَلْيَفْعَلْ وَمَنْ أَحَبَّ أَنْ يُوتِرَ بِوَاحِدَةٍ فَلْيَفْعَلْ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وانسائي. وفي رواية: الْوِتْرُ حَقٌّ فَمَنْ شَاءَ أَوْتَرَ بِسَبْعٍ وَمَنْ شَاءَ أَوْتَرَ بِخَمْسٍ وَمَنْ شَاءَ أَوْتَرَ بِثَلاَثٍ وَمَنْ شَاءَ أَوْتَرَ بِوَاحِدَةٍ[٣].

ئەبو ئەیوبی ئەنصاری (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: وەتر شتێكی هەقە لەسەر هەموو موسوڵمانێ، جا ئەوەی حەزدەكا كە پێنج ركات وەتر بكا با بیكا، وە ئەوەی حەز دەكا كە سێ ركات وەتر بكا با بیكا، وە ئەوەی حەزدەكا كە یەك ركات وەتر بكا با بیكا. (د/ن- سند صالح) لە گێڕانەوەیەكا: وەتر هەقە، جا ئەوەی حەز دەكا با حەوت**

---

(١) بخاري: ٩٩٠. مسلم: ١٧٤٥ — ١٧٤٨. أبو داود: ١٣٢٦. نسائي: ١٦٩٣.

(٢) مسلم: ١٧٥٤ ، ١٧٥٥. نسائي: ١٦٨٨.

(٣) بسند صالح (شرحه).

ركات وەتر بكا، وە ئەوەی حەزدەكا با پێنج ركات وەتر بكا، وە ئەوەی حەز دەكا با سێ ركات وەتر بكا، وە ئەوەی حەز دەكا با یەك ركات وەتر بكا.

٦١٩- عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (رَضيَ أللهُ عَنهُا) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُوتِرُ بِثَلاَثَ عَشْرَةَ رَكْعَةً فَلَمَّا كَبِرَ وَضَعُفَ أَوْتَرَ بِسَبْعٍ. رَوَاهُ الترمذي والنسائي (٤). وفي رواية: أوْتَرَ بِتِسْعٍ (شرحه).[٤].

ئوممو سەلەمە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پێشا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) سیازدە ركات وەتری دەكرد، بەلاّم كە ئیختیارو بێ هێز بوو حەوت ركاتی دەكرد (ت/ن-س/ح). لە گێڕانەوەیەكی شەرحەكەدا: نۆ ركاتی دەكرد.

٦٢٠- عَنْ طَلْقِ بْنِ عَلِيّ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: لاَ وِتْرَانِ فِي لَيْلَةٍ. رَوَاهُ أصحاب السنن[٥].

طەلقی كوڕی عەلی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو (دروودی خوای لەسەربێ) لە یەك شەوا دوو وەتر نابێ (د/ت/ن-س/ح).

١٠٧) قورئان خوێندنی وەتر: (القراءة في الوتر)

٦٢١- عَنْ عَبْدِالعَزِيزِ بْنِ جُرَيْجٍ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: سَأَلْنَا عَائِشَةَ بِأَيِّ شَيْءٍ كَانَ يُوتِرُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟ قَالَتْ: كَانَ يَقْرَأُ فِي الأُولَى بِسَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الأَعْلَى وَفِي الثَّانِيَةِ بِقُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ وَفِي الثَّالِثَةِ بِقُلْ هُوَ اللّٰهُ أَحَدٌ وَالْمُعَوِّذَتَيْنِ. رَوَاهُ أصحاب السنن. وزاد النسائ وأبو دَاوُدَ: وَكَانَ يَقُولُ إِذَا سَلَّمَ سُبْحَانَ الْمَلِكِ الْقُدُّوسِ ثَلاَثاً وَيَرفَعُ صَوْتَهُ بِالثَّالِثَةِ[١].

عەبدولعەزیزی كوڕی جورەیج (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە عائیشەمان پرسی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نوێژی وەتردا چ سوورەتێكی

---

(٤) بسند حسن (شرحه).

(٥) بسند حسن (شرحه).

(١) بسند حسن (شرحه).

دەخوێند؟ گوتی: لە رکاتی یەکەمدا سوورەتی {سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى}ی دەخوێند، وە لە رکاتی دووەمدا سوورەتی {قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ}ەی دەخوێند، وە لە رکاتی سێیەمدا سوورەتی {قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ}و سوورەتی {قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ}و سوورەتی {قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ}ی دەخوێند (د/ت/ن-س/ح) نەسائیۆ ئەبو داوود ئەمەیان پتر کردووە: کە سەلاویشی دەدایەوە سێ جار دەیفەرموو {سُبْحَانَ الْمَلِكُ الْقُدُّوسُ}: پاکی و بێگەردی بۆ پاشای پاکی بێ نەنگ. وە لە سەری جاری سێیەمدا دەنگی لێ هەڵدەبڕی.

٦٢٢- وَسَئِلَتْ عَائِشَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهَا): أَكَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُسِرُّ بِالْقِرَاءَةِ فِي الْوِتْرِ أَمْ يَجْهَرُ؟ قَالَتْ: كُلَّ ذَلِكَ كَانَ يَفْعَلُ رُبَّمَا أَسَرَّ وَرُبَّمَا جَهَرَ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأبُو داود.

پرسیار کرا لە عائیشە (خوای لێ رازی بێ): ئایا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نوێژی وەتردا قورئانی بە نهێنی دەخوێند یا بە دەنگی بەرز؟ گوتی: بەهەردوولا دەیخوێند، گەلێ جار بە پەنامەکیو گەلێ جار بە ئاشکرا دەیخوێند (م/د).

٦٢٣- عَنْ عَلِيٍّ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَقُولُ فِي آخِرِ وِتْرِهِ بَعْدَ السَّلاَمِ مِنْهُ: اللَّهُمَّ أنِّي أَعُوذَ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ وَبِمعُافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ لاَ أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ. رَوَاهُ أصحاب السنن[٣].

عەلی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەپاش وەترەوە کە سلاوی دەدایەوە دەیفەرموو:

{اللَّهُمَّ أنِّي أَعُوذَ بِرِضَاكَ مِنْ سَخَطِكَ وَبِمعُافَاتِكَ مِنْ عُقُوبَتِكَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنْكَ لاَ أُحْصِي ثَنَاءً عَلَيْكَ أَنْتَ كَمَا أَثْنَيْتَ عَلَى نَفْسِكَ}.

---

(٣) بسند حسن (شرحه).

خودایە پەنا دەگرم بەرەزامەندی تۆ لە خەشم و قاری تۆ، وە پەنا دەگرم بە چاوپۆشینی تۆ لە تۆڵەسەندی تۆ، وە پەنا دەگرم بە خۆت لە خۆت، وەسپ و ثەنا خوانیی تۆ لە كێشی منا نیە، وە سوپاس و ستایشی تۆ بەكەس نابڕێرێ، ئەوە مەگەر هەر بەخۆت بكرێ! (د/ت/ن–س/ح).

١٠٨) بەشی سێیەم: باسی دوعاو نزاو پاڕانەوەو ذیكرو یادی خوداو ویرد لەپاش نوێژەوە: الفصل الثالث: في الدعاء والذكر عقب الصلاة

٦٢٤– عَنْ ثَوْبَانَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا انْصَرَفَ مِنْ صَلاَتِهِ اسْتَغْفَرَ ثَلاَثًا وَقَالَ: اللّٰهُمَّ أَنْتَ السَّلاَمُ وَمِنْكَ السَّلاَمُ تَبَارَكْتَ يَاذَا الْجَلاَلِ وَالإِكْرَامِ. وفي رواية: كَانَ النَّبِيُّ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا سَلَّمَ لَمْ يَقْعُدْ إِلاَّ مِقْدَارَ مَا يَقُولُ: اللّٰهُمَّ أَنْتَ السَّلاَمُ إلخ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ البخاري[1].

ئەوبان (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) كە سڵاوی نوێژی دەدایەوە سێ جار داوای لێ بووردنی لە خودا دەكردو دەیفەرموو:

{أَسْتَغْفِرَ الله الّذي لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ.

ئینجا دەیفەرموو:

{اللّٰهُمَّ أَنْتَ السَّلاَمُ وَمِنْكَ السَّلاَمُ تَبَارَكْتَ يَاذَا الْجَلاَلِ وَالإِكْرَامِ}.

خوداوەندا! پەروەردگارا! سەلام ناوی تۆیەو سەرچاوەی سەلام و سەلامەتی و ئامان و پەناو هانا هەر لەلای تۆیە، بە راستی تۆ زۆر بەفەڕو پیرۆزو گەورەیت، ئەی خاوەن شكۆی بەقەدرو حورمەت! لە گێڕانەوەیەكا: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەستووری وابوو كە سڵاوی دەدایەوە تەنیا ئەوەندە دادەنیشت لە نوێژگاكەیدا كە دەیفەرموو {اَللّٰهُمَّ أَنْتَ السَّلَام} تاد (م/د/ت/ن).

---

(١) مسلم: ١٣٣٣ ، ١٣٣٤. أبو داود: ١٥١٣. ترمذي: ٣٠٠. نسائي: ١٣٣٦.

٦٢٥- عَنْ زَيْدٍ مَوْلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ أَسْتَغْفِرَ اللَّهَ الَّذِى لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيَّ الْقَيُّومَ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ. غُفِرَ لَهُ وَإِنْ كَانَ فَرَّ مِنَ الزَّحْفِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي ولفظه: مَنْ أَسْتَغْفِرَ اللهَ الْعَظِيمَ[٢].

زەیدی ئازا كراوی پێغەمبەر (دروودی خودا لەسەر پێغەمبەرەو رەزای خودا لە زەید) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر كەسێ بڵێ:

{أَسْتَغْفِرَ اللَّهَ الَّذِى لاَ إِلَهَ إِلاَّ هُوَ الْحَيَّ الْقَيُّومَ وَأَتُوبُ إِلَيْهِ}.

داوای لێبوردنو تاوان بەخشین لەو خودایە دەكەم كە بێجگە لەخۆی خودای تر نیە، كە نەمرو زیندووەو راگری عالەمەو مایەی مانی هەموو شتێكە، وە پەشیمانم لە تاوانمو تەوبە دەكەم لە كوناهانمو دەگەڕێمەوە بۆ لای ئەو. فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ) هەر كەسێ ئەمە بڵێ خودا لێی خۆش دەبێ، گریمان ئەو كەسە لە ریزی غەزاشا هەڵهاتبێ هەر خودا لێی خۆش دەبێ (د-سند صالح-ت) گفتەی ترمیذي: لە جیاتی رستەی {مَنِ أسْتَغْفَرَ اللهَ الَّذِى} رستەی {مَنِ آسْتَغْفَرَ اللهَ الْعَظِيمِ الَّذِى}یە تا دوایی فەرموودەكە.

٦٢٦- عَنْ وَرَّادٍ مَوْلَى الْمُغِيرَةِ بْنِ شُعْبَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَتَبَ الْمُغِيرَةُ إِلَى مُعَاوِيَةَ إِنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ إِذَا فَرَغَ مِنْ صَلاَتِهِ وَسَلَّمَ قَالَ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ اللَّهُمَّ لاَ مَانِعَ لِمَا أَعْطَيْتَ وَلاَ مُعْطِيَ لِمَا مَنَعْتَ وَلاَ يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي[٣].

وەڕرادی نۆكەری موغیرەی كوڕی شوعبە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: موغیرە نامەی نووسی بۆ موعاوییە لەسەر داوای خۆی كاتێ كە فەرمانڕەوای موسوڵمانان بوو: جاران كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كە لە نوێژ دەبووەوەو سلاوی دەدایەوە دەیفەرموو:

---

(٢) رواه أبو داود بسند صالح (شرحه).

(٣) بخاري: ٨٤٤ ، ٢٤٠٨ ، ٥٩٧٥ ، ٦٣٣٠ ، ٦٤٧٣ ، ٦٦١٥ ، ٧٢٩٢. مسلم: ١٣٣٧ – ١٣١٤. أبو داود: ١٥٠٥. نسائي: ١٣٤٠ ، ١٣٤١ ، ١٣٤٢.

{ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ اَللَّهُمَّ لاَ مَانِعَ لِماَ أَعْطَيْتَ وَلاَ مُعْطِيَ لِماَ مَنَعْتَ وَلاَ يَنْفَعُ ذَا الْجَدِّ مِنْكَ الْجَدُّ}.

بێجگە لە خودا هیچ خودایەكی تر نیە، خودایەكی تاكو تەنیایە، هیچ هاوبەشێكی نیە، موڵكو دارایی و پاشایەتی و سەڵتەنەتو سوپاسو ستایش هەموو بۆ ئەوە، وە ئەو خودایەكی وایە دەستی دەڕوا بە سەر هەموو شتێكاو تەوانای هەموو شتێكی هەیە، پەروەردگارا! هەرچی تۆ بیدەیت بە كەسی تر نابڕێت، هەرچیش تۆ نەیدەیت بە كەسی تر نادرێت، دارایی داراو دەستداریی دەستدار هیچ دادیێكیان نادا لەلای تۆ (ش/د/ن).

٦٢٧- عَنْ كَعْبِ بْنِ عُجْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مُعَقِّبَاتٌ لاَ يَخِيبُ قَائِلُهُنَّ أَوْ فَاعِلُهُنَّ ثَلاَثٌ وَثَلاَثُونَ تَسْبِيحَةً وَثَلاَثٌ وَثَلاَثُونَ تَحْمِيدَةً وَثَلاَثٌ وَثَلاَثُونَ تَكْبِيرَةً فِي دُبُرِ كُلِّ صَلاَةٍ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ والترمذي[٤].

كەعبی كوڕی عوجرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: چەن وشەو چەن تەسبیحاتێ هەن لەپاش نوێژەكانەوە دەگوترێن، هەر كەسێ لەپاش هەموو نوێژێ بیانڵێ یا بیانكات قەت نائومێد نابێ، ئەویش ئەمەیە كە لەپاش هەموو نوێژێ سیی و سێ {سُبْحَانَ اللهِ}و سیی و سێ {اَلْحَمْدُ لِلهِ}و سی و سێ {اللهُ أَكْبَرُ} بكا (م/ت).

٦٢٨- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ فُقَرَاءَ الْمُهَاجِرِينَ أَتَوْا رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالُوا: ذَهَبَ أَهْلُ الدُّثُورِ بِالدَّرَجَاتِ وَالنَّعِيمِ الْمُقِيمِ. فَقَالَ: وَمَا ذَاكَ؟ قَالُوا: يُصَلُّونَ كَمَا نُصَلِّي وَيَصُومُونَ كَمَا نَصُومُ وَيَتَصَدَّقُونَ وَلاَ نَتَصَدَّقُ وَيُعْتِقُونَ وَلاَ نُعْتِقُ. فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَفَلاَ أُعَلِّمُكُمْ شَيْئًا تُدْرِكُونَ بِهِ مَنْ سَبَقَكُمْ وَتَسْبِقُونَ بِهِ مَنْ بَعْدَكُمْ وَلاَ يَكُونُ أَحَدٌ أَفْضَلَ مِنْكُمْ إِلاَّ مَنْ صَنَعَ مِثْلَ مَا صَنَعْتُمْ؟ قَالُوا: بَلَى يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: تُسَبِّحُونَ وَتُكَبِّرُونَ وَتَحْمَدُونَ دُبُرَ كُلِّ صَلاَةٍ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ مَرَّةً. قَالَ: أَبُو صَالِحٍ: فَرَجَعَ فُقَرَاءُ الْمُهَاجِرِينَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالُوا: سَمِعَ إِخْوَانُنَا

---

(٤) مسلم: ١٣٤٩. ترمذي: ٣٤١٢. نسائي: ١٣٤٨.

أَهْلُ الأَمْوَالِ بِمَا فَعَلْنَا فَفَعَلُوا مِثْلَهُ. فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَنْ يَشَاءُ. رَوَاهُ الأربعة. وَزَادَ أَبُو دَاوُدَ: وَتَخْتِمُهَا بِلاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ. ولفظ الترمذي قولُوا: سُبْحَانَ اللَّهَ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ وَالْحَمْدُ اللَّهَ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ وَاللَّهُ أَكْبَرُ أَرْبَعاً وَثَلاَثِينَ وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ عَشْرَ مَرَّاتٍ.[٥].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: هەژارانی کۆچکەران (مهاجرین) هاتن بۆ خزمەتی حەزرەت** (دروودی خوای لەسەربێ) **گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! هەرچی پایەی بەرزو نازو نیعمەتو بەهرەی پایە دار هەیە هەمووی داراو دەوڵەمەندەکان دەیبەن بۆ خۆیانّ! پێغەمبەریش** (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: چۆن؟ عەرزیان کرد: چونکە ئەوان وەك ئێمە نوێژدەکەنو وەك ئێمە ڕۆژوو دەگرنو سەرەڕای ئەوەیش ماڵیان هەیە خێرو خێراتی لێ دەکەنو بەندەی لێ دەکڕنو بۆ ڕەزای خودا ئازادی دەکەن بەڵام ئێمە ماڵمان نیە، لەبەر ئەوە نەخێرمان پێ دەکرێو نەبەندەمان بۆ ئازاد دەکرێ پێغەمبەریش** (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: دەبا شتێکتان فێربکەم کە ئەوانەی پێ دەگرنەوە کە پێشتان کەتوون، وە هەمیشەیش پێش ئەوانە دەکەون کە ئێستا وان لە دواتانەوە، وە کەس لە ئێوە باشتر نابێ مەگەر کەسێ کە وەك ئێوە ئەوە بکا؟ گوتیان: فەرموو بفەرموو ئەی پێغەمبەری خودا! فەرمووی: لە پاش هەموو نوێژێ سیی و سێ جار {سُبْحَانَ اللهِ} و سیی و سێ جار {أَلْحَمْدُ لِلهِ} و سیی و سێ جار {أَللهُ أَكْبَرُ} بکەن، ئەبو صالح (کەراوییە لە ئەبو هورەیرەوە) گوتی: دیسانەوە هەژارانی کۆچکەران کەڕانەوە بۆ خزمەتی حەزرەت** (دروودی خوای لەسەربێ) **گوتیان: برا موسوڵمانە دەوڵەمەندەکانمان ئەوەیان بیستۆتەوە کە ئێمە دەیکەین وە ئەوانیش وەك ئێمە هەمان شت دەکەن! پێغەمبەریش** (دروودی خوای لەسەربێ) **(بەم بۆنەیەوە ئیستیشهادی بەم ئایەتە پیرۆزەیە کردو فەرمووی: {ذَلِكَ فَضْلُ اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاء – ٥/٥٤}.**

---

(٥) بخاري: ٨٤٣ ، ٦٣٢٩. مسلم: ١٣٤٦ ، ١٣٤٧.

واتە: ئەمە لە سایەو فەضڵوگەورەیی خوداوەیە، لەگەڵ هەر كەسێكا مەیلی هەبێ دەیكا (ش/د/ت) ئەبو داوود بە رەحمەتی خودابێ ئەمەی لێ پتر كردووە: لە كۆتاییدا بڵێ:

{لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ}.

گفتەی تیرمیذیش ئاوایە: سیی و سێ جار بڵێن {سُبْحَانَ اللهِ} و سیی و سێ جار بڵێن {اَلْحَمْدُ لِلهِ} و سیی و چوار جار بڵێن {اللهُ أَكْبَرُ} و دەجار بڵێن: {لا اله الا الله}.

٦٢٩- وَلِمُسْلِمٍ: مَنْ سَبَّحَ اللَّهَ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلاَةٍ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ وَحَمِدَ اللَّهَ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ وَكَبَّرَ اللَّهَ ثَلاَثًا وَثَلاَثِينَ فَتِلْكَ تِسْعَةٌ وَتِسْعُونَ وَقَالَ: تَمَامَ الْمِائَةِ: لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ غُفِرَتْ خَطَايَاهُ وَإِنْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ[٦].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر كەسێ (لەپاش هەموو نوێژێ) سیی و سێ جار تەسبیحات بكا، وە سیی و سێ جار حەمدو سوپاسی خودا بكا، وە سیی و سێ جار ئەڵڵاهو ئەكبەر بكا) كە ئەمە هەمووی دەكاتە نەوەت و نۆ جار، وە لەسەری جاری سەد هەما بڵێ:

{لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَحْدَهُ لاَ شَرِيكَ لَهُ لَهُ الْمُلْكُ وَلَهُ الْحَمْدُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ}:

هەركەسێ لەپاش هەموو نوێژێ ئەمە بكا خودا لە هەموو تاوانەكانی خۆش دەبێ، هەرچەن تاوانەكانی وەك كەفی دەریاش زۆربن (م).

٦٣٠- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مِنْ عِنْدِ جُوَيْرِيَةَ وَهِيَ فِي مُصَلاَّهَا وَدَخَلَ وَهِيَ فِي مُصَلاَّهَا فَقَالَ: لَمْ تَزَالِي فِي مُصَلاَّكِ

---

(٦) مسلم: ١٣١٥.

هَذَا؟ قَالَتْ: نَعَمْ قَالَ: قَدْ قُلْتُ بَعْدَكِ أَرْبَعَ كَلِمَاتٍ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ لَوْ وُزِنَتْ بِمَا قُلْتِ لَوَزَنَتْهُنَّ: سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ عَدَدَ خَلْقِهِ وَرِضَا نَفْسِهِ وَزِنَةَ عَرْشِهِ وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ. رَوَاهُ الخمسة الا البخاري[7].

ئیبنو عەبباس (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **لەلای جووەیرییەی هاوسەری بوو، جوەیرییە لە نوێژگاکەیدا بوو خەریکی یادی خودا بوو، پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **لەسەر ئەم حاڵە بەجێی هێشتو دەرچووە دەرەوە، وە لەپاش ماوەیێ کە گەڕایەوە بۆ لای جووەیرییە هەر لەسەر نوێژگاکەی بوو هەر خەریکی یادی خودا بوو، پێغەمبەر** (درودی خودای لەسەربێ) **پێی فەرموو: لەوساکەوە لێرەدا هەر خەریکی تەسبیحاتیت؟ گوتی: بەڵێ. فەرمووی: دەسا من لە دوا ئەوە کە لە تۆ جیا بوومەتەوە سێ جار ئەم چوار وشەیەم گوتووە، ئەگەر هەڵبکێشرێن بەو هەموو تەسبیحاتەدا کە تۆ لەوساکەوە کردوتن بەرابەریان دەکەن کە ئەویش ئەمەیە:**

{سُبْحَانَ اللهِ وَبِحَمْدِهِ عَدَدَ خَلْقِهِ وَرِضَا نَفْسِهِ وَزِنَةَ عَرْشِهِ وَمِدَادَ كَلِمَاتِهِ}.

بەقەی ژمارەی دروستکراوانی خودا تەسبیحاتو حەمدو سوپاسی خودا دەکەم، ئەوەندەی کە خودا خۆی پێی خۆش بێ، وە بەقەد سەنگو کێشی تەختو بارەگای خودا، وە بەقەد ژمارەی وشەکانی خودا. (م/د/ت/ن).

٦٣١- عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَخَذَ بِيَدِهِ وَقَالَ: يَا مُعَاذُ! إِنِّي وَاللَّهِ لأُحِبُّكَ أُوصِيكَ يَا مُعَاذُ لاَ تَدَعَنَّ فِي دُبُرِ كُلِّ صَلاَةٍ تَقُولُ: اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنسائي[8].

موعاذی کوڕی جەبەل (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **دەستی گرتمو فەرمووی: ئەی موعاذ! بەخودا من زۆر تۆم خۆش دەوێ، ئەی**

---

(٧) مسلم: ٦٨٥١ ، ترمذي: ٣٥٥٥ ، نسائي: ١٣٥١.

(٨) بسند صحيح (شرحه).

موعاذ! کەواتە با ئامۆژگارییەکت بکەم: لەپاش هەموو نوێژێ ئەم وشانە بڵێ و هەرگیز تەرکیان مەکە بڵێ:

{اللّٰهُمَّ أَعِنِّي عَلَى ذِكْرِكَ وَشُكْرِكَ وَحُسْنِ عِبَادَتِكَ}.

خودایە! یاریدەم بدە لەسەر ذیکرو یادی خۆت وە لەسەر سوپاس و ستایشی خۆت وە لەسەر بەندەیی و عیبادەتی خۆت لەسەر شێوەیەکی شیرین و جوان (د/ن–س/ص).

٦٣٢– عَنْ عُقْبَةَ بْنِ عَامِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أَمَرَنِي رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنْ أَقْرَأَ بِالْمُعَوِّذَاتِ دُبُرَ كُلِّ صَلَاةٍ. رَوَاهُ أصحاب السنن والحاكم وصححّه(٩).

عوقبەی کوڕی عامیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمانی پێ کردم کە لەپاش هەموو نوێژێ سوورەتی {قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ} و سورەتی {قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ} بخوێنم (د/ت/ن/حاکم – حاکم بە صەحیحی داناوە).

٦٣٣– عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لِرَجُلٍ: كَيْفَ تَقُولُ فِي الصَّلَاةِ؟ قَالَ: أَتَشَهَّدُ وَأَقُولُ: اللّٰهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ النَّارِ أَمَا إِنِّي لاَ أُحْسِنُ دَنْدَنَتَكَ وَلاَ دَنْدَنَةَ مُعَاذٍ. فَقَالَ: النَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حَوْلَهَا نُدَنْدِنُ. وَفِي رِوَايَةٍ: إِنِّي وَمُعَاذٌ حَوْلَ هَاتَيْنِ نُدَنْدِنُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وابن ماجه(١٠).

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بە پیاوێکی فەرموو: لە نوێژدا چی دەڵێیت؟ گوتی: تەحیات دەخوێنم و دەڵێم:

{اللّٰهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ الْجَنَّةَ وَأَعُوذُ بِكَ مِنَ النَّارِ}

پەروەردگارا! داوای بەهەشت لێ دەکەم و پەنا دەگرم بەتۆ لە ئاگری دۆزەخ، بەڵام ئەم ورتە ورتەی کە تۆو موعاذ دەیکەن من نایزانم، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئێمەیش هەر بە دەوری بەهەشتا

---

(٩) صحيح عند الحاكم.

(١٠) لم يبين الشارح درجته (مترجم).

ورتە ورت دەکەین، لە گێڕانەوەیەکا: مـن و موعـاذیـش هـەر بـەدەوری ئـەم دوانەدا ئەم سرپەسرپە دەکەین! (د/ ئیبنو ماجە).

١٠٩) باسی حەوتەم: باسی کوڕنووشی هەڵە (سەجدەی سەهو) و کوڕنووشی قورئانخوێندن (سەجدەی تیلاوەت)، (ئەم باسە دوو بەشە):

بەشی یەکەم: باسی هۆی کوڕنووشی بەهەڵە داچوون

الباب السابع: في سجود السهو والتلاوة وفيه فصلان

الفصل الأول: في أسباب سجود السهو

٦٣٤- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا قَامَ يُصَلِّي جَاءَهُ الشَّيْطَانُ فَلَبَسَ عَلَيْهِ حَتَّى لاَ يَدْرِي كَمْ صَلَّى فَإِذَا وَجَدَ ذَلِكَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْجُدْ سَجْدَتَيْنِ وَهُوَ جَالِسٌ. رَوَاهُ الخمسة. وزاد ابو دَاوُدَ: قبل التسليم[1].

ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) فەرمووی: کاتێ یەکێ لە ئێوە کە هەڵ دەسێ و دەست دەکا بە نوێژ، شەیتان دێ بەلایەوەو بە رنگێکی وا سەری لێ دەشێوێنێ کە خۆشی نازانێ چەند رکات نوێژ دەکا، جا ئەگەر تووشی شتێ وابوون لەناو نوێژا بە دانیشتنەوە دوو کوڕنووش بەرن (ش/د/ت/ن) گێڕانەوەی ئەبو داوود ئەمەی پترە: بە دانیشتنەوە دوو کوڕنووش ببەن لە پێش سڵاودانەوەدا.

٦٣٥- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا شَكَّ أَحَدُكُمْ فِي صَلاَتِهِ فَلَمْ يَدْرِ كَمْ صَلَّى ثَلاَثًا أَمْ أَرْبَعًا فَلْيَطْرَحِ الشَّكَّ وَلْيَبْنِ عَلَى مَا اسْتَيْقَنَ ثُمَّ يَسْجُدُ سَجْدَتَيْنِ قَبْلَ أَنْ يُسَلِّمَ، فَإِنْ كَانَ صَلَّى خَمْسًا شَفَعْنَ لَهُ صَلاَتَهُ وَإِنْ كَانَ صَلَّى إِتْمَامًا لأَرْبَعٍ كَانَتَا تَرْغِيمًا لِلشَّيْطَانِ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأَبُو دَاوُدَ وَأَحْمَد[2].

ئەبو سەعیدی خودری (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەگەر کەسێکتان لە نوێژدا گومانی بۆ پەیدا بوو، وە نەی دەزانی

(١) بخاري: ١٢٣٢. مسلم: ١٢٦٥. أبو داود: ١٠٣٠. نسائي: ١٢٥١.

(٢) مسلم: ١٢٧٢. أبو داود: ١٠٢٤ ، ١٠٢٦ ، ١٠٢٧. نسائي: ١٢٣٢.

كە چەن ركات نوێژی كردووە، وەك ئەوە نەیدەزانی كە سێ ركاتی كردووە یا چوار، ئەوە با گومانەكەی تووڕبدا، چەندەی لە لایەقین و بێگومانە با لەسەر ئەوەوە نوێژەكەی تەواو بكا، لەپاشا لەپێش سەلام دانەوەوە دوو كوڕنووشی هەڵـە ببـات، جـا ئەگـەر لـە راسـتیدا پێـنج ركـاتی كردبـوو ئـەوا ئـەو دوو كوڕنووشە نوێژەكەی دەكەنـەوە بە جووت، ئەگەر چواری تەوایشی كردبوو ئـەوا ئـەو دوو كوڕنووشـە دەبـن بـەهۆی نوشوستی و سـەر شۆڕی بۆ شـەیتان (م/د/ئەحمەد).

٦٣٦- عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا سَهَا أَحَدُكُمْ فِي صَلاَتِهِ فَلَمْ يَدْرِ وَاحِدَةً صَلَّى أَوْ ثِنْتَيْنِ فَلْيَبْنِ عَلَى وَاحِدَةٍ فَإِنْ لَمْ يَدْرِ ثِنْتَيْنِ صَلَّى أَوْ ثَلاَثًا فَلْيَبْنِ عَلَى ثِنْتَيْنِ فَإِنْ لَمْ يَدْرِ ثَلاَثًا صَلَّى أَوْ أَرْبَعًا فَلْيَبْنِ عَلَى ثَلاَثٍ وَلْيَسْجُدْ سَجْدَتَيْنِ قَبْلَ أَنْ يُسَلِّمَ. رَوَاهُ أَحمَد والترمذي وصحَّحه[٣].

عەبدولڕەحمانی كوڕی عـەوف (خوای لێ رازی بێ) گـوتی: پێغەمبـەر (درووودی خوای لەسەربێ) فـەرمووی: ئەگـەر كەسێكتان لـە نوێـژدا بـە هەڵـەدا چوو، وەنـەی دەزانی كە یەك ركاتی كردووە یا دوو، با لەسەر یەك ركاتەوە تەواوی بكا، ئەگـەر نـەی دەزانـی كـە دوو ركـاتی كـردووە یـا سـێ بـا لەسـەر دوو ركاتـەوە تەواوی بكا، ئەگەر نەیدەزانی كە سێ ركاتی كردووە یا چوار با لەسەر سێ ركاتەكـەوە ركـاتێكی تـر بكـا، وە لـە هـەموو ئـەم حاڵانەشـدا لـە پـێش سلاودانەوەدا دوو كوڕنووش ببا (ئەحمەد/ت:ص).

٦٣٧- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ ابْنِ بُحَيْنَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: إِنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَامَ مِنْ اثْنَتَيْنِ مِنَ الظُّهْرِ لَمْ يَجْلِسُ بَيْنَهُمَا فَلَمَا قَضَى صَلاَتَهُ سَجَدَ سَجْدَتَيْنِ ثُمَّ سَلَّمَ بَعْدَ ذَلِكَ وَسَجَدَهُمَا النَّاسُ مَعَهُ مَكَانَ مَا نَسِيَ مِنَ الْجُلُوسِ. رَوَاهُ الخمسة[٤].

عەبدوڵڵای كوڕی بوحەینە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ پێغەمبـەر (درووودی خوای لەسەربێ) لە ركاتی دووەمی نوێژی نیوەڕۆدا یەكسەر هەڵسایەوەو تەحیاتی

---

(٣) صحيح عنه الترمذي.

(٤) بخاري: ٨٢٩ ، ٨٣٠ ، ١٢٢٤ ، ١٢٢٥ ، ١٢٣٠ ، ٦٦٧٠. أبو داود : ١٠٣٤ ، ١٠٣٥. ترمذي: ٣٩١. نسائي: ١١٧٦ ، ١١٧٧.

یەکەمی نەخوێند، لە پاشا کە نوێژەکەی تەواو کرد دوو کوڕنووشی برد لە جیاتی ئەو تەحیاتەی کە لە یادی چوو بوو، ئینجا لەپاش ئەوە سلاوی دایەوە، وە خەڵکەکەش لەگەڵ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ئەم دوو کوڕنووشەیان برد (ش/د/ت/ن).

٦٣٨- عَنِ الْمُغِيرَةِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا قَامَ الإِمَامُ فِي الرَّكْعَتَيْنِ فَإِنْ ذَكَرَ قَبْلَ أَنْ يَسْتَوِيَ قَائِمًا فَلْيَجْلِسْ فَإِن اسْتَوَى قَائِمًا فَلاَ يَجْلِسْ وَيَسْجُدُ سَجْدَتَيِ السَّهْوِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَأَحْمَد والبيهقي[٥].

موغیرە (خوای لێ ڕازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەگەر پێشنوێژ (ئیمام) لە ركاتی دووەما یەکسەر هەڵسایەوەو لە یادی نەبوو کە تەحیات بخوێنێ ئەوە ئەگەر پێش ئەوەی کە ڕێك ڕاوەستێ یادی کەوتەوە کە تەحیاتی نەخوێندووە بارێك دابنیشێتەوەو تەحیات بخوێنێ بەڵام ئەگەر ڕاست ڕاوەستا ئەوساکە یادی کەوتەوە کە تەحیاتی نەخوێندووە ئەوە بادانەنیشێتەوە، بەڵکوو لە پێش سەلام دانەوەدا لە جیاتی ئەو هەڵەیە دوو کوڕنووشی بەهەڵەدا چوون ببات (د/ئەمحەد/بەیهەقی).

٦٣٩- عَنْ زِيَادِ بْنِ عِلاَقَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّى بِنَا الْمُغِيرَةُ فَلَمَّا صَلَّى رَكْعَتَيْنِ قَامَ وَلَمْ يَجْلِسْ فَسَبَّحَ بِهِ مَنْ خَلْفَهُ فَأَشَارَ إِلَيْهِمْ أَنْ قُومُوا فَلَمَّا فَرَغَ مِنْ صَلاَتِهِ سَلَّمَ وَسَجَدَ سَجْدَتَيِ السَّهْوِ وَقَالَ: هَكَذَا صَنَعَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). رَوَاهُ الترمذي وَأَبُو دَاوُدَ[٦].

زیادی کوڕی عیلاقە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: موغیرە (خوای لێ ڕازی بێ) نوێژی بۆ دەکردین، کە دوو ركاتی کرد یەکسەر هەڵساو دانەنیشت بۆ تەحیاتی یەکەم جا ئەوانەی کە لەپێشەوە بوون دەستیان کرد بە سوبحانەڵلا کردن بۆی هەتا ئاگادار ببێتەوەو دابنیشێتەوە بۆ خوێندنی تەحیات بەڵام موغیرە ئیشارەتی بۆ کردن: کە هەڵسن، جا کە نوێژەکەی تەواوکرد سلاوی دایەوەو

(٥) سكت عنه الشارح.

(٦) بسند صالح (شرحه).

دوو كوڕنووشی بە هەڵەدا چوونی برد، وە گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) ئاوەهای كرد (ت/د-سند صالح).

٦٤٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّى لَنَا رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) صَلاَةَ الْعَصْرِ فَسَلَمَ فِي رَكْعَتَيْنِ فَقَامَ ذُو الْيَدَيْنِ فَقَالَ: أَقَصُرَتِ الصَّلاَةُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَمْ نَسِيتَ؟ فَقَالَ: رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): كُلُّ ذَلِكَ لَمْ يَكُنْ. فَقَالَ: قَدْ كَانَ بَعْضُ ذَلِكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ. فَأَقْبَلَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى النَّاسِ فَقَالَ: أَصَدَقَ ذُو الْيَدَيْنِ؟ فَقَالُوا: نَعَمْ يَا رَسُولَ اللهِ، فَأَتَمَّ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَا بَقِيَ مِنَ الصَّلاَةِ ثُمَّ سَجَدَ سَجْدَتَيْنِ وَهُوَ جَالِسٌ بَعْدَ التَّسْلِيمِ. رَوَاهُ الخمسة(٧).

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بەر نوێژیی نوێژی عەصری بۆ دەكردین، دوو ركاتی كردو سلاوی دایەوە، (ذو اليدين)یش هەڵسا گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئایا نوێژ كورت كراوەتەوە یا تۆ لەیادت نەبوو؟ پێغەمبەریش گوتی: با، ئەی پێغەمبەری خودا! یەكێ لەم دوو شتە ڕووی دا، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) ڕووی كردە خەڵكەكەو فەرمووی: ئایا شتی وا ڕووی داوە ذولیەدین ڕاست دەكا؟ گوتیان: بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا! ئینجا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دوو ركاتی تری كردو بە دانیشتنەوە (لە پاش سلاو دانەوە) دوو كوڕنووشی هەڵەی برد (ش/د/ت/ن).

٦٤١- عَنْ عِمْرَانَ بْنِ الْحُصَيْنِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سَلَّمَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي ثَلاَثِ رَكَعَاتٍ مِنَ الْعَصْرِ ثُمَّ قَامَ فَدَخَلَ الْحُجْرَةَ فَقَامَ رَجُلٌ بَسِيطُ الْيَدَيْنِ فَقَالَ: أَقُصِرَتِ الصَّلاَةُ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ فَخَرَجَ مُغْضَبًا فَصَلَّى الرَّكْعَةَ الَّتِي كَانَ تَرَكَ ثُمَّ سَلَّمَ ثُمَّ سَجَدَ سَجْدَتَي السَّهْوِ ثُمَّ سَلَّمَ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَأَبُو دَاوُدَ وَأَحْمَد(٨).

---

(٧) مسلم. سهو الصلاة: ١٢٨١ — ١٢٩٠. بخاري: ٤٠٤. أبو داود. صلاة: ١٠١٩. ترمذي سجدة السهو: ٣٩٢. نسائي. سهو الصلاة: ١٢٥٣.

(٨) مسلم: ١٢٩٣ ، ١٢٩٤. أبو داود: ١٠١٨. نسائي: ١٢٣٦ ، ١٣٣٠.

عیمرانی کوڕی حوصەین (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژی عەصری دەکرد، سێ ڕکاتی کردو سلاوی دایەوە، ئینجا هەڵساو چووە ناو هۆدەکەوە، جا پیاوێکی دەست شۆڕ هەڵسا گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئایا نوێژ کورت کراوەتەوە؟ پێغەمبەریش فەرمووی: خەیر! ئەم دوو شتە هیچیان ڕووی نەداوە، ئەویش (دروودی خوای لەسەربێ) بە تووڕەیی هاتە دەرەوەو ئەو ڕکاتەی کە پەڕاندبووی کردیەوە، ئینجا سلاوی دایەوە، لەپاشا دوو کوڕنووشی بەهەڵەدا چوونی برد، لەپاشا دیسانەوە سلاوێکی تری دایەوە (م/د/احمد).

٦٤٢- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) صَلَّى الظُّهْرَ خَمْسًا فَقِيلَ لَهُ: أَزِيدَ فِي الصَّلاَةِ؟ فَقَالَ: وَمَا ذَاكَ قَالَ: صَلَّيْتَ خَمْسًا. فَسَجَدَ سَجْدَتَيْنِ بَعْدَ مَا سَلَّمَ. وفي رواية: إِنَّمَا أَنَا بَشَرٌ مِثْلُكُمْ أَذْكُرُ كَمَا تَذْكُرُونَ وَأَنْسَى كَمَا تَنْسَوْنَ. ثُمَّ سَجَدَ سَجْدَتَي السَّهْوِ. رَوَاهُ الخمسة[٩].

عەبدوڵلا (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژی نیوەڕۆی دەکرد، پێنج ڕکاتی کرد، یاران عەرزیان کرد: ئایا نوێژ لێی زیاد کراوە؟ پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بۆچی، چی بووە؟ گوتیان: پێنج ڕکاتت کرد، ئەویش لەپاش سلاو دانەوە دوو کوڕنووشی تری بردلە گێڕانەوەیەکا: فەرمووی: منیش ئادەمیزادێکم وەکوو ئێوە، چۆن ئێوە شتتان لەبیر دەبێ و شتیشتان لەبیر دەچێ منیش هەروەها ئنجا دوو کوڕنووشی هەڵەی برد (ش/د/ت/ن).

٦٤٣- وَعَنْهُ قَالَ: صَلَّيْنَا مَعَ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَإِمَّا زَادَ أَوْ نَقَصَ، قَالَ: إِبْرَاهِيمُ: وَايْمُ اللّٰهِ مَا جَاءَ ذَاكَ إِلاَّ مِنْ قِبَلِي، قَالَ: فَقُلْنَا يَا رَسُولَ اللّٰهِ أَحَدَثَ فِي الصَّلاَةِ شَيْءٌ؟ فَقَالَ: لاَ. فَقُلْنَا لَهُ الَّذِي صَنَعَ فَقَالَ: إِذَا زَادَ الرَّجُلُ أَوْ نَقَصَ فَلْيَسْجُدْ سَجْدَتَيْنِ قَالَ: ثُمَّ سَجَدَ سَجْدَتَيْنِ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَأَبُو دَاوُدَ[١٠].

---

(٩) بخاري: ٤٠١، ٤٠٤، ١٢٢٦ ، ٦٦٧١ ، ٧٢٤٩. مسلم: ١٢٨١. أبو داود: ١٠١٩. ترمذي: ٣٩٢. نسائي: ١٢٥٣.

(١٠) مسلم: ١٢٨٧. ترمذي: ٣٥٣. نسائي: ١٣٢٨.

(ئیبراهیم گوتی: عالقەمە گوتی:) عەبدوڵڵا (خوای لێ ڕازی بێ - ڕەزای خودایان لێبێ) گوتی: جارێ حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) بەرنوێژی بۆ دەکردین جا یا لێی زیاکرد، یا لێی کەم کرد، ئیبراهیم گوتی: سوێند بە خودا ئەم لێتێکچوونە لە منەوەیە لە عەلقەمەو عەبدوڵڵاوە نیە. عەبدوڵڵا گوتی: جا گوتمان ئەی پێغەمبەری خودا! ئایا هیچ گۆڕانێ لە نوێژدا ڕووی داوە؟ فەرمووی: نەء ئەگەر شتێ ڕووی بدایە پێم دەگوتن جا ئێمەش چی کردبوو پێمان گوت، فەرمووی: ئەگەر کەسێ لە نوێژی زیاد کرد یا لێی کەم کردەوە با دوو کوڕنووش ببا، گوتی: ئینجا حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دوو کوڕنووشی هەڵەی برد (م/د).

٦٤٤- عَنْ عِمْرَانَ بْنِ الْحُصَيْنِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) صَلَّى بِهِمْ فَسَهَا فَسَجَدَ سَجْدَتَيِ السَّهْوِ ثُمَّ تَشَهَّدَ ثُمَّ سَلَّمَ. رَوَاهُ أصحاب السُّنن والحاكم وصحَّحه[11].

عیمرانی کوڕی حوصەین (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بەرنوێژیی بۆ دەکردین بە هەڵەدا چوو، جا دوو کوڕنووشی بەهەڵە داچوونی برد، ئینجا تەحیاتی خوێند، لە پاشا سڵاوی دایەوە (د/ت/ن-حاکم:ص).

١١٠) بەشی دووەم: باسی کوڕنووشی قورئانخوێندن (واتە: سەجدەی تیلاوەت): (الفصل الثاني: في سجدة التلاوة)

قَالَ اللهُ تَعَالَى: {إِنَّمَا يُؤْمِنُ بِآيَاتِنَا الَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا بِهَا خَرُّوا سُجَّدًا وَسَبَّحُوا بِحَمْدِ رَبِّهِمْ وَهُمْ لَا يَسْتَكْبِرُونَ -٣٢/١٥}.

واتە: بەڕاستی هەر ئەو کەسانە بەباشی باوەڕ دەکەن بە ئایەتەکانو نیشانەکانی ئێمە کە هەرکاتێ ئامۆژگاری بکرێن بە خوێندنەوەی ئەو ئایاتانە لەپەو ڕوو کوڕنووش دەبەن بۆ خواو دەکەون بەسەر تەویڵو ناوەوچاندا، وە

(١١) صحيح عند الحاكم.

بەپاكی یادی خوداو پەروەردگاری خۆیان دەكەن‌و بە دووری دەگرن لە هەموو عەیب‌و نەنگیێ، وە سوپاس‌و ستایشی بە دڵ‌و بەدەم دەكەن، لەگەڵ ئەوەشا كەم‌و زۆر خۆیان بەزل نازانن‌و لە فەرمانبەریی خودا بەهیچ جۆر لاملی ناكەن!

٦٤٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا قَرَأَ ابْنُ آدَمَ السَّجْدَةَ فَسَجَدَ اعْتَزَلَ الشَّيْطَانُ يَبْكِي يَقُولُ: يَا وَيْلَهُ. وَفِي رِوَايَةٍ: يَا وَيْلِي أُمِرَ ابْنُ آدَمَ بِالسُّجُودِ فَسَجَدَ فَلَهُ الْجَنَّةُ وَأُمِرْتُ بِالسُّجُودِ فَأَبَيْتُ فَلِيَ النَّارُ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ[١].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: كاتێ ئادەمیزاد كە ئایەتی سەجدە دەخوێنێ‌و سەجدەی تیلاوەت دەبا بۆ خودا، شەیتان لە تاوانا كلا دەبێ‌و كەنار دەگری‌و دەڵێ: ئەی هاوار لە خۆی، لە گێڕانەوەیەكا: دەڵێ: ئەی هاوار لەخۆم! فەرمان كرا بە ئادەمیزاد كوڕنووش ببا‌و كە كوڕنووشی بردو بەهەشتی بۆ بوو، وە فەرمان كرا بە من كە كوڕنووش ببەم، بەڵام من كوڕنووشم نەبردو ئاگری دۆزەخم بۆ مایەوە (م).

٦٤٦- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْرَأُ السُّورَةَ الَّتِي فِيهَا السَّجْدَةِ فَيَسْجُدُ وَنَسْجُدُ مَعَهُ حَتَّى مَا يَجِدُ أَحَدُنَا مَكَانًا لِنَوْضِعِ جَبْهَتِهِ. رَوَاهُ الثلاثة[٢].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: جاران كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) ئەو سوورەتانەی دەخوێند كە ئایەتی كوڕنووش (ئایەتی سەجدە)یان تیایە، بۆ خۆی كوڕنووشی تیلاوەتی دەبردو ئێمەش لەگەڵیا ئەو كوڕنووشەمان دەبرد، جا لە بەرزۆری عەشاماتەكە هەندێكمان جێگەی دەست نەدەكەوت هەتا لە كاتی كوڕنووشەكەدا تەوێڵی لەسەر دانێ (ش/د).

---

(١) مسلم. إيمان: ٢٤٠.

(٢) بخاري. سجود القرآن: ١٠٧٥ ، ١٠٧٩. مسلم. مساجد: ١٢٩٥ ، ١٢٩٦. أبو داود. صلاة: ١٤١٢.

٦٤٧- وَكَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْرَأُ عَلَيْنَا الْقُرْآنَ فَإِذَا مَرَّ بِالسَّجْدَةِ كَبَّرَ وَسَجَدَ وَسَجَدْنَا مَعَهُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَالحَاكِم[٣].

گوتی: یاسای پێغەمبەر وابوو (دروودی خوای لەسەربێ) کە قورئانی پێ دەخوێندین، کاتێ دەگەیشتە سەر ئایەتی کڕنووش، ئەڵلاهو ئەکبەری دەکردو کڕنووشی دەبرد، ئێمەش لەگەڵیا ئەو کڕنووشەیەمان دەبرد! (د/حاکم).

٦٤٨- عَنْ عُقْبَةَ بْنَ عَامِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قُلْتُ لِرَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَا رَسُولَ اللّٰهِ فِي سُورَةِ الْحَجِّ سَجْدَتَانِ؟ قَالَ: نَعَمْ. وَمَنْ لَمْ يَسْجُدْهُمَا فَلاَ يَقْرَأْهُمَا. رَوَاهُ أبو داود والترمذي والحاكم وصححه[٤].

عوقبەی کوڕی عامیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: بە پێغەمبەرم گوت (دروودی خوای لەسەربێ) ئەی پێغەمبەری خودا! سوورەتی حەج دوو ئایەتی سەجدەی تیایە؟ فەرمووی: بەڵێ: وە ئەوەی لەکاتی خوێندنی ئەو دوو ئایەتەدا کڕنووش، نەبا با نەشیان خوێنێ (د/ت-حاکم:ص).

٦٤٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ ألنَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْرَأَ فِي الْجُمُعَةِ فِي صَلاَةِ الْفَجْرِ أَلَم تَنْزِيلُ السَّجْدَةُ وَهَلْ أَتَى عَلَى الإِنْسَانِ حِينٌ. رَوَاهُ الشيخان والترمذي[٥].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: گەلێ جار پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نوێژی بەیانیی رۆژی هەینیدا ئەم دوو سوورەتەی دەخوێند: لە رکاتی یەکەما سوورەتی سەجدەی دەخوێند، وە لە رکاتی دووەما سوورەتی {هَلْ أَتَى عَلَى الْإِنسَانِ حِينٌ مِّنَ الدَّهْرِ}ی دەخوێند (ش/ت).

---

(٣) كست عن درجته الشارح (مترجم).

(٤) صحيح عند الحاكم.

(٥) بخاري: جمعه: ٨٩١ ، ١٠٦٨. مسلم: جمعه: ٢٠٢٨ ، ٢٠٣٢. أبو داود: جمعة: ١٠٧٤ ، ١٠٧٥. ترمذي. صلاة: ٥٢٠. نسائي: صبح يوم الجمعة: ٩٥٥.

٦٥٠- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُماَ) قَالَ: (ص) لَيْسَ مِنْ عَزَائِمِ السُّجُودِ وَقَدْ رَأَيْتُ النّبِيَّ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) يَسْجُدُ فِيهَا. رَوَاهُ البخاري والترمذي وأبو دَاوُدَ[٦].

ئیبنو عەبباس (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: ئایەتەکەی سوورەتی (ص) لە ئایەتە دامەزراوەکانی سەجدەی تیلاوەت نیە، لەگەڵ ئەمەشا من بە چاوی خۆم دیومە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کوڕنووشی تیا دەبردو دەیفەرموو: ئەمە بۆ داوود سەجدەی تەوبە بوو، بەلاّم بۆ ئێمە سەجدەی شوکرە، واتە: کوڕنووشی سوپاس، ئایەتەکەش ئەمەیە:

{وَظَنَّ دَاوُدَ انّما فَتَنَّاهُ فَاسْتَغْفَرَ رَبَّهُ وَخَرَّ راَكِعاً وَأَنَابَ – ٣٨/٢٤}.

واتە: جا داوود حاڵی بوو کە ئێمە ئەومان بەم رووداوە گرفتار کردووە تا تاقی بکەینەوە، ئیتر بۆیە ئەویش دەس بەجێ دەستی کرد بە پاڕانەوە لە خودای خۆیو کەوت بەرووداو سەجدەی تەوبەی بردو گەڕایەوە بۆلای خودای گەورە (ب/ت/د).

٦٥١- وَقَرَأَ رَسُولُ اللهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) وَهُوَ عَلىَ الْمِنْبَرِ (ص) فَلَّماَ بَلَغَ السّجْدَةَ نَزَلَ فَسَجَدَ وَسَجَدَ النَّاسُ مَعَهُ. فَلَماَ كَانَ يَوْمٌ آخرُ قَرَأَهَا فَلَمَّا بَلَغَ السَّجْدَةَ تَشَزَّنَ النَّاسُ لِلسُّجُودِ فَقَالَ: رَسُولُ اللهِ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ): إنَّمَا هِيَ تَوْبَةُ نَبِيّ وَلَكِنِّي رَأَيْتُكُمْ تَشَزَّنْتُم (تَأَهَّبْتُمْ – شرحه) لِلسُّجُودِ، فَنَزَلَ فَسَجَدَ وَسَجَدُوا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٧].

رۆژێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەسەر دوانگە، (مینبەر) سوورەتی صادی خوێند، کە گەیشتە ئایەتەکەی کوڕنووش لە دوانگەکە دابەزیو کوڕنووشی برد، وە خەڵکەکەش لە گەڵیا کوڕنووشیان برد، رۆژێکی تریش ئەم سوورەتەی دەخوێند کە گەیشتەوە سەر ئایەتەکەی کوڕنووش خەڵکەکە گوێ قوڵاخ بوونەوەو خۆیان ئامادەکرد بۆ کوڕنووش بردن، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەم سەجدەیە سەجدەی تەوبەی داوود پێغەمبەرەو بەس، بەلاّم وا دەبینم کەوا ئێوە خۆتان ئامادەکردووە بۆ

---

(٦) بخاري. سجود القرآن: ١٠٦٩ ، ٣٤٢٢.

(٧) سكت عنه الشارح (مترجم).

کوڕنووش بردن لەبەر ئەوە قەیناکا با ئەم جارەش کوڕنووش ببەین، ئەگینا لەم ئایەتەدا مەرج نیە کە کوڕنووش ببەین، ئینجا حەزرەت لە مینبەرەکە دابەزیو کوڕنووشی بردو خەڵکەکەش کوڕنووشیان برد (د).

٦٥٢- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: قَرَأَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) النَّجْمَ بِمَكَّةَ فَسَجَدَ فِيهَا، وَسَجَدَ مَنْ مَعَهُ، غَيْرَ شَيْخٍ أَخَذَ كَفًّا مِنْ حَصًى أَوْ تُرَابٍ فَرَفَعَهُ إِلَى جَبْهَتِهِ وَقَالَ: يَكْفِينِي هَذَا. فَرَأَيْتُهُ بَعْدَ ذَلِكَ قُتِلَ كَافِرًا. رَوَاهُ الخمسة[٨].

عەبدوڵلا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە مەککە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) سوورەتی نەجمی خوێندو کوڕنووشی تیابرد، ئەوانەیش کە لەوێ بوون لەگەڵیا کوڕنووشیان برد، تەنیا پیرەمێردێ نەبێ کە گوێلێ چەو یا لاگوێلێ خۆڵی هەڵگرتو بەرزی کردەوە بۆ تەویڵیو گوتی: ئەمەم بەسە، لەوەدوا ئەم پیرەمێردەم دی بە کافری کوژرا (ش/د/ت/ن).

٦٥٣- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ أللهُ عَنْهُمَا) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سَجَدَ بِالنَّجْمِ وَسَجَدَ مَعَهُ الْمُسْلِمُونَ وَالْمُشْرِكُونَ وَالْجِنُّ وَالإِنْسُ. رَوَاهُ البخاري واترمذي[٩].

ئیبنو عەبباس (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە دوای ئایەتەکەی کوڕنووشی سوورەتی نەجمەوە کوڕنووشی برد، موسوڵمانەکانو هاوبەشپەیدا کارەکانو جنۆکەو ئادەمیزاد، ئەوەی لەوێ بوو، هەموو کوڕنووشیان برد لەگەڵیا، تەنانەت قاو دا کەوت کە خەڵکی سەرجەم موسوڵمان بوون! (ب/ت).

٦٥٤- عَنْ أَبِي رَافِعٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ أَبِي هُرَيْرَةَ الْعَتَمَةَ فَقَرَأَ (إِذَا السَّمَاءُ انْشَقَّتْ) فَسَجَدَ فَقُلْتُ: مَا هَذِهِ قَالَ: سَجَدْتُ بِهَا خَلْفَ أَبِي الْقَاسِمِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَلاَ أَزَالُ أَسْجُدُ بِهَا حَتَّى أَلْقَاهُ. رَوَاهُ الخمسة إلاّ الترمذي[١٠].

---

(٨) بخاري: سجود القرآن: ١٠٦٧ ، ١٠٧٠ ، ٣٨٥٣ ، ٣٩٧٢ ، ٤٨٦٣. مسلم. سجود التلاوه: ١٢٩٧. أبو داود. صلاة: ١٤٠٦. نسائي. سجود القرآن: ٩٥٨.

(٩) بخاري. سجود القرآن: ١٠٧١ ، ٤٨٦٢.

ئـەبو رافیـع (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: ئـەبو هـورەیرە بەرنوێـژیی نوێـژی خەوتنانی بۆ کردین، سوورەتی: {إِذَا السَّمَاء انـشَقَّتْ}ی خوێند کە گەیشتە ئابەتی: {وَإِذَا قُرِئَ عَلَيْهِمُ الْقُرْآنُ لَا يَسْجُدُونَ*} کوڕنووشی برد، کە لە نوێژ بووینەوە گوتم: ئەم کوڕنووشە چی بوو؟ گوتی: لە پشتی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) نوێژم کردووەو لە دوای ئەم ئایەتەوە لەناو ئەو نوێژەدا لەگەڵ حەزرەتدا سەجدەی تیلاوەتم بردووە، لەبەر ئەوە هەتا دەگەمەوە بە خزمەتی لەو دنیا لەم شوێنەدا ئەم کوڕنووشە هەر دەبەمو هەرگیز تەرکی ناکەم (ش/د/ن).

٦٥٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سَجَدْنَا مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي إِذَا السَّمَاءُ انْشَقَّتْ وَاقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ. رَوَاهُ الخمسة إلاّ البخاري[11].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە سوورەتی {إِذَا السَّمَاء انشَقَّتْ}دا لە کاتی خوێندنی: {وَإِذَا قُرِئَ عَلَيْهِمُ الْقُرْآنُ لَا يَسْجُدُونَ*}دا وە، لە ئاخری سوورەتی {اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ}ەدا، لەگەڵ پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) کوڕنووشی تیلاوەتمان دەبرد (م/د/ت/ن).

٦٥٦- عَنْ عَمْرِو بْنِ الْعَاصِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَقْرَأَهُ خَمْسَ عَشْرَةَ سَجْدَةً فِي الْقُرْآنِ مِنْهَا ثَلاَثٌ فِي الْمُفَصَّلِ وَفِي سُورَةِ الْحَجِّ سَجْدَتَانِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَابْنَ ماجه[12].

عەمری کوڕی عاص (خودای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) لە قورئاندا پازدە کوڕنووشی قورئان خوێندنی پێ خوێندم، سێیان لەم سێ سوورەتەدان: یەکێ لە سوورەتی نەجمو یەکێ لە سوورەتی تینشیقاقو

---

(١٠) بخاري. أذان: ٧٦٦ ، ٧٦٨ ، ١٠٧٤ ، ١٠٧٨. مسلم. مساجد: ١٣٠٤ — ١٣٠٦. أبو داود. سجود التلاوة: ١٤٠٨. نسائي. سجود فی الفريضة: ٩٦٧.

(١١) مسلم. مساجد: ١٣٠١ — ١٣٠٣. أبو داود. سجود فی)إذا السما انشقت): ١٤٠٧. ترمذي. سجدات التلاوات: ٥٧٣. نسائي. إفتتاح: ٩٦٦.

(١٢) بسند صالح (شرحه).

یەکێ لە سوورەتی (إقرأ باسم ربك)ەدایە، وە لە سوورەتی حەجیشدا دوو سەجدەی تیادایە (د/ئینو ماجە-سند صالح).

٦٥٧- عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سَجَدْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِحْدَى عَشْرَةَ سَجْدَةً مِنْهَا الَّتِي فِي النَّجْمِ. رَوَاهُ الترمذي وأبو دَاوُدَ[١٣].

ئەبو دەرداء (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لەگەڵ پێغەمبەر خۆیدا (دروودی خوای لەسەربێ) لە یازدە شوێن لە قورئاندا یازدە کڕنووشی تیلاوەتم بردووە، یەکێکیان کڕنووشەکەی سوورەتی نەجم بوو (ت/د).

١١١) حوکمی کڕنووشی قورئانخوێندن: (حكم سجدة التلاوة)

٦٥٨- عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: قَرَأْتُ عَلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) والنَّجْمِ فَلَمْ يَسْجُدْ فِيهَا. رَوَاهُ الخمسة[١].

زەیدی کوڕی ثابت (خوای لێ رازی بێ) گوتی: سورەتی {وَالنَّجْمِ}م دەورکردەوە بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کڕنووشی تیا نەبرد (ش/د/ت/ن).

٦٥٩- عَنْ رَبِيعَةَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَرَأَ عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَلَى الْمِنْبَرِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ بِسُورَةِ النَّحْلِ فَلَمَّا جَاءَ السَّجْدَةَ نَزَلَ فَسَجَدَ وَسَجَدَ النَّاسُ، حَتَّى إِذَا كَانَتِ الْجُمُعَةُ الْقَابِلَةُ قَرَأَ بِهَا فَلَمَّا جَاءَ السَّجْدَةَ قَالَ: يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا نَمُرُّ بِالسُّجُودِ فَمَنْ سَجَدَ فَقَدْ أَصَابَ، وَمَنْ لَمْ يَسْجُدْ فَلاَ إِثْمَ عَلَيْهِ. وَلَمْ يَسْجُدْ عُمَرُ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ)[٢].

رەبیعەی کوڕی عەبدوڵڵا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: رۆژێکی هەینی لەسەر دوانگە (مینبەر) عومەری کوڕی خەططاب سوورەتی نەحلی خوێندەوە، کە گەیشتە ئایەتەکەی کڕنووش لە مینبەرەکە دابەزیو کڕنووشی تیلاوەتی

(١٣) سكت عنه الشارح (مترجم)

(١) بخاري. سجود القرآن: ١٠٧٢ ، ١٠٧٣. مسلم. مساجد: ١٢٩٨. أبو داود. سجود: ١٤٠٤. ترمذي. سجود التلاوة: ٥٧٦. نسائي. سجود التلاوة: ٩٥٩.

(٢) بخاري. سجود القرآن: ١٠٧٧.

بردو خەڵكەكەش كوڕنووشیان برد، وە لە هەینی ئاییندەدا دیسانەوە ئەم سوورەتەی خوێندەوە، بەڵام كاتێ كە گەیشتە سەر ئایەتەكەی سەجدە گوتی: ئەی خەڵكینە! ئەوا دەگەینە سەر ئایەتی كوڕنووش جا ئەوی كوڕنووش دەبا ئەوە دەق بەپێی سوننەت و رەووشتی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) رەفتار دەكا، وە ئەوەشی كوڕنووش نەبا ئەوە تاوانی لەسەر نیەو گوناهی ناگا چونكە كوڕنووشی تیلاوەت بەرای من سوننەتەو واجب نیە وە عومەر خۆی كوڕنووشی نەبرد (ب).

٦٦٠- وَقَالَ: ابْنُ عَمَرَ (رَضيَ اللهُ عَنهُماَ) إِنَّ اللَّهَ لَمْ يَفْرِضِ عَلَيْنَا السُّجُودَ إِلاَّ أَنْ نَشَاءَ رَوَاهُما البخاري[٣].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: خودا كە سەجدەی تیلاوەتی داناوە بۆمان فەرزی نەكردووە لەسەرمان، بە ئارەزووی خۆمانە دەتوانین لەپاش ئایەتی سەجدە، سەجدە بەین، دەتوانین سەجدە نەبەین (ب).

٦٦١- عَنْ عَائِشَةَ (رَضيَ اللهُ عَنهَا) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّـهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ فِي سُجُودِ الْقُرْآن بِاللَّيْلِ يَقُولُ فِي السَّجْدَةِ مِرَارًا: سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِى خَلَقَهُ وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ بِحَوْلِهِ وَقُوَّتِهِ. رَوَاهُ أصحاب السنن[٤].

عائیشە (رەزای خودای لێبێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) بەشەو لە كوڕنووشی خوێندنی قورئان (سەجدەی تیلاوەت)دا چەند جار لە سەریەك دەیفەرموو:

{سَجَدَ وَجْهِي لِلَّذِى خَلَقَهُ وَشَقَّ سَمْعَهُ وَبَصَرَهُ بِحَوْلِهِ وَقُوَّتِهِ}.

رووی خۆم دەنێمە سەر خاك و كوڕنووشی بەندەیی دەبەم بۆ ئەو خودایەی كە تەنیا بە هێزو تەوانایی خۆی ئەم دەم و چاوەی منی دروست كردووەو شەقڵ و كلێشەی گوێچكەو دیدەی پێوە ناوە! (د/ت/ن-س/ص).

(٣) بخاري. سجود القرآن: ١٠٧٧.

(٤) بسند صحيح (شرحه).

١١٢) کوڕنووشی سوپاس (سەجدەی شوکر): (سجدة الشكر)

٦٦٢- عَنْ أَبِي بَكْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنَّهُ كَانَ إِذَا جَاءَهُ أَمْرُ سُرُورٍ أَوْ بُشِّرَ بِهِ خَرَّ سَاجِدًا شُكْرًا لِلَّهِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي. وَلَفْظُهُ أَتَى النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَمْرٌ فَسُرَّ بِهِ فَخَرَّ لِلهِ سَاجِداً[1].

ئەبو بەکرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: دەستووری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وابوو کە باسێکی خۆشی بۆ دەهات یا مژدەیەکی خۆشیان دەدایە، دەکەوت بەرووداو لەپەو ڕوو سەجدەیەکی شووکری دەبرد بۆ خودا (د/ت-س/ح) گفتەی (ت) ئاوایە: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەنگو باسێکی خۆشی بۆهات، گەلێکی پی خۆش بوو، ئیتر بەڕوودا کەوتو سەجدەیەکی بۆخودا برد.

٦٦٣- عَنْ عَامِرِ بْنِ سَعْدٍ عَنْ أَبِيهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مِنْ مَكَّةَ نُرِيدُ الْمَدِينَةَ فَلَمَّا كُنَّا قَرِيبًا مِنْ عَزْوَرَا نَزَلَ ثُمَّ رَفَعَ يَدَيْهِ فَدَعَا اللَّهَ سَاعَةً ثُمَّ خَرَّ سَاجِدًا فَمَكَثَ طَوِيلاً ثُمَّ قَامَ فَرَفَعَ يَدَيْهِ فَدَعَا اللَّهَ سَاعَةً ثُمَّ خَرَّ سَاجِدًا فَمَكَثَ طَوِيلاً ثُمَّ قَامَ فَرَفَعَ يَدَيْهِ سَاعَةً ثُمَّ خَرَّ سَاجِدًا ثُمَّ قَالَ: إِنِّي سَأَلْتُ رَبِّي وَشَفَعْتُ لأُمَّتِي فَأَعْطَانِي ثُلُثَ أُمَّتِي فَخَرَرْتُ سَاجِدًا شُكْرًا لِرَبِّي ثُمَّ رَفَعْتُ رَأْسِي فَسَأَلْتُ رَبِّي لأُمَّتِي فَأَعْطَانِي ثُلُثَ أُمَّتِي فَخَرَرْتُ سَاجِدًا لِرَبِّي ثُمَّ رَفَعْتُ رَأْسِي فَسَأَلْتُ رَبِّي، لأُمَّتِي فَأَعْطَانِي الثُّلُثَ الآخَرَ فَخَرَرْتُ سَاجِدًا لِرَبِّي. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ. والله أعلم[2].

عامیری کوڕی سەعد (خوایان لێ ڕازی بێ) گوتی: باوکم گوتی: لە خزمەتیحەزرەتدا بووین (دروودی خوای لەسەربێ) لە مەککەوە دەچووین بۆ مەدینە، کە نزیکی عەزەورا بووینەوە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دابەزیو هەردوو دەستی بەرزکردەوەو تاوێ لەخودا پاڕایەوە، ئینجا کوڕنووشێکی بردو زۆرمایەوە لە کوڕنووشەکەدا، ئینجا هەڵسایەوەو دەستەکانی دیسان بەرزکردەوەو تاوێکی تریش پاڕایەوەو دیسانەوە لە پەورووو کوڕنوشێکی

---

(١) بسند حسن (شرحه).

(٢) بسند ضعيف (شرحه).

تــری بــردەوەو زۆر مایــەوە جــابۆ جــاری ســێیەم هەڵــسایەوە ســەرپێ و دەستەکانی بەرزکردەوەو تاوێکی تریش بەڕاوەستانەوە پاڕایەوە، لە پاشا کەوت بە سەر رووداو سەجدەیەکی تری بردەوە، ئینجا فەرمووی: لە خودا پاڕامەوەو تکامکرد بۆ ئۆمەتم، ئەویش سێیەکی ئۆمەتەکەمی بەخشی پێم، ئەوە بوو منیش بۆ سوپاسکردنی خودا کەوتم بەسەر رووداو کوڕنووشێکم بۆ برد، هەمدیسان سەرمم بەرزکردەوەو جارێکی تریش لە پەروەردگارم پاڕامەوەو تکام کردەوە بۆ ئۆمەتم ئەویش سێ یەکێکی تری ئۆمەتەکەمی بەخشی پێم. ئەوە بوو منیش بۆ سوپاسکردنی خودا پاڕامەوەو تکام کرد بۆ ئۆمەتم ئەویش سێیەکی ئۆمەتەکەمی بەخشی پێم، ئەوە بوو منیش بۆ سوپاسکردنی خودا کوڕنووشێکی ترم بۆ بردەوە، هەم دیسانەوە سەرم بەرز کردەوەو جارێکی تریش لە پەروەردگاری خۆم پاڕامەوەو تکام کردەوە بۆ ئۆمەتم، ئەویش ئەوتاقە سێیەکەی کە مابوو لە ئۆمەتم ئەویشی بەخشی پێم، ئەوە بوو منیش بۆ سوپاسکردنی خودا کەوتم بەرووداو سەجدەیەکی شوکری ترم بۆ بردەوە (د- بەسەنەدێکی ضەعیف).

١١٣) لەناو نوێژا لەکاتی ناچاریدا کاری سووکەڵە دروستە
يجوز العمل الخفيف في الصلاة للحاجة

٦٦٤- عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَؤُمُّ النَّاسَ وَأُمَامَةُ بِنْتُ أَبِي الْعَاصِ وَهِيَ ابْنَةُ زَيْنَبَ بِنْتِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى عَاتِقِهِ فَإِذَا رَكَعَ وَضَعَهَا وَإِذَا رَفَعَ مِنَ السُّجُودِ أَعَادَهَا. وفي رواية: فَإِذَا سَجَدَ وَضَعَهَا وَإِذَا قَامَ حَمَلَهَا. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ الترمذي[1].

ئەبو قەتادە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: بەچاوی خۆم پێغەمبەرم دی (دروودی خوای لەسەربێ) بەرنوێژیی بۆ مەردووم دەکرد، لەوکاتەدا ئومامەی کچی ئەبو

---

(١) بخاري. عمل فی صلاة: ٥١٦ ، ٥٩٩٦. مسلم. مساجد: ١٢١٢ – ١٢١٤. أبو داود. صلاة: ٩١٨ ، ٩١٩ ، ٩٢٠. نسائي. عمل فی الصلاة: ٨٢٦ ، ٧١٠ ، ١٢٠٤ ، ١٢٠٣.

عاصی بە سەرشانەوە بوو، کە کچی زەینەبی کچی پێغەمبەربوو، جا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لەکاتی چەمینەوە (روکوع)دا ئومامەی دادەنا تا کاتێ لە سەجدە هەڵدەسایەوە ئەوسا دەیکردەوە قەڵاندۆشکانی. لە گێڕانەوەیەکا: لەکاتی کوڕنووش بردندا دای دەنا تا هەڵدەسایەوە ئەوجا هەڵی دەگرتەوە!

٦٦٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَقْتُلُوا الأَسْوَدَيْنِ فِي الصَّلاَةِ الْحَيَّةُ وَالْعَقْرَبُ. رَوَاهُ أصحاب السنن والحاكم وصحَّحه[٢].

ئەبو هورەیرە (رەزای خودای لێبێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەتا لەناو نوێژیشدا دوو رەشەکە، واتە: مارو دوو پشك، بکوژن! (د/ت/ن-حاکم:ص).

٦٦٦- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: جِئْتُ وَرَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُصَلِّي، فِي الْبَيْتِ وَالْبَابُ عَلَيْهِ مُغْلَقٌ فَمَشَى حَتَّى فَتَحَ لِي ثُمَّ رَجَعَ إِلى مَكَانِهِ. وَوَصَفَتِ الْبَابَ فِي الْقِبْلَةِ. رَوَاهُ اصحاب السنن[٣].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: کە هاتمەوە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لە ماڵەوە نوێژی دەکرد، دەرگاکەش لەسەری داخرابوو پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) خۆی هات تا دەرگاکەی کردەوە بۆم، ئینجا گەڕایەوە بۆ شوێنی خۆی و نوێژەکەی تەواوکرد. عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: بەڵام دەرگاکە لە رووی قیبلەوە بوو (د/ت/ن-س/ح).

٦٦٧- (ب - ١ ز - ٧١ ژمارە - ٤٦٧/٥) وَفي رواية: كُنْتُ اَمُدُّ رِجْلِي فِي قِبْلَةِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ يُصَلِّي فَإِذا سَجَدَ غَمَزَنِي فَرَفَعْتُهاَ فَإِذَا قَامَ مَدَدْتُهاَ[٤].

لە گێڕانەوەیەکا: رێ دەکەوت کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) نوێژی دەکرد، منیش قاچم درێژ دەکرد لە رووگە کەیدا، جا کاتێ کە سوژدەی

---

(٢) صحيح عنه الحاكم.

(٣) بسند حسن (شرحه).

(٤) راجع رقم ٤٦٧.

دەبرد تێوەی دەژەندەمو قاچم لا دەبرد تا بەباشی جێگە شوژدەکەی چۆڵ ببێ بەڵام کە ئەوهەڵ دەسایەوە قاچی رادەکێشایەوە وەك جاری پێشوو.

٦٦٨- عَنِ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: التَّسْبِيحُ لِلرِّجَالِ وَالتَّصْفِيقُ لِلنِّسَاءِ. رَوَاهُ الخمسة[٥].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: سوبحانەڵلاکردن لەناو نوێژا، بۆ هۆشیارکردنەوە، بۆ پیاوانەو چەپڵەش بۆ ژنانە (ش/د/ت/ن).

٦٦٩- عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ نَابَهُ شَيْءٌ فِي صَلاَتِهِ فَلْيُسَبِّحْ فَإِنَّهُ إِذَا سَبَّحَ الْتُفِتَ إِلَيْهِ، وَإِنَّمَا التَّصفيق لِلنِّسَاءِ. رَوَاهُ الخمسة وَإِنَّماَ اَلتَّصْفِيقُ لِلنَسَّاءِ[٦].

سەهلی کوڕی سەعد (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەرکەسێ لەناو نوێژدا شتێکی لێ روودا باسوبحانەڵلا بکا، چونکە کە سوبحانەڵلا دەکا تێدەگەن لە مەسەلەکە، بەڵام چەپڵە لێدان لە ناو نوێژدا بۆ ژنانە! (ش/د).

٦٧٠- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُمَا) قَالَ: قُلْتُ لِبِلاَلٍ: كَيْفَ كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) يَرُدُّ عَلَيْهِمْ حِينَما كَانُوا يُسَلِّمُونَ عَلَيْهِ وَهُوَ فِي الصَّلاَةِ قَالَ: كَانَ يُشِيرُ بِيَدِهِ. رَوَاهُ الترمذي وأبو دَاوُدَ[٧].

ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: بەبیلالم گوت: جاران کە لەناو نوێژا سڵاویان لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەکرد چۆن سڵاوی دەسەندەوە؟ گوتی: بە ئیشارەتی دەست دەیسەندنەوە نەوەك بەقسە (ت-س/ص-د).

---

(٥) بخاري. تصفيق فى صلاة: ١٢٠٣. مسلم. صلاة: ٩٥٣. أبو داود. تصفيق: ٩٣٩. نسائي. سهو: ١٢٠٦.

(٦) بخاري. عمل فى الصلاة: ١٢٠٤. مسلم. صلاة: ٩٥٣.

(٧) رواه الترمذي بسند صحيح (شرحه).

٦٧١- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كُنَّا مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَبَعَثَنِي فِي حَاجَةٍ فَرَجَعْتُ وَهُوَ يُصَلِّي فَسَلَّمْتُ عَلَيْهِ فَلَمْ يَرُدَّ عَلَيَّ. زَادَ في روايةٍ: وَقَالَ: بِيَدِهِ هَكَذَا أَيْ أَشَارَ بَهَا، فَلَمَّا انْصَرَفَ قَالَ: إِنَّهُ لَمْ يَمْنَعْنِي أَنْ أَرُدَّ عَلَيْكَ إِلاَّ أَنِّي كُنْتُ أُصَلِّي. رَوَاهُ البخاري بِدوُنِ الإِشَارَةِ ومُسْلِم وَأَبُو دَاوُدَ بتمامه[٨].

جابیر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جارێ لە خزمەتی حەزرەت دا (دروودی خوای لەسەربێ) منی نارد بۆ كارێ، كە گەڕامەوە بۆ خزمەتی نوێژی دەكرد، سڵاوم لێ كرد سڵاوەكەی نەسەندمەوە. لە گێڕانەوەیەكا ئەمەی پترە: بە دەستێ ئاوەهای كرد، واتە: بە ئیشارەت بە دەست سڵاوەكەی سەندەوە، جا كە لە نوێژەكە بۆوە. فەرمووی: ئەوە بۆیە بەدەم سڵاوەكەتم نەسەندەوە چونكە نوێژم دەكرد قسەكردنیش لە نوێژدا دروست نیە (م/د/ب).

٦٧٢- عَنْ عَلِيٍّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ لِي مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سَاعَةٌ آتِيهِ فِيهَا فَإِذَا أَتَيْتُهُ اسْتَأْذَنْتُ إِنْ وَجَدْتُهُ يُصَلِّي تَنَحْنَحَ دَخَلْتُ عَلَيْهِ وَإِنْ وَجَدْتُهُ فَارِغًا أَذِنَ لِي. رَوَاهُ النسائي وأحمد[٩].

عەلی (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: كاتێكی تایبەتم هەبوو تیا دەچووم بۆ خزمەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كە دەچووم لە پێشدا داوای ڕێگەی چوونە ژوورەوەم دەكرد، ئەگەر نوێژی بكردایە بۆم دەكۆكی و دەچوومە ژوورەوە، ئەگەر دەستیشی بەتاڵ بوایە خۆی ڕێگەی دەدام و دەچوومە ژوورەوە بۆ خزمەتی (د/ئەحمەد).

٦٧٣- عَنْ عُقْبَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الْعَصْرَ، فَلَمَّا سَلَّمَ قَامَ سَرِيعًا فَدَخَلَ عَلَى بَعْضِ نِسَائِهِ ، ثُمَّ خَرَجَ وَرَأَى مَا فِي وُجُوهِ الْقَوْمِ مِنْ تَعَجُّبِهِمْ لِسُرْعَتِهِ فَقَالَ: ذَكَرْتُ وَأَنَا فِي الصَّلَاةِ تِبْرًا عِنْدَنَا ، فَكَرِهْتُ أَنْ يُمْسِيَ أَوْ يَبِيتَ عِنْدَنَا فَأَمَرْتُ بِقِسْمَتِهِ[١٠].

---

(٨) بخاري. عمل فى صلاة: ١٢١٧. مسلم. مساجد: ١٢٠٥ – ١٢٠٨. أبو داود. صلاة: ٩٢٦.

(٩) وابن السكن وصححه (شرحه).

(١٠) بخاري. صفة الصلاة: ٨٥١ ، ١٢٢١ ، ١٤٣٠ ، ٦٢٧٥.

عوقبە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) نوێژی عەصری بۆ كردین، كە سڵاوی دایەوە بە پەلە هەڵساو چوو بۆ ماڵی یەكێ لە هاوسەرەكانی، لە پاشا كە هاتەوە تەماشای رووی خەڵكەكەی كرد روانی خەڵكەكە سەیریان دێ لەم پەلە كردنەی، جا فەرمووی: ئەوە بۆیە وامكرد چونكە لەناو نوێژەكەدا بیرم كەوتەوە كە شووشێ زێرمان لە لاهەیە، جا حەزم نەكرد كە لەماڵی منا ئێوارەی بەسەردابێ یا فەرمووی: شەوی بە سەردابێ، وە لە ماڵەوە پێم گوتن كە دابەشی بكەن بەسەر هەژاراندا! (ب).

٦٧٤- وَقَالَ: عُمَرُ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) إِنِّي لأُجَهِّزُ جَيْشِي وَأَنَا فِي الصَّلاَةِ. رَوَاهُمَا البخاري[11].

عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جای وا هەیە من لەكاتی نوێژكردندا سوپای خۆم رێك دەخەم (ب).

١١٤) باسی هەشتەم: باسی مزگەوتە، ئەم باسە سێ بەشە.

بەشی یەكەم: باسی گەورەیی و هاموشۆكردنی مزگەوتە:

الباب الثامن: في المساجد وفيه فصول ثلاثة

الفصل الأول: في فضل المساجد والسعي اليها

{قَالَ اللهُ جَلَّ شَأْنه – إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَاجِدَ اللّهِ مَنْ آمَنَ بِاللّهِ وَالْيَوْمِ الآخِرِ وَأَقَامَ الصَّلاَةَ وَآتَى الزَّكَاةَ وَلَمْ يَخْشَ إِلاَّ اللّهَ فَعَسَى أُوْلَئِكَ أَن يَكُونُواْ مِنَ الْمُهْتَدِينَ – ٩/١٨}.

واتە: بە راستی كەسێ مزگەوت كە ماڵی خودایە ئاوەدان دەكاتەوە، كە باوەڕی بەخوداو بە رۆژی دوایی هەبێ، وە نوێژ بكاو زەكات بداو لە خودانەبێ لە كەسی تر نەترسێ، جا ئەم جۆرە كەسانە ئومێدە كە خودا رێگەی راستیان نیشانبدا.

---

(١١) رواه البخاري تعليقا فى الباب/ ١٨ من كتاب العمل فى الصلاة قبل الرقم: ١٢٢١ مباشرة (مترجم).

٦٧٥- عَنْ عُثْمَانَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ مَنْ بَنَى مَسْجِدًا يَبْتَغِي بِهِ وَجْهَ اللَّهِ بَنَى اللَّهُ لَهُ مِثْلَهُ فِي الْجَنَّةِ. وَفِي رِوَايَةٍ: بَيْتاً فِي الْجَنَّةِ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ أبا دَاوُدَ[1].

عوسمان (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو** (درودی خوای لەسەربێ)**: هەر کەسێ بۆ رەزای خودا مزگەوتێ دروست بکا خودا لە بەهەشتا لە وێنەی ئەو مزگەوتە کۆشکێکی بۆ دروست دەکا لە گێڕانەوەیەکا: خانوویەکی لە بەهەشتا بۆ دروست دەکا، (ش/ت/ن).**

٦٧٦- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُماَ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: اجْعَلُوا فِي بُيُوتِكُمْ مِنْ صَلاَتِكُمْ ، وَلاَ تَتَّخِذُوهَا قُبُورًا. رَوَاهُ الخمسة[2].

ئیبنو عومەر (خودای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (درودی خودای لەسەربێ) **دەفەرموێ: هەندێ لە نوێژەکانتان دابنێن بۆماڵەوەتان و لە ماڵەوە بیانکەن و ماڵەکانتان مەکەن بە گۆڕستان چونکە ئەو ماڵەی کە نوێژی تیا نەکرێ وەك گۆڕستانی چۆڵ و هۆڵ وایە! (ش/د/ت/ن).**

٦٧٧- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: أَمَرَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِبِنَاءِ الْمَسَاجِدِ فِي الدُّورِ وَأَنْ تُنَظَّفَ وَتُطَيَّبَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ واترمذي[3].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **فەرمانی داوە کە لەناو گەڕەکەکاندا مزگەوت دروست بکرێ وەپاك و خاوێن و بۆن خۆش رابگیرێ (د/ت-سند صالح).**

٦٧٨- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: فُضِّلْتُ عَلَى الأَنْبِيَاءِ بِسِتّ أُعْطِيتُ جَوَامِعَ الْكَلِمِ وَنُصِرْتُ بِالرُّعْبِ وَأُحِلَّتْ لِيَ الْغَنَائِمُ

---

(١) بخاري. مساجد: ٤٥٠. مسلم. مساجد: ١١٩٠ ، ٧٣٩٦. ترمذي. مساجد: ٣١٨.

(٢) بخاري. صلاة: ٤٣٢. مسلم. صلاة: ١٨١٧. أبو داود. صلاة: ١٠٤٣.

(٣) بسند صالح (شرحه).

وَجُعِلَتْ لِيَ الأَرْضُ طَهُورًا وَمَسْجِدًا وَأُرْسِلْتُ إِلَى الْخَلْقِ كَافَّةً وَخُتِمَ بِيَ النَّبِيُّونَ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ أبا دَاوُدَ[٤].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: خودا فەضڵی منی داوە بەسەر پێغەمبەرەكانی تردا بەم شەش شتە:

یەكەم: قسەی نەستەق و فەرموودەی پڕ مەعنای پێ بەخشیوم.

دووەم: تا ماوەی مانگە رێیەك دوژمن لەسام و شكۆی خۆم و لەشكرم زەندەقیان دەچێ و وڕەبەر دەدەن و ئەمە بووە بەهۆی سەركەوتن بۆ ئێمە.

سێیەم: ماڵی تالانی (كافران)یش حەڵاڵ كراوە بۆ من و بۆ ئۆمەتم.

چوارەم: رووی زەوی هەمووی بۆ ئێمە كراوە بە مزگەوت و خۆڵەكەی پاك و پاكەوەكەرەو لەكاتی پێویستیدا تەیەمومی پێ دەكەین.

پێنجەم: خودا كردوومی بە پێغەمبەرو رەوانەی كردووم بۆ سەر هەموو دروست كراوان بەگشتی.

شەشەم: خودا كردوومی بە دوا پێغەمبەرو لە دوامن پێغەمبەری تر نابێ (ش/ت/ن).

٦٧٩- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَحَبُّ الْبِلاَدِ إِلَى اللّٰهِ مَسَاجِدُهَا وَأَبْغَضُ الْبِلاَدِ إِلَى اللّٰهِ أَسْوَاقُهَا. رَوَاهُ مُسْلِمٌ[٥].

دیسان ئەو (رەزای خودای لێبێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: خۆشەویستترین شوێنی هەموو وڵاتێ لەلای خودا مزگەوتەكانێتی، وە درێوترین و ناخۆشەویستترین شوێنی هەموو وڵاتێ لەلای خودا بازاڕەكانێتی چونكە جێگەی فرۆفێڵ و درۆو دەلەسەو سوێندی درۆو دەستبڕینە (م).

---

(٤) راجع رقم: ٤٥/٢.

(٥) مسلم. مساجد: ١٥٢٦

٦٨٠- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ غَدَا إِلَى الْمَسْجِدِ أَوْ رَاحَ أَعَدَّ اللّٰهُ لَهُ فِي الْجَنَّةِ نُزُلاً كُلَّمَا غَدَا أَوْ رَاحَ. رَوَاهُ الشَّيْخانِ(٦).

دیسان لەوەوە لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: گشت جارێ کە کەسێ دەچێ بۆ مزگەوت یا لە مزگەوت دگەڕێتەوە خودا لە بەهەشتا نانێ کە لایەقی میوان بێ بۆی دروست دەکا! (ش).

٦٨١- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللّٰهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلُّهُ: الإِمَامُ الْعَادِلُ وَشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ اللّٰهِ وَرَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ فِي الْمَسَاجِدِ وَرَجُلاَنِ تَحَابَّا فِي اللّٰهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ وَرَجُلٌ دَعَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وَجَمَالٍ فَقَالَ: إِنِّي أَخَافُ اللّٰهَ. وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ بِصَدَقَةٍ فَأَخْفَاهَا حَتَّى لاَ تَعْلَمَ شِمَالُهُ مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللّٰهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ. رَوَاهُ الخمسة إلا ابا دَاوُدَ(٧).

دیسان لەوەوە لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (دروودی خوای لەسەربێ): حەوت تاقم هەن خودا لە ڕۆژی قیامەتا دەیانخاتە سێبەری تەخت و بارەگا (عەرش)ی خۆیەوە، لەو ڕۆژەدا کە هیچ سایەو سێبەرێکی تر نیە بێجگە لە سایەو سێبەری خۆی.

یەکەم: پادشای عادڵ و پێشەوای دادپەروەرو کار بەدەست و سەرکاری بەداد.

دووەم: لاوێ کە لە عیبادەت و خوداپەرستیدا قاڵ بووبێ و پێ گەیشتبێ و بەرە بەرە گەورەبووبێ.

سێیەم: پیاوێ کە دڵی ئالوودەی مزگەوت بێ.

چوارەم: دوو پیاو کە لەبەر ڕەزای خودا یەکترییان خۆش بوێ، لەبەر ڕەزای خودا کۆببنەوەو لەبەر ڕەزای خودا لە یەکتری جیاببنەوە لەپاش تەواو بوونی کۆبوونەوەکەیان!.

---

(٦) بخاري. مساجد: ٦٦٢. مسلم. مساجد: ١٥٢٢.

(٧) بخاري. مساجد: ٦٦٠ ، ١٤٢٣ ، ٦٢٧٩ ، ٩٨٠٦. مسلم. زكاة: ٢٣٧٧ ، ٢٣٧٨. ترمذي. زهد: ٢٣٩١ ، ٢٣٩٢.

پێنجەم: پیاوێ كە ئافرەتێكی خانەدانی خانوومانی شۆخی جوان داوای ئیشی خراپی لێ بكاو ئەویش نەیكاو پێی بڵێ: من ئەو ئیشە ناكەم چونكە لە خودا دەترسم.

شەشەم: پیاوێ خێرێ بە پەنامەكی بكا، كە ئەم دەستی بەو دەستی نەزانێ.

حەوتەم: پیاوێ كە بە تەنیا خۆی بێ و یادی خودا بكاو فرمێسك بە چاویا بێتە خوارەوەو لە ترسی خودا بگری (ش/ت/ن).

٦٨٢- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الْمَلاَئِكَةُ تُصَلِّي عَلَى أَحَدِكُمْ مَا دَامَ فِي مُصَلاَّهُ الَّذِي صَلَّى فِيهِ مَا لَمْ يُحْدِثْ تَقُولُ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ اللَّهُمَّ ارْحَمْهُ. رَوَاهُ الأربعة[٨].

دیسان لەوەوە لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (دروودی خوای لەسەربێ): هەتا بە دەسنوێژەوە لەو جێگەدا بمێننەوە كە نوێژی تیا دەكەن فریشتە بۆتان دەپاڕێنەوەو دەڵێن: خودایە! هەڵەی بپۆشەو لە گوناهی خۆشبە، خودایە! میهرەبانی لەگەڵا بنوێنەو رەحمی پێ بكە (ش/د/ت).

٦٨٣- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الأَبْعَدُ فَالأَبْعَدُ مِنَ الْمَسْجِدِ أَعْظَمُ أَجْرًا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ ومُسْلِمٌ[٩].

دیسان لەوەوە لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (دروودی خوای لەسەربێ): هەتا دوور تر بن لە مزگەوتەوە خێرو پاداشتان گەورەتر دەبێ چونكە لەكاتی هاموشۆی مزگەوتا هەنگاو بە هەنگاو رێگەكەتان بۆ حلێب دەكرێ (د/م).

٦٨٤- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ تَطَهَّرَ فِي بَيْتِهِ ثُمَّ مَشَى إِلَى بَيْتٍ مِنْ بُيُوتِ اللَّهِ لِيَقْضِيَ فَرِيضَةً مِنْ فَرَائِضِ اللَّهِ كَانَتْ خَطْوَتَاهُ إِحْدَاهُمَا تَحُطُّ خَطِيئَةً وَالأُخْرَى تَرْفَعُ دَرَجَةً. رَوَاهُ مُسْلِمٌ والنسائي والترمذي[١٠].

---

(٨) بخاري. مساجد: ٤٧٧ ، ١٧٦. مسلم. مساجد: ١٥٠٤ – ١٥٠٩. ترمذي. صلاة: ٢١٥. أبو داود. فضل الجماعة: ٥٥٩.

(٩) مسلم. مساجد: ١٥١١. بخاري: جماعة: ٦٥١.

دیسان لەوەوە لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (دروودی خوای لەسەربێ): هەر کەسێ لە ماڵەوە خۆی پاك بکاتەوەو بە پاکی بچێ بۆ خانەیێ لە خانەکانی خودا، بۆ ئەوەی فەرزێ لە فەرزەکانی خودا بەجی بێنێ، ئەوە هەر هەنگاوێ دەنێ بە قاچێکی گوناهێکی لێ هەڵ دەوەرێو بەو قاچەکەی تری پایەیێ بڵند دەبێتەوە (م/ن/ت).

٦٨٥- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ وُضُوءَهُ ثُمَّ رَاحَ فَوَجَدَ النَّاسَ قَدْ صَلَّوْا أَعْطَاهُ اللّٰهُ جَلَّ وَعَزَّ مِثْلَ أَجْرِ مَنْ صَلاَّهَا وَحَضَرَهَا لاَ يَنْقُصُ ذَلِكَ مِنْ أَجْرِهِمْ شَيْئًا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنَسائي[١١].

دیسان گوتی: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: کەسێ بەجوانی دەسنوێژ بگرێو بە نیازی نوێژی جەماعەت لەماڵ دەرچێ بەڵام کە گەیشتە ئەوێ سەیربکا کەوا خەڵکەکە لە جەماعەت بوونەتەوە، ئەوە خودای سەردارو سەروەر لە سەرنیازی پاکیو لەباتی ئەرکی جوانی کە کێشاویێتی بەقەد پاداشی ئەو کەسانەی دەداتێ کە حازری ئەو نوێژە بوونو بە کۆمەڵی بە جەماعەت کردوویانە وە ئەم پاداشەی ئەم لە پاداشی ئەوان هیچ کەم ناکاتەوە (د/ن/حاکم:ص).

٦٨٦- عَنْ جَابِرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَتْ دِيَارُنَا نَائِيَةً عَنِ الْمَسْجِدِ فَأَرَدْنَا أَنْ نَبِيعَ بُيُوتَنَا فَنَقْتَرِبَ مِنَ الْمَسْجِدِ فَنَهَانَا رَسُولُ اللّٰهِ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: إِنَّ لَكُمْ بِكُلِّ خُطْوَةٍ دَرَجَةً.وَفِي رواية: يَا بَنِي سَلِمَةَ دِيَارَكُمْ تُكْتَبْ آثَارُكُمْ، فَقَالُوا، مَا كَانَ يَسُرُّنَا أَنَّا كُنَّا تَحَوَّلْنَا. رَوَاهُ الشيخان (عليهما الرحمة والرضوان)[١٢].

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: خانووەکانمان دوور بوون لە مزگەوتەوە، ویستمان بیان فرۆشینو لە مزگەوتەوە نزیك ببینەوە، بەڵام پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نەیهێشت فەرموی پێمان: هەر هەنگاوێکی بە پایەیەکە بۆتان. لە

---

(١٠) مسلم. مساجد: ١٥١٩.

(١١) والحاكم وصححه (شرحه).

(١٢) بخاري. صلاة الجماعة: ٦٥٦ ، ٦٥٥. مسلم. مساجد: ١٥١٧ ، ١٥١٨.

گێڕانەوەیـەکا: فـەرمووی: ئـەی هـۆزی بـەنی سـەلەمە! لـە شـوێنی خۆتـان بمێننەوە، چونکە کە هاتوچۆی مزگەوت دەکەن شەقاو بە شەقاو پاداشتان بۆ دەنووسرێ! جا ئەوانیش گوتیـان: ئۆخـەیش! بـەس نـەبوو نـەمان گواستەوە! (ش).

٦٨٧- عَنْ بُرَيْدَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: بَشِّرِ الْمَشَّائِينَ فِي الظُّلَمِ إِلَى الْمَسَاجِدِ بِالنُّورِ التَّامِّ يَوْمَ الْقِيَامَةِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي(١٣).

بورەیـدە (خوای لێ رازی بێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) فـەرمووی: ئەوانـەی کـەوا لـە تاریکـایی شـەوا بـە گـەرمی هاموشـۆی مزگـەوت دەکـەن لـە زمانی منەوە مژدەی رۆشنایی تەواویان بـدەرێ، بـۆ رۆژی قیامـەتیان! (د/ت- سەند غەریب).

٦٨٨- عَنْ سَعِيدِ بْنِ الْمُسَيَّبِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: حَضَرَ رَجُلاً مِنَ الأَنْصَارِ الْمَوْتُ فَقَالَ: إِنِّي مُحَدِّثُكُمْ حَدِيثًا مَا أُحَدِّثُكُمُوهُ إِلاَّ احْتِسَابًا سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: إِذَا تَوَضَّأَ أَحَدُكُمْ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ ثُمَّ خَرَجَ إِلَى الصَّلاَةِ لَمْ يَرْفَعْ قَدَمَهُ الْيُمْنَى إِلاَّ كَتَبَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ لَهُ حَسَنَةً وَلَمْ يَضَعْ قَدَمَهُ الْيُسْرَى إِلاَّ حَطَّ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ عَنْهُ سَيِّئَةً فَلْيُقَرِّبْ أَحَدُكُمْ أَوْ لِيُبَعِّدْ فَإِنْ أَتَى الْمَسْجِدَ فَصَلَّى فِي جَمَاعَةٍ غُفِرَ لَهُ فَإِنْ أَتَى الْمَسْجِدَ وَقَدْ صَلَّوْا بَعْضًا وَبَقِيَ بَعْضٌ صَلَّى مَا أَدْرَكَ وَأَتَمَّ مَا بَقِيَ كَانَ كَذَلِكَ فَإِنْ أَتَى الْمَسْجِدَ وَقَدْ صَلَّوْا فَأَتَمَّ الصَّلاَةَ كَانَ كَذَلِكَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ(١٤).

سەعیدی کوڕی موسەییب (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پیـاوێ لـە یاریـدەدەران (ئەنـصار) لەسـەرە مـەرگا گـوتی: ئـەم فەرموودەیـەتان بـە تـەمای پاداشـی گـەورەی خـودا بـۆ دەگێڕمـەوە، ئـەگینا بـۆم نەدەگێڕانـەوە، جـا گـوتی: لـە حەزرەتم بیست دەیفەرموو (دروودی خوای لەسەربێ): هەر کەسێ لـە ئێوە بـە جوانی دەسنوێژ بگرێ و بچێ بۆ نوێـژ، لـە هـەموو شـەقاوێکا کە قاچی راسـتی هـەڵ

---

(١٣) بسند غريب (شرحه).

(١٤) بسند صالح (شرحه).

دەهێنێتەوە خودای سەردارو سەروەر چاكەیەكی بۆ دەنووسێ، وە كە قاچی چەپیشی دادەنێ خودای سەردارو سەروەر خراپەیەكی لێ هەڵ دەوەرێنێ، ئیتر كەیفی خۆتانە پاداشی كەمو زۆر بە دەستی خۆتانە، چونكە هەتا لە دوورترەوە بێن بۆ نوێژ پاداشتان گەورەترە، كەوابوو دوور دەكەونەوە لە مزگەوت یانزیك دەبنەوە كەیفی خۆتانە، جا ئەو كەسە كە چووە مزگەوتو بەكۆمەڵی نوێژی كرد بەتەواوی خودا لێی خۆش دەبێ، وە هەروەها ئەگەر گەیشتە مزگەوتو بە نوێژی جەماعەتا نەگەیشت، ئیتر خوا فریای هەندێكی بكەوێو باقی مەندەكەی خۆی بە تەنیا تەواوی بكا یاخود فریای هیچی نەكەوێو بە تەنها خۆی نوێژی خۆی بكات (د–سند صالح).

٦٨٩– عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا مَرَرْتُمْ بِرِيَاضِ الْجَنَّةِ فَارْتَعُوا قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا رِيَاضُ الْجَنَّةِ؟ قَالَ: الْمَسَاجِدُ قُلْتُ: وَمَا الرَّتْعُ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: سُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ[١٥].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: كاتێ دەڕۆنە ناو باخچەكانی بەهەشت ئاهەنگ بگێڕن. گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! باخچەی بەهەشت كوێیە؟ فەرمووی: (مزگەوتە!) گوتم: ئەی بەچی ئاهەنگ بگێڕین؟ فەرمووی: بە گوتنی:

{سُبْحَانَ اللَّهِ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَاللَّهُ أَكْبَرُ}.

خودا پاكو بێ عەیبو بێنەنگە، وە سوپاسو ستایش هەر بۆ خودایە، وە خودا نەبێ خودای تر نیە وە خودا لە هەموو شتێ گەورەترە! (ت–س/ح).

٦٩٠– وَكَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا صَلَّى الْفَجْرَ قَعَدَ فِي مُصَلاَّهُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ. رَوَاهُمَا الترمذي[١٦].

گوتی: یاسای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وابوو كە نوێژی بەیانیی دەكرد تا خۆر دەكەوت لەسەر جێ نوێژەكەی دادەنیشت (ت–س/ص).

(١٥) رواه الترمذي بسند حسن (شرحه).

(١٦) واه الترمذي بسند صحيح (شرحه).

١١٥) باسی گەورەیی سێ مزگەوتەكە: (فضل المساجد الثلاثة)

{قَالَ: اللهُ تَعَالَى – إِنَّ أَوَّلَ بَيْتٍ وُضِعَ لِلنَّاسِ لَلَّذِي بِبَكَّةَ مُبَارَكًا وَهُدًى لِّلْعَالَمِينَ – ٣/٩٦}.

خودای گەورە دەفەرموێ: یەكەم خانەیێ كە بۆ خودا پەرستی دانرابێ ئەو خانەیەیە كە لە شاری مەككەدا دروست كراوە، كە جێگەیەكی گەلێ پیرۆزەو هۆی رانمایی و شارەزاكردنی خەڵكی هەموو جیهانە.

٦٩١– عَنْ أَبِي ذَرٍّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنْ أَوَّلِ مَسْجِدٍ وُضِعَ فِي الأَرْضِ قَالَ: الْمَسْجِدُ الْحَرَامُ قُلْتُ: ثُمَّ أَيٌّ؟ قَالَ: الْمَسْجِدُ الأَقْصَى قُلْتُ: كَمْ بَيْنَهُمَا؟ قَالَ: أَرْبَعُونَ عَامًا، ثُمَّ الأَرْضُ لَكَ مَسْجِدٌ فَحَيْثُمَا أَدْرَكَتْكَ الصَّلاَةُ فَصَلِّ. رَوَاهُ الشيخان والنسائي[1].

ئەبو ذەڕ (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پێغەمبەرم پرسی (درودی خوای لەسەربێ): كام مزگەوتە یەكەم مزگەوتە كە لەسەر زەوی دروست كراوە؟ فەرمووی: (مسیجدولحەرام) گوتم: ئەی لەپاش ئەو؟ فەرمووی: (مسیجدولئەقصا) گوتم: چەن ساڵیان بەین بووە؟ فەرمووی: (چل ساڵ پاش ئەمەش زەوی هەمووی بۆ تۆ مزگەوتەو لە هەركوێ نوێژت لێ بوو نوێژی خۆت بكە) (ش/ن).

٦٩٢– عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ تُشَدُّ الرِّحَالُ إِلاَّ إِلَى ثَلاَثَةِ مَسَاجِدَ: مَسْجِدِي هَذَا وَمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَمَسْجِدِ الأَقْصَى. رَوَاهُ الخمسة[2].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بۆ ئەم سێ مزگەوتە نەبێ سەفەر ناكرێ: بۆ ئەم مزگەوتەی منو بۆ مەسجیدول حەرامو بۆ مەسیجدول ئەقصا (ش/د/ت/ن).

---

(١) بخاري. أحاديث الانبياء: ٣٣٦٦ ، ٣٤٢٥. مسلم. مساجد: ١١٦١ ، ١١٦٢. نسائي. مساجد: ٦٨٩ ، ٨٩.

(٢) بخاري. حج: ١١٨٩. مسلم. حج: ٣٣٧ ، ٣٢٤٨. أبو داود. مناسك: ٢٠٣٣. نسائي. مساجد: ٦٩٩.

٦٩٣- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَا بَيْنَ بَيْتِي وَمِنْبَرِي رَوْضَةٌ مِنْ رِيَاضِ الْجَنَّةِ وَمِنْبَرِي عَلَى حَوْضِي. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ أبا دَاوُدَ[٣].

دیسان گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: لە نێوانی گۆڕەکەمو دوانگەکەما باخێکە لە باخەکانی بەهەشتو بارانی رەحمەتی لێ دەبارێ، خۆشی لەو کەسەی کە لەم شوێنە پیرزەدا طاعەتو خوداپەرستی دەکا، وە مینبەرەکەشم لەسەر حەوزی کەوثەر دادەنرێتەوە بۆمو لە بەهەشتا لەسەری دادەنیشمو پێشوازی لە هاتووانی ئۆمەتم دەکەم کە بۆ نوشین لە ئاوەکەی دێن (ش/ت/ن).

٦٩٤- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: صَلاَةٌ فِي مَسْجِدِي هَذَا أَفْضَلُ مِنْ أَلْفِ صَلاَةٍ فِيمَا سِوَاهُ مِنَ الْمَسَاجِدِ إلاَّ الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ. وزاد في رواية: فَإِنِّي آخِرُ الأَنْبِيَاءِ وَإِنَّ مَسْجِدَى آخِرُ الْمَسَاجِدِ. رَوَاهُ الشيخان والترمذي وابن ماجه وزاد: وَصَلاَةٌ فِي الْمَسْجِدِ الْحَرَامَ أَفْضَلُ مِنْ مِائَةِ أَلْفِ صَلاَةٍ فِيمَا سَوَاهُ[٤].

دیسان گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: مەسجیدول حەرامی لێ دەرچێ یەك نوێژ لەم مزگەوتەی مندا خێرترە لە هەزار نوێژی شوێنانی تر. لە گێڕانەوەیەکا ئەمەشی پترە: چونکە من خۆم دواترینی پێغەمبەرانمو مزگەوتەکەشم دواترینی مزگەوتانە (ش/ت/ئیبنو ماجە) ئیبنو ماجە ئەمەشی لێ پتر کردووە: (وە یەك نوێژیش لە مەسجیدول حەرامدا خێرترە لە سەد هەزار نوێژی شوێنانی ترا).

٦٩٥- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ عَمْرٍو (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ سُلَيْمَانَ بْنَ دَاوُدَ (عَلَيْهِمَا السَّلاَمُ) لَمَّا بَنَى بَيْتَ الْمَقْدِسِ سَأَلَ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ خِلاَلاً ثَلاَثَةً: حُكْمًا يُصَادِفُ حُكْمَهُ فَأُوتِيَهُ وَمُلْكًا لاَ يَنْبَغِي لأَحَدٍ مِنْ بَعْدِهِ

---

(٣) بخاري. مساجد: ١١٩٦ ، ١٨٨٨ ، ٦٥٨٨ ، ٧٢٣٥. مسلم. حج: ٣٣٥٧ ، ٣٣٥٥ ، ٣٣٥٦.

(٤) بخاري. صلاة في مسجدى مكة والمدينة: ١١٩٠. مسلم. حج: ٣٣٦١ ، ٣٣٦٢ – ٣٣٦٩. ابن ماجه. صلاة: ١٤٠٤م.

فَأُوتِيَهُ، وَسَأَلَ اللَّهَ تَعالَى حِينَ فَرَغَ مِنْ بِنَائِهِ أَلاَّ يَأْتِيَهُ أَحَدٌ لاَ يَنْهَزُهُ إِلاَّ الصَّلاَةُ فِيهِ أَنْ يُخْرِجَهُ مِنْ خَطِيئَتِهِ كَيَوْمِ وَلَدَتْهُ أُمُّهُ. رَوَاهُ النسائي(٥).

عەبدوڵلای کوڕی عەمر (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: کاتێ سولەیمانی کوڕی داوود** (درودی خوایان لێبێ) **کە بەیتولمەقدیسی دروست کرد، داوای ئەم سێ شتەی لە خودای گەورەو سەروەر کرد:**

یەکەم: هەر حوکمێ کە دەیکا لە نێوانی خەڵکا رێکی فەرمانی خودابێ، خودا ئەمەی پێدا.

دووەم: موڵکێکی وا کە لەپاش خۆی بۆ کەسی تر دەست نەدات، خودا ئەمەشی پێدا.

سێیەم: کاتێ لە دروست کردنی لێ بۆوە داوای لە خودای گەورەکرد: کە هەرکەسێ بچێ بۆ ئەوێ بە نیازی ئەوەی کە نوێژی تیا بکا خودا لە گوناە پاکی بکاتەوە وەك ئەو رۆژەی کە لە دایك دەبێ وە خودای گەورە ئەمەشی پێدا (ن).

٦٩٦- عَنْ مَيْمُونَةَ مَوْلاَةِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنَّهَا قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أَفْتِنَا فِي بَيْتِ الْمَقْدِسِ فَقَالَ: ائْتُوهُ فَصَلُّوا فِيهِ، فَإِنْ لَمْ تَأْتُوهُ وَتُصَلُّوا فِيهِ فَابْعَثُوا بِزَيْتٍ يُسْرَجُ فِي قَنَادِيلِهِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وابن ماجة(٦).

مەیموونەی کارەکەری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) **گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئایا دروستە سەفەر بکەین بۆ بەیتولمەقدیس؟ فەرمووی: بەڵێ برۆن بۆ ئەوێ و نوێژی تیا بکەن ئەگەر بۆشتان نەکرا کە بچن نوێژی تیا بکەن رۆن زەیت بنێرن بۆ گڕانی چراکانی!** (د/ئیبنو ماجە – س/ صالح).

---

(٥) سكت عن درجته الشارح (مترجم).

(٦) بسند صالح (شرحه).

١١٦) مزگەوتەکەی قوباء: (مسجد قباء)

٦٩٧- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُماَ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَأْتِي مَسْجِدَ قُبَاءٍ كُلَّ سَبْتٍ مَاشِيًا وَرَاكِبًا. وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ يَفْعَلُهُ. رَوَاهُ الشيخان والنسائي[1].

ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: جاران پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **هەموو شەممەیەك بەپێ یا بە سواریی وڵاخ دەچوو بۆ مزگەوتەکەی قوباء، ئیبنو عومەر** (خوایان لێ رازی بێ) **خۆشی ئەمەی دەکرد (ش/ن).**

٦٩٨- عَنْ أُسَيْدِ بْنِ ظَهِيرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الصَّلاَةُ فِي مَسْجِدِ قُبَاءٍ كَعُمْرَةٍ. رَوَاهُ الترمذي والنسائي[2].

ئوسەیدی کوڕی ظوهەیر (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: تاقە نوێژێ لە مزگەوتی قوبادا خێری یەك عەمرەی هەیە. (ت/ن-س/ح).**

١١٧) ڕۆیشتنی ئافرەت بۆ مزگەوت : (ذهاب النساء الى المساجد)

٦٩٩- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) أَنَّ رَسُولَ اللّهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يُصَلِّى الصُّبْحَ بِغَلَسٍ فَيَنْصَرِفْنَ نِسَاءُ الْمُؤْمِنِينَ ، لاَ يُعْرَفْنَ مِنَ الْغَلَسِ[1].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: جاران پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **بە تاریك و لێڵەکە بەر نوێژیی نوێژی بەیانیی بۆ دەکردین، کاتێ ئافرەتانی موسوڵمانان لەپاش نوێژ دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە هێشتا لەبەر تاریکی نەدەناسرانەوە (ش).**

---

(١) بخاري مسجد قباء: ١١٩١. مسلم. حج: ٣٣٧٥ — ٣٣٨٣. نسائي. مساجد: ٦٩٧.

(٢) بسند حسن (شرحه).

(١) بخاري. أذان: ٨٦٧. مسلم. مساجد: ١٤٥٧ ، ١٤٥٥ — ١٤٥٩.

٧٠٠- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضيَ أللهُ عَنهُماَ) عَنِ النّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا اسْتَأْذَنَكُمْ نِسَاؤُكُمْ بِاللَّيْلِ إِلَىَ الْمَسْجِدِ، فَأْذَنُوا لَهُنَّ. رَوَاهُما الشيخان[٢].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ژنەکانتان ئەگەر بەشەو داوای روخصەتیان لێکردن کە بڕۆن بۆ مزگەوت رێگەیان پێ بدەن (ش).

٧٠١- وَعَنْهُ عَنِ النّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ تَمْنَعُوا إِمَاءَ اللهِ مَسَاجِدِ اللهِ. رَوَاهُ الشيخان وَأبو دَاوُدَ وزاد: وَلَكِنْ لِيَخرجْنَ وَهُنَّ تَفِلاَتٌ[٣].

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: مزگەوتەکانی خودا قەدەغە مەکەن لە ژنانی بەندەگانی خودا (ش/د) ئەبو داوود ئەمەشی پتر کردووە: بەڵام ژنان کە دەچن بۆ مزگەوت، بە پەرپووتی بچن و خۆیان بۆن خۆش نەکەن و خۆیان نەڕازێننەوە.

٧٠٢- وَعَنْهُ عَنِ النّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِئذَنُوا لِلنِّسَاءِ بَاللَّيْلِ إِلىَ الْمَسَاجِدِ فَقَالَ: أبْنٌ لَهُ يُقَالُ لَهُ وَاقِدٌ: إِذَنْ يَتَّخِذْنَهُ دَغَلاً قَالَ: فَضَرَبَ فِي صَدْرِهِ وَقَالَ: أَقُولُ قَالَ: رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَتَقُولُ لاَ. رَوَاهُ مسلم وأبو دَاوُدَ والترمذي[٤].

دیسان ئەو گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرموویەتی: بەشەو رێگەی ئافرەت بدەن کە بچن بۆ مزگەوت واقیدی کوڕیشی گوتی: ئەگەر وابێ ژنان دەیکەن بە بیانووی لا مێژیی و بەد خوویی! گوتی: ئیبنو عومەریش کێشای بە سینگی کوڕەکەی خۆیداو گوتی: من دەڵێم پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ و تۆ دەڵێی وا نابێ (م/د/ت).

---

(٢) بخاري. نكاح: ٥٢٣٨. مسلم. صلاة: ٩٨٧.

(٣) مسلم. صلاة: ٩٨٩. بخاري. جمعه: ٩٠٠. أبو داود. صلاة: ٥٦٨.

(٤) مسلم. صلاة: ٩٩١ — ٩٩٤. أبو داود: ٥٦٨. ترمذي: ٥٧٠.

٧٠٣- عَنْ عَائِشَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُا) قَالَتْ: لَوْ أَدْرَكَ رَسُولُ اللهِ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَا أَحْدَثَ النّسَاءُ لَمنَعَهُنَّ الْمَسْجِدَ كَماَ مُنِعَتْ نِساَءَ بَنِي إِسْرَائِيلَ. قُلْتُ لِعَمْرَةَ: أَوْ مُنْعْنَ؟ قَالَتْ: نَعَمْ. رَوَاهُ الثلاثة[٥].

عائیشه (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: ئەمەی کە ئێستا ژنان بەرپایان کردووە ئەگەر پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **فریای ئەمە بکەوتایە مزگەوتی لەژنان قەدەغە دەکرد، هەروەك لە ژنانی نەوەی ئیسرائیل قەدەغە کرابوو، منیش گوتم بەعمرە: بۆچی مزگەوت لە ژنانی نەوەی ئیسرائیل (لە دینی خۆیانا) قەدەغە کرابوو؟ گوتی: بەڵێ (ش/د).**

٧٠٤- عَنْ زَيْنَبَ امْرَأَةِ عَبْدِ اللّٰهِ قَالَتْ (رَضيَ اللهُ عَنْهُماَ) قَالَتْ: قَالَ: لَنَا رَسُولُ اللّٰهِ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا شَهِدَتْ إِحْدَاكُنَّ الْمَسْجِدَ فَلاَ تَمَسَّ طِيبًا. رَوَاهُ مُسْلِمٌ. وفي رواية: أَيُّمَا امْرَأَةٍ أَصَابَتْ بَخُورًا فَلاَ تَشْهَدْ مَعَنَا الْعِشَاءَ الآخِرَةَ[٦].

زەینەبی ژنی عەبدوڵلا (رەزای خودایان لێبێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی پێمان: کاتێ دەچن بۆ مزگەوت بۆن لە خۆتان مەدەن (م) لە گێڕانەوەیەکا: هەر ئافرەتێ بۆنی خۆشی لە خۆی دا با لەگەڵمان نەیەت بۆ نوێژی خەوتنان.**

٧٠٥- عَنْ عَبْدِاللهِ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النّبِيَّ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: صَلاَةَ الْمَرْأَةِ فِي بَيْتِها أَفْضَلُ مِنْ صَلاَتِها فِي حُجْرَتِهاَ، وَصَلاَتُهاَ فِي مَخْدَعِهَا أَفْضَلُ مِنْ صَلاَتِهَا فِي بَيْتِهاَ. وفي رواية: لاَ تَمْنَعُوا نِساَءِكُمُ الْمَسَاجِدَ، وَبُيُوتُهُنَّ خَيْرٌ لَهُنَّ. رَوَاهُماَ أَبُو دَاوُدَ[٧].

عەبدوڵلا (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: نوێژی ژن لەناو هۆدەکەی خۆیا خێرترە لە نوێژی ناو حەوشەکەی، وە نوێژی ژن لەناو کولێن و هۆدەی گەنجینەدا خێرترە لە نوێژی ناو هۆدەکەی**

(٥) بخاري. أذان: ٨٦٩. مسلم. صلاة: ٩٩٨. أبو داود. صلاة: ٥٦٩.

(٦) مسلم. صلاة: ٩٩٦ – ٩٩٧.

(٧) بسندين صالحين (شرحه).

خۆشی! لە گێڕانەوەیەکا: مزگەوت قەدەغە مەکەن لە ژنەکانتان، هەر چەند نوێژیماڵەوە باشترە بۆ ئەوان (د–سەنەد صالح).

١١٨) بەشی دووەم: دەستوورو نەریتی مزگەوت
الفصل الثاني: في آداب المساجد

{قَالَ: اللهُ تَعَالى – وَعَهِدْنَا إِلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ أَن طَهِّرَا بَيْتِيَ لِلطَّائِفِينَ وَالْعَاكِفِينَ وَالرُّكَّعِ السُّجُودِ – ٢/١٢٥}.

واتە: خودای گەورە دەفەرموێ: فەرمانماندا بە ئیبراهیمو ئیسماعیلی کوڕی کە ئەم خانووی کەعبەیە کە ماڵی منە پاك بکەنەوە لەهەر شتێ کەشایستەی پەرستشی خودا نەبێ، بۆ ئەو کەسانە کە بەشێوەی ئایین هەڵدەسووڕێن بە دەوریا، وە یا لەناویدا دەمێننەوە بۆ پەرستشی و بەندەیی خودا وە بۆ ئەو کەسانە کە نوێژی تیا دەکەنو روکوعو کوڕنووشی تیا دەبەن بۆ خودا.

٧٠٦– عَنْ أَبِي حُمَيْدٍ أَوْ أَبِي أُسَيْدٍ (رَضِيَ أَللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ فَلْيُسَلِّمْ عَلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ثُمَّ لْيَقُلِ اللَّهُمَّ افْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ فَإِذَا خَرَجَ فَلْيَقُلِ اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَأَبُو دَاوُدَ والنسائي[1].

ئەبو حومەید یا ئەبو ئوسەید (خوایان لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: کە چوونە ناو مزگەوت لە پێشا سڵاو لە پێغەمبەر بکەن (دروودی خوای لەسەربێ) ئینجا بڵێن: {اللهم افتح لی أبواب رحمتك:خودایە! دەرگاکانی رەحمەتو میهرەبانی خۆتم لێ بکەرەوە} کە چوونە دەریشەوە بڵێن: (اللهم انی أسألك من فضلك): خودایە! داوای بەخششو بەهرەی خۆتت لێ دەکەم (م/د/ن).

---

(١) مسلم. صلاة: ١٦٤٩. أبو داود. صلاة: ٤٦٥. نسائي. مساجد: ٧٢٨.

٧٠٧- عَنْ فَاطِمَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا دَخَلَ الْمَسْجِدَ صَلَّى عَلَى مُحَمَّدٍ وَسَلَّمَ وَقَالَ: رَبِّ اغْفِرْ لِي ذُنُوبِي وَافْتَحْ لِي أَبْوَابَ رَحْمَتِكَ، وَإِذَا خَرَجَ صَلَّى عَلَى مُحَمَّدٍ وَسَلَّمَ وَقَالَ: رَبِّ اغْفِرْ لِي ذُنُوبِي وَافْتَحْ لِي أَبْوَابَ فَضْلِكَ. رَوَاهُ الترمذي[٢].

فاطیمە (ڕەزای خودای لێبێ) گوتی: دەستووری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) وابوو كاتێ دەچووە ناو مزگەوتەوە دەیفەرموو: اللهم صل علی محمد وسلم: بڕێژە خودا رەحمەت و درود بەسەر موحەممەدا) ئینجا دەیفەرموو: (رب اغفر لی ذنوبی وافتح ابواب رحمتك) ئەی پەروەردگارم! گوناهەكانم ببۆشەو دەرگاكانی میهرەبانی خۆتم لێ بكەرەوە كە لە مزگەوتیش دەهاتە دەرەوە دەیفەرموو: رب اغفر لی ذنویی وافتح لی ابواب فضلك: ئەی خودایە! گوناهەكانم ببۆشەو دەرگای بەخشش و بەهرەی خۆتم بۆ بكەرەوە (ت-س/ح).

٧٠٨- وَكَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا دَخَلَ الْمَسْجِدَ قَالَ: أَعُوذُ بِاللَّهِ الْعَظِيمِ وَبِوَجْهِهِ الْكَرِيمِ وَسُلْطَانِهِ الْقَدِيمِ مِنَ الشَّيْطَانِ الرَّجِيمِ، فَإِذَا قَالَ: ذَلِكَ قَالَ: الشَّيْطَانُ: حُفِظَ مِنِّي سَائِرَ الْيَوْمِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٣].

دەستووری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) وابوو كە دەڕۆیشتە ناو مزگەوتەوە دەیفەرموو (أعوذ بالله العظيم بوجهه الكريم وسلطانه القديم من الشيطان الرجيم: پەنا دەگرم بە یەزدانی مەزن، بەزاتی پیرۆزی، بە دەسەڵاتی دێرینی، لە شەڕی شەیتانی دەركراوی بەشبڕاو لە رەحمەت، وە ئەو كەسەی ئەمە بڵێ شەیتان دەڵێ: ئەمە لە ماوەی ئەمڕۆدا لەمن قەدەغەبوو (د-سند صالح).

---

(٢) بسند حسن (شرحه).

(٣) بسند صالح (شرحه).

٧٠٩- وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ يَدْخُلُ الْمَسْجِدِ بِرِجْلِهِ الْيُمْنَى، وَيَخْرُجُ بِرِجْلِهِ الْيُسْرَى. رَوَاهُ البخاري[٤].

دەستووری ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) وابوو کە دەچووە ناو مزگەوتەوە قاچی راستی پێش دەخست و کە لەمزگەوتیش دەهاتە دەرەوە قاچی چەپی پێش دەخست (ب).

٧١٠- عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا دَخَلَ أَحَدُكُمُ الْمَسْجِدَ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ قَبْلَ أَنْ يَجْلِسَ. رَوَاهُ الخمسة[٥].

ئەبو قەتادە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەرکاتێ چوونە ناو مزگەوت لەپێش ئەوەدا کە دابنیشن دوو رکات نوێژی دیاری مزگەوت بکەن (ش/د/ت/ن).

٧١١- عَنْ كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا قَدِمَ مِنْ سَفَرٍ بَدَأَ بِالْمَسْجِدِ فَصَلَّى فِيهِ. رَوَاهُ الشيخان ولفظ مُسْلِمٌ: كَانَ لاَ يَقْدَمُ مِنْ سَفَرٍ إِلاَّ نَهَارًا فِي الضُّحَى، فَإِذَا قَدِمَ بَدَأَ بِالْمَسْجِدِ فَصَلَّى فِيهِ رَكْعَتَيْنِ ثُمَّ جَلَسَ فِيهِ[٦].

کەعبی کوڕی مالیك (خوای لێ رازی بێ) گوتی: یاسای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وا بوو کە لە سەفەر دەهاتەوە لە پێشا دەچوو بۆ مزگەوت و نوێژی لێ دەکرد (ش) گفتەی موسلیم (رەحمەتی خوای لێبێ) ئاوایە: دەستووری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وابوو کە لەسەفەر دەگەڕایەوە لە چێشتەنگاوا دەهاتەوە، کە دەگەیشتە جێ لە پێشا دەچووە مزگەوت و دوو رکات نوێژی تیا دەکردو ئینجا لەوێ دادەنیشت و خەڵکەکە دەچوون بۆ خزمەتی و بەخێرهاتنیان لێ دەکرد.

---

(٤) رواه البخاري تعليقا في بداية الباب/ ٤٧ من كتاب الصلاة بين رقم: ٤٢٥ و ٤٢٦.

(٥) بخاري. صلاة: ٤٤٤ ، ١١٦٣. مسلم. صلاة المسافرين: ١٦٥١. أبو داود. صلاة: ٤٦٧ ، ٤٦٨. ترمذي. صلاة: ٣١٦. نسائي. مساجد: ٧٢٩.

(٦) بخاري. بيوع: ٢٠٩٧. مسلم: ١٦٥٥.

٧١٢- عَنْ أَنَسَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الْبُزَاقُ فِي الْمَسْجِدِ خَطِيئَةٌ، وَكَفَّارَتُهَا دَفْنُهَا. رَوَاهُ الأربعة(٧).

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: تف رۆکردن لەناو مزگەوتا گوناهە، کەفارەتەکەی ئەوەیە کە دایپۆشێ (ش/د/ت).

٧١٣- وَلمسلم: عُرِضَتْ عَلَيَّ أَعْمَالُ أُمَّتِي حَسَنُهَا وَسَيِّئُهَا فَوَجَدْتُ فِي مَحَاسِنِ أَعْمَالِهَا الأَذَى يُمَاطُ عَنِ الطَّرِيقِ وَوَجَدْتُ فِي مَسَاوِي أَعْمَالِهَا النُّخَاعَةَ تَكُونُ فِي الْمَسْجِدِ لاَ تُدْفَنُ(٨).

ئەبو ذەڕ (خوای لێ رازی بێ) گوتی: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: چاك‌و خراپی کردەوەی ئۆمەتم رانوێنرا بۆم‌و هەموویان نیشاندام، دیتم کە لابردنی ئازاری سەررێگە یەکێ بوو لە کردەوە جوانەکانیان، وە چڵم‌و بەڵغەم رۆکردنیش لەناو مزگەوتا یەکێ بوو لە کردەوە خراپەکانیان، ئەگەر نەیشارنەوە (م).

٧١٤- (ب - ١ ز - ٩٧ ژمارە: ٥٧٩/١). في هذه الرواية: وَعَنْهُ (أي عن أنس (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَأَى نُخَامَةً فِي الْقِبْلَةِ، فَحَكَّهَا بِيَدِهِ، وَرُئِيَ مِنْهُ كَرَاهِيَةٌ، أَوْ رُئِيَ كَرَاهِيَتُهُ لِذَلِكَ وَشِدَّتُهُ عَلَيْهِ وَقَالَ: إِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا قَامَ فِي صَلاَتِهِ فَإِنَّمَا يُنَاجِي رَبَّهُ فَلاَ يَبْزُقَنَّ فِي قِبْلَتِهِ، وَلَكِنْ عَنْ يَسَارِهِ أَوْ تَحْتَ قَدَمِهِ، ثُمَّ أَخَذَ طَرَفَ رِدَائِهِ فَبَزَقَ فِيهِ، وَرَدَّ بَعْضَهُ عَلَى بَعْضٍ، وَقَالَ: أَوْ يَفْعَلُ هَكَذَا(٩).

دیسان ئەنەس (رەزای خودای لێبێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەناو مزگەوتا بە رووی قیبلەوە بەڵغەمێکی چاو پێکەوت، زۆری پێ ناخۆش بوو، یا گوتی گەلێکی پێ ناخۆش بوو، وە زۆری پێ گران بوو، بۆیە فەرمووی: ئێوە کە لەناو نوێژا رادەوەستن ئەوە لەگەڵ پەروەردگاری خۆتانا قسەی پەنهانی خۆتان

(٧) بخاري. صلاة: ٤١٥. مسلم. مساجد: ١٢٣٢. أبو داود. صلاة: ٤٧٤. ترمذي. صلاة: ٥٧٢. نسائي. مساجد: ٧٢٣.

(٨) مسلم. مساجد: ١٢٣٣.

(٩) بخاري. صلاة: ٤١٢ - ٤١٥. مسلم. مساجد: ١٢٢٣ - ١٢٣٠. أبو داود. صلاة: ٤٧٩.

دەكەن و گوفتوگۆ لەگەڵ ئەو زاتە مەزنەدا دەكەن، كەوابوو لە رووی رووگەوە تف و بەڵغەم و چڵم رۆمەكەن، بەڵام ئەگەر هەر چارتان نەبوو لەلای چەپتانەوە، یا لە ژێر پێتانا تف بكەن و بە خۆڵ و چەوی ناومزگەوتەكە داپپۆشن ئینجا حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) چمكی لە شپۆشەكەی خۆی گرت و تفی تێ كردو وڵپیەوە بە سەریەكاو فەرمووی: یاخود ئاوا بكەن وە حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) بەڵغەمەكەی رووی رووگەشی بە دەستی خۆی كڕاند (ش/د).

٧١٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَجُلاً أَسْوَدَ أَوِ امْرَأَةً سَوْدَاءَ كَانَ يَقُمُّ الْمَسْجِدَ ، فَمَاتَ ، فَسَأَلَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنْهُ فَقَالُوا: مَاتَ، قَالَ: أَفَلاَ كُنْتُمْ آذَنْتُمُونِي بِهِ، دُلُّونِي عَلَى قَبْرِهِ، فَأَتَى قَبْرَهُ فَصَلَّى عَلَيْهِ. رَوَاهُما الثلاثة[١٠].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پیاوێكی رەش (یا ئافرەتێكی رەش) مزگەوتی دەماڵی ئەمری خودای كردو فەرمانی هەقی بەجێ هێنا، رۆژێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هەواڵی پرسی، گوتیان: مرد! فەرمووی: ئەی نەدەبوو پێم بڵێن! گۆڕەكەیم نیشان بدەن ئینجا رۆیشتە سەر گۆڕەكەی و نوێژی لەسەری كرد (ش/د).

٧١٦- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: عُرِضَتْ عَلَيَّ أُجُورُ أُمَّتِي حَتَّى الْقَذَاةُ يُخْرِجُهَا الرَّجُلُ مِنَ الْمَسْجِدِ وَعُرِضَتْ عَلَيَّ ذُنُوبُ أُمَّتِي فَلَمْ أَرَ ذَنْبًا أَعْظَمَ مِنْ سُورَةٍ مِنَ الْقُرْآنِ أَوْ آيَةٍ أُوتِيَهَا رَجُلٌ ثُمَّ نَسِيَهَا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ واترمذي[١١].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەرچی پاداشی ئۆمەتم هەیە هەمووی رانوێنرا بۆم و پیشانمدرا، تەنانەت پاداشی ئەو پۆش و پەڵاشەش كەیەكێ لە مزگەوت دەیماڵێ و فرێی دەدا، وە هەرچی گوناهی ئۆمەتیشم هەیە رانوێنرا بۆم، كەسم نەدی كە گوناهی لە

(١٠) بخاري. صلاة: ٤٥٨ ، ٤٦٠ ، ١٣٣٧. مسلم. جنائز: ٢٢١٢. أبو داود. جنائز: ٣٢٠٣.

(١١) بسند غريب (شرحه).

گوناهی ئەو پیاوە گەورەتر بێ کە سوورەتێ، یا ئایەتێکی قورئانی لەبەر بووبێ و لەپاشا لەبیری بچێتەوە (د/ت).

٧١٧- عن عَبَّادِ بْنِ تَمِيمٍ عَنْ عَمِّهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّهُ رَأَى النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مُسْتَلْقِيًا فِي الْمَسْجِدِ وَاضِعًا إِحْدَى رِجْلَيْهِ عَلَى الأُخْرَى. رَوَاهُ الخمسة[١٢].

عەببادی کوڕی تەمیم گوتی: مامم (خوای لێ رازی بێ) گوتی: بە چاوی خۆم پێغەمبەرم دی (دروودی خوای لەسەربێ) لە مزگەوت لە سەرپشت راکشابوو، لنگی نابووە سەرلنگی (ش/د/ت/ن).

٧١٨- وَكَانَ أَبْنُ عُمَرَ وَهُوَ شَابٌّ أَعْزَبُ لاَ أَهْلَ لَهُ يَنَامُ فِي مَسْجِدِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). رَوَاهُ البخاري واترمذي[١٣].

جاران ئیبنو عومەر کە رەبەن[١] و بێ خێزان بوو لە مزگەوتەکەی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) دەخەوت (ب/ت).

٧١٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: بَعَثَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خَيْلاً قِبَلَ نَجْدٍ، فَجَاءَتْ بِرَجُلٍ مِنْ بَنِي حَنِيفَةَ يُقَالُ لَهُ ثُمَامَةُ بْنُ أُثَالٍ، فَرَبَطُوهُ بِسَارِيَةٍ مِنْ سَوَارِي الْمَسْجِدِ، رَوَاهُ الثلاثة[١٤].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەستەیێ سواری نارد بۆلای نەجد، کە گەڕانەوە زەلامێکی بەنی حەنیفەییان هێنابو، ناوی ثومامەی کوڕی ئوثال بوو، بەستیانەوە بە یەکێك لە کۆڵەکەکانی مزگەوتەوە! (ش/د).

---

(١٢) بخاري. صلاة: ٤٧٥ ، ٥٩٦٩ ، ٦٢٨٧. مسلم. لباس: ٥٤٧١ ، ٥٤٦٨ — ٥٤٧٠. أبو داود ، أدب: ٤٨٦٦. ترمذي. أدب: ٢٧٦٥. نسائي. مساجد: ٧٢٠.

(١٣) بخاري. صلاة: ٤٤٠ ، ١١٢١ ، ١١٥٦ ، ٣٧٣٨ ، ٣٧٤٠ ، ٧٠١٥ ، ٧٠٢٨ ، ٧٠٣٠.

[١] رەبەن: زەلامی گەنجی بێ ژنو ماڵ (فەرهەنگی خاڵ)

(١٤) بخاري. صلاة: ٤٦٢ ، ٤٦٩ ، ٢٤٢٢ ، ٢٤٢٣ ، ٤٣٧٢. مسلم. جهاد: ٤٥٦٤.

٧٢٠- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ عِفْرِيتًا مِنَ الْجِنِّ تَفَلَّتَ عَلَيَّ الْبَارِحَةَ - أَوْ كَلِمَةً نَحْوَهَا - لِيَقْطَعَ عَلَيَّ الصَّلاَةَ ، فَأَمْكَنَنِي اللَّهُ مِنْهُ فَأَرَدْتُ أَنْ أَرْبِطَهُ إِلَى سَارِيَةٍ مِنْ سَوَارِي الْمَسْجِدِ ، حَتَّى تُصْبِحُوا وَتَنْظُرُوا إِلَيْهِ كُلُّكُمْ ، فَذَكَرْتُ قَوْلَ أَخِي سُلَيْمَانَ: رَبِّ هَبْ لِي مُلْكًا لاَ يَنْبَغِي لأَحَدٍ مِنْ بَعْدِي. فَرَدَّهُ خَاسِئًا. رَوَاهُ الشيخان[١٥].

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: دوێ شەو دێوێکی جنۆکە لەپڕ پەلاماری دام یا ووشەیەکی ئاوای فەرموو بۆ ئەوە پەلاماری دام، تاکوو نوێژەکەم پێ ببڕێ، بەڵام لە سایەی خوداوە دەستم لێی گیربوو گرتم، ویستم کە بی بستمەوە بەیەکێ لە کۆڵەکەکانی مزگەوتەوە هەتا بەیانی هەمووتان سەیری بکەن، بەڵام کە قسەکەی سولەیمان پێغەمبەری برام بیرکەوتەوە ئیتر خوێریم کرد، مەبەستم ئەو قسەیەتی کە فەرموێ: رَبِّ هَبْ لِي مُلْكًا لاَ يَنْبَعي لِاَحَدٍ مِنْ بَعْدِي: ئەی پەروەردگارم! موڵكو سامانو داراییەکی وام بدەرێ کە لەپاش من بۆ کەسی تر دەست نەدات (ش).

٧٢١- عَنِ السَّائِبِ بْنِ يَزِيدَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كُنْتُ قَائِمًا فِي الْمَسْجِدِ فَحَصَبَنِي رَجُلٌ ، فَنَظَرْتُ فَإِذَا عُمَرُ بْنُ الْخَطَّابِ فَقَالَ: اذْهَبْ فَأْتِنِي بِهَذَيْنِ. فَجِئْتُهُ بِهِمَا. وَقَالَ: مِنْ أَيْنَ أَنْتُمَا؟ قَالاَ مِنْ أَهْلِ الطَّائِفِ. قَالَ: لَوْ كُنْتُمَا مِنْ أَهْلِ الْبَلَدِ لأَوْجَعْتُكُمَا، تَرْفَعَانِ أَصْوَاتَكُمَا فِي مَسْجِدِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَوَاهُ البخاري[١٦].

سائیبی کوڕی یەزید (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە مزگەوت راوەستا بووم، پیاوێ زیخێکی تێ گرتم، کە تەماشام کرد عومەری کوڕی خەططاب بوو، گوتی: بڕۆ ئەو دوو کەسەم بۆبێنە، منیش چووم هێنامن بۆی پێی گوتن: ئێوە کوێندەرین؟ گوتیان: خەڵکی طائیفین. گوتی: ئەگەر نابەڵەد نەبوونایەو

---

(١٥) بخاري. صلاة: ٤٦١ ، ١٢١٠ ، ٣٢٨٤ ، ٣٤٢٣ ، ٤٨٠٨ ، ١٢٠٩.

(١٦) بخاري. صلاة: ٤٧٠

خەڵکی ئەم شارە بوونایە ئێشم پێ دەگەیاندن، چۆن لە مزگەوتی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) دەنگە دەنگ دەکەن! (ب).

٧٢٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ سَمِعَ رَجُلاً يَنْشُدُ ضَالَّةً فِي الْمَسْجِدِ فَلْيَقُلْ لاَ رَدَّهَا اللَّهُ عَلَيْكَ فَإِنَّ الْمَسَاجِدَ لَمْ تُبْنَ لِهَذَا. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأبو دَاوُدَ(١٧).

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەگەر گوێتان لێ بوو کە یەکێ لەناو مزگەوتا بانگەواز هەڵ دەدات بۆ دۆزینەوەی شتی گومبوو، بڵێن: یاخوا نەیدۆزیتەوە، چونکە مزگەوت بۆ خوا پەرستی دروست کراوە، بۆ ئەمە دروست نەکراوە (م/د).

٧٢٣- وَلِمُسلم: أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لَمَّا صَلَّى، قَامَ رَجُلٌ فَقَالَ: مَنْ دَعَا إِلَيَ الْجَمَلِ الأَحْمَرِ، فَقَالَ: (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لاَ وَجَدْتَ. إِنَّمَا بُنِيَتِ الْمَسَاجِدُ لِمَا بُنِيَتْ لَهُ(١٨).

سولەیمانی کوڕی بورەید (خودا لێیان رازی بێ) گوتی: باوکم گوتی: کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نوێژی بەیانی بووەوە پیاوێ هەڵسا گوتی: کێ وشترێکی نێری سووری دیوەتەوە؟ پێغەمبەریش فەرمووی: (دروودی خوای لەسەربێ): دەك نەیدۆزیتەوە، مزگەوت بۆ خودا پەرستی دروست کراوە. نەك بۆ ئەم جۆرە شتانە (م).

٧٢٤- وَلِلثلاثة: مَنْ مَرَّ فِي شَيْءٍ مِنْ مَسَاجِدِنَا أَوْ أَسْوَاقِنَا بِنَبْلٍ، فَلْيَأْخُذْ عَلَى نِصَالِهَا بِكَفِّهِ، لاَ يَعْقِرْ مُسْلِمًا(١٩).

حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەگەر کەسێ تیرو شیرو نێزەو شتی وای پێبوو، وە چوو بۆ مزگەوت و بازاڕەکانمان با دەستی بگرێ بە نووکەکەیەوە، نەبادا موسوڵمانێ زامار بکات (ش/د).

---

(١٧) مسلم. مساجد: ١٢٦٠ -- ١٢٦٣. أبو داود. صلاة: ٢١.

(١٨) مسلم. مساجد: ١٢٦٢.

(١٩) بخاري. مساجد: ٤٥٢ ، ٧٠٧٥.

٧٢٥- (ب - ١ ز - ٩٨ ذمارة: ٥٨٥/٣). في هذه الرواية: عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ أَكَلَ الْبَصَلَ وَالثُّومَ وَالْكُرَّاثَ فَلاَ يَقْرَبَنَّ مَسْجِدَنَا. فَإِنَّ الْمَلاَئِكَةَ تَتَأَذَّى مِمَّا يَتَأَذَّى مِنْهُ بَنُو آدَمَ. وفي رواية: مَنْ أَكَلَ ثُومًا أَوْ بَصَلاً فَلْيَعْتَزِلْنَا أَوْ فَلْيَعْتَزِلْ مَسْجِدَنَا، وَلْيَقْعُدْ فِي بَيْتِهِ. وَفِي أُخْرى: مَنْ أَكُلَ مَنْ هَذِهِ فَلاَ يَقْرَبَنَّ مَسَاجِدَنَا حَتَّى يَذْهَبَ رِيحُهَا. رَوَاهُ الخمسة[٢٠].

جابير (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: ئەوەی پیاز دەخوا یاسیر دەخوا، یا کەوەر دەخوا، با توخنی مزگەوتمان نەکەوێ هەتا بۆنەکەی دەڕوا چونکە هەرچی ئازاری ئادەمیزاد بدات ئازاری فریشتەش دەدات، لە گێڕانەوەیەکا: ئەوی سیر یا پیازی خوارد با دوور بگرێ لێمان یا فەرمووی: با دوور بگرێ لە مزگەوتمان و لە ماڵی خۆی دابنیشێ. لە گێڕانەوەیەکی تردا: هەرکەسێ لەم گیایەی خوارد با توخنی مزگەوتەکانمان نەکەوێ تا بۆنەکەی دەڕوات (ش/د/ت/ن).**

٧٢٦- ولمسلم والنسائي: قَالَ: عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) فِي خُطْبَةٍ أَيُّهَا النَّاسُ تَأْكُلُونَ شَجَرَتَيْنِ لاَ أَرَاهُمَا إِلاَّ خَبِيثَتَيْنِ، الْبَصَلَ وَالثُّومُ، رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا وَجَدَ رِيحَهُمَا مِنَ الرَّجُلِ فِي الْمَسْجِدِ أَمَرَ بِهِ فَأُخرِجَ إِلَى الْبَقِيعِ فَمَنْ آكِلَهَمَا فَلْيُمِتْهَا طَبْخًا[٢١].

عومەر (خوای لێ رازی بێ) **لە دوان (خوطبە)یەکا گوتی: ئەی خەڵکینە! ئێوە دووگیا هەیە دەیانخۆن، من بەپیسیان دەزانم واتە پیازو سیر، بە چاوی خۆم دیومە ئەو کەسەی لە مزگەوتا پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **بۆنی ئەم دووەی لێ بکردایە فەرمانی دەدا لە مزگەوت دەریان دەکردو دەیان برد بۆ بەقیع، جا ئەوەی دەیانخوات با بیان کوڵێنێ تا بۆنەکەیان بمرێ! (م/ن).**

(٢٠) راجع رقم: ٥٩٣.

(٢١) مسلم. مساجد: ١٢٥٨ ، ٤١٢٦. نسائي. مساجد: ٧٠٧.

٧٢٧- وَللترمذي والنسائي: نَهَى ألنَّبِيُّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) عَنْ تَنَاشُدِ الأَشْعَارِ فِي الْمَسْجِدِ وَعَنِ الْبَيْعِ وَالاِشْتِرَاءِ فِيهِ وَأَنْ يَتَحَلَّقَ النَّاسُ فِيهِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ قَبْلَ الصَّلاَةِ[٢٢].

گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ئەم شتانەی لەناو مزگەوتا یاساخ كردووە: شەڕە شیعرو خوێندنەوەی هۆنراوو كڕینو فرۆشتنو ئەڵقەدانی خەڵكو دانیشتنیان بە ئەڵقە لەپێش نوێژی هەینیدا (چونكە ئەو جۆرە دانیشتنە ریزتێك دەدا (ت/ن-س/ح).

١١٩) چۆنێتی مزگەوتەكەی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەر) لەسەر دەمی خۆیدا:

صفة مسجد النبي ﷺ في عهده

٧٢٨- عَنْ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ أللّهُ عَنْهُمَا) أَنَّ الْمَسْجِدَ كَانَ عَلَى عَهْدِ النَّبِيِّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) مَبْنِيًّا بِاللَّبِنِ وَسَقْفُهُ الْجَرِيدُ وَعُمُدُهُ خَشَبُ النَّخْلِ فَلَمْ يَزِدْ فِيهِ أَبُو بَكْرٍ شَيْئًا وَزَادَ فِيهِ عُمَرُ وَبَنَاهُ عَلَى بِنَيَانِهِ فِي عَهْدِ رَسُولِ اللّهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) بِاللَّبِنِ وَالْجَرِيدِ، وَأَعَادَ عَمَدَهُ مِنْ خَشَبِ النَّخْلِ، ثُمَّ غَيَّرَهُ عُثْمَانُ فَزَادَ فِيهِ زِيَادَةً كَثِيرَةً وَبَنَى جِدَارَهُ بِالْحِجَارَةِ الْمَنْقُوشَةِ وَالْقَصَّةِ وَجَعَلَ عَمَدَهُ مِنْ حِجَارَةٍ مَنْقُوشَةٍ، وَسَقَّفَهُ بِالسَّاجِ. رَوَاهُ البخاري وأَبُو دَاوُدَ[١].

ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە سەردەمی پێغەمبەر خۆیدا (درودی خوای لەسەربێ) مزگەوتەكەی مەدینە بەخشتی كاڵ دروست كرابوو، دارە راكەیو پەردووەكەی پەلكە خورما بوو، كۆڵەكەو دەستەكەكانی لە دار خورما بوون، ئەبو بەكر هیچ دەستكاری نەكرد، بەڵام عومەر دەستكاری كردو لە پانیو لەبەرزی لێی زیاد كرد، وەلێ هەر وەك سەردەمی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دیوارەكەی بەخشتی كاڵو دارەڕاو پەردووەكەی بە پەلكە خورما دروست كردەوە وە كۆڵەكەو راژەكانیشی لە دار خورمای تازە دانایەوە، بەڵام لەپاشا

---

(٢٢) بسند حسن (شرحه).

(١) بخاري. مساجد: ٤٤٦.

عوسمان دەستكارییەكی باشی كردو زۆر شتی گۆڕی‌و گەلێكی لێ زیاكرد، ئەوە بوو دیوارەكەی بە بەردی نەخشاوو گەچ دروست كرد، وە لەباتی كۆڵەكە پایەی بە بەردی نەخشین دانا، وە بە داری ساجیش بانەكەی دارە راكرد (ب/د).

٧٢٩- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَخْطُبُ إِلَى جِذْعٍ فَلَمَّا اتَّخَذَ الْمِنْبَرَ حَنَّ الْجِذْعُ حَتَّى أَتَاهُ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَالْتَزَمَهُ فَسَكَنَ. رَوَاهُ الترمذي والبخاري[٢].

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پێشدا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) كە دووان (خوتبە)ی دەدا لەلای كۆڵەكەیەكی دارخورمادا رادەوەستاو لەكاتی خوتبەدانەكەدا شانی پێوە دەدا، لەپاشدا كە دووانگە (مینبەر)ە كەی دروست كردو چووە سەری بۆ خوتبەدان كۆڵەكەكە دڵی بەخۆی سووتاو دەستی كرد بە كوڵی گریان (وەك منداڵێ لەدایكی دابڕابێ ئاوا) تا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) چوو بۆ لای‌و دەستی كردە ملی ئەوجا داسەكناو كوڵی گریانی نیشتەوەو بێ دەنگ بوو (ت/ب).

٧٣٠- وَعَنْهُ أَنَّ امْرَأَةً قَالَتْ: يَا رَسُولَ اللّٰهِ ، أَلاَ أَجْعَلُ لَكَ شَيْئًا تَقْعُدُ عَلَيْهِ، فَإِنَّ لِي غُلاَمًا نَجَّارًا قَالَ: إِنْ شِئْتِ. فَعَمِلَتِ الْمِنْبَرَ. رَوَاهُ الثلاثة[٣].

دیسان گوتی: ئافرەتێ گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! من رەنجبەرێكی دارتاشم هەیە ئەگەر دەفەرمووی بامینبەرێكت بۆ دروست بكا لەكاتی دووان‌و خوتبەدا لەسەری دابنیشە؟ فەرمووی: ئارەزووی خۆتە. جا ژنەكەش دووانگەكەی دروست كرد (ش/د).

---

(٢) بخاري. مناقب: ٣٥٨٣ ، ٣٥٨٤ ، ٣٥٨٥.

(٣) بخاري. صلاة: ٣٧٧ ، ٤٤٨ ، ٩١٧ ، ٢٠٩٤ ، ٢٥٦٩. مسلم. مساجد: ١٢١٧. أبو داود. صلاة: ١٠٨٠. نسائي. مساجد.٧٣٨.

١٢٠) هەڵخستنو زەڕكەشكردنو نەخشاندنی مزگەوت باش نیە: يكره تشييد المساجد وزخرفتها

٧٣١- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضيَ اللهُ عَنهُماَ) عَنِ النّبِيِّ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) قَالَ: مَا أُمِرْتُ بِتَشْيِيدِ الْمَسَاجِدِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[1].

ئیبنو عەباس (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: خودا پێی نەگوتووم كە مزگەوتی بەرزو بەرچاویی دروست بكەم، (د/سند صالح).**

٧٣٢- وَقَالَ: ابْنُ عَبَّاسٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُمَا) لَتُزَخْرِفُنَّهَا كَمَا زَخْرَفَتِ الْيَهُودُ وَالنَّصَارَى. رَوَاهُ البخاري وَأَبُو دَاوُدَ[2].

ئیبنو عەبباس (خوایان لێ رازی بێ) **گوتی: هەر وەك چۆن جوولەكەكان كە نیشتەی خۆیانو گاورەكان كڵێشەی خۆیان نەخشاندووەو زەڕكەشیان دەكەن ئێوەش ئاوەها چاو لەوان دەكەنو مزگەوتەكانی خۆتان دەنەخشێننو زەڕكەشیان دەكەن! (ب/د).**

٧٣٣- عَنْ أَنَسٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النّبِيِّ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) قَالَ: لاَ تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يَتَبَاهَى النَّاسُ فِي الْمَسَاجِدِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنسائي[3].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: قیامەت هەڵناسێ تا خەڵك شانازیو فیزدەكەن بە دروستكردنی مزگەوتەوەو مزگەوتی كەشخەو بەرزو رازاوە دروست دەكەن تا خەڵك بڵێن: ئەوە مزگەوتی فیسارەكەسە (د/ن-سەنەد صالح).**

٧٣٤- وللبخاري وابن خزيمة: يَتَبَاهَوْنَ بِالْمَسَاجِدِ ثُمَّ لاَ يَعْمُرُونَهَا إِلاَّ قَلِيلاً[4].

---

(١) بسند صالح (شرحه).

(٢) رواه البخاري تعليقا بعد رقم: ٤٤٥ في الباب/ ٦٢ من كتاب الصلاة.

(٣) بسند صالح (شرحه).

(٤) هذا التعليق رواه البخاري في الباب/ ٦٢ من كتاب الصلاة بعد رقم: ٤٤٥.

دەفەرموێ (درودی خوای لەسەربێ): ڕۆژێ دەبێ موسوڵمانان فیزو شانازیی دەکەن بە دروست کردنی مزگەوتی کەشخەوەو کەچی بە دەگمەن نەبێ ئاوەدانیان ناکەنەوە (ب/ئیبنو خوزەیمە - غایەتولمەئموول).

١٢١) بەشی سێیەم: باسی ئەو شوێنانەی کە نوێژیان تیا باش نیە:
الفصل الثالث: في المواضع التي تكره فيها الصلاة

٧٣٥- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُا) أَنَّ أُمَّ سَلَمَةَ ذَكَرَتْ لِرَسُول اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَنِيسَةً رَأَتْهَا بِأَرْضِ الْحَبَشَةِ يُقَالُ لَهَا مَارِيَةُ، فَذَكَرَتْ لَهُ مَا رَأَتْ فِيهَا مِنَ الصُّوَرِ، فَقَالَ: رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أُولَئِكَ قَوْمٌ إِذَا مَاتَ فِيهِمُ الْعَبْدُ الصَّالِحُ أَوِ الرَّجُلُ الصَّالِحُ بَنَوْا عَلَى قَبْرِهِ مَسْجِدًا، وَصَوَّرُوا فِيهِ تِلْكَ الصُّوَرَ، أُولَئِكَ شِرَارُ الْخَلْقِ عِنْدَ اللّٰهِ تَعَالَى[1].

عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ئوممو سەلەمە لە وڵاتی حەبەشە کلیسایەکی دیبوو، بەناوی مارییە، باسی ئەو پەیکەرو وێنانەی گێڕایەوە بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) کە لەو کڵێسایەدا دیبوونی، فەرمووی (درودی خوای لەسەربێ): ئەوانە هۆزێکن کاتێ بەندەیەکی باش یا پیاو چاکێکیان لەناودا دەمرێ دەچن مزگەوت لەسەر گۆڕەکەی دروست دەکەن و ئەو وێنانەی تیا دەکێشن، ئەم جۆرە کەسانەش کە ئەم ڕەوشتە ناپەسەندەیان داهێناوە بەدترینی دروستکراوانی خودان لەلای خودای گەورەو مەزن (ش).

٧٣٦- وَعَنْهَا قَالَتْ: لَمَّا نُزِلَ بِرَسُول اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) طَفِقَ يَطْرَحُ خَمِيصَةً لَهُ عَلَى وَجْهِهِ ، فَإِذَا اغْتَمَّ بِهَا كَشَفَهَا عَنْ وَجْهِهِ ، فَقَالَ: وَهُوَ كَذَلِكَ: لَعْنَةُ اللّٰهِ عَلَى الْيَهُودِ وَالنَّصَارَى اتَّخَذُوا قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ مَسَاجِدَ، يُحَذِّرُ مَا صَنَعُوا. رَوَاهُما الشَّيْخان[2].

---

(١) بخاري. صلاة: ٤٢٧ ، ٤٣٤ ، ١٣٤١ ، ٣٥٧٣. مسلم. مساجد: ١١٨١.

(٢) بخاري. صلاة: ٤٣٥ ، ٤٣٦ ، ١٣٣٠ ، ٣٤٥٣ ، ٤٤٤٣ ، ٥٨١٥. مسلم. مساجد: ١١٨٧.

دیسان عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: كاتێ فریشتەی گیانكێشان هات بۆ خزمەتی حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) لەكاتی سەرەمەرگا، حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) پارچەیەكی گوڵ گوڵی دابوو بەسەر ڕووی خۆیا، ناو بەناو كە پارچەكە خەفەو تەنگە نەفەسی دەكرد ڕووی خۆی لادەدا، وە لەم كاتی سەرەمەرگەدا فەرمووی: لەعنەتو نەفرینی خودا لە جوولەكەو گاوربێ، كە گۆڕی پێغەمبەرەكانی خۆیان كردووە بە مزگەوت. پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) بەمە هەرەشەی لەم كردارە ناپەسەندەیان دەكرد نەبادا موسوڵمانیش چاو لەوان بكەنو گۆڕی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) بكەن بە مزگەوتو نوێژو پەرستشی تیا بكەنو بەرەبەرە لەپاش ڕۆژگارێكی درێژ گۆڕەكە خۆشی بپەرستن! (ش).

٧٣٧- عَنْ جُنْدَبٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سَمِعْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَبْلَ أَنْ يَمُوتَ بِخَمْسٍ وَهُوَ يَقُولُ إِنِّي أَبْرَأُ إِلَى اللَّهِ أَنْ يَكُونَ لِي مِنْكُمْ خَلِيلٌ فَإِنَّ اللَّهَ تَعَالَى قَدِ اتَّخَذَنِي خَلِيلاً كَمَا اتَّخَذَ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلاً، وَلَوْ كُنْتُ مُتَّخِذًا مِنْ أُمَّتِي خَلِيلاً لاَتَّخَذْتُ أَبَا بَكْرٍ خَلِيلاً، أَلاَ وَإِنَّ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ كَانُوا يَتَّخِذُونَ قُبُورَ أَنْبِيَائِهِمْ وَصَالِحِيهِمْ مَسَاجِدَ، أَلاَ فَلاَ تَتَّخِذُوا الْقُبُورَ مَسَاجِدَ، إِنِّي أَنْهَاكُمْ عَنْ ذَلِكَ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ والنسائي[٣].

لە جوندوبەوە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: بە پێنج شەو بەر لەمردنی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لێ یم ژنەوت دەیفەرموو: من لەلای خودا پاكانە بۆ خۆم دەكەم لەوەی كە یەكێ لەئێوە بگرم بە دۆست (خەلیل)ی خۆم، چونكە من خودای گەورە كردوومی بە دۆستی خۆی، هەر وەك چۆن ئیبراهیمی كردووە بە دۆستی خۆی، بەڵام ئەگەر لە ئۆمەتم یەكێكم بگرتایە بە دۆست بۆ خۆم، ئەبو بەكرم هەڵدەبژاردو دەمكرد بە دۆستی خۆم. ئاگادار بن كە نەتەوەكانی پێش ئێوە گۆڕی پێغەمبەرانو پیاوچاكانی خۆیان دەكرد بە مزگەوت، ئاگادار بن كە ئێوە شتی وا نەكەن، ئەوا من ئەمە لە ئێوە یاساخ دەكەم (م/ن).

---

(٣) مسلم. مساجد: ١١٨٨.

٧٣٨- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الأَرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدٌ إِلاَّ الْحَمَّامَ وَالْمَقْبُرَةَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي والحاكم وصححه[٤].

ئەبو سەعید (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: گەرماو (حەمام)و گۆڕستانی لێ دەرچێ سەر رووی زەوی هەمووی وەك مزگەوت نوێژگایە (د/ت/حا:ص).

٧٣٩- عَنِ الْبَرَاءِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سُئِلَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنِ الصَّلاَةِ فِي مَبَارِكِ الإِبِلِ فَقَالَ: لاَ تُصَلُّوا فِيهَا فَإِنَّهَا مِنَ الشَّيَاطِينِ وَسُئِلَ عَنِ الصَّلاَةِ فِي مَرَابِضِ الْغَنَمِ فَقَالَ: صَلُّوا فِيهَا فَإِنَّهَا بَرَكَةٌ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي ولفظه: صَلُّوا فِي مَرَابِضِ الغَنَمِ وَلاَ تُصَلُّوا فِي أَعْطَانِ الإِبِلِ[٥].

بەراء (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پێغەمبەریان پرسی (دروودی خوای لەسەربێ) بۆ نوێژكردن لە مۆڵگە وشتردا فەرمووی نوێژی لێ مەكەن چونكە وشتر لە بنەڕەتا لە رەگەزی شەیاطینن وە لێشیان پرسی بۆ نوێژكردن لە پەچە رانا فەرمووی: نوێژی لێ بكەن چونكە مەڕو بزن پیتو بەرەكەتن (د/ت-س/ص) گفتەی تیرمیذی (رەحمەتی خودای لێبێ) ئاوایە: لە پەچە رانا نوێژی تیا بكەن، بەڵام لە مۆڵگە وشتری سەرئاوا نوێژمەكەن.

٧٤٠- وَللشيخين والترمذي: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُصَلِّي فِي مَرَابِضِ الْغَنَمِ قَبْلَ أَنْ يُبْنَى الْمَسْجِدُ[٦].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لەپێش دروستكردنی مزگەوتەكەی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە پەچە رانیشا جاروبار نوێژی دەكرد. (ش/ت).

---

(٤) حديث صحيح عمه الحاكم.

(٥) بسند صحيح ،شرحه).

(٦) بخاري. وضوء : ٢٣٤ ، ٤٢٨ ، ٤٢٩ ، ١٨٦٨ ، ٢١٠٦ ، ٢٧٧١ ، ٢٧٧٤ ، ٢٧٧٩ ، ٣٩٣٢. مسلم. مساجد: ١١٧٤.

٧٤١- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ أللهُ عَنهُماَ) أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نَهَى أَنْ يُصَلّٰى فِي سَبْعَةِ مَوَاطِنَ فِي الْمَزْبَلَةِ وَالْمَجْزَرَةِ وَالْمَقْبُـرَةِ وَقَارِعَـةِ الطَّرِيـقِ وَفِـي الْحَمَّامِ وَفِي مَعَاطِنِ الإِبِلِ وَفَوْقَ ظَهْرِ بَيْتِ اللّٰهِ الْحَرَامِ. رَوَاهُ الترمذي[٧].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) گـوتـی: پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) نـەهی كـردووە لـە نوێـژكردن لـەم حـەوت شـوێنەدا: لـە سـەلوێنكو قەسـابخانەو گۆڕسـتانو سـەرەڕێو گـەرماوو مۆڵگـەی سـەر سەرچـاوەی ئـاو خواردنـەوەی وشترو سەر سەربانی كەعبە (ت-سند ضعيف).

٧٤٢- عَنْ عَلِيّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: نَهَانِي حَبِيبِي (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنْ أُصَلِّيَ فِي الْمَقْبُرَةِ وَنَهَانِي أَنْ أُصَلِّيَ فِي أَرْضِ بَابِلَ فَإِنَّهَـا مَلْعُونَـةٌ. رَوَاهُ أَبُـو دَاوُدَ والبخـاري ولفظه: كَرِهَ عَلِيٌّ الصَّلاَةَ بِخَسْفِ بَابِلَ. والله أعلم[٨].

عەلی (خوای لێ رازی بێ) گـوتـی: خۆشەویستەكەم حـەزرەتی پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) پێـی گوتـووم كـە لـە گۆڕسـتان نوێـژ نەكـەم، هـەر وەهـا لـەخاكی بابلیـشدا نوێـژ نەكـەم چـونكە ئـەو خاكـە نـەفرین لێ كـراوە (د-سـند ضـعيف) بوخاریش (خوای لێ رازی بێ) ئیشارەی بۆ ئـەم فەرموودەیـە كـردووەو دەڵـێ: عـەلی نوێژكردنی لە شوێنی خاكەڕۆچووەكەی بابلدا پێ ناخۆش بوو.

باسی نۆهەم: باسی نوێژ بەكۆمەڵی (نوێژی جەماعەت) ئەم باسە پێنج بەشو پاشەكییەكە

١٢٢) بەشی یەكەم: باسی خێرو گەورەیی نوێژی جەماعەت:

الباب التاسع: في الجماعة. (وفيه خمسة فصول وخاتمة):

الفصل الأول: في فضل الجماعة

قَالَ اللهُ تَعَالَى: {وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ الصَّلاَةَ فَلْتَقُمْ طَآئِفَةٌ مِّنْهُم مَّعَـكَ - ١٠٢/٤}.

---

(٧) بسند ضعيف (شرحه).

(٨) هذا التعلیق ذكره البخاري فی بدلیة الباب/ ٥٣ من كتاب الصلاة.

واتــە: خـودای مـەزن دەفـەرموێ: هـەركاتێ خـۆت لـەناويانا بـووی‌و ويستت نوێژ بكەی بۆيان، با دەستە يەكيان لەگەڵ خۆتا نوێژبكەن.

٧٤٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَـالَ: صَـلاَةُ الرَّجُلِ فِي الْجَمَاعَةِ تُضَعَّفُ عَلَى صَلاَتِهِ فِي بَيْتِهِ وَفِي سُوقِهِ خَمْسًا وَعِشْرِينَ ضِعْفًا ، وَذَلِكَ أَنَّهُ إِذَا تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ ، ثُمَّ خَرَجَ إِلَى الْمَسْجِدِ لاَ يُخْرِجُهُ إِلاَّ الصَّلاَةُ ، لَمْ يَخْطُ خَطْوَةً إِلاَّ رُفِعَتْ لَهُ بِهَا دَرَجَةٌ ، وَحُطَّ عَنْهُ بِهَا خَطِيئَةٌ ، فَـإِذَا صَـلَّى لَـمْ تَزَلِ الْمَلاَئِكَةُ تُصَلِّي عَلَيْهِ مَا دَامَ فِي مُصَلاَّهُ اللَّهُمَّ صَلِّ عَلَيْهِ ، اللَّهُـمَّ ارْحَمْـهُ. وَلاَ يَزَالُ أَحَدُكُمْ فِي صَلاَةٍ مالَم يحدث: مَا انْتَظَرَ الصَّلاَةَ. رَوَاهُ الخمسة[1].

ئـەبو هـورەيرە (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسـەربێ) فەرمووی: نوێژی پياو بەكۆمەڵی بيست‌و پێنج جار پاداش‌و خێری زۆرتـرە لە نوێژی ماڵەوەو بازاڕی (كە بە تـەنيا دەيكا) ئەوەش لەبەر ئەمەيە چونكە هـەركاتێ كـە دەسنوێژێكی جوان بگرێ‌و دەرچێ‌و بچێ بـۆ مزگـەوت‌و لـەو چـوونەی تـەنيا مەبەسـتی نوێـژ بـێ ئـەم بـەهرە گەورەيـەی بـۆ هەيـە: هـەر هەنگاوێ دەنێ پلەيێ پێی بەرز دەبێتەوەو گوناهێكی پـێ هـەڵ دەوەرێ لێـی، نوێژكـەريش كـە دەسـتی كـرد بـە نوێـژ ئـيتر فريـشتەكان هـەر دووعـاو نـزای خێـری بـۆ دەكـەن‌و رەحمـەتی لێ دەكـەن هـەتا لـەو شـوێنەدابێ كـە نوێـژی تيـا دەكـا، دەسـنوێژەكەی دەشـكێ، فريـشتەكان خـۆش خـۆش دەڵـێن: خودايـە! رەحمـەت بڕێـژە بەسـەريا، خودايـە! ميهـری لەگـەڵ بنوێنـە، وە ئێـوە هـەتا چاوەنواڕی نوێژبكەن بە ئيعتيبار وان لەناو نوێژداو پاداشی نوێژكردنتان بـۆ حليبە (ش/د/ت/ن).

٧٤٤- عَنْ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللـهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) قَـالَ: صَلاَةُ الْجَمَاعَةِ تَفْضُلُ صَلاَةَ الْفَـذِّ بِـسَبْعٍ وَعِـشْرِينَ دَرَجَـةً. رَوَاهُ الخمـسة إِلاَّ أَبـا دَاوُدَ[2].

---

(١) بخاري. أذان: ٦٤٨ ، ٦٤٩. مسلم. مساجد: ١٥٠٤ ، ١٤٧٢ — ١٤٧٨. نسائي. إمامة: ٨٣٦.

(٢) بخاري. أذان: ٦٤٥. مسلم. مساجد: ١٤٧٥. نسائي. إمامه: ٨٣٦.

ئیبنــو عومــەر (خوایـان لێ ڕازی بـێ) **گـوتی: پێغەمبــەر** (دروودی خـوای لەســەربێ) **دەفەرموێ: نوێژی جەماعەت بەبیستو حەوت پلە گەورەترە لە نوێژی کەسێ کە هەر بە تەنها خۆی بێ! (ش/ت/ن).**

٧٤٥- عَنْ أَبِي مُوسَى (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَعْظَمُ النَّاسِ أَجْرًا فِي الصَّلاَةِ أَبْعَدُهُمْ فَأَبْعَدُهُمْ مَمْشًى، وَالَّذِي يَنْتَظِرُ الصَّلاَةَ حَتَّى يُصَلِّيَهَا مَعَ الإِمَامِ أَعْظَمُ أَجْرًا مِنَ الَّذِي يُصَلِّي ثُمَّ يَنَامُ. رَوَاهُ الثلاثة[3].

لـە ئـەبو موسـاوە (خوای لێ ڕازی بێ) **لـە پێغەمبـەرەوە دەفـەرموێ** (دروودی خوای لەسـەربێ)**: مـەردوم کاتـێ دەڕۆن بـۆ نوێـژ هـەتا ڕێگەکـەیان دوور تربـێ خێـرو پاداشـیان گـەورە تـرە، ئـەو کەسەشـی کـە چـاوەڕوانی نوێـژ دەکـا هـەتا بـە جەماعەت بیکا لەگەڵ پێشنوێژدا ئەوە پاداشی گەلێ گەورەترە لەو کەسەی کە نوێژەکەی دەکا دەخەوێ (ش/د).**

٧٤٦- عَنْ عُثْمَانَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ صَلَّى الْعِشَاءَ فِي جَمَاعَةٍ فَكَأَنَّمَا قَامَ نِصْفَ اللَّيْلِ وَمَنْ صَلَّى الصُّبْحَ فِي جَمَاعَةٍ فَكَأَنَّمَا صَلَّى اللَّيْلَ كُلَّهُ. رَوَاهُ الثلاثة[4].

عوسمان (خوای لێ ڕازی بێ) **گـوتی: حـەزرەت** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفـەرموێ: هـەر کەسـێ نوێـژی خـەوتنان بـە کۆمـەڵی بکـا ئـەوە وەکـوو تانیوەشـەو شـەو نوێـژی بکـا وایـە، ئەگـەر ئـەو کەسـە نێـژی بەیانیـشی بـە جەماعـەت بکـا ئـەوە وەکوو ئەوە وایە کە ئەو شەوە هەتا بەیانی هەر شەو نوێژ بکا** (م/د/ت).

{ولفظ أبي دَاوُدَ والترمذي: مَنْ شَهِدَ الْعِشَاءَ فِي جَمَاعَةٍ كَانَ لَهُ قِيَامُ نِصْفِ لَيْلَةٍ، وَمَنْ صَلَّى الْعِشَاءَ وَالْفَجْرَ فِي جَمَاعَةٍ، كَانَ كَقِيَامِ لَيْلَةٍ}.

گفتـەی ئـەبو داوودو تیرمیـذی ئاوایـە: ئـەوەی نوێـژی خـەوتنان بـە کۆمـەڵێ بکـا پاداشـی شـەونوێژی نیـو شـەوی بـۆ هەیـە، وە ئـەوەی نوێـژی

---

(٣) بخاري. آذان: ٦٥١. مسلم. مساجد: ١٥١١.

(٤) مسلم. مساجد: ١٤٨٩. أبو داود. صلاة: ٥٥٥ ترمذي. صلاة: ٢٢١.

خەوتنانو بەیانی بە كۆمەڵی بكا ئەوە پاداشی شەونوێژی شەوێكی تەواوی بۆ هەیە.

٧٤٧- عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ صَلاَةَ الرَّجُلِ مَعَ الرَّجُلِ أَزْكَى مِنْ صَلاَتِهِ وَحْدَهُ، وَصَلاَتُهُ مَعَ الرَّجُلَيْنِ أَزْكَى مِنْ صَلاَتِهِ مَعَ الرَّجُلِ وَمَا كَثُرَ فَهُوَ أَحَبُّ إِلَى اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ. رَوَاهُ أصحاب السنن وأحمد، وصححه ابن خزيمة[٥].

ئوبەییەی كوڕی كەعب (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: نوێژی دوو پیاو بە كۆمەڵی خێری زۆر ترە لە نوێژی یەك پیاو كە بە تەنها خۆی بێ، نوێژی سێ پیاو بە جەماعەت خێری زۆر ترە لە نوێژی دوو پیاو بە جەماعەت، ئیتر هەروا بەم پێیە نوێژی جەماعەت هەتا زۆر تربێ خۆشەویستترە لەلای خودای گەورەو سەروەر (د/ت/ن/ئەحمەد: ئیبنو خوزەیمە:ص).

٧٤٨- (ب - ١ ز - ٤٤ ژمارە: ٣٣٧). ورواية هنا: عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: احْتَبَسَ عَنَّا رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ذَاتَ غَدَاةٍ عَنْ صَلاَةِ الصُّبْحِ حَتَّى كِدْنَا نَتَرَاءَى عَيْنَ الشَّمْسِ فَخَرَجَ سَرِيعًا فَثُوِّبَ بِالصَّلاَةِ فَصَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَتَجَوَّزَ فِي صَلاَتِهِ فَلَمَّا سَلَّمَ دَعَا بِصَوْتِهِ قَالَ: لَنَا: عَلَى مَصَافِّكُمْ كَمَا أَنْتُمْ ثُمَّ انْفَتَلَ إِلَيْنَا ثُمَّ وَقَالَ: أَمَا إِنِّي سَأُحَدِّثُكُمْ مَا حَبَسَنِي عَنْكُمُ الْغَدَاةَ إِنِّي قُمْتُ مِنَ اللَّيْلِ فَتَوَضَّأْتُ وَصَلَّيْتُ مَا قُدِّرَ لِي فَنَعَسْتُ فِي صَلاَتِي حَتَّى اسْتَثْقَلْتُ، فَإِذَا أَنَا بِرَبِّي تَبَارَكَ وَتَعَالَى فِي أَحْسَنِ صُورَةٍ فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ. قُلْتُ: لَبَّيْكَ رَبِّ. قَالَ: فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلأُ الأَعْلَى؟ قُلْتُ: لاَ أَدْرِى. (قَالَ:هَا ثَلاَثًا) قَالَ: فَرَأَيْتُهُ وَضَعَ كَفَّهُ بَيْنَ كَتِفَيَّ حَتَّى وَجَدْتُ بَرْدَ أَنَامِلِهِ بَيْنَ ثَدْيَيَّ فَتَجَلَّى لِي كُلُّ شَيْءٍ وَعَرَفْتُ فَقَالَ: يَا مُحَمَّدُ. قُلْتُ: لَبَّيْكَ رَبِّ قَالَ: فِيمَ يَخْتَصِمُ الْمَلأُ الأَعْلَى؟ قُلْتُ: فِي الْكَفَّارَاتِ. قَالَ: مَا هُنَّ؟ قُلْتُ: مَشْيُ الأَقْدَامِ إِلَى الحَسَنَاتِ وَالْجُلُوسُ فِي الْمَسَاجِدِ بَعْدَ الصَّلَوَاتِ وَإِسْبَاغُ الْوُضُوءِ حِينَ الكَرِيهَاتِ. قَالَ: فِيمَ قُلْتُ إِطْعَامُ

---

(٥) صحيح عنه ابن خزيمة.

الطَّعَامِ وَلِينُ الْكَلَامِ وَالصَّلَاةُ بِاللَّيْلِ وَالنَّاسُ نِيَامٌ. قَالَ: سَلْ. قُلْ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ فِعْلَ الْخَيْرَاتِ وَتَرْكَ الْمُنْكَرَاتِ وَحُبَّ الْمَسَاكِينِ وَأَنْ تَغْفِرَ لِي وَتَرْحَمَنِي وَإِذَا أَرَدْتَ فِتْنَةَ قَوْمٍ فَتَوَفَّنِي غَيْرَ مَفْتُونٍ أَسْأَلُكَ حُبَّكَ وَحُبَّ مَنْ يُحِبُّكَ وَحُبَّ عَمَلٍ يُقَرِّبُ إِلَى حُبِّكَ قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِنَّهَا حَقٌّ فَادْرُسُوهَا ثُمَّ تَعَلَّمُوهَا. رَوَاهُ الترمذي(٦).

موعاذی كوڕی جەبەل (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ڕۆژێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) درەنگ هات بۆ لامان بۆ نوێژی بەیانی، تەنانەت ئەوەندە درەنگ هات خەریكبوو خۆر خۆی ببینین، لەپاشا بە پەلەهاتو قامەتی نوێژكراو نوێژی بە گورجی بۆ كردین، جا كە سلاوی دایەوە بە دەنگی خۆی بانگی كردین پێی فەرموویـن: كەس لە جێگەی خۆی نەجوولێ ئینجا ڕووی تێكردینو فەرمووی: با پێتان بڵێم كە بۆچی ئەم بەیانیە درەنگ هاتم بۆ ناوتان: ئەم شەو هەڵسام دەسنوێژم گرتو ئەوەندەی كە خودا لە چارەی نوسیبووم نوێژم كرد، تا بەدەم نوێژكردنەوە خەو بردمیەوە، تەنانەت لەشم قورس بوو، جا كاتێكم زانی كەوا پەروەردگاری گەورەم لە جوان ترین شێوەدا هاتۆتە خەوم، فەرمووی پێم: ئەی موحەممەد! گوتم: بفەرموو ئەی پەروەردگارم! فەرمووی: ئەنجوومەنی باڵا لەسەرچی مشتومڕو دەمەقاڵیانە؟ گوتم: نازانم، حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) سێ جار ئەم پرسیارو وەڵامەی گوتەوە، ئینجا فەرمووی: جا چاوم لێ بوو خودا دەستی دانا لەسەر ناوشانم، ئیتر فێنكایی سەر پەنجەكانی گەیشت بەناو هەناوم و دڵم پڕبوو لە زانستو هەموو شتێكم بۆ ڕوون بووەوەو شت نەما كە نەیزانم جا خودا فەرموویەوە: ئەی موحەممەد! گوتم: بفەرموو ئەی بینایی چاوان! فەرموویەوە: ئەنجوومەنی باڵا لەسەرچی مشتومڕو دەمەقاڵیانە؟ گوتم: لەسەر نووسینو تۆماركردنی ئەو كردەوە باشانە مقۆمۆیانە كە دەبن بە مایەی گەیشتن بە پایە بەرزەكانی بەهەشت، یا دەبن بەهۆی سڕینەوەی گوناهو تاوان، فەرمووی: جا ئەوانە

(٦) فی التفید بسند صحیح (شرحه).

چیو چین؟ گوتم: تێكۆشانو هەنگاونانە بۆ ڕێی خێرو چاكە، وە دانیشتنە لە مزگەوت لەپاش كردنی نوێژەكان، وە دەسنوێژگرتنی تێرو تەسەلە لەكاتی خۆشیو ناخۆشیدا، فەرموویەوە: لەسەر چی تریش؟ عەرزم كرد: لە بارەی نانبدەییو قسە نەرمیو گفتارشیرینیو شەونوێژكردن لەو كاتانەدا كە خەڵك وان لە خەوی شیریندا، فەرمووی: داوابكە: بڵێ:

{اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ فِعْلَ الْخَيْرَاتِ وَتَرْكَ الْمُنْكَرَاتِ وَحُبَّ الْمَسَاكِينِ وَأَنْ تَغْفِرَ لِي وَتَرْحَمَنِي وَإِذَا أَرَدْتَ فِتْنَةَ قَوْمٍ فَتَوَفَّنِي غَيْرَ مَفْتُونٍ أَسْأَلُكَ حُبَّكَ وَحُبَّ مَنْ يُحِبُّكَ وَحُبَّ عَمَلٍ يُقَرِّبُ إِلَى حُبِّكَ}.

ئەی خودایە! داوات لێ دەكەم كە یاریدەم بدەی لەسەر كردنی كاری خێرو نەكردنی كاری خراپ، وە لەسەر خۆشەویستیی هەژارانو بێ نەوایان، وە داوات لێ دەكەم كە تاوانمبپۆشیتو ڕەحمم پێ بكەیت، هەر كاتێ ویستیشت كە هۆزێ تووشی فیتنەو ئاشووبو بشیوی بكەی بەر لەوەی كە من تووشی ئەو فیتنەیە بكەی گیانم بكێشەو بمبەرەوە بۆ لای خۆت! خودایە! داوای خۆشەویستیی خۆتت لێ دەكەم وە خۆشەویستیی ئەو كەسەش كە تۆی خۆش دەوێ، وە خۆشەویستیی ئەو كارەش كە دەبێ بەهۆی خۆشەویستیی تۆ، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەم خەونو فەرمایشتو وشانە ڕاستو دروستن هەم لەبەریان بكەنو ڕەوانیان بكەنو هەم دوعاو نزایان پێ بكەنو هەم فێری خەڵكی تریان بكەن (ت-س/ص).

١٢٣) بەشی دووە: لەم باسە حوكمی نوێژی جەماعەتە:

الفصل الثاني: في حكم الجماعة

٧٤٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَدَ نَاسًا فِي بَعْضِ الصَّلَوَاتِ فَقَالَ: لَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ آمُرَ رَجُلاً يُصَلِّي بِالنَّاسِ ثُمَّ أُخَالِفَ إِلَى رِجَالٍ يَتَخَلَّفُونَ عَنْهَا فَآمُرَ بِهِمْ فَيُحَرِّقُونَ عَلَيْهِمْ بِحُزَمِ الْحَطَبِ بُيُوتَهُمْ وَلَوْ عَلِمَ أَحَدُهُمْ أَنَّهُ يَجِدُ عَظْمًا سَمِينًا لَشَهِدَهَا يَعْنِي صَلاَةَ الْعِشَاءِ. رَوَاهُ الخمسة. وفي رواية:

إنَّ أَثْقَلَ صَلاَةٍ عَلَى الْمُنَافِقِينَ صَلاَةُ الْعِشَاءِ وَصَلاَةُ الْفَجْرِ، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِيهِمَا لأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْوًا، وَلَقَدْ هَمَمْتُ أَنْ آمُرَ بِالصَّلاَةِ فَتُقَامَ ثُمَّ آمُرَ رَجُلاً فَيُصَلِّيَ بِالنَّاسِ ثُمَّ أَنْطَلِقَ مَعِي بِرِجَالٍ مَعَهُمْ حُزَمٌ مِنْ حَطَبٍ إِلَى قَوْمٍ لاَ يَشْهَدُونَ الصَّلاَةَ فَأُحَرِّقَ عَلَيْهِمْ بُيُوتَهُمْ بِالنَّارِ[١].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) تەماشای کرد کەوا چەن کەسێ لەچەن نوێژێکا بۆ ماوەیەکە دیار نین، جا حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) بە تووڕەیی فەرمووی: بەو کەسە کە گیانی منی بە دەسە نیازم هەبوو کە بە پیاوێ بڵێم لە جیاتی خۆم بەرنوێژییەکە بۆ خەڵکەکە بکا وەخۆشم بڕۆم بۆ سەر ئەو پیاوانە کە لە نوێژی جەماعەت دوادەکەون، وە فەرمان بدەم کە بەباوشەدارماڵەکانیان بە سەردا بسووتێنن، ئەوانە ئەگەر یەکی گرتکێکی چەوریان لە مزگەوت شك ببردایە دەهاتن بۆی واتە: دەهاتن بۆ نوێژی خەوتنان (بۆ مزگەوت هەتا بەبیانووی نوێژەکەوە گرتکەکە بخۆن!) (ش/د/ت/ن) لە گێڕانەوەیەکا: قورسترین نوێژ لەسەرشانی ناپاکان نوێژی خەوتنانو نوێژی بەیانییە خۆزگە دەیانزانی کە ئەم دوو نوێژە چی خێرو خۆشییەکیان تیا هەیە، ئەو حەلە ئەگەر بە گاگۆڵکەش بووایە دەهاتن بۆیان، بەراستی خەریکبووم کە فەرمان بدەم قامەتی نوێژبکرێ وە بە پیاوێ بڵێم کە بەرنوێژییەکە بکا وە خۆشم چەند پیاوێ بە باوشەدارەوە لەگەڵ خۆم ببەمو بڕۆم بۆ گیانی ئەو پیاوانە کە نایەن بۆ نوێژی جەماعەت، وە ماڵەکانیان بە ئاگر بسووتێنم بەسەریاندا.

٧٥٠- عَنْ أَبِي الدَّرْدَاءِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَا مِنْ ثَلاَثَةٍ فِي قَرْيَةٍ وَلاَ بَدْوٍ لاَ تُقَامُ فِيهِمُ الصَّلاَةُ إِلاَّ قَدِ اسْتَحْوَذَ عَلَيْهِمُ الشَّيْطَانُ فَعَلَيْكَ بِالْجَمَاعَةِ فَإِنَّمَا يَأْكُلُ الذِّئْبُ الْقَاصِيَةَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنَسائي وَأَحمد والحاكم وصححَّه[٢].

---

(١) بخاري. أذان: ٦٤٤ ، ٦٥٧ ، ٢٤٢٠ ، ٧٢٢٤. مسلم. مساجد: ١٤٧٩ — ١٤٨٢. أبو داود. صلاة: ٥٤٩. ترمذي. صلاة: ٢١٧.

(٢) صحيح عنه الحاكم.

ئەبو دەرداء (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەرکاتێ سێ موسوڵمان یا پتر لەسێ موسوڵمان لە شوێنێکا یەکیان گرت، خوا گوندنیشن بن، خوا کۆچەری، وە نوێژی جەماعەت نەکەن، ئەوە بێگومان کەشەیتان زاڵ بووە بەسەریاناو فریوی داون، دەی ئەی پیاوی موسوڵمان! حازری جەماعەت بەو هەمیشە لەگەڵ کۆمەڵ بەو، لە گەل جێ مەمێنە چونکە گورگ ئەو مەڕە دەخوات کە لە گەلە بڕدەبێ! (د/ن/ئەحمەد/حاکم:ص).

٧٥١– عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أَتَى النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَجُلٌ أَعْمَى فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّهُ لَيْسَ لِي قَائِدٌ يَقُودُنِي إِلَى الْمَسْجِدِ أَفَأُصَلِّي فِي بَيْتِي فَرَخَّصَ لَهُ فَلَمَّا وَلَّى دَعَاهُ فَقَالَ: هَلْ تَسْمَعُ النِّدَاءَ بِالصَّلاَةِ فَقَالَ: نَعَمْ، قَالَ: فَأَجِبْ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَأَبُو دَاوُدَ والنسائي[٣].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پیاوێکی کوێر هاتە خزمەتی حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خودا! چاوساقم نیە دەستم رابکێشێ بۆ مزگەوت ئایا دەبێ کە لەماڵەوە نوێژەکانم بکەم؟ پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) لە پێشەوە ڕێگەیدا کە لەماڵەوە نوێژەکەی بکا بەڵام لەپاشا کە پیاوەکە بەرەو ماڵ گەڕایەوە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بانگی کردەوەو پێی فەرموو: کە بانگ دەدرێ بۆ نوێژ گوێت لێیەتی یانا؟ گوتی: بەڵێ گوێم لێیەتی، فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): (دەوەرە بە دەنگی بانگەکەوە!). (م/د/ن).

١٢٤) بەهانەی ڕەوای نەچوون بۆ نوێژی جەماعەت : (أعذار الجماعة)

٧٥٢– عَنْ نَافِعٍ أَنَّ ابْنَ عُمَرَ (رَضيَ اللهُ عَنهُما) أَذَّنَ بِالصَّلاَةِ فِي لَيْلَةٍ ذَاتِ بَرْدٍ وَرِيحٍ ثُمَّ قَالَ: أَلاَ صَلُّوا فِي الرِّحَالِ ثُمَّ قَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَأْمُرُ الْمُؤَذِّنَ إِذَا كَانَتْ لَيْلَةٌ ذَاتُ برد وَمَطَرٍ يَقُولُ: أَلاَ صَلُّوا فِي الرِّحَالِ. رَوَاهُ الثلاثة[١].

---

(٣) مسلم. مساجد: ١٤٨٤. نسائي. إمامه: ٨٤٩.

(١) بخاري. أذان: ٦٦٦. مسلم. صلاة المسافرين: ١٥٩٨. أبو داود. صلاة: ١٠٦٣. نسائي. أذان: ٦٥٣.

نـافیع (خودای لێ رازی بێ) گـوتی: شـەوێ سـەرماو سـۆڵەبوو، ئیبنـو عومـەر (خوایان لێ رازی بێ) بانگیدا بۆ نوێـژ، بەڵام لـەباتی حـی علـی الـصلاة كـە بەمـەعنا (خێـرا وەرن بـۆ نوێـژ)ە. گـوتی: الا صـلوا في الرحـال: ئاگـاداربن مەیـەن بـۆ جەماعەت لەبەر ئەم سەرماو سۆڵەیە بەڵكوو هەر لەماڵ‌و شوێنی خۆتـان نوێـژ بكـەن. لـە پاشـا گوتی: جـاران ئەگـەر شـەوێ سـەرماو باران بووایـە پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) بە بانگدەرەكەی دەفەرموو كە بڵێ: (الا صلوا في الرحـال): ئاگـاداربن مەیـەن بـۆ جەماعـەت بـەڵكوو هـەر لـەماڵ‌و شـوێنی خۆتـان نویـۆژ بكەن.

٧٥٣- وَقَالَ: مَحْمُودِ بْنِ الرَّبِيعِ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) كَانَ عِتْبَانُ بْنَ مَالِكٍ يَؤُمُّ قَوْمَـهُ وَهُوَ أَعْمَى، فَقَالَ: لِرَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِنَّهَا تَكُـونُ الظُّلْمَـةُ وَالـسَّيْلُ وَأَنَـا رَجُلٌ ضَرِيرُ الْبَصَرِ، فَصَلِّ يَا رَسُولَ اللَّهِ فِي بَيْتِـي مَكَانًـا أَتَّخِـذُهُ مُـصَلًّى ، فَجَـاءَهُ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: أَيْنَ تُحِبُّ أَنْ أُصَلِّيَ، فَأَشَارَ إِلَى مَكَانٍ مِنَ الْبَيْتِ، فَصَلَّى فِيهِ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). رَوَاهُ الشيخان[٢].

مـەحموودی كـوڕی رەبیـع (خوای لێ رازی بێ) گـوتی: عیتبـانی كـوڕی مالیـك پیـاوێكی كوێربـوو، بەرنوێـژیی بـۆ هۆزەكـەی خـۆی دەكـرد، رۆژێ گـوتی بـە پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ): گـەلێ جـار رێ دەكـەوێ دەبـێ بـە تاریكـستان‌و بـاران، منـیش پیـاوێكی كـوێرم‌و نـاتوانم بـەو بـاران‌و تاریكـە شـەوە بـڕۆم بـۆ مزگـەوت كـە وابـوو ئـەی پێغەمبـەری خـودا! تەشـریف بێنـە لـە ماڵەكـەما لـە شـوێنێكا نوێـژێ بكـە، تـا ئـەو شـوێن نوێـژی تـۆ بكـەم بـە نوێـژگای خـۆم، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) هات بۆلای‌و فەرمووی: لەكوێدا حـەز دەكـەی نوێـژی لێ بكـەم؟ ئـەویش جێگـەیـەكی لـە ماڵەكەیـدا نیشاندا، پێغەمبـەریش (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژی تیاكرد (ش).

---

(٢) بخاري. صلاة: ٤٢٤ ، ٤٢٥. مسلم. إيمان: ١٤٨ ، ١٤٩٤.

٧٥٤- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ سَمِعَ الْمُنَادِيَ فَلَمْ يَمْنَعْهُ مِنَ اتِّبَاعِهِ عُذْرٌ لَمْ تُقْبَلْ مِنْهُ الصَّلاَةُ الَّتِي صَلَّى، قَالُوا: وَمَا الْعُذْرُ؟ قَالَ: خَوْفٌ أَوْ مَرَضٌ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وابن ماجه[٣].

ئیبنـو عـەبباس (خوایـان لێ رازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) دەفەرمویٚ: هەرکەسێ گوێی لە بانگ بێ وە بەبێ بەهانەیەکی رەوا بە ئارەزوو نەچێ بۆ جەماعـەت ئـەو نوێـژەی بـە تـەنیا دەیکـا خـودا لێـی قـەبووڵ ناکـا، گوتیـان: بەهانـەی رەوا وەك چـی؟ فـەرمووی: وەك تـرس یـا وەك نەخۆشـی (د/ئیبنو ماجە: سند ضعيف).

١٢٥) دەشێ نوێژکەر بەشێنەیی بڕوا بۆ نوێژو هەڵەشەیی‌و پەلەپەل نەکات: ينبغي المشي الى الصلاة بسكينة

٧٥٥- عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: بَيْنَمَا نَحْنُ نُصَلِّي مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذْ سَمِعَ جَلَبَةَ رِجَالٍ فَلَمَّا صَلَّى قَالَ: مَا شَأْنُكُمْ؟ قَالُوا: اسْتَعْجَلْنَا إِلَى الصَّلاَةِ. قَالَ: فَلاَ تَفْعَلُوا، إِذَا أَتَيْتُمُ الصَّلاَةَ فَعَلَيْكُمْ بِالسَّكِينَةِ، فَمَا أَدْرَكْتُمْ فَصَلُّوا وَمَا فَاتَكُمْ فَأَتِمُّوا. رَوَاهُ الثلاثة وَفِي رِوَايَةٍ: إِذَا سَمِعْتُمُ الإِقَامَةَ فَامْشُوا إِلَى الصَّلاَةِ وَعَلَيْكُمْ بِالسَّكِينَةِ وَالْوَقَارِ وَلاَ تُسْرِعُوا، فَمَا أَدْرَكْتُمْ فَصَلُّوا وَمَا فَاتَكُمْ فَأَتِمُّوا. وَفِي أُخْرَى: إِذَا ثُوِّبَ بِالصَّلاَةِ فَلاَ يَسْعَ لَهَا أَحَدُكُمْ وَلكِنْ لِيَمْشِ وَعَلَيْهِ السَّكِينَةُ وَالْوَقَارُ، صَلِّ مَا أَدْرَكْتَ وَاقْضِ مَا سَبَقَكَ[١].

ئـەبو قـەتادە (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: ڕۆژێ پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) بەرنوێژیی بۆ دەکردین لەوکاتەدا گوێی لێ بوو کەوا چەن پیاوێ کردوویانە بە گاڵەگاڵ‌و غەڵبە غەڵب‌و زرمەزرم، جا کە نوێژەکەی تەواو کرد فەرمووی: ئەوە چیتان بـوو بـۆ واتـان دەکـرد؟ گوتیـان: پەلـەی نوێـژمان بـوو کـە بگـەین بـە جەماعـەت دا، فـەرمووی: وامەکـەن، بـەڵکوو کـە دێـن بـۆ نوێـژ لەسـەرە خـۆو

(٣) بسند ضعيف (شرحه).

(١) بخاري. أذان: ٦٣٥. مسلم. مساجد: ١٣٦٢.

هیـدیی و شـێنەیی بـن، ئـیتر چـەندە فریـای كـەوتن بـە جماعـەت بیكـەن، وە ئەوەیــشی پیــا نەگەیــشتن خۆتــان بــە تــەنها تــەواوی بكــەن (ش/د) لــە گێڕانەوەیەكا: (كە گوێتان لە قامەت بوو بەشێنەیی و بە سەلاری بچن بەلای نوێـژەوەو پەلـە مەكـەن، جـا ئـەوەی بـە جەماعـەت فریـای كـەوتن بیكـەن و ئەویشی پیا نەگەیشتن خۆتان تەواوی بكەن) لە گێڕانەویـەكی تـردا: كاتـێ قامـەتی نوێـژ دەكـرێ هـەڕا مەكـەن بـۆی، بـەڵام بـە شـێنەیی و سـەلاری بـڕۆن، هەرچی فریا كەوتن بە جەماعەت بیكـەن و ئەوەیشی پیا نەگەیشتن خۆتان بیكەنەوە!

٧٥٦- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا أُقِيمَتِ الصَّلاَةُ فَلاَ تَقُومُوا حَتَّى تَرَوْنِي. رَوَاهُ الشيخان والترمذي وزاد: حتَّى تروني خرجت[٢].

دیـسان ئــەو (خـودای لێ ڕازی بـێ) گــوتی: پێغەمبــەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) دەفـەرموێ: كاتـێ قامـەتی نوێـژ دەكـرێ هەڵمەسـن تـا مـن دەبیـنن (ش/ت) تیرمیذی ئەمەشی لێ پتر كردووە: تا من دەبینن كەوا دێم.

١٢٦) بەشی سێیەم: پێشنوێژ دەبێ چۆن بێ، بەهرەمەندان و پیاوچاكان شایانترن بەكردنی بەرنوێژی:

الفصل الثالث: في صفة الامام، أهل الفضل أحق بالامامة

٧٥٧- عَنْ مَالِكِ بْنِ الْحُوَيْرِثِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أَتَيْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنَا وَصَاحِبٌ لِي فَلَمَّا أَرَدْنَا الإِقْفَالَ مِنْ عِنْدِهِ قَالَ: لَنَا: إِذَا حَضَرَتِ الصَّلاَةُ فَأَذِّنَا ثُمَّ أَقِيمَا وَلْيَؤُمَّكُمَا أَكْبَرُكُمَا. رَوَاهُ الثلاثة[١].

مالیكی كوڕی حووەیریث (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: من و هاوڕێیەكم چووین بۆ خزمەتی حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) كە ویستمان لە خزمەتی بگەڕێینـەوە،

---

(٢) بخاري. أذان: ٦٣٧ ، ٦٣٨ ، ٩٠٩. مسلم. مساجد: ١٣٦٤.

(١) بخاري. أذان: ٦٣٠ ، ٦٢٨ ، ٦٣١ ، ٦٥٨ ، ٦٨٥ ، ٨١٩ ، ٢٨٤٨ ، ٦٠٠٨ ، ٧٢٤٦ ، مسلم. مساجد: ١٥٣٣. أبو داود. صلاة: ٥٨٩.

پێی فەرمووین: کاتێ کە نوێژ دەبێ بانگ بدەن لەپاشا قامەت بکەن، وەکێتان گەورە تربوو با ئەو بەرنوێژیتان بۆ بکا (ش/د).

٧٥٨- وَلأَبِي دَاوُدَ: لِيُؤَذِّنْ لَكُمْ خِيَارُكُمْ وَلْيَؤُمَّكُمْ قُرَّاؤُكُمْ(٢).

حەزرەت (دروودی خودای لەسەربێ) دەفەرموێ: (با هەرە باشەکانتان بانگتان بۆ بدەن، وە ئەوانەیشیان پێشنوێژیتان بۆ بکەن، کە زۆر بەجوانی قورئان دەخوێنن).

٧٥٩- عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَؤُمُّ الْقَوْمَ أَقْرَؤُهُمْ لِكِتَابِ اللَّهِ فَإِنْ كَانُوا فِي الْقِرَاءَةِ سَوَاءً فَأَعْلَمُهُمْ بِالسُّنَّةِ، فَإِنْ كَانُوا فِي السُّنَّةِ سَوَاءً فَأَقْدَمُهُمْ هِجْرَةً فَإِنْ كَانُوا فِي الْهِجْرَةِ سَوَاءً فَأَقْدَمُهُمْ سِنًّا وَلاَ يَؤُمَّنَّ الرَّجُلُ الرَّجُلَ فِي سُلْطَانِهِ وَلاَ يَقْعُدْ فِي بَيْتِهِ عَلَى تَكْرِمَتِهِ إِلاَّ بِإِذْنِهِ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ البخاري(٣).

ئەبو مەسعوود (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: کێ قورئانی پتر لەبەربوو ئەوە پێشنوێژیی بۆ گەل بکا، جا ئەگەر وەك یەك قورئانیان لەبەربوو با کامەیان باشتر شارەزای سووننەتی پێغەمبەر بوو ئەوەیان بەرنوێژییان بۆ بکا، جا ئەگەر لە مەیشا وەك یەك بوون باکێهەیان لە پێشتردا کۆچی کردبوو لە وڵاتی کوفرەوە بۆ وڵاتی ئیسلام ئەوەیان بەر نوێژییان بۆ بکا، جا ئەگەر لەوەیشا چوون یەك بوون با کامەیان بە تەمەنتربوو ئەوەیان، وە هەموو کەسێ لەقەڵمڕەوی خۆیا، دەبێ خۆی بەرنوێژیی بۆ کۆمەڵەکەی بکاو نابێ کەسی تر بەرنوێژییان بۆ بکا، مەگەر لەسەر رەزای ئەو، لەماڵەوەش لەسەر جێگەو تەختی تایبەتی یەکتریی دامەنیشن مەگەر بەرەزامەندیی خاوەنەکەی (م/د/ت/ن).

---

(٢) سكت عنه الشارح (مترجم).

(٣) تقدم تخريجه بمثل الحديث الذى قبله (الحديث ٧٦٤).

٧٦٠– عَنْ أَبِي عَطِيَّةَ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: كَانَ مَالِكُ بْنُ الْحُوَيْرِثِ يَأْتِينَا فِي مُصَلاَّنَا يَتَحَدَّثُ فَحَضَرَتِ الصَّلاَةُ يَوْمًا فَقُلْنَا لَهُ: تَقَدَّمْ. فَقَالَ: لِيَتَقَدَّمْ بَعْضُكُمْ حَتَّى أُحَدِّثَكُمْ لِمَ لاَ أَتَقَدَّمُ. سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: مَنْ زَارَ قَوْمًا فَلاَ يَؤُمَّهُمْ وَلْيَؤُمَّهُمْ رَجُلٌ مِنْهُمْ. رَوَاهُ أصحاب السنن(٤).

ئـەبو عـەطييـە (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: جـاران مـالیكی كـوڕی حـورەیریـث دەهـات بـۆ لامـان بـۆ نویـۆژگاكـەمان، لـەوێ فـەرموودەی دەخوێنـدەوە بۆمـان، ڕۆژێ كـە نوێـژ بووپێمـان گـوت پێـشكەوە بـەر نوێـژیی یەكـەمان بـۆ بكـە، گـوتی: بایـەكێ لـە خۆتـان پـێش بكـەوێ و پشنوێژییەكە بكا، وە باپێشتان بڵێم بۆ من پێش ناكەوم: لە پێغەمبەرم بیـست دەیفـەرموو (دروودی خـوای لەسـەربێ): هـەر كەسـێ چـوو بـۆ سـەردانی هۆزێ با بەر نوێژییان بۆ نەكا، با پیاوێ لـە خۆیـان بەرنوێـژییان بـۆ بكا (د/ت/ن–س/ح).

٧٦١– عَنْ أَبِي أُمَامَةَ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَـالَ: ثَلاَثَـةٌ لاَ تُجَاوِزُ صَلاَتُهُمْ آذَانَهُمُ الْعَبْدُ الآبِقُ حَتَّى يَرْجِعَ وَامْرَأَةٌ بَاتَتْ وَزَوْجُهَا عَلَيْهَا سَاخِطٌ وَإِمَامُ قَوْمٍ وَهُمْ لَهُ كَارِهُونَ. رَوَاهُ الترمذي وَأَبُو دَاوُدَ(٥).

ئـەبو ئەومامـە (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) فەرمووی: نوێژی ئەم سێ كەسە لە گوێچكەیان ڕەت نابێ و بەرز نابێتـەوە بۆ لای پەروەردگاری نازار:

یەكەم: نوێژی ئەو كۆیلەیەی لە ئاغاكەی هەڵهاتووە تا دەگەڕێتـەوە ژێـر ركێفی.

دووەم: نوێژی ئەو ژنەی كە مێردەكەی لێی زویرو دڵگیرە.

---

(٤) بسند حسن (شرحه).

(٥) رواه الترمذي بسند حسن (شرحه).

سێیەم: نوێژی ئەو بەرنوێژ (ئیمام)ە كە هۆزەكەی حەزیان لێی نیە (ت-س/ح-د) گفتەی ئەبو داوود كە لە شەرحەكەدا نەقڵ كراوە ئاوایە:

{ثَلاَثَةٌ لاَ يَقْبَلُ اللّٰهُ مِنْهُمْ صَلاَةً مَنْ تَقَدَّمَ قَوْمًا وَهُمْ لَهُ كَارِهُونَ وَرَجُلٌ أَتَى الصَّلاَةَ دِبَارًا بَعْدَ فَواتِ أَوْقاتِها وَرَجُلٌ اعْتَبَدَ مُحَرَّرَهُ}.

خودا نوێژی ئەم سێ كەسانە گیرا ناكا: كەسێ پێش كۆمەڵێ بكەوێ كە حەزی لێ نەكەن، وە كەسێ سارد نوێژبێ و لەكاتی خۆیا نوێژ نەكاو لەوە پاش بیكا، وە كەسێ یەكێكی ئازاد بە ناهەق بكا بە بەندەو كۆیلە.

٧٦٢- عَنْ ابْنِ عُمَرَ (رَضيَ أللهُ عَنهُماَ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: ثَلاَثَةٌ عَلَى كُثْبَانِ الْمِسْكِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَغْبِطُهُمُ الأَوَّلُونَ وَالآخِرُونَ: رَجُلٌ يُنَادِي بِالصَّلَوَاتِ الْخَمْسِ فِي كُلِّ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ، وَرَجُلٌ يَؤُمُّ قَوْمًا وَهُمْ بِهِ رَاضُونَ وَعَبْدٌ أَدَّى حَقَّ اللّٰهِ وَحَقَّ مَوَالِيهِ. رَوَاهُ الترمذي وأحمد[٦].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: لە رۆژی قیامەتدا ئەم سێ دەستەیە وان لەسەر تەپۆڵكەی میسك و پێشینان و پاشینان خۆزگەیان پێ دەخوازن: ئەو پیاوەی كە هەموو رۆژێ بانگ دەدا بۆ هەر پێنج نوێژەكان، وە ئەو پیاوەی پێش نوێژیی بۆ كۆمەڵێك دەكاو كۆمەڵەكە لێی رازین، وە ئەو بەندەیەی كە هەم مافی خوداو هەم مافی گەورەی خۆی بەجێ دێنێ (ت/ئەحمەد-س/ح).

١٢٧) نوێژی سووكەڵەی رێك و پێك پەسەندە : (التخفيف مع الإتقان)

٧٦٣- عَنْ أَبِي مَسْعُودٍ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) أَنَّ رَجُلاً قَالَ: وَاللّٰهِ يَا رَسُولَ اللّٰهِ إِنِّي لأَتَأَخَّرُ عَنْ صَلاَةِ الْغَدَاةِ مِنْ أَجْلِ فُلاَنٍ مِمَّا يُطِيلُ بِنَا، فَمَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) فِي مَوْعِظَةٍ أَشَدَّ غَضَبًا مِنْهُ يَوْمَئِذٍ ثُمَّ قَالَ: إِنَّ مِنْكُمْ مُنَفِّرِينَ، فَأَيُّكُمْ مَا صَلَّى

(٦) بسند حسن (شرحه).

بِالنَّاسِ فَلْيَتَجَوَّزْ، فَإِنَّ فِيهِمُ الضَّعِيفَ وَالْكَبِيرَ وَذَا الْحَاجَةِ، وَإِذَا صَلَّى لِنَفْسِهِ فَلْيُطَوِّلْ مَاشَاءَ. رَوَاهُ الخمسة(١).

ئەبو مەسعوود (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پیاوێ گوتی: بەخودا ئەی پێغەمبەر خودا! من لەبەر فیسارە كەس لە نوێژی بەیانی دوا دەكەوم، چونكە ئەوەندەی درێژدەكاتەوە پێمان! ئەبو مەسعوود گوتی: هەرگیز لە پەندان و ئامۆژگاری كرندا وەك ئەو رۆژە پێغەمبەرم ئاوا بە تووڕەیی نەبینیوە، ئینجا فەرمووی (درودی خوای لەسەربێ): هەندێ لە ئێوە مەردوم دەڕەوێننەوەو بە نوێژی دوورو درێژ خەڵك لە مزگەوت و نوێژی جەماعەت دەتەكێننەوە جا هەر كامێكتان پێشنوێژیی هەر نوێژێ دەكا بۆ ئەم خەڵكە با نوێژێكی كورتی پوختیان بۆ بكا، چونكە ئەوانە هەیانە لازەبوونە، هەیانە پیرە، هەیانە ئیش و كاری تری هەیەو پەلەیەتی بەڵام ئەگەر یەكێكتان بە تەنیا بۆ خۆی نوێژی دەكرد ئەوە چەنێ حەز دەكا ئەوەندەی درێژبكاتەوە (ش/د/ت/ن).

٧٦٤- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: مَا صَلَّيْتُ وَرَاءَ إِمَامٍ قَطُّ اَخَفَّ صَلاَةً وَلاَ أَتَمَّ مِنَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَإِنْ كَانَ لَيَسْمَعُ بُكَاءَ الصَّبِيِّ فَيُخَفِّفُ مَخَافَةَ أَنْ تُفْتَنَ أُمُّهُ. وَفِي رواية: إِنِّي لأَقُومُ فِي الصَّلاَةِ أُرِيدُ أَنْ أُطَوِّلَ فِيهَا، فَأَسْمَعُ بُكَاءَ الصَّبِيِّ، فَأَتَجَوَّزُ فِي صَلاَتِي كَرَاهِيَةَ أَنْ أَشُقَّ عَلَى أُمِّهِ. رَوَاهُ الخمسة(٢)

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پشت هیچ بەرنوێژێكەوە قەت نیوژم نەكردووە كە وەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ئاوا نوێژی هەم سووكەڵەو كورت و هەم پوخت و تەواوبێ، جاری وا دەبوو، لەناو نوێژاگریانی منداڵی لە دوورەوە بەر گوێ دەكەوت، لەبەر ئەوە نوێژەكەی بەكورتی دەكرد، نەبادا دایكی ئەو منداڵە سەری لێ بشێوێ لەناو نوێژەكەیدا كە لەپشتی

---

(١) بخاري. علم: ٩٠ ، ٧٠٢ ، ٧٠٤ ، ٦١١٠ ، ٧١٥٩. مسلم. صلاة: ١٠٤٤.

(٢) بخاري. أذان: ٧٠٨ ، ٧٠٧ ، ٧٠٩ ، ٧١٠. مسلم. صلاة: ١٠٥٤ ، ١٠٥٥ ، ١٠٥٦.

پێغەمبەرەوە دەیکرد، لە گێڕانەوەیەکا: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ڕێ دەکەوێ کە دەست دەکەم بەنوێژ دەمەوێ درێژی بکەمەوە، بەڵام کە دەنگی گریانی منالێ دەبیستم ئیتر نوێژێکی سووکەڵەی پوخت دەکەمو درێژی ناکەمەوە، مەبادا دایکی ئەو منداڵە سەخڵەت بکەم (ش/د/ت/ن).

٧٦٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: يُصَلُّونَ لَكُمْ، فَإِنْ أَصَابُوا فَلَكُمْ، وَإِنْ أَخْطَئُوا فَلَكُمْ وَعَلَيْهِمْ. رَوَاهُ البخاري وأبو داود[٣].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بەرنوێژ (ئیمام)ەکانتان بەرنوێژیتان بۆ دەکەن، جا ئەگەر بەباشی کردیان ئەوا پاداشی باشی بۆ ئێوەش‌و بۆ ئەوانیشە، خۆ ئەگەر بەباشی نەیانکرد ئەوا پاداشی باشی بۆ ئێوەیەو گوناهەکەی بۆ ئەوانە! (ب/د).

٧٦٦- عَنْ ثَوْبَانَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ يَحِلُّ لِامْرِيءٍ أَنْ يَنْظُرَ فِي جَوْفِ بَيْتِ امْرِيءٍ حَتَّى يَسْتَأْذِنَ، فَإِنْ نَظَرَ فَقَدْ دَخَلَ، وَلاَ يَؤُمُّ قَوْمَاً فَيَخُصُّ نَفْسَهُ بِالدُّعَاءِ دُونَهُمْ، فَإِنْ فَعَلَ فَقَدْ خَانَهُمْ، وَلاَ يَقُومُ إِلَى الصَّلاةِ وَهُوَ حَقِنٌ. رَوَاهُ الترمذي وأبو داود[٤].

ثەوبان (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بۆکەس ڕەوا نیە کە تەماشای ناو ماڵی کەس بکا، مەگەر خاوەن ماڵ ڕێگەی بدا، خۆ ئەگەر لە خۆیەوە تەماشای کرد ئەوە بەمەعنا بەبێ ئیزن پێدان چووەتە ماڵەوە، وە نابێ کەسێ بەرنوێژیی بۆ کۆمەڵی بکاو بە تایبەتی هەر بۆخۆی بپاڕێتەوەو گوێ بەوان نەدا، خۆ ئەگەر شتی وا بکا ئەوە گزیو ناپاکی لە کۆمەڵەکەی دەکا، نابێ کەسیش بە تەنگەتاوی واتە: بە دەسنوێژی گرانەوە - نوێژبکا (ت/غد -س/ح).

(٣) بخاري. أذان: ٦٩٤.

(٤) بسند حسن (شرحه).

١٢٨) بەرنوێژیی ئەمانە دروستە: بەندەو بەندەی ئازادكراوو كوێرو منالی فامیدە : (إمامة العبد والمولى والأعمى والمرأة والصغير)

٧٦٧- كَانَتْ عَائِشَةُ يَؤُمُّهَا عَبْدُهَا ذَكْوَانُ مِنَ الْمُصْحَفِ. رَوَاهُ البخاري والشافعي[١].

جاران عائیشە ذەكوانی بەندەی خۆی بەرنوێژیی بۆ دەكرد، لەكاتی بەرنوێژییەكەدا ذەكوان لەناو قورئاندا قورئانی ناو نوێژەكەی دەخوێند (بوخاری/شافیعی- رەحمەتی خودایان لێبێ).

٧٦٨- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُمَا) قَالَ: لَمَّا قَدِمَ الْمُهَاجِرُونَ الأَوَّلُونَ الْعُصْبَةَ مَوْضِعٌ بِقُبَاءٍ قَبْلَ مَقْدَمِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَؤُمُّهُمْ سَالِمٌ مَوْلَى أَبِي حُذَيْفَةَ، وَكَانَ أَكْثَرَهُمْ قُرْآنًا. رَوَاهُ البخاري وأبو دَاوُدَ[٢].

ئیبنو عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لەپێش تەشریف هێنانی حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) بۆ مەدینە، كۆچكەرە پێشینەكان كە هاتن بۆ عەصبە، كە شوێنەێكە لە قوباء، لەوێ سالم پێشنوێژی بۆ دەكردن، ئەوكاتە سالم لە هەموویان پتر قورئانی لەبەربوو، سالم بەندەی ئازاد كراوی ئەبوو حوذەیفە بوو (ت/د).

٧٦٩- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اسْتَخْلَفَ ابْنَ أُمِّ مَكْتُومٍ يَؤُمُّ النَّاسَ وَهُوَ أَعْمَى. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وأحمد وابن حبان[٣].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) (چوو بۆ غەزاو) ئیبنو ئوممی مەكتوومی كرد بەجێ نیشنی خۆی لەسەر شاری مەدینە هەتا خۆی لەو غەزایە گەڕایەوە، ئیبنو ئوممی مەكتووم پیاوێكی

(١) رواه البخاري: في بداية الباب/ ٥٤ من كتاب الأذان تعليقاً.

(٢) بخاري. أذان ٦٩٢ ، ٧١٧٥.

(٣) بسند حسن (شرحه).

کوێربــوو، وە لــەو ماوەیــەدا هــەر ئــەو بەرنوێــژیی بــۆ خــەڵك دەکــرد (د/ئەحمەد/ئیبنو حەببان-س/ح).

٧٧٠- عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ خَلاَّدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَزُورُ أُمَّ وَرَقَةَ فِي بَيْتِهاَ فَاسْتَأْذَنَتْهُ فِي مُؤَدِّن، فَجَعَلَ لَهَا مُؤَذِّنًا، يُؤَذِّنُ لَهَا وَأَمَرَهَا أَنْ تَؤُمَّ أَهْلَ دَارِهَا. قَالَ: عَبْدُ الرَّحْمَنِ: فَأَنَا رَأَيْتُ مُؤَذِّنَهَا شَيْخًا كَبِيرًا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والحاكم وابن خزيمة وصححه[٤].

عەبدوررەحمانی کوڕی خەللاد (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) گەلێ جار دەچوو بۆ دیدەنی ئوم وەرەقە بۆ ماڵەوە، ئوم وەرەقە داوای لە پێغەمبەر کرد کە بانگدەرێکی بۆ دابنێ، ئەویش بانگدەرێکی بۆ دانا، وە فەرمانیشی پێکرد کە ئوم وەرەقە خۆی پێشنوێژیی بکا بۆ دانیشتوانی خانووەکەی، عەبدوررەحمان دەیگوت: من خۆم ئەو بانگدەرەم دیبوو پیرە مێردێکی ئیختیار بوو (د/حاکم/ ئیبنو خوزەیمە: ئیبنو خوزەیمە ئەم حەدیثەی بەصەحیح داناوە).

٧٧١- عَنْ عَمْرُو بْنُ سَلِمَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) أَنَّهُمْ وَفَدُوا إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَلَمَّا أَرَادُوا أَنْ يَنصَرِفُوا قَالُوا: يَا رَسُولَ اللّٰهِ مَنْ يَؤُمُّنَا؟ قَالَ: أَكْثَرُكُمْ جَمْعًا لِلْقُرْآن، أَوْ أَخْذًا لِلْقُرْآن، فَكُنْتُ أَكْثَرُهُمْ جَمْعاً لِلْقرْآن، فَقَدَّمُونِي وَأَنَا غُلاَمٌ وَعَلَيَّ شَمْلَةٌ لِي فَمَا شَهِدْتُ مَجْمَعًا مِنْ جَرْمٍ إِلاَّ كُنتُ إِمَامَهُمْ، وَكُنْتُ أُصَلِّي عَلَى جَنَائِزِهِمْ إِلَى يَوْمِي هَذَا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والبخاري والنسائي[٥].

عەمری کوڕی سەلەمە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: وەفدێکی بەنی جەرمی چوون بۆلای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کاتێ ویستیان بگەڕێنەوە گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! کێ بەرنوێژیمان بۆ بکا؟ فەرمووی: ئەوەتان کە لە هەمووتان زۆرتر قورئانی لەبەرە یا فەرمووی: کە لە هەمووتان پتر قورئانی وەرگرتووە منیش هەرچەند منداڵکاریش بووم بەڵام لەوان پتر قورئانم

---

(٤) صحيح عند ابن خزيمة (مترجم).

(٥) بخاري.

لەبەربوو، ئیتر لەبەر ئەوە منیان کرد بە پێشنوێژی خۆیان ئەوکاتە دیزداشەیەکی گوڵ گوڵم لەبەردا بوو، ئیتر لەو ساکەوە حازری هەر کۆمەڵێکی بەنی جەرم بووبێتم خۆم بەرنوێژیم بۆ کردوون، وە تا ئەمڕۆ نوێژیشم لەسەر تەرمی مردوویان کردووە (د/ب/ن).

٧٧٢- ولأبي داود والدار قطني: الصَّلاَةُ الْمَكْتُوبَةُ وَاجِبَةٌ خَلْفَ كُلِّ مُسْلِمٍ بَرًّا كَانَ أَوْ فَاجِرًا وَإِنْ عَمِلَ الْكَبَائِرَ(٦).

حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: نوێژی فەرز بەجەماعەت لە پشتی هەموو موسوڵمانێکەوە دروستەو پێویستە کە هەربکرێ، خوا ئەو موسوڵمانە پیاوچاك بێ خوا پیاو خراپ بێ، گریمان ئەگەر گوناهی کەبیرەیش بکا نوێژ لە پشتیەوە دروستە (د/دارە قوطنی).

١٢٩) پاشنوێژ (مەئمووم) لە کوێی پێشنوێژەوە دەوەستێ: (موقف المأموم من الإمام)

٧٧٣- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضيَ أللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: بِتُّ عِنْدَ خَالَتِي مَيْمُونَةَ فَقَامَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ، فَقُمْتُ أُصَلِّي مَعَهُ عَنْ يَسَارِهِ، فَأَخَذَنِي بِرَأْسِي، فَأَقَامَنِي عَنْ يَمِينِهِ. رَوَاهُ الخمسة(١).

ئیبنو عەبباس (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: شەوێ لە ماڵی مەیموونەی پوورم بووم کە هاوسەری پێغەمبەر بوو (درودی خوای لەسەربێ) لەشەودا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) هەڵسا بۆ شەونوێژ، منیش هەڵسام کە لەلای چەپییەوە نوێژ بکەم، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) سەری گرتمو بردمی لەلای راستی خۆیەوە رای وەستانم (ش/د/ت/ن).

---

(٦) مؤيد بالصحاح زوالعمل على ذلك (مترجم).

(١) بخاري. دعوات: ٦٣١٦ ، ١١٧ ، ١٣٨ ، ١٨٣ ، ٦٩٧ ، ٦٩٩ ، ٧٢٦ ، ٧٢٨ ، ٨٥٩ ، ٩٩٢ ، ٤٥٦٩ ، ١١٩٨ ، ٤٥٧١ ، ٤٥٧٠ ، ٤٥٧٢ ، ٥٩١٩ ، ٦٢١٥ ، ٧٤٥٢ ، ٦٣١٦. مسلم. صلاة المسافرين: ١٩٧٤. أبو داود. أدب: ٥٠٤٣. نسائي. تطبيق: ١١٢٠.

٧٧٤- عَنْ سَمُرَةَ بْنِ جُنْدَبٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أَمَرَنَا رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا كُنَّا ثَلَاثَةً أَنْ يَتَقَدَّمَنَا أَحَدُنَا. رَوَاهُ الترمذي(٢).

سەموورەی کوڕی جوندوب (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمانی پێ کردووین کە بووین بە سێ کەس یەکێکمان پێش کەوین و پێشنوێژیی بکەین بۆ ئەوانی ترمان (ت-س/ح).

٧٧٥- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّى النَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي بَيْتِ أُمِّ سُلَيْمٍ، فَقُمْتُ وَيَتِيمٌ خَلْفَهُ، وَأُمُّ سُلَيْمٍ خَلْفَنَا. رَوَاهُ الأربعة(٣).

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە ماڵی ئوم سولەیمی دایکم نوێژی کرد، من و هەتیوەکەیش لە پشتیەوە وەستاین و بووین بەڕیزێ، ئوم سولەیمیش لە پشتی ئێمەوە وەستا، وە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دوو رکات نوێژی بۆ کردین (ش/د/ت).

٧٧٦- وَعَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَمَّهُ وَامْرَأَةً مِنْهُمْ، فَجَعَلَهُ عَنْ يَمِينِهِ وَالْمَرْأَةَ خَلْفَ ذَلِكَ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأَبُو دَاوُدَ(٤).

دیسان ئەنەس گوتی: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بەرنوێژیی کرد بۆ من و بۆ ئافرەتێکی ئێمە، منی خستە لای راستی خۆیەوە، ئافرەتەکەشی خستە پشتی من و خۆیەوە! (م/د).

١٣٠) بەشی چوارەم: باسی پەیڕەویی کردنی بەرنوێژو چاولێکردنی: الفصل الرابع: في الاقتداء بالامام

٧٧٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّمَا جُعِلَ الإِمَامُ لِيُؤْتَمَّ بِهِ، فَإِذَا كَبَّرَ فَكَبِّرُوا، وَإِذَا رَكَعَ فَارْكَعُوا، وَإِذَا قَالَ: سَمِعَ اللّٰهُ لِمَنْ

---

(٢) بسند حسن (شرحه).

(٣) بخاري. صلاة: ٣٨٠ ، ٧٢٧ ، ٨٦٠ ، ٨٧١ ، ٨٧٤ ، ١١٦٤. مسلم. مساجد: ١٤٩٧. أبو داود. صلاة: ٦١٢. ترمذي. صلاة: ٢٣٤. نسائي. إمامه: ٨٠٠.

(٤) مسلم. مساجد: ١٥٠٠. أبو داود. صلاة: ٦٠٩.

حَمِدَهُ فَقُولُوا اللَّهُمَّ رَبَّنَا لَكَ الْحَمْدُ، وَإِذَا صَلَّى قَائِمًا فَصَلُّوا قِيَامًا وَإِذَا صَلَّى قَاعِدًا فَصَلُّوا قُعُودًا أَجْمَعُونَ. رَوَاهُ الخمسة ولفظ أبي دَاوُدَ: إِنَّماَ جُعِلَ الإِمامُ لِيُـؤْتَمَّ بِـهِ، فَإِذَا كَبَّرَ فَكَبِّرُوا وَلاَ تُكَبِّرُوا حَتَّى يُكَبِّـرَ، وَإِذَا رَكَـعَ فَـارْكَعُوا، وَلاَ تَرْكَعُـوا حَتَّـى يَرْكَعَ، وَإِذَا سَجَدَ فَاسْجُدُوا وَلاَ تَسْجُدُوا حَتَّى يَسْجُدَ.قَـالَ: الْحُمَيْـدِيُّ: قَوْلُـهُ إِذَا صَلَّى جَالِسًا فَصَلُّوا جُلُوسًا هُوَ فِي مَرَضِهِ الْقَدِيمِ، ثُمَّ صَلَّى النَّبِيُّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بَعْدَ ذَلِكَ جَالِسًا وَالنَّاسُ خَلْفَهُ قِيَامًا، لَمْ يَـأْمُرْهُمْ بِـالجُلُوسِ، وَإِنَّمَـا يُؤْخَـذُ بِـالآخِرِ فَالآخِرِ مِنْ فِعْلِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَوَاهُ البخاري[١].

ئـەبو هـورەيرە (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) فەرمووی: بەرنوێـژ (ئیمـام) بۆ ئەوە كراوە بە بەرنوێـژ، كە پـەیرەوی بكرێو چـاوی لێ بكـرێ، جـا كـە ئـەو گـوتی ئـەڵڵاهو ئەكبـەر ئێـوەش بڵـێن ئـەڵڵاهو ئەكبەر، كە ئەو چەمییەوە (واتـە: روكوعی بـرد) ئێوەش بچەمێنەوە، كە ئـەو گـوتی: (سمـع الله لمـن حمـده) ئێوە بڵێن (اللـهم ربنـا ولـك الحمـد) كە ئـەو بەراوەسـتانەوە نوێـژی كـرد ئێـوەش بـە راوەسـتانەوە نوێژبكـەن، كـە ئـەو بـە دانیـشتنەوە نوێـژی كـرد ئێـوەش هـەمووتان بـە دانیـشتنەوە نوێژبكـەن (ش/د/ت/ن) گفتـەی ئـەبو داوود ئاوایـە: بەرنوێـژ بۆیـە كـراوە بـە بەرنوێـژ تـا پەیرەوی بكرێو ببێ بەسەر مەشق، جا كە ئەو ئەڵڵاهو ئەكبەری كرد ئێوەش ئەڵڵاهو ئەكبەر بكەن، وە هەتا ئـەو نـەڵێ ئـەڵڵاهو ئەكبـەر ئێوە مـەڵێن ئـەڵڵاهو ئەكبەر، كە ئەو چوو بۆ چەمینەوە (روكووع) ئێـوەش بچن بۆ چـەمینەوە، وە هەتا ئەو نەچەمێتەوە ئێوەش مەچەمێنەوە، كە ئەو كوڕنووشـی بـرد ئێـوەش كوڕنـووش بـەرن، وە هـەتا ئـەو كوڕنـووش نـەبا ئێـوەش كوڕنـووش مەبـەن حومەیـدی (مامۆسـتای شـێخی بوخـاری (رەحمەتی خودایان لێبی) گـوتی: ئـەوە كـە پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفـەرموێ: (كـە ئـەو بەدانیـشتنەوە نوێـژی كـرد ئێـوەش بـە دانیـشتنەوە نوێژبكـەن) ئەمـە حـەزرەت لـە نەخۆشـینە كۆنەكەیـدا ئەمەی فەرمووە، ئـەگینا لـەوە دوا پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) لـە نەخۆشـیدا

---

(١) بخاري. أذان: ٨٠٥. مسلم. صلاة: ٩٢٠. نسائي. إمامة: ٧٩٢ ، ١٦٠.

خۆی بەدانیشتنەوە نوێژی کردووەو خەڵکەکە لە پشتیەوە بە پێوە نوێژیان کردووە، وە حەزرەت نەشی گوتووە پێیان کە دابنیشن، وە کردارەکانی پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) کامیان لە پاشتربێ بەوەیان رەفتار دەکرێ(ب).

٧٧٨- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَمَا يَخْشى الَّذِي يَرْفَعُ رَأْسَهُ قَبْلَ الإِمَامِ أَنْ يُحَوِّلَ اللهُ رَأْسَهُ رأسَ حِمَارٍ. وفي روايةٍ: أَنْ يُحَوِّلَ الله صُورَتَهُ في صُورَةِ حِمَارٍ. رَوَاهُ الخمسة(٢).

دیسان گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەوکەسەی کە لەپێش بەرنوێژدا سەر بەرزدەکاتەوە لە چەمینەوەو کوڕنووش، ئەدی ئەوە چۆن ناترسێ لەوە کە خودا سەری بکا بەسەری کەر! لە گێڕانەوەیەکا: کە خودا شکڵی بکا بە شکڵی کەر (ش/د/ت/ن) لە گێڕانەوەیەکی شەرحەکەدا: کە خودا سەری بکا بەسەری سەگ!

٧٧٩- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّى بِنَا رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ذَاتَ يَوْمٍ فَلَمَّا قَضَى الصَّلاَةَ أَقْبَلَ عَلَيْنَا بِوَجْهِهِ فَقَالَ: أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي إِمَامُكُمْ فَلاَ تَسْبِقُونِي بِالرُّكُوعِ وَلاَ بِالسُّجُودِ وَلاَ بِالْقِيَامِ وَلاَ بِالانْصِرَافِ فَإِنِّي أَرَاكُمْ أَمَامِي وَمِنْ خَلْفِي. ثُمَّ قَالَ: وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَوْ رَأَيْتُمْ مَا رَأَيْتُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلاً وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيرًا. قَالُوا: وَمَا رَأَيْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ قَالَ: رَأَيْتُ الْجَنَّةَ وَالنَّارَ. رَوَاهُ الشيخان(٣).

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: رۆژێکیان پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) بەرنوێژیی بۆ دەکردین، کە نوێژەکەی تەواوکرد رووی تێ کردین و فەرمووی: ئەی خەڵکینە! من بەرنوێژو پێشنوێژی ئێوەم، کەوابوو نەبەچەمینەوە، نە بە کوڕنووش، نە بە وەستان و هەڵسانەوە، نە بە سەلامدانەوە، نە بە هیچی تر پێشم مەکەون، ئێوە چ لە پێشمەوە بن چ لە پاشمەوە بن وەك یەك دەتان بینم چونکە خودا بەهرەیەکی وای پێم داوە

(٢) مسلم. صلاة: ٩٦٢-٩٦٤. بخاري. أذان: ٦٩١. أبو داود. صلاة: ٥٠٦. ترمذي. صلاة: ٥٨٢. نسائي. إمامة: ٨٢٧.

(٣) مسلم. صلاة ٩٦٠.

كە لە هەرچوارلای خۆمەوە لەیەك كاتدا شت وەك یەك دەبینم. ئینجا فەرمووی: بەو كەسە كە گیانی موحەممەدی وا لە دەسا ئەوەی من دیتم لەم نوێژەدا ئەگەر ئێوە بتان دیتبایە كەم پێ دەكەنین و زۆر دەگریان، گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! چیت دی؟ فەرمووی: بەهەشت و دۆزەخم بە چاوی خۆم دی! (ش).

٧٨٠- عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: لَقَدْ رَأَيْتُ الرِّجَالَ عَاقِدِي أُزُرِهِمْ فِي أَعْنَاقِهِمْ مِثْلَ الصِّبْيَانِ مِنْ ضِيقِ الأُزُرِ خَلْفَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: قَائِلٌ: يَا مَعْشَرَ النِّسَاءِ لاَ تَرْفَعْنَ رُءُوسَكُنَّ حَتَّى يَرْفَعَ الرِّجَالُ. رَوَاهُ الثلاثة[٤].

سەهلی كوڕی سەعد (خوای لێ رازی بێ) گوتی: بەچاوی خۆم دیومە كە پیاوان بەركۆش (ئیزار)ەكانیان لەبەر تەسك و تورسكی و نەبوونی جل و بەرگ وەك بەروانكەی منالان گرێ دەدا بە بەرۆكیانەوە، لەكاتی نوێژی جەماعەتدا كە لە پشتی پێغەمبەرەوە دەیانكرد، جا پیاوێ دەیگوت: ژنان! ئێوە سەر بەرز مەكەنەوە تا پیاوەكان هەڵ دەسنەوە نەوەك لە داوێنەوە شەرمیان دەركەوێ! (ش/د/ت).

٧٨١- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا جِئْتُمْ إِلَى الصَّلاَةِ وَنَحْنُ سُجُودٌ فَاسْجُدُوا وَلاَ تَعُدُّوهَا شَيْئًا وَمَنْ أَدْرَكَ الرَّكْعَةَ فَقَدْ أَدْرَكَ الصَّلاَةَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والدار قطني[٥].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: كاتێ دێن بۆ نوێژ ئەگەر ئێمە لە كوڕنووشدا بووین، ئەوا نوێژ دابەستن و یەكسەر كوڕنووش ببەن، بەڵام بەهیچی مەژمێرن واتە: بە ركاتێ حلێبی مەكەن، وەلێ ئەوەی فریای چەمینەوە (روكوع) بكەوێ لەگەڵ بەرنوێژدا ئەوە فریای ئەو ركاتە دەكەوێ (د/دارە قوطنی – سند صالح).

---

(٤) بخاري. صلاة: ٣٦٢ ، ٨١٤ ، ١٢١٥. مسلم. صلاة: ٩٨٦. أبو داود. صلاة: ٦٣٠.

(٥) بسند صالح (شرحه).

٧٨٢- عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا أَتَى أَحَدُكُمُ الصَّلاَةَ وَالإِمَامُ عَلَى حَالٍ فَلْيَصْنَعْ كَمَا يَصْنَعُ الإِمَامُ. رَوَاهُ الترمذي(٦).

موعاذی كوڕی جەبەل (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: كاتێ دێن بۆ نوێژی جەماعەت لەوكاتەدا پێشنوێژ خەریكی چی بوو ئێوەش وەك ئەو خەریكی ئەوەبن و ئەو چی دەكرد ئێوەش وەك ئەو ئەوە بكەن (ت-سند غريب).

١٣١) خێرو گەورەیی ڕیزی یەكەم و ڕیزەكانی پاشی
فضل الصف الأول وما يليه

٧٨٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: بَيْنَمَا رَجُلٌ يَمْشِي بِطَرِيقٍ وَجَدَ غُصْنَ شَوْكٍ عَلَى الطَّرِيقِ فَأَخَّرَهُ فَشَكَرَ اللَّهُ لَهُ فَغَفَرَ لَهُ، ثُمَّ قَالَ: الشُّهَدَاءُ خَمْسَةٌ الْمَطْعُونُ وَالْمَبْطُونُ وَالْغَرِيقُ وَصَاحِبُ الْهَدْمِ وَالشَّهِيدُ فِي سَبِيلِ اللَّهِ وَقَالَ: لَوْ يَعْلَمُ النَّاسُ مَا فِي النِّدَاءِ وَالصَّفِّ الأَوَّلِ، ثُمَّ لَمْ يَجِدُوا إِلاَّ أَنْ يَسْتَهِمُوا عَلَيْهِ لاَسْتَهَمُوا، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِي التَّهْجِيرِ لاَسْتَبَقُوا إِلَيْهِ ، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِي الْعَتَمَةِ وَالصُّبْحِ لأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْوًا. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ أبا دَاوُدَ(١).

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: جارێ پیاوێ بە ڕێگەیەكا دەڕۆیشت، تەڵێ دڕكی دی لەسەر ڕێگەكە كەوتبوو، هەڵی گرت و دووری خستەوە، خوداش لەسەر ئەوە چاكەی دایەوەو لێی خۆش بوو، ئینجا فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): ئەم پێنج كەسە شەهیدن و لەكاتی مردندا فریشتەی ڕەحمەت دێنە دیاریان.

یەكەم: كەسێ بە پەتا (تاعوون) بمرێ.

دووەم: كەسێ بە دەردی ناوسك بمرێ.

---

(٦) بسند غريب (شرحه).

(١) بخاري. أذان: ٦١٥ ، ٦٥٤ ، ٧٢١ ، ٢٦٨٩. مسلم. صلاة: ٩٨٠. ترمذي. صلاة: ٢٢٥. نسائي. مواقيت: ٥٣٩.

سێیەم: کەسێ لەئاوا بخنکێ.

چوارەم: کەسێ شت بڕووخێ بە سەریا، یا ببێ بەژێر شتەوە.

پێنجەم: کەسێ لە ڕێگەی خوادا شەهیدببێ، وە حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووشی: ئەگەر ئەم مەردومە دیانزانی خێری بانگدان و ڕیزی یەکەمی جەماعەت چەنێ گەورەیە، وە چاری تریان نەبوایە جگە لەوە کە تیرو پشکیان لەسەر بکەن، ئەوا تیرو پشکیان لێ دەکردن، جا پشکی کێ دەربچوایە ئەوە بانگی دەدا یا لە ڕیزی یەکەما دەوەستا، ئەگەر دەشیانزانی کە خێری چوون بۆ نوێژی قرچەی گەرمای نیوەڕۆ چەندە گەورەیە بە هەڕاکردن دەچوون بۆی، ئەگەر دەشیانزانی خێری جەماعەتی خەوتنان و بەیانی چەنێ گەورەیە ئەگەر بە گاگۆڵکەش بوایە دەهاتن بۆیان (ش/ت/ن).

٧٨٤- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: خَيْرُ صُفُوفِ الرِّجَالِ أَوَّلُهَا وَشَرُّهَا آخِرُهَا، وَخَيْرُ صُفُوفِ النِّسَاءِ آخِرُهَا وَشَرُّهَا أَوَّلُهَا. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاريَّ[٢].

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: باشترینی ڕیزی پیاوان ڕیزی یەکەمیانە، خراپترینیشیان دوا ڕیزیانە، باشترین ڕیزی ژنان دواریزیانە، خراپترین ڕیزیشیان یەکەم ڕیزیانە (م/د/ت/ن).

٧٨٥- (ب - ١ ز - ٥ سبق فی رقم: ٣٦ راجع رقم: ٦٧٨). وفي هَذِهِ الرواية: عَنْ حُذَيْفَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: فُضِّلْنَا عَلَى النَّاسِ بِثَلَاثٍ جُعِلَتْ صُفُوفُنَا كَصُفُوفِ الْمَلَائِكَةِ، وَجُعِلَتْ لَنَا الأَرْضُ كُلُّهَا مَسْجِدًا، وَجُعِلَتْ تُرْبَتُهَا لَنَا طَهُورًا إِذَا لَمْ نَجِدِ الْمَاءَ، وَذَكَرَ خَصْلَةً أُخْرَى. رَوَاهُ مُسْلِمٌ والنسائي[٣].

---

(٢) مسلم. صلاة: ٩٨٤. نسائي. إمامة: ٨١٩. تحفة الأشراف: ١٢٥٩٦.

(٣) راجع رقم: ٣٧ و ٦٨٦.

حوذەیفە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: خودا بەسێ خەڵات رێزو فەزڵی داوین بەسەر خەڵكی تردا:

یەكەم: بەوە كە ریزەكانمان (لە نوێژدا) وەك ریزی فریشتەی ئاسمان وایە.

دووەم: بەوە كە خاكی سەر رووی زەوی هەمووی بۆ ئێمە وەك مزگەوت وایە.

سێیەم: بەوە كە خۆڵەكەی بۆ ئێمە پاكو پاككەرەوەیەئەگەر ئاو نەبوو یا لە حوكمی نەبوودا بوو، ئەوكاتە لەباتی دەسنوێژ یا لەباتی غوسڵ تەیەمومی پێ دەكەین بۆ نوێژو قورئانخوێندنو زیارەتو طەوافو شتی وا، وە گێڕەرەوەی ئەم فەرموودەیە باسیی خەلاتێكی تریشی كرد ئەویش ئەمەیە كە نەسائی گێڕاوییەتەوە لەسەر فەرموودەی غایەتولمەئموولی شەرحی تاجول ئوصول:

{وَأُوتِيتُ هَذِهِ اْلآيَاتِ مِنْ خَوَاتِمِ الْبَقَرَةِ مِنْ كَنْزٍ تَحْتَ الْعَرْشِ، وَلَمْ يُعْطَهُنَّ أَحَدٌ قَبْلِي وَلاَ يُعْطَاهُنَّ أَحَدٌ بَعْدِي}

ئەم ئایەتانەی كۆتایی سوورەتی (بەقەرە)شم پێ خەڵات كراون، كە لە گەنجی ئەو گەنجینەیەن كەوا لە ژێر تەختو بارەگا (عەرش)ی خودادا، لەپێش مندا شتی وا گرانو گران بەها بەكەسی تر خەڵات نەكراوە، وە لەپاش منیش بە كەسی تر خەڵات ناكرێ (م/ن).

٧٨٦- عَنِ الْبَرَاءِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إنَّ اللَّهَ تَعَالَى وَمَلاَئِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى الَّذِينَ يَصِلُونَ الصُّفُوفَ الأُوَلَ وَمَا مِنْ خَطْوَةٍ أَحَبَّ إِلَى اللَّهِ مِنْ خَطْوَةٍ يَمْشِيهَا العَبْدُ يَصِلُ بِهَا صَفًّا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنسائي[٤].

بەراء (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: خودای گەورەو فریشتەكانی خودا صەڵاوات دەدەن لە دیاری ئەو كەسانە كە

---

(٤) وابن حبّان والبزار بسند حسن (شرحه). {أبو داود: ٦٦٤. رياض/٩/١٠٩٠-مترجم}.

ریزەکانی پێشەوە پڕ دەکەنەوە، خۆشەویستترین هەنگاوێ کە بەندە دەینێ بۆ کاری خێر هەنگاوی ئەو بەندەیە کە دەینێ بۆ پڕکردنەوەی ریزێ لە ریزی نوێژی جەماعەت! (د/ن/ئیبنو حەببان/بەزار-س/ح).

٧٨٧- عَنِ الْعِرْبَاضِ بْنِ سَارِيَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يُصَلِّي عَلَى الصَّفِّ الأَوَّلِ ثَلاثًا وَعَلَى الثَّانِي وَاحِدَةً. رَوَاهُ النسائي والحاكم وصححَّه(٥).

عیرباضی کوڕی سارییە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) سێ جار دووعاو نزای خێری بۆ ریزی یەکەم دەکردو یەك جار بۆ ریزی دووەم (ن/حاکم:ص).

٧٨٨- روى أَبُو دَاوُدَ: إِنَّ اللَّهَ وَمَلاَئِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى مَيَامِنِ الصُّفُوفِ(٦).

حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: خوداو فریشتەکانی خودا صەڵاوات دەدەن لەسەر لای راستی ریزەکانی نوێژ (شەرحی غایەتول مەئموول).

١٣٢) پیاوچاکان لە پێشترن بۆ ریزی یەکەم
خيار الناس أولى بالصف الاول

٧٨٩- عَنْ عَبْدُ اللَّهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لِيَلِنِي مِنْكُمْ أُولُو الأَحْلاَمِ وَالنُّهَى ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ ثَلاَثَاً وَإِيَّاكُمْ وَهَيْشَاتِ الأَسْوَاقِ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاري(١).

عەبدوڵلا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) سێ جار فەرمووی: با سەلارو هۆشیارو فامیدەکانتان لەمنەوە نزیك ببنەوە،

---

(٥) صحيح عنه الحاكم.

(٦) رواه أبو داود بإسناد على شرط مسلم،وفيه رجل مختلف فى توثيقه. رياض/١٣/١٠٩٤ (مترجم).

(١) مسلم. صلاة: ٩٧١. أبو داود. صلاة. ٦٧٤. نسائى. إمامة: ٨٠٦، ٨١١. ابن ماجه. صلاة: ٩٧٦. تحفة الأشراف: ٩٩٩٤.

ئینجا ئەوانەی کە لە زرنگی و هۆشیاریدا لەوانی نزیك دەکەنەوە وە فەرمووشی: خۆشتان دوور بگرن لە بگرەو بەردەو چەقە چەقی بازاڕ! (م/د/ت/ن).

٧٩٠- عَنْ أَبِي مَالِكٍ الأَشْعَرِيُّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَصُفُّ الرِّجَالَ أَوَّلاً ثُمَّ الْغِلْمَانَ خَلْفَهُمْ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وأحمد ولفظه: وَيَجْعَلُ الرِّجَالَ قُدَّامَ أَلْغِلْمَانِ وَالغِلْمَانَ خَلْفَهُمْ وَالنِّسَاءَ خَلْفَ الْغِلْمَانَ[٢].

ئبو مالیکی ئەشئعەری (خوای لێ رازی بێ) گوتی: دەستووری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وابوو: پیاوانی لە پێشەوە ریز دەکردو کوڕوکاڵیش لە پشتی ئەوانەوە! (د/ئەحمەد) گفتەی ئەحمەد (بەر رەحمەتی خودا کەوێ) ئاوایە: پیاوانی دەخستە پێش کوڕانەوەو کوڕانی دەخستە پاش پیاوانەوەو ژنانی دەخستە پاش کوڕانەوە.

٧٩١- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَأَى فِي أَصْحَابِهِ تَأَخُّرًا فَقَالَ: لَهُمْ: تَقَدَّمُوا فَائْتَمُّوا بِي وَلْيَأْتَمَّ بِكُمْ مَنْ بَعْدَكُمْ لاَ يَزَالُ قَوْمٌ يَتَأَخَّرُونَ حَتَّى يُؤَخِّرَهُمُ اللَّهُ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأَبُو دَاوُدَ والنسائي[٣].

ئەبو سەعیدی خودری (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) تەماشای کرد هەندێ کەس لە یارانی لە رێزدا چوونەتە دواوە، فەرمووی: وەرنە پێشەوەو ئێوە پەیڕەویی من بکەن، وە با ئەوانەشی لە پشتی ئێوەوەن پەیڕەویی ئێوە بکەن و بەهۆی جموجووڵی ئێوەوە پەیڕەوی من بکەن، کۆمەڵێ دەیکەن بە پیشەو هەر دوا دەکەون، هەتا خوداش (لە پایەو پاداشی باشدا دەیانخاتە دواوە! (م/د/ن).

(٢) رواه أبو داود بسند فيه شهر بن حوشب (شرحه).

(٣) مسلم. صلاة: ٩٨١. أبو داود. صلاة: ٦٨٠. نسائي. إمامة: ٧٩٤. ابن ماجه صلاة: ٩٧٨.

١٣٣) ئەگەر پێشنوێژ نوێژ خوێندنی لێ شێوا دەشێ سەری باسەکەی بۆ دەربخرێ: (ينبغي الفتح على الامام)

٧٩٢– عَنْ ابْنِ عُمَرَ (رَضيَ اللهُ عَنهُماَ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) صَلَّى صَلاَةً فَقَرَأَ فِيهَا فَلُبِسَ عَلَيْهِ فَلَمَّا انْصَرَفَ قَالَ: لأُبَيِّ بنْ كَعْبٍ: أَصَلَّيْتَ مَعَنا قَالَ: نَعَمْ. قَالَ: فَمَا مَنَعَكَ؟ رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وابن حبان ولفظه: فَماَ مَنَعَكَ أَنْ تَفْتَحَ عَلَيَّ[1].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژی دەکرد، قورئانخوێندنەکەی لێ شێوا، کە لێبووەوە بە ئوبەیی کوڕی کەعبی فەرموو: ئەوەتۆش لەم نوێژەدا لەگەڵمانا بوویت؟ گوتی: بەڵێ، فەرمووی: ئەی بۆ پێت نەگوتمەوە (د/ئیبنو حەببان) گفتەی ئیبنو حەببان ئاوایە: ئەی بۆ سەری باسکەت بۆ دەرنەخستم و ئەو ئایەتەی کە لێم شێوابوو بۆت راست نەکردمەوە.

١٣٤) بەشی پێنجەم: باسی رێکخستنی ریزو گوتەی پێشنوێژ لەم بارەیەوە الفصل الخامس: في تسوية الصفوف وقول الامام فيها

٧٩٣– عَنْ النُّعْمَانَ بْنَ بَشِيرٍ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لَتُسَوُّنَّ صُفُوفَكُمْ أَوْ لَيُخَالِفَنَّ اللَّهُ بَيْنَ وُجُوهِكُمْ. رَوَاهُ الخمسة[1].

نوعمانی کوڕی بەشیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: یا ریزەکانتان رێك دەخەن و لە ریزی نوێژا رێك و راست رادەوەستن یاخود خودا رووتان تاقولۆق دەکاو دژایەتی و ناکۆکی و دووبەرەکی دەخاتە ناوتانەوە! (ش/د/ت/ن).

---

(١) سكت عن درجته الشارح (مترجم).

(١) بخاري. أذان: ٧١٧. مسلم. صلاة: ٩٧٧. أبو داود. صلاة: ٦٦٣ ، ٦٦٥. ترمذي. صلاة: ٢٢٧. نسائي. إمامة: ٨٠٩. ابن ماجه. صلاة: ٩٩٤.

٧٩٤- وَلِمُسْلِمٍ: كَانَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُسَوِّى صُفُوفَنَا حَتَّى كَأَنَّمَا يُسَوِّى بِهَا الْقِدَاحَ[٢].

دیسان نوعمان (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) جاران وەها بەرێكو پێكی ریزەكانی لە نوێژدا ڕێك دەخستین دەتگوت دووخە (م).

٧٩٥- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أُقِيمَتِ الصَّلاَةُ فَأَقْبَلَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِوَجْهِهِ فَقَالَ: أَقِيمُوا صُفُوفَكُمْ وَتَرَاصُّوا، فَإِنِّي أَرَاكُمْ مِنْ وَرَاءِ ظَهْرِي. رَوَاهُ الثلاثة[٣].

ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: قامەتی نوێژ كرا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) ڕووی تێ كردین و فەرمووی: ریزەكانتان ڕاست بكەنەوەو پاڵ بدەن بە یەكترییەوە، چونكە من لەپشتی سەریشمەوە چاوم لێتانە (ش/د).

٧٩٦- وللبخاري: أَقِيمُوا صُفُوفَكُمْ، فَإِنِّي أَرَاكُمْ مِنْ وَرَاءِ ظَهْرِي، وَكَانَ أَحَدُنَا يُلْزِقُ مَنْكِبَهُ بِمَنْكِبِ صَاحِبِهِ وَقَدَمَهُ بِقَدَمِهِ.وفي رواية: سَوُّوا صُفُوفَكُمْ فَإِنَّ تَسْوِيَةَ الصَّفِّ مِنْ تَمَامِ الصَّلاَةِ. وفي أخرى: اَقِيمُوا الصَّفَّ فِي الصَّلاَةِ فَإِنَّ إِقَامَةَ الصَّفِّ مِنْ حُسْنِ الصَّلاَةِ[٤].

حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرمووێ: ریزەكانتان ڕاست بكەنەوە، چونكە من لە پشتی سەریشمەوە چاوم لێتانە، ئیتر ئێمەش شانمان دەنووسان بە شانی یەكترییەوەو قاچیشمان دەلكان بە قاچی یەكترییەوە (ب) لە گێڕانەوەیەكا: ریزەكانتان ڕێك بكەن چونكە ڕێككردنی ریز بەشێكە لە تەواویی نوێژ، لە گێڕانەوەیەكی ترا: (لە نوێژدا ریز ڕاست بكەنەوە، چونكە ڕاست كردنەوەی ریز نیشانەی جوانیی نوێژە).

---

(٢) مسلم. صلاة: ٩٧٨ أبو داود. صلاة: ٦٦٣ ، ٦٦٥.

(٣) مسلم. صلاة: ٩٧٥. بخاري. أذان: ٧١٨ (٧١٩). ٧٢٥ تحفة الأشراف: ١٠٣٩.

(٤) مسلم. صلاة: ٩٧٤ ، ٩٧٦. بخاري. جماعة: ٧١٩، ٧١٨ ، ٧٢٥.

٧٩٧- عَنِ الْبَرَاءِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَتَخَلَّلُ الصَّفَّ مِنْ نَاحِيَةٍ إِلَى نَاحِيَةٍ، يَمْسَحُ صُدُورَنَا وَمَنَاكِبَنَا وَيَقُولُ: لاَ تَخْتَلِفُوا فَتَخْتَلِفَ قُلُوبُكُمْ. وَكَانَ يَقُولُ: إِنَّ اللّٰهَ وَمَلاَئِكَتَهُ يُصَلُّونَ عَلَى الصُّفُوفِ الأُوَلِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنسائي[٥].

بەراء (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەم پەڕی ریزەوە تا ئەوپەڕی ریز دەكەوتە ناو ریزەكەوەو دەستی دەهێنا بە سینگ‌و بەشانماناو رێكی دەخستین‌و دەیفەرموو: ناڕێك مەوەستن ئەگینا ناڕێكی‌و ناكۆكیتان تێ دەكەوێ، وە گەلێ جاریش دەیفەرموو خوداو فریشتەكانی خودا رەحمەت دەرێژن بەسەر ریزەكانی پێشەوەدا (د/ن-سند صالح).

٧٩٨- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا قَامَ إِلَى الصَّلاَةِ أَخَذَهُ عُوداً بِيَمِينِهِ ثُمَّ الْتَفَتَ فَقَالَ: اعْتَدِلُوا، سَوُّوا صُفُوفَكُمْ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٦].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: گەلێ جار پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كە هەڵدەسا بۆ نوێژ، تەڵێ داری دەگرت بە دەستی راستیەوەو بە پێش ریزەكەدا بەلای راستا تا ئەو سەر دەڕۆیشت‌و ریزەكەی راست دەكردەوەو دەیفەرموو: رێك راوەستن‌و ریزەكانتان رێكخەن ئینجا تەڵەدارەكەی دەگرت بە دەستی چەپییەوەو بەلای چەپیشا هەمان شتی دەكردو هەمان قسەی دەگوتەوە (د- سند صالح).

٧٩٩- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: رُصُّوا صُفُوفَكُمْ وَقَارِبُوا بَيْنَهَا وَحَاذُوا بِالأَعْنَاقِ فَوَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنِّي لأَرَى الشَّيَاطِينَ تَدْخُلُ مِنْ خَلَلِ الصَّفِّ كَأَنَّهَا الْحَذَفُ[٧].

---

(٥) مسلم. صلاة: ٩٧١. أبو داود. صلاة: ٦٧٤. نسائي. إمامة: ٨٠٦ ، ٨١١. ابن ماجه. صلاة: ٩٧٦.

(٦) بسند صالح (شرحه).

(٧) بسند صالح (شرحه). (حديث صحيح رواه أبو داود بإسناد على شرط مسلم (رياض الصالحين، رقم: ١٠٩٢/١١). (مترجم).

دیسان گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ریزەكانتان رێك خەن و پاڵ بدەن بە یەكەوەو نێوانی ریزەكان لە یەكەوە نزیك بكەنەوەو شان و ملتان لە ئاستی یەك بگرن، دەسا بەو كەسە كە گیانی منی وا لە دەسا شەیاطینی دەبینم خۆیان دەكەن بە ناو كەلەبەرو بۆشایی ناو ریزەكانا، دەڵێی كارژۆڵەو بەرخۆلەی رەشەكەڵەن! (د/ن-س/صالح).

٨٠٠- عَنْ ابْنَ عُمَرَ (رَضِيَ أللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَقِيمُوا الصُّفُوفَ وَحَاذُوا بَيْنَ الْمَنَاكِبِ، وَسُدُّوا الْخَلَلَ، وَلِينُوا بِأَيْدِي إِخْوَانِكُمْ، وَلاَ تَذَرُوا فُرُجَاتٍ لِلشَّيْطَانِ، وَمَنْ وَصَلَ صَفًّا وَصَلَهُ اللَّهُ وَمَنْ قَطَعَ صَفًّا قَطَعَهُ اللَّهُ. رَوَاهُمَا أَبُو دَاوُدَ والنَسائي[٨].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ریزەكان راست بكەنەوەو شان لە ئاستی شانی یەكتری بگرن و كەلەبەرو بۆشایی پڕبكەنەوەو مەیەڵن ریزەكان كەل بن، یا كەلەبەریان تیابێ، وە بە نەرمی بچن بە دەستی برای خۆتانەوە ئەگەر دنیابوو لە دواوە رایانكێشان بۆلای خۆیان تابەتەنیا نەوەستن لەكاتی نوێژی جەماعەتدا، وە هیچ كەلێ و بۆشایی مەهێڵنەوە بۆ شەیتان، وە ئەو كەسەی كەلیی ریزێ پڕبكاتەوە خوداش بەرەحمەتی خۆی ئەو بەسەر دەكاتەوە، وە ئەو كەسەی ریزێ بپچڕێ خوداش پەیوەندی لەگەڵ ئەودا دەپچڕێنێ (د/ن-سند صالح).

١٣٥) تەواوكردنی ریز پێویستەو باش نییە: وەستان بەتەنیا لە نوێژی جەماعەتدا: (إتمام الصفوف وكراهة الإنفراد)

٨٠١- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَتِمُّوا الصُّفُوفَ، فَإِنِّي أَرَاكُمْ خَلْفَ ظَهْرِي. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَأَبُو دَاوُدَ ولفظه. أَتِمُّوا الصَّفَّ الْمُقَدَّمَ ثُمَّ الَّذِي يَلِيهِ، فَمَا كَانَ مِنْ نَقْصٍ فَلْيَكُنْ فِي الصَّفِّ الْمُؤَخَّرِ[١].

---

(٨) أبو داود بإسناد صحيح: ٦٦٦ (رياض رقم: ١٠٩١/١٠).

(١) بخاري. أذان: ٧١٨ ، ٧١٩ ، ٧٢٥. مسلم. صلاة: ٩٧٥.

ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ریزەکان یەك لە دوای یەك تەواو بکەن، چونکە من لە پشتی سەریشمەوە چاوم لێتانە (م/د) گفتەی ئەبو داوود ئاوایە: ریزی پێشەوە تەواو بکەن، ئینجا ریزەکانی پاش ئەو، جا ئەگەر ناتەواوییەك هەبوو با بکەوێتە ریزی هەرە پاشەوە.

٨٠٢- عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَلاَ تَصُفُّونَ كَمَا تَصُفُّ الْمَلاَئِكَةُ عِنْدَ رَبِّهَمْ! قُلْنَا: وَكَيْفَ تُصَفُّ الْمَلاَئِكَةُ عِنْدَ رَبِّهَمْ؟ قَالَ: يُتِمُّونَ الصُّفُوفَ الْمُقَدَّمَةَ وَيَتَرَاصُّونَ فِي الصَّفِّ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنَسائي(٢).

جابیری کوڕی سەموورە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەرێ بۆ ریز نابەستن لە چەشنی ریزبەستنی فریشتەکان لەلای پەروەردگاریان! عەرزمان کرد: فریشتەکان لەلای پەروەردگاریان چۆن ریزدەبەستن؟ فەرمووی: ریزەکانی پێشەوە ریزبەریز تەواو دەکەنو لە ریزا پاڵ دەدەن بەیەکەوە! (د/ن-سند صالح).

٨٠٣- عَنْ عَبْدِ الْحَمِيدِ بْنِ مَحْمُودٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّيْنَا خَلْفَ أَمِيرٍ مِنَ الأُمَرَاءِ، فَاضْطَرَبَ النَّاسُ فَصَلَّيْنَا بَيْنَ السَّارِيَتَيْنِ، فَلَمَّا صَلَّيْنَا قَالَ: أَنَسٌ: كُنَّا نَتَّقِي هَذَا عَلَى عَهْدِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَوَاهُ أصحاب السُّنن(٣).

عەبدولحەمیدی کوڕی مەحموود (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: لەپشت فەرمانڕەوایەکەوە نوێژمان دەکرد، لەبەر زۆری عەشامەتاکە خەڵکەکە شەڵەژانو لەریزا ڕێك نەوەستان، وە هەندێکمان لەناوەندی دوو کۆڵەکەدا نوێژمان کرد، کە نوێژەکەمان تەواوکرد ئەنەس گوتی: لە سەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) خۆمان لەم جۆرە نوێژە لە نێوانی دوو کۆڵەکەدا دەپاراست چونکە ریزەکە دەبڕێ (د/ت/ن-س/ح).

---

(٢) رواه مسلم: ٤٣٠ رياض. رقم: ١٠٨٢/١ (أبو داود بإسناد حسن: ٦٧١. رياض/١٠٩٣/١٢ - مترجم).

(٣) بسند حسن (شرحه).

٨٠٤- عَنْ وَابِصَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَأَى رَجُلاً يُصَلِّي خَلْفَ الصَّفِّ وَحْدَهُ فَأَمَرَهُ أَنْ يُعِيدَ الصَّلاَةَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وأحمد والترمذي(٤).

وابیصە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) پیاوێکی دی بە تەنها لە پشت ریزەکەوە نوێژی دەکرد فەرمانی پێکرد کە نوێژەکەی دووبارە بکاتەوە (د/ئەحمەد/ت-س/ح).

٨٠٥- عَنْ أَبِي بَكْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: دَخَلْتُ الْمَسْجِدَ وَنَبِيُّ اللهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَاكِعٌ، فَرَكَعْتُ دَوُنَ الصَّفِّ فَقَالَ: النَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): زَادَكَ اللّٰهُ حِرْصًا وَلاَ تَعُدْ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والبخاري(٥).

ئەبو بەکرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ڕۆژێ کە چوومە ژوورەوە بۆ ناومزگەوت پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لە روکوعا بوو، منیش هەر لە دوورەوە پێش ئەوەی بگەمە ریزەکە روکوعم بردو ئینجا بە چەماوەیی رۆیشتم تا گەیشتمە ریزەکە جا لەپاش نوێژەکە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی پێم: خودا زیاتر حەریص و شێرەت بکا لەسەرکردنی کاری خێر بەڵام ئیتر وامەکەرەوە! (د/ب).

١٣٦) باسی لێبوونەوەی پێشنوێژ لە نوێژو ڕووتێکردنی لەخەڵکەکە
إنصراف الإمام من الصلاة واستقباله للناس

٨٠٦- عَنِ عَبْدُ اللّٰهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: لاَ يَجْعَلْ أَحَدُكُمْ لِلشَّيْطَانِ شَيْئًا مِنْ صَلاَتِهِ، يَرَى أَنَّ حَقًّا عَلَيْهِ أَنْ لاَ يَنْصَرِفَ إِلاَّ عَنْ يَمِينِهِ، لَقَدْ رَأَيْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَثِيرًا يَنْصَرِفُ عَنْ يَسَارِهِ. رَوَاهُ الثلاثة(١).

---

(٤) بسند حسن (شرحه).

(٥) بخاري. أذان: ٧٨٣.

(١) بخاري. أذان: ٨٥٢. مسلم. صلاة المسافرين: ١٦٣٦. أبو داود. صلاة: ١٠٤٢. نسائي. سهو: ١٣٥٩.

عەبدوڵڵا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: کەستان کارێکی وامەکەن کە بەشی شەیتان بکەوێتە نوێژەکەتانەوە، لەبەر ئەوەی کەوا بزانێ دەبێ هەر لەلای راستەوە لەنوێژ دەرچێ، بەچاوی خۆم دیومە کە زۆرجار پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەلای چەپیەوە لە نوێژ دەرچووەو جێ نوێژەکەی بەجێ هێشتووە (ش/د).

٨٠٧- وَلمسلم: قَالَ: السُّدّي: سَأَلْتُ أَنَساً كَيْفَ أَنْصَرِفُ إِذَا صَلَّيْتُ عَنْ يَمِينِي أَوْ عَنْ يَسَارِي؟ قَالَ: اَمَّا اَنَا فَأَكْثَرُ مَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَنْصَرِفُ عَنْ يَمِينِهِ[٢].

سوددی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە ئەنەسم پرسی: کە لەنوێژ بوومەوە لەکام لامەوە بڕۆم، لەلای راستمەوە بڕۆم یا لەلای چەپمەوە؟ گوتی: ئەوەی من دیومە زۆرتر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەلای راستیەوە دەڕۆی (م).

٨٠٨- عَنْ قَبِيصَةَ بْنِ هُلْبٍ عَنْ أَبِيهِ (رَضيَ اللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَؤُمُّنَا فَيَنْصَرِفُ عَلَى جَانِبَيْهِ جَمِيعًا، عَلَى يَمِينِهِ وَعَلَى شِمَالِهِ. رَوَاهُ الترمذي وأبو دَاوُدَ[٣].

قوبەیصەی کوڕی هەلیب (خوای لێ رازی بێ) گوتی: باوکم گوتی: جاران پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کە نوێژی بۆ دەکردین لەهەردوولای خۆیەوە کە نوێژەکەی تەواو دەکرد دەرۆیشت، چ لای راستی، چ لای چەپی (ت/د-س/ح).

٨٠٩- عَنْ سَمُرَةَ بْنِ جُنْدُبٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا صَلَّى أَقْبَلَ عَلَيْنَا بِوَجْهِهِ. رَوَاهُ البخاري وأبو دَاوُدَ[٤].

---

(٢) مسلم. صلاة المسافرين: ١٦٣٨. نسائي. سهو: ١٣٥٨. تحفة الأشراف: ٢٢٧.

(٣) بسند حسن (شرحه).

(٤) بخاري. أذان: ٨٤٥ ، ١١٤٣ ، ١٣٨٦ ، ٢٠٨٥ ، ٢٧٩١ ، ٣٢٣٦ ، ٣٣٥٤ ، ٤٦٧٤ ، ٦٠٩٦ ، ٧٠٤٧.

سەموورەی كوڕی جوندوب (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: دەستووری پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) وابوو لەپاش نوێژكردن بە تایبەتی لەپاش نوێژی بەیانی رووی تێ دەكردین و گوفتوگۆی لەگەڵ دەكردین (بوخاری و ئەبو داوود، ڕەحمەتی خودایان لێبێ).

٨١٠- عَنِ الْمُغِيرَةِ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ يُصَلِّي الإِمَامُ فِي الْمَوْضِعِ الَّذِي صَلَّى فِيهِ حَتَّى يَتَحَوَّلَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وابن ماجه[٥].

موغیرە (خوای لێ ڕازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: بەرنوێژ لەو شوێنەدا كە نوێژەكەی تیا كردووە نوێژی تر نەكا تا دەگوێزێتەوە بۆ جێگەیەكی تر (د/ئیبنو ماجە-بەسەندی ضەعیف).

٨١١- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَيَعْجِزُ أَحَدُكُمْ إِذَا صَلَّى أَنْ يَتَقَدَّمَ أَوْ يَتَأَخَّرَ أَوْ عَنْ يَمِينِهِ أَوْ عَنْ شِمَالِهِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وأحمد[٦].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەوە ناتوانن كە لە نوێژ بوونەوە، ئەگەر ویستتان نوێژێكی تر بكەن كەمێ بڕۆنە پێشەوە یا بچنە دواوە، یا بڕۆن بۆ لای ڕاست یا بۆ لای چەپ وە جێ گۆڕكێیەك بكەن تا هەر نوێژەی لە جێگەیەكا بكەن، وە جێگە نوێژەكان زۆربن، چونكە لە ڕۆژی قیامەتا دەبن بە شایەت بۆ نوێژكەر (د/ئەحمەد).

١٣٧) پەسەندە كە نوێژ بە جەماعەت دووبارە بكرێتەوە: (تعاد الصلاة جماعة)

٨١٢- عَنْ جَابِرٍ أَنَّ مُعَاذَ بْنَ جَبَلٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) كَانَ يُصَلِّي مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الْعِشَاءِ ثُمَّ يَأْتِي قَوْمَهُ فَيُصَلِّي بِهِمْ تِلْكَ الصَّلاَةَ. رَوَاهُ الأربعة[١].

---

(٥) بسند ضعيف (شرحه).

(٦) بسند ضعيف (شرحه).

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: موعاذی کوڕی جەبەل (خوای لێ رازی بێ) گەلێ جار لەگەڵ پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژی خەوتنانی بە جەماعەت دەکرد، ئەوجا دەگەڕایەوە بۆلای هۆزەکەی‌و لەوێ بەرنوێژیی نوێژی ئەو خەوتنانەی بۆ دەکردن (ش/د/ت).

٨١٣- عَنْ يَزِيدَ بْنِ الأَسْوَدِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّهُ صَلَّى مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ غُلاَمٌ شَابٌّ، فَلَمَّا صَلَّى إِذَا رَجُلاَنِ لَمْ يُصَلِّيَا فِي نَاحِيَةِ الْمَسْجِدِ فَدَعَا بِهِمَا فَجِيءَ بِهِمَا تُرْعَدُ فَرَائِصُهُمَا فَقَالَ: مَا مَنَعَكُمَا أَنْ تُصَلِّيَا مَعَنَا؟ قَالاَ: قَدْ صَلَّيْنَا فِي رِحَالِنَا، فَقَالَ: لاَ تَفْعَلُوا إِذَا صَلَّى أَحَدُكُمْ فِي رَحْلِهِ ثُمَّ أَدْرَكَ الإِمَامَ وَلَمْ يُصَلِّ فَلْيُصَلِّ مَعَهُ فَإِنَّهَا لَهُ نَافِلَةٌ. رَوَاهُ أصحاب السنن[٢].

یەزیدی کوڕی ئەسوەد (خوای لێ رازی بێ) گوتی: کوڕێکی گەنج‌و جەهێڵ بووم، جارێ لەگەڵ پێغەمبەرا (دروودی خوای لەسەربێ) بەجەماعەت نوێژمان کرد، کە نوێژەکەی تەواوکرد سەیری کرد کەوا دوو پیاو لەگۆشەیەکی مزگەوتەکەدا دانیشتوون‌و لەگەڵ ئێمە نوێژەکەیان نەکرد، جا ناردی بە دوایانا کە هێنایانن لە ترسانا لاتەریزەیان دەلەرزی فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): لەبەرچی لەگەڵ ئێمە نوێژتان نەکرد؟ گوتیان: لە جێگەی خۆمان نوێژمان کردووە، فەرمووی: شتی وا مەکەن، ئەگەر لە شوێنی خۆتان نوێژتان کردبوو، وە لە پاشا فریای پێشنوێژیش کەوتن کە هێشتا نوێژی نەکردبوو دیسان لەگەڵ ئەویشا نوێژەکەتان بە جەماعەت بکەنەوە، چونکە ئەمە دەبێ بە نوێژی سوننەت بۆتان (د/ت/ن-س/ص).

---

(١) بخاريز الجماعة والإمامة: ٧٠١ ، ٧٠٥ ، ٧٠٠، ٦١٠٦. مسلم. صلاة: ١٠٤٠ — ١٠٤٣. أبو داود.صلاة: ٦٠٠، ٧٩٠. نسائي. إمامة: ٨٣٤. تحفة الأشراف: ٢٥٣٣.

(٢) بسند صحيح (شرحه).

١٣٨) پاشەکی - دروستە پێشنوێژ جێ نشین بۆ خۆی دابنێ
(خاتمة - يجوز الإمام أن يستخلف غيره)

٨١٤- عَنْ سَهْلِ بْنِ سَعْدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ذَهَبَ إِلَى بَنِي عَمْرِو بْنِ عَوْفٍ لِيُصْلِحَ بَيْنَهُمْ فَحَانَتِ الصَّلاَةُ فَجَاءَ الْمُؤَذِّنُ إِلَى أَبِي بَكْرٍ فَقَالَ: أَتُصَلِّي لِلنَّاسِ فَأُقِيمَ؟ قَالَ: نَعَمْ، فَصَلَّى أَبُو بَكْرٍ ، فَجَاءَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَالنَّاسُ فِي الصَّلاَةِ ، فَتَخَلَّصَ حَتَّى وَقَفَ فِي الصَّفِّ ، فَصَفَّقَ النَّاسُ - وَكَانَ أَبُو بَكْرٍ لاَ يَلْتَفِتُ فِي صَلاَتِهِ - فَلَمَّا أَكْثَرَ النَّاسُ التَّصْفِيقَ الْتَفَتَ فَرَأَى رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، فَأَشَارَ إِلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنِ امْكُثْ مَكَانَكَ ، فَرَفَعَ أَبُو بَكْرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) يَدَيْهِ ، فَحَمِدَ اللَّهَ عَلَى مَا أَمَرَهُ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مِنْ ذَلِكَ ، ثُمَّ اسْتَأْخَرَ أَبُو بَكْرٍ حَتَّى اسْتَوَى فِي الصَّفِّ ، وَتَقَدَّمَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَصَلَّى ، فَلَمَّا انْصَرَفَ قَالَ: يَا أَبَا بَكْرٍ مَا مَنَعَكَ أَنْ تَثْبُتَ إِذْ أَمَرْتُكَ فَقَالَ: أَبُو بَكْرٍ: مَا كَانَ لاِبْنِ أَبِي قُحَافَةَ أَنْ يُصَلِّيَ بَيْنَ يَدَيْ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَا لِي رَأَيْتُكُمْ أَكْثَرْتُمُ التَّصْفِيقَ مَنْ نَابَهُ شَيْءٌ فِي صَلاَتِهِ فَلْيُسَبِّحْ ، فَإِنَّهُ إِذَا سَبَّحَ الْتُفِتَ إِلَيْهِ، وَإِنَّمَا التَّصْفِيقُ لِلنِّسَاءِ. رَوَاهُ الثلاثة والنسائي[(١)].

سەهلی کوڕی سەعد (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ڕۆژێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) چوو بۆ هۆزی بەنی عەمەری کوڕی عەف، بۆ ناوبژیی هەتا ئاشتیان بکاتەوە، کاتێ نوێژ بوو بانگدەر (کە بیلال بوو) هات بۆلای ئەبو بەکرو گوتی: ئەگەر قامەت بکەم بەرنوێژییەکە دەکەی بۆ خەڵکەکە؟ گوتی: بەڵێ دەیکەم، جا کە ئەبو بەکر نوێژی دابەست پاش کەمێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هاتەوە، هێشتا نوێژەکەیان تەواو نەکردبوو، جا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) یەکە یەکە دڕی بە ریزەکاندا تاخۆی گەیاندە ریزی یەکەم و لەوێ وەستا، خەڵکەکە دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان ئەبو بەکریش عادەتی

---

(١) بخاري. أذان: ٦٨٤ ، ١٢٠١ ، ١٢٠٤ ، ١٢١٨ ، ١٢٣٤ ، ٢٦٩٠ ، ٢٦٩٣ ، ٢٦٩٠ ، ٢٦٩٣ ، ٧١٩٠. مسلم. صلاة: ٩٤٨. تحفة الأشراف: ٤٧٤٣.

نەبوو کە لەناو نوێژدا لابکاتەوە، بەڵام کە دی خەڵکەکە چەپڵەیەکی زۆر لێ دەدەن ئەویش ئاوڕی دایەوەو پێغەمبەری دی، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) ئیشلرەتی بۆ کرد: کە لە شوێنی خۆت بمێنەوەو نوێژەکەمان بۆ تەواو کە. بەڵام ئەبو بەکر هەردوو دەستی خۆی بەرزکردەوەو سوپاسی خودای کرد لەسەر ئەو دەستی خێرەی کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بەو فەرمانە لەوی نا، ئینجا پاشەو پاش گەڕایە دواوە هەتا ڕێك چووە ناو ریزەکەوەو لەوێ وەستا، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) پێشکەوتو بەرنوێژییەکەی کرد، کە لە نوێژەکە بوەوە فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ) ئەی ئەبو بەکر! کە فەرمانم پێکردیت بۆ نەمایتەوە لە شوێنی خۆت؟ ئەبو بەکریش (خوای لێ رازی بێ) گوتی: بۆ من نەهاتووە کە پێش تۆ بکەوم ئەی پێغەمبەری خودا! ئینجا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەوە بۆ ئەو هەموو چەپڵەیاتان لێدا، هەر کەسێ لەناو نوێژدا شتێکی لێ روودا با بڵێ سوبحانەڵڵاە، چونکە کە سوبحانەڵڵای کرد ئیتر تێ دەگەن لە مەسەلەکە، وەلێ چەپڵەلێدان لەناو نوێژدا بۆ ژنانە (ش/د/ن).

٨١٥- عَنْ أَبِي مُوسَى (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: مَرِضَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَاشْتَدَّ مَرَضُهُ، فَقَالَ: مُرُوا أَبَا بَكْرٍ فَلْيُصَلِّ بِالنَّاسِ قَالَتْ عَائِشَةُ: إِنَّهُ رَجُلٌ رَقِيقٌ، إِذَا قَامَ مَقَامَكَ لَمْ يَسْتَطِعْ أَنْ يُصَلِّيَ بِالنَّاسِ. قَالَ: مُرُوا أَبَا بَكْرٍ فَلْيُصَلِّ بِالنَّاسِ، فَعَادَتْ فَقَالَ: مُرِي أَبَا بَكْرٍ فَلْيُصَلِّ بِالنَّاسِ، فَإِنَّكُنَّ صَوَاحِبُ يُوسُفَ، فَأَتَاهُ الرَّسُولُ، فَصَلَّى بِالنَّاسِ فِي حَيَاةِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)(٢).

ئەبو مووسا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نەخۆش کەوتو نەخۆشییەکەی گران بوو فەرمووی: فەرمان بکەن بە ئەبو بەکر با لە جیاتی من بەرنوێژییەکە بکا بۆ مەردومەکە، عائیشەش (خوای لێ رازی بێ) گوتی: ئەبو بەکر پیاوێکی دڵ نەرمە ئەگەر لە جێگەی تۆدا رابوەستێ لەبەر گریان خۆی بۆ ڕاناگیرێو ناتوانێ بەرنوێژیی بۆ خەڵکەکە بکا بەڵام عائیشە لە

---

(٢) بخاري. أذان ٦٨٧ ، ١٩٨. مسلم. صلاة: ٩٣٥ – ٩٤٠. نسائي. إمامة: ٨٣٣.

دڵەوە مەبەستی ئەوە بوو كە باوكی لەم سەرەمەرگەدا لە جێگەكەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نەوەستێ، نەبادا خەڵكەكە بڵێن: ئەبو بەكر پێی رەش بوو پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرموویەوە: فەرمان بكەن بە ئەبو بەكر با بەرنوێژییەكە بكا بۆ خەڵكەكە عائیشەیش دیسان قسەكەی خۆی دووبارە كردەوە، جا بۆیە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: پێی: بە ئەبو بەكر بڵی لە زمانی منەوە كە بەرنوێژییەكە بكا بۆ مەردوومەكە، ئێوە وەك زڵێخای یووسف وان، قسەی دەمتانو نیازی دڵتان لەیەك جیان! ئینجا رابەر چوو بۆلای ئەبو بەكرو راسپاردەكەی پێغەمبەری پێ راگەیاند، ئیتر لەوە بەدواوە تا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە جیهان دەرچوو هەر ئەبو بەكر بەرنوێژیی دەكرد بۆ موسوڵمانان (ش/ت).

٨١٦- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: أَمَرَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَبَا بَكْرٍ أَنْ يُصَلِّيَ بِالنَّاسِ فِي مَرَضِهِ، فَكَانَ يُصَلِّي بِهِمْ ، قَالَ: عُرْوَةُ: فَوَجَدَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي نَفْسِهِ خِفَّةً، فَخَرَجَ فَإِذَا أَبُو بَكْرٍ يَؤُمُّ النَّاسَ، فَلَمَّا رَآهُ أَبُو بَكْرٍ اسْتَأْخَرَ ، فَأَشَارَ إِلَيْهِ أَنْ كَمَا أَنْتَ، فَجَلَسَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حِذَاءَ أَبِي بَكْرٍ إِلَى جَنْبِهِ ، فَكَانَ أَبُو بَكْرٍ يُصَلِّي بِصَلاَةِ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَالنَّاسُ يُصَلُّونَ بِصَلاَةِ أَبِي بَكْرٍ. رَوَاهُمَا الشيخان واترمذي[٣].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نەخۆشییەكەیدا فەرمانی كرد بە ئەبو بەكر كە پێشنوێژیی بكا بۆ مەردوم، ئەویش بەرنوێژیی بۆ كردن، عورەوە گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) رۆژێ روانی كەمێ لەشی سووك بووە، جاڕۆیشت بۆ نوێژ، كە چوو لەو كاتەدا ئەبو بەكر بەرنوێژیی دەكرد بۆ خەڵكەكە، ئیتر كە ئەبو بەكر چاوی بە پێغەمبەر (درووی خوای لەسەربێ) كەوت ویستی جێگەكەی بۆ چۆڵ بكاو بكشێتە دواوە، بەڵام حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) ئیشارەتی بۆ كرد: وەزع لە خۆت تێك مەدەو خەریكی كاری خۆت بە، ئینجا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) رێك لە

(٣) بخاري. أذان: ٦٦٤ ، ٧١٢ ، ٧١٣. مسلم. صلاة: ٩٤٠.

ئاستی ئەبو بەكر لە تەنیشتیەوە دانیشت و دەستی كرد بە نوێژكردن ئیتر ئەبو بەكر بۆ نوێژی خۆی پەیڕەویی پێغەمبەری دەكردو خەڵكەكەی تریش بۆ نوێژی خۆیان پەیڕەویی نوێژەكەی ئەبو بەكریان دەكرد وە لەیەك نوێژدا دوو پێشنوێژ هەبوو (ش/ت).

٨١٧- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي مَرَضِهِ خَلْفَ أَبِي بَكْرٍ قَاعِدًا فِي ثَوْبِهِ، مُتَوَشِّحًا بِهِ. رَوَاهُ الترمذي والنسائي ولفظه: آخِرُ صَلاَةٍ صَلاَّهَا رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَعَ الْقَوْمِ صَلَّي فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ مُتَوَشّحاً بِهِ خَلْفَ أَبِي بَكْرٍ(٤).

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نەخۆشیینەكەیدا لە پشت ئەبو بەكرەوە بە دانیشتنەوە نوێژی كرد، جلێكی لەبەردا بوو ئاڵاندبووی لە خۆیەوە (ت-س/ص-ن) گفتەی (ن) ئاوایە: ئاخرەمین نوێژێ كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەگەڵ گەلدا بە جەماعەت كردبێتی لە پشتی ئەبو بەكرەوەبوو، لەو نوێژەدا یەك لۆ جلی لەبەردا بوو ئاڵاندبووی بە خۆیەوە.

٨١٨- وَعَنْهُ أَنَّ أَبَا بَكْرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) كَانَ يُصَلِّي لَهُمْ فِي وَجَعِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الَّذِي تُوُفِّيَ فِيهِ، حَتَّى إِذَا كَانَ يَوْمُ الاِثْنَيْنِ وَهُمْ صُفُوفٌ فِي الصَّلاَةِ، فَكَشَفَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سِتْرَ الْحُجْرَةِ يَنْظُرُ إِلَيْنَا، وَهُوَ قَائِمٌ كَأَنَّ وَجْهَهُ وَرَقَةُ مُصْحَفٍ، ثُمَّ تَبَسَّمَ يَضْحَكُ ، فَهَمَمْنَا أَنْ نَفْتَتِنَ مِنَ الْفَرَحِ بِرُؤْيَةِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، فَنَكَصَ أَبُو بَكْرٍ عَلَى عَقِبَيْهِ لِيَصِلَ الصَّفَّ، وَظَنَّ أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خَارِجٌ إِلَى الصَّلاَةِ، فَأَشَارَ إِلَيْنَا النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِيَدِهِ أَنْ أَتِمُّوا صَلاَتَكُمْ، وَأَرْخَى السِّتْرَ، فَتُوُفِّيَ مِنْ يَوْمِهِ. رَوَاهُ الشيخان(٥).

دیسان ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لەو نەخۆشینەدا كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وەفاتی كرد، ئەبو بەكر بەرنوێژیی بۆ مەردوم دەكرد، رۆژی دوو شممە لە

---

(٤) بسند صحيح (شرحه).

(٥) بخاري. أذان: ٦٨٠ ، ٦٨١ (٦٨٣) ٧٥٤ ، ١٢٠٥ ، ٤٤٤٨. مسلم. صلاة: ٩٤٢. تحفة الأشراف: ١٦٩٧٩.

نوێـژدا ریـز بـوو بـووین، لـەو كاتـەدا پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) پـەردەی دەرگـای هۆدەكەی خۆی لادا كە لەسەر ماڵی مزگەوت بوو تەماشایەكی بەدڵو بە كوڵی كردین دیمەنێكی گەلێ شیرینو رەنگین بوو پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) بە پێوە وەستابوو سەرنجی ئێمەی دەدا دیار بوو بۆ دواجار ئۆمەتەكەی لە ژیانیا بە سەردەكردەوەو مالاوایی لە یارانی دەكرد رەنگو روخساری لەبەر گەشیو نازداری لە رەنگو روخساری نەخۆشی نەدەكرد بەڵكوو دەتگوت پەڕەی گوڵو رووپەڕەی قورئانە نوور لە رووی دەتكاو گوڵو گەوهەری لێ دەباری! ئینجا زەردەخەنیەكی كردو پێكەنی، جا كە پێغەمبەرمان دی لەسەر ئەم حاڵە لە خۆشییانا خەریك بووین بپەشۆكێینو وەختەبوو گەشكە بمان گرێو نوێژەكە بەجێ بێڵین! جا ئەبو بەكر (خوای لێ رازی بێ) وایزانی كەوا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دێ بۆ نوێژ، لەبەر ئەوە پاشەوپاش گەڕایە دواوە تا بچێتە ناو ریزەكەوەو میحرابەكە چۆڵ بكا بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) بەلام پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) نەهاتو بەدەستی ئیشارەتی بۆ كردین: كە نوێژەكەتان تەواوكەن، ئینجا پەردەكەی دیسانەوە دادایەوە، ئیتر هەر ئەو رۆژە گوڵ لە گوڵشەن بڕاو یار لە یاران دابڕاو خۆری زانستو حیكمەت مالاوایی كرد لە گۆی زەویو دانیشتووە بەرێزەكانی، وەسەر رووی خاك خۆزگەی خواست بەناو تویێی خاك، وە گوڵ خۆزگەی خواست بەگڵ، وە پێغەمبەری نازدار، ئەو كێوی نوورو عیلمو عیرفانە كۆچی دواییی كردو نوبووەتو پێغەمبەرایەتی كۆتایی هاتو دەرگای وەحیو سرووش كۆركرا (ش).

١٣٩) باسی دەهەم: باسی هەینی (جومعە)

(ئەم باسە چوار بەشو پاشەكییەكە)

بەشی یەكەم: باسی خێروگەورەیی رۆژی هەینیو پێویستی (ووجوب)ی نوێژەكەی:

الباب العاشر: في الجمعة - (وفيه أربعة فصول وخاتمة):

الفصل الأول: في فضلها ووجوبها:

قَالَ اللهُ جَلَّ شَأنُهُ: {يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِن يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ تَعْلَمُونَ - ٩/٦٢}.

خودای پایەبەرزو بەقەدر دەفەرموێ: ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان بە خوداو پێغەمبەری خودا کردووە! کاتێ کە بانگ درا بۆ نوێژی هەینی لە ڕۆژی هەینیدا بەزوویی بچن بۆ یادی خودا، کە گوێ گرتنە لە دوانو نوێژکرنە بە کۆمەڵی، وە واز لە کڕینو فرۆشتو مامەڵە بێنن! ئەمە بۆ خۆتان باشترە لەوە کە خۆتان بەو شتانەوە خەریك بکەن ئەگەر تێبگەن.

٨١٩- عَنِ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: خَيْرُ يَوْمٍ طَلَعَتْ عَلَيْهِ الشَّمْسُ يَوْمُ الْجُمُعَةِ فِيهِ خُلِقَ آدَمُ، وَفِيهِ أُدْخِلَ الْجَنَّةَ وَفِيهِ أُخْرِجَ مِنْهَا وَلاَ تَقُومُ السَّاعَةُ إِلاَّ فِي يَوْمِ الجُمُعَةِ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاريَّ وزاد أَبُو دَاوُدَ: وَفِيهِ تِيبَ عَلَيْهِ، وَفِيهِ مَاتَ، وَفِيهِ تَقُومُ السَّاعَةُ، وَمَا مِنْ دَابَّةٍ إِلاَّ وَهِيَ مُسِيخَةٌ يَوْمَ الْجُمُعَةِ مِنْ حِينَ تُصْبِحُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ شَفَقًا مِنَ السَّاعَةِ إِلاَّ الْجِنَّ وَالإِنْسَ[(١)].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ڕۆژی هەینی گەورەترین ڕۆژە کە هەتاوی لێ هەڵدێ، ئادەم لە ڕۆژی هەینیدا خودا دروستی کردووە، هەر لەم ڕۆژە شا براوەتە بەهەشت، هەر لە میشا لە بەهەشت دەرکراوە، قیامەتیش هەر لە ڕۆژی هەینیدا هەڵدەستێ (م/د/ت/ن) ئەبو داوود (ڕەزای خودای لێبێ) ئەمەشی لێ پتر کردووە: هەر لەویشا تۆبەی لێ گیراکراوە، هەر لەوێشا مردووە، هەر لەوێشا قیامەت هەڵدەستێ وە هەرچی گیان لەبەر هەیە (جنۆکەو ئادەمیزادی لێ دەرچێ) هەموویان لە ڕۆژی هەینیدا لەو کاتەوە کە بەیان دەدا تا ئەو کاتەی کە خۆرهەڵدێ، گوێ هەڵدەخەن لە ترسی هەڵسانی قیامەت!.

٨٢٠- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: نَحْنُ الآخِرُونَ السَّابِقُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ بَيْدَ أَنَّهُمْ أُوتُوا الْكِتَابَ مِنْ قَبْلِنَا وَأُوتِينَاهُ مِنْ بَعْدِهِمْ ثُمَّ هَذَا يَوْمُهُمُ الَّذِي فُرِضَ عَلَيْهِمْ فَاخْتَلَفُوا فِيهِ فَهَدَانَا اللّٰهُ لَهُ فَالنَّاسُ لَنَا فِيهِ تَبَعٌ فَالْيَهُودُ غَدًا وَالنَّصَارَى بَعْدَ غَدٍ. رَوَاهُ الشيخان والنسائي[(٢)].

---

(١) مسلم. جمعة: ١٩٧٣ ، ١٩٧٤. نسائي. جمعة: ١٣٧٢. تحفة الأشراف: ١٣٩٥٩. ترمذي. صلاة: ٤٨٨.

(٢) مسلم. جمعة: ١٩٧٥ — ١٩٧٩.

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئێمە هەرچەند لە هاتن بۆ جیهان لە دواوەین بەڵام لە قیامەتا لەهەرە پێشەوەین، ئەوەندە هەیە کە ئەوان لە پێش ئێمەوە نامەی خوداییان بۆ هاتووە، وە ئێمە لەپاش ئەوانەوە نامەی خوداییمان بۆ هاتووە، لەپاش ئەمەیش ئەمە ئەو رۆژەیانە کە خودا داینابوو لە سەریان کە لەم رۆژەدا بەجوانی بیپەرستن کەچی ئەوان لێیان گۆڕا بەڵام لە سایەی خوداوە، ئێمە رێمان پێ بردو دۆزیمانەوەو رێزو قەدری ئەم رۆژە دەگرین و کردوومانە بە جەژن خەڵکەکەی تریش لە دوا ئێمەوەن: سبەینێ رۆژی جوولەکەیەو دوو سبەینێیش رۆژی گاورانە (ش/ن).

٨٢١- وَلمسلم: نَحْنُ الآخِرُونَ الأَوَّلُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ، وَنَحْنُ أَوَّلُ مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ[٣].

حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەرچەند لە جیهاندا ئێمە قڕەو دواهەمینین بەڵام لە قیامەتا خۆمان بەکەمینین، وە ئێمە بەکەم کەسین کە لە پێش هەموو نەتەوەکانی تردا دەچینە بەهەشت (م).

٨٢٢- وَعَنْهُ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ عَلَى أَعْوَادِ مِنْبَرِهِ لَيَنْتَهِيَنَّ أَقْوَامٌ عَنْ وَدْعِهِمُ الْجُمُعَاتِ، أَوْ لَيَخْتِمَنَّ اللَّهُ عَلَى قُلُوبِهِمْ. ثُمَّ لَيَكُونُنَّ مِنَ الْغَافِلِينَ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ والنسائي وأحمد[٤].

دیسان ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: گوێم لێ بوو پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەسەر داری دووانگەی خۆی دەیفەرموو: ئەو کەسانەی کە نیوژی هەینی ناکەن یا دەبێ وازبێنن لەم کارە ناپەسەندە یاخود خودا دڵیان مۆر دەکا، ئینجا بەرە بەرە بێ ئاگاو نابەڵەد دەبن لە دین و لە رێی رەهبەرو وردە وردە (ئەم کارەیان سەر دەکێشێ بۆ کوفرو بێ دینی) (م/ن/ئەحمەد).

٨٢٣- عَنْ أَبِي الْجَعْدِ الضَّمْرِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ تَرَكَ ثَلاَثَ جُمَعٍ تَهَاوُنًا بِهَا طَبَعَ اللَّهُ عَلَى قَلْبِهِ. رَوَاهُ أصحاب السنن والحاكم[٥].

---

(٣) مسلم. جمعة: ١٩٧٧.

(٤) مسلم. جمعة: ١٩٩٩. نسائي. جمعة: ١٣٦٩.

ئەبولجەعدی ئەل-ضەمری- (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەوەی لەبەر کەمتەرخەمی سێ نوێژی هەینی نەکا خودا مۆردەنێ بەسەر دڵیا (د/ت/ن/حاکم-س/ح).

٨٢٤- عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضيَ أَللهُ عَنْهُماَ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّم) قَالَ: مَنْ تَرَكَ الْجُمُعَةَ مِنْ غَيْرِ ضَرُورَةٍ كُتِبَ مُنَافِقاً فِي كِتَابٍ لاَ يُمْحىَ وَلاَ يُبَدَّلُ رَوَاهُ الشافعي[٦].

ئیبنو عەباس (خوایان لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): هەر کەسێ بەبێ بەهانەیەکی رەوا تەرکی نوێژی جومعە بکا ئەوە ئەو کەسە بە ناپاکو دوو روو لەقەڵەم دەدرێ، وە ناوی لە دەفتەری ناپاکان دەنوسرێ، وە هەتا هەتایە نەدەکوژێتەوەو نە دەسرێتەوە! (شافیعی- رەحمەتی خودای لێبێ).

٨٢٥- ولأبي دَاوُدَ والنسائي: مَنْ تَرَكَ الْجُمُعَةَ بِغَيْرِ عُذْرٍ فَلْيَتَصَدَّقَ بِدِينَارٍ، فَإِنْ لَمْ يَجِدْ فَبِنِصْفِ دِينَارٍ[٧].

حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: (هەرکەسێ بەبێ بەهانەیەکی رەوا نوێژێکی هەینیی نەکرد بایەك دیناری زێڕ بکا بەخێر، ئەگەر نەیبوو نیو دنیار بکا بەخێر!) (د/ن-سند صالح).

١٤٠) نوێژی هەینی لەسەرکێ پێویستە: (الذين تجب عليهم الجمعة)

٨٢٦- عَنْ حَفْصَةَ (رَضيَ أَللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ رَوَاحُ الْجُمُعَةِ وَعَلَى كُلِّ مَنْ رَاحَ إِلَى الْجُمُعَةِ الْغُسْلُ. رَوَاهُ أَبُـو دَاوُدَ والنسائي[١].

---

(٥) بسند حسن (شرحه).

(٦) سكت عنه الشارح (مترجم).

(٧) بسند صالح (شرحه)

(١) بسند حسن (شرحه) راجع البخاري. جمعة: رقم: ٨٨٠ = ٤٦٦ تجريد بوخاري بەكوردی (مترجم).

حەفصە (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: نوێژی هەینی لەسەر هەموو نێرینەیەکی رەسییدە فەرزو پێویستە، ئەوەشی دەچێ بۆ نوێژی هەینی غوسڵ (خۆ شۆردن)ی لەسەرە (د/ن–س/ح).

٨٢٧– عَنْ طَارِقِ بْنِ شِهَابٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الْجُمُعَةُ حَقٌّ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ فِي جَمَاعَةٍ إِلاَّ أَرْبَعَةً، عَبْدٌ مَمْلُوكٌ أَوِ امْرَأَةٌ، أَوْ صَبِيٌّ أَوْ مَرِيضٌ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والبيهقي والحاكم[٢].

طاریقی کوڕی شیهاب (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): نوێژی هەینی فەرزی تەواوە لەسەر هەموو موسوڵمانێ کە بە کۆمەڵ بیکا ئەم چوار تاقمەی لێ دەرچێ: بەندەی زەڕخرِیدەو ژن و منداڵو نەخۆش (د/بەیهەقی/حاکم).

٨٢٨– عَنْ عَبْدِ اللهِ بْنِ عَمْرٍو (رَضِيَ أللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الْجُمُعَةُ عَلَى كُلِّ مَنْ سَمِعَ النِّدَاءَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والدار قطني[٣].

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر (خوایان لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): ئەوەی کە گوێی لە بانگ بێ نوێژی هەینی لەسەرە، (د/دارە قوطنی–س/ضعیف).

١٤١) نوێژی هەینی لە شارو لە دێهات دەکرێ، ژمارەی ئەوانەی هەینییان پێ دادەمەزرێ دەبێ چەنبێ: (تصلى الجمعة في المدن والقرى. وبيان العدد)

٨٢٩– عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ أللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: إِنَّ أَوَّلَ جُمُعَةٍ جُمِّعَتْ بَعْدَ جُمُعَةٍ فِي مَسْجِدِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي مَسْجِدِ عَبْدِ الْقَيْسِ بِجُوَاثَى مِنَ الْبَحْرَيْنِ. رَوَاهُ البخاري وأبو دَاوُدَ[١].

---

(٢) فالحديث صحيح (شرحه).

(٣) بسندين ضعيفين (شرحه).

(١) بخاري. جمعة: ٨٩٢ ، ٤٣٧١.

ئیبنو عەبباس (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: لەپاش مزگەوتەکەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) یەکەم شوێن کە نوێژی جومعەی لێ کرا مزگەوتەکەی عەبدولقەیس بوو، کە لە گوندی جووانا بوو لە ولاتی بەحرین (ب/د).

٨٣٠- عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ كَعْبِ بْنِ مَالِكٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) وَكَانَ يَقُود أَبَاهُ بَعْدَ ذِهَاب بَصَرِه، قَالَ: كَانَ أَبِي إِذَا سَمِعَ النِّدَاءَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ تَرَحَّمَ لأَسْعَدَ بْنِ زُرَارَةَ. فَسَأَلْتُهُ عَنْ ذَلِكَ فَقَالَ: لأَنَّهُ أَوَّلُ مَنْ جَمَّعَ بِنَا فِي هَزْمِ النَّبِيتِ مِنْ حَرَّةِ بَنِي بَيَاضَةَ فِي نَقِيعٍ يُقَالُ لَهُ نَقِيعُ الْخَضِمَاتِ. قُلْتُ كَمْ أَنْتُمْ يَوْمَئِذٍ؟ قَالَ: أَرْبَعُونَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وابن حبان والبيهقي والحاكم وصححَّه[٢].

ئەو رەحمانی کوڕی کەعبی مالیك (خوایان لێ رازی بێ) (کە باوکی چاوی کوێربوو، بوو بە چاوساغی باوکی) گوتی: باوکم دەستووری وابوو کە رۆژی هەینی گوێی لە بانگ دەبوو رەحمەتی دەنارد بۆ ئەسعەدی کوڕی زورارە، کە لەم بارەیەوە پرسیارم لێ کرد گوتی: چونکە ئەم یەکەم کەس بوو کە نوێژی هەینیی بۆ دەکردین لە دێی هەزمولنەبیت لە هەواری بەنی بەیاضە لە نەقیعول خەضیمات کە ناوی شوێنێکە دەورێ میلێ دوورە لە مەدینەوە. گوتم: چەن کەس دەبوون؟ گوتی: چل کەس بووین (د/ئیبنو حەببان/بەیهەقی/حاکم-حاکم بە صەحیحی داناوە).

١٤٢) بە بەهانەی رەوا نوێژی هەینی لەکۆڵ دەکەوێ: (تسقط الجمعة بالعذر)

قَالَ اللّٰهُ تَعالى: {وَمَا جَعَلَ عَلَيْكُمْ فِي الدِّينِ مِنْ حَرَجٍ - ٧٨/٢٢}.

واتە: خودای گەورە دەفەرموێ: خودای گەورە لە کاروباری ئەم ئایینەدا نایەوێ زەحمەت بخاتە سەرتانو ناهەموارو باری هەڵنەگیراوو کردەوەی نەکراو بدا بە سەرتانا.

٨٣١- وَقَالَ: ابْنُ عَبَّاسٍ (رَضيَ اللّٰهُ عَنْهُمَا) لِمُؤَذِّنِهِ فِي يَوْمٍ مَطِيرٍ: إِذَا قُلْتَ أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللّٰهِ. فَلَا تَقُلْ حَيَّ عَلَى الصَّلَاةِ، قُلْ صَلُّوا فِي بُيُوتِكُمْ،

(٢) صحيح عنه الحاكم.

فَكَأَنَّ النَّاسَ اسْتَنْكَرُوا، ذَالِكَ، فَقَالَ: فَعَلَهُ مَنْ هُوَ خَيْرٌ مِنِّي، إِنَّ الْجُمُعَةَ عَزْمَةٌ، وَإِنِّي كَرِهْتُ أَنْ أُخْرِجَكُمْ ، فَتَمْشُونَ فِي الطِّينِ وَالمطَرِ. رَوَاهُ الثلاثة[1].

ئیبنو عەبباس (خوایان لێ ڕازی بێ) **لە ڕۆژێكی باراندا بە بانگدەرەكەی خۆی گوت: كە گوتت: {أَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً رَسول الله} مەڵێ: {حَيَّ عَلىَ ألصَّلاة} لە جیاتی ئەوە بڵێ: {صلوا في بيوتكم: لە ماڵی خۆتان نوێژەكانتان بكەن وەك بڵێی خەڵكەكە ئەم قسەیەیان لەلا پەسەند نەبێ وابوو، بۆیە ئیبنو عەبباس گوتی: ئەمە قسەی من نیە، ئەمە قسەو فەرمانی كەسێكە كە لەمن باشترو چاكترە چونكە ئەمە پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **خۆی وای دەكرد ئینجا گوتی: هەرچەند كە نوێژی هەینی فەرزەو پێویستە بەڵام چونكە بەهانەی ڕەواهەیە حەز ناكەم كە تۆشی سەخڵەتی و زەحمەتتان بكەمو بەناو ئەم قوڕاوو بارانەدا هاموشۆ بكەن و بێن و بچن (ش/د).**

٨٣٢– عَنْ أَبِي الْمَلِيحِ عَنْ أَبِيهِ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) أَنَّهُ شَهِدَ النَّبِيَّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) زَمَنَ الْحُدَيْبِيَةِ فِي يَوْمِ جُمُعَةٍ وَأَصَابَهُمْ مَطَرٌ لَمْ تَبْتَلَّ أَسْفَلُ نِعَالِهِمْ، فَأَمَرَهُمْ أَنْ يُصَلُّوا فِي رِحَالِهِمْ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[2].

ئەبو مەلیح گوتی: باوكم (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: لە سەردەمی حودەیبیيەدا لە ڕۆژێكی هەینیدا لە خزمەتی پێغەمبەردا بووم** (درودی خوای لەسەربێ) **ڕشێنەیەك باران باری، بنی پڵاوی تەڕ نەدەكرد، كەچی پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **فەرمانی پێكردن كە لە جێگەو شوێنی خۆیان نوێژبكەن (د–سند صلح).**

١٤٣) بەشی دووەم: خێرو گەورەیی زوو چوون بۆ نوێژی هەینیو خۆشۆردنی هەینی:

الفصل الثاني: في فضل التبكير والغسل

٨٣٣– عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنِ اغْتَسَلَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ غُسْلَ الْجَنَابَةِ ثُمَّ رَاحَ فى السَّاعة الأوَلَى فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَدَنَةً،

---

(١) بخاري. أذان: ٦١٦ ، ٦٦٨ ، ٩٠١. مسلم. صلاة المسافرين: ١٦٠٢ ، ١٦٠٣. أبو داود. صلاة: ١٠٦٦.

(٢) بسند صالح (شرحه).

وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الثَّانِيَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَقَرَةً وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الثَّالِثَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ كَبْشًا أَقْرَنَ، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الرَّابِعَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ دَجَاجَةً، وَمَنْ رَاحَ فِي السَّاعَةِ الْخَامِسَةِ فَكَأَنَّمَا قَرَّبَ بَيْضَةً، فَإِذَا خَرَجَ الإِمَامُ حَضَرَتِ الْمَلاَئِكَةُ يَسْتَمِعُونَ الذِّكْرَ. رَوَاهُ الخمسة(١).

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): رۆژی هەینی ئەوەی خۆی بشوێ (لە چەشنی خۆشۆردنی لەشپیسی) ئینجا لە كاژێری یەكەما بڕوا بۆ نوێژی هەینی و لە مزگەوت چاوەڕوانی نوێژی هەینی بكا یاخود خۆی خەریك بكا بە طاعەت و ذیكرو یادی خوداوە تا كاتی نوێژەكە ئەوەی ئەمە بكا وەك وشترێ بكا بەخێر وایە، وە ئەوەی لە كاژێری دووەما چچێ وەك رشە ولاخی بكا بە خێر وایە، وە ئەوەی لە كاتژمێری سێیەما بچێ وەك بەرانێكی شاخدار بكا بەخێر وایە، وە ئەوەی لە كاژێری چوارەما بچێ وەك مریشكێ بكا بە خێر وایە، وە ئەوەی لە كاژێری پێنجەما بچێ وەك هێلكەیێ بكا بەخێر وایە، كە بەر نوێژیش دەرچوو كە بچێ بۆ سەرمینبەر بۆ خوتبە خوێند ئەوە ئیتر فریشتەكانیش دەچن گوێ لە دوان و خوطبەكە دەگرن و ئەوەی لەوە دوا بێ ناوی لە دەفتەری ئەوانا نانووسرێ (ش/دت/ن).

٨٣٤- وَعَنْهُ عَنْ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا كَانَ يَوْمُ الْجُمُعَةِ كَانَ عَلَى كُلِّ بَابٍ مِنْ أَبْوَابِ الْمَسْجِدِ مَلاَئِكَةٌ يَكْتُبُونَ الأَوَّلَ فَالأَوَّلَ فَإِذَا جَلَسَ الإِمَامُ طَوَوُا الصُّحُفَ وَجَاءُوا يَسْتَمِعُونَ الذِّكْرَ، وَمَثَلُ الْمُهَجِّرِ كَمَثَلِ الَّذِي يُهْدِي الْبَدَنَةَ ثُمَّ كَالَّذِي يُهْدِي بَقَرَةً، ثُمَّ كَالَّذِي يُهْدِي الْكَبْشَ، ثُمَّ كَالَّذِي يُهْدِي الدَّجَاجَةَ، ثُمَّ كَالَّذِي يُهْدِي الْبَيْضَةَ. رَوَاهُ الشيخان(٢).

دیسان لەوەوە لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): كە رۆژی هەینی هات لەبەر دەرگاكانی هەموو مزگەوتێ فریشتە ئامادە دەبن و قەڵەم و

---

(١) بخاري. جمعة: ٨٨١. مسلم. جمعة: ١٩٦١.

(٢) بخاري. جمعة: ٩٢٩ ، ٣٢١١. مسلم. جمعة: ١٩٨١ – ١٩٨٣.

دەفتەر بە دەستەوە دەگرن یەك لە دوای یەك بەریز ناوی ئەوانە دەنووسن كە دێن بۆ نوێژی هەینی، تا ئەو كاتەی كە پێش نوێژ دێ‌و دەچێتە سەر دوانگە ئیتر ئەوانیش دەفتەرەكانیان دەپێچنەوەو دەچن گوێ لە خوطبەكە دەگرن! ئەوەیشی كە زوو بچێ بۆ نوێژی هەینی وەك ئەوە وایە كە وشترێ ببەخشێتەوە، ئەنجا وەك ئەوە وایە كە رەشە ولاخێ ببەخشێتەوە، ئینجا وەك ئەوە وایە كە بەرانێ ببەخشێتەوە، ئینجا وەك ئەوە وایە كە مامرێ ببەخشێتەوە، ئینجا وەك ئەوە وایە كە هێلكەیێ ببەخشێتەوە (ش).

٨٣٥- عَنْ ابْنِ عُمَرَ (رَضيَ اللهُ عَنهُمَا) عَنِ النّبِيِّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) قَالَ: إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمُ الْجُمُعَةَ فَلْيَغْتَسِلْ. رَوَاهُ الخمسة[٣].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: كاتێ دەچن بۆ نوێژی هەینی خۆتان بشۆرن (ش/د/ت/ن).

٨٣٦- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) قَالَ: الْغُسْلُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَاجِبٌ عَلَى كُلِّ مُحْتَلِمٍ. رَوَاهُ الخمسة الا الترمذيَّ[٤].

ئەبو سەعید (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (درودی خوای لەسەربێ): خۆشۆردنی رۆژی هەینی پێویستە لەسەر هەموو پیاوێكی رەسیدە (ش/د/ن).

٨٣٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النّبِيِّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) قَالَ: لِلهِ تَعَالَى عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ حَقٌّ أَنْ يَغْتَسِلَ فِي كُلِّ سَبْعَةِ أَيَّامٍ يَوْمًا يَغْسِلُ فِيهِ رَأْسَهُ وَجَسَدَهُ. رَوَاهُ الشيخان والنسائي ولفظه: عَلَى كُلِّ رَجُلٍ مُسْلِمٍ فِي كُلِّ سَبْعَةِ أَيَّامٍ غُسْلُ يَوْمٍ وَهُوَ يَوْمُ الْجُمُعَةِ[٥].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (درودی خوای لەسەربێ): مافی خودای گەورەیە لەسەر هەموو موسوڵمانێ كە هەموو حەفتەیێ

---

(٣) بخاري. جمعة: ٨٨٢. مسلم. جمعة: ١٩٥٣.

(٤) بخاري. أذان: ٨٥٧ (٨٥٨) ٨٧٩ ، ٨٨٠ ، ٨٩٥ ، ٢٦٦٥. مسلم. جمعة: ١٩٥٤.

(٥) بخاري. جمعة: ٨٩٦ ، ٨٩٧ ، ٨٩٨ ، ٣٤٨٧ ، ١٩٦٠.

جارێ سەرو لەشی خۆی بشۆرێ (ش/ن) گفتەی نەسائی ئاوایە: پێویستە لەسەر هەموو پیاوێکی موسوڵمان کە هەموو هەفتەیێ ڕۆژی هەینی خۆی بشۆرێ.

٨٣٨- عَنْ سَمُرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ تَوَضَّأَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فَبِهَا وَنِعْمَتْ وَمَنِ اغْتَسَلَ فَالْغُسْلُ أَفْضَلُ. رَوَاهُ أصحاب السنن[٦].

سەموورە (خوای لێ ڕازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): ئەوەی لە ڕۆژی هەینیدا بۆ نوێژی هەینی تەنیا دەسنوێژ دەگرێ ئەوە بەپێی سوننەتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) ڕەفتار دەکا، ئەمەیش ئیشێکی گەلێ جوان و شیرینە، ئەوەیشی خۆی دەشوا دیارە کە خۆشۆردن خێرترە (د/ت/ن-س/ح).

١٤٤) خۆ بۆنخۆشکردن و سەروریش چەورکردن و خۆرازاندنەوەو جلی جوان لەبەرکردن: (الطيب والدهن والتجميل)

٨٣٩- عَنْ سَلْمَانَ الْفَارِسِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ يَغْتَسِلُ رَجُلٌ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، وَيَتَطَهَّرُ مَا اسْتَطَاعَ مِنْ طُهْرٍ، وَيَدَّهِنُ مِنْ دُهْنِهِ، وَيَمَسُّ مِنْ طِيبِ بَيْتِهِ، ثُمَّ يَخْرُجُ فَلاَ يُفَرِّقُ بَيْنَ اثْنَيْنِ، ثُمَّ يُصَلِّي مَا كُتِبَ لَهُ، ثُمَّ يُنْصِتُ إِذَا تَكَلَّمَ الإِمَامُ، إلاَّ غُفِرَ لَهُ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجُمُعَةِ الأُخْرَى. قَالَ: أَبُوهُرَيْرَةَ: وَزِيَادَةُ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ، فَإِنَّ الْحَسَنَةَ بِعَشْرُ أَمْثَالِهَا. رَوَاهُ الشيخان وأبو دَاوُدَ بِلَفْظِ: مَنِ اغْتَسَلَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَلَبِسَ مِنْ أَحْسَنِ ثِيَابِهِ وَمَسَّ مِنْ طِيبٍ إِنْ كَانَ عِنْدَهُ ثُمَّ أَتَى الْجُمُعَةَ فَلَمْ يَتَخَطَّ أَعْنَاقَ النَّاسِ، ثُمَّ صَلَّى مَا كَتَبَ اللَّهُ لَهُ، ثُمَّ أَنْصَتَ إِذَا خَرَجَ إِمَامُهُ حَتَّى يَفْرُغَ مِنْ صَلاَتِهِ كَانَتْ كَفَّارَةً لِمَا بَيْنَهَا وَبَيْنَ جُمُعَتِهِ الَّتِي قَبْلَهَا[١].

لە سەلمانەوە (خوای لێ ڕازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): ئەو پیاوەی لە ڕۆژی هەینیدا خۆی بشۆرێ و تابۆی دەکرێ خۆی

---

(٦) بسند حسن (شرحه). {أبو داود: ٣٥٤. ترمذي: ٤٩٧ – رياض – ز: ٢١٠ ژ: ٧ ، ١١٥٣}.

(١) بخاري. جمعة: ٨٨٣ ، ٩١٠ {ومسلم: ٩١٠ – رياض ز: (٢١١) ژمارە: ١١٥٤/٨}.

پاك‌و خاوێن رابگرێ‌و سەرو ریشی خۆی شانە بكاو لە رۆنی قژ رۆنیان لێ داو لەو بۆنە خۆشەی كە لەماڵەوە هەیانە خۆی بۆن خۆش بكا، ئینجا لەماڵ دەرچێ‌و بچێ بۆ مزگەوت‌و لەوێ نەبێ بە زەحمەت بۆ كەس‌و خۆی نەترنجێنێتە نێوانی دوو كەسەوەو سەخڵەتیان نەكا، ئینجا ئەوەندەی كە خودا لە چارەی نووسیوە نوێژی سوننەت بكا، وە كاتێ كە پێشنوێژ دەست دەكا بەقسەو دوان بێ دەنگ بێ‌و گوێ بگرێ لە قسەكانی، ئەو پیاوەی ئەمە بكا بێگومان كە خودا خۆش دەبێ لە گوناهی نێوانی هەینیی پێشووی‌و ئەم هەینییەی. لە گێڕانەوەی ئەبو هورەیرەدا: وە زیادەی سێ رۆژیش چونكە پاداشی چاكە یەك بەدەیە (ش/د) گفتەی (د) ئاوایە: ئەوەی رۆژی هەینی خۆی بشۆرێ‌و جلی جوان لەبەركاو ئەگەر بۆنی خۆشی هەبوو لەخۆی بدا، ئینجا بڕوا بۆ نوێژی هەینی‌و لە مزگەوت هەنگاو هەڵنەنێ بەسەر سەری كەساو ئەوەندەی خودا لە چارەی نووسیوە نوێژی سوننەت بكا، وە كاتێ پێشنوێژ هات‌و دەستی كرد بە وتاری هەینی بێ دەنگ ببێ‌و گوێ رابگرێ تا پێشنوێژ لە نوێژ دەبێتەوە، ئەوەی ئاوا بكا ئەوە دەبێ بە كەفارەتی گوناهی نێوانی ئەم هینیی‌و هەینییەكەی پێشی.

١٤٥) خێرو گەورەیی رۆیشتن بۆ نوێژی هەینی : (فضل المشي للجمعة)

٨٤٠- عَنْ أَوْسِ بْنُ أَوْسٍ الثَّقَفِيُّ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ غَسَّلَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَاغْتَسَلَ ثُمَّ بَكَّرَ وَابْتَكَرَ، وَمَشَى وَلَمْ يَرْكَبْ، وَدَنَا مِنَ الإِمَامِ فَاسْتَمَعَ وَلَمْ يَلْغُ كَانَ لَهُ بِكُلِّ خُطْوَةٍ عَمَلُ سَنَةٍ، أَجْرُ صِيَامِهَا وَقِيَامِهَا. رَوَاهُ اصحاب السنن[١].

لە ئەوسی كوڕی ئەوسی ثەقەفییەوە (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەر كەسێ (لە رۆژی هەینیدا) لەشی خۆی بشۆرێ‌و زۆر زوو بەپێ (نەك بە سواریی) بڕوا بۆ نوێژی هەینی‌و لە

---

(١) بسند حسن (شرحه).

پێشنوێژ نزیك ببێتەوەو گوێ بگرێ و لەكاتی وتاری هەینیدا قسە نەكا، ئەوە ئەو كەسە هەر هەنگاوێكی، خێری كردەوەی یەك ساڵی هەیە، كە بە ڕۆژ بەڕۆژووبێ و بەشەو شەو نوێژ بكا! (د/ت/ن–س/ح).

١٤٦) كاتی بانگی نوێژی هەینی: (وقت الجمعة والنداء)

٨٤١– عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ تُصَلِّي الْجُمُعَةَ، حِينَ تَمِيلُ الشَّمْسُ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ مسلماً[1].

ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جاران پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) ئەوكاتە نوێژی هەینیی دەكرد كە خۆر بە دیمەن لایدەدا لەناو ڕاستی ئاسمان (ب/د/ت/ن) پڕ گۆڕەكانیان لە نووری ڕەحمەت بێ).

٨٤٢– عَنْ سَلَمَةَ بْنِ الأَكْوَعِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كُنَّا نُصَلِّي مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الْجُمُعَةَ، فَنَرْجِعُ وَمَا نَجِدُ لِلْحِيطَانِ فَيْئاً نَسْتَظِلُّ بِهِ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأبُو دَاوُدَ والنسائي[2].

سەلەمەی كوڕی ئەكوەع (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جاران لەگەڵ پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) كە نوێژی هەینیمان دەكرد كە دەگەڕاینەوە لە نوێژ بۆ ماڵەوە هێشتا دیوار ئەوەندە سێبەری نەبوو كە بە سێبەرەكەیا بڕۆین! (م/د/ن).

٨٤٣– عَنِ السَّائِبِ بْنِ يَزِيدَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ النِّدَاءُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ أَوَّلُهُ إِذَا جَلَسَ الإِمَامُ عَلَى الْمِنْبَرِ عَلَى عَهْدِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَأَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) فَلَمَّا كَانَ عُثْمَانُ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) وَكَثُرَ النَّاسُ زَادَ النِّدَاءَ الثَّالِثَ عَلَى الزَّوْرَاءِ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ مسلماً. وزاد في روايةٍ: وَثَبَتَ الْأَمْرُ عَلَى ذَلِكَ[3].

---

(١) بخاري. جمعة: ٩٠٤.

(٢) بخاري. مغازي: ٤١٦٨. مسلم جمعة: ١٩٩٠. أبو داود. صلاة: ١٠٨٥. نسائي. جمعة: ١٣٩٠. ابن ماجه: ١١٠٠.

(٣) بخاري. جمعة: ٩١٢ ، ٩١٣ ، ٩١٥ ، ٩١٦.

سائیبی کوڕی یەزید (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: جاران لەسەردەمی پێغەمبەر خۆیدا (درودی خوای لەسەربێ) و لە سەردەمی ئەبو بەکرو عومەردا (ڕەزای خودایان لێبێ) سەرەتای بانگ ئەوکاتە بوو کە پێشنوێژ لەسەر مینبەر دادەنیشت، بەڵام کاتێ کە عوسمان بوو بە جێنشین و خەڵك زۆر بوون بانگی سێهەمی لەسەر زەوراء زیادکرد[1]، (ب/د/ت/ن) لە گێڕانەوەیەکا ئەمەشی هەیە: ئیتر هەروا مایەوە لەسەر ئەم شێوەیە.

١٤٧) بەشی سێیەم: باسی وتاری هەینی: (الفصل الثالث: في الخطبة)

٨٤٤- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَخْطُبُ قَائِمًا ثُمَّ يَقْعُدُ، ثُمَّ يَقُومُ كَمَا تَفْعَلُونَ الآنَ. رَوَاهُ الخمسة. ولفظ أبي داود: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَجْلِسُ إِذَا صَعِدَ الْمِنْبَرَ حَتَّى يَفْرُغَ الْمُؤَذِّنُ ثُمَّ يَقُومُ فَيَخْطُبُ، ثُمَّ يَجْلِسُ فَلاَ يَتَكَلَّمُ، ثُمَّ يَقُومُ فَيَخْطُبُ. وفي رواية: كَانَتْ لِلنَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خُطْبَتَانِ يَجْلِسُ بَيْنَهُمَا، يَقْرَأُ الْقُرْآنَ وَيُذَكِّرُ النَّاسَ[1].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ ڕازی بێ) گوتی: جاران پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) هەمیشە بە پێوە وتاری هەینی دەدا، لەپاشا کەمێ دادەنیشت، ئینجا هەڵدەسایەوە بۆ خوێندنەوەی وتاری دووەم دەق وەك ئەمەی کە ئێستا ئێوە دەیکەن! (ش/د/ت/ن) گفتەی (د) ئاوایە: جاران حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) کەسەر دەکەوتە سەر دووانگە دادەنیشت هەتا بانگدەر لەبانگ دەبۆوە، ئینجا هەڵدەسا وتارێکی دەدا، ئینجا دادەنیشتەوەو هیچ قسەی نەدەکرد، دیسان هەڵدەسایەوەو وتارێکی تری دەدایەوە لە گێڕانەوەیەکا: دەستووری

---

[1] زەوراء ناوی خانوویەك بووە بانگدەر بانگی لەسەر دەدا، ئەم بانگی سەر زەورایە بەپێی پەیدابوونی سێهەمە، بەڵام بەپێی گوتنی یەکەمە نەك سێهەمە، ئەمەیش بەم شێوەیە: بەپێی پەیدابوون یەکەم بانگی نیوەڕۆ لەکاتی پێغەمبەرو ئەبو بەکرو عومەردا بووە، دووەم قامەت، سێهەم بانگی سەرزەورا کە عوسمان زیادی کردووە تا خەڵك خۆیان کۆبکەنەوە، بەپێی گوتنیش یەکەم بانگی سەرزەوراء، دووەم بانگی نیوەڕۆ، سێیەم قامەت. - وەرگێڕ- ١٩٨٧/٢/٤

(١) بخاري. جمعة: ٩٢٠ ، ٩٢٨. مسلم. جمعة: ١٩٩١. ترمذي. صلاة: ٥٠٦. تحفة الأشراف: ٧٨٧٩.

پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) وابوو دوو وتاری دەخوێندەوە، لە نێوانیانا دادەنیشت، لەو دوو وتارەدا قورئانی دەخوێندو ئامۆژگاری موسوڵمانانی دەكرد. سوننەتە كە ماوەی ئەم دانیشتنی نێوانی دوو وتارە بەقەی سوورەتی {قُلْ هُوَ اللّٰهُ أَحَدٌ}بێ وە ئەم سوورەتەشی تیا بخوێنرێ.

٨٤٥- عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كُنْتُ أُصَلِّي مَعَ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَكَانَتْ صَلاَتُهُ قَصْدًا وَخُطْبَتُهُ قَصْدًا. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاريَّ[٢].

جابیری كوڕی سەموورە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: هەمیشە كە نوێژم لەگەڵ پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەربێ) دەكرد بە كۆمەڵی، سەرنجم دەدا هەم نوێژەكەی و هەم وتارو دوانەكەی میانەكارو مامناوەندیی بوون (م/د/ت/ن).

٨٤٦- قَالَ: أَبُو وَائِلٍ: (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) خَطَبَنَا عَمَّارٌ فَأَوْجَزَ وَأَبْلَغَ فَلَمَّا نَزَلَ قُلْنَا: يَا أَبَا الْيَقْظَانِ لَقَدْ أَبْلَغْتَ وَأَوْجَزْتَ فَلَوْ كُنْتَ تَنَفَّسْتَ. فَقَالَ: إِنِّي سَمِعْتُ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: إِنَّ طُولَ صَلاَةِ الرَّجُلِ وَقِصَرَ خُطْبَتِهِ مَئِنَّةٌ مِنْ فِقْهِهِ فَأَطِيلُوا الصَّلاَةَ وَاقْصُرُوا الْخُطْبَةَ، وَإِنَّ مِنَ الْبَيَانِ سِحْرًا. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأحمد[٣].

ئەبو وائیل (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ عەممار (خوای لێ رازی بێ) وتارێكی كورت و پوخت و رەوان و دڵگیری خوێندەوە بۆمان، جا كە لە دوانكە كە دابەزی گوتمان: ئەی ئەبو یەقظان! بەراستی وتارەكەت دڵگیرو رێك و پێك و قەدبڕ بوو پڕواتابوو، خۆزگایە كەمێ درێژەت پێ دەدا! گوتی: بۆیە وەهام كرد چونكە بۆ خۆم ژنەوتوومە لە حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) دەیفەرموو: نوێژی درێژو وتاری كورتی پیاو نیشانەی ئەوەیە كە پیاوێكی زاناو شارەزایە، كەواتە درێژە بە نوێژبدەن و وتار كورت بكەنەوە، بشزانن كە هەندێ پەخشان و قسەی نەستەق و رەوان وەك جادوو وان كار لەدڵ و مێشكی ئادەمیزاد دەكەن و كاری جوانی لەلا جوانتر دەكەن (م/ئەحمەد).

---

(٢) مسلم. جمعة: ٢٠٠٠ ، ٢٠٠١. ترمذي. صلاة: ٥٠٧. نسائي. عيدين: ١٥٨١ تحفة الأشراف: ٢١٦٧.

(٣) مسلم. جمعة: ٢٠٠٦. تحفة الأشراف: ١٠٣٥٣.

٨٤٧- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا خَطَبَ احْمَرَّتْ عَيْنَاهُ وَعَلاَ صَوْتُهُ وَاشْتَدَّ غَضَبُهُ حَتَّى كَأَنَّهُ مُنْذِرُ جَيْشٍ يَقُولُ: صَبَّحَكُمْ وَمَسَّاكُمْ. وَيَقُولُ: بُعِثْتُ أَنَا وَالسَّاعَةَ كَهَاتَيْنِ، وَيَقْرُنُ بَيْنَ إِصْبَعَيْهِ السَّبَّابَةِ وَالْوُسْطَى وَيَقُولُ أَمَّا بَعْدُ فَإِنَّ خَيْرَ الْحَدِيثِ كِتَابُ اللَّهِ وَخَيْرُ الْهُدَى هُدَى مُحَمَّدٍ وَشَرُّ الأُمُورِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلُّ مَحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلُّ بِدْعَةٍ ضَلاَلَةٌ، ثُمَّ يَقُولُ: أَنَا أَوْلَى بِكُلِّ مُؤْمِنٍ مِنْ نَفْسِهِ مَنْ تَرَكَ مَالاً فَلأَهْلِهِ، وَمَنْ تَرَكَ دَيْنًا أَوْ ضَيَاعًا فَإِلَيَّ وَعَلَيَّ رَوَاهُ مُسْلِمٌ والنسائي[٤].

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کاتێ وتاری دەدا چاوی سوور هەڵدەگەڕا دەنگی بەرز دەکردەوە، تەواو تووڕە دەبوو، بەشێوەیەکی دەتگوت ترسێنەر (مونذیر)ی سوپایەو سوپا دەترسێنێ لە دوشمنو دەڵێ: وا سوپای دوژمن، سەر لەبەیانی، یا سەر لە ئێواریێ بەم زووانە دەدا بەسەرتانا،لە هەندێ وتارا پەنجەی شایەتمانو پەنجەی بەرزەلووتەی خۆیی جووت دەکردو دەیفەرموو (دروودی خوای لەسەربێ): لەپاش ئەمە بزانن کە باشترین فەرمایشت نامەی خودایە کە قورئانی پیرۆزە وە باشترین رێبازو رێگەی چاکە رێبازگەی موحەممەدە وەخراپترین کاروبارو فەرمانیش لە ئاییندا ئەو کاروبارانەن کە نوێباوو تازەقەڵلان، وە هەموو کارێکی ناشایستەیش سەر گەردانیو گومراییە لەپاشا دەیفەرموو (دروودی خوای لەسەربێ): من بۆ هەموو موسوڵمانێ لەخۆی لە پێشترم بۆی! چونکە دەیخەمە سەر رێی رزگاریی ئیجگاریی بەڵام ئەوەی بمرێو ماڵی لە پاش بەجێ بمێنێ ئەوە ماڵەکەی بۆ کەسوکارەکەیەتی، وەلێ ئەوەی بمرێو قەرزاربێ، یاخود خێزانێکی بێ داڵدەی لەپاش بەجێ بمێنێ ئەوە قەرزەکەی رووبەرووی من دەبێتەوە خۆم دەیبژێرمەوە بۆیو سەرەوکاریی کەسوکارەکەشی لەسەر منە (م/ن).

٨٤٨- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: عَلَّمَنَا النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خُطْبَةَ الْحَاجَةِ الْحَمْدُ لِلَّهِ نَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ، وَنَعُوذُ بِاللَّهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، مَنْ يَهْدِهِ

---

(٤) مسلم. جمعة: ٢٠٠٢ ، ٢٠٠٣. نسائي. عيدين: ١٥٧٧. ابن ماجه. مقدمة: ٤٥. تحفة الأشراف: ٢٥٩٩.

اللّٰهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِىَ لَهُ، وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ، ثُمَّ يَقْرَأُ ثَلاَثَ آيَاتٍ (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللّٰهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنْتُمْ مُسْلِمُونَ) (يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِى خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللّٰهَ الَّذِى تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّٰهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا) (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللّٰهَ وَقُولُوا قَوْلاً سَدِيدًا) الآية. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاريَّ واللفظ للنسائي(٥).

عەبدوڵڵا (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **فێری وتاری نیاز (خوطبەی حاجە)ی کردین ئەگەر فەرمانێکی گرنگمان هەبوو وەك ژن مارەبڕین‌و ناوبژیی کردن‌و شتی وا ئەوە لە پێشەوە بڵێین:**

{الْحَمْدَ لِلّٰهِ نَسْتَعِينُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ وَنَعُوذُ بِاللّٰهِ مِنْ شُرُورِ أَنْفُسِنَا وَسَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا، فَمَنْ يَهْدِهِ اللّٰهُ فَلاَ مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلاَ هَادِىَ لَهُ وَأَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ}.

سوپاس‌و ستایش هەر بۆ خودایە، داوای کۆمەکی‌و لێخۆشبوون هەر لەخودا دەکەین پەنا دەگرین بەخودا لە هەموو خراپەیەك‌و زیانی دەروونی خۆمان، هەروەها لە کردەوەی ناپەسەندی خۆمان، دیارە ئەوەی خودا ڕێگەی چاکەی نیشان بدا بە کەسی تر لە ڕێگە دەرناچێ، وە ئەوەی خودا سەری لێ بشێوێنێ‌و لەڕێ دەریکا بەکەسی تر ناخرێتەوە سەر ڕێی ڕاست، گەواهو شایەتی دەدەم کە هەر خودا خودایەو خودای ترنیە، وە موحەممەدیش هەم بەندەو هەم پێغەمبەری خودایە ئینجا ئەم سێ ئایەتانەش بە دوایا بخوێنین:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ اتَّقُواْ اللّهَ حَقَّ تُقَاتِهِ وَلاَ تَمُوتُنَّ إِلاَّ وَأَنتُم مُّسْلِمُونَ – ٣/١٠٢}.

واتە: ئەی کەسانێ کە باوەڕو ئیمانتان هێناوە بە خوداو بە پێغەمبەری خودا! لە خودا بترسن‌و تەقوای خودا بکەن، ترسان‌و

---

(٥) مسلم. زكاة: ٢٣٤٨.

تەفوایـەكی وا كـە شایـستەی شـانی ئـەوبێ، وە كـارێكی وا بكـەن كـە هـەركاتێ مـردن لەسـەر ئاییـنی ئیـسلام بمـرن، لـە پـێش مردنـدا لـە حـاڵی ژیاندا ئەوەندە بە ساغی تێ بكۆشن بۆ خودا كە لەكاتی مردنـدا نیشانەی موسوڵمانەتیتان پێوە دیار بێ:

{يَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُواْ رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالاً كَثِيرًا وَنِسَاء وَاتَّقُواْ اللّهَ الَّذِي تَسَاءلُونَ بِهِ وَالأَرْحَامَ إِنَّ اللّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا – ٤/١}.

ئەی مەردوم! ئەی نەوەی ئادەم! لـە تۆڵـەی سـەختی پـەروەردگارتان بترسن و خۆتـانی لێ بپـارێزن ئـەو پـەروەردگارەی كـە ئێـوەی هـەموو لەیـەك كەسێ خستۆتەوە كە ناوی ئادەمە، وە هاوسـەری لـە پەراسووی خـۆی بـۆ دروست كرد كـە نـاوی حەووایـە، ئینجا لـەم دوو كەسـە پیـاوو ژنێكـی زۆر زۆری خـستەوەو بـڵاوی كردنـەوە بەسـەر رووی زەویـدا، وە لـە خـودا بترسن و ناهـەقی و زۆرو ستەم لـە یەكتری مەكـەن، چونكە ئێـوە هـەمووتان لەماف و حوقووقا چون یەكەن چونكە هەمووتان لـە ئـادەم و ئـادەم لـە گڵـە، خودا ئەو خودایە كە ئاشكراو نمایانـەو هـەموو هۆشمەنـدێ دان دەنـێ بـە بوونیاو ئەوەتانێ ئێوە كاتـێ داوای شتـێ لـە یەكتری دەكـەن دەڵێن لەبـەر خاتری خـودا ئـەوەم بدەرێ، یـا ئـەوە مەكـە، وە خۆتـان بپـارێزن لـە بڕینـی رشتـەی میهرەبـانی و مـافی خـزم و كەسوكار بـەجێ بێـنن، بەراسـتی خـودا هەمیشە ئاگادارە لێتان و چاودێرە بەسەرتانەوە:

{يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اتَّقُوا اللَّهَ وَقُولُوا قَوْلًا سَدِيدًا، يُصْلِحْ لَكُمْ أَعْمَالَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ ذُنُوبَكُمْ وَمَن يُطِعْ اللَّهَ وَرَسُولَهُ فَقَدْ فَازَ فَوْزًا عَظِيمًا – ٣٣/٧٠-٧١}.

واتـە: ئـەی كەسـانێ كـە باوەڕتـان هێنـاوە! لـە خـودا بترسـن و خۆتـان بپارێزن لە نافەرمانی ئەو، قسەیێ بكەن كـە راست بـێ و بەسوود بـێ، ئەگـەر وابكـەن كردەوەكانتـان گـیرا دەكـاو لـە گوناهـەكانتان خـۆش دەبـێ، وە هـەر

کەسێ بەگوێی خوداو پێغەمبەری خودا بکا ئەوە بەکامی خۆی دەگاو بەمەبەستو مرازی خۆی شاد دەبێ (ن/م/د/ت).

٨٤٩- عَنْ بِنْتٍ لِحَارِثَةَ بْنِ النُّعْمَانِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: مَا حَفِظْتُ (ق) إِلاَّ مِنْ فِي رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَخْطُبُ بِهَا كُلَّ جُمُعَةٍ. قَالَتْ: وَكَانَ تَنُّورُنَا وَتَنُّورُ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَاحِدًا. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأَبُو دَاوُدَ[٦].

کچێکی حاریثەی کوڕی نوعمان (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: سوورەتی قافم لە دەمی پێغەمبەر خۆیەوە (دروودی خوای لەسەربێ) لەبەر کردووە، چونکە هەموو هەینییەك لە وتاری هەینیدا دەیخوێندەوە، کچەکە زرنگیو نزیکیی خۆیی لە پێغەمبەرەوە دەست نیشان کردو گوتی: ئەوساکە سەر تەندووری ماڵی ئێمەو سەر تەندووری ماڵی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) یەك بوو (م/د).

٨٥٠- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: كُلُّ خُطْبَةٍ لَيْسَ فِيهَا تَشَهُّدٌ فَهِيَ كَالْيَدِ الْجَذْمَاءِ. رَوَاهُ أصحاب السنن[٧].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): هەر وتارێ کە شایەتمانی تیا نەبێ وەك دەستێ کە گول بێ وایە! (د/ت/ن-س/ص).

١٤٨) نوێژی هەینی: (صلاة الجمعة)

٨٥١- قَالَ: عُمَرُ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) صَلاَةُ الْجُمُعَةِ رَكْعَتَانِ، وَصَلاَةُ الْفِطْرِ رَكْعَتَانِ، وَصَلاَةُ الأَضْحَى رَكْعَتَانِ، وَصَلاَةُ السَّفَرِ رَكْعَتَانِ تَمَامٌ غَيْرُ قَصْرٍ عَلَى لِسَانِ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). رَوَاهُ النسائي وأحمد وابن ماجه[١].

(٦) مسلم. جمعة: ٢٠١١. أبو داود: صلاة: ١١٠٠ ، ١١٠٢ ، ١١٠٣. نسائي. إفتتاح: ٩٤٨.

(٧) بسند صحيح (شرحه).

(١) باسانيد صحيحة (شرحه).

عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە دەمی پێغەمبەر خۆیم ژنەوتووە دەیفەرموو (دروودی خوای لەسەربێ): نوێژی هەینی دوو رکاتە، وە نوێژی جەژنی رەمەزان دوو رکاتە، وە نوێژی جەژنی قوربان دوو رکاتە، وە نوێژی سەفەر دوو رکاتە ئەم نوێژانە کە بە دوو رکات دەکرێن تەواون، نەوەك بڵێی کورتەوەکراون (ن/ئەحمەد/ئیبنو ماجە-باسانید صحیحە).

٨٥٢- وَللنسائي والترمذي: مَنْ أَدْرَكَ مِنْ صَلاَةِ الْجُمُعَةِ رَكْعَةً فَقَدْ أَدْرَكَ الصَّلاَةَ[٢].

دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): هەر کەسێ بە جەماعەت فریای یەك رکات لە دوو رکاتەکەی نوێژی هەینی بکەوێ ئەوە فریای ئەو نوێژە بە تەواوی دەکەوێ بەڵام دەبێ کە پێشنوێژ سڵاوی دایەوە ئەو بە تەنها رکاتێکی تربکا (ن/ت-سند صحیح).

٨٥٣- وللدار قطنيّ: مَنْ أَدْرَكَ رَكْعَةً مِنَ الْجُمُعَةِ فَلْيُصَلِّ إِلَيْهَا أُخْرَى وَمَنْ فَاتَتْهُ الرَّكْعَتَانِ فَلْيُصَلِّ أَرْبَعًا[٣].

حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەوەی فریای یەك رکات دەکەوێ لە نوێژی هەینی، با رکاتێکی تریشی لە پاڵ بکا، بەڵام ئەگەر کەسێ بەهەردوو رکاتەکەدا نەگەیشت با چوار رکاتەکەی نوێژی نیوەڕۆ بکا (دارە قوطنی).

٨٥٤- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنهُماَ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يَقْرَأُ فِي صَلاَةِ الْفَجْرِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ سُورَةَ الْجُمُعَةِ وَالْمُنَافِقِينَ[٤].

ئیبنو عەباس (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: گەلێ جار پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نوێژی هەینیدا سوورەتی جومعەو سوورەتی مونافیقونەی دەخوێند (م/د/ت/ن).

---

(٢) بسند صحيح (شرحه).

(٣) قال الترمذي وعليه الكثر الصحب والتابعين.. ومالك والشافعي وأحمد (شرحه).

(٤) مسلم. جمعة: ٢٠٢٨. أبو داود. صلاة: ١٠٧٤. ترمذي. صلاة: ٥٢٠. نسائي. إفتتاح: ٩٥٥.

٨٥٥- عَنْ النُّعْمَانِ بْنِ بَشِيرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقْرَأُ فِي الْعِيدَيْنِ وَفِي الْجُمُعَةِ بِسَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الأَعْلَى وَهَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْغَاشِيَةِ قَالَ: وَإِذَا اجْتَمَعَ الْعِيدُ وَالْجُمُعَةُ فِي يَوْمٍ وَاحِدٍ يَقْرَأُ بِهِمَا أَيْضًا فِي الصَّلاَتَيْنِ[٥].

نوعمانی کوڕی بەشیر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: گەلێ جار پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە نوێژی هەردوو جەژنەکان و لە نوێژی هەینیدا سوورەتی {سَبِّحِ اسْمَ رَبِّكَ الْأَعْلَى} و سوورەتی {وَهَلْ أَتَاكَ حَدِيثُ الْغَاشِيَةِ}ی دەخوێند، گوتی: ئەگەر جەژنیش ڕێکەوتی ڕۆژی هەینیی بکردایە ئەوە لەهەر دوو نوێژەکاندا هەر ئەم دوو سوورەتەی دەخوێند! (م/د/ت/ن).

٨٥٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا صَلَّيْتُمْ بَعْدَ الْجُمُعَةِ فَصَلُّوا أَرْبَعًا. روى هذه الثلاثة الأصول الخمسة إلاَّ البخاريَّ[٦].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): ئەگەر ویستتان لەپاش نوێژی هەینی نوێژی سوننەت بکەن ئەوا چوار ڕکات بکەن (م/د/ت/ن).

٨٥٧- (ب – ١ ز – ١٠٣ ژ: ٦٠٣)[٧].

٨٥٨- وروى عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّهُ كَانَ يُصَلِّي قَبْلَ الْجُمُعَةِ ارْبَعاً وَبَعْدَهَا أَرْبَعاً. رَوَاهُ الترمذي[٨].

دەگێڕنەوە کە عەبدوڵڵا (خوای لێ ڕازی بێ) لە پێشی نوێژی هەینییە وە چوار ڕکات و لەپاشیەوە چوار ڕکاتی دەکرد (ت).

---

(٥) مسلم. جمعة: ٢٠٢٥ – ٢٠٢٧. أبو داود. صلاة: ١١٢٢. ترمذي. صلاة: ٥٣٣. نسائي. جمعة: ١٤٢٣.

(٦) مسلم. جمعة: ٢٠٣٣ – ٢٠٣٥. نسائي. جمعة: ١٤٢٥.

(٧) راجع رقم: ٦١١.

(٨) سكت عنه الشارح (مترجم).

١٤٩) بەشی چوارەم: دەستوورەكانی دواندەرو وتاربێژ (خطیب)و ئامادەبووەكان (الحاضرین):

الفصل الرابع: في آداب الخطيب والحاضرين

٨٥٩- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ سَلَامٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ عَلَى الْمِنْبَرِ فِي يَوْمِ الْجُمُعَةِ: مَا عَلَى أَحَدِكُمْ لَوِ اشْتَرَى ثَوْبَيْنِ لِيَوْمِ الْجُمُعَةِ سِوَى ثَوْبِ مِهْنَتِهِ. رَوَاهُ ابن ماجه وأَبُو دَاوُدَ[١].

عەبدوڵڵای كوڕی سەلام (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ڕۆژی هەینی بوو لەسەر دووانگە لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو (دروودی خوای لەسەربێ) چی تێ دەچێ ئەگەر یەكی سەرو دوو پارچە جل بكڕن بۆ لەبەركردنی ڕۆژی هەینیتان، جگە لە بەرگی جلكارتان (ئیبنو ماجە/د-سند ضعیف).

٨٦٠- عَنْ الْحَكَمِ بْنِ حَزْنٍ الْكُلَفِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: شَهِدْنَا الْجُمُعَةَ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَامَ مُتَوَكِّئًا عَلَى عَصًا أَوْ قَوْسٍ، فَحَمِدَ اللَّهَ وَأَثْنَى عَلَيْهِ بِكَلِمَاتٍ خَفِيفَاتٍ طَيِّبَاتٍ مُبَارَكَاتٍ، ثُمَّ قَالَ: أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّكُمْ لَنْ تُطِيقُوا وَلَنْ تَفْعَلُوا كُلَّ مَا أُمِرْتُمْ بِهِ وَلَكِنْ سَدِّدُوا وَأَبْشِرُوا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وأحمد وصححه ابن السَّكن[٢].

حەكەمی كوڕی حەزنی كولەفی (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: لەگەڵ پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) ئامادەی نوێژی هەینی بووین، كاتێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هەڵسایەوە بۆ وتار خوێندنەوە خۆی دا بەسەر دار دەست (عەسایە)كا، یا خۆی بە كەوانێ گرت ئینجا سوپاسی خودای كردو بەچەند وشەیەكی سووكەڵەی پوختی پیرۆز وەسپی خودای دایەوە، ئەوجا فەرمووی: ئەی موسوڵمانینە! ئێوە نەدەرەقەتی ئەوە دێن كە ئەو فەرمانانەی دراوە بە سەرتانا هەموویان بكەن وە نەئەوەتان بۆ دەكرێ، كەواتە چەندەتان

---

(١) بسند ضعيف (شرحه).

(٢) صحيح عنه ابن السكن (شرحه).

لێ هەڵدەستێ لە کردنی درێغی مەکەن و لەسەر ئەوە موژدەبێ لێتان (د/ئەحمەد/ئیبنو سەکەن: ح/ص).

٨٦١- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: إنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) جَلَسَ ذَاتَ يَوْمٍ عَلَى الْمِنْبَرِ وَجَلَسْنَا حَوْلَهُ. رَوَاهُ الشيخان[٣].

ئەبو سەعید (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) رۆژێ لەسەر دوانگەکە دانیشت ئێمەش لە دەوری لە خوارەوە دانیشتین (ش).

٨٦٢- عَنْ جَابِرٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إذَا صَعِدَ الْمِنْبَرَ سَلَّمَ. رَوَاهُ ابن ماجه والشافعي[٤].

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کەسەر دەکەوتە سەر دووانگە کە لەوێ سڵاوی دەکرد لە کۆمەڵەکە (ئیبنو ماجە/ شافیعی).

٨٦٣- عَنْ أَنَس (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أُقِيمَتِ الصَّلاَةُ فَأَخَذَ رَجُلٌ بِيَدِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَمَا زَالَ يُكَلِّمُهُ حَتَّى نَعَسَ بَعْضُ الْقَوْمِ. رَوَاهُ الترمذي وصححه[٥].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ قامەت کرا بۆ نوێژی هەینی، لەو کاتەدا پیاوی دەستی پێغەمبەری گرت، ئیتر هەر قسەی لەگەڵ کرد هەتا هەندێ کەس خەو بردنیەوە (ت:ص).

٨٦٤- وللبيهقي والطبراني: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إذَا دَنَا مِنَ الْمِنْبَرِ سَلَّمَ عَلَىَ مَنْ عِنْدَهُ، ثُمَّ صَعَدَ، فَاستَقْبَلَ الْقَوْمَ، ثُمَّ سَلَّمَ، ثُمَّ قَعَد (شرحه)[٦].

گوتی: دەستووری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وابوو کە دەگەیشتە نزیکی دوانگەکە سڵاوی دەکرد لەوانەی لەوێ بوون، ئینجا سەر دەکەوت و لەسەر دووانگەکە رووی دەکردە خەڵکەکەو ئینجا سڵاوێکی تری دەکردەوە،

---

(٣) مسلم. زكاة: ٢٤١٩ – ٢٤٢٠. بخاري. زكاة: ١٤٦٥.

(٤) سكت عنه الشارح.

(٥) صحيح عن الترمذي.

(٦) وعليه الجمهور (شرحه).

ئینجا دادەنیشت هەتا بانگدەر بانگی دەداو لە بانگ دەبووەوە، ئەوسا هەڵدەساو وتاری یەکەمی دەدا (بەیهەقی/طەبەرانی. نەقڵ کراوە لەشەرحەکەیەوە).

٨٦٥- وَلأصحاب السُّنن: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يتَكَلَّمُ بِالْحَاجَةِ إِذَا نَزَلَ مِنْ الْمِنْبَرِ، ولفظ أبي دَاوُدَ: قَالَ: أنسٌ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَنْزِلُ عَنِ الْمِنْبَرِ، فَيَعْرِضُ لَهُ الرَّجُلُ فِي الْحَاجَةِ فَيَقُفُ مَعَهُ حَتَّى يَقْضِيَ حَاجَتَهُ، ثُمَّ يَقُومُ فَيُصَلِّي[٧].

گوتی: جاران پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کە لە دووانگەکە دادەبەزی، هەندێ کەس لەوکاتەدا ئیشیان پێی دەبوو، ئەویش لەو بابەتەوە قسەی لەگەڵ دەکردن (د/ت/ن). گفتەی ئەبو داوود وەك لەشەرحەکەدا دەڵێ ئاوایە: ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) دەیگوت: دیومە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کە لە دوانگەکە دادەبەزی هەندێ کەس بەرەنگاری دەبوون و بۆ ئیشی خۆیان یەخەیان پێ دەگرت و ڕویان لێ دەنا، ئەویش لە گەڵیان دەوەستا تا ئیشەکەی بۆ جێ بەجێ دەکردن، ئنجا دەچوو نوێژەکەی دەکرد.

٨٦٦- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: جَاءَ سُلَيْكٌ الْغَطَفَانِيُّ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَرَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَخْطُبُ فَجَلَسَ فَقَالَ: يَا سُلَيْكُ قُمْ فَارْكَعْ رَكْعَتَيْنِ وَتَجَوَّزْ فِيهِمَا، ثُمَّ قَالَ: إِذَا جَاءَ أَحَدُكُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَالإِمَامُ يَخْطُبُ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ وَلْيَتَجَوَّزْ فِيهِمَا. رَوَاهُ الخمسة[٨].

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: رۆژێکی هەینی لەوکاتەدا کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وتاری دەدا سولەیکی غەطەفانی هات و دانیشت، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) پێی فەرمووی: ئەی سولەیك! هەڵسە دوو رکات نوێژی سووکەڵە بکە ئینجا فەرمووی: رۆژی هەینی ئەگەر یەکێکتان لەو کاتەدا هات

---

(٧) سكت عن درجته الشارح (مترجم).

(٨) بخاري. جمعة: ٩٣٠، ٩٣١، ١١٦٦. مسلم. جمعة: ٢٠١٥ – ٢٠٢١. أبو داود. صلاة: ١١١٥. نسائي. جمعة: ١٤٠٨. تحفة الأشراف: ٢٥١١.

بۆ مزگەوت كە پێشنوێژ وتاری دەخوێندەوە با بەگورجی دوو ركات نوێژی سووكەڵە بكا (ش/د/ت/ن- هەزاران رەحمەتیان لێبێ).

٨٦٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ ثُمَّ أَتَى الْجُمُعَةَ فَدَنَا وَاسْتَمَعَ وَأَنْصَتَ غُفِرَ لَهُ مَا بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجُمُعَةِ وَزِيَادَةُ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ وَمَنْ مَسَّ الْحَصَى فَقَدْ لَغَا. رَوَاهُ الترمذي ومسلم(٩).

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) لە حەزرەتەوە (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەر كەسێ دەسنوێژێكی جوان بگرێو ئینجا بچێ بۆ نوێژی هەینیو خۆی لە پێشنوێژ نزیك بكاتەوە هەتا بە جوانی گوێ لە قسەكانی بگرێو لەوكاتەدا بێ دەنگو خامۆش بێ ئەوە خودا خۆش دەبێ لە گوناهی نێوانی ئەو هەینییەو هەینییەكەی پێشوویو زیادەی سێ رۆژیش، هەر كەسێكیش لەوكاتەدا كە وتارخوێن وتاری هەینی دەخوێنێتەوە دەست لە وردەبەردوزیخو چەوو شتی وا بدا واتە: خۆی بەشتی بێ هوودەوە خەریك بكا ئەوە نابەجێی دەكا (ت/م).

٨٦٨- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا قُلْتَ لِصَاحِبِكَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ أَنْصِتْ. وَالإِمَامُ يَخْطُبُ فَقَدْ لَغَوْتَ. رَوَاهُ الخمسة(١٠).

دیسان ئەو گوتی: حەزرەت فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ) رۆژی هەینی لەوكاتەدا كە پێشنوێژ وتار دەخوێنێتەوە ئەگەر بەهاونشینی خۆت بڵێی وس، بێدەنگبە، ئەوە خۆشت قسەی بێجا دەكەی! (ش/د/ت/ن).

{وفی روایة في الشرح: ولا حمد: ومن قال: صه فقد تكلم، ومن تكلم فلا جمعة له}.

لە گێڕانەوەیەكی شەرحەكەدا (كە ئیمامی ئەحمەد (خوای لێ رازی بێ) ریوایەتی دەكا) دەڵێ: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەوەی

---

(٩) مسلم. جمعة: ١٩٨٥. ترمذي. صلاة:٤٩٨. أبو داود. صلاة: ١٠٥٠.

(١٠) بخاري. جمعة: ٩٣٤. مسلم. جمعة: ١٩٦٢. ترمذي. صلاة: ٥١٢. نسائي. جمعة: ١٤٠٠.

بەیەكێكی تریش بڵێ: وس، بێ دەنگ بە، ئەوە خۆشی قسەی كردووە، وە ئەوەی لەوكاتەدا قسەبكا جومعەی بۆ حلێب ناكرێ.

٨٦٩- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ عَمْرٍو (رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: يَحْضُرُ الْجُمُعَةَ ثَلاَثَةُ نَفَرٍ: رَجُلٌ حَضَرَهَا يَلْغُو وَهُوَ حَظُّهُ مِنْهَا، وَرَجُلٌ حَضَرَهَا يَدْعُو، فَهُوَ رَجُلٌ دَعَا اللّٰهَ عَزَّ وَجَلَّ إِنْ شَاءَ أَعْطَاهُ وَإِنْ شَاءَ مَنَعَهُ، وَرَجُلٌ حَضَرَهَا بِإِنْصَاتٍ وَسُكُوتٍ، وَلَمْ يَتَخَطَّ رَقَبَةَ مُسْلِمٍ، وَلَمْ يُؤْذِ أَحَدًا فَهِيَ كَفَّارَةٌ إِلَى الْجُمُعَةِ الَّتِي تَلِيهَا وَزِيَادَةُ ثَلاَثَةِ أَيَّامٍ وَذَلِكَ بِقَوْلِ اللّٰهِ تَعَالَى: (مَنْ جَاءَ بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا). رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وابْنِ خزيمة في صحيحه[11].

عبدوڵڵای كوڕی عامر (خوایان لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرموویەتی: ئەوانەی كە دەچن بۆ نوێژی هەینی یەكێكن لەم سێ كەسە: هەندێ پیاو دەچن لەوێ دەست دەكەن بە چەڵتەو چەنەدان، ئەمانەلەو هەینییە تەنیا ئەو چەنەدانەیان پێ دەبڕێ، هەندێ پیاوی تریش دەچن لەوێ دەست دەكەن بە نزاكردن و پاڕانەوە، ئەمانەیش كەسانێكن لە خودای گەورەو سەروەری خۆیان دەپاڕێنەوە، حەزكا بەشیان دەداو حەزكا بەشیان نادا، پیاو گەلێكیش هەن كە دەچن بۆ هەینی لەوێ مات و بێ دەنگ دەبن و بە جوانی گوێ دەگرن و لە هەمان كاتدا هەنگاو بەسەر سەری كەسدا هەڵنانێن و بەهیچ جۆرێ نابن بە ئازارو مەینەت بۆ كەس، جا جومعەی ئەم جۆرە كەسانە دەبێ بە كەفارەت و برێتیی گوناهی دە ڕۆژیان لەم جومعەیەوە هەتا جومعەی ئایندە لەگەڵ زیادەی سێ ڕۆژدا ئەمەیش بەپێی فەرمایشتی خودای گەورە كە لەم ئایەتەدا دەفەرمویێ:

{مَن جَاء بِالْحَسَنَةِ فَلَهُ عَشْرُ أَمْثَالِهَا – ٦/١٦٠}.

واتە: هەر كەسێ چاكەیێ بكا دە قاتی ئەو چاكەیە پاداشی باشی بۆ هەیە (د-سند صالح، ئیبنو خوزەیمەش لە (صەحیحی) خۆیدا ریوایەتی كردووە).

---

(١١) رواه أبو داود بسند صالح (شرحه).

٨٧٠- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ بُسْرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ يَتَخَطَّى رِقَابَ النَّاسِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ وَالنَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَخْطُبُ، فَقَالَ: لَهُ: اجْلِسْ فَقَدْ آذَيْتَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنسائي والحاكم وصَحَّحَهُ[١٢].

عەبدوڵڵای کوڕی بوسر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: رۆژی هەینی بوو لەوکاتەدا کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وتاری دەدا پیاوێ هات دەستی کرد بە هەنگاونان بەسەر سەری خەڵکەکەدا هەتا جێگەیێ بدۆزێتەوە بۆ خۆی تیا دانیشێت جا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) پێی فەرموو: دانیشە، لەوە زیاتر ئازاری مەردومەکە مەدە! (د/ن-حاکم بەصەحیی داناوە).

٨٧١- وللترمذي: مَنْ تَخَطَّى رِقَابَ النَّاسِ يَوْمَ الْجُمُعَةِ اتَّخَذَ جِسْرًا إِلَى جَهَنَّمَ[١٣].

حەزرەت دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): هەر کەسێ لە رۆژی هەینیدا لە مزگەوت هەنگاو هەڵنێ بەسەر سەری خەڵکدا، ئەوە پرد هەڵ دەبەستێ بۆ ناو دۆزەخ! (ت).

٨٧٢- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ أللّٰهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا نَعَسَ أَحَدُكُمْ وَهُوَ فِي الْمَسْجِدِ فَلْيَتَحَوَّلْ مِنْ مَجْلِسِهِ ذَلِكَ إِلَى غَيْرِهِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وأحمد والترمذي ولفظه: إِذَا نَعَسَ أَحَدُكُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فَلْيَتَحَوَّلْ مِنْ مَجْلِسِهِ[١٤].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرموویەتی: ئەگەر کەسێکتان لەناو مزگەوتدا وەنەوزی دەدا باجێ گۆڕکێ بکا (د/ئەحمەد/ ت-س/ص) گفتەی تیرمیذی: ئەگەر یەکێکتان لە رۆژی هەینیدا وەنەوزی دەدا باجێگە دانیشتنەکەی بگۆڕێ.

٨٧٣- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا اسْتَوَى عَلَى الْمِنْبَرِ اسْتَقْبَلْنَاهُ بِوُجُوهِنَا. رَوَاهُ الترمذي وابن ماجه[١٥].

---

(١٢) صحيح عنه الحاكم.

(١٣) سكت عن درجته الشارح (مترجم).

(١٤) بسند صحيح (شرحه).

عەبـدوڵڵا (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتـی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) کەسـەر دەکەوتە سەر مینبەر ڕوومان تێ دەکرد (ت/ئیبنو ماجە).

٨٧٤- رَأَى النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَجَلاً يَتَخَطَّى الرِّقَابَ فَقَالَ: لَهُ: رَأَيْتُكَ تَتَخَطَّى رِقَابَ النَّاسِ وَتُؤْذِيهُمْ، مَنْ آذى مُسْلِمَاً فَقَدْ آذانِي، وَمَنْ آذَانِي فَقَدْ آذى اللهَ عَزَّ وَجَلَّ. رَوَاهُ الطبراني (شرحه)(١٦).

گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) چاوی لێ بوو پیاوێ هەنگاوی هەڵ دەنا بەسەر سەری خەڵکەکەدا فەرمووی پێی: چاوم لێتە هەنگاو هەڵ دەنێی بەسەر سەری مەردومەکەداو بەم کردەوەیە ئازاریان دەدەی! ئەوەی ئازاری موسوڵمانێ دەدا ئەوە ئازاری من دەدا، ئەوەشی ئازاری من دەدا ئەوە ئازاری خودای گەورەو سەروەر دەدا (طەبەرانی لەسەر ریوایەتی شەرحەکە).

٨٧٥- ولأبي دَاوُدَ وابن خزيمة: وَمَنْ تَخَطَّى رِقَابَ النَّاسِ كَانَتْ لَهُ ظُهْرَاً (شرحه)(١٧).

حـەزرەت (دروودی خـوای لەسـەربێ) دەفـەرموێ: ئـەوەی کـە لـەکاتی نوێـژی هەینیـدا هـەنگاو هـەڵنێ بەسـەر خـەڵکا، نوێـژی هەینییەکـەی بـە نیـوەڕۆ بـۆ حلێب دەکرێ (د/ئیبنو خوزەیمە).

١٥٠) پاشەکی - کاتی گیرابوونی نزاو پاڕانەوە: (خاتمة - في ساعة الإجابة)

٨٧٦- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ذَكَرَ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فَقَالَ: فِيهِ سَاعَةٌ لاَ يُوَافِقُهَا عَبْدٌ مُسْلِمٌ وَهْوَ قَائِمٌ يُصَلِّي يَسْأَلُ اللَّهَ شَيْئًا إِلاَّ أَعْطَاهُ إِيَّاهُ - وَأَشَارَ بِيَدِهِ يُقَلِّلُهَا - رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ أبا دَاوُدَ(١).

---

(١٥) وعليه جمهور اسلف والخلف (شرحه).

(١٦) سكت عن درجته.

(١٧) سكت عن درجته.

(١) بخاري. طلاق: ٩٣٥ ، ٦٤٣١. مسلم. جمعة: ١٩٦٦.

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) باسی رۆژی هەینیی دەكرد فەرمووی: كاژێرێكی تیادایە، هەر بەندەیەكی موسوڵمان بۆی رێ بكەوێ لەوكاتەدا راوەستابێ نوێژ بكا، یاخود بەكوڵ و بەدڵ لە خودا بپارێتەوە ئیتر داوای هەرشتێ لە خێری دین و دنیا لە خودا بكا خودا بێ دڵی ناكاو دەیداتی! گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بە دەستی پیشانیدا كە ئەو ماوەیە گەلێ كەمە (ش/ت/ن).

٨٧٧- عَنْ أَبِي مُوسَى (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سَمِعْتَ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: هِيَ مَا بَيْنَ أَنْ يَجْلِسَ الإِمَامُ إِلَى أَنْ تُقْضَى الصَّلاَةُ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأَبُو دَاوُدَ والترمذي ولفظه: إنَّ فِي الْجُمُعَةِ سَاعةً لاَ يَسْأَلُ اللهَ الْعَبْدُ فِيهاَ شَيْئاً إلاَّ آتَاهُ اللهُ إيَّاهُ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللهِ أَيَّةُ سَاعَةٍ هِيَ؟ قَالَ: حِينَ تُقَامُ الصَّلاَةُ إِلَىَ الإنْصِرافِ مِنْهَا[٢].

ئەبو مووسا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو (دروودی خوای لەسەربێ): ئەوكاژێرە لەو حەلەوەیە كە پێشنوێژ دادەنیشێ لەسەر مینبەر هەتا نوێژ تەواو دەبێ (م/د/ت) گفتەی (ت): كاژێرێ لە رۆژی هەینیدا هەیە دووعای تیا گیرا دەبێ هەر بەندەیێ هەر شتێكی تیا لە خودا داوا بكا خودا ئەو شتەی دەداتێ عەرزیان كرد: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەو كاژێرە لە كەیەوەیە بۆ كەی؟ فەرمووی: لەو حەلەوەیە كە نوێژدادەبەسترێ تا تەواو دەبێ.

٨٧٨- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: يَوْمُ الْجُمُعَةِ ثِنْتَا عَشْرَةَ سَاعَةً مِنْهَا سَاعَةٌ لاَ يُوجَدُ مُسْلِمٌ يَسْأَلُ اللّٰهَ شَيْئًا إلاَّ آتَاهُ اللّٰهُ عَزَّ وَجَلَّ فَالْتَمِسُوهَا آخِرَ سَاعَةٍ بَعْدَ الْعَصْرِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنسائي والحاكم وصححَّه[٣].

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: رۆژی هەینی دوانزە كاژێرە، كاژێرێكیان تیادایە، هەر بەندەیەكی موسوڵمان داوای هەر شتێ لە خودا بكا لەو كاژێرەدا، مسۆگەر كە خودای گەورەو

---

(٢) مسلم. ١٩٧٢. أبو داود. صلاة: ١٠٤٩.

(٣) صحيح عن الحاكم.

سـەروەر ئەوشـتەی دەداتـێ، لـە دوا كـاژێردا بـۆی بگـەڕێن، لـەپاش عەسـر (د/ن/حاكم:ص).

٨٧٩- (➡ (ب – ١ ز – ١٣٩ ژمارە: ٨١٩/١). في هذه الرواية: عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: خَيْرُ يَوْمٍ طَلَعَتْ فِيهِ الشَّمْسُ يَوْمُ الْجُمُعَةِ، فِيهِ خُلِقَ آدَمُ، وَفِيهِ أُدْخِلَ الْجَنَّةَ وَفِيهِ أُهْبِطَ مِنْهَا وَفِيهِ سَاعَةٌ لاَ يُوَافِقُهَا عَبْدٌ مُسْلِمٌ يُصَلِّى فَيَسْأَلُ اللَّهَ فِيهَا شَيْئًا إِلاَّ أَعْطَاهُ إِيَّاهُ قَالَ: أَبُو هُرَيْرَةَ: فَلَقِيتُ عَبْدَ اللَّهِ بْنَ سَلاَمٍ، فَذَكَرْتُ لَهُ هَذَا الْحَدِيثَ فَقَالَ: أَنَا أَعْلَمُ بِتِلْكَ السَّاعَةِ، فَقُلْتُ أَخْبِرْنِي بِهَا وَلاَ تَضْنَنْ بِهَا عَلَيَّ قَالَ: هِيَ بَعْدَ الْعَصْرِ إِلَى أَنْ تَغْرُبَ الشَّمْسُ، فَقُلْتُ كَيْفَ تَكُونُ بَعْدَ الْعَصْرِ وَقَدْ قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لاَ يُوَافِقُهَا عَبْدٌ مُسْلِمٌ وَهُوَ يُصَلِّي، وَتِلْكَ السَّاعَةُ لاَ يُصَلِّى فِيهَا؟ فَقَالَ: عَبْدُ اللَّهِ بْنُ سَلاَمٍ: أَلَيْسَ قَدْ قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَنْ جَلَسَ يَنْتَظِرُ الصَّلاَةَ فَهُوَ فِي صَلاَةٍ؟ قُلْتُ: بَلَى قَالَ: فَهُوَ ذَاكَ. رَوَاهُ الترمذي وأَبُو دَاوُدَ والنسائي وَقَالاَ: هِيَ آخِرُ سَاعَةٍ قَبْلَ أَنْ تَغِيبَ الشَّمْسُ[٤].

لـە گێڕانـەوەی ئێـرەدا: دەڵـێ: لـە ئـەبو هـورەیرەوە (خوای لێ رازی بێ) لـە پێغەمبەرەوە دەفـەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): ڕۆژی هـەینی گـەورەترین ڕۆژە كە هەتاوی تیا هەڵدێ، ئادەم لـەم ڕۆژەدا خـودا دروسـتی كـردووە، هـەر لـەم ڕۆژەیشا براوەتە ناو بەهەشت، هەر لەم ڕۆژەیشا دایـان پەڕانـد لـە بەهەشـت بۆ سەر زەوی ئەم ڕۆژە تاوێكی تیادایە هەر بەندەیەكی موسوڵمان بـۆی ڕێ بكەوێ لەوكاتەدا نوێژ بكا، ئیتر داوای هەرشتێ لە خودا بكا دەیـداتێ ئـەبو هورەیرە گوتی: كە تووشی عەبدوڵلای كوڕی سەلام بووم، ئـەم فەرمایشتەم گێڕاوەیەوە بۆی، گوتی: من دەزانم ئەو تاوەكەیە، گوتم: دە بەمنیشی بڵـێ و لەمنی مەشارەوە، گوتی: ئەو تاوە لەپاش عەسرەوەیە هەتا خۆر ئاوادەبـێ، گوتی: چۆن لەپاش عاسرەوە دەبێ، ئەگەر وابێ چۆن پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هـەر بەندەیـەكی موسـوڵمان بـۆی ڕێ بكـەوێ لـەو كاتـەدا

---

(٤) تقدم فى رقم: ٨١٩/١. رواه الترمذى وصححه، وللشيخين شطره الأول (شرحه).

نوێـژ بکـا چـونکه کـاتی پـاش عەسـر نوێـژی تیـا نـاکرێ؟ عەبـدوڵڵای کـوڕی سەلامیش گوتی: باشه پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نافـەرموێ: هـەر کەسـێ دانیشێ چاوەنواڕی نوێژ بکا به نوێژ حلێبه بۆی؟ گوتم: با، وا دەفـەرموێ، گـوتی: مەبەسـت لـه نوێـژکردن لـەم شـوێنەدا ئەم چاوەڕوانییەیه! (ت:ص-د/ن) ئـەبو داوودو نەسـائی کـه ئـەم فـەرموودەیان گێڕاوەتـەوه گوتوویانـه: ئەوتاوه دوا تاوه له رۆژی هەینی له پێش خۆرئاوا بووندایه.

٨٨٠- (ب – ١ ز – ١٨١ ژماره: ٣/٩٦٧).

١٥١) زۆر سەڵاوات دان له دیاری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) له شەوو رۆژی هەینیدا:

الإكثار من الصلاة على النبي ﷺ في يوم الجمعة وليلتها

٨٨١- عَنْ أَوْسِ بْنِ أَوْسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ مِنْ أَفْضَلِ أَيَّامِكُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ، فِيهِ خُلِقَ آدَمُ، وَفِيهِ قُبِضَ، وَفِيهِ النَّفْخَةُ، وَفِيهِ الصَّعْقَةُ، فَأَكْثِرُوا عَلَيَّ مِنَ الصَّلَاةِ فِيهِ، فَإِنَّ صَلَاتَكُمْ مَعْرُوضَةٌ عَلَيَّ، قَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَكَيْفَ تُعْرَضُ صَلَاتُنَا عَلَيْكَ وَقَدْ أَرِمْتَ؟ فَقَالَ: إِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ حَرَّمَ عَلَى الأَرْضِ أَجْسَادَ الأَنْبِيَاءِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنسائي[1].

ئەوسی کوڕی ئەوس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فـەرمووی: رۆژی هـەینی یەکێکـه لـه رۆژه هـەره باشـەکانتان، لـەودا ئـادەم دروسـت کـراوه، وه هـەر لەویـشدا مـردووه، وه هـەر لەویـشدا نـەفخی سـوور دەبێ و فووودەکرێ بـه کـەرەنا (صـوور)دا، وه هـەر لەویـشدا نەعرەته گەورەکه دەبێ که هەرچی زیندەوەره لـەوەی لـه ئاسمـان و زەویدایه هـەموو لـه سـامی زەنـدەقیان دەچـێ و بێهـۆش دەکـەون و دەمـرن جـا کەواتـه لـەم رۆژەدا زۆر سەڵاوات لەسەرمن بدەن، چونکه صەڵاواتەکەتان دەگاتـەوه پـێم و رادەنوێنرێ بۆم یارانیش گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! تۆ که جەستەت پۆرتکاو لەشت رزی لـه گـۆڕدا چـۆن چـۆنی صـەڵاوات و دروودی ئێمـەت پـێ دەگاتـەوه؟

---

(١) بسند صحيح (شرحه).

فەرمووی: (دروودی خوای لەسەربێ) خودای گەورەو سەروەر جەستەی پێغەمبەرانی حەرام كردووە لە زەوی‌و لەشیان لە خاكا نارزێ! (د/ن-س/ص).

٨٨٢- عَنْ عَبْدُ اللّٰهِ بْنُ أَبِي أَوْفِي عَنِ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَكْثِرُوا الصَّلاَةَ عَلَيَّ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فَإِنِّي أَبُلَّغُ وَأَسْمَعُ. رَوَاهُ الشافعي وابن ماجه[٢].

عەبدوڵڵای كوڕی ئەبو ئەوفا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: لە رۆژی هەینیدا سەڵاوات لەسەر من بدەن، چونكە یا پێم دەگاتەوە یا بۆ خۆم بەگوێی خۆم دەیبیستم (شافیعی/ئیبنو ماجە).

٨٨٣- وَقَالَ: رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): أَقْرَبُكُمْ مِنِّي فِي الجَنَّةِ أَكْثَرُكُمْ عَلَيَّ صَلاَةً، فَأَكْثِرُوا الصَّلاَةَ عَلَيَّ فِي اللَّيْلَةِ الْغَرَّاءِ زالْيَوْمِ الأَزْهِر. رَوَاهُ الشافعي والبيهقي. والله أعلم[٣].

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: لە بەهەشتا ئەو كەسەتان گەلێ نزیكە لەمنەوە كە زۆر تر صەڵاوات لەسەر من دەدا، كەواتە لەشەوە پرشنگدارەكەو لە رۆژە درەخشانەكەدا واتە: لە شەوو رۆژی هەینیدا زۆر سەڵاوات لەسەر من بدەن (شافیعی/بەیهەقی — رەحمەتی خودایان لێبێ).

١٥٢) باسی یازدەهەم: باسی نوێژی ترس‌و نوێژی سەفەر، (ئەم باسە دەبێ بە دوو بەشەوە):

بەشی یەكەم: باسی نوێژی ترس:

الباب الحادي عشر: في صلاة الخوف وصلاة السفر وفيه فصلان.

الفصل الأول: في صلاة الخوف

{قَالَ: اللهُ تَعالى - وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ الصَّلاَةَ فَلْتَقُمْ طَآئِفَةٌ مِّنْهُم مَّعَكَ وَلْيَأْخُذُواْ أَسْلِحَتَهُمْ فَإِذَا سَجَدُواْ فَلْيَكُونُواْ مِن وَرَآئِكُمْ وَلْتَأْتِ طَآئِفَةٌ أُخْرَى لَمْ يُصَلُّواْ فَلْيُصَلُّواْ مَعَكَ - ٤/١٠٢}.

---

(٢) سكت عن شارح.

(٣) سكت عن شارح.

واتە: خودای گەورە دەفەرموێ: کاتێ تۆ لەناویانا بووی و بەرنوێژیت بۆ کردن، ئەوە با تاقمێکیان بەرەو رووی دوژمن راوەستێ و تافمێ لەوان راست ببنەوە دەس بکەن بە نوێژ لەگەڵ تۆداو با هەرکەسەی چەکی خۆی وەربگرێ، جاکاتێ ئەم تاقمەیە سەجدەکانی رکاتی یەکەمیان برد لە پشتی تۆوە با تۆ بەجێ بهێڵن و بڕۆن لە دواوە بەرەو رووی دوشمن راوەستن لە جێگەی تاقمەکەی ترداو ئاگاداربن لە دوژمن پاش ئەوە تاقمی یەکەم چوونە داوە با تاقمێ تر کە لە پاشەوە راوەستابوون و نوێژیان نەکردووە با ئەوانەبێن لەگەڵ تۆدا نوێژ بکەن.

١٥٣) کاتێ کە دوژمن لە رووی رووگەوە نەبێ نوێژی ترس لەسەر یەکێ لەم شێوەیانە دەکرێ: (إذا كان العدو في غير جهة القبلة)

٨٨٤- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضيَ اللّٰهُ عَنْهُمَا) قَالَ: صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) صَلاَةَ الْخَوْفِ فِي بَعْضِ أَيَّامِهِ فَقَامَتْ طَائِفَةٌ مَعَهُ وَطَائِفَةٌ بِإِزَاءِ الْعَدُوِّ فَصَلَّى بِالَّذِينَ مَعَهُ رَكْعَةً ثُمَّ ذَهَبُوا وَجَاءَ الآخَرُونَ فَصَلَّى بِهِمْ رَكْعَةً ثُمَّ قَضَتِ الطَّائِفَتَانِ رَكْعَةً رَكْعَةً قَالَ: وَقَالَ: ابْنُ عُمَرَ: فَإِذَا كَانَ خَوْفٌ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ فَصَلِّ رَاكِبًا أَوْ قَائِمًا تُومِئُ إِيمَاءً. رَوَاهُ الخمسة[١].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەیەکێ لە غەزاکانیا لەسەر ئەم شێوەیە نوێژی ترسی بۆ کردین: دەستەیەك لەگەڵ خۆیا نوێژیان دەکردو دەستەیەکیش بەرامبەری دوژمن بەچەکەوە رادەوەستان تا رکاتێکی بەوانیش تەواو کرد. هەردوو دەستەکەیش سەربەخۆیەکی رکاتێکی بەو دەستەیە تەواو کرد کە لەگەڵیا بوون، ئینجا ئەوانە رۆیشتن و چوون بۆ ئێشك گرتن و دەستەکەی ترهاتن، وە رکاتێکی تریان کرد (گێڕەرەوە: راوی) گوتی: ئیبنو عومەر گوتی: ئەگەر ترس لەمە زۆر تر بوو هەرچۆنێ بۆتان دەلوا نوێژبکەن، بە سواریی بوو، بە پیادەیی بوو

(١) مسلم. صلاة الخوف: ١٩٣٩ – ١٩٤١ بخاري. صلاة الخوف: ٩٤٢.

نوێــژی خــۆت بكــە، وە هەرچــیت بــۆ نــەدەكرا لــە كردارەكــانی نوێــژ وەك چەمینەوەو كوڕنووش بە ئیشارەت بیكە (ش/د/ت/ن).

٨٨٥- ولمسلم وأبي دَاوُدَ: صَلَّى رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَوْمَ ذَاتِ الرِّقَاعِ صَلاَةَ الْخَوْفِ أَفَطَائِفَةً صَلَّتْ مَعَهُ، وَطَائِفَةٌ وُجَاهَ الْعَدُوِّ . فَصَلَّى بِالَّذِينَ مَعَهُ رَكْعَةً ، ثُمَّ ثَبَتَ قَائِمًا ، وَأَتَمُّوا لأَنْفُسِهِمْ ثُمَّ انْصَرَفُوا ، فَصَفُّوا وُجَاهَ الْعَدُوِّ ، وَجَاءَتِ الطَّائِفَةُ الأُخْرَى فَصَلَّى بِهِمِ الرَّكْعَةَ الَّتِي بَقِيَتْ مِنْ صَلاَتِهِ ، ثُمَّ ثَبَتَ جَالِسًا ، وَأَتَمُّوا لأَنْفُسِهِمْ ، ثُمَّ سَلَّمَ بِهِمْ[٢].

گـوتی: لـە ڕۆژی غـەزای ذاتولریقاعـدا پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەسەر ئەم شێوەیە نوێژی ترسی بۆ موسوڵمانەكان كـرد: موسوڵمانەكان بـوون بـە دوو تاقمـە: تاقمەیـەكیان لەگـەڵ پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەربێ) نوێـژیان دەكـردو تاقمەكـەی تریـشیان بەرامبـەر دوژمـن ڕاوەستابوون، جا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) یەك ركاتی تەواو كرد بەو تاقمەی كە لەگەڵیا نوێژیان دەكرد، ئینجا پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) خۆی لە شوێنی خۆیا بەپێوە ڕاوەستاو مایەوە تا ئەوان نوێـژی خۆیـان تـەواو كـرد واتـە: سـەرو ركاتی تریـان كـرد، ئینجـا ڕۆیشتن و چوون بەرامبـەری دوشمـن ڕیـز بـوون ئینجـا تاقمەكـەی تـریش هـاتن، پێغەمبـەر (دروودی خودای لەسەربێ) ركـاتێكی مابوو لەگەڵ ئەم تاقمـەدا كـردی، ئینجـا خـۆی بـە دانیشتنەوە چاوەڕوانی كـردن، تـا ئـەوانیش سـەرو ركـاتی تریـان كـرد بـۆ خۆیـان، ئینجـا سـەلامی بەمانە دایەوە! (م/د).

٨٨٦- عَنْ أَبِي بَكْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّى النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي خَوْفٍ الظُّهْرَ، فَصَفَّ بَعْضَهُمْ خَلْفَهُ وَبَعْضَهُمْ بِإِزَاءِ الْعَدُوِّ، فَصَلَّى بِمَنْ خَلْفَهُ رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ سَلَّمَ، فَانْطَلَقَ الَّذِينَ صَلَّوْا مَعَهُ فَوَقَفُوا مَوْقِفَ أَصْحَابِهِمْ ثُمَّ جَاءَ أُولَئِكَ فَصَلَّوْا خَلْفَهُ، فَصَلَّى بِهِمْ رَكْعَتَيْنِ ثُمَّ سَلَّمَ فَكَانَتْ لِرَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَرْبَعًا وَلأَصْحَابِهِ رَكْعَتَيْنِ رَكْعَتَيْنِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ ومسلم[٣].

---

(٢) مسلم. صلاة المسافرين: ١٩٤٥. بخاري. غزوة ذات الرقاع: ٤١٢٩. أبو داود. صلاة: ١٢٣٧.

(٣) أنظر مسلم. صلاة الخوف مكن: ١٩٣٩ — ١٩٤٧.

ئەبو بەكر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەكاتی ترسدا نوێژی نیوەڕۆی لەسەر ئەم شێوەیە بۆ كردین: هێندێكمانی لە پشتی خۆیەوە ریزكردو هێندێكیشمانی روو بەرووی دوشمن ریزكرد، ئینجا دوو ركات نوێژی بە جەماعەت كرد بەوانەی كە لە پشتیەوە بوون‌و سەلامی پێ دانەوەو ئەمانە چوون لە شوێنی هاوڕێكانیان روو بە رووی دوشمن راوەستان ئینجا ئەوانیش هاتن‌و لە پشتیەوە دەستیان كرد بە نوێژكردن‌و دوو ركات نوێژی بەمانیش كردو سلاوی پێ دانەوە، جا نوێژەكەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بوو بە چوار ركات، هاوڕێكانیشی یەكی دوو ركاتیان كرد (د/م).

١٥٤) كاتێ كە دوژمن لە رووی رووگەوە بێ

٨٨٧- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: قَامَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَقَامَ النَّاسُ مَعَهُ فَكَبَّرَ وَكَبَّرُوا مَعَهُ، وَرَكَعَ وَرَكَعَ نَاسٌ مِنْهُمْ، ثُمَّ سَجَدَ وَسَجَدُوا مَعَهُ، ثُمَّ قَامَ لِلثَّانِيَةِ فَقَامَ الَّذِينَ سَجَدُوا وَحَرَسُوا إِخْوَانَهُمْ، وَأَتَتِ الطَّائِفَةُ الأُخْرَى فَرَكَعُوا وَسَجَدُوا مَعَهُ ، وَالنَّاسُ كُلُّهُمْ فِي صَلاَةٍ ، وَلَكِنْ يَحْرُسُ بَعْضُهُمْ بَعْضًا. رَوَاهُ الخمسة إلاّ الترمذي[١].

ئیبنو عەبباس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) راوەستا بۆ نوێژی ترس‌و خەڵكەكەیش لە پشتیەوە راوەستان، جا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) خۆی ئەڵلاهو ئەكبەری كردو نوێژی دابەست‌و موسوڵمانەكانیش لە گەڵیا ئەڵلاهو ئەكبەریان كردو هەموویان لەگەڵ ئەودا نوێژیان دابەست ئینجا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) روكوع‌و كوڕنووشی بردو دەستەیەكیش لەوان لەگەڵیا روكوع‌و كوڕنووشیان بردو ركاتی یەكەمیان لەگەڵ پێغەمبەردا تەواو كرد ئینجا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هەڵسایەوە بۆ ركاتی دووەم، ئەو دەستەیەشی كە لەگەڵیا ركاتی یەكەمیان كردبوو هەڵسانەوەو بوون

(١) بخاري. صلاة الخوف: ٩٤٤.

بە پاسەوانی براکانی تریان، ئینجا دەستەکەی تریش کە هەتا ئێستا پاسەوانی پێغەمبەرو دەستەی یەکەم بوون هاتن لەگەڵ پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) رکاتێکیان تەواکرد، ئیتر بەم پێیە خەڵکەکە هەموویان لەناو نوێژدا بوون، بەڵام بە نۆرە ئاگاداریی یەکتریان دەکرد (ش/د/ن).

٨٨٨- عَنْ سَهْلِ بْنِ أَبِي حَثْمَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) صَلَّى بِأَصْحَابِهِ فِي الْخَوْفِ فَصَفَّهُمْ خَلْفَهُ صَفَّيْنِ، فَصَلَّى بِالَّذِينَ يَلُونَهُ رَكْعَةً، ثُمَّ قَامَ فَلَمْ يَزَلْ قَائِمًا حَتَّى صَلَّى الَّذِينَ خَلْفَهُمْ رَكْعَةً، ثُمَّ تَقَدَّمُوا وَتَأَخَّرَ الَّذِينَ كَانُوا قُدَّامَهُمْ فَصَلَّى بِهِمْ رَكْعَةً، ثُمَّ قَعَدَ حَتَّى صَلَّى الَّذِينَ تَخَلَّفُوا رَكْعَةً ثُمَّ سَلَّمَ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأَبُو دَاوُدَ والله أعلم[٢].

سەهلی کوڕی ئەبو حەثمە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەکاتی ترسدا نوێژی ترسی بە هاوڕێکانی بەم شێوەیە کرد: لە پشتی خۆیەوە کردنی بە دووریز، لەپێشدا رکاتێکی بەریزی یەکەم کرد، ئینجا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هەڵسا بەپێوە راوەستا هەتا ریزی دووەم لە شوێنی خۆیان رکاتی یەکەمیان بۆ خۆیان کرد، ئینجا ریزی یەکەم کە هەتا ئێستا لە پێشەوە بوون چوونە دواوە، وەریزی دووهەم کە هەتا ئێستا لە پاشەوە بوون هاتنە پێشەوە، ئەوجا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) رکاتێکی بەمانیش کرد، ئینجا دانیشتن هەتا ریزی یەکەم کە چوو بوونە دواوە رکاتی دووەمیان کرد، ئەوجا سڵاوی بە هەموویان دایەوە (م/د).

١٥٥) بەشی دووەم: باسی نوێژی سەفەر باسی کورت کردنەوەی نوێژو ئەو ماوەیەی کە نوێژی تیا کورت دەکرێتەوە:

الفصل الثاني: في صلاة السفر. القصر ومسافته

قَالَ اللهُ تَعالى: {وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِي الأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُواْ مِنَ الصَّلاَةِ إِنْ خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ – ٤/١٠١}.

---

(٢) بخاري. مغازي: ٤١٢٩ ، ٤١٣١. مسلم. صلاة الخوف: ١٩٤٤. أبو داود. صلاة: ١٢٣٧.

واتــە: کاتــێ چــوون بــۆ ســەفەر ئەگــەر نوێــژەکانتان کــورت بکەنــەوە گوناحتان لەسەر نیە، واتە چوار رکاتی بکەن بە دوو رکات ئەگەر ترستان بوو کە کافرەکان نارەحەتتان بکەن و تووشی ئاژاوەیەکتان بکەن.

٨٨٩- عَنْ يَعْلَى بْنِ أُمَيَّةَ قَالَ: قُلْتُ لِعُمَرَ بْـنِ الْخَطَّـابِ (رَضِيَ اللهُ عَنـهُ) لَـيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَنْ تَقْصُرُوا مِنَ الصَّلاَةِ إِنْ خِفْتُمْ أَنْ يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُوا، فَقَـدْ أَمِـنَ النَّاسُ؟ فَقَالَ: عَجِبْتُ مِمَّا عَجِبْتَ مِنْهُ فَسَأَلْتُ رَسُولَ اللَّـهِ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) عَـنْ ذَلِكَ. فَقَالَ: صَدَقَةٌ تَـصَدَّقَ اللَّـهُ بِهَـا عَلَـيْكُمْ فَـاقْبَلُوا صَـدَقَتَهُ. رَوَاهُ الخمـسة إِلاَّ البخاري[1].

یــەعلای کــوڕی ئومەییــە (خوای لێ رازی بێ) گــوتی: گــوتم بەعومــەری کــوڕی خەطاب (خوای لێ رازی بێ): خودا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێ:

{لَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُواْ مِنَ الصَّلاَةِ إِنْ خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ الَّذِينَ كَفَرُواْ}:

خــۆ ئێــستا تــرس نــەماوەو مــەردووم هــێمن بوونەتــەوە کــەوابوو چــۆن دروستە بۆ ئێمە نوێژ کورت بکەینـەوە؟ ئـەویش گـوتی: ئەمـەی سـرنجی تـۆی راکێـشاوە سـرنجی منیـشی راکێـشاو منیـش وەکـوو تـۆ لەمـە سەرسـام بـووم، بەڵام کە لەمبارەیەوە لە پێغەمبەرم پرسی فـەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): ئەمـە خەڵاتێکەو خودا پێتانی بەخـشیوە، دەی ئێـوەش خەڵاتەکـەی وەربگـرن رەتـی مەکەنەوە (م/د/ت/ن).

٩٠ ٨- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ النَّبِـيِّ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) مِـنَ الْمَدِينَةِ إِلَى مَكَّةَ، فَكَانَ يُصَلِّي رَكْعَتَيْنِ رَكْعَتَيْنِ حَتَّى رَجَعْنَـا إِلَـى الْمَدِينَـةِ، قُلْـتُ: أَقَمْتُمْ بِمَكَّةَ شَيْئًا قَالَ: أَقَمْنَا بِهَا عَشْرًا. رَوَاهُ الخمسة[2].

یــەحیای کــوڕی ئــەبو ئیــسحاق گــوتی: ئەنــەس (خوای لێ رازی بێ) گــوتی: لــە خزمەتی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) لــە مەدینــەوە چــووین بـۆ مەککە، ئیتر

---

(١) مسلم. صلاة المسافرين: ١٥٧١. أبو داود. صلاة: ١١٩٩ ، ١٢٠٠. ترمذي. تفسير: ٣٠٣٤. نسائي تقصير الصلاة في سفر: ١٤٣٢.

(٢) بخاري. تقصير الصلاة: ١٠٨١ ، ٤٢٩٨ ، ٤٢٩٩.

هەر بە دوو ركات دوو ركات نوێژە چوارینەكانی دەكرد هەتا گەڕاینەوە بۆ مەدینە، گوتم بە ئەنەس: لە مەككە هیچ مانەوە؟ گوتی: دە شەو لەوێ ماینەوە (ش/د/ت/ن).

٨٩١- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: أَقَامَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تِسْعَةَ عَشَرَ يَقْصُرُ، فَنَحْنُ إِذَا سَافَرْنَا تِسْعَةَ عَشَرَ قَصَرْنَا، وَإِنْ زِدْنَا أَتْمَمْنَا. رَوَاهُ البخاري وأَبُو دَاوُدَ والترمذي وَلَفْظُهُ: نَحْنُ نُصَلِّي فِيمَا بَيْنَنَا وَبَيْنَ تِسْعَ عَشْرَةَ رَكْعَتَيْنِ رَكْعَتَيْنِ فَإِذَا أَقَمْنَا أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ صَلَّيْنَا أَرْبَعًا[٣].

ئیبنو عەبباس (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كە شاری مەككەی گرت نۆزدەشەو لەوێ مایەوە، لەو ماوەیەدا نوێژی كورت دەكردەوە واتە: نوێژە چوارینەكانی بە دوو ركات دەكرد. جا لەبەر ئەمە ئێمەیش هەر كاتێ چووین بۆ سەفەر هەتا نۆزدەشەو لە شوێنێ دەمێنینەوە هەر هەقمان هەیە كە نیوێژ كورت بكەینەوە، بەلاّم ئەگەر لە شوێنێ لەمە پتر ماینەوە ئیتر نوێژی تەواو دەكەین (ب/د/ت) گفتەی (ت): جا ئێمەش هەتا نۆزدە شەو دوو ركات دوو ركات نوێژ دەكەین، بەلاّم ئەگەر لە شوێنێ نۆزدە شەو زیاتر ماینەوە ئەوجا چوار ركات نوێژی تەواو دەكەین.

٨٩٢- عَنْ ابْنُ عُمَرَ (رَضيَ أللهُ عَنهُمَا) قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِمِنىً رَكْعَتَيْنِ وَأَبِي بَكْرٍ وَعُمَرَ، وَمَعَ عُثْمَانَ صَدْراً مِنْ إِمَارَتِهِ ثُمَّ أَتَمَّهَا. رَوَاهُ الشيخان والنسائي[٤].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: لەمینا لە رۆژەكانی جەژنی قوربانەدا لەگەڵ پێغەمبەر خۆی و لەگەڵ ئەبو بەكرو لەگەڵ عومەردا نوێژە چوار ركاتییەكانمان دەكرد بە دوو ركات، وە هەروەها لەگەل عوسمانیشدا لە سەرەتای فەرمانڕەواییەكەیدا بە هەمان چەشن دەمانكردن، بەلاّم عوسمان لە

(٣) بخاري: تقصير الصلاة: ١٠٨٠ ، ٤٢٩٨ ، ٤٢٩٩.

(٤) بخاري. تقصير الصلاة: ١٠٨٤ ، ١٦٥٧. أبو داود، مناسك الحج: ١٩٦٠. نسائي. تقصير الصلاة: ١٤٤٧ ، ١٤٤٨. تحفة الأشراف: ٩٣٨٣ و ٩٨٢٤.

دواییدا چوار ركاتی تەواوی دەكردو لە مینا نوێژی كورت نەدەكردەوە (ش/ن).

٨٩٣- وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ وأبْنُ عَبَّاسٍ (رَضيَ أللهُ عَنْهُمْ) يَقْصُرَانِ وَيُفْطِرَانِ فِي أَرْبَعَةِ بُرُدٍ وَهْيَ سِتَّةَ عَشَرَ فَرْسَخًا. رَوَاهُ البخاري[٥].

ئیبنو عومەرو ئیبنو عەبباس (رەزای خودایان لێبێ) دەستووریان وابوو بۆ چوار بەرید (كە دەكاتە شانزە فرسەق) هەم نوێژیان كورت دەكردەوەو هەم رۆژوویان دەشكاند.

٨٩٤- عَنْ يَحْيَى بَنِ يَزِيدَ أَلْهُنَائِيِّ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سَأَلْتُ أَنَسَ بْنَ مَالِكٍ عَنْ قَصرِ الصَّلَاةِ فَقَالَ: كَانَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا خَرَجَ ثَلَاثَةَ أَمْيَالٍ أَوْ ثَلَاثَةِ فَرَاسِخَ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأَبُو دَاوُدَ وَأَحْمَد[٦].

یەحیای كوڕی یەزیدی ئەل هونائی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لەبارەی كورت كردنەوەی نوێژەوە لە ئەنەسی كوڕی مالیكم پرسی، گوتی: دەستووری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وابوو ئەگەر ماوەی سێ میل (یا گوتی: ماوەی سێ فرسەق) رێگەی بكردایە نوێژی كورتەوە دەكردو نوێژی چوار ركاتی بە دوو ركات دەكرد (م/د/ئەحمەد).

١٥٦) كۆكردنەوەی نوێژ (جەمع): (الجمع)

٨٩٥- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضيَ أللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللّهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَجْمَعُ بَيْنَ صَلَاةِ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ، إِذَا كَانَ عَلَى ظَهْرِ سَيْرٍ، وَيَجْمَعُ بَيْنَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ. رَوَاهُ البخاريُّ ومُسْلِمٌ ولفظه: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا عَجِلَ بَهِ السَّفَرُ يُؤَخِّرُ الظُّهْرَ إِلَى وَقْتِ الْعَصْرِ، فَيَجْمَعُ بَيْنَهُمَا، وَيُؤَخِّرُ الْمَغْرِبَ حَتَّى يَجْمَعَ بَيْنَهَا وَبَيْنَ الْعِشَاءِ[١].

---

(٥) تعليق ذكره البخاري فى بداية الباب/ ٤ من كتاب تقصير الصلاة قبل الرقم: ١٠٨٦ مباشرة (مترجم).

(٦) مسلم صلاة المسافرين: ١٥٨١. أبو داود. قصر المسافر: ١٢٠١. تحفة الأشراف: ١٦٧١.

(١) بخاري. تقصير الصلاة: ١١٠٧. مسلم. جمع بين الصلاتين: ١٦١٩، ١٦٢٠ ، ١٦٢٥.

ئیبنو عەبباس (خوایان لێ ڕازی بێ) **گوتی: یاسای پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **وابوو، ئەگەر لە سەفەردا بووایە نوێژی نیوەڕۆو عەصری پێکەوە کۆ دەکردەوە، وە نوێژی شێوان و خەوتنانیش پێکەوە کۆ دەکرەوە (ش) گفتەی** موسلیم (پڕ گۆڕەکەی لە نوورو ڕەحمەتی خودابێ) **ئاوایە: دەستووری پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **ئاوا بوو: ئەگەر زوو بچوایە بۆ سەفەرو پەلەی بووایە نوێژی نیوەڕۆی دوا دەخست تا کاتی عەصر، ئەوجا هەر دووکیانی پێکەوە بە جەمعە تەئخیر: بە کۆکردنەوەی دواخراو دەکرد، وە هەروەها شێوانیشی دوا دەخست تا لەگەڵ خەوتناندا پێکەوە کۆی دەکردنەوە.**

٨٩٦- عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ فِي غَزْوَةِ تَبُوكَ إِذَا زَاغَتِ الشَّمْسُ قَبْلَ أَنْ يَرْتَحِلَ جَمَعَ بَيْنَ الظُّهْرِ وَالْعَصْرِ، وَإِنْ يَرْتَحِلْ قَبْلَ أَنْ تَزِيغَ الشَّمْسُ أَخَّرَ الظُّهْرَ حَتَّى يَنْزِلَ لِلْعَصْرِ، وَفِي الْمَغْرِبِ مِثْلَ ذَلِكَ إِنْ غَابَتِ الشَّمْسُ قَبْلَ أَنْ يَرْتَحِلَ جَمَعَ بَيْنَ الْمَغْرِبِ وَالْعِشَاءِ وَإِنْ يَرْتَحِلْ قَبْلَ أَنْ تَغِيبَ الشَّمْسُ أَخَّرَ الْمَغْرِبَ حَتَّى يَنْزِلَ لِلْعِشَاءِ ثُمَّ جَمَعَ بَيْنَهُمَا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وأحمد والترمذي وحسنه[٢].

موعاذەی کوڕی جەبەل (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: لە غەزای تەبووکدا عادەتی پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **وابوو: ئەگەر لە پێش ئەوەدا کە بکەوێتە ڕێ و دەرچێ بۆ سەفەر خۆر لای بدایەو نێوەڕۆ ببوایە ئەوا نوێژی نیوەڕۆو عەسری کۆ دەکردەوەو بە جەمعە تەقدیم: بە کۆکردنەوەی پێشخراو دەیکردن ئەگەر لە پێش نیوەڕۆشدا بکەو تایەتەڕێ ئەوا نوێژی نیوەڕۆی دوا دەخست هەتا دادەبەزی بۆ نوێژی عەصر ئەو کاتە هەردوو نوێژەکەی پێکەوە بە کۆکردنەوەی دواخراو دەکرد لە شێوانیشا هەروەها: ئەگەر لەپاش ئاوابوونی خۆر بەکەوتایەتە ڕێ نوێژی شێوان و خەوتنانی کۆ دەکردەوە واتە: نوێژی خەوتنانی دەهێنا لەگەڵ نوێژی شێوانا بە جەمع دەیکرد ئەگەر لەپێش ئاوابوونی**

---

(٢) حديث حسن عند الإمام الترمذي.

خۆریشدا بكەوتایەتە ڕێ نوێژی شێوانی دوا دەخست هەتا دادەبەزی بۆ نوێـژی خـەوتنان، ئـەو كاتـە هـەردوو نوێژەكـەی بـە كۆكردنـە (بـە جـەمع) دەكرد (د/ئەحمەد/ت:ح).

١٥٧) شێوانو بەیانی كورت ناكرێنەوەو سوننەتە دامەزراوەكانیش (الرواتب) لەسەفەرا ناكرێن
(لا تقصر المغرب والصبح ولا تصلى الرواتب في السفر)

٨٩٧- عَنِ ابْنُ عُمَرَ (رَضِيَ أللهُ عَنْهُماَ) قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيـهِ وَسَلَّمَ) إِذَا أَعْجَلَهُ السَّيْرُ. يُؤَخِّرُ الْمَغْرِبَ، فَيُصَلِّيهَا ثَلاَثًا ثُمَّ يُسَلِّمُ، ثُمَّ قَلَّمَا يَلْبَثُ حَتَّى يُقِيمَ الْعِشَاءَ فَيُصَلِّيَهَا رَكْعَتَيْنِ ثُمَّ يُسَلِّمُ، وَلاَ يُسَبِّحُ بَعْدَ الْعِشَاءِ حَتَّـى يَقُـومَ مِـنْ جَـوْفِ اللَّيْلِ. رَوَاهُ البخاري[1].

ئیبنو عومەر (خوای لێ ڕازی بێ) گـوتی: لـە سـەفەردا سـەرنجی پێغەمبـەرم دەدا (دروودی خودای لەسەربێ) ئەگەر پەلەی ڕۆیشتنی بوایە نوێـژی شێوانی دوا دەخـست لـە پاشـا سـێ ركـاتی تـەواوی نوێـژی شـێوانی دەكـردو سـلاوی دەدایەوە ئیتر ئەوەندەی نەدەخایاند كە نوێژی خەوتنانی دادەبەستو بە دوو ركـات دەیكـردو سـلاوی دەدایـەوە، پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) لەسـەفەردا لـەپاش نوێـژی خەوتنانـەوە نوێـژی سـوننەتی نـە دەكـرد هـەتا نیوەشەو هەڵدەسا بۆ شەو نوێژ! (ب).

١٥٨) باسی دەوانزەهەم: باسی نوێژە سوننەتەكان، باسی نوێژی هەردوو جەژن
(الباب الثاني: عشر في الصلوات المسنونة، صلاة العيدين)

{قَالَ: أللهُ تَعالى – إِنَّا أَعْطَيْنَاكَ الْكَوْثَرَ فَصَلِّ لِرَبِّكَ وَانْحَرْ – ١٠٨ – ١ – ٢}.

---

(١) بخاري. تقصير الصلاة: ١١٠٩.

واتـــە: خـــودای گـــەورە دەفـــەرموێ: ئێمـــە کەوســـەرمان دا بـــەتۆ، کـــە جۆبارێکە لـە بەهەشتدا، دەی نوێژە فەرزەکانت لـەکاتی خۆیاندا بـۆ خـودای خۆت بکە... وە یـاخود نوێـژی جـەژن بکـە بـۆ خـودای خـۆت، وە قوربانیی بـۆ سەر ببڕە.

١٥٩) دەرچوون بۆ نوێژی جەژن و کاتی ئەم نوێژە
الخروج لصلاة العيد ووقتها

٨٩٨- عَنْ عَلِيٍّ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: مِنَ السُّنَّةِ أَنْ تَخْرُجَ إِلَى الْعِيدِ مَاشِيًا وَأَنْ تَأْكُلَ شَيْئًا قَبْلَ أَنْ تَخْرُجَ. رَوَاهُ الترمذي[١].

عەلی (خوای لێ رازی بێ) دەڵێ: وا سوننەتە کە بەپێ بچیت بـۆ نوێـژی جـەژن، وە لەپێش دەرچوونیشدا شتێ بخۆی (ت-س/ح).

٨٩٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا خَرَجَ يَوْمَ الْعِدِ فِي طَرِيقٍ رَجَعَ فِي غَيْرِهِ. رَوَاهُ الترمذي وأَبُو دَاوُدَ والبخاري[٢].

ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ رازی بـێ) دەڵـێ: لـە رۆژی جەژنـدا عـادەتی پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسەربێ) وابـوو: کـە دەردەچـوو بـۆ نوێـژی جـەژن لـە رێگەیەکەوە دەرۆی، کـە دەش گەڕایـەوە لـە رێگەیـەکی تـرەوە دەگەڕایـەوە (ت/د/ب).

٩٠٠- عَنْ أَنَسٍ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لاَ يَغْدُو يَـوْمَ الْفِطْرِ حَتَّى يَأْكُلَ تَمَرَاتٍ وَيَأْكُلُهُنَّ وِتْرًا. رَوَاهُ البخاري واترمذي. وفي رواية: كَانَ لاَ يَخْرُجَ يَوْمَ الْفِطْرِ حَتَّى يَطْعَمَ وَلاَ يَأْكُلُ يَوْمَ الأَضْحَى حَتَّى يُصَلِّيَ[٣].

---

(١) بسند حسن (شرحه).

(٢) بخاري. عيدين: ٩٨٦.

(٣) بخاري. عيدين: ٩٥٣. تجريد البخاري: ٤٩٩.

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) دەڵێ: دەستووری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا – وابوو هەتا چەند دەنكێ خورمای تاكی نەخواردایە نە دەچوو بۆ نوێژی جەژن (ب/ت) لە گێڕانەوەیەكا: لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزاندا تا نانی نەخواردایە نەدەچوو بۆ نوێژی جەژن، لە ڕۆژی جەژنی قوربانیشا تا نوێژی جەژنی نەكردایە نانی نەدەخوارد.

٩٠١– عَنِ الْبَرَاءِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: خَرَجَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَوْمَ أَضْحَى إِلَى الْبَقِيعِ فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَيْنَا بِوَجْهِهِ وَقَالَ: إِنَّ أَوَّلَ نُسُكِنَا فِي يَوْمِنَا هَذَا أَنْ نَبْدَأَ بِالصَّلاَةِ ، ثُمَّ نَرْجِعَ فَنَنْحَرَ. رَوَاهُ البخاري والنسائي(٤).

بەراء (خوای لێ رازی بێ) گوتی: بۆ نوێژی جەژنی قوربان پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەرچوو بۆ دەرەوەی شارو ڕۆیشت بۆ بەقیع كە گۆڕستانی شاری مەدینەیە لەوێ دوو ركات نوێژی جەژنی كرد، لە پاشان ڕووی كردە ئێمەو فەرمووی: یەكەم طاعەتی دامەزراوی ئێمە – لەم ڕۆژەماندا – ئەوەیە كە لە پێشدا نوێژی جەژن بكەن، ئینجا بگەڕێینەوەو قوربانی سەر ببڕین (ب/ن).

٩٠٢– وَقَالَ: أَبُو هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَصَابَهُمْ مَطَرٌ فِي يَوْمِ عِيدٍ فَصَلَّى بِهِمُ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) صَلاَةَ الْعِيدِ فِي الْمَسْجِدِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والحاكم.

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ لە ڕۆژی جەژنا باران بوو، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژی جەژنی لەناو مزگەوتا بۆ كردین (د/حاكم).

٩٠٣– عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ (رَضِيَ أَللهُ عَنهُاَ) قَالَتْ: أَمَرَنَا رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي الْفِطْرِ وَالأَضْحَى أَنْ نُخْرِجَ الْعَوَاتِقَ وَالْحُيَّضَ وَذَوَاتِ الْخُدُورِ، وَلَكِنَّ الْحُيَّضُ يَعْتَزِلْنَ الصَّلاَةَ وَيَشْهَدْنَ الْخَيْرَ وَدَعْوَةَ الْمُسْلِمِينَ. قُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِحْدَانَا لاَ يَكُونُ لَهَا جِلْبَابٌ قَالَ: لِتُلْبِسْهَا أُخْتُهَا مِنْ جِلْبَابِهَا. رَوَاهُ الخمسة(٦).

---

(٤) بخاري. عيدين: ٩٥١ ، ٩٥٥ ، ٩٦٨ ، ٩٧٦ ، ٩٨٣ ، ٥٥٤٥ ، ٥٥٥٦ ، ٥٥٥٧ ، ٥٥٦٠ ، ٥٥٦٣ ، ٦٦٧٣.

(٦) بخاري. عيدين: ٩٧٤. مسلم. عيدين: ٢٠٥١ – ٢٠٥٣. أبو داود. صلاة: ١١٣٦ و ١١٣٧. نسائي. عيدين: ١٥٥٨.

ئوممو عەطییە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: لە ڕۆژی جەژنی ڕەمەزان و قوربانا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمانی پێ دەکردین: کە گەورە کچ و ئافرەتی بێنوێژو کەیبانۆی ناومالْ لەگەڵ خۆمان ببەین بۆ ئەو دەشتە بۆ نوێژی جەژن، بەلاَم ئافرەتە بێنوێژەکان نوێژەکە ناکەن، تەنیا حازری کۆڕی پڕ فەڕو نزای کۆمەڵی موسوڵمانان دەبن، گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەگەر وارێکەوت یەکێکمان چارشێوی نەبوو ئایا بەبێ چارشێویش هەر بێ بۆ نوێژگاکە بۆ دەرەوەی شار یانا؟ فەرمووی: با لەخوشکێکی موسوڵمانی چارشێوی بخوازێ (ش/ت/ن).

٩٠٤- عَنْ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ بُسْرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: كُنَّا قَدْ فَرَغْنَا فِي هَذِهِ السَّاعَةِ، وَذَلِكَ حِينَ التَّسْبِيحِ. رَوَاهُ البخاري وأَبُو دَاوُدَ ولفظه: خَرَجَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ بُسْرٍ صَاحِبُ رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَعَ النَّاسِ فِي يَوْمِ عِيدٍ فَأَنْكَرَ إِبْطَاءَ الإِمَامِ وَقَالَ: إِنَّا كُنَّا فَرَغْنَا سَاعَتَنَا هَذِهِ وَذَلِكَ حِينَ التَّسْبِيحِ(٧).

عەبدوڵلای کوڕی بوسر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەربێ) ئەم حەلە لە نوێژی جەژن دەبووینەوە، واتە: ئەو کاتە کە نوێژی سوننەت دەبێ و کاتی کەراهەتی نامێنێ (ب/د) گفتەی ئەبو داوود (خوای لێ ڕازی بێ) ئاوایە: عەبدوڵلای کوڕی بوسر کە هاوڕێی پێغەمبەر بوو (درودی خوای لەسەربێ) لە ڕۆژی جەژندا لەگەڵ خەڵکەکەدا دەرکەوتن بۆ نوێژی جەژن عەبدوڵلا دەرەنگهاتنی پێشنوێژی پەسەند نەکردو گوتی: جاران ئێمە ئەم حەلە لە نوێژ دەبووینەوە، واتە: ئەو کاتە کە خۆر بەقەد ڕمێ بەرز دەبێتەوەو کاتی کردنی نوێژی سوننەت دەبێ و ئیتر کەراهەتی نامێنێ.

(٧) تعليق ذكره البخاري في بداية الباب الرقم: ١٠ من كتاب العيدين، قبل الرقم: ٩٩٨ مباشرة (مترجم).

١٦٠) نوێژی جەژنو وتاری نوێژی جەژن: (صلاة العيد والخطبة)

٩٠٥- عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الْعِيدَيْنِ غَيْرَ مَرَّةٍ وَلاَ مَرَّتَيْنِ بِغَيْرِ أَذَانٍ وَلاَ إِقَامَةٍ رواه الأربعة[1].

جابیری کوڕی سومووره (خوای لێ رازی بێ) گوتی: نەك جارو دووجار بەڵكوو جارەها نوێژی هەردوو جەژنەكانم كردووە لەگەڵ پێغەمبەر خۆیدا (درودی خوای لەسەربێ) بەبێ بانگو قامەت (ش/د/ت).

٩٠٦- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَأَبُو بَكْرٍ وَعُمَرُ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) يُصَلُّونَ الْعِيدَيْنِ قَبْلَ الْخُطْبَةِ[2].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: جاران پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ئەبو بەكرو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) لەپێش خوێندنەوەی وتار (خوتبە)دا نوێژی هەردو جەژنەكەیان دەكرد (ش/د/ت/ن).

٩٠٧- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: خَرَجَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَوْمَ الْفِطْرِ، فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ لَمْ يُصَلِّ قَبْلَهَا وَلاَ بَعْدَهَا. رَوَاهُمَا الخمسة[3].

ئیبنو عەبباس (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) رۆژی جەژن، بۆ نوێژی جەژن، لە شارچووە دەرەوە، لەو دەشتە دووركات نوێژی جەژنی كرد، نە لە پێشیەوەو نە لە پاشیەوە نوێژی تری نەكرد (ش/د/ت/ن).

٩٠٨- ⬅ (ب - ١ ز - ١٤٨ بڕ: ژمارە: ٨٥١)[4].

---

(١) بخاري. عيدين: ٩٦٠ ، ٩٥٩. مسلم. عيدين: ٢٠٤٤ - ٢٠٤٨. أبو داود. صلاة: ١٠٧٢ ، ١١٤٨. ترمذي صلاة: ٥٣٢. تحفة الأشراف: ٢١٦٦.

(٢) بخاري. عيدين: ٩٦٢ ، ٩٦٣ مسلم. عيدين: ٢٠٤٩. نسائي. عيدين: ١٥٦٣. ترمذي. صلاة: ٥٣١.

(٣) بخاري. عيدين: ٩٦٤ ، ٩٨٩ ، ١٤٣١ ، ٥٨٨١. مسلم. عيدين: ٢٠٥٤. أبو داود. صلاة: ١١٥٩. ترمذي. صلاة: ٥٣٧. نسائي. عيدين: ١٥٨٦

(٤) انظر رقم: ٨٥١ (تقدم).

٩٠٩- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنهاَ) اَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ يُكَبِّرُ فِي الْفِطْرِ وَالأَضْحَى فِي الأُولَى سَبْعَ تَكْبِيرَاتٍ وَفِي الثَّانِيَةِ خَمْسًا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَأَحمد والترمذي ولفظه: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُكَبِّرَ فِي الْعِيدَيْنِ فِي الأُولَى سَبْعًا قَبْلَ الْقِرَاءَةِ وَفِي الآخِرَةِ خَمْسًا قَبْلَ الْقِرَاءَةِ[٥].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **هەمیشە لە رکاتی یەکەمی نوێژی جەژنی رەمەزان و نوێژی جەژنی قوربانا حەوت ئەڵڵاهو ئەکبەری دەکرد، وە لە رکاتی دوومیانا پێنج ئەڵڵاهو ئەکبەری دەکرد (د/ئەحمەد/ت-سند حسن) گفتەی (ت):جاران پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **لە رکاتی یەکەمی هەردوو جەژنەکانا لە پێش قورئانخوێندندا حەوت جار ئەڵڵاهو ئەکبەری دەکرد، وە لە رکاتی دووهەمیانا لە پێش قورئانخوێندندا پێنج جار ئەڵڵاهو ئەکبەری دەکرد.**

٩١٠- وَسَأَلَ عُمَرَ بْنُ الْخَطَّابِ أَبَا وَاقِدٍ اللَّيْثِيَّ مَا كَانَ يَقْرَأُ بِهِ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي الأَضْحَى وَالْفِطْرِ فَقَالَ: كَانَ يَقْرَأُ فِيهِمَا بِ (ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ) وَ (اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانْشَقَّ الْقَمَرُ). رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاري[٦].

عومەری کوڕی خەتاب (خوایان لێ رازی بێ) **لە ئەبو واقیدی لەیثیی پرسی، گوتی: جاران پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **کام سوورەتانەی دەخوێند لە نوێژی جەژنی قوربان و جەژنی رەمەزانا؟ گوتی: لە رکاتی یەکەمیاندا سوورەتی {ق وَالْقُرْآنِ الْمَجِيدِ}ی دەخوێند، وە لە رکاتی دووهەمیاندا سوورەتی {اقْتَرَبَتِ السَّاعَةُ وَانشَقَّ الْقَمَرُ}ی دەخوێند** (م/د/ت/ن).

٩١١- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: شَهِدْتُ الصيد مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَبَدَأَ بِالصَّلاَةِ قَبْلَ الْخُطْبَةِ بِغَيْرِ أَذَانٍ وَلاَ إِقَامَةٍ، ثُمَّ قَامَ مُتَوَكِّئًا عَلَى بِلاَلٍ فَأَمَرَ بِتَقْوَى اللَّهِ وَحَثَّ عَلَى طَاعَتِهِ وَوَعَظَ النَّاسَ وَذَكَّرَهُمْ ثُمَّ مَضَى حَتَّى أَتَى النِّسَاءَ

---

(٥) بسند حسن (شرحه).

(٦) مسلم. عيدين: ٢٠٥٦ ، ٢٠٥٧. أبو داود. صلاة: ١١٥٤. ترمذي. صلاة: ٥٣٤ و ٥٣٥. نسائي. عيدين: ١٥٦٦. ابن ماجه. إقامة الصلاة: ١٢٨٢.

فَوَعَظَهُنَّ وَذَكَّرَهُنَّ فَقَالَ: تَصَدَّقْنَ فَإِنَّ أَكْثَرَكُنَّ حَطَبُ جَهَنَّمَ، فَقَامَتِ امْرَأَةٌ مِنْ سِطَةِ النِّسَاءِ سَفْعَاءُ الْخَدَّيْنِ فَقَالَتْ: لِمَ يَا رَسُولَ اللّٰهِ؟ قَالَ: لأَنَّكُنَّ تُكْثِرْنَ الشَّكَاةَ وَتَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ. قَالَ: فَجَعَلْنَ يَتَصَدَّقْنَ مِنْ حُلِيِّهِنَّ يُلْقِينَ فِي ثَوْبِ بِلاَلٍ مِنْ أَقْرِطَتِهِنَّ وَخَوَاتِمِهِنَّ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي[٧].

جابیر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: له خزمەتی حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) ئامادەی نوێژی جەژن بووم، بەبێ بانگو قامەت له پێش وتاردا دەستی كرد به نوێژ، له پاشان هەڵسایە سەرپێ و خۆی دا به سەرشانی بیلالداو وتارێكی داو فەرمانی پێ كردین به تەقوای خودا، وه هانی داین لەسەر طاعەتو فەرمانبەریی خودا، وه پەندو ئامۆژگاری مەردوومەكەی كردو لەم بارەیەوە ئاگاداری كردنەوە، ئینجا چوو بۆلای ژنەكانو پەندو ئامۆژگاری ئەوانیشی كردو هۆشیاری كردنەوە فەرمووی: ئەی ژنگەل! خێرو خێرات زۆر بكەن چونكە زوربەتان گزرەداری سووتەمەنی دۆزەخن! جا ژنێكی فره باشی سەرگۆنا ئاڵ هەستا گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمە لەبەرچی؟ فەرمووی: لەبەر ئەوه كه ئێوه زۆر دەم به هاوارنو به هەقو ناهەق هەر سكاڵا دەكەنو سپڵەیی لەگەڵ مێرددا دەكەنو چاكەی ئەوتان لەبەر چاونیه گوتی: جا ژنەكان دەستیان كرد به خێركردن، ئیتر خشڵو گوارەو ئەنگوستیلەی خۆیان دەكرد به خێرو هەڵیان دەدانه ناو كۆشی بیلالەوە! (ش/د/ن).

١٦١) ئەگەر له ڕۆژی سیی ڕەمەزاندا دیتنی مانگی نوێی شەشەڵان ساغ بۆوه ڕۆژوو دەشكێننو بۆ سبەینێ دەڕۆن بۆ نوێژی جەژن:
(لو ثبت الهلال يوم الثلاثين من رمضان أفطروا وخرجوا في الغد لصلاة العيد)

٩١٢- عَنْ أَبِي عُمَيْرِ بْنِ أَنَسٍ عَنْ عُمُومَةٍ لَهُ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنَّ رَكْبًا جَاءُوا إِلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَشْهَدُونَ أَنَّهُمْ رَأَوْا

---

(٧) بخاري. حيض: ٣٠٤ ، ٩٥٦ ، ١٤٦٢ ، ١٩٥١ ، ٢٦٥٨. مسلم. إيمان: ٢٣٨ ، ٢٣٩ ، ٢٠٥٠. نسائي. عيدين: ١٥٧٥ و ١٥٧٨. ابن ماجه. إقامة الصلاة: ١٢٨٨.

الْهِلَالَ بِالأَمْسِ فَأَمَرَهُمْ أَنْ يُفْطِرُوا وَإِذَا أَصْبَحُوا أَنْ يَغْدُوا إِلَى مُصَلاَّهُمْ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنسائي وأحمد[1].

ئەبو عومەیری کوڕی ئەنەس گوتی: مامەکانم کە لە هاوڕێیانی پێغەمبەر بوون (دروودی خوای لەسەربێ) گوتیان: کاروانێ هاتنە خزمەتی حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) شایەتیان دا گوتیان: دوێنێ ئێوارێ مانگمان دیوە، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمانی دا بە موسوڵمانان کە ڕۆژوو بشکێنن‌و بۆ سبەینێ بەیانی دەرچن‌و بچن بۆ نوێژگاکەیان تا لەوێ نوێژی جەژن بکەن (د/ن- ئەحمەد-س/ص).

١٦٢) لە جەژنا خۆ جوانکردن‌و خۆ ڕازاندنەوە پەسەندە (ينبغي التجمل في العيد)

٩١٣- عَنْ ابْنَ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: أَخَذَ عُمَرُ جُبَّةً مِنْ إِسْتَبْرَق تُبَاعُ فِي السُّوق فَأَخَذَهَا، فَأَتَى بِهَا رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، ابْتَعْ هَذِهِ، الْحُلَّةَ فَتَجَمَّلْ بِهَا لِلْعِيدِ وَلِلْوُفُودِ، فَقَالَ: لَهُ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِنَّمَا هَذِهِ لِبَاسُ مَنْ لاَ خَلاَقَ لَهُ، فَلَبِثَ عُمَر مَا شَاءَ اللَّهُ أنْ يَلْبَثَ ثُمَّ أَرْسَلَ إِلَيْهِ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِجُبَّةِ دِيبَاجٍ، فَأَقْبَلَ بِهَا عُمَرُ إِلَىَ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ، إِنَّكَ قُلْتَ إِنَّمَا هَذِهِ لِبَاسُ مَنْ لاَ خَلاَقَ لَهُ،وَأَرْسَلْتَ إِلَيَّ بِهَذِهِ الْجُبَّةِ، فَقَالَ لَهُ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): تَبِيعُهَا وَتُصِيبُ بِهَا حَاجَتِكَ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي[1].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ ڕازی بێ) گوتی: جبەیەکی ئاوریشمیان لە بازاڕ دەفرۆشت عومەریش کڕی‌و هێنای بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) و عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەمە بکڕە، وە بۆ جەژن‌و بۆ پێشوازی وەفد (بۆ

---

(١) بسند صحيح (شرحه).

(١) بخاري. جمعة: ٨٨٦ ، ٩٤٨ ، ٢١٠٤ ، ٢٦١٢ ، ٢٦١٩ ، ٣٠٥٤ ، ٥٨٤١ ، ٥٩٨١ ، ٦٠٨١. مسلم. لباس: ٢٣٦٨ ، ٥٣٧٥. أبو داود. صلاة: ١٠٧٦. نسائي. جمعة: ١٣٨١.

جـوانی و پۆشـتـەیی) لەبـەری بکـە، پێغەمبـەریش (دروودی خـوای لەسـەربێ) پێـی فەرموو: ئەمە بەرگی ئەو کەسانەیە کە بەش‌و بارەیان بە رەحمەتی خواوە نیەو بەشیان بە بەهەشتەوە نیە. جا چەندەی خوا حەزکا ئەوندەی پێ چوو، ئەوجا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) جبەیەکی ئاوریشمنی نارد بۆ عومەر، عومەریش جبەکەی هێنایەوە بۆ لای پێغەمبەرو گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! تۆ خۆت ئەوجارە نەتفەرموو: ئەمە بەرگی ئەو کەسانەیە کە بەش‌و بارەیان نیە لە بەهەشتا کەچی ئێستا تۆ خۆت ئەم جبەیەت بۆ من ناردووە؟ پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) پێی فەرموو: بیفرۆشەو بە پارەکەی کارێکی خۆتی پێ جێبەجێ بکە، خۆ مەرج نیە کە هەر لەبەری بکەی (ش/د/ن).

٩١٤- عَنْ أَبِي رِمْثَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَخْطُبُ وَعَلَيْهِ بُرْدَانِ أَخْضَرَانِ. رَوَاهُ النسائي[٢].

ئەبو رەمثە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەرم دی (دروودی خوای لەسەربێ) خوتبەی دەدا، لەوکاتەدا دوو بالاّ پۆشی سەوزی لەبەرا بوو! (ن).

١٦٣) لە جەژنا یاری‌و شادی‌و وازی رەوا دروستە

(يجوز في العيد اللهو المباح)

٩١٥- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: دَخَلَ أَبُو بَكْرٍ وَعِنْدِي جَارِيَتَانِ مِنْ جَوَارِي الأَنْصَارِ تُغَنِّيَانِ بِمَا تَقَاوَلَتِ الأَنْصَارُ يَوْمَ بُعَاثَ، قَالَتْ: وَلَيْسَتَا بِمُغَنِّيَتَيْنِ، فَقَالَ: أَبُو بَكْرٍ: أَمَزَامِيرُ الشَّيْطَانِ فِي بَيْتِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟!! وَذَلِكَ فِي يَوْمِ عِيدٍ. فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَا أَبَا بَكْرٍ إِنَّ لِكُلِّ قَوْمٍ عِيدًا، وَهَذَا عِيدُنَا. وَفِي رِوَايَةٍ: أَنَّ أَبَا بَكْرٍ دَخَلَ عَلَيْهَا وَعِنْدَهَا جَارِيَتَانِ فِي أَيَّامِ مِنًى تُغَنِّيَانِ وَتَضْرِبَانِ وَرَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مُسَجًّى بِثَوْبِهِ فَانْتَهَرَهُمَا أَبُو بَكْرٍ، فَكَشَفَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنْهُ وَقَالَ: دَعْهُمَا يَا أَبَا بَكْرٍ فَإِنَّهَا أَيَّامُ عِيدٍ[١].

---

(٢) سكت عنه.

(١) بخاري. عيدين: ٩٥٢. مسلم. عيدين: ٢٠٥٨.

عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) دەڵێ: ڕۆژی جەژن بوو، دوو کەنیشکم لەلا بوون لە یاریدە دەران بوون، ئەو گۆرانییانەیان دەگوت کە کاتی خۆی یاریدەدەران هەڵیان دابوون بەسەر هەراکەی ڕۆژەکەی بوعاثدا عائیشە گوتی: بەڵام ئەو دوو کچە گۆرانی بێژ نەبوون، جا لەم کاتەدا ئەبو بەکر هاتە ژوورەوەو ئەم حاڵەی دیو گوتی: هەی هەی! بلوێرو بالۆرەی شەیتانو ماڵی پێغەمبەریان نەگوتووە، ئەمە چییە؟! پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەی ئەبو بەکر! وازیان لێ بێنە، چونکە هەموو گەلێ جەژنێکیان هەیەو ئەمەش جەژنی ئێمەیەو گۆرانیو شادیو خۆشی کردن لە وێنەی ئەمڕۆژەدا قەیدی نیە، بەمەرجێ سەر نەکێشێ بۆ بێ شەرعیو ناڕەوایی. لە گێڕانەوەیەکا: لە ڕۆژەکانی مینادا دوو کەنیشکم لەلا بوو، گۆرانییان دەگوتو دەفیان لێ دەدا، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) پشتی لە ئێمە کردبوو وە خۆی بە جلەکەی داپۆشیبوو، جا لەم کاتەدا ئەبو بەکر هات بەسەرماناو بە کچەکانا هەڵشاخاو لێیان تووڕە بوو، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) سەری خۆی لاداو فەرمووی: ئەی ئەبو بەکر! وازیان لێ بێنە، چونکە ئەم سێ ڕۆژەیش هەر بە جەژن حلێبن! (ش/ن).

٩١٦- وَعَنْهاَ قَالَتْ: كَانَ يَوْمَ عِيدٍ يَلْعَبُ السُّودَانُ بِالدَّرَقِ وَالْحِرَابِ فَإِمَّا سَأَلْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَإِمَّا قَالَ: تَشْتَهِينَ تَنْظُرِينَ؟ فَقُلْتُ نَعَمْ. فَأَقَامَنِي وَرَاءَهُ، خَدِّي عَلَى خَدِّهِ وَهُوَ يَقُولُ: دُونَكُمْ يَا بَنِي أَرْفِدَةَ، حَتَّى إِذَا مَلِلْتُ قَالَ: حَسْبُكِ، قُلْتُ: نَعَمْ، قَالَ: فَاذْهَبِي. وَفِي رَوَايَةٍ:جَاءَ حَبَشٌ يَزْفِنُونَ فِي يَوْمِ عِيدٍ فِي الْمَسْجِدِ فَدَعَانِي النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَوَضَعَتُ رَأْسِي عَلَى مَنْكِبِهِ فَجَعَلْتُ أَنْظُرُ إِلَى لَعِبِهِمْ حَتَّى كُنْتُ أَنَا الَّتِي انْصَرَفْتُ عَنِ النَّظَرِ إِلَيْهِمْ. رَوَاهُمَا الشيخان والنسائي[٢].

دیسان عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: کات ڕۆژی جەژن بوو، حەبەشییەکان بە قەڵخانو نێزە یارییان دەکرد، یا خۆم داوام لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کرد یاخود خۆی فەرمووی: حەزدەکەی تەماشا بکەی؟ منیش گوتم: بەڵێ، جا

---

(٢) بخاري. عيدين ٩٤٩ ، ٩٥٠ ، ٢٩٠٦. مسلم. عيدين: ٢٠٦٢ — ٢٠٦٦.

منـی لـە پـشتی خۆیـەوە وەسـتان و چـەناگەم نایـە سەرشـانی و روومـەتم نـا بـە روومەتیـەوە، جـا حـەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فـەرمووی: ئـەی نـەوەی ئەرفیـدە! خـەریکی یـاریی خۆتـان بـن ئـیتر منـیش تەماشـام کـرد تـا خـۆم تاقـەتم نـەما، حـەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فـەرمووی: ئـیتر بەسـتە؟ گـوتم: بـەڵێ، فـەرمووی: دەبـڕۆ. لـە گێڕانەوەیـەکا: جارێکیـان ڕۆژی جـەژن بـوو، حەبەشییەکان هـاتن بـۆ مزگەوت دەستیان کرد بە نێرەبازی، پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) بـانگی کـردم و سەرم لە سەرشانی داناو دەستم کرد بە تەماشاکردنی یارییەکەیان تـا خـۆم وازم هێنا لە تەماشاکردنیان (ش/ن).

٩١٧- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: قَدِمَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الْمَدِينَـةَ وَلَهُمْ يَوْمَانِ يَلْعَبُونَ فِيهِمَا فَقَالَ: مَا هَذَانِ الْيَوْمَانِ؟ قَالُوا: كُنَّا نَلْعَبُ فِي الْجَاهِلِيَّـةِ. فَقَالَ: رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِنَّ اللّٰهَ قَدْ أَبْدَلَكُمْ بِهِمَا خَيْرًا مِنْهُمَا يَوْمَ الأَضْحَى وَيَوْمَ الْفِطْرِ. رَوَاهُ أصحاب السنن[٣].

ئەنـەس (خوای لێ رازی بێ) گـوتی: کـە پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) هـات بـۆ مەدینـە، خـەڵکی مەدینـە دوو ڕۆژیـان هـەبوو، یـاری و وازییـان تیـا دەکـردن، فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): ئەم دوو ڕۆژە چین؟ گوتیـان: جاران لە سـەردەمی نەزانیـدا لـەپێش هـاتنی ئیـسلامدا گەمـەو یاریمـان تیـا دەکـردن، فـەرمووی: خـودا لـە جیـاتی ئـەو دووانـە چـەن ڕۆژێکـی چاکتری پـێ داون، کـە جـەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزانە (د/ت/ن-سنند صالح).

١٦٤) نوێژی خۆر گیران و مانگ گیران: (صلاة الكسوف)

٩١٨- عَنْ الْمُغِيرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْـهُ) قَالَ: انْكَسَفَتْ الشَّمْسُ يَوْمَ مَاتَ إِبْـرَاهِيمَ. فَقَالَ: النَّاسُ: انْكَسَفَتْ لِمَوْتِ إِبْرَاهِيمَ، فَقَالَ: النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِنَّ الـشَّمْسَ وَالْقَمَرَ آيَتَانِ مِنْ آيَاتِ اللّٰهِ، لاَ يَنْكَسِفَانِ لِمَوْتِ أَحَدٍ وَلاَ لِحَيَاتِهِ، فَـإِذَا رَأَيْتُمُوهُمَـا فَادْعُوا اللّٰهَ وَصَلُّوا حَتَّى تَنْجَلِيَ. رَوَاهُ الخمسة إلاّ الترمـذي. وَفِي رِوَايَـةٍ: إِنَّ أَهْـلَ

---

(٣) بسند صالح (شرحه).

الْجَاهِلِيَّةِ كَانُوا يَقُولُونَ إِنَّ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ لاَ يَنْخَسِفَانِ إِلاَّ لِمَوْتِ عَظِيمٍ مِنْ عُظَمَاءِ أَهْلِ الأَرْضِ، وَإِنَّهُمَا لاَ يَنْخَسِفَانِ لِمَوْتِ أَحَدٍ وَلاَ لِحَيَاتِهِ وَلَكِنَّهُمَا خَلِيقَتَانِ مِنْ خَلْقِهِ، يُحْدِثُ اللَّهُ فِي خَلْقِهِ مَا يَشَاءُ، فَأَيُّهُمَا انْخَسَفَ فَصَلُّوا حَتَّى يَنْجَلِيَ»[1].

موغیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ئەو ڕۆژەی کە ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) مرد، ڕۆژگیرا، خەڵك گوتیان: ئەوە لەبەر مردنی ئیبراهیم خۆرگیراوە! پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: خۆرو مانگ دوو نیشانەی گەورەن لە نیشانە گەورەکانی خودا، نە لەبەر مردنی کەس‌و نە لەبەر ژیانی کەس ناگیرێن، ئەگەر دیتانن کە واگیراون ئەوا لە خودا بپاڕێنەوەو دووعاو نزا بکەن تا بەر دەبن! (ش/د/ن)
لە گێڕانەوەیەکدا: خەڵکی سەردەمی نەزانی دەیانگوت گوایە خۆرو مانگ لەبەر مردنی گەورە پیاوێ لە گەورەپیاوانی سەر ڕووی زەوی دەگیرێن! بەڵام ئەم قسەیە ڕاست نیە، چونکە ئەم دووانە نە لەبەر مردنی کەس‌و نە لەبەر ژیانی کەس ناگیرێن، بەڵکوو ئەمانیش دوو دروستکراون لە دروستکراوانی خودا، خوداش هەرچی حەزکا دەیکا لە مەخلوقاتی خۆی، جا هەر کامێکیان گیران ئێوە نوێژبکەن هەتا بەردەبێ.

١٦٥) بانگەواز بۆ ئەم نوێژە: (النداء لها)

٩١٩- عَنْ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ عَمْرٍو (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: لَمَّا كَسَفَتِ الشَّمْسُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نُودِيَ إِنَّ الصَّلاَةَ جَامِعَةً. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ الترمذي[1].

عەبدوڵلای کوڕی عەمر (خوایان لێ ڕازی بێ) گوتی: لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەربێ) کە خۆر گیرا بانگەوازیان هەڵدا: (الصَّلاَةَ جَامِعَةً: وا نوێژی جەماعەت دەکرێ بە بۆنەی خۆرگیرانەوە لە دەستی مەدەن!) (ش/د/ن).

---

(١) بخاري. علم: ٨٦ ، ١٨٤ ، ٩٢٢ ، ١٠٥٣ ، ١٠٥٤ ، ١٠٦١ ، ١٢٣٥ ، ١٣٧٣ ، ٢٥١٩ ، ٢٥٢٠ ، ٧٢٨٧ (١٠٥٣). مسلم. كسوف: ٢١٠٠. رواه البخاري تعليقا في الباب الرقم: ١٣ من كتاب الكسوف.

(١) بخاري. كسوف: ١٠٦٦. مسلم. كسوف: ٢٠٨٩. نسائي. كسوف: ١٤٦٤، ١٤٧٢. بخاري. كسوف: ١٠٤٥، ١٠٦٠.

١٦٦) نوێژی خۆرگیران‌و مانگ گیران چەن جۆرێكی هەیە:
(أنواع صلاة الكسوف)

٩٢٠– عَنْ أَبِي بَكْرَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كُنَّا عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَانْكَسَفَتِ الشَّمْسُ، فَقَامَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَجُرُّ رِدَاءَهُ حَتَّى دَخَلَ الْمَسْجِدَ، فَدَخَلْنَا فَصَلَّى بِنَا رَكْعَتَيْنِ، حَتَّى انْجَلَتِ الشَّمْسُ رَوَاهُ البخاري والنسائي[1].

ئەبو بەكرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە خزمەتی حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) بووین لەو كاتەدا خۆر گیرا، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) هەڵسا بە پەلە چوو بۆ مزگەوت‌و ئێمەش لەگەڵی دا چووین بۆ ئەوێ، جا لەناو مزگەوتەكەدا دوو ركات نوێژی بۆ كردین تا خۆرەكە بەربوو (ب/ن).

٩٢١– عَنْ عَائِشَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: خَسَفَتِ الشَّمْسُ فِي عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَصَلَّى بِالنَّاسِ، فَأَطَالَ الْقِيَامَ، ثُمَّ رَكَعَ فَأَطَالَ الرُّكُوعَ، ثُمَّ قَامَ فَأَطَالَ الْقِيَامَ وَهْوَ دُونَ الْقِيَامِ الأَوَّلِ، ثُمَّ رَكَعَ فَأَطَالَ الرُّكُوعَ، وَهْوَ دُونَ الرُّكُوعِ الأَوَّلِ، ثُمَّ سَجَدَ فَأَطَالَ السُّجُودَ (كَالْرُكُعِ الأَوَّلْ كَالأَوَّلِ وَالثَّانِي كَالثَّانِي– شرحه)، ثُمَّ فَعَلَ فِي الرَّكْعَةِ الثَّانِيَةِ مِثْلَ مَا فَعَلَ فِي الرُكُعة الأُولَى، ثُمَّ انْصَرَفَ وَقَدِ انْجَلَتِ الشَّمْسُ، فَخَطَبَ النَّاسَ، فَحَمِدَ اللَّهَ، وَأَثْنَى عَلَيْهِ ثُمَّ قَالَ: إِنَّ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ آيَتَانِ مِنْ آيَاتِ اللَّهِ، لاَ يَنْخَسِفَانِ لِمَوْتِ أَحَدٍ وَلاَ لِحَيَاتِهِ، فَإِذَا رَأَيْتُمْ ذَلِكَ فَادْعُوا اللَّهَ وَكَبِّرُوا، وَصَلُّوا وَتَصَدَّقُوا ثُمَّ قَالَ: يَا أُمَّةَ مُحَمَّدٍ، وَاللَّهِ مَا مِنْ أَحَدٍ أَغْيَرُ مِنَ اللَّهِ أَنْ يَزْنِيَ عَبْدُهُ أَوْ تَزْنِيَ أَمَتُهُ، يَا أُمَّةَ مُحَمَّدٍ، وَاللَّهِ لَوْ تَعْلَمُونَ مَا أَعْلَمُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلاً وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيرًا. رَوَاهُ الخمسة. وَفِي رِوَايَةٍ: ثُمَّ رَفَعَ رَأْسَهُ فَقَالَ: سَمِعَ اللهُ لِمَنْ حَمِدَهُ رَبَّنَا وَلَكَ الْحَمْدُ[2].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە سەردەمی حەزرەتدا (دروودی خوای لەسەربێ) رۆژ گیرا، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هەڵسا نوێـژی بۆ موسوڵمانەكان كرد،

---

(١) بخاري. كسوف: ١٠٦٣.

(٢) بخاري. كسوف: ١٠٤٤ ، ١٠٤٦ ، ١٠٤٧ ، ١٠٥٠ ، ١٠٥٦ ، ١٠٥٨ ، ١٠٦٤ ، ١٠٦٥ ، ١٠٦٦ ، ١٢١٢ ، ٣٢٠٣ ، ٤٦٢٤ ، ٥٢٢١ ، ٣٢٦٦. مسلم. كسوف: ٢٠٨٦ – ٢٠٨٨. نسائي. كسوف: ١٤٧٣ ، ١٤٧١. أبو داود. صلاة: ١١٨٠.

ماوەیەكی دوورو درێژ لە ناو نوێژەكەدا بەراوەستانەوە هەر قورئانی دەخوێند، ئینجا چەمییەوەو روكووعی بردو درێژەی دا بە چەمینەوەكەشی، ئینجا لە چەمینەوەو روكوع هەڵسایەوەو گەلێ بەپێوە راوەستایەوە بەڵام لە راوەستانی یەكەمی كەمتر، ئینجا دووبارە روكووعێكی دوورو درێژی تریشی بردەوە بەڵام لە روكووعی یەكەمی كورتتر، ئینجا دوو كوڕنووشی دوورو درێژی برد لە چەشنی دوو روكووعەكەی، یەكەم وەك یەكەمو دووەم وەك دووەم، ئینجا چی كرد لە ركاتی یەكەمدا لە دوو هەمیشدا ئەوەی كردەوە، ئەوجا لە نوێژ بۆوەو خۆریش بەربوو بوو، ئینجا وتارێكیدا بۆ مەردوومەكەو سوپاس‌و ستایشی خودای كردو فەرمووی: ئەم خۆرو مانگە دوو نیشانەی گەورەن لە نیشانە گەورەكانی خودا، نە لەبەر مردنی كەس‌و نە لەبەر ژیانی كەس ناگیرێن، جا ئەگەر شتی واتان دی ئەوا لە خودا بپاڕێنەوەو ئەڵلاهو ئەكبەر بكەن‌و نوێژبكەن‌و خێرو خێرات بكەن لە پاشا فەرمووی: (دروودی خوای لەسەربێ) ئەی ئۆمەتی موحەممەد! سوێندم بەخودا كەس وەك خودا ئاوا خیرەت‌و دەمار نایگرێ، كاتێ كە بەندەیەكی زینا بكا، یا كەنیزێكی زینابكا، ئەی گەلی موحەممەد! بەو خودایە ئەوەی كەمن دەیزانم ئەگەر ئێوە بیزانن زۆر كەم پێ دەكەنین‌و گەلێ زۆر دەگریان (ش/د/ت/ن) لە گێڕانەوەیەكا: ئینجا سەری لە روكووع هەڵبڕی‌و فەرمووی: (سمع الله لمن حمده ربنا ولك الحمد) هەركەسێ سوپاسی خودا بكا بە نیازی پاداشی باش، خودا هەم سوپاس‌و هەم نیازەكەی قەبووڵ دەكا، پەروەردگارا! خوداوەندا! سوپاس بۆ تۆ لەسەر ئەوە كە سوپاس‌و نیازمان گیرا دەكەی!.

٩٢٢- وَعَنْهَا أَنَّ نَبِيَّ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) صَلَّى سِتَّ رَكَعَاتٍ وَأَرْبَعَ سَجَدَاتٍ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأحمد وأَبُو دَاوُدَ والترمذي ولفظه: عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ أللهُ عَنْهُما) قَالَ: صَلَّى النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي كُسُوفٍ، فَقَرَأَ ثُمَّ رَكَعَ، ثُمَّ قَرَأَ ثُمَّ رَكَعَ، ثُمَّ قَرَأَ ثُمَّ رَكَعَ ثَلاَثَ مَرَّاتٍ، ثُمَّ سَجَدَ سَجْدَتَيْنِ وَالأُخْرَى مِثْلُهَا[٣].

---

(٣) مسلم. كسوف: ٢٠٩٤. نسائي. كسوف: ١٤٧٠.

دیسان عائیشه (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەربێ) جـاری لـە نوێـژی رۆژگیرانـا شـەش روکـووع و چـوار کوڕنووشـی بـرد (م/ئەحمەد/د/ت) گفتەی (ت) ئاوایە: ئیبنو عەبباس (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: جاری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژی خۆرگیرانی بەم شێوەیە کرد: جاری یەکەم قورئانی خوێندو روکووعی برد، ئینجا بۆ جاری دووەم قورئانی خوێندەوەو روکووعی بردەوە، ئینجا بۆ جاری سێیەم قورئانی خوێندەوەو روکووعی بردەوە، لە پاش ئەم سێ جارە ئەوجا دوو کوڕنووشی بردو رکاتی یەکەمی لەسەر ئەم شێوەیە تەواوکرد، وە لە رکاتی دووەمیشدا هەمان شتی کرد.

٩٢٣- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ أَللهُ عَنهُما) قَالَ: صَلَّى النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي كُسُوفٍ قَرَأَ ثُمَّ رَكَعَ ثُمَّ قَرَأَ ثُمَّ رَكَعَ، ثُمَّ قَرَأَ ثُمَّ رَكَعَ، ثُمَّ قَرَأَ ثُمَّ رَكَعَ، ثُمَّ سَجَدَ. قَالَ: وَالأُخْرَى مِثْلُهَا. رواه الخمسة إلا البخاري(٤).

دیسان ئیبنو عەبباس (خودایان لێ رازی بێ) گوتی: جاری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژی خۆرگیرانی لەسەر ئەم شێوەیەکرد: لە رکاتی یەکەما چوار جار قورئانی خوێندو چوار جار روکووعی تیا برد، ئینجا دوو سەجدەی برد، وەرکاتی دووەمیش هەروەها (م/د/ت/ن).

١٦٧) نوێژی مانگ گیران بە دەنگی بەرز دەکرێ و نوێژی خۆرگیرانیش بە پەنامەکی دەکرێ:

(الجهر بالخسوف والاسرار بالكسوف)

٩٢٤- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ أَللهُ عَنهَا) قَالَتْ: جَهَرَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي صَلاَةِ الْخُسُوفِ بِقِرَاءَتِهِ. رَوَاهُ الشيخان والنسائي(١).

---

(٤) مسلم. كسوف: ٢١٠٩. أبو داود. صلاة: ١١٨٣. ترمذي. صلاة: ٥٦٠. نسائي. كسوف: ١٤٦٦ و ١٤٦٧.

(١) بخاري. كسوف: ١٠٦٥. مسلم. كسوف: ٢٠٩٠. أبو داود. صلاة: ١١٩٠. نسائي. كسوف: ١٤٩٣ ، ١٤٩٦.

عائیشه (خوای لێ رازی بێ) دەڵێ: له نوێژی مانگ گیرانا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فاتیحاو سوورەتەکەی پاشی به دەنگی بەرز خوێند (ش/ن).

٩٢٥- عَنْ سَمُرَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَـلَّى بِنـاَ النَّبِـيُّ (صَـلَّى اللَّـهُ عَلَيْـهِ وَسَـلَّمَ) فِي كُسُوفٍ لا نَسْمَعُ لَهُ صَوْتاً. رَوَاهُ أصحاب السنن[٢].

سەمووره (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) نوێـژی خۆرگیرانی بۆ کردین، له نوێژەکەدا گوێمان له دەنگی نەبوو (د/ت/ن-س/ص).

١٦٨) خوێندنی سوورەت له نوێژی خۆرگیرانا: (القراءة في صلاة الكسوف)

٩٢٦- عَنْ أُبَيِّ بْنِ كَعْبٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: انْكَـسَفَتِ الـشَّمْسُ عَلَـى عَهْـدِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَصَلَّى بِهِمْ، فَقَرَأَ بِسُورَةٍ مِـنَ الطُّـوَلِ. رَوَاهُ أَبُـو دَاوُدَ والحاكم ووثقه[١].

ئوبـەیی کـوڕی کـەعب (خـوای لێ رازی بـێ) دەڵـێ: لەسـەردەمی پێغەمبـەردا (دروودی خـوای لەسـەربێ) ڕۆژێ خـۆرگیرا، پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) نوێــژی خۆرگیرانی بۆ کردن، سوورەتێ له سوورەته درێژەکانی تیا خوێند (د/حاکم- حاکم ئەم حەدیثەی به مەوثووق داناوه).

٩٢٧- وَقَالَتْ عَائِشَةَ: كُنَّا فِي صَلاَةِ كُـسُفٍ. فَحَـزَرْتُ قِرَاءَتَـهُ فِي الرَّكْعِـةِ الأُلَى بِسُورَةِ الْبَقَرَةِ وَفِي الثَّانِيَةِ بِسُورَةِ آلِ عِمْرَانَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٢].

عائیـشه (خـوای لێ رازی بـێ) دەڵـێ: جـارێ پێغەمبــەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) نوێژی خۆرگیرانی بۆ کردین قورئـان خوێندنەکـەی پێغەمبـەرم قەبڵانـد، لـه رکاتی یەکەما بەقەد سوورەتی بەقەره دەبوو، وه لـه رکـاتی دووەمـا بەقـەد سوورەتی ئالی عیمران دەبوو (د).

---

(٢) بسند صحيح (شرحه).

(١) موثق عند الحاكم.

(٢) سكت عنه الشارح.

١٦٩) وتاری نوێژی خۆرگیرانو مانگ گیران: (الخطبة)

٩٢٨- عَنْ أَسْمَاءَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: فَانْصَرَفَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَقَدْ تَجَلَّتِ الشَّمْسُ، فَخَطَبَ وَحَمِدَ اللّٰهَ بِمَا هُوَ أَهْلُهُ ثُمَّ قَالَ: أَمَّا بَعْدُ. رَوَاهُ الشيخان[1].

ئەسماء (خوای لێ رازی بێ) دەڵێ: كاتێ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لە نوێژەكە بۆوە خۆرەكە بەر بوو بوو، ئینجا حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) وتارێكی دا، لە پێشا بەو شێوەیەی شایستەی خودای گەورە بێ سوپاسو ستایشێكی جوانی خودای كرد ئینجا فەرمووی: لەپاش ئەمە (ش).

٩٢٩- (ب - ١ ز - ١٦٦ بڕ: ژمارە:٩٢١٢/٢)[2].

١٧٠) هانا بردنە بەر خودا بڕێتیی ئەم نوێژە دەكەوێ، هەروەها كردنی چاكەو خێریش: (يكفى عن الصلاة الفزع الى الله وفعل الخير)

٩٣٠- عَنْ أَبِي مُوسَى (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ هَـٰذِهِ الآيَاتِ الَّتِي يُرْسِلُ اللّٰهُ لاَ تَكُونُ لِمَوْتِ أَحَدٍ وَلاَ لِحَيَاتِهِ وَلَكِنَّ اللّٰهَ يُرْسِلُهَا يُخَوِّفُ بِهَا عِبَادَهُ فَإِذَا رَأَيْتُمْ مِنْهَا شَيْئًا فَافْزَعُوا إِلَى ذِكْرِ اللهِ وَدُعَائِهِ وَاسْتِغْفَارِهِ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي[1].

ئەبو مووسا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەم نیشانەو عەلاماتانەی كە خودا دەیان نێرێ وەك خۆرو مانگ گیرانو بوو مەلەرزەو گەردەلوولو ئەمانە خودا بۆ ئەوەیان دەنێرێ كە بەندەكانی خۆی هۆشیار بكاتەوەو بەوانە بیان ترسێنێ، ئەگینا ئەم جۆرە نیشانانە، نە لەبەر مردنی كەسو نە لەبەر ژیانی كەس روو نادەن، جا ئەگەر دیتان شتێ لەمانە رووی دا ئەوا پەلاماری یادو

---

(١) بخاري راجع رقم: ٩٢٦/١. مسلم. كسوف: ٢١٠٠.

(٢) ر: رقم/ ٩٢١/٢ ←

(١) بخاري. كسوف: ١٠٤٠ — ١٠٤٣ ، ١٠٥٩ ، ١٠٦٠ ، ٦١٩٩. مسلم. كسوف: ٢١١٤. نسائي. كسوف: ١٥٠٢.

ذیکری خودا بدەن لە خودا بپاڕێنەوەو داوای لێ خۆشبوونی لێ بکەن!
(ش/د/ن).

٩٣١- عَنِ أَسْمَاءَ (رَضيَ اللّٰهُ عَنهَا) قَالَتْ: لَقَدْ أَمَرَ النَّبِيُّ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِالْعَتَاقَةِ فِي كُسُوفِ الشَّمْسِ. رَوَاهُ البخاري وأبو دَاوُدَ[٢].

ئەسماء (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: لەخۆر گیرانەکەدا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمانی کرد بە بەندە ئازادکردن تا خودا دەرووی رەحمەتیان لێ بکاتەوە (ب/د).

١٧١) ئەو شتە غەیبییانەی کە لەناو نوێژی خۆر گیرانا دەرکەوتوون‌و بۆ پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) کەشف بوون:

(ما كشف للنبي (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) في صلاة الكسوف)

٩٣٢- عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضيَ اللّٰهُ عَنهُما) قَالَ: انْخَسَفَتِ الشَّمْسُ عَلَى عَهْدِ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَصَلَّى فَقَامَ قِيَامًا طَويلاً، إلى أَنْ قَالَ: فَقَالَ: (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): إنَّ الشَّمْسَ وَالْقَمَرَ آيَتَان مِنْ آيَاتِ اللّٰهِ لاَ يَخْسِفَان لِمَوْتِ أَحَدٍ وَلاَ لِحَيَاتِهِ، فَإِذَا رَأَيْتُمْ ذَلِكَ فَاذْكُرُوا اللّٰهَ قَالُوا: يَا رَسُولَ اللّٰهِ، رَأَيْنَاكَ تَنَاوَلْتَ شَيْئًا فِي مَقَامِكَ ، ثُمَّ رَأَيْنَاكَ كَعْكَعْتَ فَقَالَ: (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِنِّي رَأَيْتُ الْجَنَّةَ، (مُصَوَّرَةٍ أَمَامِي فِي عَرْضِ هَذَا الْحَائِطِ – شرحه) فَتَنَاوَلْتُ عُنقُودًا، وَلَوْ أَصَبْتُهُ لأَكَلْتُمْ مِنْهُ مَا بَقِيَتِ الدُّنْيَا، وَأُرِيتُ النَّارَ، فَلَمْ أَرَ مَنْظَرًا كَالْيَوْمِ قَطُّ أَفْظَعَ، وَرَأَيْتُ أَكْثَرَ أَهْلِهَا النِّسَاءَ، قَالُوا بِمَ يَا رَسُولَ اللّٰهِ؟ قَالَ: بِكُفْرِهِنَّ قَالُوا: أَيَكْفُرْنَ بِاللّٰهِ؟ قَالَ: يَكْفُرْنَ الْعَشِيرَ، وَيَكْفُرْنَ الإِحْسَانَ، لَوْ أَحْسَنْتَ إِلَى إِحْدَاهُنَّ الدَّهْرَ كُلَّهُ ثُمَّ رَأَتْ مِنْكَ شَيْئًا قَالَتْ: مَا رَأَيْتُ مِنْكَ خَيْرًا قَطُّ. رَوَاهُ الشيخان والنسائي[١].

---

(٢) بخاري. كسوف: ١٠٥٣. تجريدی بخاري به كوردی: ٥٣٥.

(١) بخاري. كسوف: ١٠٥٢ (ر: ٢٩ = ٢٧ تجريد). ٥١٩٧ ، ٤٣١ ، ٧٤٨. مسلم. كسوف: ٢١٠٦. أبو داود. صلاة: ١١٨٩. نسائي. كسوف: ١٤٩٢.

ئیبنو عەبباس (خوایان لێ ڕازی بێ) گوتی: لە سەردەمی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەربێ) خۆرگیرا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) نوێژی خۆرگیرانی کرد، وە لە نوێژەکەدا گەلێ ڕاوەستاو ماوەیەکی دوورو درێژ لەناو نوێژەکەدا بە ڕاوەستانەوە هەر قورئانی دەخوێند بگرە بەقەد سوورەتی بەقەرەی خوێند ئیتر هەموو فەرموودەکەی گێڕایەوە تا گەیشتە ئەوێ کە ئیبنو عەبباس دەڵێ: جا حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: خۆرو مانگ دوو نیشانەی گەورەن لە نیشانە گەورەکانی خودا کە دەبن بە بەڵگەو نیشانە لەسەر بوونی خوداو هەروا دەبن بە گەورەترین بەڵگە لە سەریەکتایی و تاك‌و تەنیایی خودا، نە لەبەر مردنی کەس‌و نە لەبەر ژیانی کەس ناگیرێن بەڵام ئەگەر شتێکی ئاوەهاتان دی ئەوا ذیکرو یادی خودا بکەن یاران (خوایان لێ ڕازی بێ) گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! لەم جێگەیە تا چاومان لێت بوو دەستت برد بۆ شتێ کە بیهێنیت کەچی هەڵسڵەمێتەوەو وەك کەسێ لە شتێ بترسێ وابوو، ئیتر کشایتە دواوە!؟ فەرمووی: (درودی خوای لەسەربێ): ئەوە لەوکاتەدا بەهەشتم دی، وە دەستم برد بۆ هێشوویێ ترێ لە مێوەکەی هەتا بیهێنم بۆتان، بەڵام بۆم نەکرایەوە ئەگەر بۆم بکرایەتەوە تا جیهان دەما هەر لێتان دەخواردو تەواو نەدەبوو، چونکە میوەی بەهەشت کە دەنکێکی لێ دەکەیتەوە دەنکێکی تر لە لایەنی خوداوە دێتەوە جێگەی! هەروەها ئاگری دۆزەخیشم دی! هەر گیزاو هەر گیز دیمەنی وا دزیوو بێ ڕەزام نەدیوە، سەرنجم دا زوربەی خەڵکەکەی ناوی ژنان بوون عەرزیان کرد: لەبەرچی؟ ئەی پێغەمبەری خودا! فەرمووی: چونکە ناسوپاسن‌و لەبەر ئەوە کە ناسوپاس‌و ناشوکرن. گوتیان: ئایا ناشوکری‌و نا سوپاسی خودا دەکەن؟ فەرمووی: نەء، مەبەست ئەوە نیە، بەڵام ناسوپاسی‌و ناشوکریی هاوسەرو هاوڕێ دەکەن‌و پێنەزانن‌و چاکەیان لەبەر چاونیە، گریمان بە درێژایی ساڵ چاکەو پیاوەتی لەگەڵ ژندا بکەی، بەڵام ئەگەر ڕۆژێ لە ڕۆژان شتێکی لێ دێت (کە بەدڵی نەبێ) دەڵێ: ئەوەتی من هەم خێرم لەتۆ نەدیوە! (ش/ن).

٩٣٣- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: انْكَسَفَتِ الشَّمْسُ فِي عَهْدِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَسَاقَ حَدِيثاً طَوِيلاً إِلَى أَنْ قَالَ: قَالَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): مَا مِنْ شَيْءٍ تُوعَدُونَهُ إِلاَّ قَدْ رَأَيْتُهُ فِي صَلاَتِي هَذِهِ، لَقَدْ جِيءَ بِالنَّارِ وَذَلِكُمْ حِينَ رَأَيْتُمُونِي تَأَخَّرْتُ مَخَافَةَ أَنْ يُصِيبَنِي مِنْ لَفْحِهَا، وَحَتَّى رَأَيْتُ فِيهَا صَاحِبَ الْمِحْجَنِ، يَجُرُّ قُصْبَهُ فِي النَّارِ، كَانَ يَسْرِقُ الْحَاجَّ بِمِحْجَنِهِ فَإِنْ فُطِنَ لَهُ قَالَ: تَعَلَّقَ بِمِحْجَنِي. وَإِنْ غُفِلَ عَنْهُ ذَهَبَ بِهِ، وَحَتَّى رَأَيْتُ فِيهَا صَاحِبَةَ الْهِرَّةِ الَّتِي رَبَطَتْهَا فَلَمْ تُطْعِمْهَا وَلَمْ تَدَعْهَا تَأْكُلُ مِنْ خَشَاشِ الأَرْضِ حَتَّى مَاتَتْ جُوعًا ثُمَّ جِيءَ بِالْجَنَّةِ وَذَلِكُمْ حِينَ رَأَيْتُمُونِي تَقَدَّمْتُ حَتَّى قُمْتُ فِي مَقَامِي، وَلَقَدْ مَدَدْتُ يَدِي وَأَنَا أُرِيدُ أَنْ أَتَنَاوَلَ مِنْ ثَمَرِهَا لِتَنْظُرُوا إِلَيْهِ، ثُمَّ بَدَا لِي أَنْ لاَ أَفْعَلَ فَمَا مِنْ شَيْءٍ تُوعَدُونَهُ إِلاَّ قَدْ رَأَيْتُهُ فِي صَلاَتِي هَذِهِ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ والنسائي(٢).

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە سەردەمی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) رۆژ گیرا، ئینجا جابیر درێژەی دا بە گێڕانەوەی ئەم فەرموودەیە تا هاتە سەر باسی ئەوە کە دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: لەناو ئەم نوێژەمدا دۆزەخیان هێنایە بەرچاوم بە خۆیو ئاگرو سزاو ئێشو ئازاریەوە! وە ئەو هەرەشەو گوڕەشانەی کە لێتان دەکرێن هەمووم دیتن بە چاوی خۆم، ئەوکاتە کە منتان دی، کشامەدواوە ئەوە لە ترسی بڵێسەی ئاگری دۆزەخ بوو کەوا پشتاو پشت گەڕامە دواوە، گەلێ کەسم لە دۆزەخا دی کابرای خاوەن گۆچانیشم لەوێ دیتن، ئەوەی کە عادەتی وابوو بە گۆچانەکەی دزی لە حاجیان دەکرد، جا ئەگەر پێیان بزانیبایە دەیگوت: خۆی گیربوو لە گۆچانەکەم، ئەگەر کەسیش ئاگای لێی نەبوایە ئەوا دەیبرد بۆ خۆی! ئەم کابرایەم دی ریخۆڵەی خۆی بەکێش دەکرد بەناو ئاگرەکەدا، هەروەها ئەو ژنەشم لە دۆزەخا دیتن کە پشیلەیەکی بەستبۆوە تا لەبرسانا مردبوو، نەخۆی خۆراکی پێ دابوو، وە نە بەرەڵاشی کردبوو

---

(٢) مسلم. كسوف: ٢٠٩٩. أبو داود. صلاة: ١١٧٨.

هەتا بۆخۆی لە جرووجانەوەری زەوی بخوات، لە پاشا ئەوکاتەی کە دیتان چوومەوە پێشەوەو لە شوێنەکەی خۆم وەستامەوە، ئەوە لەوکاتەدا بەهەشتیان هێنا، ئەوەبوو دەستم درێژکرد بۆ شتێ، ئەوە بۆیە بوو ویستم هەنێ لە میوەی بەهەشت بهێنم هەتا ئێوەش تەماشای بکەن، بەڵام وام بە باش زانی کە نەیکەم، ئیتر ئەو گفتو بەڵێنانەی کە پێتان دەدرێن هەمووم دیتن بە چاوی خۆم لەناو ئەم نوێژەدا (م/ن).

١٧٢) کڕنووش بردن سوننەتە لەکاتی رووداني نیشانەکانو قەوماني کارەساتی گەورەدا: (السجود لمطلق الآيات)

٩٣٤- عَنْ عِكْرِمَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: قِيلَ لابْنِ عَبَّاسٍ: مَاتَتْ فُلاَنَةُ – بَعْضُ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ – (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَخَرَّ سَاجِدًا فَقِيلَ لَهُ: تَسْجُدُ هَذِهِ السَّاعَةَ؟ فَقَالَ: قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا رَأَيْتُمْ آيَةً فَاسْجُدُوا وَأَيُّ آيَةٍ أَعْظَمُ مِنْ ذَهَابِ أَزْوَاجِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي[1].

عیکریمە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: بە ئیبنو عەبباس گوترا (خوای لێ رازی بێ) فیسارە هاوسەری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وەفاتی کرد، ئەویش کەوت بەرووداو کوڕنووشێکی برد بۆ خودا، پێیان گوت: لەم کاتەدا بۆ کوڕنووش دەبەی؟ گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەرکاتێ نیشانەو ئایەتێکتان دی کوڕنووش ببەن وە چی نیشانەو ئایەتێکیش هەیە کە لە کۆچکردنی هاوسەرەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) گەورەتربێ! (د/ت-س/ح).

١٧٣) نوێژە بارانە (صلاتول ئیستیسقاء): (صلاة الاستسقاء)

{قَالَ: اللهُ تَعالى – وَإِذِ اسْتَسْقَى مُوسَى لِقَوْمِهِ فَقُلْنَا اضْرِب بِّعَصَاكَ الْحَجَرَ فَانفَجَرَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْرَةَ عَيْناً – ٢/٦٠}.

---

(١) بسند حسن (شرحه).

خودای گەورە دەفەرموێ: باسی ئەو نیعمەتە بکە کاتێ کە مووسا داوای ئاوی کرد بۆ گەلەکەی، ئێمەش پێمان گوت: گۆچانەکەت بماڵە بەو تاشە بەردەدا، کەوا لە پێش چاوتا، کە پیاماڵی دوانزە کانی لێ هەڵقوولا بۆ دوازدە تیرەی نەوەی ئیسرائیل.

٩٣٥- عَنْ إِسْحَاقَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أَرْسَلَنِي الْوَلِيدُ بْنُ عُتْبَةَ وَهُوَ أَمِيرَ الْمَدِينَةِ إِلَى ابْنِ عَبَّاسٍ أَسْأَلُهُ عَنْ صَلاَةِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي الاِسْتِسْقَاءِ، فَقَالَ: خَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مُتَبَذِّلاً مُتَوَاضِعًا مُتَضَرِّعًا حَتَّى أَتَى الْمُصَلَّى، فَرَقِيَ الْمِنْبَرِ، وَلَمْ يَخْطُبْ خُطَبَكُمْ هَذِهِ، وَلَكِنْ لَمْ يَزَلْ فِي الدُّعَاءِ وَالتَّضَرُّعِ وَالتَّكْبِيرِ، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ كَمَا يُصَلِّي فِي الْعِيدِ. رَوَاهُ أصحاب السنن[١].

ئیسحاق (خوای لێ رازی بێ) دەڵێ: وەلیدی کوڕی عوتبە — لەوکاتەدا کە فەرمانڕەوای مەدینەبوو — ناردمی بۆ لای ئیبنو عەبباس (خوایان لێ رازی بێ) هەتا لە بارەی چۆنێتیی نوێژە بارانەی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەربێ) لێی بپرسم، کە لێم پرسی گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بە پەڕپووتیو بە کزۆڵەییو بە ملکەچی لەشار دەرچوو، لەرێ هەر دەپاڕایەوەو دەلالایەوە تا گەیشتە نوێژگاکە (کە لە دەرەوەی شاربوو) جا لەوێ سەرکەوتە سەر مینبەرەکە، بەڵام ئەو خوتبەیەی ئەو دای وەك ئەم خوتبانەی ئێوە دەیان دەن وا نەبوو بەڵکوو حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) هەر دووعاو نزای دەکردو دەلالایەوەو دەپاڕایەوەو ئەڵلاهو ئەکبەری دەکرد، تا لە دواییدا دوو رکات نوێژی کرد لە چەشنی نوێژی جەژنی (د/ت/ن-س/ص).

٩٣٦- وَخَرَجَ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ يَزِيدَ الأَنْصَارِيُّ مَعَهُ الْبَرَاءُ بْنُ عَازِبٍ وَزَيْدُ بْنُ أَرْقَمَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَ) فَاسْتَسْقَى، فَقَامَ لَهُمْ عَلَى رِجْلَيْهِ عَلَى غَيْرِ مِنْبَرٍ فَاسْتَغْفَرَ، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ، يَجْهَرُ بِالْقِرَاءَةِ، وَلَمْ يُؤَذِّنْ، وَلَمْ يُقِمْ. رَوَاهُ البخاري[٢].

---

(١) بسند صحيح (شرحه).

(٢) بخاري استسقاء: ١٠٢٢.

عەبدوڵڵای کوڕی یەزیدی ئەنصاری (لەو کاتەدا کە فەرمانڕەوای کوفەبوو) لەشار دەرچوو، بەرائی کوڕی عازیب و زەیدی کوڕی ئەرقەمیش (خوایان لێ رازی بێ) لە گەڵیا دەرچوون، جا عەبدوڵڵا گەلێ پاڕایەوە بۆ باران و لەسەر هەردوو پا راوەستا، بەڵام لەسەر مینبەر نەبوو ئیتر لەسەر ئەو حاڵە زۆر پاڕایەوە بۆ باران و داوای لێ خۆشبوونی لە خوداکرد، لە دواییدا دوو رکات نوێژی کرد، بە دەنگی بەرز قورئانی لەناویانا خوێند، بەڵام نە بانگیدا، وە نەقامەتی کرد بەڵام دەشێ کەسێ رایان پەڕێنێ و بڵێ: الـصلاة جامعـةٌ: وا نوێژی جەماعەت دەکرێ بە بۆنەی نوێژە بارانەوە لە دەستی مەدەن (ب).

٩٣٧- عَنْ عَبَّادِ بْنِ تَمِيمٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَوْمَ خَرَجَ يَسْتَسْقِي قَالَ: فَحَوَّلَ إِلَى النَّاسِ ظَهْرَهُ وَاسْتَقْبَلَ الْقِبْلَةَ يَدْعُو، ثُمَّ حَوَّلَ رِدَاءَهُ، ثُمَّ صَلَّى لَنَا رَكْعَتَيْنِ جَهَرَ فِيهِمَا بِالْقِرَاءَةِ. رَوَاهُ الخمسة[٣].

لە عەببادی کوڕی تەمیمەوە لە مامەیەوە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: ئەو رۆژە کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەرچوو بۆ نوێژە بارانێ دیتم، گوتی: لەکاتی وتار خوێندنەوەکەدا پشتی کردە خەڵکەکەو رووی کردە رووگەو دەستی کرد بە پاڕانەوەو نزاکردن، لەپاشا پۆشاکەکەی هەڵسووڕاند واتە: راست و چەپی کرد ئینجا دوو رکات نوێژی نوێژە بارانەی بە جەماعەت بۆ کردین قورئانی بە دەنگی بەرز لەناویانا خوێند (ش/د/ت/ن).

٩٣٨- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ نَبِيَّ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) كَانَ لاَ يَرْفَعُ يَدَيْـهِ فِي شَيْءٍ مِنْ دُعَائِهِ إِلاَّ فِي الإِسْتِسْقَاءِ، حَتَّى يُرَى بَيَـاضُ إِبْطَيْـهِ. رَوَاهُ الخمـسة إِلاَّ الترمذي[٤].

---

(٣) بخاري. استـسقاء: ١٠٢٣ ، ١٠١١ ، ١٠١٢. مـسلم. استـسقاء: ٢٠٦٧ - ٢٠٧٠. أبـو داود. صلاة: ١١٦١ - ١١٦٤. ١١٦٦ ، ١١٦٧. ترمذي. صلاة: ٥٥٦. نسائي. استسقاء: ١٥٠٤.

(٤) بخـاري. إستـسقاء: ١٠٣١ ، ٣٥٦٥ ، ٦٣٤١. مـسلم. اسـتقاذ: ٢٠٧٤. أبـو داود. رفـع يـدين فـى الاستـسقاء: ١١٧٠. نسائي. استقاذ: ١٥١٢. ابن ماجه. اقامة الصلاة: ١١٨٠.

ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەربێ) لە هیچ نزایەکیدا دەستی بەرز نەدەکردەوە، لە نزاکەی داواکردنی باراندا نەبێ، بەڵام لە کاتی داواکردنی باراندا ئەوەندە دەستی هەڵدەبڕی سپێدەی هەر دوو بنباخەڵی دەردەکەوت (ش/د/ن).

٩٣٩- ولأبي يَعلي والبزار: مَهْلاً عَنِ اللّٰهِ مَهْلاً، فَإِنَّهُ لَوْلاَ شَبَابٌ خُشَّعٌ وَبَهَائِمُ رُتَّعٌ وَشُيُوخٌ رُكَّعٌ وَأَطْفَالٌ رُضَّعٌ لَصُبَّ عَلَيْكُمُ الْعَذَابُ صَبًّا، وفي رواية: لَوْ لاَ عِبَادٌ لِلهِ رُكَّعٌ(٥).

حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هێواش کەن هێواش، خودا بەسەبرە! ئەگینا ئەگەر لەبەر لاوی لە خودا ترس و ماڵاتی بستەزمانی گیاخۆرو منداڵی شیرە خۆر نەبێ خودا بە قەمچی سزاو تۆڵە داتان دەگرێ! لە گێڕانەوەیەکا: ئەگەر لەبەر خاتری هەندێ لە بەندەگانی خودا نەبێ کە هەمیشە سەر گەرمی نوێژو خودا پەرستنین.. (ئەبو یەعلا/بەزار/لەسەر فەرموودەی غایەتولمەئموول شەرحی تاجول ئوصول).

٩٤٠- ولأبي نعيم (في شرحه): مَا مِنْ يَوْمٍ إِلاَّ وَيُنَادِي مُنَادٍ: مَهْلاً أَيُّهَا النَّاسُ مَهْلاً، فَإِنَّ لِلهِ سَطوات، لَوْلاَ رِجَالٌ خَشَّعٌ وَصِبْيَانٌ رَضَّعٌ وَدَوَّابُّ رَتَّعٌ لَصُبَّ عَلَيْكُمُ الْعَذَابُ صَبًّا ثُمَّ لَتُرَضُّنَّ رَضًّا(٦).

گوتی: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ڕۆژ نیە لەلای خودا کە جارچییەك جاڕ نەدا: ئەی مەردوم! مۆڵەت بگرن کەمێ خودا بەسەبرەو بەجەبرە هاکا کە خودا زەبرو زەنگی خۆی نواندو بەسەختی دەستی خۆی وەشاند! خۆ ئەگەر لەبەر خاتری پیاو خاسەکان و منداڵە مەمکە خۆرەکان و ئاژەڵە گیاخۆرەکان نەبێ، خوداوەند لەناکاو بە تۆپزی تۆڵەو سزا دایدەگرتن و سەرو گۆیلاکتانی باش باش پێ دەکوتایەوە! (ئەبو نەعیم – لەسەر فەرموودەی غایەتولمەئمووڵ شەرحی تاجول ئوصول).

---

(٥) منقول من الشرح.

(٦) (شرحه).

١٧٤) دەقی وتارێكی داوای بارانكردن : (نص خطبة في الاستسقاء)

٩٤١- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: شَكَا النَّاسُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قُحُوطَ الْمَطَرِ، فَأَمَرَ بِمِنْبَرٍ، فَوُضِعَ لَهُ فِي الْمُصَلَّى. وَوَعَدَ النَّاسَ يَوْمًا يَخْرُجُونَ فِيهِ. قَالَتْ: عَائِشَةُ فَخَرَجَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حِينَ بَدَا حَاجِبُ الشَّمْسِ فَقَعَدَ عَلَى الْمِنْبَرِ فَكَبَّرَ وَحَمِدَ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ، ثُمَّ قَالَ: إِنَّكُمْ شَكَوْتُمْ جَدْبَ دِيَارِكُمْ وَاسْتِئْخَارَ الْمَطَرِ عَنْ إِبَّانِ زَمَانِهِ عَنْكُمْ وَقَدْ أَمَرَكُمُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ أَنْ تَدْعُوهُ وَوَعَدَكُمْ أَنْ يَسْتَجِيبَ لَكُمْ ثُمَّ قَالَ: (الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ مَلِكِ يَوْمِ الدِّينِ) لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ يَفْعَلُ مَا يُرِيدُ، اللَّهُمَّ أَنْتَ اللَّهُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ الْغَنِيُّ وَنَحْنُ الْفُقَرَاءُ أَنْزِلْ عَلَيْنَا الْغَيْثَ وَاجْعَلْ مَا أَنْزَلْتَ لَنَا قُوَّةً وَبَلاَغًا إِلَى حِينٍ، ثُمَّ رَفَعَ يَدَيْهِ فَلَمْ يَزَلْ فِي الرَّفْعِ حَتَّى بَدَا بَيَاضُ إِبْطَيْهِ، ثُمَّ حَوَّلَ إِلَى النَّاسِ ظَهْرَهُ وَقَلَّبَ رِدَاءَهُ، ثُمَّ أَقْبَلَ عَلَى النَّاسِ وَنَزَلَ فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ، فَأَنْشَأَ اللَّهُ سَحَابَةً فَرَعَدَتْ وَبَرَقَتْ، ثُمَّ أَمْطَرَتْ بِإِذْنِ اللَّهِ، فَلَمْ يَأْتِ مَسْجِدَهُ حَتَّى سَالَتِ السُّيُولُ فَلَمَّا رَأَى النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سُرْعَتَهُمْ إِلَى الْكِنِّ ضَحِكَ حَتَّى بَدَتْ نَوَاجِذُهُ فَقَالَ: أَشْهَدُ أَنَّ اللَّهَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ وَأَنِّي عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَابْنُ حَبَانَ والحاكم وصححه[1].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: موسوڵمانان لەلای حەزرەت** (دروودی خوای لەسەربێ) **سكاڵایان لە دەستی بێ بارانی كرد، حەزرەتیش** (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمانی كرد دووانگەیەكیان لە نوێژگاكە لە دەشتەكە بۆ دانا، بەڵێنیشی دا بەخەڵكەكەو رۆژێكی بۆ دیاریكردن كە لەو رۆژووكاتەدا هەموو دەرچن بۆ ئەوێو لەوێ ئامادە بن عائیشە** (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: جا لەگەڵ گزنگی خۆردا حەزرەت** (دروودی خوای لەسەربێ) **لە شار دەرچووو وە رۆیشت لەسەر دووانگەكە دانیشتو دەستی كردبە ئەڵڵاهو ئەكبەر كردنو سوپاسی خودای گەورەو سەروەری كردو ئینجا فەرمووی: ئێوە**

---

(١) صحيح عند الحاكم

دادو هاوارتانـە لـە دەسـتی قـاتو قڕیـی وڵاتەکـەتانو لـە دەسـتی بـێ بـارانیو هـەڵبواردنی لـەکاتو سـاتی خـۆی، وە خـودای گـەورەو سەروەریش فەرمانی پێ کردوون کە لێی بپاڕێنەوەو بەڵێنیشی پێ داون کە لێتان گیرا بکا، ئینجا فەرمووی: سوپاسو ستایش هـەر بۆ خودایە، کـە پـەروەردگاری هـەموو جیهانیانـە، خودایـەکی بەخشندەو میهرەبانـە، خـاوەنی ڕۆژی تۆڵـەو سـزادانە، بێجگـە لـە یـەزدان خـودای تـر نیـە، خودایەکی وایە ئەوەی بیەوێ دەیکا، ئەی خودایە! هەر خۆت خودایتو بێجگە لە تۆ خودایـەکی تـر نیـە، تۆ دەوڵەمەنـدو داراو بـێ نیازیـت، وە ئێمە هەژارو نەداراین، خودایە! بارانمان فریا خەو بیکـە بـە مایـەی هێـزو دەستمایەی مـاوەی ژیانمـان! ئینجا پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) بەدەم دووعـاو پاڕانـەوە بـەرە بـەرە هـەر دەسـتەکانی بـەرز دەکـردەوە، هـەتا سپیدەی هەردوو بنباخەڵی دەرکەوت ئینجا پشتی کـردە خەڵکەکەو ئەو بەرماڵەی دا بووی بە شـانیا ئاوە ژووی کـردو ئینجـا ڕاسـتو چەپیشی کرد لەپاشا ڕووی کردەوە خەڵکەکەو لـە دووانگەکە دابـەزیو دوو ڕکـات نوێژی بە جەماعەت بۆ کردن ئیتر خـودا گـورج پەڵـەیێ هـەوری پێکهێنـاو هەورەکە دەستی کرد بە گرماندنو تریشقەو بروسـکەدان، وە بەفـەرمانی خـودا بـاران بـاری! هێـشتا پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) نەگەیـشتبووە مزگەوتەکـەی خـۆی کـە لافـاو هەڵـسا، پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) سـەرنجی دا کـەوا خەڵکەکـە بـە پەلـە پـڕووزە خۆیـان دەکـەن بـەکونی ژووورداو لـەتاو بارانەکە هـەڕا دەکـەن لەبـەر ئـەوە پێکـەنی بەرادەیـەکی وا کـە کاکیلـەکانی دەرکـەوتن. جـا فـەرمووی: شـایەتی دەدەم کـە خـودا تـەوانای هـەموو شـتێکی هەیـە، وە منـیش بەنـدەو پێغەمبـەری خـودام. (د/ئیبنو حەبان/حاکم: حاکم ئەم حەدیسەی بە صەحیح داناوە).

١٧٥) كاتێ مەردوم داوای نوێژە بارانەیان لە پێشنوێژ (یا لە فەرمانڕەوا)كرد دەشێ داواكەیان بەجێ بێنێ:

(يجيب الإمام طلب الناس في الاستسقاء)

٩٤٢- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: جَاءَ رَجُلٌ إِلَى رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ يَخْطُبُ يَوْمَ الجُمُعَةِ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللهِ هَلَكَتِ الْمَوَاشِي وَانْقَطَعَتِ السُّبُلُ فَادْعُ اللّٰهَ، فَدَعَا رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). وفي رواية: فَرَفَعَ يَدَيْهِ ثُمَّ قَالَ: اللّٰهُمَّ أَغِثْنَا، اللّٰهُمَّ أَغِثْنَا، اللّٰهُمَّ أَغِثْنَا، فَمُطِرُوا مِنْ جُمُعَةٍ إِلَى جُمُعَةٍ، فَجَاءَ رَجُلٌ فَقَالَ: يَا رَسُولُ اللّٰهِ تَهَدَّمَتِ الْبُيُوتُ وَتَقَطَّعَتِ السُّبُلُ ، وَهَلَكَتِ الْمَوَاشِي، فَقَالَ رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): اللّٰهُمَّ عَلَى رُءُوسِ الْجِبَالِ وَالآكَامِ وَبُطُونِ الأَوْدِيَةِ وَمَنَابِتِ الشَّجَرِ. وفي رواية: اللّٰهُمَّ حَوَالَيْنَا وَلاَ عَلَيْنَا، فَانْجَابَتْ عَنِ الْمَدِينَةِ انْجِيَابَ الثَّوْبِ فَجَعَلَتْ تُمْطِرُ حَوْلَهَا وَلاَ تُمْطِرُ بِهَا قَطْرَةً، فَنَظَرْتُ إِلَى الْمَدِينَةِ وَإِنَّهَا لَفِي مِثْلِ الإِكْلِيلِ. رَوَاهُ الخمسة إلاّ الترمذي[1].

ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێ) دەڵێ: ڕۆژی هەینی بوو، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وتاری دەدا، پیاوێ هات پێی گوت! ئەی پێغەمبەری خودا! لەبەر بێ بارانی ماڵاتو ئاژاڵ قڕبوونو ڕێگەوبان بڕا چونكە وڵاخی سواری نەماوە جا كەوایە لە خودا بپاڕێرەوە بۆمان، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) پارایەوە. لە گێڕانەوەیەكا: هەردوو دەستی بەرز كردەوەو فەرمووی: ئەی خودایە! بارانمان فریاخە، ئەی خودایە بارانمان فریاخە، ئەی خودایە! بارانمان فریاخە ئیتر لەم هەینییەوە تا ئەو هەینی هەر باران باری، جا لە هەینی ئاییندەدا پیاوێ هات وتی: ئەی پێغەمبەر خودا! خانووان ڕووخان، ڕێگاوبان بڕانو ئاژەڵو پادار نەمان لەبەر زۆری باران! كەواتە لە خودا داوا بكە كە ئەم بارانە بگرێتەوە! پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەی خودایە! بەسەر سەری كێوو یاڵو ناوشیوو دۆڵو لەوەڕگاكانا بیبارێنە. لە گێڕانەوەیەكی تردا: ئەی خودایە! لە دەوروبەرمان بیبارێنەو بەسەر سەرمانا

---

(١) بخاري. استسقاء: ١٠١٣ ، ٩٣٣. مسلم. استقاء: ٢٠٧٥. أبو داود. صلاة: ١١٧٥. نسائي. استقاء: ١٥٠٣، ١٥١٤.

نا! گوتی: ئیتر هەورەکە (وەك جلیٚ دایکەنی) ئاوا لەسەر مەدینە رەوییەوەو لە دەورو بەری دەباری، وە لەناو مەدینە یەك دڵۆپ نەدەباری، جا کە سەیری سەرمەدینەم کرد هەورەکە وەك تاجە گوڵینە چۆن ئەڵقەدەدا بە دەوری سەردا ئاوا ئەڵقەی لە مەدینەدا بوو! (ش/د/ن).

١٧٦) گوتەی کاتی بارینی بارانو هەڵکردنی با:
(ما يقال عند المطر والريح)

٩٤٣- عَنْ عَائِشَةَ (رَضيَ ألله عَنهَا) أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) كَانَ إِذَا رَأَى الْمَطَرَ قَالَ: اَللّٰهُمَّ صَيِّبًا نَافِعًا. رَوَاهُ البخاري والنسائي ولفظه: اَللّٰهُمَّ اجْعَلْهُ صَيِّبًا نَافِعًا[1].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کە بارانی دەدی دەیفەرموو: ئەی خودایە! بارانێکی خورزمو سوودمەند (ب/ن) گفتەی (ن): ئەی خودایە! بیگێڕی بە بارانێکی لێزمەی بە خوڕی بە سوود: اللهم اجعله صيبا نافعا.

٩٤٤- وَتَمَثَّلَ ابْنُ عُمَرُ بِشِعْرِ أَبِي طَالِبٍ فَقَالَ: رُبَّمَا ذَكَرْتُ قَوْلَ الشَّاعِرِ وَأَنَا أَنْظُرُ إِلَى وَجْهِ النَّبِيِّ (صَلّى اللهُ عَلَيهِ وَسَلَّمَ) يَسْتَسْقِي، فَمَا يَنْزِلُ حَتَّى يَجِيشَ كُلُّ مِيزَابٍ، وَهُوَ قَوْلُ أَبِي طَالِبٍ.

وَأَبْيَضَ يُسْتَسْقَى الْغَمَامُ بِوَجْهِهِ ثِمَالَ الْيَتَامَى عِصْمَةً لِلأَرَامِلِ[2].

رواه البخاري

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) هۆنراوەکەی ئەبو طالیبی دەخوێندەوەو دەیگوت: زۆر جاران کە تەماشای روخساری حەزرەتم دەکرد لەو کاتانەدا کە دووعای داوای بارانی دەکرد، کە هێشتاکە لە مینبەرەکە دانە دەبەزی هەتا

---

(١) بخاري. استقاء: ١٠٣٢.

(٢) بخاري. استسقاء: ١٠٠٩ = تجريد: ٥١٩.

هەموو پلووسکەکان دەخورۆشان و چۆڕاوگە هەڵ دەسا، ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) دەیگوت: زۆر جاران کە تەماشای ئەم حاڵەم دەکرد ئەم شیعرەی ئەبو طالیبم وەبیر دەکەوتەوە کەلە مەدحی حەزرەتدا دەڵێ:

وَابيَضُ يَسْتَسْقَى الْغَمامُ بِوَجْهِهِ ثِمَالُ الْيَتَامى عِصْمَةٌ لِلأَرَامِلِ

واتە:

سپیکارێکە هەور بەروخساری دەبارێنێ باران

ئەوە پشت و پەنای هەتیوان و دالدەی بێوەکان (ب).

٩٤٥- عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الْجُهَنِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّهُ قَالَ: صَلَّى لَنَا رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) صَلَاةَ الصُّبْحِ بِالْحُدَيْبِيَةِ عَلَى إِثْرِ سَمَاءٍ كَانَتْ مِنَ اللَّيْلَ، فَلَمَّا انْصَرَفَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَقْبَلَ عَلَى النَّاسِ فَقَالَ: هَلْ تَدْرُونَ مَاذَا قَالَ: رَبُّكُمْ؟ قَالُوا: اللَّهُ وَرَسُولُهُ أَعْلَمُ ،قَالَ: أَصْبَحَ مِنْ عِبَادِي مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ، فَأَمَّا مَنْ قَالَ: مُطِرْنَا بِفَضْلِ اللَّهِ وَرَحْمَتِهِ فَذَلِكَ مُؤْمِنٌ بِي وَكَافِرٌ بِالْكَوَاكَبِ، وَأَمَّا مَنْ قَالَ: بِنَوْءِ كَذَا وَكَذَا فَذَلِكَ كَافِرٌ بِي وَمُؤْمِنٌ بِالْكَوَاكَبِ. رَوَاهُ الشيخان[٣].

زەیدی کوڕی خالیدی جوهەنی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە حودەیبییە بووین، شەوباران باریبوو، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) نوێژی بەیانی بۆ کردین، کە سڵاوی دایەوە رووی کردە خەڵکەکەو فەرمووی: ئایا دەزانن کە پەروەردگارتان چی دەفەرموێ؟ گوتیان: خوداو پێغەمبەری خودا خۆیان باش دەزانن، فەرمووی: دەفەرموێ: ئەم بەیانییە بەهۆی ئەم بارانەوە بەندەکانم بوون بە دووتاقم: تاقمێکیان باوەڕیان بەمن بوو، وە تاقمێکیان باوەڕیان بە من نەبوو ئەوەی بڵێ لە سایەی خوداوەو بە رەحمەتی ئەو بارانمان بۆ باریوە، ئەوە باوەڕی تەواوی بەمن هەیەو باوەڕی بە بورج و ئەستێرەو شتی وانیە، بەڵام ئەو کەسەی بڵێ: لە فیسارە بورجا بارانمان بۆ

(٣) بخاري. صلاة: ٨٤٦ ، ١٠٣٨ ، ٤١٤٧ ، ٧٥٠٣. مسلم. إيمان: ٢٢٨ ، ٢٢٩.

باریوە ئەوە باوەڕی بەمن نیەو بەڵكوو باوەڕی بە بورجو ئەستێران هەیە (ش))،

٩٤٦- وَلِمُسْلِمٍ أَلَمْ تَرَوْا إِلَى مَا قَالَ: رَبُّكُمْ قَالَ: مَا أَنْعَمْتُ عَلَى عِبَادِي مِنْ نِعْمَةٍ إِلاَّ أَصْبَحَ فَرِيقٌ مِنْهُمْ بِهَا كَافِرِينَ. يَقُولُونَ: الْكَوَاكِبُ وَبِالْكَوَاكِبِ[٤].

حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: سەرنجی ئەم فەرمایشتەی پەروەردگارتان نادەن كە دەفەرموێ: هەرچاكەیێ دەكەم لەگەڵ بەندەكانما دەستەیەكیان خۆیانی پێ پێنەزان دەكەنو سپڵەیی پیشان دەدەن بەرابەر بەو چاكەیەی منە، من باران دەبارێنم بۆیان كەچی ئەوان دەڵێن: ئەستێرەو بورج بارانی بۆ باراندینو لە فیسارە بورجا بارانمان بۆ باری! (م- غەریقی رەحمەتی خودا بێ).

٩٤٧- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا عَصَفَتِ الرِّيحُ قَالَ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَهَا وَخَيْرَ مَا فِيهَا وَخَيْرَ مَا أُرْسِلَتْ بِهِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَشَرِّ مَا فِيهَا وَشَرِّ مَا أُرْسِلَتْ بِهِ، قَالَتْ وَإِذَا تَخَيَّلَتِ السَّمَاءُ تَغَيَّرَ لَوْنُهُ وَخَرَجَ وَدَخَلَ وَأَقْبَلَ وَأَدْبَرَ، فَإِذَا أَمطَرَتْ سُرِّيَ عَنْهُ، فَعَرَفْتُ ذَلِكَ فِي وَجْهِهِ. فَسَأَلْتُهُ فَقَالَ: لَعَلَّهُ يَا عَائِشَةُ كَمَا قَالَ: قَوْمُ عَادٍ فَلَمَّا رَأَوْهُ عَارِضًا مُسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ قَالُوا: هَذَا عَارِضٌ مُمْطِرُنَا). رَوَاهُ مُسْلِمٌ والترمذي[٥].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) دەڵێ: جاران كە بای توند هەڵی دەكرد پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەیفەرموو:

{اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ خَيْرَهَا وَخَيْرَ مَا فِيهَا وَخَيْرَ مَا أُرْسِلَتْ بِهِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ شَرِّهَا وَشَرِّ مَا فِيهَا وَشَرِّ مَا أُرْسِلَتْ بِهِ}.

داوات لێ دەكەم كە بەشم بدەی لە خێرو سوودی ئەم بایە خۆی، وە هەروەها لەو خێرو سوودەیش كە لەناو ئەم بایەدا هەیە، وە هەروەها لەو خێرو

(٤) مسلم. إيمان: ٢٣٠ ، ٢٢٩.

(٥) مسلم. استقاء: ٢٠٨١ — ٢٠٨٣. ترمذي. دعوات: ٣٤٤٩. بخاري. تفسير: ٤٨٢٨ ، ٣٢٠٦ ، ٤٨٢٩ = تجريد رقم: ١٢٩٣ ، ١٦٩٥.

سوودەیش كە ئەم بایەی بۆ رەوانە كراوە، وە پەنا دەگرم بەتۆ لە شەڕی ئەم بایە خۆی، وە هەوەها لەو شەڕەیش كە لەناو ئەم بایەدا هەیە، وە هەروەها لەو شەڕەیش كە ئەم بایەی بۆ رەوانە كراوە! عائیشە دەیگووت: كە بەری ئاسمان لێڵ دەبوو، رەنگی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەگۆڕاو دەچووە دەرەوەو دەهاتە ژوورەوەو دەهات‌و دەچوو، جا كاتێ كە دەباری ئیتر حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرامۆشی بۆ دەهات، منیش كە شارەزای ئەم حاڵەی بووم لەم بارەیەوە پرسیارم لێ كرد، فەرمووی: ئەی عائیشە! مەترسی ئەوەم هەیە كە ئەم هەورو هەلاّیە وەك رۆژەكەی گەلی عاد وابێ، ئەوان بە تەمای باران بوون، كەچی بوو بە هەوری عەزاب وسزا، وەك خودا لە قورئانا دەفەرموێ:

{فَلَمَّا رَأَوْهُ عَارِضًا مُّسْتَقْبِلَ أَوْدِيَتِهِمْ قَالُوا: هَذَا عَارِضٌ مُّمْطِرُنَا بَلْ هُوَ مَا اسْتَعْجَلْتُم بِهِ: رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ – ٤٦/٢٤}.

واتە: جا كاتێ كە دییان وا پەڵە هەورێ لە ئاسۆی ئاسمانەوە بەرەو ئەوان دەكشێ، گوتیان: ئەمە هەوری بارانە، بارانمان بۆ دەبارێنێ! نەخەیر! هەور نیە، بەڵكوو ئەوە ئەو تۆڵەو سزایەیە كە ئێوە پەلەپەلتان بوو بۆهاتنی وا هات بۆتان ئەوە بایەك‌و شەپۆلە هەوایەكی ئاسمانیە سزایەكی سەختی تیا هەیە (م/ت).

١٧٧) باران موفەڕكە: (يتبرك بالمطر)

٩٤٨– عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أَصَابَنَا وَنَحْنُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَطَرٌ، قَالَ: فَحَسَرَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ثَوْبَهُ حَتَّى أَصَابَهُ مِنَ الْمَطَرِ. فَقُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ لِمَ صَنَعْتَ هَذَا؟ قَالَ: لأَنَّهُ حَدِيثُ عَهْدٍ بِرَبِّهِ تَعَالَى. رَوَاهُ مُسْلِمٌ[1].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جارێ لەگەڵ پێغەمبەر بووین (دروودی خوای لەسەربێ) باران باری پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) جلەكانی خۆی هەڵماڵی و

---

(١) مسلم. استسقاء: ٢٠٨٠. أبو داود. أدب: ٥١٠٠.

سەری خۆی قۆت کردو قۆڵ ولاقی خۆی رووت کردو خۆی دایە بەربارانەکە، ئێمەش گوتمان: ئەی پێغەمبەری خودا! بۆ وا دەکەی؟ فەرمووی: چونکە ئەم بارانە تازە لەلای پەروەردگاری گەورەوە هاتووە لەبەر ئەوە مووفەڕکە (م).

١٧٨) دروستە کە دۆستانی خودا بکرێن بە دەستگیرو دەستکەلا لەلای خودای گەورەو سەروەر: (يجوز التوسل الى الله بأحبابه)

٩٤٩- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) أَنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) كَانَ إِذَا قَحَطُوا اسْتَسْقَى بِالْعَبَّاسِ بْنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ فَقَالَ: اللَّهُمَّ إِنَّا كُنَّا نَتَوَسَّلُ إِلَيْكَ بِنَبِيِّنَا فَتَسْقِينَا وَإِنَّا نَتَوَسَّلُ إِلَيْكَ بِعَمِّ نَبِيِّنَا فَاسْقِنَا. قَالَ: فَيُسْقَوْنَ. رَوَاهُ البخاري[1].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جاران کە تووشی بێ بارانی دەبوون عومەری کوڕی خەتاب (خوای لێ رازی بێ) بە خاتری عەباسی کوڕی عەبدولموطەلیب لە خودا دەپاڕایەوە بۆ باران و دەیگوت: خودایە! ئێمە لەمەوپێش لەکاتی پێویستیی باراندا، کاتێ کە پێغەمبەر خۆی (درودی خوای لەسەربێ) لە ژیاندا بوو ئەو زاتەمان دەکرد بە دەستگیرو دەسکەلا لەلای تۆ، وە بە خاتری ئەو لە تۆ دەپاڕاینەوە تۆیش خاتری ئەوت دەگرت و دەهاتیت بە هاوارمانەوەو بارانت بۆ دەبارانین، ئێستایش بیکە بە خاتری عەباسی مامەی پێغەمبەری خۆشەویستمان بارانمان بۆ بڕەخسینە! گوتی: ئیتر بارانیان بۆ دەباری (ب).

٩٥٠- وَقَالَ: مُصْعَبِ بْنِ سَعْدٍ إِنَّ أَبِي رَاى لَهُ فَضْلاً عَلَى مَنْ دُونَهُ فَقَالَ: النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هَلْ تُنْصَرُونَ وَتُرْزَقُونَ إِلاَّ بِضُعَفَائِكُمْ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ مسلماً ولفظ النسائي: إِنَّمَا يَنْصُرُ اللَّهُ هَذِهِ الأُمَّةَ بِضَعِيفِهَا بِدَعْوَتِهِمْ وَصَلاَتِهِمْ وَإِخْلاَصِهِمْ. وَسَيَأْتِي فِي الْجِهَادِ إِنْ شَاءَ اللهُ تَعالَى[2].

---

(١) بخاري. استسقاء: ١٠١٠ ، ٣٧١.

(٢) بخاري. جهاد: ٢٨٩٦.

موصعەبی كوڕی سەعد (خوایان لێ ڕازی بێ) گوتی: باوكم خۆی بە گەورەتر دەزانــی بەرابــەر بــە خواردەســتەكانی، پێغەمبــەریش (دروودی خــوای لەســەربێ) فـەرمووی: ئێـوە كـە خـودا نەصـرەتتان دەداو سـەرتان دەخـاو ڕۆژیتـان دەدا تەنیا لەبەر خاتری لازەبوون و بێ هێزو هەژارەكانتانە ئیتر چۆن خۆتـان لـەوان بە زلترو باشتر دەزانن! (ب/ت/د/ن) گفتەی (ن): خودای گەورە كە ئەم ئۆمـەتی ئیسلامە سەر دەخاو زاڵی دەكا ئەوە لەبەر خاتری لازەبوون و بێنەواكانیـەتی: بەهۆی ئەو نزاو پاڕانەوەو نوێژەوە كە ئەوان بە دڵێكی پاك دەیكەن.

٩٥١- عَنْ عُثْمَانَ بْنِ حُنَيْفٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَجُلاً ضَرِيرَ الْبَصَرِ أَتَـى النَّبِـيَّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: ادْعُ اللَّهَ أَنْ يُعَـافِيَنِي قَـالَ: إِنْ شِـئْتَ دَعَـوْتُ، وَإِنْ شِـئْتَ صَبَرْتَ فَهُوَ خَيْرٌ لَكَ، قَالَ: فَادْعُهُ، فَأَمَرَهُ أَنْ يَتَوَضَّأَ فَيُحْسِنَ وُضُوءَهُ وَيَـدْعُوَ بِهَـذَا الدُّعَاءِ: اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ وَأَتَوَجَّهُ إِلَيْكَ بِنَبِيِّكَ مُحَمَّدٍ نَبِيِّ الرَّحْمَةِ إِنِّي تَوَجَّهْتُ بِكَ إِلَى رَبِّي فِي حَاجَتِي هَذِهِ لِتُقْضَى لِي اللَّهُمَّ فَشَفِّعْهُ فِيَّ. رَوَاهُ الترمذي وابن ماجه[٣].

عوسمانی كوڕی حەنیف (خوای لێ ڕازی بێ) گـوتی: پیـاوێكی بـێ چـاو هاتـە خزمەتی حـەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) گـوتی: دووعـام بـۆ بكـە كـە خـودا چاوم چاك بكاتـەوە، فـەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): ئـەگـەر حـەز دەكـەی دووعـات بـۆ دەكەم، ئەگـەر حـەزیش دەكـەی دیـان بـەخۆتا بگرەو ئـارام بگـرە لـە ژێـر بـاری خودادا ئارامگرتنەكەشت باشترە بۆت گوتی: قەیناكا لە خودا بپاڕێرەوە بۆم، جا پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) پێـی گـوت كـە لـە پێشا دەسنوێژێكی جـوان بگریێو ئینجا بەم نزایە نزا بكا:

{اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْأَلُكَ وَأَتَوَجَّهُ إِلَيْكَ بِنَبِيِّكَ مُحَمَّدٍ نَبِيِّ الرَّحْمَةِ إِنِّي تَوَجَّهْتُ بِكَ إِلَى رَبِّي فِي حَاجَتِي هَذِهِ لِتُقْضَى لِي اللَّهُمَّ فَشَفِّعْهُ فِيَّ}.

ئــەی خوایــە! داوات لێ دەكــەم و ڕووت لێ دەنــێم كــە لەبــەر خــاتری موحەممەدی پێغەمبەری خۆت (كـە پێغەمبـەری ڕەحمەتـە) مـرازم بدەی، ئـەی موحەممەد! تـۆ دەكـەم بـە دەستگیرو بـە دەسكەلاو بـە تكاكـار لـەلای خودای

---

(٣) بسند حسن صحيح (شرحه).

خۆم كە ئەم مرازەم بێنیتەجێ، ئەی خودایە! تكای محمد گێراكە بۆمن! (ت/ئیبنو ماجه – سند حسن صحیح).

٩٥٢- عَنْ عُمَرَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) **قَالَ: اسْتَأْذَنْتُ النَّبِيَّ** (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **فِي الْعُمْرَةِ فَأَذِنَ لِي وَقَالَ: لاَ تَنْسَنَا يَا أَخِيَّ مِنْ دُعَائِكَ، فَقَالَ: عُمَرُ: كَلِمَةٌ مَا يَسُرُّنِي أَنَّ لِيَ بِهَا الدُّنْيَا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي ولفظه: اسْتَأْذَنْتُ النَّبِيَّ** (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **فِي الْعُمْرَةِ فَقَالَ: أَيْ أَخِيَّ أَشْرِكْنَا فِي دُعَائِكَ وَلاَ تَنْسَنَا. والله أعلم[٤].**

عومەر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: روخصەتم خواست لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كە بچم بۆ عەمرە، ئەویش رێگەی دامو فەرمووی: برالە! فەرامۆشمان مەكە لە نزای خێرت. عومەر دەیگوت: ئەم وشەیەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كە بەمنی فەرموو: برالە فەرامۆشمان مەكە لە نزای خێرت، بە هەموو سامانو موڵكی دنیا ناگۆڕمەوە! (د/ت – سند حسن صحیح).

١٧٩) نوێژی چێشتەنگاو: (صلاة الضحى)

٩٥٣- عَنْ زَيْدَ بْنَ أَرْقَمَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) **أَنَّهُ رَأَى قَوْمًا يُصَلُّونَ مِنَ الضُّحَى فَقَالَ: أَمَا لَقَدْ عَلِمُوا أَنَّ الصَّلاَةَ فِي غَيْرِ هَذِهِ السَّاعَةِ أَفْضَلُ، إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ** (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَالَ: صَلاَةُ الأَوَّابِينَ حِينَ تَرْمَضُ الْفِصَالُ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأحمد[١].**

زەیدی كوڕی ئەرقەم (خوای لێ رازی بێ) كۆمەڵێكی دی لە كاتی خۆركەوتندا چێشتە نوێژ (صلاة الضحى)یان دەكرد، گوتی: ئەدی ئەمانە خۆشیان باش باش دەزانن كە ئەم نوێژە لە كاتێكی تردا بكرێ باشترە، چونكە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: نوێژی توبەكاران واتە: چێشتە نوێژ ئەوكاتە دەبێ كە خۆر گەرم دەبێو چەوو لم تاو دەسەنێو سمو قاچی پارێنە وشتر داخ دەبێ! (م/ئەحمەد).

---

(٤) بسند حسن صحيح (شرحه).

(١) مسلم. صلاة الأوابين: ١٧٤٣ ، ١٧٤٤.

٩٥٤- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَوْصَانِي خَلِيلِي (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِثَلَاثٍ: بِصِيَامِ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ مِنْ كُلِّ شَهْرٍ، وَرَكْعَتَيِ الضُّحَى وَأَنْ أُوتِرَ قَبْلَ أَنْ أَنَامَ. رَوَاهُ الخمسة[٢].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: دۆستی ئازیزم پێغەمبەری خۆشەویست (دروودی خوای لەسەربێ) ئەم سێ ئامۆژگارییەی كردووم: كە هەموو مانگێ سێ رۆژ بە رۆژوو بم، وە هەموو رۆژێ دوو ركات چێشتە نوێژ بكەم، وە هەموو شەوێ لەپێش خەوتندا نوێژی وەتر بكەم (ش/د/ت/ن).

٩٥٥- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُصَلِّي الضُّحَى أَرْبَعًا وَيَزِيدُ مَا شَاءَ اللَّهُ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ والنسائي وأحمد[٣].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: یاسای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وابوو، هەموو چێشتەنگاوێ چوار ركات نوێژی چێشتەنگاوی دەكرد، گەلێ جارانیش چەندەی خودا لە چارەی نوسیبوو زیاتری دەكرد! (د/م/ن/ئەحمەد).

٩٥٦- عَنْ هَانِئٍ بِنْتِ أَبِي طَالِبٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) إِنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَوْمَ الْفَتْحِ صَلَّى سُبْحَةَ الضُّحى ثَمَانِيَ رَكَعَاتٍ يُسَلِّمُ مِنْ كُلِّ رَكْعَتَيْنِ. وَفِي رِوَايَةٍ: أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دَخَلَ بَيْتَهاَ يَوْمَ فَتْحِ مَكَّةَ. فَاغْتَسَلَ وَصَلَّى ثَمانَ رَكَعَاتٍ. رَوَاهُ الأربعة[٤].

ئومو هانیئ كچی ئەبو طالیب (خوای لێ رازی بێ) گوتی: رۆژی گرتنی شاری مەككە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هەشت ركات نوێژی سوننەتی چێشتەنگاوی كرد، لە هەموو دوو ركاتێكا سڵاوی دەدایەوە لە گێڕانەوەیەكا:

(٢) بخاري. تهجد: ١١٧٦. مسلم. ضحى: ١٦٦٩. نسائي. قيام اليل: ١٦٧٦ ، ١٦٧٧.

(٣) مسلم. صلاة ضحى: ١٦٦١. ابن ماجه: ١٣٨١.

(٤) بخاري. تقصير الصلاة: ١١٠٣، ١١٧٦، ٤٢٩٢. مسلم. صلاة المسافرين: ١٦٦٤. أبو داود. صلاة: ١٢٩١. ترمذي. صلاة:٤٧٤.

ڕۆژی فەتحی مەککە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هات بۆ ماڵی ئێمە، جا خۆی شۆردو هەشت ڕکات نوێژی چێشتەنگاوی کرد (ش/د/ت).

٩٥٧- عَنْ أَبِي ذَرٍّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: يُصْبِحُ عَلَى كُلِّ سُلاَمَى مِنْ أَحَدِكُمْ صَدَقَةٌ، فَكُلُّ تَسْبِيحَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَحْمِيدَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَهْلِيلَةٍ صَدَقَةٌ، وَكُلُّ تَكْبِيرَةٍ صَدَقَةٌ، وَأَمْرٌ بِالْمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ، وَنَهْيٌ عَنِ الْمُنْكَرِ صَدَقَةٌ، وَيُجْزِئُ مِنْ ذَلِكَ رَكْعَتَانِ يَرْكَعُهُمَا مِنَ الضُّحَى. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأَبُو دَاوُدَ وأحمد[٥].

ئەبو ذەڕ (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەموو ڕۆژێ گشت جومگەو ئێسکێکی ئادەمیزاد خێرێکی دەکەوێتە سەر جا لەبەر ئەوەی کە هەموو کەسێ، سێ سەدو شەست ئێسكو ئەندامی هەیە سێ سەدو شەست خێری دەکەوێتەسەر: هەموو تەسبیحاتو یادی خودا کردنێ خێرێکە، هەموو حەمدو سوپاسکردنێکی خودا خێرێکە، هەموو تەلیلەو (لا الـه الا الله) کردنێ خێرێکە، هەموو ئەڵلاهو ئەکبەر کردنێ خێرێکە، فەرمانکردنێ بە چاکەیێ خێرێکە نەهی کردنێ لە خراپەیێ خێرێکە، وە کردنی دوو ڕکات نوێژی چێشتەنگاویش برێتیی ئەم خێرانە سەرجەم دەکەوێ (م/د/ئەحمەد).

٩٥٨- وَلَهُمَا: يُصْبِحُ عَلَى كُلِّ سُلاَمَى مِنِ ابْنِ آدَمَ صَدَقَةٌ: تَسْلِيمُهُ عَلَى مَنْ لَقِيَ صَدَقَةٌ وَأَمْرُهُ بِالْمَعْرُوفِ صَدَقَةٌ، وَنَهْيُهُ عَنِ الْمُنْكَرِ صَدَقَةٌ وَإِمَاطَتُهُ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ صَدَقَةٌ وَبُضْعَةُ أَهْلِهِ صَدَقَةٌ، وَيُجْزِئُ مِنْ ذَلِكَ كُلِّهِ رَكْعَتَانِ مِنَ الضُّحَى[٦].

دیسان ئەبو ذەڕ (خوای لێ رازی بێ) گوتی: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەموو ڕۆژێ گشت ئەندامێکی ئادەمیزاد خێرێکی دەکەوێتە سەر: تووشی کەسێ ببێو سڵاوی لێ بکا خێرێکە، فەرمانێ بکا بە چاکەیێ خێرێکە، نەهی بکا لە خراپەیێ خێرێکە، ئازارێ لە ڕێگەیێ دوور بخاتەوە

---

(٥) مسلم. صلاة ضحى: ١٦٦٨ – ١٦٧١. أبو داود. صلاة الضحى: ١٢٨٥ ، ١٢٨٦ ، ٥٢٤٣.

(٦) مسلم. صلاة ضحى: ١٦٦٨. رياض رقم: ١١٤٠/٢. أبو داود. صلاة: ١٢٨٥ ، ١٢٨٦ ، ٥٢٤٣ ، ٥٢٤٤.

خێرێكە، دروست ببێ لەگەڵ حەلاڵی خۆیا خێرێكە، وە كردنی دوو ركات نوێژی چێشتنەگاویش برێتیی ئەم خێرانە سەرجەم دەكەوێ! (م/د).

٩٥٩- عَنْ نُعَيْمِ بْنِ هَمَّارٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: قَالَ: اللّٰهُ عَزَّ وَجَلَّ: يَا ابْنَ آدَمَ لاَ تُعْجِزْنِي مِنْ أَرْبَعِ رَكَعَاتٍ فِي أَوَّلِ نَهَارِكَ أَكْفِكَ آخِرَهُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَأحمد والترمذي. ولفظه: ابْنَ آدَمَ ارْكَعْ لِي مِنْ أَوَّلِ النَّهَارِ أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ أَكْفِكَ آخِرَهُ[٧].

نوعەیمی كوڕی هەممار (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پێغەمبەرم بیست دەیفەرموو (دروودی خوای لەسەربێ): خودای گەورەو سەروەر دەفەرموێ: ئەی ئادەمیزاد! سەر لەبەیانیان چوار ركات نوێژم بۆ بكەو یادم بكە، ئیتر ماوەی ئەو رۆژەت لەسەرخۆم! (د/ئەحمەد/ت-س/ح) گفتەی (ت): ئەی ئادەمی! سەر لەبەیانی چوار ركات نوێژم بۆ بكە، ئیتر ماوەی ئەو رۆژەت لەسەر خۆم.

٩٦٠- عَنْ مُعَاذِ بْنِ أَنَسٍ الْجُهَنِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ قَعَدَ فِي مُصَلاَّهُ حِينَ يَنْصَرِفُ مِنْ صَلاَةِ الصُّبْحِ حَتَّى يُسَبِّحَ رَكْعَتَيِ الضُّحَى لاَ يَقُولُ إلاَّ خَيْرًا غُفِرَ لَهُ خَطَايَاهُ وَإِنْ كَانَتْ أَكْثَرَ مِنْ زَبَدِ الْبَحْرِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والتِّرْمِذِي. ولفظه: مَنْ صَلَّى الْغَدَاةَ فِي جَمَاعَةٍ، ثُمَّ قَعَدَ يَذْكُرُ اللّٰهَ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ كَانَتْ لَهُ كَأَجْرِ حَجَّةٍ وَعُمْرَةٍ تَامَّةً تَامَّةً تَامَّةً[٨].

موعاذی كوڕی ئەنەسی جوهەنی (دروودی خوای لەسەربێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەركەسێ (كە لە نوێژی بەیانی دەبێتەوە) لەسەر جێگە نوێژەكەی خۆی دانیشێ و قسەی چاك و باش نەبێ قسەی تر نەكا هەتا دوو ركاتە سوننەتەكەی چێشتەنگاویش دەكا، هەر كەسێ ئاوا بكا ئیتر خودا لە گوناەو تاوانەكانی خۆش دەبێ، ئەگەر چی لە كەفی دەریاش زۆر تر بن! (د/ت-س/ح) گفتەی (ت): هەر كەسێ نوێژی بەیانی بە كۆمەڵی بەجەماعەت بكا، ئینجا دابنیشێ و خەریكی یادی خودا بێ تا خۆر هەڵدێ،

---

(٧) بسند حسن (شرحه).

(٨) بسند حسن (شرحه).

لەپاشا دوو ركات نوێژی سوننەتی چێشتەنگاو بکا ئەوە پاداشی حەجێکی تەواو تەواو تەواوو عەمرەیەکی تەواو تەواو تەواوی بۆ هەیە.

٩٦١- عَنْ أَبِي أُمَامَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ خَرَجَ مِنْ بَيْتِهِ مُتَطَهِّرًا إِلَى صَلاَةٍ مَكْتُوبَةٍ. فَأَجْرُهُ كَأَجْرِ الْحَاجِّ الْمُحْرِمِ، وَمَنْ خَرَجَ إِلَى تَسْبِيحِ الضُّحَى لاَ يُنْصِبُهُ إِلاَّ إِيَّاهُ فَأَجْرُهُ كَأَجْرِ الْمُعْتَمِرِ، وَصَلاَةٌ عَلَى أَثَرِ صَلاَةٍ لاَ لَغْوَ بَيْنَهُمَا كِتَابٌ فِي عِلِّيِّينَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٩].

ئەبو ئومامە (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ: (دروودی خوای لەسەربێ): هەر کەسێ بە پاکی و بە دەسنوێژەوە لەماڵ دەرچێ بەنیازی چوون بۆ نوێژی فەرز، ئەوە وەك ئەو حاجییەی کە لە ئیحرام دابێ پاداشی باشی بۆ هەیە، وە هەر کەسێ بە تایبەتی بچێ بۆ نوێژی سوننەتی چێشتە نوێژ ئەوە بەقەد پاداشی عەمرەکەرێ پاداشی بۆ هەیە، نوێژ لەسەر نوێژیش (کە قسەی پڕوپوچیان لە نێواندا نەبێ) دەکرێ بە شانامەو لە روو پەڕەی دیوانی عیلیین تۆمار دەکرێ، عیلیین ناوی دەفتەرێکی گەورەی پیرۆزە، ناوی هەر کەسێکی تیا دانرا ئەوە نیشانەی هاتو خۆشبەختیەتی، ئەو دەفتەرە دەستە دەستە فریشتەو نزیکانی بارەگا دەچن تەماشای دەکەن! (د-سند صالح).

٩٦٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ حَافَظَ عَلَى شُفْعَةِ الضُّحَى غُفِرَ لَهُ ذُنُوبُهُ وَإِنْ كَانَتْ مِثْلَ زَبَدِ الْبَحْرِ. رَوَاهُ الترمذي[١٠].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەرکەسێ ئاگاداری دوو رکاتەکەی نوێژی چێشتەنگاو بکاو نەیان فەوتێنێ خودا لە گوناهەکانی خۆش دەبێ، ئەگەر چی وەك کەفی دەریاش ئاوا زۆربن!(ت).

---

(٩) بسند صالح (شرحه).

(١٠) سكت عنه الشارح.

١٨٠) نوێژی سوننەتی لادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان (سوننەتی زەوال): (سنة الزوال)

٩٦٣- عَنْ أَبِي أَيُّوبَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَرْبَعٌ قَبْلَ الظُّهْرِ لَيْسَ فِيهِنَّ تَسْلِيمٌ تُفْتَحُ لَهُنَّ أَبْوَابُ السَّمَاءِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي. ولفظه: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُصَلِّي أَرْبَعًا بَعْدَ أَنْ تَزُولَ الشَّمْسُ قَبْلَ الظُّهْرِ وَقَالَ: إِنَّهَا سَاعَةٌ تُفْتَحُ فِيهَا أَبْوَابُ السَّمَاءِ وَأُحِبُّ أَنْ يَصْعَدَ لِي فِيهَا عَمَلٌ صَالِحٌ. والله أعلم[1].

ئەبو ئەییوب (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: چوار ركات نوێژ هەیە بەسەریەكەوە دەكرێن، بەیەك سلاودانەوە، لەپێش نیوەڕۆ وەن ئەوەندە پەسەندو گەورەن هەموو دەرگاكانی ئاسمانیان بۆ دەخرێتە سەرپشت! (د/ت-س/ح) گفتەی (ت): جاران پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كە خۆر لای دەدا لەناوەڕاستی ئاسمان لە پێش نیوەڕۆدا چوار ركات نوێژی دەكرد، وە دەیفەرموو (دروودی خوای لەسەربێ): لەم حەلەدا هەموو دەرگاكانی ئاسمان دەكرێنەوە لەبەر ئەوە حەز دەكەم كە كردەوەیەكی باشی منیان لێوە سەركەوێ!

٩٦٤- عَنْ عُمَرَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَرْبَعٌ قَبْلَ الظُّهْرِ بَعْدَ الزَّوَالِ تُحْسَبُ بِمِثْلِهِنَّ مِنْ صَلَاةِ السَّحَرِ وَلَيْسَ مِنْ شَيْءٍ إِلَّا وَهُوَ يُسَبِّحُ اللَّهَ تِلْكَ السَّاعَةَ ثُمَّ قَرَأَ (يَتَفَيَّأُ ظِلَالُهُ عَنِ الْيَمِينِ وَالشَّمَائِلِ سُجَّدًا لِلَّهِ وَهُمْ دَاخِرُونَ) رَوَاهُ الترمذي بسندٍ غريب. سَيَرِدَ نص هذا الحديث في تفسير سورة النحل في المجلد الرابع[2].

لە عومەرەوە (خوای لێ رازی بێ) پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: چوار ركات نوێژی سوننەت هەن، لەپێش بوونی نوێژی نیوەڕۆدا دەبن، لەپاش لادانی خۆر لە ناوەڕاستی ئاسمان دەكرێن، خۆیان دەدەن لە

---

(١) بسند حسن (شرحه).

(٢) رواه الترمذي بسند غريب.

چوار ركات نوێژی بەرەبەیان، لەوكاتەو حەلەدا شت نیە كە یادی پاكی یەزدان نەكا ئینجا ئەم ئایەتەی خوێندەوە:

{يَتَفَيَّأُ ظِلاَلُهُ عَنِ الْيَمِينِ وَالْشَّمَآئِلِ سُجَّدًا لِلّهِ وَهُمْ دَاخِرُونَ – ١٦/٤٨}.

ئایا تەماشای ئەو شتانە ناكەن كە خودا دروستی كردوون، كە چۆن سێبەرەكانیان بەهۆی خۆرەوە ئەم دیوو ئەو دیو دەكەن‌و جارێ بەلای راست‌و جارێ بەلای چەپا لار دەبێتەوە، لە حاڵێكا ئەو شتانە هەموو كڕنووشی سەر دانەواندنی خۆیان پێشكەشی بارەگای پەروەردگاری جیهان دەكەن، وە هەموو رام‌و داماون لەژێر باری خوداو بە فەرمانی ئەو بەملكەچی دێن‌و دەچن! (ت/سند غريب).

١٨١) باسی شەو نوێژو گەورەیی شەو نوێژ: (صلاة الليل وفضلها)

{قَالَ: أللهُ تَعالى – وَمِنَ اللَّيْلِ فَتَهَجَّدْ بِهِ نَافِلَةً لَّكَ عَسَى أَن يَبْعَثَكَ رَبُّكَ مَقَامًا مَّحْمُودًا – ١٧/٧٩}.

خودای گەورە دەفەرموێ: سەرەڕای نوێژە فەرزەكان بەشەو واز لە خەوبێنە هەندێ شەو نوێژ بكەو قورئانی تیا بخوێنە، هیوا هەیە لە نوورو بەرەكەتی ئەم طاعەتە جوانەوە خودا لە رۆژی قیامەتا بتباتە پایەو مەقامە پەسەندەكە، كە پایەی تكاو شەفاعەتی گەورەیە لەدوا رۆژدا.

٩٦٥– عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: يَنْزِلُ رَبُّنَا تَبَارَكَ وَتَعَالَى كُلَّ لَيْلَةٍ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا حِينَ يَبْقَى ثُلُثُ اللَّيْلِ الآخِرُ يَقُولُ: مَنْ يَدْعُونِي فَأَسْتَجِيبَ لَهُ، مَنْ يَسْأَلُنِي فَأُعْطِيَهُ مَنْ يَسْتَغْفِرُنِي فَأَغْفِرَ لَهُ. رَوَاهُ الأربعة[1].

---

(١) بخاري. توحيد: ١١٤٥ ، ٦٣٢١ ، ٧٤٩٤. مسلم. صلاة المسافرين: ١٧٦٩ – ١٧٧٥. أبو داود. صلاة: ١٣١٥ ، ٤٧٣٣. ترمذي. دعوات: ٣٤٩٨.

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: لە سێیەکی دواییی شەودا، هەموو شەوێ، خودای پەروەردگاری پیرۆزو گەورەمان دێتە خوارەوە بۆ ئاسمانی خواروو، دەفەرموێ: کێ لەم دەمەدا لێم دەپاڕێتەوە تا بچم بەهاواریەوە، کێ لەم دەمەدا داوای شتم لێ دەکا تا بەشی بدەمو بێ بەشی نەکەم، کێ داوای لێخۆشبوونم لێ دەکا تا لێی خۆش بم! (ش/د/ت).

٩٦٦- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: يَنْزِلُ اللَّهُ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا كُلَّ لَيْلَةٍ حِينَ يَمْضِي ثُلُثُ اللَّيْلِ الأَوَّلُ فَيَقُولُ: أَنَا الْمَلِكُ أَنَا الْمَلِكُ، مَنْ ذَا الَّذِي يَدْعُونِي فَأَسْتَجِيبَ لَهُ، مَنْ ذَا الَّذِي يَسْأَلُنِي فَأُعْطِيَهُ، مَنْ ذَا الَّذِي يَسْتَغْفِرُنِي فَأَغْفِرَ لَهُ، فَلاَ يَزَالُ كَذَلِكَ حَتَّى يُضِيءَ الْفَجْرُ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَالتِّرْمِذِي[٢].

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەموو شەوێ (کە سێیەکی یەکەمی شەو دەڕوا) خودا دێتە خوارەوە بۆ ئاسمانی خواروو کە یەکەم ئاسمانە بەنیسبەت دنیاوە، دەفەرموێ: پادشای راستەقینە هەر خۆمم کێیە ئەو کەسەی لەم کاتی بارانی نوورو رەحمەتەدا بانگم لێ دەکا تابچم بەدەنگیەوە، کێیە ئەو کەسەی داوام لێ دەکا تا بەشی بدەم، کێیە ئەو کەسەی کە داوای لێخۆشبوونم لێ دەکا تا لێی خۆش بم، ئیتر هەروا دەفەرموێ لەوێ تاڕۆژی رووناك دەبێتەوە (م/ت).

٩٦٧- وَلِمُسْلِمٍ: إِنَّ فِي اللَّيْلِ لَسَاعَةً لاَ يُوَافِقُهَا رَجُلٌ مُسْلِمٌ يَسْأَلُ اللَّهَ خَيْرًا مِنْ أَمْرِ الدُّنْيَا وَالآخِرَةِ إِلاَّ أَعْطَاهُ إِيَّاهُ وَذَلِكَ كُلَّ لَيْلَةٍ[٣].

حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەموو شەوێ ماوەیەکی تیا هەیە هەرپیاوێکی موسوڵمان بۆی رێ بکەوێ لەو حەلەدا داوای هەرچی بکا لە خودا لە خێرو بێری هەردوو جیهان خودا بێ دڵی ناکاو ئەو شتەی دەداتێ (م- خودای لێ رازی بێ).

---

(٢) مسلم. صلاة المسافرين: ١٧٦٩ – ١٧٧٥. ترمذي. صلاة: ٤٤٦.

(٣) مسلم. صلاة المسافرين: ١٧٦٧ ، ١٧٦٨.

٩٦٨- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَفْضَلُ الصِّيَامِ بَعْدَ رَمَضَانَ شَهْرُ اللَّهِ الْمُحَرَّمُ. وَأَفْضَلُ الصَّلاَةِ بَعْدَ الْفَرِيضَةِ صَلاَةُ اللَّيْلِ. رَوَاهُ الخمسة إلاّ البخاري(٤).

دیسان ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: لەپاش رۆژووی رەمەزان گەورەترین رۆژوو رۆژووی موحەڕەمە كە مانگی خودایە، لەپاش نوێژی فەرزیش گەورەترین نوێژ نوێژی شەو نوێژە (م/د/ت/ن).

٩٦٩- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: يَعْقِدُ الشَّيْطَانُ عَلَى قَافِيَةِ رَأْسِ أَحَدِكُمْ، إِذَا هُوَ نَامَ ثَلاَثَ عُقَدٍ يَضْرِبُ كُلَّ عُقْدَةٍ: عَلَيْكَ لَيْلٌ طَوِيلٌ فَارْقُدْ، فَإِنِ اسْتَيْقَظَ فَذَكَرَ اللَّهَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، فَإِنْ تَوَضَّأَ انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، فَإِنْ صَلَّى انْحَلَّتْ عُقْدَةٌ، فَأَصْبَحَ نَشِيطًا طَيِّبَ النَّفْسِ، وَإِلاَّ أَصْبَحَ خَبِيثَ النَّفْسِ كَسْلاَنَ. رَوَاهُ الخمسة إلاّ الترمذي(٥).

دیسان گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: كە دەخەون شەیتان سێ گرێ دەدا لە پشتی سەرتانو یەكە یەكە دەست دەماڵێ بە گرێكاناو دەڵێ: بخەوە شەوگارێكی دوورو درێژ لەسەرت بێ، جا ئەگەر خەوتوو خەبەری بۆوەو یادی خودای كرد گرێیەكیان دەكرێتەوە، خۆ ئەگەر دەسنوێژیشی گرت ئەوا گرێیەكی تریشیان دەكرێتەوە، وە ئەگەر نوێژیشی كرد ئیتر هەموو گرێكان بە تەواوی دەكرێنەوە، وە خۆشی گورج و گۆڵو دڵخۆش دەبێتەوە، ئەگینا بە پەستی و دڵگرانی و تەمبەڵی دەمێنێتەوە! (ش/د/ن).

٩٧٠- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: ذُكِرَ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَجُلٌ فَقِيلَ: مَا زَالَ نَائِماً حَتَّى أَصْبَحَ مَا قَامَ إِلَى الصَّلاَةِ فَقَالَ: بَالَ الشَّيْطَانُ فِي أُذُنَيْهِ. رَوَاهُ الشيخان والنسائي(٦).

---

(٤) مسلم. صيام: ٢٧٤٧ ، ٢٧٤٨. أبو داود. صوم: ٢٤٢٩. ترمذي. صلاة: ٤٣٨. نسائي. قيام الليل: ١٦١٢ ، ١٦١٣.

(٥) بخاري قيام الليل: ١١٤٢ ، ٣٢٦٩. مسلم. صلاة المسافرين: ١٨١٦. نسائي. قيام الليل: ١٦٠٦.

(٦) بخاري. تهجد: ١١٤٤ ، ٣٢٧٠. مسلم. صلاة المسافرين: ١٨١٤. نسائي. قيام الليل: ١٩٠٧ ، ١٦٠٨.

عەبدوڵڵا (خوای لێ ڕازی بێ) دەڵێ: لە خزمەتی پێغەمبەردا (درودی خوای لەسەربێ) باسی کابرایەك کرا، گوترا: هەتا بەیانەکی هەر نوستبوو، وە نەچوو بوو بەلای شەونوێژەوە! پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەوە شەیتان گمێزی کردووەتە ناو گوێچکەیەوە (ش/ن).

٩٧١- عَنْ الْمُغِيرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: إِنْ كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لَيَقُومُ لِيُصَلِّيَ حَتَّى تَرِمُ قَدَمَاهُ أَوْ سَاقَاهُ، فَيُقَالُ لَهُ: فَيَقُولُ: أَفَلاَ أَكُونُ عَبْدًا شَكُورًا؟ رَوَاهُ الشيخان والنسائي والترمذي ولفظه: صَلَّى رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حَتَّى انْتَفَخَتْ قَدَمَاهُ فَقِيلَ لَهُ: أَتَتَكَلَّفُ هَذَا وَقَدْ غَفَرَ اللَّهُ لَكَ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ؟ فَقَالَ: أَفَلاَ أَكُونُ عَبْدًا شَكُورًا[٧].

موغیرە (خوای لێ ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ئەوەندە لەشەو نوێژدا بە پێوە ڕاوەستابوو هەردوو قاچی (یا هەردوو لاقی) پەنەمابوون، جا یاران (خوایان لێ ڕازی بێ) پێیان دەگوت: ئەی خۆشەویستی خودا! بۆ ئەوەندە خۆت ماندوو دەکەی خۆ تۆ خودا لە هەموو گوناهێکت خۆش بووە کەواتە بۆ وا لەخۆت دەکەیتو ئەوەندە خۆت ماندوو دەکەیت!؟ ئەویش (درودی خوای لەسەربێ) دەیفەرموو: ئەدیی نابێ کەمنیش بەندەیەکی شوکرکەرو عەبدێکی سوپاسگوزاربم؟ (ش/ن/ت) گفتەی (ت): پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ئەوەندە زۆر شەو نوێژی دەکرد تا هەر دوو پێی ئاوسابوون، جا عەرزیانکرد: ئەم هەموو ئەرکە بۆ دەکێشی، خۆ تۆ خودا لە گوناهی بەرو دوات خۆش بووە!؟ ئەویش دەیفەرموو: ئاخر دەبێ منیش بەندەیەکی سوپاس بژێربم!

٩٧٢- أُمِّ سَلَمَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اسْتَيْقَظَ لَيْلَةً فَقَالَ: سُبْحَانَ اللَّهِ مَاذَا أُنْزِلَ اللَّيْلَةَ مِنَ الْفِتَنِ؟ مَاذَا أُنْزِلَ مِنَ الْخَزَائِنِ؟ مَنْ يُوقِظُ صَوَاحِبَ الْحُجُرَاتِ؟ يَا رُبَّ كَاسِيَةٍ فِي الدُّنْيَا عَارِيَةٍ فِي الآخِرَةِ. رَوَاهُ البخاري[٨].

---

(٧) بخاري. تهجد: ١١٣٠، ٤٨٣٦، ٦٤٧١. مسلم. صفات المنافقين: ٧٠٥٥ — ٧٠٥٧. ترمذي. صلاة: ٤١٢. نسائي. قيام الليل: ١٦٤٣.

(٨) بخاري. تهجد: ١١٢٦.

ئوممو سەلەمە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: شەوێ لە شەوان حەزرەت** (دروودی خوای لەسەربێ) **لە خەو هەستا، فەرمووی: نامە خوا لەکاری خوا! ئەم شەو چی ئاژاوەو ئاشووب داباری؟ وەچی گەنج و خەزنە داباری؟ خۆزگە یەکێ دایکانی موسوڵمانان (أُمَّهَاتُ الْمُؤْمنِينَ)ی لە خەوهەڵدەستان بۆ شەو نوێژو خودا پەرستی، ئای کە چەندەها کەس هەن لەم جیهانەدا پۆشتەو پەرداخن، کەچی لە دوا رۆژدا رووت و قووتن! (ب).**

٩٧٣- عَنْ عَبْدَ اللّٰهِ بْنَ عَمْرِو (رَضيَ اللّٰهُ عَنْهُمَا) أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَالَ: أَحَبُّ الصَّلاَةِ إِلَى اللّٰهِ صَلاَةُ دَاوُدَ (عَلَيْهِ السَّلاَمُ) وَأَحَبُّ الصِّيَامِ إِلَى اللّٰهِ صِيَامُ دَاوُدَ، وَكَانَ يَنَامُ نِصْفَ اللَّيْلِ وَيَقُومُ ثُلُثَهُ، وَيَنَامُ سُدُسَهُ، وَيَصُومُ يَوْمًا وَيُفْطِرُ يَوْمًا. رَوَاهُ الثلاثة[٩].**

عەبدوڵڵای کوڕی عەمر (خوایان لێ رازی بێ) **دەڵێ: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: پەسەندترین نوێژ لەلای خودا ئەو نوێژەیە کە لەسەر دەستووری نوێژی داوودبێ** (دروودی خوای لەسەربێ) **وە هەروەها رۆژووش، وە یاسای داوودیش ئاوابوو: نیوەی شەو دەخەوت، سێ یەکێکی شەویش شەو نوێژی دەکرد ئەمە دەکاتە پێنج بەش لە شەش بەش وە ئەو شەشیەکەکەی تریشی دەخەوتەوە! وە رۆژ نا رۆژێکیش بەرۆژوو دەبوو (ش/د).**

٩٧٤- عَنْ عَلِيٍّ (رَضيَ اللّٰهُ عَنْهُ) **أَنَّ رَسُولَ اللّٰهِ** (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **طَرَقَهُ وَفَاطِمَةَ لَيْلَةً فَقَالَ: أَلاَ تُصَلِّيَان. فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللّٰهِ، أَنْفُسُنَا بِيَدِ اللّٰهِ، فَإِذَا شَاءَ أَنْ يَبْعَثَنَا بَعَثَنَا. فَانْصَرَفَ حِينَ قُلْنَا ذَلِكَ وَلَمْ يَرْجِعْ إِلَيَّ شَيْئًا، ثُمَّ سَمِعْتُهُ وَهُوَ مُوَلٍّ يَضْرِبُ فَخِذَهُ وَهُوَ يَقُولُ: (وَكَانَ الإِنْسَانُ أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلاً). رَوَاهُ الشيخان والنسائي[١٠].**

عەلی (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: شەوێ حەزرەت** (دروودی خوای لەسەربێ) **تەشریفی هێنا بۆ لای من و فاطیمە (سەیری کرد نووستووین) فەرمووی: ئەرێ بۆ شەو**

---

(٩) بخاري. تهجد: ١١٣١ ، ١١٥٢ ، ١١٥٣ ، ١٩٧٥ ، ١٩٧٦ ، ١٩٧٧ ، ١٩٧٨ ، ١٩٧٩ ، ١٩٨٠ ، ٣٤١٨ ، ٣٤١٩ ، ٣٤٢٠ ، ٥٠٥٢ ، ٥٠٥٣ ، ٥٠٥٤ ، ٥١٩٩ ، ٦١٣٤ ، ٦٢٧٧. مسلم. صيام: ٢٧٣١ ، ٢٧٣٢. نسائي. قيام الليل: ١٦٢٩ ، ٢٤٤٣.

(١٠) بخاري. تهجد: ١١٢٧ ، ٤٧٢٤ ، ٧٣٤٧ ، ٧٤٦٥. مسلم. صلاة المسافرين: ١٨١٥. نسائي. قيام الليل: ١٦١٠ ، ١٦١١.

نوێژناکەن، منیش گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! گیانمان وا لـە دەستی خـودا خۆیدایە، هـەرکاتێ خۆی حـەزکا هـەڵمان بسێنێ ئـەوا هـەڵمان دەسێنێ! جا کەوام گوت گەڕایەوە هیچ وەڵامی نەدامەوە، لەپاشا کە دوور کەوتەوە گوێم لێ بوو دەیدا بە رانی خۆیداو دەیفەرموو:

{وَكَانَ الْإِنسَانُ أَكْثَرَ شَيْءٍ جَدَلًا – ١٨/٥٤}.

واتە: ئادەمیزاد لە راستیدا بۆ دەمبارزیو دەمە دەمێو دەمە وەری لـە هـەموو گیانلەبەرێکی تـر زیـاتر حـەزی لێیە کـە بەناحـەق شـۆرو غـەوغای زۆر بەرپابکا! (ش/ن).

٩٧٥– عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا أَيْقَظَ الرَّجُلُ أَهْلَهُ مِنَ اللَّيْلِ فَصَلَّيَا جَمِيعًا كُتِبَا فِي الذَّاكِرِينَ وَالذَّاكِرَاتِ[١١].

ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ رازی بـێ) دەڵـێ: حـەزرەت (دروودی خـوای لەسـەربێ) دەفەرموێ: ئەگەر پیاو (لەشەودا) خێزانەکەی خۆی خەبەر بکاتـەوەو پێکەوە شەو نوێژ بکەن ناویان لەناو پیـاوو ژنـە ذیکـر کەرەکانـدا دەنووسرێ خـودای گەورەش دەفەرموێ:

{وَالذَّاكِرِينَ اللَّـهَ كَثِيرًا وَالـذَّاكِرَاتِ أَعَـدَّ اللَّـهُ لَهُـم مَّغْفِـرَةً وَأَجْـرًا عَظِيمًـا – ٣٣/٣٥}.

ئـەو پیـاوو ژنانـەی کـە بـەزمانو دڵ هەمیـشە ذیکـری خـودا دەکـەن بـە پەنامەکیو ئاشکرا، ئەوانـە خـودا لێخۆشبوونی خـۆیو پاداشـی گـەورەی بـۆ ئامادە کردوون (د/ن/ئیبنو ماجە).

٩٧٦– وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: رَحِمَ اللَّهُ رَجُلاً قَامَ مِنَ اللَّيْـلِ فَصَلَّى وَأَيْقَظَ امْرَأَتَهُ، فَإِنْ أَبَتْ نَضَحَ فِي وَجْهِهَا الْمَاءَ. رَحِمَ اللَّهُ امْرَأَةً قَامَـتْ مِـنَ

---

(١١) سكت عن درجته الشارح.

اللَّيْلِ فَصلَّتْ وَأَيْقَظَتْ زَوْجَهَا فَإِنْ أَبَى نَضَحَتْ فِي وَجْهِهِ الْمَاءَ. رَوَاهُمَا أَبُو دَاوُدَ وَالنَسائي وابن ماجه(١٢).

دیسان دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: رەحمەتی خودا لەو پیاوەبێ کە بەشەو هەڵدەستی شەو نوێژ دەکاو ژنەکەشی هەڵدەسێنێ، خۆ ئەگەر ژنەکەی بە گوێی نەکردو هەڵ نەسا با ئاو بپرژێنێ لە دەم و چاوی، رەحمەتی خودا لەو ژنەبێ کە بەشەو هەڵدەسێ شەو نوێژ دەکاو مێردەکەشی هەڵدەسێنێ، خۆ ئەگەر مێردەکەی بە گوێی نەکردو هەڵنەسا با ئاو بپرژێنێ لەدەم و چاوی! (د/ن/ ماجە. ماجە = ئیبنو ماجە).

٩٧٧- عَنْ أَبِي أُمَامَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: عَلَيْكُمْ بِقِيَامِ اللَّيْلِ فَإِنَّهُ دَأْبُ الصَّالِحِينَ قَبْلَكُمْ وَهُوَ قُرْبَةٌ إِلَى رَبِّكُمْ وَمَكْفَرَةٌ لِلسَّيِّئَاتِ وَمَنْهَاةٌ لِلإِثْمِ. وَفِي رِوَايَةٍ: وَمَطْرَدَةٌ لِلدَّاءِ عَنِ الْجَسَدِ. رَوَاهُ الترمذي وأحمد والحاكم(١٣).

ئەبو ئومامە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: خووبگرن بەشەو نوێژەوە، چونکە شەونوێژ پیشەی پیاو چاکانە لە مێژەوە، وە هەروەها دەبێ بەهۆی نزیکبوونەوە لە خوداوە، وە دەبێ بە کەفارەتی خراپەو هەروەها لە گوناهیش دەتانگێڕێتەوە! لە گێڕانەوەیەکا: وە دەردیش لە لەش دەردەکا (ت/ئەحمەد/حاکم).

١٨٢) ژمارەو چۆنێتی شەو نوێژ : (عدد صلاة الليل وكيفيتها)

٩٧٨- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا قَامَ أَحَدُكُمْ مِنَ اللَّيْلِ فَلْيَفْتَتِحْ صَلاَتَهُ بِرَكْعَتَيْنِ خَفِيفَتَيْنِ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَأَبُو دَاوُدَ وَأَحمد(١).

---

(١٢) سكت عن درجته الشارح.

(١٣) كست عن درجته الشارح.

(١) مسلم. صلاة المسافرين: ١٨٠٤.

ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ ڕازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) دەفەرمویّ: کە شەو هەڵسان بۆ شەونوێژ، لە پێشا بە دوو ڕکاتی سووکەڵە دەست پێ بکەن (م/د/ئەحمەد).

٩٧٩- عَنِ ابْنَ عُمَرَ (رَضِيَ أَللهُ عَنْهُمَا) إِنَّ رَجُلاً قَالَ: يَا رَسُولَ اللّٰهِ، كَيْفَ صَلَاةُ اللَّيْلِ؟ قَالَ: مَثْنَى مَثْنَى، فَإِذَا خِفْتَ الصُّبْحَ فَأَوْتِرْ بِوَاحِدَةٍ. رَوَاهُ الخمسة[٢].

ئیبنو عومەر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پیاوێ گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! شەونوێژ چۆنە؟ فەرمووی: دوو ڕکاتە دوو ڕکات، گە ترسی بەیانت هەبوو تاقە یەك ڕكات بكە (ش/د/ت/ن).

٩٨٠- وَسُأَلْتُ عَائِشَةَ (رَضِيَ أَللهُ عَنْهُا) عَنْ صَلَاةِ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِاللَّيْلِ فَقَالَتْ: سَبْعٌ وَتِسْعٌ وَإِحْدَى عَشْرَةَ سِوَى رَكْعَتَيِ الْفَجْرِ. رَوَاهُ البخاري[٣].

پرسیار کرا لە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) لەبارەی شەونوێژی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەربێ) گوتی: جگە لە دوو ڕکاتە سوننەتەکەی بەیانی، جاری وا دەبوو حەوت ڕکاتی دەکرد، جاری وا دەبوو نۆ ڕکاتی دەکرد، جاری وا دەبوو یازدە ڕکاتی دەکرد (ب- بەر شەپۆلی ڕەحمەتی خودای گەورە کەوێ).

٩٨١- وَعَنْهَا قَالَتْ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُصَلِّي مِنَ اللَّيْلِ ثَلَاثَ عَشْرَةَ رَكْعَةً، مِنْهَا الْوِتْرُ وَرَكْعَتَا الْفَجْرِ[٤].

دیسان لە عائیشەوە (خوای لێ ڕازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بە وەترو دوو ڕکاتە سوننەتەکەی بەیانییەوە بەشەو سیازدە ڕکات نوێژی سوننەتی دەکرد! (ش/د/ت/ن).

---

(٢) بخاري. وتر: ٩٩٠. مسلم. صلاة المسافرين: ١٧٤٥ ، ١٧٤٦ ، ١٧٤٧. أبو داود. صلاة الليل: ١٣١٦. نسائي. قيام الليل: ١٦٩٣. تحفة الأشراف: ٧٢٢٥.

(٣) بخاري. تهجد: ١١٣٩.

(٤) بخاري. تجهد: ١١٤٠. مسلم. صلاة المسافرين: ١٧١٧ – ١٧١٩. ترمذي. وتر: ٤٥٩. أبو داود. صلاة الليل: ١٣٦٠.

٩٨٢- عَنْ أَبِي سَلَمَةَ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّهُ سَأَلَ عَائِشَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهَا) كَيْفَ كَانَتْ صَلاَةُ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي رَمَضَانَ؟ فَقَالَتْ: مَا كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَزِيدُ فِي رَمَضَانَ وَلاَ فِي غَيْرِهِ عَنْ إِحْدَى عَشْرَةَ رَكْعَةً، يُصَلِّي أَرْبَعًا فَلاَ تَسَلْ عَنْ حُسْنِهِنَّ وَطُولِهِنَّ، ثُمَّ يُصَلِّي أَرْبَعًا فَلاَ تَسَلْ عَنْ حُسْنِهِنَّ وَطُولِهِنَّ، ثُمَّ يُصَلِّي ثَلاَثًا، فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَتَنَامُ قَبْلَ أَنْ تُوتِرَ؟ فَقَالَ: يَا عَائِشَةُ! إِنَّ عَيْنَيَّ تَنَامَانِ وَلاَ يَنَامُ قَلْبِي. رَوَاهُمَا الخمسة[٥].

ئەبو سەلەمەی كوڕی ئەوڕەحمان (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: لە عائیشەم پرسی: لە ڕەمەزانا نوێژی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) چۆن بوو وەچەن ركات بوو؟ گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نە لە ڕەمەزان و نە لە غەیری ڕەمەزانا لە یازدە ركات زیاتری نەدەكرد، لە پێشا چوار ركاتی دەكرد مەپرسە لە جوانی و درێژییان، ئینجا چوار ركاتی تریشی دەكرد مەپرسە لە جوانی و درێژییان، ئینجا سێ ركاتی تریشی دەكرد، عائیشە گوتی: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! بەر لەوە كە وەتر بكەی دەتبینم جارە جارە دەخەوی؟ فەرمووی: ئەی عائیشە! چاوەكانم دەخەون بەڵام دڵم ناخەوێ! (ش/د/ت/ن).

٩٨٣- عَنْ زَيْدِ بْنِ خَالِدٍ الْجُهَنِيِّ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّهُ قَالَ: لأَرْمُقَنَّ صَلاَةَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اللَّيْلَةَ. وَفِي رِوَايَةٍ: فَتَوَسَّدْتُ عَتَبَتَهُ أَوْ فُسْطَاطَهُ فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ خَفِيفَتَيْنِ، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ طَوِيلَتَيْنِ طَوِيلَتَيْنِ طَوِيلَتَيْنِ، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ وَهُمَا دُونَ اللَّتَيْنِ قَبْلَهُمَا، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ وَهُمَا دُونَ اللَّتَيْنِ قَبْلَهُمَا، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ وَهُمَا دُونَ اللَّتَيْنِ قَبْلَهُمَا، ثُمَّ صَلَّى رَكْعَتَيْنِ وَهُمَا دُونَ اللَّتَيْنِ قَبْلَهُمَا ثُمَّ أَوْتَرَ، فَذَلِكَ ثَلاَثَ عَشْرَةَ رَكْعَةً. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ البخاري[٦].

---

(٥) بخاري. تهجد: ١١٤٧ ، ٢٠١٣ ، ٣٥٦٩. مسلم. صلاة المسافرين: ١٧٢٠ – ١٧٢٢. ترمذي. وصف صلاة النبي: ٤٣٩. نسائي. قيام الليل: ١٦٩٦. أبو داود. صلاة الليل: ١٣٤١.

(٦) مسلم. صلاة المسافرين: ١٨٠١. أبو داود. صلاة الليل: ١٣٦٦.

زەیدی كوڕی خالیدی جوهەنی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: گوتم: دەبێ ئەم شەو سەرنجی شەونوێژی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بدەم. لە گێڕانەوەیەكا: گوتی: ئینجاكو سەرم كردە سەر بەردەرگاكەی (یا گوتی: سەرم كردە سەر ساباتەكەی) جا سەرنجمدا لە پێشا دوو ركات نوێژی سووكەڵەی كرد، لە پاشا دوو ركات نوێژی درێژ درێژ درێژی كرد، ئینجا دوو ركاتی تریشی كرد، ئینجا دوو ركاتی تریشی كرد، ئینجا دوو ركاتی تریشی كرد، ئینجا دوو ركاتی تریشی كرد، جار لەگەڵ جارا دوو ركاتەكەی كورتتر دەكردەوە، ئینجا كە وەتریشی كرد، كە ئەمەیش سەرجەمی دەكاتە سیازدە ركات (م/د/ت/ن).

١٨٣) لەشەو نوێژدا قورئانخوێندن هەم بە دەنگی بەرزو هەم بە دەنگی نزم دروستە: (صلاة الليل بين الجهر والإسرار)

٩٨٤- عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) خَرَجَ لَيْلَةً فَإِذَا هُوَ بِأَبِي بَكْرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) يُصَلِّي يَخْفِضُ مِنْ صَوْتِهِ قَالَ: وَمَرَّ بِعُمَرَ بْنِ الْخَطَّابِ وَهُوَ يُصَلِّي رَافِعًا صَوْتَهُ قَالَ: فَلَمَّا اجْتَمَعَا عِنْدَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: يَا أَبَا بَكْرٍ مَرَرْتُ بِكَ وَأَنْتَ تُصَلِّي تَخْفِضُ صَوْتَكَ قَالَ: قَدْ أَسْمَعْتُ مَنْ نَاجَيْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ. قَالَ: وَقَالَ: لِعُمَرَ: مَرَرْتُ بِكَ وَأَنْتَ تُصَلِّي رَافِعًا صَوْتَكَ فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ أُوقِظُ الْوَسْنَانَ وَأَطْرُدُ الشَّيْطَانَ، فَقَالَ: النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَا أَبَا بَكْرٍ ارْفَعْ مِنْ صَوْتِكَ شَيْئًا وَقَالَ: لِعُمَرَ: اخْفِضْ مِنْ صَوْتِكَ شَيْئًا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي (وفي رواية له: كلكم قد أصاب)[١].

ئەبو قەتادە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: شەوێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەردەچێ، لەلای ئەبو بەكرەوە رەت دەبێ، دەبینێ خەریكی شەو نوێژەو دەنگی خۆی كپ كردووە، لەلای عومەری كوڕی خەطابیشەوە تێ دەپەڕێ دەبینێ ئەویش خەریكی شەونوێژە بەلاّم بە دەنگی بەرز، كاتێ كە هەر

(١) بسند غريب (شرحه).

دووکیان یەکیان گرت لە خزمەتی حەزرەتدا (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەی ئەبو بەکر! بەلاتا تێ پەڕیم بە دەنگی نزم شەونوێژت دەکرد ئەویش گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەو کەسە کە رازو گوفتوگۆم بوو لەگەڵی گوێی لێم بوو. بە عومەریشی فەرموو: لەلای تۆیشەوە رەت بووم شەو نوێژت دەکرد بە دەنگی بەرز ئەویش گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! هەم خەوتوو خەبەر دەکەمەوەو هەم شەیتان لەخۆم دوور دەخەمەوە! پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) بە ئەبو بەکری فەرموو: تۆ کەمێ دەنگت بەرز کەرەوە بە عومەریشی فەرموو: تۆش کەمێ لە دەنگت نزم بکەرەوە، (د/ت–سند غریب) لە گێڕانەویەکی تیرمیذیدا کە لەشەرحەکەدایە: فەرمووی: هەر دوولاتان شتەکەتان پێکاوە.

٩٨٥– عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ قَيْسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قُلتُ لِعَائِشَةَ: كَيْفَ كَانَ قِرَاءَةُ النَّبِيِّ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) بِاللَّيْلِ أَكَانَ يُسِرُّ بِالْقِرَاءَةِ أَمْ يَجْهَرُ؟ فَقَالَتْ: كُلُّ ذَلِكَ قَدْ كَانَ يَفْعَلُ رُبَّمَا أَسَرَّ بِالْقِرَاءَةِ وَرُبَّمَا جَهَرَ. فَقُلْتُ: الْحَمْدُ لِلّٰهِ الَّذِى جَعَلَ فِي الأَمْرِ سَعَةً. رَوَاهُ الترمذي[٢].

عەبدوڵڵای کوڕی قەیس (خوای لێ رازی بێ): دەڵێ: گوتم بە عائیشە (خوای لێ رازی بێ): قورئانخوێندنی شەونوێژی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) چۆن بوو، مەبەستم ئەوەیە ئایا لە شەونوێژدا بە پەنامەکی قورئانی دەخوێند یا بە ئاشکرا، گوتی: هەر دوو لای دەکرد گەلێ جار بە پەنامەکی دەیخوێندو گەلێ جاریش بە ئاشکرا. منیش گوتم: سوپاس و ستایش بۆ خودا کە ئەم کارەی وا ئاسان و گوشاد کردووە (ت).

١٨٤) خوێندنی قورئان و نزاو پاڕانەوە لە شەودا
(القراءة والدعاء في الليل)

٩٨٦– عَنْ ابْنَ عَبَّاسٍ (رَضيَ أللّٰهُ عَنهُماَ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) إِذَا قَامَ مِنَ اللَّيْلِ يَتَهَجَّدُ، قَالَ: اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ قَيِّمُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ

(٢) راجع رقم: ٢٨٦.

وَمَنْ فِيهِنَّ، وَلَكَ الْحَمْدُ لَكَ مُلْكُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ، وَلَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ نُورُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمِنْ فِيهِنَّ وَلَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ الْحَقُّ ، وَوَعْدُكَ الْحَقُّ ، وَلِقَاؤُكَ حَقٌّ، وَقَوْلُكَ حَقٌّ، وَالْجَنَّةُ حَقٌّ ، وَالنَّارُ حَقٌّ ، وَالنَّبِيُّونَ حَقٌّ ، وَمُحَمَّدٌ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حَقٌّ وَالسَّاعَةُ حَقٌّ، اللَّهُمَّ لَكَ أَسْلَمْتُ، وَبِكَ آمَنْتُ وَعَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ ، وَإِلَيْكَ أَنَبْتُ ، وَبِكَ خَاصَمْتُ ، وَإِلَيْكَ حَاكَمْتُ ، فَاغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْتُ وَمَا أَخَّرْتُ ، وَمَا أَسْرَرْتُ وَمَا أَعْلَنْتُ، أَنْتَ الْمُقَدِّمُ وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ وَلاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ. رَوَاهُ الخمسة الا ابا دَاوُدَ[1].

ئیبنو عەبباس (خوای لێ ڕازی بێ) **دەڵێ: پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **کە بەشەو هەڵدەسا بۆ نوێژ دەیفەرموو:**

{اللَّهُمَّ لَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ قَيِّمُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ، وَلَكَ الْحَمْدُ لَكَ مُلْكُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ، وَلَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ نُورُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَمَنْ فِيهِنَّ وَلَكَ الْحَمْدُ أَنْتَ الْحَقُّ ، وَوَعْدُكَ الْحَقُّ ، وَلِقَاؤُكَ حَقٌّ، وَقَوْلُكَ حَقٌّ، وَالْجَنَّةُ حَقٌّ ، وَالنَّارُ حَقٌّ ، وَالنَّبِيُّونَ حَقٌّ ، وَمُحَمَّدٌ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حَقٌّ وَالسَّاعَةُ حَقٌّ، اللَّهُمَّ لَكَ أَسْلَمْتُ، وَبِكَ آمَنْتُ وَعَلَيْكَ تَوَكَّلْتُ ، وَإِلَيْكَ أَنَبْتُ ، وَبِكَ خَاصَمْتُ ، وَإِلَيْكَ حَاكَمْتُ ، فَاغْفِرْ لِي مَا قَدَّمْتُ وَمَا أَخَّرْتُ ، وَمَا أَسْرَرْتُ وَمَا أَعْلَنْتُ، أَنْتَ الْمُقَدِّمُ وَأَنْتَ الْمُؤَخِّرُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ وَلاَ حَوْلَ وَلاَ قُوَّةَ إِلاَّ بِاللَّهِ}.

ئەی خودایە: سوپاس و ستایش هەر بۆ تۆیە، تۆ هەتا هەتایە پایەداری و مایەی بوون و مانی هەموو شتێکی و پارێزەرو ڕاگری ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەشی لەوانا هەیە (هەرچی هەیەو نیە سەر ڕشتەی بوون و نەبوونی بە دەستی تۆیە) دیسان سوپاس و ستایش بۆ تۆ، هەر خۆتی خاوەن و پادشای ڕاستەقینەی ئاسمانەکان و زەوی و ئەوەشی لەوانا هەیە، دیسان سوپاس و ستایش بۆ تۆ، هەر تۆی ڕووناک کەرەوەی ئاسمانەکان و زەمین و ئەوەشی لەوانا هەیە، دیسان سوپاس و ستایش بۆ تۆ، تۆ هەقی و ڕاست و دروستی و بەڵێنت هەقەو ڕاستە،

---

(١) بخاري. تهجد: ١١٣٠ ، ٦٣١٧ ، ٧٣٨٥ ، ٧٤٤٢ ، ٧٤٩٩. مسلم. صلاة المسافرين: ١٨٠٥.

فەرموودەت راستەو شادبوونو گەیشتن بە دیداری تۆ، لە پاش مردن هەقەو راستە، بەهەشت راستە، دۆزەخ راستە، پێغەمبەران هەقنو راستن، موحەممەد (درودی خوای لەسەربێ) هەقەو راستە، قیامەت راستە، ئەی خودایە! خۆم سپارد بە تۆ باوەڕم هەیە بەتۆ، پشتو پەنام هەرتۆی، دالدەم هێناوەتە بەرتۆ، بەپشتی تۆ دەچم بە گژ ناحەزی خۆما، مەحکەمەو دادی خۆم دێنمەلای تۆو تۆ دەکەم بە حەکەم لە نێوانی خۆمو نەیارما، سا تۆش بەکەرەمو گەورەیی خۆت) لە گوناهی بەرو دوام خۆش بە، هەروا لە گوناهی نەهێنیو ئاشکرام، پەروەردگار! پێشخستنو پاشخستن بە دەستی خۆتە، خودای راستو رەوان هەر تۆی، بزووتنو هێزو تەوانایی هەر بە دەستی خودا خۆیەتیو بەس (ش/ت/ن).

٩٨٧- وَعَنْهُ أَنَّهُ رَقَدَ عِنْدَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَاسْتَيْقَظَ فَتَسَوَّكَ وَتَوَضَّأَ وَهُوَ يَقُولُ: (إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لآيَاتٍ لأُولِي الأَلْبَابِ) فقَرَأَ هَؤُلاَءِ الآيَاتِ حَتَّى خَتَمَ السُّورَةَ ثُمَّ قَامَ فَصَلَّى رَكْعَتَيْنِ فَأَطَالَ فِيهِمَا الْقِيَامَ وَالرُّكُوعَ وَالسُّجُودَ. وَفِي رِوَايَةٍ: قَالَ: اللَّهُمَّ اجْعَلْ فِي قَلْبِي نُورًا وَفِي لِسَانِي نُورًا وَفِي سَمْعِي نُورًا وَفِي بَصَرِي نُورًا وَاجْعَلْ مِنْ فَوْقِي نُورًا وَمِنْ تَحْتِي نُورًا. وَعَنْ يَمِينِي نُوراً وَعَنْ شَمَالِي نُوراً زَمِنْ بَيْنَ يَدَيَّ نُورًا وَمِنْ خَلْفِي نُورًا، وَاجْعَلْ فِي نَفْسِي نُورًا وَأَعْظِمْ لِي نُورًا. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأَبُو دَاوُدَ واتِّرْمِذِي(٢).

دیسان لەوەوە دەڵێ: شەوێ لەلای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) نووستبووم، حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) شەو هەڵسا لە خەوو سیواکی کردو دەسنوێژی گرتو ئەم ئایەتانەی هەتا کۆتایی سوورەتەکە خوێندو فەرمووی:

{إِنَّ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضِ وَاخْتِلاَفِ اللَّيْلِ وَالنَّهَارِ لآيَاتٍ لِّأُوْلِي الأَلْبَابِ - ٣/ ١٩٠ - ٢٠٠}.

---

(٢) مسلم. صلاة الليل: ١٧٦٩. أبو داود. طهارة: ٥٨ ، ١٣٥٣ ، ١٣٥٤. نسائي. قيام الليل: ١٧٠٣ ، ١٧٠٤. تحفة الأشراف: ٦٢٨٧.

واتە: بەڕاستی لە دروستکردنی ئاسمانەکان و لە ئەوزاعی زەمین و لە جیاوازی شەوو ڕۆژدا بە کورتی و درێژی، گەلێ ئایەت و عەلامات و بەڵگەو نیشانە هەن بۆ ئەو کەسانە کە دارای هۆش و گۆشن و بە چاوی دڵ تەماشای ئەم بوونەوەرە دەکەن و بەووردی سەرنجی لێ دەدەن، جا ئەوکاتە هەم لە خۆی و هەم لە خاوەنی تێ دەگەن، ئینجا حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) هەڵسایەوە دوو رکات نوێژی کرد، درێژەی دا بە راوەستان و بە روکوع و بە کوڕنووش تیایانا لە گێڕانەوەیەکا: فەرمووی:

{اللَّهُمَّ اجْعَلْ فِي قَلْبِي نُورًا وَفِي لِسَانِي نُورًا فِي سَمْعِي نُورًا فِي بَصَرِي نُورًا مِنْ فَوْقِي نُورًا وَمِنْ تَحْتِي نُورًا. وَعَنْ يَمِينِنِي نُوراً وَعَنْ شَمَالِي نُوراً زَمِنْ بَيْنَ يَدَيَّ نُورًا وَمِنْ خَلْفِي نُورًا، وَاجْعَلْ فِي نَفْسِي نُورًا وَأَعْظِمْ لِي نُورًا}.

ئەی پەروەردگارم! پڕدڵ و زمان و گوێچکەو چاوم لە نوورو ڕۆشنایی بکە، هەروەها سەرو ژێرو راست و چەپ و بەردەم و پشتم، هەروەها دڵ و دەروونم لە نوور کەیل کەو غەرقی نوورم کە! (م/د/ت).

١٨٥) نوێژی سوننەت هەم قەزا دەگیرێتەوەو هەم بە دانیشتنەوە دروستە: (تقضى الصلوات المسنونة كما تجوز من قعود)

٩٨٨- عَنْ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ نَامَ عَنْ حِزْبِهِ أَوْ عَنْ شَيْءٍ مِنْهُ فَقَرَأَهُ فِيمَا بَيْنَ صَلاَةِ الْفَجْرِ وَصَلاَةِ الظُّهْرِ كُتِبَ لَهُ كَأَنَّمَا قَرَأَهُ مِنَ اللَّيْلِ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ البخاري[1].

عومەری کوڕی خەتاب (خوای لێ رازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ ئەگەر کەسێ شەوخەوی لێ کەوت و بەشەو طاعەتی سوننەتی شەوی نەکرد (خوا هەمووی نەکرد، خوا هەندێکی) بەلام بەڕۆژ قەزای

---

(١) مسلم. صلاة المسافرين: ١٧٤٢. أبو داود. صلاة ١٣١٣. ترمذي. قضاء النوافل: ٥٨١. نسائي. قيام الليل: ١٧٨٩، ١٧٩٠، ١٧٩١، ١٧٩٢.

بكاتـەوە لـە ناوەنـدی نوێـژی بـەیانیو نوێـژی نیـوەڕۆدا ئـەوە وەك بەشـەو كردبێتی وەهای بۆ دەنووسرێ (م/د/ت/ن).

٩٨٩- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ نَامَ عَنِ الْوِتْرِ أَوْ نَسِيَهُ فَلْيُصَلِّ إِذَا ذَكَرَ وَإِذَا اسْتَيْقَظَ. رَوَاهُ الترمذي وابُو دَاوُدَ[٢].

لە ئەبو سەعیدەوە (خوای لێ رازی بێ) لـە پێغەمبـەرەوە دەفـەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): ئەگەر كەسێ بۆ نوێژی وەتر خەوی لێ كـەوت یـاخود لـەبیری چوو، با كەیادی كەوتەوە، یا كە خەبەری بۆوە با بیگێڕێتـەوە (ت/د-س/ صالح).

٩٩٠- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: كَانَ رَسُولُ اللَّـهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا عَمِلَ عَمَلاً أَثْبَتَهُ، وَكَانَ إِذَا نَامَ مِنَ اللَّيْلِ أَوْ مَرِضَ صَلَّى مِنَ النَّهَـارِ ثِنْتَـيْ عَشْرَةَ رَكْعَةً. قَالَتْ: وَمَا رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَامَ لَيْلَةً حَتَّى الـصَّبَاحِ وَمَا صَامَ شَهْرًا مُتَتَابِعًا إِلاَّ رَمَضَانَ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ والنسائي[٣].

عائیـشە (خوای لێ رازی بێ) دەڵـێ: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) دەسـتووری وابوو هەركارێكی خێری بكردایە دەیكرد بە پیشەو بەردەوام دەیكرد، ئەگـەر بە شـەویش خـەوی لێ بكەوتایـە یـا نـەخۆش بوایـەو بەشـەو شـەو نوێـژی ئـەو شـەوەی بـچوایە، بـە رۆژ دەیگێڕایـەوەو لـەباتی ئـەوە بـەڕۆژ دوازدە ركـارت نوێـژی دەكـرد، عائیـشە گوتیـشی بـەش بـە حـاڵی: خـۆم مـن نەمـدیوە كـە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هیچ شەوێ شەو تا بەیانی سەرانسەر نەخـەوێو دانیشی تا بەیانی شەو نوێژو طاعەت بكا، یا مانگێ سەرانسەر بە رۆژوو بـێ جگە لە مانگی رەمەزان (م/ن).

٩٩١- وَرُئِيَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُصَلِّي بَعْدَ الْعَصْرِ فَسُئِلَ فَقَالَ: أَتَانِي نَاسٌ مِنْ عَبْدِ الْقَيْسِ فَشَغَلُونِي عَنِ الرَّكْعَتَيْنِ اللَّتَيْنِ بَعْدَ الظُّهْرِ فَهُمَا هَاتَانِ. رَوَاهُ الثلاثة[٤].

---

(٢) بسند صالح (شرحه).

(٣) مسلم. صلاة المسافرين: ١٧٤٠ ، ١٧٤١. نسائي: ١٧٤١نيائي. قيام الليل: ١٧٨٨. ترمذي. صلاة: ٤٤٥.

(٤) بخاري. مواقيت الصلاة: تعليق ذكره في الباب/ ٣٣ من كتاب مواقيت الصلاة.

بینرا کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەپاش نوێژی عەصرەوە نوێژی سوننەت دەکا، کە پرسیاریان لێ کرد لە بارەی ئەم نوێژەوە فەرمووی: چەند کەسێ (لە هۆزی عەبدولقەیس) ئەم نیوەڕۆیە لەلام بوون، بەهۆی ئەو وەفدەی ئەوانەوە نەم پەرژا کە دوو رکاتە سوننەتەکەی پاش نیوەڕۆ بکەم، جا ئەم دوو رکاتەیە کە ئێستا کردم ئەو دووە بوون قەزام کردنەوە (ش/د).

٩٩٢- وَكَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا فَاتَتْهُ الأَرْبَعُ قَبْلَ الظُّهْرِ صَلاَّهُنَّ بَعْدَ الرَّكْعَتَيْنِ بَعْدَ الظُّهْرِ. رَوَاهُ ابن ماجه والترمذي وحسّنه[٥].

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەستووری وابوو: ئەگەر چوار رکاتە سونەتەکەی پێش نوێژی نیوەڕۆی بچوایە لەپاش دوو رکاتە سوننەتەکەی پاش نیوەڕۆوە دەیکردنەوە! (ماجە/ت- تیرمیذی بەحەسەنی داناوە).

٩٩٣- وللترمذي: مَنْ لَمْ يُصَلِّ رَكْعَتَيِ الْفَجْرِ فَلْيُصَلِّهِمَا بَعْدَ مَا تَطْلُعُ الشَّمْسُ[٦].

حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ هەر کەسێ لەکاتی خۆیدا دوو رکاتە سوننەتەکەی بەیانی بۆ نەکرا با لەپاش خۆرکەوتن بیانکاتەوە! (ت).

٩٩٤- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لِيُصَلِّ أَحَدُكُمْ نَشَاطَهُ، فَإِذَا فَتَرَ فَلْيَقْعُدْ. رَوَاهُ الثلاثة[٧].

لە ئەنەسەوە (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ): ئەوەندە خەریکی نوێژی سوننەت بن تا چالاكو گورجو گۆڵن، بەڵام کە سارد بوونەوەو شەکەت بوون ئیتر دانیشنو نوێژ مەکەن هەتا ماندووتان دەردەچێ (ش/د).

---

(٥) حسنه الترمذي.

(٦) سكت عنه.

(٧) بخاري. تهجد: ١١٥٠. مسلم. صلاة المسافرين: ١٨٢٨ ، ١٨٢٩. أبو داود. صلاة: ١٣١٢. نسائي. قيام الليل: ١٦٤٢.

٩٩٥- عَنْ عِمْرَانَ بْنِ حُصَيْنٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) وَكَانَ رَجُلاً مَبْسُورًا قَالَ: سَأَلْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنْ صَلاَةِ الرَّجُلِ وَهُوَ قَاعِدٌ، فَقَالَ: مَنْ صَلَّى قَائِمًا فَهُوَ أَفْضَلُ، وَمَنْ صَلَّى قَاعِدًا فَلَهُ نِصْفُ أَجْرِ الْقَائِمِ ، وَمَنْ صَلَّى نَائِمًا فَلَهُ نِصْفُ أَجْرِ الْقَاعِدِ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ مسلماً[٨].

عیمرانی کوڕی حوصەین (خوای لێ ڕازی بێ) (کە خۆی پیاوێکی مەیاسیری داربوو) دەڵێ: لە پێغەمبەرم پرسی (درودی خوای لەسەربێ): ئەگەر پیاوی ساخ بە دانیشتنەوە نوێژی سوننەت بکا چۆنە؟ فەرمووی: ئەوەی بەپێوە نوێژ بکات ئەوە خێرترە، بەڵام ئەوەی بە دانیشتنەوە بیکات ئەوە نیوەی پاداشی راوەستاوی بۆ هەیە، وە ئەوەی بەراکشانەوە نوێژ بکات ئەوە نیوەی پاداشی دانیشتووی بۆ هەیە (ب/د/ت/ن).

٩٩٦- سَأَلْتُ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) عَنْ صَلاَةِ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِاللَّيْلِ فَقَالَتْ: كَانَ يُصَلِّي لَيْلاً طَوِيلاً قَائِمًا وَلَيْلاً طَوِيلاً قَاعِدًا، وَكَانَ إِذَا قَرَأَ قَائِماً رَكَعَ قَائِماً وَإِذَا قَرَأَ قَاعِدًا رَكَعَ قَاعِداً. رَوَاهُ مُسْلِمٌ والترمذي والنسائي[٩].

پرسیار کرا لە عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) لە بارەی شەو نوێژی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) گوتی: گەلێ جار شەونوێژێکی دوورو درێژی بەراوەستانەوە دەکرد، وە گەلێ جاریش شەونوێژێکی دورو درێژی بە دانیشتنەوە دەکرد، جا ئەگەر بە پێوە فاتیحاو سوورەتی بخوێندایە ئەوا بەپێوەیش روکووعی دەبرد، بەڵام ئەگەر بە دانیشتنیشەوە فاتیحا و سوورەتی بخوێندایە ئەوا بە دانیشتنەوە روکوعی دەبرد (م/ت/ن).

٩٩٧- وَعَنْهَا قَالَتْ: لَمَّا بَدَّنَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَثَقُلَ كَانَ أَكْثَرُ صَلاَتِهِ جَالِسًا. وَفِي رِوَايَةٍ: لَمْ يَمُتْ حَتى كَانَ كَثِيرٌ مِنْ صَلاَتِهِ وَهُوَ جَالِسٌ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ[١٠].

---

(٨) بخاري. تقصير الصلاة: ١١١٥ ، ١١١٦ ، ١١١٧.

(٩) مسلم. صلاة المسافرين: ١٦٩٦ — ١٦٩٩.

دیسان عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) گۆشتن بوو، وە لەشی لەبەر گۆشت گرتن كەمێ قورس بوو، ئیتر زوربەی شەونوێژی بە دانیشتنەوە دەكرد. لە گێڕانەوەیەكا: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وەفاتی نەكرد تا زۆر لە نوێژە سوننەتەكانی بە دانیشتنەوە دەكرد (م).

١٨٦) نوێژی سوننەت لە ماڵەوە خێرترە! : (النوافل في البيت أفضل)

٩٩٨- عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: عَلَيْكُمْ بِالصَّلاَةِ فِي بُيُوتِكُمْ، فَإِنَّ خَيْرَ صَلاَةِ الْمَرْءِ فِي بَيْتِهِ، إِلاَّ الصَّلاَةَ الْمَكْتُوبَةَ. رَوَاهُ الشيخان والترمذي[1].

زەیدی كوڕی ثابیت (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بیكەن بە پیشە شەونوێژو نوێژی سونەت لە ماڵەوەتان بكەن، چونكە نوێژی فەرزی لێ دەرچێ خێرترین نوێژی پیاو، ئەو نوێژەیەتی كە لە ماڵی خۆیا دەیكا (ش/ت).

٩٩٩- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا قَضَى أَحَدُكُمُ الصَّلاَةَ فِي مَسْجِدِهِ فَلْيَجْعَلْ لِبَيْتِهِ نَصِيبًا مِنْ صَلاَتِهِ، فَإِنَّ اللَّهَ جَاعِلٌ فِي بَيْتِهِ مِنْ صَلاَتِهِ خَيْرًا[2].

جابیر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ كاتێ لە مزگەوت نوێژ دەكەن بەشی ماڵەوەش دابنێن، چونكە خودا ئەو نوێژەی ماڵەوەتان دەكا بە مایەی خێر (م).

---

(١٠) مسلم. صلاة المسافرين: ١٧٠٧ ، ١٧٠٨. نسائي. قيام الليل: ١٦٥٦.

(١) بخاري. تهجد: ١١٨٧. مسلم. صلاة المسافرين: ١٨١٧ – ١٨١٩. أبو داود. تطوع: ١٠٤٣ ، ١٤٤٨.

(٢) مسلم. صلاة المسافرين: ١٨١٩.

١٠٠٠ – عَنْ أَبِي مُوسَى (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَثَلُ الْبَيْتِ الَّذِي يُذْكَرُ اللَّهُ فِيهِ وَالْبَيْتِ الَّذِي لاَ يُذْكَرُ اللَّهُ فِيهِ مَثَلُ الْحَيِّ وَالْمَيِّتِ. رَوَاهُمَا مسلم[٣].

ئەبو موسا (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەو ماڵەی کە ذیکرو یادی خودای گەورەی تیا دەکرێ، وەك دڵی پڕ نووری ئادەمیزادی زیندوو وایە. ئەو ماڵەشی کە ذیکرو یادی خودای تیا ناکرێ وەك گۆڕی چۆڵو هۆڵی مردوو وایە! (م).

١٠٠١ – عَنْ زَيْدِ بْنِ ثَابِتٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: صَلاَةُ الْمَرْءِ فِي بَيْتِهِ أَفْضَلُ مِنْ صَلاَتِهِ فِي مَسْجِدِي هَذَا إِلاَّ الْمَكْتُوبَةَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وصححّه العراقي[٤].

زەیدی کوڕی ثابیت (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: نوێژی پیاو لە ماڵی خۆیا خێرترە لە نوێژی مزگەوت، تەنانەت لە نوێژی مزگەوتەکەی منیش خێرترە، وەلێ نوێژی فەرز لە مزگەوت خێرترە (د– عیراقی بە صەحیحی داناوە).

١٨٧) نوێژی ئیستیخارە (واتە: نوێژی نیشاندانی خێر) : (صلاة الإستخارة)

١٠٠٢ – عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُعَلِّمُنَا الاِسْتِخَارَةَ فِي الأُمُورِ كُلِّهَا كَمَا يُعَلِّمُنَا السُّورَةَ مِنَ الْقُرْآنِ يَقُولُ: إِذَا هَمَّ أَحَدُكُمْ بِالأَمْرِ فَلْيَرْكَعْ رَكْعَتَيْنِ مِنْ غَيْرِ الْفَرِيضَةِ ثُمَّ يَقُولُ اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ أَسْتَقْدِرُكَ بِقُدْرَتِكَ وَأَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ الْعَظِيمِ فَإِنَّكَ تَقْدِرُ وَلاَ أَقْدِرُ وَتَعْلَمُ وَلاَ أَعْلَمُ وَأَنْتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ، اللَّهُمَّ إِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ خَيْرٌ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي أَوْ قَالَ: عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ فَاقْدُرْهُ لِي وَيَسِّرْهُ لِي ثُمَّ بَارِكْ لِي فِيهِ،

---

(٣) مسلم. صلاة المسافرين: ١٨٢٠.

(٤) صححه العراقي.

وَإِنْ كُنتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ شَرٌّ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي أَوْ قَالَ: فِي عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ فَاصْرِفْهُ عَنِّي وَاصْرِفْنِي عَنْهُ، وَاقْدُرْ لِي الْخَيْرَ حَيْثُ كَانَ ثُمَّ أَرْضِنِي بِهِ قَالَ: وَيُسَمِّي حَاجَتَهُ. رَوَاهُ الخمسة[١].

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەستووری وابوو، بۆ هەموو كاروفرمانێ فێری ئیستیخارەی دەكردین، وەك چۆن فێری سوورەتەكانی قورئانی دەكردین، دەیفەرموو: ئەگەر یەكێكتان نیازی كارێكی هەبوو وە نەیدەزانی باشە یا خراپە با لەپێشا دوو ركات نوێژی سوننەت بكا، ئینجا بڵێ:

{اللَّهُمَّ إِنِّي أَسْتَخِيرُكَ بِعِلْمِكَ وَأَسْتَقْدِرُكَ بِقُدْرَتِكَ وَأَسْأَلُكَ مِنْ فَضْلِكَ الْعَظِيمِ فَإِنَّكَ تَقْدِرُ وَلاَ أَقْدِرُ وَتَعْلَمُ وَلاَ أَعْلَمُ وَأَنْتَ عَلاَّمُ الْغُيُوبِ، اللَّهُمَّ إِنْ كُنتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ خَيْرٌ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي}.

یا فەرمووی:

{فِي عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ فَاقْدُرْهُ لِي وَيَسِّرْهُ لِي ثُمَّ بَارِكْ لِي فِيهِ، وَإِنْ كُنْتَ تَعْلَمُ أَنَّ هَذَا الأَمْرَ شَرٌّ لِي فِي دِينِي وَمَعَاشِي وَعَاقِبَةِ أَمْرِي}.

یا فەرمووی:

{فِي عَاجِلِ أَمْرِي وَآجِلِهِ فَاصْرِفْهُ عَنِّي وَاصْرِفْنِي عَنْهُ، وَاقْدُرْ لِي الْخَيْرَ حَيْثُ كَانَ ثُمَّ أَرْضِنِي بِهِ قَالَ: وَيُسَمِّي حَاجَتَهُ}.

ئەی خودایە! داوات لێ دەكەم كە بە عیلمو زانستی خۆتو بە دەستەڵاتو تەوانایی خۆت، چاكەو خێرم نیشان بدەو، ئەوەی باشە بۆم بەسەركردنیا زاڵم بكە، وە داوای بەشو بارەو بەخششی گەورەی خۆتت لێ دەكە، چونكە تۆ تەوانای هەموو شتێكت هەیەو من بێ دەسەڵاتمو تەوانام نیە، وە تۆ هەموو شت دەزانیو من نازانم، وە هەرخۆت داناو زانایی بەهەموو نێهنیو ئاشكرایەك، پەروەردگارم! تۆ دەزانی ئەگەر ئەم كارە باشە بۆ من،

---

(١) بخاري. أبواب النوافل: ١١٦٦ ، ٦٣٨٢ ، ٧٣٩٠.

باشە بۆ دین و ئایینم و باشە بۆ ژیانم و بۆ سەرەنجامی کارم، یا فەرمووی: باشە بۆ ئێستام و باشە بۆ پاشەڕۆژم ئەوا لە چارەمی بنووسەو ئاسانی بکە بۆم و لە پاشیشا پیت و بەرەکەتی تێخە بۆم، وە تۆ دەزانی ئەگەر ئەم ئیشە خراپە، بۆ من، خراپە بۆ دین و ئایینم و خراپە بۆ گوزەرانم و بۆ سەرەنجامی کارم یا فەرمووی: خراپە بۆ ئێستام و بۆ پاشەڕۆژم ئەوا ئەو لە من لادەو منیش لەو لادە، وەچی چاکە ئەوە لە چارەم بنووسە لە پاشا رازیم بکەپێی! حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: وە ناوی نیازەکەشی بهێنێ واتە: لەوێدا کە دەڵێ: تۆ دەزانی ئەم کارە.. بڵێ: ئەم کارە کە ژنهێنانە یا خانوو کڕینە، یا ئەمەیە، یا ئەوەیە باشە بۆ من... تاد (ب/د/ت/ن).

١٠٠٣- قَالَ: الْمُصَنِّفْ (عَليه الرحمة) في الشرح: فَيُصَلِّيَ الرَّكْعَتَيْنِ وَيَقْرَأُ الدُّعَاءَ وَيَعْمَلُ بِمَا يَنْشَرِحُ لَهُ صَدْرَهُ، وَإِلاَّ كَرَّرَ الصَّلاَةَ وَالدُّعَاءَ سَبْعَاً لِحَدِيْث ابْنِ السني الحسن: إِذَا هَمَمْتَ بِأَمرٍ فَاسْتَخِرْ رَبَّكَ فِهِ سَبْعَ مَرَّاتٍ ثُمَّ أَنْظَرْ إِلَىَ الَّذي يَسْبِقُ إِلَىَ قَلْبِكَ فَإِنَّ الْخَيْرَ فِيهِ، ثُمَّ قَالَ: الْمُؤَلِفُ: وَيَنْبَغي أَنْ يَكُونَ وَقْتَهَا تَارِكَاً لِهَوَاهُ نَاسِيَاً لَهُ بالْكُلية مُنْتَظِراً لِماَ يَخْتَارَهُ اللهُ لَهُ فَإِنَّ الْخَيْرَ بِيَدِ اللهِ وَحْدَهُ يُعْطِيهِ مَنْ يَشَاءُ. انتهى كلامه. ترجمة[٢].

دانەر (پڕ گۆڕە موبارەکەکەی لە نوورو رەحمەتی خودا بێ) لە شەرحەکەدا دەڵێ: خاوەن نیاز ئەم دوو رکاتە دەکاو ئەم دووعایە دەخوێنێ و لەپاشا دڵی بۆچی چوو، وە بەکام لایەنی ئەو کارە دڵی کرایەوە ئەوە بکا، بەڵام ئەگەر هەروەك خۆی مایەوە ئەوا حەوت جار ئەم نوێژو نزایە دووبارە دەکاتەوە، بەپێی ئەم حدیثە حەسەنەی کە (ابن السنی) ریوایەتی کردووە: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ ئەگەر نیازی کارێکت هەبوو هەتا حەوت جار پرس و راوێژ بە خودای خۆت بکە کەچی باشە بیکا بە بارەوبەشت، لەپاشا دڵت بۆ چی چوو، وە دڵت بە چی کرایەوە ئەوە بکە چونکە خێر لەوەدایە، هەروەها دانەر دەڵێ: دەشێ خاوەن نیاز

(٢) حديث ابن السنى حسن.

لەو كاتەدا بە هیچ كولۆجێ بەلای هەوای نەفس و ئارەزوو بازیدا نەچێ، وە چاوەنواڕی ئەو خێرە بێ كە خوا دەیخاتە ناو دڵی، چونكە لە راستیدا خێرو خۆشی وا لە دەستی خودادا، بە كێ مەیلی لێبێ دەیداتێ. قسەكەی دانەر تەواو.

١٨٨) نوێژی سەلاتوتەسبیح: (الصلاة التسابيح)

١٠٠٤- عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضيَ أللهُ عَنْهُماَ) أَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لِلعَبَّاسِ بَنِ عَبْدِ الْمُطَّلِبِ: يَا عَبَّاسُ يَا عَمَّاهُ، أَلاَ أُعْطِيكَ، أَلاَ أَمْنَحُكَ، أَلاَ أَحْبُوكَ، أَلاَ أَفْعَلُ بِكَ عَشْرُ خِصَالٍ إِذَا أَنْتَ فَعَلْتَ ذِلكَ غَفَرَ اللّٰهُ لَكَ ذَنْبَكَ أَوَّلَهُ وَآخِرَهُ قَدِيمَهُ وَحَدِيثَهُ، خَطَأَهُ وَعَمْدَهُ صَغِيرَهُ وَكَبِيرَهُ سِرَّهُ وَعَلاَنِيتَهُ، عَشْرُ خِصَالٍ أَنْ تُصَلِّيَ أَرْبَعَ رَكَعَاتٍ تَقْرَأُ فِي كُلِّ رَكْعَةٍ فَاتِحَةَ الْكِتَابِ وَسُورَةً فَإِذَا فَرَغْتَ مِنَ الْقِرَاءَةِ فِي أَوَّلِ رَكْعَةٍ وَأَنْتَ قَائِمٌ قُلْتَ سُبْحَانَ اللّٰهِ وَالْحَمْدُ لِلّٰهِ وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ وَاللّٰهُ أَكْبَرُ خَمْسَ عَشْرَةَ مَرَّةً ثُمَّ تَرْكَعُ فَتَقُولُهَا وَأَنْتَ رَاكِعٌ عَشْرًا ثُمَّ تَرْفَعُ رَأْسَكَ مِنَ الرُّكُوعِ فَتَقُولُهَا عَشْرًا ثُمَّ تَهْوِى سَاجِدًا فَتَقُولُهَا وَأَنْتَ سَاجِدٌ عَشْرًا ثُمَّ تَرْفَعُ رَأْسَكَ مِنَ السُّجُودِ فَتَقُولُهَا عَشْرًا ثُمَّ تَسْجُدُ فَتَقُولُهَا عَشْرًا ثُمَّ تَرْفَعُ رَأْسَكَ فَتَقُولُهَا عَشْرًا فَذَلِكَ خَمْسٌ وَسَبْعُونَ فِي كُلِّ رَكْعَةٍ تَفْعَلُ ذَلِكَ فِي أَرْبَعِ رَكَعَاتٍ إِنِ اسْتَطَعْتَ أَنْ تُصَلِّيَهَا فِي كُلِّ يَوْمٍ مَرَّةً فَافْعَلْ فَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَفِي كُلِّ جُمُعَةٍ مَرَّةً فَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَفِي كُلِّ شَهْرٍ مَرَّةً فَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَفِي كُلِّ سَنَةٍ مَرَّةً فَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ فَفِي عُمُرِكَ مَرَّةً. وَزِيدَ فِي رِوَايَةٍ: فَإِنَكَ لَوْ كُنْتَ أَعْظَمَ أَهْلِ الأَرْضِ ذَنْبَاً غُفِرَ لَكَ بِذَلِكَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي وعبارته: فَلَوْ كَانَتْ ذُنُوبُكَ مِثْلَ رَمْلِ عَالِجٍ لَغَفَرَهَا اللهُ لَكَ[1].

ئیبنو عەبباس (خودایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بە عەباسی كوڕی عەبدولموطەلیب: ئەی عەباس! ئەی مامەی خۆم! با بەشت بدەم، با خەڵاتت بكەم، با شاباشت بدەمێ، با دە چاكەت لەگەڵ بكەم، با نوێژێكت فێربكەم ئەگەر بیكەیت خودا ئەم دە چاكەیەت

---

(١) رواه البخارى فى جزء القرآن وابن ماجه وابن خزيمة والحاكم والبيهقى وصححه. (شرحه).

دەداتێ: لە گوناهت خۆش دەبێ، لەپێشین و پاشینی، لە کۆن و نوێی، لە هەڵەو دەسەنقەستی، لە بچووك و گەورەو وردو درشتی، لە نهێنی و ئاشکرای، کە ئەمانەش دەکەنە دە جۆرە گوناه، ئەو نوێژەیش بەم شێوەیە: چواررکات نوێژ بکە بە نیاز (نییەت)ی نوێژی (صلاه التسبیح) لە هەموو رکاتێکا سوورەتی فاتیحاو سوورەتێکی تر بخوێنە، جا کە لە خوێندنی فاتیحاو سوورەتەکە لێ بوویتەوە ئەوسا لە رکاتی یەکەما هەر بەراوەستانەوە پانزە جار بڵێ:

{سُبْحَانَ اللّٰهِ وَالْحَمْدُ لِلّٰهِ وَلاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ وَاللّٰهُ أَكْبَرُ}.

پاکی و بێگەردی هەر بۆ خودایە، وە سوپاس و ستایش هەر بۆ خودایە، وە لە خودا بەولاوە خودای تر نیە، وە خودا لە هەموو کەسێ گەورەترە، ئینجا بچەمێرەوە واتە: روکوع بەرەو لە چەمینەوەشا دە جاری تری بڵێ، ئینجا سەربەرزکەرەوە لە چەمینەوەو دە جاریتر بیلێ، ئینجا دانەوێرەوە بۆ کوڕنووش و لەناو کوڕنووشیشا دە جاری تر بیلێ، ئینجا سەر هەڵبڕە لە کوڕنووش و لە دانیشتنی نێوانی دوو کوڕنووشەکاندا دە جاری تر بیلێ، ئینجا کوڕنووشێکی تر ببەو دەفەرموێ دە جاری تر بیلێ، ئینجا سەر بەرزکەرەوەو لە دانیشتنی وچانی پێش هەڵسانەوەدا دە جاری تر بیلێ، کە ئەمەش دەکاتە حەفتاو پێنج جار لە هەموو رکاتێکا ئیتر لەهەر چوار رکاتەکەدا هەر ئەمە بکە، جا ئەگەر دەتوانیت و بۆت دەکرێ ئەوا هەموو رۆژێ یەکجار ئەم نوێژە بکە، ئەگەر هەموو رۆژێ بۆت ناکرێ، ئەوا حەفتەی یەك جار بیکە، ئەگەر هەموو حەفتەیێ بۆت ناکرێ ئەوا مانگی یەك جار بیکە، ئەگەر هەموو مانگێ بۆت نەکرا ئەوا ساڵی جارێ بیکە، خۆ ئەگەر هەر بۆت نەکرا لە ژیانتا یەك جار بیکە لە گێڕانەوەیەکا ئەمەشی پترە. گریمان لەسەر رووی زەوی لەتۆ گوناهبارتری تیا نەبێ بەهۆی ئەم نوێژەوە خوا لێت خۆش دەبێ (د/ت) عیبارەتی تیرمیذی (غەیریقی رەحمەتی خودای گەورە بێ)

ئاوایە: گریمان تاوانەكانت وەك چەوو لمی دەشتی عالیج زۆر بێ، خودا لە هەمووی خۆش دەبێ لێت.

١٠٠٥- قَالَ: المؤلف (رحمه الله تعالى) في شرحه على التاج: قَالَ: أبو عثمان الحيري الزاهد: مَا رَأَيْتُ لِلشَّدَائِدِ وَالْهُمُومِ أَحْسَنَ مِنْ صَلاَةِ التَّسَابِيحِ(٢).

دانەر (رەحمەتی خودای گەورەی لێبێ) لە شەرحەكەدا دەڵێ: ئەبو عوسمانی حیری مەشهوور بە زاهید دەڵێ: نەم دیوە هیچ شتێ وەك نوێژی سەلاتوتەسبیح باش بێ بۆ كاتی لێ قەومانو تووشبوونی خەمو خەفەتو پەژارە.

١٨٩) نوێژی تەوبە: (صلاة التوبة)

١٠٠٦- عَنْ عَلِيّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كُنْتُ رَجُلاً إِذَا سَمِعْتُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حَدِيثًا نَفَعَنِي اللَّهُ مِنْهُ بِمَا شَاءَ أَنْ يَنْفَعَنِي وَإِذَا حَدَّثَنِي أَحَدٌ مِنْ أَصْحَابِهِ اسْتَحْلَفْتُهُ فَإِذَا حَلَفَ لِي صَدَّقْتُهُ، وَإِنَّهُ حَدَّثَنِي أَبُو بَكْرٍ وَهُوَ صَادِقٌ قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: مَا مِنْ رَجُلٍ يُذْنِبُ ذَنْبًا، ثُمَّ يَقُومُ فَيَتَطَهَّرُ، ثُمَّ يُصَلِّي ثُمَّ يَسْتَغْفِرُ اللَّهَ إِلاَّ غَفَرَ اللَّهُ لَهُ، ثُمَّ قَرَأَ هَذِهِ الآيَةَ (وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُوا فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُوا أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُوا اللَّهَ فَاسْتَغْفَرُوا لِذُنُوبِهِمْ) الآيَةَ رَوَاهُ الترمذي وابن ماجه(١).

عەلی (خوای لێ رازی بێ) دەڵێ: دەستوورم وابووە ئەگەر بۆ خۆم فەرمایشتێكم لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بیستبێ، ئەوا چەندە حەزی خودای لەسەر بووبێ سوودم لێ وەرگرتووە، ئەگەر كەسێكی تریش (لە یارانی حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمایشتێكی ئەوی بۆم گێڕابێتەوە ئەوا سوێندم داوەو لەپاش سوێند خواردن باوەڕم پێ كردووە، ئەبو بەكریش (كە خۆی پیاوێكی راستگۆیەو لەبەر ئەوە پێویست بە سوێند ناكا) بۆی گێڕامەوە گوتی: لە پێغەمبەرم ژنەوت دەیفەرموو (دروودی خوای لەسەربێ): هەر كەسێ هەر

---

(٢) أثر صحيح مجرب.

(١) بسند حسن (شرحه).

گوناهێ بكا، لەپاشا هەڵستێ دەسنوێژێ بگرێو خۆی پاك بكاتەوەو ئینجا دوو ركات نوێژی سوننەتی تەوبە بكا، یا هەرنوێژێكی تر بكا، ئەوجا ئیستیغفار بكاو لەخودا داوای لێخۆشبوون بكا، بێگومان كە خودا لێی خۆش دەبێ ئینجا ئەم ئایەتەی تاسەر خوێندەوە:

{وَالَّذِينَ إِذَا فَعَلُواْ فَاحِشَةً أَوْ ظَلَمُواْ أَنْفُسَهُمْ ذَكَرُواْ اللّهَ فَاسْتَغْفَرُواْ لِذُنُوبِهِمْ وَمَن يَغْفِرُ الذُّنُوبَ إِلاَّ اللّهُ وَلَمْ يُصِرُّواْ عَلَى مَا فَعَلُواْ وَهُمْ يَعْلَمُونَ – ٣/١٣٥}.

واتە: ئەو خاوەن تەقوایانە كە حاڵیان وایە هەركاتێ كارێكی شەرم ئاوەری ناشیرینیان كرد، وەكوو داوێنپیسی بێ، یا ستەمیان لە خۆ یان كرد، وەكوو گوناهێ نەگاتە رادەی فەحشكاریو شەرم ئاوەری ئەوا بیری قاری خودای گەورە دەكەنەوەو دەپارێنەوە لە خوداو داوای لێخۆشبوونی لێ دەكەنو لەسەر كردەوە ناباركەی خۆیان دەوام ناكەن، بەڵكوو بە هیچ كولۆجێ توخنی ناكەونەوە، لەبەر ئەوە كە دەزانن ئەوە تاوانو گوناهەو خودا پێی ناخۆشە، وە لە راستیدا كارێكی زۆر پیاوانە دەكەن كە داوای بەخشین لە خودا دەكەن، چونكە كێ هەیە كە تاوان پۆش بێ بۆ بەندەكان جگە لە یەزدانی میهرەبان... تاد (ت/ماجە – س/ح).

١٩٠) نوێژی گیرابوونی مراز: (صلاة قضاء الحاجة)

١٠٠٧– عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ أَبِي أَوْفَى (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ كَانَتْ لَهُ إِلَى اللّٰهِ حَاجَةٌ أَوْ إِلَى أَحَدٍ مِنْ بَنِي آدَمَ فَلْيَتَوَضَّأْ وَلْيُحْسِنِ الْوُضُوءَ ثُمَّ لْيُصَلِّ رَكْعَتَيْنِ، ثُمَّ لْيُثْنِ عَلَى اللّٰهِ وَلْيُصَلِّ عَلَى النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ثُمَّ لْيَقُلْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللّٰهُ الْحَلِيمُ الْكَرِيمُ سُبْحَانَ اللّٰهِ رَبِّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ الْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، أَسْأَلُكَ مُوجِبَاتِ رَحْمَتِكَ، وَعَزَائِمَ مَغْفِرَتِكَ وَالْغَنِيمَةَ مِنْ كُلِّ بِرٍّ، وَالسَّلاَمَةَ مِنْ كُلِّ إِثْمٍ لاَ تَدَعْ لِي ذَنْبًا إِلاَّ غَفَرْتَهُ وَلاَ هَمًّا إِلاَّ فَرَّجْتَهُ، وَلاَ حَاجَةً هِيَ لَكَ رِضًا إِلاَّ قَضَيْتَهَا يَا أَرْحَمَ الرَّاحِمِينَ. رَوَاهُ الترمذي وابن ماه والله أعلم[1].

---

(١) بسند حسن (شرحه).

عەبدوڵلا کوڕی ئەبو ئەوفا (خوای لێ رازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەر کەسێ کارێ، فرمانێکی هەبوو، خوا ئەوکارە لەلای خووابێ یاخود لەلای بەندەی خودا بێ، با دەسنوێژێکی جوان بگرێ، ئینجا دوو رکات نوێژی سوننەت بکاو نیازی کار ساز بوونی لێ بێنێ، ئینجا لەسەر شێوەیەکی جوان وەسپ و ستایشی خودا بکا، وە چاکتروایە کە ئەو وەسپ و ستایشە بەم شێوەیە بێ: دەوری سەد جار بڵێ: أستغفر الله، وە دەوری سەد جاریش بڵێ: سبحان الله والحمد لله ولا اله الا الله والله أكبر، وە دەوری سەد سەڵاوات لە دیاری پێغەمبەر بدا (دروودی خوای لەسەربێ) ئینجا بڵێ:

{لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ الْحَلِيمُ الْكَرِيمُ سُبْحَانَ اللَّهِ رَبِّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ، أَسْأَلُكَ مُوجِبَاتِ رَحْمَتِكَ، وَعَزَائِمَ مَغْفِرَتِكَ وَالْغَنِيمَةَ مِنْ كُلِّ بِرٍّ، وَالسَّلاَمَةَ مِنْ كُلِّ إِثْمٍ لاَ تَدَعْ لِي ذَنْبًا إِلاَّ غَفَرْتَهُ وَلاَ هَمًّا إِلاَّ فَرَّجْتَهُ، وَلاَ حَاجَةً هِيَ لَكَ رِضًا إِلاَّ قَضَيْتَهَا يَا أَرْحَمَ الرَّاحِمِينَ}.

هەر خودا خودایەو بەس، خودایەکی پیرۆزو بەمۆڵەتو ئارامە، پاکی و بێگەردی بۆ ئەو خودایەیە کە پەروەردگاری بارەگای مەزنە، سوپاس و ستایش بۆ خودای پەروەردگاری جیهانیان ئەی خودایە! ئەی پەروەردگاری کردگار! ئەی کەریمی کارساز! داوای ئەو شتانەت لێ دەکەم کە دەبن بەهۆی میهرەبانی و مایەی رەحمەتی تۆ، وە هەروەها ئەو شتانەش کە دەبن بە هەوێنی لێبوردنی تۆ، داوای بەشە خەڵات لە هەموو چاکەیەكو رزگار بوون لە هەموو گوناهێکت لێ دەکەم، خودایە! یەك بەیەك لە تاوانەکانم خۆش بە، وە هەموو خەمێکم بڕەوێنەوە، وە هەر مرازێکیشم هۆی خۆشنوودیی و رەزامەنیی تۆیە بۆم بیهێنەدی، ئەی خودایە! ئەی ئەو کەسەی کە لە هەموو کەسێ میهرەبانترو بەرەحمتری! ت/ماجە- س/ح).

باسی سیانزەهەم: باسی تەرم (جەنازە)
(ئەم باسە حەوت بەش و پاشەكییەكە)

١٩١) بەشی یەكەم: مەرگ بە ئاوات ناخوازرێ و دەبێ نومێدیش بەرەحمەتی خودا قەوی بێ:

الباب الثالث عشر: في الجنائز. وفيه سبعة فصول وخاتمة:

الفصل الأول: في النهي عن تمني الموت وفي حسن الظن بالله (تعالى):

١٠٠٨- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ يَتَمَنَّيَنَّ أَحَدٌ مِنْكُمُ الْمَوْتَ لِضُرٍّ نَزَلَ بِهِ، فَإِنْ كَانَ لاَ بُدَّ مُتَمَنِّيًا لِلْمَوْتِ فَلْيَقُلِ اللَّهُمَّ أَحْيِنِي مَا كَانَتِ الْحَيَاةُ خَيْرًا لِي، وَتَوَفَّنِي إِذَا كَانَتِ الْوَفَاةُ خَيْرًا لِي. رَوَاهُ الخمسة. وَفِي رِوَايَةٍ: قَالَ قَيْسٌ: أَتَيْتُ خَبَّابًا وَقَدِ اكْتَوَى فِي بَطْنِهِ سَبْعًا فَسَمِعْتُهُ يَقُولُ: لَوْلاَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نَهَانَا أَنْ نَدْعُوَ بِالْمَوْتِ لَدَعَوْتُ بِهِ[1].

لە ئەنەسەوە (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (درودی خوای لەسەربێ): ئەگەر یەكێكتان دوو چاری زیانێ بوو با مەرگ بە ئاوات نەخوازێ، ئەگەر هەر زۆری بۆ هات و چاری نەبوو مەرگی خۆی بە ئاوات خواست با بڵێ: ئەی خودایە! هەتا ژیانم باشترە بۆم بم ژێنە، كەییش مردنم باشتربوو بۆم، بم مرێنە! (ش/د/ت/ن) لە گێڕانەوەیەكا: قەیس گوتی: چووم بۆ لای خەبباب، لە حەوت لاوە سكی خۆی داخ كردبوو، ژنەوتم لێی دەیگوت: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) یاساخی كردووە لێمان كە مەرگ بە ئاوات بخوازین، ئەگینا مەرگی خۆم بە ئاوات دەخواست.

١٠٠٩- وللبخاري: لاَ يَتَمَنَّى أَحَدُكُمُ الْمَوْتَ إِمَّا مُحْسِنًا فَلَعَلَّهُ يَزْدَادُ، وَإِمَّا مُسِيئًا فَلَعَلَّهُ يَسْتَعْتِبُ[2].

---

(١) بخاري. مرض: ٥٦٧١ (٥٦٧٢) ٦٣٤٩ ، ٦٣٥٠ ، ٦٤٣٠ ، ٦٤٣١ ٧٢٣٤. مسلم. الذكر والدعاء: ٦٧٥٨. نسائي. جنائز: ١٨٢٢.

(٢) بخاري. مرضى: ٢٥٦٣ ، ٣٩ ، ٦٤٦٣ ، ٧٢٣٥.

حـەزرەت (دروودی خـوای لەسـەربێ) **دەفـەرموێ: كەسـتان مـەرگ بـە ئـاوات نـەخوازێ، چونكە ئـەوەی باشـەو پیـاو چاكە سا بەڵكوو باشتر دەبێ و پـتر چاكە دەكا، ئەوەشـی خـۆی خراپـەو پیـاو خراپـە سا بەشكوو خـودای گـەورە مۆڵەتی بدا تا تەوبە دەكاو دەگەڕێتەوە! (ب).**

١٠١٠- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَبْلَ مَوْتِهِ بِثَلاَثَةِ أَيَّامٍ يَقُولُ: لاَ يَمُوتَنَّ أَحَدُكُمْ إِلاَّ وَهُوَ يُحْسِنُ الظَّنَّ بِاللّٰهِ تِعالى. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ ومسلم[٣].

جابیر (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: لە پێغەمبەرم بیست لە پێش مردنیا بە سێ رۆژ دەیفەرموو** (دروودی خوای لەسەربێ)**: مەمرن تا ئومێدی باشتان قەوی دەبێ بە كەرەمی خودای گەورە! (د/م).**

١٠١١- عَنْ عُبَادَةَ بْنِ الصَّامِتِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ أَحَبَّ لِقَاءَ اللّٰهِ أَحَبَّ اللّٰهُ لِقَاءَهُ، وَمَنْ كَرِهَ لِقَاءَ اللّٰهِ كَرِهَ اللّٰهُ لِقَاءَهُ فَقَالَتْ عَائِشَةُ أَوْ بَعْضُ أَزْوَاجِهِ: إِنَّا لَنَكْرَهُ الْمَوْتَ قَالَ: لَيْسَ ذَاكِ وَلَكِنَّ الْمُؤْمِنَ إِذَا حَضَرَهُ الْمَوْتُ بُشِّرَ بِرِضْوَانِ اللّٰهِ وَكَرَامَتِهِ ، فَلَيْسَ شَيْءٌ أَحَبَّ إِلَيْهِ مِمَّا أَمَامَهُ، فَأَحَبَّ لِقَاءَ اللّٰهِ وَأَحَبَّ اللّٰهُ لِقَاءَهُ، وَإِنَّ الْكَافِرَ إِذَا حَضَرَهُ الْمَوْتُ بُشِّرَ بِعَذَابِ اللّٰهِ وَعُقُوبَتِهِ، فَلَيْسَ شَيْءٌ أَكْرَهَ إِلَيْهِ مِمَّا أَمَامَهُ، فَكَرِهَ لِقَاءَ اللّٰهِ وَكَرِهَ اللّٰهُ لِقَاءَهُ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ أبا دَاوُدَ[٤].

عوبـادەی كـوڕی صـامیت (خـوای لێ رازی بـێ) **گـوتی: پێغەمبـەر** (دروودی خـوای لەسـەربێ) **فـەرمووی: هەركەسـێ حـەز بـە دیـداری خـودا بكـا خـوداش حـەز بـە دیداری ئەو دەكا، وە هەر كەسێ حەز لە دیداری خودا نـەكا خـوداش حـەز لـە دیداری ئەو ناكا عائیشە (یا یەكێكی تر لـە ژنـەكانی) گوتی: جاخۆ كـەسمان حەز لەمردن ناكەین گوایە دەبێ خوداش حەز لە ئێمە نـەكا فـەرمووی:** (دروودی خوای لەسەربێ) **مەبەسـت ئەمـە نیـە كـە تـۆ تێـی گەیشتوویت بـەلاّم موسـوڵمان لەسـەرە مـەرگا فریـشتە مـژدەی رەزامەنـدیی و رێـزلێ گرتنـی خـودای دەدەنـێ،**

---

(٣) مسلم. الجنة ونعيمها: ٧١٦٠. أبو داود. جنائز: ٣١١٣. ابن ماجه. زهد: ٤١٦٧.

(٤) بخاري. رقاق: ٦٥٠٧. ترمذي. جنائز: ١٠٦٧. نسائي. جنائز: ١٨٣٧. مسلم. الذكر والدعاء: ٦٧٦٣.

ئیتر ئەویش هیچی تری وەك ئەو دنیا پێ خۆش نابێ، وە حەز لە دیداری خودا دەكاو خوداش حەز بە دیداری ئەو دەكا، كافرو بێ بڕواش كاتێ كە مردن قورتمی دەگرێ، وە مژدەی سزاو تۆڵە لێ سەندنی خودای پێ دەدرێ ئیتر هیچی تری وەك ئەو دنیا پێ ناخۆش نابێ، وە حەز لە دیداری خودا ناكاو خوداش حەز بە دیداری ئەو ناكا (ش/ت/ن).

١٠١٢- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دَخَلَ عَلَى شَابٍّ وَهُوَ فِي الْمَوْتِ فَقَالَ: كَيْفَ تَجِدُكَ، فَقَالَ: أَرْجُو اللَّهَ يَا رَسُولَ اللهِ، وَإِنِّي أَخَافُ ذُنُوبِي. فَقَالَ: (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لاَ يَجْتَمِعَانِ فِي قَلْبِ عَبْدٍ فِي مِثْلِ هَذَا الْمَوْطِنِ إِلاَّ أَعْطَاهُ اللَّهُ مَا يَرْجُو وَآمَنَهُ مِمَّا يَخَافُ. رَوَاهُ الترمذي وحسَّنه(٥).

ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) چوو بۆ لای لاوێ، گیانی دەدا، فەرمووی: خۆت چۆن دەبینیت؟ گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! سەرو ماڵو گیان بە قوربانت بێ هیوام بە لوتفو كەرەمی خودا هەیە، وە ترسیشم لە گوناهەكانم هەیە. فەرمووی: (دروودی خوای لەسەربێ): لەم كاتی سەرە مەرگەدا ئەم دوو شتە لە دڵی هەر بەندەیەكا كۆببنەوە، بێگومان كە خودا هیواكەی دەهێنێتەدیو ترسەكەی دەرەوێنێتەوە (ت:ح/ح).

١٠١٣- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَكْثِرُوا مِنْ ذِكْرَ هَاذِمِ اللَّذَّاتِ. رَوَاهُ الترمذي والنسائي(٦).

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: زۆر یادی مەرگ بكەن، ئەو مەرگەی كە هەموو خۆشییەك تێك دەدات! (ت/ن-س/ح).

---

(٥) حديث حسن.

(٦) بسند حسن (شرحه).

١٩٢) ناوی خودا هێنانو پاڕانەوەو قورئان خوێندن لەلای کەسێ کە لەگیانەلادا بێ: (الذكر والدعاء والقرآن عند المحتضر)

١٠١٤- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لَقِّنُوا مَوْتَاكُمْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ البخاريَّ[1].

ئەبو سعید (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: ئەو کەسانەتان کە لەسەرەمەگدان {لا اله الا الله} یان بدەن بەگوێداو ئەم وشە پیرۆزەیان لەوکاتە ناسکەدا یاد بخەنەوەو لەبەرچاویان بیلێن سا بەشکوو ئەوانیش چاو لە ئێوە بکەنو بیلێنو بەر ئەو فەرموودە پیرۆزەیە بکەون کە دەفەرموێ:**

{مَن كَانَ آخِرُ كَلاَمِهِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ}.

کەسێ دواقسەی { لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ} بێ دەچێتە بەهەشت (م/د/ت/ن).

١٠١٥- عَنْ مُعَاذِ بْنِ جَبَلٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ كَانَ آخِرُ كَلاَمِهِ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ دَخَلَ الْجَنَّةَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي والحاكم وصححَّه[2].

موعاذی کوڕی جەبەل (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: هەر کەسێ دواقسەی { لاَ إِلَـهَ إِلاَّ اللهُ} بێ دەچێتە بەهەشت (د/ت/حاکم:ح/ص).**

١٠١٦- عَنْ أُمِّ سَلَمَةَ (رَضيَ أللهُ عَنْهُا) قَالَتْ: قَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا حَضَرْتُمُ الْمَرِيضَ أَوِ الْمَيِّتَ فَقُولُوا خَيْرًا، فَإِنَّ الْمَلاَئِكَةَ يُؤَمِّنُونَ عَلَى مَا تَقُولُونَ، قَالَتْ: فَلَمَّا مَاتَ أَبُو سَلَمَةَ أَتَيْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقُلْتُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ أَبَا سَلَمَةَ قَدْ مَاتَ قَالَ: قُولِي اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَلَهُ وَأَعْقِبْنِي مِنْهُ عُقْبَى حَسَنَةً

---

(١) مسلم. جنائز: ٢١٢٠. أبو داود. جنائز: ٣١١٧. ترمذي. جنائز: ٩٧٦. نسائي. جنائز: ١٨٢٥.

(٢) صحيح عند الحاكم.

قَالَتْ: فَقُلْتُ فَأَعْقَبَنِي اللَّهُ مَنْ هُوَ خَيْرٌ لِي مِنْهُ مُحَمَّدًا (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاري[٣].

ئوممو سەلەمە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: کە دەچن بۆ لای نەخۆش و ئەو کەسانەی کە لە گیانەلآدان قسەی باش بکەن و قسەی خراپ مەکەن چونکە ئێوە هەرچی بڵێن: فریشتەکان ئامینی لەسەر دەکەن! ئوممو سەلەمە گوتی: جا کە ئەبو سەلەمەی مێردم مردو ئەمری هەقی بەجێ هێنا چوومە لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەبو سەلەمە مرد. فەرمووی: بڵێ:

{اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وَلَهُ وَأَعْقِبْنِي مِنْهُ عُقْبَى حَسَنَةً}.

ئەی خودایە! لەمنیش و لەویش خۆش بەو تۆڵەیەکی باشم بۆ بکەرەوە، گوتی: منیش وام گوت، ئەوە بوو خودا لە تۆڵەی ئەودا موحەممەدی داوە پێم کە زۆر زۆر لە ئەبو سەلەمە باشترە بۆم (بۆ دین و دونیام) (م/د/ت/ن).

١٠١٧- وَعَنْهَا قَالَتْ: دَخَلَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى أَبِي سَلَمَةَ وَقَدْ شَقَّ بَصَرُهُ فَأَغْمَضَهُ ثُمَّ قَالَ: إِنَّ الرُّوحَ إِذَا قُبِضَ تَبِعَهُ الْبَصَرُ، فَضَجَّ نَاسٌ مِنْ أَهْلِهِ فَقَالَ: لاَ تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ إِلاَّ بِخَيْرٍ فَإِنَّ الْمَلاَئِكَةَ يُؤَمِّنُونَ عَلَى مَا تَقُولُونَ. ثُمَّ قَالَ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لأَبِي سَلَمَةَ وَارْفَعْ دَرَجَتَهُ فِي الْمَهْدِيِّينَ وَاخْلُفْهُ فِي عَقِبِهِ فِي الْغَابِرِينَ، وَاغْفِرْ لَنَا وَلَهُ يَا رَبَّ الْعَالَمِينَ وَافْسَحْ لَهُ فِي قَبْرِهِ. وَنَوِّرْ لَهُ فِيهِ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ[٤].

دیسان ئوممو سەلەمە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) هات بۆ لای ئەبو سەلەمە ئەبو سەلەمە گیانی دەرچوو بوو، چاوی داچەقابوو، جا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) چاوەکانی لێکنان و فەرمووی: کاتێ گیان دەکێشرێ چاو شوێنی دەکەوێ تا بزانێ بۆ کوێ دەچێ جا لەم کاتەدا هەندێ لە کەس و کارەکەی کردیان بە قیژەو هەراو نزای خراپیان لە خۆیان

(٣) مسلم. جنائز: ٢١٢٦ ، أبو داود. جنائز: ٣١١٥. ترمذي. جنائز: ٩٧٧. نسائي. جنائز: ١٨٢٤.

(٤) مسلم. جنائز: ٢١٢٧. أبو داود. جنائز: ٣١١٨.

كرد حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: نزای باش بکەن، نزای خراپ لە خۆتان مەکەن، چونکە ئێوە هەرچی بڵێن فریشتە ئامینی لەسەر دەکەن ئینجا فەرمووی:

{اللّٰهُمَّ اغْفِرْ لأَبِي سَلَمَةَ وَارْفَعْ دَرَجَتَهُ فِي الْمَهْدِيِّينَ وَاخْلُفْهُ فِي عَقِبِهِ فِي الْغَابِرِينَ، وَاغْفِرْ لَنَا وَلَهُ يَا رَبَّ الْعَالَمِينَ وَافْسَحْ لَهُ فِي قَبْرِهِ. وَنَوِّرْ لَهُ فِيهِ}.

ئەی خودایە! لە ئەبو سەلەمە خۆش بەو پلەو پایەی (لەناو ئەو کەسانەدا کە خۆت ڕێگەی ڕاستت نیشان داون) بەرزبکەرەوە، وە خۆت سەروەرکاری ئەو کەس‌و کارەی بکە کە لەپاشی بەجێماون، وە لە ئێمەش‌و لەویش بەمیهرەبانی خۆت خۆشبە، ئەی پەروەردگاری جیهانیان! وە گۆڕەکەشی گوشاد کەو پڕیکە لە نوور بۆی (م).

١٠١٨- عَنْ مَعْقِلِ بْنِ يَسَارٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِقْرَءُوا (يس) عَلَى مَوْتَاكُمْ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنسائي وأحمد وابن حبان وصححه[٥].

مەعقیلی کوڕی یەسار (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: سوورەتی یاسین لەسەر مردووەکانتان بخوێنن‌و لەسەر ئەوانەشتان کە وان لە حاڵەتی سەرەمەرگا (د/ن/ئەحمەد/ئیبنو حەببان. ئیبنو حەببان بە صەحیحی داناوە).

١٩٣ نیشانەی مردنی موسوڵمان لەسەر ئیمان‌و تەمەنی ئەم ئۆمەتی موحەممەدە (درودی خوای لەسەربێ) بە تێکڕایی چەندە:
(علامة موت المؤمن وأعمار الأمة)

١٠١٩- عَنْ بُرَيْدَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الْمُؤْمِنُ يَمُوتُ بِعَرَقِ الْجَبِينِ. رَوَاهُ الترمذي والنسائي واحمد[١].

---

(٥) حديث صحيح.

(١) بسند حسن (شرحه).

بوریدە (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: موسوڵمان کاتێ دەمرێ ناوچەوانی ئارەق دەکا (ت/ن/ئەحمەد-س/ح).**

١٠٢٠- عَنْ عَبْدَ اللّٰهِ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) **عَنِ النَّبِيَّ** (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَالَ: إنَّ نَفْسَ الْمُؤْمِنِ تَخْرُجُ رَشْحًا وَلاَ أُحِبُّ مَوْتًا كَمَوْتِ الْحِمَارِ. قِيلَ وَمَا مَوْتُ الْحِمَارِ؟ قَالَ: مَوْتُ الْفَجْأَةِ. رَوَاهُ الترمذي[٢].**

عەبدوڵلا (خوای لێ رازی بێ) **دەڵێ: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: گیانی موسوڵمان لەگەڵ جواناو رشتندا دەردەچێ، حەزیشم لەو مردنە نیە کە وەك مردنی کەر وایە، یاران دەڵێن: مردنی کەر کامەیە؟ دەفەرموێ: مردنی کوتوپڕییە! (ت).**

١٠٢١- وَلأَبِي دَاوُدَ: مَوْتُ الْفَجْأَةِ أَخْذَةُ أَسَفٍ[٣].

حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: مردنی کوتوپڕ داخی دڵ پێ رشتنە (د).**

١٠٢٢- وَلِإِبْنُ أَبِي شَيْبَةَ (كما في الشرح): مَوْتُ الْفَجْأَةِ رَاحَةٌ لِلْمُؤْمِنِ وَأَسَفٌ عَلَىَ الْفَاجِرِ[٤].

لە شەرحەکەدا دەڵێ: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: مەرگی کوتوپڕ (مەرگی موجافات) بۆ خاوەن ئیمان بارسووکییە کە بۆ خۆی! بەڵام بۆ بەدکاری ناهەموار نیشانەی رق و داخی دڵ پێ رشتنە. (ئیبنو ئەبی شەیبە).**

١٠٢٣- عَنْ عَبْدِ اللهِ بَنِ عُمَرَو (رَضيَ اللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَالَ: مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَمُوتُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ أَوْ لَيْلَةَ الْجُمُعَةِ إلاَّ وَقَاهُ اللهُ فِتْنَةَ الْقَبْرِ[٥].**

---

(٢) سكت عنه الشارح.

(٣) سكت عنه الشارح.

(٤) سكت عنه الشارح.

(٥) سكت عنه الشارح.

عەبدوڵڵای کوڕی عـەمر (خوایـان لێ ڕازی بێ) گـوتی: پێغەمبـەر (درودی خـوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر موسوڵمانێ لەشەوو ڕۆژی هەینیدا بمرێ بێگومان کە خودا لە ئاژەوەو فیتنەی گۆڕ دەیپارێزێ (ت).

١٠٢٤- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَعْمَارُ أُمَّتِي مَا بَيْنَ السِّتِّينَ إِلَى السَّبْعِينَ، وَأَقَلُّهُمْ مَنْ يَجُوزُ ذَلِكَ. رَوَاهُما الترمذي[٦].

ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ ڕازی بـێ) دەڵـێ: حـەزرەت (درودی خـوای لەسـەربێ) دەفەرموێ: تەمەنی ئۆمەتی من لەناوەندی شەست تا حەفتایە، کەمیان لەمە تێ دەپەڕن! (ت).

١٩٤) بەهەر حاڵ مردن مایەی حەسانەوەی بەندەکانە: (في الموت راحة للعباد)

١٠٢٥- عَنْ أَبِي قَتَادَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مُرَّ عَلَيْهِ بِجِنَازَةٍ فَقَالَ: مُسْتَرِيحٌ، وَمُسْتَرَاحٌ مِنْهُ، فَقَالُوا: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا الْمُسْتَرِيحُ وَالْمُسْتَرَاحُ مِنْهُ؟ فَقَالَ: الْعَبْدُ الْمُؤْمِنُ يَسْتَرِيحُ مِنْ نَصَبِ الدُّنْيَا وَالْعَبْدُ الْفَاجِرُ يَسْتَرِيحُ مِنْهُ الْعِبَادُ وَالْبِلاَدُ وَالشَّجَرُ وَالدَّوَابُّ. رَوَاهُ الشيخان والنسائي[١].

ئەبو قەتادە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: تـەرمێ بـەلای پێغەمبـەردا (درودی خوای لەسەربێ) تێ پەڕی فەرمووی (درودی خوای لەسەربێ): یا بۆ خۆی ڕزگاری بوو، یاخود خەڵك لە دەستی ڕزگاریان بوو، گوتیان: چۆن چۆنی ئەی پێغەمبەری خودا!؟ فەرمووی: بەندەی خاوەن ئیمان کە دەمرێ بۆ خۆی لە کێشەو بەرەی جیهان قوتـاری دەبـێ و دەحەوێتـەوە، بەنـدەی بـەدکاریش کـە دەمـرێ عالـەمێ دەحەوێتـەوە: بەنـدەگان و وڵات و درەخـت و زینـدەوەران لەدەسـت زیـان و وەزەنی ڕزگاریان دەبێ! (ش/ن).

---

(٦) سكت عنه الشارح.

(١) بخاري. رقاق: ٦٥١٢ ، ٦٥١٣. مسلم. جنائز: ٢١٩٩. نسائي. جنائز: ١٩٢٩.

١٩٥) بەشی دووەم: شینو زاریو شیوەنو شتی وا دروست نیە:
الفصل الثاني: في تحريم النياحة ونحوها

١٠٢٦- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لَيْسَ مِنَّا مَنْ ضَرَبَ الْخُدُودَ، وَشَقَّ الْجُيُوبَ، وَدَعَا بِدَعْوَى الْجَاهِلِيَّةِ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ أبا دَاوُدَ(1).

عەبدوڵڵا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەوەی ڕوومەت بڕنێتەوەو یەخە دابدڕێو بانگەوازی سەردەمی نەزانی پێش هاتنی ئیسلام هەڵبدات لە ئێمە نیە (ش/ت/ن).

١٠٢٧- عَنْ أَبِي مُوسى (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بَرِيءَ مِنَ الصَّالِقَةِ وَالْحَالِقَةِ وَالشَّاقَّةِ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي(2).

ئەبوو مووسا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) بێزارو بەرییە لەو ژنەی کە شینو شەپۆڕ دەکاو سەری خۆی دەتاشێو یەخەی خۆی دادەڕێ لەکاتی ڕوودانی فەلاکەتێکدا (ش/د/ن).

{ولفظ أبي داود (كما في الشرح): لَيْسَ مِنَّا مَنْ حَلَقَ وَمَنْ سَلَقَ وَمَنْ خَرَقَ.

گفتەی ئەبو داود: وەك لە شەرحەکەدا دەڵێ ئاوایە: حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەوی قژی خۆی بتاشێو شیوەن بگێڕێو جلی خۆی دادڕێ لە ئێمە نیە.

١٠٢٨- عَنْ أَبِي مَالِكٍ الأَشْعَرِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَرْبَعٌ فِي أُمَّتِي مِنْ أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ لاَ يَتْرُكُونَهُنَّ: الْفَخْرُ فِي الأَحْسَابِ وَالطَّعْنُ فِي الأَنْسَابِ وَالاِسْتِسْقَاءُ بِالنُّجُومِ وَالنِّيَاحَةُ، وَقَالَ: النَّائِحَةُ إِذَا لَمْ تَتُبْ قَبْلَ مَوْتِهَا تُقَامُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ مِنْ قَطِرَانٍ وَدِرْعٌ مِنْ جَرَبٍ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ والترمذي ولفظه: أَرْبَعٌ فِي أُمَّتِي مِنْ أَمْرِ الْجَاهِلِيَّةِ لَنْ يَدَعَهُنَّ النَّاسُ النِّيَاحَةُ وَالطَّعْنُ فِي

---

(1) بخاري. جنائز: ١٢٩٧، ١٢٩٨، ٣٥١٩. مسلم. إيمان: ٢٨١. نسائي. جنائز. ١٨٥٩.

(2) بخاري. جنائز: ١٢٩٦. مسلم. إيمان: ٢٨٣، ٢٨٤.

الأَحْسَابِ وَالْعَدْوَى أَجْرَبَ بَعِيرٌ، فَأَجْرَبَ مِائَةَ بَعِيرٍ مَنْ أَجْرَبَ الْبَعِيرَ الأَوَّلَ؟ وَالأَنْوَاءُ، مُطِرْنَا كَذَا وَكَذَا(٣).

ئەبو مالیكی ئەشعەری (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: چوار خووی ناشیرین ماون لەناو ئۆمەتما لەگەڵ ئەوەشا كە لە رەفتارو پیشەی بەدی سەردەمی نەزانین كەچی هێشتا ئۆمەتم هەر دەست بەرداریان نابن.

یەكەم: نازین و شانازیكردن بەرەسەنیی باوباپیرەوە.

دووەم: توانج و تانەدان لە رەچەڵەك و بنەچەی خەڵك.

سێیەم: بارانی باران دەدەنە پاڵ بورج و ئەستێران.

چوارەم: شیوەنكردن، وە فەرمووشی: سەردولكەبێژ (ئەگەر لە پێش مردنیا) تەوبە نەكاو پەشیمان نەبێتەوە، لە رۆژی قیامەتا كە زیندوو دەبێتەوە كراسی قەتران و دیزداشەی گەڕیی لەبەردایە (م/ت) گفتەی (ت): چوار خووی ناشیرین هەن لەناو ئۆمەتما، هەرچەند لە رەفتاری سەردەمی نەفامیشن كەچی ئەو خەڵكە هەروازیان لێ نایەنن چونكە وەها دەقیان بەستووە لە دڵی میللەتا.

یەكەم: شیوەنكردن.

دووەم: تانەو تەشەر لەبنەچەو رەچەڵەك.

سێیەم: باوەڕ بەوەكە نەخۆشی لەخۆیەوە دەتەنێتەوە، راستە وشترێ گەڕ دەبێ و سەد وشتری تر گەڕ دەكا، راستە كە ئەمە وایە، بەلام ئەمە بە فەرمانی خودایەو بەپێی ئەو دەستووری باوەیە كە خودای داناو زانا دایناوەو رێكی یاسای خوداییە، نەوەك گەڕییەكە لە خۆیەوە بەبێ فەرمانی خودا دەتەنێتەوە، ئەگینا ئەگەر وایە ئەی كێ یەكەم وشتر گەڕ دەكا؟

چوارەم: ئەو قسەیە كە دەڵێن: لە فیسارە بورجا بارانمان بۆ دەبارێ.

---

(٣) مسلم. جنائز: ٢١٥٧.

١٠٢٩- عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: نَهانا رَسُولُ اللهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَنِ النِّيَاحَةِ. رَوَاهُ الثلاثة[٤].

ئوممو عەطییە (خوای لێ رازی بێ) **دەڵێ: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **رێگەی شیوەنكردنی نەداوین (ش/د).**

١٠٣٠- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: لَعَنَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) النَّائِحَةَ وَالْمُسْتَمِعَةَ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ.

ئەبو سەعید (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **لەعنەتو نەفرینی كردووە لەسەر دۆلكە بێژو لەو ژنەیش كە گوێی لێ دەگرێ سەردولكە بێژ: ژنی شیوەنگێڕ.(د).**

١٩٦) كەسێ راسپێرێ كە لەپاش مردنی شینو شتی وای بۆ بكرێ لەسەر كردنەكەی سزا دەدرێ: (يعذب الميت بالنوح ونحوه اذا أوصى به)

١٠٣١- عَنِ الْمُغِيرَةِ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ نِيحَ عَلَيْهِ يُعَذَّبُ بِمَا نِيحَ عَلَيْهِ. رَوَاهُ الشيخان والترمذي[١].

موغیرە (خوای لێ رازی بێ) **دەڵێ: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ ئەو كەسەی شیوەنی لەسەر بكرێ لەسەر ئەو شیوەنەی كە لەسەری دەكرێ ئازارو سزا دەدرێ! (ش/ت).**

١٠٣٢- عَنْ أَبِي مُوسى قَالَ: لَمَّا أُصِيبَ عُمَرُ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) جَعَلَ صُهَيْبٌ يَقُولُ: وَاأَخَاهُ فَقَالَ: عُمَرُ: أَمَا عَلِمْتَ أَنَّ النَّبِيَّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ الْمَيِّتَ لَيُعَذَّبُ بِبُكَاءِ الْحَيِّ. وفي رواية: إِنَّ الْمَيِّتَ لَيُعَذَّبُ بِبَعْضِ بُكَاءِ أَهْلِهِ عَلَيْهِ. رَوَاهُ الخمسة[٢].

---

(٤) بخاري. حيض: ٣١٣. مسلم. جنائز: ٢١٦٤.

(١) بخاري. جنائز: ١٢٩١. مسلم. جنائز: ٢١٥٤.

(٢) بخاري. جنائز: ١٢٨٧ ، ١٢٩٠ — ١٢٩٢. مسلم: ٢١٤٦ — ٢١٤٩. نسائي. جنائز: ١٨٥٧.

ئەبو مووسا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: کاتێ عومەر (خوای لێ رازی بێ) پێکرا، صوهەیب هاواری لێ هەڵسا، دەیگوت: ئای براڕۆ! عومەریش گوتی: ئەوە چۆن وا دەڵێیت ئەدی نازانی کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: مردوو لە سەرگریانی زیندوو ئێش و ئازار دەدرێ لە گێڕانەوەیەکا: هەندێ مردوو سزادەدرێ بەهۆی هەندێ لەو گریانەوە کە کەس و کارەکەی لەسەری دەگرین (ش/د/ت/ن- غەریقی بەحری رەحمەتی خودابن).

١٠٣٣- ذُكِرَ لِعَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَوْلُ عُمَرَ إِنَّ الْمَيِّتَ يُعَذَّبُ بِبُكَاءِ أَهْلِهِ عَلَيْهِ، فَقَالَ: رَحِمَ اللَّهُ عُمَرَ، وَاللَّهِ مَا حَدَّثَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِذَلِكَ وَلَكِنْ قَالَ: إِنَّ اللَّهَ لَيَزِيدُ الْكَافِرَ عَذَابًا بِبُكَاءِ أَهْلِهِ عَلَيْهِ. وَقَالَتْ: حَسْبُكُمُ الْقُرْآنُ (وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى) وَفِي رِوَايَةٍ: سَمِعَتْ عَائِشَةَ بِقَوْلِ ابْنَ عُمَرَ: الْمَيِّتَ لَيُعَذَّبُ بِبُكَاءِ أَهْلِهِ فَقَالَتْ: يَغْفِرُ اللَّهُ لأَبِى عَبْدِ الرَّحْمَنِ إِنَّهُ لَمْ يَكْذِبْ وَلَكِنَّهُ نَسِيَ أَوْ أَخْطَأَ إِنَّمَا مَرَّ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى يَهُودِيَّةٍ يَبْكَى أَعْلُهَا، فَقَالَ: إِنَّهُمْ لَيَبْكُونَ عَلَيْهَا وَإِنَّهَا لَتُعَذَّبُ فِي قَبْرِهَا. رَوَاهُ الخمسة[٣].

کاتێ قسەکەی عومەریان گێڕایەوە بۆ عائیشە: گوایە مردوو سزا دەدرێ لەسەر ئەو گریانەی کە کەس و کارەکەی بۆی دەکەن،، عائیشە گوتی: (رەحمەتی خودا لە عومەر بێ) عومەر پیاوی درۆ نەبوو، بەڵام یاباش لە یادی نەماوە یا بە هەڵەدا چووە، چونکە بەخودا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) وەهای نەفەرموو، بەڵام فەرمووی: (درودی خوای لەسەربێ): کافرو بێ بڕوا کە کەس و کارەکەی بۆی دەگرین خودا بەهۆی ئەوەوە ئەوەندەی تر ئێش و ئازاری گرانتر دەکا، عائیشە گوتی: قورئانتان بەسە بۆ شایەتی راستیی ئەم قسەی منە کە دەفەرموێ:

{وَلاَ تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَى - ٦/١٦٤}.

هیچ کەسێ (با گوناهباریش بێ) باروگوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێ. لە گێڕانەوەیەکا: کە عائیشە ئەم قسەی ئیبنو عومەری بیستەوە کە دەڵێ: گوایە مردوو ئێش و ئازار دەدرێ بەهۆی گریانی کەسو کاریەوە، گوتی: ئەبو

(٣) بخاري. مغازي: ٣٩٧٨. مسلم. جنائز: ٢١٥٠ ، ٢١٥١. أبو داود. جنائز: ٢١٢٩.

عەبدوررەحمان خوا لێی خۆش بێ پیاوی درۆ نیە، بەڵام یا باش لە یادی نەماوە یا بە هەڵەدا چووە، چونکە شتەکە خۆی ئاوابو: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەلای گۆڕی ژنە جوولەکەیەکەوە رەت بوو، کەس و کارەکەی لە سەری دەگریان فەرمووی: ئەوان لەسەری دەگرین، کەچی ئەویش لە کۆڕەکەیدا سزا دەدرێ (ش/د/ت/ن).

١٠٣٤- عَنْ أَبِي مُوسَى (رَضيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَا مِنْ مَيِّتٍ يَمُوتُ فَيَقُومُ بَاكِيهِ فَيَقُولُ: وَاجَبَلاَهُ وَاسَنَدَاهُ أَوْ نَحْوَ ذَلِكَ إِلاَّ وُكِّلَ بِهِ مَلَكَانِ يَلْهَزَانِهِ أَهَكَذَا كُنْتَ. رَوَاهُ الترمذي وأحمد[٤].

ئەبو مووسا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: کاتێ کەسێ دەمرێ ئەگەر یەکێ لەوە دوا هەڵسێتەوەو بە گریانەوە بیلاوێنێتەوەو بڵێ:کێوم رۆ، پشتیوانم رۆ، یا شتی وا بڵێ، بێگومان کە ئەو مردووە دەدەنە دەست دوو فریشتە، خۆش خۆش دەماڵن بەهەر دوو بنا گوێیداو بە تەوسەوە پێی دەڵێن: ئایا تۆ وەك ئەمە دەڵێ، وا بووی!! (ت/ئەحمەد-س/ح).

١٩٧) گریان (بەبێ دەنگ بەرزکردنەوە) دروستە : (يجوز البكاء بغير رفع صوت)

١٠٣٥- عَنْ أَنَسٍ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: دَخَلْنَا مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى أَبِي سَيْفٍ الْقَيْنِ وَكَانَ ظِئْرًا لإِبْرَاهِيمَ (عَلَيْهِ السَّلاَمُ) فَأَخَذَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِبْرَاهِيمَ فَقَبَّلَهُ وَشَمَّهُ، ثُمَّ دَخَلْنَا عَلَيْهِ بَعْدَ ذَلِكَ، وَإِبْرَاهِيمُ يَجُودُ بِنَفْسِهِ، فَجَعَلَتْ عَيْنَا رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تَذْرِفَانِ، فَقَالَ: لَهُ عَبْدُ الرَّحْمَنِ بْنُ عَوْفٍ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) وَأَنْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِ؟ فَقَالَ: يَا ابْنَ عَوْفٍ إِنَّهَا رَحْمَةٌ ثُمَّ أَتْبَعَهَا بِأُخْرَى، فَقَالَ: (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِنَّ الْعَيْنَ تَدْمَعُ ، وَالْقَلْبَ يَحْزَنُ، وَلاَ نَقُولُ إِلاَّ مَا يَرْضَى رَبُّنَا، وَإِنَّا بِفِرَاقِكَ يَا إِبْرَاهِيمُ لَمَحْزُونُونَ. رَوَاهُ الأربعة[١].

---

(٤) بسند حسن (شرحه).

(١) بخاري. جنائز: ١٣٠٣. مسلم. فضائل: ٥٩٧٩ ، ٥٩٨٠. أبو داود. جنائز: ٢١٢٦.

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) فەرمووی: لە خزمەتی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) چووین بۆ ماڵی ئەبو سەیفی ئاسنگەر، کە مێردی دایەنەکەی ئیبراهیمی کوڕی پێغەمبەر بوو (دروودی خوایان لەسەربێ) واتە: باوکی شیری ئیبراهیم بوو، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) ئیبراهیمی هەڵگرت و گرتیە باوەش و تێر تێر ماچی کردو بۆنی کرد، لە پاشان چووینەوە بۆ ماڵیان، ئەم جارە کە چووین ئیبراهیم (دروودی خوای لەسەربێ) گیانی دەدا، جا چاوەکانی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هۆن هۆن فرمێسکیان پیا دەهاتە خوارەوە، جا عەبدورڕەحمانی کوڕی عەوف پێی گوت: ئەوە تۆیش دەگریت؟ ئەی پێغەمبەری خودا! فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): ئەی کوڕی عەوف! رێگەی رەحم ناگیرێ ئەمە نیشانەی رەحم و میهرەبانییە ئینجا فرمێسکێکی تری بە شوێنا رێژاو فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): چاو پڕ دەبێ لە ئەسرو دڵ کەیل دەبێ لە خەم و خەفەت بەڵام بەزمان ئەوەی رەزای خودای پەروەردگارمانی لەسەر نەبێ نایڵێین لە راستیدا ئەی ئیبراهیم! ئێمە لە دووریی تۆ خەمگین و خەمبارین و بە کۆچی بێ وەختت پەرۆشین! (ش/د/ت).

١٠٣٦- عَنْ ابْنِ عُمَرَ (رَضيَ أللهُ عَنهُمَا) قَالَ: اشْتَكَى سَعْدُ بْنُ عُبَادَةَ شَكْوَى لَهُ فَأَتَاهُ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَعُودُهُ مَعَ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ عَوْفٍ وَسَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ وَعَبْدِ اللَّهِ بْنِ مَسْعُودٍ، (رَضيَ أللهُ عَنهُمْ) فَلَمَّا دَخَلَ عَلَيْهِ وَجَدَهُ فِي غَاشِيَةٍ فَقَالَ: أَقَدْ قَضَى؟ قَالُوا: لاَ يَا رَسُولَ اللَّهِ. فَبَكَى النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَلَمَّا رَأَى الْقَوْمُ بُكَائَهُ بَكَوْا فَقَالَ: أَلاَ تَسْمَعُونَ إِنَّ اللَّهَ لاَ يُعَذِّبُ بِدَمْعِ الْعَيْنِ ، وَلاَ بِحُزْنِ الْقَلْبِ، وَلَكِنْ يُعَذِّبُ بِهَذَا أَوْ يَرْحَمُ. رَوَاهُ الشيخان[٢].

ئیبنو عومەر (خودایان لێ خۆش نوود بێ) دەڵێ: جارێ سەعدی کوڕی عوبادە نەخۆش بوو، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) رۆیشت بۆ سەرلێدانی، عەبدورڕەحمانی کوڕی عەوف و سەعدی کوڕی ئەبو وەققاص و عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوودیشی لەگەڵ بوون، کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) رۆیشتە

(٢) بخاري. جنائز: ١٣٠٤. مسلم. جنائز: ٢١٣٤. تحفة الأشراف: ٧٠٧٠.

ژوورەوە بۆ لای، روانی بووراوەتەوەو پەل و پۆی شکاوەو کەسوکارەکەی دەورەیان لێ داوە، جا فەرمووی: ئایا ماوە یا مردووە؟ گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! هێشتا ماوە، ئیتر پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەستی کرد بە گریان، کە خەڵکەکەیش دییان وا پێغەمبەر (درودی خودای لەسەربێ) دەگری، ئەوانیش گریان، ئەویش فەرمووی: (درودی خوای لەسەربێ) گوێتان لێ بێ: خودا لەسەر فرمێسکی چاوو لەسەر خەمو پەژارەی دڵ ئازارو سزاتان نادا، بەڵام بەهۆی ئەم زمانەوە سزاتان دەدا ئەگەر شیوەن و ناسوپاسیی پێ بکەن یا رەحمتان پێ دەکا ئەگەر لەکاتی سەختیی و قۆرت وکۆستدا قسەی باشی پێ بکەن، وەك ئەوە بڵێن: {إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعونَ - ٢/١٥٦}.

ئێمە هەموو دەست نێژی خوداین و دیسانەوە دەچینەوە بەردەستی خۆی. (شەیخان - واتە: بوخاریی و موسلیم، پڕ گۆڕەکەیان لە نوور بێ) ئەم فەرموودە پیرۆزەیان ریوایەت کردووە لە صەحیحەیندا، واتە: ئیمامی بوخاری ریوایەتی کردووە لە صەحیحی بوخاریداو ئیمامی موسلیم ریوایەتی کردووە لە صەحیحی موسلیمدا.

١٠٣٧- عَنْ أَنَسٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَخَذَ الرَّايَةَ زَيْدٌ فَأُصِيبَ، ثُمَّ أَخَذَهَا جَعْفَرٌ فَأُصِيبَ، ثُمَّ أَخَذَهَا بْنُ رَوَاحَةَ فَأُصِيبَ، وَإِنَّ عَيْنَيْ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) لَتَذْرِفَانِ ثُمَّ أَخَذَهَا خَالِدُ بْنُ الْوَلِيدِ مِنْ غَيْرِ إِمْرَةٍ فَفُتِحَ لَهُ. رَوَاهُ البخاري والنسائي[٣].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە غەزای مۆتەدا، ئەو رۆژەی کە سەرکردەکانی لەشکری ئیسلام شەهیدبوون، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هەواڵی شەهید بوونی ئەوانی پێ گوتین و فەرمووی: لە پێشا زەید ئاڵای لەشکری ئیسلامی هەڵگرت، تا شەهیدکرا، ئینجا جەعفەر هەڵی گرت تا ئەویش شەهیدکرا، ئینجاعەبدوڵڵای کوڕی رەواحە هەڵی گرت تا ئەویش پێکراو شەهیدبو لە پاشا خالیدی کوڕی وەلید لە خۆیەوە بەبێ فەرمانی

(٣) بخاري. مغازي: ٤٢٦١ ، ٤٢٦٠ ، (١٤٧٨ تجريد = ٣٧٥٧) ١٢٤٦ ، ٢٧٩٨ ، ٣٠٦٣ ، ٣٦٣٠ ، ٣٧٥٧ ، ٦٢٤٢.

كەس ئالأكەی هەڵگرت، وە خودا سەری خستو خەڵاتی سەركەوتنی پێ بەخشی لەكاتی گێڕانەوەی باسی داستانی شەهیدبوونی ئەم پاڵەوانانەدا چاوەكانی حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) هۆن هۆن ئەسریان دەڕشت (ب/ن).

١٠٣٨- وَعَنْهُ قَالَ: قَنَتَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) شَهْرًا حِينَ قُتِلَ الْقُرَّاءُ، فَمَا رَأَيْتُ حَزِنَ حُزْنًا قَطُّ أَشَدَّ مِنْهُ. رَوَاهُ الشيخان(٤).

دیسان گوتی: لەو سەردەمەدا كە قورئانخوێنەكان شەهیدكران كە ژمارەیان حەفتا كەس بوو پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) تا ماوەی مانگێ لە نوێژی بەیانیدا لەپاش روكوعی دووەمەوە قونووتی دەخوێندو نزای خراپی لە بكوژەكانی قورئانخوێنەكان دەكرد هەرگیز نەمدیوە كە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وەك ئەو ماوەیە ئاوا خەمباربێ (ش).

١٩٨) بەشی سێیەم: ئارامو خۆراگرتنو رازی بوون بە بەشی خودای گەورە بەهرەیەكی گەلێ گەورەیە:

(الفصل الثالث: في الصبر والرضا وما أجعلهما!)

قَالَ أَللّهُ تعالى: {خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا – ٦٧/٢}.

خودا مردنو ژیانی دروست كردووە بۆ ئەوە تاقیتان بكاتەوە هەتا بزانێ كە كردەوەی كامتان باشترو جوانترە.

{قَالَ: أَللّهُ تعالى – {وَبَشِّرِ الصَّابِرِينَ، الَّذِينَ إِذَا أَصَابَتْهُم مُّصِيبَةٌ قَالُواْ: إِنَّا لِلّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعونَ أُولَئِكَ عَلَيْهِمْ صَلَوَاتٌ مِّن رَّبِّهِمْ وَرَحْمَةٌ وَأُولَئِكَ هُمُ الْمُهْتَدُونَ – ١٥٥/٢ – ١٥٧}.

واتە: ئەی پێغەمبەری خۆشەویست! مژدە بدە بەوانەی كە كاتێ مەینەتێكیان پێ دەگا، یا ئێشێ دەگات بە دڵیان، یا تووشی كۆست كەوتنێ دەبن، یا چورتمێ دێتە رێیان، خۆ دەگرن لەبەر باری خوداداو دەڵێن: {إِنَّا لِلّهِ

(٤) بخاري. وتر: ١٠٠٢. مسلم. مساجد: ١٠٤٣ – ١٥٥٢.

وَإِنَّا إِلَيْـهِ رَاجِعُـونَ} ئێمـە هـەموو دەسنیێژی خـوداین، لاریمـان نیـە لـە ئاسـتی فەرمانی، وە لەو دنیا دیسانەوە دەچێنەوە بەر دیوانی خۆی. ئەوانـە کـە ئەمـە حاڵو قسەیانە لە لایەنی خودایانەوە دروودی زۆرو جۆر بەجۆردا دەبارێ بـە سەریانا، وە بەخشش‌و رەحمەت‌و پایەو مایەی خێر لە لایـەنی خـوداوە دێتـە خـوارەوە بـۆ سـەریان، وە ئەمانـە گەیـشتوون بـە مـرازی خۆیـان‌و ڕێگـەی راستیان گرتووە.

١٠٣٩- قَالَ: عُمَرُ (رَضِيَ اللهُ عَنْـهُ) نِعْمَ الْعِدْلاَنِ، وَنِعْمَ الْعِلاَوَةُ فِي هَـذِهِ الآيَـةِ. رَوَاهُ البخاري[١].

عومـەر (خـوای لێ رازی بـێ) لـە بـارەی ئـەم ئایەتـەوە دەڵـێ: بەراسـتی لـەم ئایەتەدا مژدەی دوو تاباری چاك‌و سەربارێكی چاكی تیایـە دوو تابارەكەی بـرێتین لـە (صـلوات) و (رحمـە)ەكـە، سـەربارەكەیش برێتییـە لـە گەیـشتن بـە مرازی خۆیان‌و گرتنی ڕێی هیدایەت (ب).

١٠٤٠- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: مَرَّ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَـلَّمَ) بِامْرَأَةٍ تَبْكِـي عِنْدَ قَبْرٍ فَقَالَ: اتَّقِي اللَّهَ وَاصْبِرِي فَقَالَتْ: إِلَيْكَ عَنِّي ، فَإِنَّكَ لَمْ تُصَبْ بِمُصِيبَتِي ، وَلَمْ تَعْرِفْهُ. فَقِيلَ لَهَا: إِنَّهُ النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَأَتَتْ بَابَهُ فَلَمْ تَجِـدْ عِنْـدَهُ بَـوَّابِينَ فَقَالَتْ: لَمْ أَعْرِفْكَ فَقَالَ: إِنَّمَا الصَّبْرُ عِنْدَ الصَّدْمَةِ الأُولَى. رَوَاهُ الخمسة[٢].

ئەنـەس (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: ئافرەتـێ لەسـەر گـۆڕی منـاڵێكی خـۆی دەگریا، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەلایەوە رەت بوو پێی فەرموو: لـە خـودا بترسـەو ددان بـەخۆتا بگـرەو ئـارام بگـرە لەبـەر بـاری خـودادا، ژنەكـەیش نەیناسی كە ئەوە پێغەمبەرە، گوتی: بەولاوە! تۆ ئاگات لە دەردی من نیـە، لـە پاشا پێیان گوت: كـە ئـەوە پێغەمبـەر بـوو، ژنەكـەش چوو بۆ مـاڵی پێغەمبـەر (دروودی خوای لەسەربێ) روانی دەركەوانی لێ نیە، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا لێم

---

(١) روى البخاري هذا الأثر تعليقاً فى بدء الباب/ ٤٢ من كتاب الجنائز (مترجم).

(٢) بخاري. جنـائز: ١٢٥٢ ، ١٢٨٣ ، ١٣٠٢ ، ٧١٥٤. مـسلم. جنـائز: ٢١٣٦ ، ٢١٣٧. ابـو داود. جنـائز: ٣١٢٤. ترمـذى. جنائز: ٩٨٨. نسائي. جنائز: ١٨٦٨.

مەگرە کە ئەو قسە زەق و رەقەم لە رووی تۆدا کرد، چونکە نەم ناسیت، فەرمووی: (دروودی خوای لەسەربێ): ئەو صەبرو ئارام و خۆراگرتنەی کە خودا پێی خۆشە دەشێ لە سەرەتای خورپە لێ کەتنەوە بێ! (ش/د/ت/ن).

١٠٤١- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ يُصِيبُ الْمُؤْمِنَ مِنْ شَوْكَةٍ فَمَا فَوْقَهَا إِلاَّ رَفَعَهُ اللَّهُ بِهَا دَرَجَةً أَوْ حَطَّ عَنْهُ بِهَا خَطِيئَةً. رَوَاهُ الترمذي ومسلم[٣].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ هەرچی تووشی موسوڵمان دەبێ (لە درکێکەوە بیگرە تا زیاتر) بێگومان کە خودا دەیکا بە مایەی پایەی بەرزیی بۆی و دەیکا بەهۆی هەڵوەرینی تاوان و گوناهەکانی (ت/م).

١٠٤٢- قال المؤلف في شرحه غاية المأمول على تاج الأصول: وَكَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) جَالِساً فَطُفِيءَ الْمِصْبَاحُ فَاسْتَرْجَعَ فَقَالَتْ عَائِشَةُ: تَسْتَرْجِع لِلمِصْبَاحِ؟ فَقَالَ: كُلُّ مَا سَاءَ الْمُؤْمِنُ فَهُوَ مُصِيبَةٌ.

دانەر (رەحمەتی خودای لێبێ) لەشەرحەکەیدا دەڵێ: جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دادەنیشێ، چراکە دەکوژێنێتەوە، دەفەرموێ {إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعونَ} عائیشەیش دەڵێ: بۆ چرا کوژانەوەش {إِنَّا لِلَّه} دەکەیت! حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) وەڵامی دەداتەوە، دەفەرموێ: هەر شتێ ئازاری دڵی موسوڵمان بدا ئەوە بەمەینەت و موصیبەت حلێبە! (غایە المامول).

١٠٤٣- عَنْ مُحَمَّدِ بْنِ خَالِدٍ السُّلَمِيُّ عَنْ أَبِيهِ عَنْ جَدِّهِ (رَضِيَ اللهُ عَنهُمْ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا سَبَقَتْ لَهُ مِنَ اللَّهِ مَنْزِلَةٌ لَمْ يَبْلُغْهَا بِعَمَلِهِ، ابْتَلاَهُ اللَّهُ فِي جَسَدِهِ أَوْ فِي مَالِهِ أَوْ فِي وَلَدِهِ، ثُمَّ صَبَّرَهُ عَلَى ذَلِكَ حَتَّى يُبْلِغَهُ الْمَنْزِلَةَ الَّتِي سَبَقَتْ لَهُ مِنَ اللَّهِ تَعَالَى[٥].

---

(٣) ریاض/١ زەکات-٣ رقم/١٣/٣٧. بخاری/٥٦٤١. مسلیم/٢٥٧٣

(٥) بسند صالح (شرحه).

موحەممەدی كوڕی خالیدی ئەل(سولەمی لە باوكییەوە، لە باپیرییەوە) (خوایان لێ ڕازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئەو بەندەیەكە خودا لە پێشا پایەیەكی بەرزی بۆ دانابێ، وە ئەو بەندەیە بە كردەوەی خۆی نەگاتە ئەو پایەیە، ئەوە خودای گەورە یا لەشی یا ماڵی یا منداڵی دووچاری ئێش و ئازارو زیان دەكا، وە لە هەمان كات دا سەبووریشی دەداو سەبرو ئارامی دەداتێ هەتا دەیگەیەنێتە ئەو پایەیەی كە لە ڕابووردوودا خودای گەورە بۆی بڕیار داوە (د-سند صالح).

١٠٤٤- عَنْ أُمِّ الْعَلاَءِ (رَضيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: عَادَنِي رَسُولُ اللَّهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَأَنَا مَرِيضَةٌ فَقَالَ: أَبْشِرِي يَا أُمَّ الْعَلاَءِ فَإِنَّ مَرَضَ الْمُسْلِمِ يُذْهِبُ اللَّهُ بِهِ خَطَايَاهُ كَمَا تُذْهِبُ النَّارُ خَبَثَ الذَّهَبِ وَالْفِضَّةِ. رَوَاهُمَا أَبُو دَاوُدَ[٦].

ئوممو عەلا (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: نەخۆش بووم حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) هات بۆ سەرلێدانم، فەرمووی: ئەی ئوم عەلاء! مژدەبێ لێت: كە خودا بە نەخۆشی گوناهی موسوڵمان پاك دەكاتەوە، وەك چۆن زێڕو زیو بە ئاگری كوورە زاخاو دەدرێن و ژەنگ و چڵكیان پاك دەبێتەوە ئاوا! (د-سند صالح).

١٠٤٥- عَنْ أَبِي مُوسَى (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا مَرِضَ الْعَبْدُ أَوْ سَافَرَ، كُتِبَ اللهُ تَعَالَى لَهُ مِنَ الأَجْرِ مِثْلُ مَا كَانَ يَعْمَلُ صَحِيحًا مُقِيماً. رَوَاهُ أحمد والبخاري وأبو دَاوُدَ[٧].

ئەبو مووسا (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: بەندە ئەگەر نەخۆش بوو یا چوو بۆ سەفەر خودای گەورە بە كەرەمی خۆی ئەو ئەجرو پاداشەی بۆ دەنووسێ كە لەوەپێش لە حاڵەتی لەش ساخیدا بۆی دەنووسێ، یا بەنیشتەجێیی لە ماڵەوە بۆی دەنووسێ (ئەحمەد/ب/د).

---

(٦) بسند صالح (شرحه).

(٧) بخاري. جنائز: ١١٢٤، ١١٢٥، ٤٩٥٠، ٤٩٨٣.

١٩٩) پاداشی منداڵ مردن: (جزاء موت الاولاد)

١٠٤٦– عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَا مِنَ النَّاسِ مِنْ مُسْلِمٍ يُتَوَفَّى لَهُ ثَلاَثٌ لَمْ يَبْلُغُوا الْحِنْثَ ، إِلاَّ أَدْخَلَهُ اللَّهُ الْجَنَّةَ بِفَضْلِ رَحْمَتِهِ إِيَّاهُمْ. رَوَاهُ البخاري والنسائي وفي رواية للنسائيّ: مَا مِنْ مُسْلِمَيْنِ يَمُوتُ بَيْنَهُمَا ثَلاَثَةُ أَوْلاَدٍ لَمْ يَبْلُغُوا الْحِنْثَ إِلاَّ أَدْخَلَهُمَا اللَّهُ بِفَضْلِ رَحْمَتِهِ إِيَّاهُمُ الْجَنَّةَ. قَالَ: يُقَالُ لَهُمُ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ فَيَقُولُونَ حَتَّى يَدْخُلَ آبَاؤُنَا فَيُقَالُ ادْخُلُوا الْجَنَّةَ أَنْتُمْ وَآبَاؤُكُمْ [(١)].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەر موسوڵمانێ سێ منداڵێ بمرن رەسیدە نەبووبن، بێگومان کە خودا لەبەر خاتری ئەو منداڵانە دەیباتە بەهەشت (ب/ن) لە گێڕانەوەیەکی نەسائیدا: ئەو دوو موسوڵمانەی کە سێ منداڵی نەباڵقیان بمرێ، بێگومان کە خودا لەبەر خاتری منداڵەکانیان خۆشیان دەباتە بەهەشت، فەرمووی: پێیان دەڵێن: بچنە بەهەشتێ، دەڵێن: بەبێ باوك و دایکمان ناچین! ئەوجا پێیان دەڵێن: باشە خۆتان و باوك و دایکتان پێکەوە بچنە بەهەشتێ!

١٠٤٧– عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لاَ يَمُوتُ لِمُسْلِمٍ ثَلاَثَةٌ مِنَ الْوَلَدِ ، فَيَلِجَ النَّارَ إِلاَّ تَحِلَّةَ الْقَسَمِ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ أبا دَاوُدَ[(٢)].

لە ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: هەر موسوڵمانێ سێ منداڵی بمرن مەگەر بۆ ئاهی سوێن بچێتە دۆزەخ! (ش/ت/ن).

١٠٤٨– عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النِّسَاءَ قُلْنَ لِلنَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اجْعَلْ لَنَا يَوْمًا، فَوَعَظَهُنَّ وَقَالَ: أَيُّمَا امْرَأَةٍ مَاتَ لَهَا ثَلاَثَةٌ مِنَ الْوَلَدِ كَانُوا لَهَا حِجَابًا مِنَ النَّارِ قَالَتِ امْرَأَةٌ: وَاثْنَانِ؟ قَالَ: وَاثْنَانِ. رَوَاهُ الشيخان والنسائي[(٣)].

---

(١) بخاري. جنائز: ١٢٤٨ ، ١٣٨١.

(٢) بخاري. ايمان ونزور: ٦٦٥٦ ، ١٢٥١. مسلم. البرو الصلة: ٦٦٣٩.

ئەبو سەعید (خوای لێ رازی بێ) گوتی: ژنان گوتیان بە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ): رۆژێکمان بۆ دابنێ، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) رۆژێکی تایبەتی بۆ دیاری کردن و لەو رۆژەدا پەندی دادان و ئامۆژگاری کردن و فەرمووشی: هەر ژنێ سێ جگەر گۆشەی بمرن دەبن بە شووراو پەرژین بۆی بەدەور ئاگری دۆزەخدا، ئافرەتێکیش گوتی: ئەی ئەگەر دوانی بمرێ چۆنە؟ فەرمووی: ئەگەر دوانیشی بمرێ هەروا! (ش/ن).

١٠٤٩- وَجَاءَتِ امْرَأَةٌ بِابْنٍ لَهَا يَشْكِي فَقَالَتْ: يَا رَسُولَ اللهِ أَخَافُ عَلَيْهِ وَقَدْ قَدَّمَتُ ثَلاثَةً فَقَالَ: رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): لَقَدِ احْتَظَرْتِ بِحِظَارٍ شَدِيدٍ مِنَ النَّارِ. رَوَاهُ النسائي ومسلم[٤].

ئافرەتێ کوڕێکی نەخۆش بوو هێنای بۆ لای پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) عەرزی کرد: ئەی پێغەمبەری خودا! سێ منداڵی ترم مردوون ترسم لەمەش هەیە، پێغەمبەریش (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بەراستی شووراییەکی گەلێ قایم و مەحکەمەت بۆ خۆت کێشاوە بە دەوری ئاگری دۆزەخا (ن/م).

١٠٥٠- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ قَدَّمَ ثَلاثَةً لَمْ يَبْلُغُوا الْحُلُمَ كَانُوا لَهُ حِصْنًا حَصِينًا مِنَ النَّارِ. قَالَ: أَبُو ذَرٍّ قَدَّمْتُ اثْنَيْنِ. قَالَ: وَاثْنَيْنِ فَقَالَ: أُبَيُّ بْنُ كَعْبٍ سَيِّدُ الْقُرَّاءِ: قَدَّمْتُ وَاحِدًا قَالَ: وَوَاحِدًا وَلَكِنْ إِنَّمَا ذَاكَ عِنْدَ الصَّدْمَةِ الأُولَى[٥].

عەبدوڵلا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر کەسێ سێ منالی نابالقی لە پێش خۆیەوە بمرن دەبن بە قەلایەکی قایم بۆی و لە ئاگر پەنای دەدەن، ئەبو ذەرریش گوتی: من دوو منالم مردوون فەرمووی: دوو منالیش هەروایە! ئوبەی کوری کەعبیش (کە سەرگەورەی

---

(٣) بخاري. علم: ١٠١ ، ١٠٢ ، ١٢٤٩ ، ٧٣١. مسلم. البر والصلة: ٦٦٤٢.

(٤) مسلم. البر والصلة: ٦٦٤٥ ، ٦٦٤٦. نسائي. جنائز: ١٨٧٦.

(٥) بسند غريب (شرحه).

قورئان خوێنەکانە) گوتی: منیش منداڵێکم لە پێش خۆمەوە ڕەت کردووە، فەرمووی (درودی خوای لەسەربێ): یەك منداڵیش هەروایە، بەلاّم بەمەرجێ باوك و دایك ئەمەیان بۆ هەیە کە لەکاتی ڕوودانی خورپەدا ورەبەرنەدەن[1] (تیرمیذی – هەزار رەحمەتی لێبێ – بەسەنەدێکی غەریب).

١٠٥١– عَنْ ابْنَ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ كَانَ لَهُ فَرَطَانِ مِنْ أُمَّتِي أَدْخَلَهُ اللّٰهُ بِهِمَا الْجَنَّةَ. فَقَالَتْ عَائِشَةُ: فَمَنْ كَانَ لَهُ فَرَطٌ مِنْ أُمَّتِكَ قَالَ: وَمَنْ كَانَ لَهُ فَرَطٌ يَا مُوَفَّقَةُ قَالَتْ: فَمَنْ لَمْ يَكُنْ لَهُ فَرَطٌ مِنْ أُمَّتِكَ؟ قَالَ: فَأَنَا فَرَطُ أُمَّتِي لَنْ يُصَابُوا بِمِثْلِي[6].

ئیبنو عەباس (خوایان لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر کەسێ لە ئۆمەتم لە پێش خۆیەوە دوو منداڵی بمرن دەبن بە پێشڕەو بۆی لەبەهەشتا، جێگەی بۆ خۆش دەکەن چونکە خودا لەبەر خاتری ئەو دوو منداڵەی خۆشی دەباتە بەهەشت عائیشەش (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ئەی ئەوەی لە ئۆمەتت یەك منداڵی پێشڕەوی هەبێ؟ فەرمووی (درودی خوای لەسەربێ): ئەی خوداپێداو! ئەوەشی یەك منداڵی پێشڕەوی هەبێ هەروا گوتی: ئەی باشە، ئەی ئەوەی لە ئۆمەتت کە هیچ منداڵی پێشڕەوی نەبێ؟ فەرمووی: خۆم پێشڕەوی هەموو ئۆمەتمم، هەرگیزاو هەرگیز ئۆمەتم بەمەرگی کەسی تر وەك مەرگی من وا کۆستی قەوییان ناکەوێ! (ت–س/ح).

١٠٥٢– عَنْ أَبِي مُوسَى (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا مَاتَ وَلَدُ الْعَبْدِ قَالَ: اللّٰهُ لِمَلاَئِكَتِهِ قَبَضْتُمْ وَلَدَ عَبْدِي. فَيَقُولُونَ نَعَمْ. فَيَقُولُ قَبَضْتُمْ ثَمَرَةَ فُؤَادِهِ. فَيَقُولُونَ نَعَمْ. فَيَقُولُ مَاذَا قَالَ: عَبْدِي فَيَقُولُونَ حَمِدَكَ وَاسْتَرْجَعَ. فَيَقُولُ اللّٰهُ ابْنُوا لِعَبْدِي بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ وَسَمُّوهُ بَيْتَ الْحَمْدِ. روى هذه الثلاثة الترمذي[7].

---

[1] هەزار رەحمەت لە تۆش نووری. وەرگێر

(٦) بسند حسن (شرحه).

(٧) بسند حسن (شرحه).

ئەبو مووسا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: كاتێ كە بەندەیێ منالێكی دەمرێ، خودا بەفریشتەكانی دەفەرموێ: گیانی منالی بەندەكەمتان كێشا؟ دەڵێن: بەڵێ، دەفەرموێ: جگەر گۆشەكەیتان لێ سەندو بەش‌و بارەی دڵتان لێ وەرگت؟ دەڵێن: بەڵێ، جا دەفەرموێ: بەندەكەم چی گوت؟ دەڵێن: حەمدو سوپاسی تۆی كردو گوتی: {إِنَّا لِلّـهِ وَإِنَّـا إِلَيْـهِ رَاجِعـونْ} جا خودای گەورە دەفەرموێ: كۆشكێ لە بەهەشتا دروست بكەن بۆ ئەو بەندەیەمو ناوی لێ بنێن كۆشكی حەمدو سوپاس (ت-س/ح).

٢٠٠) سەرلێدانی نەخۆش‌و نزاكردن بۆی : (عيادة المريض والدعاء له)

١٠٥٣- عَنِ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: حَقُّ الْمُسْلِمِ عَلَى الْمُسْلِمِ خَمْسٌ رَدُّ السَّلاَمِ ، وَعِيَادَةُ الْمَرِيضِ ، وَاتِّبَاعُ الْجَنَائِزِ ، وَإِجَابَةُ الدَّعْوَةِ ، وَتَشْمِيتُ الْعَاطِسِ. رَوَاهُ الخمسة[١].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: مافی موسوڵمان لەسەر موسوڵمان پێنجن: وەڵام دانەوەی سڵاو، سەرلێدانی نەخۆش، شوێن كەوتنی تەرم، چوون بۆ سەر دەعوەت‌و بانگێشتن، نزاكردن بۆ پژمیو (ش/د/ت/ن).

١٠٥٤- عَنْ ثُوَيْرِ ابْنُ أَبِي فَاخِتَةَ عَنْ أَبِيهِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أَخَذَ عَلِيٌّ بِيَدِي قَالَ: انْطَلِقْ بِنَا إِلَى الْحَسَنِ نَعُودُهُ. فَوَجَدْنَا عِنْدَهُ أَبَا مُوسَى، فَقَالَ: عَلِيٌّ عَلَيْهِ السَّلاَمُ: أَعَائِدًا جِئْتَ يَا أَبَا مُوسَى أَمْ زَائِرًا فَقَالَ: لاَ بَلْ عَائِدًا. فَقَالَ: عَلِيٌّ سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَقُولُ: مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَعُودُ مُسْلِمًا غُدْوَةً إِلاَّ صَلَّى عَلَيْهِ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ حَتَّى يُمْسِيَ وَإِنْ عَادَهُ عَشِيَّةً إِلاَّ صَلَّى عَلَيْهِ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ حَتَّى يُصْبِحَ وَكَانَ لَهُ خَرِيفٌ فِي الْجَنَّةِ. رَوَاهُ الترمذي وابو داود[٢].

---

(١) بخاري. جنائز: ١٢٤٠. مسلم. سلام: ٥٦١٥. أبو داود أدب: ٥٠٣٠.

(٢) واحمد وابن حبان والحاكم وصححه (شرحه).

تووەیری كوڕی ئەبو فاخیتە لە باوكیەوە (خوای لێ رازی بێ) (گوتی: عەلی دەستی گرتم و گوتی: بابچین بۆ هەواڵپرسیی حەسەنی كوڕم، نەخۆشە كە ئێمە چووین ئەبو مووسای لەلا بوو، عەلی (خوای لێ رازی بێ) پێی گوت: ئەی ئەبو مووسا! بۆ سەرلێدانی نەخۆش هاتوویت یا بۆ دیدەنی پەتێ؟ گوتی: نەء، بەناوی سەرلێدانی نەخۆشەوە هاتووم. عەلی گوتی: لە حەزرەتم بیستووە (دروودی خوای لەسەربێ) دەیفەرموو: هەر موسوڵمانێ سەر لەبەیانی بچێت بۆ سەرلێدانی موسوڵمانێكی نەخۆش، حەفتا هەزار فریشە تا ئێوارێ رەحمەتی بۆ دەنێرن، ئەگەر سەر لە ئێوارێ بچێت بۆ سەرلێدانی حەفتا هەزار فریشە تا سبەینێ رەحمەتی بۆ دەنێرن، وە بێستانێكیشی دەدەنێ لە بەهەشتا بۆ خۆی (ت/د/ئەحمەد:ص).

١٠٥٥- عَنْ زَيْدِ بَنِ أَرْقَمَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: عَادَنِي رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مِنْ وَجَعٍ كَانَ بِعَيْنَيَّ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وأحمد والحاكم وصححه[٣].

زەیدی كوڕی ئەرقەم (خوای لێ رازی بێ) گوتی: چاوم دەئێشا، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بە بۆنەی ئەوەوە هات بۆ سەرلێدانم (د/ئەحمەد/حاكم:ص).

١٠٥٦- عَنْ ثَوْبَانَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ الْمُسْلِمَ إِذَا عَادَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ لَمْ يَزَلْ فِي خُرْفَةِ الْجَنَّةِ. رَوَاهُ الترمذي ومسلم وزاد: حَتَّى يَرْجَعَ، قِيْلَ يَا رَسُولَ اللهِ: وَمَا خُرْفَةِ الْجَنَّةِ؟ قَالَ: جَنَّاهَا[٤].

ثەوبان (خوای لێ رازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: كاتێ موسوڵمان دەچێ بۆ هەواڵپرسینی برای موسوڵمانی نەخۆش، ئەوە دەچێت بۆ رنینی میوەی بەهەشت! (ت/م) موسلیم ئەمەشی پترە: ئەوە میوەی بەهەشت دەچنێ هەتا دەگەڕێتەوە گوترا: ئەی پێغەمبەری خودا! چنین یانی چی؟ فەرمووی: یانی بەری باخەكەی دەڕنێ!

---

(٣) صحيح عند الحاكم

(٤) مسلم. البر والصلة: ٦٤٩٩.

١٠٥٧- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ تَوَضَّأَ فَأَحْسَنَ الْوُضُوءَ وَعَادَ أَخَاهُ الْمُسْلِمَ مُحْتَسِبًا، بُوعِدَ مِنْ جَهَنَّمَ مَسِيرَةَ سَبْعِينَ خَرِيفًا قِيْلَ: يَا أَبَا حَمْزَةَ مَا الْخَرِيفُ؟ قَالَ: الْعَامُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٥].

ئەنەس (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرمویێ: هەر کەسێ دەسنوێژێکی جوان بگرێو ساخ لەبەر ڕەزای خودا بچێ بۆ هەواڵپرسینیی برایەکی موسوڵمانی نەخۆشی ئەوە حەفتا پاییز لە دۆزەخ دوور دەخرێتەوە گوترا: ئەی ئەبو حەمزە! پاییز یانی چی؟ گوتی: یانی ساڵ(د).

١٠٥٨- عَنْ عَائِشَةَ بِنْتِ سَعْدٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا) أَنَّ أَبَاهَا قَالَ: اشْتَكَيْتُ بِمَكَّةَ، فَجَاءَنِي النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَعُودُنِي وَوَضَعَ يَدَهُ عَلَى جَبْهَتِي ثُمَّ مَسَحَ صَدْرِي وَبَطْنِي ثُمَّ قَالَ: اللَّهُمَّ اشْفِ سَعْدًا وَأَتْمِمْ لَهُ هِجْرَتَهُ. رواه أَبُو دَاوُدَ والبُخاري[٦].

عائیشەی کچی سەعد (خوایان لێ ڕازی بێ) گوتی: باوکم گوتی: لەمککە نەخۆش کەوتم پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) هات بۆ هەواڵ پرسینم، دەستی لەسەر تەوێڵم دانا، ئینجا دەستی هێنا بە سینگو سکماو فەرمووی: خودایە! شیفای سەعد بدەو کۆچەکەی بۆ تەواوکەو لە مەککە مەیمرێنە کە وڵاتو شوێنەزای خۆیەتی (د/ب).

١٠٥٩- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ عَادَ مَرِيضًا لَمْ يَحْضُرْ أَجَلُهُ فَقَالَ: عِنْدَهُ سَبْعَ مِرَارٍ: أَسْأَلُ اللَّهَ الْعَظِيمَ رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ أَنْ يَشْفِيَكَ إِلاَّ عَافَاهُ اللَّهُ مِنْ ذَلِكَ الْمَرَضِ. رَوَاهُ أصحاب السنن[٧].

ئیبنو عەبباس (خوایان لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر کەسێ بچێ بۆ سەرلێدانی نەخۆشێ کە ئاکام (ئەجەل)ی نەهاتبێ وە حەوت جار لەلای بڵێ:

---

(٥) سکت عنه.

(٦) بخاري. مرضى: ٥٦٥٩.

(٧) وراواه ابن حبان والكاحم وصححه (شرحه).

{أَسْأَلُ اللهَ الْعَظِيمَ رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ أَنْ يَشْفِيَكَ}:

داوا دەكەم لە خودای گەورە كە پەروەردگاری بارەگای گەورەیە، كە چاكت بكاتەوەو شیفات بدات. ئیتر بێگومان كە خودا لەو نەخۆشییە چاكی دەكاتەوە (د/ت/ن/حاكم:ص).

١٠٦٠- قَالَ: الشارح (رحمه الله تعالى) في الفصل الثالث من هذا الباب: فَالْمَرَضُ يَكُونُ لِرَفْعِ الدَّرَجَاتِ إِنْ كَانَ الْمَرِيضُ طَاهِرًا وَإِلاَّ طَهَّرَهُ مِنَ السَّيِّئَاتِ الَّتِي لَوْلاَهُ (أَيِ الْمَرَضَ) لَطَهَّرَ (أَيِ الْمَرِيضَ) بِالنَّارِ. ومنه حديث الترمذي: إِنَّمَا مَثَلُ الْمَرِيضِ إِذَا بَرَأَ وَصَحَّ مَنْ مَرَضِهِ كَالْبَرْدَةِ الَّتِي تَقَعُ مِنَ السَّمَاءِ فِي صَفَائِهَا وَلَوْنِهَا. بَلْ وَيَكُونُ الْمَرِيضُ عِبْرَةً لحديث أبي داود وأحمد: إِنَّ الْمُؤْمِنَ إِذَا أَصَابَهُ السَّقَمُ ثُمَّ أَعْفَاهُ اللَّهُ مِنْهُ كَانَ كَفَّارَةً لِمَا مَضَى مِنْ ذُنُوبِهِ وَمَوْعِظَةً لَهُ فِيمَا يَسْتَقْبِلُ وَإِنَّ الْمُنَافِقَ إِذَا مَرِضَ ثُمَّ أُعْفِيَ كَانَ كَالْبَعِيرِ عَقَلَهُ أَهْلُهُ ثُمَّ أَرْسَلُوهُ فَلَمْ يَدْرِ لِمَ عَقَلُوهُ وَلَمْ يَدْرِ لِمَ أَرْسَلُوهُ. فَقَالَ: رَجُلٌ مِمَّنْ حَوْلَهُ: يَا رَسُولَ اللَّهِ وَمَا الأَسْقَامُ؟ وَاللَّهِ مَا مَرِضْتُ قَطُّ. فَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قُمْ عَنَّا فَلَسْتَ مِنَّا. (غاية المأمول)[٨].

شاریح (غەرقی رەحمەتی خودا بێ) لەشەرحەكەدا لە بەشی سێیەمی ئەم بابەتەدا دەڵێ: جاری وا هەیە نەخۆشی بۆ گەیشتن بە پایەی بەرزو پلەی بڵندە، وەك نەخۆشینی ئەو كەسانە كە خۆیان پاك‌و بێگوناهن، وە جاری وا هەیە بۆ سڕینەوەی گوناهە، چونكە گوناهبار ئەگەر ئەو نەخۆشییە پاكی نەكردایەتەوە بە ئاگری دۆزەخ پاك دەكرایەوە لێی. وە لەم بابەتەیە ئەم فەرموودەیە كە تیرمیذی گێڕاویەتیەوە كە دەفەرموێ: كاتێ موسوڵمان لە نەخۆشین چاك دەبێتەوە وەك ئەو دەنكە تەرزەیە وایە كە تازە لە ئاسمان باریبێ، ئەوەندە پاك‌و بێگەردو رۆشن‌و سپییە!. وە دەڵێ: بەڵكوو لەگەڵ ئەوەشا دەبێ بە پەندو تەمێ، بەڵگەی ئەم قسەیەش ئەم فەرموودەیەیە كە ئەبو داوودو ئەحمەد دەیگێڕنەوە، كە حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: موسوڵمان كاتێ تووشی دەردێ دەبێ و لەپاشا خودا چاكی دەكاتەوە لەو

(٨) منقول من الشرح.

دەردە ئەوە دەبێ بە كەفارەتی گوناهە رابووردووەكانی، سەرەڕای ئەوەیش دەبێ بە پەندو تەمێ و ئامۆژگاری بۆ ڕۆژانی لەوە دوای، بەڵام ئادەمیزادی ناپاك كاتێ نەخۆش دەكەوێ و چاك دەبێتەوە وەك وشترێ وایە كە خاوەنەكەی ناو بەناو دەیبەستێتەوەو ناو بەناو بەرەڵای دەكا نازانێ بۆچی بەستوویانەتەوە، هەروەك نازانێ لەبەرچی بەرەڵایان كردووە پیاوێ گوتی لەوێ بوو: ئەی پێغەمبەری خودا! نەخۆشی چییە؟ بەخودا من هەتا ئێستا نازانم نەخۆشی چییە؟ چونكە نەخۆش نەكەوتووم. پێغەمبەر پێی فەرموو: (هەڵسە لەگەڵ ئێمە دامەنیشە تۆ لە ئێمە نیت. (غایەتول مەئموول شەرحی تاجول ئوصول).

٢٠١) دروستە سەری مردوو لابرێ و ماچ بكرێ: (يجوز كشف الميت وتقبيله)

١٠٦١- عَنِ عَائِشَةَ (رَضيَ أَللّهُ عَنْهُا) قَالَتْ: أَقْبَلَ أَبُو بَكْرٍ (رَضيَ الله عَنْهُ) عَلَى فَرَسِهِ مِنْ مَسْكَنِهِ بِالسُّنْحِ حَتَّى نَزَلَ ، فَدَخَلَ الْمَسْجِدَ ، فَلَمْ يُكَلِّمِ النَّاسَ ، حَتَّى نَزَلَ فَدَخَلَ عَلَى عَائِشَةَ (رَضيَ أَللّهُ عَنْهُا) فَتَيَمَّمَ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ مُسَجًّى بِبُرْدِ حِبَرَةٍ ، فَكَشَفَ عَنْ وَجْهِهِ ، ثُمَّ أَكَبَّ عَلَيْهِ فَقَبَّلَهُ ثُمَّ بَكَى فَقَالَ: بِأَبِي أَنْتَ يَا نَبِيَّ اللّهِ ، لاَ يَجْمَعُ اللّهُ عَلَيْكَ مَوْتَتَيْنِ ، أَمَّا الْمَوْتَةُ الَّتِي كُتِبَتْ عَلَيْكَ فَقَدْ مُتَّهَا. رَوَاهُ البخاري والنسائي[1]

عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: ئەبو بەكر لە ماڵەكەی سونحیەوە بە سواری ماینێ هات، كە دابەزی یەكسەر ڕۆیشتە ناو مزگەوت، قسەی لەگەڵ كەس نەكرد تا چووە هۆدەكەی عائیشە (دروودی خوای لەسەربێ)، یەكسەر چووە سەر تەرمەكەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كە لەوێ بوو وە بەشاڵی یەمەنی داپۆشرابوو، جا ڕووی پێغەمبەری هەڵدایەوەو باوەشی پیا كردو ماچی كردو گریاو گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! باوكم بە سەرگەردانت بێ ئەو مردنەی كە خودا لەسەری نووسیبوویت ئەوا مردیت، ئیتر جارێكی تر نامریتەوە

(١) بخاري. جنائز: ١٢٤١ ، ١٢٤٢ ، ٣٦٦٧ ، ٣٦٦٩ ، ٤٤٥٧ ، ٣٦٦٩ ، ٤٤٥٢ ، ٤٤٥٥ ، ٥٧١٠.

چونكە ئەگەر وەك هەندێ كەس دەڵێن وابێ جارێكی تریش بمرێتەوە، هەندێ كەس دەیانگوت گوایە پێغەمبەر زیندوو دەبێتەوەو دەستو پای ئەو كەسانە دەبڕێ كە دەڵێن پێغەمبەر مردووە (ب/ن).

١٠٦٢- وَعَنْهَا قَالَتْ: رَأَيْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يُقَبِّلُ عُثْمَانَ بْنَ مَظْعُونٍ وَهُوَ مَيِّتٌ حَتَّى رَأَيْتُ الدُّمُوعَ تَسِيلُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي[٢].

دیسان گوتی: دیتم كە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) عوسمانی كوڕی مەظعوونی بە مردوویی ماچ دەكرد، وە هۆن هۆن فرمێسك بە چاویا دەهاتە خوارەوە (د/ت-س/ص).

٢٠٢) ئەوەی بۆ پێغەمبەر درودی خوای لەسەر كراوە لەكاتی مردنیدا:

ما فعل بالنبي ﷺ حين موته

١٠٦٣- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: سُجِّيَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حِينَ مَاتَ بِثَوْبِ حِبَرَةٍ. رَوَاهُ الثلاثة[١].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) كەمرد بە شاڵی یەمەنی دایانپۆشی (ش/د).

١٠٦٤- عَنْ عَامِرٍ الشَّعْبِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: غَسَّلَ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلِيٌّ وَالْفَضْلُ وَأُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ، وَهُمْ أَدْخَلُوهُ فِي قَبْرِهِ، فَلَمَّا فَرَغَ عَلِيٌّ قَالَ: إِنَّمَا يَلِي الرَّجُلَ أَهْلُهُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[٢].

عامیری ئەل-شەعبی (خوای لێ رازی بێ) گوتی: عەلیو فەضلو ئوسامەی كوڕی زەید تەرمەكەی پێغەمبەریان شۆرد، هەر ئەوانیش دایان هێڵایە ناو قەبرەكەیەوە، جا عەلی كەلێ بووە گوتی: پیاو دەبێ كەسو كاری خۆی سەرەو كاری بكەن (د).

---

(٢) بسند صحيح (شرحه).

(١) بخاري. لباس: ٥٨١٤. مسلم. جنائز: ٢١٨٠. أبو داود. جنائز: ٣١٢٠.

(٢) سكت عنه

١٠٦٥- عَنْ عَائِشَةَ (رَضيَ أللهُ عَنهُا) قَالَت: لَمَّا أَرَادُوا غَسْلَ النَّبِيِّ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) قَالُوا: مَا نَدْرِي أَنُجَرِّدُ رَسُولَ اللَّهِ مِنْ ثِيَابِهِ كَمَا نُجَرِّدُ مَوْتَانَا أَمْ نُغَسِّلُهُ وَعَلَيْهِ ثِيَابُهُ، فَلَمَّا اخْتَلَفُوا أَلْقَى اللَّهُ عَلَيْهِمُ النَّوْمَ حَتَّى مَا مِنْهُمْ رَجُلٌ إِلاَّ وَذَقْنُهُ فِي صَدْرِهِ ثُمَّ كَلَّمَهُمْ مُكَلِّمٌ مِنْ نَاحِيَةِ الْبَيْتِ لاَ يَدْرُونَ مَنْ هُوَ: أَنِ اغْسِلُوا النَّبِيَّ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) وَعَلَيْهِ ثِيَابُهُ، فَقَامُوا إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) فَغَسَلُوهُ وَعَلَيْهِ قَمِيصُهُ يَصُبُّونَ الْمَاءَ فَوْقَ الْقَمِيصِ وَيُدَلِّكُونَهُ بِالْقَمِيصِ دُونَ أَيْدِيهِمْ وَكَانَتْ عَائِشَةُ تَقُولُ: لَوِ اسْتَقْبَلْتُ مِنْ أَمْرِي مَا اسْتَدْبَرْتُ مَا غَسَّلَهُ إِلاَّ نِسَاؤُهُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وابن حبَّان والحاكم[٣].

عائیشه (خوای لێ رازی بێ) گوتی: كەویستیان تەرمەكەی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بشۆرن گوتیان: نازانین ئایا پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) رووت بكەینەوە وەك چۆن مردووی ترمان رووت دەكەینەوە یاخود ئەم هەر بەجلەكانیەوە بیّ شۆرین، جا لەسەر ئەمە كەقسەیان یەكی نەگرت خودا خەوی لێ خستن، خەوێكی وا قورس كە یەك بەیەك سەریان بەسەر سینگیانا شۆڕبۆوە، ئینجا قسەكەرێ (لە گۆشەیەكی ماڵەكەوە) قسەی لەگەڵ كردن (بەبێ ئەوەی كە بزانن كێیە) گوتی: پێیان: تەرمی پێغەمبەر (دروودی خودای لەسەربێ) هەر بە جلەكانی خۆیەوە بیشۆرن، جا ئەوانیش هەڵسانو چوون بەلای تەرمەكەوەو هەر بە جلەكانیەوە شۆردیان (دروودی خودای لەسەربێ) ئاوەكەیان دەكرد بەسەر كراسەكەداو لەسەر كراسەكەوە دەستیان لە لەشی دەخست، عائیشە دەیگوت: تازە لە دەستم چوو ئەگەر ئەقڵی ئێستام ئەوسابوایە دەبوو ژنەكانی بیان شۆردایە! (د/ئیبنو حەببان/ حاكم-س/ص).

١٠٦٦- وَعَنْهاَ قَالَتْ: كُفِّنَ رَسُولَ اللَّهِ (صَلّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) فِي ثَلاَثَةِ أَثْوَابٍ يَمَانِيَةٍ، بِيضٍ سَحُولِيَّةٍ مِنْ كُرْسُفٍ، لَيْسَ فِيهِنَّ قَمِيصٌ وَلاَ عِمَامَةٌ. رَوَاهُ الخمسة[٤].

---

(٣) بسند صحيح (شرحه).

(٤) بخاري. جنائز: ١٢٦٤، ١٢٧١، ١٢٧٢، ١٢٧٣، ١٣٨٧. مسلم. جنائز: ٢١٧٧ - ٢١٧٩. أبو داود. جنائز: ٣١٥٢. ترمذي. جنائز: ٩٩٦. نسائي. جنائز: ١٨٩٨.

دیسان گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەسێ لۆ جلی یەمەنی سپی خاوێنی لۆکەدا کفن کرا، نەکراس و نە مێزەریان تیا نەبوو! (ش/د/ت/ن).

١٠٦٧- وَعَنْهَا قَالَتْ: لَمَّا قُبِضَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) اخْتَلَفُوا فِي دَفْنِهِ فَقَالَ: أَبُو بَكْرٍ: سَمِعْتُ مِنْ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) شَيْئًا مَا نَسِيتُهُ قَالَ: مَا قَبَضَ اللّٰهُ نَبِيًّا إِلاَّ فِي الْمَوْضِعِ الَّذِي يُحِبُّ أَنْ يُدْفَنَ فِيهِ، ادْفِنُوهُ فِي مَوْضِعِ فِرَاشِهِ(٥).

دیسان گوتی: (خوای لێ رازی بێ) کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کۆچی دوایی کرد، لەسەر جێگەی ناشتنەکەی قسەیان یەکی نەگرت، تا ئەبو بەکر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لەم بارەیەوە شتێکم لە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) ژنەوتووە هەر لە یادم ماوە، فەرمووی: (دروودی خوای لەسەربێ) خودا گیانی هیچ پێغەمبەرێ ناکێشێ، مەگەر لەو شوێنەدا کە خۆی حەزی لێبێ کە لەوێ بنێژرێ کەوابوو لە شوێنی نوێنەکەی خۆیدا بینێژن (ت- سند غريب).

١٠٦٨- عَنْ جَعْفَرَ ابْنِ مُحَمَّدٍ عَنْ أَبِيهِ (رَضيَ اللّٰهُ عَنْهُمْ) قَالَ: الَّذِي أَلْحَدَ قَبْرَ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) أَبُو طَلْحَةَ، وَالَّذِي أَلْقَى الْقَطِيفَةَ تَحْتَهُ شَقْرَانُ مَوْلَى رَسُولِ اللّٰهِ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) الَّذِي قَالَ: أَنَا وَاللّٰهِ طَرَحْتُ الْقَطِيفَةَ تَحْتَ رَسُولِ اللّٰهِ فِي الْقَبْرِ. رَوَاهُمَا التِرمذي(٦).

لە جەعفەری کوڕی موحەممەدەوە لە باوکیەوە (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: ئەبو طەلحە لادڕ (ئەڵحەدی گۆڕ)ەکەی بێغەمبەری دروست کرد (دروودی خوای لەسەربێ) واتە: لەبەری قیبلەی گۆڕەکەوە قوموشێکی بۆ شوێنی تەرمەکە دروست کرد، جا کە لاشەی پێغەمبەریان لە ناوا دانا بە نۆخشتی کاڵ لای پشتیان هەڵچنی. گوتی: شەقرانی نۆکەری

---

(٥) رواه الترمذي بسند غريب (شرحه).

(٦) بسند حسن (شرحه).

پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) قەیفەکەی لە گۆڕەکەیدا لە ژێر تەرمەکەیدا راخست ئەو شەقرانەی کە خۆی دەیگوت: بەخودا خۆم پارچە قەیفەکەم لەناو گۆڕەکەدا لەژێر تەرمەکەی پێغەمبەردا راخست (ت-س/ح).

٢٠٣) بەشی چوارەم: باسی ئەوشتانە کە پێویستین بۆ مردوو بکرێن
الفصل الرابع: فيما يلزم للميت

١٠٦٩- عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ (رَضِيَ أَللّٰهُ عَنْهُا) قَالَتْ: قَالَ: النَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي غُسْلِ ابْنَتِهِ ابْدَأْنَ بِمَيَامِنِهَا وَمَوَاضِعِ الْوُضُوءِ مِنْهَا. رَوَاهُ الخمسة[1].

ئوممو عەطییە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بۆ شۆردنی تەرمی زەینەبی کچی فەرمووی پێمان: لە ئەندامە راستەکانیەوە لە ئەندامەکانی دەس نوێژیەوە دەست پێبکەن بە شۆردنی (ش/د/ت/ن).

١٠٧٠- وَعَنْهاَ قَالَتْ: دَخَلَ عَلَيْنَا رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَنَحْنُ نَغْسِلُ ابْنَتَهُ فَقَالَ: اغْسِلْنَهَا ثَلاَثًا أَوْ خَمْسًا أَوْ أَكْثَرَ مَنْ ذَلِكَ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ، وَاجْعَلْنَ فِي الآخِرَةِ كَافُورًا، فَإِذَا فَرَغْتُنَّ فَآذِنَّنِي فَلَمَّا فَرَغْنَا آذَنَّاهُ، فَأَلْقَى إِلَيْنَا حِقْوَهُ فَقَالَ: أَشْعِرْنَهَا إِيَّاهُ. وَزَادَتْ فِي رِوَايَةٍ: فَضَفَرْنَا شَعَرَهَا ثَلاَثَةَ قُرُونٍ وَأَلْقَيْنَاهَا خَلْفَهَا. وَفِي رِوَايَةٍ: اغْسِلْنَهَا وِتْرًا ثَلاَثًا أَوْ خَمْسًا أَوْ أَكْثَرَ مِنْ ذَلِكَ إِنْ رَأَيْتُنَّ ذَلِكَ. رَوَاهُ الخمسة[2].

دیسان گوتی: خەریك بووین زەینەبی کچی پێغەمبەرمان دەشۆرد، پێغەمبەر خۆی (دروودی خوای لەسەربێ) هاتە ژوورەوە بۆ لامان فەرمووی: بە ئاوو مۆرد سێ جار بیشۆرن، یا پێنج جار، یا زیاتریش، وە لەدوا دەستا

(١) بخاری. جنائز: ١٢٥٤ ، ١٢٥٥ ، ١٢٥٦. مسلم. جنائز: ٢١٧٢ ، ٢١٧٣. أبو داود. جنائز: ٣١٤٥. ترمذي. جنائز: ٩٩٠.

(٢) بخاري. جنائز: ١٢٥٣. مسلم. جنائز: ٢١٦٥ — ٢١٧١. أبو داود. جنائز: ٣١٢٤ ، ٣١٤٦. نسائي. جنائز: ١٨٨٠ ، ١٨٨٥ ، ١٨٨٦ ، ١٨٨٧ ، ١٨٨٩ ، ١٨٩٢.

كافووریشی تێ بكەن، كاتێكیش لێ بوونەوە لە شۆردنەكەی ئاگادارم بكەن جا كەلێ بووینەوە پێمان گوت، جا حەزرەت كراس (ازار)ەكەی خۆی هەڵدا بۆمان و فەرمووی: بیكەن بەژێر كراسی واتە: لەسەر گۆشتەوە بیكەنە بەری، لە گێڕانەوەیەكا ئوم عەطییە ئەمەشی پتر كردووە: قژەكەشیمان شانە كردو كردمان بەسێ پەلك و بە پشتیا شۆڕمان كردەوە لە گێڕانەوەیەكی تردا: فەرمووی: (درودی خوای لەسەربێ) سێ جار یا پێنج جار سەراپا هەمو لەشی بشۆرن، ئەگەر بە پێوستتان زانی زیاتریش بیشۆرن، بەلاّم باجاری شۆردنەكانی تاك بێ (ش/د/ت/ن).

٢٠٤) شەهید نەدەشۆرریێو نە نوێژی لەسەر دەكرێ:
الشهيد لا يغسل ولا يصلى عليه

١٠٧١ – عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَجْمَعُ بَيْنَ الرَّجُلَيْنِ مِنْ قَتْلَى أُحُدٍ فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ ثُمَّ يَقُولُ: أَيُّهُمَا أَكْثَرُ أَخْذًا لِلْقُرْآنِ؟ فَإِذَا أُشِيرَ لَهُ إِلَى أَحَدِهِمَا قَدَّمَهُ فِي اللَّحْدِ، وَقَالَ: أَنَا شَهِيدٌ عَلَى هَؤُلاَءِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَأَمَرَ بِدَفْنِهِمْ فِي دِمَائِهِمْ، وَلَمْ يُغَسَّلُوا وَلَمْ يُصَلَّ عَلَيْهِمْ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ مسلماً[1].

جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) شەهیدەكانی غەزای ئوحودی دووپیاو، دوو پیاو، دەخستە ناو یەك لۆ جلەوە لەباتی كفن ئینجا دەیفەرموو: كامەیان زیاتر قورئانی لەبەر بوو؟ جا كە نیشانیان دەدا كامەیان پتر قورئانی لەبەر بووە ئەوەیانی لە ئەڵحەدەكەدا دەخستە لای قیبلەوە! وە فەرمووی: لە رۆژی قیامەتا من خۆم ئاگاداری ئەمانە دەكەم و دەبم بە شایەت بۆیان و شایەتییان بۆ دەدەم كە گیانی شیرینی خۆیان بەخت كردووە لە پێناوی خودادا، لە پاشا فەرمانی كرد هەر بەخوێن و خۆڕەكەی خۆیانەوە ناشتیانن، نە شۆردران و نە نوێژیان لەسەر كرا (ب/د/ت/ن).

---

(١) بخاري. غزوة أحد: ٤٠٧٩.

٢٠٥) كفنكردن: (التكفين)

١٠٧٢– عَنْ جَابِرٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) **عَنِ النَّبِيِّ** (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَالَ: إِذَا كَفَّنَ أَحَدُكُمْ أَخَاهُ فَلْيُحَسِّنْ كَفَنَهُ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاري[١].**

جابیر (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: کە یەکێتان برای موسوڵمانی خۆی کفن دەکا با بەجوانی کفنی بکا** (م/د/ت/ن).

١٠٧٣– عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضيَ أللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَالَ: الْبَسُوا مِنْ ثِيَابِكُمُ الْبَيَاضَ فَإِنَّهَا مِنْ خَيْرِ ثِيَابِكُمْ، وَكَفِّنُوا فِيهَا مَوْتَاكُمْ. رَوَاهُ الترمذي وصاحباه[٢].**

لە ئیبنو عەبباسەوە (خوایان لێ رازی بێ) **دەگێڕنەوە، ئەویش لە پێغەمبەرەوە** (درودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: جل و بەرگی سپیش لەبەر بکەن، چونکە ئەویش گەلێ جلی چاکە بۆ ئێوە، وە هەروەها بیکەن بە کفنیش بۆ مردووەکانیشتان** (ت/د/ن–س/ص).

١٠٧٤– وَلأَبِي دَاوُدَ: لاَ تَغَالَوْا فِي الْكَفَنِ فَإِنَّهُ يُسْلَبُهُ سَلْبًا سَرِيعًا[٣].

حەزرەت دەفەرموێ (درودی خوای لەسەربێ)**: زیادەڕەوی مەکەن لە کفندا چونکە بەزوویی رووت دەکرێتەوە، بەبێ سوود خاك دەیرزێنێ** (د).

١٠٧٥– عَنْ جَابِرٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) **اَنَّ رَسُولَ اللهِ** (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **كَفَّنَ حَمْزَةَ ابْنُ عَبْدِ الْمُطَّلِبْ فِي نِمْرَةٍ فِي ثَوْبٍ وَاحِدٍ. رَوَاهُ الترمذي[٤].**

جابیر (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **حەمزەی کوڕی عەبولموطەلیبی لەیەك لۆ شاڵی میلدارا کفن کرد** (ت–س/ص).

١٠٧٦– ⬅ (ب – ١ ز – ٢٠٢ رقم: ١٠٦٦/٤)[٥].

---

(١) مسلم. جنائز: ٢١٨٢. ابو داود. جنائز: ٢١٤٨. نسائي. جنائز: ١٨٩٤ ، ٢٠١٣.

(٢) بسند صحيح (شرحه).

(٣) سكت عنه الشارح.

(٤) بسند صحيح (شرحه).

(٥) راجع رقم: ١٠٦٦/٤ (تقدم).

١٠٧٧- عَنْ لَيْلَى بِنْتِ قَانِفٍ الثَّقَفِيَّةِ (رَضيَ أللهُ عَنهُا) قَالَتْ: كُنْتُ فِيمَنْ غَسَّلَ أُمَّ كُلْثُومٍ بِنْتَ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عِنْدَ وَفَاتِهَا، فَكَانَ أَوَّلُ مَا أَعْطَانَا رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الْحِقَاءَ ثُمَّ الدِّرْعَ ثُمَّ الْخِمَارَ ثُمَّ الْمِلْحَفَةَ ثُمَّ أُدْرِجَتْ بَعْدُ فِي الثَّوْبِ الآخِرِ قَالَتْ: وَرَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) جَالِسٌ عِنْدَ الْبَابِ مَعَهُ كَفَنُهَا يُنَاوِلُنَاهَا ثَوْبًا ثَوْبًا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وَأَحمد[٦].

لەیلای کچی قانیفی ئەل-ثەقەفییە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: ئوممو کولثومی کچی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) کە کۆچی دوایی کرد، خۆم یەکێك بووم لەو ژنانەی کە دەیان شۆرد، پێغەمبەر خۆی (درودی خوای لەسەربێ) لەکن دەرگاکە دانیشتبوو، کفنەکەی ئومو کولثوومی پێ بوو، پارچە پارچە دەیدایە دەستمان: لە پێش پیشا کراسەکەی دایە دەستمان، ئینجا سەرکراس، ئینجا سەرپۆش، ئینجا سەردەریی، لەپاش ئەمانە هەموو چەرچەفێکی ئاودامانیان تێوە پێچا (د/ئەحمەد-سند صالح).

١٠٧٨- ولابن ماجه (علي في الشرح): أَحْسَنُ مَا زُرْتُمُ اللّٰهَ بِهِ فِي قُبُورِكُمْ وَمَسَاجِدِكُمُ الْبَيَاضُ[٧].

حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: باشترین جلو بەرگێ کە لە مزگەوتو گۆڕدا دیدەنێ خودای پێوە بکەن جلو بەرگی سپییە (ماجە-غایة المامول).

١٠٧٩- قَالَتْ عَائِشَةَ (رَضيَ أللهُ عَنهُا) نَظَرَ أَبُو بَكْرٍ إِلَى ثَوْبِهِ الَّذِي كَانَ يُمَرَّضُ فِيهِ وَبِهِ بَقَعٌ مَنْ زَعَفْرَانَ فَقَالَ: اغْسِلُوا ثَوْبِي هَذَا، وَزِيدُوا عَلَيْهِ ثَوْبَيْنِ فَكَفِّنُونِي فِيهَا. قُلْتُ: إِنَّ هَذَا خَلَقٌ. قَالَ: إِنَّ الْحَيَّ أَحَقُّ، بِالْجَدِيدِ، إِنَّمَا هُوَ لِلْمُهْلَةِ. (شرحه)[٨].

---

(٦) بسند صالح (شرحه).

(٧) منقول من الشرح.

(٨) منقول من الشرح.

عائیشه (خوای لێ ڕازی بێ) **دەڵێ: ئەبو بەکر** (خوای لێ ڕازی بێ) **لەسەرە مەرگا تەماشای جلەکەی بەر خۆی کرد، چەن پەڵەیێ زەعفەرانی پێوەبوو، گوتی: ئەم جلەم بشۆرن و لەگەڵ دوو پارچە جلی تردا بیکەن بەکفن بۆم، گوتم: ئاخر ئەمە کۆنە! گوتی: ئاخر زیندوو لەبەرترە بە بەرگی تازە، کفن بۆ زووخاوو جەرەتاوە! (نەقڵ کراوە لەشەرحەکەوە).**

٢٠٦) کفنی کەسێ کە ئیحرامی حەج یا عەمرەی دابەستێ: (كفن المحرم)

١٠٨٠- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُمَا) أَنَّ رَجُلاً وَقَصَهُ بِعِيرُهُ وَنَحْنُ مَعَ مَعَ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَهُوَ مُحْرِمٌ فَقَالَ: رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اغْسِلُوهُ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ، وَكَفِّنُوهُ فِي ثَوْبَيْنِ، وَلاَ تُخَمِّرُوا رَأْسَهُ، فَإِنَّ اللّٰهَ يَبْعَثُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مُلَبِّيًا. رَوَاهُ الخمسة[1].

ئیبنو عەبباس (خوایان لێ ڕازی بێ) **گوتی: پیاوێ لە ئیحرامدابوو، لە وشترەکەی کەوتە خوارەوەو ئەستۆی شکاو مرد، ئێمەش لە خزمەتی پێغەمبەردا بووین** (درودی خوای لەسەربێ) **پێغەمبەر** (درودی خوای لەسەربێ) **خۆشی لە ئیحرامدا بوو، فەرمووی: بە ئاوو بە مۆرد بێ شۆرن و لە دوو لۆ جلا کفنی بکەن، بەڵام بۆنی خۆشی لێ مەدەن و سەریشی دامەپۆشن، چونکە ڕۆژی قیامەت کە خودا زیندووی دەکاتەوە بە بەرگی ئیحرامەوە زیندووی دەکاتەوەو وەك حاجیان لە ببەیکە دەکا! (ش/د/ت/ن).**

٢٠٧) لەکاتی شۆردن و کفنکردندا بخوردو بۆنی خۆش پێویستە، هەروەك باسکردنی چاکەکانی مردووش پێویستە: (ينبغي البخور وقت الغسل والتكفين وذكر المحاسن)

١٠٨١- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَطْيَبُ طِيبِكُمُ الْمِسْكُ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ البخاري[1].

---

(١) بخاري. جنائز: ١٢٦٥ ، ١٢٦٦ ، ١٢٦٧ ، ١٢٦٨ ، ١٨٣٩ ، ١٨٥١. مسلم. حج: ٢٨٨٣ — ٢٨٩٣. نسائي. حج: ٢٧١٢ ، ٢٨٥٣ ، ٢٨٥٤ ، ٢٨٥٧. ترمذي. حج: ٩٥١. أبو داود جنائز: ٣٢٣٨.

(١) راجع صحيح مسلم رقم: ٢٨٣١ ، ٢٨٣٣.

ئـەبو سـەعید (خـوای لێ رازی بێ) **گـوتی: پێغەمبـەر** (دروودی خـوای لەسـەربێ) **فەرمووی: باشترین بۆنی خۆشتان میسکە (م/د/ت/ن).**

١٠٨٢- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ أللهُ عَنْهَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَالَ: لاَ تَسُبُّوا الأَمْوَاتَ، فَإِنَّهُمْ قَدْ أَفْضَوْا إِلَى مَا قَدَّمُوا. رَوَاهُ البخاري والنسائي[٢].**

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) **دەڵێ: حەزرەت** (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: جنێو بە مردووان مەدەن، چونکە ئەوان روو بەروو بوونەتەوە لەگەڵ کردەوەی خۆیان چ چاك، چ خراپ، وە بەپێی ئەوە پاداشی خۆیان وەردەگرن (ب/ن).**

١٠٨٣- ذُكِرَ عِنْدَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **هَالِكٌ بِسُوءٍ فَقَالَ: لاَ تَذْكُرُوا هَلْكَاكُمْ إِلاَّ بِخَيْرٍ. رواه النسائي[٣].**

لە خزمەتی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) **بە خراپ ناوی مردوویەکیان هێنا، فەرمووی** (دروودی خوای لەسەربێ)**: بە چاکە نەبێ باسی مردووی خۆتان مەکەن (ن).**

١٠٨٤- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ أللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَالَ: اذْكُرُوا مَحَاسِنَ مَوْتَاكُمْ، وَكُفُّوا عَنْ مَسَاوِيهِمْ. رَوَاهُ الترمذي وأبو داود[٤].**

ئیبنو عومەر (خوایان لێ رازی بێ) **گوتی: حەزرەت** (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: باسی چاکەی مردووتان بکەنو باسی خراپەیان مەکەن (ت-سند غريب).**

٢٠٨) نوێژی مردوو: (الصلاة على الميت)

١٠٨٥- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) **عَنِ النَّبِيِّ** (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَالَ: إِذَا صَلَّيْتُمْ عَلَى الْمَيِّتِ فَأَخْلِصُوا لَهُ الدُّعَاءَ. رَوَاهُ ابو داود وابن حبّان وصححّه[١].**

---

(٢) بخاري: جنائز: ١٣٩٣.

(٣) سكت عنه الشارح.

(٤) بسند غريب (شرحه).

(١) صحيح عند ابن حبان.

ئـەبو هـورەیرە (خـوای لێ ڕازی بـێ) گـوتی: پێغەمبـەر (دروودی خـوای لەسـەربێ) فـەرمووی: كاتـێ نوێـژ دەكـەن لەسـەر مـردوو بـەدڵێكی پـاك بـۆی بپاڕێنـەوە! (د/ئیبنو حەببان:ص).

١٠٨٦- وَعَنْهُ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نَعَى النَّجَاشِيَّ فِي الْيَوْمِ الَّذِي مَاتَ فِيهِ، وَخَرَجَ بِهِمْ إِلَى الْمُصَلَّى فَصَفَّ بِهِمْ، وَكَبَّرَ عَلَيْـهِ أَرْبَـعَ تَكْـبِيرَاتٍ. رَوَاهُ الخمسة[٢].

دیسان گوتی: لەو ڕۆژەدا كە نەجاشی تیـامرد كـە پاشـای حەبەشـەبوو، وە پاشایەكی باش بوو پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) پـەیامی مردنـی ئـەوی بـە یارانی ڕاگەیانـد فـەرمووی: ئەصـحەمە كـە بەندەیـەكی باشـی خودابـوو ئـەمڕۆ مرد، جا حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) لەگـەڵ هاوڕێیانـا دەرچـوون، وە ڕۆیـشتن بـۆ نوێژگاكـە، لـەوێ لـە پـشت خۆیـەوە ڕیـزی كـردن و نوێـژی نادیـار: (صـلاة الغائب)ی بە كۆمەڵی لەسـەر كـرد، لـە نوێژەكـەدا چـوار ئـەڵلاهو ئەكبـەری كـرد (ش/د/ت/ن).

١٠٨٧- وَكَبَّرَ رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى جَنَازَةٍ فَرَفَعَ يَدَيْهِ فِـي أَوَّلِ تَكْبِيرَةٍ وَوَضَعَ الْيُمْنَى عَلَى الْيُسْرَى. رَوَاهُ الترمذي والدار قطني[٣].

جارێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەسەر تەرمێ نوێژی كرد، لـە یەكـەم ئـەڵلاهو ئەكبـەردا هـەردوو دەسـتی بـەرز كـردەوە، وە دەسـتی ڕاسـتی لەسـەر دەستی چەپی دانا (ت/دارە قوطنی- سند ضعیف).

١٠٨٨- وَقَالَ: طَلْحَةَ بْنِ عَبْدِ اللَّهِ: صَلَّيْتُ خَلْفَ ابْـنِ عَبَّـاسٍ (رَضِـيَ أللهُ عَنْهُمَا) عَلَى جَنَازَةٍ فَقَرَأَ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ، فَقَالَ: لِيَعْلَمُوا أَنَّهَا سُـنَّةٌ. رَوَاهُ البخـاري

---

(٢) بخـاري. جنـائز: ١٢٤٥ ، ١٣١٨ ، ١٣٢٧ ، ١٣٢٨ ، ١٣٣٣ ، ٣٨٨٠ ، ٣٨٨١. مـسلم. جنـائز: ٢٢٠١ — ٢٢٠٧. أبـو داود. جنائز: ٣٢٠٤. نسائي. جنائز: ١٩٧٠ ، ١٩٧٩.

(٣) بسند ضعيف (شرحه).

وابو داود والترمذي والنسائي ولفظه: فَقَرَأَ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ وَسُورَةٍ وَجَهَرَ، فَلَمَّا فَرَغَ قَالَ: سُنَّةٌ وَحَقٌّ(٤).

طەلحەی کوڕی عەبدوڵلا دەڵێ: لەسەر تەرمێ لە پشتی ئیبنو عەبباسەوە نوێژم کرد، سوورەتی فاتیحای تیا خوێند، کە دێباچەی قورئانە، وە ئیبنو عەبباس گوتی: بۆیە وام کرد تا موسوڵمانان بزانن کە خوێندنی فاتیحا لە نوێژی مردوودا یاساو، ڕەفتاری پێغەمبەر خۆیەتی (ب/د/ت/ن) گفتەی (ن): سوورەتی فاتیحاو سوورەتێکی تری بە دەنگی بەرز خوێند، کە لێ بووەوە گوتی: ئەمەی من کردم لەم نوێژەدا هەم یاساو کرداری حەزرەت خۆیەتی، هەم شتێکی ڕاستو دروستە.

١٠٨٩- عَنْ عَوْفَ بْنَ مَالِكٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى جَنَازَةٍ فَحَفِظْتُ مِنْ دُعَائِهِ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ وَارْحَمْهُ وَعَافِهِ وَاعْفُ عَنْهُ، وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ وَوَسِّعْ مُدْخَلَهُ، وَاغْسِلْهُ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ. وَنَقِّهِ مِنَ الْخَطَايَا كَمَا نَقَّيْتَ الثَّوْبَ الأَبْيَضَ مِنَ الدَّنَسِ، وَأَبْدِلْهُ دَارًا خَيْرًا مِنْ دَارِهِ وَأَهْلاً خَيْرًا مِنْ أَهْلِهِ، وَزَوْجًا خَيْرًا مِنْ زَوْجِهِ وَأَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ، وَأَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، أَوْ مِنْ عَذَابِ النَّارِ. رواه مسلم والنسائي والترمذي(٥).

عەوفی کوڕی مالیک (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەسەر تەرمێ نوێژی دەکرد ئەمەم لە نزاکەی لەبەرکرد:

{اللَّهُمَّ اغْفِرْ لَهُ وَارْحَمْهُ وَعَافِهِ وَاعْفُ عَنْهُ، وَأَكْرِمْ نُزُلَهُ وَوَسِّعْ مُدْخَلَهُ، وَاغْسِلْهُ بِالْمَاءِ وَالثَّلْجِ وَالْبَرَدِ. وَنَقِّهِ مِنَ الْخَطَايَا كَمَا نَقَّيْتَ الثَّوْبَ الأَبْيَضَ مِنَ الدَّنَسِ، وَأَبْدِلْهُ دَارًا خَيْرًا مِنْ دَارِهِ وَأَهْلاً خَيْرًا مِنْ أَهْلِهِ، وَزَوْجًا خَيْرًا مِنْ زَوْجِهِ وَأَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ، وَأَعِذْهُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، أَوْ مِنْ عَذَابِ النَّارِ}.

---

(٤) بخاري. جنائز: ١٣٣٥.

(٥) مسلم. جنائز: ٢٢٢٩ – ٢٢٣١. ترمذي. جنائز: ١٠٢٥. نسائي. طهارة: ٦٢ ، ١٩٨٢ ، ١٩٨٣.

خودایە! پەروەردگار! لێی خۆش بەو رەحمی پێ بکەو سەر ئاسوودەی هەردوو جیهانی کەو لێی ببورەو میوانەو رێزی بگرەو گۆڕی گوشادکەو بە ئاوو بەفرو تەرزە بیشۆرەو لە گوناه پاك پاکی بکەرەوە، وەك چۆن جلێکی سپی پاك رابگری و لە چڵك دووری بگری ئاوا، وە ماڵێ لە ماڵەکەی خۆی باشترو خێزانێ لە خێزانەکەی خۆی باشترو هاوسەرێ لە هاوسەرەکەی خۆی باشتری بدەرێ، بیبەرە بەهەشت و پەنای بدە لە سزای گۆڕو لە سزای ئاگری دۆزەخ. عەوف گوتی: تەنانەت ئەم نزایەم ئەوەندە بەدڵ بوو خۆزگەم خواست کە ئەو مردووە من بوومایە! (م/ن/ت).

١٠٩٠– عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى جَنَازَةٍ فَقَالَ: اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِحَيِّنَا، وَمَيِّتِنَا، وَصَغِيرِنَا، وَكَبِيرِنَا، وَذَكَرِنَا، وَأُنْثَانَا، وَشَاهِدِنَا، وَغَائِبِنَا، اللَّهُمَّ مَنْ أَحْيَيْتَهُ مِنَّا فَأَحْيِهِ عَلَى الإِيمَانِ وَمَنْ تَوَفَّيْتَهُ مِنَّا فَتَوَفَّهُ عَلَى الإِسْلاَمِ اللَّهُمَّ لاَ تَحْرِمْنَا أَجْرَهُ وَلاَ تُضِلَّنَا بَعْدَهُ. رَوَاهُ أصحاب السُّنن[٦].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەسەر تەرمێ نوێژی دەکرد فەرمووی:

{اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِحَيِّنَا، وَمَيِّتِنَا، وَصَغِيرِنَا، وَكَبِيرِنَا، وَذَكَرِنَا، وَأُنْثَانَا، وَشَاهِدِنَا، وَغَائِبِنَا، اللَّهُمَّ مَنْ أَحْيَيْتَهُ مِنَّا فَأَحْيِهِ عَلَى الإِيمَانِ وَمَنْ تَوَفَّيْتَهُ مِنَّا فَتَوَفَّهُ عَلَى الإِسْلاَمِ اللَّهُمَّ لاَ تَحْرِمْنَا أَجْرَهُ وَلاَ تُضِلَّنَا بَعْدَهُ}.

ئەی خودایە! لەزیندوو مردوومان خۆش بە، هەروا لە گچکەو گەورەمان و لە نێرو مێمان و لە دیارو نادیارمان، پەروەردگارا! ئەوی لە ئێمە دەیژێنی لەسەر ئیمان و باوەڕ بی ژێنەو ئەوەی لە ئێمە دەیمرینی لەسەر ئیسلامەتی بیمرێنە، خودایە! لە پاداشی ئەو بێ بەشمان مەکەو لەپاش ئەویش گومڕامان مەکە (د/ت/ن–س/ص).

(٦) بسند صحيح (شرحه).

١٠٩١– وَلأبي داود والنسائي: اللّٰهُـمَّ أَنْـتَ رَبُّهَـا وَأَنْـتَ خَلَقْتَهَـا وَأَنْـتَ هَدَيْتَهَا لِلإِسْلاَمِ وَأَنْتَ قَبَضْتَ رُوحَهَا، وَأَنْتَ أَعْلَمُ بِسِرِّهَا وَعَلاَنِيَتِهَا، جِئْنَاكَ شُفَعَاءَ فَاغْفِرْ لَهُ(٧).

حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) لەسەر تەرمێ فەرمووی:

{اللّٰهُمَّ أَنْتَ رَبُّهَا وَأَنْتَ خَلَقْتَهَا وَأَنْتَ هَدَيْتَهَا لِلإِسْلاَمِ وَأَنْتَ قَبَضْتَ رُوحَهَا، وَأَنْتَ أَعْلَمُ بِسِرِّهَا وَعَلاَنِيَتِهَا، جِئْنَاكَ شُفَعَاءَ فَاغْفِرْ لَهُ}.

خودایـە! تـۆ خـۆت خـودای ئـەم مـردووەی‌و خـۆت ئـەوت لـە نوبـوون دروسـت کـردووەو خـۆت ڕێگـەی ئیـسلامەتیت نیـشان داوەو خـۆت گیانیـت کێشاوەو خۆت زۆر چاك ئاگات لە نهێنـی‌و ئاشـکرای هەیـە لـە هـەموو کەسـێ تـر زیـاتر، ئێمـە هـاتووین تکاکارین، دەسـاتۆیش بـە لوتـف‌و کـەرەمی خـۆت دەسـت بـە ڕوومانـەوە مـەنێ‌و بـەمیهرەبانی بـێ پایـانی خـۆت لێـی خۆشـبە (د/ن).

١٠٩٢– عَنْ سَعِيدِ الْمَقْبُرِيِّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سَأَلْتُ أَبَا هُرَيْرَةَ كَيْفَ تُصَلِّي عَلَى الْجَنَازَةِ؟ فَقَالَ: أَنَا لَعَمْرُ اللّٰهِ أُخْبِرُكَ: أَتَّبِعُهَا مِنْ أَهْلِهَا، فَإِذَا وُضِـعَتْ كَبَّـرْتُ، وَحَمِدْتُ اللّٰهَ، وَصَلَّيْتُ عَلَى نَبِيِّهِ، ثُمَّ أَقُولُ: اللّٰهُمَّ إِنَّـهُ عَبْـدُكَ وَابْـنُ عَبْـدِكَ وَابْـنُ أَمَتِكَ، كَانَ يَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُكَ وَرَسُولُكَ، وَأَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ، اللّٰهُمَّ إِنْ كَانَ مُحْسِنًا فَزِدْ فِي إِحْسَانِهِ وَإِنْ كَانَ مُسِيئًا فَتَجَاوَزْ عَنْ سَيِّئَاتِهِ، اللّٰهُمَّ لاَ تَحْرِمْنَا أَجْرَهُ وَلاَ تَفْتِنَّـا بَعْـدَهُ. رَوَاهُ الإِمامـان مالـكٌ والـشافعي (رَضِـيَ اللّٰهُ تَعَـالَى عَنْهُمَا)(٨).

ئەبو سـەعیدی ئـەل–مـەقبووری (خوای لێ ڕازی بێ) گـوتی: پرسـیارم کـرد لـە ئـەبو هـورەیرە: لەسـەر تـەرمی مـردوو چـۆن نوێـژ دەکـەی؟ گـوتی: بـەخودا بەچـاکی پێـت دەڵـێم: لـەلای کـەس‌و کـاری مردووەکـەوە شـوێنی تەرمەکـەی

---

(٧) سكت عنه الشارح.

(٨) هذا العاء هو الأفضل عند الامام الشافعي رحمه الله وعليه العمل (مترجم).

دەکەوم هەتا دایدەنێن لە سەرزەوی ئەوجا ئەڵڵاهو ئەکبەری نوێژ دابەستن دەکەمو سوپاس‌و ستایشی خودا دەکەم بە خوێندنی سوورەتی فاتیحەو سەڵاوات دەدەم لەسەر پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ئینجا دەڵێم:

{اللّٰهُمَّ إِنَّهُ عَبْدُكَ وَابْنُ عَبْدِكَ وَابْنُ أَمَتِكَ، كَانَ يَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُكَ وَرَسُولُكَ، وَأَنْتَ أَعْلَمُ بِهِ، اللّٰهُمَّ إِنْ كَانَ مُحْسِنًا فَزِدْ فِي إِحْسَانِهِ وَإِنْ كَانَ مُسِيئًا فَتَجَاوَزْ عَنْ سَيِّئَاتِهِ، اللّٰهُمَّ لاَ تَحْرِمْنَا أَجْرَهُ وَلاَ تَفْتِنَّا بَعْدَهُ}.

ئەی خودایە! ئەمە بەندەی خۆتەو کوڕی بەندەو کەنیزەکی خۆتە، ئەمە شایەتی دەدا کە جگە لەتۆ خودایەکی ترنیە، وە موحەممەد بەندەو پێغەمبەری تۆیە، وە خۆت لە هەموو کەسێ باشتر ئاگات لە حاڵیەتی، ئەی خودایە! ئەم مردووە ئەگەر خۆی باشە ئەوا باشتری بۆ بکە، وە ئەگەر خۆی خراپە ئەوا چاو پۆشیی لێ بکەو چاو بپۆشە لە خراپەکانی، خودایە! لە پاداشی ئەو بێبەشمان مەکەو لەپاش ئەویش گیرۆدەمان مەکەو سەرمان لێ مەشێوێنە! (مالیك/ شافیعی — رەزای خودایان لێبێ).

٢٠٩) منداڵ ئەگەر جووڵە یا دەنگی لێوەهات نوێژی لەسەر دەکرێ: (يصلى على الطفل إذا إستهل)

١٠٩٣- عَنِ الْمُغِيرَةِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الرَّاكِبُ خَلْفَ الْجَنَازَةِ، وَالْمَاشِي حَيْثُ شَاءَ مِنْهَا وَالطِّفْلُ يُصَلَّى عَلَيْهِ. رَوَاهُ اصحاب السنن. وزاد أبو داود: والسّقط يصلّى عليه ويدعى لوالديه بالمغفرة والرحمة[1].

موغیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: سوار لە پشتی تەرمەوە دەڕواتو، پیادە بە ئارەزووی خۆیەتی لە کوێوە دەڕوات با بڕوات، منداڵیش نوێژی لەسەر دەکرێ (د/ت/ن–س/ص) ئەبو داوود ئەمەشی پتر کردووە: منداڵی لەبارچووی نەبەکامیش نوێژی لەسەر

(١) بسند صحيح (شرحه).

دەكرێ، بەڵام منداڵ لەباتی خۆی داوای لێخۆشبوون و میهرەبانی خودا بۆ باوك و دایكی دەكرێ.

١٠٩٤- وللترمذي: الطِّفْلُ لاَ يُصَلَّى عَلَيْهِ وَلاَ يَرِثُ وَلاَ يُورَثُ حَتَّى يَسْتَهِلَّ[٢].

حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: منداڵ نە نوێژی لەسەر دەكرێ وە نەمیرات و كەلەپوور دەگرێ، وە نە كەلەپووری لێ دەگیرێ هەتا جووڵەیێ یا دەنگێكی لێوە نەیێ یا نیشانەی ژیانی پێوە نەبێ. (ت-مرفوعا وموقوفا).

١٠٩٥- وَقَالَ: الْحَسَنُ: يَقْرَأُ عَلَى الطِّفْلِ بِفَاتِحَةِ الْكِتَابِ وَيَقُولُ اللَّهُمَّ اجْعَلْهُ لَنَا فَرَطًا وَسَلَفًا وَأَجْرًا. رَوَاهُ البخاري[٣].

حەسەن (خوای لێ رازی بێ) دەڵێ: (نوێژ خوێن) سوورەتی فاتیحا لەسەر منداڵ دەخوێنێ و لە نزای نوێژەكەدا دەڵێ:

{ اللَّهُمَّ اجْعَلْهُ لَنَا فَرَطًا وَسَلَفًا وَأَجْرًا}.

خودایە! بیكە بە پێشڕەوو پێشەنگ و مایەی پاداشی گەورە بۆمان(ب).

١٠٩٦- قال المؤلف (رحمة الله عليه) في شرحه على التاج في هذا المبحث ما يلي: فَالصَّلاَةُ عَلَى الصَّبِيِّ وَاجِبَةٌ لِهَذِهِ (أى الاحاديث المذكورة في هذا المبحث) ولحديث ابن ماجه: صَلُّوا عَلَى أَطْفَالِكُمْ فَإِنَّهُمْ مِنْ أَفْرَاطِكُمْ. ولحديث أبي داود: صَلَّى النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلى وَلَدِهِ إِبْرَاهِيمَ فِي الْمَقَاعِدِ[٤].

دانەری بەهەشتی لەشەرحەكەدا لەم شوێنەدا دەڵێ: نوێژی مردوو لەسەر منداڵ فەرزە لەبەر ئەم فەرموودانە كە لێرەدا باس كراون، وە لەبەر ئەم حەدیثەیش كە ئیبنو ماجە دەیگێڕێتەوە، كە حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ)

(٢) روى مرفوعا وموقوفا وهو أصح (شرحه).

(٣) بخاري. جنائز: تعليق ذكره البخاري فى بداية الباب الرقم: ٦٥ من كتاب الجنائز قبل رقم: ١٣٣٥ مباشرة. (مترجم).

(٤) منقول من الشرح.

دەفەرموێ: نوێـژی مـردوو لەسـەر منداڵتان بکەن، چونکە ئەوان بەشێکن لەو پێـشڕەوانەی کـە لەبەهەشـتا شـوێنتان بـۆ خـۆش دەکـەن، وە لەبـەر ئـەم فەرمایـشتەیش کـە ئـەبو داوود گێڕاویەتـەوە کـە دەڵـێ: لـە مەقاعیـد (نـاوی شوێنێکە لە مەدینە) پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) نوێژی مردووی کرد لەسەر ئیبراهیمی کوڕی کاتێ مرد. (غایەتول مەئموول).

٢١٠) گەورەیی نوێژ لەسەر مردوو، وە نوێژکەرەکە لە کوێی تەرمەکەوە دەوەستێ: (فضل الصلاة على الجنازة ومقام المصلي منها)

١٠٩٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَـالَ: مَـنْ شَهِدَ الْجَنَازَةَ حَتَّى يُصَلِّيَ عَلَيْهَا فَلَهُ قِيرَاطٌ ، وَمَنْ شَهِدَ حَتَّى تُدْفَنَ كَانَ لَهُ قِيرَاطَانِ، قِيلَ وَمَا الْقِيرَاطَـانِ؟ قَـالَ: مِثْـلُ الْجَبَلَيْنِ الْعَظِيمَـيْنِ. رَوَاهُ الخمـسة. وفي روايـة: أَصْغَرُهُمَا مِثْلُ أُحُدٍ وَكَانَ ابْنُ عُمَرَ يُصَلِّي عَلَيْهَا ثُمَّ يَنْصَرِفُ. فَلَمَّا بَلَغَهُ حَدِيثُ أَبِي هُرَيْرَةَ قَالَ: لَقَدْ ضَيَّعْنَا قَرَارِيطَ كَثِيرَةً[1].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) فـەرمووی: هەر کەسێ لەگەڵ تەرمێکا بێ تا نوێژی لەسەر دەکا قیراطیکی بۆ هەیە، وە هـەر کەسێ لەگـەڵیا بـێ هـەتا دەنێـژرێ ئـەوە دوو قـیراطـی بـۆ هەیـە گـوترا: ئـەو دوو قـیراطـە چـەند دەبـن؟ فـەرمووی: بـە قـەد دوو کێـوی گـەورە دەبـن (ش/د/ت/ن) لـە گێڕانەوەیەکا: بچکۆلەکەیان بەقەد چیای ئوحود دەبێ. لە پێشا ئیبنو عومـەر کە نوێـژی لەسـەر مـردوو دەکـرد ئـیتر دەگەڕایـەوە، بەڵام کـە ئـەم فـەرموودەی ئـەبو هورەیرەی پێ گەیشت گوتی: قیراتگە لێکی فرەمان لە کیس خۆمان داوە.

١٠٩٨- عَنْ سَمُرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّيْتُ وَرَاءَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلى امْرَأَةٍ مَاتَتْ فِي نِفَاسِهاَ، فَقَامَ عَلَيْهاَ وَسَطَهاَ. رَوَاهُ الخمسة[2].

---

(١) بخاري. جنائز: ١٣٢٥. مسلم. جنائز: ٢١٨٦ — ٢١٩٤. نسائي. جنائز: ١٩٩٤ ، ١٩٩٣. أبو داود. جنائز: ٣١٦٩.

(٢) بخاري. حيض: ٣٣٢ ، ١٣٣١ ن ١٣٣٢. مسلم. جنائز: ٢٢٣٢ ، ٢٢٣٣. أبو داود. جنائز: ٣١٩٥. ترمذي. جنائز: ١٠٣٥. نسائي. حيض: ٣٩١ ، ١٩٧٥ ، ١٩٧٨.

سەموورە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پشتی پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) بە جەماعەت نوێژی مردووم لەسەر تەرمی ژنێ کرد، لە زەیستانیدا مردبوو، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لە نوێژەکەدا لە ناوەڕاستی تەرمەکەدا ڕاوەستابوو (ش/د/ت/ن- بەر شەپۆلی ڕەحمەتی خوداکەون).

١٠٩٩- عَنْ أَبِي غَالِبٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: صَلَّيْتُ مَعَ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ عَلَى جَنَازَةِ رَجُلٍ، فَقَامَ حِيَالَ رَأْسِهِ، ثُمَّ جَاءُوا بِجَنَازَةِ امْرَأَةٍ مِنْ قُرَيْشٍ، فَقَالُوا: يَا أَبَا حَمْزَةَ صَلِّ عَلَيْهَا، فَقَامَ حِيَالَ وَسَطِ السَّرِيرِ، فَقَالَ: لَهُ الْعَلَاءُ بْنُ زِيَادٍ: هَكَذَا رَأَيْتَ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَامَ عَلَى الْجَنَازَةِ مُقَامَكَ مِنْهَا وَمِنَ الرَّجُلِ مُقَامَكَ مِنْهُ؟ قَالَ: نَعَمْ، فَلَمَّا فَرَغَ قَالَ: احْفَظُوا. رَوَاهُ الترمذي وأبو داود وأحمد[٣].

ئەبو غالیب (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پشتی ئەنەسی کوڕی مالیکەوە لەسەر تەرمی پیاوێ نوێژم کرد، ئەنەس لە ئاستی سەری ڕاوەستابوو، لە پاشا تەرمی ژنێکی قورەیشییان هێنا، گوتیان بە ئەنەس: ئەی ئەبو حەمزە! نوێژی لەسەر بکە، ئەمجارە ئەنەس لە ئاستی ناوەڕاستی دارە تەرمەکەدا ڕاوەستاو نوێژی لەسەر کرد عەلائی کوڕی زییادیش پێی گوت: دیارە بۆ خۆت پێغەمبەرت دیوە (درودی خوای لەسەربێ) کە لەسەر تەرمی ژن لە نوێژا لە ئاستی ناوەڕاستی و لەسەر تەرمی پیاو لە نوێژا لە ئاستی سەری بوەستێ وەك ئەم ڕاوەستانەی تۆ؟ گوتی: ئا. جا کاتێ لێ بووە گوتی: ئاگاداری ئەم یاسایە بکەن (ت/د/ئەحمەد-س/ح).

٢١١) لە مزگەوتیشا نوێژ لەسەر تەرم دەکرێ : (يصلى على الجنازة في المسجد)

١١٠٠- عَنْ أَبِي سَلَمَةَ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: لَمَّا تُوُفِّيَ سَعْدُ بْنُ أَبِي وَقَّاصٍ قَالَتِ: عَائِشَةُ ادْخُلُوا بِهِ الْمَسْجِدَ حَتَّى أُصَلِّيَ عَلَيْهِ. فَأُنْكِرَ ذَلِكَ عَلَيْهَا،

---

(٣) بسند حسن (شرحه).

فَقَالَتْ: مَا أَسْرَعَ مَا نَسِيَ النَّاسُ! وَاللهِ لَقَدْ صَلَّى رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَى ابْنَيْ بَيْضَاءَ فِي الْمَسْجِدِ سُهَيْلٍ وَأَخِيهِ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاري[١].

ئەبو سەلەمەی کوڕی عەبدوڕەحمان (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: کە سەعدی کوڕی ئەبو وەققاس مرد، عائیشە گوتی: بیبەن بۆ ناو مزگەوت تا نوێژی لەسەر بکەم، هەندێ کەس ئەم قسەیان پەسەند نەکرد، عائیشەش گوتی: چ زوو ئەم خەڵکە لە بیریان چوو! بەخودا پێغەمبەر خۆی** (دروودی خوای لەسەربێ) **لەناو مزگەوتا نوێژی کرد لەسەر سوهەیل و براکەی، کە هەردووکیان کوڕی بەیضاء بوون (م/د/ت/ن**– ڕەحمەتی خودایان لێبێ).

٢١٢) نوێژ لەسەر گۆڕو لەسەر مردووی نادیار دروستە
(تجوز الصلاة على القبر وعلى الغائب)

١١٠١– ➡ (ب – ١ ز – ١١٨ رقم: ٧١٥/١٠) وفي هذه الرواية عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ امْرَأَةً سَوْدَاءَ كَانَتْ تَقُمُّ الْمَسْجِدَ أَوْ شَابًّا فَفَقَدَهَا رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَسَأَلَ عَنْهَا أَوْ عَنْهُ فَقَالُوا: مَاتَ. قَالَ: أَفَلاَ كُنْتُمْ آذَنْتُمُونِي قَالَ: فَكَأَنَّهُمْ صَغَّرُوا أَمْرَهَا أَوْ أَمْرَهُ فَقَالَ: دُلُّونِي عَلَى قَبْرِهِ فَدَلُّوهُ فَصَلَّى عَلَيْهَا ثُمَّ قَالَ: إِنَّ هَذِهِ الْقُبُورَ مَمْلُوءَةٌ ظُلْمَةً عَلَى أَهْلِهَا وَإِنَّ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ يُنَوِّرُهَا لَهُمْ بِصَلاَتِي عَلَيْهِمْ. رَوَاهُ الثلاثة[١].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) **گوتی: ژنێکی ڕەش (یا لاوێ) مزگەوتی دەماڵی کە دەمرێ پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **ئاگای لێ نابێ، تا ڕۆژێ هەواڵی دەپرسێ، دەڵێن: مردووە، دەفەرموێ: ئەی بۆ هەواڵتان بەمن نەدا گوتی: وەك بڵێی کاری ئەو مردووەیان بەسووك گرتبێ وابوو، پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **فەرمووی: گۆڕەکەیم پێ نیشان بدەن جا کە گۆڕەکەیان پێ نیشاندا نوێژی لەسەر کرد، ئینجا فەرمووێ** (دروودی خوای لەسەربێ) **ئەم گۆڕانە**

---

(١) مسلم. جنائز: ٢٢٤٩ – ٢٢٥١. ترمذي. جنائز: ١٠٣٣. نسائي. جنائز: ١٩٦٦ ، ١٩٦٧. أبو داود. جنائز: ٣١٩٠.

(١) راجع رقم: ٧١٥/١٠ (قتدم ←).

سـیخناخن لـە تـاریکیو لەبـەر تـاریکی زۆر، خاوەنـەکانیان وەك لـە تاریکستانابن وایە بەڵام خودای تەواناو شکۆمەند بە مەرحەمەتی خۆی بەهۆی ئەم نوێژەوە کە من کردم لەسەریان بۆیان رۆشن و رووناك دەکاتەوە! (ش/د– نوقمی دەریای رەحمەتی خودابن).

١١٠٢– ➡ (ب – ١ ز – ٢٠٨رقم: ١٠٨٦/٢) وفي هذه الرواية: عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: قَدْ تُوُفِّيَ الْيَوْمَ رَجُلٌ صَالِحٌ مِنَ الْحَبَشِ فَهَلُمَّ فَصَلُّوا عَلَيْهِ، قَالَ: فَصَفَفْنَا، فَصَلَّى النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) عَلَيْهِ وَنَحْنُ صُفُوفٌ. قَالَ: جَابِرٍ: كُنْتُ فِي الصَّفِّ الثَّانِي. أَوِ الثالِثِ. رَوَاهُ الخمسة[٢].

لە گێڕانەوەی ئێرەدا: جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: رۆژێ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەمڕۆ پیاوێکی باشی حەبەشەیی مردووە، وەرن بابچین نوێژی لەسەر بکەین. گوتی: ئینجا بووین بە چەند ریزێكو لە پشتی پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژی (صلاه الغائب)مان لەسەر کرد، جابیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: من خۆم یا لەریزی دووەمابووم یا لە ریزی سێیەما بووم (ش/د/ت/ن–سەد هەزار رەحمەت لە گۆڕیان).

٢١٣) تاقە نوێژێ بۆ چەن تەرمێ دەبێ : (تکفي الصلاة على جنائز)

١١٠٣– عَنْ عَمَّارٍ مَوْلَى الْحَارِثِ بْنِ نَوْفَلٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّهُ شَهِدَ جَنَازَةَ أُمِّ كُلْثُومٍ وَابْنِهَا، فَجُعِلَ الْغُلاَمُ مِمَّا يَلِي الإِمَامَ فَأَنْكَرْتُ ذَلِكَ وَفِي الْقَوْمِ ابْنُ عَبَّاسٍ وَأَبُو سَعِيدٍ الْخُدْرِيُّ وَأَبُو قَتَادَةَ وَأَبُو هُرَيْرَةَ، فَقَالُوا: هَذِهِ السُّنَّةُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنسائي[١].

عەمماری نۆکەری حاریثی کوڕی نەوفەل (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لەگەڵ تەرمی ئوممو کولثوومو کوڕەکەیا بووم، تەرمی کوڕەکەیان لەبەردەم پێشنوێژەوە داناو تەرمی دایکەکەشی لە پاڵیا لە رووی رووگەوە دانا منیش

---

(٢) راجع رقم: ١٠٨٦/٢.

(١) سكت عنه الشارح.

ئەمەم پەسەند نەكرد، ئیبنو عەبباس و ئەبو قەتادەو ئەبو هورەیرە (خوایان لێ رازی بێ) لەوێ بوون لەگەڵ پیاوگەلا، جا گوتیان: خۆی ئاوا سوننەتە كە نێرینە لەلای مەلاكەوە بێ و مێیینەش لەلای رووگەوە بێ، وەك حاڵی ئێستای ئەم كوڕو دایكە. (د/ن-س/ص).

١١٠٤- وَقَالَ: ابْنُ جُرَيْجٍ: سَمِعْتُ نَافِعًا يَزْعُمُ أَنَّ ابْنَ عُمَرَ صَلَّى عَلَى تِسْعِ جَنَائِزَ جَمِيعًا، فَجَعَلَ الرِّجَالَ يَلُونَ الإِمَامَ وَالنِّسَاءَ يَلِينَ الْقِبْلَةَ فَصَفَّهُنَّ صَفًّا وَاحِدًا. رَوَاهُ النسائي[٢].

ئیبنو جورەیج گوتی: لە نافیعم ژنەوت دەیگوت گوایە ئیبنو عومەر نوێژی لەسەر نۆتەرم پێكەوە كردووە، تەرمی پیاوەكانی دەخستە لای پێشنوێژەوەو تەرمی ئافرەتەكانیشی دەخستە لای رووگەوە، وە هەموو شیانی كردبوو بە یەك ریز لە پێش خۆیەوە یەك لەپاڵ یەكا بەرەو قیبلە دایناوبوون و ئینجا یەك نوێژی لەسەر هەرنۆیان كرد (ن).

٢١٤) ریزەكان تا زۆرتربن هیوای گیرابوون زۆر ترە
(كثرة الصفوف أرجى للقبول)

١١٠٥- عَنْ مَالِكِ بْنِ هُبَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَا مِنْ مَيِّتٍ يَمُوتُ فَيُصَلِّي عَلَيْهِ ثَلاَثَةُ صُفُوفٍ مِنَ الْمُسْلِمِينَ إِلاَّ أَوْجَبَ قَالَ: ابْنُ هُبَيْرَةَ: فَكَانَ مَالِكٌ إِذَا اسْتَقَلَّ أَهْلَ الْجَنَازَةِ جَزَّأَهُمْ ثَلاَثَةَ صُفُوفٍ لِهَذَا الْحَدِيثِ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والترمذي[١].

مالیكی كوڕی هوبەیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر موسوڵمانێ بمرێ و سێ ریز لە موسوڵمانان نوێژی لەسەر بكەن، بێگومان بەهەشت مسۆگەر دەكا بۆخۆی. ئیبنو هوبەیرە دەیگوت: یاسای مالیك وابوو ئەگەر خەڵكی ئامادەبووی سەر

---

(٢) بسند صحيح (شرحه).

(١) بسند حسن (شرحه).

تەرمەکەی بەکەم بزانیایە، لەبەر بەرکەوتنی مژدەی ئەم فەرموودە پیرۆزەیە دەیکردن بە سێ ریزو ئەوسا نوێژیان لەسەری دەکرد (د/ت-س/ح).

١١٠٦- عَنْ عَائِشَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَا مِنْ مَيِّتٍ يُصَلِّي عَلَيْهِ أُمَّةٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ يَبْلُغُونَ مِائَةً كُلُّهُمْ يَشْفَعُونَ لَهُ إِلاَّ شُفِّعُوا فِيهِ. رَوَاهُ مسلم واترمذي والنسائي[٢].

عائیشە (خوای لێ رازی بێ) دەڵێ: حەزرەت دەفەرموێ (درودی خوای لەسەربێ): هەر مردوویێ کە کۆمەڵێ موسوڵمان ژمارەیان بگاتە سەد کەس نوێژی لەسەر بکەن، وە هەموویان تکای بۆ بکەن، بێگومان کە تکاکەیان گیرا دەبێ (م/ت/ن).

١١٠٧- عَنْ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَا مِنْ رَجُلٍ مُسْلِمٍ يَمُوتُ، فَيَقُومُ عَلَى جَنَازَتِهِ أَرْبَعُونَ رَجُلاً لاَ يُشْرِكُونَ بِاللَّهِ شَيْئًا إِلاَّ شَفَّعَهُمُ اللَّهُ فِيهِ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأَبُو دَاوُدَ[٣].

ئیبنو عەبباس (خوایان لێ رازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر دەفەرموێ (درودی خوای لەسەربێ): هەر پیاوێ لە موسوڵمانان، کە دەمرێ، چل پیاو (کە هیچ شەریك‌و هاوبەش بۆ خودا پەیدا نەکەن) نوێژ لەسەر تەرمەکەی بکەن، بێگومان کە خودا تکایان لێ گیرا دەکا بۆی (م/د).

١١٠٨- وَقَالَ: الإِمَامُ مَالِكٍ: بَلَغَنِي أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) تُوُفِّيَ يَوْمَ الاِثْنَيْنِ، وَدُفِنَ يَوْمَ الثُّلاَثَاءِ، وَصَلَّى النَّاسُ عَلَيْهِ أَفْذَاذًا، أى فُرَادَى لاَ يَؤُمُّهُمْ أَحَدٌ. أَيْ لِمَا عَرَاهُمْ مِنْ عَظِيمِ الهَوْلِ وَلِعَدَمِ الْخَلِيفَةِ حِينَئِذٍ[٤].

ئیمامی مالیك (رەحمەتی خودای لەسەربێ) دەڵێ: وەك زانیومە کە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) لە رۆژی دووشەممەدا مردووەو لە رۆژی سێ شەممەدا

---

(٢) مسلم. جنائز: ٢١٩٦. ترمذي. جنائز: ١٠٢٩. نسائي. جناذز: ١٩٩٠.

(٣) مسلم. جنائز: ٢١٩٥. أبو داود. جنائز: ٣١٧٠.

(٤) أثر صحيح (مترجم).

نێژراوە، خەڵکیش یەکە یەکە نوێژیان لەسەر کردووە، واتە: هەر کەسێ بەتەنیا خۆی نوێژی لەسەر کردووەو کەس بەرنوێژی بۆ نەکردوون لەکاتی نوێژکردن لەسەری، ئەویش لەبەر ئەو سامە قورس و گرانەی کە لێیان نیشتبوو بەهۆی وەفاتیەوە، وە لەبەر ئەوەیش کە هێشتا جێنشین دانەنرا بوو.

٢١٥) وەسپدانەوەی موسوڵمانان هی مردوو گیرایە
ثناء المسلمين على الميت مقبول

١١٠٩- عَنْ أَنَسَ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: مُرَّ بِجَنَازَةٍ فَأَثْنَوْا عَلَيْهَا خَيْرًا ، فَقَالَ: النَّبِيُّ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ): وَجَبَتْ وَجَبَتْ وَجَبَتْ، وُمَرَّ بِأُخرَى فَأَثْنَوْا عَلَيْهَا شَرًّا فَقَالَ: نَبِيُّ اللهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ): وَجَبَتْ، وَجَبَتْ، وَجَبَتْ، فَقَالَ: عُمَرُ: فِدًى لَكَ أَبِي وَأُمِّي مَا وَجَبَتْ؟ فَقَالَ: رَسُولُ اللهِ (صَلّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلّمَ) مَنْ أَثْنَيْتُمْ عَلَيْهِ خَيْرًا وَجَبَتْ لَهُ الْجَنَّةُ، وَمَنْ أَثْنَيْتُمْ عَلَيْهِ شَرًّا فَوَجَبَتْ لَهُ النَّارُ. أَنْتُمْ شُهَدَاءُ اللّٰهِ فِي الأَرْضِ. أَنْتُمْ شُهَدَاءُ اللّٰهِ فِي الأَرْضِ. أَنْتُمْ شُهَدَاءُ اللّٰهِ فِي الأَرْضِ. رَوَاهُ الخمسة. ولفظ النسائي: الْمَلاَئِكَةُ شُهَدَاءُ اللهِ فِي السَّمَاءِ، وَأَنْتُمْ شُهَدَاءُ اللّٰهِ فِي الأَرْضِ[١].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: تەرمێ تێ پەڕی، خەڵکەکە وەسپی باشییان کرد، پێغەمبەری خودایش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بوو بەماڵ، بوو بەماڵ، بوو بەماڵ تەرمێکی تریش تێ پەڕی، خەڵکەکە بە خراپە ناویان هێنا" پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) فەرموویەوە: بوو بەماڵ. بوو بەماڵ، بوو بەماڵ! عومەریش گوتی: باوك و دایکم بەسەرگەردانت بن چی بوو بەماڵ؟ فەرمووی: ئەو کەسەی ئێوە وەسپی باشیی ئەو بکەن بەهەشت دەبێ بە ماڵی، وە ئەو کەسەی ئێوە باسی خراپیی ئەو بکەن دۆزەخ دەبێ بەماڵی، ئێوە شایەتانی خودان لەسەر رووی زەوی، ئێوە شایەتی خودان لەسەر رووی زەوی، ئێوە شایەتانی خودان لەسەر رووی زەوی (ش/د/ت/ن) گفتەی

(١) بخاري. شهادات: ٢٦٤٢. مسلم. جنائز: ٢١٩٨.

(ن): فریشتە لە ئاسمان شایەتی خودانو ئێوەش لە زەوی شایەتی خودانو شایەتی بۆ هەر کەس (یا لەسەر هەرکەس) بدەن، خودا بەپێی ئەوە پاداشی دەداتەوە.

١١١٠- عَنْ أَبِي الأَسْوَدِ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: قَدِمْتُ الْمَدِينَةَ وَقَدْ وَقَعَ بِهَا مَرَضٌ ، فَجَلَسْتُ إِلَى عُمَرَ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) فَمَرَّتْ بِهِمْ جَنَازَةٌ، فَأُثْنِيَ عَلَى صَاحِبِهَا خَيْرًا فَقَالَ: عُمَرُ: (رَضيَ اللهُ عَنهُ) وَجَبَتْ، ثُمَّ مُرَّ بِأُخْرَى فَأُثْنِيَ عَلَى صَاحِبِهَا خَيْرًا، فَقَالَ: عُمَرُ: (رَضيَ اللهُ عَنهُ) وَجَبَتْ. ثُمَّ مُرَّ بِالثَّالِثَةِ، فَأُثْنِيَ عَلَى صَاحِبِهَا شَرًّا فَقَالَ: وَجَبَتْ. فَقَالَ: أَبُو الأَسْوَدِ: فَقُلْتُ وَمَا وَجَبَتْ يَا أَمِيرَ الْمُؤْمِنِينَ؟ قَالَ: قُلْتُ كَمَا قَالَ: النَّبِيُّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَيُّمَا مُسْلِمٍ شَهِدَ لَهُ أَرْبَعَةٌ بِخَيْرٍ أَدْخَلَهُ اللَّهُ الْجَنَّةَ. فَقُلْتُ: وَثَلاَثَةٌ؟ قَالَ: وَثَلاَثَةٌ، فَقُلْتُ وَاثْنَانِ؟ قَالَ: وَاثْنَانِ. ثُمَّ لَمْ نَسْأَلْهُ عَنِ الْوَاحِدِ. رَوَاهُ البخاري والترمذي والنسائي.

ئەبولئەسوەد (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: چووم بۆ مەدینە، پەتایێ داکەوتبوو لە خزمەتی عومەردا دانیشتم (خوای لێ ڕازی بێ) تەرمێ لەوێوە ڕەت بوو، خەڵکەکە وەسپی باشییان دەکرد، عومەریش گوتی: مسۆگەربوو، لە پاشا تەرمێکی تریش تێ پەڕبوو، خەڵکەکە باسی خاوەنەکەیان بە باشە دەکرد، عومەریش گوتیەوە: مسۆگەربوو، لەپاشا تەرمێکی تریش ڕەت بوو، خەڵکەکە باسی خاوەنەکەیان بەخراپە دەکرد عومەریش گوتیەوە: مسۆگەر بوو، ئەبولئەسوەد دەڵێ: منیش گوتم: ئەی فەرمانڕەوای موسوڵمانان! چی مسۆگەر بوو؟ گوتی: ئەوە دەڵێم کە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرموویەتی: هەر موسوڵمانێ چوار کەس شایەتی بۆ بدەن خودا دەیباتە بەهەشت: منیش عەرزم کرد: ئەی سێ کەس شایەتی بۆ بدەن چۆنە؟ فەرمووی: سێ کەسیش شایەتی بۆ بدەن هەروا. گوتم: ئەی دوان؟ فەرمووی: دوانیش هەروا بەڵام بۆیەکێ لێمان نەپرسی. (ب/ت/ن- سەد هەزار ڕەحمەتی خودایان لێبێ).

٢١٦) خۆكوژ، واتە: ئەوەی خۆی خۆی بكوژێ نوێژی لەسەر ناكرێ (لا يصلى على قاتل نفسه)

١١١١- عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أُتِيَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْـهِ وَسَلَّمَ) بِرَجُلٍ قَتَلَ نَفْسَهُ بِمَشَاقِصَ فَلَمْ يُصَلِّ عَلَيْهِ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاري[1].

جابیری كوڕی سەموورە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: تەرمی پیاوێكیان هێنا بۆ لای پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بەپەیكانێ خۆی كوشتبوو، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) نوێژی لەسەرنەكرد (م/د/ت/ن).

١١١٢- سيأتي في المجلد الرابع مبحث: (الْجِهَادُ فَرْضٌ كِفَايَةٌ) ما نصُّه ولأبي داود: الْجِهَادُ وَاجِبٌ عَلَيْكُمْ مَعَ كُلِّ أَمِيرٍ بَرًّا كَانَ أَوْ فَاجِرًا وَالصَّلاَةُ وَاجِبَةٌ عَلَيْكُمْ خَلْفَ كُلِّ مُسْلِمٍ بَرًّا كَانَ أَوْ فَاجِرًا وَإِنْ عَمِلَ الْكَبَائِرَ وَالصَّلاَةُ وَاجِبَةٌ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ بَرًّا كَانَ أَوْ فَاجِرًا وَإِنْ عَمِلَ الْكَبَائِرَ[2].

لە بەرگی چوارەما لەسەربا سی (الجهاد فَرض كفاية)دا دەقی ئەم فەرموودەیە دێ: حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: غەزاو تێكۆشان و خەباتگێڕان فەرزە لەسەرتان، لەگەڵ هەموو فەرمانڕەوایەكا، ئیتر ئەو فەرمانڕەوایە باش بێ یا خراب، وە نوێژ فەرزە لەسەرتان لە پشتی هەموو موسوڵمانێكەوە، ئیتر ئەو موسوڵمانە باش بێ یا خراپ ئەگەر چی ئەو پێشنوێژە گوناهە گەرەكانیش بكا نوێژ لە پشتیەوە هەر فەرزە، وە فەرزە لەسەرتان كە نوێژی مردوو بكەن لەسەر هەموو موسوڵمانێكی مردوو، ئیتر ئەو مردووە باش بێ یا خراپ، گریمان ئەو موسوڵمانە لەژیانیا گوناهە گەورەكانیشی كردبێ، فەرزە هەر نوێژی لەسەربكرێ (د).

---

(١) بخاري. شهادات: ٢٦٤٣.

(٢) مسلم. جنائز: ٢٢٥٩. نسائي. جنائز: ١٩٦٣.

٢١٧) بەرێكردنی مردوو زووبەزوو، وە مردن لە غەریبی:
(التعجيل بأمر الميت وموت الغربة)

١١١٣- ⟵ (ب – ١ ز – ٤٧ رقم: ٣٦٢/١٥)[١].

١١١٤- عَنْ عَبْدِ اللّٰهِ بْنِ عَمْرٍو (رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُمَا) قَالَ: مَاتَ رَجُلٌ بِالْمَدِينَةِ مِمَّنْ وُلِدَ بِهَا فَصَلَّى عَلَيْهِ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ثُمَّ قَالَ: يَا لَيْتَهُ مَاتَ بِغَيْرِ مَوْلِدِهِ، قَالُوا وَلِمَ ذَاكَ يَا رَسُولَ اللّٰهِ؟ قَالَ: إِنَّ الرَّجُلَ إِذَا مَاتَ بِغَيْرِ مَوْلِدِهِ قِيسَ لَهُ مِنْ مَوْلِدِهِ إِلَى مُنْقَطَعِ أَثَرِهِ فِي الْجَنَّةِ. رَوَاهُ النسائي[٢].

عەبدوڵلای كوڕی عەمر (خوایان لێ ڕازی بێ) گوتی: پیاوێ لە مەدینە لە دایك بوو بوو وە هەر لەوێش مرد، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كە نوێژی لەسەر كرد فەرمووی: خۆزگە لە شوێنێكی تر دەمرد نەك لەم شوێنەزای خۆیە. گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەوە لە بەرچی؟ فەرمووی: لەبەر ئەوە ئەگەر پیاوێ لە شوێنەزای خۆی نەمرێ، لە شوێنەزاكەیەوە بۆی دەپێون تا ئەو شوێنەی كە دەمرێ و شوێنەواری كوێر دەبێتەوە، بەقەد ئەوەی لە بەهەشتا مردنی غەریبی دەدەنێ! (ن).

٢١٨) بەشی پێنجەم: دەستووری ڕۆیشتن لەگەڵ تەرمدا:
(الفصل الخامس: في آداب السير في الجنازة)

١١١٥- ⟵ (ب – ١ ز – ٢٠٠ رقم: ١٠٥٣/١) في هذه الرواية: عَنِ الْبَرَاءَ (رَضِيَ اللّٰهُ عَنْهُ) قَالَ: أَمَرَنَا النَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِسَبْعٍ، وَنَهَانَا عَنْ سَبْعٍ، أَمَرَنَا بِاتِّبَاعِ الْجَنَائِزِ، وَعِيَادَةِ الْمَرِيضِ، وَإِجَابَةِ الدَّاعِي، وَنَصْرِ الْمَظْلُومِ، وَإِبْرَارِ الْقَسَمِ، وَرَدِّ السَّلَامِ،

---

(١) راجع رقم: ٣٦٢/١٥.

(٢) سكت عنه.

وَتَشْمِيتِ الْعَاطِسِ. وَنَهَانَا عَنْ آنِيَةِ الْفِضَّةِ ، وَخَاتَمِ الذَّهَبِ ، وَالْحَرِيرِ ، وَالدِّيبَاجِ ، وَالْقَسِّيِّ ، وَالإِسْتَبْرَقِ وَعَنِ الْمَيَاثِرِ. رَوَاهُ الخمسة إلا أبا دلود[1].

لە گێڕانەوەی ئێرەدا: بەراء (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمانی پێکردین بە حەوت شت و جڵەوگیریی لە حەوت شت لێ کردین" فەرمانی پێ کردین بەم حەوت شتە:

یەکەم: شوێن کەوتنی تەرم.

دووەم: سەرلێدانی نەخۆش.

سێیەم: چوون بۆ سەر دەعوەت و بانگێشتن.

چوارەم: یاریدەدان و پشتگرتنی ستەمبار.

پێنجەم: سوێند بردنە سەر.

شەشەم: سەند نەوەی سڵاو.

حەوتەم: دووعای خێرکردن بۆ پژمیو. وە جڵەوگیریشی لەم حەوت شتە لێ کردین:

یەکەم: لە قاپ و قاچاخی زیوو زێڕ.

دووەم: لە ئەنگوستیلەی زێڕ.

سێیەم: لە ئاورێشم.

چوارەم: لە دیباج.

پێنجەم: لە قەسسی کە جۆرە کاڵایێ بووە، لە گوندی قەسس لە وڵاتی میصر دروست دەکرا، یاخود قەسسی بەگەندە ئاورێشم دەڵێن، یاخود برێتییە لە کاڵایێ تێکەڵە لە ئاوریشم و کەتان.

شەشەم: لە ئیستەبرەق.

---

(١) بخاري. جنائز: ١٢٣٩ ، ٢٤٤٥ ، ٥١٧٥ ، ٥٦٣٥ ، ٥٦٥٠ ، ٥٨٣٨ ، ٥٨٤٩ ، ٥٨٦٣ ، ٦٢٢٢ ، ٦٦٥٤. مسلم. لباس: ٥٣٥٦. ترمذي. لباس: ١٧٦٠. نسائي. جنائز: ١٩٣٨ ، ٣٧٨٧ ، ٥٣٢٤.

حەوتەم: لە دۆشەكەڵەی سەرزینی ئاوریشمین (ش/ت/ن).

١١١٦- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: رَأَيْتُ النَّبِيَّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَأَبَا بَكْرٍ وَعُمَرَ يَمْشُونَ أَمَامَ الْجَنَازَةِ. رَوَاهُ أصحاب السُّنن وأحمد وابن حبَّان وصححه[٢].

ئیبنو عومەر (خودایان لێ خۆشنوود بێ) گوتی: دیومە كە پێغەمبەر لە پێشی تەرمەوە رۆیشتووە، هەروا ئەبو بەكرو عومەریشم دیوە كە ئەوانیش لە پێشی تەرمەوە رۆیشتوون (د/ت/ن/ئیبنو حەببان:ص).

١١١٧- عَنِ الْمُغِيرَةِ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: الرَّاكِبُ يَسِيرُ خَلْفَ الْجَنَازَةِ وَالْمَاشِي يَمْشِي خَلْفَهَا، وَأَمَامَهَا، وَعَنْ يَمِينِهَا، وَعَنْ يَسَارِهَا قَرِيبًا مِنْهَا. رَوَاهُ أصحاب السنن والحاكم وصححَّه[٣].

موغیرە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: سوار لە پشتی تەرمەوە دەڕوات، پیادە بە ئارەزووی خۆیەتی، لە پشتیەوە، لە پێشیەوە، لە راستیەوە، لە چەپیەوە دەڕاوات بە ئارەزووی خۆیەتی، ئەوەندە هەیە لە نزیكی تەرمەكەوە دەڕۆن! (د/ت/ن/حاكم:ص).

١١١٨- عَنْ جَابِرِ بْنِ سَمُرَةَ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) قَالَ: أُتِيَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِفَرَسٍ مُعْرَوْرًى فَرَكِبَهُ حِينَ انْصَرَفَ مِنْ جَنَازَةِ ابْنِ الدَّحْدَاحِ وَنَحْنُ نَمْشِي حَوْلَهُ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاري[٤].

جابیری كوڕی سەمموورە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كە لە ناشتنی تەرمی ئیبنو دەحداح گەڕایەوە ئەسپێكیان بە پشتی رووتی بۆ هێنا، سواری بوو، ئەو بەسواری و ئێمەش بەپێ لە دەوری بەرەومالْ رۆیشتینەوە (م/د/ت/ن).

---

(٢) صحيح عند ابن حبان.

(٣) صحيح عنه الحاكم.

(٤) مسلم. جنائز: ٢٢٣٥. نسائي. جنائز: ٢٠٢٥.

١١١٩- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضيَ اللهُ عَنهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَسْرِعُوا بِالْجَنَازَةِ فَإِنْ تَكُ صَالِحَةً فَخَيْرٌ تُقَدِّمُونَهَا إِلَيْهِ وَإِنْ تَكُنْ غَيْرَ ذَلِكَ فَشَرٌّ تَضَعُونَهُ عَنْ رِقَابِكُمْ. رَوَاهُ الخمسة[٥].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: دەستو برد لە بەرێکردنی تەرم بکەنو زوو بە زوو بیبەن بۆ گۆڕستانو لە رێ خێرا بڕۆن چونکە ئەگەر خۆی مرۆڤێکی باش بێ ئەوا ئێوە دەیبەن بەسەر خێرو خۆشیدا، وە ئەگەر خۆی مرۆڤێکی باش نەبێ ئەوا شەڕێکەو لە کۆڵی خۆتانی دەکەنەوە (ش/د/ت/ن).

١١٢٠- عَنْ عُيَيْنَةَ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ عَنْ أَبِيهِ (رَضيَ أللهُ عَنْهُماَ) أَنَّهُ كَانَ فِي جَنَازَةِ عُثْمَانَ بْنِ أَبِي الْعَاصِ وَكُنَّا نَمْشِي مَشْيًا خَفِيفًا فَلَحِقَنَا أَبُو بَكْرَةَ فَرَفَعَ سَوْطَهُ، فَقَالَ: لَقَدْ رَأَيْتُنَا وَنَحْنُ مَعَ رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) نَرْمُلُ رَمَلاً. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والنَسائي[٦].

لە عویەینەی کوڕی عەبدوڕەحمانەوە لە باوکیەوە (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: خۆم لەگەڵ تەرمی عوسمانی کوڕی ئەبولعاصدا بووم، سووك سووك لەسەر خۆمان دەڕۆیشتین، بەڵام ئەبو بەکرەمان پێ گەیشت بە دەنگێکی بەرز گوتی: بۆخۆم لە خزمەتی حەزرەتدا بووم (دروودی خوای لەسەربێ) تەرمێکمان رەت دکرد بە تەکان دەڕۆیشتین (د/ن-س/ص).

١١٢١- عَنْ أُمِّ عَطِيَّةَ (رَضيَ أللهُ عَنهَا) قَالَتْ: نُهِينَا عَنِ اتِّبَاعِ الْجَنَائِزِ وَلَمْ يُعْزَمْ عَلَيْنَا. رَوَاهُ الثلاثة[٧].

---

(٥) بخاري. جنائز: ١٣١٥. مسلم. جنائز: ٢١٨٣. أبو داود. جنائز: ٣١٨١. ترمذي. جنائز: ١٠١٥. نسائى. جناشز: ١٩٠٩.

(٦) بسند صحيح (شرحه).

(٧) بخاري. حيض: ١٢٧٨. مسلم. جنائز: ٢١٦٣.

ئوممو عەطییە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: ئێمەی ژنان نەهیمان لێ كراوە لە شوێن كەوتنی تەرم كە لەگەڵیا بچین بۆ سەر گۆڕستان بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یاساخ نەكراوە لێمان كە لەگەڵ تەرمدا بڕۆین بۆ سەر قەبران! (ش/ن).

١١٢٢- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا وُضِعَتِ الْجِنَازَةُ وَاحْتَمَلَهَا الرِّجَالُ عَلَى أَعْنَاقِهِمْ ، فَإِنْ كَانَتْ صَالِحَةً قَالَتْ: قَدِّمُونِي وَإِنْ كَانَتْ غَيْرَ صَالِحَةٍ قَالَتْ: يَا وَيْلَهَا أَيْنَ يَذْهَبُونَ بِهَا؟ يَسْمَعُ صَوْتَهَا كُلُّ شَيْءٍ إِلاَّ الإِنْسَانَ، وَلَوْ سَمِعَهُ لَصَعِقَ. رَوَاهُ البخاري والنسائي[٨].

ئەبو سەعید (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: كاتێ تەرمی مردوو دادەنرێ لەناو دارە تەرما وە پیاوان هەڵی دەگرن و دەینێنە سەرشانیان تابیبەن بۆ سەر گۆڕستان، لەوكاتەدا مردووەكە ئەگەر مرۆڤێكی باش بێ دەڵێ: زووكەن زوو بمبەن! وەلێ ئەگەر مردووەكە مرۆڤێكی باش نەبێ دەڵێ: هەی هاوار! خۆم رۆ! بۆ كوێم دەبەن؟ حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: لەم كاتەدا هەموو شتێ دەنگی دەبیستێ ئادەمیزاد نەبێ ئەگەر ئادەمیزاد گوێی لەم هاتو هاوارەی بێ لە ترسانا دەتۆقێ و زەندەقی دەچێ (بوخاری و نەسائی -رەحمەتی خودایان لێبێ- ئەم فەرموودەیان گێڕاوەتەوە).

٢١٩) فریشتەی رەحمەتیش تەرم بەرێ دەكەن لەگەڵیا دەڕۆن بۆ سەر قەبران، كردەوەی مردووش هەرچێ بێ، خاس بێ یا خراپ لەگەڵ خۆیا دەچێتە ناو گۆڕەكەیەوە!: (ملائكة الرحمة تشيع الجنازة ويلزمها عملها)

١١٢٣- عَنْ ثَوْبَانَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أُتِيَ بِدَابَّةٍ وَهُوَ مَعَ الْجَنَازَةِ فَأَبَى أَنْ يَرْكَبَ فَلَمَّا انْصَرَفَ أُتِيَ بِدَابَّةٍ فَرَكِبَ فَقِيلَ لَهُ فَقَالَ: إِنَّ الْمَلاَئِكَةَ كَانَتْ تَمْشِي، فَلَمْ أَكُنْ لأَرْكَبَ وَهُمْ يَمْشُونَ، فَلَمَّا ذَهَبُوا رَكِبْتُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ[١].

---

(٨) بخاري. جنائز: ١٣١٤ ، ١٣١٦ ، ١٣٨٠.

(١) بسند صحيح (شرحه).

ثەوبان (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەگەڵ تەرمێكا دەچوو بۆ سەر گۆڕستان، ولاخێكیان بۆ هێنا كە سواری بێ، بەلام سواری نەبوو، لەو سەرەوە كە گەڕایەوە ولاخێكیان بۆ هێنا ئەمجار سواربوو، كە بۆ ئەمە قسەیان لەگەڵی كرد فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): ئەوسا فریشتەكان لەگەڵ تەرمەكەدا بەپێ دەڕۆیشتن، جا نەدەبوو من بە سواریو ئەوان بەپێ، بەلام ئێستا ئەوان رۆیون، لەبەر ئەوە منیش سوار بووم (ئەبو داوود ئەم حەدیثەی بەسەندێكی صەحیح ریوایەت كردووە).

١١٢٤- وَخَرَجَ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي جَنَازَةٍ فَرَأَى رُكْبَانًا، فَقَالَ: أَلاَ تَسْتَحْيُونَ! إِنَّ مَلاَئِكَةَ اللّٰهِ عَلَى أَقْدَامِهِمْ وَأَنْتُمْ عَلَى ظُهُورِ الدَّوَابِّ. رَوَاهُ الترمذي وابن ماجه(٢).

پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) جارێ دەرچوو تەرمێ بەرێ بكا، دەستەیێ سواری دی لەگەڵ تەرمەكەدا دەڕۆیشتن، فەرمووی: نابێ شەرمو شكۆبكەن! فریشتەی خودا بەپێ و ئێوە بەسەر پشتی ولاخەوە چۆن دەبێ! (ت/ماجە — بەر شەپۆلی میهرەبانیی خودا كەون).

١١٢٥- عَنْ أَنَسَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: يَتْبَعُ الْمَيِّتَ ثَلاَثَةٌ، فَيَرْجِعُ اثْنَانِ وَيَبْقَى مَعَهُ وَاحِدٌ، يَتْبَعُهُ أَهْلُهُ وَمَالُهُ وَعَمَلُهُ، فَيَرْجِعُ أَهْلُهُ وَمَالُهُ، وَيَبْقَى عَمَلُهُ. رَوَاهُ الشيخان والترمذي(٣).

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: سێ شت شوێن مردوودەكەونو تاسەر لێواری گۆڕ لەگەڵی دەچن، بەلام لەوێ دوانیان دەگەڕێنەوەو یەكێكیان لەگەڵی دەمێنێتەوە: كەسوكارو ماڵو كردەوی لەگەڵی دەچن، بەلام كەسوكارو ماڵەكەی دەگەڕێنەوە، تەنیا كردەوەكەی لەگەڵی دەمێنێ! (ش/ت).

(٢) سكت عنه.

(٣) بخاري. رقاق: ٦٥١٤. مسلم. زهد: ٧٣٥٠. ترمذي. زهد: ٢٣٧٩. نسائي. جنائز: ١٩٣٦.

٢٢٠) هەڵسان لەبەر تەرم: (القيام للجنازة)

١١٢٦- عَنْ أَبِي سَعِيدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا رَأَيْتُمُ الْجَنَازَةَ فَقُومُوا ، فَمَنْ تَبِعَهَا فَلاَ يَقْعُدْ حَتَّى تُوضَعَ. وفي رواية: إِذَا رَأَيْتُمُ الْجَنَازَةَ فَقُومُوا حَتَّى تُخَلِّفَكُمْ أَوْ تُوضَعَ. رَوَاهُ الخمسة[1].

ئەبو سەعيد (ڕەزای خودای لێبێ) دەڵێ: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: کە تەرمتان دی هەڵسن لەبەری تا تێ دەپەڕێ ئەو کەسەشی دوای دەکەوێ با دانەنیشێت تا تەرمەکە دادەنرێ لەلای گۆڕەکەی، لە گێڕانەوەیەکا: کاتێ تەرم دەبینن هەڵسن لەبەری تاڕەت دەبێ لێتان یا هەتا دادەنرێ لە گوێی گۆڕەکەی (ش/د/ت/ن).

١١٢٧- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: مَرَّتْ جَنَازَةٌ فَقَامَ لَهاَ رَسُولَ اللهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَقُمْنَا مَعَهُ، فَقُلْنَا: يا رَسُولَ اللهِ إِنَّهَا يَهُودِيَّة، فَقَالَ: إِنَّ الْمَوتَ فَزَعٌ فَإِذَا رَأَيْتُمُ الْجَنَازَةَ فَقُومُوا. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ الترمذي[2].

جابیر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: تەرمێ ڕەت بوو، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەبەری هەڵسا، ئێمەش لەگەڵیا لەبەری هەڵساین، ئینجا گوتمان: ئەی پێغەمبەری خودا! خۆ ئەمە تەرمی جوولەکەبوو؟ فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): مردن بە سامە! لەبەر ئەوە کە تەرمتان دی لە بەری هەڵسن! (ش/د/ن).

١١٢٨- عَنْ عَلِيّ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: رَأَيْنَا رَسُولَ اللّٰهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَامَ فَقُمْنَا، وَقَعَدَ فَقَعَدْنَا. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ البخاريَّ[3].

عەلی (خوای لێ ڕازی بێ) دەڵێ: لەسەرە تاوە دەمان دی پێغەمبەر خۆی (دروودی خوای لەسەربێ) لەبەر تەرم هەڵدەسێ لەبەر ئەوە ئێمەیش لەبەری هەڵدەساین، بەڵام لە دواییدا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) وازی لەمە هێناو دانیشتنی لە

---

(١) بخاري. جنائز: ١٣٠٧ (١٣٠٨). مسلم. جنائز: ٢٢١٦ — ٢٢١٩.

(٢) بخاري. جنائز: ١٣١١. مسلم. جنائز: ٢٢١٩.

(٣) مسلم. جنائز: ٢٢٢٧. أبو داود. جنائز: ٣١٧٥. ترمذي. جنائز: ١٠٤٤. نسائي. جنائز: ١٩٩٨ ، ١٩٩٩.

خۆی تێك نەدەدا لەبەر ئەوە ئێمەش وازمان لێ هێناوەو دانیشتن لە خۆمان تێك نادەین (م/د/ت/ن).

٢٢١) باسی گۆڕو بەخاك سپاردنو كاتی مردوو ناشتن: (القبر والدفن ووقته)

قَالَ اللهُ تَعَالى: {ثُمَّ أَمَاتَهُ فَأَقْبَرَهُ ثُمَّ إِذَا شَاء أَنشَرَهُ – ٨٠/ ٢١ – ٢٢}.

واتە: خودای گەورە دەفەرموێ: ئینجا لەپاش ماوەی ژیانی دنیا خودا دەیمرێنێ و دەیخاتە ناو گۆڕەوە، لەپاشا كاتێ كەویستی زیندووی دەكاتەوە وەك جاری جاران!.

١١٢٩ – عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: اللَّحْدُ لَنَا وَالشَّقُّ لِغَيْرِنَا. رَوَاهُ أصحاب السنن وأحمد[1].

ئیبنو عەبباس (خوایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: لادڕ (ئەلحەد) بۆ ئێمەیەو گۆڕیچەش بۆ خەڵكانی تر (د/ت/ن/ئەحمەد–س/ح).

١١٣٠ – قَالَ: سَعْدِ بْنِ أَبِي وَقَّاصٍ (رَضيَ اللهُ عَنْهُ) فِي مَرَضِهِ الَّذِى هَلَكَ فِيهِ الْحِدُوا لِي لَحْدًا، وَانْصِبُوا عَلَيَّ اللَّبِنَ نَصْبًا كَمَا صُنِعَ بِرَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ). رَوَاهُ مُسْلِمٌ وأحمد والنسائي[2].

سەعدی كوڕی ئەبو وەققاص (خوای لێ رازی بێ) لەو نەخۆشیینەدا كە تیامرد رایسپارد گوتی: لادڕم بۆ لێ دەنو بەخشتی كاڵ لای پشتم بگرن، پێغەمبەریان چۆن لێكرد منیش ئاوا (م/ئەحمەد/ن).

---

(١) بسند حسن (شرحه).

(٢) مسم. جنائز: ٢٢٣٧. نسائي. جنائز: ٢٠٠٧.

١١٣١- عَنْ أَبِي الْهَيَّاجِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: قَالَ: لِي عَلِيُّ بْنُ أَبِي طَالِبٍ أَلاَّ أَبْعَثُكَ عَلَى مَا بَعَثَنِي عَلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنْ لاَ تَدَعَ تِمْثَالاً إِلاَّ طَمَسْتَهُ وَلاَ قَبْرًا مُشْرِفًا إِلاَّ سَوَّيْتَهُ. رَوَاهُ الخمسة إِلاَّ البخاريَّ[٣].

ئەبولهەییاج (خوای لێ رازی بێ) گوتی: عەلی کوڕی ئەبو طالیب گوتی پێی: بزانە! لەسەر ئەو رێبازە راستە دەتنێرم کە کاتی خۆی پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) منی لەسەر نارد: کە ئەمەیە: کە هەرچی پەیکەرێکت دی کوێری بکەرەوە، وە هەرچی گۆڕێکی قنج و قیتت دی تەختی بکەو متی بکە بەزەوییەکەوە (م/د/ت/ن).

١١٣٢- عَنْ فَضَالَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: سَمِعْتُ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَأْمُرُ بِتَسْوِيَةِ الْقُبُورِ. رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَأَبُو دَاوُدَ[٤].

فەضالە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: لە پێغەمبەر خۆیم بیستووە (درودی خوای لەسەربێ) فەرمانی دەکرد بەوە کە گۆڕ تەخت بکرێ لەگەڵ زەویدا (م/د).

١١٣٣- عَنْ هِشَامِ بْنِ عُرْوَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: جَاءَتِ الأَنْصَارُ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَوْمَ أُحُدٍ فَقَالُوا: أَصَابَنَا قَرْحٌ وَجَهْدٌ فَكَيْفَ تَأْمُرُنَا قَالَ: احْفِرُوا وَاعْمِقُوا وَأَوْسِعُوا وَاجْعَلُوا الرَّجُلَيْنِ وَالثَّلاَثَةَ فِي الْقَبْرِ. قِيلَ فَأَيُّهُمْ يُقَدَّمُ؟ قَالَ: أَكْثَرُهُمْ قُرْآنًا. رَوَاهُ أصحاب السنن[٥].

هیشامی کوڕی عوروە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: رۆژی غەزای نوحود یاریدەدەران (ئەنصار) هاتن بۆلای حەزرەت (درودی خوای لەسەربێ) گوتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! خۆت دەزانی ماندوو و شەکەتین و تووشی شکستەیی بووین و زامارو شەهیدیشمان زۆرە لەبەر ئەوە فریاناکەوین کە هەر شەهیدەی گۆڕێکی سەربەخۆی بۆ هەڵکەنین جا تۆ فەرمانت بەچییە پێمان؟ فەرمووی: گۆڕی قووڵی پان و پۆڕ هەڵکەنن و دوو پیاوو سێ پیاو بەیەکەوە بیانخەنە ناو

---

(٣) مسلم. جنائز: ٢٢٣٩ ، ٢٢٤٠. أبو داود. جنائز: ٣٢١٩ ، ٣٢١٨. ترمذي. جنائز: ١٠٤٩. نسائي. جنائز: ٢٠٣٠.

(٤) مسلم. جنائز: ٢٢٣٩.

(٥) بسند صحيح (شرحه).

یەك گۆڕەوە گوترا: كامیان بخەینەلای پێشەوە واتە: كامەیان لەبەری رووگەوە بێ؟ فەرمووی: هەر كامێكیان كە قورئانی زۆر تر لەبەر بێ! (د/ت/ن-س/ص).

١١٣٤- عَنِ الْمُطَّلِبِ بْنِ أَبِي وَدَاعَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: لَمَّا مَاتَ عُثْمَانُ ابْنُ مَظْعُونٍ أُخْرِجَ بِجَنَازَتِهِ فَدُفِنَ، أَمَرَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَجُلاً أَنْ يَأْتِيَهُ بِحَجَرٍ، فَلَمْ يَسْتَطِعْ حَمْلَهُ فَقَامَ إِلَيْهِ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) وَحَسَرَ عَنْ ذِرَاعَيْهِ ثُمَّ حَمَلَهَا فَوَضَعَهَا عِنْدَ رَأْسِهِ وَقَالَ: أَتَعَلَّمُ بِهَا قَبْرَ أَخِي، وَأَدْفِنُ إِلَيْهِ مَنْ مَاتَ مِنْ أَهْلِي[٦].

موطتەلیبی كوڕی ئەبو وەداعە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: كە عوسمانی كوڕی مەظموون مرد، تەرمەكەیان بردو ناشتیان، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمانی كرد بە پیاوێ كە كیلە بەردێكی بۆ بێنێ، پیاوەكە بەردەكەی بۆ هەڵنەگیرا، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) خۆی هەڵساو چوو بۆیو هەردوو قۆڵی خۆی هەڵماڵیو بەردەكەی هەڵگرتو هێنایو لەلای سەریا دایناو فەرمووی: دەیكەم بە نیشانەو گۆڕی براكەمی پێ دەناسمەوە، وە ئەوەشی لە كەسو كارم بمرن لەلایدا دەیان نێژم. عوسمانی كوڕی موظعوون برای شیری پێغەمبەر بووە (دروودی خوای لەسەربێ) (د-سند صالح).

١١٣٥- عَنْ أَبِي إِسْحَاقَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أَوْصَى الْحَارِثُ أَنْ يُصَلِّيَ عَلَيْهِ عَبْدُ اللَّهِ بْنُ يَزِيدَ فَصَلَّى عَلَيْهِ ثُمَّ أَدْخَلَهُ الْقَبْرَ مِنْ قِبَلِ رِجْلَيِ الْقَبْرِ وَقَالَ: هَذَا مِنَ السُّنَّةِ. رَوَاهُمَا أَبُو دَاوُدَ[٧].

ئەبو ئیسحاق (خوای لێ رازی بێ) گوتی: حاریث رایسپارد كە عەبدوللای كوڕی یەزید نوێژی لەسەر بكا، عەبدولا كە نوێژی لەسەر كرد لە پێیینی گۆڕەكەوە دایهێلایە ناو گۆڕەكەوەو گوتی: ئەمە سوننەتە (د-سند صالح).

---

(٦) بسند صالح (شرحه).

(٧) بسند صالح (شرحه).

١١٣٦- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضِيَ أللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا وَضَعَ الْمَيِّتُ فِي الْقَبْرَ قَالَ: بِسْمِ اللّٰهِ وَعَلَى سُنَّةِ رَسُولِ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) رَوَاهُ أصحاب السنن ولفظ الترمذي: بِسْمِ اللهِ وَبِاللهِ وَعَلَى مِلَّةِ رَسُولِ اللهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)(٨).

ئیبنو عومەر (خودایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) کە مردووی دادەنا لەناو گۆڕەکەیا دەیفەرموو:

{بِاسْمِ أللهِ وَبِاللهِ وَعلى مِلةِ رسَوُلِ اللهِ}:

بە پیرۆزی ناوی خوداو لەسەر سوننەتی پێغەمبەری خودا (دروودی خوای لەسەربێ) (د/ت/ن) گفتەی (ت) ئاوایە:

بەناوی خوداو بەپشتی خوداو لەسەر ئایین و دینی ئوممەتی موحەممەدی پێغەمبەری خودا (د).

١١٣٧- عَنْ عُقْبَةَ بْنَ عَامِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنهُ) يَقُولُ: ثَلاَثُ سَاعَاتٍ كَانَ رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَنْهَانَا أَنْ نُصَلِّيَ فِيهِنَّ أَوْ نَقْبُرَ فِيهِنَّ مَوْتَانَا: حِينَ تَطْلُعُ الشَّمْسُ بَازِغَةً حَتَّى تَرْتَفِعَ، وَحِينَ يَقُومُ قَائِمُ الظَّهِيرَةِ حَتَّى تَمِيلَ الشَّمْسُ وَحِينَ تَضَيَّفُ الشَّمْسُ، لِلْغُرُوبِ حَتَّى تَغْرُبَ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ البخاريَّ(٩).

عوقبەی کوڕی عامیر (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جاران پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەم سێ کاتەدا نەهی لێ دەکردین کە نوێژیان تیا بکەین یا مردوومانیان تیا بنێژین:

یەکەم: ئەو کاتە کە خۆر هەڵدێ و گزنگ دەدا هەتا بەقەد رمێك بەرز دەبێتەوە.

دووەم: ئەو کاتەش کە قرچەی نیوەڕۆ هەڵدەستێ و راوەستاو لەبەر خۆر سێبەری نامێنێ هەتا خۆر لار دەبێتەوەو بە دیمەن لە ناوەراستی ئاسمان لا دەدات.

(٨) بسند حسن (شرحه).

(٩) مسلم. صلاة المسافرين: ١٩٢٦. أبو داود. جنائز: ٣١٩٢. ترمذي. جنائز: ١٠٣٠. نسائي. مواقيت: ٥٥٩ ، ٥٦٤ ، ٢٠١٢.

سێیەم: ئەوکاتەش کە خۆر شۆڕ دەبێتەوە بەرەو ئاوابوون هەتا ئاوادەبێ (م/د/ت/ن).

١١٣٨- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: رَأَى نَاسٌ نَارًا فِي الْمَقْبَرَةِ نَاراً فَأَتَوْهَا، فَإِذَا رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فِي الْقَبْرِ، وَإِذَا هُوَ يَقُولُ: نَاوِلُونِي صَاحِبَكُمْ، فَإِذَا هُوَ الرَّجُلُ الَّذِي كَانَ يَرْفَعُ صَوْتَهُ بِالذِّكْرِ. رواه أبو دَاوُدَ والترمذي. ولفظه: فَأَخَذَهُ النَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مِنْ قِبَلِ الْقِبْلَةِ وَقَالَ: رَحِمَكَ اللّٰهُ إِنْ كُنْتَ لأَوَّاهًا تَلاَّءً لِلْقُرْآنِ[١٠].

جابیر (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: شەوێ خەڵك ئاگرێکیان دی لە گۆڕخانەکە دەگڕا، کە چوون بە سۆراخیەوە تەماشایان کرد وا پێغەمبەر خۆی (دروودی خوای لەسەربێ) لەناو گۆڕەکەدایەو دەفەرموێ: هاوڕێکەتانم بدەنە دەست کە تەماشایان کرد تومەز ئەمە خوی ئەو پیاوەبوو کە بە دەنگی بەرز ذیکرو یادی خودای دەکرد (د-س/ح-ت) گفتەی (ت): جا پێغەمبەر خۆی (دروودی خوای لەسەربێ) لەڕووی رووگەوە مردووەکەی وەرگرت و فەرمووی: (بەر سۆزو ڕەحمەتی خودا کەویت)! بە راستی تۆ سۆزکەرو دڵنەرمو قورئانخوێنی چاك بووی!.

٢٢٢) نابێ گۆڕ برازێتەوە، یا خانووی لەسەر بکرێ یا لەسەری دابنیشی: (لا يزين القبر ولا يبنى ولا يجلس عليه)

١١٣٩- عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: نَهى رَسُولُ اللهِ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنْ يُجَصَّصُ الْقَبْرُ وَأَنْ يُقْعَدَ عَلَيْهِ وَأَنْ يُبْنَى عَلَيْهِ.. رواه الخمسة إلا البخاري. ولفظ الترمذي: نهى النَّبِيُّ (صَلَّى اللّٰهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَنْ تُجَصَّصَ القَبُور وَأَنْ يُكْتَبَ عَلَيْهاَ وَأَنْ يُبْنى عَلَيْها وَأَنْ تُوطَأَ[١].

---

(١٠) رواه أبو داود بسند حسن (شرحه).

(١) مسلم. جنائز: ٢٢٤٢ – ٢٢٤٤. أبو داود. جنائز: ٣٢٢٦ ، ٣٢٢٥. ترمذي. جنائز: ١٠٤٩. نسائي. جنائز: ٢٠٣٠.

جابیر (خودای لێ خۆش بێ) **گوتی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **نەهی کردووە لە گەچکاریکردنی گۆڕو لە دانیشتن لە سەری و لە دروستکردنی خانوو لەسەری (م/د/ت/ن) گفتەی تیرمیذی: پێغەمبەر** (دروودی خوای لەسەربێ) **جڵەوگیری دەکا لە گەچکاریکردنی گۆڕو لە نووسین لەسەری و لە دروستکردنی گومەزو خانوو لە سەری و لە شێلان و پێ لێ نانی.**

١١٤٠ – عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) **عَنِ النَّبِيِّ** (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) **قَالَ: لأَنْ يَجْلِسَ أَحَدُكُمْ عَلَى جَمْرَةٍ فَتُحْرِقَ ثِيَابَهُ فَتَخْلُصَ إِلَى جِلْدِهِ خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَجْلِسَ عَلَى قَبْرٍ. رَوَاهُ مسلم وأبو داود والنسائي**[٢]**.**

لە ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) **لە پێغەمبەرەوە** (دروودی خوای لەسەربێ) **دەفەرموێ: ئەگەر لەسەر پشکۆیێ ئاگری سوور دابنیشن و جلەکانتان بسووتێنێ و بگاتە پێستتان و چزەی لێ هەڵبستێنێ هێشتا ئەمەتان باشترە لەوە کە لەسەر گۆڕێ دابنیشن (م/د/ن).**

٢٢٣) گواستنەوەی مردوو، وە هەروا هەڵدانەوەی گۆڕ، ئەگەر لەبەر پێویستی بێ دروستن: (يجوز نقل الميت كما يجوز نبش القبر للحاجة)

١١٤١ – عَنْ جَابِرٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) **قَالَ: دُفِنَ مَعَ أَبِي رَجُلٌ فَلَمْ تَطِبْ نَفْسِي حَتَّى أَخْرَجْتُهُ فَجَعَلْتُهُ فِي قَبْرٍ عَلَى حِدَةٍ. رَوَاهُ البخاري والنسائي وأبو داود: فَأَخْرَجْتُهُ بَعْدَ سِتَّةِ أَشْهُرٍ، فَمَا أَنْكَرْتُ مِنْهُ شَيْئًا إِلاَّ شُعَيْرَاتٍ كُنَّ فِي لِحْيَتِهِ مِمَّا يَلِي الأَرْضَ**[١]**.**

جابیر (خوای لێ رازی بێ) **گوتی: باوکم لە غەزای ئوحوددا شەهید بوو پیاوێکی تر لەگەڵ باوکما لەیەك گۆڕدا نێژرابوون، جا دڵم بەرایی نەدا تا لەشەکەیم دەرهێناو لە گۆڕێکی سەربەخۆدا ناشتمەوە (ب/ن/د = بوخاری و نەسائی و ئەبو داوود) ئەبو داوود** (خودا لێی خۆش بێ) **ئەمەشی پترە: لەپاش**

---

(٢) مسلم. جنائز: ٢٢٤٥ تقدم تخريجه بمثل الحديث الذى قبله (الحديث ٢٢٤٢).

(١) بخاري. جنائز: ١٣٥٢.

شەش مانگ كاتێ كە لاشەكەیم دەرهێنا هیچ تێك نەچووبوو هەروەك خۆی مابوو، تەنیا چەن موویەكی ریشی نەبێ كە لە دیوی زەویەكەوە بوون.

١١٤٢- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: قَدِمَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الْمَدِينَةَ وَأُمِرَ بِبِنَاءِ الْمَسْجِدِ فَقَالَ: يَا بَنِي النَّجَّارِ ثَامِنُونِي بِحَائِطِكُمْ هَذَا فَقَالُوا: لاَ وَاللهِ لاَ نَطْلُبُ ثَمَنَهُ إِلاَّ إِلَى اللهِ، فَأَمَرَ بِقُبُورِ الْمُشْرِكِينَ فَنُبِشَتْ، ثُمَّ بِالْخَرِبِ فَسُوِّيَتْ، وَبِالنَّخْلِ فَقُطِعَ ، فَصَفُّوا النَّخْلَ قِبْلَةَ الْمَسْجِدِ، وَجَعَلُوا عِضَادَتَيْهِ الْحِجَارَةَ، وَجَعَلُوا يَنْقُلُونَ الصَّخْرَ، وَهُمْ يَرْتَجِزُونَ، وَالنَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَعَهُمْ وَهُوَ يَقُولُ: اللَّهُمَّ لاَ خَيْرَ إِلاَّ خَيْرُ الآخِرَةِ فَاغْفِرْ لِلأَنْصَارِ وَالْمُهَاجِرَةِ. رواه الثلاثة[٢]

ئەنەس (رەزای خودای لێبێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كە هات بۆ مەدینەو فەرمانی پێ كرا بە دروستكردنی مزگەوتەكە فەرمووی: ئەی بەنی نەجار! ئەم باخەی خۆتانم پێ بفرۆشن‌و نرخەكەیم پێ بڵێن؟ گوتیان: نە بەخوا بە فرۆشتن نایدەین، بەڵام بە خۆڕایی پێشكەشی دەكەین بە خوداو پێغەمبەری خوداو بەهاكەیمان هەر لە خودا دەوێ! جا پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمانیدا گۆڕی بتپەرستەكانیان هەڵتەكاندو چاڵایی شوێن گۆڕەكانیان پڕ كردەوەو دارخورماكانیان بڕی‌و لەلای رووگە (قیبلە)ی مزگەوتەكەوە ریزیان كردن‌و هەردوو لاشیپانی دەرگاكەشیان لە تاشەبەرد دروست كرد، كاتێ كە تلە بەردەكانیان دەگواستەوە سۆزیان دەكردو پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) لەگەڵیانا سۆزی دەكردو دەیفەرموو:

اللَّهُمَّ لاَ خَيْرَ إِلاَّ خَيْرُ الآخِرَةِ فَاغْفِرْ لِلأَنْصَارِ وَالْمُهَاجِرَةِ

واتە: پەروەردگارا! باش ئەوەیە لەدوا رۆژا باش بێ، جا چاوی خێرت لە یاریدەدەران‌و كۆچەران بێ (ش/د).

---

(٢) بخاري. مناقب: ٣٧٩٥. مسلم. جهاد: ٤٦٤٧ — ٤٦٥٢.

١١٤٣- عَنْ عَائِشَةَ (رَضيَ أللهُ عَنْهَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: كَسْرُ عَظْمِ الْمَيِّتِ كَكَسْرِهِ حَيًّا. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ وابن ماجه[٣].

عائیشه (خوای لێ رازی بێ) دەڵێ: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: شكاندنی ئێسكی مردوو وەك ئەوە وایە كە لە حاڵی ژیانیا بیشكێنی (د/ماجه-سند صالح).

١١٤٤- عَنْ عَبْدَ اللّٰهِ بْنَ عَمْرٍو (رَضيَ أللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: خَرَجْنَا مَعَ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِلَى الطَّائِفِ فَمَرَرْنَا بِقَبْرٍ فَقَالَ: رَسُولُ اللّٰهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) هَذَا قَبْرُ أَبِى رِغَالٍ وَكَانَ بِهَذَا الْحَرَمِ يَدْفَعُ عَنْهُ فَلَمَّا خَرَجَ أَصَابَتْهُ النِّقْمَةُ الَّتِى أَصَابَتْ قَوْمَهُ بِهَذَا الْمَكَانِ فَدُفِنَ فِيهِ وَآيَةُ ذَلِكَ أَنَّهُ دُفِنَ مَعَهُ غُصْنٌ مِنْ ذَهَبٍ إِنْ أَنْتُمْ نَبَشْتُمْ عَنْهُ أَصَبْتُمُوهُ مَعَهُ فَابْتَدَرَهُ النَّاسُ فَاسْتَخْرَجُوا الْغُصْنَ. رَوَاهُ أبو داود[٤].

عەبدوڵڵای كوڕی عەمر (خودایان لێ رازی بێ) گوتی: لە خزمەتی حەزرەتدا (درودی خوای لەسەربێ) دەرچووین بۆ طائیف، لەڕێ دامان بەلای گۆڕێكا پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئەمە گۆڕی ئەوبوریغالە، تا لەحەرەم (بەست)ی مەككەدا بوو حەرەم دەیپاراست، بەڵام كە لەخاكی حەرەم دەردەچێ لەم شوێنەدا گرفتاری هەمان تۆڵەو سزا دەبێ كە لەوەوپێش تووشی هۆزەكەی بوو بوو، جا لێرەدا نێژرا، وە نیشانەی (راستی) ئەم (داستان)ەش ئەمەیە داردەستێكی زێڕی لە قەبرەكەدا لەگەڵدا نێژراوە، ئەگەر گۆڕەكەی هەڵبدەنەوە لە لایا دەیدۆزنەوە جا خەڵكەكە پەلاماری گۆڕەكەیان داو شیشە زێڕەكەیان لێ دەرهێنا! (د-سند صالح).

---

(٣) بسند صالح (شرحه).

(٤) بسند صالح (شرحه).

٢٢٤) بەشی شەشەم: پرسیارو وەڵامی ناو گۆڕو سزای گۆڕ:
(الفصل السادس: في سؤال القبر وعذابه)

١١٤٥- عَنِ الْبَرَاءِ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِذَا أُقْعِدَ الْمُؤْمِنُ فِي قَبْرِهِ أُتِيَ، ثُمَّ يَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ، فَذَلِكَ قَوْلُهُ (يُثَبِّتُ اللَّهُ الَّذِينَ آمَنُوا بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ) فيالْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ[1].

بەراء (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرمویّ: موسوڵمان كاتێ دەینێژن و خەڵكەكە بەجێی دەهێڵن لە گۆڕەكەیا دایدەنیشێنن و دوو فریشتە (كە ناویان نەكیرو مونكەرە) بۆ تاقی كردنەوە دێنە سەری و لێی دەپرسن: خوات كێیە، پێغەمبەرت كێیە، لەسەرچی ئاینێكی؟و ئەویش خودای گەورە تەوفیقی دەداو دەڵێ:

{أَشْهِدَ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ، وَأَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ}.

شایەتی دەدەم كە هەر خودا خودایەو خودای ترنیەو موحەممەد پێغەمبەری خودایە، خودای من ئەڵلایەو پێغەمبەرم موحەممەدە جا مەبەست لەم ئایەتە ئەم پرسیارو وەڵامەیە، كە خودا لە قورئانا دەفەرموێ:

{يُثَبِّتُ اللّهُ الَّذِينَ آمَنُواْ بِالْقَوْلِ الثَّابِتِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَفِي الآخِرَةِ - ٢٧/١٤}.

واتە: خودای گەورە بەهۆی ئەم وتارە دامەزراوە جوانەوە كە وشەی: {لا أَلَهَ إِلاَّ أَللّهُ مُحَمَّدَاً رَسُولُ أللهِ}یە.

موسوڵمان رزگار دەكاو دایدەمەزرێنێ لە دنیاو قیامەتدا.

١١٤٦- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ الْعَبْدُ إِذَا وُضِعَ فِي قَبْرِهِ، وَتُوُلِّيَ عَنْهُ أَصْحَابُهُ حَتَّى إِنَّهُ لَيَسْمَعُ قَرْعَ نِعَالِهِمْ ، أَتَاهُ مَلَكَانِ فَيَقْعُدانِهِ فَيَقُولاَنِ: لَهُ مَا كُنْتَ تَقُولُ فِي هَذَا الرَّجُلِ مُحَمَّدٍ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَأَمَّا الْمُؤْمِنُ فَيَقُولُ: أَشْهَدُ أَنَّهُ عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ. فَيُقَالُ انْظُرْ إِلَى مَقْعَدِكَ مِنَ النَّارِ، قَدْ

---

(١) بخاري. جنائز: ١٣٧٤. مسلم. الجنة ونعمها: ٧١٤٨ ، ٧١٤٩.

أَبْدَلَكَ اللَّهُ بِهِ مَقْعَدًا مِنَ الْجَنَّةِ فَيَرَاهُمَا جَمِيعًا، وَأَمَّا الْكَافِرُ وَالْمُنَافِقُ فَيُقَالُ أَلاَ دَرَيْتَ وَلاَ تَلَيْتَ وَيُضْرَبُ بِمَطَارِقَ مِنْ حَدِيدٍ ضَرْبَةً، فَيَصِيحُ صَيْحَةً يَسْمَعُهَا مَنْ يَلِيهِ إِلاَّ الثَّقَلَيْنِ. رَوَاهُمَا الخمسة(٢).

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: بەندە كاتێ دای دەنێن لەناو گۆڕەكەیداو هاورێكانی بەرەودوا دەگەڕێنەوە هێشتا گوێی لە چرپەی كەوشەكانیانە كە دوو فریشتە كەناویان نەكیرو مونكەرە دەگەنە سەری‌و دای دەنیشێنن‌و پێی دەڵێن: باوەڕت چییە دەربارەی ئەم پیاوە؟ واتە: باوەڕت چیە دەربارەی موحەممەد (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: جا ئەوەی موسوڵمانبێ پێی دەڵێ: ئاگادارم كە ئەم پیاوە بەندەو پێغەمبەری خودایە، ئەوجا دەگوترێ پێی: ئا ئەوە جێگەی تۆ بوو لەناو ئاگری دۆزەخدا سەیریكە خودا بۆی گۆڕیویتەوە بەو شوێنە خۆشە لە بەهەشتا، جا ئەویش هەردوو جێگەكە بە چاوی خۆی دەبینێ حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: بەڵام بێبڕوا یا فەرمووی: (بەڵام ناپاك مونافیق = دوو روو) كە هەمان پرسیاری لێ دەكەن دەڵێ: ئاگام لە هیچ نیە، ئەوەندە هەیە سەیری دەمی خەڵكم كردووە، ئەوان چییان گوتووە ئەوەم گوتووە! ئەوجا دەڵێن: دەك هەر نەزانیت! ئیتر یەك تۆپزی ئاسنینی لێ دەدەن، ئەوسا یەك قیژە دەكا هەرچی لە دەورو بەریەتی دەیبیستێ، مرۆڤ‌و جنۆكە نەبێ، ئەو دوو تاقمە نایبیستن! (ش/د/ت/ن).

١١٤٧- عَنْ أَسْمَاءَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهَا) قَالَتْ: إِنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) حَمِدَ اللهَ وَأَثْنى عَلَيْهِ ثُمَّ قَالَ: مَا مِنْ شَيْءٍ لَمْ أَكُنْ أُرِيتُهُ إِلاَّ رَأَيْتُهُ فِي مَقَامِي هَذِهِ حَتَّى الْجَنَّةَ وَالنَّارَ، فَأُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّكُمْ تُفْتَنُونَ فِي قُبُورِكُمْ ، مِثْلَ أَوْ قَرِيبًا مِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ ، يُقَالُ مَا عِلْمُكَ بِهَذَا الرَّجُلِ فَأَمَّا الْمُؤْمِنُ أَوِ الْمُوقِنُ فَيَقُولُ هُوَ مُحَمَّدٌ رَسُولُ اللَّهِ جَاءَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَالْهُدَى ، فَأَجَبْنَا وَاتَّبَعْنَا ، هُوَ مُحَمَّدٌ. ثَلاَثًا ، فَيُقَالُ نَمْ

---

(٢) بخاري. جنائز: ١٣٣٨ ، ١٣٧٤. مسلم. الجنه ونعيمها: ٧١٤٨. نسائي. جنائز: ٢٠٤٩.

صَالِحًا ، قَدْ عَلِمْنَا إِنْ كُنْتَ لَمُوقِنًا بِهِ ، وَأَمَّا الْمُنَافِقُ أَوِ الْمُرْتَابُ فَيَقُولُ لاَ أَدْرِى ، سَمِعْتُ النَّاسَ يَقُولُونَ شَيْئًا فَقُلْتُهُ. رَوَاهُ الشيخان والنسائي[٣].

ئـەسماء (خـوای لێ رازی بـێ) گـوتی: لـە دوانەکـەی نوێــژی رۆژ گیرانەکـەدا پێغەمبـەر (درودی خوای لەسەربێ) سوپاس و ستایش و وەسپێکی جوانی خودای گەورەی کردو فەرمووی: ئەوەشی نەم دیبوو لەم شوێن و مەقامەدا دیتم، هەتا بەهەشت و دۆزەخیشم دیتن! وەسرووشم بۆ هات: کە ئێوە (هەرکەسێ لە گۆڕی خۆیدا) تاقی دەکرێنەوە وەك تاقیکردنەوەیێ کە لەسەر دەمی جەجاڵە کوێرەی جادووگەردا روودەدات فاطیمە گوتی: ئەسماء یاوای گوت یا گوتی: فەرمووی: لە چەشنی تاقیکردنەوەی جەجاڵە کوێرەی جادووگەر. دەگوترێ: چی لـە بارەی ئـەم پیاوەوە دەزانـێ؟ جا ئـەوەی بڕوادارو موسولمان بێ یا فـەرمووی: ئـەوەی موسـوڵمان و خـاوەن بـاوەڕو خـاوەن متمانـەبێ دەڵـێ: ئەمـە موحەممـەدە پێغەمبـەرو فرستادەی خوایـە، بەڵگـەی رۆشـن و رێگـەی راسـتی نیشان داوین: بۆیـە ئێمـەش باوەڕمان پـێ هێنـاوەو شـوێنی کـەوتووین، سـێ جار لەسەر یەك دەڵێ: ئەمە موحەممەدە، جا ئەوجا پێی دەڵێن: بخەوە خەوی خێرت بێ، ئێمە خۆشمان باش دەمانزانی کە تۆ بەچاکی باوەڕت پێـی هەیـە فەرمووی: بەڵام ئەوەشـی ناپاك بـێ یا فـەرمووی: بـەڵام ئەوەشـی بـەدگومان و دوو دڵبـێ دەڵـێ: نـازانم، چـاوم لـە دەمـی خـەڵك بـووە" ئـەوان چییان گوتـووە منیش گوتوومە! (ش/ن).

١١٤٨- عَنْ ابْنِ عُمَرَ (رَضيَ اللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَـالَ: إِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا مَاتَ عُرِضَ عَلَيْهِ مَقْعَدُهُ بِالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ ، إِنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّـةِ فَمِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ ، وَإِنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ فَمِنْ أَهْلِ النَّارِ ، فَيُقَالُ هَذَا مَقْعَدُكَ حَتَّى يَبْعَثَكَ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ أبا داود[٤].

---

(٣) بخاري. علم: ٨٦ ، ١٨٤ ، ٩٢٢ ، ١٠٥٣ ، ١٠٥٤ ، ١٠٦١ ، ١٢٣٥ ، ١٣٧٣ ، ٢٥١٩ ، ٢٥٢٠ ، ٧٢٨٧. مسلم. كسوف: ٢١٠٠.

(٤) بخاري. جنائز: ١٣٧٩ ، ٣٢٤ ، ٦٥١٥. مسلم: الجنه ونعيمها: ٧١٤٠. نسائي. جنائز: ٢٠٧١.

ئیبنو عومەر (خودایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئێوە كاتێ دەمرن بەیانیان و ئێواران، هەر كەسەتان جێگەی خۆی پیشان دەدرێ، جا ئەگەر بەهەشتی بێ ئەوا جێگەی خۆی لە بەهەشتا دەبینێ، وە ئەگەر دۆزەخی بێ ئەوا جێگەی خۆی لە دۆزەخا دەبینێ، وە پێی دەڵێن: ئەمە جێگەتە لە رۆژی قیامەتا، كە خودا زیندووت دەكاتەوە دێیتە ئێرە (ش/ت/ن).

١١٤٩- ➡ (ب – ١ ز – ٢٣ ژمارە: ٣/١٦٥).[٥]

١١٥٠- وللشيخين والنسائي: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) يَدْعُو: اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ وَمِنْ عَذَابِ النَّارِ. وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا الْمَمَاتِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيْحِ الدَجَّالِ[٦].

هەمیشە پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) ئەم نزایەی دەكرد:

{اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ وَمِنْ عَذَابِ النَّارِ. وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيْحِ الدَجَّالِ}.

خودایە! پەنا دەگرم بە تۆ لە سزای گۆڕو لە سزای ئاگری دۆزەخ و لە فیتنەو ئاژاوەی ژیان و مردن و لەفیتنەو ئاژاوەی جەجاڵە كۆرەی هەلاتباز (ش/ن).

١١٥١- عَنْ هَانِيءٍ مَوْلَى عُثْمَانَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ عُثْمَانُ إِذَا وَقَفَ عَلَى قَبْرٍ بَكَى حَتَّى يَبُلَّ لِحْيَتَهُ فَقِيلَ لَهُ: تُذْكَرُ الْجَنَّةُ وَالنَّارُ فَلاَ تَبْكِي وَتَبْكِي مِنْ هَذَا فَقَالَ: إِنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: إِنَّ الْقَبْرَ أَوَّلُ مَنَازِلِ الآخِرَةِ، فَإِنْ نَجَا مِنْهُ فَمَا بَعْدَهُ أَيْسَرُ مِنْهُ، وَإِنْ لَمْ يَنْجُ مِنْهُ فَمَا بَعْدَهُ أَشَدُّ مِنْهُ قَالَ: وَقَالَ: رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) مَا رَأَيْتُ مَنْظَرًا قَطُّ إِلاَّ وَالْقَبْرُ أَفْظَعُ مِنْهُ. رَوَاهُ الترمذي[٧].

---

(٥) تقدم تخريجه بمثل الحديث (٣/١٦٥).

(٦) مسلم. مساجد: ١٣٢٤. أبو داود. صلاة: ٩٨٣. نسائي. سهو: ١٣٠٩.

(٧) بسند حسن (شرحه).

هانی نۆکەری عوسمان (خوای لێ رازی بێ) گوتی: جاران عوسمان کە لە سەرگۆڕ دەوەستا ئەوەندە دەگریا تا ریشی بەفرمێسك تەڕ دەبوو، پێیان گوت: بۆ کەباس و یادی بەهەشت و دۆزەخ دەکەیت ناگریت کەچی بۆ ئەمە دەگریت! گوتی: چونکە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: گۆڕیەکەم هەواری دوا رۆژە، ئەوەی لەوێ رزگاری ببێ ئیتر لە قۆناغەکانی پاشتر ئاسانتر رزگاری دەبێ، خۆ ئەگەر لەوێ رزگاری نەبێ ئەوا لە قوناغەکانی دواتر خراپتر گیرۆدە دەبێ! گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) دەشی فەرموو: هەرگیزاو هەرگیز دیمەنم نەدیوە کە وەك گۆڕ سامناك و سامدارو بەسامبێ! (ت/س/ح).

١١٥٢- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: نَفْسُ الْمُؤْمِنِ مُعَلَّقَةٌ بِدَيْنِهِ حَتَّى يُقْضَى عَنْهُ. رَوَاهُ الترمذي وابن ماجه وأحمد[٨].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ رازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: گیانی موسوڵمان (لەپاش مردنی) بەندو گیرۆدەی ئەو قەرزەیە کە لەسەریەتی هەروا دەمێنێ و پایەی بەرزی بەرێزی خۆی لێ قەدەغەیە تا قەرزەکەی بۆ دەدەنەوە (ت/ماجە/ئەحمەد-س/ح).

١١٥٣- عَنْ أَنَسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ النَّبِيَّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) سَمِعَ صَوْتًا مِنْ قَبْرٍ فَقَالَ: مَتَى مَاتَ هَذَا؟ فَقَالُوا: مَاتَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ، فَسُرَّ بِذَلِكَ وَقَالَ: لَوْلاَ أَنْ لاَ تَدَافَنُوا لَدَعَوْتُ اللَّهَ أَنْ يُسْمِعَكُمْ عَذَابَ الْقَبْرِ. رَوَاهُ النسائيُّ ومسلمٌ[٩].

ئەنەس (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) گوێی لێ بوو، گۆڕێ دەنگی لێوە دەهات، فەرمووی (دروودی خوای لەسەربێ): ئەمە کەی مردووە؟ گوتیان: دەمێکە لە سەردەمی نەزانیدا، لەپێش هاتنی ئیسلامدا مردووە، پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) بەم وەڵامە شادمان بوو، فەرمووی:

(٨) بسند حسن (شرحه).

(٩) مسلم. الجنة. ونعيمها: ٧١٤٢ ، ٧١٤٣.

مەبادا لاشەی یەكتری نەنێژن، ئەگینا داوام لەخودا دەكرد كە كارێكی وای بكردایە كە گوێتان لە سزاو ئازاری ناو گۆڕ بوایە! (ن/م).

١١٥٤- عَنِ ابْنِ عُمَرَ (رَضيَ اللهُ عَنهمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: هَذَا الَّذِي تَحَرَّكَ لَهُ الْعَرْشُ، وَفُتِحَتْ لَهُ أَبْوَابُ السَّمَاءِ، وَشَهِدَهُ سَبْعُونَ أَلْفًا مِنَ الْمَلَائِكَةِ لَقَدْ ضُمَّ ضَمَّةً ثُمَّ فُرِّجَ عَنْهُ. رَوَاهُ النسائي هنا والشيخان في الفضائل[١٠].

ئیبنو عومەر (خوایان لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: ئا ئەم سەعدی كوڕی موعاذە كە بارەگای خودا بۆیهاتە جم‌و جووڵ‌و خرۆش‌و دەرگاكانی ئاسمانی بۆ خرانە سەرپشت‌و حەفتا هەزار فریشتە هاتنە دیدەنی‌و دیاری، لەكاتی سەرەمەرگیداو لەكاتی بەرێكردنی تەرمەكەیدا، ئا ئەم سەعدە كە ئەمە پلەو پایەیەتی لەلای خودا، لەگەڵ ئەوەشا گۆڕەوشارێكی وەها وەها درا كە پەراسووی ڕاست‌و چەپی تێك پەڕاند لە پاشا قوتاری بوو (ن/ش).

٢٢٥) نزای ڕاگیركردن لەسەر ئیمان‌و تەڵقین:

(الدعاء بالتثبيت والتلقين)

١١٥٥- عَنْ عُثْمَانَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: كَانَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِذَا فَرَغَ مِنْ دَفْنِ الْمَيِّتِ وَقَفَ عَلَيْهِ فَقَالَ: اسْتَغْفِرُوا لأَخِيكُمْ وَسَلُوا لَهُ بِالتَّثْبِيتَ فَإِنَّهُ الآنَ يُسْأَلُ. رَوَاهُ أَبُو دَاوُدَ والبزّار والحاكم وصحّحه[١].

عوسمان (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) كەڵێ دەبۆوە لە ناشتنی مردوو لەلای گۆڕەكەیا ڕادەوەستاو دەیفەرموو: بپاڕێنەوە بۆ ئەم برایەتان‌و داوای دامەزران‌و ڕاگیركردن لەسەر ئیمان‌و باوەڕی بۆ بكەن چونكە ئێستا كە فریشتە دێنە لای‌و پرسیاری لێ دەكەن خودات كێیە، پێغەمبەرت كێیە، ئایینت چییە؟ (د/بەززار/حاكم بە صەحیحی داناوە).

---

(١٠) بخاري. مناقب: ٣٨٠٣. مسلم. فضائل: ٦٢٩٦.

(١) صحيح عنه الحاكم.

١١٥٦- عَنْ أَبِي أُمامَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: إِذَا مُتُّ فَاصْنَعُوا بِي كَما أَمَرَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: إِذَا مَاتَ أَحَدٌ مِنْ إِخْوانِكُمْ فَسوَّيتُمُ التُّرابَ عَلى قَبْرِهِ، فَلْيَقُمْ أَحَدُكُمْ عَلى رَأْسِ قَبْرِهِ ثُمَّ لِيَقُلْ: يَا فُلانُ ابنُ فُلانَة، فَإِنَّهُ يَسْمَعُه وَلاَ يَجِيبُ، ثُمَّ يَقُولُ: يَا فُلاَنُ بْنُ فُلاَنَة فَإِنَّهُ يَسْتوِي قَاعِداً، ثُمَّ يَقُولُ: يـاَ فُلاَنُ ابْنُ فُلاَنَـةَ، فَإِنَّـهُ يَقُولُ: أَرْشَدْنَا يَرحَمُكَ اللهُ، وَلَكِنْ لاَ تَشْعُرونَ فَلْيَقُلْ: اذْكُرْ ما خَرَجْتَ عَلَيْهِ مِنَ الدُّنيا شَهادَةِ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّداً عَبْدَه وَرَسُولُهُ، وَأَنَّكَ رَضَيْتُ بِاللهِ رَبّاً، وَبِالإِسْلاَم دِيناً، وَبِمُحَمَّدٍ نَبِياً، وَبِالْقُرْآن إِماماً، فَإِنَّ مُنْكَراً وَنَكِيراً يَأخُذُ كُلُّ وَاحِدٍ بِيَدِ صَاحِبِهِ وَيَقُولُ: انْطَلِقْ بِنَا مَا يَقْعَدُنَا عِنْدَ مِنْ لُقِّنَ حُجَّتَهُ؟ فَقَالَ: رَجُلٌ: يَا رِسُولَ اللهِ فَإِنْ لَمْ يَعْرِفْ أُمَّهُ قَالَ: يَنْسَبَهُ إِلى أُمِّه حَوَّاء يَا فُلاَنَ بْنَ حَوَّاءٍ. رَوَاهُ الطبراني والحنبلي في الشافي، وقال الحافظ: إسناده صالح نقل الحديث من غاية المأمول شرح تاج الأصول(٢).

ئەبو ئومامە (خوای لێ رازی بێ) گوتی: كە مردم وەك پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: ئاوام لێ بكەن، پێغەمبەر (درودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: كاتێ برایەكی موسوڵمانتان دەمرێ، لەپاش ئەوەی كە بەخاكتان سپارد با یەكێكتان لەسەر گۆڕەكەی هەڵبسێتەوەو بڵێ: ئەی فیساری كوڕی فیسارە ژن! لەم كاتەدا مردووەكە گوێی لێیەتی بەڵام وەڵام ناداتەوە، جا دیسان بڵێتەوە: ئەی فیساری كوڕی فیسارە ژن! ئینجا مردووەكە لە گۆڕەكەیدا رێك دادەنیشێ، جا دیسانەوە بڵێتەوە: ئەی فیساری كوڕی فیسارە ژن!(١) ئینجا مردووەكە دەڵێ: بەر سۆزو رەحمەتی خودا كەوی، ئادەی رێنموونی و رابەریمان بكە، بەڵام ئێوە هەست بەمانە ناكەن، ئەوجا با بڵێ:

{اذْكُرْ ما خَرَجْتَ عَلَيْهِ مِنَ الدُّنيا شَهادَةِ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَأَنَّ مُحَمَّداً عَبْدَه وَرَسُولُهُ، وَأَنَّكَ رَضَيْتُ بِاللهِ رَبّاً، وَبِالإِسْلاَم دِيناً، وَبِمُحَمَّدٍ نَبِياً، وَبِالْقُرْآن إِماماً}.

---

(٢) صالح الإسناد عند الحافظ.

(١) گریمان مردووەكە ناوی نەریمانەو دایكی ناوی رێحانە، تەڵقینخوێن دەڵێ: ئەی نەریمانی كوڕی رێحان! یاخود مردووەكە ژنەو ناوی ژیانەو دایكی ناوی جەیرانە لەم حاڵەدا تەڵقینخوێن دەڵێ: ئەی ژیانی كچی جەیران! - وەرگێڕ

ئەو پەیمانەی کە تا لە جیهان دەرچووی لە سەری بووی لە یادت نەچێ و لە بیرت بێ، کە ئەویش ئەمەیە: شایەتی دەدەم کە هەر خودا خودایەو خودای تر نیەو موحەممەد بەندەو پێغەمبەرو فرستادەی خودایە، وە خودام بە هەقەو ئاییینی ئیسلامم بە هەقەو موحەممەد پێغەمبەرم بەهەقەو قورئانم بەهەقەو قورئان پێشەوامە. ئەوجا نەکیرو مونکەر دەستی یەکتری دەگرن و دەڵێن: با بڕۆین بۆ بە خۆڕایی لای ئەمە دانیشین، ئەمە وەڵامی خۆی خراوەتە سەرزاری و قەواڵەی خۆی لە گەڵیەتی پیاوێکیش گوتی: ئەی پێغەمبەر خودا! ئەی ئەگەر تەڵقینخوێن ناوی دایکی مردووەکەی نەزانی چۆن؟ فەرمووی: با بەناوی دایکە حەواوە بانگی بکاو بڵێ: ئەی فیساری کوڕی حەوا! (طەبەرانی/ حەنبەلی – حافظ دەڵێ: ئیسنادی ئەم حەدیثە صاڵحە. نەقڵ کراوە لە غایەتولمەئموولەوە).

٢٢٦) بەشی حەوتەم: باسی پرسەو سەر خۆشی کردن و دیدەنی و سەردانی گۆڕو گۆڕستان:

(الفصل السابع: في التعزية وزيارة القبور)

١١٥٧ – عَنْ أُسَامَةُ بْنُ زَيْدٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: أَرْسَلَتِ ابْنَةُ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) إِلَيْهِ إِنَّ ابْنًا لِي قُبِضَ فَائْتِنَا، فَأَرْسَلَ يُقْرِئُ السَّلَامَ وَيَقُولُ: إِنَّ لِلَّهِ مَا أَخَذَ وَلَهُ مَا أَعْطَى وَكُلٌّ عِنْدَهُ بِأَجَلٍ مُسَمًّى، فَلْتَصْبِرْ وَلْتَحْتَسِبْ، فَأَرْسَلَتْ إِلَيْهِ تُقْسِمُ عَلَيْهِ لَيَأْتِيَنَّهَا، فَقَامَ وَمَعَهُ سَعْدُ بْنُ عُبَادَةَ وَمُعَاذُ بْنُ جَبَلٍ وَأُبَيُّ بْنُ كَعْبٍ وَزَيْدُ بْنُ ثَابِتٍ وَرِجَالٌ، فَرُفِعَ إِلَى رَسُولِ اللَّهِ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) الصَّبِيُّ وَنَفْسُهُ تَتَقَعْقَعُ كَأَنَّهَا شَنٌّ، فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ، فَقَالَ: سَعْدٌ: يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا هَذَا؟ فَقَالَ: هَذِهِ رَحْمَةٌ جَعَلَهَا اللَّهُ فِي قُلُوبِ عِبَادِهِ، وَإِنَّمَا يَرْحَمُ اللَّهُ مِنْ عِبَادِهِ الرُّحَمَاءَ. رَوَاهُ الخمسة إلاَّ الترمذي[1].

---

(١) بخاري. جنائز: ١٢٨٤ ، ٥٦٥٥ ، ٦٦٠٢ ، ٦٦٥٥ ، ٧٣٧٧ ، ٧٤٤٨. مسلم. جنائز: ٢١٣٢. أبو داود. جنائز: ٣١٢٥. نسائي. جنائز: ١٨٦٧.

ئوسامەی کوڕی زەید (خودایان لێ ڕازی بێ) گوتی: کچێکی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) ناردی بە شوێن باوکیا: کەوا کوڕەکەم گیان دەدا، تەشریفت بێنە بۆ لامان، پێغەمبەریش (خوای لێ ڕازی بێ) بەڕابەرەکەدا سڵاوی بۆ ناردو فەرمووی: پێی بڵێ: ئەوەی خودا دەیدا بە بەندەی خۆی تا ماوەیەك و لەپاشا دەیباتەوە بۆ خەزینەی خۆی هی خۆیەتی، وە هەروا ئەوەشی کە خودا دەیبەخشێ بە بەندەی خۆی تاسەر هەر هی خۆیەتی وە هەموو شتێکیش لەلای خودا ماوەیەکی دیاری کراوی هەیەو کە ئاکامی هات ئیتر پاش و پێشی بۆ نیەو ماوەی بەسەر دەچێ! کەوابوو پێی بڵێ: با صەبرو ئارام بگرێ ساغ لەبەر ڕەزای خودای گەورە بەڵان دیسانەوە کچەکەی ناردیەوە بە شوێنیاو سوێندی لێ خوارد کە دەبێ هەر تەشریف بێنێ بۆ لای، پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەربێ) هەڵسا لەگەڵ سەعدی کوڕی عوبادەو موعاذی کوڕی جەبەل و ئوبەیی کوڕی کەعب و زەیدی کوڕی ثابیت و چەند پیاوێکی تردا چوون بۆ لای، کە منالەکەیان هێنا بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) گیانی دەداو هەناسەی سوار بوو بوو، وەك کوندەیێ کە بی ژەنی دەهات و دەچوو، جا هۆن هۆن فرمێسك بە چاوی پێغەمبەردا (دروودی خوای لەسەربێ) هاتە خوارەوە، سەعدیش گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەم گریانە چییە؟ فەرمووی: ئەمە سۆزو ڕەحمەتە خودا دەیخاتە دڵی بەندەکانی خۆیەوە، وە خودای گەورە لەناو بەندەکانی خۆیدا تەنیا ڕەحم بەوانەیان دەکا، کە بەڕەحم و میهرەبانن! (ش/د/ن).

١١٥٨- عَنْ عَبْدِ الرَّحْمَنِ بْنِ الْقَاسِمِ بْنِ مُحَمَّدِ بْنِ أَبِي بَكْرٍ (رَضِيَ أللهُ عَنْهُمْ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لِيُعَزِّ الْمُسْلِمِينَ فِي مَصَائِبِهِمُ الْمُصِيبَةُ بِي. رَوَاهُ الإمام مالك[٢].

عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر (خودا لێیان ڕازی بێ) لە پێغەمبەرەوە (دروودی خوای لەسەربێ) دەفەرموێ: کاتێ مۆسوڵمانان تووشی وەیێ، دەردێ، بەڵایێ، قۆرتێ،

(٢) سكت عنه الشارح.

دەبن با فەرامۆشی خۆیان بەو كۆست كەوتنە بدەنەوە كە بەهۆی مەرگی منەوە لێیان كەوتووە! (ئیمامی مالیك - رەزای خودای لەسەربێ).

١١٥٩- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ بْنِ جَعْفَرٍ (رَضِيَ أللهُ عَنْهُمَا) قَالَ: لَمَّا جَاءَ نَعْيُ جَعْفَرٍ قَالَ: النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) اصْنَعُوا لأَهْلِ جَعْفَرٍ طَعَامًا فَإِنَّهُ قَدْ جَاءَهُمْ مَا يَشْغَلُهُمْ. رَوَاهُ الترمذي وابن ماجه والحاكم[٣].

عەبدوڵڵای كوڕی جەعفەر (خودا لێیان رازی بێ) گوتی: كە پەیامی مەرگی جەعفەر گەیشت بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: نان دروست بكەن، بۆ خێزانەكەی جەعفەر، چونكە ئەوان تووشی خەمو خەفەت بوونو نایان پەرژێتە سەر نانو ئاو (ت/د-سند صالح).

١١٦٠- عَنْ عَبْدِ اللَّهِ (رَضِيَ أللهُ تَعَالَى عَنْهُ) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: مَنْ عَزَّى مُصَابًا فَلَهُ مِثْلُ أَجْرِهِ. رَوَاهُ الترمذي وابن ماجه والحاكم[٤].

عەبدوڵڵا (خوای لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: هەر كەسێ سەر خۆشی لە گرفتارێ بكا بەقەد ئەو پاداشی بۆ هەیە (ت/ماجە/حاكم-سند ضعیف).

١١٦١- ولابن ماجه (كما هو في الشرح): مَا مِنْ مُؤْمِنٍ يُعَزِّي أَخَاهُ بِمُصِيبَةٍ إِلاَّ كَسَاهُ اللَّهُ سُبْحَانَهُ مِنْ حُلَلِ الْكَرَامَةِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ[٥].

وەك لە شەرەحەكەدا لەم باسەدا نووسراوە دەڵێ: ئیبنو ماجە (رەحمەتی خودای لەسەر بێ) ریوایەتی كردووە كە حەزرەت (دروودی خوای لەسەربێ) فەرموویەتی: هەر موسوڵمانێ لە هۆی گرفتاریو موصیبەتێكەوە سەرخۆشی بكا لە برای موسوڵمانی، مسۆگەر كە خودای گەورە لە رۆژی قیامەتا دەستێ بەرگی لە كالای رووسووریو سەربەرزی لەبەر دەكا (غایەتولمەئموول).

---

(٣) بسند صحيح (شرحه).

(٤) بسند ضعيف (شرحه).

(٥) سكت عنه الشارح.

٢٢٧) دیدەنیو سەردانی گۆڕو گۆڕستانو نزای خێرو پاڕانەوە بۆ مردووی گۆڕستان: (زيارة القبور والدعاء لاهلها)

١١٦٢- عَنْ سُلَيْمَانَ بْنِ بُرَيْدَةَ عَنْ أَبِيهِ (رَضيَ اللهُ عَنْهُمَا) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: قَدْ كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ فَقَدْ أُذِنَ لِمُحَمَّدٍ فِي زِيَارَةِ قَبْرِ أُمِّهِ فَزُورُوهَا فَإِنَّهَا تُذَكِّرُ الآخِرَةَ. رَوَاهُ الخمسة إلاّ البخاري واللفظ للترمذي[1].

سولەیمانی كوڕی بورەیدە (خودایان لێ ڕازی بێ) لە باوكیەوە لە پێغەمبەرەوە دەفەرموێ (دروودی خوای لەسەربێ) لە مەوپێش جاران نەهیم لێ دەكردن لە دیدەنی گۆڕستان، بەڵان ئەوا ڕێگەی من دراوە كە دیدەنی گۆڕی دایكم بكەم، كە وابوو ئێوەش لەمەو دوا دیدەنی گۆڕستان بكەن، چونكە دیمەنی گۆڕو گۆڕستان یادی قیامەت تازە دەكاتەوە! (ت/م/د/ن).

١١٦٣- عَنْ عَائِشَةَ (رَضيَ اللهُ عَنها) عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: أَتَانِي جِبْرِيلُ فَقَالَ: إِنَّ رَبَّكَ يَأْمُرُكَ أَنْ تَأْتِيَ أَهْلَ الْبَقِيعِ فَتَسْتَغْفِرَ لَهُمْ قَالَتْ: قُلْتُ كَيْفَ أَقُولُ لَهُمْ يا رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)؟ قَالَ: قُولِي السَّلاَمُ عَلَى أَهْلِ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ وَيَرْحَمُ اللَّهُ الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنَّا وَالْمُسْتَأْخِرِينَ وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ للاَحِقُونَ. وفي رواية: السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ أَهْلِ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ للاَحِقُونَ، أَسْأَلُ اللهَ لَنَا وَلَكُمُ العَافِيَةَ. رَوَاهُ مسلم[2].

عائیشە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) فەرمووی: جوبرائیل هات بۆ لام فەرمووی: پەروەردگارت فەرمانت پێ دەكا كە بچیت بۆ لای گۆڕنشینەكانی گۆڕستانی بەقیعو بۆشیان بپاڕێیتەوەو داوای لێ خۆشبوونیان بۆ بكەی، عائیشە گوتی: گوتم: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەگەر چووم بۆ سەردانی مردووان پێیان بڵێم چی؟ فەرمووی: بڵێ:

---

(١) مسلم. جنائز: ٢٢٥٧ ، ٥٠٨٦ ، ٥١٧٥ ، ٥١٧٧. أبو داود. أشربة: ٣٦٨٩. نسائي. جنائز: ٢٠٣١ ، ٤٤٤١ ، ٥٦٦٨ ، ٥٦٦٩.

(٢) مسلم. جنائز: ٢٢٥٢.

{السَّلاَمُ عَلَى أَهْلِ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ وَيَرْحَمُ اللَّهُ الْمُسْتَقْدِمِينَ مِنَّا وَالْمُسْتَأْخِرِينَ وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ للاَحِقُونَ}.

سڵاو لە خەڵكی ئەم خانییانە، لە موسوڵمانو خاوەن ئیمانیان، وەرەحمەتی خودا لە پێشینانو پاشینانمان، ئێمەش (خوا یاربێ) هاكا نیشتین پێتانەوەو هاتین بۆ لاتان! لە گێڕانەوەیەكا:

{السَّلاَمُ عَلَى أَهْلِ الدِّيَارِ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ وَالْمُسْلِمِينَ وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ للاَحِقُونَ، أَسْأَلُ اللهَ لَنَا وَلَكُمُ العَافِيَةَ}.

سڵاوتان لێ بێ ئەی دانیشتوانی ئەم خانەیانە، لە موسوڵمانو خاوەن باوەڕتان، ئێمەش (خوا یاربێ) هاكا پێتانەوە نیشتینو هاتین بۆ لاتان، داوای ئاسوودەییو خێرو خۆشی لە خودا دەكەم، بۆ خۆشمانو بۆ ئێوەش (م).

١١٦٤- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) أَتَى الْمَقْبُرَةَ فَقَالَ: السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ دَارَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ وَإِنَّا إِنْ شَاءَ اللَّهُ بِكُمْ لاَحِقُونَ. رَوَاهُ أحمد ومسلمٌ وأبو داود والنسائي[٣].

➡ (ب – ز – ٩ ژمارە: ٩/٦٩) (واتە: ئەم فەرموودەیە لە پێشەوە رۆیشت لە بەرگی یەكەما لە زنجیرە نۆدا ژمارە ٩/٦٩ وە ژمارەی فەرموودەكە لەو زنجیرەدا نۆیە، بەڵام لە سەرەتای كتێبەكەوە -٦٩).

١١٦٥- عَنِ ابْنِ عَبَّاسٍ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: مَرَّ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بِقُبُورِ الْمَدِينَةِ، فَأَقْبَلَ عَلَيْهِمْ بِوَجْهِهِ فَقَالَ: السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ يَا أَهْلَ الْقُبُورِ يَغْفِرُ اللَّهُ لَنَا وَلَكُمْ أَنْتُمْ سَلَفُنَا وَنَحْنُ بِالأَثَرِ. رَوَاهُ الترمذي[٤].

ئیبنو عەبباس (خودایان لێ رازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەربێ) لەلای گۆڕستانەكەی مەدینەوە تێ پەڕی، رووی تێكردنو فەرمووی:

{السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ يَا أَهْلَ الْقُبُورِ يَغْفِرُ اللَّهُ لَنَا وَلَكُمْ أَنْتُمْ سَلَفُنَا وَنَحْنُ بِالأَثَرِ}.

---

(٣) راجع رقم: ٩/٦٩.

(٤) بسند حسن (شرحه).

درووود لە ئێوە ئەی دانیشتوانی ئەم گۆڕستانە! خودا لە ئێمەش و لە ئێوەش خۆش بێ، ئێوە پێشینەو پێشڕەوی ئێمەن و بەشوێن ئێوەدا وا ئێمەیش دێین! (ت-س/ح = تیرمیذی. سند حسن).

١١٦٦- وَعَنْهُ عَنِ النَّبِيِّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: لَعَنَ اللهُ زَائِرَاتِ الْقُبُورِ وَالْمُتَّخِذِينَ عَلَيْهَا الْمَسَاجِدَ وَالسُّرُجَ. رَوَاهُ أصحاب السُّنن[٥].

دیسان گوتی: پێغەمبەر (درووی خودای لێبێ) فەرمووی: نەفرین و لەعنەتی خودا لەو ژنانە بێ کە دەچن بۆ سەردانی سەر قەبران و لەوێ دەیکەن بەبێ شەرعی و شین و شەپۆڕو ناشوکری، وە نەفرین و لەعنەتی خودا لەو کەسانەش بێ کە مزگەوت لەسەر گۆڕ دروست دەکەن، وە لەو کەسانەش بێ کە چرای لەسەر دادەنێن! (د/ت/ن-س/ص= ئەبو داوود، تیرمیذی، نەسائی. سند صحیح).

٢٢٨) سەردانی پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەربێ) لە گۆڕی دایکی (بەر ڕەحمەتی خودا کەوێ): (زيارة النبي ﷺ قبر أمه)

١١٦٧- عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ (رَضِيَ اللهُ عَنْهُ) قَالَ: زَارَ النَّبِيُّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَبْرَ أُمِّهِ، فَبَكَى وَأَبْكَى مَنْ حَوْلَهُ، فَقَالَ: اسْتَأْذَنْتُ رَبِّي فِي أَنْ أَسْتَغْفِرَ لَهَا فَلَمْ يُؤْذَنْ لِي وَاسْتَأْذَنْتُهُ فِي أَنْ أَزُورَ قَبْرَهَا فَأُذِنَ لِي فَزُورُوا الْقُبُورَ فَإِنَّهَا تُذَكِّرُ الْمَوْتَ. رَوَاهُ مسلمٌ وأبو داود والنسائي[١].

ئەبو هورەیرە (خوای لێ ڕازی بێ) گوتی: پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەربێ) ڕۆیشت بۆ سەردانی گۆڕی دایکی، لەوێ گریاو ئەو کەسانەشی لە دەوری بوون هێنانیە گریان، جا فەرمووی: داوام لە خودا کرد کە ڕێگەم بدات بۆ دایکم بپاڕێمەوە بەڵام ڕێگەی ئەوەی نەدام، وە داوام لێکرد کە دیدەنی گۆڕەکەی بکەم بۆ ئەمە ڕێگەی دام، جا ئێوەش دیدەنی گۆڕستان بکەن، چونکە یادی مردن تازە، دەکاتەوە (م/د/ن).

---

(٥) بسند صحيح (شرحه).

(١) مسلم. جنائز: ٢٢٥٥. أبو داود. جنائز: ٣٢٣٤.

٢٢٩) پاشەكیو پایانێ: مردوو سوود لە كردەوەی كەسێكی تر وەردەگرێت:
(خاتمة: ينتفع الميت بعمل غيره)

١١٦٨- عَنْ عَائِشَةَ (رَضِيَ أللهُ عَنْها) أَنَّ رَجُلاً أَتَى النَّبِيَّ (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ أُمِّيَ افْتُلِتَتْ نَفْسَهَا وَلَمْ تُوصِ وَأَظُنُّهَا لَوْ تَكَلَّمَتْ تَصَدَّقَتْ، أَفَلَهَا أَجْرٌ إِنْ تَصَدَّقْتُ عَنْهَا؟ قَالَ: نَعَمْ. رَوَاهُ الشيخان والنسائي[1].

عائیشە (ڕەزای خودای لەسەربێ) **گوتی: پیاوێ هاتە خزمەتی حەزرەت** (دروودی خوای لەسەربێ) **گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! دایكم لە ناكاو مرد، فریانەكەوت كە راسپێریو وەصییەت بكا، تا خێری بۆ بكەین وەها دەزانم ئەگەر مەودای قسەكردنی ببوایە خێرێكی بڕیار دەدا بۆ خۆی، جا ئایا خێری دەگا ئەگەر من لە جیاتی خۆی خێری بۆ بكەم؟ فەرمووی: بەڵێ خێری دەگا (ش/ن).**

١١٦٩- عَنْ ابْنُ عَبَّاسٍ (رَضِيَ أللهُ عَنْهَا) قَالَ: تُوُفِّيَتْ أُمُّ سَعْدِ بنِ عُبَادَةَ وَهْوَ غَائِبٌ عَنْهَا، فَقَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ أُمِّي تُوُفِّيَتْ وَأَنَا غَائِبٌ عَنْهَا، أَيَنْفَعُهَا شَيْءٌ إِنْ تَصَدَّقْتُ بِهِ عَنْهَا؟ قَالَ: نَعَمْ، قَالَ: فَإِنِّي أُشْهِدُكَ أَنَّ حَائِطِي الْمِخْرَافَ صَدَقَةٌ عَنْهَا. رَوَاهُ البخاري والترمذي والنسائي[2].

ئیبنو عەبباس (خوایان لێ ڕازی بێ) **گوتی: سەعدی كوڕی عوبادە كاتێ دایكی دەمرێ، خۆی لە دیاری نابێ، گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! كە دایكم مرد خۆم بە دیاریەوە نەبووم جا ئایا ئەگەر ئێستا من شتێكی بۆ بكەم بەخێر سوودی دەبێ بۆی؟ فەرمووی: بەڵێ، گوتی: دە تۆ بە شایەتبە كەوا ئەو باخەم كرد بە خێر بۆی (ب/ت/ن).**

---

(١) بخاري. هدية للمشركين: ٢٦٢٠ ، ٣١٨٣ ، ٥٩٧٨ ، ٥٩٧٩. مسلم. زكاة: ٢٣٢٠ — ٢٣٢٣.

(٢) بخاري. وصايا: ٢٧٦٢.

١١٧٠- عَنْ سَعْدِ بْنِ عُبَادَةَ (رضيَ اللهُ عنهُ) أَنَّهُ قَالَ: يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّ أُمَّ سَعْدٍ مَاتَتْ فَأَيُّ الصَّدَقَةِ أَفْضَلُ قَالَ: الْمَاءُ، قَالَ: فَحَفَرَ بِئْرًا وَقَالَ: هَذِهِ لأُمِّ سَعْدٍ. رَوَاهُ أَبُو داود وأحمد والنسائيُّ وزاد: فَتِلْكَ سِقَايَةُ سَعْدٍ بِالْمَدِينَةِ. والله أعلم[٣].

سەعدی كوڕی عوبادە (خودای لێ ڕازی بێ) گوتی: ئەی پێغەمبەری خودا! دایكم مردووە كام خێرە خێرتر تا بۆی بكەم بە خێر؟ فەرمووی: ئاو.. گوتی: ئەویش بیرێكی لێ داو گوتی: ئەمە وەقف بێ بۆ گیانی دایكم (د/ئەحمەد/ن). واتە: ئەبو داوودو ئیمامی ئەحمەدو نەسائی ئەم حەدیثەیان ریوایەت كردووە) نەسائی ئەمەشی لێ پتر كردووە: جا ئەو كارێزی سەعدە تا ئێستاش لە مەدینە ماوەو خەڵك ئاوی لێ دەخۆنەوە.

١١٧١- ➡ (ب – ١ ز – ١٩ ژمارە: ١٣٤/٢).

١١٧٢- ➡ (ب – ١ ز – ٢٢٥ ژمارە: ١١٥٥/١).

١١٧٣- ➡ (ب– ١ ز– ٢٢٧ ژمارە: ١١٦٥/٤).

١١٧٤- ➡ (ب – ١ ز – ٢٢٤ ژمارە: ١١٥٢/٨).

دانەر (پڕ گۆڕەكەی لە نوور بێ) دەڵێ: ژمارەی فەرموودەكان لە سەرەتای نامەی نوێژەوە هەتا ئێرە (٨٧٥) هەشت سەدو حەفتاو پێنج فەرموودەن. وە لە كۆتایی نامەی پاكی و خاوێنیشدا ئەوە بوو فەرمووی: ژمارەی فەرموودەكان لە سەرەتای نامەكەوە واتە: لە سەرەتای ئەم بەرگەوە هەتا ئێرە (٣٣٠) سێ سەدو سی فەرموودەیە. كەواتە بەم پێیە ژمارەی حەدیثەكان لە سەرەتای ئەم بەرگەوە هەتا كۆتایی سەرپاك دەكەنە ٣٣٠ + ٨٧٥ = ١٢٠٥ هەزارو دوو سەدو پێنج حەدیث.

(٣) سكت عنه الشارح (مترجم).

به یارمەتی خودای گەورەو مەزن دەستم کرد بە تەرجەمەی ئەم نامە بەڕێزو پیرۆزە لە (١٩٧٤/١/٢٠)، وە تەواوم کرد (بەهەر پێنج بەرگەکەیەوە) لە ڕۆژی (١٩٧٨/٩/١٩). ئەمڕۆکەش کە یەک شەممەیە، (٥)ی ڕەمەزانی ساڵی (١٤٠٧) کۆچییە بە ڕێکەوتی (١٩٨٧/٥/٣) لە نووسینی پاکنووسی بەرگی یەکەم بوومەوە.
{غَفِرَ اللهُ لِي وَلِوَالِدَيَّ وَلِسَائِرِ الْمُسْلِمِينَ، وَآخِرُ دَعْوَانا أَنِ الْحَمْدُ لِله رِبّ الْعَالَمِينَ}.

وەرگێڕ

نوری فارس حەمە خان حەسەن

کەرکووک – مستشفى كركوك العسكري

بسم الله الرحمن الرحيم

سوپاسی بێ پایان بۆ خودای گەورەو میهرەبان! بە دەستی خۆم لە پاکنووس و هەڵبژێری ئەم چاپە نوێیە بوومەوە، وە ئەم جارە بەپێی تەوانا فەرموودەکانم لە پەراوێزدا تەخریج کردووە، وە بۆ ئەم تەخریجە بەهرەم لەم سورچاوانە وەرگرتووە:

١) غاية المأمول، شرح التاج الجامع للأصول.

٢) مختصر صحيحی بوخاری، ناسراوە بە تەجريدی بوخاری، تەرجەمە کوردییەکەی.

٣) فتح الباری شەرحی صەحیحی بوخاری.

٤) بە تایبەتی لە تەخریجەکانی مامۆستا (شێخ خلیل مأمون شیحا) کە لەناو شەرحی نەوەوی لەسەر صەحیحی موسلیم کردوویەتی (دار المعرفە. بیروت – لبنان – الطبعة الثانية عشر ، سنة ١٤٢٧ ه ٢٠٠٦ م).

٥) هەر فەرموودەیێ ژمارەی فەرموودەکەت لە بوخاریدا بەپێی تەرقیم و تەسەلسولی فتح الباری _دار الفکر – بن باز) دۆزییەوە، ئیتر بە ئاسانی لە تەجریدی بوخاریدا، تەرجەمە کوردییەکەی دەدۆزیتەوە، چونکە ژمارەی فەرموودەکە لە هەردوولا یەك شتەو نەگۆڕە. لەخوا داوا دەکەم کە بە ئاسانی و بە زوویی هەموو بەرگەکانی تری تاجول ئوصول، ئاوا پوخت و تەخریج کراو بە زوویی چاپ بکرێتەوەو بەندەیش بەشداری بکەم لەو شانازی و سەربەرزییەدا.

نوری فارس حەمە خان

سلێمانی کوردستان، ماڵی خۆمان

٢٠٠٧/٢/١٢

فهرس المواضیع

بە پشتیوانی خوا بەرگی یەکەم تەواو بوو

بەرگی دووەم بە (کتاب الزکاة) دەست پێدەکات

رقم الإيداع في دار الكتب والوثـائق ببغداد ١١٨٣ لسنة ١٩٩٠

مطبعة الزمان ١٤١٠ هـ / ١٩٩٠ م – بغداد

التَاجُ
ألجَامِعُ لِلأصُول
في أحاديث الرَسُول ﷺ

تأليف الشيخ منصور علي الشريف
من علماء الأزهر الشريف

المجلد الأول

دار المعرفة
بيروت - لبنان